



کۆبەرهەمی

# مەجید ئاسنگەر

بەرگی سێیەم

کۆبەرهەمی

# مەجید ئاسنگەر


بەرگی سێیەم

وتار

کۆکردنەوەی:

د.بۆتان مەجید ئاسنگەر | د. جۆشان مەجید ئاسنگەر

کوردستان ٢٠٢٥




## کۆبەرهەمی

# مەجید ئاسنگەر

بەرگی سێیەم

کۆکردنەوەی: **د.بۆتان مەجید ئاسنگەر | د. جۆشان مەجید ئاسنگەر**

گرافیك و دیزاین: **بەلوگرافیک - ٠٧٥٠٥٧٥٨٤٢٨**

ساڵ و شوێنی چاپ: **٢٠٢٥ - هەولێر**

چاپخانە: **زانکۆی سەلاحەددین**

تیراژ: **١٠٠٠ دانە**

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان
ژمارەی سپاردنی (٤١٤) ساڵی ٢٠٢٤ی پێدراوە.

# پێڕست

## گۆڤاری هەتاو


رۆڵی گۆڤاری «هەتاو» لەنێو بزاڤی رۆژنامەنووسیی کوردیدا.............. ١٤
سووچی رەخنە و لێکۆڵینەوە.............. ١٩
بەخێربێنەوە.............. ٢٢
زەنگی راپەڕین .............. ٢٥
نامەیەك بۆ خاوەنی چاپخانەی کوردستان .............. ٢٩
نەورۆزی نۆرۆژمان.............. ٣٢
چاردەی تەمموز.............. ٣٥
کارەساتی بارزان چۆن دەستی پێکرد وچۆن کۆتایی هات.............. ٣٩
بزووتنەوەی رزگاری نەتەوایەتی کورد و تەگەرەی .............. ٦٨


## گوتاری ئەدەبی


«کوێخا سێوێ»م خوێندەوە .............. ٩٢
وەرگێڕان زانستە و هونەر.............. ١٠٣
هاواری یەکێتی و تەبابوون لە شیعری حاجی قادری کۆییدا.............. ١١٦
پەیامی حاجی قادری کۆیی و شەڕی کورد کوژە .............. ١٢٤
شاری کۆیە یادی حاجی قادر دەکاتەوە.............. ١٢٩
کۆیە لەبەر رۆشنایی هەڵبەستێکی عەونیدا.............. ١٤٤
کۆڕی زانیاری کوردستان نەك کۆڕی زانیاری کورد .............. ١٥١
ئەدەبی شوانکارەیی PASTORAL .............. ١٥٧
رۆڵی وەرگێڕان لە ژیانی سەردەمدا.............. ١٦٢
تایەر تۆفیق و بیری نەتەوایەتی.............. ١٧٣

لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کورد خەرمان بەرەکەت.............................. ١٨٢
ڕێزلێنان لە ڕۆشنبیران ڕێزلێنانە لە کولتووری کورد.............................. ١٨٥
یادێکی پڕ شکۆ و ئاوڕێکی بە پەلە.............................. ١٨٩
دڵدار و سیاسەت.............................. ١٩٣
دڵزاری شاعیر.............................. ٢٠١
وا ئەستێرەیەکی دیکەشمان کوژایەوە.............................. ٢١٤
سینەمای کوردی و ئاوڕدانەوەیەک.............................. ٢١٨
پرۆژەی «شانۆی نەتەوەیی کورد».............................. ٢٢٤
دڵدار شاعیری پێشکەوتنخواز «ئەی ڕەقیب» مارسیلێزی کوردستان.............................. ٢٢٦
ڕاستە.............................. ٢٣٢
فوئاد ئەحمەد ئەستێرەیەکی درەوشاوەی ئاسمانی هونەری کوردی.............................. ٢٣٤
(تصحیح یان تصلیح) نە (تصحیح نە تصلیح).............................. ٢٣٨

## گوتاری پەروەردەیی

کێشەکانی ڕەوتی پرۆسەی پەروەردە لە کوردستاندا و چەند پێشنیارێك.............................. ٢٤٤
قوتابخانە و سیاسەت.............................. ٢٥١
لە چلەی مامۆستایەکی پایەبەرزدا.............................. ٢٥٥
ڕۆژی قوتابخانە.............................. ٢٥٩
پەروەردەی بنچینەیی التربیة الاساسیة.............................. ٢٦٢
بەرەو کۆنفرانسی چاوەڕوانکراوی پەروەردە لە کوردستان.............................. ٢٦٥
چەند وشەیەکی وەفاداری بۆ مامۆستایەکی مەزن.............................. ٢٧٠
سەردانی مامۆستای قوتابخانە.............................. ٢٧٣

## گوتاری گشتی


قەرد کۆن دەبێت بەڵام ناچێ!........................................................ ٢٧٨
هەولێر و کاتی رۆژوو شکاندن .............................................................. ٢٨٠
یادی مەردێکی لەیادکراو........................................................................ ٢٨٣
لە سۆنگەی بنیاتنانەوەی ناخی مرۆڤی کورددا .......................................... ٢٨٧
وەرامێك بۆ وتاری (رفقا بالعربیة، ایها الاخوة الکرام!)............................... ٢٩٤
با ئەم هەڵەیە راستکەینەوە یان بەڕێکردنی سەدەیەك ................................ ٣٠٢
سیمبۆلی نەتەوەیی و وانەیەك لە وەفاداری.............................................. ٣٠٦
رێزلێنان لە خەڵکانی ماندوونەناس هەنگاوێکی پیرۆزە.................................. ٣٠٩
جاران (نەورۆز)مان چۆن دەکرد............................................................... ٣١٣
دوێنێ و ئیمڕۆ........................................................................................ ٣١٧
لە یادی پیاوێکی بە ئەمەگدا ...................................................................... ٣٢٢
بۆنە و رۆژەکانی پشوو لە کوردستان......................................................... ٣٢٥
ماڵئاوا شێرەژنەکەی سابلاخی ماڵئاوا ....................................................... ٣٢٩
گەلۆ کەی ئەمە رەوایە!............................................................................. ٣٣٤
ئایا کورسی و پایە بۆ خزمەتکردنە یان بۆ فیزلێدان و خۆپێوەبادان؟ .............. ٣٣٨
ململانێی نەوەکان...................................................................................... ٣٤١
ئاوڕدانەوەیەکی بەکەڵك ............................................................................ ٣٤٦
خانەوادە، تاك، نازناو................................................................................. ٣٥٠
کێشەی وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگاکان.................................................... ٣٥٥
مەمی ئالان نوقڵانەی ژیانەوە.................................................................... ٣٥٩
شەوانی رەمەزانی جارانی کۆیە ................................................................. ٣٦٢
رۆڵی شارەوانی و ئەرکی هاووڵاتی............................................................. ٣٦٧
شارەوانی کۆیە، دەستتان خۆش ................................................................. ٣٧٠

کۆیە ئاوڕدانەوەیەك .................................................. ٣٧٤
دیمەنێك لە رۆژگاری رابردووی هەولێرەوە ......................................... ٣٧٩
چۆن گرفتی هاتووچۆ چارەسەر بکەین ........................................... ٣٨٣
چەند پێشنیارێك بۆ سەرۆکایەتی بەڕێزی زانکۆی کۆیە............................ ٣٨٥
رامالین بەرەو کارەسات.................................................................. ٣٨٨
یادەوەرییەك بۆ چلەی خوالێخۆشبوو (خاتوو بەهییە مەعرووف) ................... ٣٩١
دیسانەوە جگەرەکێشان ................................................................ ٣٩٤
گۆڕەپانی رووناکی....................................................................... ٣٩٧
بایەخدان بە پەککەوتە و کەمئەندامان ........................................... ٤٠٠
جەژن و جەژنانە........................................................................... ٤٠٢
ئەرك و بایەخی شارەوانی.............................................................. ٤٠٥
کێ جوانە!................................................................................... ٤٠٨
تازە بووکەکانی پایتەخت................................................................ ٤١٠
وا مۆمێکی تریش کوژایەوە بەبۆنەی چلەی مامۆستا تاهیر سەعیدەوە................. ٤١٢
جەژنی دوو جەژنە......................................................................... ٤١٦

**گوتاری سیاسی**

بەرەی کوردستانی هێژا .................................................................. ٤٢٠
بەڵگەنامەیەك بۆخۆی دەدوێت......................................................... ٤٢٤
ئەوانەی ناحەزی ئێوەن دوژمنی کوردستانن........................................... ٤٢٨
بڕیارگەلی گرنگ و چەند پەیڤێك....................................................... ٤٣٦
رەفتارێکی چەپەڵ و ناڕەوا ........................................................... ٤٤٠
رژێمی رووخاوی ئێراق هەترەشی تەنانەت لە (ناوان)یش چووبوو ...................... ٤٤٣
یانزەی ئازار و گەلی کورد............................................................. ٤٤٧

بەرەو کۆنگرە.......................................................................................... ٤٥٥
فەرمایشتی بەهانەبڕ.................................................................................... ٤٥٩
راپەڕین تەقینەوەی رقی ئەستوور.................................................................... ٤٦٢
کەژاوەی نەمران هێمای یەکبوون و سەرکەوتنە.................................................. ٤٦٨
جەژنی ٢٥ی گەلاوێژ.................................................................................... ٤٧٣
بڕیاری ٢٣ی ساڵی ١٩٩٧ چۆن هەڵوەشایەوە!.................................................... ٤٧٧
رێککەوتننامەی واشنتۆن و خەونەکانی کورد...................................................... ٤٨٢
ئەم یادەی هەرگیز لەبیری ناکەین.................................................................... ٤٨٥
پەرلەمانی کوردستان و دەسکەوتێکی مەزن........................................................ ٤٩٢
«روونکردنەوەیەك لە دادگای تەمییزی کوردستانەوە» و بەدواداچوونێك .............. ٤٩٥
پەرلەمانی کوردستان پشتگیری لەگەل و وڵاتی چیچان دەکات و.......................... ٤٩٨
پشگیری.................................................................................................... ٥٠٢
گرنگیی پەرلەمان و پێویستی بەردەوامبوونی ...................................................... ٥٠٤
١٩ی حوزەیرانی رەشی ساڵی ١٩٤٧ .................................................................. ٥٠٩
کۆنگرەی لەندەن سەرکەوتنی کوردە................................................................ ٥١٢
یادێکی پڕ شکۆ و ئاوڕێکی بە پەلە.................................................................. ٥١٥
هەنگاوێکی مێژوویی بوو، دەستتان خۆش ........................................................ ٥١٩
کادیر و رۆڵی کادیر لەنێو حزبدا...................................................................... ٥٢٢
پارتی لە تاراوگەوە بۆ لوتکەی دەسەڵات .......................................................... ٥٢٧
١٩ی حوزەیرانی ١٩٤٧ کارەساتیشە و سەروەریشە ............................................ ٥٣٣
نامەیەکی کراوە ........................................................................................ ٥٣٨
بەرەی کوردستانی ئەم دەستکەوتە مەزنە .......................................................... ٥٤١
بۆ سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانی یەکگرتوو................ ٥٤٨
زۆر بەڕێز نیلسۆن ماندیلا ............................................................................ ٥٥٠

ئەو دیوارەی کوفرە دەیڕوخێنین ........................................ ٥٥١
هاوارێك دژ بە شەڕی خۆبەخۆ ........................................ ٥٥١
یادێکی زۆر پیرۆز و واقیعێکی ئێجگار تاڵ ........................................ ٥٥٤

## گوتاری وەرگێڕدراو

زیندەگی لەنێو شارە مێروولەدا ........................................ ٥٦٠
ئەلیزابیس فرای خانمە چاکسازێکی هەرە مەزن ........................................ ٥٦٩
ئافرەتە ناودارەکانی جیهان فلۆرەنس نایتنگیل، خانمە لالە بەدەستەکە ........................................ ٥٧٤
ئایینی زەردەشتی ئایینی کوردەکان لە پێش ئیسلام ........................................ ٥٨١
زیندەگی کوردێك لە یەکێتی شۆرەویی دا ........................................ ٥٨٥
کێشەی کورد لە دیدی نووسەری تورك ئیسماعیل بێشکچییەوە ........................................ ٥٨٩
مستەفا بارزانی سەرکردەیەکی مەزنی گەلێکی دێرینی ئازادیخوایە ........................................ ٦٠٩
نهێنییەکانی دابەشکردنی کوردستان و لکاندنی کورد بە عێراقەوە ........................................ ٦٢٨
پەرەسەندن و بەرەوپێش چوونی کێشەی کورد ........................................ ٦٣٨
لە سیڤەر و لۆزانەوە بۆ پاریس ........................................ ٦٥١
با کوردان لەبیر نەکەین ........................................ ٦٥٤
پاراستنی بوونی کوردەکان ........................................ ٦٥٧
بڕیاری کۆتایی کۆنگرە نێودەوڵەتییەکەی پاریس ........................................ ٦٦٣

# گۆڤاری هەتاو



# هەتاو

کۆڤاریکي کوردی ویژەیي « ادبی » یە

جاري هەر لە پازدە رۆژاندا جاریکی بەخش دەکریت

ژمارە : ١ ساڵی - ١ رۆژی شەمە ١٥ گوڵان (مایس) ١٩٥٤

چاپخانەي کوردستان — هەولیر

## ناوو نیشانی هه تاو :ـ

هەولیر — شەقامي مظفر — چاپخانەی کوردستان

| | |
|---|---|
| خاوەندی امتیاز | مدیري بەر پرسیار |
| ومدیری ادارەونووسین | محامي |
| گیو موکریاني | ابراهیم عزیز آغادزەیی |

آبوونه :— فلس

| | |
|---|---|
| سالانه بو ناو شار | ٧٥٠ |
| بۆ مەلا و قوتابیانی مزگەوت ومکتب | ٦٠٠ |
| بۆ دەرەوە | ٨٠٠ |
| دانـــەي | ٣٠ |

آبوونه بە ناوی خاوەندي امتیازەوە دەنیرری .

بۆ ایستگـەی رادیوی بەغدا بەشی کوردي

تکایه کە کار بەدەستەکان چارەیەکي دانیشتوانی شاری هەولیري بفەرموون چونکوو رادیو کانیان شەپولی کورتـو ٩١ وەرنا گرن و بۆ ئەو هەموانه رادیۆ فرۆشتن و یەکي تر کرین کاریکی آسـان نیه

( هەتاو )

دوای نزیکەی نیو سەدە لە دەرچوونی گۆڤاری هەتاوی «گیو» مامۆستا مەجید ئاسنگەر بەم وتارە یادی ئەم گۆڤارە دەکاتەوە کە گێڕانەوەی لەلایەن نووسەری گەورە دکتۆر کەمال مەزهەر ئامادە کراوە:

# ڕۆڵی گۆڤاری «هەتاو» لەنێو بزاڤی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا

لە ڕۆژنامەی (برایەتی ژمارە ٢٣٣٦)- ڕۆژی ١٩٩٧/٥/٢٥

لە ڕۆژنامەی (برایەتی ژمارە ٢٨١٩) ڕۆژی ١٩٩٩/٤/٢٢

دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد لە بەشی (پاشکۆی دووەم- ناو و شوێن و کاتی دەرچوونی گۆڤارە کوردییەکان لە کتێبی (تێگەشتنی ڕاستی) و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا) کە ساڵی ١٩٧٨ لە چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد لەبەغدا چاپکراوە لە لاپەڕە ٢٤١یدا دەربارەی گۆڤاری «هەتاو»ەوە ئەمەی نووسیوە:

«هەتاو»

هەولێر

ژمارە یەکی شەممەی١٥ی گوڵان (مایس)ی ١٩٥٤

لە ژێر ناوی ژمارە یەکیدا نووسراوە «گۆڤارێکی کوردی وێژەیی (ادبی)

یــە، جــاریٚ هــەر لــە پــازدە رۆژانــدا جاریٚکــی پەخــش دەکریٚــت». خــاوەن و سەرپەرشــتیکەری مامۆســتا گیــو موکریانــی بــوو. پاریٚــزەران ئیبراهیــم عەزیــز دزەیــی و محەمــەد شــەهاب دەبــاغ ناویــان لــە دەرکردنــی «هەتــاو» داهاتــووە. ژمارەیــەك نووســەری کــوردی نــاوداری دەرەوەی عیٚــراق بەرهەمیــان تیٚــدا بڵاوکردۆتــەوە. تــا وەســتانی (تەشرینــی دووەمــی ١٩٦٠) ١٨٨ ژمــارەی لــیٚ دەرچــوو (٢٠×١٣/٥ســم)ە. (ســەرچاوەی ناوبــراو ل. ٢٤١.)

هەتــاو لــە مــاوەی شــەش ســاڵی دەرچوونیــدا بڵاوکراوەیەکــی تەنهــا و تاقانــەی هەولیٚــر بــووە و تاکــە ســوارە ئەســپی خــۆی لــە مەیدانــی چاپەمەنیــی و رۆژنامەنووســیدا تــاوداوە و تــا رادەیەکــی باشــیش رۆڵــی خــۆی لــە بڵاوکردنــەوەی بیروبــاوەڕی نەتەوەیــی و پەرەپیٚــدان بــە ریٚســا و گرامیٚــر و ریٚنووســی زمانــی کــوردی و گەشــەکردنی شــیعر و پەخشــانی ئەدەبیاتــی کوردیــی بینیــوە بــە گەرمــی وەچــەی نویٚــی لەهەولیٚــر و دەوروبــەردا بــۆ ئــەوە هانــداوە روو بکەنــە خویٚندنــەوە و نووســینی کوردیــی و هەوڵیــداوە رۆشــنبیری و خویٚنــدەواری و کەلتــووری کوردەواریــی لــە نیٚــو گەنــج و لاوەکانــدا بڵاوبیٚتــەوە و بایەخــی تەواویــان پــیٚ بدریٚــت.

هــەر لــەو ماوەیەشــدا کــە هیــچ رۆژنامــە و گۆڤــار و پەخشــنامەیەکی تــر لــە هەولیٚــر دەرنەچــووە خاوەنــی «هەتــاو» مامۆســتای خوالیٚخۆشــبوو -گیــوی موکریانــی- کــە خــودی خــۆی و پیٚشــتریش کاکــی رەحمەتیــی دامــاو حوسیٚن حوزنــی موکریانــی لەســەر لاپەڕەکانــی میٚــژووی رۆژنامەنووســی کوردیــدا جــیٚ پەنجەیــان دیــار و ئاشــکرایە و ئــەم خانەوادەیــە شایســتەی ســوپاس و پیٚزانینــن، مامۆســتا گیــو کــە بــە ئــەرك و شــەونخوونیی و بەپــوول و ســامانی خۆیشــی گۆڤارەکــەی دەبــرد بەڕیٚــوە، وەك کۆرپەیەکــی ئازیــز و تاقانــە زۆر بــە پەرۆشــەوە پاریٚــزگاری لیٚدەکــرد و هەمیشــە لــە تەقەلــلای مانــەوەو بــەرەو پیٚشــچوون و پەرەپیٚدانــی دابــووە، بــە گەرمــی بــە هیــوای ئــەوە بــووە گیانــی کوردایەتیــی و نیشــتمانپەروەری لــە نیٚــو ریــزو

تویـژە جۆربەجۆرەکانـی کۆمەڵگـەی هەولێـردا ڕەگ داکوتێـت و کاروانـی کۆردۆلـۆژی و بایەخـدان بـە دابونەریتـی ڕەسـەن و جیۆپۆلیتـکا و مێـژووی کـورد هـەردەم لـە پێشـکەوتندا بێـت و بۆیـەکا لـە وتارەکانـی خۆیـدا و ئـەو بابەتانەیـش کـە تیایـدا بـڵاوی دەکردنـەوە بەشـێوەیەکی تایبەتـی جەختـی لەسـەر ئـەو لایەنانـەی سـەرەوە دەکـردەوە و نووسـەرانی بەتایبـەت لاوە تـازە پێگەشـتووەکان ئەوانـەی لـە قۆناخـی سـەرەتای دونیـای نووسـین و ئەدەبـدا بـوون تانووتـی وەبەردەنـان و دەسـتی دەگرتـن و هانیانـی دەدا هەتـا زیاتـر (بـە کوردیـی و لەسـەر کـورد و کوردیـی) بنووسـن. تەنیـا هـەر بەمەشـدا نەدەوەسـتا و وازی نەدەهێنـا. بگـرە بەشـێوەیەکی بـەردەوام داوای لێدەکـردن ئەگـەر ناوەکانیشـیان کوردیـی نەبـوون دەبـوا نازناوەکانیـان کوردیـی بـن! زۆران جـار ئـەوەی دووپـات دەکـردەوە کـە هـەر نووسـینێك نازناوێکـی کوردیـی خۆماڵـی بەسـەرەوە نەبوایـە بڵاونەدەکرایـەوە! ئـا لـەم ڕێگەیـەوە خوالێخۆشـبوو دەیویسـت نـاو و نازنـاوی کوردیـی پەتـی لەنێـو خەڵکـدا بڵاوبێتـەوە و لـە هەمانکاتیشـدا مەبەسـتی ئـەوە بـوو خولیـا و ئـارەزووی بـە کوردیـی نووسـین و بایەخـدان بـە زمـان و ئەدەبیاتـی کوردیـی لـە نێـو مێشـك و دەروونـی نـەوەی نوێـی ڕۆشـنبیر و خوێندەوارانـی ناوچەکـەدا بچەسـپێنێ.

بـە هەمـان دەسـتوور «هەتـاو» بەشـێوەیەکی دیکـەش خەریکـی بەکێشـکردنی ئارەزوومەنـدان بـوو بـۆ نێـو دونیـا و ڕەوشـی ڕۆژنامەنووسـی و گەنجینـەی ئەدەبیاتـی کوردییـەوە ئەمەیـش لـە ڕێگـەی بـرەودان بەشـیعر و مەتـەڵ کـە ئەوسـا ڕەواجـی باشـیان هەبـوو، ئـەوە بـوو لـە هـەر ژمارەیەکیـدا چەنـد نموونەیەکـی ناسـك و نایابـی لـە بەرهەمـی شـاعیر و بویـژە کلاسـیکیە نـاودار و پایەبەرزەکانـی پێـش ئـەو سـەردەمە و چەنـد هۆنراوەیەکـی نوێـی شـاعیرە تـازە پێگەیشـتووەکانی سـەردەمی پەخـش دەکـرد و لـە تـەك ئەمانەیشـدا هـەر جـارە بـە شـێوازی شـیعر «مەتەڵێکـی ژمـارە»ی بـڵاو دەکـردەوە کـە مـەرج بـوو ماناکـەی دەبـوا هـەر بـە شـیعر لێـك بدرێتـەوە. ئەمەیـش کاریگەرییەکـی تـا ڕادەیـەك چاکـی بەسـەر

لاوەکانـــەوە هەبـــوو، ئەنجامێکـــی باشیشـــی لێکەوتـــەوە، چونکـــە وردە وردە و پـــێ بەپـــێ شـــەرم وتـــرس و دڵەراوکێـــی ئـــەو گەنجـــە خوێـــن گەرمانـــەی ڕەوانـــدەوە کـــە حەزیـــان بـــەو دونیـــای ئەدەبـــەوە دەکـــرد و بەهـــرە و توانـــای شاراوەشـــیان تێـــدا بـــوو، بـــەڵام پێشـــتر نەدەوێـــران و زاتیـــان نەدەکـــرد خۆیانـــی لـــە قـــەرە بـــدەن و لـــە دەریـــا قووڵەکەیـــدا دەســـت بـــە مەلەوانیـــی بکـــەن!

بەمشـــێوەیە گۆڤـــاری «هەتـــاو» وێـــڕای هەنـــدێ کەموکوڕیـــی چ لـــە رووی قـــەوارە و رووخســـار و هونەرییـــەوە بووبـــێ، یـــا خـــود لەلایـــەن نـــاوەرۆك و ئـــەو بـــاس و بابەتانەیـــەوە بێـــت کـــە تیایـــدا بڵاودەکرانـــەوە کـــە ئەمەیـــش شـــتێکی زۆر ئاســـاییە ســـەبارەت بـــەو بارودۆخـــە ناهەمـــوارەی ئـــەو ســـەردەمەی چاپەمەنیـــی کـــوردی کـــە تیایـــدا دەرچـــووە و بەهـــۆی کەمدەســـتیی و تاکەکەســـی و بـــێ دەرامەتیـــی خاوەنەکەیـــەوە دەتوانیـــن بڵێیـــن «هەتـــاو» ئـــەو گۆڕەپانـــە بـــوو کـــە بـــۆ مـــاوەی نزیکـــەی حـــەوت ســـاڵان ئەدیـــب و نووســـەر و رۆشـــنبیر و قەڵـــەم بـــە دەســـتانی ئارەزوومەنـــدی کـــورد تیایـــدا کۆبوونەتـــەوە و ئەســـپی خۆیانیـــان لەوێـــدا تـــاو داوە و بەهـــرە و توانســـتە شـــاراوەکانیان دەمـــەزەرد کردۆتـــەوە و تاســـووق و تینویەتـــی و حەزەکانیـــان لەســـەر لاپـــەڕە کەمنـــاز و بـــێ فیزەکانیـــا شـــکاندووە و کڵپـــەی جـــۆش ســـەندووی دەروونـــی خۆیانیـــان پـــێ دامرکاندووەتـــەوە! ئەگەرچـــی پێشـــتر کەمـــتر بـــەلای سیاســـەتەوە لای کردۆتـــەوە، بـــەڵام پـــاش شۆڕشـــی چـــواردەی تەممـــووزی ســـاڵی ١٩٥٨ی مەزنـــەوە نووســـینی بابەتـــی رامیاریـــش هاتـــە نێـــو بازنـــەی ناوەرۆکەکانیـــەوە و تەنانـــەت لـــە زۆربـــەی ژمارەکانـــی لـــەوەو دوایـــدا گۆشـــەیەکی تایبەتـــی تیایـــدا تەرخانکردبـــوو بـــە نـــاوی «گۆشـــەی لاوانـــی دیموکراتـــی کوردســـتان»ەوە کـــە نووســـەری ئـــەم باســـە (م.ئاســـنگەر) سەرپەرشـــتیی دەکـــرد و بـــە زنجیرەبەشـــێکی هـــەرە زۆری نامـــەی دکتۆریەکـــەی ســـەیید عەزیـــزی شـــەمزینی لەســـەر «بارزانییـــەکان»ی کـــە بـــە عەرەبـــی لـــە رۆژنامـــەی «خەبـــات»دا بڵاودەکرایـــەوە بـــە کـــوردی لـــەو گۆشـــەیەدا بـــڵاوی کـــردەوە.

بەمەیشـــدا، ئـــەم گۆڤـــارە نامـــورادە لـــە گۆشەســـەندنی رەوشـــی رۆشـــنبیری و بەرەوپێشـبردنی بـاری کۆمەڵایەتـی بەشـداریيەکی چالاکانـەی کـردووە و دەورێکـی دیـاری لەنێـو بزاڤـی رۆژنامەنووسـی کوردیـدا بـووە کـە مایـەی پێزانیـن و سـتایش کردنـە.

جـا بەبۆنـەی جەژنـی٩٩ سـاڵەی رۆژنامەنووسـی کـوردەوە هـەزران سـڵاو بـۆ گۆڤـاری «هەتـاو»ی پڕشـنگدار و هـەزاران درود بـۆ گیانـی پاکـی مامۆسـتای نەمـر گیـوی موکریانـی و هەمـوو ئـەو بەڕێزانـەی تیایـدا بەشدارییان بـووە!

# سووچی ڕەخنە و لێکۆڵینەوە

(گۆڤاری هەتاو) ژمارە (٦٩) ساڵی ٣ هەینی «میوەگەنان» ١٠ی ئاب ١٩٥٦
کۆی سنجق (مەجید ئەحمەد حداد)

وەڵامی مامۆستا گیو موکریانی

لــە ژمــارە (٦٨) هەتــاو کاك کەمالەدیــن تۆفیــق و مامۆســتا رۆژبەیانــی بــە جیـا بیروبـاوەڕی خۆیـان دەربـارەی «گەشـتەکەی مامۆسـتا عەلائەدیـن» نوسـیبوو، مامۆســتا گیوموکریانــی ئامــۆژگاری بــۆ هــەر دوو ڕەخنەگــرەکان نووســیبوو.

بەڵــێ مامۆســتا گیــو، بەنــدەش لەگەڵتایــە کــە ئەبــێ نەتــەوەی کــورد یارمەتــی نووســەر و بوێژەکانــی بــدا و نووسراوەکانیــان پەســند کات.. تەنیــا جیاوازییەکــی دوور و گرنــگ هەیــە کــە پێویســتە بــۆت دەرخــەم، قوربــان ئەگــەر یەکێــك منداڵێکــی نەخــۆش و لــەڕ و بێهێــزی بــوو ئایــا ئەبــێ ئــەم منداڵــە بەســتەزمانە چۆنــە ئــاوای لــێ بگەڕێــی و بــە ســاخی بژمێــری؟ یاخــۆ ئەبــێ نیشــانی پزیشــك و

شارەزایانی بدا و داودەرمانی بۆ بکا؟ تا بەرەو تەندروستی و باش پێرفیکشن (الکمال) بڕوا؟ بەڵێ من لەم بڕوایەم کە نووسراو لە مناڵ زیاتر پێویستی بە تیمارکردن هەیە. بەتایبەتی چونکە هەر وەك خۆشت فەرمووتە! چەنگاڵی جانەوەرانی عوسمانی و قاجارەکان نەتەوەی کوردیان هێندە لە خوێندەواریی دوورخستۆتەوە، تا سەد ساڵی دیکەش هەرچی بینووسین کەم و کووڕی هەر تێدا دەبێ، چونکە تازە چاومان کردۆتەوە و سەرەتای وەهۆش هاتنەوە و بووژانەوەمانە. جا: مامۆستا لەسەر فەرموودەی خۆت نەتەوەی کورد ئیمڕۆ لە تاقیکردنەوەیەکی (امتحان) ئێجگار سەخت ئەبڕێ، لە رووی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە، هەموو ئەزانین کە نووسینی راستەقینە ئەبێ چۆن بێ! لە چی رووێکەوە بێ؟ ئەوسا لەبەر ئەوانە و لەبەر ئەم تاقیکردنەوە سەختوگرانەی کە نەتەوەی کورد ئیمڕۆ پیا ئەڕوا ئەبێ چۆن مناڵ ئەبێ لەش ساخ و بەهێز بێ تا بەرگەی کەم وکوڕیی ژیان بگرێ. ئەڵێم ئەبێ نووسراوەکانمان، یا خۆیان لە بناخەوە راست و رێك و بەهێز و دوور لە کەموکوڕی بن، ئەمەش لە روونەداوان (مستحیلات) ئەژمێرێ یا بخرێتە سەر تەختی رەخنە و لێ کۆڵینەوە و پزیشکانی وێژە (اطباء الادب) بە چاوی زانیاری تەماشای کەن، دەردی دەرخەن و دەرمانی راستی بدۆزنەوە، تا ئەم نووسراوانە بتوانن جێگەی خۆیان لەکۆمەڵ بگرن، پڕ سوود و بە کەڵك و پڕ مانا بن نەك هەر بە ناو نووسرابن، من لەمباوەڕەم.. مامۆستا کە ئەم جۆرە تیمارکردنە زۆر سوودی هەیە، نەك هەر بۆ نووسراو بگرە بۆ نووسەریش تەنانەت بۆ نەتەوەکەمان!

جا من وا ئەزانم ئەی مامۆستای بەڕێز، کاك کەمال و مامۆستا رۆژ بەیانی نەختێ لە کەموکوڕی گەشتەکەی مامۆستا سەجادی دوا بوون مەبەستیان ئەمە نەبووە کە وەك فەرمووبووت، «بۆخۆشمان دەم لە جەرگی یەکتری بنێین و دووژمن بەخۆمان خۆشکەین» نەخێر، مەبەستیان ئەمە نییە، بەڵکو

مەبەستیان ئەوەیە کە «کونوو کاژەر و ناتەواویمان ببڕین و روو لەسەرکەوتن و تەبایی و تەواوی کەین».

فەرموو بووت کە «ئێمە خواخوامانە مەلا و شێخەکانمان روو لە خۆمان بکەنەوە، ئێستا کە هاتوو خزمەتیان کرد لە جیاتی یارمەتی ئەگەر دڵیان بشکێنین گەورەترین ناپاکی (خیانت)یە لەگەڵ کوردی ئەکەین چونکو خراپەیان زۆر لە دەست دێ.. هتد.» راستە تارادەیەك لەگەڵتم، تەنیا ئەبێ ئەمە بزانین کە رۆژی «عاطفە» بەسەرچوو و نەما، کاتی «عقل و ئیش کردنە» لەلایەکی ترەوە مامۆستا عەلائەدین لەم شێخ و مەلایانە نییە کە بە رەخنە لە نووسراوەکان گرتن هەڵچێ یا واز لە نیشتمانپەروەری و نووسین بهێنێ، نەخێر مامۆستا سەجادی گەلێك لەمە بەرزترە، کە دڵ بە دەهۆڵی بۆش بگەشێتەوە یا سەر بۆ مدح کردنی بێجێ دانوێنێ ئەم لەم بیرو باوەڕە لەگەڵمانە کە نووسراوەکانیمان ئیمڕۆ لە کەم و کوڕی دەرباز نابن کە ئەبێ هەر شتێکی نەساخ تیمار و دەرمان بکرێ..

# بەخێربێنەوە

گۆڤاری (هەتاو) ژمارە (١٤٢) ساڵی ٥
(هەینی) ١٠ی خەزەڵوەر (٣١) تشرینی ١ ساڵی ١٩٥٨

بەهۆی شۆڕشی چواردەی گەلاوێژی نەمر بە پێشەوایی سەرکردەی کورد و عەرەب عەبدولکەریم قاسمی قارەمان و تێکۆشەرانی نەبەزی کورد ژەنەراڵ مستەفای بارزانی و میرحاج و ئەسعەد خۆشەوی سەربەست و ئازاد گەڕانەوە نیشتمانی پیرۆز. پاش ئەمەی کە دوانزدە ساڵی ڕەبەقیان بە ئاوارەیی بردە سەر. خۆ باسی خەباتی سەختی دوورودرێژ و شۆڕشی خوێناوییان، مێژووی هەوڵ و تێکۆشان و هەڵسانەوە پیرۆزەکەیان، لە رووی ئیمپریالیزم و دەرەبەگ و کلك و نۆکەرە چڵکاوخۆرە میللەت فرۆشەکان و خۆ بەختکردن و سەروماڵ هەرزان کردنیان لە پێناوی گەلدا و، مەردایەتی و ئازایەتی و جگەرسۆزی و ساردوگەرمی چەژتن و شەونخوونی و برسییێتی و تینوویەتی و ئازار خواردنیان لە هەموو کەس

ئاشـكرایه و پێویسـت بـه نووسـین نـاكات. گشـت ئەیزانـن چـۆن و بـه چ كارەسـاتێك توانیـان لـه چنـگ درِنـده خوێنخۆرەكانـی ئینگلیـز و ئەمەریـكا و نۆكـەره حەیـا رژاوه زۆڵـه كـورد و عــەرەب و تــورك و عەجەمــه روو رەشــه نیشــتمان فرۆشــەكان رزگار بــن و بــه چ دلاوەری و مەردایەتییەكــەوه خۆیــان گەیانــده قــەڵای ئاشــتی و بنكــەی ئـازادی و دۆسـتی خەمخـۆری گـەلان، واتـا یەكێتـی شـوورەوی و نـەوه سەربەسـت و ئازادیخـوازەكان.

بەڵـێ ئـەم شـێرانه لـه مـاوەی دەربـەدەری و ئاوارەیشـدا هـەر چەنـد لـه راسـتیدا ئەمانـه هەرگیـز ئـاواره و دەربـەدەر نەبـوون كـه نیشـتمان هـەر خەباتكـەر و ئاشـتی خـواز و تێكۆشـەرێكه و لەنـاو چەنـد میللەتێـكا ژیـاون كـه هەمیشـه بـاوك و بـرای هاوپشـتی خەڵكـی بەشـەڕەفن، بـەڵام چونكـه بـه زۆر و سـتەم و پیلانـی داگیركـەر و دوژمنـی خوێـن خـۆری گـەل و ئەنجامـی سەرشـۆڕی و ناپاكـی و دووروویـی هەتیمچه زۆڵـه كـورده پـوول پەرەسـته بـێ هەسـتەكان لـه كوردسـتانی مـەزن و خۆشەویسـتا، بـه لـەش و بـەدەن دوور بـوون. بۆیـه ئەڵێـم ئـاواره بـوون، لەگـەڵ ئەمەشـا بـەدڵ و گیـان هــەر لەنــاو جەرگــی میللەتــا و هــۆش و بیریــان هــەر لــه خاكــی پیرۆزیــان بـووه و تەنیـا سـاتێك كۆڵـی خەباتیـان نـەداوه و بەدرێژایـی ئـەم مـاوەی هـەر لـەكار بوونـه و بـه ئاواتـی ئـەم رۆژه پیـرۆزه لەخەبـات و تێكۆشـانا سـڵیان لـێ نەكـردووه و رۆژ و شــەو خۆیــان ئامــاده كــردووه و بــه بڕوایەكــی پۆڵایــی و ئیمانێكــی بێگــەرد خزمەتــی هــۆز و مرۆڤایەتــی و ئاشــتی و دوارۆژێكــی بەختیاریــان كــردووه و وا لــه ســایەی شۆڕشــی گرنگــی چــواردەی گەلاوێــژا راپەڕینــه مەردانەكــەی گەلــی عێــراق بــه پێشــەوای ســوپای ئــازاد و ســەرۆكایەتی عەبدولكەریــم قاســم، ئــەم رۆژه گەشــه لــه ئاســۆی وڵاتــدا هــەڵات. تیشــكی ئــازادی و ئاشــتی و كامەرانــی بەســەر دەشــت و كێوەكانــی عێراقــی خۆشەویســتدا پەخــش و ئیمپریالیــزم و نۆكــەره داتاشراوەكانــی زینــده بــه چــاڵ كــران و رۆڵــەی راســت و جگەرســۆزی گــەل و كاروفەرمانیــان گرتــه دەســت. ئیــتر لــه ســایەی ئــەم رۆژه پیــرۆزەدا قارەمانانــی كوردســتان بــه كوێرایــی

هــەردوو چــاوی بێگانــەی داگیرکــەری خوێنمــژی زۆردار و نۆکــەرە تەنگەســتوورە چاوشـۆرە خۆفرۆشـە بـێ دەسـەڵاتە داوێـن پیسـەکان، وا بەسـەر بـەرزی و رووسـووری خاکـی پیـرۆزی نیشـتمانیان ئـاوەدان کـردەوە. هاتنەوەیـان ئاواتـی بـەرز و وێـردی سـەر زوبانــی هەمــوو خــاوەن هەســت و بیــرو نیشــتمانپەروەرێکی ئازادیخــواز و خەباتکەرێکـی بـە شـەڕەف بـوو. گەڕانەوەیـان بـەم جـۆرە درکێـك بـوو لـە چـاوی دوژمنـان چەقـی و تیریکـی ئاگریـن بـوو لـە جەرگیـان درا، مـاوەی درۆ و دەلەسـە و دوو زمانــی و ئــاژاوە بەرپاکردنیانــی بــڕی و تۆپــە قوڕێکــی نــا بەدەمــی زۆر وەرە خۆپەرەسـتەکان کـە هـەزار و یـەك پروپاگەنـدەی بـێ سـەروپایان ئەکـرد و بـە نیـازی پیسـی ئەیانەویسـت لاپـەڕەی مێـژووی خاوێنـی خەباتـی نەتـەوەی کـورد رەش کـەن و کـورد و عـەرەب لـە برایەتـی بکـەن، بەڵـێ ئـەم هاتنەوەیـەی قارەمانانـی کوردسـتان هێزێکـی تـازەی نایەسـەر هێـزی برایەتـی و یەکێتـی نەمـر و هەتـا هەتایـەی کـورد وعــەرەب. بناغــەی خەباتــی یەکسـانیانی چەسـپاند و هــۆی یــەك بوونــی هەمــوو کوردێکــی بــە شــەڕەف بــوو لــە ژێــر ســێبەر و ســایەی جەمهورییەتــە کۆرپەکەمانــا و دەســت نانــە دەســتی یــەك بــۆ بەتیــن کــردن و پتەوکردنــی بــەرەی یەکگرتــووی بەربەرەکانـی کردنیـان لەگـەڵ دوژمنانـی گـەل و شـەڕ داگیرسـێنەران بـۆ تێکۆشـان بـە تێکڕایـی لـە پێنـاوی گەشـە پێـدان و چەسـپاندن و خەملاندنـی ئـەم جەمهوریەتـە دیموکراسـییە ئاشـتی خوازەمانـا و بـۆ نەهێشـتنی دوودڵـی هەمـوو جۆرەناخۆشـی و و دڵیەشـان و جیـاوازی و تـۆوی دوو بەرەکـی و کرمـی ناکۆکـی و پەلاماردانـی یەکتری.

ئــەم گەڕانەوەیــان بارانێکــی رەحمــەت بــوو لــە ســەرەتای پایــزدا بەســەر وڵاتـدا بـاری و بەڵگـەی خۆشـی وکامەرانـی و بەختیـاری و یەکێتـی و هـاوکاری و سـەرکەوتنی هێـزی میللـەت.

کەواتە هەمووهاوارکەین بەزار..... بەخێربێتەوە خوایە هەزار جار

مەرگی نۆکەرە و شینی ئیستعمار..... ئیمڕۆکە جەژنە لە دێهات و شار

# زەنگی راپەڕین

گۆڤاری (هەتاو) ژمارە: ١٦٦
ساڵی ٦ دووشەممە سەرماوە (٣٠ تشرینی دووەم) ١٩٥٩

ئەمەی هەمیشە پێویست بە لێکۆڵینەوە و دووپاتکردنەوە ناکا ئەو راستیەیە کە ئیمپریالیزم لە هەر وڵاتێکی بەختی رەش و نەگبەتی ئەیکا بە تووشییەوە بەجۆرێ رەگ دائەکوتێ و گەشە ئەکا مەگەر بە خوێنی گەشی رژاو و مێشکی بە گوللە پرژاوی هەزاران رۆڵەی قارەمانی نەبەزدا تەشەنا بکا و بژار. لە پێشان دەستەیەکی خۆپەرستی ناپاك پەیدا ئەکا و چەشنی بوت ئەیخاتە کار و بەهۆیا چنگی ژەهراوی ئەنێتە قورگی نیشتمان و رێگە خۆش ئەکا بۆ مژینی سامان  چەوساندنەوەی گەل و هەزار ویەك هۆ ساز ئەدا بۆ دووبەرەکی و ناکۆکی بە گژیەکاچوون و مانەوە و پەرەپێدانی نەداری و نەخۆشی و هەژاری! سێ شۆڕەسوارەی کە هەمیشە لە وڵاتە ژێردەست

و داگیرکراوەکانــا مەشــق و رووت و جریــت بــازی ئەکــەن؟ ئــەم کۆســتە ســێ ســوچەش بــەردی بنچینــەی هــەرە پێویســتی داگیرکــردن و ئەنجامــی راســتەوخۆی ئــەون. جــا ئیمپریالیســتەکان بەهــۆی دەســت و پێوەنــد و نۆکــەر و کــرێ گرتەکانیانــەوە. رژیمێکــی رەشــی فاشســتی و یاســایەکی کۆنــە پەرســتانەی دوژمــن بــە هەمــوو جــۆرە سەربەســتی و مافێکــی دیموکراســی و نیشــتمانی و نەتەوایەتــی ئادەمیــزاد دائەڕێــژن و دەزگایەکــی پۆلیســی و هێــزی چەکــدار ئەهێننــە کایــەوە کــە بەئــارەزووی دەروونــی گڵاویــان و بــە پێــی دەســتکەوت و قازانــج و بەرەنجــی زۆربــەی کۆمەڵانــی خەڵکــی زەحمەتکێــش و ئەجوڵێنــەوە و بــە زەبــری کــۆت و زنجیــر و هەڕەشــە و تۆقانــدن و بەهێــزی گوللــە و مەتەرەقــا گــەل دەمکــوت ئــەکا وهەســتی پــڕ جۆشــی راپەڕیــن و خەباتــی بــۆ ماوەیەکــی کــپ دەکا ئــەم وەزعــە نالەبــارە ئەگــەر لــە شــوێنکدا درێــژەی پێــدرا، ئــاوا تاقمێکــی رووڕەش بــە گیانێکــی بێهێــزی چــەوت و دەروونێکــی نیشتمانفرۆشــی پــەروەردە ئــەکا و بــە تیــۆری فەلســەفەیەك ئاویــان ئــەدا کــە تەنانــەت پــاش رووخــان و لەناچوونــی رژێمــە رزیــوە چەپەڵەکــەی ئاغاکانیشــیان و بگــرە تاخۆیشــیان گۆڕبەگــۆڕ ئەبــن هــەر چاویــان لــە کرداری چــەوت و ناپەســەندەکانی ســەردەمی رابردوویانــە و، هەمیشــە بەگەڕانەوەیــان خــەو ئەبینــن بــە یاریــدە و پشــتیوانی ئیمپریالیســتەکان هەوڵــی دڕندانــەی بــێ پایانــی بــۆ ئــەدەن و بــۆ ئــەم مەبەســتەیان بــە هەمــوو ڕێگایــەکا ئەچــن و لــە تاقیکردنــەوەی هــەر چ هۆیــەکا ناســڵەمێنەوە، بگــرە زۆرجاریــش وەك گــورگ لــە پێســتی مــەردا پەردەیەکــی نیشــتمانپەروەری و نەتەوایەتــی درۆزنانــە ئەپۆشــن و لــە ژێــر ســێبەری چەنــد بیروباوەڕێــکا یــا لەناخــی رێکخــراو و کۆمەڵــە نیشــمانیەکانا خۆیــان حەشــار ئــەدەن و تەقلــلا ئــەدەن ئــەم کۆمەڵانــە بــۆ نیــازە گڵاوەکەیــان بــە رێگەیەکــی پــڕ لــە مەترســیا بــەرن و دووچــاری کۆســپ و هەڵــە و ئــاژاوە و سەرلێشــێواویان ئەکــەن و ریــزی یەکگرتــووی هێــزە نیشــتمانیەکان ئەشــڵەژێنن و کەلەبــەری تێــوە ئەخــەن!

ئەمــە راســتییەکی ســەرەتایی گشــتییە و نموونــەی روودراوی زینــدووی ئیمــڕۆ لــە عێراقــی خۆمانــا ئاشــکرا ئەبینــرێ! هــەر لەوســاتەوە کــە ئێســتگەی بێتەلــی عێـراق مـوژدەی رووخانـی رژێمـی پاشـایەتی و دەرەبەگـی و کۆنەپەرسـتی سـەر بـە ئیمپریالیزمــی بەجیهانــا راگەیانــد و پەیامــی دامەزراندنــی کۆمارێکــی ســەربەخۆی دیموکراســی و ئاشــتیخوازی ئــازادی کــورد و عەرەبــی بــۆ میللەتانــی رووی زەمیــن نــارد و عەبدولکەریــم قاســمی بــە رۆڵەیەکــی جەنــگاوەر و پاڵەوانێکــی مــەردی نەبــەرد و پێشــەوایەکی بلیمــەت و دڵســۆز ســەرۆکێکی دیموکراســی پــەروەری ئاشــتیخواز و گــەل پەرســتی تاقانــەی کــورد وعەرەبــی بــە خەڵــکا ناســاند، رق و قیــن و دوژمنانــی ئیمپریالیســتەکان هاتــە هەڵچــوون و کەلبــەی ژەهراویــان گــڕ کــردەوە و زوڕنــای جادووگەرییــان ژەنــی و بەربوونــە کوتانــی تەپڵــی جەنــگ و چەنـد هێـزی پەراگەنـدە و کۆمەڵـی خۆیـان و خزمەتکاریـان لەملاولـەولا گلدایـەوە و لـە دەوری ئامانجێکـی گڵاو و هەرگیـز لـە شـیان نەهاتـووە بـۆ ئاواتێکـی بۆشـی مایـە پووچـا کۆبوونـەوە و بـەم نیـازەوە کـە لەنـاکاو دەسـتێکی رەش بوەشـێنن و کۆمـارە ئازادەکەمـان لـە ناوبـەرن و عێـراق و کوردسـتانی بەخوێـن ئـاودراوی تـازە رزگاربوومــان بخەنــەوە ژێــر چەپۆکــی جانەوەرانــەی کۆمپانیاکانیانــەوە دووبــارە دووچـاری دەردەسـەری و ئەندێشـەی خوێـن مژیـن و تۆقانـدن و چەوسـانەوەیەکی ئەوتۆمــان بکەنــەوە، کــە لــە چاویــا بــە رۆژە رەشــە دوا بڕاوەکانــی دەمــی نــوری ســەعیدی و فەیســەڵ و عەبدولئیــلای پــێ کــوڕا هەڵدەبــن و، بــە (کانێکــی ســەربەخۆیی و ئــازادی و ئاســوودەیی) بدەینــە قەڵــەم! ســەرەڕای پیلانــە چەکــدار و خوێناوییەکانـی عەبدولسـلام و رەشـید عالـی و شـەواف و یاخـی بوونەکـەی بـرا دۆســت و کارەســاتە جگەربڕەکــەی کەرکــوك و ســەرەڕای موئامــەرە پیســەکەیان کــە بــە کوشــتنی پێشــەوای هەڵکەوتوومــان دەســتی پێکــرد و بــە لەناوچوونــی نیــوەی نیشــتمان پــەروەر و ســووربوونی خاکــی پیرۆزمــان بــە خوێنــی رۆڵــە ئازادەکانیــەوە لەدەســت چوونــی کۆمــارە دیموکراســیەکەمان دەســتکەوتەکانی

شۆڕشــی ١٤ی گەلاوێــژی نەمــرا کۆتایــی پــێ ئەهێــنرا! ئەڵێــم ســەرەڕای ئــەم هەمــوو پیــلان و تــاوان و گوناهەیانــەوە کــە هۆشــیاری و یەکێتــی گــەل و دڵســۆزی ســوپا ئازادەکەمــان ژیــری و بلیمەتــی تاقــە ســەرۆك یــەك بــەدوای یــەکا کۆریــان کــردن و مــاوەی ســەر کەوتنیــان بڕیــن ئەوەتــا ئەمجــارە بەتایبەتــی لــەم رۆژانــەدا لەهەمــوو جارێکــی پێشــووتر دڕندانەتــر و دوژمنانەتــر و ئاشــکراتر ئیمپریالیســت و ئەلقــە بەگوێیەکانــی لەگــەڵ دەســتەو دایــەرەی کۆنــە پەیمانــی بەغــدای گــۆڕ بەگــۆڕ و پێشــمەرگە تــازە پێگەیشــتووەکانیان لــە کاربەدەســتەکانی عەرەبــی یــەك گرتــوو کەوتوونەتــە خۆیانــا و پــەردە شــڕەی رووی رەشــیان دڕیــوە و بــازووی پیــلان و تەگبیــر و هەڕەشــە و گوڕەشــە و جــرت و فــرت و نوخشــەی پەلامــاردان کێشــان و دەســت درێژیــان لــێ هەڵماڵیــوە و ســەگ لوریــان لەناخــی خایــەن و ناپــاك و داویــن پیــس و دەرەبــەگ و کۆنەپەرســتی نــاوەوە دەنــگ ئەداتــەوە و کەیــن و بەیــن و چالاکــی و تەقەلایــان لەهەمــوو لایــەکا یــەك ئەگرێتــەوە. جــا ئەمەتــا نیشــتمانی پیــرۆزان (زەنگــی خەتــەر لــێ ئــەدا و نەعرەتــەی شــێرانە و نرکــەی قارەمانانــەی ئــەرز و ئاســمان ئەلەرزێنــێ و جەرگــی دوژمــن ئەتەزێنــێ و بــە دڵســۆزی و هەســتێکی شــیرین بانگــی دایکانەمــان ئــەکا کــە: راپــەڕن ووریــا و چاپــووك و ئازابــن یــەك دەســت و یــەك دڵ، یــەك رەنــگ و یــەك هێــز یــەك رێــز و یــەك رێگــە و پیلانــی دوژمــن ببــڕن بــدڕن، لــە ژێــر ئــاڵای شــکۆداری کۆمــاری مــن و ســەرۆك و رۆڵــەی شــیرپاکم بــۆ یــەك ئــاوات و یــەك ئامانــج بێتــە کــۆڕی خەباتــەوە کــە رزگاری و پاراســتنە!

# نامەیەك بۆ خاوەنی چاپخانەی كوردستان

گۆڤاری (هەتاو) ژمارە: ١٦٨

ساڵی ٦ پێنج شەممە سەرماوەز (٣١ كانون اول) ١٩٥٩

بەڕێز مامۆستا گیو موكریانی

بەراستی موژدەیەكی خۆش و دڵگیرە، موژدەی كڕین و بەكارخستنی ماكینەی چاپی تازە، سەرانسەری كوردستانی رەنگینی گەشاندەوە و لەسەر لوتكەی بەفرینی كێوە بەرزەكانا دەنگی دایەوە و زەنگی ئاوات و كامەرانی لێدا. چونكە بێگومان چاپخانەی كوردستان ماوەی چل و پێنج ساڵی دوور و درێژی پڕ دەرد و ئەندێشە و كارەساتی ناهەموار و زەبروزەنگی ستەم و جەور و جەفاو تەنگ و چەڵەمەی ئاڵۆزی رۆژگاری چەپگەرد، ئەڵێم ماوەی ٤٥ ساڵە چاكی خەباتی لێكردووە بەلادا و بە هەموو هێز و توانا و چەندی لە وزەیا بووبێ، لەشێنەیی و تەنگانەدا، خزمەتی وێژەو زمان و سامانی نەتەوایەتی

کـورد و بووژانــەوە و هەڵچوونــی جۆشــی گیانــی کوردایەتــی لــە خاکــی کوردســتان کــردووە و لــەم ڕێگەیــەدا هەرگیــز کۆڵــی نــەداوە و لەخزمــەت کردنیــا ســڵی نەکردۆتــەوە، بۆیــە وا جێگەیەکــی لێوەشــاوەی لەدڵــی هەمــوو نیشــتمانپەروەرێك بۆخــۆی داگیرکــردوە و بووەتــە مایــەی شــانازی و ســەربەرزی و هەمیشــە شایســتە و لێهاتوویــی گەرمــە سوپاســە!

وا بــەم بۆنــە نرخــدارەوە لــە کانــگای دڵ پیرۆزبایــی لــە ئێــوە و لەخــۆم و تێکــڕای خەڵکــی دڵســۆزی کوردســتان ئەکــەم و ئومێــدەوارم بــەم هۆیــەوە چاپخانــەی کوردســتان هەمیشــە لــە پێشــکەوتن و ســەرکەوتنا بــێ و گۆڤــاری (هەتــاو)ی بەڕێــز بــە جــۆرێ پێشــکەوێ ببێتــە ئەســتێرەیەکی گەشــی بڵێســەدار و لــە ئاســمانی وێــژە و زانیــاری کوردســتانا بدرەوشــێتەوە.

ئومێــد دەکــەم هەمــوو نووســەر و خوێندەوارێکــی دڵســۆزی کــورد زوبــان دەســتی یارمەتــی بــۆ درێــژ بکــەن و بەهیــچ کلۆجێــك لەهــاوکاری و پاڵپێوەنانــا دریغــی نەکــەن تاکــو ئــەم گۆڤــارە بەشــێوەیەکی ڕێــك و پێــك و جوانــتر و بڕوایەکــی پۆڵایــی قایمــتر بێتــە گــەڕ و بــۆ خزمەتــی کوردســتان و چەســپاندن و پتــەو بوونــی برایەتــی هەمیشــەیی کــورد و عــارەب و پارێــزگاری کۆمــارە دیموکراســییەکەمان و پێشــکەوتنی لــە ژێــر ئــاڵای شــەکەداری تاکــە ســەرۆکی بلیمــەت و پاڵەوانمــان کاکــە کەریمــی قارەمــان.

ئیتر هەر بژین و سڵاوی گەرمم

دڵسۆزتان – مەجید ئەحمەد ئاسنگەر- هەولێر

**** **

وەڵامی بەڕێز گیو موکریانی:

مامۆســتا مەجیــدی نیشــتمانپەروەر: هەروەکــو بــە دیتنــی ئــازادی بــرا کوردەکانــی عێراقــی شاگەشــکە بــووم و ئــەوەش مایــەی بەختیارێتیمــە کــە لــە پێــش مردنمــدا بــە ڕۆژگارێکــی وا گەیشــتم کــە نەتــەوەی کــورد دۆســت و دوژمنــان

لێــك هەڵاوێــرێ بۆیــە سوپاســی هەســتی پاكتــان دەكــەم.

چونكــە (٥٠) ســاڵە هــەر كارەســات و گیــران و تاڵانكــران و لێــدان و مــاڵ ســووتانێكی كەڵەگایەتــی تــورك و عەجەمــان بەســەر ئێمەیــان هێنــاوە زۆرتــری بەهــۆی بــرا كــوردە شــۆرباو خۆرەكانــەوە بــووە، ســەرەڕای ئــەوەش هــەزاران كەلــەك و بوختانــی وا ناڕەوایــان بــۆ هەڵدەبەســتین كــە كــەس گــوێ نەداتــە ئامۆژگارییەكانمــان و ئێمــەش لەبــەر پەرێشــانی واز لەپێویســتی سەرشــانمان بێنیــن.

بەڵــێ هیــچ هێزێــك ئێمــەی نەبەزانــد بــەڵام توانیــان شكســت بەكاروبارمــان بــدەن و هــەر لــەو هۆیــەوە كــە دوای (٥٠) ســاڵ خزمــەت تــا خانــووی نیشــتەمەنی منداڵەكانــم لــە گــرەوی بانكــی پیشەســازی دانەنــا نەمتوانــی ئــەو مەكینــە گچكــەی چاپــی بكــرم.

چونكــو نەوەكــو نەتــەوەی كــورد كــەم و زۆر یارمەتیــان نەدایــن و بــەس بەڵكــو ئەوانــەی كــە پــارەی چەنــد ســاڵانەی (هەتــاو) و كتێبیانــی ئێمەیــان لەلایــە لــە ٥٠٪ كــەس نابیــنرێ.

گیوی موكریانی

# نەورۆزی نۆرۆژمان

گۆڤاری (هەتاو) ژمارە: ١٧٥ ساڵی: ٦
نەورۆز: پێنج شەممە (١٤ی نیسان) ١٩٦٠

هـەر نەتەوەیـەك گـەورە و بچـووك ئـازاد و سـەربەخۆبێ یا لـە ژێـر زەبروزەنگـی گـورزی چەوسـاندنەوە و زۆر لێکردنـا بـە قـوڕدا چوبنـە خـوارەوە لەسەرانسـەری زەویـدا، بـەلای کەمـی رۆژێـك و جەژنێکـی هەیـە نەتـەوەی کوردیـش وەك هەمـوو نەتەوەکانـی سـەر ئـەم ئەسـتێرەیەمان، رۆژێـك و جەژنێکـی نەتەوایەتـی تایبەتـی خـۆی هەیـە، جەژنـی کـورد ئـەم رۆژە گەشـە بڵێسـەدارەیە کـە بـە ئاسـمانی پـڕ تەمـی کوردسـتانا ئەدرەوشـێتەوە و شـەوەزەنگی تاریکـی لـە هەمـوو قوژبنێـکا ئەڕەتێنـێ و رێگـە بـۆ رۆڵەکانـی ئـەم خاکەپاکـە روونـاك ئەکاتـەوە، جەژنـی کـورد ئـەم رۆژەیـە کەهێـزی شکسـتە و لەشـکری پەراگەنـدەی رۆژانـی رەش و قرچـە و لـەرزەی زسـتانی سـەختی شـەختە و بەسـتەلوك و بەفـر و بـاران تیـا کـوڵ ئـەدا

و ملــی ناچــاری کــەچ و ســەری بــێ دەســەڵاتی شــۆڕ ئــەکا بــۆ کــەژی بەهــار و لــە گریــە و زاری و شــین و شــەپۆری سروشــتا دڵۆپــی بەفــر و ســەهۆڵی تــواوە کــە فرمێســکی زســتانە قولپــە ئــەدا و کــەژو گیــاو درەخــت و دارو گەڵایــان ئەجۆشــێنێ و ئەبوژێنێتــەوە و لــە نــووژەن گیانیــان وەبەردەهێنێتــەوە، گــەردوون بەچەشــنێ ئەگــۆڕێ، زەویــش وەکــو بووکــی رازاوەی دڵــداری خــۆی ئەنوێنــێ جەژنــی کــورد لــەم رۆژەدایــە کــە تەخــت و بەختــی زوڵــم و زۆرداری و دامــودەزگای خوێــن مژیــن و زەبــر و بــاوی کــوت و دیلــی و ئێــش و ئــازار و ژانــی قامچــی و دارکاری ســەرنخون کــراو تەخــت و تاراجــی بێــدادی و تــرس و بێــگاری تێــك و پێکــدراو رۆڵــەی جگــەر ســۆزی کــورد و قارەمانــی فیــداکار بەهێــزی بــاوەڕ و بــازوو بــە تاقــی چەکوچکــی پــۆڵاو و ئــارەزووی ئاســنینی پشــت بەگــەل ئەســتوور ســەرو کەللــەی ئەژدەهاکــی خوێنرێــژی پیاکــوژی تاوانبــاری پلیشــاندەوە و نەتــەوەی کــوردی نەبــەزی لــە ژێــر چەنگاڵــی جانەوەرانــەی خوێنمــژان رزگار کــرد و ئاگــری نــەورۆزی لەســەر گــرد و تەپۆلکــە رەنگینەکانــی کوردســتانا هەڵکــرد و مــوژدەی سەربەســتێتی و رزگاری و هێمنــی بەســەر لوتکــە کێــوە بــەرزەکان و ناخــی دۆڵ و شــێوە قووڵەکانــدا دەنگــی دایــەوە، شــوێنەوار و جێگرەکانــی کاوەی ئاســنگەری قارەمانیــش ئــەو رۆژە پیــرۆزە نرخدارەیــان لــە بیــر نەکــردووە لــە هەمــوو شــوێنکا هەمیشــە جــەژن و ئاهەنگیــان بــۆ گێــڕاوە، ئێمــەش رۆڵەکانــی کوردســتانی عێــراق و نــەوەی ئــەو پاڵەوانانــە لەســەردەمی رۆژانــی رەشــی رابــردودا زۆر یــا کــەم ئاشــکرا و یــا بەدزییــەوە لەنــاو شــار و دێهاتەکانــدا یــا لــە کەنارێکــی نەدیــودا لەنێــو جەرگــەی سروشــتی دڵرفێــن و تــەڕا لەســوچێکی دایکــی نیشــتماندا لــە کورســتانی پێشــێل کــراوا بەپێــی توانــا بیــرەوەری ئــەم جەژنــەی نــەورۆزی رزگاری نەتەوایەتیــمان هــەر کردۆتــەوە و هــەر نەبــێ هێندێــك شــایی و هەڵپەڕکێــمان بــۆ کــردووە.

بــەڵام وا مــاوەی دوو ســاڵە کفنــی کۆمــان دڕیــوە و ســەرمان لــە قەپێلــك دەرهێنــاوە و بــە ئاشــکرا و بەپێــی ئــارەزووی گــەرم و گــوڕی دڵ و نیازمــان

جەژنـەی نـەورۆز ئەکەینـەوە چونکـە لـەم چەرخـی بیسـتەمەدا لـە رۆژێکـی وەکـو نـەورۆزی دێرینـمان لـە چـواردەی تەمـوزی پیرۆزمـان دلێـر و قارەمانێکـی نەبـەز، مـەردو جەنگاوەرێکـی بەهێـز، ئـازا و جوانێکـی جگەرسـۆز، کاکـە کەریـم قاسـمی نـاودار (یـادی کاوەی نەمـر)ی تـازە کـردەوە و مەشـخەڵی خەبـات و تێکۆشـانی لـێ وەرگـرت و ئـاڵای شـەکەداری ئـازادی و دیموکراتـی و ئاشـتی لـە عێراقـدا هەڵکـرد و کـورد وعـەرەب و کەموکەکانـی تـری لـە چەنـگ چەپۆکـی خوێنـاوی ئیمپریالیـزم و دەرەبــەگ و کۆنەپەرسـتی روو رەشـا رزگار کـرد و نەورۆزێکـی پیـرۆزی تـازەی خسـتە پـاڵ (نــەورۆزی کــورد) و جەژنــی کردیــن بــە دوو! بەتایبەتــی ئیمســاڵ کـە بـۆ یەکـەم جـار لـە مێـژووی کوردسـتانی عێراقـی خۆشەویسـتدا ئەسـتێرەیەکی پڕشـنگدار لـە ئاسـمانیا ئەدرەوشـێتەوە کـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانە، پێشـڕەوی شۆڕشـگێڕی جوتیـار و کرێـکار و سـەپان و کاسـبکار و خوێنـدەوار و رەنجبـەر و زەحمەتکێشـانی خەڵکـی کوردسـتان کـەوا کاوەی چەرخـی ئەتـۆم و هیدرۆژیـن و مانگـی دەسـتکرد مـاوەی بـە ئاشـکرا خەباتکردنـی پێـدا و یـادی نـەورۆزی کـوردی سـەد هـەزار جـار تـازە کـردەوە و کڵپـە و بڵێسـەی (نـەورۆزی نوورۆژمانـی) هێنایـە جـۆش و سـوێند و بەڵێنـی لـێ سـەندین کـە تـا دوا هەناسـەی ژیـن و دڵۆپـی خوێـن وشـك بووغـان هەمیشـە بـە دڵ و بەگیـان تێبکۆشـین بـۆ وردوخاشـکردنی پلێشـاندنەوەی پیلانگێـڕ و دوژمنـان و پاراسـتنی کۆمـاری ئـازادی سـەربەخۆی کـورد و عـەرەب و چەسـپانی رێبـازە دیموکراسـییەکەی و پتەوکردنـی برایەتـی و دۆسـتایەتی کـورد و عـەرەب و گەشـەپێدانی یەکێتـی راسـتەقینەی عێـراق و سـەرۆکایەتی تاقانـە رۆڵـەی نەبـەزی گەلەکەمـان، قارەمانـی شۆڕشـی چـواردەی تەمووزمـان، مـەردی ئاشـتیخوازی نەبەزمـان کاکـە کەریمـی پاڵـەوان، بەخۆشـی دۆسـتان و بـە کوێرایـی چـاوی ناحـەز و دوژمنـان.

ئیتر جەژنی نەورۆز پیرۆز بێ لە هەمووان.

# چاردەی تەمموز

ژمارە ١٨٢ ساڵی ٧ میوەگەنان یەکشەممە (٣١) تموز ١٩٦٠

هەمـوو شۆڕشـێکی ئازادیخـوازی- دیموکراسـی نیشـتمانی بـە پێـی شـوێن و کات، کـەم و زۆر لـە دوای سـەرکەوتنیا کۆسـپەو تەگـەرەی دێتـە پێـش، هەروەکـو بـەم پێیـە دۆسـت و پشـتگیری چەنـد بـێ دوژمـن و ناحـەز و بەرهەڵسـتیکەری کەمـتر نابـێ، جـا لەسـەر رۆشـنایی راسـتی ئـەم پێـوەرە هـەر لەبەرەبەیانی چـواردەی تەمـووزی پیرۆزی سـاڵی ١٩٥٨ لـەم کاتـە گرنگـەدا کـە مێـژووی عێـراق تیـا لـە بنەڕەتـدا گـۆڕا و تەخت و تاراجـی رژێمـی پاشـایەتی- دەرەبەگـی ئەلقـە بـە گوێـی ئیمپریالیـزم و کۆنەپەرسـتێتی هەڵتەکێـنراو عێراقـی چەوسـێنراوەی زۆر لێکـراوی بـە پاشـکۆی داگیرکـەر بەسـتراوا و بەندیخانــەی گــەورەی نیشــتمانپەروەرانی دڵسـۆز و خەباتـکار بـوو بەکۆمارێکـی ئـازاد و دیموکراسـی پـەروەر و سـەنگەرێکی سـەختی ئاشـتی و بناغەیەکـی کۆنکرێتـی

چەسـپێنراوی برایەتـی کـورد و عـەرەب و هێزێکـی لەشـکان نەهاتـووی ئامـادە بـۆ پەرەسـەندن و گەشـەکردنی بزووتنـەوەی نیشـتمانی و دیموکراسـی و نەتەوایەتـی راسـتەقینە لـە ناوچـەی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا ئەڵێـم هـەر لـەم کاتـە بایەخـدارەوە کـە پێشـەوای وڵات عەبدولکەریـم قاسـمی پاڵـەوان بـە پشـتیوانی سـوپا و پشـتگیری و یارمەتـی گـەل گرمـەی شۆڕشـی سـەرکەتووی بەگوێـی جیهانـا راگەیانـد دۆسـت و دوژمنانـی نـاسران وە هەریـەك لەریـزی دیاریکـراوی خۆیـدا کۆبوونـەوە.

بـە گوێـرەی سروشـت و بەرژەوەنـدی هاندەریـان هـەر یـەك لەمانـە کەوتنـەکار و چالاکـی دەسـت و لایەنگـر و شۆڕشـگێڕەکان کـە زۆربـەی زۆری گەلـن بـازووی هـەوڵ و کۆششـیان لـێ هەڵماڵـی و بـە گیـان و سـامان رۆژ و شـەو بـێ وچـان خەریکـی پەرەپێـدان و سـەرکەوتنی شـۆڕش و چەسـپاندن و خەملانـدن و گەشـەپێکردنی کۆمارە کۆرپـە نەمرەکەمـان و پتەوکردنـی بـوون. کەچـی لەلایەکـی تـرەوە دوژمـن و ناحـەزان هەتیوەکانـی نـوری و فەیسـەڵی تۆپێـنراو لـە کۆنەپەرسـت و دەرەبـەگ و داخـدار و نۆکـەران بەسـەرۆکایەتی ئاغـای پشـت شـکاویان، یانـی ئیمپریالیـزم و هاوبەشـی بـە داگیرکـەرە خوێنمـژەکان پـاش ماوەیـەك تۆقیـن و لەخۆچـوون بەهـۆش هاتنـەوە و بـە وێنـەی ئەژدەهـای بریندارکـراوی زامـدار کەوتنـە خۆیـان و دەسـتیان کـردە پیـلان و تەڵەکەبـازی بـۆ بەرهەڵسـتی شـۆڕش و خنکاندنـی کۆرپـە سـاواکەی و بەدەسـت هێنانـەوەی قازانـج و بەرژەوەنـدە دۆڕاوەکەیـان و گێڕانەوەی «ئەسـپە سەرکەشـەکەی عێـراق» بـۆ تەویلـە و خانـی پەیمانـی بەغـدای پچـڕا و کامپی شـڵەژاوی سـەرمایەداری شـەڕ و چەوسـاندنەوە.. ئەمـە بـوو یـەك بـەدوای یـەکا پیلانـە گڵاوە خوێناوییەکانیـان گێـڕا و هەوڵیانـدا نیشـتمانپەروەر و دڵسـۆزانی کۆمارەکەمـان لـە سەرانسـەری عێراقـدا لـە شـلپاوی خوێنـا بگەوزێنـن نـەك هـەر ئەمـە و بـەس بگـرە تەنانـەت هێرشـی جانەوەرانەیـان بـردە سـەر گیانـی پێشـەوای شـۆڕش و لـە تاوانـا دەسـتی ناپاکیـان بـۆ ژیانـی سـەرۆکی خۆشەویسـتمان درێـژ کـرد کـە ژیانـی زۆربـەی گەلـی عێراقـە و بەگوللـەی ناپاکـی و تـاوان خوێنـی گەشـکی پاکـی کاك کەریمیـان رژانـد!

بـەڵام یەکێتـی و هۆشـیاری و دڵسـۆزی نەتـەوە و چینـە نیشـتمانپەروەرەکان و یەکێتـی گـەل و سـوپا و ژیـری و بلیمەتـی و توانـای سـەرۆکمان، لەلایەکـی تـرەوە ئاواتـی بۆگەنـی دوژمنانـی خنکانـد و پیلانـە چەپەڵـە خوێناوییەکانیانـی هـەر لـە بێشـکەدا گـۆڕ کـرد و کۆمـاری عێـراق بەسـەربەرزی و سەربەسـت و روو سـوور وەك ئەسـتێرەیەکی پرشـنگدار لـە ئاسـمانی گەلانـا دەرەوشـایەوە.

ئێســتە وا دوو ســاڵی رەبــەق بەســەر شۆڕشــە پیرۆزەکەمــان و دامەزراندنــی کۆمـارە ئازادەکەمانـا تێپەڕبـوو. وا یـادی دووەمـی جەژنـی بیـرەوەری ئـەم رۆژە روون و بایەخـدارە ئەکەینـەوە کـە لەمێـژووی تـازەی عێراقـدا بەگشـتی و لەکوردسـتانا بەتایبەتــی گرنــگ و نرخدارتریــن رۆژە جەژنــی هــەرە گــەورەی نیشــتمانی و نەتەوایەتیمانـە. جەژنـی یەکجـاری رزگاربوونمانـە لەمـاوەی ئـەو دوو سـاڵە کورتـەدا لـە تەمەنـی کۆمـارە دیموکراتییەکەمانـا لـە سـەر ئـەم هەمـوو پیـلان و کۆسـپ و تەگەرانـەی دوژمنـان نایانـە رێـڕەوی گەلێـك هەنـگاوی زلـی نـاوە بـۆ سـوودی گـەل و مرۆڤایەتــی و ئاشــتی بەگشــتی و زۆر دەســتکەوتی دیموکراتــی و نەتەوایەتــی و کۆمەڵایەتـی و ئابـووری و خوێنـدەواری وسیاسـی بـۆ میللـەت پێـك هێنـاوە، کـە پێویسـتی نووسـین نییـە تەنیـا کـە یـادی ئـەم جەژنـە پیرۆزەمـان ئەکەینـەوە ئەبـێ سـوود لـەو هەمـوو تاقیکردنـەوەو بەسـەرهات و هەڵـە و کەموکوڕیانـە وەربگریـن کـە لـەم ماوەیـەدا روویـداوە و پێویسـتە هـەر لایـەك کـرداری خـۆی بخاتـە سـەنگی تەرازوویەکـی دادپەروەرانـەی بـێ لایەنـی و چاکـە و فرمانـە بـە کەڵکەکانـی زیاتـر بـکا و دەسـت بنێتـە سـەر چەوتـی و هەڵەکانـی و ریشەکێشـیان بـکات، بەتایبەتـی لـەم کاتـە گرنـگ و پـڕ مەترسییەدا کـە دوژمـن بـۆ هەمـوو کەلەبەرێـکا ئەخشـی و هەمـوو جـۆرە چەکێکـی خسـتەکار بـۆ لێدانـی کۆمارەکەمـان و بەربەسـت کردنـی رێبـازە دیموکراتیەکـەی پێویسـتە پێـوی هەمـووان ئیمـڕۆ تەنیـا سـوودی گشـتی بـێ و جـارێ نابـێ کـەس بەچاوێکـی دەسـکەوتی پارتایەتـی تایبەتـی تەسـکا بـڕوا و بـێ هەڵوێسـتی خـۆی لەسـەری دیـاری بـکا! خەڵـك راکێشـان و کوشـتن و تۆقانـدن و

هەڵخەڵەتاندن و هێرش بردنەسەر پارت و رێکخراوە دیموکراتی و نیتشمانیەکان و شەڕ و جنێو و بەکار هێنانی هێز بۆ سەپاندنی هەر بیروباوەڕێکی و دووبەرەکی و ناکۆکی و جیاوازی نەتەوایەتی بەرپاکردن لە دیموکراسی و تێگەیشتن .. و ژیانی هەرە گەورە بە کۆمارەکەمان و رێبازە دیموکراسییەکەی ئەگەیەنێ و تەنیا پیشەی ئیمپریالیزم و دوژمنانی گەلی و گرنگترین فەرمانی ئەندام و چینە نیشتمانپەروەر و دڵسۆزان ئیمڕۆ ئەمەیە کە بەهەموو هێز و توانایانەوە بەربەرەکانی ئەم شتانە بکەن و ماوە نەدەن جارێکی تر ناپاك و قیندار و ناحەزان، رۆڵەکانی عێراق گرفتار و دووچاری ئەم تاوانە کوشندانە بکەنەوە.

بیرەوەرەی جەژنی ١٤ی تەمووزی ئەم «ئاشتی و دۆستایەتی و هاوکاری و پێکەوە بەخۆشی ژیان و یەکێتی و برایەتییەکی بێ ریایی راستەقینەمان» ئەخاتە ئەستۆ بۆ پاراستن و چەسپاندنی کۆمارەکەمان و فراوانکردنی رێبازە دیموکراتییەکەی و وەرگرتنی دەسکەوتی زیاتر ئیتر هەر کەسێ ئۆباڵی خۆی و گەل لەئەستۆی، مێژووش لە پرسینەوە و لێ تۆژینەوە یا توندوتیژە و لەکەس نابوورێ. بژی یادی دووەمی جەژنی ١٤ی تەموزی نەمر.

بژی برایەتی راستەقینەی کورد و عەرەب و کەمایەتییەکان لە کۆماری عێراقی ئازاد.

بژی یەکێتی هێزە نیشتمانیەکان.

بژی سەرۆکی دڵسۆزمان، رۆڵەی گەل کاکە کەریمی پاڵەوان، مردن بۆ دوژمن و ناحەز و پیلانگێڕان.

جەژنی چواردەی تەمموزی نەمر لە هەمووومان پیرۆز بێت.

بەشی لاوانی دیموکراتی کوردستان

# کارەساتی بارزان چۆن دەستی پێکرد و چۆن کۆتایی هات

وەرگێڕ مامۆستا مەجید ئەحمەد ئاسنگەر

گۆڤاری «العراق» لە ژمارە یەکی ساڵی یەك بەم ناونیشانەوە سەرەتای گێڕانەوەی ئەم رووداوە گرنگە مێژووییەی بە زمانی عارەبی بڵاوکردەوە، منیش بۆ ئەوەی هەموو لاوانی دیموکراتی کوردستان و گشت خوێندەوارێکی نیشتمانپەروەری جگەرسۆزی بە شەرەفی زمانی کوردی بەچاکی لەم باسە بە نرخە ئاگادار بن وا بە دوای یەك لە گۆڤاری هەتاوی خۆشەویستدا لە بەشی (لاوانی دیموکراتی کوردستان)دا ئەیکەمە کوردی چونکە لە پێش هەموو کەسێکا پەیوەندی بە لاوانی دیموکراتی کوردستانەوە هەیە و مافی خۆیانە کە بنج و بناوانی ئەم کارەساتە بەراستی و بێگەردی و راستەوخۆ لە زمانی رۆڵەی نەبەز و تێکۆشەری دلێر و قارەمانی کورد و کوردستان مەلا

مستەفای بارزانــی پاڵەوانــدا بزانــن.

(پێشــەوای ئــازاد مــەلا مســتەفای بارزانــی باســی کارەســاتەکەی بارزانــی بــۆ گۆڤــاری العــراق ئەگێڕێتــەوە):

یارمەتــی کاربەدەســتانمانمدا بــۆ دەرکردنــی ئینگلیــزەکان کەچــی لــە ئەنجامــا خۆمانیــان ناچــاری دەربــەدەری و ئاوارەیــی کــرد، کارەســات و هەنگامەیــەك بــوو دڕندانەتریــن شــێوەی دیکتاتــۆری و زۆرداری و دەســت درێــژی نوانــدرا. نەگبەتییــەك بــوو چەندیــن نیشــتمانپەروەری دڵســۆزی بــە نرخــی ئــەم خاکــەی کــردە قۆچــی قوربانــی کــە رەشــەبای نیــاز و ئــارەزووی گڵاوی کاربەدەســتە بــێ شــەرمە زۆردارەکان رایقەنانــدن و رەوانــی پاکیــان بەگیــزەی گوللــە و گرمــەی بومبــا و هــاژەی فڕۆکــە دەرچــوون. کارەســاتێکی خوێناوییــە کــە لەبەشــێکی نرخــداری عێراقــی خۆشەویســتمان (کوردســتان) روویــدا.

جــا لــە هۆیەکانــی ئەپرســی بــە شــوێن بیانووەکانیــا خــول ئەخــۆی و لەســەرچاوەکەی ئەتوژینــەوە، بــەڵام هیــچ شــتێك نادۆزیتــەوە کــە هاوتــای ئەنجامــە گرنگەکانــی ئــەم کارەســاتە بــکا و هەرچــی لێــی ئەزانــی لــەم بــە هەڵــە چوونــە زیاتــر نییــە کــە کاربەدەســتان تێیکەوتــن بەرامبــەر خواســت و داواکردنــی کەمتریــن پێویســتی ژیــان لەلایــەن هەنــدێ لەهاونیشــتمانییەکان (وتیــان ئێمــە هاونیشــتمانین و ئەمانــەوێ وەك هــەر ئادەمیزادێــك لــە وڵاتەکەمانــدا بژیــن» ئەمــەش بــەلای لــووت بەرزانــی ژێــر ســێبەری ئیمپریالیــزم زۆر گــران بــوو، جــا پــۆڵا و ئاگــر و پــەت و ســێدارە و کــۆت و بەنــد و دەربــەدەری وەڵامــی ئــەم داوا بەجێیانەمانــی داوە، پەڕەیەکــی خوێنــاوی و رووداوێکــی جــەرگ بــڕی خەمناکــە، سیاســەتی دەوری بۆگەنــی رابــردوو نیشــان ئــەدا گۆڤــاری (العــراق) بەنــاوی کارەســاتی بــارزان لــە زنجیرەیەکــی راســت و رووداودا ئــەم راســتییە ســاماناکە دەرئەخــات، کاربەدەســتە حەیــا تــکاوەکان ئــەم تاوانەیــان نایــە پــاڵ بەســتە ناســازە کۆنەکەیــان.

بــە نــاوی میــری و دەســەڵاتی یاســا گوتیــان: (کۆمەڵێــك لــە یاســا یاخــی بــوون

دەستیان نایە ئاسایش و سزادانیان پێویستە) بەڵام چ سزایەك؟ شاڵاوێکی پڕ چەك و گەواڵەی گوللە و بۆمبا و هەموو کەرەسەیەکی بەگژاچون و کپکردنی دڕندایەتیانی بەکارهێنا، ئەم زۆر لێکراوانەی پارێزگاری ژیانی خۆیان ئەکرد ناوی ئاژاوەچی و ئاسایش تێکدەریان لێنان و بەدرۆ بوختانی لە یاسا یاخی بوونیان پێوە کردن لە ئەنجامدا ئەوانەی پارێزگاری ماف و سەربەرزیتی خۆیان ئەکرد و ناچاری ئاوارەیی و نیشتمان چۆل کردن بوون بۆ ماوەیەك پەردە بەسەر ناشیرینترین و کاریگەرترین کارەساتە پۆشرا، ئەمە لە ساڵی ١٩٤٦دا بووە، هەرێمی زۆر لێکراویش (ناوچەی بارزان) بوو لەدوای هەولێرەوە ئەمانە کاربەدەستان بە دڵڕەقی لە گەڵیاندا جووڵانەوە و دەربەدەریان کردن، برا بارزانییە ئازادەکانمان بوون لە ١٩٤٦ تا چواردەی گەلاوێژی پیرۆز (کارەساتی بارزان لە هەموو دڵ و دەروونێکا لەبەر هەموو چاوێکا زیندوو بووە، ئیمپریالیزم و کلك و بەکرێگیراوەکانی هەوڵی شێواندنی راستییەکەی ئەم کارەساتەیان داو بە سێبەرێکی رەش و تاریکی درۆ و دەلەسەیان پێچا، بەڵام مانگ حەوجەی پەنجە نییە، راستی هەرچەند درێژەش بکێشێ هەر ئەزانرێ.

شۆڕشی چواردەی تەمووزی نەمر هات و کاروانی ئازادیخواهان دوای دوانزە ساڵی رەبەقی ئاوارەیی و دەربەدەری گەڕاوە نیشتمان، ئازادیخواهان گەڕانەوە تا باسی کارەساتەکە لەسەرەتاوە تا دوایی بگێڕنەوە و هەر چاو بوو روانیە پێشەنگای کاروانێ کە ئاڵای نیشتمانپەروەری و خەبات لە چەنگی قارەمانی ئازاد مەلا مستەفای بارزانی بوو، ئەم سەرۆکەی کە چەرخی شەڕی لەسەر سووڕا، لە ژێر دەستی ئەوا کارەساتەکە کۆتایی هات! ئەم گۆڤاری «العراق» لەگەڵ پێشەوای بارزانی گەورە ژوانی هەبوو و داوای لێکرد رووداوەکانی کارەساتەکە بگێڕێتەوە تا باری چەوتی نالەباری راست کاتەوە و لەسەر ئەم هەموو ئیش و کارەی (قارەمان) وە ماوە کەمەی ئەم بیرەوەرییە (یادداشت)

ی بەتایبەتــی بــە (العــراق) بەخشــی و شــایانی سوپاســە.

فەرموو قسەم لەبارەی تەگەرەی بارزان بە چی دەست پێبکەم؟

راســتییەکەیان شــێواند و بوختانیــان پێکردیــن و بەهەمــوو شــتێکی ناڕەوایــان تاوانبــار کردیــن! وتیــان شۆڕشــگێڕان یاخــی بــوون کەچــی شۆڕشــگێڕی یاخــی نەبوویــن، وتیــان جــەردە و پیاوخراپــن، جــەردە و پیاوخــراپ نەبوویــن، وتیــان بانگــدەری ناکۆکــی و دوو بەرەکینــە، یــەزدان ئــاگادارە کــە لەوانــە نینــە هەمــوو شــتێکیان پــێ وتیــن و هــەر تاوانێکیــان نایــە پاڵــمان تەنیــا شــتێکی راســت و رووداویــان نەگــوت. ســەیر نییــە لــە دڵســۆزی و نیشــتمانپەروەریمان گوناهبارمــان بکــەن و لەنــاو هاوولاتییەکانمانــا ناوونیشــانمان بشــێوێنن چونکــە زۆریــان لــێ کردیــن و بەزەییــان پــێ نەبردیــن و بــە پێچەوانــەی هەمــوو ئاییــن و شــوێنێکا (عــرف) لەگەڵمانــا جووڵانــەوە، ئەوســا زۆر پێویســتیمان بــە بەڵگــە و بیانوویــەك هەبــوو چــاوی میللەتــی پــێ ببەســتن ئــەم میللەتــەی ئێمــە پارچەیەکیــن لــەو و هــەر لــەو نەتەوەیــن. ئەمــەوێ نیشــانەیەك بخەمــە دەســت هاونیشــتمانییەکان بتوانــێ راســتی ئێمــە (ناڕەزاییەکانیــان) بــۆ دەرخــا ئەبــوا خۆیــان بڕیــار بــدەن، ئێمــە هــەر دڵســۆزی ئــەم نیشــتمانە بووینــە کــە هێســك و پرووســکی باپیرمانــی تیایــە و هــەر ئــاواش ئەبیــن لــە هەمــوو گێتیــدا هیــچ شــتێك نییــە بتوانــێ خۆشەویســتی وهۆگــری و دڵســۆزی ئــەم خاکەمــان لــەدڵا کزکاتــەوە و تــا کاتــی نەگبەتــی و ناچاربوونــی دەربەدەریــمان هــەر فەرمانێکــی کــە کردوومانــە بــۆ دەســکەوت و قازانجــی نیشــتمانمان بەگشــتی بــووە و ئەمــەش بەڵگــە بــۆ هاونیشــتمانیەکانمان. لەســاڵی ١٩٣١ دا عبدالعزیــز المظفــر متصرفــی موصــل بــوو هێزەکانــی ئینگلیــز ئاســۆری لــە دێــی بلــە هەڵیاندابــوو، نــاکاو بیســتمان کــە متصرفــی لیــوا هاتۆتــە ئاکــرێ بــۆ گفتوگۆکــردن لەبــارەی کارێکــی گرنگــەوە، لەگــەڵ شــێخ ئەحمــەدی بارزانــی کــە بــرا گەورەمــە، کاکــم منــی نــارد لەکاتــی کۆبوونەوەمانــدا بــە زاری کاربەدەســتانەوە ئــارەزووی میــری بــۆ یاریــدەدان و

هاوکاریکردنمــان بــوو بــۆ دەرکردنــی هێزەکانــی ئینگلیــز لــە بلــە و گۆڕینەوەیــان بەهێــزی عێراقــی پــێ گەیانــدم و، گوتــی کاربەدەســتان دڵنیــان لــە دڵســۆزی راســتەقینەتان بــۆ نیشــتمان و ئومێــدەوارن یارمەتیــان بــدەن بــۆ کێشــانەوەی نیروەکانــی بێگانــە و میــری ئەیــەوێ بەرەیەکــی نیشــتمانی لــە عێراقییــەکان پێــك بێنــێ بــە هەمــوو چینــە جیاوازەکانیــەوە و ئێمــە دەوڵەتێکــی موســڵمانین و برایەتــی و ســەربەخۆیی دروشــمی ئێمــە و ئێوەیــە و ئەتوانــن دەنگتــان لــە رووی هێــزی ئیمپریالیزمــا بــەرز کەنــەوە و ئێمــەش هەمــووی پشــتگیری و هاوکاریتــان ئەکەیــن. بــە متصرفــم وت هەتــا بــرا گــەورەم (شــێخ ئەحمــەد) هەبــێ مــن ناتوانــم بڕیــاری کارێکــی وا زل بــدەم لەگــەڵ ئەمەشــا پێویســتە بیــروڕای زانــا و ریــش ســپیانی خۆمــان وەربگریــن، جــا ئەچــم پرســی کاکــم ئەکــەم و داوایــان لەســەر چــی بــێ ئاگادارتــان ئەکــەم، گەڕامــەوە فەرمانەکــەم گەیانــدە کاکــم و پێــم وت (دەترســم ئەمــە پیلانێــك بــێ تووشــی کارەســاتێکمان بــکا، وا چاکــە زۆر زانایانــە و لەســەرخۆ تیایــا وردبینــەوە: تەنیــا هەســتی نیشــتمانی هەمــوو شــتێکی رامالْــی و بــە گورجــی خواســتی متصرفــمان هێنایــە دی بــۆ پــاك کردنــەوەی نیشــتمان لــە هێزەکانــی بێگانــە و گۆڕینیــان بــە هێــزی نیشــتمانی لــە ســوپای خۆشەویســتمان دەنگمــان بــەرز کــردەوە لــە داواکردنــی کشــانەوەی بێگانــە و وتمــان ئێمــە عێراقینــە و ســەر ئەبەینــە بــەر دامــودەزگای عێراقــی و گوێدێــری ســوپای عێــراق ئەکەیــن کــە ســوپای خۆمانــە، ئەوســا داوای کشــانەوەی بێگانــە و دانــی ناوچەکــە بــە دەســتی لەشــکری عێراقــا ئەکەیــن و مــن خــۆم بڕیارەکەمانــم گەیانــدە ســەرکردەی ئینگلیــزەکان و پێــم وت ئێمــە لــەم وڵاتەدایــن حوکمڕانێکــی عێراقــی بێگەردمــان ئــەوێ، ئێــوەش لــە وڵاتەکەمــان بچنــە دەرەوە، ئەگینــا چ روویــدا ئۆباڵــی لــە ئەســتۆتانە، ئــاوا توانیــمان ئینگلیــز لــەم پارچــەی نیشــتمانەمان دەربکەیــن و هێزەکانــی عێــراق شــوێنیان گرتنــەوە و بــە بــەزم و ئاهەنگێــك پێشــوازیمان کــرد.

ئایــا ئەمــە بــەس نییــە بــۆ دەرخســتنی راســتیمان و راســتی نیــاز و ئامانجــمان

بـا هاونیشـتمانییەکان و مێـژوو خۆیـان بڕیـار بـدەن!

ئـەم دڵڕەقـی و دەربەدەرییـەی پـاش ئەمـە گرفتـاری بوویـن جارێکـی تـر باسـی ئەکەیـن.

(چیرۆکی بەخشین کە بوو بە کۆت و دەربەدەری و ئاوارەبوون)

(کاربەدەسـتان ٥٠٠٠٠ دیناریـان تەرخـان کـرد بـۆ سـەری مـەلا مسـتەفای بارزانـی) دڵشـکانێکی سـەخت بـوو، ناپاکـی و لێقەومانێـك بـوو بەچـی نـاو ئەبەیـت و بەچـی تـێ ئەگەیـت گرنـگ نییـە و بـەڵام هەرچۆنێـك بـێ سـەرەتای نەگبەتییـەك بـوو خوێنـاوی کـە تەنانـەت بـە یادمانـا نـە ئەهـات رووبـدا و ئێمـە ببینـە قۆچـی قوربانـی تەنیـا چـۆن ئیمپریالیسـتەکان ویسـتیان (کارەسـاتەکە) فەوتـا بەزەیـی بـە پیـر و منـاڵ و ئافرەتێکمانـا نەهاتـەوە (کـە زۆرداری روو ئەکاتـە میللەتێـك و کۆمەڵێـك، یـا هۆزێـك کوێرانـە شـاڵاو ئەبـا و گـوێ ناداتـە (هـەق) و چ ناپرسـێ. ئەشـیا چـارەی ئـەم نەگبەتییـە بکـرێ و بـەری هۆیەکانـی بگیـرێ، ئەگـەر هیـچ هۆیەکـی راسـتی بوایـە بـەڵام داگیرکـەران کـە خۆیـان لـە میللەتێـك خـۆش کـرد هەسـتی مرۆڤایەتـی کاریـان لـێ نـاکا و بـە تەنـگ بـوون و نەبوونـی هـۆی گێچەڵـەوە نیـن و ئەگـەر بەڵگـە و بیانوویـان چنـگ نەکـەوت ئەکـوژن و ئەبـڕن بـێ ئەمـەی هەسـتی دەروونیـان بجووڵـێ، منیـش کەباسـی کارەسـاتەکەمان (کارەسـاتی بارزانییـەکان) بـۆ هاونیشـتمانییەکانم ئەکـەم بـە دڵسـۆزییەوە ئەمـەوێ راسـتی بێگەردیـان بخەمـە دەسـت کەشـێوەی ئیمپریالیـزم لـە وڵاتـە ئازیزەکەمانـا و بـۆ ئەمـان و بـۆ رای گشـتی ئـازاد دەر ئەخـا.

پێشـەکی کارەسـاتەکە: ئاوڕێـك لەمێـژوو ئەدەمـەوە لەساڵی ١٩٣١ ئەڵێـم بۆچـی کاربەدەسـتان هێرشـیان هێنایـە سـەرمان و گەمارۆیـان دایـن و خـاك و خۆڵیـان وێـران کردیـن؟ وتیـان هێـزی ئینگلیـزەکان لـە بەشـێکی گرنگـی وڵاتەکەمانـا عێـراق هەڵیـداوە، ئێمـەش بڕواتـان پـێ ئەکەیـن کـە جگەرسـۆزی نیشـتمانن و ئەگـەر بێـت و داوای کشـانەوەیان بکـەن ئـەوا شـەرەفی نیشـتمانپەروەری لەپێـش هەمـو

کەسێکا بۆ ئێوە ئەبێ سا بە هەموو دڵسۆزی و پاکییەکەوە هەستێکی راستی نیشتمانی و گوێدێرییەکی بێ گومان دەنگمان لە زددی هێزی ئینگلیزەکان بەرز کردەوە و سەرکەوتین و ناچارمان کردن (بلە) چۆل کەن و پێشوازی نیرووە عێراقییەکانمان کرد کە جێگەی ئەوانیان گرتەوە و هیچ گومانمان نەبوو کە ئەمەی کردمان فەرمانێکی راستەوخۆی نیشتمانی بووە، چونکە کاربەدەستانی عێراق ئەمەیان پێکردبووین چاوەڕوانی پاداشت بووین، کە (میری) چاوەدێری و باڵ پیاگرتنمان بکا بۆ هاندان و دەست لە پشتدانی هاونیشتمانییەکانی ترمانا خۆ ئەگەر ئەمەی کردمان تەنیا پێویستییەکی نیشتمانی بووبێ لەسەرمان لە بەرامبەر وڵات و گەلی عێراقی خۆشەویستمانا و لە هەڵسان بە پێویست شایانی سوپاس نییە، هەرگیز بەیادمانا نە ئەهات کە پاداشت پێچەوانە بێ هەروەك بەداخەوە ئەڵێم واش بوو؟

راستییەکەی نەمانزانی کە ئینگلیز ئیمپریالیستەکان بە ئاسانی لەناوچەیەکی داگیرکراوی وەکو عێراقا ناچنە دەرەوە لە کاتێکدا کاروباری عێراق لە ژێردەستەڵاتیانا بوو تەنیا پشتمان بە کاربەدەستانی عێراق بەست کە ئەمەیان پێکردین و بەهۆی نوێنەریان عبدالعزیز مظفر بەڵێنیان پێدابووین کە لایەنگیریمان بکەن و لە دەستدرێژی و تۆڵەسەندنەوەی ئینگلیزەکانمان بپارێزن، ئەنجا کە بیستمان داگیرکەران نیازی بەدکاریان هەیە پیلانیان داوە بۆ گەڕانەوە و ژێردەست کردنی وڵاتمان زۆر پەست و دڵتەنگ بووین بەتایبەتی کە زانیمان ئەم پیلانە گڵاوە بەهۆی کاربەدەستانی عێراقەوە جێبەجێ ئەکەن کە بە درۆ ناوی سەربەخۆیی و نیشتمانی لەخۆنابوو.

باوەڕمان بەمە نەکرد و زۆر لامان ئەستەم بوو باوەڕ بکەین تا ئەم کاتەش بە درۆمان ئەزانی هیچ عێراقییەك هەبێ لە برایەکی یا لە کۆمەڵێکی هاونیشتمانی خۆی بدا بۆ تۆڵە سەندنەوەی ئیمپریالیستە ئینگلیزەکان و بەجێهێنانی پیلان و پرۆژە خوێناوییەکانیان، ئەمەش تەنها بۆ خاتری کورسی

وەزارەت بـوو یـا ئەندامەتـی پەرلەمـان! چەنـد پەیامێکـمان وەرگـرت هەمـووی وای ڕائەگەیانـد کـە میـری (دەوڵەتیـی) خۆمـان هێرشـی هێناوینـە سـەر و فەرمانێکیـان پـێ کـراوە ئەیکـەن بـۆ کوشـتن و گرتـن و دەربـەدەری و ماڵوێرانیـمان و چەنـدی ویسـتمان هـۆی ئـەم کارەسـاتە بزانیـن، خۆڕایـی بـوو مەگـەر ئەمـە نەبـێ کـە بـە درۆ و بوختـان میـری ئەیـوت کۆمەڵێـك لەناوچـەی بـارزان یاخـی بوونـەو پشـێوی بەرپـا ئەکـەن و بوونەتـە سـەرچاوەی ئـاژاوە و مەترسـی لـە وڵاتـدا! ئەنجـا بـاوەڕم بـــەم قســـەی نەســـتەقە کـــرد: (زۆرداران پەکـــی بیانـــوو دۆزینەوەیـــان ناکـــەوێ) نائومێـــدی دایگرتیـــن و چاوەڕوانـــی چارەنووســـمان کـــرد بەڵکـــو کاربەدەســـتان بەهـۆش بێنـەوە و ویژدانیـان بجووڵـێ! ئەمـەش ئاواتـی نائومیـد و ئومیـدی خنـکاو بـوو  چونکـە نیروەکانـی عێـراق لەنـاکاو بەسـەریانا دایـن و ناوچەکـەی گەمـارۆ دایـن و هەروەکـو لـە جەنگێکـی تـەواو دابیـن ئـاوا ئاگربارانیـان کردیـن.. کۆچـی یەکـەم: ئەمـە لـە پایـزی ١٩٣١ بـوو تـا هاوینـی ١٩٣٢ چـوار مێخەیـان کێشـابووین، لـە مـاوەی ئـەم کاتەشـا زۆر جـار هەوڵـی ئەمەمـان ئـەدا لەگـەڵ کاربەدەسـتان بگەینـە ئەنجامێـك چـارەی خوێـن ڕشـتن بـکا و زۆر لێکـراوان ڕزگار کا لەجـەور و سـتەم و کاروبـار بچێتـەوە  دۆخـی جارانـی، بـەڵام سـەرنەکەوتین و لـە هـەوڵ و تەقەلامـان مایـە پـووچ بوویـن کـە زانیـمان کاربەدەسـتان هیچیـان بەدەسـت نییـە و دوژمنـی گەورەمـان (ئیمپریالیزمـە) و هاتـووە خەریکـە بـە چەکـی براکانمـان لێـمان ئـەدا و پیلانێکـی هەیـە و بەهێـز، بـە ئاگـر و پـۆڵا بـە قوربانـی بەلاشـە و خوێـن ئەبـێ بچێتـە سـەر ناچـار بوویـن کـە وڵاتـی خۆمـان بەجـێ بێڵیـن و ئـەو وڵاتـەی کـە لانـەی بـاب و باپیرمـان گـۆڕی هـەزار سـاڵەیان و تاکـە دڵدەرەوەمـان بـوو ناچـار بـۆ تورکیـا کۆچـمان کـرد و چەندەهـا یـادگاری نرخدارمـان بەجێهێشـت بـە دڵێکـی پـڕ هەسـتی لـێ قەومـان و نەگبەتـی و سـتەمی زۆرداری سـنوورمان بـڕی.

لـە تورکیـا: پێـش ئەمـەی سـنوور ببڕیـن و بچینـە ژوورەوە تورکـەکان ئەیانزانـی

و بـۆ ناوچەكانـی ئەوبـەری (ئەنقـەرە)ی دووری تخووبیـان بردیـن و مـاوەی شـێخ ئەحمــەدی براگەورەیــان دام لــە (ئەنقــەرە) دانیشــێت، لەوێــوە لــە ناوجەرگــەی توركیـادا سـەودای وەتـەن دایگرتیـن عێراقـی خۆشەویسـت و شـاخ و داخ و گـرد و دەشــت و دۆڵەكانمــان وەبیركەوتــەوە، بڕیارەكەمــان هێنایــە دی رووەو ســنوور كەوتینــە ڕێ.

لـە سنوورەوە لەهاوینـی ١٩٣٢ تـا پاییـز تاڵـی ئاوارەیـی و دووری وڵاتمـان چێشـت كـە بـۆ سـنوور خشـین، لـە خۆشـیانا دڵـمان لەگـەڵ بـا رقەبـەری ئەكـرد، بـەڵام كاربەدەسـتانی توركیـا لـە تخوبـەوە پێـمان گەیشـتن و رێـی پەڕینەوەیـان نەدایـن و بـۆ كەمكردنـەوەی كاری قەدەغـە كـردن لەسـەرمانا وێسـتیان بەمـە دابینـمان بكـەن كـە زەوییـەكان بەدەسـت خۆمانـەوە بـێ تاوەكـو ئەنجامێـك دەرئەكـەوێ و ئـاوا چاوەڕوانیـمان كـرد لـەم كاتەشـا لـە بەینـی كاربەدەسـتانی عێـراق و توركیـا گفتوگـۆ هەبـوو لەبـارەی تەگـەرەی ئێمـەوە لـە ئەنجامـدا كاربەدەسـتانی عێـراق ئێمەیـان بەخشـی و لەگەڕانەوەمـان بـۆ نیشـتمان سەرپشـكیان كردیـن، شـێخ ئەحمـەدی بـرام لـە ئەنقـەرەوە گـەڕاوە عێـراق و چـووە بەغـدا تەنیـا مـن و هاوڕێكانـم زۆر لـەم لێبوردنـە دڵنیـا نەبوویـن و هۆشـیاری و هێمنیـمان پەسـەند كـرد بـەرەو ناوچـە شـاخاوییەكانی نزیـك كەوتینـە رێ.

گەڕانـەوە بـۆ بەغـدا: بـۆ بەغـدا بانگیـان كـردم تـا لەكاتـی ئـەم گتفوگۆیـەی كاربەدەسـتان گۆیـا لەگەڵمانـا ئەیكـەن لای بـرام بـم، بـەڵام نەچـووم وتـم ناتوانـم و هیچـمان نەكـردووە  ئاسـایش بشـڵەژێنێ، منیـش وەك هـەر هاونیشـتمانییەك خەڵكـی ئـەم وڵاتـەم و زۆر بەهێمنـی لێـرەدا ئەژیـم و هـەر كاتێكـی شـتێكم كـرد زیـان بـە ئاسـایش بگەیەنـێ بەرامبـەر یاسـا گوناهبـار ئەبـم. بـەڵام كاربەدەسـتان بەمـە دابیـن نەبـوون و شـێخ ئەحمـەدی برامیـان راسـپارد داوام بـكا ئەویـش بەشـوێنیا نـاردم، هەمیسـان نەچـووم دووبـارە كاربەدەسـتان وازیـان نەهێنـا و ئێخـەی كاكمیـان گـرت و بـە دوویانـدا ناردمـەوە و ئەمجـارەش نەچـووم

و بە نوێنەرەکەم گوت ئەگەر میری لە لێبوردنمان نیازی پاکە با رێگەی گەڕانەوەی شێخ ئەحمەدی کاکم بدات و چی ئەوێ باسی لێ ئەکەین لە ئەنجاما بواری کاکمیان دا بێتەوە بەم هەواڵە زۆر گوشاد بووم لە هەمان شوێنی کە بەزۆرداری ناچاری جێهێشتنی کراین بەیەك گەیشتینەوە.

بۆ بەغدا بۆ دەربەدەری: لەگەڵ کاکم دواین و پاش ئەمەی کاربەدەستان لەبارەی لێخۆشبوونمان هیچ گومانێکیان نەهێشتەوە چووینەوە بەغدا کە گەیشتینە بەغدا ئەمەی مەترسیم لێ ئەکرد و بەدڵما ئەهات روویدا، میری قسەی خۆی شکاند و لە بڕیارەکەی هەڵگەڕاوە و ئێمەیان گرت و خۆزیا هەر بەگرتن وازیان بهێنایە، بەڵام بۆ حلەیان رەوانە کردین و لەپاشان لە لیوایەکەوە بۆ لیوایەك و ..هتد. تا لە دواییدا ئازارێکی زۆرمان دیت چونکە بێ سووچ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر ئەگوێزراینەوە کە لەوەش تەنها ئارەزوویان سزادانمان بوو و بەس لەلایەن کاربەدەستان و ئیمپریالیستەکان کە بە هەموو هەوەسی خۆیان نیازی نەمانیان ئەکردین.

بۆ سلێمانی: لە بەسرا بەند بووین و هەر بە پەنجە مانگ و رۆژمان ئەژمارد بۆ ئەم کاتەی کە بە وڵاتەکەی خۆمان شادبینەوە و بەتایبەتی هەستمان بەخەم و دەربەدەری ئەکرد چونکە ئەمانزانی هیچ سووچ و تاوانێکمان نەبووە، هەرچی دووچاری بووین بە جەور و زۆرداری بوون و بۆ دەسکەوتی ئیمپریالیستە دوژمنە خوێنەخۆرەکانی وڵاتمان بوو لە ئەنجاما پەروەردەگار دەرگای کردەوە بڕیاری گواستنەوەیاندااین بۆ سلێمانی. بۆ یەکەمجار بە گواستنەوە دڵخۆش بووین و هۆی ئەم دڵشادیەش ئەمە بوو کە هەرچەند سلێمانی لەناوچەی خۆمان دوورە و چەند چیاوچۆڵ و چەمیان لەبەینایە بەڵام لە (بەسرا) نزیکترە، ئەگونجێ ئەم گواستنەوە تازەیە سەرەتای گەڕانەوەمان بێ بۆ شوێنی خۆمان.

راکردن: لای هەندێ کەس تەنها ئاواتێ بوو بەس تەنیا بەلای منەوە

لەمەزیاتـر بـووە چونکـە ئەمزانـی کەدامودەزگایەکـی بـە خۆڕایـی و بـۆ قازانجـی ئیمپریالیسـتەکان دوژمنایەتـی و ئاگربارانیـان کردیـن دامودەزگایەکـی ئـاوا لـەو وزەیـا نییـە تەنانـەت بـە بیریـا بێـت بمانگەڕێنێتـەوە خاکـی خۆمـان ئەوسـا بڕیارێکـم دا و پیلانێکـم بـۆ دانـا:

بڕیارەکـە فـرار کـردن بـوو (هەڵاتـن)، هـەر جۆرێـك بـوو پیلانەکەشـی بریتـی بـوو لـە بڕینـی سـنووری ئێـران و گەڕانـەوە بـۆ ناوچـەی بـارزان لـە ڕێگایەکـی تـرا بەمـەش ناچـاری کـردم کـە ماوەیـەك بـە وڵاتـی عەجەمـا و بـە ڕۆخ تخوبـی عێراقـدا بـڕۆم تـا ئەگەمـە شـوێنێك لەکاتـی پەڕینـەوەی سـنووری عێراقـدا لەناوچـەی بارزانـم ئـەکا.

داوای داد و بەزەییـمان لەمیـری کـرد و بـە ئاسـن و ئاگـر وەڵامـی داینـەوە چـل و حـەوت کـەس هێرشـیان بـردە سـەر ٧٥ چەکـداران  و بەسـەریانا زاڵ بـوون.

لـە بەندیخانـە دڵگەشـەکەی سـولەیمانی بڕیـاری راکردنـم دابـوو زۆر هەسـتم بـە پەسـتی و دڵتەنگـی و ماندوویێتـی ئەکـرد، گێـژی کردبـووم، هەڵاتـن و نیشـتمان جێهێشـتنم زۆر لا گـران و سـتەم بـوو، چونکـە هیـچ سـووچ و تاوانێکـم نەبـوو تەنانـەت بـیری راکـردن غەمگینـی ئەکـردم، بـەڵام تاکـە دڵدانـەوەم بەمـە بـوو کـە لـە تاریکـی بەندیخانـەی سـولەیمانی دەرئەچـم، بـۆ رووناکـی و سەربەسـتی، لـە پێشـان لەسـەر سـنووری وڵاتـم ئەنجـا لەخاکـی نیشـتمان- بـارزان چونکـە بەپێـی ئـەم بڕیـارەی دابـووم و ئـەو پیلانـەی بـۆم دارشـتبوو کـە لـە تخووبـی ئێرانـەوە بـۆی بگەڕێمـەوە پیلانـی راکردنـم بەتەنهـا دانەنابـوو، بەڵکـو سـێ کـەس بوویـن مـن و دوو کـەس لەهاوڕێکانـم و پەسـەندمان ئەکـرد لـە سـلێمانیەوە بـۆ پـژدەر و لەوێشـەوە بچینـەوە بـارزان، بـەڵام بوونـی هێزەکانـی ئاسـایش لـەم ناوچانـە بەپێـی سیاسـەتی ئیسـتیعمار بـواری ئەمـەی نەدایـن بۆیـە ناچـار بوویـن رووەو تخووبـی ئێـران بڕۆیـن و ئەنجـا لەسـنوور بپەڕینـەوە بـە حـدودا هـەوراز بینـەوە تـا ئەگەینـە جێگایـەك کـە بەڵـێ تێپەڕبوونمـان بـۆ عێـراق ئەمـان گەیەنێتـەوە

بـارزان.

ژووان لەگـەڵ شـەوێکی مـات و بێدەنـگ و هەوایەکـی وشـك بـوو، تاریکـی بـە تاڵایـی رووی زەوی ئەپۆشـی و دڵ تەنـگ و پەرێشـانی ئەکـرد. هەمـوو شـتێك بـە پێـی پیلانـی دانـراو ئامـادە کرابـوو چاوەڕوانـی سـەعاتی سـفرمان ئەکـرد، هـەروەك سـەربازەکان نـاوی ئەبـەن. تـا بـۆ رووناکـی و سەربەسـتیی هەڵمـەت بەریـن ئەمـە شـەوی یازدەمینـی حزیرانـی ١٩٤٣ بـوو کـە لەگـەڵ تاریکـی و بێدەنگـی شـەودا لـە بەندیخانـەی خەمنـاك دەرپەڕیـن و کەوتینـە ناوشـاخەکان و کشـوماتێکی دڵپـڕ دایگرتیـن لـە چرپـەی پێـمان بـەولاوە کـە بەسـەر وردە بەردانـدا ئەڕۆیشـتین کـە هێشـتا دەسـتی شـارەوانی نەگەیشـتبووەیە لەمـەولاوە چیترمـان نەئەبیسـت لـە راسـتیدا زۆر مانـدوو بوویـن، هەنـدەی بەناچـاری بەسـەری کێوانـدا هەڵگەڕێیـن و بـۆ نـاو دۆڵ و شـێواندا گلـۆر بینـەوە دووبـارە بەسـەر لوتکـەی چیاکانـا بکەوینـەوە جگـە لـە هەسـت بـە مەترسـی کـردن کـە لـە دوامـان بـووە دوور نەبـوو بمانگاتـێ ئەگـەر لـە رۆیشـتنا درێغیـمان بکردایـە، جـا لەسـەر ئـەم هەمـوو فەلاکەتـی و ماندووبونمانـەوە ئەبوایـە هـەر خۆشـتر و خێراتـر بڕۆیـن.

تۆڵەسـەندنەوە: بـاش ئەمزانـی کاربەدەسـتە ئیمپریالیسـتەکان کاتێـك بەفیرارکردنـی مـن و دوو هاوڕێکانـم، ئەزانـن دەسـتەو وسـتان ناوەسـتن بگـرە چـاوەڕوان بـووم هـەر کـە زانیـان رووم لـە کـوێ کـردووە و لەبەردەسـت کردنمـان نامـراد ئەبـن، کاربەدەسـتان هـان ئـەدەن بـۆ تۆڵـە سـەندن لەخـزم و کـەس و خێـزان و هەڤاڵەکانـم کـە گشـتیان لـە بەندیخانەدابـوون زۆرجـار هـەر تەنیـا کـە بیـرم ئەکـردەوە ئەمانـە هەموویـان بەپیـر و منـاڵ و ئافرەتـەوە ئەبنـە قوربانـی و بـە سـزای فیرارکردنـی منـەوە ئەتلێنـەوە، بـۆ دابینکردنـی خواسـتی داگیرکـەر و بەجێهێنانـی فەرمانیـان جۆرەهـا سـزا و ئەندێشـە ئەچێـژن ئـەم کاتـە لـە راکردنمـا دوودڵ ئەبـووم، بـەڵام لـە ئەنجامدانـم بەخۆمانـا و بڕیارمـدا و هێنامـەدی چونکـە ئەمـە لـە دەسـت خـۆم نەبـوو بـەم هۆیـەوە کـە هەسـتم ئەکـرد لـە پێنـاوی زوڵمـو

زۆرداری و دەستدرێژییەکی بەددا بوومە قۆچی قوربانی و یەکجار لە دڵم گران بوو، سەر بۆ ئەم زۆرداری و دوژمنایەتییە دانەوێنم و باڵی شەرمەزاری بۆ ئیمپریالیزمی داگیرکەر شۆڕکەم و بە ئارەزووی وان نیشتەجێ بم!

چۆنم دانابوو ئاوا هات! هەر کاربەدەستە ئیستعمارچییەکان بەدەرچوونیان زانیم و نەزانی پەنجەی بەدکاری و نامەردی کاربەدەستانی بە زۆر بەسەر عێراقی خۆشەویستدا سەپانەیان خستە کار لە زددی خێزان و خزم و کەسم، نامەوێ چ رووییدا بیخەمە بەرچاوانەوە، چونکە هێندە کاریگەر بوون تەنانەت توانای یادکردنەوە و نیشاندانیشم نەماوە! بەڵام بۆ مێژوو ئەمەندە ئەگێڕمەوە کە ئەو هێرشە سەختە ناڕەوایە گەلێ هەڤاڵی دووچاری زۆر دەرد و نەخۆشی کرد بە جۆرێ نەختێکیان رەوانیان سپارد و هەندێکیشیان تا ئەمرۆ هەرماون و نە گۆڕاون و کۆتایی ئەم هێرشە دڕندانەی تۆڵە سەندنە ئەمە بوو کەدەست بەسەرەکان تێکرا لە سولەیمانییەوە گوێزرانەوە (بەغدا) لەوێشەوە بۆ (حلە) نێردران و بەهێزی پۆلیسان و نوێنەرانی میری فەرماندرا کە شوێنم هەڵگرن و قۆڵ بەستم بکەن!

پشوودانێك لە سنوور: نایەتە بیرم کە خۆم و دوو هاوڕێکەم لەکاتی فیرارکردنمان تا گەیشتینە تخوبی عێراق و ئێران هیچ پشوومان دابێ، بەڵام لە سەر سنوور راوەستاین و دەستبەجێ پاش سنوور بڕینمان هاتە بیرم کە هەرچەند دەستگرتن بە روونەدا وابێت گفتوگۆ لەگەڵ کاربەدەستان و هیچ بەدەستانی عێراقدا بکەم بەڵکو ئەگەمە ئەنجامێك بۆ گەڕانەوەی بارزانم لە یەخەی مەترسی و بەند دیواری ئەندێشەم ئەکاتەوە لە هەموو شتێ زیاتر پەسەند ئەکرد لەگەڵ کاربەدەستانا لەسەر هەر شتێك پێك بێم کە ئەبێتە هۆی پارێزگاری و هێمنی و ئاسایش لەناوچەی کوردستانا و ماف ئەداتەوە خاوەنی و نیشتمانیە بێ تاوانەکانا لە دەردی ئیمپریالیستەکانم رزگار ئەکا و بۆ بەجێهێنانی ئەم ئاواتەم بڕیارمدا کە فیرارکردنم لەبەندیخانەوە بۆ بارزان

لەرێگـەی ئێرانـەوە بـێ لـە کاتێکـدا ئەمتوانـی لـە سـلێمانییەوە بـۆ پشـدەر و لەوێـوە بـۆ بـارزان راکـەم، تەنیـا ئەترسـام لەگـەڵ هێزەکانـی میـری ئـەدگاری یەکـتری بیـن و کـە ئـەم وەختـە لەناوچـەی پـژدەر هەڵیاندابـوو لەکاتـی ئـارەزوی لێکدانـم نـە ئەکـرد و لـە کانـگای دڵـەوە حـەزم ئەکـرد لـە وڵاتـە خۆشەویسـتەکەمدا بەخـۆش و ئاشـتی وەك هـەر هاونیشـتمانییەکی تـری ئـەم مەفتەنـە مـاوەی تەمەنـم بەرمەسـەر.

برووسـکەیەك بـۆ بەغـدا: بروسـکەیەکم نـاردە بەغـدا بـۆ (بـلاط) بـۆ ئەنجوومەنـی وەزیـر و نوێنـەر و ئەعیانـان پێـم راگەیانـدن کـە بۆمەبەسـی یاخـی لـەوێ فیـرارم نەکـردووە چونکـە مـن تاوانبارێـك نیمـە چێشـتنی سـزا و ئـازاری بەندیخانـەم لـە ئەسـتۆ بـێ بەخواتـان سـوێند ئـەدەم کـە بـە چاوێکـی پـڕ داد و دڵسـۆزییەوە چـارەی دەردەسـەریم بکـەن و دەیخەمـە بـەر داد و ویژدانتـان کـە کۆتایـی بـەم کارەسـاتە بهێنـن کـە هیـچ بەڵگەیەکـی نییـە تەنیـا ئـارەزووی ئیمپریالیسـتەکان نەبـێ کـە ئەیانـەوێ کڵپـەی دەروویـان بەسـەری ئێمـە دامرکێننـەوە و بـە ئومێـدی دادەوە لەسـەر تخوبـی چاوەڕوانیـم و ئومێدیشـم بـە یەزدانـی پـاك زۆرە.

کاربەدەسـتان وەڵامێکـی راسـتەوخۆیان دامـەوە وەڵامەکەشـم هـەر لـە دووەم رۆژا پێگەیشـت. کەبـەم هێرشـەم زانـی برایـە سـەر خێـزان و کەسـوکارم و گواسـتنەوەیان بـۆ بەغـداوە دەرچوونـی فەرمـان بـۆ شـوێن کەوتـن و قۆڵبەسـت کردنـم و ئـەم یاداشـتەی میـری تەرخانـی کـرد بـۆ هـەر کەسـێکی بمگـرێ یـا سـەری منیـان بـۆ بـەرێ پەنجـا هـەزار دینـار و چـی ترنـا (بـۆ هەرکـەس مـەلا مسـتەفای بارزانـی بگـرێ بەزیندویـی یـا بـە مردوویـی پاداشـتی تـر دە هـەزار دینـار بـۆ هـەر کەسـێکی یـەك لـە هەڤاڵەکانـم بەردەسـت بـکات، نازنـم ئەبـێ میـری بـۆ ئـارەزووی شـیرین کردنـی خوێنـی منـی بـۆ هاونیشـتمانیەکان کردبـێ ئەگینـا بۆچـی پاداشـتی بڕینـی سـەری مـن پێنـج ئەمەنـدەی پاداشـتی بڕینـی سـەری هاوڕێکانـم

بــووا گوایــە مــن بــە پێنــج کــەس دەژمێردرێــم یــا وای ئەزانــی کــە مــن تاکــە نیشــتمان پەروەرێکــم لــە رووی ئیســتعماردا وەســتاوم ئەگــەر منــی فەوتانــد ئــەوا ئیســتیعمار دڵنیــا ئەبــێ و مەترســی لەســەر دەســەڵات و دەســکەوتی لائەچــێ هــەر دوو ئەمانجیــش یــەك لەیەکــتری پیســتر و ناپاکــتر بــوون، چونکــە هــەر مــن بــە تەنیــا نەبــووم لــە زددی ئیســتعماری داگیرکــەر بەڵکــە گەلێکــی تــەواو، گەلێــك بریتــی بــوو لــە ملیۆنەهــا ئادەمیــزاد، دەهــا ســاڵ بــوو بەرهەڵســتی و خەباتیــان ئەکــرد لــە زددی ئیمپریالیــزم و ئەگــەر خوێنــی منــی پــێ بڕژایــە کــە بــە زۆرداری حەڵاڵــی کردبــوو، خوێنــی خەڵکــی عێراقــی بەهەمــوو چیــن و بــڕوا و ئایینــە جیاوازەکانیانــەوە هەمیشــە لــە کــوڵان و هەڵچوونــا ئەبــوو لــە رووی داگیرکــەر و کلــك و نۆکــەرەکان و دەســەڵاتدارەکانی ئیمپریالیــزم بــەم ئاواتــە ناپاکەیــان ئەگەیشــتن و نیشــتمانیەکانی عێــراق ئاشــکرایان کــرد کــە لــە دەروونــی نیشــتمانپەروەریی لــە پلــەی پــول و پــارە بەرزتــرن دڵیــان لەمــە فراوانــترە کــە هەڵیــان خەڵەتێنــن، ئیمپریالیــزم بــێ ســود و ئەنجــام هــەوڵ دەدا بەهەزارەهــا لــە خشــتەی بــەرێ و هاونیشــتمانییەکی بــێ تاوانــی پــێ بفەوتێنــن کــە هەمــوو گوناهــی ئەمەبــوو لــە رووی داگیرکــەر وەســتاوە و چ دەربــەدەری و زۆرداری تووشــی هاتــووە بەهــۆی ویــژدان پاکــی هەســتی نیتشــمان پەروەرێتــی بــووە.

هاوڕێــی تــازە: کــە بــە کارەســات و دەردەســەری خــزم و خێــزان و کەســوکارنم زانــی لەمــە زیاتــرم بــۆ نەمــاوە کــە پیلانەکــەم بەجــێ بێنــم روو بکەمــە بــارزان، چونکــە ئومێــد بــڕ بــووم کــە لەگــەڵ کاربەدەســتان بگەمــە هیــچ چارەســەرێکی و بــۆم ئاشــکرابوو کــە داگیرکــەر بــە لەناوبردنــی ئێمــە نەبــێ دابیــن نابــێ و یەکێــك نییــە لەمانــەی دەســتیان بەســەر کارگیــران هێنــاوە بتوانــێ بــەرەو روویــا بوەســتێ و پێــی بڵــێ: بەســە! ئەمــەی بەســەر هــاوڕێ بــێ تاوانەکانمــان هــات بــا کۆتایــی بێــت ئــاوا ناچــار بوویــن دەســت کەینــەوە بــە رۆیشــتن لەســەر تخووبــی عێراقــەوە رووە و بــارزان ئەچینــەوە و لــە رێگایــە تووشــی چــوار بــرای بارزانــی بوویــن لەبــەر

زوڵـم و دڵڕەقـی زۆرداران بـۆ ئێـران فیراریـان کردبـوو کـە زانیـان ئێمـە بـۆ بـارزان ئەچینـەوە سـۆزی وەتـەن هانـی دان و لەگەڵـمان کەوتـن جـا هـەر حەوتمـان بـۆ ئـەم شـوێنە رۆیشـتین کـە ژیـن لەسـەر خـاك و خۆڵیـان ئاسـوودەیە واتـا بـەرزان- فیرارکردنمـان لـە بەندیخانـەدا و رۆیشـتنمان لەمبـەر و ئەوبـەری سـنووری عێـراق و ئێرانـەوە و گەیشـتنمان بـە بـارزان تەنیـا حـەوت رۆژی خایانـد بەڵـێ حـەوت رۆژ و بـەس کـە بـێ وەسـتان و پێشـوودان بـە پـێ رۆیشـتن تەنیـا ماوەیەکـی کـەم نەبـێ کـە لـە سـنوور وەسـتاین.

شەڕی (دەشتی هەڵوونی) و ئەنجامەکانی:

برووسـکەمان بـۆ نـاردن مافـی نیشـتمانیەتی خۆمانمـان بیرئەخەینـەوە کەچـی بـە ئاگـر و ئاسـن وەڵامیـان داینـەوە.

گەڕانـــەوەم بـــۆ عێـــراق و ئـــاوا کتوپـــڕ گەیشـــتنم بـــۆ ناوچـــەی بـــارزان کاربەدەسـتانی تاسـاند و ئیمپریالیسـتەکان شـپرزە بـوون کـە زۆر و سـتەمکاری و کـۆت و بەندیخانـە و دەربـەدەری ناتوانـێ لـە رووی ئازادیخـوازان بوەسـتێ یـا لـە خەبـات و تێکۆشـانا لـە پێنـاوی سەربەسـتی و سـەربەخۆییدا یەکیـان بخـا!

چـاوەڕوان بـووم کـە میـری لـە ژێـر تۆبـزی داگیرکـەر بکەوێتـە دوامـان و هەوڵـی گرتنـمان بـدات ئەوسـا دوور نییـە تاوانێکـمان بـۆ رێکخـەن و لەسـەرمان بـدەن، رێکخسـتنی تاوانـی بـە درۆ لـە ژێـر سـێبەری رژێمێکـی بـۆ تۆقانـدن راگیـراو، کـە گوێدێـری ئامـۆژگاری ئیمپریالیزمـە و ئەوپـەڕی خزمەتـی دەسـتکەوت و قازانجیـان ئـەکا شـتێکی سـەیر نییـە کەواتـە ناچـار بوویـن پیلانێـك بدۆزینـەوە بـۆ خۆپاراسـتن کـە ئەمـەش شـتێکی راسـتە و دەسـتبەجێ کـە سـنووری ئیرانـم بـڕی و گەڕامـەوە نیشـتمان- عێـراق ئـاوا بیـرم کـردەوە، بـەڵام زۆر دڵـم ئەگـوشرا کـە ناچـاری خۆپاراسـتن بـم لـە دەسـتدرێژی، لـە کێـش؟! لـە دامودەزگایـەك کـە خـۆی پارێـزگاری ئێمـەی لـە ئەسـتۆیە بەرامبـەر هـەر دەسـتدرێژییەکی نـاڕەوا.

نامەیـەك بـۆ (مێرگەسـوور): کـە گەیشـتینەوە بـارزان خێـرا نامەیەکـم نـارد بـۆ

مودیـری ناحیـەی مێرگەسـوور کـە نزیکتریـن ناحیـە بـوو ئێسـتا قەزایـە نووسـیووم، ئـەوا گەڕامـەوە بـارزان تـکا ئەکـەم کاربەدەسـتان بەمـە ئاگاداربـن و ئەمـەوێ دووبـارەی کەمـەوە بۆیـە نەگەڕاومەتـەوە بـارزان چ فەرمانێـك بکـەم هێمنـی و ئاسـایش بشـڵەژێنێ، بگـرە هاونیشـتمانییەکی شـەڕ نەفرۆشـم (سالم) و لـە زۆرداری ئیمپریالیـزم رامکـردووە کـە هیـچ مرۆڤێکـی بـە شـەڕەف ناتوانـێ سـەری بـۆ دابنوێنـێ، بۆیـە وا بەنـاوی داد و مرۆڤایەتـی و ئایینـی پـاك و بەنـاوی گـەل کـە منیـش یەکێکـم لـە رۆڵەکانـی داوا ئەکـەم جـەور و سـتەمکاری لەسـەر خـۆم و هەڤاڵەکانـم لابـبرێ و هێرشـی تۆڵەسـەندنەوە رابگیـرێ و هـەق بدرێتـەوە زۆر لێکـراوان کـە بـە هەڵـە تاوانبـار کـراون و هیـچ سـووچ و تاوانێکیـان نییـە، بەڵکـو بـە ئاگـری درۆ و دەلەسـە و بوختانـەوە سـووتاون دووبـارە بەڵێـن ئـەدەم بەگـژ کەسـا نەچـم چ لەگـەڵ هێزەکانـی پۆلیـس و هیـچ کەسـی تـر هەمـوو ئاواتـم ئەمەیـە لەگـەڵ بـرا و هاوڕێکانـم ئاسـوودە و دڵنیـا بژیـم و چاوەڕوانـی لێبوردنـی بـرا گیـراو و دەربەدەرەکانـم ببـم، پـەروەردەگار پاداشـتی چاکـە و خێرومەنـدان ون نـاکات.

وەڵام... تەنیا (٧٥٠ ) چەکدار

مودیـری ناحیـەی مێرگەسـۆر نامەکـەی بـۆ قائمقامـی قـەزا و ئەویـش بـۆ موتەسـەریفی هەولێـر و ئەویـش بـۆ بەغدایـان نـارد وەڵام دەسـتبەجێ هاتـەوە: (٧٥٠) چەکـدار لـە هێـزی پۆلیسـی گـەڕۆك (الشرطـة السـيارة) گەمـارۆی ناوچەیـان دایـن و ئەنجـا لـە هـەر چـوارلاوە ئاگربارانیـان کردیـن.

شەڕێك و ١٦ پۆلیسخانە (مخفر الشرطة)

١٦ پۆلیسـخانە لـە ناوچەکەمانـا بـوون هەریەکـە دە کەسـی تیـا بـوو کـە هێـزی پۆلیسـی گـەڕۆك و هێرشـیان بـۆ هێنایـن بـە سـوارە و پیـادە و رەشـاش و هەمـوو جـۆرە چەکێکـی لەناوبـەری تـر، ژمـارەی پۆلیسـەکانی هـەر پۆلیسـخانەیەك کـرا بـە چـل، ئەوسـا خـۆم و شـەش هاوڕێکانـم کـە لەگـەڵ خـۆم گەڕابوونـەوە بـارزان

و ئـەم چـل کەسـە لـە بارزانـەوە کەوتبوونـە گەڵـم هەمـوو ناچـار بوویـن لـە ڕووی ئـەم هێـزە بوەسـتین و بەربەرەکانـی بکەیـن کـە دەوروپشـتیان گرتبوویـن یـا بەسـەر پۆلیسـخانەکانا دابەشـکرابوون و بـە هـەر چەشـنێك و بەپێـی توانـا پارێـزگاری خۆمـان بکەیـن.

داوای لێبوردن دووپات کردنەوە:

هەوڵدانمـان خۆڕایـی بـوو ئـەم نوێنەرانـەی چوارلایـان گرتبوویـن لەکاتـی گوێزانەوەمـان لـە شـاخێکا بـۆ کێوێـك یـا لـە شـیوێکا بـۆ دۆڵێـك هـەر بـە شـوێنمانا ئەگـەڕان هەمـوو نیازمـان ئەمـە بـوو بەرەنـگاری کـەس نەبیـن، لـە کاتـی ئـەم دەرەدەسـەرییەدا بـە یادمـا هـات کـە هەمیسـان داوای لێبـوردن بکەمـەوە، بەڵکـو ویژدانـی کاربەدەسـتان ئەجووڵـێ کـە بـۆ بەدیهێنانـی فەرمانـی داگیرکـەر ئـارەزووی لەناوبردنمانیـان ئەکـرد، چونکـە تاکـو ئـەم وەختـەش تۆزێـك پشـووم پێیـان خۆشـبوو، لەبـەر ئەمـە کـە ئەمزانـی ئـەوان دارەدەسـتی بێگانـە و ناچـاری لێدانمانـن بەخـۆم ئـەوت (چـی لێدێـت ئەگـەر بـە نووسـین داوای بەخشـینیان لـێ دووپـات کەمـەوە، دڵنیایـان کـەم کـە نیـازم پاکـە و خراپـە ڕەچـاو ناکـەم بەڵکـە بـەم داخوازییـە ئەتوانـن بـە داگیرکـەر بسـەلمێنن چیـتر بـە دواما نەکـەون و بـەم هەمـوو ماندووبـوون و ئـازاردان و دەربەدەریەمـان واز ئەهێنیـن و ئەوسـا تەشـی ئـەم هێرشـە لەسـەرمانا لاببـەن و ئـەم خوێـن ڕژتنـە بوەسـتێ کـە بـە ئـارەزووی داگیرکـەر و بـۆ قازانـج و دەسـتکەوتی تـا ئـەم دەمـەش بەیادمـا نـە ئەهـات کـە ئـەم کاربەدەسـتانەی چاکـەم لـێ ڕەچـاو ئەکـردن و ئومێـدی بەزەیـی پیاهاتنـەوەم لـێ ئەکـرد لـە خۆیـان پـتر بـە تەنـگ دەسـکەوتە ئیمپریالیسـتەکانا بـن و بـەم نیـازەوە بـۆ خزمەتکردنـی ئاغاکانیـان دوژمنانـی گـەل و نیشـتمان لـە فەوتـان و لەناوبردنـی زۆربـەی گـەلا نەپرینگێنـەوە.. ئـاوا نامەیەکـم نـارد بـۆ (بـلاط) و ڕاسـتەوخۆ بـۆ مەلیـك و نموونەیشـم نـارد بـۆ ئەنجوومەنـی وەزیـران و ئەعیانـەکان و نوێنـەران، دووبـارەم کـردەوە کـە پەیوەنـدی نیشـتمانیم بەتینـە

و ڕێـزی یاسـا زۆر ئەگـرم، داوام کـرد ئەگـەر کاربەدەسـتان بەزەییـان بـە ئێمـەش دا نەهاتـەوە خـۆ لەبـەر ئـەم نیشـتمانەی کـە مافـی خـۆم و هەڤاڵەکانـم ئـەدا و بەهـۆی ئـەم هەسـتە راسـتەی بـە چاکەمانـا وتـم چاوەڕوانـی مافـی ژیانێکـی سـەربەرز و ئـازاد لـە نیشـتمانا ئەکـەم لەگـەڵ بـرا هاووڵاتییەکانـم لـە کۆتاییـدا داوای لێبوردنمانـم تـازە کـردەوە لەبـەر ئـەوەی کـە هاونیشـتمانین و لـە چاکـە بـەولاوە نیـازی چیترمـان بەرامبـەر وڵاتەکەمـان نییـە.

وەڵامێکی کۆن و ناسراو:

دووبـارە وەڵامـی گۆڕینیـان داینـەوە کـە بریبتـی بـوو لـەم پیلانـەی کاربەدەسـتان بـۆ لەناوبردنمـان نەخشـەیان کێشـابوو، چونکـە دەسـتبەجێ فەرمانیانـدا بـەم هێـزە کـە لەچـوار لایـان گەمـارۆ درابوویـن، کـە زیاتـر هێرشـمان بێننـە سـەر، جێگەمـان پـێ تەنـگ بکـەن و بمانگـرن و یـا هەرچۆنێـك بـێ بمانکـوژن.

خۆپاراسـتن: ئەنجـا لەگـەڵ هەڤاڵەکانـم بڕواییـمان هـات کـە هیـچ ڕێگایـەك و چارەیەکـمان نەمـاوە تەنیـا بەرهەڵسـتی و خۆپاراسـتن نەبـێ، باسـکردنم لـەم رووداوانـە کـە بوونەتـە پارچەیـەك لـە مێژوومـان پیشـاندانی کارەسـاتێکی ناهەمـوارە پـڕ لـە زۆری و سـتەمکاری و شـەڕ پێفرۆشـتنە، کـە ئـەو لاپـەڕە خەمناکـە ئەخەمـە بەرچـاوی هاونیشـتمانانمان بـاوەڕم زۆرە کـە ئەتوانـن چۆنییەتـی ئـەم وەختەمـان و بـاری ئـەم نەگبەتیـەی تووشـمان هـات لێـك بدەنـەوە ئەوسـا ئەتوانـن کـە (حکـم) بـدەن هەرچەنـدە بڕیـاری راسـتەقینە بـۆ مێـژوو ئەبـێ کاربەدەسـتان تـا چ رادەیـەك پێیـان لـێ هەڵبـڕی و چـۆن لـە یاسـا لایاندابـوو (ئەمـەش هێـزە چەکدارەکانـی میـری هەڵیـان ئەبڕیـن و ئێمـەش هـەر خۆمـان لـێ لائـەدان نەبـادا خوێنـی بـێ تاوانـان لـە هـەر دوولا بـڕژێ و چەشـنی ئـازاری دەربـەدەری و جێگۆڕکـە لـە شـاخێکدا بـۆ شـاخێك لـە دەشـت و شـێو و دۆڵەکانمـان لـە بەرەنگاربوونـی هێـز بەهێـز پەسـندتر ئەکـرد و لەگـەڵ ئـەم هەمـوو دەردەسـەریە ئومێدمـان هەبـوو دادپـەروەری بەسـەر جـەورا زاڵ بـێ و

گیانـی هاونیشـتمانیانی کاربەدەسـتان دەروونیـان لەمـە بەرزتـر کات کـە بـبن بـە نۆکـەری ئیمپریالیـزم و قەمچـی دەسـتی، کـەی و لـە کـوێ ئـارەزووی کـرد میللەتـی پـێ بشـۆکێنێ تاوەکـو ئومیـدەوار بوویـن وەخـت بـوو بـە خۆڕایـی خوێـن بـڕژێ ئەوسـا نـاوی خوامـان هێنـا و زانیـمان ئەمـەی ئەبـێ هـەر ئەبـێ.

لـە دەشـتی هەلوونـی، لەئەنجامـا هێـزە پـڕ چەکەکانـی (میـری) لـە دەشـتی هەلوونـی گەمارۆیـان دایـن و ئێمـە ژمارەمـان تەنهـا ٤٧ کـەس بـوو، ئاگربارانیـان کردیـن و ئێمـەش بەرگـری خۆمـان و بەرهەڵسـتیمان کـرد چونکـە ئەمانزانـی کـە لەگـەڵ ئیمپریالیزمـا ئەجەنگیـن نـەك لـە دژی ئـەم هاووڵاتییـە بەسـەزمانانەی چەنگـی داگیرکـەر بـە نـان و زگ دەسـتی بەسـەرداهێنا و بەگـژی هاووڵاتییەکانیانـا ئەبـا، بڕیارمانـدا خۆمـان بەدەسـتەوە نەدەیـن، شـەڕ لـە بەینمانـا درێـژەی کێشـا و تـا ئەهـات گەرمـتر ئەبـوو لـە پاشـان بـە ئەنجامێـك گەیشـت. بـە بیـری کەسـا ناچێـت تەنیـا (٤٧) کـەس بـە چـەك و تەقەمەنـی کەمـەوە بـێ خـۆراك و یارمەتـی بـەر هەڵسـتی ٧٥٠ کەسـی پڕچەکیـان کـرد کـە لـە هەمـوو لایەکـەوە شـاڵاویان بـۆ هێنابوویـن و لـە ئەنجامـدا سـەرکەوتین و شـەڕەکەمان بـردەوە. زۆر شـتومەکمان لێگرتـن لـەم حەوسـەد و پەنجـا کەسـەی ئەمـەی کـوژرا، ئەمـەی برینـدار کـرا و بەشـی زۆریـان بەدیـل گیـران ئەوانـەی مانـەوە کـە ژمارەیـان تەنیـا (٣٤) کـەس بـوو بـۆ پۆلیسـخانەیەکی نزیـك (پۆلیسـخانەی کانیـە ڕەش) فراریـان کـرد، زۆر ئارەزوویـان ئەکـرد لێـرەدا بوەسـتین و لـە کانـگای دڵـەوە ئەمانویسـت کارەساتەکە بـەم ئەنجامـە خەمناکـە کۆتایـی بـێ دڵـی خۆمـان بەمـە ئـەداوە کـە یەخسـیرەکانمان لایـە و کاربەدەسـتان بـەم شـەڕە واز ئەهێنـن و لـە ئەنجامـا ئازادکردنـی دیلـەکان ئەبـێ کـە وەك بـرا بەخۆمـان گرتبـوون (داوا لـە هاوڵاتییەکانـم ئەکـەم بزانـن چەنـد پەسـت و خەمباربوویـن چونکـو دەسـتەیەکی لـە بـرا هاونیشـتمانیەکانمان کـە خـوا ئـاگادارە لامـان خۆشەویسـت و بەڕێـز بـوون) دیـل و دەسـت بەسـەرمان بـوون گۆیـا چەشـنێك لەمـە دڵپڕتـر و خەمناکـتر هەیـە

کـە مـرۆڤ ناچـار بـە گـژا چـوون و شـەڕو ئاگربـاران کردنـی بـرای خـۆی بـێ؟
دوا بـە دوای شـەڕەکە بیسـتمان کـە ئەمانـەی دەربـاز بـوون و فیراریـان کردبـوو «کانیـەرەش» خەریکـی خۆئامادەکـردن و پەلاماردانمانــن ئەوسـا ناچـار بوویــن هێرشــمان بــردە ســەر پۆلیســگاکە و ئــەوەی تیـا بــوو لەگــەڵ «٣٤» فیــرارەکان بەدیلـمان گرتـن دەسـتمان بەسـەر چـەك و جبەخانەکانیـان هێنـا بـوو بەهـۆی هێـز و توانامـان لەشـەڕەکانی دواییـدا.

«نــوری ســەعیدی تاوانبــار، ماجـد مســتەفا و ئیمســاعیل نامـق ئەنێریتـە لام لــە دێــی «ســپیندار»: نــوری ســەعیدی گوناهبــار چــی پێوتیــن کـە داخوازییـە ڕەواکانمــان پێشــکەش کــرد؟
پــاش زاڵبوونمـا بەســەر هێــزی «پۆلیســی گــەرۆك»دا هێــزی چەکــداری تــر لــە میــر کــە بەرەنــگاری ئــەم هێزانــە بوویــن و شــەڕێکی ســوك لــە بەینمانـا قەومـا و بەکشـانەوەیان بـۆ «مێرگەسـۆر» کۆتایـی هـات لـەم شـەڕەدا ئـارەزووی لێـدان و لەناوبردنـی ئـەم هێزانەمـان ئەکـرد، چونکـە دەمانزانـی ئیمپریالیـزم و نۆکەرانـی بـۆ ترسـاندن و پەراگەندەکردنمـان ئەمانەیـان نابـوو بـە گژمانـا و دیـمان کـە ئەندامانـی ئـەم لەگەڵمانـا تونـد و دڵـڕەق نەبـوون بۆیـە ئێمـەش لەگەڵیانـا تیــژ نەبوویــن و نەمــان ئەویســت زیانیــان پــێ بگەیەنیــن لــە بــەر ئەمــە تەنیـا چــوار دەورەمــان دان و ڕێگــەی هاتووچۆیانمــان لەگــەڵ ڕەوانــدوز و ئاکــرێ بــڕی و داوامــان لەســەرکردەیان کــرد خــۆی بــەر دەســت کا و بەڵێنیــمان پێــدان کـە ڕێــزی خــۆی و هەڤاڵەکانــی بگریــن کــە داگیرکــەر بەناچــاری بــۆ ســەر ئێمــەی ناردبــوون و پێــمان وتــن ئێمــە نامانــەوێ زیــان بــە هیــچ کەســێکتان بگەیەنیــن بەڵکـو چەنـد خواسـتێکی نیشـتمانی و چـاك کردنەوەمـان هەیـە داوا ئەکەیـن بـە هێمنــی و ئاســایش بێتــە دی. وەك (میــری) زانــی هێزەکانمــان نیروەکانــی گەمــارۆ داون و هێرشــە ســوپاییەکەی ســەرنەکەوتووە ویســتی شــکانەکەی بپۆشــێ ئنجــا

وای پیشـاندا کـە ئەیـەوێ گفتوگۆمـان لەگـەڵ بـکا و ئاواتـە دادپەروەرییەکانمـان جێبەجـێ بـکا و ئیسـماعیل نامـق سەرلەشـکری ئەوسـا- ماجیـد مسـتەفا وەزیـری دەوڵەتـی ئـەم کاتـەی نـاردە لامـان بـۆ گفتوگـۆ و بیروبـاوەڕ گۆڕینـەوە. کـە ئـەو دوو نوێنەرانـە هاتنـە گونـدی (سـپیندار) پێـم وتـن ئێمـە دڵسـۆزی ئـەم نیشـتمانە و خۆشەویسـتی ئـەم خاکـە پاکەیـن لـە پشتاوپشـت لەسـەریا ژیاویـن و حـەز بـە خوێـن رشـتن و پشـێوی هاووڵاتییـەکان ناکەیـن و ئومێدەواریـن ئـەم نیـازە لـەلای کارەبەدەسـتانیش دا هەبـێ کـە ئێوەیـان ناردووە و واز لەمـل کەچـی بـۆ فەرمانەکانـی ئیمپریالیـزم ئەهێنـن و، هەروەهـا وتـم کـە زۆر داخـوازی ترمـان هەیـە ئێمـە داوای داد و یەکسـانی و چـاك کردنەوەیەکـی گشـتی ئەکەیـن و دەمانـەوێ میـری داخوازییەکانـی گـەل و بەتایبەتـی هـی ئـەم ناوچەیـە بـە چالاکـی جێبەجـێ بـکا تـا هێمنـی و ئاسـایش و هەزارانـی تـری تێـدا پـەرش و بڵاوبێتـەوە بەهـۆی دابەشـکردنی سـامانی بەسـەر خەڵکـی وڵات بەشـێوەیەکی راسـت و دادپەروەرانـە و بـۆ ئـەوەی توانـای ژیانێکـی سـەربەرز و لێوەشـاوەیان بـێ و لەسـەرووی هەمـوو شـتێکا ئەمانـەوێ «میـری» حکومەتێکـی راسـتەقینەی لەگەڵـەوە بـۆ گـەل بـێ، کـە نۆکـەری بێگانـە و داگیرکـەر نـەکا و خواسـتەکانی نەهێنێتـە دی، ئەنجـا داوامـان لـە نوێنەرانـی کاربەدەسـتان کـرد کـە بڕیـاری ئازادکردنـی هەمـوو بـرا ئازادیخـوازە حەپـس و گیراوکانمـان بـدرێ چونکـە لـە بەرامبـەر زۆرداری و سـتەمکاریدا بەربەرەکانیـان کـرد و بەنـد کرابـوون دوو نوێنـەرەکان رای خۆیـان بەرامبـەر داخوازییەکانمـان دەرنەبـڕی بەڵکـو پەیمانیانـدا کـە گەڕانـەوە بەغدایـە داخوازییەکانمـان بـە کاربەدەسـتان بگەیەنـن.

دوو نوێنەرەکـەی میـری گەڕانـەوە بەغـدا کاربەدەسـتان چەنـد دەسـت بەسـەر و بەندێکیـان لـە براکانمـان بـەردان و پێیـان راگەیاندیـن کـە تـا مـن (مـەلا مسـتەفا) و نـوری سـەعیدی ناپـاك و سـەرەك وەزیرانـی ئەوسـا کۆنەبینـەوە لەداخوازییەکانـی تریـان ناکۆڵنـەوە و بـۆ ئەمـەی هێمـن و ئاسـایش بگەڕێنـەوە

ناوچەکەمــان لــە نیازچاکــی خــۆم و هاوڕێکانــی تــرم دڵنیابــن و پیشــانی میــری بدەیــن کــە ئێمــە میللەتێکــی خــاوەن شــەڕەفین و ئــارەزووی چاککردنــەوە و راگرتنــی خوێــن رژتــن ئەکەیــن، بڕیارمــدا بچــم بــۆ (بەغــدا) و لەگــەڵ ســەرۆك وەزیــران کۆببمــەوە و خواســت و رای خۆمانــی پــێ بگەیەنــم، کــە گەیشــتمە بەغــدا چوومــە لای نــووری ســەعیدی گوناهبــار و پێمــوت مــن پیاوێکــم حــەز لــە خوێــن رژتــن ناکــەم هاتوومەتــە بەغــدا تــا وەکــو ناڕەزایــی خــۆم دەرببــڕم بەرامبــەر ئــەم زۆر دەســتدرێژی و ســتەمکارییەی (میــری) ئاراســتەی کــردووە داوام لێکــرد «ماکینــەی دەوڵــەت» پــاك کاتــەوە و بەرتیــل خــۆر و داویــن پیســەکانی دەربــکا و زەوی و زار بەشــێوەیەکی راســت و پــڕ دادی دابــەش بکــرێ بــۆ ئــەوەی ژیانێکــی ئاســوودە و رووســووری بــۆ هاونیشــتمانیان مســۆگەر بــێ، پێمــوت کــە داگیرکــەر چاکــە و خۆشــی بــۆ وڵاتەکەمــان نــاوێ و هــەر ئــەم خــۆی تاکــە هــۆی هەمــوو تەنــگ و چەڵەمەیــەك و دەرەدەســەریەکە تووشــی نیشــتمانی دێــت و لــە دواییــدا داوام لێکــرد قوتابخانــە و نەخۆشــخانە لــە ناوچەکەمــان بکاتــەوە چونکــە ئەمــە یەکەمیــن پێویســتی سەرشــانی کار بەدەســتانە بەرامبــەر بــە دانیشــتوانی وڵات کــە لــە خۆشەویســتی و دڵســۆزیەتی بەمــلاوە چ ئاواتێکــی تریــان نییــە بــۆ ئــەم وڵاتــە و رۆڵەکانــی.. نــوری ســەعید لەســەر رەوشــتی جارانــی وەك رێــوی فێڵبــاز و بــە پێــچ و پەنــا بــوو نەیدەتوانــی هیــچ کارێــك بــکا ســوودی نیشــتمان و زیانــی ئیمپریالیســتەکانی تیــا بێــت پێــش ئەمــەی پــرس و رای ئیســتعمارچییەکان بــکا، بۆیــە لام شــتێکی ســەیر و کتوپــڕ بــوو کــە نــوری ســەعید پێــم بڵــێ ئــەم پیــاوە بەهێــز لــە حوکــم دابــێ بــە هــۆی پشــتگیری ئیمپریالیزمــەوە دێــم زۆر واقــم وڕمــا کــە نــووری ســەعید وتــی: نازانــم لــەم داخوازیانــەت بدوێــم پێــش ئەمــەی بیــروڕای ئەنجومەنــی وەزیــران وەربگــرم «ئــاوا!» نــوری ســەعیدی تاوانبــار مەبەســتی ئەمــە بــوو پرســی ئاغــا و ئیمپریالیســتەکانی بــکا دەیویســت رایــان وەربگــرێ و بزانــێ چــۆن بەرامبــەر خواســتە راســتەکانمان بجوڵێنــەوە پێــش

ئـەوەی تێبینـی خـۆی نیشـاندا داخوازیەکانمـان زۆر هـەق و پـر داد بـوون کـەس ناتوانـێ لەمـە کەمـتر ناویـان بـەرێ و چـاوەڕان دەکـرا کـە نـوری سـەعیدی تاوانبـار دەسـتبەجێ ئامـادەی دەرخـا بـۆ جێبەجێکردنیـان و راسـتەوخۆ رای خـۆی دەربارەیـان دەربـڕێ، بـەڵام خـۆی دەزانـێ بـۆچ؟ دەسـتی کـرد بـە پەنـا و پێنـج و هەڵخەڵەتانـدن بـەم جـۆرە کۆبوونـەوە و گفتۆگۆکردنمـان کۆتایـی هـات، بـێ ئەمـەی ئەنجامێکـی راسـتەوخۆمان بداتـێ و وەڵامێکـی جێبەجێکـەر بـۆ کاتێکـی تـر دواخـرا. تاوەکـو ئەنجومەنـی وەزیـران بڕیارێکـی لەسـەر دەدەن (ئـاوا!) ماوەیەکـی زۆر چاوەڕوانـی بڕیـاری ئەنجومەنـی وەزیرانمـان کـرد و دڵـمان پـڕ بـوو لـە ئـاوات و هیـوا، ئاواتەخـواز بوویـن کـە ئـەم کاربەدەسـتانەی داگیرکـەر بەسـەر میللەتیـان سـەپاندبوون و گـەل بەناچـاری تووشـیان هاتبـوو، ویژدانیـان بجووڵـێ و ئومێـدەوار بوویـن کـە وەڵامـی داخوازییـە پـڕ دادییەکانمـان بدەنـەوە و ئەگـەر بـۆ جارێکیـش بـێ بڕیارێکـی نیشـتمانپەروەرانەی راسـتەقینە بـدەن کـە نیشـانی بـدا فەرمانڕەواییەکـی نیشـتمانی گـەل دەکـەن و بێگانـە و پەنجـە و دەسـەڵاتی تیـا نییـە ئـاوا دڵـی خۆمـان ئەدایـەوە و بـەڵام ئـەم هیـوا و ئاواتانـە زوو بـە زوو ون بـوون و نەمـان چونکـە پـازدە رۆژ پـاش گفتوگۆکـەم لەگـەڵ نـووری سـەعیدا، نـووری سـەعید خـۆی هـات بـۆ کەرکـووك و داوای کۆبوونـەوەی لەگەڵـدا کـردم منیـش چـووم و داخوازییەکانـم لـێ دووبـارە کـردەوە، ئەنجـا خـۆی وا نیشـاندا کـە رای لەسـەرە و ئەگـەر بێتـەوە بەغـدا تـا چـی پێویسـتە بـۆ بەدیهێنانیـا بیـکا بـۆ یەکەمجـار هەسـتمان بـە هیـواداری کـرد و ئاوامـان هاتـە بەرچـاو کە(میـری) دەسـتی کردۆتـە بەدیهێنانـی خواسـتە بەجێکانمـان و گیانـی رقەبـەری و تۆڵەسـەندنەوەی زەمانـی رابـردووی گوڕبەگـۆڕ لەراسـت ئێمـەوە پـاك بووەتـەوە. کـە نـووری سـەعیدی رەزایـی خـۆی بەرامبـەر داخوازیەکانمـان دەرخسـت ئێمـە ئاوامـان بـۆ دەرکـەوت بـەڵام بـە گەڕانـەوەی نـوری سـەعید بـۆ بەغـدا ئـەم ئاواتـە زوو کوژایـەوە، چونکـە لـە گەلێـك لاوە پەیامـان وەرگـرت کـە گوایـە هەنـدێ لـە

وەزیرەکانی بەرهەڵستی داخوازییەکانیان کردووینە و بەرامبەر (هەق دانمان) وەستاون. ئەنجا زانیمان کە ئەمە پیلانێکی ئیمپریالیزمە و نوری سەعید ئەیگێرێ و لەمەدا نیازی ئەوەیە کە نەهێڵێ بگەینە هیچ جۆرە تێکگەیشتن و رێککەوتنێك و لە ئەنجامدا بە (مافی) خۆمان بگەین و لە خاکی باوك و باپیرانمان نیشتەجێ بین! ئەم وەزعە زۆر سەری نەگرت، نووری سەعید لە دەسەڵات کشایەوە و وەزراەتێکی تر پێکهات لەم وەزارەتە ناسراوانەی بە ڕێو وشێنی ئەوا ئەبزوونەوە ئەم وەزارەتەش داخوازییەکانی نەهێنایە جێ و بەرهەڵستی کردن ... ئەنجا بۆمان ئاشکرابوو کە نووری سەعید وازی لە سیاسەت و پیلانە ناسراوەکانی نەهێناوە، چونکە خۆی هەردەم لە پەنا پەردەوە ئەوەساو بوتەکانی تری ئەخستە سەر شانۆ تاوەکو نیازە پیسەکانی ئیمپریالیزمی بۆ جێبەجێ بکەن. ئەم سەردەمە بۆ ئێمە بەر لە هەر کاتێکدا وەختێکی زۆر سەخت و نالەبار بوو نیشانەی مەترسیمان تێدا بەدی ئەکرد، مەترسی هێرشێکی تازە کە (میری) بە هاندانی داگیرکەر و نۆکەرەکانی بۆ سەرمانی دەهێنن بۆ ئەوەی دووبارە ناچاری خۆپاراستن و لە پێناوی مافی داخوازییەکانمان تووشی شەڕ کردنمان بکەنەوە ئاوا ناچار بووین دەستماندا بە خۆ ئامادەکردن، بەڵام یەکجار بە تەقیە و هۆشیارییەوە چونکە هەرگیز ئارەزووی شەڕێکی تازەمان نە ئەکرد و نەمان دەویست هەمیسان خوێنی بێ تاوان بڕژێ و حەزمان نەئەکرد زۆری لەکەس بکەین و کەس دەست درێژیمان لێ بکا، بەڵام ئیمپریالیزم بۆ ئەوەی ئەم ئاواتانەی نەمابن کەوتە خۆ بۆئەوە شەڕێکی سەختی گڵاومان بە زۆر بەسەردا بسەپێنێ تاوەکو لە ناومان بەرێ و پارچە پارچە و لە خاکی باب و باپیرانمان دەربەدەر بکا.

وتمان ئیمپریالیزم ماوەی نەداین بە ئاسوودەیی و هێمنی بژین و کەوتە خۆی بۆ پەلاماردانمان تا لە ناومان بەرێ و لەخاکی باب و باپیرانمان دەربەدەر بکا! رۆژێکی سەرلەبەیانیدا بڵێسەی ئەم شەڕە داگیرسا هێزەکانی میری

کەوتنــە شــەڕ پــێ فرۆشــتنمان، دەســتیان کــرد بــە کارەســاتی ســتەمکاری و بیانــوو پێگرتــن و ســەخڵەت کردنــی ژمارەیەکــی زۆر لــە هاونیشــتمانییە بــێ تاوانــەکان لــە دواییــدا کاروبــار بــە جۆرێکــی زۆر پــڕ مەترســییەوە گــۆڕا، کاربەدەســتانی دەوری رابــردووی گۆڕبەگــۆڕ بەدزیــەوە (لەمێرگەســۆر) (اولــی بەگــی خاڵم)یــان شــەهید کــرد، خاڵــم بەجۆرێکــی نــاڕەوا بــە پیلانــی ئیســتعمار کــوژرا و بگــرە راســتەوخۆ بــە دەســتی ئیســتعمار، بەدەســتی ناپاکــی (مێجــەر روفــتن)ی ئینگلیــزی کــوژرا کــە هاتبــوو چاوەدێــری ئــەم هێزانــە بــکا کــە بــۆ بەگژداچــوون و گەمارۆدانمــان هاتبــوون. کوشــتنی (اولــی بەگــی خاڵــم) بەدەســتی (میجــر روفــتن) تاوانبــار دووبــارە راســتییە روونەکــەی بــۆ ئاشــکرا کردینــەوە، کــە تەنیــا ئیمپریالیزمــە و بــەس دوژمنایەتیــمان ئــەکا، پەلامارمــان ئــەدا بــۆ ئــەوەی لەناومــان بــەرێ و تەنیــا هــەر خــۆی بــوو ئەیویســت ملکــەچ و ژێردەســت و پارچــە پارچەمــان بــکا لەبــەر ئەمــە بڕیارمانــدا کــە شــەڕێکی ســەختی بــێ پــەروا لەگــەڵ داگیرکــەر بکەیــن و بەگــژ پیــلان و پــرۆژە ئیســتعمارییەکانی دابچیــن و لــەو وڵاتەمــان مــاوە نەدەیــن و داوێــن پیــس و ناپــاك و نۆکــەرە بەکرێگیراوەکانــی روو رەش بکەیــن کــە بــە ئــارەزووی گڵاوی خۆیــان چەرخــی بەدخویــی و ناپاکــی و جــەور و کاری بــێ ئابڕوانەیــان ئەنجامــداوە.

«ئیمپریالیــزم لــە ســاڵی ١٩٤٦ دا پیلانێکــی تازەمــان بــۆ ئەنێتــەوە.. چــۆن ناچــاری پەنــا بــردن بــۆ یەکێتــی شــوورەوەی و چاوەڕوانــی شۆڕشــی ١٤ی گەلاوێــژ بوویــن.

باســی یەکێــك لــەم لێدانانــەم کــرد کــە ئیســتعماری ئینگلیــزی لەعێراقــا ئاراســتەی کردیــن کــە (مێجــەر روفــتن) «اولــی بەگــی» خوالێخۆشــبووی بەناحــەق کوشــت، منیــش لەکاتــی روودانــی ئــەم کارەســاتە خەمناکــەدا کــە نیشــانەی غــەدر و ناپاکێتــی ئیمپریالیــزم بــوو فەرمانێکــی مرۆڤایەتیــم بــەدی ئەهێنــا، خەریکــی چارەکردنــی ئــەم ناکۆکــی و تێکهەڵچوونــە بــووم لــە نێوانــی کۆمەڵەکانــی

ئەتروشـی و مزوریـدا قەومابـوو هەوڵـم ئـەدا ئاسـایش و دۆسـتایەتی بگەڕێنمـەوە ناویـان، تەنیـا ئیمپریالیزمـی بەریتانیـای زۆردار کـە لەهـەر شـوێنێکدا دەسـتی بـڕوا ئازادیخوازەکانـی ئـازار دەدا و نیشـتمانپەرورەکانی تێـك بـەردەدا. تاکـو خـۆی سـوود لـە دووبەرەکـی و ناکۆکـی و خەریـك بوونـی یەکتریـان وەربگـرێ و دەسـەڵات و داگیرکردنـی دڵبیـری خـۆی بەهێـز بـکا و بـە پەرۆشـەوە ئەڵێـم ئیسـتعمار توانـی حکومـەت هانـدا کـە ئەوسـا ئالەتێـك بـوو بەدەسـت خۆیـەوە ئەنجـا هێزەکانـی لـە سـێ لاوە شـاڵاویان بـۆ هێنایـن، لـە رەوانـدوز و ئاکـرێ و ئامیـدی، ئێمـە توانیـمان ئـەو هێرشـانە بوەسـتێنین، پـاش شـەڕێکی لەگـەڵ ئـەم برایانەمـان کـە تـاوان و فـرت و فێڵـی داگیرکـەر بـە یارمەتـی کلـك و نۆکەرەکانـی ئـاوای لێکردبـوون کــە وەك دوژمنــی خوێنخــۆرە بەرامبــەر بــرا ئازادەکانیــان بوەســتن ئەمەنــدەی لــە وزەمانــدا بــوو لــە خوێــن رشــتن لامانــدا پارێــزگاری خۆمانکــرد توانیــمان بەرێکوپێکـی بەسـنووری عێراقـدا بکشـێینەوە بـۆ ناوچـەی بـێ لایـەن بەخـۆم و ٢ هـەزار کەسـەوە لـە هۆزەکـەم، ئەمـە لـە سـاڵی ١٩٤٥دابـوو ئـەم ناوچەیـەش ئەکەوێتـە بەینـی ئـەم هەرێمـەی هێزەکانـی ئیمپریالیزمەکانـی رۆژئـاوا داگیریـان کردبــوو ئــەو هەرێمــەی کــە هێــزی سوشــیالیزم رزگاری کردبــوو پــاش ئەمــەی دوو مانـگ لـەوێ مایـنـەوە بزووتنـەوەی ئازادیخوازانـەی ئازەربایجـان و کوردسـتان لـە زددی رژێمـی سـەر بـە ئیمپریالیزمـی ئێرانـەوە دەسـتی پێکـرد. دوو کۆمـاری دیموکراســی دامــەزرا، یەکەمیــان کۆمــاری کوردســتان بــە ســەرۆکایەتی (قــازی محەمـەد) دووەمیـان لـە تەورێـز بەسـەرۆکایەتی (جەعفـەر پیشـەوەری) و لـەدوای سـاڵی ١٩٤٦دا ئیسـتعمار پیلانێکـی تـری بـۆ نایـنـەوە (قـوام السـلطنە)ی سـەرەك وەزیرانـی ئەوسـای ئێـران، چەنـد پارچەیـەك لەشـکری ئێرانـی بـۆ ئازەربایجـان و کوردسـتان نـارد بـە بیانـووی سەرپەرشـتی کردنـی هەڵبـژاردن، بـەڵام زوو راسـتی تـاڵ ئاشـکرابوو کـە سـوپای ئێـران بـۆ ئەمـە هاتبـوو دەسـتبگرێ بەسـەر دوو کۆمـارە دیموکراسـیەکانا و لەناویـان بەرێـت، قـازی محەمـەد و چەنـد هاوڕێیەکـی

چـوون خۆیـان دایـە دەسـت سـوپای ئێرانـەوە و مـن و چەنـد لـە هەڤاڵـە کـورد و ئەرمــەن و ئاســوری و ئێرانــی و ئازەربایجانییــە دیموکراســییەکانم ماینــەوە لــە هەڵوێســتە شــەرەفدارەکەمان دژی داگیرکــەر و پیلانەکانــی خۆمــان گــرت، ئەنجــا لەسـەر داخـوازی کاربەدەسـتان بـۆ ئـارەزووی هـاوڕێ تێکۆشـەرەکانم چـووم بـۆ تـاران بـۆ ئـەوەی گفتوگـۆ لەگـەڵ حکومەتـی سـەر بـە ئیسـتعمار بکـەم، لەگـەڵ شـای ئێـران و قـوام السـلطنە کۆبوومـەوە، گەیشـتنیە بڕیـاری وەسـتاندنی شـەڕ و خوێنرێـژی ئەوسـا گەڕامـەوە لای هەڤاڵەکانـم و دوو ئەفسـەری ئێرانـی لەگەڵـمان هاتـن، (غەفـاری و هومایـون) ئەنجـا لـەوێ دوو ئەفسـەرەکە داوای چـەك داماڵینیـان لێکردیـن و حکومەتـی ئێـران دەسـتی دایـە هەڕەشـە لێکردنمـان و هێـرش هێنـان و بیانووگرتــن بــە خەباتکــەرە دیموکراســییەکان، بــەڵام ئێمــە ســەرمان بــۆ هەڕەشــە دانەهێنـا و چەکـمان فـڕێ نـەدا و خۆمـا بەدەسـتەوە نـەدا، تاکـو ئەنجامیـش ئەمەبــوو هێــزەکان پەلاماریاندایــن و ناچــاری خۆپاراســتن بوویــن و دوای شــەش مانــگ شــەڕکردن بەرێکوپێکــی بــۆ ســنووری عێــراق کشــاینەوە، کەوتینــە عێــراق و زۆربــەی هەڤاڵەکانــم خۆیــان دایــە دەســت کاربەدەســتان و مــن و (٥٥٠) لــە هــاوڕێ پــڕ چەکەکانــم روومــان کــردە شــێروان لەوێــوە هامووشــۆی دامــودەزگای میـری ئەوسـام کـرد، بەنیـازی دۆزینـەوەی رێگەیـەك بـۆ گەڕانـەوەی هۆزەکەمـان بــە ســەلامەتی بــۆ خاکــی نیشــتمان تەنیــا بــە پرۆشــەوە دەڵێــم کــە حکومەتــی ئەوسـا ئاڵقەیـەك بـو لەدەسـتی ئیسـتعماری ئینگلیزیـدا، کـە حـەز بـە هێـز و یەکێتـی گـەل نـاکات، کاربەدەسـتان گوێـی خۆیـان لەراسـتی داخوازییەکانـم کـەڕ کــرد، بەمــە دوو رێگــەم هاتەبــەر یــا دەبــوو درێــژە بــە شــەڕ بــدەم لــە زددی حکومــەت و ببمــە هــۆی خوێنرژتنــی هاونیشــتمانییە عێراقییەکانــم، چ کــورد و چ عــەرەب، ئەمــەش کــە هەرگیــز لایەنگــری نەبــووم و لــە مــن دوور بــوو یاخــود پەنابــەرم بـۆ وڵاتـی یەکێتـی سـۆڤیەتی و چـاوەڕوان بـم تـا کـو رژێمـی بۆگەنـی کــۆن دەگــۆڕێ  بۆیــە رێگــەی دووەمــم گــرت تــا وەکــو ئــاوات و هیــوام بــە

شۆڕشـی چـواردەی گەلاوێـژی نەمـر هاتـە دی و بەسـەرۆکایەتی سـەرۆکی پاڵـەوان و رۆڵـەی نەبـەزی گـەل عەبدولکەریـم قاسـمی قارەمـان تەخـت و تاراجـی رژێمـی ئیسـتعماری وەرگێـڕا. قـەڵای سـەختی رووخانـدن ئەنجـا دەروازەی عێراقـی کۆمـاری خۆشەویسـت بـۆ رۆڵـە ئازادەکانـی کرایـەوە سـەر گازەرەی پشـتی کـە حکومەتـە ئیسـتعمار پەرسـتەکانی پێشـوو دەربـەدەر و ئاوارەیـان کردبـوون و بـواری نـەدەدان کـە لـە ژێـر ئاسـمان و لەسـەر خاکـە پاکەکەیـان بژیـن.

تێبینـی: ئـەم وتـارە بـە چەنـد بەشـێک لـە گۆڤـاری هەتـاو بڵاوکراوەتـەوە کـە لـە خـوارەوە ژمـارە و مێـژووی دەرچوونیـان هاتـووە.

(١) ژمارە ١٤٧ ساڵی ٥، پێنج شەممە، بەفرانبار (١٥ی کانوونی ٢) ١٩٥٨

(٢) ژمارە ١٤٨ ساڵی ٥ شەممە بەفرانبار (٣١ کانونی ٢) ١٩٥٩

(٣) ژمارە: ١٥٠ ساڵی: ٥، شەممە – رەشەممە (٢٨ شوبات) ١٩٥٩

(٤) ژمارە ١٥١: ساڵی ٥ یەکشەممە، رەشەممە (١٥ی ئازار) ١٩٥٩

(٥) ژمارە ١٥٤ ساڵی ٦ هەینی گوڵان (١٥ مایس) ١٩٥٩

(٦) ژمارە ١٥٥ ساڵی ٦ یەکشەممە جۆزەردان (٣١ مایس) ١٩٥٩

(٧) ژمارە ١٥٦ ساڵی ٦ دووشەممە جۆزەردان (١٥ حزیران) ١٩٥٩

(٨) ژمارە ١٥٧ ساڵی ٦ سێ شەممە جوخێنان (٣٠ حوزەیران) ١٩٥٩

# بزووتنەوەی رزگاری نەتەوایەتی کورد و تەگەرەی

دکتۆر سەیدعەزیز شەمزینی
وەرگێڕ مامۆستا مەجید ئەحمەد ئاسنگەر

رۆژنامەی خەبات پێشەکییە بە نرخەکەی نامیلکەی (بزووتنەوەی رزگاری نەتەوایەتی کورد و تەگەرەی) بڵاوکردەوە کە دکتۆر س.ع. شەمزینی پێشکەش بە ئاکادیمیای علومی سۆڤیاتی لە لینینگراد کرد و شەهادەتنامەی دکتۆرای پێ وەرگرتووە لەبەر گرنگی و سوود و کەڵکی، منیش وا بە کوردی لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری هەتاوی خۆشەویست پێشکەشی خوێندەوارانی کوردستانی ئەکەم و ئاواتەخوازم کەلەبەرێکی فراوان لە نامەخانەی کوردیدا بگرێتەوە.

هەولێر.م. ئە. ئاسنگەر

**پێشەکی**

هەرچەنــدە کــە لــە بــارەی کاروبــاری کوردانــەوە بەگەلــێ زوبانــی جیــاواز شــتێکی زۆر نووسراوەتــەوە ئەمــەی جێگــەی پەرۆشــی بــێ، ئەمەتــا کــە ژمارەیەکــی ئێجــگار کــەم لــە رۆژهەڵاتنــاس و تەنانــەت شــارەزاکانیش لەکاروبــاری کــورد هەیــە کــە کــەم یــا زۆر لەبــەر تیشــکی رووداوێکــی راســتا لــە بەســەرهاتی میللەتــی کوردیــان کۆڵیبێتــەوە و بــە جۆرێکــی دادپــەروەر باســی ئــەم گەلەیــان کردبــێ بــۆ پیشــاندانی رووی نیشــتمانی خەباتــی درێــژی ئــەم نەتەوەیــە لــە پێنــاوی ســەربەخۆیی و رزگاریــدا، یاخــۆ بوونــی تەگــەرەی کــوردی وەك تەگــەرەی خەباتــی گەلــی کــورد روون کردبێتــەوە کــە لــە ســەدەی نۆزدەمینــەوە بــۆ دەســتگیربوونی ئــازادی کــە ئەنجامێکــی خۆرســکی گۆڕانــی مێــژووی هەســتکردن بــە گیانــی نەتەوایەتــی کــورد دەســتی پێکــردووە، بەشــی هــەرە زۆری ئــەم باســانەی لەســەر کــوردان نووسراونەتــەوە نموونەیەکــی لێکۆڵینــەوەی راســتی زانســتیانەی نییــە و بریتییــە لــە وتــەی کۆمەڵایەتــی و سیاســی و رۆژنامەوانــی و لــە پشــکنینەوەیەکی مێژوویــی عیلمییــەوە دوورن! ئەتوانیــن ئــەو باســانە بکەیــن بــە چــوار بەشــەوە کــە لەســەر کــوردان نــووسراون:

١- نووسراوەکانی ئەم وڵاتانەی کورد دەچەوسێننەوە:

نــووسراوی ئــەم وڵاتانــەی گەلــی کــورد دەچەوســێننەوە وەك تورکیــا و ئێــران و عێراقــی دەوری پاشــایەتی دوابــڕاو، هەمــووی تێکــڕا شــێوەیەکی کۆنەپەرســتی و شــۆڤینین و دوژمنایەتــی نەتەوایەتــی ئەوتــۆی هەیــە کــە هەرگیــز لەباســی تەگــەرەی کوردانــدا هیــچ نرخێکــی عیلمــی و مێژوویــی نییــە و بەهیــچ جــۆرێ نەشــێ بــۆ لێکۆڵینــەوەی تەگــەرەی کــورد و مێژوویــان و خەباتــی نیشــتمانی و ئــازادی هێنەریــان بــڕوای پێبکــرێ، ئــەم نووسراوانــە لــە هێرشــی درۆزنانــە و بوختــان پێکــردن و راســتی گۆڕینــی و شــێواندنەوە و درۆ هەڵبەســتن لــە لایــەن نووســەر و یاخــود بــە راســپاردەی دوژمنانــی میللەتــی کــوردان پێــك هاتــوون. بــە کورتــی

ئـەم نووسراوانـە تێکـڕا بـە گیانـی ئینکارکردنـی بوونـی میللەتـی کـورد زوبـان و کەلچـەر (ثقافـە) و مێژوویـی پڕکراونەتـەوە و بـە هیـچ کلۆجێـك پەیوەنـدی بـە زانینـی واقیعـی راسـتی کـورد و بزووتنـەوەی نیشـتمانیانەوە نییـە، تەنیـا جاروبـار بـۆ خوێندنـی مێـژووی کـوردان دەتوانـرێ سـوود لـەم نووسراوانـە وەربگیـرێ بـۆ زانینـی جۆرەهـا رێگـەی دەمکوتکـردن و بەکارهێنانـی پیلانـی پۆلیسـی تاوانبارانـە کـە لـە تورکیـا و ئێـران و عێراقـی سـەردەمی پادشـایەتی دەرحـەق بـە گەلـی کـورد بەکارهێـنراون کـە تەنهـا داوای مافـی نەتەوایەتـی رەوای خـۆی کـردووە و هەروەهـا ئەتوانـرێ کەلکیـان لێوەربگیـرێ بـۆ لێکۆڵینـەوەی رێـڕەوی سـڕینەوە و بەکۆمـەڵ لەناوبـردن و تواندنـەوەی میللەتـی کـورد جگـە لەمانـە لەکاتـی خوێندنـەوەی ئـەو نووسراوانـەدا ئەتوانیـن لەکارەسـات و رووداوەکانـا تـێ بگەیـن. بـەڵام هەرگیـز نابـێ ئەوەمـان لەبیـر بچێتـەوە کـە ئـەو نووسراوانـە بەتایبەتـی بـۆ خزمەتـی ئامانـج و مەبەسـتی دوژمنانـەی شـۆڤینیەتی و دژی نەتـەوەی کـورد و سەربەسـتی ئـەوان تەرخـان کـراون، لـەو نووسراوانـەدا باسـی ئەمانـەی خـوارەوە ئەکەیـن:

١- بەزمانـی تورکـی (دەرەبـەی و دەرسـم حقوقـی ع.حقـی ١٩٣٢ شـێخ سـعید عصیانـی بهجـت جـمال ١٩٥٥..هتـد) لەبابەتـی ئـەم نووسراوانـەی بـە گیانێکـی کۆنەپەرسـتانەی تۆرانیـەوە دوژمـن بـە هەمـوو سەربەسـتییەك پڕکراونەتـەوە هیـچ نرخێکـی عیلمیـان نییـە کـە لەسـەرەتاوە تـا دوایـی لـە کۆمەڵێـك بوختـان و درۆ و بەڵگـەی نارێکـی دروسـتکراوا لەسـەر کـورد و مێژوومـان پێکهاتـوون و تاکـە مەبەسـتیان بیانـوو دۆزینەوەیـە بـۆ ئـەم رێـگا دڕندانەیـەی تـا ئێسـتەش بـۆ لەناوبردنـی نەتـەوەی کـورد لەسـەری دەڕۆن سـەدەها نامیلکـە و نـووسراو لـەم بابەتـەوە بـە زمانـی تورکـی لەلایـەن کۆنەپەرسـت و شـۆڤیەنەکانەوە دانـراون کـە ویـژدان و هەمـوو شـتێکی پیـرۆز بەتـاڵان و هـەرزان دەفرۆشـن بـۆ دابینکـردن و رەزامەنـدی تاخمـی کاربەدەسـتانی تورکیـا.

لــە زمانــی فارســیدا: دەتوانیــن باســی ناملیکــەی پرۆفیســۆر رەشــید یاســمی (کــرد و پیویســتگی نــژاد و تاریخــی او) بکەیــن لــە خوێندنەوەیــدا بــە چاکــی ئاشــکرا دەبێــت کــە دانــەر، ئامانجــی ئەمــە بــووە کــە دەرییخــا کــورد لــە نــەژادی فارســن، یــان میللەتــی کــورد نییــە و تەنیــا گەلــی ئێرانــی هەیــە کــە بەمــە نەتــەوەی فارســیش ئەخەڵەتێنــێ و ئــەوا ســەر ئامانجــی ئــەو نووســەرەمان بــۆ دەرئەکــەوێ کــە بریتییــە لەمــەی کــورد بــە فــارس دائەنــێ و بــە تونــدی بەیەکەوەیانــەوە دەبەســتێتەوە دەیانگەڕێنێتــەوە ســەریەك رەگــەز و یــەك مێــژوو بەپێــی تێبینــی وی کــورد هەرگیــز نەیویســتووە و نایــەوێ لەفارســی بــرا گەورەیــان جیابێتــەوە و نووســەر و مێژووناســی ئێرانــی لــەم بابەتــەوە زۆرن کــە هەوڵیانــداوە ئــەم درۆ ناڕەوایانــە بەســاخ بدەنــە پێنــووس، لەوانــە دکتــۆر ســنجابی و نــاوی لــە رۆژنامــەی (باســتان) بەســەر نــاوی (تەگــەرەی کــورد و کوردســتان) و دکتــۆر ئەفشــار لــە گۆڤــاری «ئاینــدە» و «ناهیــد وزیــر فهمــی، صــدری قاضــی و عباســی» لــە رۆژنامــەی «اطلاعــات» و ژەنــەراڵ رەزم ئــارا لەناملیکــەی جغرافیــای نظامــی ایــران و زۆر دانــەر و نووســەر و رۆژنامــە و نووســەرانی بەکرێگیــراوی تــر بــۆ خزمەتــی ئامانجــی شــۆڤیەنی بێگومــان یــەك ئامانــج ئــەم هەمــوو شــوڤیەنیانە کــۆ ئەکاتــەوە کــە بــە هــەر جــۆرێ و بــە هــەر نرخــێ بێــت کــورد بــە فــارس دابنێــن و نیشــانی بــدەن کــە تەگــەرەی کــورد هەرگیــز بوونــی نییــە، خەبــات و شۆڕشــەکانی کــورد لــە پێنــاوی ســەربەخۆییدا بریتیــە لــە دەســتەی رێگــران کــە لــەدەرەوە و لــە لایــەن بێگانــەوە هــان دەدرێــن.

هــەر چەنــد زۆر کــەس لــە نووســەر ئێرانییــەکان لــە نــەژاددا کــوردن بــەڵام بــەم هۆیــەوە کــە لــە چینــی کۆنەپەرســت و دەرەبەگەکانــدان خۆیــان کردۆتــە رابــەری ئیدیۆلۆژیــای کۆنەپەرســتانەی یــان ئێرانیــزم ئەمــەش بــە رێکەوتنێکــی تــەواو لەگــەڵ تاقمێکــی نیشتمانفرۆشــی دەســەڵاتدارانی ئێــران. جــا هیــچ ســەیر نییــە کــە ئــەم کۆســمۆ پۆلیتــە نــەژاد دۆڕاوانــە ئــەم چەشــنە نووسراوانــە نەخــش بکــەن و بەمــە

کـە لـە نـەژاددا کـوردن نرخـی زانسـتی و مێژوویـی ئـەم سـەرچاوە ئێرانیانـە بـەرز ناکاتــەوە ئەمــەش ئەگــەر هــەر ئــاواش بــێ دەتوانیــن باســی زۆر لــە نــووسراو و دانراوەکانــی بــە کرێگیراوەکانــی عێراقــی ســەردەمی پادشــایەتی گۆڕبەگۆڕیــش بکەیـن بـەم جـۆرە کـە سـەیری نـووسراو و شـوێنەواری دانـەرە تـورك و ئێرانـی و عێراقییەکانــی دەوری شــایەتی دوابــڕاو بکەیــن ئاشــکرا بۆمــان روون دەبێتــەوە تــا چ رادەیــەك ئەوانــە تەگــەرەی کوردیــان گۆڕیــوە و خوارکردۆتــەوە.

**نووسراوی مێژووناسەکانی ئەروپایی و رۆژئاوا**

ئـەم بەشـە لـە نـووسراوەکان بەتایبەتـی لەلایـەن شـۆڤار (جاسـوس) و نێـردراو و راوێــژکاری سیاســی و گەڕیدەکانــەوە (ســواح) نــووسراوە جــا چ نرخێکــی زانســتی ئەوتــۆی نییــە، بەتایبەتــی چونکــە زۆربــەی زۆری شــێوەیەکی چیرۆکــی (قصــص) ی هەیــە و گەلــێ جــۆری یادداشــت و گەشــت و راپــۆری ... هتــد تیایــە. ئەمــە لەگــەڵ ئەوەشــا کــە عیلمــی بــۆرژوازی ناتوانــرێ بەراســتی شــێوەیەکی روودراوی بــێ، چونکــە زۆر یــا کــەم بەرژەوەنــدی بــۆرژوازی ئیمپریالیزمــی و ســەرمایەداری چاوبرســی دەپارێــزێ بەتایبەتــی کــە لــە ســامانی کانگەکانــی کوردســتان و گرنگــی شــوێنی ســتراتیژی دەدوێــت. شــتێکی هەڵکــەوت نییــە کــە دانراوەکانــی نووســەرە ئینگلیــزەکان ئاشــکراترین جێگــەی لــە دانــراوی نووســەرەکانی ئەوروپایــی خۆرئــاوا گرتــووە ئەمــەش ســەیر نییــە چونکــە ئینگلیــزەکان لــە هەمــوو کــەس زیاتــر لــەم ســەد و پەنجــا ســاڵەی دواییــدا بــە تەنــگ کــورد و نیشــتمان و بزووتنــەوەی نیشــتمانیانەوەن تاکــو بــۆ خزمەتــی ئامانجــی داگیرکردنــی خۆیــان ســوودیان لــێ وەربگــرن و ئــەم خەریــك بوونەیــان بەپێــی چاوتێبڕینــی ئیمپریالیزمــی بەریتانیــا لــە میراتــی عوســمانییەکانەوە زیــاد بــووە لــە ســەرەتای ســەدەی نۆزدەمینــەوە پەرتــووك لەســەر پەرتــووك لــە بابــەت (ژیانــی ســەرەتایی کــورد) دەرچــووە، هەروەهــا چەنــد پەرتووکــی رائولینســۆن و تایلــور.. هتــد هەیــە لــە هەمــان کاتــا کــە لــە رۆژنامــە

و گۆڤـاره ئینگلیزیـەکان وتـار و بـاس لەبابـەت کـوردەوە بڵاوکرایـەوە. لـە سـاڵی ١٩١٢ دا نامیلکـەی (گەڕانێکـی نهێنـی لـە کوردسـتان و وڵاتـی (بیـن النهریـن) لـە لایـەن ی.ب. سـون) نـووسراوە ئـەم نامیلکەیـە بـە پوختەیـی نووسراوەکانـی پێشـووی ئینگلیـزەکان ئەژمێـردرێ.

لـەم پەرتووکـەدا (سـۆن) بەهـۆی سـوود وەرگرتنـی لـە نـووسراوی پێشـینیەکانی و تێبینـی خـۆی و چەنـد سـەرچاوەیەکی رۆژهەڵاتناسـەکانەوە توانیویەتـی کەرەسـتە و بەڵگـەی مێژوویـی (وثائـق تاریخیـە) نرخـدار دەربـارەی بەسـەرهاتی هـۆز و خێڵـە کـوردەکان و پەیوەنـدی کۆمەڵایەتیـان و ئـاگاداری لـە بابـەت زمـان و کەلچـەر و سـوچەکانی تـری کـوردەواری (البیئـة الکردیـە) و ژیانـی کۆمەڵایەتـی گەلـی کـورد کـۆ بکاتـەوە و ئەمـەی لـەم نامیلکەیـەدا بەتایبەتـی سـەرنج رائەکێشـێ لێکۆڵینـەوەی ژیانـی کۆمەڵایەتـی کوردسـتان و ئـەو بەڵگانەیـە کـە باسـی رووخانـی رژێمـی دەرەبـەگ و پەیدابوونـی چینـی کرێـکار ئـەکات.

لـەو نووسراوانـەی پـاش ئـەو دەمـە بڵاوکرانـەوە جـا کەباسـی ئەمانـەی خـوارەوە و گەلێکـی تـر بکەیـن:

نامیلکـەی (دوو سـاڵ لـە کوردسـتان)ی کاپیـتن هـای سـاڵی ١٩٢٣ و پەرتووکـی تەگـەرەی کـوردی (الفنسـتون) سـاڵی ١٩٤٦ و (وتـاری کوردەکانـی) (بۆڵـتن) و کتێبـی رۆژهەڵاتنـاس و زانـای کاروبـاری کـورد ڤ.ڤ. مینورسـکی (کـورد لـە ئەنسـای کلوپیدیـای ئیسـلامی)دا نامیلکـەی عێلەکانـی خۆرئـاوای ئێـران سـاڵی ١٩٤٦ م. هەمیشـە ئەبـێ راسـتییەکمان لەیـاد بـێ کـە زۆربـەی زۆری نووسـەرە بۆرژوازییـەکان راو ئارەزوویـان پاڵیـان پێـوە ئەنـێ کـە راسـتی (واقـع) بگـۆڕن و ئینـکاری بیئـەی نەتـەوەی کـورد و تەنانـەت بوونـی ئـەم نەتەوەیـەش بکـەن و لـەم بـاوەڕەدان کـە کـورد ناتوانـرێ لـە یـەك (اممـەت) کـۆ بکرێتـەوە و دەوڵەتێـك پێـك بێنـن. ف. میلنکتیـن و چەرچـل و ..هتـد لەوانـەن لەکاتێکـدا (راولتـون و مـورگان و هاوتاکانیـان) هـۆزی کـورد وا ئەژمێـرن وەك رژێمێکـی کـە لەسـەر وێنەیەکـی

دیموکراسی خێڵەکی (قبلی) بطریر بارکی دامەزراوە و کورد لە ریزی جانەوەر دائەنێن، یا داوای ئەمە ئەکەن کە کورد لە نەژادێکی تورانیە و بەمە بەڵگە ئەدەنە کۆنەپەرستانی تورك بۆ بەکارهێنانی ئەم چەکە لە پێناو ئامانجیان کە تواندنەوەی کوردە واتا کردنیان بە تورك (تتریك).

شتێکی راست و دادپەرەرانە بوو کە چاپکراوە سۆڤیاتەکان لەکاتی خۆیدا بێ نرخی ئەم نووسراوە بورژوازیانەیان خستە پێش چاو و بە خەڵکیان ناساند کە چەکی دەستی ئیمپریالیستەکانن تا کرداری داگیرکردنی پڕ تاوانەکانیانی پێ داپۆشن، نامیلکەی ژورنالی سۆڤیاتی لە بابەت رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ژمارە ١٣-١٤-١٩٣٢ لەم بابەتەوە، ئەمەی نووسی تئیوری عێلە شەڕکەرە دڕندەکان (مەبەستی هۆزەکانی کوردە س.ع.شەمزینی) کە تا ئێستا لە رژێمی خێڵەکی دەرنەچوون و لەکێوە سەختەکانا لەسەر دزی و رێگری دەژین و شارستانیەتیان خستووەتە مەترسییەوە. ئەم (تئیوریە) پەردەیەکە بۆ شاردنەوەی چەوساندنەوەی گەلانی رۆژهەڵات لە لایەن ئیمپریالیستەکانەوە خزمەتی بەرژەوەندی کاربەدەستە دەرەبەگەکانی ئێران و تورکیا دەکات کە ئەم هۆزانە دەچەوسێننەوە و زۆریان لێ دەکەن و هەوڵی تواندنەوەیان لە ناو نەتەوەی فارس و تورکا ئەدەن، بۆیە بە هەموو جۆر خەریکن لە تەگەرەی نەتەوایەتی کورد بێدەنگ بن و تەنانەت بوونیش لە وڵاتی ئێران و تورکیادا ئینکار بکەن (بڵاوکراوەی زورنایی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ژمارە ١٣-١٤ (١٩٣٢) لاپەڕە (٧٢) کە بەزمانی رووسی دەرچووە). هەروەها لەناو دانراوەکانی تری رۆژئاوادا لەبارەی کوردەوە کە شایانی باس بێ نامیلکەی (خوێندنی اجتماعیات مێژووی کورد ساڵی ١٩٥٦) وە هی ترە لە نووسراوەکانی ف. نیکیتین کە بە زمانی فەرانسەیی بڵاوکراونەتەوە و کە لەناو دانراوەکانی بێگانەدا بەتایبەتی سەرنج را ئەکێشێ کتێبی (کورد و یاسا)یە نووسینی ل. رامبو.

چونکـه یەکـەم کتابـە لـەم بابەتـەوە بەشـێوەیەکی لـە هەمـووان واقیعـی تـر باسـی مێـژووی خەباتـی نیشـتمانی ئـازادی هێنـەری (النضـال الوطنـی التحـرری) گەلـی کـورد ئـەکا و دانـەر بەتایبەتـی سـەرنج ئەکێشـێ بـۆ تەگـەرەی کـورد لـە پەیوەنـدی بەینـی دەوڵەتانـا دان بـەم رۆڵـە گەورەیـا ئەنـێ کـە هێـزە نیشـتمانییە پێشـــکەوتووەکان و کۆمۆنیســـتەکان لەکۆمەڵـــی کـــورددا یـــاری ئەکـــەن و ئـــەم نامیلکەیـە بەڵگەیەکـی گـەش و دەمکـوت کـەرە هانـدان و تەشـقەڵەی ئیمپریالیسـتە ئینگلیـزەکان لـە کوردسـتانا ئاشـکرا ئـەکا و، پەچـە لـە رووی کۆنەپەرسـتی ئێـران و تورکیـا و عێراقـی ئەوسـای گۆڕبەگـۆڕا دا ئەماڵێنـێ و دڕندەیـی و دڵڕەقـی و هارییـان بەرامبـەر گەلـی کـورد بـە سـووکی پێشـان ئـەدا نرخـی هـەرە گـەورە و گرنگـی دانراوەکانـی ئەوروپـای خـۆر ئـاوا لەمەدایـە کـە زۆر بـاس و بەڵگـەی روودراو و راسـتی تیایـە ئـەم نووسراوانـە لـە هەمـوو سـووچێکی ژیانـی کـورد ئەکۆڵنـەوە لەبـارەی (بیئـە) و ژینـی کۆمەڵایەتـی و پەیوەنـدی دەرەبەگـی و نەمانـی و مێـژوو و عیلمـی نـەژادی ئادەمیـزاد و زمـان و کەلچـەری نەتـەوەی کـورد و مێـژوو و جوغرافیـای.... کوردسـتان و بەشـێك لـەم بەڵگـە و باسـانە وەرگێڕاونەتـە سـەر زمانـــی روســـی (راف راســـتویجین) (شرح القضیـــە الکردیـــە) کـــە لـــە گۆڤـــاری رۆژهەڵاتـی شۆڕشـگێڕ ژمـارە ٣-٤ (١٩٣٣) بڵاوکراوەتـەوە.

تەنهـا کـە لـە رووی زانسـتییەوە زاراوەکانـی ئەرووپـای رۆژئـاوا هەڵسـەنگێنین نابـێ ئـەم سـێ شـتەمان لەیـاد بچـێ و یـا کەمترخەمیـان لـێ بکەیـن:

١- بەرژەوەنـدی سیاسـی نووسـەرەکان لـە لێکۆڵینـەوەی (دراسـەتی) تەگـەرەی کـورد

٢- خوو رەوشتی سیاسی نووسەرەکان

٣- بیروڕا و رێڕەوی نووسەرەکان

لـــە باســـەکان لـــەم دواییـــەدا لـــە زمانـــی فەرەنســـی بڵاوکراونەتـــەوە کـــە بەتایبەتـی لـە نێوانـی دانراوەکانـی بێگانـەدا سرنـج رائەکێشـێ (کتێبـی کـورد

و یاسـایە) نووسـینی (ل. رامبـو) چونکـە یەکـەم نامیلکەیـە کـە لـەم بابەتـەوە بەشـێوەیەکی لەوانـی تـر واقعـی تـر باسـی مێـژووی خەباتـی نیشـتمانی ئـازادی هێنـەر «وطنـي تحـرری» گەلـی کـورد ئـەکا. دانـەر بەتایبەتـی سرنـج رائەکێشـێ بـۆ تەگـەرەی کـورد لەپەیوەنـدی بەینـی دەوڵەتانـا، دان بـەم رۆڵـە گەورەیـا ئەنـێ کـە هێنـدە نیشـتمانییە پێشـکەوتووە کۆمۆنیسـتەکان لـە کۆمەڵـێ کـورددا یـاری ئەکـەن و، ئـەم نامیلکەیـە بەڵگەیەکـی گـەش و دەمکـوت کـەرە، هانـدان و تەشـقەلەی ئیمپریالیسـتە ئینگلیـزەکان لـە کوردسـتانا ئاشـکرا ئـەکا و پەچـە لـە رووی کۆنەپەرسـتی و دڕندەیـی ئێـران وتورکیـا و عێراقـی ئەوسـای گـۆڕ بـە گـۆڕ ئەماڵـی و دڕندەیـی و دڵڕەقـی و هاوایـان بەرامبـەر گەلـی کـورد بـە سـووکی پیشـان ئـەدا.

نرخـی هـەرە گـەورە و گرنگـی دانراوەکانـی ئەوروپـای رۆژئـاوا لەمەدایـە کـە زۆر بـاس و بەڵگـەی رووداو و راسـتی تیایـە و ئـەو نووسراوانـە لـە هەمـوو سـووچێکی ژیانـی کـورد ئەکۆڵنـەوە. لەبـارەی دەوروپشـت و ژینـی کۆمەڵایەتـی و پەیوەنـدی دەربەگیەتـی و نەمانـی و مێـژوو و عیلمـی نـەژادی ئادەمیـزاد و زمـان و کەلچـەری نەتـەوەی کـورد و مێـژووی جوگرافیـای کوردسـتان و بەشـێك لـەم بەڵگـە و باسـانە وەرگێراونـە سـەر زمانـی روسـی . تەنیـا کـە لـە رووی زانسـتیەوە دانراوەکانـی ئەوروپـای رۆژئـاوا ئەپشـکنین و هەڵیـان ئەسـەنگێنین سـێ شـت هەنـە نابـێ لەیـاد بچـن وەکـو لـە لاپـەڕە (٢)دا باسـیان کـرا.

هەروەهـا ئەبینیـن روسـیای پێـش شۆڕشـی گـەورەی ئۆکتوبـەری مـەزن زۆر بەتەنـگ کـوردەوە بـووە کۆمەڵێکـی زۆر وتـار و نامیلکـە لەبابـەت کوردانـەوە چـاپ و بڵاوکرایـەوە کـە زۆریـان شـێوەیەکی زانسـتی جەنگـی هەیـە وەك (گەشـتێك لـە کوردسـتانی ئێـران لەلایـەن ف. خانیکـوف ١٨٥٢ و دانـراوی گۆڤـاری گەشـتی ژەنـەراڵ سـیریکوف بـە ژمـارەی ٩٥٣٠ سـاڵی ١٨٤٩ کـە لـە پەیوەنـدی کۆمەڵایەتـی کورددا ئـەدوێ لـە هەرێمـی خـان ماکـو سـندوس و سـابڵاخ و دانـەری

پەیـام گۆڤـاری ئەنجوتانـت گـراف لەلایـەن ئاریڤانسـکی ای. کـی. اف. ای ١بـە ژمـارە ٤٦٤٦٦ سـاڵی ١٨٥٠ جگـە لەمانـە زۆر پەیـام و وتـاری تـر هەیـە لەبـارەی چۆنییەتـی کوردسـتانی ئێرانـەوە، لـە نیـوەی یەکەمـی سـەدەی نۆزدەمـا هەروەکـو گەلـێ وتـاری (کامسـارالکان و فاسـیلیو و بانتوخوف..هتـد.) لـە بڵاوکراوەکانـی (کۆمەڵـی جوغرافیـای روس) بەتایبەتـی لەیادداشـتی لـە (ز.ك.و.ای. ر. کـی و) قەفقاسـیاوە لەمانـە دانراوەکانـی کارتسـف و الیـزاروف و بانتوخـوف ون. مـار و سـمیرنوفەوە لـەم دوایەیـدا واسـیلیف و ئاراکلیـان ...هتـد.

پێویسـت نـاکا باسـی پوختـەی هەمـوو دانـراوە بـە رووسـی و چاپکـراوەکان و ناوەکانیـان بکەیـن هەروەهـا چەنـد وتارێکـی گرنـگ هەیـە بەهـۆی ئـەم بەڵگـە و رووداوانەیانـەوە کـە تیایاندایـە لەسـەر پەیوەنـدی نـاو کـوردەکان لەمانـەش وتـاری (کـی. ب. کامسـاراکان و کارتسـیف و کالوپاکیـن..) کـە لـە دەسـتەیەك بەڵگـە لەبـارەی ئاسـیاوە بڵاوکراونەتـەوە لـە بڵاوکراوەکانـی وەزارەتـی کاروبـاری دەرەوەی روسـیادا لـە رۆژنامـە و چاپکراوەکانی دایەرەکانـی جەنگـی کـە چەشـنی (بڵاوکراوەکانـی ئەرکانەکانـی جەنگـی بـەرز) وە راپـۆری (ئەرکانـی جەنگـی هەرێمـی قەفقاسـیا و نووسراوەکانـی تشـیریکوف- گۆڤـاری گەشـت و سـیاحەت نامـەی حـدود لەلایـەن خورشـید افنـدی و ا.ف.یـاس و بڵاوکراوەکانـی تـری وەزارەتـی دەرەوەی روسـیادا لەمانـە زۆر ئـاگاداری و زانایـی لەبـارەی کـوردی ئێرانـەوە هەیـە. بەشـی دووەمـی (بەڵگـە لـە بـارەی رۆژهەڵاتـەوە سـاڵی ١٩١٥) کـە تێکـڕای بـۆ تەگـەرەی کـورد تەرخـان کـراوە نرخێکـی تایبەتـی هەیـە، چونکـە لەسـەر یادداشـتی رۆژانـەی قونسـولی رووسـی (اورولـوف) لـە بەغـداوە زۆر وتـاری یـەك لـە کوردناسـە بەناوبانگەکانـی تیایـە و. ف. مینورسـکی دانـەری (اثـر الاکـراد) کـە لـە کۆمەڵـە چاپکراوەکانـی وەزارەتـی دەرەوەی روسـیادا بڵاوکرایـەوە.

---

١ اف راستوبجین- شەرحی تەگەرەی کورد کە لە گۆڤاری رۆژهەڵاتی شۆڕشگێڕ ژمارە ٣-٤ لە ١٩٢٣ دا بڵاوکرایەوە.

ســاڵی ١٩١٥ هەروەهــا زۆر دانــراوی نووســەری جەنگییــەکان هەیــە وەك ژەنــەراڵ زیلیونــی و لیبوخیــن و بولکونیــك و کشــیر فــوزو بــوف و کابنــتن بنــتر نغــره و یادداشــت لەبــارەی کوردســتان لــە کۆمەڵــە بەڵگەکانــی جوغرافیــا و تەبوغرافــی و ســەرژماردن لەئاســیا، بەشــی ٨٤ ســاڵی ١٩١١ و نووسراوەکانــی ل.ف تێکــڕا ئــۆف و ماکســیمو فیــج و فاسیلکوفســکی و افربانــوف.. هتــد. پێویســتە بوتــرێ کــە دانــراوی رووســەکان پــڕن لــە بەڵگــەی راســتی رووداو تەنهــا زانســتی رۆژئــاوا کارێکــی ئاشــکرای تێکــردووە و لــە ئەنجامــی ئــەم کارتێکردنــەدا بیــری (خێڵەکــی، بطربریارکــی) کــوردەکان و ئــەم بابەتــە تەنانــەت لــە نێــوان زانــا رووسەکانیشــا بڵاوبــووەوە.

پــاش شۆڕشــی ئۆکتوبــەری مــەزن، عیلمــی مێژوویــی ســۆڤیاتی بــۆی نەبــوو بــڕوا بەڕێــوە بــێ ئەمــەی (بزووتنــەوەی رزگاری نیشــتمانی گەلــی کــورد) بگرێتــە بــاوەش. بۆیــە هــەر لــە یەکــەم هەنگاویــدا رووی کــردە پشــکنین و لێکۆڵینــەوەی ئــەم بزووتنەوەیــە بەتایبەتــی گۆڤــاری رۆژهەڵاتــی خــۆی ژمــارە (١٠-١١-١٢) ســاڵی (١٩٢٧) رۆڵێکــی بــێ پایانــی بینــی کــە دانراوەکانــی (ئاراکیلیــان)ی بڵاوکــردەوە کــە بــۆ تەگــەرەی کەمایەتییــە نەتەوایەتییەکانــی ئێــران و خەباتیــان لــە پێنــاوی دەســەڵاتی خۆیــی (خودموختــاری) تەرخــان کــراوە وە هەروەهــا نووسراوەکانــی (لاهوتــی) لەبــارەی جووڵانــەوەی کــورد لــە ژێــر ســەرناوی (کوردســتان و کوردەکانــەوە) بــڵاو کــردەوە. (گۆڤــاری رۆژهەڵاتــی نــوێ ژمــارە ٤ ســاڵی ١٩٢٣) ئــەم گۆڤــارە خوێندەوارەکانــی ســۆڤیاتی ئــاگادار کــردن لــە چۆنییەتــی کــورد و هــەر شــتێکی لەبابــەت کاروبــاری کــوردەوە کــە لــە دەرەوەی ســنووری ســۆڤیاتا نــووسراوە، جگــە لــەم گۆڤــارە چەنــد گۆڤارێکــی تــری ســۆڤیاتی کاروبــاری کــوردی گرتــە ئەســتۆ وەك گۆڤــاری بلشــفیك و قەفقازیــا و گۆڤــاری بەیانــی رۆژهــەڵات و گۆڤــاری ئیتنوگرافــی ســۆڤیاتی ســاڵی ١٩٣٦ و گۆڤــاری کاتــی تــازە هەروەهــا زۆر لــە رۆژنامــەکان وەك ازڤیســتیا و پراڤــدا و گەلێــك ژورناڵــی رۆژهەڵاتــی ناوەڕســات

ژمــاره ١٣ و ١٤ ســاڵی ١٩٢٢ و زۆر باســی بــه نــرخ لــه ژمارەكانــی پێــش ئــەم (نشرەیــەدا) بڵاوكرانەتــەوە.

لەمــڕووەوە پێویســتە باســی نووسراوەكانــی شــارەزایانی كاروبــاری كــوردی بەناوبانــگ مامۆســتا و. ل. ویلجفســكی بكەیــن كــە جێگەیەكــی دیــاری هەیــە لــە لێكۆڵینــەوە و چارەكردنــی تەگــەرەی كشــتوكاڵی. كتابــی ١-٢-٩٢٢ و هەمــوو نووسراوەكانــی ویلجیفســكی شــایانی نرخدانێكــی فراوانــن چونكــە دانــەر (مولــف)ی ناوبــراو لەســەر بناغــەی بەڵگــەی روودراوی زۆری و بینینــی تایبەتــی خۆیــەوە نەمــان وە لەناوچوونــی پەیوەنــدی دەرەبەگێتــی لــە كوردســتانا پیشــان ئــەدا و چۆنییەتــی كۆمەڵــی جووتیارانــی كوردســتانی و گۆڕانــی بزووتنــەوەی نیشــتمانی كــورد ئەخاتــە بەرچــاو و ویلجفســكی زۆر بەڵگــەی روودراوی نرخــدار ئــەدا بــۆ خوێنــدن و لێكۆڵینــەوەی مێــژووی گەلــی كــورد، تەنیــا جێگــەی داخــە كــە بــەراوردی و تێبنییەكانــی لەبــارەی گۆڕانــی مێژوویــی پێویســت و راســتی چەنــد شــتێك لــە مێــژووی بزووتنــەوەی نیشــتمانی میللەتــی كــورد ناتوانرێــت هەمیشــە پەســند بكرێــت، چونكــە بــەلای ئێمــەوە هەرگیــز و هەرگیــز ناشــێ شۆڕشــە نیشــتمانیەكانی كــورد لەســاڵی ١٨٨٠ و ١٩٢٥ بــە شۆڕشــی دەرەبەگــی و كۆنەپەرســتی نــاو ببرێــن و، ســەركردەكانیان بــە ناپــاك (خائــن) و (ســەربڕ) بدرێتــە قەڵــەم. بەڵكــو ئــەو شۆڕشــە نیشــتمانیانەی كــورد ئاڵقەیەكــی مێژوویــی پێویســتن و لــە مێــژووی رێــڕەوی گۆڕانــی خەباتــی شۆڕشــگێڕی نیشــتمانیی ئــازادی هێنــەری نەتــەوەی كــورددا، بــەڵام زۆر پەرۆشــە كــە لێكدانــەوەی راپەڕینــە نیشــتمانییەكانی كــورد ئــاوا بــە چەوتــی گەیشــتۆتە دانــراوی نــووسراوە ســۆڤیاتیە تــازەكان كــە دەیانــەوێ شــارەزایی لــە مێــژووی كوردانــدا بكەنــە پیشــە، هەروەهــا جۆرەهــا (اتروحــەی عیلمــی) بەتایبەتــی لەســەر كــوردەوە نــووسراون وەكــو اتروحــەی أ.أ. كوردنتیســوف (عێــراق لەكاتــی جەنگــی دووەمــی جیهــان ســاڵی ١٩٤٨ و اتروحــەی ای.و. فاریــزۆڤ (شــوێنی بزووتنــەوەی نیشــتمانی ئازادیخــوازی كــورد لــە خەباتــی

گەلانــی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت و نزیــکا دژی ئیپمریالیــزم ســاڵی ١٩٥٣.

هەمــوو ئــەو لێکۆڵینــەوە زانســتیانەی کــە باســکراون لەســەر کــورد ژمارەیەکــی زۆری بەڵگــەی زۆر ڕوودراوی بــە نرخیــان تێدایــە و پــڕن لــە لێکدانــەوەی دوور و قــوڵ لــە بابــەت گەلــی، لــەو گەڕانــەی تیایانــدا پیشــاندراون تەنهــا ئەبــێ بزانیــن کــە تەنانــەت دانــەری ئــەم (لێکۆڵینەوانــەش) تیــۆری چــەوت و هەڵــە کاری تێکــردوون، چونکــە لــە لێکدانــەوەی سروشــتی بزووتنــەوەی نیشــتمانی کــورد و شۆڕشــەکانی و نیشــتمانپەروەرانی کــورد کەوتوونەتــە هەمــان هەڵــەی باســکراو کــە بــێ دەســتکاری کــردن، ئــەم ڕایــە چەوتەیــان لەبــارەی ئــەو بزووتنــەوە نیشــتمانیانەوە و پێشــەواکانیانەوە دووپاتــە کردۆتــەوە کــە ئێســتا لــە نیشــتماندا و لــە تێبینــی لێکدانەوەیــان باوەڕیــان بــە لێکۆڵینــەوە و کــرداری پێشــنییەکانیان بــووە، وە لــە ڕاســتیا کــەم یــا زۆر هەمــان تاوانیــان داوەتــە پــاڵ شۆڕشــەکانی کــورد کــە بــە کۆنەپەرســتی و ســەرۆکەکانیان بــە ناپــاك ئەدەنــە قەڵــەم. لــە ڕاســتیدا ئەمانــە خوێنــدەوار و ئــەو کەســانەی بــە تەگــەرەی مێــژووی کــوردەوە خەریکــن لــە ســۆڤیاتەکان بــە ڕێگایەکــی زۆر چەوتــا ئەبــەن و لەبــارەی تەگــەرە و مێــژووی کــورد دەســت خەڵەتیــان ئــەدەن. هەروەکــو ناشــێ ئــەم چاکــە زۆرە ئــەم خزمەتــە گرنگەمــان لــە یــاد بچــێ کــە ســۆڤیەتە کــورد ناســەکان هەیانــە بەهــۆی پشــکنین و لێکۆڵینەوەیانــەوە لەســەر وێــژە و زمــان و ئەنتوگرافیــا و هونــەری گەلــی کوردانــدا.

لــە نووســینەکانی ئــەم ســۆڤیەتانەی بەتایبەتــی شــارەزای کاروبــاری کــوردن پێویســتە باســی چاکــەی دانەرەکانــی ك. کوردۆیــف بکەیــن کــە پــەردە لــە ڕووی تیئۆرییــە ســاختە و خوارکــراوە ریســواکانی بورژوازییــەکان و چەنــد پشــکنەرێکی ســۆڤیەتی کــە لــە نووسراوەکانیانــا بــە چەوتــی لــە مێــژووی گەلــی کــورد و زمــان و وێــژەی دەدوێــن و باســی پاشــکەوتنی و ڕەوشــی تایبەتــی مێــژووی کــورد و شارســتانییەتی دەکــەن، هەروەهــا مامۆســتا ك. کوردۆیــف زۆر دانــراوی تــری هەیــە بەتایبەتــی لــە زۆر ســوچی وێــژە و زمانــی کــورددا ئەکۆڵێتــەوە.

(ك.ك. کوردۆیــف خــوار کردنــەوەی مێــژووی کــورد لــە نامیلکــەی مێــژووی بورژوازیەتـی ئێرانـی لـە کۆمەڵـەی زانسـتگای لینینگـراد لـە بـارەی عیلمـی زمـان و وێـژە و مێـژووی وڵاتانـی رۆژهـەڵات (بـەرگ ٢ سـاڵی ١٩٥٠) ئەمانـەی خوارەوەشـی هەیـە:

١- نقـد النظريـات الخاطئـه فـی اللغـة الكرديـة فـی موجـز انبـاء معهـد الـشرق جـزء ١٣ سـاڵی ١٩٥٣

٢- الاكراد- في مجموعة الشعوب آسيا الامامية ساڵی ١٩٥٧

٣- قواعد اللغة الكردية لينينغراد ساڵی ١٩٥٧.

میللەتـی کـورد ناچـار دەبـێ پەرۆشـی خـۆی دەربـڕێ دەربـارەی یـەك شـت ئەویـش ئەمەیـە کـە ئەبوایـە مێـژووی کـورد و خەباتیـان لـە پێنـاوی سـەربەخۆیی و ئـازادی و تەگـەرەی کـورد و چۆنییەتـی راسـتی کـورد لـە دانـراو و پەرتووکەکانـی سـۆڤیەت ئاشـکرا و لێکۆڵـراوە و بـە جۆرێکـی بـێ لایەنـی و.. راسـتییەکی تـەواو لـە ئێسـتە پـتر پیشـان بدرایـە تاکـو ببوایـە بـە ئاوێنەیەکـی راسـتی، تەنیـا پەرۆشـە کـە تـا ئێسـتا ئـەم باسـانە بـە چاکـی ئاشـکرا نەکـراون و بەشـێوەیەکی روودراوا لـە نامیلکـە و دانراوەکانـی سـۆڤیات نەخراونەتـە بەرچـاو بۆیـە زۆر جـار ئەبینیـن وتـە و پەرتـووك و نووسراوەکانـی سـۆڤیاتی لەسـەر کـورد بـە تایبەتـی ئەمـەی پەیوەنـدی هەیـە بـە مێـژووی خەباتـی درێـژی گەلـی کـورد لـە پێنـاوی رزگاربـوون و سـەربەخۆییدا ئـەم باسـانەی سـەرەوە بەجۆرێکـی ناتـەواو نیشـان دەدا بـە چەشـنێ ئەیخاتـەڕوو کـە دوورە لـە راسـتی و روودراو و بێلایەنـی و دادپـەروەری نـەك هـەر ئەمـە بگـرە زۆرجـار نووسـەرەکانیان پشـت بەناوەرۆکـی نـووسراوە گشـتییە تورکـی و ئێرانـی و عێراقیەکانـا دەبەسـتن بۆیـە وەك جووڵانەوەیەکـی کۆنەپەرسـتانەی دەرەبەگـی و ئایینـی.. هتـد، سـەیری بزووتنـەوەی ئازادیخـوازی کـورد دەکـەن و بـەم چەشـنە لێکـی دەدەنـەوە و ئەمـەش چـاوەڕوان نەدەکـرا وە شـتێکی ئاسـتەمە.

٤- دانراوی نووسەرە کوردەکان

ئـەم بەشـە نووسراوانـە لەبـەر چەنـد هۆیـەك بـە جۆرەهـا زمـان دانـراوە وەك زمانـی کـوردی و عەرەبـی و روسـی و فەرەنسـیی و ئینگلیـزی و فارسـی و تورکی..هتـد. ئـەم دانراوانـە زۆرن بـەڵام بەجۆرێکـی گشـتی شـێوەیەکی پێشـاندانی ژورنالـی (صحافـی) هەیـە و گەلـێ وتـاری تێدایـە کـە بریتیـە لـە دەنگوباسـی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی کـە بەڵگـەی رووداوی یەکجـار کەمـە. لەگـەڵ ئەمەشـا چەنـد نامیلکەیەکـی نرخـدار و بەکەلـك لەنـاو ئـەم دانراوانەدایـە کـە پـڕن لـە زانیـاری و رووداو لەبابـەت کـوردەوە لەهەمـوو سـەرچاوەکانی تـر باشـتر و پـڕ سـوودترن بـۆ لێکۆڵینـەوەی مێـژووی کـورد و خەبـات و تێکۆشـانیان لـە پێنـاوی ئـازادی و سـەربەخۆییدا.

هەمـوو ئـەو لێکۆڵینەوەیـە زانسـتیانەی کـە باسـکران لەسـەر کـورد ژمارەیەکـی زۆری بەڵگـەی رووداوی بـە نرخیـان تیایـە و پـڕن لـە لێکدانـەوەی دوور و قـوڵ لـە بابـەت گەلـێ لـەو تەگەرانـەی تیایـان پیشـاندراون بـەڵام ئەبـێ بزانیـن کـە تەنانـەت دانـەری ئـەم (لێکۆڵینەوانـەش) تیئـوری چـەوت و هەڵـە کاری تێکـردوون، چونکـە لـە لێکدانـەوەی سروشـتی بزووتنـەوەی نیشـتمانی کـورد و شۆڕشـەکانی و نیشـتمانپەروەرانی کـورد کەوتوونەتـە هەمـان هەڵـەی باسـکراو کـە بـێ دەسـتکاری کـردن ئـەم بڕوایـە چەوتەیـان لەبـارەی ئـەو بزووتنـەوەی نیتشـمانیانە و پێشـەواکانیانەوە دووپاتـە کردۆتـەوە کـە ئێسـتا نیشـانماندا‌وە لـە تێبینـی و لێکدانەوەیـان باوەڕیـان بـە لێکۆڵینـەوە و کـرداری پێشـبینیەکانیان بـووە و لـە راسـتیدا کـەم یـا زۆر هەمـان تاوانیـان خسـتۆتە پـاڵ شۆڕشـەکانی کـورد کـە بـە کۆنەپەرسـتی و سـەرۆکەکانیان بـە ناپـاك ئەدەنـە قەڵـەم!

وەلـە راسـتیا ئەمانـە خوێنـەوار و ئـەو کەسـانەی بـە تەگـەرە و مێـژووی کـوردەوە خەریکـن لـە سـۆڤیاتیەکان بەرێگایەکـی زۆر چەوتـا ئەبـەن لەبـارەی تەگـەرە و مێـژووی کـورد دەسـت خەڵەتیـان ئـەدەن هەروەکـو ناشـێ ئـەم چاکـە

زۆره و ئــەم خزمەتــە گرنگەمــان لەیــاد بچــێ ســۆڤیاتیه کوردناســەکان هەیانــە بەهــۆی لێکۆڵینــەوه و پشــکنینیانەوه لەبابــەت وێــژه و زمــان و ئەنتوگرافیــا و هونــەری گەلــی کــورددا. لــە نووســینەکانی ئــەو ســۆڤیاتیانەی بەتایبەتــی شــارەزای کاروبــاری کــوردن پێویســته باســی چاکــەی دانراوەکانــی ك.کوردویــڤ بکەیــن کــە پەچــە داماڵیــن لــە رووی تیئۆرییــە ســاختە و خوارکــراوه رســواکانی بورژەوازیەکانــا چەنــد پشــکنەرێکی سۆڤیاتی کــە لــە نووسراوەکانیــان بــە چەوتــی لەمێــژووی گەلــی کــورد و زبــان و وێــژەی ئەدەوێــن و باســی پاشــکەوتن و رەوشــتی تایبەتــی مێــژووی کــورد و شارســتانیەتی ئەکــەن. هەروەهــا مامۆســتا ك. کوردۆیــف زۆر دانــراوی تــری هەیــە بەتایبەتــی لــە گەلێــك ســووچی وێــژه و زمانــی کــورددا ئەکۆڵێتــەوه (ك.ك کوردۆیــف- خوارکردنــەوەی مێــژووی کــورد لەنامیلکــەی (مێــژووی بۆرژوازیەتــی ئێــران)ی لــە بڵاوکراوەکانــی زانســتگای لینیگــراد لەبــارەی زانســتی زمــان و وێــژه و مێــژووی وڵاتانــی رۆژهــەڵات- بــەرگ (٢) ســاڵی ١٩٥٠) ك. کوردیــۆف ئەمانەشــی هەیــە:

١. رەخنــە تیۆرییــە چەوتــەکان لــە زمانــی کوردیــدا لــە کورتــەی رۆژهەڵاتــی زانســتگای رۆژهــەڵات بــەرگ ١٣/ ســاڵی ١٩٥٣

٢. کورد لە دەستەی گەلانی پێشەوەی ئاسیادا ساڵی ١٩٥٧

٣. رێزمانی زمانی کوردی لینینگراد ساڵی ١٩٥٧.

نەتــەوەی کــورد ناچــاره و دەبــێ پەرۆشــی خــۆی دەربــارەی یــەك شــت دەربــڕێ ئەویــش ئەمەیــە کــە ئەبوایــە مێــژووی کــورد و خەباتیــان لــە پێنــاوی ســەربەخۆیی و ئــازادی و تەگــەرەی کــورد و چۆنییەتــی راســتیی کــورد لــە دانــراو و پەرتووکەکانــی ســۆڤیات ئاشــکرا و لێکۆڵــراوه و بــە جۆرێکــی بــێ لایەنــی و راســتییەکی تــەواوی لــە ئێســتە پــتر پیشــان بدرایــە! تاکــو ببوایــە بــە ئاوێنەیەکــی راســتی، تەنیــا پەرۆشــەکە تــا ئێســتە ئــەم باســانە بــە چاکــی ئاشــکرا نەکــراون و بەشــێوەیەکی رووداو لەنامیلکــە و دانراوەکانــی ســۆڤیاتدا نەخراوەنەتــە بەرچــاوەوه. بۆیــە

گەلێ جار ئەبینین وتە و پەرتووك و نووسراوەکانی سۆڤیاتی لەسەر کورد و بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی هەیە بە مێژووی خەباتی کورد دوور و درێژی گەلی کوردەوە لە پێناوی سەربەخۆیی و رزگاربوونیا ئەم باسانەی سەرەوە بە جۆرێکی ناتەواو پیشان ئەدا و بە چەشنێك ئەیخاتەڕوو کە دوورە لە راستیی رووداو و بێ لایەنی و دادپەروەری! نەك ئەمە بگرە زۆر جار نووسەرەکانیان پشت ئەبەستن بەناوەرۆکی نووسراوەی گشتییە تورکی و ئێرانی و عێراقییەکان. بۆیە وەك جوڵانەوەیەکی کۆنە پەرستانەی دەربەگی و ئایینی...هتد سەیری بزووتنەوەی نیشتمانی ئازادیخوازی کورد ئەکەن بەم چەشنە لێکی ئەدەنەوە ئەمەش لەوان چاوەڕوان نە ئەکرا و جێگەی پەرۆشی و زۆر ستەمە.

٤. دانراوەی نووسەرە کوردەکان:

ئەم بەشە نووسراوانە لەبەر چەند هۆیەکا بەجۆرەها زوبانی جیاواز دانراوە، وەك زمانی کوردی، روسی، فەرەنسەیی، ئینگلیزی، تورکی و فارسی و عەرەبی. هتد. ئەم دانراوانە زۆرن بەڵام بە جۆرێکی گشتی شێوەیەکی پیشاندانی ژورناڵی (صحافی) هەیە و گەلێك وتاری تێدایە کە بریتیە لە دەنگوباسی کۆمەڵایەتی و سیاسی کە بەڵگەی رووداوی ئێجگار کەمن لەگەڵ ئەمەشا چەند نامیلکەیەکی نرخدار و بەکەڵك لەناو ئەم دانراوانەدا هەن کە پڕن لە زانیاری رووداوی لەبابەت کوردەوە. لە هەموو سەرچاوەکانی تر باشتر و پڕ سوودترن بۆ لێکۆڵینەوەی مێژووی کورد و خەبات و تێکۆشانیان لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆییدا.

لەپەڕاوە بە نرخەکانی ئەم بەشەدا ئەبێ ناوی ئەمانەی خوارەوە بێنین: (نامیلکەی شەرەفنامە) ی شەڕەفخانی بتلیسی کە بەفارسی نووسیوە لەسەرچاوە بە نرخەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا ئەژمێردرێت بۆ لێکۆڵینەوەی مێژووی کورد.

شەرەفخان شەرەفنامەکەی لە ساڵی (١٠٠٥)ی کۆچی لە ١٥٩٦ی زایینی

تــەواو کــرد٢. ئــەم میراتــە مێژووییــە گرنگــە بــۆ زۆر زمــان وەرگێــڕاوە وەك فەرەنســەیی و ئینگلیــزی، عەرەبــی و تورکــی و ئیــتر و مێــژووی کــوردی تێدایــە دەربــارەی خێزانــە فەرمانڕەواکانــی کــورد. ئەمــارەت و حکومــەت (ئیشــکێلە) دەربەگییەکانــی کــورد پەیوەســتی دەربەگیەتــی، کارەســاتە روودراوە راســتەکانی، بەڵگــەی چەســپاوی ئاشــکرا لەبابــەت پەیوەنــدی دوولایــی لــە نێوانــی خێزانــە ســەردارەکانی کوردەکانــا و پەیوەســتیان لەگــەڵ ئیشــکیلی (حکومەتــی) شــای ئێــران و نیشــاندانی رژێمــی دەرەبەگیەتــی و هەروەهــا زانینــی راســتی و گشــتی زۆر لەبــارەی هێــزی بەرهەمهێنــان و دەرامەتــی بنەماڵــە هەبــووە و دەســەڵاتدارەکان، هەروەهــا شــەرەفخان لــەم دانراوەیــا بەتایبەتــی خــۆی خەریــك کــردووە بەدەرخســتن و باســکردنی چۆنییەتــی کۆمەڵانــی خەڵــك و لەبــارەی جووتیــاران ئــەدوێ و ئــەم شــەرەفنامەیە بەگشــتی زۆر بەڵگــەی روودراو و گرنگــی تێدایــە بــۆ خوێنــدن و لێکۆڵینــەوەی مێــژووی گەلــی کــورد لەســەدەکانی ناوەڕاســتدا. ســەرچاوەیەکی گرنگــی تــر هەیــە لەســەرچاوە بنچینەییــەکان ئەژمێــردرێ بــۆ خوێندنــی مێــژووی کــۆن و نوێــی گەلــی کــورد، ئەمیــش (خولاســەی مێــژووی کــورد و کوردســتانە) کــە زانــای کــورد مامۆســتا ئەمیــن زەکــی بــەگ لــە دوو بەرگــدا بــە زمانــی کــوردی بــۆی بەجێهێشــتووین (بەغــداد ١٩٣٦). ئــەم پەرتووکــە زۆر بەڵگــەی گرنگــی تێدایــە و دانــەر باســی مێــژووی سیاســی کــورد دەکا لــە زەمانــە کۆنەکانــەوە تــا جەنگــی یەکەمــی جیهانــی و مامۆســتا (محەمــەد عەلــی عەونــی) ئــەم گەنجینەیــەی لــە قاهیــرە وەرگێڕایــە ســەر زمانــی عەرەبــی کــە بەرگــی یەکەمــی ســاڵی ١٩٣٦ لــە چاپــدراوە و بەرگــی دووەمــی ســاڵی ١٩٤٥، هەروەهــا نــووسراوی تــر زۆرن کەشــایەنی چاوەدێــری کردنــن و بــۆ خوێنــدن و لێکۆڵینــەوەی تەگــەرەی کــورد بەشــێوەیەکی زانســتی زۆر بەکەڵکــن وەك پەرتووکەکــەی

٢. سـەیری کتێبەکـە (أ.ی.ب. بتروشفیسـکی بکـە (کورتـە باسـێك لـە مێـژووی پەیوەنـدی ئابووری لـە ئازەربایجان و ئەرمەنسـتاندا سـەدەی ١٦ و سـەرەتای سـەدەی ١٧. لینینگراد ١٩٤٩ لاپەڕە (٣٠)

(دکتـۆر بلـەچ شـێرکۆ) بەعەرەبـی (تەگـەرەی کـورد رابـردووی کـورد و ئێسـتایان (قاهیـره ١٩٣٠) نووسراوەکانـی مامۆسـتا (رەفیـق حیلمـی) بەعەرەبـی و کـوردی لەسـەرەتای مێـژووەوە تـا سـاڵی ١٩٢٠ (موسـڵ ١٩٣٤)، بەرگەکانـی یادداشـت بـە زمانـی کوردیـوە، دەرسـیم لـە مێـژووی کوردسـتان (حلـب ١٩٥٢) لەلایـەن نـوری دێرسـیمی بەزمانـی تورکـی و، کوردسـتان و شۆڕشـەکانی کـورد بەرگـی ١ و ٢ تـاران ١٩٤٦ لەلایـەن عبدالعزیـز یاملکـی وە بڵاوکراوەکانـی زاری کرمانجـی لـە نووسـینی خاوەنەکـەی (دامـاو حوسـێن حزنـی موکریانـی) و لـە بڵاوکراوەکانـی لێژنـەی کـوردی لـە پاریـس بڵاوکـراوەی ناوچـەی خوێندنـی کـوردی و یادداشـت و بیرخـەرەوەی رێکخراوەکانـی کـورد بـۆ (کۆمەڵـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان). هەروەکـو نابـێ چەنـد نووسراوێکـی لەیـاد بکرێـن، کـە پێویسـتی سـەرنج دانـن وەك گۆڤـاری گەلاوێـژ و نیشـتمان و هـاوار و کوردسـتان و روایـە و روزگار سـیاە کارگرانـی ایـران (رۆژی رەشـی کرێکارانـی ئێـران) کـە بـە فارسـی احمـد خـوداداد نووسـیویەتی و لـە ژێـر سـەرناوی بەشـی جوتیـار ١٩٣٤ کراوەتـە رووسـی و...هتـد.

لەبـەر ئەمـەی کـە شـێوەی بنچینـەی زانسـتی کـە لـە نووسـینی ئـەم پەڕاوەمانـا بەکارمـان هێنـاو (شـێوەی زانسـتی مارکسـی- لینیـن) لەبابـەت جووڵانـەوە نیشـتمانییەکان و تەگـەرەی نیشـتمانی، بۆیـە ئێمـە لـە ئامادەکـردن و دانانـی ئـەو باسـانەی لـەم پەراویـەدا ئەمانـەوێ کەڵـك لـەم دانـراو و نـووسراوە بنچینەییـە کلاسـیکیانەی مارکـس- لینیـن خـوارەوە وەرئەگریـن:

لـە دانراوەکانـی فرەدریـك انجلـز: نـەژادی خێـزان و هەبوونـی تایبەتـی و دەوڵـەت.

لـە دانراوەکانـی ف. ا. لینیـن (چەنـد نیشـدانێکی رەخنەیـی لـە بابـەت تەگـەرەی نیشـتمانی) وە (چینـی کرێـکار و تەگـەرەی میللـی) (رۆڵـی سـەرمایەداری لـە پێکهێنانـی نەتەوانـدا) و (خودموختـاری و کەڵچـەری و نیشـتمانی)وە (چەنـد بڕیارێـك لەبـارەی تەگـەرەی نیشـتمانی کـە لـە کۆبوونـەوەی کۆمیتـەی ناوەنـدی

پارتــی کرێکارانــی سۆشیالیســتی دیموکراتــی روســیا لەگــەڵ فەرمانبەرانــی پارتیــدا لــە هاوینــی ١٩١٣ وەرگیــراوە) وە (شۆڕشــی کۆمەڵایەتــی و مافــی چارەنووســی نەتــەوەکان) وە (لەخــەو هەڵســانی ئاســیا) وە (دەربــارەی تەگــەرەی نیشــتمانی و دیموکراســی لــە وڵاتــە ژێردەســتەکاندا).

لــە نــووسراوە بــە نرخەکانــی ی.ف. ســتالین ســوودمان لەمانــە وەرگرتــووە: (مارکیــزم و تەگــەرەی نیشــتمانی) وە (تەگــەرەی میللــی و لینینــزم) وە (گۆرینەکــەی ئۆکتوبــەر و تەگــەرەی نیشــتمانی).

زۆریــی ســەرچاوەی زانســتی و بەتایبەتــی ئــەو ســەرچاوە بنچنەییانــەی باســمان کــردن یارمەتــی دایــن بــۆ خوێنــدن و روونکردنــەوەی (مێــژووی بزووتنــەوەی رزگاری نیشــتمانی کــورد) روونکردنەوەیەکــی راســتی زانســتیانە.

(زانیاری گشتی لەبارەی کورد و کوردستان)

کوردستان وڵاتی کوردان:

واتــەی ئــەم نــاوە لــە ئیشــکیل (حکومــەت) وەیــا کارگێڕییــەوە نەهاتــووە بەڵکــو واتەیەکــی ئەنتۆگرافــی و جوگرافــی و نەتەوایەتییــە وە ئێســتاکە پارچەکانــی کوردســتان کەوتوونەتــە نــاو ســنووری (تورکیــا و ئێــران و عێــراق و ســوریا) خاکــی کوردســتان بەگشــتی لــە ســەدا بیســتی ٢٠٪ خاکــی تورکیــا و ئێــران و عێراقــی پێکهنــاوە بێگومــان کوردســتان نــاوی ناوچەیەکــی کارگێــڕی دیاریکــراو یــا کۆمەڵێــك لــە هەرێمــی کارگێــڕی ناگەیەنــێ کــە کەوتبێتــە نــاو قــەوارەی ئــەو دەوڵەتانــەی ئێســتە لــە رۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا پێکهاتوونــە. بەڵکــو ئــەم نــاوە بــەم وڵاتــە ئەوتــرێ کــە کــوردی تیــا ئــەژی، لــە زەمانــی کــۆن و دێرینــەوە هــەر خــاك و نیشــتمانیان بــووە. خاکــی کوردســتان بەشــێوەیەکی خۆرســك رۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت و نزیــك لێــك دی جیــا ئەکاتــەوە و لەخاکــی وڵاتەکانــی دەوروپشــتی بەرزتــرە و خــۆی ناوچەیەکــی تەنهــا و ســەر بەخــۆی پێکهێنــاوە، چونکــە خــوار و خێچــی رووی (تضاریــس) ســنووری خۆرســکی خــۆی دروســت کــردووە و بەهــۆی نشــێوی

چیاکانــی لــە دەشــتەکانی میزوپۆتامیــا (بیــن النهریــن) و بیابانــی شــام (بادیــە الشــام) و ئەنادۆڵــی ناوەڕاســت و هەرێمــی شــاخاوی ئێرانــی دائەڕنــێ شــوێنی کوردســتانی ناوەڕاســتی ئاســیای بچووکــە لەبــەر ئەمــە کــە بەشــی زۆری شــاخەکانی ئــەو ناوچەیــەی تیایــە گرنگتریــن زنجیــرە چیــای دروســتکردووە کــە لــە (دەریــای رەشــەوە) تــا (دەریاچــەی فــارس) درێــژ بۆتــەوە و لــە رۆژاواوە چەنــد دەشــت و بانــوو بەرزایــی و لــە رۆژهەڵاتــەوە بەشــێك لــە (بانــووی ئێرانــی) گرتۆتــەوە. ئــەوەش ئەمــە ئەگەیەنــێ کــە کوردســتان لەلایەکیــەوە بــە زنجیــرە کێوەکانــی (بانتیســکی و قەفقــاس) و (دەریاچــەی فــارس) و (دەشــتەکانی میزوپۆتامیــا دەورە دراوە و لەلایەکانــی تــرەوە رســتەی چیاکانــی (ئەنتــی طــورس ئەنتــی تــاو)و (بانــوی ئێــران) نوختەیــان کێشــاوە. کوردســتان بەشــێکی زۆری لــە عــەردی شــاخاوی گرتۆتــەوە کــە دوو زێــی گەورەکــەی ئاســیا (فــورات و دیجلــە و دوو لقەکــەی زێــی بادینــان و زێــی بچــووك) لــەوێ هەڵئەقوڵــن و پانایــی کوردســتان کــە کــوردی تیــا نیشــتەجێیە لــە (٥٠٠٠٠٠ کیلــۆ مەتــری چوارگۆشــەیە) زیاتــرە ئەمــەش هەنــدەی تێکــڕای پانایــی خاکــی عێــراق و ســوریا و لوبنــان و ئــەردەن و فەلەســتین و ئیسرائیــل پێکــەوە هەیــە. ٣

ســنووری ئەنتوگرافــی کوردســتان: ســنووری کوردســتان لەرۆژئــاواوە لــە کــودداغ – کێــوی کــوردان- لــە ســوریاوە دەســت پــێ ئــەکات بــە ناوچــەی (کلیــت و مرعــش البســتان و لیویــورك) دا تــێ ئەپــەڕی و روو ئەکاتــە باکــوور تــا ئەگاتــە زێــی (کیلکیــت) و ئەچێتــە (قــارص). لــە رۆژهەڵاتــەوە تخووبــی کوردســتان لــە شــاری (بایبــورد ئۆلتــی) دەســت پــێ ئــەکات بــە خــوارووی رۆژهەڵاتــی (قــارص) و (کەنــاری رۆژئــاوای دەریاچــەی ئورمیــە دا ئــەڕوا و لــە (لورســتانەوە) و (ناوچــەی بەختیارییــەکان ئەپەڕێتــەوە تــا ئەگاتــە (ســنندج و کرمانشــا) لــە خوارەوەشــی لــە

٣. کوزیستوف. أأ بەرواری (عراق لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانا بە رووسی ساڵی ١٩٤٨.

(لورستانەوە) دەست پێ ئەكا بەرەو باكووری رۆژئاواو بە (خانەقین و كفری) تێ ئەپەڕی تا (كێوی حەمرین) ئەوسا روو ئەكاتە رۆژئاوا و بە هەرێمەكانی خوارووی (كێوی سنجار) دا ئەڕوا و لە (زێی فرات) ئەپەڕێتەوە و بە نزیك (طرابلس) و (خوارووی كورداغ- كێوی كوردان) دا ئەكشێ تا ئەگاتە (دەریای سپی ناوەڕاست) ژووری ئەسكەندرونە.

سامانی سروشت و كانەكانی كوردستان:

كوردستان سامانی سروشتی و كانی ئێجگار زۆری هەیە، تەنیا زۆترین ئەو سامانە نەدۆزراونەتەوە و بەكار نەهێنراون. (نەوت) گرنگترین سامانی سروشتییە كە بەتایبەتی لە (موسڵ و كەركوك و خانەقین) لە عێراق و (سرت و باتمان) و چەند شوێنێكی تر لە توركیا و (كرماشان) لە ئێران و (قەرتشوك) لە سوریادا دەرئەهێنرێ. هەروەها (ئاسن و توتیا و مس و زیو و كرۆم و (مولیبرن) لە كوردستانا زۆرن. «پاقر» لە ناوچەی «ارغانە» لە هەرێمی «دێرسیم» لە توركیادا دەرئەهێنرێ. هەروەها «پاقری پاك نەكراو» لە «بالو» لە «كەناری وان و ئاگری» هەیە. لە زۆربەی شوێنەكانی كوردستان قیرژە «الفحم الحجری» دەست ئەكەوێ و بەتایبەتی لە دێی «خاوە» لەناحیەی سلیفانە و خەرپووت نزیك «مادەن» و هەرێمی «وان» و ناحیەی «كیماح و جیمش غزك و زاخۆ» هەروەك ئاسن لە نزیك «مادەن» و ناحیەی «كیروكیسكین» و ناوچەی «ئامێدی و موسڵ» هەیە. مسی پاك نەكراو لە «كیانە» و كروم و مغنیسوم لە «بارزان» و «زێڕ و زیو» لە ناوچەی «دیاربەكر» و ناحیەی «ایروخە» زۆرن.لەگەڵ سامانی كانییەوە، كوردستان پڕە لە كانی ئاو بەتایبەتی لە «سنجق دەرسیم» و دوروپشتی «ئەگری داغ» و «ئەرزنجان» و «گوگرد ئاو» لە ناوچەی «ادریش و جوڵەمێرگ و باشقەلەق» هەیە و ئاوی سەرچاوەی زێیەكان «سۆدەیان» تیایە.

**تێبینی:** ئەم وتارە بە چەند بەشێک لە گۆڤاری هەتاو بڵاوکراوەتەوە کە لە خوارەوە ژمارە و مێژووی دەرچوونیان هاتووە.

(١) ژمارە: ١٦٨ ساڵی ٦ پێنج شەممە سەرماوەز (٣١ كانون اول) ١٩٥٩

(٢) ژمارە: ١٦٩ ساڵی ٦ بەفرەمبار هەینی (١٥ی کانوونی دووەم) ١٩٦٠

(٣) ژمارە (١٧٠) ساڵی ٥ یەکشەممە ڕێبەندان (٣١ کانوونی دووەم) ١٩٦٠

(٤) ژمارە ١٧١ ساڵی ٦ دوو شەممە ڕێبەندان (١٥ شباط) ١٩٦٠

(٥) ژمارە :١٧٣ ساڵی ٦ ڕەشەمە، سێ شەممە (١٥ مارت) ١٩٦٠

(٦) ژمارە ١٧٨ ساڵی ٧ جۆخینان سێ شەممە (٣١)ی مایس ١٩٦٠.

(٧) ژمارە :١٨٣ ساڵی ٧ گەلاوێژ دووشەممە (١٥) ئاب ١٩٦٠

(٨) ژمارە: ١٨٦ ساڵی ٧ (ڕەزبەر) هەینی (٣٠) ئەیلول ١٩٦٠

# گوتاری ئەدەبی

# «کوێخا سێوێ»م خوێندەوە

**(ڕەخنە)**

کاروان، ژمارە ٥٦ی حوزەیران ١٩٨٧

منـاڵ بـووم باوکـم دەیگێڕایـەوە و دەیگـوت «جەنابـی مـەلای» لـە (وەعـزان)دا دەیفەرمـوو: خەڵکـی کۆیـە ئـەو عادەتەیـان هەیـە لـە هیـچ کەسـێ بـە تەواوەتـی ڕازی نابـن و هەرچەنـد یەکێـك بەلایانـەوە چـاك و تەواویـش بێـت، خەوشـێکی هـەر بـۆ دەدۆزنـەوە و دەڵێـن: ئـای کـە فڵانەکـەس پیاوێکـی چـاك و بێوێنەیـە، بـەڵام ئـاخ.. ئـەو «عەیبـە»ی نەبووایـە! نـاوی عەیبێکیـان بـۆ دەهێنـا. خـوا لێیـان خـۆش بـێ.

جـا ئەگـەر «مـەلای گـەورە» مەبەسـتی لـەوەدا گلەیـی بووبێـت لـە خەڵکـی کۆیـەوە کـە لـە خۆیانـەوە و بـە ختوخۆڕایـی (عەیب)ێـك بـۆ یەکـێ دەدۆزنـەوە، بـێ ئـەوەی ئـەو «نەنگی»یـە لـەو کەسـەدا هەبـێ ئـەوا قسـەی منیـش لەگـەڵ

فەرموودەکـەی ئـەو زاتـە بلیمەتەدایـە و دەڵێـم: شـتێکی زۆر چـەوت و ناهەمـوارە «خەتایـەك» بدرێتـە پـاڵ یەکێکـەوە کـە لـە راسـتیدا هیـچ بنوبنەچـەی نەبێـت.

ئەگەریـش مەبەسـتی ئـەوە بووبـێ کـە خەڵکـی کۆیـە چـاو لـە کەموکوڕیـی و ناتەواویـی هیـچ کەسـێکدا نانووقێنـن هەرچەنـد ئـەو کەسـە لـە زۆر لایەنـی تریشـەوە دروسـت و تـەواو بـێ خـەوش بێـت، بـە واتایەکـی تـر: ئـەو خەڵکـە بـە (چـاك) دەڵێـن (چـاك) و بـە (خـەراپ) دەڵێـن (خـەراپ) کـە ئەمەشـیان لـە جێـی خۆیایەتـی و بگـرە یەکـەم پلـەو یاسـای رەخنەسـازیی سـاکار و راسـتەقانییە، ئـەوا منیـش پێیـان دەڵێـم «وەی سـەد ئافەریـن بۆخۆتـان و راسـتیی پەرسـتیتان.. دەك زارتـان خـۆش، کۆیـێ نـە!»

ئێمـەی خوێنـدەوار و رۆشـنبیریش پێویسـتە هەمـوو بەرهـەم و کارێکـی ئەدەبیـی بـەو چـاوەوە تەماشـا بکەیـن و لایەنـە چـاك و بەهێـز و سـەرکەوتووەکانی بخەینـەڕوو، لـە هەمـان کاتیشـدا رووی لاواز و هـەر کونـو کەلەبەرێکـی تیایـدا بێـت دڵسـۆزانە دەستنیشـانیان بکەیـن بـەو ئومێـدەوە هـەم خوێنـەران نـرخ و بەهـای کارەکـە بەڕاسـت و دروسـتی بزانـن و هـەم کاکـی نووسـەریش سـوود لـەو سـەرنج و بۆچـوون و هەڵسـەنگاندنانە وەربگرێـت بـۆ بەرهەمـی داهاتـووی رەچاویـان بـکات و بەهۆیانـەوە سـەرکەوتنی تـەواو مسـۆگەر بـکات.

«رەخنـەی زانسـتیانەی راسـتەقان»یش ئـەوە نییـە هـەر بـە بـاڵای یەکـێ یـا بەرهەمـی یەکێکـەوە هەڵبدەیـت و دەهۆڵـی بـۆ بکوتیـت، یـا خەنجـەر و تیخـی کوشـندەی ژەهراویـی بـۆ تیـژ بکەیـت وەك دەڵێـن «هەتـا بـن دەسـکانی تـێ کوتـی» و لـە خەڵتانـی خوێنـدا بیگەوزێنیـت! نەخێـر، ئەمەیـان هەرگیـز فـڕی بەسـەر (رەخنـە)وە نییـە!؟ رەخنـە، یـا باشـتر وایـە بڵێـم (هەڵسـەنگاندن) هاندانـە، یارمەتییـە رێ نیشـاندانە، دەسـتگرتن و بەرەوپێـش بردنـە.. رەخنـە چـاك و خـەراپ لەیـەك جیـا کردنەوەیـە، لێکۆڵینـەوە و هەڵسـەنگاندنی بـێ لایـەن و زانسـتیانەیە! رەسـەنی بەرهەمەکەیەتـی، بـە جووتـە پێکـەوە هەردووکیـان کار

دەگەیەننــە چڵەپۆپــەوە..

رۆژی ١٩٨٦/١٢/١٣ بــە بۆنــەی کۆچــی دوایــی خوالێخۆشــبوو (حســام الدیــن طیــب)ی جوانەمەرگــەوە کــە هــەر لــە چلەکانــەوە بەنــاوی (حســام الدیــن شــعب) ەوە ناسرابــوو، لەگــەڵ کاك عەونــی شــاعیر و کاك عمــر عبداللــە و نــەژاد عەونیــدا، بــۆ پرســە چووبووینــە (ســلێمانی).

ئــەم باسەیشــم بۆیــە هێنایــە گــۆڕێ چونکــە دەزانــم و دڵنیــام رۆژێــك یەکێــك شــتێك لەســەر ژیــان و سەرگوروشــتەی ئــەم تێکۆشــەرە کوردپــەرەرە و ســافیلکە و بــێ فرتوفێڵــە هــەر دەنووســێت و ناوەکانــی دیکــەش پەیوەندییەکــی پتەویــان بــە هەمــان بابەتــەوە هەیــە.

بەیانیــی ئــەو رۆژە، پێــش گەڕانەوەمــان بــۆ کۆیــە، بــەدوای رۆمانــی «شــار»ی کاك حوســێن عارفــی چیرۆکنــووس و کتێبــی «حەمائاغــای گــەورە»ی مامۆســتا مەســعود محەمــەددا دەگــەڕام و بەداخــەوە هیــچ کامێکیانــم چنــگ نەکەوتــن، خاوەنــی نامەخانەیــەك وتــی: لــە جیاتــی ئەمانــە، رۆمانــی (کوێخــا ســێوێ) و (خەندەلێــو)م لایــە. منیــش کڕیمــن. زووتــر (خەندەلێــو)م بــە عەرەبــی خوێندبــۆوە. بــەڵام (کوێخاسێوێ) یەکەمیــن جــار بــوو چــاوم پێــی رۆشــن بــووەوە، رۆمانێکــی کوردیــی خۆماڵیــی نوێیــە. بەتاســەوە دووجــارم خوێنــدەوە. بەلامــەوە کارێکــی گرنــگ و زۆر بــە نرخــە، لەبــەر ئەمــە دەمــەوێ ئــەم ســەرنجانەی خــۆم دەربارەیــەوە بخەمــەڕوو، بەنیــازی هەڵســەنگاندنی و بــۆ دیاریکردنــی شــوێنی لــە رەوتــی ئەدەبیمانــدا.

وەکــو باســم کــرد (کوێخــا ســێوێ) بەرهەمێکــی خۆماڵییــە و بــە زمانــی زگماکــی خۆمــان کاك (عەزیــزی مــەلای رەش) دایناوە، رۆژی خــۆی کــە لــە «گۆڤــاری کاروان»دا چیرۆکــی «قوڵــە مەیتــەر»م خوێنــدەوە، زانیــم ئــەم برایــە خاوەنــی بەهــرە و توانســتێکی چاکــە و دڵنیابــووم کــە شــتێکی لــە بــن ســەردایە و بەرهەمێکــی وەکــو (کوێخــا ســێوێ)م لێــوە رەچــاو دەکــرد.

ئەم بەرهەمە لە گۆشە نیگای منەوە لەم دوو لایەنانەوە هەڵدەسەنگێنرێت:

١- لایەنی چاکیی و سەرکەوتن

٢- لایەنی لاوازیی و کەموکوڕیی

یەکـەم: لایەنـی چاکـی و سـەرکەوتن، «کوێخـا سـێوێ» بـە شـێوەیەکی گشـتی بـە رۆمانێکـی سـەرکەتوو دەژمێرێـت.

چونکـە: لـە رووی داڕشـتنەوە بـە زمانێکـی کوردیـی پەتیـی و سـاکار نـووسراوە و پڕاوپڕیەتـی لـە پەنـد و قسـەی نەسـتەق و زاراوە گەلێکـی وەهـای تیایـدا بۆژاندووەتـەوە کـە بـە گوێـرەی رێبـازی «ژیـان» و لـە ژێـر پاڵەپەسـتۆی رەوتـی (زەمانـە»دا خەریکـن لەنێـو دەچـن. هەروەهـا ئـەو زاراوە زمانەیشـی بەکارهێنـاوە کـە پاڵەوانـەکان خۆیـان پێـی دواون و خەڵکـی ناوچەکـە ئێسـتەیش گفتوگـۆی پێدەکـەن. لەلایەکـی دیکەشـەوە (نـاوەرۆك)ی رۆمانەکـە بابەتێکـی کوردەواریـی رەسـەنی بەخـۆوە گرتـووە.

داسـتانێکمان بـۆ دەگێڕێتـەوە، پـڕ تـام و چێـژ، لەبـارەی سـەربوردە و گـوزەران و زیندەگیـی و نەریـت و دابودەسـتووری ناوچەیەکـی زۆر گرنگـی کوردسـتان و هـەر لـە دوو توێـی رۆمانەکـەدا کاکـی نووسـەر مێـژوو و چۆنییەتـی ئاوەدانکردنـەوە و جـۆری کشـتوکاڵ و بەرهـەم و داهاتـی دەشـتی «قەراج»مـان زۆر بـە وردی بـۆ بـاس دەکات، لەلایەکـی تریشـەوە، بـە دوورودرێژیـی باسـی جـۆری جلوبـەرگ و خـواردن و زەخیـرە و خانووبـەرە و ئـاژەڵ و مەڕداریـی و جـووت و کێـڵان و خەلـە و خەرمـان و هەمـوو شـتێکی دیـمان بـۆ دەکات کـە پەیوەندیـی بـە دانیشـتوان و خەڵکـی ناوچەکـەوە بـووە.

سـەرەڕای ئەمانـەش، زۆر بابەتـی فۆلکلـۆر و کەلەپـووری کوردەواریـی تیایـدا زینـدوو کردۆووەتـەوە لـە فەوتـان رزگاری کـردوون. هەروەهـا نـاوی شـوێنە بەناوبانـگ و نـاسراوە جۆربەجۆرەکانـی پاراسـتوون کـە لـە زۆر حەیـران و گۆرانیـی ناوچەکـەدا ناویـان هەیـە و تـا ئیمـڕۆش هـەروان بەسـەر زاری خەڵکـەوە، ئـەم

رۆمانـە، لـەم رووەوە واتـا (لایەنـی چاکیـی و سـەرکەوتن)ەوە پێویسـت نـاکات بـە هێنانـەوەی نموونـە و ئامـاژە بـە ژمـارەی لاپـەڕە و کردنـەوە، چونکـە سـەرلەبەری رۆمانەکـە، هـەر لەسـەرەتاوە تـا دواییـن لاپـەڕەی هەمـووی هـەر نموونـەی بـاش و بەهێـز و ئاشـکران و گەواهـی بـۆ سـەرکەوتنی بەرهەمەکـە دەدەن.

دووەم: لایەنـی لاوازیـی و کەموکوڕیـی: لەگـەڵ ئەمەشـەوە ئـەم رۆمانـە وەك هـەر کارێکـی وێژەیـی تـر، بـێ کەموکوڕیـی نییـە و رێـگای ئەوەمـان لێناگرێـت لــە چەنــد رووێکــەوە رەخنــەی لێبگریــن و لایەنــی هەڵــە و بێهێزیــی تیایــدا دەستنیشـان بکەیـن، ئەمەیـش تەنهـا بەمەبەسـتی روونکردنـەوە و رێنیشـاندان بـەو ئومێـدەی سـوود بـە بـرای نووسـەر بگەیەنـێ و بەرهەمەکەیـش نرخـی راسـتەقانیی خـۆی پـێ بدرێـت! ئـەم کەموکوڕیـی و لاوازییانـەش، بـەڕای مـن لـەم خاڵانـەی خـوارەوەدان:

١- لەبــارەی زمانــەوە، وەك لەســەرەوە گوتــم کاك عەزیــز رۆمانەکــەی بــە زمانێکـی کوردیـی پەتیـی و سـاکار نووسـیوە و پـڕی کـردووە لـە پەنـد و قسـەی نەسـتەق و ئیدیـۆم، بـەڵام لـە دوو خـاڵ ڕا رەخنـە هەڵدەگرێـت.

ئـا- شـێوە زاری ناوچەیەکـی سنووربەرتەسـکی هەڵبـژاردووە کـە بـە زۆریـی لـە رۆمانەکـەدا بـەکاری هێنـاوە.. بـەڵام خۆیشـی هەسـتی بـەوە کـردووە پێشـەکی روونـی کردۆتـەوە، ئەوەتـا لـە ژێـر سـەرناوی «تێبینـی» لـە لاپـەڕە (٢٢٧) دا نووسـیویە:

«خوێنەری ئازیز:

لەبــەر رەچاوکردنــی زمانــی کەســانی ناوچیرۆکەکــە و زینــدوو کردنــەوەی ئیدیـۆم و وشـەی رەسـەنی کـوردی، کـە بەڵگـەی دەوڵەمەندیـی زمانەکەمانـن بـە پێویسـتم زانـی لـە داڕشـتنی چیرۆکەکەمـدا خـۆم بـە زۆری بـەلای شـێوەی ئـەو ناوچـەدا بگـرم کـە چیرۆکەکـەی لـێ هەڵقـوڵاوە».

بـێ- ئەوەنـدەی پەنـد و ئیدیـۆم و قسـەی نەسـتەق تیایـدا ئاخنیـوون کـە

لەهەنـدێ شـوێندا زیـاد لـە پێویسـت یاخـود بـێ ئـەوەی جێگەیـان هەبێـت بـە زەقـی بـەکاری هێنـاون، وەك ئەمـە کتێبێکـی «زمانەوانیـی» بێـت نـەك «رۆمـان».

٢- لە بارەی ناوەرۆکەکەوە: سەرنج بۆ ئەم خاڵانە رادەکێشم:

ئـا- نووسـەر ئازایەتییەکـی لـە رادەبـەدەری بەپاڵەوانـی یەکەمـی رۆمانەکـە بەخشـیوە و وای لێکـردووە زۆرتـر بـە پاڵەوانـی نێـو چیـرۆك و داسـتانە ئەفسـانەییەکانی رابـردوو بچێـت، ئەمەتـا «مـام ئۆمـەر» زۆربـەی کات بـە تاکـە سـوارە لـە مەیدانـا وەسـتاوە و یاخـود ئەوپەڕەکـەی خۆیـی و دوو تفەنگچـی بەرامبـەر بەیـەك (عەشـیرەتی) دڕنـدە و زۆربـەی جاریـش دەیانبەزێنـن و لـە ئەنجامیشـدا بەسـەریاندا زاڵ دەبـن و ملیـان پـێ کـەچ دەکـەن. راسـتە و دەزانیـن ئـەوەی لەسـەر (هـەق) بێـت و بەرگریـی لـە مـاف و عـەرد و نامـووس و چارەنووسـی خۆیـەوە دەکات گەلێـك بـە جـەرگ و نەبـەز و کۆڵنەدەرتـرە و زۆر پیاوانەتـر دێتـە مەیدانـەوە لـەوەی کـە دەیـەوێ دەسـت بەسـەر مـاڵ و موڵکـی خەڵکـی تـردا دابگرێـت، بـەڵام نـە بـەم شـێوەیەش کـە نەچێتـە عەقڵـەوە.

بـێ- نووسـەر لـە چەنـد شـوێنێکدا زۆر بـە رووتیـی مامڵـەی لەگـەڵ «سـێکس»دا کـردووە بەبـێ هیـچ پـەردە و پۆشـاکێك نیشـانی داوە بـە جـۆرێ کـە بـاوەڕ ناکـەم تاکـو ئێسـتا لەهیـچ بەرهەمێکـی تـری ئەدەبـی کوردیـدا ئـە ئاواهـی بـاس کرابێـت. تـۆ سـەیری ئـەم چەنـد رسـتەیە بفەرمـوو: «لەنکاوێـك زرەزرێکـی کەوتـە بەرگـوێ، سـەری بەرزکـردەوە دیتـی ئافرەتێکـە خرینگـەی زێـڕ و پۆلیـەی لـە دوورەوە دەیبیسـترێت وا ڕێ و رێ دێـت» هەروەهـا «زۆری نەبـرد دوا بـەدوای ژنەکـە دوو پیـاو پرتـاو هاتـن. دە دوانـزدە هەنگاومـا بگەنـە ئاسـتی، ئافرەتەکەیـان گـرت، حورمەکـە مـا لەبەریـان بپارێتـەوە ((بکـەن لەراهـی خـوا.. لەراهـی پێغەمبـەر.. دەسـتم داوێنتـان حەیـا و نامووسـم مەبـەن!»

نـزاو پاڕانـەوە بـێ فایدەبـوو. لـە عاردیـان دا و دەسـتیان لـە پشـتەوە بەسـتا. ئافرەتەکـە بـە گریانـەوە.. «کـوڕە وەك عارەبـی بەغداییتـان دەخیـل دەبـم،

بەڵاگێڕتـان بـم، کافـر بـووم لەسـەر دەسـتتان ئیسـلام بـووم خشـڵ و پارەیەکـی زۆرم پێیـە، گەردنـی ئەژدادیشـتان خـۆش و ئـازا بێـت، هەمویـی ببـەن، تەنیـا پڕکێشـی ناموسـم مەکـەن.»

بەڵـێ لایـان وابـوو هـەر لەگـەڵ ئەوانیشـی نییـە. ئـاوەڵ کراسـەکەیان لەپـێ داکەنـد یەکیـان یـەك دوو هەنـگاو دوور کەوتـەوە و بـە پاڵدانـەوە پشـتی لـەوان کـرد، ژنەکـە تـا ئەوکاتـە شـەتەك ببـوو توانـای هەوڵدانـی لەبـەر بڕابـوو. هـەر هـاوار هـاواری لەدەسـت مابـوو، ئـەوی تـر لنگـی ئافرەتەکـەی بـەرز کـردەوە.

«کابرا چۆکی گەیاندە عاردی و پێش خۆی خێواندنی...»

نووسـەر دەیتوانـی لەجیاتـی هەمـوو ئەمانـە و شـێوەی شـیاوتر و رووپۆشـتری بـەکار بهێنایـە وەك ئـەوەی بیگوتبـا: «دەیانویسـت یـا بەتەمابـوون بـە زۆری زۆردارەکـی حەیـای بـەرن، یاخـود کاری خراپـی لـە تەکـدا بکـەن، یـان پڕکێشـی ناموسـی ئافرەتەکـە بکـەن! ئەگەرچـی بـەڕای مـن لـە کوردەوارییـدا، بەتایبـەت لـە نێـو خەڵکـی (لادێ)دا ئـەم جـۆرە رەوشـت و کردەوانـە ئەگـەر نەشـڵێم هەرگیـز روو نـادەن دەتوانـم بڵێـم.. ئێجـگار دەگمەنـن!! کاری وا زۆر لـە (واقیعـەوە) دوورە!

ژنێـك، لـە گونـدی لەسـەر لێـدان لـە مێردەکـەی بتـۆرێ و هـەر بـەو شـەوە بـە تـاك و تەنیـا ملـی رێـگا بگرێتەبـەر بـۆ گوندێکـی تـر و ئـەو هەمـوو خشـڵەی بەخۆیـەوە کردبێـت و دوو پیـاوی دوژمنـی مێردەکـەی بـەوە بزانـن و دوای بکـەون و، تەنیـا لـەم شـوێنەدا دەسـتیان پێـی رابـگات کـە (ئۆمـەر) بـۆ راوە مامـز خـۆی خزاندۆتـە نێـو (سـپێرەوە)...! بـۆ ئـەوەی هەردووکیـان بکوژێـت و ژنەیـش رزگار بـکات! ئەمـە چـۆن گونجانێـك و چتـۆ رێکخسـتنێکە!؟

لـە شـوێنێکی تریشـدا بابەتـی «سـێکس» دێتـەوە گـۆڕێ، بـەڵام ئەمجارەیـان فـرە بـێ پـەڕوا و بەگوڕتـر رەنگـو نەخشـەی دیمەنـی دڵدارییەکـی شـێواو و داوێـن پیسـیەکی ئەوتـۆ داڕێـژراوە مەگـەر هـەرزەکاران رۆژ و شـەو هیـچ نەکـەن و هیـچ نەخـۆن هـەر خەریکـی خوێندنـەوەی سـەدبارەی ئـەم لاپەڕەیـە بـن.

فەرمـوون بـا بزانیـن پـەردە چـۆن لـە رووی شـەرم و حەیـادا هەڵماڵـراوە و «سـێکس» بـە چ هـەڕ و گیڤێکـەوە سـمکۆڵی ئەهریمەنییەتـی: «حاجـی گەیشـتە پـاڵ ئـەو خشـتانەی کـە لەسـەریەك تێکرابوونـە پێچکـەی سـەکۆکە. لەهەوەڵـەوە بەهێواشـی دەسـتێگی گەیانـدە سـنگ و بەرۆکـی. لەسـەر کـراس مەمکـی لای خـۆی بـە ئاسـتەم راگوشـی، کـە سـێوە سـۆر جووڵـەی نەکـرد هەڵـی پشـافت. جـا یەخـەی ترازانـد. دەسـتی لەنێـو مەمـان گێـڕا. سـێوە سـۆر ویسـتی لێـی راسـت بێتـەوە و بیداتـە بـەر سـاڵدرمان. بـەڵام چـل رۆژ زیاتـر بـوو ئـاوی بسـمیلی بەلـەش نەکەوتبـوو، ختووکـەی خۆشـی دەمارەکانـی شـل و خاوکردنـەوە و بەسـەر هـۆش و تـرس و شـەڕەفیدا زاڵ بـوو، زۆری نەبـرد گـڕ حـەز و واهۆشـی داگیرکـرد، وەك سەرخۆشـان ئـاگای لەخۆیبـڕا. وەختابـوو گزوفـت بـدات و بـە هـەردوو دەسـتان حاجـی راکێشـێتە سـەر سـنگی خـۆی. بـەڵام کتوخـوڕا تۆزێـك زەینـی هاتـەوە  بـەر و شـەرم رێگـەی نـەدا. دەسـتی حاجیـش هـەر لـە سـەفا و مـەڕوای نێـو مەماندابـوو. حاجـی بـێ خشـبە خـۆی گەیانـدە پاڵـی و دەمـی نایـە گۆنـای و دوو سـێ جـار ماچـی کـرد.

دەستیشـی هـەر لـە سـەر سـنگی بـوو، سـێوە سـۆر خـوا خـوای بـوو حاجـی دەقیقەیـەك زووتـر واز لـە مـاچ و مـووچ بێنێـت و گڕەکـەی دامرکێنێتـەوە. حاجـی هەڵـی کێشـا بەرەخـۆی. دەمـی نایـە نێـو دەمـی و ماوەیـەك هەڵیمـژی و لەدڵـەوە گوتـی «ئـەوە منـم سـێوە سـۆری وا مـاچ دەکـەم..!؟ چ بـاوەڕ ناکـەم..!

«حاجـی تـا ئەوکاتـە رانـی خسـتبووە نێـو گەڵانـی، خـۆی خەریـك بـوو دەسـت بـۆ نیفـۆی ئـاوەڵ کراسـەکەی ببـات، لەنکاوێـك بەهێـز پاڵـی پێوەنـدرا و خـۆی پێنەگیـراوە و تەپـەی هـات و کەوتـە عـاردی».

جـا مـن کارم بـەو هەسـتو نەسـت و حـەزی گڕگرتـووی ئـارەزووی حاجـی ناموبارەکـەوە نییـە کـە کابرایەکـی پوولەکـی و چـڕدۆ و رەوشـت نزمـی دەروون شـەیتانییە، بـەڵام چـۆن چۆنـی ئـەم هەڵوێسـتە رووخـاوەی سـێوەخان پەسـەند

بکەیــن و بــەچ پێوانەیــەك لێکــی بدەینــەوە!

(کوێخـا سـێوێ) یـەك ئـەم شـۆڕە ژنـەی کـە تاکـو ئێـرە و هەتـا دوا وشـەی ڕۆمانەکەیـش کاکـی نووسـەر بـە ئێمـەی ناسـاندووە وەك قارەمانێـك، تێکۆشـەرێك، کۆڵنەدەرێـك، داوێــن پــاك و ڕووســوور و ســەربەرزێك، ئافرەتێــك کــە لــە ڕیــزی پیاودابــوە و بگــرە لــە زۆر بــۆرە پیاوانیــش «پیاوتــر» بووبێــت، چــۆن ئاوەهــا بــە ســووك و ئاســانیی بتوانــێ دەســتبەرداری پیاوەتــی و حەیــا و ئابــڕوو و هەمــوو پایەیەکــی ئــەم دونیــا و ئــەو دونیــاش بێــت؟ لەپــای چیشــدا؟ تەنیــا لەپێنــاوی حەزێکـــی ناهەمـــوار و نالەبـــاری ســـاتەوەختیدا! بەچـــی بیانووێکیشـــەوە؟ بـــە بەهانــەی ئــەوەوە کــە گوایــە چــل ڕۆژ بــوو ئــاوی بســمیلی بەلــەش نەکەوتبــوو! بــاوەڕ ناکــەم هیــچ ئافرەتێکــی ئابڕوومەنــد و بەشــەرەف، بەتایبــەت یەکێکــی وەك (کوێخـا سـێوێ)ش ئەگـەر سـەد ئەوەنـدەی تریـش تامـەزرۆ و لێبڕاوبێـت، نـەگ ئەگـەر چـل ڕۆژ بەڵکـو ئەگـەر چـل ساڵیش ئـاوی بسـمیلی بەلـەش نەکـەوێ ئـاوا بــە ســانایی نارمێــت و ناکەوێتــە داوی شــەیتانەوە و بــەم زوویيــە خەریــك نابێــت خــۆی بدوڕێنــێ.

جــا، بــە هیــچ شــێوەیەك ئــەم کــردەوە نــزم و ناپەســندە، ئــەم بۆچوونــە چــرووك و دزێــوە لــە تــەك کەســایەتیی و پلــە و پایــە و ڕیــزی «کوێخـا سـێوێ»دا ناگونجێــت!

تــێ- نووســەر لــە نێــو ڕۆمانەکەیــدا زۆر بــە وردی و دوور ودرێــژی هەنــدێ کەلەپــوور و بابەتــی فۆلکلــۆری کوردەواریــمان بــۆ بــاس دەکات کــە بــە بیــری مــن پوێیســت نەبــوو ئاوەهــا بــاس بکرانایــە، بــۆ ئــەوەی لــە پتــەوی و جوانیــی ڕۆمانەکــەی کــەم نەکردایەتــەوە، ئەگــەر هــەر ئارەزووشــی دەکــرد ئــەوا لــە پەراوێــزدا لێیانــەوە دوابــا و ئەوهــا بــە وردی پیشــانی بدابــان، لەمەشــدا مەبەســتم زۆر شــتە، بــۆ نموونــە شــێوەی کفتــە لێنــان و ســاوار کوتانــەوە و.. ســابوون دروســتکردن و.. هتــد. فەرمــوون بزانیــن چــۆن باســی لێنانــی کفتــە و چێشــتی

تـرش دەكات «سـێوە سـۆر هــەر ئــەوكات چــووە لای پــوور مرۆتــی گۆریــن، جامیلكەیــەك بڕویشــی هێنــاو لەبــەر ئــاوی نــا و چنگــە سماقێكیشــی لــە ئــاویٚ كـرد و سـەری داپۆشـین ئێـوارە لـە گەڕانـەوە لای داماڵـی باخچەوانەكـەی گونـدی، چـوار كەڵـە پیـازی بەعانەیـەك كـڕی. هەنـدە كاوكۆتـی لەنـاو سـۆبا تەنەكـە كـردو ئاگـری تێبــەردا.. مەنجەڵۆكــی شـێوی خســتە ســەر. بــە مــڵاك هەنگــی دوو زار جـووە بنێشـت رۆنـی لـە دیـزە شـینەكەی دەرهێنـا و كردیـە نـاو مەنجەڵۆكەكـە. تــەڕە پیازەكــەی بــۆ بەرچــا ورد كــرد. لەبــەر ئــەوە رۆنەكــە كــەم بــوو پێشــەكی چنگێكــی بەگــەڵ رۆنەكــەدا.

بـە كەوچكەكـەی دەسـتی تێكـی دا، تێكـی دا تـا تـەواو خاوەمـێ بـوو، ئەوجـا پیازەكــەی تــری لەســەر كــرد و ئــاوی تێكــرد. بەقــەدەر نیــوەی جــاری پێشــوو رۆنــی لــە نــاو مەقەڵــی كــرد، دەســتی بــۆ بنكــی خورجەكــە، كــە بــە دیــوارەوە هەڵواسرابــوو شــۆڕكردەوە.

ســەلكە پیازێكــی وشــكی بچووكــی دەرهێنــا و وردی كــرد و گۆلمێــك ســەرە ســەری بڕوێشــەكەی بەگــەر خســت. بــە بەرچاوگــە زبــڵ و زار ئاگــری لــە قوناگرەكــەی كــردەوە. تاوەكــەی هاویشــتە ســەر ســێ كوچكەكــە، بــە كەوچــك پیـاز و بڕوێشـەكەی تێـك وەردا و هـەر هەڵگێـڕ و وەرگێـڕی كـردن. تـا جـوان لەنـاو رۆنەكــەدا ســووربوونەوە. تاوەكــەی لەســەر ئاگرەكــە هێنــا خــوارەوە. ســۆبەكەی دامركابــووەوە. مەنجەڵۆكەكــەی بــۆ ســەر ســێ كوچكەكــە گواســتەوە.

دایكە دەستێكی لەناو بڕوێشەكە بوو، دەی شێلا..هتد.

لام وابــێ ئــەم هەمــوو ورد لێكردنــە بــە ســوودی رۆمانەكــە ناگەڕێتــەوە. بگــرە نەختێــك خوێنــەر وڕەس و مانــدوو دەكات.. ئەمانــە و چەنــد وردە هەڵــە و كەموكوڕییەكـی رێنـووس و چاپـی كـە لـەو بەرهەمـەدا بەرچـاو دەكـەون، هیـوادارم كاك عەزیــز بــە دڵێكــی فراوانــەوە وەریــان بگــرێ و تكایشــم وایــە خوێنــەری خۆشەویسـتیش هـەر بـەو دڵپاكـی و بەبـێ هیـچ مەبەسـتێكی تایبەتییـەوە سـەیری

ئـەم هەڵسـەنگاندنەم بـکات کـە خـۆم مەبەسـتمە..

ئـەم سەرنجانەشـم بەهیـچ جـۆر لـە نـرخ و پلـەی ئـەم رۆمانـە بـە پێـز و رەسـەنە کـەم ناکاتـەوە. چونکـە بـەلای منـەوە (کوێخـا سـێوێ) ئـەوە هەڵدەگـرێ کـە بکرێـت بـە بەڵگەنامەیەکـی مێژوویـی و جیوگرافـی و سۆسـیۆلۆجی بەکەڵـك و لـەم لایەنانـەوە نـرخ و بایەخێکـی ئێجـگار زۆر گرنگـی هەیـە.

دواجـار پیرۆزبایـی لەکاکـی نووسـەر دەکـەم و بەگەرمـی و بـە پەرۆشـەوە چاوەڕوانـی شـاکاری دیکەیمـە.

# وەرگێڕان زانستە و هونەر

**نووسینی: ل. ریمیلکاس**
**وەرگێڕان و ئامادەکردن: مەجید ئاسنگەر**
گۆڤاری (کاروان) ژمارە ٧١، کانوونی دووەم ١٩٧٩

تێبینی:

وەرگێـڕی ئـەم باسـە بـۆ زمانـی (عەرەبـی) د. صفـاء محمـود الجنـابي دەڵێـت: ئەمانـە چەنـد بیـروڕا و بۆچوونـی لێکۆڵـەری سـۆڤییەتی ل. ریمیلاکسـن کـە لـەو دیـدارەدا پێشکەشـی کـردن لەلایـەن دەسـتەی نووسـەرانی گۆڤـاری ڤەبرۆسـی (لیـترە تـۆری قضایـا الادب) سـۆڤیاتییەوە سـازدرا، بـە هاوکاریـی ئەنجوومەنـی وەرگێڕانـی ئەدەبـی سـەر بـە نووسـەرانی سـۆڤیاتەوە ئەمەیـش (گۆڤارێکـی سـەنگین)ی وێژەییـە، یەکێتـی نووسـەرانی سـۆڤییەت و ئامـۆژگای وێـژەی جیهانیـی سـەر بـە ئەکادیمیـای زانسـتی سـۆڤیاتی بەنـاوی (مەکسـیم گۆرکـی) هەمـوو مانگـێ جارێـك دەری دەکات. ئـەم باسـەیش لـە ژمـارە (دووی سـاڵی ١٩٨٦)ی ئـەم

گۆڤــارەدا بڵاوکراوەتــەوە.

منیــش لەبــەر نرخــی زۆری ئــەو بیــر و بۆچوونانــەی لــەدوو توێــی باســەکەدا نیشـاندراون و پلـەو پایـەی خـاوەن گوتـار لـە لایەکـەوە و لەبـەر رۆشـنایی گرنگیـی کار و رۆڵــی (وەرگێــڕان) لــە ئەدەبــی کوردیــی ئیمرۆمانــا و بــەو نیــازەوە ئــەو نووســەر و وێژەوانانــەی خەریکــی کاری (وەرگێــڕان)ن ئــاگادار و شــارەزای ئــەم بۆچــوون و رایانــە بــن و ســوودیان لێــوە ببینــن. بــە ئەرکــی سەرشــانی خۆمــم زانــی لەســەر لاپــەڕە زێڕینەکانــی ئــەم گۆڤــارەدا بــە زمانــی شــیرینی کوردیــی بیانخەمــە بــەر دیــدەی خوێنــەرە هێژاکانمانــەوە تاکــو ئاســۆی بیریــان پــێ رۆشــن بێتــەوە. هیوامــە ئەرکێکــی هــەرە بچووکــم ئەنجــام دابێــت.

«وەرگێڕ»

وەرگێڕان زانسته و هونەر

ئــەو قســانەی لەبــارەی (تەرجەمــەی ئەدەبی)یــەوە کــران زۆر پــڕ تــام و بــە گــووڕ بــوون و ئەوانــەی بەشــداری کۆڕەکــەن لــە وتەکانیانــا هەســت بــە هــەوڵ و کۆششــی بــێ وچانیــان دەکــرا بــۆ ئــەوەی بــە پەرۆشــەوە پــەرە بەبــار و ئاســتی (وەرگێــڕان) بــدەن.

ئومێــدەوارم ئــەم بۆچوونانــەم کــە بــە خۆمــی رەوا نابینــم بڵێــم کــەم و کوڕییــان نییــە، تێکەڵــی رێبــازی گشــتی ئــەو دەمەتەقێیانــە بینــەوە کــە لــە ئــارادان و بەشــداریی بکــەن لەتێــرو تەســەل کردنــی هەنــدێ لــەو بۆچــوون و تێبینیانــەی کــە پێشــکەش کــران. لەمــەوە دەســت پێدەکــەم کــە (پێویســتە) وەرگێــڕ زمانەکــە زۆر بــاش بزانێــت، بــەڵام ئاخــۆ کام زمــان؟ ســەرەتا لەوانەیــە قســەکەم ســەیر بێتــە بەرچــاو، بــەڵام دەوێــرم بڵێــم (وەرگێــڕ) پێویســتە پێــش هەمــوو شــتێك زمانــی زگماکــی خــۆی زۆر چــاك بزانێــت، یــا ئــەو زمانــەی بابەتەکــەی بــۆ وەردەگێڕێــت و دەبــێ بــە چاکــی بیزانێــت و لــە زانینــی ئــەو کەســانە کەمــتر نەبــێ کــە بــە زمانــی زگــماك شــاکاران دەنووســن. دەشــێ هەنــدێ کــەس گومــان بکــەن و بڵێــن

ئـەوە شـتێکی (میثالی)یـە و ئەنجامدانـی لـە وزەدا نییـە. بـەڵام مـن دەڵێـم ئەمـە (ئاواتێکـی رەوایـە) چونکـە لـە هەمـوو ئەدەبەکانـی جیهانـدا زۆر شـاکار هـەن کـە دەسـت پاکانـە و زۆر (میثالی)یانـە (تەرجەمـە) کـراون. لـە بەرامبـەر ئەوەشـەوە تووشـیمان دەبـێ بـە تووشـی زۆرەهـا وەرگێڕانـی خەراپـەوە و وەرگێـڕی وەهـا دەبینیـن کـە لـە زانیاریـی زمانەوانیـدا زۆر هـەژارن و لـە شـێوازدا زۆر لاواز و نزمـن بەشـێوەیەك کـە تەرجەمەکانیـان هیـچ نرخێکـی هونەریـی ئەوتۆیـی پێـك ناهێنـن شـایانی باسـکردن بێـت و هەرگیـز ناگەنـەوە ئـەو بەرهەمـە ئەدەبیانـەی بـە زمانێکـی خۆیـان نووسراونەتـەوە. بـۆ نموونـە ئێمـە لـە ئەسـتۆنیادا وەرگێـڕدراوی ئێجـگار نایابـی (پۆشـکین)مان هـەن (ب. ئالفێـر) وەریگێـڕاون، هەروەهـا بەرهەمەکانـی (نیکراسـۆف و تفادۆسـکی و غۆتـە) کـە (ئا.سـانغ) وەریگێـڕاون. کەچـی تـا ئێسـتەش وەرگێڕانـی سـەرکەوتووانەی شـاکارەکانی (مایاکۆفسـکی) بـە زمانـی ئەسـتۆنی نەکـراوە. هەرچـەن ئەوانـەی بـۆ وەرگێڕانـی شـیعرەکانی هاتنـە پێشـەوە زمانـی رووسـیی گەلێـك باشـتر دەزانـن لـەو دوو وەرگێڕانـەی ناویانـم هێنـان. جـا لێـرەدا ئـەم پرسـیارە قـوت دەبێتـەوە، سـوودی بـاش زانینـی ئـەو زمانـە بیانییـە چییـە کـە لێیـەوە وەردەگێڕیـن ئەگـەر بێتـو ئاسـتی وەرگێڕانەکـە ئاسـایی بـێ؟ ئێمـە لـە ئەسـتۆنیادا دیاردەیەکـی سەرسـوڕهێنەرمان تـووش هاتـووە کـە بریتیـە لـە نەبوونـی وەرگێـڕی بـە توانـا و لێهاتـوو لـە زمانـی رووسـییەوە بـۆ سـەر ئەسـتۆنیی لەبەرچـی؟ پێویسـتە بووتـرێ زۆر کـەس هـەن زمانـی رووسـی زۆر چـاك دەزانـن، بـەڵام ئەسـتۆنیا کۆمارێکـی سـۆڤییەتیە و (تالیـن) پێتەختەکەیەتـی.

کـەم وا دەبـێ لەنێـو ئەوانـەدا وەرگێـڕی بەهـرەداری ئەوتـۆ بدۆزینـەوە کـە شاسـواری زمانـی وێژەیـی ئەسـتۆنیی بـن لـە کاتێکـدا ئـەم بـارە لـە نێـوان ئـەو وەرگێڕانـەدا بـەدی ناکرێـت کـە جگـە لـە رووسـی زمانـە بیانییەکانـی تـر بـە چاکـی دەزانـن. ئەوانـەی بارگرانیـی وەرگێـڕان وا بـە ئەسـتۆیانەوە لـە زمانـە بیانییەکانـەوە وەکـو ئینگلیـزی و فەرانسـزیی و ئەسـپانیای و جۆرجیـی و

ئۆکرانیایـی و ئازەریـی وهـی تریـش. ئەمانـە لـە گۆڕەپانـی ئەدەبـدا ماوەیەیـك زۆر بەرلـەوەی (تەرجەمـە) بکـەن بـە (پیشـە) بوونـی خۆیانیـان سـەلماندووە. بـۆ وێنـە (ی سـیمیبر، ئـا سـانغ، د. فارانـدی) هەموویـان ئەدیبـی بلیمـەت بـوون بەرلـەوەی زمانەکانـی رووسـیی و ئەلمانـی و ئەسـپانیایی و فینلەندیـی بـە باشـی فێـر بـبن.

لەکاتـی گفتوگۆکانـدا هەنـدێ وتیـان: وەرگێـڕان ئـەو زمانـە دەوڵەمەنـد دەکات کـە بەرهەمەکـەی بـۆ وەردەگێڕدرێـت، بـەڵام مـن دەڵێـم بـە پێچەوانـەوە، بەداخــەوە (تەرجەمـە) زۆرجـار زمانـی پـێ وەرگێـڕدراو هـەژار دەکات! مـن لـە رێـگای چۆنییەتـی زانسـتییانەی وەرگێڕانـەوە بـەم (قەناعەتـە) گەیشـتووم کـە دەبینیـن زمانـی زۆر لـەو کارانەیـی وەرگێـڕدراون پـاراو و رەوان نییـە بگـرە لـە بەرامبـەر ئەسـڵەکانەوە ئێجـگار هـەژار و سـادەن، ئەمەیـش لـەوەوە هاتـووە کـە (وەرگێـڕ) وەك (نووسـەر) ەکـە بیلمـەت نەبـووە و توانـا و دەسـەڵاتی بەسـەر زمانەکـەدا نەشـکاوە. ئەمـەش جگـە لـە پتەویـی و سـفتی و وردەکاریـی لـە شـێوازی نووسـینی نووسـەردا، پسـپۆران گەیشـتوونەتە ئـەو بڕوایـەوە کـە زانینـی (سـەد) وشـە لـە زمانـی بیانییەکـەوە یارمەتیـی ئەوەمـان دەدات لـە سـەدا چـل ٤٠٪ی هـەر تێکسـتێ تـێ بگەیـن ئـەم رێژەیـە بـۆ ٧٠ تـا ٨٠ لەسـەدا بـەرز دەبێتـەوە گـەر هاتـوو (١٠٠٠) هـەزار وشـە بزانیـن، لەکاتێکـدا رێژەکـە لـە ٩٠٪ دا تێدەپەڕێـت کاتـێ (٩٠٠٠) وشـەی لـێ بزانیـن، جـا ئاخـۆ دەبـێ ئاسـتی ئـەو وەرگێڕدراوانـە چـۆن چۆنـی بێـت ئەگـەر کەسـانێك بـۆ (تەرجەمـە)ی شـاکارانی (تۆلسـتۆی و دۆستۆیفسـکی و هـی تـر) بێنـە پێشـەوە کـە پـتر لـە (٨٠٠) وشـەیان لـە هەگبـەدا نییـە، ئەوسـا ئاخـۆ بـاس لـە کام جـۆری زمـان دەوڵەمەنـد کردنـەوە بکەیـن، باشـە مەبەسـت لـەو دەوڵەمەنـد کردنـەی زمانـە چییـە؟ کـە باسـی لێوەدەکرێـت؟ ئایـا مانـای زۆر کردنـی وشـە فەرهەنگییـەکان دەبەخشـێ، یاخـۆ مەبـەس ئەوەیـە گرامێـر و رێزمانەکانـی زمانەکـە سـەرلەنوێ دابڕێژرێنـەوە؟ هـەر زمانێکـی گەشەسـەندووی سـەردەم بێگومـان وشـە گـەل و توانسـتی (گراماتیکـی)

ی پێویستی خۆی هەیە بۆ دەربڕینی هەموو بیروباوەڕ و هەستەکانی مرۆڤ هەر لە دێرزەمان و چاخە ناوەندییەکانەوە تا دەگاتە ڕۆژی ئیمڕۆمان بەشێوەیەکی زۆر ورد و دروستەوە.

بۆ وێنە: هیچ زەحمەت نییە هەموو ئەو هەست و ئازارە لە ناخەوە پەنگخواردووانەی (ئانا کارنینای تۆلستۆی) و (راسکۆلینکۆف)ی شاکارەکەی دۆستۆیفسکی (تاوان و سزا) (الجریمە و العقاب) کە بە دوور و درێژی زۆر بەوردی باسیان لێوەکراوە، دەڵێم زەحمەت نییە وەربگێڕدرێنە سەر زمانەکانی ئۆکرانیایی یا بیلۆرووسی یاخۆ بۆ سەر زۆرەها زمانی جوداوازی دیکەوە.

دەگەڕێمەوە سەر هەمان باسەکەوە دەڵێم مەبەس لە دەوڵەمەندکردنی زمان لە ڕێگای وەرگێڕانەوە چییە؟ ئەو لێکۆڵینەوانەی تا ئێستا کراون بە قوولیی بەلایەنە سەرەکییەکانی ئەم باسەدا ڕۆنەچوونەتە خوار. بەڵکو هەر بەوە وازیان هێناوە کە واتا و مانای وەك یەك و بەرامبەریان لە زمانەکەی تردا دیاریکردووە. بەڕای من (وەرگێڕان) ئەو کاتە دەتوانێت زمان دەوڵەمەند بکات کە (وەرگێڕ) توانستی ئەوەی هەبێت تێکڕای ئەو توانا زمانەوانیانەی زمانەکەی خۆی بەکار بهێنێ بە هەمان ڕاددە و لێهاتوویی و وردییەوە کە بۆ نموونە (پۆشکین یاخۆ تۆلستۆی) لە نووسینی داهێنەرانەیانا بە زمانی زگماکی خۆیانا بەکاریان دێنن.. جار بێتو وەرگێڕ ئەوەی بۆ ئەنجام نەدرێت ئەوە نەك هەر بەشداریی لە دەوڵەمەندکردنی زمانەکەیدا ناکات بگرە بە پێچەوانەشەوە.

بەمەوە من نامەوێ لە گرنگیی ئەوەی وتراوە کەم بکەمەوە کە وەرگێڕ پێویستە لەو زمانەدا زۆر بە توانا و دەست ڕۆیشتوو بێ کە لێیەوە وەردەگرێت. ئەمەیان ڕاستییەکی سادە و بەڵگە نەویستە و هیچ سەلماندنێکی گەرەك نییە!

ئێمە بە بێ هەردوو چاو نابینین و بەبێ هەردوو گوێچکەش نابیسین،

ئەوجـا هەرگیـز پێویسـت بـەم پرسـیارە نـاکات. کامیـان گرنگـترن بـۆ وەرگێـڕ، زانینـی ئـەو زمانـەی لێیـەوە تەرجەمـە دەکات یاخـود ئـەوەی تەرجەمەکـەی پـێ دەکات؟ دەبێـت وەرگێـڕ بەلانـی کەمـەوە دوو زمـان بەباشـی بزانێـت، ئەوەیـش لەخۆیـدا (بەدیهییـە) کـە سـەلماندنی ناوێـت. بـەڵام ئەفسـووس! هەنـدێ جـار تووشـی کەسـانێك دەبیـن کـە تەرجەمـە دەکـەن هـەردووك زمـان وەکـو یـەك بـاش نازانـن، جـا ئەمەیـە (کارەسـات) قسـەیش دەمانکێشـێتە سـەر باسـکردنی (وەرگێڕانـی دەقاودەقـەوە) لـە کاتـی گفتوگـۆدا ئـەم پرسـیارە هاتـە پێشـەوە: ئایـا ئێمـە پێویسـتیمان بـە وەرگێڕانـی دەقـاودەق هەیـە یـا نـە ئایـا ئـەم جـۆرە کارانـە زیانبەخشـن یـان نـا؟ بـەڕای مـن کارەکـە بـەوە بەنـد نییـە ئـەم جـۆرە وەرگێڕانانـە سـوود بەخشـن یـا نـە، بەڵکـو بـە ئاسـتی بـە چاکـی زمـان زانینـەوە بەنـدە، چونکـە هەتاکـو (ناتەواویـی) لـە رۆشـنبیری زمانەوانیـی پێویسـتدا مابێـت، ئـەوا پێویسـتی بـەم جـۆرە (وەرگێڕانـە دەقـاودەق) ییـە نەفرەتییـە هـەر دەمێنـێ!

نکۆڵیـــش لـــەوە ناکرێـــت وەرگێڕانـــی دەقـــاودەق کـــەم یـــا زۆر ئاســـتێکی دیاریکراویـــی زمان-زانـــی نیشـــان دەدات. پێویســـتە ئامـــادە و بەکارهێنانـــی ئـــەو (تەرجەمـــە حەرفی)یـــە بەپێـــی چەنـــد بنەڕەتیـــی دیاریکـــراوەوە بچێـــت بەڕێـــوە، کەچـــی (واقیـــع) شـــێوەیەکی جـــوداوازە جـــاری وا هەیـــە، دەبینیـــن هەنـــدێ هۆنـــراوەی وەرگێـــڕدراو چـــاپ دەکرێـــن بـــەم شـــێوەیەی خـــوارەوەن: لـــەلای چەپـــدا دەقـــە ئەسـڵییەکە نووسراوەتـــەوە و لـــە بەرامبەریشـــیەوە دەقـــی تەرجەمـــە حەرفییەکەیـــە. پێویســـتە ئاســـتی ئـــەو جـــۆرە وەرگێڕانانـــە زۆر بـــەرز بێـــت، بەرادەیـــەك ئـــەوەی ئامـــادەی کـــردووە شـــەرم لـــەو نەکاتـــەوە نـــاوی خـــۆی لەتەکیـا بهێنـێ. لێـرەدا بـۆ نموونـە دەیڵێـم، شـاعیری مەزنـی چیکۆسـلۆڤاکی (ولیـەم زەفـادا) کـە چەنـدان زمـان بەباشـی دەزانێـت، هیـچ نزمـی و کورتییـەك لـەوەدا نابینـێ لـە پایینـی وەرگێڕاوەکانیـدا ئـەم تێبینیـە بنوسـێت: (وەرگێڕانـی وولیـەم زەفـادا، بـە پێداچوونـەوەی فڵانـە پسـپۆڕی زمانەوانییـە) وایـش بزانـم ئـەم جـۆرە

دەستووره خەراپ نییە، چونكە نرخی ئەو وەرگێڕی دەقاودەقەی پەنا بباتە بەر وەرگێڕی سەرەكیی كە دەوری زمانەوانیی دەبینیت، بەهیچ كلۆجێ كەم نابێتەوە.

هەندێك بە دڵنیاییەوە دەڵێن زۆر شاعیری داهێنەر شیعر لە چەندان زمانەوە تەرجەمە دەكەن كە زۆریش تیایاندا باڵادەست نین، بەڵێ، باڵادەستی لە زماندا شتێكی (نسبی)یە. شاعیری چاك كە هۆنراوە بەشێوەیەكی ئێجگار نایاب وەردەگێڕێت، لەسەری نەكراوە هەروەكو رابەرێكی زمان رەوان بەو زمانە بدوێت، چونكە ئەگەر هاتو گفتوگۆی ئاسایی بە چاكی نەزانێ ئەوە هەرگیز مانای ئەوە نییە كە زمانەكە نازانێت! بگرە دەشێت گەلێك لە رابەرەكە باشتری بزانێ!

چاكترین نموونەش بۆ ئەوە (ئا. سانغ)ی شاعیره، یادی بەخێربێ كە وەرگێڕانی نایابی پێشكەش كردووین لە هەڵبەستی (هاینە و نیكراسوف و تفاروفسكی)یەوە، كەچی نەیشی دەتوانی بە رەوانییەوە بە هەردوو زمانی ئەلمانی و رووسی قسە بكات هەرچەند شارەزاییەكی قووڵیشی لە هەردووكیانا هەبوو. جگە لەمەیش هۆنەری ئەستۆنیی (سانغ) تەرجەمەی كەم وێنەی شاكارەكانی (ف. نیزفاڵ)ی شاعیری زمانی چیكی بۆ جێهێشتووین لەكاتێكدا هیچ شارەزاییەكی لەم زمانەدا نەبووە، سەرەتا (تەرجەمەیەكی حەرفی)ی ئەو شاكارانەی بە یارمەتیی فەرهەنگ و ئەو تەرجەمانەی لە چەند زمانێكی تردا هەبوون ئامادە دەكرد، دوایی توانی ئەم كاره گرنگە بەم شێوەیە ئەنجام بدات. هەروەها (ماتس ترات) لەم دواییەدا چەند هەڵبژاردەیەكی وەرگێڕاوی بڵاوكردەوە لە شاكارەكانی بوێژی مەزنی چیكۆسلۆڤاكی (ی.فولكیر) كە بە یارمەتیی (تەرجەمەی حەرفی) ئەو بەرهەمانەوە ئەنجامیدان كە خۆیی ئامادەی كردبوو، بەڵام بێگومان باڵادەستیی و شارەزاییەكی تەواو لە زمانەكەدا و پەنا نەبردنە بەر ئەو جۆره (تەرجەمە حەرفی)یانەوە ئامانجی

هەرە بەرزن کە لە (وەرگێڕانا) هەنگاوی بۆ هەڵدێنینەوە.

هەمووان لە گەڵما یەکن لەوەدا کە جیاوازییەکی فراوان هەیە لە نێوان وەرگێڕانی هۆنراوە و پەخشاندا لە هەمان کاتیشدا دەتوانم لەسەر ئەوە پێداگرم کە وەرگێڕانیی بەرهەمەکانی نووسەران (لیسکۆف و بۆنین) بۆ نموونە، ساناتر نین لە وەرگێڕانیی هەڵبەستەکانی (لیرمەنتوف) یاخود (بلۆك). راستە پەخشان بەگشتی (عەقڵانی) ترە کتێك لە هۆنراوەدا لایەنی ئەندێشە و ڕۆح پتر تیایدا زاڵە. دەبینین وەختێك (ئیقاع)ێکی هێمن و لەسەرەخۆی دەبێت و کاتێکی دی پڕیەتی لە جۆرەها هەستی گرژ و توندوتیژەوە، بەڵام کاتێ وەرگێڕانی هەر چەشنە دەقێکن هیچ بنەمایەکی تایبەت یاخۆ تیۆرییەکی دیاری کراومان پێویست نابێت.

(ب- نوبر) لە وتەکەیدا ئاماژەی ئەوەی کرد کە لەگەڵ ئەوەشدا کە چەندەها وەرگێڕان، بۆ یەك بەرهەمی وێژەیی دیاریکراو هەیە لە زمان گەلی جیاوازدا، دیسانەوە دەبینین وەرگێڕەکان ئێستەیش پەنا بۆ دەقە ئەسڵییەکەوە دەبەنەوە، ئایا ئەو وەختە بۆمان هەیە پاکانە بۆ ئەو رایە بکەین کە دەڵێت شتێکی (حەتمی)یە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی دەبێت لێکدانەوە و شیکردنەوەی جوداوازی بۆ بکرێت؟

من ئاوای تێناگەم، ماوەیەك لەمەوبەر مۆسیقازانێ پێمی وت: وەرگێڕ لە کارەکەیدا لە کۆنداکتەری (قائد) ئۆرکەسترا دەچێت چونکە ئێمە (بیتهۆڤن و شۆبەرت و شتاکۆنیتش) ناناسین تەنیا لە ڕێبازی (تەفاعول) و تێگەیشتن و ئەو ڕێگایەوە نەبێ کۆنداکتەر پێیانی پێشکەش دەکات. نەك لە ڕێی نۆتەی مۆسیقاوە. هەروەها حاڵی کەڵە نووسەرانی جیهانیش هەر ئاوەهایە چونکە تێگەیشتنی ئەدەبەکەیان و بە دڵ بوونیان پەیوەستە بەرادەی توانستی وەرگێڕەکەوە لە گەیاندنی شاکارەکانیان بۆ لە سەدا نەوەد و نۆی (٩٩٪) ئەو خوێنەرانەوە کە توانای ئەوەیان نییە ئەسڵەکەی بخوێننەوە. ئەمە

تەنیـا بەراوردکردنێکـی جـوان و هۆشـمەندانەیەوە هیچـی تـر. ئەگینـا لـە توانـای سـەرکردە مەزنەکانـی ئۆرکەسـترادا نییـە ئـەو کشـۆمەندەییە بـەدەس بێنـن ئەگـەر بەهـۆی ئـەو کۆشـش و خۆماندووکردنـە بەردەوامـەوە نەبێـت کـە بۆچوونـە ناخـی هـەرە نـاوەوەی ئـەو شـاکارانە دەیـدەن کـە لـە بەردەسـتیانایە و هەروەهـا هەوڵـی بـێ وچانیـان نەبێـت بـۆ تەفاعـول کردنێکـی سـوودبەخش لەگەڵیانـدا.. سـاڵی پـار لـە (ئەسـتۆنیا) دا پێشـبڕکەیەکمان سـازکرد بـۆ وەرگێڕانـی هـەردوو چیرۆکـی (کابـتن ئیڤـان بۆنیـن و فاسـیلی سوکشـین) بـە نێـوی (شـەماڵێکی فێنـك) و (دوو نامـە) و بەشـداربووانی پێشـبڕکێ کـە ژمارەیـان گەیشـتبووە ٩١ کـەس هەموویـان ناوونیشـانی (دوو نامـە) چیرۆکـی سۆکشـینیان بـە یـەك شـێوە گۆڕیبـوو، کەچـی لـە تـەك چیرۆکـی (بۆنیـن) کار لـە بارێکـی تـردا بـوو، چونکـە بـە بیسـت شـێوەی جـوداوازەوە ناوونیشـانەکەی تەرجەمـە کرابـوو. لەگـەڵ ئەمەشـەوە هێشـتا پێویسـت بەناوونیشـانێکی لەبـار و راسـت و دروسـت هەبـوو بـۆ ئـەم چیرۆکـە کـە لەگـەڵ ناوەرۆکـە بـە پێزەکەیـی و رۆحییەتەکەیـدا بگونجێـت. ئـەم راسـتییە واتـای ئـەوە ناگەینـێ هـەر وەرگێڕێـك مافـی ئـەوەی هەبـێ بـە گوێـرەی راوبۆچوونـی خـۆی شـیان لێکبداتـەوە، بەڵکـو ئـەوە دەگەیەنـێ کـە پێویسـتە ئـاگاداری ئـەوە بـی و بزانیـت کـە هـەر وەرگێڕانێکـی داواکـراو سـیما و روخسـارێکی نموونەیـی هەیـە و پێویسـتە (ئـەم) کۆشـش بـۆ ئـەوە بـکات کـە بیگاتـێ.

هـەن دەڵێـن هـەر خوێنـەرە و هـەر ژمارەیەکـی دیاریکـراو لـە خوێنـەران هاوتەمـەن و یـا هـەر وەچەیـەك بەشـێوەیەك مامەڵـە لەگـەڵ دەقێکـی ئەدەبیـی دا کـە تایبەتـە بـە خـۆی و بـە تێپەڕبوونـی کات نـرخ و بەهـای تازەتـری تیـادا دەدۆزێتـەوە، ئەمـە راسـتە. بـەڵام ئاخـۆ دەکـرێ وا دابنێیـن کـە هـەر وەرگێڕێـك مافـی ئـەوەی هەیە(دەقەکـە) بـە رێـگای خـۆی لێکبداتـەوە؟ راسـتە وەرگێڕیـش خوێنەرێکـە بـەڵام مـن وای تێدەگـەم ئـەم جـۆرە بۆچوونـە دروسـت نییـە وەرگێـڕ خوێنەرێکـی ئاسـایی نییـە. بەڵکـو ئـەم نوێنـەری گشـت خوێنەرەکانـە! کاتێـك

باس لە (تەعامولی ذاتی) وەرگێڕ لە تەك (دەقەکەدا) دەکرێت زۆربەی جار لادانی وەرگێڕ بەو بیانووەوە پاکانەی بۆ دەکرێ گوایا هەر کەسێ مافی ئەوەی هەیە هەر دەقێك لە گۆشەنیگای خۆیەوە بخوێنێتەوە و تێی بگات. لێرەشەوە ئەم راستییە قووت دەبێتەوە کە دەڵێ لادانی وەرگێڕ لە دەقە ئەسڵییەکەوە هەر لەوەوە سەر هەڵدەدات کە بەبێ (گوێ پێدان دەقەکە دەخوێنێتەوە).

زۆر پێویستە لەسەر وەرگێڕ (دەقەکە) بەشێوەیەك باسخوازانە (موضوعی) بخوێنێتەوە و لەگەڵیا لەوپەڕی (ئەمانەت)دابێت، چونکە هەر مامەڵەکردنێکی ناپاکانە لە تەك هەر دەقێکدا لەئاکامدا بێگومان کرداری وەرگێڕانی ئەسڵەکەی بەرەو لادان دەبات.

تەنانەت ئەگەریش بە (وەرگێڕ) بڵێین (لێکدەرەوە) ئەوە پێویستە ئەوەندە بەوردیی (دەقەکە) لێکبداتەوە لەگەڵ گیانی دەقە ئەسڵەکەدا بگونجێت و هەر ئەوەش بێ کە ئەسڵەکە رێی پێ دەدات.

وەگێڕانی ئەدەبی ئیمڕۆ بە دوو رێگای دژ بەیەکدا دەڕوات وەرگێڕانی وشە بە وشە و چارەسەریی خودیی، زۆر شتیش گوتراون دەربارەی راستییە بنەڕەتییەکانی زانست و هونەری وەرگێڕانەوە سەبارەت بەوەوە کە پێویستە بیروباوەڕ و هەستەکان تەرجەمە بکەین نەك تەنیا وشە گەلێك! وەرگێڕانی وشەکانی خۆی لەخۆیدا (تەرجەمەی حەرفی)یە کە کۆن بووە و ئیمڕۆ باویی نەماوە. بەڵام بەداخەوە تا ئێستەش زۆر شت بڵاودەکرێنەوە کە نە رۆح و نەفسییەت و نە وردەکاریی و جوانکاریی و نە زۆر لایەنی دیکەی (دەقە ئەسڵی)یەکەی تێدا نییە، چونکە بەرێبازی تەرجەمەی حەرفی وەرگێڕدراوە و هەر دووبارە و سێ بارەش دەکرێنەوە.

کەمێك پێش ئێستە باسی ئەو پێشبڕکێیەی وەرگێڕانم کرد کە ٩١ وەرگێڕ لە (رووسییەوە) بۆ (ئەستۆنیی) و (٣٢ وەرگێڕ) لە زمانی (ئەستۆنی)یەوە

بـۆ (رووسـی) تیایـدا بەشـداربوون. ئـەم بەشـدارییە بەرفراوانـە لـە پێشـبڕکێکەدا دەرفەتێکـی باشـی بـۆ رەخسـاندین بـۆ ئـەوەی ژمارەیەکـی زۆر لـە شـارەزایانی (تەرجەمـە) بناسـین و (دیراسـەتیان) بکەیـن و بـەم ئەنجامەیـش گەیشـتین: بەداخـەوە کاری وەرگێـڕە ناشـیئەکان (ئەوانـەی تـازە بەتـازە هاتوونەتـە ئـەم مەیدانـەوە) (تەرجەمـەی حەرفـی) و ئـارەزووی ئـەوەی تێدا زاڵـە کـە (ئەسـڵەکە) وشـە بـە وشـە بگوێزرێتـەوە، بەشـێوەیەکی میکانیکیانـە پێداویسـتییەکانی لەیەکچـوون (مطابقـة) لـە تەرجەمـەدا تێگەیشـتوون. لـە هەمانکاتیشـدا زۆر لەوەرگێـڕەکان لـە کۆبوونـەوە و دیـدار و سـیمینارەکاندا ئـەم پرسـیارە ئاراسـتە دەکـەن: مـەودای سەربەسـتیی وەرگێـڕ چەنـدە و تـا چ سـنوورێك بـۆی هەیـە لـە راگوێزانـی دەقـە ئەسـڵییەکەوە لـە (تەرجەمـە حەرفـی)ی دوورکەوێتـەوە تاکـو بتوانـێ بیـروڕا و هەسـتەکان بەرجەسـتە بـکات؟ شـتێکی روون و بەڵگـە نەویسـتە کـە (وەرگێـڕان) بەبـێ (وشـە) ناکرێـت. چونکـە بـە وشـە دەسـت پێـدەکات و هـەر بەوشـەش کۆتایـی دێـت، بـەڵام پێویسـتە بـە قووڵیـی لەبیـروڕا و هەسـتەکانی نووسـەر تێبگەیـن کـە کەوتوونەتـە نێـوان هـەردوو وشـەکانەوە و دەرکیـان پـێ بکەیـن و لـە تەکیانـدا (تەفاعـوول) بکەیـن. لەگـەڵ ئەمەشـدا لـە هەمانکاتـدا کارێکـی زانسـتییانە و داهێنەرانـە ئەنجـام بدرێـت مادامەکـی دەنگـی (نووسـەر) لـە وشـەی (وەرگێڕەکـە) دا ون نەبـووە و ئاشـکرایە. لەنێـوان وشـەی یەکـەم و دووەمـدا ناکۆکییـەك لەبەینـی پسـپۆرانی وەرگێڕانـدا هەیـە لەبـارەی ئـەوەوە ئایـا کامیـان گرنگترینـن بیـر یـان وشـە، روخسـار یاخـود نـاوەرۆك؟ دەتوانـم بڵێـم لـە (تالیـن و تورتـو) دا گفتوگۆکـەران بـوون بـە دوو بەشـەوە: نووسـەرانی وێژەیـی و زانایانـی زمانەوانیـی. نووسـەرە ئەدەبییـەکان گرنگییەکـی زۆر دەدەن بـە بیرۆکـە و نـاوەرۆك و هەسـتەکانی دەقـە ئەدەبییەکـەوە و کـرداری وەرگێـڕ بـە (داهێنـان) دادەنێـن. کاتێـك زمانەوانییـەکان بـە پێچەوانـەی ئـەوەوە دەڵێـن وشـە گرنگـترە و وەرگێڕانیـش بەیەکێـك لـە باسـەکانی زانسـتی زمـان دادەنێـن و هیچـی تـر.

کەچـی نووسـەر وێژەییـەکان بـەوە زانایانـی زمانەوانیـی تاوانبـار دەکـەن کـەوا ئـەوا ئـەو ڕێسـا و قاڵەبانـەی لەبـەر دەم وەرگێڕانـدا دایـان دەنێـن سەربەسـتیی داهێنەرانـەی وەرگێـڕ قـوڵ بەسـت دەکـەن و ڕێگـەی لێکدانـەوە و بۆچوونـی لێدەگـرن. هەرچـی پسـپۆڕانی زمانیشـن ئـەوە دەڵێـن سەربەسـتیی داهێنـان و لێکدانـەوە دان بـە وەرگێـڕ دەبێتـە هـۆی لادانـی وەرگێڕەکـەوە و دەیخاتـە هەڵـەی ناقـۆڵاو بـێ مانـاوە. بـۆ ئەمەیـش ئـەو (تەرجەمانـە)ی بەرهەمەکانـی (شەکسـپیر) بـە بەڵگـە دێننـەوە کـە شـاعیری ڕووسـیی (بۆریـس باسـترناك) کردوونیـە» چونکـە هەسـت بـە هیـچ بوونێکـی شەکسـپیر ناکرێـت بەڵکـو تەنهـا باسـترناك خۆیەتـی و بـەس نموونـەی لـەم بابەتانەیـش ئێجـگار زۆرن. بـەڵام پێچەوانـەی ئەوانـەی لەسـەرەوە بـاس کـران ئێسـتە (دیراسـات) لـە مەیدانـی وەرگێڕانـا لـە شـێوەی (میتافیزیکی)یـەوە بـەرەو شـێوەیەکی لۆجیکـی (منطق)یانـەوە دەڕوات و (ف.دی. سوسـبور)ی لێکۆڵـەری زمانیـی، گۆڕانێکـی ئێجـگار گرنگـی لـەم ڕووەوە ئەنجـام داوە. لـە سـەرەتای ئـەم سـەدەیەمانا، لەکاتێکـدا بیروڕاکانـی خۆیـی بڵاوکـردەوە کـە دەڵێـن:

(وشـە) بـە جەوهـەری خـۆی دووره پەرێـز نییـە، بەڵکـو زۆرەهـا پەیوەنـدی ئاڵـۆزکاوی بەخۆیـەوە گرتـووە. (تەرجەمـە)ش ڕواڵەتێکـە لـە ڕواڵەتەکانـی ئـەم پەیوەندییانـەوە کـە لـە وشـە بیانییەکـەوە جـێ گۆڕکـێ دەکـەن بـۆ وشـەی نێوزمانەکـەی تـرەوە، بێگومـان وەرگێـڕە ڕەسـەن و بەهـرەدارەکان بەبـێ (سۆسـبۆر) و بیردۆزەکەیشـیەوە بـەم ئەنجامـە گەیشـتوون لـە داهاتووشـدا پـەرە بەکارەکانیـان دەدەن و بەوەیشـەوە، شـیاویی و لێهاتوویـی هونەرمەنـدی وشـە و زانـای زمـان بەرجەسـتە دەکـەن. بەمـەدا (تەرجەمـە حەرفـی)ی نـە هـەر تەنیـا وەگێڕانـی وشـە بـە وشـە پاتەوپـات نییـە، بگـرە بەکـەم زانینـی ئـەو (لۆجیکـە) بـە (منطـق) کـە دەڵێـت (وشـە) بریتییـە لـە نەژادێـك زۆر پەیوەندیـی ئاڵۆزکاویـی لەخۆیـدا حەشـارداوە. وەرگێـڕی وشـە بـە وشـەیش یەکەمیـن چەمـك هەڵدەبژێرێـت کـە

لـە وەختـی تەرجەمـەدا بـە خەیاڵـی دا تێدەپەڕێـت یـا لـە فەرهەنگـدا بەرچـاوی دەکەوێـت بـێ ئـەوەی گـوێ بـەوە بـدات کـە وشـە دەیـان جـار هەیـە سـەدان چەمك و لێکدانـەوە هەڵدەگرێـت بەپێـی شـوێن و بەکارهێنانییـەوە لـە دەسـتەواژە و رسـتەگەلی جیـاوازدا.

١٩٨٨/٦/١٦

سـەرچاوە: گۆڤـار (المترجـم) بغـداد ژمـارە (١٩ سـاڵی (١) کانوونـی یەکـەم/ ١٩٨٧ لاپـەڕە (٨٢-٨٨).

# هاواری یەکێتی و تەبابوون
# لە شیعری حاجی قادری کۆییدا

**تێبینی:**

***ئەم نووسینەم بۆ ئەو کۆڕە ئامادە کردبوو کە (لێژنەی رۆشنبیری لەشاری کۆیە) بە بۆنەی یادی ٩٦ ساڵەی کۆچی دوایی حاجی قادری کۆیی لە شاری کۆیەدا سازیدابوو، ئەوەی لە کۆتایی مانگی نیسانی ساڵی ١٩٩٤دابوو، واتە پێش دەستپێکی رووداوە دڵتەزێنەکانی مانگی ئەیار (هەڵگیرسانی شەڕی نەگریسی کوردکوژە) کە بەداخەوە نەمتوانی لە کۆڕەکەدا ئامادە بم.***

کەڵە شاعیری زانا و نیشتمانپەروەری کورد، سوارچاکی بیری نەتەوەیی و پێشڕۆی کاروانی خەباتی نەپساوەی کوردایەتیی، حاجی قادری کۆیی هەمیشە

زینـدوو، کاتێـك لـە هەمـوو بـوارە جیاوازەکانـی ئەدەبـدا ئەسـپی خـۆی تـاوداوە و بـۆ سـەرجەم دیـاردە کۆمەڵایەتـی و رامیـاری و ژیارییـەکان هۆنـراوەی پڕسـۆز و پـڕ واتـای داڕشـتووە و دڵ و دەروونـی خەڵکانـی ئـەوان سـەردەمان و نـەوەی ئێسـتا و دوارۆژیشـی وروژانـدووە و لەناخـی ناخـەوە هەژاندوونیانـی و شـیعرەکانی سـاڵ لـە دوای سـاڵ و سـەدە لـە دوای سـەدەدا نـرخ و بەهـای خۆیـان لەدەسـت نـادەن و بایەخـی تایبەتیـان هـەر دەمێنـێ و ناووبانگـی ئـەو کەڵـە مێـردە مەزنـە (بـۆ کـورد زۆر بەپەرۆشـە) هەتـا هەتایـێ نەمـرە و وەکـو ئەسـتێرەیەکی پڕشـنگداری هــەرە گــەش بــە ئاســمانی کوردســتانەوە دەدرەوشــێتەوە.. تەنیــا وەنەبێــت بـۆ ئـەوە بووبـێ کـە وەك لـەو رۆژگارەدا بـاو بـووە، دەبـوا شـاعیر ئـەو کارە ئەنجـام بـدا هەتـا بـە (شـاعیر) بژمێردرێـت و لـە ریـزی شـاعیرانی سـەردەمی خۆیـدا جێنەمێنـێ و نەڵێـن شـاعیرێکی کـەم توانـا و بێدەسـەڵات و لێنەهاتـووە! نەخێـر، هەرگیـز! حاجیـی نەمـر زۆر کـەم بەتەنـگ ئـەو دیـد و بۆچوونـەوە بــووە! بەڵکــو حاجــی قــادر ئەمــەی لەرەســەنایەتی بیروبــاوەڕ و هەڵوێســتی (ئیلتـزام)ەوە ئەنجامـداوە، چونکـە لەمبارەیـەوە شـاعیری پایـە بەرزمـان چەشـنی هیــچ کەســانێکی دیکــەی ئەوســا نەبــووە. گڕوتینــی هەســتی کوردایەتــی و نەتەوەخوازیـی ئەوەنـدە هەنـاوی برژانـدووە و لەناخـی ناخیـەوە هەڵقـوڵاوە، شـێوەی دەروێشـێکی بەوەفـا بـەڵام لێـزان و کارامـە و تێگەیشـتوو رێبـازی عەشـق و توانـەوەی لەنێـو بۆتـەی فەلسـەفەی (کوردایەتـی راسـتەقینەی بـێ گـرێ وگـۆڵ) و هەڵکردنـی ئـاڵای خەباتـی رەوای کـورددا بـۆ گەیشـتن بـە مافەکانـی خۆیـەوە تـا دامەزراندنـی قەوارەیەکـی سیاسـی سـەربەخۆ، هەڵبـژاردووە و هەتـا دوا هەناسـەی ژیانـی کـە چراکـەی لەئاوارەیـی و دوورە وڵاتیـدا.. لـە ئەسـتەنبوڵ کوژایـەوە، بـۆ سـاتەوەختێکیش پشـووی حەسـانەوەی نـەداوە، لـە هیـچ کۆسـپ و لەمپـەر و تەگەرەیـەك نەسـڵەمییەوە و وازی نەهێنـاوە!

بیـری کوردایەتیـی حاجـی قـادری نەمـر، گەلـی سـتەمدیدەی بێکـەس و

بەشـخوراوی کـوردی بـۆ فێربوونـی زانسـت و زانیاریـی هانـدەدات، بـۆ خوێنـدن و رۆشـنبیری، پیشەسـازی و کشـتوکاڵ، خـۆ پڕچەککـردن و هەوڵـدان و کۆشـش کـردن (هەروەکـو هەنـگ) لـە هەمووشـیان گرنگـتر بـەلای منـەوە، هاندانـی میللەتەکەیەتـی بـۆ (تەبایـی و هاریکاریـی و یەکێتـی)! چونکـە شـاعیری بلیمەتمـان بـە ئەزموونـی کردەنـی و تێخوێندنـەوەی مێـژووی کـورد و گەلانـی دنیـاوە، بـە بیـری ئێجـگار ورد و زانسـتیانەی خـۆی زۆر چـاك بـۆی سـاخ بووەتـەوە و بـاوەڕی تـەواوی بـەوە هێنـاوە کـە هـۆی هـەرە سـەرەکیی جێـماوی و بەدبەختیـی و ژێردەسـتەبوونی نەتەوەکـەی لـە (دووبەرەکیـی و مـن منانـێ و ناکۆکـی) نێـوان خۆیانـەوە سـەرچاوەی هەڵگرتـووە و هیـچ گومانیشـی لـەوەدا نەبـووە کـە (یەکێتـی قەومـی کـورد) بـەردی بناخـە و چەکـی هـەرە کاریگـەری کوردانـە بـۆ سـەرکەوتن و گەیشـتنیان بەئامانـج!

راسـتە شـاعیرانی دیکـەی کـورد رچـەی رێبـازی شـیعری (نەتەوەییـان) شـکاندووە، بـەڵام هـەچ کامێکیـان وەکـو حاجـی قـادر وا بـە قووڵیـی و بـە رووبەرێکـی وا بـە دەرەتـان پەرەیـان بـە شـیعری نەتەوەیـی کـوردی نـەداوە، هـۆی ئەمەیـش دەگەڕێتـەوە بـۆ خـودی ژیانـی حاجیـی لـە دەوروبەرێکـی بەهاتوباتـی شارسـتانێتی وەك شـاری (ئاسـتانە)ی سـەدەی نۆزدەهـەم و سـەردەمی شـاعیریەتی و هاتنـە نێـو مەیدانـی ئەدەبـی کوردییـەوە لەگەرمـەی پێگەیشـتنی جووڵانـەوەی ئازادیخوازیـی نەتەوەیـی میللەتـان لـە وڵاتـە دراوسـێکانی دەوڵەتـی عوسـمانلیدا و کارتێکردنـی لـە بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـوردەوە.

نووسـەران و رەخنەگرانـی ئەدەبـی کـوردی هەیانـە دەڵێـن «حاجـی قـادری کۆیـی بـە پێشـڕەوی کاروانـی ئـەو شـاعیرە کوردانـە دادەنرێـت کـە نەخشـەی رێگـەی خەبـات و تێکۆشـانیان بـۆ نەتـەوەی کـورد کێشـاوە و (شـیعر)یان کـردووە بـە بەشـێکی جودانەکـراوە لـە خەباتـی گـەل و بـە (چەکوشـەکەی کاوە بـۆ هوردوخاشـکردنی دوژمنانییـەوە). حاجـی ئـەو راسـتییەی لاسـاخ ببـووەوە کـە

دەردی کوشــندەی میللەتــی کــورد (دوژمنایەتــی و یەکنەگرتنــی دەســتەوچین و ســەرپاکی رۆڵەکانــی گەلەکەیەتــی، بۆیــە هەمیشــە هەســتێکی نەتەوەیــی پیــرۆز و خۆشەویســتیەکی بەســۆزی بۆگــەل و نیشــتمانەکەی بــووە کــە بــوون بــە ســەرچاوەی ئــەم هەمــوو شــیعرە بەرزانەیــەوە کــە چ ئــەوکات و چ ئێســتەیش بــە چراوگــی رێگــە و رۆشــنکەرەوەی نەتــەوەی کــورد دادەنرێــن و هــەر ئــەوەش بــووە وای لێکــردووە کــە (یەکێتــی هەمــوو رووێکــی ژیانــی میللەتــی کــوردی) زۆر لامەبەســت بــووە، هەروەکــو لــەم دوو ســێ دێــڕە شــیعرانەیدا دەڵێــت:

لــە دەشــت و دێ و ویلایــەت ببنــە ئەحبــاب
وەکــوو شەخسـێکی واحیـد بـن لـە هـەر بـاب
لـــە بۆتـــان تـــا بەبـــان و ســـەرحەدی ڕەی
لـــە ئەولاتـــر وەهـــا نـــۆش بێتـــە ســـەر دەی
ببینـــە یـــەک لـــە تەعلیـــم و لـــە نووســـین
جـــل و بـــەرگ و زوبـــان و ڕەســـم و ئاییـــن

یاخــۆ داوای رێککەوتــن یەکگرتنــی رۆڵەکانــی هەمــوو تیــرە و هۆزەکانــی میللەتــی کــورد دەکات تاکــو ببنــە هێزێکــی گــەورە و کاریگــەر و بەرامبــەر بــە دوژمنانیــان بووەســتن، هــەروەك لەچامــەی (تــا رێکنەکــەون)دا دەڵێــت:

تـــا رێکنەکـــەون قەبیلـــی ئەکـــراد
هـــەروا دەبنـــە خەرابـــە ئابـــاد!
ئەنواعــی میلــەل لــە گــەورە تاچــووك
خەملێــوە مەمالیکــی وەکــو بــووك
یــەك بەرگــن و یــەك زوبــان و یــەك رەنگ
بــێ غەیبــەت و عەیب و عــار و بێ دەنگ
هــەر کــوردن ئەگەرچــی پاکــی مــەردن
پاماڵـــی زەمانـــە مەحـــوی کـــردن

هەرمانـــە بـــێ نـــەواو مەزلـــووم
وەك بومـــی خەرابـــەزار، مەشـــئوم
گـــەر باعثـــی ئـــەم دەپرســـی کامـــە
شـــەرتێکە کـــە بـــۆ هەمـــوو تەمامـــە
ئـــەو شـــەرتە بـــە کوللـــی ئیتیفاقـــە
گـەر «مەرعـەش» و «وان»ە، گـەر عێراقـە
قەسرێکـــە یەســـاغی ئـــەو نیفاقـــە
گـــەر وانەبـــێ بابـــی هـــەر بـــە تاقـــە.

بڕوانـە (دیوانـی حاجـی قـادری کۆیـی، لێکۆڵینـەوەی سـەردار حەمیـد میـران و کەریـم شـارەزا ل.١٨، ١٩، ٢٠، ١٩٩ و ٢٠٠).

حاجـی لەمەیـش تێدەپەڕێنـێ و لـە دێـڕە شـیعرێکی دیکەیـدا مەسـەلەی یەکگرتنـی ڕۆڵەکانـی نەتـەوە و تەگبیرکـردن و مشـوورخواردن بـە نهێنییـەوە و بابەتـی هەبوونـی (چـەك) دەکاتـە (بەرنامـەی تێکۆشـان) و دەفەرمووێـت:

جوشـێك بـدەن وەکـو هەنـگ
تەگبیـر بکـەن بەبـێ دەنـگ
ئەسـبابی شـەڕ پەیاکـەن
تـۆپ و تفەنـگ و هـاوەن

(هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٢٢)

سـەرنج بفەرمـوون چەنـد بەداخوپـەژارەوە لـە تـاو دەردی دووبەرەکیـی و ناکۆکـی ئارامـی لێهەڵگیـراوە و لەناخـەوە هـاواری لێهەڵسـاوە کـە گوتوویەتـی:

لەبـــەر حیزەبەخۆیـــی و ناتەبایـــی
لـە ژێـری حیـزی حیـزان بووینە دۆشـەک
هەتـا وەک ئاگـری بـن کان لەگـەڵ یـەک
ئەگـەر تۆفـان بـێ لەشـکرتان بـە پووشـەک

(هەمان سەرچاوە ل ٧١)

دیسانەوە لە چامە بەنێوبانگەکەی (خاکی جزیر و بۆتان)دا فەرموویەتی:

لـەم بەینـە ئیتتیفاقـێ پەیـدا بکـەن بـە مـەردی

فەرقـی نەبـێ شـوان و جوتیـار و میـر و گاوان

گـەر هیـچ نەبـێ بـە ئۆین تابیـع بـە دەوڵەتێ بن

بێگانـە چاکـە دوشـمن نەک دوشـمنی لـە خۆتان

تا لە کۆتایی چامە سۆزدار و گڕاوییەکەیدا دەڵێت:

هــەم حەققیانــە ئەرمــەن غیرەتکەشــی یەکــترن

وەک ئێمـە نیـن لەگـەڵ یـەک دەعـوا بکـەن بـە شـیران

بـۆ فەننـی حـەرب و سـەنعەت، بـۆ زەبت و ڕەبتـی میللەت

دەینێرنــە ئورووپــا گــەورە و بچووکــی خۆیــان

ئەمجــا دوا هــاواری نێــو هەنــاوی پــڕ لــە ناســۆر و هیوابــڕاوی لەنــاوەودا قوڵـپ دەداتـەوەو بـە نەعرەتـەی پڵنگێکـی زامـدار شـیوەن دەگێـڕێ و گوێچکـەی کۆمەڵانــی خەڵــك بــەم تەقینەوەیــە وڕ و کاس دەکات کــە دەفەرمــووێ:

حاجــی کەســێکە بێکــەس، بــۆ ئێــوە قــوڕ دەپێــوێ

گوێــی لێدەگــرن زەریفــە، ناگــرن بــەڵا لەخۆتــان!

یان لە قەسیدەی (ئودەبا چاکە)دا دەڵێت:

ئیتتیحـادی بـە ئیتتیفاقـی ئەنـام

سـوپەرە بـۆ حەوادیسـی ئەییـام

کـوردی ئێمە نـەزان و پاشـکەوتن

پێکـەوە پـووش و ئاگـر و نەوتـن

بـێ ئەگـەر دەسـتی یەکـتری بگرن

وەک سـکەندەر جیهـان هەمـوو دەگـرن

(سەرچاوەی پێشوو ل ٨٨)

سـەیری کـەن چـۆن لـە چامـەی (سـلام اللـە فـی کل یـوم) دا دێتەسـەر باسـکردنی وڵاتانـی دیکـەوە و دوایـی لەگـەڵ حاڵـی کـوردان بـەراوردی دەکات و دەڵـێ:

سـەراپا سـاحیبی سـککە و سـوپاهن
وەکـوو جـەم سـاحیبی تەخـت و کولاهن
لـە تەدبیـری ئومـووری موڵکـی خۆیـان
شـەریکن پینـەدۆز و شـاهـ و گاوان
لـە هـەر وەقتـێ یەکێکـی بێتـە هـاوار
لـە جوتیـار و شـوان و ئەهلـی بـازاڕ
لـە جۆشـین و لـە نێشـا مێشـی هەنگـن
بـە مـن چـی کافـرن یـا نـە فەرەنگـن!
وەکـوو بیسـتوومە بـۆ دەفعـی مەسـائیب
ئەمـە تەدبیـری کـورت و فیکـری سـائیب
لە دەشـت و دێ و ویلایەت ببنە ئەحباب
وەکـوو شەخسـێکی واحیـد بـن لـە هـەر باب
لـە بۆتـان تـا بەبـان و سـەرحەدی ڕەی
لـە ئەولاتـر وەهـا نـۆش بێتـە سـەر دەی
ببینـە یـەک لـە تەعلیـم و لـە نووسـین
جـل و بـەرگ و زوبـان و ڕەسـم و ئاییـن

(هەمان سەرچاوە ل ٢٣٢- ٢٣٣)

بەواتـا داوای یەکبـوون و یەکێتـی گشـت چیـن و توێژەکانـی کۆمـەڵ و یەکگرتنـەوەی شـارو لادێ دەکات، بەبـێ جیاوازیـی

هەمدیـس لـە چامـە هـەرە بـەرز و بایەخـدار و بەنێوبانگەکەیـدا (لـە مەیدانـی بەهـارا) بـە نـزاوە لـە یەزدانـی گـەورە و میهرەبـان دەپاڕێتـەوە و دەڵێـت (ئەمیـن ئاغـا و حەمـە ئاغـای (حەماغـە)ی کۆیـە بـۆ کـوردان بهێڵێـت هەتاکـوو:

لــە دنیــادا ئیلاهـــی هـــەر بمێنـــن
بنـــەی بـــێ ئیتتیفاقـــی هەڵقەنێنـــن
لـە قـۆچ پاشـاوە تـا ئێسـتا ئەمیرێـک
لـە کـۆی پەیـدا نەبـوو یاخـود وەزیرێـک
لەبـەر بـێ ئیتتیحـادی بوونـە مسـکێن
لـە ئاخیـردا وەکـوو زانیومـە هەڵدێـن
لـــە مابەینـــی کڵاوســـوور و کڵاوڕەش
پەرێشـان و دیـارن میسـلی گای بـەش
لەبـــەر ئـــەم ناتەبایـــی و کینەجۆیـــی
لــەلای ڕۆمــی زەلیلــن مــەردی کۆیــی

(هەمان سەرچاوە. ل ٢٥٤).

ئەمانــە مشــتێکن لــە خەروارێــك.. ســەد ســاڵ زیاتــر بــەر لــە ئێســتاوە زۆر زانایانــە و بــە وردی دەردی (دووبەرەکیــی) لەنێــو کــوردان دەستنیشــان کــردووە و دەرمــان و ڕێگــە چــارەی راســت و دروســتی بــۆ دیاریکــردووە کــە بریتیــن لــە (یەکێتــی و تەبایــی و برایەتیــی و هاوکاریــی!)

مــن پێموایــە بێتــو ئێمــەی نــەوەی ئــەم کەڵــە شــاعیر و فەیلەســووفە کارامــە و کوردپــەروەرە هــەرە دڵســۆزە دوای تەنانــەت یــەك ســەدەیش گوێرایەڵــی وتــەو ئامــۆژگاری و رێنماییــە بەنرخەکانــی بیــن و بــەم ڕێبــازە هــەرە پیــرۆزەدا گــوزەر بکەیــن کــە رەنگــی بــۆ رشــتووین.. رێبــازی تەبایــی و یەکبوونــی ریزەکانــی کاروانــی خەباتــی کوردایەتیــی راســتەقینە و ژەهــروژاری کوشــندەی پەتــای دووبەرەکــی و ناکۆکــی و ململانێــی لاوەکیــی و شــەڕە رەنــگ و حزبایەتیــی بەرتەســك و شــەڕی ســامناك و ماڵوێرانکــەری (خۆکــوژە) وەلانێیــن لەوانەیــە و دەشــێت بگەیــن بــە (ئامانــج) و رەوانــی پاکــی (حاجــی قــادری کۆیــی نەمــر) لــە گــۆڕە پڕنوورەکەیــدا ئاســوودە و ئــارام بکەینــەوە!

# پەیامی حاجی قادری کۆیی و شەڕی کورد کوژە

مامە حاجی هەزاران درووود و سڵاو لە گیانە پاکەکەت پتر لە سەد ساڵ پێش ئێستا چەند بە پەرۆشەوە هانی کوردانت دەدا و دەتفەرموو

«جۆشێك بدەن وەکو هەنگ
تەگبیر بکەن بەبێ دەنگ
ئەسبابی شەڕ پەیاکەن
تۆپ و تفەنگو هاوەن!

بەڵێ قوربان، فەرمایشتەکانتمان بەجێهێنان، جۆشمان خوارد، تەگبیری چاکمان کرد، خۆمانمان ڕێکخست. چەندان حزب و کۆمەڵەمان دامەزراندوون، ئەسبابی جەنگ نەك هەر «تۆپ و تفەنگ و هاوەن» بگرە زیاتریش لەمانە:

زریپۆش و تانك و ئاربی جی و فڕۆکەشکێن و نەمساوییشمان پەیدا کردوون، بەڵام بەچی دەچێت! سەد حەیف و مخابن، لەمەیاندا بە گوێی تۆمان نەکردووە، چونکە لە جیاتی ئەوەی رووبەڕووی دوژمنانمان بینەوە، وا بە ئەوپەڕی رق و کینە و هەڵچوون و دەمارگیرییەوە بەسنگی خۆمانیانەوەیان دەتەقێنین و کوڕانی تێکۆشەر و دڵسۆزی کوردیان پێ قڕ دەکەین!!

تۆ هاوارت دەکرد و دەتفەرموو:

«هەر هیچ نەبێ بە ئۆین تابیع بە دەوڵەتێ بن»

«بێگانە چاکە دژمن، نەك دوژمن، لە خۆتان»

بەڵێ قوربان: لە دوای زیاتر لەسەد ساڵ نە بەراستیی و نە بە «ئۆیین»یش «تابیع» بە هیچ «دەوڵەتێ» نەبووین، دوژمنی بێگانەیشمان هەر بە تەواوەتی لە هۆش و بیری خۆماندا وەلاناوە و دوژمنایەتییەکی خۆبەخۆیی ئەوتۆمان بۆخۆمان سازداوە و کەوتووینەتە فڕکردنی خوێنی خۆمانەوە، تەنانەت دوژمنی راستەقینەی باوەکوشتەشمان بە فیز و فیشاڵێکەوە پەرۆشی حاڵمانن و فرمێسکی تیمساح ئاسمان بۆ دەڕێژن!!

خاڵە حاجی جەنابتان بە دڵێکی پڕ لە ئازارەوە دەتانفەرمو:

«تا رێکنەکەون قەبیلی ئەکراد

هەروا دەبنە خەرابە ئاباد»

بەڵێ قوربان قەبائیلی ئەکراد رێککەوتوون، بەڵام هەزاران ئەفسووس! لەسەر ئەوە رێککەوتوون کە «هەرگیزاو هەرگیز رێکنەکەون!» بۆیەکا نەك هەر بووینەتە «خەرابە ئاباد» بگرە بەدەستی خۆمان کۆشك وتەلاران دەڕوخێنین، ماڵان بە تاڵان و بڕۆ دەبەین.. شار و گوندان وێراندەکەین، رەشوورووت و زەحمەتکێشانی لێقەوماومان بێ مووچە و نەدار و برسی و دەربەدەر و ئاوارە دەکەین.. ئازووقەیان لێدەبڕین، کارەبا و ئاویان لێ تێکدەدەین، رێگەوبانیان لێدەگرین.. منداڵانیان لە خوێندن دەکەین.. ئەوەیش

لــە چنگــی دوژمنانیشــمانەوە رزگارمــان کردبــوون ئــەوا بــە چڕنووکــی نەفامــی و نەزانیــی و بەهــۆی ململانێــی نــاڕەوای حزبایەتــی هــەرە بەرتەســکی بــێ مانــادا ژێــرەو ژووری دەکەیــن!

ئەدی بەڕێزتان بە دڵسۆزیی و زانایانە نەتانفەرموو:

«لەبــەر حیــزە بەخــۆی و ناتەبایــی

لـە ژێـر حیـزی حیـزان بووینـە دۆشـەگ

«هەتــا وەك ئاگــری بــن (کا) ن لەگــەڵ یــەك ئەگــەر تۆفــان بــن لەشــکرتان بــە پووشــەك»!

هــەزاران درود لــە گیانــی پاکتــان، چەنــد چــاك بــۆی چوویــت و چەنــد جــوان مەبەســتت پێــکاوە، فەرمــوو: ئەمەتــا کــورد پــاش زیاتــر لــە ســەد ســاڵ لەشــکری تۆفــان ئاســای پەیــدا کــردووە، بــەڵام ســەد حەیــف و مخابــن و ســەد ئــاخ! ئێستاشــی لەگەڵدابێــت هــەر ئاگــری بــن کایــن و لەگــەڵ یــەك و خراپتریــش، بۆیــە لەشکرەکانیشــمان هەمــووی هــەر بــە پووشــێك!

بێگومــان زۆر بــە دڵشــکاویی و ناهومێدیــی و بێزارییــەوە ئاخانــت هەڵدەکێشــا و لەناخــەوە هەســتت بــە شــەرمەزاریی دەکــرد کاتێــك بــە ناچاریــی فەرمووتانــە:

«قەومـی جـوو چاکـە ئیتیفاقـی هەیـە

کـورد بـێ غیرەتـی و نیفاقـی هەیـە»

ئەمــن نازانــم (ئەتــو) وەلــی بوویــت، کەڕامەتــدار بوویــت! ئــەرێ خــۆ (وەحــی) یــت بــۆ نەهاتبــوو! دەك گۆڕەکــەت پــڕ لــە نــوور بێــت وەك ئــەم راســتیانەت زانیــوە و بەوپــەڕی پەرۆشــییەوە دەرتبڕیــوون و بەدەســتیانەوە تلایتــەوەو ناڵاندووتــە!

دەفەرمــوون، ئــەوا (قەومــی جــوو) بــە (ئیتیفاقــی) خۆیــان دەمێکــە بــوون بــە دەوڵــەت.. دەوڵەتێکیــش کــە لەهــەر چــوار کەنــاری دنیــادا ســەنگ و بایەخــی خــۆی هەیــە و حیســابێکی تایبەتیشــی بــۆ دەکرێــت! کەچــی ئێمــەی (کــورد) لەبــەر (بــێ غیرەتــی و نیفــاق) ئەوەشــی کــە لــەم دواییانــەدا بــە ئارەقــە و خوێــن

و قوربانیــدان و هــەوڵ و ڕەنجــی دەیــان ســاڵەمان و زێتریــش بــە یارمەتــی و دەســتگیرۆیی و ســك پێســووتانی خێرخوازانــی دنیــا بــە دەســتمان هێنابــوو، ئــەوا کوێرانــە و دڕندانــە کەوتووینەتــە ویــزەی و زۆر بێباکانــە خەریکیــن لەبــاری دەبەیــن و دەیڕوخێنیــن! خەریکیــن خۆمــان ریســوا و خانەوێــران و چــارەی خۆمــان ڕەش و ڕەزامــان لەبەرچــاوان ئێجــگار قێــزەون دەکەیــن.. حەیــای خۆمــان دەبەیــن، خۆمــان مــاڵ کاول و قوڕبەســەر دەکەیــن، بەدەســتی ئەنقەســت تاوانێــك ئەنجــام دەدەیــن کــە (ئەوانــەی) جەنابــت بــە دەســتیانەوە دادو فوغانــت بــوو، دەتناڵانــد هەرگیــز شــتی وایــان نەکــردووە، بەڵــێ (ئــەوان) ســەدان ســاڵ بــەر لــە ئێســتاوە ئەگــەر بــە نەفامیــی و لەبــەر نەخوێندەواریــی و دواکەوتویــی هەڵەیــان کردبێــت، ئــەدی ئاخــۆ (ئێمــە)ی زانــا و ڕۆشــنبیر و سیاســەتمەدار و تێکۆشــەرانی دوا ســاڵەکانی ســەدەی بیســتەم، ســەدەی مافــی مــرۆڤ و ئــازادی و دیموکراســی، ســەدەی گەشــەکردن و بوژانــەوەی نەتەوەیــی.. ســەردەمی گەیشــتنی گەلانــی جیهــان بــە مافــی ڕەوای بڕیــاری چارەنــووس و دامەزراندنــی قــەوارەی سیاســی تایبەتــی خۆیانــدا.. دەبــێ چــی بــە خۆمــان بڵێیــن و نــەوەی دوارۆژمــان چیمــان پــێ بڵێــن کــە: بەدەســتی خۆمــان ئەزموونەکەمــان لەبــار دەبەیــن و (کۆرپەکەمــان) لــە (بێشــکە)دا دەخنکێنیــن!

فەرمووتــان: «ئیتیحــادی بــە ئیتیفاقــی ئەنــام

ســوپەرە بــە حەوادیســی ئەییــام

«کــوردی ئێمــە نــەزان و پاشــکەوتن

پێکــەوە پــووش و ئاگــر و نەوتــن»

بەڵــێ ئــەی کەڵــە شــاعیر و فەیلەســووف و شاســواری مەیدانــی کوردایەتــی.. گــۆڕ هەڵتەکێنــە! ئەمەتــا پێشــمەرگە دڵســۆز و نیشــتمانپەروەر و قارەمانەکانــی کاروانــی پــڕ لــە ســەروەری و شــکۆداری ڕەوتــی ڕزگاریخــوازی کوردایەتــی، دوای شــەڕە پــەڕۆك، شــەڕە ڕەنــگ و شــەڕە قســەوە، بەربوونەتــە گیانــی یەکتریــەوە و چنگــمان لــە بیناقاقــای یەکــدی گیــر کــردووە، لــە ختوخوڕایــی و زۆر بــێ

بەزەییانـە خوێنـی خۆمـان دەڕێژیـن.. لـە ڕاگەیاندنیشـدا ئـەوەی دێتەسـەر زاران، لەدزێوتریـن، ناشـیرینترین، سـووکترین جنێـو و بوختانـی نـاڕەواو درۆ نایانگێڕینـەوە و لەبەکارهێنانـی نزمتریـن وشـەکانی فەرهەنگـی بازاڕیـش ناسـڵەمینەوە! بەشـێوەیەك دوژمنانمـان هەقیانـە بەکەیـف و پێخۆشـبوونەوە بڵێـن «بـۆ چـما کـورد و سـەرکردە و حزبەکانیـان ئـە ئـاوا (...) بوونـە و ئێمـە نەمانزانیـوە!

بەداخـەوە مامـە حاجـی هەرگیـز لەخەونـی شەوانیشـدا ئـەم بـارە ئاڵـۆز و نالەبـار و هیوابـڕ و ئـەم شـەڕی (کوردکوژی)یـە بـە خەیاڵـی کەسـێکدا نەدەهـات، خـوا سـەبەبکارانی بگـرێ و هۆشـێك بێنێتـەوە بـەر (تۆخمـی خۆخـۆران)داو ئاگـری ئـەم (شـەڕە نەگبەتی)یەمـان بـۆ بکوژێنێتـەوە و (ئەزموونە)کەمـان بـۆ بپارێزێـت.. ئامیـن.. ئامیـن.. ئامیـن!!

هەولێر- کوردستانی باشوور

# شاری کۆیە یادی حاجی قادر دەکاتەوە

گۆڤاری رامان ژمارە ٦٣ لە ٢٠٠١/٩/٥

تێبینی: تۆماری ئەم یادە هەمووی کاتی خۆی نووسراوەتەوە دەقەکانی وەکو خۆیان لە دەفتەرێکدا تۆمار کراوە بە پێنووسی خۆم و تا ئێستاش لای خۆم پارێزراوە

(م.ئاسنگەر) هەولێر:١٦ی ئابی ٢٠٠١

لیژنـەی بـاڵای ئاهەنـگ: رۆژی هەینـی رێکەوتـی ١٩٧١/٤/٩ دەسـتەیەك بوێـژ و نووسـەر و رۆشـنبیرانی (کۆیـە) لـە کتێبخانـەی (سـەلاحەدین)دا کۆبوونـەوە و لـە بـارەی یادکردنـەوەی شـاعیری مـەزن و نەمـری کوردسـتان و رابـەری بیـری کوردایەتـی، حاجـی قـادری کۆییـەوە دوان. لـە ئەنجامـی لێکۆڵینـەوە و گفتوگـۆی تێروتەسـەل بڕیاریانـدا لێژنەیەکـی بـاڵا هەڵبژێـرن بـۆ سەرپەرشـتی و رێکخسـتنی ئاهەنگەکـە و جێبەجێکردنـی هەمـوو پێداویسـتییەکانی، لێژنەکـەش بـەم شـێوەیە پێکهـات.

بەڕێزان:

١- عوسمان عەونی بوێژ و ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد.

٢- مەجید ئاسنگەر بوێژ و نووسەر، ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد.

٣- تاهیر ئەحمەد حەوێزی، مێژوونووس و ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد.

٤- نافیع عەبدولفەتاح (رۆستەم) بوێژ و مێژوونووس و ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد.

٥- مەلا مستەفای عاسی، بوێژ و مێژوونووس و ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد.

٦- عەبدولمەجید نورەدین جەلیزادە، مامۆستای خانەشین و نووسەر.

٧- جەلال سەعید (جۆبار) بوێژ.

٨- سەلاح حوسێن، بوێژ، مامۆستا.

٩- محەمەدەمین مەعروف کامەلا، مامۆستای خانەنشین، نووسەر.

١٠- تاهیر سەعید، مامۆستای خانەنشین، رۆشنبیر.

١١- مەلاعەلی مەلا تۆفیق، خەتیب و ئیمامی مزگەوتی گەورە (جومعە).

ئەم کۆبوونەوەیەش لە کاتژمێر ١٠ هەتا ١٢ی پێش نیوەڕۆی خایاند و ئەم زاتانە ئامادەی بوون و بەشداری گفتوگۆ و هەڵبژاردنەکەیان کرد.

١- عوسمان عەونی حەبیب. ٢- مەجید ئاسنگەر. ٣- تاهیر ئەحمەد حەوێزی. ٤- رۆستەم حەوێزی. ٥٠ – جەلال جۆبار. ٦- سەلاح حوسێن. ٧- سەیف الدین عبدالمجید موفتی ٨- محەمەد عەبولا مام یەحیا. ٩- ئەکرەم عەبدولباقی ساڵح. ١٠- حبیب عبدالفتاح (ساکار). ١١- قوباد سابیر (بەهرەوەر). ١٢- کەمال کەریم. ١٣- ئیبراهیم فەتحولا. ١٤- ئازاد بیلال بەهائەدین. ١٥- عیزەت جەمال وەهاب. ١٦- محەمەد عەلی جەلیزادە. ١٧ نامیق عەبدولا تۆفیق. ١٨- عەبدولڕەحمانی خۆشنووس. ١٩- دڵشاد نەجیب تاهیر چەلەبی. ٢٠ – عەلی مستەفا.

تێبینــی: (ئــەو زاتانــە ئێســتا چوونەتــە بــەر دلۆڤانــی خــودا، جێگەیــان بەهەشــت بێــت ئینشــاللا. ١- عەونــی ٢- تاهیــر ئەحمــەد ٣- رۆســتەم حەوێــزی ٤- عاســی ٥- عەبدولمەجیــد جەلیــزادە ٦- محەدەمیــن مەعــروف٧- تاهیــر ســەعید ٨- مــەلا عەلــی تۆفیــق ٩- ســیف الدیــن موفتــی. ١٠- ئەكــرەم عەبدولباقــی ١١- حبیــب ســاكار. ١٢- مامۆســتا عەلــی مســتەفا. خوایــان لێخۆشــبێت).

كۆبوونەوەی لێژنەی باڵا:

رۆژی هەینــی رێكەوتــی ٤/١٦ و هەروەهــا شــەممە و دوو شــەممەی رێكەوتــی ١٧ و ١٩ی مانگــی نیســانی ســاڵی ١٩٧١ كاتژمێــر چــوار و چارەگێكــی پــاش نیــوەڕۆ لیژنــەی بــاڵای ئاهەنــگ لــە كتێبخانــەی گشــتی ســەلاحەدین لــە كۆیــە كۆبوونــەوە و دەربــارەی كاروبــاری ئاهەنگەكــەوە قســە و باســیان كــرد دەرەنجــام بڕیــاردرا كــە:

١- داواكارییــەك بــەم بۆنەیــەوە بدرێــت بــە قائمقامــی كۆیــە بــۆ مــاوەدان بــە ســازدانی ئاهەنگەكــە بــە رەســمی.

٢- هەواڵــی ئاهەنگەكــە بــە نووســین بــڵاو بكرێتــەوە و بانگهێشــتی شــاعیر و نووســەر و رۆشــنبیرانی كــورد وعــارەب و توركــمان بكرێــن.

٣- ئــەم ئەركانــە بــەكاك مەجیــد ئاســنگەر ســكرتێری لیژنەكــە ئەســپێردران تاكــو نووســینەكان بەكــوردی و بەعەرەبــی ئامــادە بــكات و بــۆ شــوێن و جێگــەی پێویســت رەوانیــان بــكات. ئەمیــش فەرمانــی یەكەمــی بــەم شــێوەیەی خــوارەوە بــە زمانــی عەرەبــی نووســی:

بسم الله الرحمن الرحيم

الجمهورية العراقية

الى/ السيد قائم مقام قضاء كويسنجق المحترم

والمعروض لسيادتكم

ينـوى أدبـاء كويسـنجق اقامـة احتفـال جماهيـري عـام تحـت رعايتكـم احيـاء لذكـرى الشـاعر الكـوردي الكبيـر (حاجـى قـادرى كۆيـى) و ذلـك عـصر يـوم

الخميس المصادف ١٩٧١/٦/٢٤ و عليه نتقدم بطلبنا هذا راجين من سيادتكم التفضل بالموافقة و استحصال موافقة الجهات المسئولة على اقامة الاحتفال و تفضلوا سيادتكم بقبول جزيل شكرنا و تقديرنا.

عن لجنة الاحتفال.

عثمان عونى حبيب، طاهر حويزى، مجيد ئاسنگەر، عبدالمجيد نورالدين، نافع عبدالفتاح.

ئەم داوكارییە رۆژی سێ شەممە رێکەوتی ١٩٧١/٤/٢٠ درایە قائمقامییەتی قەزای کۆیە، قائیمقامی کۆیەش دوای پەسەند کردنی بەم بروسکەیەی خوارەوە داوای لە پارێزگاری هەولێر کرد.

(دەقەکە):

الى محافظ اربيل

من قائمقام كويسنجق

العدد/ ٤٥١ (التحرير)

التاريخ/ ١٩٧١/٤/٢٠

قدم الينا أدباء كويسنجق طلبا بأقامة احتفال جماهيرى عام تحت رعايتنا احياء لذكرى الشاعر الكردي الكبير (حاجى قادرى كۆيى) وذلك عصر يوم الخميس المصادف ١٩٧١/٦/٢٤ نرجو التفضل بالموافقة و اعلامنا لطفا.

توقيع

على سليمان البهار

قائمقام قضاء كويسنجق

صورة منها للتثبيت الى/ محافظة اربيل- الجمعيات للتفضل بالعلم و الامر بما يلزم رجاء.

هەروەهــا ســکرتێری لێژنــەی بــاڵا فەرمانــی دووەمــی بــەم دوو جــۆرەی خــوارەوە بــە هــەردوو زمانــی عەرەبــی و کــوردی بــە جێهێنــا.

أ- الی/ جريدة (التأخی) الغراء- بغداد

قــرر أدبــاء كويســنجق احيــاء ذكــری شــاعر كردســتان الخالــد و رائــد الحركــة الفكريــة الكرديــة الحــرة كوردايەتــی- حاجــی قــادر كۆيــی وذلــك بإقامــة احفتــال جماهيــري عــام برعايــة قائــم مقــام القضــاء الســيد علــی ســليمان البهــار عــصر يــوم الخميــس المصــادف ١٩٧١/٦/٢٤ و بهــذه المناســبة الســعيدة فإننــا اذا نرحــب بجميــع الأدبــاء والمثقفيــن الاكــراد و العــرب وغيرهــم مــن الذيــن يرغبــون الحضــور الــی كويســنجق – مدينــة حاجــی قــادر- في التأريــخ المذكــور، نرجــو مــن الســادة الأفاضــل الذيــن يــودون الاشــتراك فــی فعاليــات الاحتفــال شــخصيا ارســال مــا تجــود بــه قرائتهــم الــی لجنتنــا. شريطــة ان لا تخــرج عــن موضــوع حاجــی قــادر و ذلــك لغايــة ١٩٧١/٥/٣١ للاطــلاع و الموافقــة علــی تثبيتهــا فــی المنهــاج.

(لجنة الاحفتال).

صــورة منــه الــی/ محطــة تلفزيــون كركــوك- لأذاعتــه علــی جمهــور المشــاهدين رجــاء.

بۆ/ یەکێتی نووسەرانی کورد- بارەگای گشتی بەغدا

وێنەیەك بۆ یەکێتی نووسەرانی کورد لقەکانی هەولێر، کەرکوك و سلێمانی.

گۆڤارەکانــی نووســەری کــورد، برایەتــی، دەفتــەری کــوردەواری، زانیــاری لــە بەغــدا، گۆڤــاری هەولێــر و گۆڤــاری چیــا لــە هەولێــر، گۆڤــار دەنگــی مامۆســتا، رۆژنامــەی ژیــن لــە ســلێمانی و، رۆژنامــەی هــاوکاری لــە بەغــدا.

بوێــژ و نووســەرانی کۆیــە بڕیاریانــداوە بــە ئاهەنگێکــی قەشــەنگ لــە پــاش نیــوەڕۆی رۆژی پێنــج شــەممەی رێککەوتــی ١٩٧١/٦/٢٤ لــە ژێــر چاوەدێــری قائیمقامــی کۆیــە بەڕێــز کاك عەلــی ســولیمان ئەلبەهــار دا یــادی بوێــژی نەمــری کوردســتان و رابــەری بیــری کوردایەتــی حاجــی قــادری کۆیــی بکەنــەوە. جــا بــەم

بۆنــە پیــرۆزەوە بەختــەوەر و شــادمانین لــە بەخێرهێنانیــان و پێشــوازی هــەر بوێــژ و نووســەر و رۆشــنبیرێکی کــورد و عــەرەب کــە بیــەوێ لــە ئاهەنگەکەمانــدا ئامــادە بێــت و بفەرموێــت بــۆ کۆیــە- شــارە دێرینەکــەی حاجــی قــادر و هیواداریــن ئەوانــەی ئــارەزووی بەشــداربوونی ئاهەنگەکــەش دەکــەن نووســینەکانیان تــا ١٩٧١/٥/٣١ بــۆ لیژنەکەمــان بنێــرن بەمەرجــێ لەســەر حاجــی قــادر بــێ تاکــو ئــەوەی لــە دوای دیــتن پەســندکرا بخرێتــە نــاو پرۆگرامــەوە.

(لیژنەی سەرپەرشتیی ئاهەنگ)

تێبینی:

١- ئــەم ســکاڵا و نامانــەی ســەرەوە کاك عیــزەت جەمــال بەتایپــی قوتابخانــەی دواناوەندیــی (ثانویــة) کۆیــەی کــوڕان چاپــی کــردن.

٢- وێنەیــەك لــەم نــووسراوەی ســەروە درا بــە لیژنــەی ناوچــەی کۆیــەی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان بــۆ ئاگاداریــی و هاوکاریــی، هەروەهــا وێنەیەکــی درا بەگشــت رێکخــراوە کوردســتانییەکان لەکۆیــە بــۆ هەمــان مەبەســت.

کۆبوونەوەی چوارەم/

لــە کاتژمێــری چوارونیــوی پــاش نیــوەڕۆی رۆژی هەینــی ١٩٧١/٤/٢٣دا لــە شــوێنی (مەحــەل) کاك (عەونــی) لیژنەکەمــان کۆبــووەوە و ئــەم زاتانــە ئامــادەی بــوون.

١- کاك عەونــی ٢- کاك طاهــر احمــد حوێــزی ٣- کاك جــەلال جۆبــار. ٤- کاك حەمەعەلــی جەلیــزادە. ٥- مــەلا رەئــووف حوێــزی. ٦- مامۆســتا عبدالمجیــد نورالدیــن جەلــی زادە. ٧- مامۆســتا محمدامیــن معــروف. ٨- مامۆســتا مەجیــد ئاســنگەر.

١- لــەم کۆبوونەوەیــەدا لــە زۆر لاوە باســی ئاهەنگەکــە کــرا، لەگــەڵ چۆنییەتــی پێشــوازیی و حەواندنــەوەی میوانــەکان. زۆر جــۆرە بیــروڕا خرانــەڕوو. لــە ئەنجامــدا گەیشــتینە ئــەم بڕیــارەوە:

أ – میوانــەکان بــۆ خــواردن بەســەر چەنــد ماڵێکــی دیاریکــراو دابــەش بکرێــن،

یا خود لە شوێنێکی تایبەتیدا چێشتیان بۆ سازبکرێ و هەموویان پێکەوە بن. لەو بارەشەوە خاوەن چێشتخانەی (رینگە) خۆی و قاپ و شمەکەکانی لەگەڵ چەند ئافرەتێك بەکرێ بگیرێن و کەرەسەی پێویستیان بۆ بکڕدرێت و ئەم ئەرکە جێبەجێ بکەن.

ب- بۆ نووستن یا ئەوەتا قوتابخانەی سەرەتایی (حاجی قادری کۆیی) یان بۆ تەرخان بکرێت، یاخود میوانخانەیەك (ئوتێل) بەکرێ بگیرێ و رایەخ و پێخەفی خاوێنیان بۆ ئامادە بکرێت و بە هەموو جۆر وەك پێویستە و شایەنی حاجی قادر و شاری کۆیە و میوانەکان ئاوا خزمەتیان بکرێت.

٢- لیژنەی تایبەت دابنرێت بۆ پێشوازیی و یاوەریی میوانەکان کە هەریەك لە نوێنەر و میوانی ناوچەیەکی تایبەت بەرپرسیار بێ و بەوپەڕی چالاکی و دڵسۆزییەوە بە تەنگیانەوە بێن و لە هەر کار و راژەیەکا بۆیان ئامادە و دەست بە سنگەوە بن.

٣- کۆمەڵانی خەڵکی کۆیە، بەتایبەتی قوتابی و خوێندکاران بەهۆی بەڕێوەبەر و مامۆستاکانیانەوە، بەگیانێکی بەرز و رەوشت و کرداری نایاب و رەنگینەوە ئامۆژگاری بکرێن کە لەماوەی بوونی میوانەکان لە شارەکەماندا بە کردار و بە گوفتار سەروناوی شارەکەی حاجی قادر وەکو پێویستە بەرز بکرێتەوە و بۆ هەموو لایەکی بسەلمێنن کە کۆیەش لە شوێنەکانی تر کەمتر نییە.

٤- هەروەها باس لەوە کرا کە رێگایەك بدۆزرێتەوە بۆ بەدەستهێنانی خەرجی و پارەی پێویست بۆ ئەرك گێڕانی ئاهەنگەکە و مێواندارییەتی میوانە بەڕێزەکانەوە و دروستکردنی (پەیکەر)ێك بۆ حاجی قادری کۆیی.

٥- باسی ئەوەیش کرا کە (لیژنەیەکی هەمیشەیی) پێویست پێك بهێنرێت بەناوی (لیژنەی حاجی قادری کۆیی)ەوە بۆ بەردەوام بوونی یادکردنەوەی حاجی قادری کۆیی لەهەموو ساڵێکدا و هەروەها بۆ هەڵسان بە کار و

پـــرۆژەی ســـوودبەخش و بەکەلــك لــە شــارەکەماندا و هەوڵــدان بــۆ کردنـــەوەی نامەخانەیـەك (پەرتووکخانـە) لـە ژێـر نـاوی (حاجـی قـادری کۆیـی)دا و هەروەهـا ناونانـــی شـــەقام و گۆڕەپـــان و شـــوێنی گشـــتی تـــری (کۆیـــە) بەنـــاوی ئـــەم زاتـــە بـــەرزەوە.

ئەمـــەو دواتـــر لێژنـــەی بـــاڵای ئاهەنـــگ ئـــەم نووسراوانـــەی ئاراســـتەی ئـــەم شـــوێنانەی خـــوارەوە کـــرد، کـــە ســـکرتێری لێژنەکەمـــان مەجیـــد ئاســـنگەر خـــۆی چـــوو بـــۆ هەولێـــر و بەغـــدا و رایگەیانـــدن بـــەم شـــێوەیە:

١) دەقەکە بە کوردی:

لێژنـــەی سەرپەرشـــتیی ئاهەنگـــی بیرەوەریـــی حاجـــی قـــادری کۆیـــی نەمـــر لـــە کۆیـــە

ژمارە/ بێ

رۆژی ١٩٧١/٦/١

بۆ/ دەستەی بەڕێوەبەری مەجمەعی زانستی کوردی- بەغدا

بۆ/ یەکێتی مامۆستایانی کوردستانی تێکۆشەر- مەکتەبی سکرتاریەت

مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی تێکۆشەر- بەغدا

دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتی نووسەرانی کورد- بارەگای گشتی- بەغدا

مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانی تێکۆشەر- بەغدا

مەکتەبی سکرتاریەتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی تێکۆشەر بەغدا.

دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتی ئەدیبانی عێراق- بەغدا (بەعەرەبی).

دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتی ئەدیبانی تورکمان- بەغدا (بەعەرەبی).

بابەت/ بانگهێشتن

لێژنەکەمـــان شـــادمان ئەبـــێ بـــە هاتنـــی نوێنەرتـــان بـــۆ شـــاری کۆیـــە بـــۆ بەشـــداربوونی ئاهەنگـــی بیـــرەوەری رابـــەری بیـــری کوردایەتـــی و زانـــای مەزنـــی

کوردستان حاجی قادری کۆیی نەمر، کە لە رۆژی پێنج شەممەی رێکەوتی ١٩٧١/٦/٢٤دا دەکرێت. تکایە بە تەشریف هێنانی نوێنەرتان هەفتەیەك پێش هاتنیان بە نووسین ئاگادارمان بفەرموون. ئیتر سوپاس.

ئیمزا/ مەجید ئاسنگەر

لە جیاتی لیژنە/ ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد

٢) دەقەکە بە عەرەبی:

لجنة الاحتفال العليا لأحياء ذكرى حاجى قادرى كۆيى الخالد فى كويسنجق

العدد/

التاريخ/ ١٩٧١/٦/١

الموضوع/ دعوة

تتشرف لجنتنا بدعوتكم للحضور الى كويسنجق ومشاركتنا فى الاحتفال الذى نقيمه احياء لذكرى رائد الحركة الفكريه الكردية (كوردايەتى) فى القرن التاسع عشر و نابغة كوردستان الخالد الشاعر الكبير حاجى قادرى كۆيى والذى سيقام يوم الخميس المصادف ١٩٧١/٦/٢٤ كما ونرجو اخبار لجنتنا كتابة عن موعد وصول ممثليكم وعددهم فى حال تكرمكم بقبول دعوتنا المتواضعة هذه وتفضلوا بقبول فائق الاحترام.

التوقيع/ عن اللجنة

مجيد ئاسنگەر / عضو اتحاد الأدبا الأكراد

هەروەها رۆژی یەکشەممەی رێکەوتی ١٩٧١/٦/١٣ ئەم سکاڵانامەیەی خوارەوە درایە قایمقامییەتی کۆیە.

الجمهورية العراقية

السيد قائم مقام قضاء كويسنجق المحترم

استنادا الى موافقة محافظة اربيل – الجمعيات- ببرقيتها المرقمة ٤٥١ في

١٩٧١/٤/٢٠ على اقامة احتفال جماهيري عام تحت رعايتكم احياء لذكرى الشاعر الكردي الكبير (حاجي قادر كويي) عصر يوم الخميس المصادف ١٩٧١/٦/٢٤ و عليه نرجو من سيادتكم التفضل بالاتصال بالجهات المعنية لتأمين نقل برامج الاحتفال عن طريق الأذاعة الكردية نقلا مباشرا حيا و تسجيلها من قبل محطة تلفزيون كركوك تعميما للفائدة ولما لشاعرنا الكبير من منزلة سامية في قلوب ابناء شعبنا الكردي وتفضلوا سيادتكم بقبول فائق احترامنا مع التقدير.

عن لجنة الاحفتال

عثمان عوني حبيب/ طاهر احمد حويزي/ نافع عبدالفتاح/ مجيد ئاسنگەر/ عبدالمجيد نورالدين جليزاده.

٣- لیژنەکەمان بانگهێشتنێکی تایبەت و نامەیەکی بۆ سەرۆك مستەفا بارزانی تێکۆشەر و مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان هەنارد کە بەڕێز ئیبراهیم سابر وەلی (پارێزەر) ئەرکی بردن و گەیاندنیانی گرتە ئەستۆی خۆیەوە.

سەرۆك بارزانی (٢٠٠) دیناری پێشکەش کرد لە ڕێگای لقی دووی پارتیەوە و هەڤاڵ محەمەدی مەلاقادر بەرپرسی لقی دوو وەك نوێنەری سەرۆك بارزانی و پارتی ئامادەی ئاهەنگەکە بوو.

٤- ئەم نووسراوەیەش بۆ مامۆستا گیو نێردرا. (دەقەکە)

لیژنەی سەرپەرشتی ئاهەنگی بیرەوەری حاجی قادری کۆیی، لە کۆیە

بۆ/ زانای زۆر بەڕێز مامۆستا گیو موکریانی

زۆر بەختیارین بە تەشریف هێنانتان بۆ شاری کۆیە بۆ بەشداربوون لە ئاهەنگی بیرەوەریی شاعیری گەورەی نەمری کوردستان (حاجی قادری کۆیی) کە لە رۆژی پێنج شەممەی رێکەوتی ١٩٧١/٦/٢٤دا دەکرێت هەروەها بەختەوەر دەبین بەهاتنی خوشکی بەڕێزمان کوردستان موکریانی. ئیتر

ڕێزمـــان بفەرمـــوون. (لێژنـــەی ئاهەنـــگ)

٥- ڕۆژی ١٩٧١/٦/١٤ لیژنەکەمـــان ئـــەم بروســـکەیەی بـــۆ مامۆســـتا صـــادق بهاءالدیـــن هەنـــارد بـــۆ ئـــەوەی وتارەکـــەی لەســـەر حاجـــی قـــادری کۆیـــی و ئەحمـــەدی خانـــی ئامـــادە بـــکات کـــە لـــە ئاهەنگەکەمانـــدا بخوێندرێتـــەوە. (دەقەکە)

ألاســتاذ صــادق بهاءالديــن / الغربيــة المتوســطة بغــداد: (اللجنــة وافقــت عــلى كلمتكــم).

التوقيع/ مجيد ئاسنگەر.

هەر لە ١٩٧١/٦/١٤ ئەم نووسراوەمان لە قائیمقامییەتی کۆیەوە بۆ هات

(دەقەکە)

قائمقامية قضاء كويسنجق – التحرير

العدد ٧١٤/١٠ التأريخ/ ١٩٧١/٦/١٣

الى/ محافظة اربيل- التحرير

م/ اقامة احتفال

برقيتكم ٤٥١ في ٢٠/ ١٩٧١/٤

نقــدم لمقامكــم ... اصــل عريضــة الســيد مجيــد حــداد ولفيــف مــن رفاقــه مــن أهــالي كويســنجق الخاصــة باقامــة احتفــال جماهــيري عــام احيــاء لذكــري الشــاعر الكــردي الكبــير (حاجــي قــادر كويــي) مســاء يــوم الخميــس المصــادف ١٩٧١/٦/٢٤ ونظــرا لأهميــة هــذه المناســبة فأننــا نؤيــد ماجــاء في الطلــب حــول الاتصــال بالجهــات المختصــة لنقــل برامــج الاحتفــال نقــلا حيــا عــن طريــق الاذاعــة الكرديــة و محطــة تلفزيــون كركــوك و التفضــل باعلامنــا لطفــا

(التوقيع)

علي سليمان البهار/ قائم مقام قضاء كويسنجق

صورة منه الى/ اللجنة المشرفة على الاحتفال المذكور للعلم رجاء

لەسەر ڕۆشنایی ئەو نووسراوەوە لیژنەی باڵا لە کۆبوونەوەیەکی بەپەلەدا چەند بڕیارێکی وەرگرت سەبارەت بە خۆئامادەکردن و ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی پەیوەست بە ئاهەنگەکە و بەتایبەتی ئەم بڕیارانەی خوارەوە.

١- بۆ حەوانەوە و نووستن و خواردنی میوانانی قوتابخانەی حاجی قادری کۆیی سەرەتایی پەسند کرا.

٢- هەڵبژاردنی وتار و لێکۆڵینەوە هاتووەکان و دانانی بەرنامەی ئاهەنگ.

٣- نووسین و ئامادەکردنی کارتەکانی بانگهێشت کردن و چاپکردنی بەرنامەکە.

٤- هەروەها پێشکەشکردنی ئەم داوایانەی خوارەوە بەناوی لیژنەکەمانەوە بۆ قائمقامی کۆیە.

(دەقەکە)

الجمهورية العراقية

السيد قائم مقام قضاء كويسنجق المحترم

لايخفي على سيادتكم بأن موعد اقامة المهرجان الجماهيري العام احياء لذكري شاعرنا الكبير حاجي قادري كويي والذي سيكون تحت اشراف و رعاية سيادتكم هو يوم الخميس المصادف ١٩٧١/٦/٢٤ وحيث انه لم يبق للموعد المذكور سوى ايام معدودات فعليه ترجو لجنة الاحتفال من سيادتكم التفضل بالاطلاع و الامر بتأمين النقاط التالية رجاء:

١- الايعاز الى ادارة مدرسة سەرباغ الابتدائية لاجراء مايلزم بغية اعداد بناية المدرسة و على الاخص ساحاتها لاقامة المهرجان فيها قبل الموعد بوقت كافي.

٢- الايعاز الى ادارة مدرسة حاجي قادر كوران الاجراء ما يلزم بغية اعداد غرف الطابق الثاني و المرافق الصحية في المدرسة لتكون جاهزة وصالحة لمبيت الضيوف فيها ليلا و ذلك قبل موعد الاحتفال بوقت مناسب.

٣- الايعـاز الى كافـة ادارات مـدارس مركـز القضـاء بالسـماح بنقـل كراسـيها و بعـض المناضـد والاريـكات الى موقـع الاحتفـال.

٤- الامـر بتوجيـه أهـالي كويسـنجق الاكـرام وخاصـة اصحـاب الفنـادق و المطاعـم و المقاهـي والمحـلات العامـة الاخـرى للاهتـمام الجـدي بالنظافـة و حسـن معاملـة الضيـوف و ذلـك عـن طريـق مايكروفـون الجامـع الكبـير، وكذلـك التفضـل بالامـر بتوجيـه مسـتخدمي و كنـاسي البلديـة للغـرض المذكـور اعـلاه و ذلـك خـلال الاسـبوع القـادم بصـورة خاصـة لأظهـار مدينتنـا بالمظهـر اللائـق بهـا لـدى الـزوار و الضيـوف.

٥- تأمـين العـدد الـكافي مـن افـراد الشرطـة والجيـش و البيشـمركه لحمايـة الأمـن والنظـام و حراسـة مدرسـة حاجـي قـادري كـوران حيـث يبيـت الضيـوف. و تفضلـوا سـيادتكم بقبـول فائـق الاحـترام و الشـكر مـع التقديـر.

عن اللجنة العليا/ مجيد ئاسنگەر

عضو اتحاد الأدباء الأكراد

١٩٧١/٦/١٧

ئەوەبـوو میوانـان هەندێکیـان ڕۆژێـك زووتـر و ئەوانـی دی لـە ڕۆژی ئاهەنگەکـەدا پەیتـا پەیتـا لـە شـارە جیاجیاکانـی کوردسـتان و عێراقـەوە گەیشـتنە (کۆیـە) و بەوپـەڕی میهـر و ڕێزلێنانـەوە پێشـوازیی و میوانداریـیان بۆکـرا. تەنانـەت ئەوانـەی ڕۆژی بەرایـی ئاهەنـگ گەیشـتبوون بەتایبـەت بـرا عەرەبـەکان و لـە نێویانـدا هـەردوو شـاعیری نـاسراو (محمـد جميـل شـلش و خالـد عـلي مصطفـى) کـە بـە یاوەریـی شـاندێکی تەلەڤزیۆنـی بەغـدا و بـە نوێنەرایەتـی وەزارەتـی ڕاگەیانـدن و ڕۆشـنبیری عێراقـەوە هاتبـوون، ئێـوارە گەشـتێکی دڵرفێنیـان بـۆ هەیبـەت سـوڵتان و هاوینەهـەواری (چنـارۆك) بـۆ سـازدرا و زۆر بـە دیمـەن و چاوەنـدازە دڵرفێـن و ئـاو و هـەوا سـازگارەکەیەوە دڵخـۆش و سەرسـام بـوون.

ئەمەو ئاهەنگەکە ئێوارەی رۆژی ١٩٧١/٦/٢٤ لە حەوشەی قوتابخانەی (سەرباغی سەرەتایی) دا کە شانۆیەکی خنجیلانەمان لێ دروست و ئامادە کردبوو، پڕ بە حەوشە فرەوانەکەیش تەخت و کورسی ڕیزکرابوون، سازدرا و دوو شەوی خایاند بەرنامەی شەوی یەکەم کە دوو بەشی چڕوپڕبوون بریتی بوو لە خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز و سروودی (ئەی رەقیب)، ئەوجا وتەی لیژنەی باڵای ئاهەنگ بۆ بەخێرهێنانی میوانە بەڕێزەکان و دواتر یەك بەدوای یەکدا وتاری پارتی دیموکراتی کوردستان و نامەی پیرۆزبایی و پێزانینی سەرۆکی مەزن بارزانی نەمر لە لایەن نوێنەری بەڕێزیان و بەرپرسی لقی دووی پارتییەوە بەڕێز محەمەدی مەلا قادر خوێندرایەوە، گشت لایەن و ڕێکخراوە کوردستانی و عێراقییەکانەوە بروسکەی پیرۆزبایی کە بەو بۆنەیەوە نێردرابوون، ئەوجا دوای پشوویەکی کورت بەشی دووەمی پڕۆگرامەکە دەستی پێکرا کە بریتی بوو لە ئاهەنگێکی دڵگری مۆسیقا و سروود و گۆرانی بە هاوکاری و بەشداریکردنی چالاکانەی (تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە) بەسەرپەرشتی هونەرمەند زاهیر محەمەد و بەشداریی هونەرمەند زاهیر محەمەد و بەشداریی هونەرمەندانی رەسەن و دەنگخۆشی کۆیە و شارەکانی دیکە وەك هونەرمەندی گەل خوالێخۆشبوو تایەر تۆفیق و فوئاد ئەحمەد، باکووری، ئیبراهیم سابیر، سەلاح محەمەد، وریا ئەحمەد و خوالێخۆشبووان شەوکەت رەشید و ئەنوەر تاهیر و چەندانی تریش. ئەو ئاهەنگە بە جۆش و خرۆشە تا دوای نیوەشەوی خایاند.

شەوی دووەمی ئاهەنگەکە تەرخان بوو بۆ پێشکێش کردنی وتار و لێکۆڵینەوەکان دەربارەی خودی حاجی قادری کۆیی خۆیەوە، ژیان و بەسەرهاتی کەسایەتییەکەی، شیعرە بەرز و ئاگرینەکانی، رۆڵی هەرە دیار و کاریگەری حاجی و ئەدەبە شۆڕشگێڕییەکەی لە بووژاندنەوە و جۆشدانی هەستی کوردایەتی و شوێن پەنجەی دیاری ئەم کەڵە شاعیرە هەست ناسك و

کوردپـەروەر و بـە پەرۆشـە لـە ڕێـڕەوی بزاڤـی ڕزگاریخـوازی کوردسـتاندا. جێگـەی داخ و پـەژارەی زۆرمـە کـە نـاوی لێکۆڵـەرە بەڕێـزەکان و توێژینـەوە بەپێزەکانـم لا نەمـاون تـا لێـرەدا تۆماریـان بکـەم و ڕۆژگاری ڕەش لەنێـوی بـردن. ڕەنگـە لای کەسـانێ پارێـزراو بـن. لێکۆڵینـەوەکان زۆربەیـان لەلایـەن زانـا و نووسـەرە میوانـەکان و هەندێکیشـیان لەلایـەن ڕۆشـنبیرانی کۆیـەوە پێشـکەش کـران.

شـایانی باسـە خوالێخۆشـبوو دکتـۆر عەبدولرەحـمان نوریجـان باسـەکەی خـۆی بـە زمانـی فەرەنسـیی نـووسی بـوو و لـە هەمانکاتـدا پوختەکـەی کـردەوە کـوردی.

مایـەی سـەربەرزی و خۆشـحاڵییە، لـە زمانـی میوانـە ئازیـزەکان خۆشـیانەوە ئاهەنگەکـە وێـڕای هەنـدێ کەموکوڕیـی بـە گوێـرەی شـوێن و کات و کـەم ئەزموونـی تارادەیەکـی بـاش سـەرکەوتوو بـوو، دەنگێکـی چاکـی دایـەوە و لـە هەمانکاتیشـدا پێناسـەیەکی کاریگـەر بـوو بـۆ شـارەکەی حاجـی قـادر و بـۆ دانیشـتوانە سـەربەرزەکانی و مایـەی سـەرفرازی و دڵخۆشـی هەمـوو لایـەك بـوو، سـەروەرییەکەش دەگەڕێتـەوە بـۆ جەمـاوەری بەئەمـەك و شـکۆداری خەڵکـی کۆیـە و بەتایبـەت بەڕێوەبـەر و مامۆسـتاکانی قوتابخانـەکان و قوتابیـان و پارتـی و حزبـی شـیوعی و پێشـمەرگە قارەمانـەکان و هاوکاریـی قایمەقامـی کۆیـە خوالێخۆشـبوو عەلـی سـلێمان بەهـار و سـەرجەم کارمەنـد و فەرمانبەرانـی قـەزای کۆیـە و ئەندامانـی لیژنـەی چالاکیەکانـی ئاهەنگەکـە، کـە تێکڕایـان شایسـتەی سـوپاس و پێزانیـن.

تێبینـی: نووسـەری ئـەم بابەتـە بێـژەر و پێشکەشـکاری بەرنامـەکان بـوو بـە کـوردی و بەعەرەبـی.

هەولێر: ١٦ی ئابی ٢٠٠١

# کۆیە لەبەر رۆشنایی هەڵبەستێکی عەونیدا

گۆڤاری کاروان، ژمارە ٨، ئایاری ١٩٨٣

ئەدیب وەك هەستیارێكی وردبین هەموو رواڵەتێكی دەوروبەرەكەی دەبینێ و سەرجەمی هەڵسوكەوت و نەریت و جووڵەی ناو كۆمەڵەكەی شان بەشانی دیمەن و تابلۆ رەنگینە سروشتییەكان سەرنجی رادەكێشن، جا هەر ئەدیبێ بە گوێرەی ئەو بابەتەوە كە دەیەوێت لەبارەیەوە بنووسێت و بە گوێرەی توانا و رۆشنبیری و جۆری بۆچوونەكانی خۆیەوە بەشێوازێكی تایبەتیەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو دیاردە و نەریت و یا ئەو ئاكارە سروشتییانەوە دەكات.

زۆربەی ئەدیب و هونەرمەندان زۆربەی كات بەشێوەیەك لەو بابەتانەوە دەكۆڵنەوە و لێیان دەدوێن و دەیانخەنە روو كە لەگەڵ ئامانج و ئارەزووەكانی

خۆیانــدا دەگونجێــت، واتــە خۆیــان چۆنــی حــەز پێدەکــەن ئەئــاوا رووداوەکان هەڵدەگێڕنــەوە و نەشــتەری رەخنەســازییان تیایــدا دەخەنــە کار و ســەرەنجام بــەو بارەیانــدا دەســووڕێننەوە کــە مەرامیانــە، چونکــە بڕوایــان وایــە ئــەو شــێوەیەی رووناکییــان پێــوە خســتۆتە ســەربابەت و رووداوەکانــەوە و ئــەو ئەنجامــەی بۆیــان دەستنیشــان کــردوون لــە خزمەتــی کارەکەیاندایــە و بەســوودی بــەرەو پێشــەوە بردنــی کۆمەڵگاکەیــان و گەشــەکردن و ســەقامگیری نەریــت و یاســا و رەوشــتە بــەرزە خێرخواکانــەوە دادەشــکێتەوە.

جــاری وایــش هەیــە ئەدیــب و هونەرمەنــد هەنــدێ دیمــەن و جــۆری ژیانــی نــاو نەتەوەکــەی چۆنــە هــەر وەك خــۆی تۆمــاری دەکات و بەبــێ دەســتکاری هەروەکــو ئاوێنەیەکــی پــاك و بێگــەرد نیــگاری وێنەکــەی دەکێشــێ و وەك بەشــێك لــە رابــردووی گەلەکــەی بــۆ وەچەکانــی پاشــەرۆژ بــۆ مێــژوو دەیخاتــە پێــش چــاوان.

لێــرەدا هەڵبەســتێکی شــاعیری نەتەوەیــی کــورد (عەونــی)[1] پێشــکەش بــە خوێنەرانــی (کاروان)ی خۆشەویســت و هەمــوو خوێنەرێکــی کــوردی بەرێــز دەکەیــن کــە لەســەر جــۆری رابــواردن و دابودەســتووری ژیانــی گەنجانــی شــاری (کۆیــە)ی دانــاوە لــە نێوانــی ســاڵەکانی ســی و چلەکانــەوە هەتــا ســەرەتای پەنجــاکان. وەك خــۆی تیایــدا بەشــداربوە و نــاوی ئــەو شــوێن و جــێ نەزرگانــەی تیــادا هێنــاوە کــە ئــەو ســەردەمە ســەیرانگاو جێژووانــی بەهارانــی هەرزەکارانــی کۆیــە بــوون: نــاوی هونەرمەنــد و مەقامبێــژە دەنــگ خۆشــە ناسراوەکانــی ئەوســای بــردووە لەتــەك جــۆری مەقامەکانیــان هەروەهایــش جــۆری ئــەو خشــڵ و زێــڕ و زەبــەرەی لەبیــر نەکــردوون کــە ئافرەتــی ئــەو رۆژگارە خۆشــانەی (کۆیــە) خۆیــان پــێ رازاندوونەتــەوە.

---

١. مامۆستا کەریم شارەزا (گۆڤاری کاروان) ژمارە ٣ ل ١٥

فەرمـوون ئەمەیـش ئێـوە و  هەڵبەسـتە بەتـام و ئاودارەکـەی کاك (عەونـی)ی شـاعیر.

باسی کۆیە

دانیشـــە لام خۆشەویســـتم
دەســـتت بێنــە بیخــە دەســـتم
داســـتانێکە نـــەك ئەفســـانە
باســـی کۆیـــەی خنجیلانـــە
وەکــو دەڵێــن: هەبــوو نەبــوو
لـــە رۆژگاری رابـــردوو
ئێمـە منـداڵ بوویـن و لاو بوویـن
چوسـت و چـالاك و پـاڵاو بوویـن
وەرزی بەهـــار، رۆژی هـــەزار
سـەر چـل دەگەڕایـن وەك هـوزار
(ئۆمـەر خۆچان)، (باخی شـەمە)[٢]
سـەیرانگای شـاربوون ئـەو دەمـە
(شـاخی مشـکە) وەك کێوی توور[٣]
ئەدەرەوشـــایەوە دوور بـــەدوور
سـەر (قۆنگـرە) و (کانی بسـکان)[٤]
(کەندەکـۆخ) و سەرپلووســـکان)
لــە (حەمامــۆك) تــا (زایــەران)[٥]

٢. دوو باخی بەناوبانگی مامۆستا کەریم شارەزان: سەیرانگای دڵڕفێنی کۆیە بوون.

٣. سەیرانگایەکی تری کۆیە بوو نزیك بە دوو باخەکەی پێشەوەیە.

٤. دوو شوێنن یەکەمیان لەسەر باخەکانی کۆیە دادەڕوانێت و دووەمیان لە دامێنی هەیبەت سوڵتانەوەیە.

٥. حەمامۆك سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی کۆیەیە و پڕیەتی لە رەز و باخ، زایەران یاخود چاك یا لوولەی زایەرانیشی پێدەڵێن کەوۆتە خوارووی رۆژهەڵاتی کۆیە و سەیرانگا بوو.

دەبــوو بــە کــۆڕی شـــایەران
هیبـەت سـوڵتان تـا (پوورتـاوس)[٦]
جوانــتر لــە شــاری کەیــکاووس
نـــــاو بــــاخەکانی (تۆبــزاوە)[٧]
وێنــەی بەهەشــت بــوو رازاوە
خێــزان خێــزان دەســتە دەســتە
دادەنیشــتن وەك گــوڵ بەســتە
ســەماوەری زەردی مســوار
قۆریـەی سـوور و پیاڵـەی گوڵـدار
چێشـت و نـان و هێلکـەی کـوڵاو
ماسـت و پەنیـر، گۆشـتی بـرژاو
ژن لەگـەڵ ژن، پیـاو لەگـەڵ پیـاو
هێندێــك خێزانیــش تێکــەڵاو
پــاش خــواردن و خواردنــەوە
ئەمجــا دەبــووە کۆبوونــەوە
هەڵپەڕکــێ و شـــایی شـــێخانی

***

دڵــدار و دولبــەر تێکــەڵاو
دەسـت لەنـاو دەس بوو کیژ و لاو
دیمەنــی کیــژی ئەوکاتــە
دەتگــووت فریشــتەی ئاواتــە

---

٦. سەیرانگا و شوێنی نیازخواستنی ژنان بوو لە داوێنی هەیبەت سوڵتانەوەیە.
٧. گوندێکی بچووکی پڕ لەباخ و سەیرانگایە. کەوتۆتە پاڵ شاخی باواجییەوەو نزیك (سیطرە)ی سەر رێی هەولێر.

تاسـی لەسـەر، تاسـی زێڕیـن
لاگیـرەو دەسرۆکـە و پۆشـین
گـوارەی زێـڕی بەلەرزانـە
پۆیلـە و ملوانکـە و گەردانـە
باونج لەسـەر سـوخمەی سـووری[٨]
دەیبەسـت لـە سـینگی بەلـووری
کەمبـەرەی زیـوو هەیاسـە
هەرکـەس دەیبینـی دەتاسـا
گۆزینـگ بـە خاشـخاش و خڵخاڵ[٩]
سەروسـەرپۆش، مـل و دەسـماڵ
لەپێـی سـۆڵ و پانـی بـەرزی[١٠]
لەنجـە و لاروبـاڵای بـەرزی
کچـی کـورد بـەم وێنـە و شـێوە
ئەوسـا وا دەچـوو بەڕێـوە
لـە بێگـەردی و داوێـن پاکـی
چووبوونـە بـاوەش خـوای چاکـی
دەبـوو بـە شـایی و ڕەشـبەڵەك
تێکـەڵ دەبـوون حـوور و مەلـەك
وێنەی فریشـتە و بەهەشت بوون
پۆل پۆل سـەیرانکەر لە گەشـت بوون

٨. لەزیو دروست دەکرا، تایبەت بوو بە سووخمە
٩. دوو جۆر خشڵن بۆ پێی ئافرەت بەکاردێن.
١٠. دوو جۆرە کەوشن یەکەمیان لەشاری کۆیە و دووەمیان لە سلێمانی دروست دەکران.

(عـــەزە) کــە زوڕنـــای دەژەنـــی[١١]
دڵــی دڵــدار رادەچەنــی
دەنگــی دەهــۆڵ دەبڕایــەوە
شــایی تــەواو دەکوژایــەوە
دەبــوو بــە بەزمــی ســازو نــەی
مەیگێــڕ دەیگێــڕا جامــی مــەی
(پەندی لەشــکریی) بە شمشــماڵ[١٢]
بۆی دەگوتیــن (جەمەی خەیاڵ)[١٣]
دەنگخۆشــان، گۆرانیــی بێــژان
هونەرمەنــدان و بوێــژان
دەنگــی خۆشــی (خاڵــە ســێوە)[١٤]
ســەدای دەداوە لــەو کێــوە
کراســی شەنگێ، شــەنگ مێرەمە[١٥]
مەقامێکــە وێنــەی کەمــە
(نیوە شــەو و ســوارە و ســەحەر)[١٦]
ئازیــز و پاییــز بــووك گەوهــەر
ڕێکوپێــك و ســاف و وردن
ئاوێنــەی رابــردووی کــوردن

١١. ناوی زوڕناژەنێکی کۆیە بوو.
١٢. مەقامێکە بە شمشاڵ لێدەدرا
١٣. شمشاڵ ژەنێکی بەناوبانگ بووە.
١٤. سێوەی مەقامبێژی هونەرمەندە.
١٥. ناوی ئەو مەقامە رەسەنانەن کە سێوەی هونەرمەند دەیان چڕین
١٦. ناوی ئەو مەقامە رەسەنانەن کە سێوەی هونەرمەند دەیان چڕین

دەنگــی خۆشــی (کامــەلا)[١٧]
بەئــاوازی (شــۆر و ســەبا)
بەیــات و دیــوان و نــەوا
دەشــت و ماهــوور و چــوارگا[١٨]
ئەمجــا بەســتەی (شــلەوخانان)
دەیانگــووت لەســەر گوێــی بانــان
(گۆجــە و کەچەڵ) سێوە و مەلا[١٩]
هــەر چــوار بەیــەك نــەزم و نــەوا
کاتــی ئێــواران ڕۆژئــاوا
بووکیــان دەهێنــا بــۆ زاوا
(ئەحمــەد) بە ئای شــیرینی بەهار[٢٠]
خۆشــتر لــە ئــاوازی هــوزار
لــە ئێــوارە تــا نیــوەی شــەو
خۆشــتر لــە بەزمــی کەیخــوسرەو
بــەزم و ئاهەنــگ و شــادی بــوو
دوور لەخــەم و بێــدادی بــوو
نــەوەك دۆســت و ئاشــنا بوویــن
هەمــوو لەگــەڵ یــەك بــرا بوویــن
نــە ســینەما و ســینەما بــوو
ئەوســا هەڵپەڕکــێ ســەما بــوو

---

١٧. - مەلا ئەسعەدی هونەرمەندی دەنگخۆشە

١٨. - مەقامەکانی مەلا ئەسعەدن.

١٩. - خوالێخۆشبووان وەستا محمدامین کەبابچی و کاك قادری حەمامچی. دوو دەنگخۆشی کۆیە بوون.

٢٠. - خوالێخۆشبوو ئەحمەدی حەمە مەلای باوکی هونەرمەندی لێهاتوو کاك وریا ئەحمەد زۆر دەنگخۆش بووە و هونەرمەندێکی ڕەسەن بووە.

# کۆڕی زانیاری کوردستان
# نەك کۆڕی زانیاری کورد

١٩٩٨/١/٢٥

لەلاپەڕە ٣٦ی ژمارە (١٥٦)ی گۆڤاری گوڵاندا رۆژی (١٠)ی کانوونی دووەمی ١٩٩٨ عەبدوللەتیف بامرکی بەناونیشانی (کۆڕی زانیاری کورد، نەك کۆڕی زانیاری کوردستان) شتێکی بڵاوکردۆتەوە تیایدا بیروبۆچوونی خۆی لەبارەی رابردووی کورد و ئەو فاکتەرانەوە دەربڕیوە کە بوونەتە هۆکارگەی مایەپووچی و دەستبەتاڵی تاکو ئێستای میللەتی کورد.

لە هەمانکاتدا نەك هەر تەنها گلەوگازەندە و ئاڕاستەی دەزگەی یاسادانان (پەرلەمانی کوردستان)دەکات کە گوایە بە خەیاڵی ئەم -کۆڕی زانیاری لەلایەن دەزگەی یاسادانانەوە لە پێش لە دایکبوون لەباربراو بە مردوویی لەدایك بوو) و بەناوی کۆڕی زانیاری کوردستانەوە ناونرا کە بەڕاستیی

لەبەرچـاوە، تەنیـا بـۆ کـورد نییـە، چونکـە بەڕاسـتیی هێـمای وشـەکە ئـەوە دەگەیەنـێ کـوردی بەسـتەزمان مـاوەی نەدرێـت کـە زمانـی خـۆی هەبێـت و خزمـەت بەخـۆی و بـە زمانـە زینـدووەکان بـکات).[1]

هـەر لـە درێـژەی بابەتەکـەدا ناوبـراو کۆمەڵـێ بیروبۆچـوون و دیـدی نادروسـت و چەواشـەکار و دژ بەڕاسـتییەکان دەنووسـێت و لـەم رووشـەوە نـەك هـەر بـە تەنیـا ناڕەزایـی خـۆی کـە مافێکـی ڕەوای خۆیەتـی نیشـانداوە، بەڵکـو زۆر بـە پەرۆشـەوە داواش لـە (هەمـوو خـاوەن قەڵـەم و زمـان و رووناکبیرێـك دەکات لـەم باسـە بێدەنـگ نەبێـت)[2]. هـەروەك ئـەوەی دوژمنێکـی سەرسـەختی خوێنەخـۆی لەمێژینـەی کـوردی دۆزیبێتـەوە کـە تاوانـی ئێجـگار نـاڕەوای دەرهـەق بـە کـورد و کوردسـتان ئەنجـام دابێـت، بـۆ نموونـە (کیمیابـاران و ئەنفـال و راگوێـزان و دەرپەڕاندنـی بـە کۆمـەڵ و بـە عەرەبکـردن یاخـود داسـەپاندنی شـەڕی براکـوژی بەسـەرمیللەتدا و درێژەپێدانـی و ئاوارەکردنـی بـە هـەزاران بنەماڵـە و خێزانـی کـورد لـە زێـد و لەسـەر مـاڵ و موڵکـی خۆیانـەوە). کـە ئـە ئاوەهـا ئـەو برایـە خـاوەن قەڵـەم و زمـان و رووناکبیرانـی کوردیـان لـێ هـان دەدات. کـە لـە ئاسـتی تاوانەکانیانـدا بێدەنـگ نەوەسـتن! نـەك بەرامبـەر بـەو (تەنیـا دەزگـەی شـەرعییەتی کوردسـتان)ەدا کـە پەرلەمانـە و بەرامبـەر بەبڕیاردانـی لەسـەر (یاسـای کـۆڕی زانیـاری کوردسـتان) کـە دەسـتکەوتێکی ئێجـگار مـەزن و پڕبایـەخ و نرخـدارە ئەگـەر بەتـەواوی زەوینـەی بـۆ بڕەخسـێنرێت و بـە ئەنجـام بگەیەنرێـت!!

لـە لایەکـی دیکـەی نووسـینەکەیدا دەڵێـت (دەسـتەواژەی کـۆڕی زانیـاری کوردسـتان) نـەك هـەر هەڵـەی وێژەیـی و سیاسـی و مێـژووی و کـوردەواری تێدایـە) بەڵکـو لـە رووی زمانەوانییـەوە هەڵەتـرە، چونکـە زانیـاری بـۆ مـرۆڤ نـەوەك بـۆ خـاك و ناوچـەی جوگرافی..هتـد. لـە کۆتایشـدا نووسـیویە (بەراشـکاوی

١. - ل ٣٧ گۆڤاری گوڵان ژمارە ١٥٦

٢. - هەمان لاپەڕە، هەمان سەرچاوە

داوا لــە هەمــوو کوردێکــی دڵســۆز دەکــەم کــە ئــەم مەســەلەیە بــە ســووك و ئاســان تەماشــا نەکــەن!).

ئێمەیــش بــۆ راســتکردنەوەی هەنــدێ لــە چەوتییەکانــی ئــەو نووســینە دەڵێیــن: کاك عەبدولـــلەتیف وا دیــارە لــە دوو لاوە بــە هەڵــەدا چووبێــت، یەکەمیــان کــە دەڵێــت (لەلایــەن دەزگــەی یاســادانانەوە لــە پێــش لــە دایکبــوون لەباربــرا و بــە مردوویــی لــە دایــك بــوو). دیــارە بــاس لــە یاســای کــۆڕ دەکا و مەبەستیشــی لــە (دەزگــەی یاســادانان) ئەنجوومەنــی نیشــتمانیی کوردســتانی عێراقــە کــە پێدەچــێ خوانەخواســته زاری بـــە ناوهێنانـــی هەڵنەیــەت و (پەڕلەمان)یشـــی زۆر بـــەدڵ نەبێــت! بــۆ راســتکردنەوەی ئــەو چەواشــەکارییەش پێویســتە ئــەم راســتییانەی لای خــوارەوە بــۆ هەمــوو لایــەك روون بکەینــەوە، بــۆ راســتیی و بــۆ مێــژوو:

١- ســەرەتای پــرۆژەی کــۆڕی زانیــاری کــورد کــە بــە عەرەبــی، مامۆســتای هێــژا و پایەبــەرز مەســعود مەحمــەد ئامــادەی کردبــوو لەلایــەن وەزارەتــی داد و لــە رێگــەی ســەرۆکایەتی ئەنجوومەنــی وەزیرانــەوە پێشکەشــی پەرلەمانــی کوردســتان کرابــوو.

- پەرلەمانـــی کوردســـتان لـــە دانیشـــتنی خۆیـــدا رۆژی ١٩٩٧/١١/٢٥ لەســـەر داوا و پشـــتگیریکردنی لیژنـــەی هەمیشـــەیی (یاســـا و دارایـــی و رۆشـــنبیری و خوێندنـــی بـــاڵای ئەنجوومـــەن بڕیاریـــدا گفتوگـــۆ لەســـەرکردنی پـــرۆژەی یاســـاکە دوابخـــات بـــۆ دانیشـــتنێکی دواتـــر بـــۆ ئـــەوەی مـــاوە هەبێـــت بەشـــێوەیەکی تێروتەســـەل دیراســـەت بکرێـــت و دوای ئـــەوەی بخرێتـــە بـــەردەم پەرلەمـــان. بـــۆ ئـــەم مەبەســـتەش پرۆژەکـــە درا بـــە لیژنـــە تایبەتمەندەکانـــی پەرلەمـــان تاکـــو دوای لێکۆڵینـــەوەی ئەوانیـــش گەڵاڵـــەی راوبۆچوونەکانیـــان لەمبارەیـــەوە بخەنـــەڕوو. ئـــەم دواخســـتنەش ســـەرەتا لەســـەر داخـــوازی بەڕێـــزان وەزیـــری رۆشـــنبیری و وەزیـــری داد و لیژنـــە پێوەندارەکانـــی پەرلەمانـــەوە بـــوو.

بـــۆ ئـــەم مەبەســـتەش بڕیـــار درا لیژنەیەکـــی هاوبـــەش پێکبهێنرێـــت لەنێـــوان

هـــەردوو ئەنجوومەنـــی وەزیـــران و ئەنجوومەنـــی نیشـــتمانیدا. هـــەر هەمـــان لیژنەیـەش داوای کـرد سـەرۆکایەتی پەرلەمـان بانگهێشـتنی پسـپۆران و یاساناسـان و نووســەر و خەڵکــی پەیوەندیــدار بــکات و ئــەوە بــوو نزیکــەی (١٠٠) ســەد پسـپۆر و یاسـازان و نووسـەر و پرۆفیسـۆر و رۆشـنبیر و سیاسـەتمەدار و مێژوونـاس و شــارەزایان لــە تــەلاری پەرلەمانــدا کۆبوونــەوە و راوبۆچــوون و تێبینییەکانــی خۆیانیــان ئاڵوگــۆڕ کــرد کــە بــە ڤیدیــۆ و کاســێت چاپکــران و لــە کەناڵەکانــی راگەیانــدن و تەلەڤزیۆنەکانــی هەرێمــدا نیشــاندران.

لـەم بەڕێزانـەی ناویـان لەخـوارەوە نـووسراوە بـۆ ئـەوەی لەماوەیەکـی کورتـدا ئـەم کارە ئەنجـام بدرێـت و لـە دانیشـتنێکی دیکـەی پەرلەمانـدا گفتوگـۆی لەسـەر بکرێـت و بڕیارێکـی گونجـاوی لەبـارەوە بدرێـت.

١- رێـــزدار قـــادر جەبـــاری، وەزیـــری داد. ٢- بەڕێـــز فەلەکەدیـــن کاکەیـــی، وەزیـــری رۆشـــنبیری. ٣- بەڕێـــز شـــێروان ناســـیح حەیـــدەری لـــە لیژنـــەی یاســـا. ٤- بەڕێـــز جەمیـــل عەبـــدی ســـندی لـــە لیژنـــەی دارایـــی و ئابـــووری ٥- بەڕێـــز د.ناسـیح غەفـوور رەمـەزان لـە لیژنـەی خوێندنـی بـاڵا ٦- رێـزدار ئەحمـەد سـالار عەبدولواحیــد لــە لیژنــەی رۆشــنبیری.

لـــە دانیشـــتنی ژمـــارە (١٤)ی رۆژی ١٩٩٧/١٢/٢٨ داو دوای لەبەرچاوگرتنـــی هەمـوو دیدوبۆچوونەکانـی سـەرەوە، بـۆ دووەمیـن جـار پەرلەمانـی کوردسـتانی عێـراق پرۆژەکـەی خسـتەوە بەرنامـەی کار و دوای گفتوگۆیەکـی زۆر تێروتەسـەلی هەمـە لایەنـە بڕیـاری دەرهێنانـی یاسـای (کـۆڕی زانیـاری کوردسـتانی عێـراق)ی داوە بـەم شـێوە ئاسـایی و یاسـایی و سروشـتییەوە، بـە زیندوویـی کـۆڕ لـە دایـك بـووو!

دووەم: ئێمــە هەرگیــز لەگــەڵ رای نووســەر دانیــن کــە وشــەی پیــرۆزی (کوردســتان) لــە نــرخ و ئــەرك و بەهــای (کــۆڕ) کــەم بکاتــەوە، بەڵکــو تــەواو بــە پێچەوانەوەیــە. چونکــە:

١- وەك لــە هەمــوو كوردێــك و بگــرە لــە ناحەزانيشــەوە روون و ئاشــكرايە كــورد لەوەتــەی دەســتی داوەتــە خەباتــی نەتەوەیــی لــە پێنــاو مافــە رەواكانــی خۆیــدا قوربانــی بــێ شــوماری داوە، بــێ پســانەوە تێكۆشــاوە بــۆ چەســپاندنی زاراوەی (كوردســتان) لــە فەرهەنگــی سیاســیی و جوگرافــی خۆیــدا.. وەك ناونانــی (پارتــی دیموكراتــی كوردســتان و یەكێتیەكانــی مامۆســتایان و قوتابیــان و جووتیــاران و كرێــكاران و ئافرەتــان و ...(هتــد) ی كوردســتان، كەچــی دوژمنــە ملهــوڕەكان بــە هەمــوو شــێوە و شــێواز و تــا بۆیــان كرابــێ بەربەرەكانێــی ئــەم وشــەیان كــردووە گــەر ناچاریــش كرابــن ویســتوویانە بــە تەینــا وشــەی (كــورد) لــە تــەك هەمــوو پیــرۆزی وشەكەیشــەوە بەربەســت و لەمپــەر لەبــەردەم (كوردســتان)ەكە دابنێــن و زۆر سەرشــێتانە دوژمنایەتیانكــردوە!

٢- بـۆ دەبـێ پەرلەمـان و حكومـەت و سـەرجەم دامودەزگاكانـی ترمـان (ئەمـەش بـە كوێرایـی چـاوی دوژمنـان و ناحەزانـەوە) بەنێـوی پیـرۆزی (كوردسـتان)ەوە بـن و تەنیـا (كـۆڕی زانیاری)یەكەمـان بـە نێـوی (كـورد) بێـت!

٣- بەچــی پێوەرێــك و بــە گوێــرەی كام لۆژیــك (منطــق) دەبــێ دەســتەواژەی (كــۆڕی زانیــاری كوردســتان) هەڵــەی وێژەیــی وسیاســی و مێژوویــی و كوردەواریــی تێــدا بــێ و لــە رووی زمانەوانییــەوەش هەڵەتــر بێــت! بــەو بیانــووە بــێ بنەمایــەی كــە گوایــە (زانیــاری بــۆ مرۆڤــە نــەك بۆخــاك و ناوچــەی جوگرافــی).

ئەوجــا كــێ دەڵێــت كــە گوتمــان (كــۆڕی زانیــاری كوردســتان) ئــەوە مرۆڤــی كــورد ناگرێتــەوە! ئایــا كوردســتان واتــە (كــورد، كــورد، كــورد ئەوجــا زائیــد شــتەكانی دیكــە نییــە؟ یــان بــە قســەی كاكــی نووســەر بــێ (دەبــێ كــورد لەگــەڵ كوردســتاندا هــاودژی یەكــدی بــن) كــە ئەمەیــش لــە هەمــوو مانــا و راســتییەك بێبەرییــە! بــە پێچەوانــەی بۆچوونــی خــاوەن وتارەكــە و (زاراوەی كوردســتان) زۆر زۆر گشــتگیرتر پەلوپــۆ بڵاوتــرە تــا (زاراوەی كــورد).

٤- ئــەی ئەگــەر وایــە بۆچــی كــۆڕی زانیــاری زۆربــەی وڵاتانــی دنیــای

پێشکەوتوو بەنێوی دەوڵەت و پایتەخت و شارە گرنگەکانیانە وەکو ئەکادیمیای لینینگراد (پەتروسبورگ) و براگ، تاران، بەریتانیا، مۆسکۆ، قاهیرە و پەکین و..هتد؟ بۆ ناشێت لای ئێمەی بێکەس و بێ قەبارە و کیانی رامیاری بەنێوی نیشتمانە خۆشەویستەکەی خۆمانەوە بێت!؟

٥- دواجار گرنگ ناوەرۆك و جێبەجێکردنە نەك تەنیا ناوونیشان! خۆ لەهیچ برگە و ماددەیەکی یاساکەدا کە بەنێوی (کوردستان) کراوە شتێك یان خوانەخواستە بەربەستێك دانەنراوە رێ لە کۆڕ بگرێت و نەیەڵێت بەوپەڕی تواناوە خزمەتی کورد و( هەر شتێکیش پەیوەندی بەکوردەوە هەبێت) بکات! یان بەقەد تۆزقاڵێك لە بایەخ و نرخەکەی کەم کاتەوە. لەهیچ کەلەبەرێکیشدا بانگەشەی ئەوەی نەکردووە (لەبەرخاتری خاتران و لەبەر خزمەتکردنی خەڵکانی تردا هەرچەند کە ئەمەیش خۆی لەخۆیدا ئەرکێکی رەوا و مرۆڤانە و زۆر پیرۆزە- واز لە ئەرك و فەرمانە سەرەکییەکانی خۆی بهێنێ) هەتا کاکی نووسەر و ئەوانەش کە وەکو ئەم شت دەبینن و بیردەکەنەوە، لێی دڕدۆنگ بن و هەر لە ئێستەوە ئاڵای دوژمنایەتی کردنی بە ناهەق لە دژدا بەرزبکەنەوە!!

کۆڕخواز

مەجید ئاسنگەر ١٩٩٨/٠١/٢٠

# ئەدەبی شوانکارەیی PASTORAL

بەغداد ١٩٥٤/١٢/١٦ (وەرگێڕان)
١٩٩٨/٢/١٤ (ئامادەکردن)

لە ژێر ئەم سەرناوەی سەرەوەدا، رۆژی خۆی کاك حوسێن عەلی باسێکی بەپێزی لە رۆژنامەی کوردستانی نوێدا بڵاوکردبۆوە تیایدا دەقی هەڵبەستێکی کریستوفەر مارۆلۆ، شاعیری ناوداری ئینگلیزی بەنێوی (لە شوانێکی سەرگەردانەوە بۆ خۆشەویستەکەی) لەتەك هۆنراوەیەکی شاعیری ناسراو (سێر واڵتەر رالی)دا بەناونیشانی (وەڵامی پەری بۆ شوانەکە) وەك نموونەی ئەم جۆرە ئەدەبە بەزمانی کوردی بڵاکردبۆوە.

منیش ساڵی ١٩٥٣ کاتێك خوێندکاری قۆناخی دووەم بووم لە بەشی زمانە بیانییەکانی کۆلیژی (دار المعلمین العالیة) لەبەغدا، هەمان ئەو شیعرەم (مەبەستم ئەو گۆرانییە، چونکە ئەوکات وەکو گۆرانی لەسەر قەوان لە

ئاهەنگــە تایبەتییەکانــی بەشــەکەماندا لــە کۆلیــژ و هەروەهــا لــە هۆڵەکانــی ئەنیســتیتۆی بەریتانیــی لــە بەغــدا بۆیــان لێدەدایــن) ئــەو گۆرانییــەم وەرگێڕایــە ســەر زمانــی کــوردی و بەپێــی چێــژ و توانســتی ئەوسامەوە هەرچەنــد کەموکوڕیشــی تیــادا بــوو. جــا بــەم بۆنەیــەوە ویســتم وەرگێڕانەکــەی خۆشــم کــە زادە و بەرهەمــی ٤٥ ســاڵ بــەر لــە ئێســتەیە، هــەر ئەوکاتیــش هونەرمەنــد (باکــووری) بەشــێکی شــیعرەکەی بــە ئاوازێکــی خۆماڵیــی لــە بەشــی کوردیــی رادیــۆی بەغــدادا تۆمارکــرد، بیخەمــە بــەر دیــدە و چــاوی خوێنــەری خۆشەویســتەوە، لەگــەڵ گۆرانییەکــەی دیکــەی هەمــان بابەتــدا بــە نێــوی (ئــاە ناجــان.. ناجان.ناجان..نــا) لــە دانانــی نووســەری هــەرە نــاوداری زمانــی ئنیگلیــزی - سۆمەرســێت مــۆم - کــە ســاڵی ١٩٥٤ کردوومــە بــە کوردیــی ئەمــەش تەنیــا وەك یــادگار و بیروەرییەکــی دێریــن و هــەر بەمەبەســتی ئاشــناکردنی وەچــەی ئیمــڕۆی کــورد بــەم جــۆرە شــێوازە لــە ئەدەبیاتــی ئینگلیزیــدا ئەمــەش دەقــی وەرگێڕانەکەیــە.

لە وێژەی رۆژئاواوە:

**وەرە لام بژی**

**لە شیعری کریستوفەر مارلۆ Christopher Marlowe**

وەرەلام بــژی خۆشەویســتم بــە
جــا شــادیی بــۆ دڵ جێبەجــێ دەکەیــن
گــرد و شــێو دۆڵ و بــەراو و زەمەنــد
کێــوە بــەرزەکان ملیــان کــەچ دەکەیــن
لەســەر شــاخەکان لــەوێ دەنیشــین
لــە پــاوان بینیــن لــە نێــو مــەڕو شــوان
لــە رۆخ روبــار و مێرگــی ســەوز و شــین
مــەل ئەچریکێنیــن بــۆ ســوولی ئــاوان

لەوێـت بـۆ دەکـەم جێگـەی لـە گوڵـزار
لـە بـۆت دەپێچـم هـەزار چەپکـی گـوڵ
بەرپیـل و سـەرپۆش لـە گوڵـی بۆنـدار
نەخشـاو بەپەلکـی رەیحانـە و سـونبول
کراسـێ سـەرتاپەی لـە نەرمـە خوریـی
ئەیبڕمـەوە بـۆت لـەکاوڕە مـەڕی
هەیاسـەت پـووش و خونچـەی لاولاو بـێ
گـرێ گەوهـەر و کـون کەهرەمـان بـێ
بـۆ ئـەم شـادییە تـۆ دڵنـەرم بـە
وەرە لام بـژی و بـە دڵبـەرم بـە!
قاپـی زیوینـی خواردەمەنیـی تـۆ
هـەر خـوا دەیزانـێ نرخیـان چەنـد ئەبـێ
رازاوە لەسـەر مێزێکـی عـاج بـۆ
مـن و تـۆ گشـت رۆژ ئامـادە ئەبـێ
گەنجانـی لادێ ئەکەونـە چۆپـی
تـا بەیانـی «ئـادار» تـۆ دڵخـۆش بـی
بـۆ ئـەم شـادییە، سـا دڵنـەرم بـە
وەرە لام بـژی و بـە دلبـەرم بـە!!

بەغدا ١٩٥٣

**گۆرانیی ئاه ناجان ...**

**دانانی سۆمەرسێت مۆم**

کیــژێ وەســتاوە لــە گردێکــی دوور
ئەزانــم کێیــە، یــان دەیناســم؟ نــا
ئەچـم دەیخـوازم رووی وا گـەش و سـوور
چـــی ئەبـــێ وەرام؟ یـــا بەڵـــێ یـــا نـــا
ئــاە ناجــان.. ناجــان.. ناجــان نــا
باوکــم لەئــوۆردو نیشــان بــەرز بــوو
ســی رۆژ لەمەوبــەر روویکــردە دەریــا
بــە ســۆز ماچێکــی لێکــردم کەچــوو
فەرمــووی لــە وەرام هــەردەم بێــژە نــا
ئــاە ناجــان.. ناجــان.. ناجــان نــا
گیانــە وا جوانیــی ئەدرەوشــێ لــە رووت
لەبــت وەك خونچــەی گوڵــی بەهــارە
بــا لــە دڵداریــی ئێمــە بینــە جــووت
گیانــە بــا یــان نــا، کامیــت لــە زارە
ئــاە ناجان..ناجــان.. ناجــان نــا
گیانــە ســەرتاپات بــۆ دەکــەم لــە زەڕ
سەروســامانم بــۆ تــۆ بــێ هەمــوو
بەرگــی زیوینیــت پــێ دەکەمــە بــەر
گیانـە ئەوسـا تـۆ بـە مـن ئەکـەی شـوو؟
ئــاە، ناجــان.. ناجــان.. ناجــان نــا
گیانــە، کــەوا تــۆ دڵ وێنــەی بــەردی

لــە مــن بێزاریــی و قێــزم لێدەکەیــت
گــەر نەبمــە یــارت، ســا تــا بەمــەردی
بــڕۆم، ئەتوانیــت قەدەغــەم نەکەیــت!
ئــاە ناجــان.. ناجــان.. ناجــان نــا
کەوابــوو لای تــۆ ئەمێنــم تاســەر
کــەی زانیــم هەستم پــێ ئەکەیــت جارێ
بڕیــارم داوە هــەر تــۆم بــێ دولبــەر
حــەز دەکەیــت تێکــڕا بیگــۆڕم، یــارێ؟
ئاە..ناجــان.. ناجان..ناجــان نــا
وا سروەی شــەماڵ دەهێنــێ ئــاواز
نایەیــەت بمخــوازی تــا بژیــن بــە جــووت
یــا نیــازت وایــە گیانەکــەم بــە نــاز
تەنیــا و بــێ دلەبــەر تــۆ بــژی بــۆ خــۆت
ئــاە ناجان..ناجــان.. ناجــان نــا.

بەغدا ١٩٥٤/١٢/١٦

مەجید ئاسنگەر
١٩٩٨/٢/١٤

# ڕۆڵی وەرگێڕان لە ژیانی سەردەمدا

١٩٩٩/٦/٥

هەر لە ڕۆژگارە دێرینەکانەوە و تاکو ئیمڕۆش لەگەڵدا بێت (وەرگێڕان) بایەخ و گرنگیی خۆی هەبووە و زۆربەی زۆری گەلانیش لە قۆناخی جیاجیادا پەنایان بردۆتە بەر و گەشەیان پێداوە و لەڕێگایەوە کەڵك و سوودیان لە کەلتوور و زانیارییەکانی یەکتری وەرگرتووە، بەتایبەتی عەرەبەکان کە لە سەردەمی عەباسییەکاندا هەڵمەتێکی بەرفراوانی پرۆسەی وەرگێڕانیان دەستپێکرد و بەرهەمە نایابەکانی ڕۆژئاوایان بەتایبەتی یۆنانی و لاتینی وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی و کتێبخانەکانی خۆیانیان پێ دەوڵەمەند کرد. بۆ ئێمەی کوردیش لەژێر باری گرانی دوو گەمارۆی نێوخۆیی و دەرەکیدا، بەتایبەتی ئابلوقەی زانیاری و ڕۆشنبیریدا پێویستە ڕۆڵێکی هەرە گرنگ بە (وەرگێڕان) بسپێردرێت

بەمەبەستی شارەزابوون و ئاشنایەتی پەیدا کردن و سوود بینین لە تەك ئەو تەوژمە خێرا و بەربڵاوەی شۆڕشی تەکنەلۆژیا و زانست و زانیاری کە ئیمڕۆ جیهانی گرتۆتەوە لەلایەك و، لەلایەکی ترەوە بۆ ناساندنی رەوشی کوردستان لە بوارەکانی رۆشنبیری، رامیاری، ئابوری و کۆمەڵایەتییەوە بە گەلانی دەرودراوسێ و وڵاتەکانی دیکەی جیهانەوە بە رێگەی برەو پێدان و بەگەڕخستن و بە بەرکردنی گیانێکی تازەی پرۆسەی وەرگێڕاندا، ئەمەیش بە مەرجێك لە کرداری تاکەکەسی دەرباز بێت و بکرێتە پرۆژەیەکی کاری دەستە جەمعی و ئامانجی بۆ دیاری بکرێت و بشزانرێت چی وەردەگێڕدرێت و چۆن وەردەگێڕدرێت! جا سەبارەت بەم گرنگیی و بایەخەی (وەرگێڕان) لە رووی ژیاریی سەردەمەوە پێویستە لەبارەی چەمکی (وەرگێڕان) و جۆر و شێوازەکانی و هەروەها بیروڕا و بۆچوونە جوداوازەکان لەبارەی (وەرگێڕانەوە) هەندێ زانیاری گونجاومان هەبێ. پێشەکی با بزانین (وەرگێڕان) چییە. وەرگێڕان ئەو لقەی هونەرە جوانەکانە کە پەیوەستە بە گوێزانەوەی وشەو گوزارە و شێواز لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر بەشێوەیەك ئەوانەی بەو زمانە قسە دەکەن کە پێی وەرگێڕدراوە وەکو ئەوانە بە روونی لە دەقەکە تێدەگەن کە بە زمانە ئەسڵییەکە دەدوێن و بە توندیش هەستی پێدەکەن چونکە (وەرگێڕان) دروستکردنەوەی بیرۆکەکانی دەقی ئەسڵییەکە و ماناکانێتی. لەبەر ئەوە دەبێ پێڕەوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت:

١- وەرگێڕانەکە دەبێت وێنەیەکی دروست و راستەقینەی ئەو بیرۆکانە کە لە دەقەکەدا هەن بەرجەستە بکات.

٢- دەبێ تا دەکرێت پابەندی شێوازە ئەسڵییەکە بێت و لێی لانەدات.

٣- نابێت رەوانی و وەرگێڕانەکە لە رەوانیی و بێ گرێ و گۆڵیی هیچ پارچەیەکی داهێنانەکە کەمتر بێت.

لێکۆڵینەوەی هونەری وەرگێڕانیش زۆر سوودی هەن، گرنگترینیان ئەمانەن:

١- توانستی داڕشتن بە دوو زمان لە یەك کاتدا بەهێز دەکات

٢- بەراوردکاریی دەستوورەکانی زمانێك و زمانێکی تر.

٣- وردبوونەوە لە بیرۆکە و زاراوە و ئیدیۆمییەکان، جاری وا هەیە مرۆڤ هەتا ئەو کاتەی بەشێوەیەکی دروست بۆ زمانێکی تر وەریدەگێڕێت لە وردەکارییەکانی زمانەکەی خۆی شارەزا نابێت، وەرگێڕانەکە هەموو گەنجینەکانی زمانەکەی ئەوانەی تەنیا لە ڕێی ئەم وەرگێڕانەوە ئاشنایان دەبێت، بۆ دیار دەخات.

٤- گۆڕینەوەی (ئاڵوگۆرکردن) زانیاری و بیروڕا و ڕێگا و شێوازەکانی دەربڕین و ڕاگواستنیان لە زمانێکەوە بۆ یەکێکی تر.

٥- موتوربە کردنی ئەدەبیاتی گەلان بە ئی یەکتری.

٦- زانینی کایەی کارتێکردنی داڕشتنە زمانەوانییەکان لە کرداری بیرکردنەوەی ئەو کەسانەی قسەیان پێدەکەن و بە پێچەوانەش.

٧- ڕاهێنانی مرۆڤ لەسەر داڕشتنی بیروڕاکانی لە چەند قالبێکی جوداوازدا بۆ ئەوەی ئەم بیرۆکانە بە یەکجارەکی لە گشت کۆتێکی بەرتەسکی وشەوە ڕەها بکرێن.

وەرگێڕیش هونەرمەندە و پێویستە سەرەڕای زانیارییە زمانەوانییەکەش خاوەنی هەست و گیانێکی هونەریی و شارەزای ئەو بابەتەش بێ کە وەریدەگێڕێت، چونکە زمان تەنیا وشەگەل و زاراوەی مردووی نێو فەرهەنگ نییە، بەڵکو بریتییە لە دەربڕینی ئیدیۆمی و خاڵی هورد لە بنیات و مانای وشەکاندا کە بەهۆی خوێندنەوەیەکی بەردەوام و تێڕوانینێکی پشکێنەر و ڕەخنە ئامێز نەبێت لێیان تێناگەین و پەیان پێنابەین.

وەرگێڕان وێڕای وشەگەلی واتاکانی، شێواز و ڕۆحییەتی نووسەرەکەش دەگرێتەوە، ئەمەیش لەسەر (وەرگێڕ) پێویست دەکات (دەقەکە) چەندین جاران بخوێنێتەوە و بەرلەوەی دەست بە وەرگێڕان بکات تاوەکو لە ڕۆحییەتی

داهێنەرەکـەی بـە چاکـی حاڵـی بێـت و واتاکانـی لەبیروهۆشـی خۆیـدا بچەسـپێنێ، ئەوسـا دەکـرێ بڵێیـن بـۆ وەرگێڕانـی دەقەکـەی بەردەسـتی ئامادەیـە، بـۆ وەرگێڕیـش وا چاکـە نـە هێنـدە دەسـتکاریی لـە دەقـە ئەسـڵییەکەدا بـکات کـە نەناسرێتـەوە، نـە ئەوەنـدەش پێیـەوە پابەنـد بێـت کـە تەنانـەت هەڵـە و چەوتییەکانیشـی وەك خۆیـان بهێڵێتـەوە، بەڵکـو وا باشـترە ئەگـەر بکرێـت هەڵـەکان هەمـوار بـکات و لـە پەراوێـزدا ئاماژەیـان پـێ بـدات. هـەر کاتێکیـش دیتـی دەقەکـە روون و ئاشـکرا نییـە، یانەخـۆ زێـتر لەیـەك واتـا هەڵدەگـرێ، دەبـێ ئـەو واتایەیـان هەڵبژێرێـت کەلـە تـەك ناوەرۆکـی بەرهەمەکـەدا بەگشـتیی دەگونجێـت و زۆر لـە مجێـزی نووسـەرەکەوە نزیکـە. هـەروەك بـۆی هەیـە شـتێك بـۆ واتـا سـەرەکییەکەی زێـدە بـکات کـە ماناکـەی پـێ بەهێـز بێـت، یاخـود واتایەکـی لاوەکییەکـە بـە زێـدەی دەزانێـت و بەلایـەوە واتـا بنەڕەتییەکـە لاواز دەکات لێـی فـڕێ بـدات.

گرفـت و ئاسـتەنگی سـەرەکیش لەهونـەری وەرگێڕانـدا وەکـو جـۆرج کامبێلـی پسـپۆر لـە هونـەری وەرگێـڕان و سـەرچاوەی جوداوازیـی لـە زمانەکانـدا باسـی دەکات ئەوەیـە لەهـەر زمانێکـدا هەنـدێ وشـە و زاراوەی تایبـەت هـەن لـە زمانێکـی تـردا هاو-وێنەیـان دەسـت ناکـەوێ، وەکـو زۆربـەی ئـەو وشـانەی بـە رەوشـت و سـۆز و هەسـت و نەسـتی خودیـی و کەسـییەوە پەیوەسـتن. هەروەهـا زاراوە گەلێـك هـەن سـەردەمانێکی زوو مانـای تایبەتیـان بـووە و ئێسـتێ بەپێـی گۆڕانـی سـەردەم ماناکانیـان گـۆڕاون یاخـود تەنانـەت پێچەوانەیـش بوونەتـەوە.

لەلایەکـی تـرەوە، بـۆ وەرگێـڕان سرووش زۆر پێویسـتە، چونکـە بەبـێ سرووش وەك کارێکـی بـێ گیـان و مـردوو دێتـە بەرچـاو. جیاوازیـی نێـوان وەرگێڕانـی سروشـدار و وەرەگێڕانـی سـادە و ئاسـایی وەك جیاوازیـی نێـوان هۆنـراوە و پەخشـان وایـە.. لەوەیـە وەرگێڕانـی سروشـدار چەنـد وشـەیەکی ئەسـڵەکە وەلانێـت، بـەڵام خوێنـەر هەرگیـز لێـی وەڕەس نابێـت، بگـرە هەمیشـە حـەز دەکات پـتر لـە جارێکـی بیخوێنێتـەوە، کەچـی وەرگێڕانـی ئاسـایی تەنیـا بـۆ یـەك مەبەسـت خوێنـەر رەوکێـش

دەکات ئەویــش بــۆ ئــەوەی لــە تــەك ئەسـڵەکەیدا بــەراوردی بــکات هەتاکــو چەنــد وشــە و زاراوەیەکــی ئیدیۆمــی لێــوە فێــر بێــت و بــەس.

وەرگێڕانیش سێ جۆری هەیە:

١- وەرگێڕانــی دەقــاودەق (حەرفــی) ئەمەیــش زۆربــەی جــار لاوازە و واتــای روون نــادات بەدەســتەوە.

٢- وەرگێڕانــی واتــا کــە لەســەر حســابی دەقەکــەوە بــە مانــای بایــەخ نــەدان بــە خــودی وشــەکان، نەنگیــی ئــەم شــێوازەش لەوەدایــە هەندێــك جــار بــۆی هەیــە وشــەیەك کــە بــۆی هەیــە هــەر خــۆی کلیلــی ســەرجەم پەرەگرافەکــەش بێــت پشــتگوێ بخرێــت.

٣- وەرگێڕانــی دەقــاودەق و واتایــی، ئەمەیــش ناوەنــدە لــە نێــوان هــەردوو جۆرەکانــی پێشــەوەدا، پەسەندتریشــە. لــە هەمووشــی ســەختر و ئاڵۆزتــر وەرگێڕانــی هۆنراوەیــە چونکــە پێویســت بــەوە دەکات چێــژ و زەوق لــە هەڵبەســتەکە وەرگیرێــت و وەرگێــڕ قەریحــەی کــراوە بێــت بــۆ ئەمەیــش وا چاکــە بــەر لــە وەرگێــڕان چەنــد پارچــە شــیعرێکی بــەرز و نایــاب بخوێنێتــەوە، ئەمــە ئەگــەر وەرگێڕانەکــە بــە زمانــی پەخشــانە شــیعر بــوو، وەلــێ بــۆ وەرگێڕانــی شــیعر بــە شــیعر ئــەوە بێگومــان پێویســت بــە بلیمەتەیەکــی (موهبــة) تایبــەت دەکات. وایــش بــووە هۆنراوەیەکــی وەرگێــڕدراو زۆر لــە دەقــە ئەسـڵییەکەش نایابــتر و بەرزتــر دەرچــووە، نموونەیــش بــۆ ئەمــە زۆرن.

مەرجەکانــی وەرگێــڕان چیــن؟ ل. ریمیلــکاس لێکۆڵــەرەوەی ســۆڤیایەتی پێشــوو دەڵێــت: زمانــی زگماکــی خــۆی یــا ئــەو زمانــەی بابەتەکــەی پــێ وەردەگێڕدرێــت، زۆر بــە باشــی بزانێــت و زانینەکــەی لەهــی ئەوانــە کەمــتر نەبێــت کــە بــە زمانــی زگماکــی خۆیــان شــاکاران دەنووســن. لــە ئەدەبەکانــی جیهانــدا زۆران شــاکار هــەن دەســتپاکانە و زۆر بـــە نموونەیـــی تەرجەمـــە کـــراون، بەپێچەوانـــەوەش زۆرەهـــا وەرگێڕانــی بــێ ســەروبەر و خــەراپ، بەرچــاو دەکــەون. وەرگێــڕی وەهــا هــەن لــە

زانیاریی زمانەوانییدا ئێجگار کەمدەست و هەژارن و لە شێوازدا بە جۆرێك نزم و لاوازن تەرجەمەکانیان نرخێکی هونەریی ئەوتۆ پێك ناهێنێ شایانی باسکردن بێت و هەرگیز ناگەنە ئاستی ئەو بەرهەمە هونەرییانەی بە زمانەکەی خۆیان نووسراون. ئایا سوودی بە چاکی زانینی ئەو زمانە بیانییە کە لێیەوە وەردەگێڕدرێت چییە ئەگەر ئاستی وەرگێڕانەکە (ئاسایی) بوو؟ جا دەبێ وەرگێڕ لە هەمانکاتدا بەهرەمەندیش بێت و بەرلەوەیش (وەرگێڕان) بکاتە (پیشە) و بوونی خۆی وەك ئەدیبێکی بلیمەت و سەرکەوتوو سەلماندبێت. هەن دەڵێن (وەرگێڕان) ئەو زمانە دەوڵەمەند دەکات کە بەرهەمەکەی پێ وەردەگێڕدرێت، کەچی بە پێچەوانەوە زۆرجار زمانەکە هەژار دەکا. بۆ نموونە زۆرجار بووە زمانی زۆران لەو شاکارە وەرگێڕدراوانە رەوان و پاراو نینە، بگرە لە بەرامبەر ئەسڵەکانیاندا بەڕادەیەك سادە وهەژارن، ئەوەش لەمەوە هاتووە کە (وەرگێڕ) وەك (نووسەر)ەکەی بلیمەت و کارا نەبووە و دەسەڵات و توانستی بەسەر زمانەکەدا نەشکاوە و وەك ئەم شێوازەکەی پڕ هوردەکاریی و سفت و پتەو نییە!

لێرەدا پسپۆران قەناعەتیان وایە زانینی سەد وشەی زمانە بیانییەکە یارمەتی تێگەیشتنی ٤٠٪ لە سەدا چلی تێکستەکە (دەق) دەدات و زانینی هەزار وشە رێژەی تێگەیشتنەکە بۆ ٧٠-٨٠ ٪ بەرز دەکاتەوە ئەگەر بگاتە نۆ هەزار وشە رێژەکە لە ٩٠٪ تێپەڕ دەکات.

جا ئاستی تەرجەمەی شاکارەکانی (تۆلستۆی و دوستویفسکی و..هتد) ئاخۆ چۆن دەبێت کەسانێك ئەنجامیان بدەن کە لە هەشت سەد وشە پتریان لە هەگبەدا نەبێ! ئەوساکە باسی کامە زمانە دەوڵەمەند کردن بکەین باشە؟ ئایا مەبەست لە دەوڵەمەند کردنی زمان زۆرکردنی وشە فەرهەنگییەکانە یان لە نۆژەن دارشتنەوەی گرامێر و دەستوورەکانی ئەو زمانەیە؟ بێگومان هەر زمانێکی گەشەکردووی سەردەم بۆ دەربڕینی بیروباوەڕ و هەستەکانی مرۆڤ وشە گەل و توانستی گراماتیکی پێویستی خۆی هەبووە و هەیە. جا مەبەست

لــە دەوڵەمەندکردنــی زمــان لەڕێــگای (وەرگێــڕان)ەوە چییــە؟ وەرگێــڕان وەختێــك دەکارێ ئەمــە بــکات کــە (وەرگێــڕ) دەســەڵاتی بەســەر توانســتەکانی زمانەکــەی خۆیــدا بشــکێت و بــە هەمــان رادەی لێهاتوویــی و هوردەکارییــەوە بەکاریــان بێنــێ کــە بــۆ نموونــە (پۆشــکین یــان تۆلســتۆی) لــە داهێنانــی شــاکارەکانیاندا بــە زمانــی زگماکــی خۆیــان بەکاریــان دێنــن! هاتــوو وەرگێــڕ ئەمــەی پێنەکــرا ئــەوە نــەك هــەر بەشــداریی دەوڵەمەندکردنــی زمانەکــەی نــاکات بەڵکــو پێچەوانەکەیــش راســتە. جگــە لەمــەش راســتییەکی بەڵگــە نەویســتە پێویســتە وەرگێــڕ لــەو زمانــەی لێیــەوە وەردەگێڕێــت گەلــەك توانــا و دەسترۆیشــتوو بێــت. بێگومــان وەك یــەك زانینــی هــەر دوو زمانەکــە گرنگــە بــۆ وەرگێــڕ کــە گەڕەکــە بەلانــی کــەم دوو زمــان بەباشــی بزانێــت کارەساتیشــی لــەوە دایــە هــەردووك زمــان وەك یــەك چــاك نەزانێــت!

گوتمــان یــەك لــە جۆرەکانــی وەرگێــڕان (وەرگێڕانــی دەقــاودەق) کــە تــا ناتەواویــی و کەموکورتــی لــە رۆشــنبیری زمانەوانیــدا مابێــت ئــەوە باوبــرەوی ئــەم چەشــنە ورگێڕانــە لــە ئــارادا دەمێنێــت، هەرچەندیــش کەمــوزۆر ئاســتێکی دیاریکــراوی زمانزانیــی نیشــان دەدا.

پەنابردنیــش بــە بــەر ئــەم رێگایــە دەبــێ بەپێــی چەنــد بنەمایەکــی دیاریکــراوەوە بێــت، کەچــی واقیعــی حــاڵ شــتێکی جــوداوازە، جــاری وایــە هەنــدێ هەڵبەســتی وەرگێــڕدراو بــەم شــێوەیەی خــوارەوە چــاپ دەکرێــن. دەقــە ئەسڵییەکە لەلایــەك دەنووسرێتــەوە و لــە بەرامبەرەکەشــیدا دەقــی تەرجەمــە حەرفییەکــە. ئــەم تــەرزە وەرگێڕانــە ئاســتێکی بــەرزی ئەوتــۆ دەخوازێــت کــە ئــەو کەســەی ئامــادەی کــردووە پێــی شــەرم نەبێــت ناوەکــەی خــۆی لــە تەکییــەوە بنووســێت، هــەروەك شــاعیری مەزنــی چیکۆســلۆڤاکیای پێشــوو (ویلیــەم زاڤــادا) کــە چەنــدان زمــان زۆر بەباشــی دەزانێــت هەرگیــز ئەمــە بــە نزمــی و کەمــی دانانــێ کاتێــك لــە پاینــی وەرگێڕانەکانیــدا ئــەم تێبینیــە تۆمــار دەکات: (وەرگێڕانــی ویلیــەم زەڤــادا و پێداچوونــەوەی (فــڵان) پســپۆڕی زمانەوانیــی) بەمەیــش هەرگیــز لــە نــرخ و پایــەی خــۆی کــەم نابێتــەوە. لــە

هەمانکاتدا شاعیری داهێنەر هەن لە چەندین زمانانەوە کە زۆریش تیایاندا باڵا دەست نین شیعر تەرجەمە دەکەن. باڵا دەستیش لە زماندا شتێکی رێژەییە ئەو شاعیرە چاکەی بەشێوەیەکی فرە نایاب هۆزان وەردەگێڕێت هیچ مەرج نییە وەکو رابەرێکی زمانڕەوان بەو زمانە بدوێت، ئەگەر بە چاکیش گفتوگۆی ئاسایی پێنەکرا مانای ئەوە نابەخشێ کە زمانەکە نازانێت، بەڵکو دوور نییە لە رابەرەکەیش چاکتری بزانێت. بۆ نموونەش (ئا. سانغ)ی هۆزانڤان هەرچەند نەیتوانیوە نە بە ئەڵمانی و نەبە رووسی بە رەوانیی قسە بکات گەرچی لە هەردوو زمانیشدا ئێجگار شارەزا بووە، نایابترین وەرگێڕانی بۆ شیعرەکانی (هاینە و نیکراسۆف و تفادۆسکی) پێشکێش کردووین. لە هەمانکاتیشدا هەر خۆی چەند شاکارێکی بوێژی هەڵکەوتووی زمانی چیکی وەرگێڕاوە کە هاوتایان نییە، بە مەرجێك شارەزاییەکی ئەوتۆشی لەو زمانەدا نەبووە، چی کردووە؟ سەرەتا بە یارمەتی فەرهەنگ و سوود وەرگرتن لەو تەرجەمانەی بە چەند زمانێکی تر هەبون تەرجەمەیەکی حەرفیی بۆ ئەو شاکارانە ئامادە کردووە. دواتر پێیاندا هاتۆتەوە و هەمواری کردوون و سەرەنجام توانیویەتی ئەم کارە گرنگە بەم شێوە نایابە ئەنجام بدات. وێڕای ئەمەیش دەبێ بە ئاراستەی دەستەبەرکردنی باڵادەستیی و شارەزایی تەواوەوە لە زماندا هەوڵ بدرێت و تا دەکرێ کەمتر پەنا ببرێتە بەر ئەو جۆرە (وەرگێڕانە دەقاودەقی)یانەوە.

وەك پێشتر گوترا، جوداوازییەکی زۆریش لەنێوان وەرگێڕانی پەخشان و هۆنراوەدا هەیە. پەخشان بەگشتی (عەقڵانی)ترە، هەرچی (هۆنراوە)یە پتر لایەنی رۆحی و ئەندێشە تیایدا زاڵە، دەبینی سەروەختێك (ئیقاعێکی) هێمن و لەسەرەخۆی هەیە و کاتێکی دی پڕاوپڕە لە هەستی گرژ و توندوتیژی جۆراوجۆر، وەلێ وەختی وەرگێڕانی هەرچەشنە دەقێك پێویستی بە هەچ بنەمایەکی تایبەت یا خۆ تیۆرییەکی دیاریکراو ناکات، جگە لەوەی کە وەرگێڕ دەبێ لە کۆشش و خۆماندووکردنێکی بەردەوام دابێت بۆ ئەوەی بچێتە نێو ناخی هەرە

نـاوەوەی شـاکارەکەوە، لـە هەوڵـی بـێ وچـان دابێـت بـۆ (تەفاعـول) کردنێکـی سـوودبەخش لـە تەکیـدا. لێـرەدا بـۆ وەرگێـڕ نەهاتـووە بەپێـی راوبۆچوونـی خۆیـەوە شـتان لێـك بداتـەوە بەڵکـو پێویسـتە لەسـەری لـەوە ئاگـەدار بێـت و چـاك بزانێـت هـەر وەرگێڕانێکـی داواکـراو سـیما و روخسـارێکی نموونەیـی خـۆی هەیـە و ئـەم پێویسـتە بـۆ ئـەوە کۆشـش بـکات کـە بیگاتـێ!

بۆچوونێـك هەیـە گوایـە هـەر خوێندنـەوەی هـەر ژمارەیەکـی دیاریکـراوی خوێنەرانـی هاوتەمـەن یـان هـەر (وەچەیـەك) بەشـێوەیەکی جیـاواز و تایبـەت لەگـەڵ دەقێکـی ئەدەبیـدا هەڵسـوکەوت دەکـەن و بـە تێپەڕبوونـی کات نـرخ و بەهـای نوێـتری تێـدا دەدۆزنـەوە، بـەڵام ناشـبێت هـەر (وەرگێڕێـك) ئـەو مافـە بەخـۆی بـدات بـە کەیـف و ئـارەزووی خـۆی (دەقەکـە) لێکداتـەوە، راسـتە وەرگێڕیـش خوێنـەرە، بـەڵام خوێنەرێکـی ئاسـایی نییـە، بەڵکـو نوێنـەری گشـت خوێنەرانـە و بـۆی نییـە لـە تەنهـا گۆشـەنیگای خۆیـەوە و هـەروا بێباکانـە بخوێنێتـەوە و تێـی بـگات تووشـی (لادان) دێـت بـە پێچەوانـەوە، گەرەکـە وەرگێـڕ دەقەکـە بەشـێوەیەکی بابەتیانـە بخوێنێتـەوە و بەوپـەڕی دەسـتپاکیی (ئەمانەتـەوە) مامەڵـەی لەگەڵـدا بـکات. خـۆ ئەگـەر (وەرگێـڕ) بـە (لێکـدرەوە)ش دابنێیـن ئـەوە دەخوازێـت (دەقەکـە) هێنـد بـە وردی لێکبداتـەوە لەتـەك گیانـی دەقـە ئەسـڵییەکەدا بگونجێـت و هـەر بایـی ئەوەنـدەش بـێ کـە ئـەم (دەقەکـە) رێـی پـێ دەدات.

دێینـەوە سـەر باسـکردنی وەرگێڕانـی (دەقـاودەق) وشـە بـە وشـە کـە هەرچەنـد کـۆن بـووە و باویشـی ئەوەنـدە نەمـاوە، بـەڵام ئێسـتاش هەنـدێ بەرهـەم دەبینیـن بـەو رێبـازە وەرگێـڕدراوە و نـە گیـان و نەفسـییەت، نـە هوردەکاریـی و ئەسـتاتیکا و نـە زۆر لایەنـی دیکـەی دەقـە ئەسـڵییەکەی تێـدا نەمـاوە. جـا ئایـا تـا چەنـد وەرگێـڕ لـە راگواسـتنی دەقـدا بـۆی هەیـە لـە (تەرجەمـەی حەرفـی) دوورکەوێتـەوە هەتـا بـکارێ، بیـر و هەسـتەکانی نێـو دەقەکـە بەرجەسـتە بـکات! دەڵێیـن: روون و بەڵگـە نەویسـتە (وەرگێـڕان) بەبـێ (وشـە) چـێ نابێـت، چونکـە (بـە وشـە) دەسـت

پێـدەكات و هـەر بـە (وشـە)ش كۆتایـی دێـت، بـەڵام گرنـگ ئەمەیـە دەبـێ بـە قووڵـی لـە بیـر و هەسـتەكانی نووسـەرەكە لـە نێـوان ئـەو دوو وشـانەدا تـێ بگەیـن و دەركیـان پـێ بكەیـن و لەتەكیانـدا (تەفاعـول) بكەیـن و لـە هەمانكاتیشـدا كارێكـی زانسـتیانە و پـڕ لـە داهێنـان ئەنجـام بدەیـن، بـە مەرجێـك دەنگـی (نووسـەر) لـە وشـەكانی (وەرگێـڕ) دا ون نەبووبـێ و ئاشـكرا هەسـتی پێبكرێـت.

دیسـانەوە پرسـیار دەكـرێ ئایـا لـە نێوانـی وشـەكانی دەسـتپێك و كۆتاییـدا كامیـان گرنگـترن، بیـر یـان وشـە، روخسـار یـا خـۆ نـاوەرۆك؟ لێـرەدا دووبۆچـوون هەنـە، نووسـەرە ئەدەبییـەكان (ئەدیبـەكان) بیرۆكـە و نیـوەرۆك و هەسـتگەلی نێـو دەقـە ئەدەبییەكەیـان زۆر بـەلاوە گرنگـە و پرۆسـەی وەرگێـڕان بـە (داهێنـان) لەقەڵـەم دەدەن. پسـپۆرانی زمانەوانیـش بـە پێچەوانـەوە دەڵێـن (وشـە) گرنگـترە و پێیـان وایـە (وەرگێـڕان) تەنهـا لقێكـە لـە بابەتەكانـی زانسـتی زمـان و هیچـی تـر. لێـرەدا بـەرەی یەكـەم دیـدی زانـا زمانەوانییـەكان بـەوە رەتدەكەنـەوە گوایـا ئـەو رێسـا و قالبانـەی لەبـەردەم (وەرگێـڕ)دا قوتیـان دەكەنـەوە سەربەسـتیی داهێنـان لای وەرگێـڕ لەبـار دەبـەن و رێگـەی لێكدانـەوە و بۆچوونـی خودیـی لـێ دەگـرن و دەرفەتـی بیركردنـەوەی پـێ نـادەن. كەچـی بـەرەی دووەم بـۆ پاسـاوی داكۆكـی كـردن لـە دیـدی خۆیانـەوە دەڵێـن (سەربەسـتی دان بـە وەرگێـڕ بـە بیانگـەی لێكدانـەوە و داهێنـان دەبێتـە هـۆكار بـۆ لادانـی وەرگێڕەكـە و دەشـیخاتە هەڵـەی ناقـۆڵا و بـێ مانـاوە) بـۆ سـەڵماندنی ئەمەیـش تەرجەمـەی كارەكانـی (شەكسـپیر) بـە بەڵگـە دێنینـەوە ئەوانـەی بوێـژی رووسـی (بۆریـس باسـترناك) كردونـی و تیایانـدا هەسـت بـە هیـچ بوونێكـی (شەكسـپیر) ناكرێـت بەڵكـو هـەر تەنیـا (باسـترناك) خۆیەتـی و بـەس..

نموونەی دیكەیش لەم بابەتە زۆرن.

وەلـێ بـۆ رۆژگاری ئیمـڕۆ دیراسـات لـە مەیدانـی وەرگێـڕان لـە شـێوازە میتافیزییەكـەی دوور كەتۆتـەوە و بـە ئاراسـتەی شـێوەیەكی لۆژیكـی هەنـگاوی

نــاوە. لــەم ڕووەوە لێکۆڵــەری زمانزانیــی (فــی. دی، سوســبۆر) لــە ســەرەتای ئــەم ســەدەیەدا گۆڕانکارییەکــی خەیلــی گرنگــی داهێنــا، ئەویــش بــە بڵاوکردنــەوەی دیــد و بۆچوونەکانــی خۆیــەوە کــە رای وایــە (وشــە) لــە جەوهــەردا دووره پەرێــز نییــە بەڵکــو چەنــدان پەیوەندیــی ئاڵــۆزکاو لــە خــۆدا دەگرێــت و (وەرگێڕان)یــش یەکێکــە لــە رواڵەتەکانــی ئــەو پەیوەندییانــەوە کــە لــە وشــە بیانییەکــەوە جێگۆڕکــێ دەکــەن و بــە وشــەی نێــو زمانەکــەی تــرەوە رادەگوێزرێــن. گەرچــی پێــش (سۆســبور) و بیرۆدزەکەیشــی وەرگێــڕە رەســەن و بەهرەمەنــدەکان بــەم ئەنجامــە گەیشــتبوون و لــە ئاییندەشــدا پــەرە بەکارەکانیــان دەدەن و ئــەوە دەســەلمێنن کــە ئــەوان بــە هــەق هونەرمەنــدی وشــە و زانــای زمانەوانیــی شــیا و لێهاتوونــە، بەمەیــش دەردەکــەوێ (تەرجەمــەی حەرفــی) نــەك هــەر تەنــای وەرگێڕانــی پاتەوپاتــی وشــە بــە وشــە نییــە، بگــرە بەکــەم زانینــی ئــەو لۆژیکەیشــە کــە دەڵێــت (وشــە بریتیــە لــە نەژادێــك زۆرەهــا پەیوەنــدی ئاڵــۆزکاوی لەخــۆدا حەشــارداوە).

کاکــی وەرگێــڕی رێبــازی وشــە بــە وشــەیش دێــت یەکەمیــن (چەمــك) کــە لــە وەختــی تەرجەمەکردنــدا بــە خەیاڵیــدا گــوزەر دەکات یــان لــە (فەرهەنــگ)دا بەرچــاوی دەکەوێــت، ئەمەیــان هەڵدەبژێرێــت بــێ ئــاگا لــەوەی کــە هــەر وشــەیەك بــە گوێــرەی شــوێن و بەکارهێنانیــەوە لــە دەســتەواژە و رســتەگەلی جــوداوازدا بــۆی هەیــە دەیــان و یــا جــار هەیــە بــە ســەدان چەمــك و لێکدانــەوەی جۆراوجۆریــش هەڵبگرێــت!

١٩٩٩/٦/٥

سەرچاوە و ژێدەر

١- کتێبــی (فــن الترجمــة فــی ضــوء الدراســات المقارنــة) چاپــی دووەم، چاپخانــی اللــواء- بغــداد ١٩٥٨ نووســینی دکتــور صفــاء خلوصــی.

٢- گۆڤــاری (المترجــم) بغــداد ژمــارە (١) ســاڵی (١) کانوونــی یەکــەم ١٩٨٧ ل. ریملیــکاس.

# تایەر تۆفیق و بیری نەتەوایەتی

هەولێر ٢٠٠٢/١٠/١٥

هونەرمەندی گەل تایەر تۆفیق بە حوکمی ئەوەی کە لەشاری کۆیە هاتۆتە دنیاوە و تا ماوەیەکی درێژیش هەر لەوێدا پەروەردە بووە و تەمەنی لاوێتی تیایدا بەسەر بردووە، ئەم شارەش هەر لە زووەوە مەڵبەندی نیشمانپەروەری و بزاڤی رزگاریخوازی کوردایەتی بووە، چ لەسەردەمی حزبی هیوا داو دواتریش دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان کە تێکۆشەرانی شارەکە زۆر بە پەرۆشەوە لە ریزەکانیاندا خەباتیان کردووە.

ئەمە شان بەشانی جووڵانەوەی بەربڵاوی کۆمۆنیستی کە لە شێوەی حزبی تەحەرور خۆی دەنواند، ئەمە لە لایەك، لەلایەکی دیکەشەوە بەوپێیەی کە دۆستایەتی و تێکەڵاوی نزیك و پتەوی بە چەند کەسایەتی و شاعیر و

نیشتمانپەروەری سەر بەو ڕێبازە سیاسیانەوە هەبووە کە هەڵگری بیروباوەڕی نەتەوایەتی پێشکەوتووخواز بوونە، کاکە تایەر کەوتۆتە بەر کاریگەریی ئەو کەش و هەوایەی کۆمەڵگەوە و هەر زوو بیری نەتەوەخوازی و گەل پەرستی لە مێشك و دڵ و دەروونیدا چەسپاوە و لەوەش بەولاوە هەتا دوا هەناسەی ژیانی لێی جودا نەبۆتەوە و لە پێناویدا چالاکانە خەباتی کردووە و قوربانیی زۆریشی بۆی داوە.

ئەوەتانێ، بۆ راستی ئەم بۆچوونە، لەبارەی خۆیەوە کاکە تایەر لە کتێبی (گوڵی سەربەستی)دا ساڵی ١٩٨٣ لە بەغدا چاپکراوە و مامۆستا کەریم شارەزا پێشەکی بۆ نووسیووە، ئاوا خۆیمان پێدەناسێنێ و دەڵێت: کەناوی تایەر کوڕی تۆفیق کوڕی ئاوڕەحمان کوڕی حەمەدی شێخانییە، لە ساڵی ١٩٢٢ دا لە گەڕەکی بەفەریقەندی شارە خنجیلانەکەی کۆیە، شاری ئاواز و گۆرانی و شیعری کوردی چاوی بە ژیان هەڵێناوە. ساڵی ١٩٢٩ براوەتە بەر خوێندنی قورئانی پیرۆز و گوڵستان و بوستان لە سوختەخانەی (مەلای رەش)ی کۆیە و ساڵی ١٩٣٢ چۆتە قوتابخانەی کۆیە و لە پۆلی دووەم دانراوە و لەبەر دەنگخۆشی خراوەتە نێو تیپی سروود و گۆرانی قوتابخانەکەوە. هەروەها دەڵێت (جارێ هەرزەکار بووم لە ساڵی ١٩٣٦ەوە دەستم بە گۆرانی گوتن کردووە. ئەوسا باغ و سەیرانگاکانی کۆیە مەڵبەندی شادیی و ئاواز و گۆرانی کوردی بوون و شیعری شاعیری کوردی وەکو نالی و کوردی و حاجی قادری کۆیی و بێخود و صافی وعەونی و مەیلی و راجی و زەکی و دڵدار، لە پاڵ شیعری بەنددا لەباو بوون و لە لایەن گۆرانیی بێژە ناودارەکانی کۆیە وەکو سێوەی هونەرمەند و مەلائەسعەد و ئەحمەد حەمە مەلا و گەلێ هونەرمەندی دیکە دەگوتران و منیش بەو بۆنەیەی کە خوێندەوار و دەنگخۆش بووم شیعری ئەو شاعیرە ناودارانەم بە گۆرانی دەگوتن و لەبەرم دەکردن. لە ساڵی ١٩٣٦ەوە تا ساڵی ١٩٤٠ لە هەموو باخێك و لە هەموو

مزگەوت و ماڵێکدا ئاهەنگی مەولودی پێغەمبەر و لە کۆڕ و دانیشتنی تایبەتی خۆم مەقام و بەستەی کوردیم لەسەر زار بووە، چونکە ئەوسا کۆیە شارێکی پڕ خۆشی وشادی بوو، مەڵبەندی ساز و ئاواز و گۆرانی کوردی بوو، ئەگەر هیچ بۆنەو موناسەبەیەك نەبوایە گۆرانی تێدا بڵێم ئەوا لەگەڵ دەستەیەك لە برادەران رووممان دەکردە دەم رووبارێك یاخود باخ و رەزێکی دامێنی شار و ئیتر هەر لە گۆرانی گوتن و شادیی و پێکەنین بوو.

هەروەها دەڵێت:

خۆم نەمهێشتووە هەتا ئێستاکەشی لەگەڵدا بێت کەس دڵی لێم بڕەنجێ و کۆڕی دانیشتن و رابواردنی ئەوسای ناوباخ و رەزامان بە زۆری لەگەڵ هونەرمەند و هونەر دۆستانی وەکو (عومەری مام عەوڵا و ئەحمەدی حەمەی مەلا و عوسمان عەونی و وەستا عەبدەی ئاسنگەر و عوسمانی مام عەوڵا و صالحی قەصاب و ئەحمەدی مام عەبدە و صوفی محەمەدی قەصاب دابوو- ئەمانە یان ئەندام یاخود لایەنگر و سەر بە پارتیی و خاوەنی بیری نەتەوەخوازیی بوونە).

هەروەها لە پێشەکییەکەی هەمان کتێبدا مامۆستا کەریم شارەزا دەڵێت (مامۆستا تایەر تۆفیق لە شارەکەی کۆیە، شاری شیعر و هونەری ئاواز و گۆرانیی رەسەنی کوردی سەری هەڵداوە و چاوی ژیانی بە جوانیی دیمەنی شیوی رەزان و چیاکانی باواجی و هەیبەت سوڵتان کراوەتەوە و گوێی بە چریکەو چەهچەهەی بولبولانی باخەکانی شەممە و ئۆمەرخوچان و باغە و رەزی پلووسك و هەرمۆتە و ئاشان و سەیرانگاکانی تری ئەو شارە گۆش بووە، هەرچەندە تایەری هونەرمەند خۆی خاوەنی بەهرەیەکی هونەریی گەورەیە لە مەیدانی ئاواز و گۆرانیی کوردیدا، بەڵام پەروەردەبوونی لەو شارە زیندووە بەهات و باتەدا بووە بەمایەی گەشەکردنی بەهرە هونەرییەکانی، هەروەها دەڵێت (مامۆستا تایەر تۆفیق لە دوای هونەرمەند ئەحمەدی مەلا، یەکەم

گۆرانیبێــژ بــووە لــە شــارەکەی کۆیــە، هونــەری ئــاواز و گۆرانیــی کــوردی لــە کــۆڕی ئایینــی و مەلــوودی پێغەمبــەر و لەســەر مەحفــەل و منــارە و گومبەتــی مزگەوتانــەوە بهێنێتــە نــاو کــۆڕی جەمــاوەری میللــەت و بیهاوێتــە قاڵبــی گۆرانیــی نەتەوایەتــی و سیاســی و توانیــی گۆرانــی کــوردی لــە مەجلیــس و دیوەخانــی ئاغاکانــەوە دەربهێنــێ و بیباتــە نــاو کــۆڕی دەســتەی رۆشــنبیری و نیشــتمانپەروەران و بیخاتــە ســەر شــانۆی ئاهەنگــی نــەورۆز و جەژنــە نیشــتمانییەکانی وڵات و لــە دوایشــدا بــردی بــۆ جیهانێکــی فراوانــتر و لــە ئێســتگەی کــوردی رادیــۆی عێراقــەوە بــە دەیــان نموونــەی ســەرکەوتووی لــە گۆرانیــی کــوردی پێشــکێش کــردوە، لــە ســاڵی ١٩٥٨ داو لــە دوای بەرپــا بوونــی شــۆڕشــی ١٤ی تەممــوزدا چەپکێکــی گەشــی لــە گۆرانــی و سروودی نیشــتمانیی و سیاســی کــوردی پێشــکێش بــە نەتەوەکــەی کــردووە).

ئەمــەو تــا کۆچــی دوایشــی بــە دەیــان چامــە و هەڵبەســتی پــڕ لــە ســۆز و عەشــقی کوردایەتــی کەڵــە شــاعیرانی نــاوداری کوردســتان بــە مەقــام و سروود، بــە ئــاوازی هونەریــی ســەرکەوتوو، بــە دەنگــە هــەرە تایبەتییەکــەی کردوونەتــە دیــاری و وەك ســامانێکی لــە بــن نەهاتــوو بــۆ نەوەکانــی دوارۆژ بەتایبەتــی بــۆ تێکــڕای گەلــی کــورد بەگشــتی لــە دوای خــۆی بەجــێ هێشــتووە. کــە ئــەم نموونانــە مشــتێکن لــە خەروارێکــی بەرهەمــە بــەرز و رەســەنەکانی.

شوکری فەزڵی بۆ شێخ مەحموودی نەمر گوتوویە:

ئیـش کـە رووی ئێسـتێ لـە هـەورازە سـەرەو لێـژی نەکـەی
بیـری دووریشــی دەوێ هــەر بــە دوعــا و نوێــژی نەکــەی
ســەرەتای ئیــش هەمــوو یەکبوونــە ئەویــش نابــێ هەتــا
هــــەر برینــــێ کــــە لەدڵــــدا هەیــــە ســــارێژی نەکــــەی.

پیرەمێرد لە (هەی نائومێدی)دا دەڵێت:

لـــە دەربەندیخـــان هەتـــا کەلیخـــان
ئـــەو نـــاوە یەکســـەر شـــێواوە و وێـــران

شـیوو و هـەردوو بـەرد تا لوتکـەی بارزان
پـــڕ لەوەیشـــوومە بـــە گەڵارێـــزان
بــە جــەوری فەلــەك یەكســەر وێرانــە
بایەقــۆش تیایــدا گرتوویــە لانــە
ئەمســاڵ بەهارمــان كەبــێ بارانــە
گوڵاڵــەی ســوورمان جەرگــی یارانــە
لــە هــەر ســێ لاوە شــاییە بەڕیــزە
خەنەبەندانمــان خوێنــی ئازیــزە

لە (شیرین بەهارە)بەناوبانگەكەیدا، ماموستا ئیبراهیم ئەحمەد دەڵێت:

مــەژی بــۆ مــردن بمــرە بــۆ ژیــان
چـۆن قازانـج ئەكـەی تـا نەكـەی زیـان
لــە زڕەی زنجیــر دڵــت نەلــەرزێ
پێوەنـد بـۆ لەشـە نـەوەك بـۆ گیـان

هۆشیار هەولێری گوتوویە:

لـە جەننـەت گـەر نەبـێ گوڵـزار و بـاخ و كێـوی كوردسـتان
دەبـێ جەننـەت نەبێـژن چونكـە جەننـەت خاكـی كوردانـە

ئەحمەد موختارجاف وتویە:

لادە عاشــق تــۆ لــە باســی عیشــقبازی و ســەیری كــە
چـۆن خەریكـن چەنـد كەسـێ ئێسـتا وەتـەن وێـران ئەكـەن

بێكەس فەرموویەتی:

ســـەدەی بیســـتەمە كـــوردە غیرەتـــێ
لــە خــەو راپــەڕە هەوڵــێ هیممەتــێ
هــۆش و بیــرت بــێ، پیـاوی ژیـرت بـێ
لـە جێـی سەربەسـتی بـۆ زنجیـرت بـێ؟

هەروەها

بیست و حەوت ساڵە من رەنجبەری تۆم
بە نان و ئاو و جل و بەرگی خۆم
خزمەتم کردی لە ئێران و رۆم
لە پێناوی تۆ شکاوە ئەژنۆم
کەچی هێشتا هەر دیل و رەنجەرۆم
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم
بۆچی بە ناحەق وا سووکت کردم؟

دڵزار لە (داری سەربەستی)دا دەڵێت:

ئەگەر لەگەڵ یەك راست و دڵپاك بین
بۆ یەکتری باب و برازا و کاك بین
بۆ سەر قەڵاتی خوێنمژ تاو ئەدەین
بەختیار ئەبین دوژمن قاو ئەدەین
داری سەربەستی بە خوێن ئاو ئەدەین.

عەونی لە (جیهانم پشکنیوە)دا فەرموویەتی

کیژێ تۆم دی وامزانی
تۆ کچی کوردستانی
لەسەرەتا تا ئەنجام
وەهای پێگوتم وەرام
من گۆران و تۆ کرمانج
هەردوو بە شوێن یەك ئامانج
هەر دەڕۆین و پێناگەین
هەر دەڵێین و تێناگەین
شێوەی ئەم گفتوگۆیە

داخەکـــەم رەنجەرۆیـــە
نـــە لەیـــەك دەگەیـــن
نـــە بەیـــەك دەگەیـــن

هەروەها

نەسریـــن ئەمـــڕۆ نـــەورۆزە لێـــت بـــێ جەژنـــە پیـــرۆزە
لـــە کوردســـتانی مـــەزن جەژنـــی گشـــت تیـــرە و هـــۆزە.

هەروەها

گوتـم ئـەی کـچ لـە گەشـتی
شارســـتانی یـــان دەشـــتی
مەســـیحی یـــان زەردەشـــتی
وا جـــوان و پـــاك رەوشـــتی

کەریم شارەزا لە (هێزی گەل) دەڵێت

هێـزی گـەل هێـزی خەبـات و راپەڕیـن
هەروەکـــو بورکانـــی گەرمـــی ئاگریـــن
کەوتـە گـڕ سـوتاندی گیانـی خوێنمـژی
بـۆ ئـەوەی میللـەت بەسەربەسـتی بـژی
مەشـخەڵی ئـازادی هەڵکـرد بـۆ جیهـان
بـۆ گـەلان رۆشـن بـێ تاکـوو رێـی ژیـان

سامی عەوداڵ دەڵێت:

قەلبـی مـن گـەر چەشـنی لالـە بێـت و نەوتـی تێبکـەن
ئاگـری دوژمـن بێتـە گیانـم ، وەک چـرا مـن پـێ بکـەن
....
لێـم گەڕێـن بـا مـن بسـووتێم ببمـە خـاك و خۆڵەمێـش
مـن نەسـووتێم تـۆ نەسـووتێی کـێ نەجاتـدا قـەوم و خوێش

مەجید ئاسنگەر گوتوویەتی

کـوردە ئـەو هەڵـەی مێـژوو داویـە پێـت

لـە دەسـتی نـەدەی لانەدەیـت لەرێـت

هەڵێکــەو ئەشــێ رووونەداتــەوە

مــەردە ئــەو گەڵــەی گــۆ ئەباتــەوە

هەروەها لە شیعرە هەرە بەناوبانگەکانی هەژار

١- کوردێکم ئەوێ چاپووك و پتەو سەفەرێ هەیە بۆم بکا بە شەو

نەیەڵێ تورك و عەجەم بزانن داگیرکەرانن لە کوردستانن

٢- بەدەربــەدەری یــان لــە ماڵــی خــۆم... ٣- تەلقیــن بــە کــوردی ٤- لــە خــەو راپــەڕن چیــی کرێکارە..تــاد

هەروەها هی مامۆستا هێمنی موکریانی

١- گەرچی تووشی رەنجەڕۆیی ٢- ناڵەی جودایی...هتد.

لەگەڵ دەیانی تر..

خاڵــە تایــەری (هونەرمەنــدی گــەل) مرۆڤێکــی بــێ فیــز و نوکتەبــاز و قســەخۆش و نەفــس بــەرز و دڵفــراوان بــوو.. نەتــەوە پەروەرێکــی جــەرگ ســۆز بــوو، تاکــو مردیــش وشــەی شــەرمەزاری لەنــاو گۆرانییەکانــی دەرنەکــەوت، هەمیشــە دۆســتی نزیکـی کوردپـەروەران و لایەنگرانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و نیشـتمانپەروەر و رۆشـنبیرانی پێشـکەوتووخواز بـووە و هاودەمـی دڵـداری شـاعیریش بـووە.

حوسـێنی حاجـی قـادر- ئـاری- لـە لاپـەڕە (٧٩)ی کتێبەکەیـدا (ژیـان و بەسـەرهات و هەنـدێ گۆرانـی هونەرمەنـدی نەمـر تایـەر تۆفیـق) نووسـیویەتی (تایـەر تۆفیقـی هونەرمەنــد خــاوەن هەســتێکی نیشــتمانیی و نەتەوەیــی بــەرز و چاونەتــرس بــوو، لـە مـاوەی دوورودرێـژی ژیانـی هونەریـدا کـە بەدەیـان گۆرانـی و سروود و مەقامـی گوتــووە، وشــەیەك لــە نــاو گۆرانییەکانیــدا دەرنەکەوتــووە کــە مایــەی شــەرمەزاریی ئـەو هونەرمەنـدە نەمـرە بێـت یـان پەڵەیـەك بێـت لەسـەر لاپـەڕەی ژیانـی (چونکـە

تایەر تۆفیق کوردایەتی بە هونەرەکەیەوە دەکرد). کە بەشداری لەهەر ئاهەنگ و بۆنەیەکدا کردبێ بە ئارەزووی خۆی گۆرانیی گوتووە و پرسی بەکەس نەکردووە..) لە سەرەتای ژیانی هونەریدا کە مەقامی شیرین بەهارەکەی گوت لە شیعری ئیبراهیم ئەحمەد- بلە- کە وشەکانی ئەم گۆرانییە مۆرکی کوردایەتی و ئاو و هەوای کوردستانی پێوەیە هەستی نیشتمانیی دەبزوێنێ و بووەتە مایەی دڵتەنگی رق و قینی داخ لە دڵان و دوژمنانی کورد و کوردستان.. زۆر جار پێش ئەوەی تایەر تۆفیق بچێتە سەر شانۆ و گۆرانی بڵێت هەندێ (کاربەدەست)ی سەردەمانی پێشوو ئاگاداریان کردۆتەوە کە (نابێت) مەقامی (شیرین بەهارە) بڵێت بەڵام ئەو زۆر سەربەرزانە چووەتە سەر شانۆ و بەوپەڕی خۆشی و رێکوپێکی (شیرین بەهارە)ەکەی چڕیوە و دڵی گوێگرانی پێ شاد کردووە.

لەلاپەڕە (١٩٥) ی هەمان سەرچاوەدا هاتووە کە (مامۆستا مەجید ئاسنگەریش بە دەنگمەوە هات و لە نامەیەکیدا بۆم باسی تایەر تۆفیق و نەفس بەرزییەکەی دەکات و چەند نموونەیەکی راستەقینەی لەم لایەنەوە نیشانداوە) و دەڵێت (کاك تایەری رەحمەتی بەراستی (هونەرمەندی گەل) بووە، ئەو کەڵە پیاوە تا ئەو رۆژەی گیانی پاکی سپارد، هەرگیز هەرچەندە زۆیش تەنگی پێ هەڵچنرا بوو، فشاری بێ سنووری خرابووە سەر و سەرباری نەبوونی و دەستکورتی لە رووی مادییەوە بە تەنیا وشەیەکش چییە بە شان و باهۆی هێز و سوپای عێراقی و حزبی بەعسی فەرمانڕەوا و قادسیە و تەنانەت بە سەرۆك کۆماریشی هەڵنەداوە.. قەتاوقەتیش بە سروود و گۆرانیی و هەڵوێستی جوامێرانەیەوە لەبەرەی میللەت دوور نەکەوتووەتەوە و سەنگەری شەرەفمەندانە و سەرفرازیی خەباتی رزگاریخوازیی راستەقینەی گەلی بەرنەداوەو هەمیشە بە کوردی و بۆ کورد و کوردستان ژیاوە.

هەزاران درود و سڵاو بۆ گیانە پاك و بەرزە فڕەکەی خاڵە تایەری نەتەوەپەروەر (هونەرمەندی گەل).

# لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کورد
# خەرمان بەرەکەت

هەفتەنامەی گوڵان ٢٠٠١/٩/١٣

مایەی شانازییە کە لەوەتەی یەکێتییەکەمان- یەکێتی نووسەرانی کورد- لە ساڵی ١٩٧٠وە دامەزراوە لقی هەولێریشی بەرەسمی هاتۆتە کایەوە. ئەم لقە سەرباری زۆرەها کۆسپ و ئاستەنگ و جۆرەها هەوڵی نەزۆکی ناحەزانی بۆ لەکارخستن و یان هیچ نەبێت لەڕێ لادانیدا. هەمیشە و بەردەوام لە جموجۆڵ دا بووە و خەریکی بەجێگەیاندنی ئەرك و فەرمانەکانی خۆی بووە بەمەبەستی بوژاندنەوە و بەرەوپێش بردنی کەلتوور و زمان و ئەدەبی کوردی و پەرەپێدان و گەشەپێکردنی باری رۆشنبیری لە کوردستاندا بەگشتی. ئەمە راستییەکی حاشاهەڵنەگرە و شایانی پێخۆشحاڵیبوون و رێزوستایشە. وەلێ راستییەکی لەوەش دڵخۆشکەر و ئومێد بەخشتر کە وەك رۆژ دەدرۆشێتەوە و

بە بەرچاوانەوەیە ئەمەیە کە (لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کورد) لە خولی ئەم چەند ساڵەی دواییەدا بەهۆی دڵسۆزی و چالاکیی بەردەوامی دەستەی کارگێڕیی ئێستایەوە گەیشتۆتە چڵەپۆپە و بەبێ دوو دڵی بۆی هەیە بە (قۆناخی زێڕین)ی لق دابنرێت!

شاراوە نییە لقەکەمان لەوەتەی ئەم دەستە کارگێڕییەی دەستبەکار بووە ئەوەندە کاری باش و چالاکیی بەپێز و جموجۆڵی بەسوودی جۆربەجۆری نەپساوەیان ئەنجامداوە، ئەوەندە هەوڵی بێوچانیان بۆ پاراستنی یەکێتی ریزکانی نووسەر و رۆشنبیران داوە، هەندەی بەتەنگ ئاشتەوایی و تەبایی و هاوکاری و پتەوی گیانی برایەتی و لێکنەترازان و لەیەکدی دانەبڕانی نووسەران و لە رەگوریشەوە دەرهێنانی دووبەرەکیی و ململانێی بێ هوودە و بێ هۆی نێو کۆمەڵگەی کوردەواری بوونە کە مایەی پێزانین و سەروەرییە بۆ هەموو قەڵەم بەدەستێکی دڵسۆزی کورد. بەڵگەی روون و ئاشکرای ئەمەیش ئەو هەموو کۆڕ و سیمینار و فیستیڤاڵە بەپێزانەن کە ژمارەیان لە سەدی تێپەڕاندووە کە تیایاندا بەشی هەرە زۆری نووسەران (ئەدیبان) و زانایان و رۆشنفکران ئامادە و بەشداربوونە، لە زۆربەشیاندا نوێنەرانی لقەکانی دەڤەرەکانی سلێمانی و کەرکوک و دهۆك و تەنانەت نووسەرانی نیشتەجێی بەغدا و شارەکانی تری ژێردەسەڵاتی ناوەندیی و بگرە لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش بە جیاوازیی تەمەن و بیروباوەڕی سیاسی و دید و بۆچوونی کۆمەڵایەتییانەوە بانگهێشت کراون و چالاکانە و بەئەوپەڕی سەربەستییەوە راوبۆچوونەکانیان دەربڕدراون و وەرگیراون. هەروەها بەپێی توانست یارمەتی نووسەرانی داوە بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان لەگۆڤارەکەیدا (نووسەری نوێ) یان بە ئامادەکردنیان بۆ چاپکردن. هەروەها لە رووی مادیشەوە تا ئەو جێیەی بۆی لواوە درێغی و کەمتەرخەمیی نیشان نەداوە. ئەوەی مایەی نیگەرانیشە ئەمەیە کە بۆ زۆربەی کۆڕ و سیمینارەکانی لەبەر نەشیاویی و

بەرتەسکی شوێنی ئێستایدا و بەهۆی نەبوونی بارەگایەکی ڕێك و گونجاو، لقی هەولێر بە ناچاری پەنای بردۆتە بەر (کۆشکی نازە) و هوتێلی هەورامان یان چوارچرا، یاخود هۆڵەکانی میدیا و ڕۆشنبیریی و پارەیەکی زۆریشی تیایاندا بەخەرجداوە!

لێرەدا بە پێویستی دەزانین بیخەینە بەرگوێ و دیدەی کاربەدەستانی بەڕێزی خۆمانەوە کە بەچاوێکی زێدە پڕ لە بایەخەوە لەم دەزگا گرنگە بڕوانن و دەستی یارمەتی و هاریکاری زێتری بۆ درێژ بکەن، شوێنێکی شایستە و گونجاوی بۆدەستەبەر بکەن کە هەموو کەلوپەل و پێداویستییەکی وەکو کۆمپیوتەر و دەزگای چاپ و مێز و کورسی و قەنەفەی تیادا فەراهەم بێت و سالانەیش بودجەیەکی وای بۆ تەرخان بکرێت کە بتوانێ بەسەرکەوتوویی ئەرکە پیرۆزەکانی خۆی (بۆ خزمەتی کورد و کوردستان) پێوە ڕاپەڕێنێت! ئەم داخوازییەش بۆ لێپرسراوە دڵسۆزەکانی خۆمان شتێکی ناوازە و ناڕەوا نییە و بە دەنگەوە هاتنیشیان کە هیچ گومانێکی تێدا نییە و بەدوور نازانرێت، مایەی سەربەرزی و پێزانین و سوپاسی هەموو نووسەرێکی خاوەن وشەی ڕەسەن و ئازادی کوردستانییە! چاوەڕوانین.

# ڕێزلێنان لە ڕۆشنبیران
# ڕێزلێنانە لە کولتووری کورد

هەولێر: نیسانی ٢٠٠٢

کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو کاك مەسعود محەمەد خەم و ناسۆرێکی هەرە گەورە و دڵتەزێن بوو، چونکە لە ڕاستیدا ئەوە مردنی مرۆڤێکی ئاسایی نەبوو، لەگەڵ ڕێزم بۆ هەر مرۆڤێك! مامۆستای کۆچکردوو مەسعود محەمەد کەسایەتییەکی ئێجگار تایبەت و دەگمەن بوو لەنێو کوردان هەڵکەوتبوو.

زانا و بلیمەت، ڕۆشنفکرێکی مەزن، وردبین و بیرقووڵ، خواناس و بڕوادار، زانستپەروەر، بیروباوەڕێکی بە جورئەت، قسە لەڕوو، جەواب بەدەست، سوارچاکی مەیدانی نووسین و تۆژینەوە، شارەزا و دەستڕۆیشتوو لە ئەدەب و بنچینە و گرامێری زمانی کۆن و تازەی کوردی، پەهلەوی و عارەبیدا، باڵادەست لە دەروونناسی، کۆمەڵناسیی و فەلسەفە و لاهووتدا، مێژووزان و

نووسـەرێکی بەبڕشـت، قەڵەمتیـژ و زمانپـاراو بـە کـوردی و بـە عەرەبـی، خـودان هەڵوێسـت و جیهانبینییەکـی تایبەتـی خـۆی بـوو، پیاوێکـی بەڕێـز، رووخـۆش و نوکتـەزان، شاهسـواری مەیدانـی گفتوگـۆ و دوانـدن و، شـاگوڵی کـۆڕ و مەجلیـس و دیوانــان بــوو.

بـە ئاسـتی زانیـاری زۆر و هەمـە چەشـنە و تێفکرینـی وردو نووسـینەکانییەوە، هاوشـانی کەڵـە نووسـەرانی وەکـو (تاغـوور، تاهـا حوسـێن، سـەلامە مووسـا، د.عەلـی ئەلـوەردی، عەبـاس ئەلعەقـاد، عەبدولقـادری مازەنـی، د.مسـتەفا جـەواد، تەوفیـق ئەلحەکیـم و تەوفیـق وەهبـی و کەسـانی تـری لـەم جۆرانەبـوو، وەنەبـێ هـەر تەنیـا لـە سـەر ئاسـتی کوردسـتان بگـرە لـە عێراقیـش و سـەرجەم وڵاتانـی دەوروبەریشــدا نــاسراو بــوو.

لــە تــەك هەمــوو ئــەو خەسڵەتانەشــدا، ئــەو زاتــە کەسـایەتییەکی بەهێــز و هـەرە تایبـەت و بـە سـەلیقەی هەبـوو، دڵفـڕەوان، سـەر راسـت و خـاوەن لۆژیـك، شـیعر و هونەردۆسـت، یەکجـار بـاڵا دەسـت و شـارەزا و لێـزان لـە حەزرەتـی نالـی و حاجـی قـادری کۆیـی بەتایبەتـی، بەرهەمـە هەمـە جـۆرەکان و وتـارەکان، لێکۆڵینـەوەکان و کتێبەکانـی (گەشـتی ژیانـم)ی گەواهـی (شـایەدی) ئـەم قسـانەن. تەنانــەت لەمامەڵەکردنیشــی لەگــەڵ سیاســەتدا بۆچــوون و شــێواز و هەڵوێســتی تایبــەت بەخۆیــەوەی هەبــوو!

جــا بەنــدە بــەم چەنــد پەیڤــە کــرچ و کاڵانــەی ئــا لێــرەدا ریــزم کــردوون نەمویســتووە بەشــان و باڵــی خوالێخۆشــبودا هەڵبــدەم و مەدحــی بکــەم، چونکــە ئەمــە بــۆ یەکێکــی وەکــو مــن کارێکــی ئەوەنــدە ســانا نییــە و هەرچییەکــی بیڵێــم لەبارەیــەوە هێشــتا هەرکەمــە و قەتــرە بــە دەریایەکــە! بەڵکــو دەمــەوێ بــاس لــە پشــکێکی گەورەیــی و شــکۆمەندیی و مەزنایەتــی و قەدرزانیــی ســەرۆکی هێــژا کاك مەســعود بارزانــی بەتایبەتــی و ســەرکردایەتی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان بــە گشــتی بکــەم بــۆ ئــەم رێزلێنــان و قەدرزانییەیــان بــۆ مەســعود محەمــەدی

روناكبیـر، چ لەكاتـی ژیانیـدا و زێتریـش دوای كۆچكردنییـەوە كـە شـایانی سـتایش و پێزانینـە و دەكـرێ لەمـەودوا پتریشـی بـۆ بكرێـت.

جـا هەڵوێسـت و رەفتـارە پـڕ بەهاكـەی بەرپرسـان لـەم بۆنـە خەمناكـەدا مایـەی شـانازیی پێوەكـردن و سـەربەرزییە، ئـەوە بـوو رێـزدار دكتـۆر رۆژ نـووری شـاوەیس سـەرۆكی ئەنجوومەنـی نیشـتمانیی كوردسـتان رۆژی ٢٠٠٢/٤/١ چەنـد سـەعاتێك بـەر لـە گیـان سـپاردنی خوالێخۆشـبوو لـە نەخۆشـخانەی رزگاریـدا بـە پەرۆشـەوە سـەردانی كردبـوو، رۆژی دواتریـش سـەر لـە زوو نوێنەرانـی سـەرۆك مەسـعود بارزانـی رێـزدار سـیداد بارزانـی و موحسـین دزەیـی، مامۆسـتا عەلـی عەبدولـلا (جێگـری سـەرۆك) و رێـزداران جەوهـەر نامیـق سـالم (سـكرتێر) و ئەندامانـی مەكتەبـی سیاسـیی پارتـی رێـزدار دكتـۆر رۆژ نـووری شـاوەیس (سـەرۆكی پەرلەمـان) و زەعیـم عەلـی (بەرپرسـی لقـی ٢) و بەڕێـزان عەلـی بەگـی جـاف و ئیسـماعیل مـەلا عەزیـز لـە لێژنـەی چاودێـری و پشـكنینی سـەر بـە كۆمیتـەی ناوەندیـی حـزب و چەنـدان بەڕێـزی دیكـەی حزبـی و فەرماندەیـی و پەرلەمانتـار و حكومـی لـە ماڵەكـەی رەحمەتیـدا چاوەڕێـی ئامادەكردنـی جەنازەكـەی بـوون و كاتژمێـر ٩ی بەیانـی لـە كەژاوەیەكـی فـرەوان و شایسـتەدا هەتـا خاڵـی (پیـرەر) بـە یـاوەری خـزم و كـەس و ژمارەیەكـی زۆری رۆشـنبیر و نووسـەران و دۆسـتانی بـە وەفایـدا تەرمـی پیـرۆزی خوالێخۆشـبوویان بەرێكـرد و لەوێشـەوە بـە ڕێورەسـمێكی شایسـتەوە بـە لێپـرسراوان و كۆمەڵـێ پێشـوازیكارانی شـاری كۆیـەی كۆسـتكەوتوویان ئەسـپارد تاكـو بیبـەن بـە تەنیشـت گـۆڕی پـڕ لـە نـووری باوكییـەوە (مـەلا محەمـەدی- مـەلای گـەورەی كۆیـە) و مـەلا عەبدولـلای باپیـری (دۆسـت و هـاودەم و یـاوەری حاجـی قـادری كۆیـی) و حاجـی مـەلا ئەسـعەدی باپیـرە گـەورەی لـە قەبرسـتانی جەلیزادانـدا لـە گۆڕسـتانی دەروێـش خـدر بەخاكـی پـڕ میهـری كوردسـتانی بسـپێرن، ئەمـە لەلایـەك.

لەلایەكـی دیكـەوە ئامادەبوونـی جەنابـی هێـژا سـەرۆك مەسـعود بارزانـی

و ڕێــزداران جێگــری ســەرۆك و ســکرتێر و ئەندامانــی مەکتەبــی سیاســی پارتیــی و ســەرۆکی ئەنجوومەنــی نیشــتمانیی و جێگــری ســەرۆکی حکومــەت و وەزیــر و پەرلەمانتــاران و زانایانــی ئایینــی و بەرپــرس و نوێنەرانــی ســەرجەم حــزب و لایەنــە سیاســییەکان و مامۆســتایانی زانکــۆ و قوتابخانــە و نووســەران و ڕۆشــنبیران و فەرمانبەرانــی هەولێــری پایتەخــت و میوانانــی شــارەکانی تــری کوردســتان و بەغــدا و دەرەوەی هەرێــم، لەهــەر ســێ ڕۆژەکانــی پرســەکەیدا لــە مزگەوتــی (ڕەشــاد موفتــی) نیشــانەی بایــەخ پێــدان و بەتەنگــەوە هاتنــی پارتیــی و ســەرۆکە دڵســۆزەکەی و هاونیشــتمانیانی کوردســتانە بــۆ زانــا و ناودارانــی گەلەکەمانــەوە، ئەمەیــش مایــەی دەستخۆشــی لێکــردن و سوپاســگوزاریی بــێ پایــان و پێزانینــی هەمــوو لایەکــە و، لــە هەمانکاتیشــدا شــەرەف پێدانێکــە بــە شــارە بــە ئەمەگەکــەی کۆیــە، شــارەکەی حاجــی قــادر، کــە شــانازیی پێــوە دەکەیــن و نــرخ نانێکــە لــە بنەماڵــەی زانســتپەروەری جەلیــزادە کــە حاجــی قــادر لــە بارەیانــەوە بەهــەق فەرموویەتــی:

«بە غەیری جەددەی ئێوە کێهە زانا

لە کوردستان بناغەی عیلمی دانا؟»

لێــرەوە وەك کوردێــك و بەنــاوی شــارە خۆراگرەکــەی کۆیــەوە شــاری حاجــی قــادر و حاجــی بەکراغــای قاســید و ئەمیــن ئاغــای ئەختــەر و حەمائاغــای غەفــووری و عەونــی و دڵــدار و...هتــد شــاری دێرینــی پــڕ لــە ســەروەریی، مەڵبەنــدی لەمێژینــەی زانســت و زانیــاری و ئــەدەب، مەکــۆی شــێرە کوڕانــی پێشــمەرگەی قارەمــان و گیانبازانــی ڕێــگای ســەخت و پیــرۆزی خەبــات و کوردایەتــی، بەوپــەڕی نەوازشــەوە دەستخۆشــانەیان لێدەکــەم و سوپاســگوزاری گەرمــی خۆمانیــان پێشــکەش دەکــەم، کــە شــایانی شــانازی و خۆشەویســتی هەمــوو کوردێکــی دڵســۆزن.

یاخــوا هــەر خــۆش بــن، گــۆڕی کۆچکــردووش (مەســعود محەمــەد) پــڕ لــە نــوور بێــت و یــادی بەخێــر.

# یادێکی پڕ شکۆ و ئاوڕێکی بە پەلە

هەولێر: ٢٠٠٣/١/٢٥

پێوەندیی و تێکەڵاوی هەردوو گەلی کورد و عەرەب (کەڵە شاعیری خەباتگێڕ و نیشتمانپەروەری کورد فایەق بێکەس گوتەنی: دۆستی کورد و عەرەب زۆر کۆنە تاریخ شاهیدە ناحەزی رووڕەش لەداخا با یەخەی خۆی دادڕێ) هەر لە دێرزەمانەوە دروستبووە و هەتا هاتووە پەرەی سەندووە و لەسەر بنەمای هاوئایینی و دۆستایەتی و بەرژەوەندیی هاوبەش و کاریگەریی فرەلایەنی دوو قۆڵییەوە رەگی داکوتاوە و پەلوپۆی هاویشتووە، بەتایبەتی لەپاش پێکەوەنانی قەوارەی نوێی عێراق وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ، دوابەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە ئەو پێوەندییە لە گۆڕەپانەکانی خەبات و تێکۆشاندا و بە ئاوێتە بوونی خوێنی رۆڵەکانی هەردوو نەتەوە

زێتر چەسپاوە و لە لاپەڕە پڕشنگدارەکانی مێژووی هاوچەرخی ئەم وڵاتەدا تۆمار بووە و درەوشاوەتەوە.

مەیدانە پڕ لە سەروەرییەکانی شۆڕشی گەلانی عێراق لە بیستەکان و سییەکانی سەدەی رابردوودا لە رووی داگیرکەران و ئیمپریالیزم و دژ بە سەپاندنی پەیماننامەی ساڵی ١٩٣٠ و سەرجەم نەبەردییەکانی دیکە گەواهی ئاشکرا و حاشاهەڵنەگری ئەم راستییانەن، ئەو پشکدارییە راستەوخۆیەی جەماوەری گیانفیدا و گڕگرتووی نەتەوەی کورد پتر لە راپەڕینە سەرتاسەرییەکەی عێراقدا بەرجەستە دەبێت کە بە پێچەوانەی خواست و مەرامەکانی کاربەدەستانی ئەو سەردەمەی وڵات و ئاغاکانیانەوە بۆ تازە کردنەوە و درێژکردنەوەی ماوەی پەیماننامەکەی ساڵی ١٩٣٠ نێوان حکومەتی عێراق و بەریتانیا بە توندی لەمانگی کانونی دوەمی ساڵی ١٩٤٨ بەرپا بو لە پێناو گۆڕانی هەوڵە نەزۆکەکانی نوێنەرانی حکومەتی شاهانەی بەریتانیا و دەستە و دایەرە و نۆکەرەکانی سەربەخۆیانەوە ئەوە بوو سەرەنجام (پەیماننامەی پۆرتسمۆس) سەری نەگرت و حکومەتەکەی بەغداش رووخێنرا و راپەڕینە مەزنەکەش بەناوی راپەڕینی کانوونی ١٩٤٨ چووە نێو لاپەڕە زێڕینەکانی مێژووی سەردەمی عێراقییەکانەوە.

لەو بزووتنەوە جەماوەرییە بەتەوژمەدا خەڵکی عێراق بە کورد و عەرەب و نەتەوەکانی دیکەوە لە سەرتاسەری عێراقدا، تیایدا بەشداربوون، خواست و ویستی گەل بەسەر مەرامە چەپەڵەکانی کاربەدەستاندا زاڵ بوو، ئەمە بوو سەرەتا لە بەغدای پایتەخت قوتابیان مانیان گرت، دواتر بزاڤەکە زێتر تەقییەوە و بۆ زۆربەی شار و ناوچەکانی دیکەی عێراق پەڕییەوە و جگە لە توێژی قوتابی، کرێکاران و چینەکانی تری نێو کۆمەڵ هاتنە ریزی راپەڕیوانەوە و مانگرتن و خۆنیشاندان سەرتاپای وڵاتی گرتەوە، رۆژەکانی ١٩ و ٢٠ی ئەو مانگە گڵپە و بڵێسەی بەرهەڵستی و بەرەنگاربوونەوەی خەڵك زێتر بەرزبووە

و تـا دەهـات ڕەوشـەکە زیاتـر دە ئاڵـۆزکا و پشـێوی و نائارامیـی لـە زۆربـەی ناوچەکانـدا (بـە کوردستانیشـەوە) تەشـەنەیانکرد و بوونـە مایـەی زیاتـر مەترسـی وشـڵەژانی پیاوانـی ڕژێـم. حکومەتـە داتاشراوەکـەی (سـاڵح جەبـر) هەوڵـی ئەوەیـدا بەهێـز و داپڵۆسـێن بڵێسـەی ئاگـری ئـەو بزاڤـە میللییـە بکوژێنێتـەوە و دەنگـی زوڵاڵـی گـەل کـپ بـکات، وەلـێ ئـەوەی بـۆ نەچـووە سـەر. هێـزی ڕاپەڕیـوی گـەل بەسەرپەرشـتی و بەشـداریکردنی حزبـی شـیوعی عێراقـی و حزبـی نیشـتمانیی دیموکراتـی (بەسـەرۆکایەتی کامیـل چادرچـی) و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و سـەرجەم نیقابـە و یەکێتـی و ڕێکخراوەکانـی کرێـکاران و قوتابیـان و توێژەکانـی دیکـەوە، تـا دەهـات توندتـر و گەرمـتر ڕووبـەڕووی کاربەدەسـتان دەبوونـەوە و بارەکـە گرژتـر و ترسـناکتر دەبـوو.

سـەرەنجام دار و دەسـتە و چڵکاوخۆرانـی میـری زێـتر پەنایـان بـردە بـەر بەکارهێنانـی هێـز و بـە گوللـە و دەسـتڕێژ پەلامـاری خۆنیشـاندەرانیاندا. تـا وای لێهـات شـەڕ و پێکـدادان ڕۆژی ٢٧ی مانـگ گەیشـتە ترۆپـك. کاتێـك حەشـاماتی خۆنیشـاندەران لەسـەر ئـەو پـردەی کـە لـەو ڕۆژەوە بـە (پـردی شـەهیدان- جسر الشـهداء) نـاوزەد کـرا درانـە بـەر ڕێژنـەی گوللـەوە و چەنـدان خەباتـکاری سـەربەزر تیایـدا شـەهید بـوون و دەیانـی تریـش برینـدار و زۆرانیشـیان دەسـتگیرکران.

لەنێـوان شـەهیدە نەمـرەکان قوتابـی (قەیـس ئەلئالووسـی) و (جەعفـەر ئەلجەواهیـری) ی بـرای شـاعیری گـەورەی عـەرەب (محمـد مهـدی الجواهـری) هەبـوون کـە پێموایـە ئەوسـا خوێنـدکاری کۆلیجـی حقـوق بـوو، هـەر بـەم بۆنەوەیـەش (جەواهیـری) چامـە بەناوبانگەکانـی:

١- الشهید قیس

٢- قف بأجداث الضحایا

٣- اخی جعفر (ئەمە سەرەتاکەیەتی):

أتعلم أم أنت لاتعلم        بأن جراح الضحایا فم

٤- یوم الشهید (ئەمە سەرەتاکەیەتی):

یومَ الشَهید : تحیةٌ وسلامُ　　　بك والنضالِ تؤرَّخُ الأعوام

٥- دم الشهید (ئەمە سەرەتاکەیەتی):

خُذوا من یَومکم لغدٍ متاعا　　　وسیروا في جهادِکمُ جِماعا

نووسیو لە نێو ئەدەبیاتی سیاسی و شۆڕشگێڕیدا دەنگیاندایەوە.

لەو ماوەیەشدا حکومەت هەموو قوتابخانە و کۆلیژەکانی داخستبوو، باری نائاسایی و (الاحکام العرفیة) ی ڕاگەیاندبوو، کەچی بەهۆی یەکڕیزی و خۆفیداکاریی ڕۆڵەکانی گەلەوە و بە گەیشتنی کار بەو ئاستە هەرە سامناك و مەترسیدارەوە، حکومەت ناچار کرا دەست لەکارکێشانەوەی خۆی ڕابگەیێنێت و گفتوگۆی سەبارەت بە نوێکردنەوەی پەیماننامەکە بوەستێندرێت و پرۆژەکەی هەڵبووەشێتەوە و بۆ هێورکردنەوەی ڕەوشەکە و دامرکاندنەوەی رقی ئەستوور و گڵپە و گڕی هەڵچووی جەماوەری ڕاپەڕیو، حکومەتێکی کاتیی بە سەرۆکایەتی (شێخ محەمەد ئەلسەدر) دامەزرێندرا و بە رووکەش هەندێ چاکسازی ئەنجام دران.

ئەوە لاپەڕەیەکی بچووکی ئەو ڕاپەڕینە مەزنەی (کانوونی ١٩٤٨) گەلانی عێراقە کە بە خوێنی گەشی ڕۆڵە خەباتکار و قارەمانەکانی کورد و عەرەب نەخشێنراوە و چۆتە تۆماری مێژووی پڕ لەسەروەرییەوە!

شکۆدار بێت یادی ڕاپەڕین

سەربەرزی بۆ شەهیدانی ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی گەل

# دڵدار و سیاسەت

هەولێر: ئەم نووسینە لە هۆڵی میدیای شاری هەولێر لە ٢٠٠٤/١١/٢٢ لە یادی دڵداردا خوێندراوەتەوە

ئـەی رەقیـب هـەر مـاوە قەومـی کـورد زمـان
نایشـکێنێ دانەیـی تۆپـی زەمـان
کـەس نەڵـێ کـورد مـردووە، کـورد زینـدووە
زینـدووە قـەت نانـەوێ ئاڵاکەمـان

«دڵدار»

خاوەنـی ئـەم شـیعرە نەمـرە، ئـەم سرووده نیشـتمانییە پـڕ لـە جـۆش و خرۆشـە ئاگرینییـە و چەنـدان چامـە و هۆنـراوەی کۆمەڵایەتـی و نیشـتمانیی بـە پێـزی دیکـە، بـێ هیـچ دوو دڵییـەك ئـەوە دەگەیەنـێ کـە (دڵـدار) شـاعیرێکی نیشـتمانپەروەر و سیاسـەتکارێکی کارامـە و خەباتگێڕێکـی خـاوەن بـڕوا و بـە هەڵوێسـت بـووە.

دڵـدار یونسـی کـوڕی مـەلا رەئوفـی کـوڕی مەحمـووده فەنـدی کـوڕی مـەلا سـەعد لـە بنەماڵـەی خادیـم سـوجادەیە. دایکیشـی (زەهـوەی کچـی خورشـید ئەفەنـدی عەلەمزادەیـە) رۆژی ٢٠ی مانگـی شـوباتی سـاڵی ١٩١٨ لـە گەڕەکـی بەفریقەنـدی شـاری کۆیـەدا هاتۆتـە دنیـاوە و هـەر بـە گەنجیـی لەتەمەنـی ٣٠ سـاڵیدا شـەوی ١١ لەسـەر ١٢ی مانگـی تەشرینـی دووەم سـاڵی ١٩٤٨ لـە هەولێـر کۆچـی دوایـی کـردووە.

دڵـدار قۆناخەکانـی خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەنـدی و ئامادەیـی لەشـارەکانی کۆیـە، رانیـە، هەولێـر و کەرکـوك تـەواو کـردووە بـۆ خوێندنـی زانکۆیشـی روویکردۆتـە بەغـدا و لـەوێ لـە کۆلیـژی (مـاف- حقـوق) وەرگیـراوە و سـاڵی ١٩٤٥ بڕوانامـەی بەکالۆریۆسـی لـە (یاسـا)دا وەرگرتـووە و بۆتـە پارێـزەر و یاساناسـێکی رووناکبیـر و نیشـتمانپەروەر و مـاوەی سـێ سـاڵان هەتـا کۆچـی دوایـی نـاوادەی بەوپـەڕی لەخۆبوردویـی و دڵسـۆزانە، بـە بیروباوەڕێکـی پتـەوەوە داکۆکـی لـە زەحمەتکێـش و بێدەرەتانانـی گەلەکـەی، بەتایبەتـی رەنجبـەر و جووتیـار و چینـی چەوسـاوەکانی لادێ و شـاری کـردووە و لـە دادگاکانـدا بەبـێ تـرس و دڵەڕاوکـێ بـە جورئەتـەوە رووبـەڕووی هەنـدێ ئاغـا و موڵکـدارەکان وەسـتاوەتەوە و هەوڵیـداوە مافـی بەشـخوراوان بـۆ خـاوەن مافـەکان بگێڕێتـەوە و زۆران جارانیـش بـێ بەرامبـەر (واتـە هـەر بـە خۆڕایـی) داوای ئـەو بەشـمەینەتانەی بینیـوە کـە لـە بـەر هـەژاری و نەزانـی و توانـای ئەوەیـان نەبـووە پـارەی (واتـا کرێـی) پارێـزەری بـدەن. دڵـدار کـە لـە شـاری حاجـی قـادر و ئەختـەر و مـەلای گـەورە و عەونـی و عاسـی و حسـێنی چـاوی ژیانـی بـە دیمەنـە دڵڕفێنەکانـی کوردسـتان هەڵێنـاوە و تێکەڵیشـی لەگـەڵ عەونـی و دڵـزار و وردی و دەلاوەر و دەسـتەیەك لـە رۆشـنبیر و ئەدیـب و هونەردۆسـتانی شـارەکەدا هەبـووە و لەنزیکـەوە هـاودەم و هاوژینیـان بـووە، هـەر لـەزووەوە خولیـای شـیعر و ئەدەبیاتـی کـوردی و رۆشـنبیریی پێشـکەوتنخواز لـە کەللـەی داوە و کـورد واتەنـی (فرچکـی پێیانـەوە گـووراوە) لـە لایەکـی دیکـەوە

بـاری سـەخت و ئاڵـۆزکاوی ژیانـی ئـەو رۆژگارە، واتـە سـاڵانی نێـوان هـەردوو جەنگـە جیهانییـەکان، بەتایبەتـی مـاوەی جەنگـی جیهانـی دووەم و شکسـتهێنانی بـەرەی (نـازی و فاشـی) واتـە دەوڵەتانـی میحـوەر و سـەرکەوتنی ئـۆردوی بەنـاو (دیموکراسـی و بـەرەی گـەلان) و پەرەسـەندن و بڵاوبوونـەوەی بیروبـاوەڕی پێشـکەتنخواز و سـەرەتاکانی ئـازادی و سـەربەخۆیی مافەکانـی مـرۆڤ بەگشـتی و هاتنەکایـەی بیـری نەتەوەیـی و گەشەسـەندنی تیۆرییەکانـی مارکسـییەت و پتەوبوونـی خەباتـی کرێکاریـی و بزاڤـی رزگاریخـوازی و ئاشـتی لـە جیهانـدا و دروسـتبوونی چەنـدان دەوڵەتـی نەتەوەیـی سـەربەخۆ دوای دەرچوونیـان لـە ژێـر نیـری ئیمپریالیـزم و چەوسـاندنەوەدا، هەروەهـا بڵاوبوونـەوەی دروشـمگەلی چـەپ و چەپخـوازی بـە زۆربـەی زۆری وڵاتانـدا و دامەزراندنـی حـزب و کۆمەڵـەی شۆڕشـگێڕ و پەرەئەسـتاندنی سـەرەتاکانی یەکسـانیی و دادپەوەریـی، ئـەو رەوشـە بەگشـتی کاریگەریـی دیـار و ئاشـکرایان بەسـەر مێشـك و هـزری لاوان و خەمخۆرانـی هەسـتیار و هۆشـیار بـووەوەی کـورددا لەوانەیـش دڵـداری هەسـت ناسـك و بیـر قـووڵ هەبـووە. هەربۆیـە دڵـدار وەك سـەرجەم هەڤـاڵ و هاوڕێکانـی و بگـرە لـەوان زیاتریـش هـەر زوو ئاوێتـەی بیروبـاوەڕ و کـرداری سیاسـیی بـووە و کەوتۆتـە جموجۆڵـی چڕوپـڕی تێکۆشـان- چ لەپێنـاوی گەلـی کـوردی چەوسـاوە و دابەشـکراوی خۆیـدا و چ لـە پێنـاوی تێکـڕای گەلانـی عێراقـدا کـە ئـەودەم لـە ژێـر قورسـایی بـاری ئیمپریالیزمـی بەریتانیـادا بـە کـۆت و زنجیـری پەیمانـی شـوومی سـاڵی ١٩٣٠ و بڕگـە تووندەکانییـەوە دەیناڵانـد و لـە هەمـوو سـەرووەرییەك بێبـەش کرابـوو.

دڵـداری شـاعیر جـارێ هـەر لـە قۆناخـی خوێندنـی ئامادەییـدا سـاڵی ١٩٤٠ لـە کەرکـوك سروودی (ئـەی رەقیـب)ی دانـاوە، پێـش ئـەوەش سـاڵی ١٩٣٧ وەك کەریـم شـارەزا لەرۆژنامـەی خەبـات ژمـارە (١٦١٨)ی رۆژی ٢٠٠٤/١١/١١دا نووسـیویەتی، لەگـەڵ دەسـتەیەك لـە قوتابـی و لاوانـی هەولێـر، کەرکـووك، سـلێمانی، کفـری،

خانەقیــن و کۆیــە وەك موکــەڕەم تاڵەبانــی و خوالێخۆشــبووان مســتەفا عوزێــری، مســتەفا نەریــمان و نــووری شــاوەیس، رێکخراوێکــی سیاســیی بەنــاوی (کۆمەڵــەی دارکــەر) دادەمەزرێنــن و پــاش دوو ســاڵان تێدەگــەن کــە چالاکییەکانــی (کۆمەڵــە) کــە تارادەیــەك ســنووردارە و توانــای ئــەوەی نییــە ئــەو ئامانجانــە بپێکێــت کــە لــە پێناویــدا خەبــات دەکــەن و بــەو شــێوەیە نییــە زۆربــەی چیــن و توێژەکانــی کــورد لــە خۆبگرێــت و هەمــوو لایەکــی کوردســتان بگرێتــەوە، لەبــەر ئــەوە پێوەندیــی بــە کەســایەتی کوردپــەروەری نــاسراو و لێهاتــووی ئــەو ســەردەمە (خوالێخۆشــبوو رەفیــق حیلمی)یــەوە دەکــەن و حزبێکــی نەتەوەیــی دادەمەزرێنــن بەنــاوی (حزبــی هیــوا)وە و رەفیــق حیلمــی کــە خاوەنــی ئەزمــوون و قاڵبــووی بۆتــەی خەبــات و رێکخســتنی نێــو بزووتنەوەکانــی مەلیکــی کوردســتان- شــێخی نەمــر، شــێخ مەحمــوودی حەفیــد بــووە، بــە ســەرۆکی حــزب هەڵیدەبژێــرن و دڵداریــش دەبێتــە ســکرتێری حزبەکــە و لەوســاتەوە هەتــا دێــت زێــتر پــەرە بــە چالاکییەکانیــان دەدەن و ژمارەیەکــی زۆریــش لــە سیاســەتوان و رۆشــنبیر و نووســەر و ئەدیــب و مامۆســتا و قوتابــی و تەنانــەت ئەفســەر و ســەرباز و کاســبکاران و ســەرجەم توێژەکانــی کۆمەڵگــەی کــوردەواری پێوەندیــی بە(هیــوا)وە دەبەســتن و لەنێــو ریزەکانیــدا درێــژە بــە خەبــات دەدەن. دڵــدار لــە دوای تەواوکردنــی خوێندنــی یاســا لــە کۆلیــژی (حقــوق) لــە بەغــدا ســاڵی ١٩٤٥ دەبێتــە پارێزەرێکــی ســەرکەوتوو، بــۆ مــاوەی ســێ ســاڵان بەوپــەڕی دڵســۆزی و لێهاتوییــەوە پشــتی هــەژار و بێدەرەتــان و چەوســێنراوانی رەنجخــوراوی کــورد، بەتایبەتــی جووتیــار و دێنیشــنیان دەگرێــت و، وەك لــە پێشــەوە ئاماژەمــان پێــداوە، هــەر بــە خۆڕایــی و بگــرە زۆران جــار لەســەر حیســابی خۆشــی لــە دادگــەدا داکۆکییــان لێــدەکات و رووبــەڕووی مافخۆرەکانیــان دەوەســتێت. جارەهایــش لــەو کارانەیــدا دووچــاری هەڕەشــە و چــاو لێســوورکردنەوە و سەریەشــە دەبێــت. بەبــێ ئــەوەی بەقــەد تۆزقاڵێــك گوێیــان پێبــدات یــان ســڵیان لێبکاتــەوە.. بــە نەمانــی حزبــی هیــواو دامەزراندنــی پارتــی دیموکراتــی کــورد

ساڵی ١٩٤٦ بە سەرۆکایەتی (بارزانی نەمر) و پەلهاویشتنی حزبی شیوعی عێراقی لە ژێر پەردەی (حزبی تەحەرور) و بڵاوبوونەوەی لە کوردستاندا، دڵداری سیاسەتوان زیاتر بەلای چەپدا گیرسایەوە و لە چالاکییەکانی ئەو حزبەدا بەتایبەتی لە شاری کۆیە و ناوچەکەیدا، وەك مامۆستا دڵزار دەڵێت: ڕۆڵی سەرەکی و زۆر گرنگ و بەرچاوی گێڕاوە. وەك عبدالخالق عەلائەدینیش لەکتێبی (دڵداری شاعیری شۆڕشگێڕی کورد) لە لاپەڕە (٨٨)دا دەڵێت پێش کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی بە ساڵێك واتە(١٩٤٤)دا (هیوا) لەبەر هەندێ هۆی سیاسی تێکچوو... ساڵی ١٩٤٥ بە تەواوی نەما، دڵدار ڕێبازێکی تری سیاسیی گرتەبەر و ساڵی ١٩٤٦ چووە ناو حزبی (تەحەڕور) و بوو بە ئەندامێکی کارامە و دیار و کۆڵنەدەر.. بەراستی ڕەوشت و کار و کردەوەی ڕۆژانەی دڵدار لەگەڵ جەماوەردا جێی شانازی هەموو کوردێکی خاوەن بڕوابوو.. هەرگیز بەچاوی تەسکی حزبایەتی سەیری خەڵکی نەکردووە. ئەستێرەیەکی گەش بوو لەناو بەرەی نیشتمانیدا، زۆرجار دانراوە بە سەرۆکی لیژنەی سەرپەرشتیکردنی ئاهەنگەکانی جەژنی نەورۆز و بە زۆری وتاری دەستپێکێش هی ئەو بووە..) منیش خۆم لە یادمە ساڵی ١٩٤٨ قوتابی پۆلی سێیەمی قوتابخانەی ناوەندی کۆیە بووم، لە ئاهەنگی نەورۆزی هاوبەش کە پارتی و تەحەڕور بەیەکەوە لە (تاتووکان) گێڕایان، دڵدار بێژەر (عەریف حەفل)ی ئاهەنگەکەبوو، زۆر چالاکانە و بەرێکوپێکی بەرنامەکانی ئاهەنگەکەی هەڵدەسووڕاند، کاتێکیش بەهۆی هۆڕاو هۆتافکێشانی دژ بەیەکتری خەریك بوو بارەکە ئاڵۆز بێت و ئاژاوە بەرپا بێت، دڵدار هاتەوە سەر تەختەی شانۆ و گووتی:

(بەناوی هەردوو حزبی تەحەڕور و پارتییەوە داواتان لێدەکەم بێدەنگ بن و نیزام بپارێزن) بەو چەشنە ئاهەنگەکە درێژەی پێدرایەوە و بەخۆشی و بەبێ کێشە و گیروگرفت کۆتایی پێهات. هەروەها لەلاپەڕە (٨٩)ی ئەو

کتێبــەدا نــووسراوە. (دڵــدار لــەدوا دوایــی ســاڵی پێــش کۆچکردنیــدا شۆڕشــێکی تــر لــە بیروباوەڕیــدا پەیــدا بــوو کــە لــە ســنوور و نەخشــەکێشراوی ئــەو حزبــەش چــووە دەرەوە، هاتــە ســەر ئــەو رایــەی کــە پێویســتە کــورد خاوەنــی پــارت و ســەرکردایەتییەکی شۆڕشــگێڕی تایبەتــی خــۆی بــێ و لەگــەڵ رێکخــراو و حزبــە سیاســییەکانی تــری وڵاتــدا تەنیــا هاریــکاری و ئاشــنایەتی بــێ. دیســانەوە دەڵێــت: لەبــەر ئــەوەو هەنــدێ بیــروڕای تــر لەگــەڵ ســەرکردایەتی (تەحەڕور)یشــدا ســاردی و نائومێــدی لــێ پەیــدا بــووە.. وەك لــە رۆشــنبیرێکی کــوردم زانیــوە (عەبدولخالــق عەلائەدیــن) دەڵێــت هەنــدێ لــەو ســەرکردانەی کــە مابــوون دانیــان بــەوە نــاوە کــە پێشــنیاز و راکانــی سیاســیی ئەوســای دڵــدار راســت بــووە و زیاتــر لەگــەڵ بــاری کۆمەڵــی کوردەواریــدا گونجــاو بــووە.

دڵــدار پیاوێکــی زۆر واقیعــی بــوو. لــە سیاســەتدا زۆر دووربیــن بــوو ... بیــری لەچارەنووســی دوا رۆژی دووری گەلەکــەی کردۆتــەوە ... هەمیشــە خاوەنــی هەڵوێســت و رای تایبەتــی خــۆی بــووە. لــە رایەکــی سیاســیدا گوتوویەتــی شــەڕی دووەمــی جیهانــی هــەر بەرەیەکــی لــێ ســەرکەوێ چ ئــاوات و ئامانجــی ئێمــەی کــوردی لــێ نایەتەجــێ و بگــرە بــۆ هیــچ گەلێکــی تــری تینــوو بــە ئــازادی.. ئــەو رایــەش پێچەوانــەی بیــروڕای گەلــێ لاوی خوێنــدەواری ئــەوکات بوو..کــەم کــەس لــە کوردەواریــدا بــەم چــاوە ســەیری ئــەو شــەڕە جیهانییــەی کــردووە. زۆر لــە لاوانــی کــورد بڕوایــان بــە (نــازی) بــووە. گەلێکیــش ئومێــدی بــە (ســوێند خــۆران) هەبــووە. ســەرەنجامیش مەزنــدە و رای راســتی دڵــداری دەرخســتووە. لەرایەکــی تــری سیاســیدا دڵــدار گوتوویەتــی: هیــچ جووڵانەوەیەکــی شۆڕشــگێڕی سیاســی بەبــێ ســەرکردەیەکی دانــاو لێهاتــوو ناگاتــە ئــاوات و مەبەســتی.. واتــە ســەرکردە لێخــوڕی کەشــتی ســەرفیرازی جووڵانەوەکەیــە.

ئیــتر بەهــەر بارێــك دڵــدار هەتــا ئــەو ســاتەی ســەری نایــەوە و ماڵئاوایــی لێکردیــن هەمــوو کات و گیانــی خــۆی لــە پێنــاوی پێشــکەوتن و ژیانــی پــڕ لــە

کامەرانــی و ئــازادی نــەوەی کــورددا بەختکردبــوو. دڵــدار گەلــێ ئاواتــی بــەرز و پیــرۆزی بــۆ گەلــی کــوردی لــە دڵــدا بــوو مــەرگ، مەرگــی نــاوادە، هەمــووی پــێ بــردە ژێــر خاکــەوە. (هەمــان ســەرچاوە)

ئەمــەو بــۆ گەواهــی و پشتڕاســتکردنەوەی ئــەو رایانــەی ســەرەوەمان ئامــاژە بــەم چەنــد هەڵبەســت و سروودانــەی دڵــداری جوانەمــەرگ دەکەیــن، وەك مشــتێکی لــە خەروارێــك:

مارســیلیزی کــورد- ئــەی رەقیــب- لالەبــاس- کوردســتانی خــۆش نیشــتمانی جــوان تــۆ قیبلەگاهــی منــی بێگومــان- ئــەی کــورد:

ئــەی کــورد لــە نێــو گەلــدا هەتاکــەی مــات و دامــاوی
کــە عالەم ســەربەخۆن گشــتی- ئەتــۆش پەیوەنــدی نێو داوی
جیهانگیرانــی هاوتیــرەت کــە دوێنــێ هەروەکــو تــۆ بوون
ئــەوان پێگەیشــتوون و ئەتــۆش هــەر کاڵ و هــەر خــاوی.

بڵێ سەربەستی:

لــە چــاوی کیــژە کوردانــی بــرا کــوژراوی مــاڵ ســووتاو
شــەپۆلی ئەشــکی خوێنیــن دێ وەکــو جۆبــارێ یــا لافــاو
هەنیســکە قوڵپــەی گریانــی هەتیــوی رووتــی باوکــوژراو
نیداکــەی واجبــە بــۆ گشــت لــە بــۆ دڵ تینی نەشکەســتی
لەگــەڵ لاوی نهێنــی کــورد بڵــێ سەربەســتی سەربەســتی

لاوی کوردان- منداڵی هیوا

بیروهۆشــــی خــــۆت بــــەکار بهێنــــە
ئــەم دانــە و داوە یــەك یــەك بپســێنە
تاکــــو دەرکــــەوێ لــــە هەمــــوو دنیــــا

چەندیـان کـرد بمـرێ، کەچـی کـورد هەرما

رۆڵەی تازە

مـــن رۆڵـــەی کوردســـتانم تـــازە رۆڵـــەی کوردانـــم

تاکـــو وەتـــەن ســـەرکەوێ فیدایـــە رۆح و گیانـــم

هەروەها چامەی (توتنەوان)

لـــە کۆتایشـــدا هـــەر لـــەم یادوەرییـــە پڕشـــکۆیەدا، رووی دەمـــم دەکەمـــە بەرپرســـان و لـــە سەرووشـــیانەوە بەڕێـــز وەزیـــری رۆشـــنبیری هەرێمـــی کوردســـتان کاکـــە (ســـامی شـــۆڕش) کـــە لایـــەك لەئارامگـــە بێنازەکـــەی ئـــەم کەڵـــە شـــاعیرە کوردپەروەرەمـــان بکەنـــەوە و بایەخـــی شـــیاوی خـــۆی پـــێ بـــدەن و لـــە دڕکـــوداڵ و پـــووش و پـــەڵاش و تەپوتـــۆزی زەمانـــەی پـــاك بکەنـــەوە ... بەڵکـــو ئەمـــە خوایـــە گیانـــی بەرزەفـــڕی دڵـــداری جەوانەمـــەرگ پێـــی شـــاد دەبێـــت و ئێمـــەی کوردیـــش وەکـــو وەفادارییـــەك کەمـــێ لـــە قـــەردی ئـــەو کەڵـــە مرۆڤـــە دەدەینـــەوە.

ئیتر هەر بژین و زۆر سوپاس.

# دڵزاری شاعیر

دڵـزار (ئەحمـەد مسـتەفا حەوێـزی) هـەروەك پرۆفیسـۆر عیزەدیـن مسـتەفا ڕەسـول، لـە پێشـەکیی دیوانـی (خەبـات و ژیـان)دا باسـی کـردووە، «شـاعیری خەبـات و ژیانـە و زۆر بـاش لـەوە گەیشـتووە کـە ئەبـێ (خەبـات) بـۆ کۆمەڵانـی فراوانـی گـەل بێـت و (ژیان)یـش هـەر بـۆ ئەوانـە، بـۆ زۆربـەی گـەل، بۆزەحمەتکێشـانە. دڵـزار یەکێکـە لـەو شـاعیرە کوردانـەی بـە جوانـی پەلـی خوێندەوارانـی ئەگـرێ و بـە شـەقامێکی ناوەڕاسـت لـە نێـوان بـەرزی- تەنیایـی ڕادەی هونـەر و تێگەیشـتنی زۆربـەی گـەلا ئەیبـات و شـیعریان بـۆ ئەڵـێ. هـەر ئەمـە وامـان لـێ دەکا بڵێیـن شـیعرەکانی دڵـزار لـە ڕووی ناوەرۆکـەوە بـۆ (گـەل) نـووسراوە لـە ڕووی ڕوخساریشـەوە لـەو شـیعرانەیە کـە هونەرپەرسـتان زەوقـی

لێوەردەگــرن» دڵــزار شــاعیرێکی نیشــتمانپەروەر و تێکۆشــەرێکی کۆڵنــەدەر و خۆراگـرە. ئـەو هـەر لـە هەڕەتـی لاوێتییـەوە تێکـەڵاوی (سیاسـەت) بـووە و سـاڵی ١٩٤٠ پێوەندیـی بـە حزبـی (هیـوا)وە کـردوە و بۆتـە ئەندامێکـی چالاکـی ئـەو حزبـە کوردییـەوە و لـە روانگـەی ئەویشـەوە سـەرەتای بەرهەمـە ئەدەبیەکانـی بـە شـیعر و سروودی نەتەوەیـی و نیشـتمانیی دەسـتپێکردووە. فەرمـوون سـەرنجێکی ئــەم نموونانــەی بــدەن کــە دەڵێــت:

نابەزیــن هــەروەك نەبەزیوویــن گــەر سەریشــمان دابنێیــن
ئێمــە پێشــمەرگەی خەباتــی ســوور و رۆڵــەی شۆڕشــین
ئــەو دەمــە ئــەو رۆژەی کوردیــش کــوردی ســەرپاکی وڵات
دەسـت لەمـل هیـوا دەکەیـن، رزگار دەبیـن سەربەسـت ئەژین[١]

دڵـزار لـە ١٩٤٦ بـەولاوە کـە بۆتـە ئەندامـی حزبـی تەحـرور (التحـرر الوطنـی) ئیـدی زێـتر بایەخـی بـە خەباتـی چینایەتـی و هەروەهـا لـە سـۆنگەی جیهانبینیەکـی بەرفرەوانـترەوە پشـتیوانی لێکردنـی گەلانـی سـتەمدیدە و ژێردەسـتە و خەباتـکار بــە دژی ئیســتیعمار و کۆنەپەرســتیی و چەوســاندنەوە داوە و بەشــی هــەرە زۆری شـیعرەکانی بـۆ ئـەو رێبـازە تەرخانکـردووە. بـۆ نموونـە لـە هەڵبەسـتێکیدا دەڵێـت:

لــە لادێــدا لەنــاو وەرزێــر و جوتیــار
لــە شــاراندا لەگــەڵ چینــی کرێــکار
لــە گەرمێــن و لــە کوێســتان
لەنــاو پەرێــز و بێســتان
لەگــەڵ خوێنــەران وەتــەن پــەروەران
ئەکەیـن خەبات لە بۆ نەجات لە ئیستعیمار

هەروەها نووسیویە:

١. - هەمان سەرچاوە/ ل (٣٧) و (٥٥)

یەکگـــرن جـــا ئـــەی کرێکارانـــی دنیـــا یەکگـــرن
هەڵبـــڕن کـــۆت و کەلەپچـــە و بەنـــدی دیلـــی هەڵبـــڕن[٢]

یان لە باسی (عەدالەت) و (ناهەقی)دا وتوویە:

خەنجـــەری ناهـــەق ئەبـــەد جەســـتەی حەقیقـــەت نابـــڕێ
لەشـــکری شـــەڕ خـــۆی لەبـــەر هێـــزی (عەدالـــەت) ناگـــرێ[٢]

دڵـــزار هەمیشـــە و هـــەردەم خۆشەویســـتی کوردســـتان لـــە دڵ و دەروونیـــدا پەنگـــی خواردۆتـــەوە و لـــە زۆر چامـــە و هەڵبەســـتیدا گوزارشـــتی لـــە جوانیـــی و رازاوەیـــی ئـــەو نیشـــتمانە بەهەشـــتییەی خۆیـــەوە کـــردووە، ئەوەتـــا دەفەرمـــوێ:

کوردســـتان جوانـــی یەکجـــار شـــیرینی
بـێ شـك بەهەشـتی سـەر رووی زەمینـی
خـــاوەن غیلـــمان و حـــۆری نەخشـــینی
دایم رازاوە و جوان و رەنگینی هەوینی ژینی[٣]

یان لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت:

جوانـــە کوردســـتان خاکـــی رەنگینـــت
بـــاغ و بەهەشـــتی پـــان و بەرینـــت
کێوانـــی بـــەرزی لوتکـــە بەفرینیـــت
هـــەوای بێگـــەرد و ئاســـمانی شـــینت
کانـــی و ســـەرچاوەی ئـــاوی چەمینـــت
زێـــوە و بێخـــاڵ و دێـــی نازەنینـــت

شـــاعیری هەســـت ناســـك و جوانـــی و بەهارپەرســـت کـــە هەمیشـــە بـــە هـــۆی کاری سیاســـەت و حزبایەتییـــەوە دووچـــاری گرتـــن و یـــان خۆشـــاردنەوە و جێگۆڕکـــێ و شـــکەنجە و ئـــازار بۆتـــەوە و لـــە هەمـــوو خۆشـــییەکی ژیانـــی ئاســـایی بـــە دوور

---

٢. - ل ٦٧ (٢) ل ٦١ (٣) لا ٨٦ (٤) ل ١١٩ (٥) ل ١٤٩ (٦) ل ١٥٩.

بـووە خۆزگـەی بەهاتنـی بەهـار و حـەزی بەدیدەنـی دیمەنـی دڵڕفێنـی سرووشـت و چـاوی جوانـی دلبـەر کـردوە و خۆزگەیشـی بـۆ خواسـتووە.

ئەوەتانێ بە تاسەوە دەڵێت:

دەبـا بەفـر و سـەهۆڵ بـێ
قـەڵای زسـتانێ کاول بـێ
ئیـتر بـا مەوسـمی گـوڵ بـێ
لـە هـەر لا تیپـی بولبـول بـێ
بەرامبـەر گـوڵ لەسـەر چـل بـێ
خـرۆش و جۆشـی وەك دڵ بـێ
گوڵسـتان پـڕ شـل و مـل بـێ[٤]

یان لە هۆنراوەی (چاوی تۆ) دا وتوویە

چـاوی تـۆ چـاوی شـەهین یـان چـاوی بـازو ئاسـکە
کوڵـم و لێـوت شـەکر و گـوڵ یـا شـەکرە سـێوی ناسـکە[٥]

هەروەهـا لـە بـارەی (نـەورۆز)ەوە چەنـدان هۆنـراوەی جـوان و دڵگـری نووسـیوە،

ئەوەتانێ لە (نەورۆزنامە) دا دەڵێت:

مـژدە بـێ ئـەی کـورد کـە ئەمـڕۆ جەژنەکـەی نەورۆزتـە
کاتـی خۆشـبەختی و سرور و سـاتەکەی پیرۆزتـە
وەختـی شـادی و غـەش لـە دڵ دەرکردنـی گشـت هۆزتـە
مژدەبـێ ئـەی کـورد کـە نـەورۆز پێشـڕەوی سەربەسـتییە
مـژدە هێنـی رۆژی ئـازادی لـە دیلـی و پەسـتییە[٦]

شـاعیر لـە هەسـتکردنیەوە بـە دواکەوتویـی و بێبەشـبوونی نەتەوەکـەی و خەمسـاردیی هەنـدێ لـە گەنجـان و هاووڵاتییـان لـە ئاسـت ئەرکـی نەتەوەیـی و نیشـتمانییانەوە رووی دەمـی شـیعریان تێـدەکا و بـە تاسـوقەوە هـاواری

لێهەڵدەستێ و بە گوێچکەیاندا دەدات لەهۆنراوەی (گەنجێ)دا دەڵێت:

گەنجێ کە پیشەی هەر فەسادی بێ
دایم قومارچی ژووری نادی بێ
مەی و مەیخانە هۆش و یادی بێ
مەینەتی کوردی لە لا شادی بێ
خوایە بەشی ئەو هەر کەسادی بێ
کوردێ کە عاشقی کوردستان نەبێ
خزمەتگوزاری کوردستان نەبێ
باکی بە ناڵەی هەژاران نەبێ
دڵتەنگی جەوری دوژمنان نەبێ
خوایە بەشی ئەو هەر کەسادی بێ

(هەتا دوایی هۆنراوکە).[٣]

ئەوجا دێ زۆر بە پەرۆشەوە کۆمەڵانی خەڵك بۆ خوێندن و زانست پەیدا کردن هان دەدات و پێیان دەڵێت کە رێگای چارەی رزگاربوونی کورد لە یەکگرتن و چرای زانستدایە:

براگەل بخوێنین توانا دەبن
خەبەرداری ئەحواڵی دنیا دەبن
لە پێش لەشکری جەهل و زوڵم و زیان
بە وێنەی کەژ و کێو و دەریا دەبن[٢]

وە یان دەڵێت:

هێزی یەکێتی و چرای زانستی
کورد رزگار ئەکا لە ژینی پەستی[٣]

---

٣. - ل ١٥٩ (١) ل ١٦٣ (٢) ل ١٧٧ (٣) ل ١٨٢ (٤) ل ١٨٦

دڵـزاری مرۆڤدۆسـت بـە کۆچـی دوایـی نـاوادەی (دڵـدار)ی شـاعیری هاوشـار و هـاوڕێ و هاوبیـر و هاوخەباتـی ئێجـگار دڵتەنـگ و خەمبـار دەبێـت و لـە چامەیەکـی پـڕ سـۆز و خەمئـاوەر و پرسـەئامێزدا لـە ژێـر نـاوی (شـیوەن بـۆ دڵـدار) دا بـەم شـێوەیە دێتەهـاوار و رۆرۆ:

هـەی رۆ کاکـە رۆ کاك دڵـدارم رۆ
هاوڕێـی بـە نـرخ و بەهـادارم رۆ
شـاعیری گەنـج و پـڕ شـعورم رۆ
ئەدیبـی گـەورە و بـێ قسـوورم رۆ
محامـی گەلـی هەژارانـم رۆ
رێنیشـاندەری بێچارانـم رۆ

تا لە دوایی چەند کۆپلەیەك دا دەڵێت:

لاوێکـی ئـازا و حەقپـەروەرم رۆ
تێکۆشـەرێکی کۆڵنـەدەرم رۆ
کۆچکـردووی یـازدەی چـل و هەشـتم رۆ
یونـس رەئووفـی پـاك رەوشـتم رۆ

(کە ئەمەیش مێژووی مردنەکەیەتی)

کارەسـاتی کیمیابارانەکـەی هەڵەبجەیـش گـڕی بەرداوەتـە دەروونیـەوە و لـە (سروودێـك بـۆ هەڵەبجـە)دا دەڵێـت:

بەهۆی فاشیست و میلیتاریتیست و کۆنەپەرستان خاکمان وێرانە
گەلمـان دەربـەدەر دوورە وڵات و پەرتی شـارانی تێکـڕای جیهانە
پـاش هیرۆشـیما و نیاکازاکـی کارەسـاتی وا رووی نـەداوە
نـەك هـەر هەڵەبجە چوار هـەزار گوندی کوردسـتانەکەم خاپوور کراوە

بەرهەمـی شـیعری دڵـزار دەریایەکـی پڕاوپـڕە لـە دووڕ و گەوهـەر و رەوانبێـژی و هونـەر و وەسـتاکاریی و وێنـەی شـیعری سـەرنجراکێش و هەسـتی ناسـك و

سۆزی گەرموگوڕی مرۆڤانە، سەیری کەن چۆن لە هەڵبەستێکی ناوازە و بەرزی پڕ لە هونەر و جوانکاریدا کە وستایی شیعری خۆی تێدا نمایش دەکات، هەرچۆنی بیخوێنێتەوە هەمان مەبەست دەدات بە دەستەوە لە ژێر ناوی (ئەی نیگارا)دا دەڵێت:

بێ قەرارم ئەی نیگارا مەرحەمەت کە من نەماوم
ئەی نیگارا خۆت ئەزانی من لەعەشقت دڵ سووتاوم
مەرحەمەت کە من لە عەشقت شێت و شەیدام تێك شکاوم
من نەماوم دڵسووتاوم تێك شکاوم نووری چاوم[٤]

هەروەها بەناوی (نیگارا) وتویە:

نیگارا قامەتی بەرزت چ شۆخ و شەنگ و باریکە
چرای رووت چەندە رووناك و شەوی زولفت چ تاریکە[٢]

یاخود دەڵێت

جوانی و جاهێڵی لە تۆدا کۆیە
دەی فیدای تۆ بێ شاعیری کۆیە[٣]

لە هەمانکاتدا دڵزار نامەی شیعری نووسیوە ئەوەتا لە هەڵبەستێکی دۆستانەی گاڵتەئامێزدا بۆ (دڵدار)ی شاعیر کە پارەی رۆژنامەی قەرداری کتێبخانەی (کۆیسنجق) بووە کە دڵزار سەرپەرشتی دەکرد، نووسیویە دەڵێت (دڵدار ٦٣٦ فلس قەرزاری کتێبخانەکان بوو (کتێبخانەی کۆیسنجق) لە کۆیە، لە رۆژی ١٩٤٨/٩/١٢ واتە بەر لە کۆچکردنی یەکجاری بە ٦١ رۆژ، نامەیەکی زۆر جوانم بۆ نووسی و بەم چوارشیعرە کۆتاییم پێ هێنا[٥]

بڕام کاك دڵدار، بڕام کاك دڵدار
ئەدیبی گەورە و شاعیری قەرزار

---

٤. - ل ٣٩١ (٢) ل ١٣٢ (٣) ل ٢٢٧
٥. - ل ١٨٣ و ١٨٤

شـەش سـەد و سی و شـەش پوول قەرزاری
خێــرا بینێــرە بــۆ لای دڵــزاری
ئومێــدەوارم ئــەی کاکــی شــاعیر
محامــی بــەرز و بەڕێــز و ماهیــر
لـە خرینـگ و هـۆڕ و زرینگـەی فلـووس
هەرگیـز نەمانکـەی بـێ بـەش و مەئیووس

هــەر لــە هەمــان رۆژدا دەمــەو ئێــوارە بــوو، ســمکۆی جوانەمەرگــی ئاســەفی بــرای دڵــدار هــات و ئــەم نامــە شــیعرییەی دایــە دەســتم:

دڵــزار شــیعرەکەت دڵــزار شــیعرەکەت
دڵــزار نامەکــەی پــڕ لــە شــعوورەکەت
گەیشــتە دەســتم لــە وەختێکــی وا
کافــر بــە حاڵــم نەبێــتن خــوا
ئەڵێــی شـەش سـەد و کسـوور قـەرزاری
ئایــا بــۆ پــارە زۆر گیانــە هــاری؟
زرنــگ و هــۆڕی دەرهــەم و پــارە
بــۆ مــن خەیاڵــی خەونــی بەهــارە
دەرهــەم بزانــێ لــە جێیــە مــن هــەم
بـە کـوڕ رائـەکا لـەم چـەم بـۆ ئـەم چـەم
مــن پیــادەم و پــارە ســوارە
راوکــەری ئــەوم لــەم دیــارە
جارجــار لــە دۆڵێــك ئەحەســێتەوە
کــە ئەچمــە ســەری ئەســڵەمێتەوە
گومبەتــە ئــەدا و بەتــاو رائــەکا
مــن بــێ (ملجــاء) و بــێ پــەروا ئــەکا

بــەڵام ڕۆژێ دێ دەردەســتی بکــەم
بە پەت وەکو سەگ دەست بەستی بکەم
چەکمە حەساری ئەکەم وەکو شێت
ڕاکێشــی ئەکــەم ئەیخەمــە ژێــر پێــت

(کۆیە ١٩٤٨/٩/١٢)

دڵــزار دەڵێــت (بێگومانــم کــە ئەمــە دوا شــیعری دڵــدار بــوو، پــاش ئەمــە چ شـیعری دی نەگوتـووە و تەنیـا دوای نووسـینی ئـەم پارچـە شـیعرە شەسـت و یـەك ڕۆژ ژیــاوە) هــەرواش بــوو.

دڵـزاری هەسـت ناسـك و جوانپەرسـت لەنێـو تەنگـو چەڵەمـەی ژیـان و هەمـوو ناســۆر و دەردەسەریەکیشــدا هەرگیــز ڕوخســاری دڵرفێــن و قەدوبــاڵای شــلك و ناســیکی نەمامئاســای ئافرەتــی فەرامــۆش نەکــردووە و بــە وشــەی تەڕوپــاراوی جــۆش ســەندووە و پێیــدا هەڵــداوەو گــڕی خۆشەویسـتی پەنگخـواردووی نێـودڵ و دەروونــی پــڕ ســۆزی خــۆی بــەم شــێوەیە دەربڕیــوە:

شــیفتەی قــەد عەرعەرێکــم شــۆخ و شــەنگ و نــەو نەهــاڵ
ســینە بــاخ و زولفــی زاغ و ڕوو بەخــاڵ و دیــدە کاڵ
نــازك و نــازدار و دولبــەر، ســەروەری زومــرەی خوبــان
قیبلەگاهــی عاشــقانی غەمــزەدەی دڵ پــڕ لــە خــاڵ
لەنجـە کۆتـر ڕەوتـی ئاهـو چـاو بـە خـەو و پەرچـەم پەشـێو
کوڵمــە پشــکۆ قــژ ڕحانــی جەبهــە ڕۆژ ئەبــرۆ هیــلال

ئەوجا پێیدا دێتە خوارێ تا دەگاتە ئەو جێیە کە دەڵێت:

جازبــەی عەشــقی بــە تــەرزێ ڕۆحــی کێشــاوم کــەوا
هەنگـی دڵ بەنـدە بـە شـەکری کوڵـم و شـەهدی لێـو ئـاڵ
چونکــە بێــزارە لــە زاری لــەم دەمــە کەیفــی دەوێ

کەیفـی چـی (دڵـزار) بەخـوا دڵ قـەت لـە غـەم نابـێ بەتـاڵ[٦]

دڵــزار وەك شــاعیرێکی (مولتەزیــم) و پابەنــدی بیروبــاوەڕی پێشــکەوتووخواز و پەیــڕەوی ئایدیۆلۆژیــا و ڕێبــازی مارکســیزم و پشــتگیرێکی راســتگۆیانەی چینــی هــەژاران و چەوســاوان، شــیعری زۆری بــۆ (ڕەنجبــەران و خەباتــکاران) گوتــووە، فەرمــوون ببینیــن چــۆن لــەم دەقــەدا بــە جۆشــەوە دیاندوێنــێ و هانــی خەبــات و تێکۆشــانیان دەدات و ورەیــان بەبــەر دەنێــت کــە دەڵــێ:

ئەی ڕەنجدەران تێکۆشەران وەرنە مەیدان
بەماڵ و گیان لە بۆ ژیان
بۆ ژیانی کامەرانی
دوور لە بەدکار دوور لە زۆردار
لە ئیستعمار
دوور لە دیلی لە زەلیلی
لە ڕەنج مژین لە ژانی ژین لە زار و شین
لە ژێر ئاڵای بەرز و باڵای شێری خەبات
کە بۆ نەجات خۆی کرد خەڵات
شێری کەوا، باخی روا
بە شانە و مل بە خوێنی دڵ هێنایە گوڵ
پەرژینی کرد ڕەنگینی کرد
زۆر بە چوستی و بە زانستی سوسیالیستی٧

یان لە چامەیەکی دیکەیدا بۆ نەورۆز کە دەڵێت:

خوێنــی ســووری نەوجەوانانــت دەســا ئــەی نیشــتمان
خوێنــی پێشــمەرگە بــە جــەرگ و چاونەتــرس و قارەمــان

---

٦. - ل ٣١٠

٧. - ل ٣٣٤ (٢) ل ٣٦١ (٣) ل ٣٦٣ (٤) ل ٢٩٤ (٥) بڕوانە هەمان سەرچاوە ل ٢٥٢

سـەیری چـۆن وا بـوو بـە زەیتـی مەشـخەڵی ڕێگـەی ژیـان
مـژدە بـۆ ئـەی کـورد کـە نـەورۆز پێشـڕەوی سەربەسـتییە
مژدەهێنـــی ڕۆژی ئـــازادی لـــە دیلـــی و پەســـتییە

هەروەکـو پێشـتریش گوتمـان دڵـزار لـە شـیعری (مەرگنامـە) دەسـتی بـاڵای بـووە، چـۆن بـۆ مەرگـی دڵـداری جوانەمـەرگ شـین و ڕۆرۆی کـردووە، بـۆ کۆچـی دوایـی سـەرقافڵەچی شـیعری تـازەی کوردیـش، گۆرانـی نەمـر بـەم شـێوەیە هاتۆتـە گـۆ (کـە بەراسـتی لوتکـەی داهێنانـە):

(بۆ گۆرانی هەمیشە زیندوو)
چـل، شـکا گـوڵ هەڵـوەڕا، بولبـول نەمـا
کاتـێ گــۆران کاخــی ژینــی داڕمــا
وەك (ئەپۆلـۆ) بـوو بە خواوەنـدی هونەر
بـۆ نـەوەی کـوردی دلێـر و بەهـرەوەر
گەرچـی ئێسـتاکە، بـە لاشـە مـردووە و
لـێ بەنـاو و نـاوەڕۆك هـەر زینـدووە
هـەر دەمێنـێ، هەر هەیە، تـا کورد هەبێ
دیـارە وەك هەڵگوردە کوردیش هەر دەبێ
گەورەیـی گـۆران لـە شـیعرا سـاڵ بەسـاڵ
زیـاد دەکات و سـیحری ڕوونـی دێتـە پاڵ
بەختیـارە هەروەکـو مـن هاودەمـێ
گـەر لەگـەڵ گـۆران ژیابـێ سـەردەمێ
شـیعری وەك ئـاوی ڕەوانـی بیسـتبێ
لەفـزی کـوردی پـاك و پوختـی ویسـتبێ
هەروەکـو هۆمێـر و فەرجیـل بێگومـان
گەنجـی کوردی خسـتە گەنجینـەی جیهان

شـوێنی لاشـەی ئـەو ئەگەرچـی نـاو گڵـە
شـوێنی شـیعر و شـاعیریی هـەر نـاو دڵە
سـەد درود بـۆ گیانـی پـڕ ئـازاری ئـەو
سـەد چـرا بـۆ گـۆڕی تەنگوتـاری ئـەو

ئـەو چامەیـەی لـە١٩٩٢/٢/١٤ لـە شـاری سـتۆکهۆڵمی سـویدی لەیـادی (٣٠) سـاڵەی کۆچـی دوایـی گۆرانـی نەمـر و (٨٨) سـاڵەی لەدایکبوونیـدا نووسـیوە. هەروەهـا بـۆ شـینی (بەکـر صدقـی) گوتویـە:

دیسـان دووکـەڵ و بوخـاری ئەسـتەم
کوردسـتانی گـرت چەشـنی تـۆز و تـەم

بـە هەمـان شـێوەیش بـۆ کۆچـی دوایـی شـێخی شـاعیران (حەسـیب قەرەداغـی) شـیعری دانـاوە.

شـایانی ئامـاژە پێدانیشـە کـە (دڵـزار) لەپـاڵ زمانـە کوردییـە پاراوەکەیـدا لـە هـەردوو زمانـی فارسـی و عەرەبیشـدا شـارەزایی تـەواوی هەیـە و بـە زمانـی عەرەبـی چەنـد هۆنراوەیەکـی رێـك و پێـك و بەتـام و پـڕ واتایشـی دانـاوە. فەرمـوون ئەمـە نموونـەی شـیعرەکانی بـە زمانـی عەرەبـی. لـە ژێـر ناوونیشـانی. (انشودة العمال) دا دەڵێت:

نحـن عـمال العـراق　　جنـد جيـش الكادحيـن
ترفـض العيـش بـذل　　تحـت نيـر الظالميـن
عزمنـا عـزم الرجـال　　عشـقنا عشـق النضـال
فـى سـبيل الانعتـاق　　نحـن عـمال العـراق
نحـن نـور للسـلام　　فـى دياجيـر الظـلام
نحـن روح للحيـاة　　نحـن حتـف للطغـاة
نصرنـا ات و باتـت　　عـودة الغـد اكيـدا

وقريبا سوف يغدو        شعبنا حرا سعيدا[٨]

هەروەها بڕوانە چۆن بە جوانی ئەم ڕاستییەی دەربڕیوە کە دەڵێت:

ألا يا أيها الطاغي دع الطغيان واهجره

فنور الحق قد لاح و عين الشعب تبصره

ئەگەر یەکێك نەزانێ کە ئەمە دڵزاری شاعیری کورد گووتویەتی دوور نییە بە شیعری (الجواهری) یان (احمد شوقی) یاخود (محمد صالح بحر العلوم)ی تێبگات، چونکە ئەوەندە بە جوانی داڕێژراوە و پڕ لە واتای سیاسی و کۆمەڵایەتییە.

خوێنەری هێژا ئەمە مشتێکە لە خەروارێك لە شیعر و شاعیریەتی دڵزار، هیوادارم توێژینەوەی چڕوپڕ تر بۆ بەرهەمەکانی ئەم کەڵە شاعیرەمان بکرێت. لەگەڵ هیوای تەمەن درێژیی بۆ مامۆستا (دڵزار)ی خامە ڕەنگین، کە دەستێکی باڵای لە نووسینی پەخشانیشدا هەیە!

**٢٠٠٤/٨/١٦**

٨. - ل ٣٦٧ لە ١/٦/ ١٩٨٤ لە شاری (دمشق) لە سوریا گوتویەتی.

# وا ئەستێرەیەکی دیکەشمان کوژایەوە

ئەم نووسینە لە کۆڕی چلەی خوالێخۆشبوو هونەرمەند (فوئاد ئەحمەد)
لە ٢٠٠٤/٩/٢٧ لە هەولێر، هۆڵی گەل پێشکەش کرا

بەڕێزان، خوشکان برایان:

ئێوارەتان باش.

زۆر بەداخەوە رۆژی سێ شەممەی رێکەوتی ١٧ی مانگی ئاب، لە تاراوگەدا لە (هۆڵەندە) هونەرمەندی گەورە و ناسراوی کورد (فوئاد ئەحمەد) دوور لە (رەز و باخ و شاخوداخی کوردستان) سەری نایەوە و چاوەکانی لێکنان و بۆ دوایین جار دڵە گەورە و پڕ لە خۆشەویستییەکەی لە لێدان کەوت و ئەو هەمە هیوا و حەسرەتەی بۆ گەڕانەوەی بە ئێجگارەکی بۆ زێدی پیرۆزی باب و باپیرانی (بۆ نیشتمان) بردە ژێر گڵ و ماڵئاوایی لە کەسوکار و هەڤاڵان و هونەر و هونەرمەندان کرد.

کۆچی دوایی فوئاد ئەحمەد رۆچوون و هەرەسهێنانی دوایینی ئەو (چوار کۆڵەگەیە) بوو کە بۆ نزیکەی نیو سەدە تەلاری هونەری سەردەمیانەی کوردییان بەرز و قایم راگرتبوو، کە بریتی بوون لە خوالێخۆشبووان (هونەرمەندی گەل خاڵە تایەر تۆفیق بۆ مەقام، مام رەسول گەردیی بۆ حەیران، تەحسین تەهای جوانەمەرگ بۆ هونەری گۆرانیی بەسۆز و لاوکی رەسەن بە شێوەزاری کرمانجی سەروو، لەگەڵ فوئاد ئەحمەدی قسەخۆش و رۆح سووکیش بۆ سروودی نیشتمانی و بەستە و گۆرانی داهێنراوی بەسۆز و رەسەن)دا.

دەتوانین بڵێین بە مەرگی فوئاد ئەحمەد قۆناخێکی گەشاوە و پڕشنگداری هونەری گۆرانی بەهاداریی کوردیی کۆتایی پێهات و پەردە بەسەر سەردەمێکی ئێجگار تایبەت و رەسەنی هەرە بەهادار دادرایەوە و گەرچی هیوامان زۆرە وەچەی ئێستا و نەوەکانی ئایندەمان چاکی مەردایەتی لێ بکەن بەلادا و سوارچاکانە جڵەوەکە بگرنەوە دەست و سەرگەرمانە درێژە بە کاروانە شکۆدار و نەوستاوەکە بدەن و بەهەمان سۆز و دڵسۆزیی و گوڕوتینەوە بەرەو لوتکەی داهێنان و سەرکەوتنی بەرن.

فوئاد ئەحمەد لە راستیدا لەدوای (شەماڵ سائیب)ی داهێنەر بە یەکێك لە رابەرە بە سەلیقە و هەرە سەرکەوتووەکانی گۆرانیی نوێی کوردیی دەژمێردرێت و وەك درێژەپێدەر و چەسپێنەری هەمان رێباز و شێوزی خوالێخۆشبوو (شەماڵ) دەناسرێتەوە.

فوئادی هونەرمەند لە ساڵەکانی پەنجاکانی سەدەی رابردوودا و هەر لەسەرەتای لاوێتییەوە بە دەنگە پڕ لە سۆزەکەیەوە خزایە نێو گۆڕەپانی بەرفرەوانی گۆرانیی گوتن و دەستپێك بەچەند ئاوازێکی (فۆلکلۆری) و دووبارەکردنەوەی گۆرانییەکانی (محەمەدی ماملێ) و هونەرمەندانی دیکەی ئەوساوە دەستی پێکرد، وەلێ هەر زوو شێوازێکی تازەی تایبەت بە خۆیی

گرتەبـەر و کەوتـە سـەر سـککەی راسـت و شـیاو بـە دەنـگ و چێـژی خۆیـەوە، ئـەو هێشـتا هـەر لـە قۆناخـی خوێندنـی (خانـەی مامۆسـتایانی دێهاتی)دابـوو لـە دهـۆك كـە داوای هەڵبەسـتی بـۆ چەنـد گۆرانییـەك لـە (مـن) کـرد، ئـەوە بـوو (نامەکـەت گەیشـت و ئەمیرەکـەم و...تـاد)ی تۆمارکـردن و لەبەشـی کـوردی ئێسـتگەی رادیـۆی عێـراق لـە بەغـدا و دواتریـش لـە تەلەڤزیۆنـی کەرکـووك بـڵاوی کردنـەوە و جەمـاوەر پێشـوازیی چاکیـان لێیانکـرد. هەروەهـا لـە بۆنـە و ئاهەنگـی تایبەتـدا لەگـەڵ هۆنراوەکانـی مەدحـەت بێخـەو و شـاعیرانی تـردا ئـەو گۆرانییانـەی پێشـکەش دەکـردن و بـەو شـێوەیە رێچکەیەکـی تایبـەت بەخـۆی گرتەبـەر و لەنێـو کۆمەڵـی کوردەواریـدا نـاوی دەرکـرد و نـاسرا. کاتـێ شۆڕشـی ئەیلوولیـش هەڵگیرسـا. فوئـاد بـە چەنـد سروودێکـی (ئاگراویـی) نیشـتمانیی بەشـداریی کـرد و رادیـۆی دەنگـی کوردسـتانی گـەرم داهێنـاو، دواتریـش لەسـاڵی ١٩٧٤ کـە شـەڕ دەسـتی پێکـردەوە ئـەم خۆیشـی پێوەندیـی بـە شۆڕشـەوە کـرد و خـۆی گەیانـدە ناوچـە ئازادکراوەکانـەوە و کەوتـە پێکهێنـان و رێکخسـتن وسەرپەرشـتی کردنـی تیپێکـی هونـەری (مۆسـیقا و گۆرانـی) لـە (ناوپـردان) و بـۆ ماڵەکەیشـی خانوویەکـی لەشـارۆچکەی (شـنۆ)ی کوردسـتانی رۆژهەڵاتـدا بەکرێـی گرتبـوو. زۆر مخابـن، دوای نسـکۆی ئـەو شۆڕشـە هـەرە مەزنـە- بـە پیلانـی دوژمنـان لـە ٦ی ئـاداری ١٩٧٥ لـە شـاری ئەلجەزائیـر، فوئـاد بـە ناچاریـی گەڕایـەوە هەولێـر، تـا سـەرەنجام رووی کـردە هەنـدەران و دواجـار لـە وڵاتـی (هۆلەنـدە) گیرسایەوە و کـە ئەفسـووس هـەر لەوێـش ماڵئاوایـی لێکردیـن و مەرگـی لەنـاکاو بـواری پێنـەدا بـۆ ئێجـگاری بگەڕێتـەوە ئـەو شـوێنەی کـە چـل سـاڵ لەمەوبـەر بەسـۆزێکی کـەم وێنـەوە هـاواری دەکـرد و دەیگـوت (مـن کـە رۆڵـەی کوردسـتانم پـەروەردەی بەفـری کوێسـتانم، هەڵـۆی شـاخ و دارسـتانم) فوئـادی هەسـت ناسـك و دڵ گـەورە و دەروون پـاك و سـاکار و بـێ فێـز و کوردپـەروەر کاتـی خـۆی زۆر بـە سـۆز و بـە جـۆش و لەناخیـەوە بـۆ مەرگـی (خاڵەتایـەر

و مـام ڕەسـوول و تەحسـين تەهـای هـاوڕێ و هاودەمـی تاراوگـەی) بەکـوڵ گریـاوە و (باوکـەڕۆ و بـرا ڕۆی) بـۆ کـردوون، کەچـی وا ئێسـتێکە ئـەم خـۆی گەیانـدەوە نێـو کـۆڕ و دانیشـتنە گەرموگوڕەکانیانـەوە و هـەر چـوار سـتووندەکان یەکیـان گرتۆتـەوە! هـەزاران مخابـن بـۆ لەدەسـتدانی کەڵـە هونەرمەنـدی خۆشەویسـتمان کاکـە فوئـادی مـەرگ غەریـب، ئـەو مرۆڤـەی بـە بەرهەمـە زۆر ڕەنگینەکانـی بەشـدارییەکی سـەرەکی و کاریگەریانـە لـە هەڵچنیـن و بنیاتنانـی دیـوارە پتەوەکانـی تـەلاری هونـەری شـیرین و ناسـکی ئـاواز و گۆرانیـی ڕەسـەنی کوردیـمان دا کـردووە، شـوێن پەنجـەی بـەو تـەلارە بـەرزەوە روون و ئاشـکرا دیـار و بەرچـاوە! چاوەڕانیـن کوڕەکانـی بەتایبەتـی کاکـە (شـوان) جێـگای پـڕ بکاتـەوە. لـە کـۆڕی چلـەی ماتەمیشـدا هـەزاران درود بـۆ گیانـی پـاك و بەرزەفـڕی کاك فوئـادی دۆسـت و هاوڕێـی ئازیـزم و گشـت هونەرمەندانـی کوردسـتان ئەوانـەی ئـەم چەنـد دڵۆپـە فرمێسـکەی وەفادارییـان بـۆ دەبارێنـم، لـە یەزدانـی مـەزن و دلۆڤانیـش دەخوازیـن بـە بەهەشـتی بەرینـی خـۆی شـادیان بـکات و سـەبووریش بـە ئێمـە و مانانیـش ببەخشـێت، ئامیـن.

سوپاسـیش بـۆ خـوای مـەزن، بـە هەوڵـی دڵسـۆزان تەرمـە پیرۆزەکـەی گەیشـتەوە کوردسـتان و ئەسـپاردەی خاکـی میهرەبانـی هەولێـر کـرا.

فوئـاد ئەحمـەد ئەگەرچـی بـە لاشـە مـردووە، وەلـێ لـە لایـەن جەمـاوەری بـە وەفـای گەلـی هونەرخـوازی کوردسـتاندا هەمیشـە هـەر زینـدووە، دەسـا گۆڕەکـەت هـەر پـڕ لـە نـوور بـێ و یادیشـت نەمـر! ئـەی هونەرمەنـدی دەنگخـۆش و لێـزان و خۆراگـر!

# سینەمای کوردی و ئاوڕدانەوەیەک

گۆڤاری (هونەری نوێ)
هەولێر ٢٠٠٤/١٢/٢٢

سینەما، هونەری حەوتەم- وەك پێناسەی کراوە لەوەتای لە دوایین ساڵەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی رابردووەوە سەری هەڵداوە و پیشەکی لە هەندێ لە وڵاتانی گەشەسەندوو ناسراوە و دواتریش، پێ بەپێ و هەنگاو بەهەنگاو زێتر پەلوپۆی هاویشتووە و چەکەرەی کردووە و خۆی بە هەوادارانی ئاشناکردووە، هەتا وایلێهاتووە لە پەرەئەستاندندا گەیشتووەتە رادەی ئەوەی بتوانێت نەك هەر خۆی بچەسپێنێت و بەس، بگرە کێبرکێ و ململانێش لەگەڵ هونەر لە بوارەکانی تردا بکات و زۆران جارانیش (گۆ)ی سەرکەوتنیان لێ بڕفێنێت. ئەوەتانێ دیرۆکی سەرهەڵدان و گەشەکردن و بەرەو پێشڤەچوونی خێرای ئەم هونەرە بەرزە پڕاوپڕیەتی

لە ئەزموونگەلی سەرکەوتن و هەندێ جار شکەستهێنانیش! وەك دەبینین، لە ماوەی تەنیا سەد ساڵێکدا، سینەما وەك کرداری فیلمسازیی.. چ بەرهەمهێنان، یان خۆنواندن و نیشاندان، ئەگەر نەڵێین بە هەموو جیهاندا دەتوانین بەراشکاویی بڵێین بەلایەنی کەمەوە لە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی دنیادا پەخش و بڵاوبووەتەوە، باوەڕ ناکرێت لەرۆژگاری ئیمڕۆماندا وڵاتێك مابێت لەسەر ئەم گۆی زەمینەدا سەروکاری لەتەك هونەر و پیشەسازیی سینەمادا پەیدا نەکردبێ و ئەم هونەرپیشەیە پەلوپۆی خۆیی لە خاکەکەیدا گیروقاییم نەکردبێت! سینەما بەگشتیی گرنگییەکی تایبەت بە خۆیەوەی هەیە و لەم رەوت و ڕێڕەوی پتر لە سەد ساڵەی خۆیدا رۆڵی ئێجگار پڕ بایەخی بینیوە و لە هەمانکاتیشدا ئامراز و هۆکارێکی هەرە کاریگەر و پێشکەوتووش بووە بۆ ناساندنی کەلتوور و شارستانێتی گەلانی جۆربەجۆری گێتی بە یەکترییەوە گوێزانەوەی تاقیکردنەوەکانی کۆمەڵگە هەمە چەشنەکان لە نێوان خۆیاندا و نیشاندانی زۆران لە گیروگرفت و کێشمە و کەموکوڕیی و ناتەواویەتییەکانی مرۆڤایەتی و پێشنیازکردن و خستنەڕووی رێگاچارە گەلی لەبار و گونجاو بۆیان و ئامۆژگاریکردن و هەوڵدان لە پێناو چارەسەرکردنی راستو دروستیاندا. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی تریش بەخشینی چێژ و خۆشی و کەمکردنەوەی خەم و ئازارەکانمان و نمایشکردنی بەرهەمی دانیسقە و هەرچی شاکاری فیکری- ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و زانستیی هەنە سەرباری بەرهەمە ناوازەکانی تەکنەلۆژیا و پیشەسازیی سەردەم، ناساندنی هەرچی دیمەن و چاوەندازی جوان و قەشەنگ و دڵگری سروشتی و خۆڕسکی وڵاتانە بە بینەرانی سینەما.

راستە لەوەتای تەکنەلۆژیا هەرە پێشکەوتووی سەردەم بە گشت لقەکانیەوە وەك تەلەڤزیۆن و ڤیدیۆ، کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت، هاتۆتە ئاراوە، لەوانەیە بازاڕی سینەما نەختێ کز و سارد بووبێتەوە، لێ ئەمە بەو مانایە نییە کە ئیتر تەواو (زەمانی سینەما) بەسەرچووەوە و بڕاوەتەوە. نەخێر

هەرگیـز، چونکـە سـینەما، لـە پـاڵ چاپەمەنـی (کتێـب و گۆڤـار و ڕۆژنامـە) شـانۆ و هەروەهـا ئـەو ئامێـرە ئەلکترۆنییـە تـازە بابەتانـەی سەرەوشـیدا، هێشـتا کاتـی بەسـەر نەچـووە (وەك دەڵێـن ئیکسـپایەر نەبـووە) ڕۆڵـی سـەرەکی و بەهـاداری خۆیـی لەدەسـتنەداوە و جەمهـووری بەرفرەوانـی تایبـەت بەخـۆی هەرمـاوە و بگـرە ڕۆژ دوای ڕۆژیـش بەخۆتەکانـدن و چاکسـازیی و بنەبڕکردنـی لایەنـە نادروسـت و لاوازەکانـی بـە مەبەسـتی ڕەگداکوتـان و خۆڕاگرتـن و بەردەوامبـوون لـە ململانـێ و کێبڕکێـی سـەخت و دژواریـدا لەگـەڵ ئـەو هەمـە ڕکابـەرە هـەرە بەهێـز و بـە گـوڕ و تینـە تـازە بابەتانەیـدا، زێـتر گەشـە دەسـتێنێ و قایمـتر ڕیشـەی دادەکوێـت و بـە هەمیشـە نوێبوونـەوە لـە نیـوەڕۆك و ڕوخسـاردا پێگەکانـی خـۆی دەچەسـپێنێت و مەترسـییەکانی پووکانـەوە و پاشەکشـێ و نەمـان لەخۆیـەوە دوور دەخاتـەوە. بـۆ سـەلماندنی ئـەو ڕاسـتییانەش ئەوەتانـێ دەبینیـن لەزۆربـەی وڵاتانـی جیهانـدا، بەتایبەتـی لـەو وڵاتـە سـەرمایەداریی و پیشەسـازییە گەشەسـەندووەکاندا کارتێـل و کۆمپانیـا زەبەللاحـەکان، هەروەهـا دەزگا و دامـەزراوە بـە هێـزو دەسـەڵاتەکان و تەنانـەت کەسـانی دەوڵەمەنـد و خـاوەن پـارە و پـوول و سـامان دراوێکـی بـێ سـنوور (بـە ملیـار دۆلار و جونەیهـو یـۆرۆ) بـۆ پیشەسـازی سـینەما- وەکـو پیشەسـازیی و وەك هونەریـش- دەیەخنـە کارەوە لـەم ڕێگایەشـەوە قازانـج و سـوودێکی خەیاڵیـش وەدەسـت دێنـن و هەتـا دێـت شـێواز گەلـی تـازە و تەکنیکـی نوێـتر بـۆ بەئەنجامهێنانـی ئـەم بەرهەمـە دوو لایەنییانـە بـەکار دەهێنـن و لـەم ڕێگایـەوەش- بەفیلمکـردن- شـاکارە هـەرە بەنێوبانگەکانـی کەڵـە کتێـب ئەدیـب و ڕۆشـنبیرانی داهێنـەر بـە سەرانسـەری جیهانـی سـەردەم دەناسـێنن. نموونەیـش هێنـدە زۆر و بەرچـاون پێویسـت بەنـاو هێنـان و باسـکردن نـاکات. جـا وەنەبـێ گەلـی کوردیشـمان لـەم هونـەرە سەرسـوڕهێنەرە بێبـەش یـا نەخـۆ بـێ ئـاگا و نەبـان بێـت، نەخێـر و هەرگیـز، خـۆ ئەگەرچـی ڕەوشـی کوردسـتان بەشـێوەیەکی گشـتی و لاوازیـی و لەرزۆکـی ژێرخانـی ئابـووری و دواکەوتەیـی بـاری

کۆمەڵایەتیی و رۆشنبیریی بەتایبەتی دەرفەتی لەبار و گونجاوی بۆ ئەفراندن و خولقاندنی کەشوهەوای سازگار و هاوکاریان بۆ هاتنەکایەوە و رەگدا کوتان و گەشەکردنی ئەم هونەرە (واتە سینەما) فەراهەم نەکردووە، بەڵام وێڕای هەموو ئەوانەیشەوە ئەو رەوشە سەقەتە نالەبار و ناسازە نەیتوانیوە بەئێجگاری ببێتە لەمپەر و ئاستەنگ و لەمپەر لە بەردەم سەرهەڵدان و هەنگاو هەڵێنانیداو هەرچۆنی بووە- گەرچی درەنگ وەختیش بووبێت- دڵسۆزانی کورد ئەسپی خۆیانیان لە مەیدانەکەدا تاو داوە و بێ ئومێدیش نەبوونە. ئەوەتانێ لەم زەمینەیەدا چەندین کادیر و کەسایەتی بلیمەت و شۆڕەسواری بە توانا و لێهاتوو بەدیار کەوتوون، بە ئارەقە و فرمێسك رشتن و بەیەکەوە گرێدانی رۆژ و شەوانیانەوە بووە، یانەخۆ نەك هەر تەنیا لەسەر حسابی حەسانەوە و هەروەها سەروەت و سامانیان، بگرە بە قوربانیدان بە تەنانەت گیانی خۆشیانەوە بوو بێت، مەردانە و بێباکانە چوونەتە ژێرباری قورسی ئەو ئەرکە پیرۆز و دژوارەوە، بەبێ ماندووبوون و سڵەمینەوە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بوونە کاروانەکە بە رێچکە و رەوتە شیاوەکەیدا تێپەڕێنن و درێژەی پێبدەن و بەهەرچی چۆنێ بووە بیگەیەننە دوا قۆناغی و ئەو ئاواتە بەرزەیان کە خۆی لە (خولقاندنی) ئەوەی پێی دەگوترێت (سینەمای کوردی)دا بەرجەستە دەکات بهێننە دی. لەم مەیدانەیشدا دەکرێ ئاماژە بە چەند ناوێکی هەرە دیار و ناسراوی گەلەکەمان بدەین کە جێ پەنجەیان روون و ئاشکرا بە بابەتەکەوە دەبینرێت و لە مێژووی سەرهەڵدان و پەیدا بوونی هونەری (سینەما) و فیلمسازی کردندا شوێنێکی شایستە و تایبەت بەخۆیانیان داگیر کردووە، دەکارێین بە بنیاتنەر و خولقێنەری سەرەتا و دەستپێکی سینەمای کوردییان پێناس بکەین، وەك:

١- هونەرمەندی پایەبەرز و توانا و سینەماکاری کوردستانی باکوور (یەڵماز گۆنای) کە خودانی چەندین شاکاری دانیسقەی وەك یۆل (رێگا)یە کە

بەئاوارەیـی و لـە تاراوگـەی هەنـدەران هـەر لـە تافـی لاوێتیـدا بـە ناکامـی سـەری نایـەوە و دەرفەتـی ئـەوەی بـۆ نەڕەخسـا خزمەتـی زێـتر بـە هونـەری سـینەمای کوردیـی بـکات.

٢- (کامـەران حوسـنی)ی کـورد نـەژاد- کـە لـەم نزیکانـەدا ئەمیـش لەهەنـدەران کۆچـی دوایـی کـردووە- بەدامەزرێنـەری بنچینەیـی پیشـە و هونـەری سـینەمای عێراقـی دادەنرێـت، بەتایبەتـی کـە هـەر لـە سـاڵەکانی پەنجایەکانـی سـەدەی رابـردووەوە بـە چەنـد فیلمێکـی بـە نێوبانگـی وەك (سـەعید ئەفەنـدی) هاتـە مەیدانەکـەوە و سـەرکەوتنی بەرچاویشـی بەدەسـت هێنـا.

٣- خـۆ دەرهێنـەری هـەرە بلیمـەت و هونەرمەنـدی سـینەماکاری نـاسراوی کـورد، بەهمەنـی قوبـادی کـە خاوەنـی چەندیـن شـاکاری گرنـگ و بـە نرخـی سـەرکەوتووە و ژمارەیـەك خـەڵات و میداڵـی لـە کێبرکـێ و فیسـتیڤاڵی نێونەتەوەیـی لەسـەر ئاسـتی جیهانیـدا بـە دەسـتهێناوە، پێویسـت بـە پێناسـەکردن نـاکات، ئومێـدی لێدەکـرێ بـەو شـێوازە واقیعـی و زانسـتیانیەی لەکارەکانیـدا گرتوویەتـە بـەر وەرچەرخانێکـی هەسـتپێکراو لـە (هونـەری سـینەمای کـوردی) دا بێنێتـە ئـاراوە و گیانێکـی سەردەمیانەشـی بەبـەردا بـکات و گـوڕ و تینێکـی چاوەڕواننەکـراوی پـێ ببەخشـێت، هەروەکـو لـە فیلمـی (زەمەنـێ بـۆ مەسـتی ئەسـپەکان) و هەروەهـا فیلمـی (کیسـەڵەکانیش دەفـڕن) و ئەوانـی دیکەشـدا کردوویەتـی، لـە بەرهەمـە بەپێزەکانـی داهاتوویـدا هەمـان رێچکـە بگرێتـە بـەر و پـەرەی زیاتـر بەکارەکانـی بـدات و سـەرکەوتن لـە دوای سـەرکەوتندا بەدەسـت بهێنـێ تاوەکـو بـواری ئەوەمـان بـۆ برەخسـێنێت بکارێیـن بـە شـانازیی و بەبـێ هیـچ دوو دڵییەکـەوە دەنـگ هەڵبڕیـن و بڵێیـن (ئێمـەی کوردیـش سـینەمامان هەیـە) ئەگەرچـی سـینەمای کـوردی لـە هەنگاوگەلـی سـەرەتاییدایە، پێویسـتە کاربەدەسـتانی هەرێـم و سـاماندارانی کوردسـتان ئامادەباشـیی و هاوکاریـی تـەواو و بـێ سـنووری لەگەڵـدا بکـەن و رۆشـنبیران و جەمـاوەری هونەرپـەروەر و

ئەدەبدۆستی کوردیش ئەرکی سەرشانیانە بە ئەوپەڕی لێبڕاویەوە پشتگیریمان بکەن و بە هەموو شێوەیەك هانیان بدەن. لە کۆتاییدا نابێت هونەرمەندانی وەك (مەهدی ئومێد، جانۆ رۆژبەیانی و ئەنوەر سندی و حاجی مەکی عەبدوللا و چەندانی دیکەش کە بەرهەم و رۆڵی کاریگەر و بەرچاویان لە مەیدانەکەدا هەیە فەرامۆش بکرێن).

.

# پرۆژەی «شانۆی نەتەوەیی کورد»

برای بەڕێز، کاك سەباح عەبدولڕەحمانی شانۆکار، سڵاو

بـۆ راپرسـییەکەتان رۆژی ٢٠٠٤/١٢/١ دەڵێـم: لەمێـژە گوتـراوە (شـانۆ قوتابخانـەی گەلـە) یـان وتوویانـە «شـانۆیەکی ئـازادم بدەنێ تـا گەلێکی هۆشـیار و پێگەیشـتووتان بـۆ ئامـادە بکـەم»!

بەمـەدا بایـەخ و گرنگـی (شـانۆ) بـۆ هـەر گـەل و کۆمەڵگایـەك لەهەرچـی قۆنـاغ و سـەردەمێکدا دیاردەکەوێـت، گەلـی کوردیشـمان کـە تامـەزرۆی ئـازادی و پێشـکەوتن و شارسـتانییە، هەروەهـا خاوەنـی مێژوویەکـی بەهـاداری ئەزموونـی شـانۆیی پڕاوپـڕ لـە سـەرکەوتن و شکسـتی پـتر لـە نیـو سـەدەی خۆیەتـی و کـەم و زۆر لـەم بـوارەدا بێبـەش نەبـووە، سـەردەمانێك بـەو پـەڕی توانـا و لێهاتوویـیـەوە لـە لێوارەکانـی ترۆپـك و لوتکـەی

سەرکەوتن نزیك ببۆوە، دەڵێم لە ئێستەدا لە هەر کاتێکی دیکەی زیاتر پێویستی بە (شانۆ)یەکی جیددی و راستەقینەیە و گوڕدان بە بزووتنەوەیەکی شانۆیی خۆماڵی هەیە، بزووتنەوەیەك لەگەڵ رەوتی رۆژگار و هەروەها هیوا و ئاواتەکانی گەلی کوردستان و پەرسەندنەکانی هونەرەکە لە گشت لایەن و رووەکانییەوەدا یەك بگرێتەوە و بۆ ئەوەی تەپوتۆزی لەسەر نیشتووی لێ بتەکێنێ و لە خەوی غەفڵەتیا رایچەنێنێ و گیانێکی سەردەمیانەی بکاتەوە بە بەردا و نەك تەنیا شکۆی رابوردووی بۆ بگەڕێنێتەوە بەڵکو بە هەنگاوگەلی گورج و خێرا و راست و دروست گەشەی زێتری پێ بکات و بە رەوتی کاروانی گەلانی دەوروبەریشی بگەیەنێت. ئەمەیش بە جێبەجێکردنی بڕیارە بایەخدارەکەی وەزارەتی رۆشنبیری هەرێمی کوردستان بە «پرۆژەی دامەزراندنی شانۆی نەتەوەیی کورد» و ئەنجامدانی دێتە دی.

مەرجیشە بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆژە نەتەوەییە کە سەرتاسەری بێت، بە واتا بزاڤی شانۆیی بە هەموو لق و پۆپەکانییەوە و لە سەرتاپای هەرێمی کوردستاندا بەخۆیەوە بگرێت و دەسەڵاتێکی نێوەندیی و بودجەیەکی تایبەت بە خۆیەوە و کەسایەتییەکی دانپیانراوی یاسایی هەبێت، سەرپەرشتی تێکڕای تیپە شانۆییەکان و چاودێری تەواوی چالاکی و بەرهەمەکانیان بکات و، هاوکاری و یارمەتی ماددی و مەعنەوی بۆ تیپەکان و ئەندامەکانیان دابین بکات، لە هەمانکاتدا رێگا بە پێشکەشکردنی هیچ بەرهەمێکی کرچ وکاڵ و ناشایستە نەدات و هەردەم لە هەوڵی بێوچانی ئەوە دابێت کە (بەرهەم) واتە (دەق)ی سەرکەوتوو، بە شێوازی سەرکەوتووانە نمایش بکرێت.

بەم شێوەیە ئەم پرۆژەیە سەردەکەوێت و بزاڤی شانۆی کوردیش بەرەو ترۆپك هەنگاو هەڵدەگرێت.

لەگەڵ هیوای سەرکەوتن و رێزی بێ پایانم بۆ سەرجەم شانۆکاران و شۆڕەسوارانی ئەم کاروانە مەزن و پیرۆزەدا.

چاوەوانی هەوڵی بێوچانتانین.

هەر شاد بن.

# دڵدار شاعیری پێشکەوتنخواز
# «ئەی رەقیب» مارسیلێزی کوردستان

هونـەری شـیعر و پەخشـانەکانی (دڵـدار) تـا ئێسـتەیش جگـە لـە چەنـد هەوڵێکـی سـەرەتایی هەنـدێ نووسـەر و رەخنەگرانمـان دڵسـۆزانە و بەپێـی توانـا داویانـە بـۆ تیشـك خسـتنە سـەر ژیـان و بەرهەمەکانـی ئـەم کەڵـە شـاعیرە جوانەمەرگەمانـەوە کـە (لـە ناویانـدا نووسـینەکەی کاك عەبدولخالیـق عەلائەدیـن[1] هەڵدەگـرێ بـە چاکترینیـان بژمێـردرێ، چونکـە لـە نزیکـەوە راو زانیاریـی چەنـدان شـاعیر و شـارەزا و هـاوەڵ و هاوبیـری دڵـداری وەرگرتـوون، بـۆ یەکەمیـن جـار پەخشـانە نووسـین و ژینامـەی دڵـداری خسـتۆتە بـەر دەسـت و دیـدەی

١. -کتێبی( دڵداری شاعیری شۆڕشگێڕی کورد) نووسینی عبدالخالق عەلائەدین

خوێنەرانـەوە). دەڵێـم هونـەری ئـەم هۆنـەرە بلیمەتـە تـا ئێسـتەیش وەك پێویسـت هەڵنەسـەنگێنراوە و لێکۆڵینـەوەی تێروتەسـەلی لەسـەر نەکـراوە کـە هەڵدەگـرێ چەنـدان کتێبـی دیکـەی لەسـەر بنووسرێتـەوە و ئەگـەر هەمـوو سـاڵێك کـۆڕ و کۆبوونـەوە و سـیمیناری بـۆ سـاز بدرێـن[٢] بـە مەبەسـتی نیشـاندانی پلـە و پایـەی بـەرزی شـاعیریەتی و ناسـاندنی بیـر و بۆچـوون و جیهانبینـی و ئاسـتی فیکـر و رۆشـنبیریی و رێبـازی شۆڕشـگێڕانەی (دڵـدار) لـە ژیانـدا، هێشـتا هـەر زۆر کەمـە!! وێـڕای ئەمـەش دەستپێشـخەرییەکەی مامۆسـتای گـەورە (رەفیـق حیلمـی)ی خوالێخۆشـبوو بەسـە بـۆ ئـەوەی نـرخ و شـوێنی (دڵـدار) لـە نێـو بوێـژ و ئەدیبەکانمانـدا بزانرێـت!

نووسـەر لـە کتێبـە بـە نرخەکەیـدا دەڵـێ:[٣] بـەلای ئێمـەوە دڵـدار شـاعیرێکە زۆر بـاڵا. هەروەهـا دەنووسـێ: دڵـدار هـەر لـە (مەکتەبـی ئیبتدائیـەوە) دەسـتی کـردووە بـە شـیعر ووتـن، لـەم مەیدانـەدا گـۆی هونـەری بردۆتـەوە لەبـەر ئـەوە ئێمـە کەموکورتـی شـیعرەکانی ئەومـان نەگرتـە بەرچـاو، بڕوامـان هەیـە بـەوە کـە شـاعیرێکی (فطـری) و خـواداوە، هیـچ گومانـی تێـدا نییـە کـە هەلێکـی بـاش و کۆڵینەوەیەکـی ئەدەبـی ورد دڵـدار ئەگەیەنێتـە ریـزی شـاعیرە گەورەکانـی کـورد! ئـەوەش لـەوێ بوەسـتێ لەلایـەن بیـری قـووڵ و خەیاڵـی وردەوە ئێسـتەیش دڵـدار گەلـێ لـە ژوور ئـەو شـاعیرانەوەیە کـە هەنـدێ وشـەی زەق و تەعبیـری سـاردی وا ئەهۆننـەوە و ئەیکـەن بـە (نظـم) کـە بـە دیمـەن و بیسـتنی شـیرین و رەنگینـن، بـەڵام لەمانـا حەقیقەتـدا پـووچ و بـێ کەڵکـن. ئێمـە ناتوانیـن لێـرەدا هەنـدێ شـیعری دڵـدار بنووسـین کـە زادەی بیرێکـی زۆر قـووڵ و زەکایەکـی ئێجـگار تیـژن

---

٢. - ئـەم لێکۆڵینەوەیـە بـۆ ئـەو کـۆڕە نووسرابـوو کـە (لیژنـەی رۆشـنبیری کۆیـە) ئێـوارەی رۆژی ١٩٩٢/١١/٢٧ بـۆ یـادی ٤٤ سـاڵەی کۆچـی دوایـی دڵـدار سـازیاندا کـە بـە داخـەوە لەبـەر چەنـد هۆیـەك نەمتوانـی بەشـداری تیـادا بکـەم (نووسـەر)

٣. - «شیعر ئەدەبیاتی کوردی» نووسینی: (رەفیق حیلمی)

و لایشـــمانەوە ئـــەو شـــیعرانەیەتی کـــە دڵـــدار و شـــاعیریەتی بڵنـــدی دڵـــداری بـــە ئێمـــە ناســـی، ئـــەو شـــیعرانەی کـــە لـــە هۆنینـــەوە و دروســـتکردنی وشـــە و تەعبیـــری رەنگاورەنـــگ و رێکخســـتن و یەکخســـتنی قافیـــە زیاتـــر لێکۆڵینـــەوەی فەلســـەفەی ژیانمـــان بیـــر ئەخاتـــەوە و چەشـــنی لێکدانـــەوەی ئـــەم شـــاعیرەمان پـــێ ئەگەیەنـــێ کـــە بەتەمـــەن منـــاڵ و بـــە مێشـــك پێگەیشـــتووە[٤]. بێگومـــان مەبەستیشـــی لـــە سروودی (ئـــەی رەقیـــب) و شـــیعرە سیاســـیەکانی دیکەیەتـــی.

ئەمـــە هەڵســـەنگاندن و بۆچوونـــی کەڵـــە نووســـەر و رەخنەگرێکـــی نیـــو ســـەدەی رێـــك بـــەر لـــە ئێســـتایە، ئاخـــۆ رەخنەگرانـــی ئیمـــڕۆی ســـاڵانی کۆتایـــی ســـەدەی بیســـتەم کەڵـــە شـــاعیری شۆڕشـــگێڕ و نوێخـــواز، شـــاعیری چینـــی چەوســـاوە و زەحمەتکێشـــانی نەتـــەوەی کـــوردی دابـــەش و ژێـــر چەپۆکـــی دوژمـــن و داگیرکەرانـــی بێگانـــە چـــۆن بنرخێنـــن و لـــە دنیـــای ئەرخەوانیـــی شـــیعر و ئەدەبیاتـــی کوردیـــدا چ شـــوێن و رێزێکـــی شـــیاوی بـــۆ دیـــار بکـــەن!

دڵـــدار وەکـــو شـــاعیر، لـــە زۆربـــەی بوارەکانـــی شـــیعردا ئەســـپی خـــۆی تـــاوداوە و گـــۆی ســـەرکەوتنی بردۆتـــەوە، بەتایبەتـــی لـــە بـــواری شـــیعری سیاســـی و نیشـــتمانیدا لـــە ســـەرجەمی ئـــەو بوارانـــەدا بەرهەمـــی نایـــاب و دڵگیـــر و بـــە تـــام و پێـــز و ســـەرکەوتووی هـــەن، بـــەڵام لـــە هەموویـــان زیاتـــر دڵـــدار بەهـــۆی (ئـــەی رەقیـــب) ەوە نێوبانگـــی دەرکـــردووە، لـــە هەمـــوو کوردســـتاندا نـــاسراوە، ئەمەیـــش وەك هـــەر شـــاعیر و نووســـەر و هونەرمەندێـــك کـــە هەریەکـــە و زێـــتر بـــە بەرهەمێکـــی تایبەتییـــەوە نـــاو و دەنـــگ دەردەکـــەون و لـــەلای جەمـــاوەر چاکـــتر بـــەم شـــاکارەوە دەناسرێنـــەوە!

جـــا هـــەر وەنەبـــێ (ئـــەی رەقیـــب) چاکتریـــن بەرهەمـــی دڵـــدار بێـــت، یانەخـــۆ هەڵبەســـتی لەمـــە ســـەرکەوتووتری نـــە نووســـیبێ، بـــە تایبەتـــی لـــە رووی تەکنیـــك و

٤. - بڕوانە کتێبی «دڵداری شاعیری شۆڕشگێڕی کورد- ل ١٦٦-١٦٧)

شێوە و هونەر وێنەی شیعری و جوانکارییەوە، نەخێر، بەڵام چەند فاکتەرێکی تایبەت بوونەتە هۆی ئەوە کە (دڵدار) ی شاعیر زێتر بەم (سروودە)وە بناسرێت و سروودەکەش لە سەرتاسەری کوردستاندا و بگرە لە هەندەرانیشدا دەنگ بداتەوە و بۆ ماوەی نیو سەدەیەك و تا ئێستەش ببێت بە (مارسیلێزی کوردستان)! فاکتەرەکانیش دەشێ لەم خاڵانەی خوارەوەدا خەست بکرێنەوە:

١- فاکتەری نەتەوایەتی: وا پێدەچێ لە پێش ئەم سروودەدا نەتەوەی کورد چامەیەکی سیاسی دیکەی لەم بابەتەی نەبوبوێت کە ئاوا (بە گوڕ و پڕمانا و هاندەر وسۆز بزێو و بەربڵاو بووبێت، توانیبێتی سنووران ببەزێنێ و پانتاییەکی ئەوەندە بەرفرەوان لە کوردستاندا بۆ خۆی داگیر بکات و ببێتە وێرد بەسەر زوبانی ورد و درشتی میللەتی کوردەوە.

٢- فاکتەری مێژووی سیاسی: داهێنانی سروودەکە هاوشانبووە لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆمەڵە و حزب و رێکخراوە سیاسییە کوردییەکاندا و بەتایبەتی دروستبوونی حزبی (هیوا) و (ژێ کاف) و (شۆڕشی رزگاری) و دواتریش (پارتی دیموکراتی کورد) و دامەزراندنی (کۆمارە کۆرپەکەی مەهاباد) و پەرەسەندنی بزاڤی رزگاریخوازی کورد بەرادەیەك کە (ئەم سروودە) بوو بە (پێناسە)یەك و بووە (دروشمی) سەرجەم هێزە بەرهەڵستکارە کوردییەکان و بزووتنەوەی نەتەوەیی و نیشتمانیی و دیموکراسیی پێشکەوتنخوازی میللەتی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا بوو بە هێڵی لێك جوداکەرەوەی دۆست و دوژمنانی کورد! لێرەدا دەتوانین بە راشکاویەوە بڵێین (تا ئێستێ هیچ چامە و هۆنراوەیەك بە وێنەی (ئەی رەقیب) لە نێو جەماوەردا بڵاو نەبۆتەوە و شۆرەت و نێوبانگی وەدەس نەهێناوە) چونکە وەك لە سەرەوە باسمانکرد ماوەی پەنجا ساڵێکە بەبێ پچڕانەوە و بەردەوام سەرتاپای زۆربەی هەرە زۆری گشت ئێزگەکانی رادیۆ کوردییە نهێنییەکان و سەرجەم کۆڕ و مهیرەجان و ئاهەنگ گێڕان، بەتایبەتی لە (نەورۆز و بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان)دا لە ناوەوەی کوردستانی

گـەورە و لـە دەرەوەیشـدا، بـەسروودی (ئـەی رەقیـب) دەس پێکـراون و کۆتاییـان پێهێـنراوە. ئەمەیـش خـۆی لـە دنیـای ئەدەبیاتـی سیاسـی گەلانـدا دیاردەیەکـی کەموێنـەو بێهاوتایـە و بۆمـان هەیـە بڵێیـن تیایـدا (ئـەی رەقیـب) بەبـێ (مونافیـس) پلـەی (یەکەمیـن)ی وەرگرتـووە! لـە هەمانکاتیشـدا سروودەکـە دوژمنانـی کـوردی تۆقانـدوون، تەنانـەت وایشـی لێکـردوون لـە ناچارییـدا بـۆ چەواشـەکردن و فریـودان، جاروبـار چاوپۆشـیی لێـوە بکـەن و لـە دەزگاکانـی بڵاوکردنـەوەی خۆیشـیاندا رێگـەی پەخشــککردنی بــدەن، کەچــی زۆری نەبــردووە هەمدیــس زراو رژاو بوونەتــەوە و قەدەغەیــان کردۆتــەوە و زۆران تێکۆشــەریان بەهۆیــەوە خزاندۆتــەوە کونجــی زیندانەکانیانــەوە و بەســەختیش ســزایان داون!

٣- فاکتــەری بابــەت و ناوەرۆکــی سروودەکــە خــۆی: دڵــداری شــاعیر و شۆڕشــگێڕ زۆر وەســتایانە بابەتەکــەی داڕشــتوە و وەك پســپۆڕێکی مێــژووزان و نیشــتمانپەروەرێکی دڵســۆزی کۆڵنــەدەر و نەبــەز و خەباتگێڕێکــی شــارەزا و لێهاتــوو، مامەڵــە لەتــەك (کوردایەتــی)دا دەکات، لەهەڵبەســتەکەیدا ســەرەتا دوژمنانــی کــورد (نائومێــد و مایەپــووچ) دەکاتــەوە و پێیانڕادەگەیەنــێ کــە «ئــەی رەقیـب هـەر مـاوە قەومـی کـورد زوبـان ... نـای شـکێنێ دانـەی تۆپـی زەمـان» ئەوجـا بـەردەوام و زۆر بوێرانـە (تەحەدایـان)دەکات و دەڵـێ: «کـەس نەڵـێ کـورد مـردووە کـورد زینـدووە ... زینـدووە قـەت نانـەوێ ئاڵاکەمـان». لـە پاشـان دێـت مێـژووی قارەمانێتـی و شـکۆمەندیی کوردیـان دەدات بـەرووداو راسـتی رابـوردووی پــڕ شــانازی گەلــی کوردیــان بــۆ روون دەکاتــەوە و دەڵێــت

«ئێمـە رۆڵـەی میدیـا و کەیخوسرەویـن
دینــمان، ئاینمانــە «نیشــتمان»
«ئێمـە رۆڵـەی رەنگـی سـوور و شۆڕشـین
ســەیریکە خوێناوییــە رابردوومــان»

ئەوجــا باســی ســەردەمی ئێســتای ســەردەمی راپەڕیــن و هەڵچــوون بــێ

سـڵەمینەوە لـە قوربانیـدان و بەردەوامبـوون لـە خەبـات و فیداکارییـدا بـۆ دوژمنـان و دۆسـتانیش دەگێڕێتـەوە و تێیاندەگەیەنێـت کـە:

«چەنـد هـەزار لاوانـی کـوردی نەڕەشـێر
بـوون بـە قوربانـی و هەموویـان نێژران»
«لاوی ئێسـتاش حـازر و ئامادەنـە
جانفیدانـە، جانفیدانـە، جانفیـدان!»

دوای ئەمـە لەکۆتاییـدا دێ وەکـو (بۆمبا)یـەك ئـەم راسـتییەی خـوارەوە بـە گوێـی هەمـوو دنیـادا دەتەقێنێتـەوە و بـە دڵنیاییـەوە دوارۆژ و چارەنووسـی میللەتـە دلێرەکـەی دەستنیشـان دەکات و وەکـو شـێر بـە روویانـدا دەنەڕێنـێ و دەڵێـت:

«لاوی کـورد هەڵسـانە سـەرپێ وەك دلێر
سـا بەخوێـن نەقشـی دەکـەن تاجـی ژیان»

ئەوجـا جارێکـی دیکـەش دێتـەوە سـەر (نەعرەتـەی تەحـەددا) نەگۆڕەکەیـەوە کـە کۆتایـی (سرووەدەکـەی) پـێ جۆشـاندووە و پـڕ بـەدەم هـاوار دەکات و دەڵـێ:

«کـەس نەڵـێ کـورد مـردووە کـورد زیندووە
زینـدووە قـەت نانـەوێ ئاڵاکەمـان». [٥]

ئـەم (فاکتەرانـە) وێـڕای چەندیـن هـۆی جیـاوازی تریـش سروودی (ئـەی رەقیـب) یـان کردۆتـە (مارسـیلیزێکی گشـتی و هاوبـەش) کـە لـە سەرانسـەری هەمـوو پارچەکانـی کوردسـتانی لەتکـراودا لـە دۆڵ و نیهـاڵ و پێدەشـت و لووتکـە و تۆقەڵـە بەرزەکانـدا لـە هەمـوو ماڵـە کوردێکـی نیشـتمانپەوەردا بـە رەهایـی بـەرز بێتـەوە و بشـبێتە هێـما و نیشـانەیەکی چەسـپاوی (مـان و خۆراگرتـن و بەرگـری لـە خۆکـردن) و بەمەیـش پلـەی (نەمـری و جاویدانی)یـان (بـە سرووەدەکـە و بـە دڵـداری شـاعیر)یش بەخشـیوە!

---

٥. - هەمان سەرچاوەی پێشوو

# راستە

لە گۆڤاری (هەنگ) بڵاوکرایەوە
٢٠٠٥/٥/٢٥

سـەرەتای سـاڵی تـازەی خوێندن بـوو، دەرگای قوتابخانـەکان کرابوونـەوە. وەك زۆربەی منداڵـەکان (کۆسـار) لەگـەڵ باوکیـدا چووبوونـە بـازاڕ و کـراس و پانتـۆڵ و گـۆرەوی سـپی و جووتـێ پێتـاوی نـوێ و هەنـدێ کەلوپەلـی دیکـەی خوێندنیـان کڕیبـوون. دوایـی لـە کۆگەیەکـی دیکـەدا باوکـی (کۆسـار) جانتایـەك و یەکـدوو دەفتـەر و چەنـد پێنـووس و قەڵەمـتراش و (قایـش) و کێشـی بـۆی سـەند. لـەو کاتـەدا (کۆسـار) چـاوی بـە (راسـتە) یەکـی رەنـگ زەرد کـەوت کـە زۆر حـەزی لێدەکـرد و داوای کـرد باوکـی ئەویشـی بـۆ کڕی.

بـۆ رۆژی دواتـر، کاتژمێـر ٨ی سـەر لەبەیانـی (کۆسـار) و هاوڕێکانـی لـە گۆڕەپانـی قوتابخانـەدا ریزکرابـوون و بـە شـەوق و شـادییەوە پێکـەوە سروودی (ئـەی رەقیـب هـەر مـاوە قەومـی کـورد زوبـان) و (ئێمـە منداڵی جوانین)یـان دەخوێنـد. دوای ئەوە بـە یاوەریی

مامۆستاکانیانەوە روویان لە پۆلەکانیان کرد. مامۆستای پۆلەکەی (کۆسار) هەستی کرد هەندێ لە شاگردەکان (قوتابی) بزێو بوون و لەنێوخۆیاندا فسکە فسك و گارەگاریان دەکرد. مامۆستا هەندێك ئامۆژگاریی پێدان و دواتر (راستە)یەکی بە دەستەوە گرت و گوتی «مندالّە خۆشەویستەکان، گوێ بگرن لە نێو پۆلدا نابێ کەس ناڕەحەتی بکات. هەرچی قسان بکات و عاقڵ نەبێت بەم (راستە)یە لێی دەدەم. (کۆسار) گەڕایەوە مالّەوە یەکسەر دەستی کرد بە گریان و (راستە)کەیشی دوور تێهەلّدا. باوکی و دایکی هێوریان کردەوە و لێیان پرسی هۆی ئەم گریان و نارەحەتییەی چی بوو، باسەکەی بۆ گێڕانەوە و گوتی «راستە من (راستەم) زۆر خۆشدەویست، بۆ هێلکێشان و رەسمکردن. بەلّام ئەمڕۆ بۆم دەرکەوت (راستە) دوژمنی قوتابیانە و بۆ لێدانمان بەکار دێت». باوکیشی لەسەرەخۆ و بە زەردەخەنەوە گوتی «نا، نا، کۆسار گیان، وا نییە باشە کوڕە خۆشەویستەکەم ئایا ئەتۆ لە پۆلەکەتدا نارەحەتیت کردبوو؟» کۆسار لە وەلّامدا گوتی (نەخێر) بابەگیان، باوکی پرسی: باشە مامۆستا بە (راستە)کە لە تۆیدا؟ گوتی (نە) ئەوجا باوکی بە روویەکی خۆشەوە گوتی» ئەێ کوڕی خۆشەویستم، ئەتو قوتابییەکی ژیر و زیرەکیشیت لە پۆلیشدا هێمن و عاقڵ و بێدەنگیت. بۆیە هەرگیز مامۆستا لە (تۆ) نادات، لە هیچ هاوڕێییەکی تریشت نادات ئەگەر لاساری نەکەن. مامۆستا ئێوەی هەموو خۆشدەوێت».

(کۆسار) زۆر دلّی بەو قسانەی باوکیدا کرایەوە و دووبارە (راستە)کەی لا خۆشەویست بووەوە، ئەمە بوو، رۆژی دوایی بۆ هەموو رۆژانی تریش کە رێگای قوتابخانەی دەگرتەبەر (راستە) خۆشەویستەکەیشی لە تەك کەلوپەلەکانی دیکەیدا دەهاویشتە نێو جانتاکەیەوە و لەنێو پۆلیشدا بۆ زۆر شت بەکاری دەهێنا و سوودی لێوەردەگرت.

# فوئاد ئەحمەد ئەستێرەیەکی درەوشاوەی ئاسمانی هونەری کوردی

گۆڤاری (هونەری نوێ) ژمارە (١٣) ئەیلوول ٢٠٠٦
لە ٢٠٠٦/٨/٦ ئامادە کراوە

لە نێوەڕاست و سەرەتای پەنجاکانی سەدەی رابردوودا، خوالێخۆشبوو تایەر ئەحمەد تەیب فەرمانبەری میری بوو لە کۆیە، تا بڵێیت پیاوێکی رێکوپێک و نوکتەچی و وەرزشوان و هونەردۆست و دەنگخۆش و رۆشنبیر و مەشرەبخۆش بوو.. دۆستایەتی و تێکەڵاویی لەگەڵ نوخبەی دیاری شارەکەدا بەهێز و پتەو بوو، خۆشەویستی هەمووان بوو، هەمووان رێزیان لێدەنا و حەزیان بە کۆڕ و دانیشتنەکانی دەکرد چونکە وەك دەڵێن خۆی (گوڵی مەجلیسان) بوو.

لەو سەردەمانەدا خوالێخۆشبوو (فوئاد)ی برای کاك تاهیر لە (خانەی مامۆستایانی لادێیی) دا لە شارۆچکەی ئەوسای دهۆك دەیخوێند، هاوینان ناوە ناوە بۆ سەردانی کاکی دەهاتە کۆیە، ئاوەها لە (کۆیە)دا یەکتریمان ناسی

و لـە ڕێـی خوێنـدکارە کۆییەکانـەوە ئەوانـەی لـە هەمـان قوتابخانـەدا دەیانخوێنـد ئاشـنایەتیمان لەگەڵیـدا پەیـدا کـرد و شـارەزای بوویـن و زانیشـمان کـە ئەمیـش دەنگـی خۆشـە و نـاوە نـاوە گۆرانیـی دەڵێـت. لـەوە بـەدواوە پێوەندیـمان پـەرەی سـەند و تـا دەهـات دۆسـتایەتیمان پتەوتـر دەبـوو.

وایـش ڕێککەوتبـوو لـەو سـەروبەندەدا (باکـووری) لـە ئێزگـەی کوردیـی رادیـۆی بەغـدا جاروبـار ئاهەنگـی گۆرانیـی کوردیـی پێشـکەش دەکـرد و لەنێـو گۆرانییەکانیشـدا چەنـد هۆنراوەیەکیـان هـی (مـن) بـوون و خـۆی ئـاوازی تایبەتـی بۆیـان دانابـوو. بـەو پێیـە کاك فوئـاد زانـی کـە مـن دەسـتی شـیعر نووسـینم هەبـوو، داوای لێکـردم ئەمیـش بێبـەش نەکـەم.

ئەوەبـوو سـەرەتا هەڵبەسـتی گۆرانیـی (نامەکـەت گەیشـت یـاری وەفـادار...... لەدڵـما نەیهێشـت بریـن وئـازار) م پێـداو کـردی بـە گۆرانیـی و لـە ئێزگـەی کـوردی رادیـۆی بەغـدا پێشکەشـی کـرد و دواتـر پێوەنـدی برایەتـی و هونەریـمان گەشـەی کـرد و هاتووچـۆی یەکـتر و دانیشـتنی پێکەوەمـان زیادیکـرد و پەیتـا پەیتـا هۆنـراوەی گۆرانـی و سروودی لێوەردەگرتـم و لـە رادیـۆ، دوای دامەزراندیشـی لـە تەلەڤزیۆنـی کەرکـووك تۆمـاری دەکـردن و پێشکەشـی دەکـردن. ئەوجـا داوای هۆنـراوەی (ئەمیرەکـەم دڵگیرەکـەم بەهـارت لـێ شـەرمەزارە ... گوڵـی گیانـە یەخسـیرەکەم تیـرت لـە دڵ سـەد هـەزارە) کـە وەکـو خـۆی دەیـان جـار لـە کـۆڕ و دیمانـەی لـە رادیـۆ و تەلەڤزیۆنـدا چەنـد بـارەی دەکـردەوە کـە (بـەم گۆرانییـە)وە زێـتر نـاسراو بـووە و نێوبانگـی دەرکـردووە، هەروەهـا سروودی (سـوێندی پێشـمەرگە) کـە لـە ئێزگـەی (دەنگـی کوردسـتان) و لەگـەڵ سروودەکـەی (مەدحـەت بێخـەو: ئێمـە پێشـمەرگەین هەتـا ماویـن لـە ژیـن) لـە ئاهەنگـەکان و بۆنـە نەتەوەیـی و نیشـتمانییەکاندا پێشکەشـی دەکـردن، نێوانمـان ڕۆژ بـە ڕۆژ ڕوو لـە بەرزبوونـەوە بـووە، تـا ئـەو ڕۆژە خەمناکـەی لـە هەنـدەران، سـەد حەیـف و مخابـن بـە بێکەسـیی لـە ئاوارەیـی و غەریبیـدا سـەرینایەوە و ماڵئاوایـی ئێجگارەکـی لـە کوردسـتان و هونـەری کوردیـی و

دۆســت و ناســیاوانی کــرد.

فوئــاد ئەحمــەدی نەمــر مرۆڤێکــی هەســت ناســك، دەنگخــۆش، بــە وەفــا، بــە توانــا، رەوشــت بــەرز، خزمدۆســت، ســەخی تەبــع، دڵفــرەوان، خێرخــوا، کوردپــەروەر و خــاوەن هەڵوێســت بــوو. جگــە لــە گۆرانییــە عاتیفــی و دڵدارییــە خۆشــەکانی، چەندیــن سروودی پــڕ جــۆش و گــڕداری بــۆ پێشــمەرگە و گەلــی کوردســتان و شۆڕشــی ئەیلــوول چڕیــوە و بــە شــانوباڵی شۆڕشــگێڕانی هەڵــداوە و بــۆ هاندانیــان دەستخۆشــیی لێکــردوون.

هــەر ئــەو هەســتە نیشــتمانییەش پاڵــی پێوەنــاوە ســاڵی ١٩٧٤ دوای پاشــگەزبوونەوەی حکومەتــی ئەوســای حزبــی بەعــس لــە بەندەکانــی رێککەوتنامــەی ١١ی ئــادار و پێشــێلکردنی وادە و پەیمانەکانــی بــە کــورد و ســەرکردایەتی شۆڕشــی مەزنــی ئەیلوولیــان دابــوو، پــاش دەســتپێکردنەوەی هێرشــی ســەربازیی ئــەو رژێمــە فاشســتەوە بــۆ ســەر کوردســتان، فوئــادی هونەرمەنــد وەك زۆربــەی هونەرمەنــد و دڵســۆزانی دیکــەی کوردســتان وازی لــە فەرمــان و مووچــە و پلــە و پایــە و ژیانــی نێوشــار هێنــاو، بــە خاوخێزانــەوە خۆیــان گەیانــدە ناوچــە ئازادکــراوەکان و پێوەندیــی بــە شۆڕشــەوە کــرد و ســەرەتا لــە (ناوپــردان) گیرسایەوە و لەگــەڵ هونەرمەندانــی هەمــوو کوردســتاندا کــە لــە هەمــوو شــار و ناوچەکانــەوە هاتبــوون، تیپێکــی هونەریــی مــەزن و ســەرکەوتوویان بــۆ (شــۆڕش) پێکهێنــا و چەندیــن چالاکــی بایەخداریــان نوانــد و زۆران بەرهەمیــان پێشــکەش کــرد و لــەو رێگەیــەوە درێــژەی بــە خەبــات و هەڵوێســتی کوردانــەی خۆیــەوە داو دواتریــش رویانکــردە شــارۆچکەی (شــنۆ) وە لەوێــدا کــە خــۆم لــە ماڵــەوە ســەردانیانم کــرد و میوانیــان بــووم، بــە نەمــر و نــەژی ژیانــی رۆژانــەی خۆیانیــان بەســەر دەبــرد، هەتــا دوای نســکۆی شــۆڕش لــە ئەنجامــی پیلانــی رێککەوتنامــەی جەزائیــر لــە ١٩٧٥/٣/٦ لــە نێــوان ســەدام حوســێن و شــای ئێرانــدا بــە پشــتگیری و ئامادەبوونــی (هەنــری کیســەنجەر)ی وەزیــری دەرەوەی ئەوســای ویلایەتــە یەکگرتووەکانــی ئەمەریــکاوە پەرتــەوازە بوونــی زۆربــەی زۆری شۆڕشــگێڕان،

خوالێخۆشبوو گەڕایەوە هەولێر و دواتریش پاش راپەڕین سەری خۆی هەڵگرت و روویکردە هەندەران، کە مخابن هەر لەوێدا لە تاراوگە سەرینایەوە.

فوئادی رەحمەتی وەکو هونەرمەندی خاوەن سەلیقەیەکی ورد و دەنگێکی زوڵاڵ و ناسکی تایبەت و هەستێکی بەرز و توانستێکی بێ پایان بوو.

سەرەتا وەکو زۆربەی هونەرمەندانی تر بە لاساییکردنەوەی گۆرانیبێژە ناسراوەکانی سەردەمی خۆی و پێش خۆی و هەروەها گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان دەستی پێکرد و هاتە نێو کۆڕی هونەرەوە. دواتر قوتابخانەیەکی تایبەت بە خۆیەوەی هێنایە ئاراوە و دەتوانین بڵێین لە تەك شەماڵ سایب و حەمە ساڵح دیلان و تایەر تۆفیق و تەحسین تەهاو باکووری و چەندانی تردا بەشداریی لە شۆڕشێك (یاخود گۆڕانکارییەکی) دیار و سەرکەوتوودا کرد و لەو مەیدانەدا رەوت و شێوازێکی تازەیان بۆ هونەری گۆرانیی و مۆسیقای کوردی داهێنا و لەو رووەوە پەرەیان بە هونەرەکەداو چەندین هەنگاو بۆ پێشەوەیان برد، کە تاکو ئیمڕۆش شوێن پەنجەیان بە رەوشەکەوە دیار و بەردەوامیشە.

کاك فوئادی رەحمەتی لە پاڵ سروود و بەستە و گۆرانی عاتیفی (دڵداریی و سۆزدار) مەقامیشی گوتووە و لە هەمانکاتیشدا ئاوازیشی بۆ چەند گۆرانییەکی خۆی داناوە، هەروەها گۆرانیی بۆ (ورەزش و لاوان و ژن و ئافرەتان و خوێندکاران) گوتووە.

بە کورتی فوئاد ئەحمەد وەکو مرۆڤ و وەکو هونەرمەند لای هەمووانەوە خۆشەویست و رێزدار بوو، لە دڵی جەماوەری بە وەفای کوردستاندا جێگەی شیاو و چەسپاوی بۆخۆی داگیر کردووە، بە کۆچی دواییشی کەلەبەرێکی ئێجگار فرەوانی لە مەیدان و بواری گۆرانیی رەسەنی کوردیدا جێهێشتووە، بە مردنیشی کوردستان کەڵە هونەرمەندێکی کارامە و دڵسۆز و لێهاتووی لە دەستداوە. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی بێت.

# (تصحیح یان تصلیح) نە (تصحیح نە تصلیح)

رۆژنامەی خەبات ٢٠٠٧/٦/٦

ئەم زاراوانە (وشە عەرەبیانە) بە زۆری لەم کاتانەی ساڵدا، واتا وەرز و سەردەمی تاقیکردنەوەکان بەتایبەتی ئەزموونەکانی کۆتایی ساڵ و تایبەتی تریش بۆ ئەزموونەکانی (بەکالۆریا) بەکار دەبرێ و دەکەوێتە سەر زارانەوە، زێتریش لەنێو قوتابی و خوێندکار و دەستەی مامۆستایاندا بەشێوەیەکی دیاریش ئەو مامۆستایانەی لەلایەن پەروەردەوە پێداچوونەوە و دانانی نمرە بۆ وەڵامی قوتابییە تاقیکراوەکانیان پێ دەسپێردرێت، بۆ ئەوەی ئاستی فێربوون و سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی خوێندکارەکان و ئەنجامەکانیان دوای کۆششی ساڵێکی خوێندن، دیاری بکەن و بەوپێیە بڕیاری ئەوە بدرێت خوێندکار بۆی هەیە قۆناخەکەی ببڕێت و بگوێزرێتەوە بۆ قۆناخی دواتر و باڵاتری خوێندن

و پــەروەردە، یــان بــە پێچەوانــەوە پێویســت دەبــێ ســاڵێکی دیکەیــش هەمــان پــۆل و قۆناخــی خوێنــدن دووبــارە بکاتــەوە.

ئەوەبــوو ســاڵی پــار رۆژنامــەی خەبــات لــە گۆشــەی (پرۆفایــل)ی ژمــارە ٢٢٣٨ی خۆیــدا رۆژی ١٦ی ئابــی ٢٠٠٦ بابەتێکــی بــە پێنووســی بەرێــز (عەلــی کاکەشــین) بڵاوکردبــۆوە تیایــدا نووســیبووی ئەمــە دەقەکەیەتــی دەڵێــت (کاك تاریــق قەراجــی لەبــارەی کەموکــوڕی زمانــی کــوردی و دەربڕینــی رەخنــە دەگــرێ، رەخنەکــەش رێــك مامۆســتایانی گرتۆتــەوە گوایــە زۆربەیــان لــە جیاتــی (تصحیــح) نازانیــن ئیــدی (تصلیــح) بــەکار دەهێنیــن ئینجــا دێــت هــەردوو وشــە بــۆ مامۆســتایان شــی دەکاتــەوە مانایــان چییــە).

لــە شــوێنێکی تــری پرۆفایلەکەیــدا دەڵێــت (لــەو بابەتــەدا دوو وشــە زەقکراوەتــەوە (تصحیــح و فیــراری) کــە هەردووکیــان لــەکات و بابەتــەوە زۆر لێــك دوورن، ئەویــان لــە نــاو خەڵــك بــەڵام ئەمیــان مامۆســتای پــەروەردە بــەکاری دەهێنــێ، ئــەوەی مەبەســتی کاك تاریــق قەراجــی یەخــەی زۆربــەی مامۆســتایانی کوردســتانی گرتــووە گوایــە لــە جیاتــی (تصحیــح) دەڵێــن (تصلیــح) جــارێ هــەق نەبــوو زۆربــەی مامۆســتایان بخاتــە ڕوو، چونکــە لێکۆڵینــەوەی مەیدانــی نەکــردووە، رەنگــە مامۆســتایەك یــان دوو مامۆســتای بیســتبێ دوایــی ئــەو بەرێــزە دەڵێــت: رێــز و بــەرزی مامۆســتا زۆر لــەوە گەورەتــرە ئــەو هەڵــە بــە یاخــەی زۆربــەی مامۆســتایانمانەوە بکەیــن..!

تا ئێرە لە دەقی ناوبراو وەرگیراوە..

جــا بــۆ راســتکردنەوەی ئــەم (هەڵــە گشــتییە بــاوە) (الخطــأ الشــائع) وەك عەرەبــی دەگوترێــت، دەڵێــم براینــە ئــەم دوو زاراوەیــە هیــچ کامیــان بــۆ ئــەم مەبەســتە راســت نییــە و ئامانــج ناپێکێــت، چونکــە یەکــەم هەرچــی (تصلیــح) ەکەیــە ئــەوە وەك لــە فەرهەنگــەکان لێکدراوەتــەوە بەواتــای mend چاککردنــەوە (راســتکردنەوە) و چــاك کــردن هاتــووە. بەتایبەتــی بــۆ چاککردنــەوەی کەلوپــەل و

ئامێـر، وەك چاککردنـەوەی (تەلەڤزیـۆن و پانکـە و سـەتەلایت و رادیـۆی تێکچـوو، سـەییارە، ماشـێن و ئۆتۆمبیلـی لـە کار کەوتـوو، خانـووی رووخێـنراو، سـەعات و کورسـی و تەختـەی شـکاو، یـان جلوبـەرگ و پێـڵاوی دڕاو.. هـەزاران شـتی مەتیریالـی تـر..

دووەم وشـەی (تصحیـح) کـە بـە ئینگلیزییەکـەی correction /correct بـە واتـای (راسـتکردنەوە، هەڵـەی چاککـردن، هەڵەبڕکـردن و چاکردنـەوە) هاتـووە، دەکرێـت بـۆ مەبەسـتی تاقیکردنـەوەی قوتابخانـەکان بـەکار بێـت ئەویـش لەکاتـی تاقیمانەکانـی مانگەکانـی ساڵ و یـان بـۆ ئەرکەکانـی ماڵـەوەی خوێنـدکار، چونکـە لـەو حاڵەتانـەدا مامۆسـتا دەفتـەر و نووسـینەکان و وەرامەکانـی قوتابیانـی دەپشـکنێت و نیشـانەی چـەوت و راسـتیان بـۆ دادەنێـت و ئامـاژە بـە هەڵەکانیـان دەدات و راستیشـیان دەکاتـەوە بـۆ ئـەوەی خوێنـدکار دوای وەرگرتنـەوەی دەفتـەر یـان (وەرەقە)کانـی ئیمتیحـان هەڵەکانـی خـۆی بزانێـت و هـەوڵ بـدات راسـتیان بکاتـەوە سـوود لـەو کارەی مامۆسـتاکەی وەربگرێـت، ئـا لێـرەدا دروسـتە بڵێیـن (تصحیـح و تصحیحـات) لـێ بـۆ تاقیمانەکانـی بەکالۆریـا کـە مەبەسـتی سـەرەکی ئـەم نووسـینەمانە، مامۆسـتای دانـراو لـە لیژنەکانـی پشـکنینی دەفتـەرەکان – هەڵەکانـی قوتابـی دەستنیشـان دەکات بـەڵام راسـتیان ناکاتـەوە، چونکـە راسـتکردنەوەکە بـێ سـوودە و تەنهـا کات بـە فیڕۆدانـە، چونکـە خوێنـدکار هەرگیـز چـاوی بـە دەفتەرەکـەی ناکەوێتـەوە تاکـو بـە هەڵەکانـی خـۆی بزانێـت و جارێکـی تـر دووبارەیـان نەکاتـەوە. بۆیـە کاری مامۆسـتا تەنهـا بریتییـە لـە marking (نیشـانەکردن- دیاریکردنـی هەڵـەکان و بـەو پێیـە نمـرە لەسـەردانانی وەڵامـەکان.. بۆیـەکا بـە دروسـتی دەزانـم چیـتر نـاوی (مصحـح) لـەو مامۆسـتایانە نەنرێـت و بـۆ بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی ئەزموونەکانـی وەرزارەتـی پـەروەردە پێشـنیار دەکـەم لەمـەودوا چیـتر بـەو مامۆسـتایانە و لیژنەکانیـان (بـۆ پشـکنینی دەفتەرەکانـی ئەزموونەکانـی بەکالۆریـا) نەڵێـن (مصحـح و لیژنـەی تصحیحـات)

بەڵکــو زاراوە راســت و دروســتەکەی بــۆ بەکاربێنــن ئەمیــش (نیشــانکار نمــرە پێــدان) یــان (لیژنــەی پشــکنین و نیشــانکاری) یــان نمــرە پێــدان بــە عەرەبیــش (لجـان الفحـص و التقیـم) کـە راسـتتر مەبەسـت دەپێکێـت، هیـوادارم سـوود لـەم پێشــنیارە ببینرێــت.

لەگەڵ رێزمدا

تێبینــی: ســەرچاوە/ لاپەڕەکانــی ٥٧٨/٢٢٤/٦٥٦/٥٦٦ لــە فەرهەنگــی ئازادیــی حەمــە رەشــید قەرەداغــی.

# گوتاری پەروەردەیی

# کێشەکانی ڕەوتی پرۆسەی پەروەردە لە کوردستاندا و چەند پێشنیارێك

گۆڤاری پەیامی مامۆستا، ژمارە ٨ی تشرینی یەکەم ١٩٩٧

کێشەکانی پەروەردە و ڕەوتی پرۆسەی پەروەردە و زانست ئیمڕۆ لە کوردستاندا بە گشتیی بەم شێوەیە دێنە بەرچاو: نزمیی و لاوازیی ئاستی پەروەردە و فێرکردن لە هەموو ڕوویێکەوە و لەباریەکچوون و هەڵوەشانی پێگە و بنەما سەرەکییەکانی ڕەوشی پەروەردە و زانست بەشێوەیەکی گشتی، کە ئەمەش کاردانەوەی پێچەوانە و سەلبی خەراپی لەسەر ڕێڕەوی ژیاریی کۆمەڵگەی کوردستانیدا بەجێهێشتووە!

زۆر بە کورتی لەمبارەیەوە دەدوێم و دەڵێم: ئەم کێشەیە سێ لقی سەرەکی هەیە: ١-گرفتەکە.. بەواتا (بارە نادروستەکە) ٢- هۆیەکان ٣- چارەسەرکردن.

١- گرفتەکــە بــۆ ئــەم خاڵەیــان: ئاشــکرایە کــە تــا ڕاددەیەکــی ترســناك کەموکوڕیــی و ناتەواوییەکــی زۆر لــە ڕەوشــی پــەورەردەدا بــەدی دەکــرێ و ئاســتی خوێنــدن و زانســت وەکــو پێویســت لەبــار نییــە و بگــرە بەداخــەوە زۆریــش دابەزیــوە.

٢- بــۆ ئــەم کێشــەیە دیــارە زۆر هــۆکار هــەن، بــەڵام هــەرە گرنگەکانیــان ئەمانــەن:

أ- لــە قۆناخەکانــی پێــش ڕاپەڕینــی بەهــاری ١٩٩١ دوژمنانــی کوردســتان زۆر بــە وردی و زیرەکانــە نەخشــە و پلانــی ژەهراوییــان بــۆ ئــەوە دادەڕشــت و بەکــردەوەش پیادەیــان دەکــردن کــە کۆمەڵگــەی کوردســتان لەبەریــەك هەڵتەکێنــن و شــیرازەی شارســتانییەتی و داب و نەریتــی ڕەســەنی کــوردەواری لێــك بترازێنــن و لەبــاری ببــەن، بــۆ ئــەو مەبەســتە سەرەکییەشــیان دامــودەزگا و هۆیەکانــی (پەروەردە)یــان کردنــە هــەم (ئامانــج) و هــەم (هۆکار)یــش و بــە هەمــوو ئــەو مــاوە توانــا زۆر و زەبەندانــەوە کــە لەبەردەســتیاندابوو ڕەوشــی (پەروەردە)یــان لــە کوردســتان بــەرەو هەڵدێــری ســاماناك بــرد، تــا بۆیــان کــرا کادیرانــی پەروەردەیــان چەواشــە و بــێ نمــوود کــرد. هەروەهــا دواتــر بــە پیادەکردنــی (تەعریــب و تبعیــث) و پڕکردنــی شــوێنە گرنگەکانــی دەزگای پــەورەردە بــە کەســانی نەشــیاو، هەمــوو تەقەلــلا و هەوڵێکیشــیان بــۆ ئــەوە بــوو ئاســتی (پــەروەردە و زانســت) لــە کوردســتان بێننــە ژێــری پلــەی ســفرەوە و لــەم پیلانــە چەپەڵەشــیاندا تــا ڕادەیەکــی تۆقێنــەر ســەرکەوتوو بــوون!

ب- قۆناخــی دوای ڕاپەڕینــی جەمــاوەری بەهــاری ١٩٩١ وێــڕای گشــت هــەوڵ و تەقەللایەکــی کاربەدەســتانی خۆمــان، شــتێکی ئەوتــۆ ئەنجــام نــەدراوە کــە شــایانی بــاس لێوەکــردن بێــت و دڵ و دەروونــی پــەروەردەکاران و دڵســۆزانمان ڕازی بــکات، ئەمەیــش بــۆ ئــەم هۆیانــە دەگەڕێتــەوە:

١- هەلومەرجــی نالەبــار و دەرەنجامەکانــی ســەرەتای هــەر ڕاپەڕینێکــی

جەماوەریـی بـە گشـتی کـە بریتیـن لـە بارودۆخێکـی نائاسـایی و تەتەڵەکردنـەوەی زۆربـەی بنەمـا کۆمەڵایەتییـەکان و گۆڕانکاریـی و ململانێـی نێـوان رێسـا کـۆن و تـازە بابەتـەکان.

٢- سـەردەمی حوکمـی (فیفتی-فیفتـی) و رکابەریـی و بەرژەوەندیـی حزبایەتـی تەسـکی نـاڕەوا کـە نـەك هـەر رەوشـی پـەروەردەی بـە هیـچ کلۆجێـك بـەرەو پێـش نەبـرد، بەڵکـو زۆرەهـا کۆسـپ و ئاسـتەنگ و تەگـەرەی نالەبـاری لەبـەدەم پرۆسـەکەدا قوتکردنـەوە.

٣- سـێ سـاڵی ئێجـگار تـاڵ و سـەختی شـەڕی نەگریسـی براکوژیـی (ناوخـۆ) کـەوا نـەك هـەر بـە تەنیـا لـە بـواری پـەروەردەدا بگـرە لـە هەمـوو رووێکـەوە کۆمەڵـێ زیانـی ئێجـگار قـورس و گورچکبـڕی بـە کوردسـتان و دۆزەکـەی گەیانـدووە.

٤- بـاری داتەپیـوی ئابـوروی (چ گشـتی- حکومـەت و دەزگا رەسـمییەکان و چ تایبـەت- دانیشـتوانی کوردسـتانی ئازادکـراو بەتێکڕایـی و زۆر بەتایبەتیـش مامۆسـتایان) بـە هـۆی بوونـی هەرسـێ ئابڵۆقەکـە بەسـەر هەرێمـەوە- ئابڵوقـەی UN و ئابڵوقـەی رژێمـی بەغـدا و ئابڵوقـەی زانسـتی و رۆشـنبیری کـە لـە هەموویـان کاریگەرتـرە.

٥- خـەوش و ناتەواوییەکانـی پرۆگرامەکانـی پـەروەردە و نەگونجانیـان لەگـەڵ واقیـع و ئاواتەکانـی گەلـی کوردسـتاندا، هەروەهـا نەبوونـی کتێـب و قرتاسـییە و کەموکوڕیـی و ناتەواویـی قوتابخانـە و کەرەسـەی قوتابخانەیـی و کەلوپەلـی پێویسـت.

٣- رێگە چارە:

بۆ چارەسەریی (کێشەکە) ئەمانەی خوارەوە بە پەسند دەزانم:

١- ئاسـایش و ئارامـی لـە کوردسـتان بەرقـەرار و سـەقامگیر بـن و یاسـا و حوکمـی یاسـا سـەروەر بێـت و ژیانـی رێـك بخرێتـەوە و بچێتـەوە دۆخـی

جارانییـــەوە.

٢- ئەنجامدانـــی گۆڕانکاریـــی پێویســـت لـــە پێـــڕەو و پرۆگرامەکانـــی بابەتـــە ئینســـانییەکان بـــە گشـــتی و بەشـــێوەیەك کەلەگـــەڵ واقیـــع و طمـــوح و ئاواتـــە ڕەواکانـــی گەلـــی کوردســـتاندا کـــۆك بـــن و بـــۆ ئـــەم مەبەســـتەیش کتێبـــی تـــازە دابنرێـــن و لەکاتـــی خۆیـــدا بخرێنـــە بەردەســـتی قوتابـــی و مامۆســـتایانەوە.

٣- دانانــی (ضوابــط)ی تایبەتــی بــۆ وەرگرتنــی قوتابیــان لــە خانــە و پەیمانگــەی مامۆســـتایان و کۆلیـــژی پـــەروەردەدا بەمەرجـــێ کـــە تەنیـــا قوتابـــی زیـــرەك و لێوەشـاوە وەربگیرێـن ئەوانـەی کـۆی نمرەکانیـان (معـدل) بەلانـی کەمـەوە لەسـەر رووی شەسـتیەوەیە، خۆیشـیان ئارەزوومەنـدن و پیشـەی مامۆسـایەتیان بـەلاوە زۆر بـەرز و پیـرۆزە. نـەك ئـەو قوتابیـەی لەبـری نزمـی نمرەکانییـەوە لەهیـچ شـوێنێك وەرناگیرێـت و بـە ناچـاری رەوانـەی پەیمانگـەی مامۆسـتایان و کۆلیـژی پـەروەردە دەکرێتـەوە کـە سـەرنجام مامۆسـتایەکی سـەرکەوتوو نابێـت و هـەر چـاوە چـاوی ئـەوە دەبێـت رۆژێـك زووتـر واز لـە پیشـەی مامۆسـتایەتییەوە بێنـێ و کارێکـی دیکـە بدۆزێتـەوە، هەروەهـا پێویسـتە بـۆ ئـەو قوتابیانـەی وەردەگیرێـن (حوافـز) هەبێـت.

٤- زیادکردنـــی مووچـــە و دەرماڵـــەی مامۆســـتایان بـــە چەشـــنێك کـــە بـــە زۆری قوتابـی زیـرەك روو لـەم پیشـەیە بکـەن (ئەمەیـش بەخۆشـحاڵییەوە لـە سـایەی کابینـــەی ســـێیەمەوە خەریکـــە جێبەجـــێ دەکرێـــت کـــە شایســـتەی ســـتایش و سوپاســـە).

٥- هەڵبژاردنـــی بەڕێوەبـــەر و یاریدەدەرەکانیـــان لەســـەر بنەماگەلێکـــی شـــیاو و پەروەردەیـــی دوور لـــە هـــەر هۆکارێکـــی دیکـــەی لابـــەلاوە، مامۆســـتایانی خـــاوەن ئەزمـــوون و لێوەشـــاوە و بـــە توانـــا بـــن و لـــە هونـــەری کارێگرِیـــی و بەڕێوەبردنـــدا دەســـتی باڵایـــان هەبێـــت. چونکـــە بەڕێوەبـــەر یەکێکـــە لـــە ســـێ کۆڵەگـــە هـــەرە گرنگەکانـــی پرۆســـەی پـــەروەردە لـــە قوتابخانـــەدا و هەروەهـــا بەڕێوەبـــەری

قوتابخانــە نوێنــەر و بریــکاری یەکەمــی سەرپەرشــتیاریی و بەڕێوەبــەری گشــتی و بگــرە وەزیــری پەروەردەیشــە لــە چوارچێــوەی قوتابخانەکەیــدا و هەرخۆیشــی فاکتــەری ســەرکەوتن و دواکەوتنــی قوتابخانەکەیەتــی.

٦- هەڵاوێرکردنــی (لەیــەك جوداکردنــەوە)ی قوتابیانــی کــوڕ و کــچ و هەروەهــا دەســتەی بەڕێوەبــەر و مامۆســتایانی ژن و پیــاو چونکــە بمانــەوێ و نەمانــەوێ و (دوور لــە بیــر و بۆچوونــی کۆنەپارێــزی و پاشــکەوتەیی) تێکەڵاویــی کــوڕ و کــچ بەتایبەتــی لــە قۆناخەکانــی ســەرەتایی و دواناوەندییــدا زۆرەهــا گیروگرفتــی لێکەوتــەوە و مایــەی سەریەشــە بــووە بــۆ کارمەندانــی پــەروەردە.

٧- نەهێشــتنی قوتابخانــەی (مــزدوج) بەپێــی توانــا و کەمکردنــەوەی ژمــارەی قوتابیــان لــە پۆلــدا.

٨- دامەزراندنــی مامۆســتایانی گوندنشــین لــە گونــد و ناوچەکانــی خۆیانــدا، دابینکردنــی شــوێن و خانــووی شــیاویش بــۆ ئــەو مامۆســتایانەی کــە خەڵکــی ئــەوێ نەبــن.

٩- پێگەیانــدن و ئامادەکردنــی مامۆســتای کارامــە و دڵســۆز و رەوشــت بــەرز، بزانــی مامۆســتای کۆمەڵگــە و راگــری کۆمەڵگەیــە، رابــەر و پەیامبــەرە و ئەرکێکــی نیشــتمانی هــەرە بــە نرخــی بــە ئەســتۆوەیە، مامۆســتایەك بێــت بزانــێ چــۆن زانیاریــی پێویســت بــە باشــترین و ســاناترین رێگــەی پەروەردەییــەوە بگەیەنێتــە قوتابیــان و، لــەوەش دڵنیابێــت کــە هــەر خۆیەتــی پیاوانــی دوارۆژی گەلەکــەی ئامــادە دەکا و ســەرکردەی داهاتــوو پێدەگەیەنێــت.

بــۆ ئــەم مەبەســتەیش پێویســتە بــەردەوام خولــی مەشــق کــردن و راهێنــان بــۆ مامۆســتا و کارمەنــدان ســاز بدرێــن و گرنگییەکــی تەواویــش بــە یەکــەی مەشــق و چالاکییەکانــی قوتابخانەیــی بدرێــت.

١٠- دوورخســتنەوەی قوتابخانــە و (دەزگاکانــی پــەروەردە بەگشــتی) لــە دوای (گەمــەی سیاســەت) لــە نێــو چــوار دیــواری قوتابخانــەدا.

١١- دەزگاکانــی یەکــەی سەرپەرشــتیاریی پەروەردەیــی و پســپۆریی رابگیرێــت هەتــا چارەســەرییەکی عەمەلیــی گونجــاوی بــۆ دەدۆزرێتــەوە و بەشــێوازێکی جــوداواز و بــە ســوودتر دادەمەزرێنرێتــەوە، ئــەو هەمــوو مامۆســتایانە بــۆ گۆڕەپانــی قوتابخانــەکان بنێردرێنــەوە بــۆ ســوودی گشــتی، چونکــە ئــەم جیهــازە بــەو شــێوەیەی ئێســتایە و وەکــو پێویســت بەرهەمــی نەبــووە، نەیتوانیــوە رەوشــی پــەروەردە بــەرەو پێشــەوە ببــات، ئاشــکرایە ســەردانێك یــان دووان یاخــۆ زیاتریــش لــە مــاوەی ســاڵێکدا دەرفــەت بــە سەرپەرشــتیار نــادات شــارەزای مامۆســتا بێــت و بەتــەواوی هەڵیســەنگێنێ و رێنمایــی پێویســتی بــکات و دەســتی بگرێــت و کەموکوڕییەکانــی نەهێڵــێ و کێشــەو ئاســتەنگەکانی بــۆ (حــەل) بــکات و کارەکــەی بــۆ ئاســان بــکات، بــە هەمــان شــێوە ئــەم وابــووە سەرپەرشــتیار نــەوەك توانیبێتیــان کێشــەکانی قوتابخانــە بــۆ کاکــی بەڕێوەبــەر چارەســەر و بنەبڕ بکــەن، کەچــی جارەهــا روویــداوە کێشــەیان لــێ ئاڵۆزکاوتــر کــردووە، یــان وابــووە بەڕێوەبــەر کێشــەیەکی نەبــووە مامۆســتای سەرپەرشــتیار بەدەســت تێوەردانــی لــە کاروبــاری قوتابخانەکــەوە (بــۆ هــەر هۆیــەك بــووە) لــە نەبــووی کێشــەی ئاڵــۆزی بــۆ خولقانــدووە، بــە ڕای مــن بەڕێوەبــەر نزیکتریــن کەســە لــە مامۆســتاوە، هــەر ئــەو دەتوانــێ لــە شــێنەیی داو بەراشــکاویی و بــێ لایەنگیریــی لــە مــاوەی ســاڵی خوێندنــی دوور و درێــژدا و زۆر لــە نزیکــەوە (تەقیمــی) مامۆســتاکانی خــۆی بــکات و لــە هەمــوو بوارێــك دا باربــوو و دەســتگیرۆیی و رێنمایــی یــان بــکات بــێ ئــەوەی لــەو رووەوە هیــچ بارگرانییــەك بخاتــە ئەســتۆی پــەروەردەوە، بەمەرجێــك بەڕێوەبــەر کارا و ئەزموونــدار بێــت و بەپێــی خاڵــی (٥) پێنەجەمــی ســەرەوە دانرابێــت، مامۆســتایانی سەرپەرشــتیاریش دوو جــۆرن یــا ئەوەتــا لــە رێگــەی (حزبایەتــی) و (خزمایەتــی) و...هتــد (بەواســیتە) دادەنرێــت و بــەو مانایــە کــە شــیاوی ئەرکەکانیــان نیــن، ئەمــەش زیــان بــە رەوشــەکە دەبەخشــێت، یــا نەخــۆ لــە مامۆســتا هــەرە چــاك و بەتوانــا و لێهاتــووی خــاوەن ئەزموونــن، کــە

بەمـەش قوتابخانـە و قوتابییـان لـە رەنـج و بەروبوومەکانیـان بێبـەش دەکرێـن کـە هەمدیـس زیـان بـە رەوتـی پـەروەردە و فێرکـردن و زانسـت دەگەیەنێـت.

ئیـتر ئومێـدەوارم کابینـەی سـێیەمی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان (هـەروەك بـە کـردەوە دەستیشـی پێکـردووە) لەگشـت بـوارەکان زێـتر بایـەخ و گرنگیـی بـە وەزارەتـی پـەروەردە و پرۆسـەی پـەروەردەوە بـدات چونکـە پـەروەردەی دروسـت و زانسـت بنەمـا بـەردی بناخـەی هـەرە پێویسـت و سـەرەکین بـۆ دووبـارە دروسـتکردنەوەی کۆمەڵگەکەمـان و بنیادنانـەوەی کەسـایەتی مرۆڤـی کـورد لـە سـەر داب و رێسـای رەسـەن و پـڕ بەهـا و هەروەهـا سـوپای پـەروەردە و زانسـت شـوورای پۆلاییـنە بـۆ پاراسـتنی ئـەو داب و نەریتـە رەسـەن و بـەرزەی کوردەواریـی، بەمەبەسـتی زوو گەیاندنمـان بـە کاروانـی بەرەوپێـش چـووی مرۆڤایەتـی لـەم جیهانـە بەرینـەدا.

# قوتابخانە و سیاسەت

هەولێر ١٩٩٩/٧/٧

بابەتێکی قوتابی (فەرمان ساڵح)م لەژێر سەردێڕی (با خوێندن دوورەپەرێز بێت لە سیاسەت) لەلاپەڕە (٣)ی ژمارە (١٩)ی رۆژی ١٩٩٩/٦/٢٨ی هەفتەنامەی (زەنگ)دا خوێندەوە، نووسیویە دەڵێت: (... ئەمڕۆ لە قوتابخانەکاندا قوتابیان و مامۆستایان سەرقاڵی کاری سیاسین و لەبەر ئیش و کاری سیاسەت ئاگایان لە خوێندن و قوتابخانە نەماوە، ئەمەش هەموو کونجێکی وڵاتی گرتۆتەوە، نەخاسمە لە هەندێك قوتابخانەدا لە وانەی (فیزیا و کیمیا) مامۆستا باسی سەرگوزەشتەی پێغەمبەران و هاتنە خوارەوەی قورئانی پیرۆز دەکات؟ ئەوجا دەڵێت (بەراستی ئەمەیان مەبەست دڵسۆزی نییە بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلام تەنها بەرژەوەندی حزبایەتی و تەنزیم کردنی قوتابیانە لە پەنای قسە بریقەدارەکانیانەوە..

هەربۆیـەش دەبینرێـت لـە (قوتابخانەکانـدا مامۆسـتا بەربەرەکانێـی قوتابـی و قوتابـی بەربەرەکانێـی مامۆسـتا دەکات.. بەمـەش نەخوێنـدن مانـای دەمێنێـت نـە ئاسـتی زانسـتیش پـەرە دەسـتێنێت، بـاری خوێندنیـش ئاڵـۆز دەبێـت و کێشـەیەکی گـەورە بـۆ ئاینـدەی گەلەکەمـان دروسـت دەبێـت..) هتـد.

ئێمـە لێـرەدا بۆچوونەکـەی ئـەو قوتابییـە بەڕێـزە بەراسـت و ڕەوا دەزانیـن و پشـتگیری لـە هەڵوێسـت و داخوازییەکانیشـی دەکەیـن کـە (وەزارەتـی پـەروەردە و فێرکـردن سـنوورێك بـۆ ئـەم جـۆرە ڕەفتارانـە دابنێـت و چارەسـەریان بـکات.)

گومانـی تێـدا نییـە (سیاسـەت) لـە نێـو میللەتێکـی بەشـخوراوی داگیرکـراوی سـتەمدیدە و زۆرلێکـراو و شۆڕشـگێڕی وەکـو ئێمـەدا و بەتایبەتـی لـە نێـو چیـن و توێـژی ڕۆشـنبیر و خوێندەوارانـی وەك مامۆسـتا و قوتابیـدا بۆتـە (نـان و ئـاو و هـەوا) و دەسـتبەرداربوونی زۆر ئەسـتەم و کاری نەکردەیشـە.. بـەڵام کـورد واتەنـی هـەر شـتەو لـە شـوێن و کاتـی خۆیـدا، ڕاسـتە مامۆسـتای بیـر ڕوونـاك و هۆشـیار، هەروەهـا قوتابیانیـش کـە بارزانـی نەمـر گوتەنـی سـەرە ڕەمـی هـەر شۆڕشـێکن، بێـی سیاسـەت  دوور لـە (سیاسـەتکردن)ەوە ناژیـن و ئاسـوودە نابـن کـە ئەمەیـش نـەك هـەر مافێکـی سروشـتی و ڕەوای خۆیانـە و بـەس، بگـرە ئەرکێکـی هـەرە پیـرۆزی سەرشانیشـیانە هیـچ نەبێـت لـە قۆناخـی ڕزگاری نیشـتمانی بزاڤـی نەتەوەیـی ئیمـڕۆی کوردسـتانماندا.. وەلـێ گۆڕەپانـی ڕاسـتەقینەی کـرداری سیاسـەت دەرەوەی تـەلاری قوتابخانەیـە! قوتابخانـە کـە مەڵبەنـدی پیـرۆزی خوێنـدن و پـەروەردە و زانسـتەکانە، بەهیـچ کلۆجێـك نابـێ بکرێتـە شـوێنی (ململانـێ و ڕکابەرایەتـی و بەربەرەکانێـی سیاسـەت و سیاسـەتکاریی، ئـەوەی کـە دەبێتـە هـۆکاری دابەشـبوون و پەرتەوازەیـی و ناکۆکـی دروسـتکردن لەنێـو ڕیزەکانـی قوتابخانـەدا کـە لـە ڕەسـەندا پێویسـتە هـاوکار و پتـەو و کـۆك و یەکریـز بێـت.

لەهەمانکاتیشـدا ئـەم دیاردەیـە بـەڕای من دەرەنجامی دیموکراسـیی و ئـەو ئازادیی و سـەربەسـتییە حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بـۆ کۆمەڵانـی خەڵکـی کوردسـتان

بەگشت چین و توێژاڵ و بیروبۆچوونێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە دابینی کردووە و ماوەی جموجۆڵی سیاسی لە بەردەم سەرجەم لایەنەکاندا ئاوەڵا کردۆتەوە، هەروەك لە سەرەتای ساڵەکانی دوای شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ و ساڵەکانی ٧٠-٧٤ی حوکمڕانی پارتی پاش ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداردا ئەو دیاردەیە زۆر بە زەقی هاتبووە ئاراوە. ئەگینا لە ساتەکانی سەرکوتکردن و زەبروزەنگی رژێمە دیکتاتۆری و فاشیستەکانی دژی گەل و ئازادییە دیموکراتییەکاندا، لە سەرووەختی فەرمانڕەوایەتی ئاگر و ئاسندا، ئەم (سیاسەتکردنە) نەك هەر لە قوتابخانەکان بگرە لە دەرەوەیشدا ئەو مەودا بەرفرەوانەی ئاوەها بە زەقی و بێ پەردەپۆشی خۆنانوێنێت و هێندەش بە ئاشکرا و بە گوڕ پیادە ناکرێت.

دیتەوە بیرم، بۆ نموونە ساڵەکانی ٥٩ و ٦٠ سەربەستییەکی گونجاو هەبوو، پارتیمان پارتی دیموکراتی کوردستان مۆڵەتی بەرەسمی پێدرابوو، سەرۆکی کورد بارزانی نەمر سەنگ و پایەیەکی ئێجگار دیار و بایەخداری هەبوو. من مامۆستای زمانی ئینگلیزی بووم لە خانەی مامۆستایانی سەرەتایی هەولێردا.. قوتابییەکانی سەر بە پارتی ئەوانەی هەر خۆم ڕێکخەر و بەرپرسی حزبیان بووم، لەکاتی (وانە گوتنەوەدا) لە بارەی (سیاسەت و حزبایەتییەوە پرسیاریان لێکردم، منیش بەرپەرچیانم دایەوە و گوتم (ئێرە پۆلە جێگای خوێندنە.. ئەم پرسیارانە و هەر پرسیارێکی تری لەو بابەتەتان هەیە لە دەرەوەی پۆل بگرە لە دەرەوەی قوتابخانەیشدا لێمی بکەن و لەوێ وەرامتان دەدەمەوە.. کاتی (وانەکە) بەشتی لاوەکییەوە مەکووژن!) بە گازاندەوە گوتیان (ئەدی بۆچی مامۆستا (....) لە وانەی (بیرکاری و فیزیادا) لە جیاتی دەرسمان پێ بڵێ دەیکاتە باسی (مارکس و لینین و.. یەکێتی شۆرەوی) و بانگەشە بۆ حزبەکەی خۆیان دەکات و قوتابیانی بۆ هاندەدات؟ گوتم (برایان، هەرکەس لە خۆی بەرپرسیارە، ئەمە یەك. دوو من کردەوەی ئەو مامۆستا بەڕێزەش بە ڕەوا نابینم و بە لامەوە پەسەند نییە، چونکە ئەرکی سەرەکی ئێمەی مامۆستا لە پۆلدا ئەوەیە دەرسەکانتان بە تەواویی پێ

بڵێینــەوە و فێرتــان بکەیــن، لــە دەرەوەی قوتابخانەیــش ئــەوا هەرکــەس ئــازادە و (مەیدانیــش مشــکان نەخــواردووە).

ئەوجــا ئاشــکرایە نــە ئــەو مامۆســتا بەڕێــزەی ئەوســا، نــە ئــەم ڕێزدارانــەی ئیمــڕۆ کــە کاك (فەرمــان ســاڵح) بــە پەرۆشــەوە باســیان دەکات پێموانییــە، ئاوەهــا بــن و پۆلــی پیــرۆزی قوتابخانــە بــۆ کاروبــاری (سیاســەتی رووت) بــەکار بهێنــن! جــا هەرچەنــد باسێکی وا گرنــگ زۆر لەمــە زیاتــر هەڵدەگرێــت و بــەم کورتــە نووســینە مافــی تــەواوی خــۆی پێنادرێــت و دەشــێت زۆران کــەس لــەم دیــد و بۆچوونــەدا لەگەڵمانــدا ناکــۆك بــن و بیــروڕای پێچەوانەشــیان هەبێــت، بــەڵام بەنــدە بــەش بــە حاڵــی خــۆم لــەم رۆژ و ســاتە ناســکەی وەکــو ئیمــڕۆی رەوشــی کوردســتاندا (کــە لای هەمــووان ئاشــکرا و روونــە) تــکای زۆر دڵســۆزانە و هیــوای گەرمــم لــە بــرا مامۆســتا دڵســۆزەکان و هەروەهــا قوتابییــە خۆشەویســتەکانمان ئەوانــەی ســەر بــە هــەر حــزب و ڕێکخراوێکــەوەن لــە ســەرووی هەمووشــیانەوە هــی حزبــی فەرمانــڕەوا و باڵادەســت پارتــی دیموکراتــی کوردســتان ئەوەیــە (ملمڵانێــی حزبایەتــی و رکابەرایەتــی یەکــتری کــردن) لــە پۆلــەکان و گۆڕەپانــی قوتابخانەکانــەوە دوورخەنــەوە. لــە بــری ئەمــە هەوڵــی بێوچــان بــدەن بــە مەبەســتی چاندنــی تــۆوی برایەتیــی و تەبایــی و یەکریــزی بــۆ پێشخســتنی ئاســتی رۆشــنبیری و بەرزکردنــەوەی پلــەی زانســت و زانیاریــی! بــۆ کێبرکــێ و کاری سیاســیش لــە دەرەوەی قوتابخانــە، ئــەوا هەمــووان سەربەســت و ئــازادن و کــەس دەســتی نەگرتــوون و کێــش بۆخــۆی ئازایــە بــا بــە گفتوگــۆ و دایەلــۆژ و لــە رێــی قەناعــەت پێهێنانــەوە ســۆزی جەمــاوەر بــۆ لای خۆیــەوە راکێشــێت و گــرەوی خــۆی بباتــەوە.. ئێمــەش ئامادەیــن چەپڵەیــان بــۆ لێدەیــن. گەلیــش کارامەیــە و بــە دوای ئەوانــە دەکــەوێ کــە دەردەکانــی بــۆ چارەســەر دەکــەن، ئامانجەکانیــان بــۆ بــەدی دەهێنــن و لــە ژێــر ســایەی یاســادا ژیانێکــی ئاســوودە و ئاشــتیانەی شــیاویان بــۆ دەڕەخســێنن!!

# لە چلەی مامۆستایەکی پایەبەرزدا

رۆژنامەی برایەتی ژمارە (٢٩٩٨) یەکشەممە ١٩٩٩/١٢/٢٦

رۆژی ١٩٩٩/١١/١٥ و لە تەمەنی ٧٩ ساڵیدا دڵە گەورەکەی مامۆستایەکی پایەبەرز و نیشتمانپەروەرێکی نموونەیی بۆ هەتا هەتایە لە لێدان وەستا و ماڵئاوایی لە گەل و نیشتمانەکەی کرد و هاوسەرێك و دوو کچ و چوار کوڕ و دوو برای لە دوای خۆی بەجێهێشتوون کە هەموویان خاوەن بڕوانامەی بەرزن.

مامۆستا محەمەدەمین مەعروف کامەلا ساڵی ١٩٢٠ لە کۆیەی شاری زانست و رۆشنبیری و خوێندەوارییدا هاتۆتە دنیاوە و پلە بە پلەی خوێندنی تەواو کردووە و بووە بە مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی.

خوالێخۆشبوو یەکێك بوو لە مامۆستا هەرە دیارەکانی ئەو سەردەمە و

لــە زیرەکیــی و زانیاریــی و رەوشــت بەرزییــدا کــەم وێنــە بــوو، کەســایەتییەکی دروســت و بەهێــزی هەبــوو، گفتولوفــت و رەفتــار شــیرین، هەمیشــە راســتگۆ و هەقبێــژ و دەســت و داوێــن پــاك بــوو، وانەکانــی بەشــێوازێکی ئێجــگار پەروەردەییانــە دەگوتنــەوە و زانیارییــە بــە ســوودەکانی دەئاخنیــە نێومێشــك و هۆشــی قوتابییەکانییــەوە و لــە پۆلــدا ئەوەنــدە بــە نەرمــی و لەســەرخۆ و میهرەبانانــە دەرســەکانی دادەدان و ئامۆژگاریــی شــاگردەکانی دەکــرد مــرۆڤ هــەر حــەزی دەکــرد لــە وانەکانــی ئامــادە بێــت و گــوێ لــە فەرموودەکانــی بگرێــت و پەیــڕەوی رێنمایەیکانــی بــکات، قوتابییانــی فێــری رەخنەگرتــن و پرســینەوە و گومــان پەیداکــردن دەکــرد بــەو مانایــەی پێــی دەگوتــن هەرچییەکــی پێتانــی دەڵێیــن و دەبیســین یەکســەر و بــێ چەنــد و چــوون و لێوردبوونــەوە وەری مەگــرن، هەمیشــە بپرســن و بڵێــن (بــۆ؟) چونکــە هەمــوو شــتێك (بۆ)یەکــی هەیــە. (ئەمــە هــەردەم وێــردی ســەر زمانــی بــوو) بــە کورتــی بــە هەمــوو مانایەکــی وشــە (مامۆســتا و رابــەر و بــرا) بــوون ئەمــە لەبــارەی پیشــەییەوە وەلــێ لــە دەرەوەی قوتابخانــە، هەڵســوکەوتی مامۆســتا شــتێکی دیکــە بــوو.

مامۆســتا محەمەدەمیــن هــەر لــە ســەرەتاوە تێکــەڵاوی کاری سیاســەت و خەباتکــردن بــووە و بــە هەســتێکی هــەرە پاکــی کوردپەروەرییــەوە و بــە بڕوایەکــی پۆڵاینــەوە چۆتــە نێــو کــۆڕی کوردایەتــی راســتەقینەوە، هــەر لــە ســاڵانی چلەکانــەوە لــە تافــی لاوێتــی دا خــۆی لــە شــانە نهێنییەکانــی پارتیــدا بینیویەتــەوە، زۆر چالاکانــە یــەك بەیــەك پلەکانــی رێکخســتنەکانی حزبــی بڕیــوە و، لــە ســۆنگەی دڵســۆزیی و کارامەیــی و لێهاتوویــەوە لــە ماوەیەکــی رێژەیــی زۆر کورتــدا توانیویەتــی بەشــداری لــە کۆنگــرە بەراییەکانــی پارتیــدا بــکات و هــەر زوویــش بــە (ئەندامــی کۆمیتــەی ناوەنــدی پارتــی) هەڵبژێــردراوە و ســەرکەوتووانە ئــەو ئەرکــەی بــە ئەنجــام گەیانــدووە.

گومــان لەوەشــدا نییــە مامۆســتای خوالێخۆشــبوو بــە یەکــێ لــە کۆڵەکــە هــەرە

بەهێـز و پتەوەکانـی (پارتـی) و بزاڤـی کوردایەتیـی لـە شـاری (کۆیـە) دەژمێردرێـت و هاوشـان لـە تـەك هەڤاڵانـی ئـەو سـەردەمە ناسـکەیدا، وەك خوالێخۆشـبوو کاکـە زیـاد ئاغـا غەفووریـی جێگـری دووەمـی ئەوسـای سـەرۆکی پارتـی و بەڕێـز مامۆسـتا عەلـی عەبدولـلای جێگـری ئێسـتای سـەرۆکی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و خوالێخۆشـبووان پارێـزەر عومـەر حەبیـب- نـاسراو بـە عومـەرە سـوور، مامۆسـتا تاهیـر سـەعید، پارێـزەر عەبدولکەریـم تۆفیـق، پارێـزەر عومـەر مسـتەفا، عەونـی شـاعیر، عومـەر عەبدولـلا، بەڕێـزان پارێـزەر بەکـر ئیسـماعیل و مامۆسـتا جـەلال حەمـەد رەسـول و چەندانـی تـر هـەر بەتایبەتـی لـە دوا سـاڵەکانی چلـەکان و لـە پەنجاکانـەوە رۆڵـی ئێجـگار گرنگیـان بینیـوە لـە ناسـاندن و بڵاوکردنـەوە و پەرەپێدانـی بیروبـاوەڕی کوردایەتـی و بانگەشـە بـۆ کردنـی پرەنسـیپ و بنەماکانـی پارتـی و چەسـپاندنی پێگـەی ئـەم پارتیـەی لـە نێـو ریزەکانـی کۆمەڵانـی تینـووی ئـەو شـارە دێریـن و قارەمـان و تامـەزرۆی تێکۆشـانەدا، لـەم پێناوەشـدا سـەراپای کات و دەرفەتەکانـی خـۆی تەرخانکردبـوو، هـەر لـە سـەر دەسـتی ئـەو مرۆڤـە کۆڵنـەدەرە و بـە کارتێکەریـی بـێ سـنووری کەسـایەتییە کۆمەڵایەتیـی و رۆشـنبیرییە بەهێزەکەیـدا چەنـدان وەچـەی تـازە لـە (کادیـر) و (خەباتـکار)ی بلیمـەت و توانـا پێگەیشـتین کـە دواتـر و ئێسـتایش لەنێـو ریزەکانـی پارتیـدا بـە تایبەتـی و یاخـود لـە سـەرجەم بزاڤـی رزگاریخوازیـی گەلـی کوردسـتاندا بـە گشـتیی رۆڵـی هـەرە گرنـگ و بەرچاویـان بـووە، هەمیشـە مامۆسـتای کۆچکردوومـان لـەم پێنـاوەدا قوربانـی زۆریشـی داوە و تاڵـی و سوێریشـی چەشـتووە.

لـە سـەر کوردایەتـی پـاك و راستەقینە چەندیـن جـار ئـەم شـارە و شـار و ئـەم گونـد و گونـد راگوێـز راگوێزیـان پێکـردووە و یـان لـە ناخـی زیندانیـان ئاخنیـوە و بـێ ئـەوەی هیـچ لـە ورە و بیروبـڕوای بەرەوایـی کێشـەی گـەل و نیشـتمانەکەی کـەم بێتـەوە.

مامۆسـتای خوالێخۆشـبوو لەلایـەن تێکـڕای ناسـیاوان و جەمـاوەری خۆشەویسـت

خـودان ڕێزێکـی زۆر و تایبـەت بـوو، ئـەوەی جێگـەی داخ و مایـەی خەمـە ئەوەیـە (کاکەمیــن) هــەر لەزوویێکــەوە گرفتــار و گیــرۆدەی دەســتی دەرد و ناســاخیی بــووە، تەنانــەت ڕۆشــنایی چاوێکیشــی لەدەســت داوە و چەنــد ســاڵێکیش بــوو لــە ژێــر بــاری ئێــش و ئەشــکەنجەی چەندەهــا نەخۆشــیی کوشــندەدا دەینااڵنــد، کــە ســەرەنجام ســەری بــەرزی پڕشــکۆ و بڕواداریــان پێنایــەوە و لــە ئێمەیــان ســەندەوە، بــە کۆچــی دوایــی مامۆســتا محەمەدەمیــن مەعــروف کەلەبەرێکــی فرەوانــی دروســت کــردووە و پڕکردنــەوەی لــەم ڕۆژگارە ســەخت و پــڕ ســەیر و سـەمەرەیەدا کارێکـی هێنـدە سـانا نییـە.

هــەزاران درووت وســڵاو لەگیانــی پاکــی بێــت. یــادگارە جــوان و شرینەکانــی هەرگیــز لــە یادەوەریــی قوتابــی و هاوڕێیــان و کەســوکار و ناســیاوانی ناچنــەوە و هەمیشــە هــەر بــە نەمریــی دەمێنێتــەوە، ئــەوەش مــاوە بڵێــم خوالێخۆشــبوو هـەر بەهـەوڵ و بـە ویسـتی خـۆی لەماڵـەوە توانـی خـۆی فێـری زوبانـی ڕووسـی بــکات و چەنــد بابەتێکیشــی لــێ وەرگێڕاوەتــە ســەر زوبانــی کــوردی و دوادوای ســاڵەکانی تەمەنیشــی بــە خــودا پەرســتی و چاکەکارییــەوە بەســەر بــرد. یەزدانــی مــەزن بــە بەهەشــتی بەرینــی شــاد بــکات و ســەبوریی ئێمەیــش و کەســوکار و ناسـیاوانی بـدات.

انا لله و انا الیه راجعون

هەولێر ١٩٩٩/١٢/٢٤

# رۆژی قوتابخانە

لە پرۆفایلی (برایەتی)دا بڵاوکرایەوە ژمارە (٣٧) رۆژی ٢٠٠٢/٦/٣

لــە زۆربــەی وڵاتانــی جیهانــدا بــۆ هــەر چیــن و توێژێکــی نێــو کۆمــەڵ وەك کرێــکار، قوتابــی، مامۆســتا، منــداڵ، دایــك، ئافرەت..هتــد. هەروەهــا بــۆ هــەر بۆنەیەکیــش وەك رزگاری و ســەربەخۆیی، مافــی مــرۆڤ، رۆژنامەوانــی، هونــەر، نەهێشــتنی نەخوێنــدەواری، وازهێنــان لــە جگــەرە کێشــان، تەندروســتی و پاراســتنی ژینگــە.. هتــد. رۆژێکــی تایبەتــی بــۆ دیاریکــراوە. لــەو رۆژەدا بەپێــی هەلومەرجــی گونجــاو یــادی بۆنەکــە دەکەنــەوە و بــە رێ و رەســمی شایســتە رەفتــار و پێشــوازی لێدەکرێــت.

لــە کوردســتانی خۆشــماندا هەنــدێ لــەو دابونەریتانــە ســەریان هەڵــداوە و خەریکــە خەڵــك و خــوا پێیــان رادێــن و پێــڕەوی لێدەکــەن. ئەمەیــان زۆر رێــك و

سروشتی و دڵخۆشکەریشە. هیوامانە لەپەرەسەندن و پێشڤەچوون دابێ. وەلێ ئەوەی لێرەدا مەبەستی منە و ناوی دەنێم (ڕۆژی قوتابخانە) نەك تەنها وەك هەچ کام لەو (ڕۆژانە)ی لای سەرەوە نین و بگرە بە پێچەوانەی ئەوانەوە بەلامەوە (شتێك)ی ئێجگار نائاسایی و نەویسترا و بگرە زۆر قێزەونیشە! ئەم زاراوەیەی (ڕۆژی قوتابخانە) مەبەستم ئەو چەند ڕۆژانەی سەری ساڵی خوێندنە کە ئەزموونەکانیان تێدا ئەنجام دەدرێن و ئەنجامەکانیان بەدیار دەخرێن.

مەبەستم ئەوەیە دایك و باوكی بەڕێزی هەرە زۆری قوتابیان ئەوانەی بە درێژایی ساڵی خوێندن بە تەنگ منداڵەکانیانەوە نین، لێیان ناپێچنەوە، سەردانی قوتابخانەکانیان ناکەن (بەدەگمەن نەبێ کە لە لایەن بەڕێوەبەر یان مامۆستایانەوە بەهۆی چەند گرفتێك یان لێتۆژینەوەی ڕەفتاری ناشیرین و دزێو کە کێشە و لاساری لێ دەکەوێتەوە بانگێشت بکرێن). بەڕێوەبەر و مامۆستاکانیان هەر ناشناسن یان خۆیانیان لێ نەناس دەکەن، جاری وا هەیە نازانن جگەرگۆشەکانیان لە چ قۆتابخانەیەکدان و قوتابخانەکە لە کوێیە! ئەو دایك و باوکە بەڕێزانە لە (ڕۆژی قوتابخانە)ە کاکە هەر مەپرسە بەجارێك دەبنە برادۆست و ناسیاوی کارگێڕ و مامۆستاکان دەڵێی بەختی خەواڵووی قوتابخانەی بەدبەخت لە خەو هەڵساوە. هەر هەموو کارمەندان بە تەلاری قوتابخانەکەشەوە زۆر خۆشەویست دەبن. ڕێزی زیادیان لێدەنرێت (خۆزیا بەدرێژایی ساڵ بەڕێوەبەر و مامۆستایان، بەم شێوەیە لایان خۆشەویست دەبوون!) هەر باوك و دایکی بەڕێزە و بێ پسانەوە سەردانی قوتابخانە دەکەن بە شێوەیەك کە سەریان لێدەشێوێنن و ماوەی ئەوەیان بۆ ناهێڵنەوە وەك پێویست بە ئەرکی خۆیان هەڵسن و تاقیکردنەوەکان ئەنجام بدەن! یان بەمەش ناوەستن ئەوە پەنجە لە سەر تەلەفۆنەکانیان هەڵناگرن لێکدا لێکدا بە تەلەفۆن سەرقاڵیان دەکەن و دەکەونە گلە و گازاندە بۆ چ منداڵەکەم

لــە فــڵان و فیســارە دەرس کەوتــووە، یــان بــۆ نمرەکانــی نزمــە و بــە یەکــەم دەرنەچوێــنراوە، یــان و یــان و یــان..!

جــا ئەگــەر لــە مەیانــدا نائومێــد بــوون و هیچیــان بــە هیــچ نەکــرد، ئــەوا دنیایــان بــە ســەردا وێکدێتــەوە و دەکەونــە (واســیتە و واســیتەکاری) وەك ئــەوەی دنیــا ژێــرە و ژوور بێــت ئەگــەر منداڵــە (تــازە بەتــازە خۆشەویســت بووەکەیــان) ئەمســاڵ ئیکــمال بــێ، یــان دەرنەچێــت، کــە ئەمەیــش هەمــووی دەرەنجامــی خەمســاردی و کەمتەرخەمیــی و بایــەخ پێنەدانــی درێژایــی ئــەم ســاڵەی خۆیانــە و کەســی تــری لــێ بەرپرســیار نییــە! هەتــا ئێــرە و بــەس.

دەســا خوشــکان، برایــان، دایــکان، باوکانــی هــەرە بەڕێــزی قوتابیــان، دەســتم دامێنتــان، دەبــا واز لــەو نەریــت و رەفتــارە زیانبەخــش و دزێوانــە بێنیــن، بــام لەمــەودوا هەمــوو رۆژێکــی ســاڵی خوێنــدن بــە لامانــەوە (رۆژی قوتابخانــە) بــن!

دەبــا چیــتر ئــەرك و فەرمانــی هــەرە پیــرۆز و گرنگــی خۆمــان بەرامبــەر بــە رۆڵــە ناســکونازدارەکانمان (ســەرکردەکانی دوارۆژ) بەرامبــەر بــە قوتابخانەکانمــان، زێتریــش بەرامبــەر بــە گــەل و نیشــتمان فەرامــۆش نەکەیــن.. بەڵکــو ئەمــە خوایــە و هیچــی تــر پێویســتیمان بــە دڵەراوکــێ و دەســتپانکردنەوە و خەڵــك هەراســانکردن نامێنــێ و بــە ناچاریــش خۆمــان شــەرمەزاری هانابــردن بــۆ (واســیتە و واســیتەکاری) ناکەیــن.

خوا بکات، ئامین!

# پەروەردەی بنچینەیی ـ التربیة الاساسیة

ئاشــکرایە لــە هــەر کۆمەڵگەیەکــدا پــەروەردە رۆڵێکــی هــەرە گرنــگ و کاریگــەر دەگێــڕێ و ئەرکێکــی ئێجــگار ســەختی پــێ ئەســپێردراوە. هــەر بۆیەشــە وڵاتانــی پێشــکەوتوو بایەخــی هــەرە زۆر بــە بــواری پــەروەردە و فێرکــردن دەدەن و پشــکێکی بەرچاویشــی لــە بودجــەی گشــتی ســاڵانەی خۆیانــدا بــۆ تەرخاندەکــەن. چونکــە زۆر بــاش لــەو راســتییە حاشــاهەڵنەگرە تێگەیشــتوون کــە پرۆســە و کــرداری پــەروەردە بڕبــڕەی پشــتی هەمــوو پێشــکەوتن و گەشــەکردنێکە و پێکــەوە لــە تــەك (زانســت و تەکنەلۆژیــا)دا کۆڵەکــە هــەرە بنەڕەتیــی و پتەوەکانــی شارســتانییەت و ژیاریــی ســەردەم پێکدێنــن.

پرۆســەی پــەروەردەش بــە گشــتی زۆر قۆناخــی هەیــە و لــە دوای پێگــەی

یەکەمەوە کە بریتییە لە (ماڵەوە) هەر لە دایانگە و باخچەی ساوایانەوە دەستپێدەکات و پێ بە پێی و بە گوێرەی قوتابخانە، قۆناخەکانی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی دەبرێت هەتا دەگاتە وێستگەی زانکۆ و دواتریش خوێندنی باڵاوە.. ئەمە وێڕای (پەروەردە) سەرەکیی و گشتییەکەوە، واتە (کۆمەڵگە) ئەوەی تا رادەیەکی بێ سنوور نەك تەنیا دەوری خۆی لە پرۆسەکەدا دەبینێت و بەس، بگرە تەواوکاریشیەتی! هەر یەکێکیش لەم قۆناخە گرنگیی و سوود و بایەخی تایبەتی خۆیانیان هەیە کە ناکرێ لەم نووسینە کورتەدا باسیان لێوە بکرێت.

ئەوەی مەبەستمە لێرە بیخەمە روو وەبیرهێنانەوەی ئەو لقە لە بیرکراوەی پەروەردەیە کە جاران بە (پەروەردەی بنچینەیی)ناو دەبرا. ئەوەبوو ژمارەیەك مامۆستایانی سەرەتایی بەتایبەتی بۆ ئەو (کەرتە) لە رێگای پرۆگرام و مەشق پێدان و راهێنانەوە ساز و ئامادە دەکران و دەنێردرانە گوند و شوێنە دوورە دەستەکانی دەرەوەی شارەکانەوە.

ئەرکی ئەم مامۆستایانە ئەوە بوو بە بەردەوامیی لەو شوێنانەی تیایاندا دادەمەزرێنران دەمانەوە و زۆر بە دڵسۆزیی و بە ئارەزووەوە کارەکانیان ئەنجامدەدان و جگە لەوانە وتنەوە و فێرکردنی خوێندنەوە و نووسین و ژمارەکان، وەکو رابەر و چاوساخ و برا بە هانای دانیشتوانەکانەوە دەهاتن و لە گشت رووێکەوە یارمەتییان دەدان و هاوکارییان دەکردن و بە پێی توانست ئامۆژگاریی و رێنمایی پێویستیان پێدەبەخشین.

فێری ژن و پیاوانیان دەکرد چۆن پاك و خاوێنی خۆیان و منداڵەکانیان و ماڵەوە و کۆڵان و تەنانەت ئاژەڵەکانیشیان بپارێزن. چون بێری بەشێوەیەکی خاوێن و راست و دروست مەڕ و بزن و مانگا بدۆشن و شیرەکە بە خاوێنی هەڵبگرن و بە پاکیی و ماست و پەنیر و رۆنەکەرە و بەروبوومەکانی دیکەی شیرەمەنی دروست بکەن و بیانپارێزن و بیانگەیەننە شار. چۆن منداڵی

بەخێــو بکــەن و لــە نەخۆشــیی دووریانخەنــەوە و لــە رووی تەندروســتییەوە تەنیــا ســەردانی پزیشــك و نەخۆشــخانە و بنکــە تایبەتمەنــدەکان بکــەن و لــە رێــی ئەوانــەوە چارەســەری گرفــت و نەخۆشــییەکانیان بکــەن و واز لــە شــێوازی پڕوپــووچ و بیروبــاوەڕی دواکەوتــوو بێنــن، چــۆن کێڵگــە و مــەزرا و رەز و باخەکانیــان بــە رێگایەکــی زانســتی بەرهــەم بێنــن و بــۆ کاروبــاری کشــتوکاڵ و ئاژەڵــداری ســوود لــە زانســتی ســەردەم وەربگــرن و کات و ســەرمایە بــە فیــڕۆ نــەدەن، لەوانەیــش هەمــوو گرنگــتر، فێریــان دەکــردن چــۆن رەفتــار لەگــەڵ یەکدیــدا بکــەن و ژیانــی کۆمەڵایەتــی بەشــێوەیەکی راســت و دروســت برایانــە بگوزەرێنــن و گیانــی دۆســتایەتی و هــەرەوەزی و هــاوکاری کردنــی یەکــتری لــە شــین و شــاییدا کــە لــە نێویانــدا باوبــوو زیاتــری بچەســپێنن و پــەرەی پێبــدەن. ئەمانــە بێجگــە لــە بایەخدانــی بەردەوامــی مامۆســتایانی پــەروەردەی بنچینەیــی بــە لایەنــی کۆمەڵایەتــی و نەتەوەیــی و نیشــتمانپەروەرییەوە ســەرباری هەڵســانیان بــە قەڵاچۆکردنــی نەخوێنــدەواری لــە نێــو بەتەمەنەکانیانــدا و ئەوانەیــش کــە لــە خوێندنــی قوتابخانــە بێبــەش و دابــڕاو بــوون.

ئەمــە جــاران وابــوون ئێســتەیش بــە پێویســتی دەزانــم دامودەزگاکانــی حکومەتــی هەرێــم و وەزارەتــی پــەروەردە بــە تایبەتــی لایــەك لــەم مەســەلەیە بکەنــەوە و ئاوڕێکــی جیــددی لــێ بدەنــەوە و چونکــە دوابــەدوای ئاوەدانکردنــەوە و بوژاندنــەوەی گوندەکانــی کوردســتان و دابینکردنــی بەشــی زۆری پێداویســتییە ژیارییــەکان بۆیــان و لــە دەرەنجامــی ئــەو هەمــە توانــا و دەرفەتــە رەخســاوانەی لەبەردەســتدان، بەراســتی کاتــی ئــەوە هاتــووە و پێویستیشــە پــرۆژەی (پــەروەردەی بنچینەیــی) دووبــارە بژێنینــەوە، یاخــود شــتێکی دیکــەی لــە بابەتــی ئــەو بێنینــە ئــاراوە..

# بەرەو کۆنفرانسی چاوەڕوانکراوی پەروەردە لە کوردستان

ڕۆژنامەی (خەبات) ژمارە (٢٣٥٢) لە ٢٠٠٦/١٢/١٢

حاجی قادری کۆیی فەرموویەتی:

«بۆچی فەرموویەتی نەبی ئەمین
اطلبو العلم ولو بالصین
نێرومێ لەم حەدیسا فەرقی نییە
گەر مەلا نەهی فەرموو دینی نییە

هەروەها شاعیری گەورەی عەرەب «احمد شوقی» وتوویە:

«قم للمعلم وفه التبجیلا
کاد المعلم ان یکون رسولا

دیسانەوە شاعیری ناوداری عێراقی «حافظ ابراهیم» دەڵێت:

«الأم مدرســـة اذا اعددتهـــا
اعـــددت شـــعبا طيـــب الاعـــراق»

لـــەم دێـــڕە شـــیعرانەوە، هەروەکـــو لای هەمـــووان روون و ئاشـــکرایە کـــە پێشـکەوتن و گەشەسـەندن و بـە زیندوویـی مانـەوەی گـەلان زۆرتـر بـە خوێنـدن و پـەروەردە و زانسـت دەبێـت و، لەهـەر وڵاتێـك پێـش هەمـوو شـتێك بایەخـی تـەواو بـەو لایەنانـە نەدرێـت ئـەوە نیشـانەی زەقـی دواکەوتەیـی و لاوازی و نزمـی ئاسـتی هۆشـیاری و بەرپرسـیاریەتی وڵات و گەلەکەیەتـی.

جـا لـە چاوەڕوانـی سـازدانی کۆنفرانسـی پەروەردەییـدا کـە بڕیـارە لـەم نزیکانـەدا لـە هەرێمـی کوردسـتان ببەسـترێت، وەك دەربڕینـی چەنـد سـەرنج و تێبنییـەك بـەم چەنـد خاڵانـەی خـوارەوە بەشـداری دەکەیـن و ئـەم بۆچـوون و پێشـنیازانە دەخەینـە بەرچـاو، بـۆ ئـەوەی بەشـداربووانی کۆنفرانـس و دواتریـش بەرپرسـانی مەیدانـی پـەروەردە (خوێنـدن و فێرکردن)یـش بـە چـاوی پـڕ بایەخـەوە لێیـان بڕوانـن و هەڵیانسـەنگێنن، بـە پێـی توانسـت سـوود و کەڵکیـان لـێ ببینـن، بەڵکـو ئـەوە خوایـە و هیـچ نەبـێ گـرێ کوێرەکانـی مشـتێ لـە خـەرواری کێشـە و ئاریشـە ئاڵۆزەکانـی بـواری پـەروەردە لـە هەرێمـدا دەکرێنـەوە و چارەسـەری گونجاویـان بـۆ دەدۆزرێتـەوە، لـە رێـگای ئەنجامدانـی هەنـدێ هەموارکـردن و گۆڕانکاریـی پێویسـت لـە پرۆگرامەکانـی خوێنـدن و فێرکردنـدا تاکـو لەگـەڵ سیسـتەمی پەورەدەیـی تـازەدا بگونجێـت و بـە هاوشـێوەکانی لـە وڵاتانـی پێشـڤەچووی جیهانـی سـەردەمدا رابگاتـەوە، ئیـتر لـەم رووەوە، بـە چاکـی دەزانـم رای تایبەتـی خـۆم بـە راشـکاوی لەمبارەیـەوە دەربـڕم و لـەم چەنـد خاڵانەیانـدا چڕیـان بکەمـەوە، بـە مەبەسـتی رەچاوکردنـی بەرژەوەنـدی گشـتی و بـاڵا لـەم لایەنـە هـەرە گرنـگ و بایەخـدارەی ژیانـی رۆشـنبیری و کۆمەڵایەتـی گەلەکەمانـەوە، بۆیـە بەنـدە وای بەچـاك دەزانـم ئـەم ئەرکانـەی خـوارەوە زۆر بـە جـددی و بـە پەرۆشـەوە جێبەجـێ بکرێـن:

١- ئەگـــەر بکرێـــت دەبـــێ گۆڕانکارییـــەکان هـــەر لـــە قۆناغـــی (باخچـــەی ســـاوایانەوە) دەســـت پێبکرێـــت.

٢- گۆڕانکاریـی ریشـەیی و بـە کردەنـی لـە بەرنامـە و پرۆگرامەکانـی فێرکـردن و پـــەروەردەدا بـــە شـــێوەیەك بێـــت لەلایـــەك لەگـــەڵ پێداویســـتییەکانی ئـــەم قۆناغەمانـدا یەکبگرنـەوە و لەلایەکـی تـرەوە لـە تـەك هاوشـێوەکانیدا لەلایەنـی زانسـتی و رێبـازە تـازە داهێـنراوە دروسـتەکانی وانـە گوتنـەوەدا بگونجێـت.

٣- دروسـتکردنی تـەلار و باڵەخانـەی سـەردەمیانە بـۆ گشـت خوێندنـگاکان بـۆ ئـەوەی دیـاردەی دوو دەوامـی و سـێ دەوامـی بنەبـڕ بکرێـت و هـەوڵ بدرێـت ژمـارەی قوتابیـان لـە یـەك هۆبـەدا تـا بکرێـت کـەم بکرێتـەوە.

٤- بــە ئێجــگاری بنبڕکردنــی دیــاردەی لایەنگیــری (حیزبایەتــی بەرتەســك) و خــزم خزمێنــە و فــەرق و جوداییــی کــردن کاتــی پاڵاوتــن و دانانــی بەڕێوەبــەری قوتابخانــە و یاریدەدەریــان و بەڵکــو دەبــێ پــەروەردەکاری توانــا و لێهاتوویــی خــاوەن ئەزمــوون و کەســیەتی پەروەردەیــی چاونەتــرس هەڵبژێردرێــن ئەوانــەی بڕوایــان بــە پەیامــی پەروەردەیــی و زانســت پتــەوە و بەرژەوەنــدی گشــتی بــەر لــە هەمــوو شــتێکی تــر رەچــاو دەکــەن و تەنهــا ئامانجیــان سەرخســتنی پرۆســەی پــەروەردە و گەیاندنــی پەیامەکەیەتــی بــە کەنارەکانــی ســەرکەوتن و پێکانــی مەبەســتەکانیەتی.

٥- ســـازدانی خولـــی شـــیاندن و راهێنانـــی بـــەردەوام بـــۆ بەڕێوەبـــەرەکان و مامۆسـتایان بـە تایبەتـی لـە کاتـی پشـووەکاندا هەروەهـا ناردنیـان بـۆ دەرەوەی هەرێـم بـۆ هەمـان مەبەسـت.

٦- بایەخدانـی زۆر زیاتـر بـە سەرپەرشـتی پەروەردەیـی و پسـپۆریی و بەشـداری پێکردنـی تاکەکانیـان لـە خولـە پسـپۆریی و پیشـەییەکاندا هـەروەك پێویستیشـە ئەندامەکانیـان لـە کادیـرە هـەرە چاکەکانـی مامۆسـتایانی بەهـرەداری سـەرەتایی و دواناوەنـدی هەڵبژێردرێـن و ئەوانـەی خـاوەن داهێنـان و بەرهەمـی بەدیـارەوەن

و شـیاون بـۆ ئـەم کارە پیشـەییە شـکۆدارە تـا وەکـو ئـەم فەرمانـە هـەرە بـەرز و گرنگـە نەکرێتـە تەنهـا نەوایەکـی ئـارام بـۆ پشـوودان و حەوانـەوەی مامۆسـتا پەککەوتــە و بێــزارەکان، هەروەکــو پێویســتە پابەنــد بکرێــن کــە بەشــێوەی بـەردەوام لـە خوێندنگەکانـدا ئامادەبیـان هەبێـت و بـە تەنیـا یـەك، دوو تەنانـەت (دە) سـەردانی خوێندنگـەش واز نەهێنـن دیسـانەوە لـە سـەریان پێویسـتە وانـەی نموونەیـی لـە بـەردەم مامۆسـتایانی سـەرەتایی و دواناوەنـدی دابڵێنـەوە.

٧- بـە پەرۆشـەوە کارکـردن بـۆ بایەخـدان و بـە گوڕخسـتنی ئەنجوومەنەکانـی بـاوکان و دایـکان و منداڵەکانیـان، دووبـارە کارکـردن بـە (بیتاقـەی قوتابخانەیـی) و جەختکـردن لەسـەر ئـەوەی کـە سـوودی لـێ ببینرێـت.

٨- پێویســتە مامەڵــەی بەڕێوەبەرایەتــی و دەســتەی مامۆســتایانی قوتابخانــە لەگــەڵ خوێندکارانــدا بــە شــێوازی دیموکراســی و زانســتیانە بێــت، بەبــێ هیــچ جیاوازیکردنێــك لــە نێوانیانــدا بــۆ هــەر هۆیــەك بێــت، پێویســتە پێوەنــدی مامۆســتایان و قوتابــی دۆســتانە و برایانــە و مرۆڤانــە بێــت، تاوەکــو خوێنــدکار قوتابخانەکـەی پـێ لـە هەمـوو شـوێنێك خۆشەویسـتر بێـت و بـە ماڵـی دووەمـی خۆیــی بزانێــت.

٩- ئــەو مامۆســتایەی دەگاتــە تەمەنــی دیاریکــراو بەپێــی یاســا خانەنشــین بکرێـت و ئـاوڕی بـاش لـە بژێـوی و مووچـەی خانەنشـینی بدرێتـەوە و بـە چـاوی ڕێــز و پێزانیــن و وەفادارییــەوە پایــەی لــێ بنرێــت و شــوێنەکەی بــە مامۆســتای گەنــج و لێوەشــاوەی تــازە پێگەیشــتوو پــڕ بکرێتــەوە.

١٠- بایەخدانــی زیاتــر و جددیتــر بــە بابەتەکانــی (پــەروەردەی وەرزشــی و هونـەری) بـە هەمـوو لقەکانیـەوە و حسـابکردنیان وەك وانـەی سـەرەکی خوێنـدن و پایــەی مامۆســتاکانی ئــەو بابەتانــە لــە چــاوی خوێنــدکاردا بــەرز بکرێتــەوە و ژمـارەی ئـەو درەسـانە لـە خشـتەی هەفتانـەدا زیـاد بکرێـت.

١١- چاککردنـــی ڕەوش و بـــاری قوتابخانـــە نموونەییـــەکان و چاودێـــری و

سەرپەرشتی کردنی زیاتریان لەلایەن سەرپەرشتیاران و بەرپرسانەوە و هەوڵی ئەوە بدرێت هەموو قوتابخانەکامنان بێنە ئاستی ئەوانەوە و بکرێن بە منوونەیی.

١٢- ئیلغاکردنی (قوتابخانەکانی بەهرەداران) و تێکەڵکردنەوەی خوێندکارە زیرەك و بەهرەدارەکان لەگەڵ هاوپۆلەکانی دیکەیان لە قوتابخانە ئاساییەکانی هەرێمدا بۆ هاندانی ئەوانی دیکە و نەهێڵانی فەرق و جیاوازی لە نێوانیاندا و هەروەها دابەشکردنەوەی مامۆستا دیار و سەرکەوتووەکان بەسەر خوێندنگەکانی دیکەدا نەك کۆکردنەوە و گیرکردنیان لە تەنها چەند خوێندنگەیەکی بەناو بەهرەداراندا و بێبەشکردنی سەرجەم ئەوانی دیکە لە بەهرە و توانستەکانیان.

١٣- بە هەموو شێوەیەك رێگەگرتن لە وتنەوەی (وانەی تایبەتی- (درس خصوصی) هەروەها وەرگرتنی تایبەت (قبول خاص) لە گشت ئاستەکانی پەروەردە و فێرکردندا و قەدەغە بکرێت.

بەو هیوایەی توانیبێتمان خشتێ بخەینە سەر دیواری پتەوی تەلاری رەوشی پەروەردە و خوێندن لە هەرێمی کوردستانی خۆشەویستماندا یان هەر هیچ نەبێ بەم چەند دێڕەدا بەشداریمان لەلایەنێکی کارەکانی کۆنفرانسی چاوەڕوانکراوی ناوبراودا کردبێت.

لەگەڵ رێزان و هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنفرانسەکە و بەشداربووانی و کار بەدەستە دڵسۆزەکانی ئەم بوارە پیرۆزەدا.

# چەند وشەیەکی وەفاداری
# بۆ مامۆستایەکی مەزن

لە هەر کات و سەردەمێکدا و لە هەر شوێن و جێگەیەکدا، کەسێك یان چەند کەسانێکی دەگمەن لە بوارە جیاجیاکاندا هەڵدەکەون کە بۆ ئەو رۆژگارەیان دەبن بە نموونە و سیمبول و کەسایەتییەکی خاوەن تایبەتمەندێتی دیار و ئاشکرای خۆیان. جا ئەو بوارە مەیدانی سیاسەت و کۆمەڵایەتی، ئایینی، زانستی، یان بوارەکانی رۆشنبیری و ئەدەب و هونەر، یانەخۆ گۆڕەپانی پەروەردە و فێرکردن بێت. ئەوەی راستیش بێت لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواری خۆیشماندا هەر لە دێرزەمانەوە بە دەیان و بگرە بە سەدان کەڵە مرۆڤی بلیمەت و توانا و لێهاتوویی بێ هاوتا لە زۆربەی زۆری ئەو بوارانەدا دەرکەوتوون و نێوبانگ و شۆرەتیان هەر لە چوارچێوەی وڵاتی

خۆمانـدا نەماوەتـەوە بەڵکـو بـۆ دەرەوەیـش ڕۆیشـتووە و لـە تـەواوی ناوچەکـەدا نـاسراو بـوون.

بـە تایبەتـی شـارە پـڕ لەخێروبێرەکـەی (پیـرە هەولێـر)ی لانکـەی دێرینـی مرۆڤایەتـی و پایتەختـی هەرێمـی کوردسـتانی ئـازاد چەندیـن زانـا و دانـا و شۆڕەسـواری هـەرە دیـار و نـاسراوی پێگەیانـدوون کـە مایـەی شـانازی پێوەکردنـە بـە بیـری روونـاك و مێشـکی کـراوە و بەرهەمـی بـە پێزیـان نـەك هـەر خزمەتـی گەلـی کـورد بـە تەنیـا بگـرە خزمەتـی مرۆڤایەتیشـیان کـردووە. نموونەشـیان لـە مێـژووی کـۆن و سـەردەمدا ئەوەنـدە زۆرە لێـرەدا پێویسـت بـە باسـکردن نـاکات. ئـەوەی مەبەسـتی ئـەم نووسـینەمانە چەنـد وشـەیەکی سـادەی ئەمەگدارییـە بـۆ یەکێـك لـەو سـەروەرانەمان ئەویـش مامۆسـتای خوالێخۆشـبوو (خـدر مەولـود)ە.

مامۆسـتا (خـدر مەولـود) کـە لـە ١٩٢١/٦/١ هاتۆتـە دنیـاوە و چـاوی بـە دیمەنـە قەشـەنگ و دڵڕفێنەکانـی کوردسـتان هەڵێنـاوە، تـا ئـەو ڕۆژەی کـە لـە ١٩٩٩/٣/٣١ ماڵئاوایـی لـە ژیـان و لـە دنیـا کـرد و بـە خـاك سـپێردرا هـەر خزمەتـی گـەل و نیشـتمانەکەی کـرد و هـەر بـەو ئاواتـەوە بـوو کـە ڕۆژێـك لـە ڕۆژان کـورد و کوردسـتان بـە ئـازادی و سـەرفرازی و سـەربەخۆیی ببینـێ، بـەو هیوایـەوە ژیـا و بـەو هیوایەشـەوە سـەری نایـەوە.

مامۆسـتا (خـدر مەولـود) بـە تایبەتـی لـە بـواری پـەروەردە و فێرکردنـدا دەسـتێکی هـەرە بـاڵای هەبـوو, ئـەم وەك پەروەردەکارێـك، چ مامۆسـتا، چ وەك بەڕێوەبـەری قوتابخانـەی سـەرەتایی بـۆ ماوەیەکـی زۆر پەروەردەکارێکـی بـە ئەزمـوون و سـەرکەوتوو بـوو، پیاوێکـی کارامـە، چـالاك، خـاوەن ڕەوشـتی ئێجـگار بـەرز، دڵسـۆز، ڕاسـتگۆ، دەسـتپاك، بـە ئیـرادە، لایەنگـر و پێـڕەوکاری یاسـا و نیـزام و ڕێکخسـتن، هەقبێـژ و قسـە لـە ڕوو، خەمخـۆر و بـە پـەرۆش، لەسـەر هـەق هەمیشـە بـە جـەواب بـوو. هەرگیـز لـەو ڕووەوە سازشـی لەگـەڵ کەسـدا نەکـردووە. ئـەم مرۆڤـە دەروون پـاك و نەفـس بـەرزە هەرچەنـدە هەندێـك تونـدە

تەبیعـەت و ناوبەنـاو تـوورە دەبـوو، وەلـێ زۆر دڵسـاف و بـە وەفـا و بـێ فیـز بـوو، حـەزی دەکـرد لـە ڕێـگای قوتابخانـە و خوێنـدن و زانسـتەوە گەلـی کـورد پێشـبکەوێت و بـە مافەکانـی خـۆی بـگات. هـەر لـەم بـوارەدا بـە سـەدان رۆڵـەی کـوردی پێگەیانـدوون و بـە بیـری زانسـتپەروەری و بـڕوای پتـەوی کوردایەتـی راسـتەقینە گۆشـی کـردوون کـە زۆربەیـان لـە ئاکامـدا بوونەتـە کەسـایەتی دیـار و نـاسراوی هەولێـر و لەکاروانـی پێشـڤەچووی بزاڤـی رزگاریخـوازی کوردسـتان دا رۆڵـی گرنگیـان بینیـوە، هەربـەم هۆیەشـەوە لەسـەر رێبـازی کوردایەتـی و خۆشەویسـتی بـۆ سـەرۆك بارزانـی نەمـر دووچـاری دوورخسـتنەوە و ئەشـکەنجە و زیـان هاتـووە و زیندانیـش کـراوە. لـە ناوەڕاسـتی سـاڵەکانی پەنجاکانـەوە دوور بـە دووری ئـەو بەڕێـزەم ناسـیوە و دواتـر لـە کۆتایـی شەسـتەکانەوە ئـەم وەك بەڕێوەبـەری قوتابخانـەی (اربیـل الاولـی التطبیقیـة) کـە لەلایەنـی کردەنیـەوە سـەر بـە قوتابخانـەی (خانـەی مامۆسـتایانی سـەرەتایی و پەیمانگـەی مامۆسـتایان) بـوو بـۆ دیدەنـی و راهێنـان و مەشـق پێکردنـی قوتابیـان لەوێـدا، منیـش وەکـو بەڕێوەبـەری هـەردوو ئـەو خانـە و پەیمانگەیـە، زۆر لـە نزیکـەوە پێوەندیـی هاوپیشـەیی و دۆسـتایەتی و ناسـیاویم لەگەڵیـدا هەبـوو، بۆیـە دەمزانـی کـە چەنـد مرۆڤێکـی بـە نـرخ و لێهاتـوو بـوو. ئـەم چەنـد وشـەیە بەهیـچ کلۆجـێ مافـی ئـەو مامۆسـتا بەڕێـزە بـە تـەواوی نـادات، وەلـێ لـە تێپەڕبوونـی ٥ سـاڵ بەسـەر کۆچـی دوایـی هـەر ئەوەنـدە دەڵێـم و داوا دەکـەم کـە دەشـێ و هەڵدەگـرێ و دەبـوا هـەر هیـچ نەبـێ قوتابخانەیـەك بەنـاوی ئـەو زاتـە مەزنـەوە لـە هەولێـر بکرێـت.

هـەزاران درود بـۆ گیانـی پاکـت، مامۆسـتا خـدر مەولـود، جێـگات بەهەشـتی بەریـن بێـت. یادیشـت هـەر زینـدوو بـێ.

# سەردانی مامۆستای قوتابخانە

قوتابخانە کە شوێنی پێگەیاندن و پەروەردە و فێرکردنی جگەرگۆشە و ڕۆڵەکانی گەلە، کەسایەتییەکی تایبەتمەند و پیرۆزییەکی بێ هاوتای ئەوتۆی هەیە کە پێویستە هەمووان بە چاوی پێزانینەوە ڕێزی شیاوی خۆی لێ بنێن و ئەو (پیرۆزی)یەی بپارێزن و دروست نییە بە هیچ شێوەیەك سنووری ئەو کەسایەتی و پیرۆزییەی ببەزێنن!

لە هەمانکاتدا باوکان و دایکانیش نەك هەر مافێکی ڕەوا و ئاسایی خۆیانە و بەس بگرە لە سەریان پێویستە لە جگەرگۆشەکانیان بتوژنەوە و هەوڵ بدەن لە نزیکەوە ئاگاداری حاڵ و باریان بن و بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ زوو زوو سەردانی قوتابخانە بکەن و لە ڕەوت و ڕەوشت و چالاکی

و ئەنجامەکانــی منداڵەکانیــان تێبگــەن.. ئەمــە هەقێکــی ســادە و ڕەوای خۆیانــە. بــەڵام ئەنجامدانــی ئــەم ئەرکــە گرنگەیــان دەبــێ تەنیــا لــە ڕێگــەی بەڕێوەبــەر و دەســتەی مامۆســتایانەوە بێــت کــە ئەمانــەش لــە ســەریانە گشــت ئاســانکارییەك لــە بەردەمیانــدا جێبەجــێ بکــەن و بــەو پــەڕی دڵفرەوانــی و بــە شــێوازی پەروەردەکارانــە و هــاوکاری بــاوکان و دایــکان بکــەن و هەمــوو راســتییەکان دەربــارەی ڕۆڵەکانیانــەوە پێرابگەیەنــن کــە ئەمــە نــەك هــەر ڕەوایــە بەڵکــو کرۆکــی ئــەرك و فەرمانــی بەڕێوەبەرایەتــی قوتابخانەکانــە و باوەڕناکرێــت بەڕێوەبەرێــك هەبێــت ئــەم راســتییە هــەرە ســەرەتاییە نەزانێــت!

بــەڵام هەرگیــز بــۆ باوکــی قوتابــی نەهاتــووە بــۆ تۆژینــەوە و بەدواداچوونــی منداڵەکەیــەوە بێــت و ســەربەخۆ و راســتەوخۆ لەکاتــی وانەگوتنــەوەدا لــە مامۆســتا- بەتایبەتــی مامۆســتای ئافــرەت، لــە پۆلــدا وەژوور بکەوێــت و وەك دەڵێــن زنجیــرەی ڕەوتــی وانــە و بابەتەکــەی لــە مامۆســتا بپچڕێنــێ و بــە بەرچــاوی منداڵانــی پۆلەکــەوە چەنــد و چــوون لەگــەڵ مامۆســتای سەراســیمە و پەشــۆکاودا بــکا! ئەمەیــان کارێکــی ناڕەوایــە و پێموانییــە لــە هیــچ یاســا و پێڕەوێکــی قوتابخانەیــی هیــچ وڵاتێکــدا شــتی لــەم چەشــنە بەرچــاو بکــەوێ.. بگــرە بــە پێچەوانــەی ئەمــەوە هەرگیــزاو هەرگیــز ناشــێت و بەڕێوەبــەری قوتابخانــە بــۆی نییــە ڕێگــە بــە هیــچ میــوان یــا کەســێك یــان زەبەللاحێــك بــدات بەبــێ بەڕێوەبــەر یــان یاریــدەدەری بەڕێوەبــەر یاخــود هیــچ نەبــێ بــە یاوەریــی مامۆســتاکەیەوە لــە خۆیــەوە بــە تایبەتــی لــە کاتــی دەرس وتنــەوەدا ســەربکا بــە پۆلــی قوتابخانــەوە و لەگــەڵ مامۆســتای پۆلــدا وتوێــژ بــکا! چونکــە ئــەم کردەوەیــە نــەك هــەر تەنهــا ســەرپێچی و پێشــێلکردنی یاســا و پێــڕەوی قوتابخانەکانــە، بەڵکــو پێچەوانــەی بەهــاو ڕێنماییــەکان و یەکڕاســت دژی پرۆســە و شــێوازە پەروەردەییەکانیشــە.

هیواداریــن، بــۆ گێڕانــەوەی پیــرۆزی قوتابخانــە و لــە پێنــاو ســەرکەوتنی پرۆســە بایەخدارەکــەی پــەروەردەدا، ئــەو بەڕێوەبــەرە بەڕێزانــەی کەتاکــو ئێســتا ڕێگــەی

ئـەم دیـاردە چـەوت و دزێوەیـان داوە، لەمـە بـە دواوە زیاتـر پابەنـدی پێـڕەو و ڕێنماییەکانـی قوتابخانـەکان بـن و بەرپرسـان و سەرپەرشـتیارانیش پێویسـتە لـەم جـۆرە ڕەفتـارە هەڵـە و ناڕەوایانـەوە بکۆڵنـەوە و ئەرکـی سـەرەکی خۆیشـیانە بەڕێوەبەرایەتـی قوتابخانـەکان ئـاگادار بکەنـەوە تاوەکـو ئـەم چەشـنە کـردەوە و چەندانـی دیکـەی وەکـو ئەمـە بنەبـڕ بکـەن و ئەگـەر هەرنـا لاسـار و سـەرپێچی کار سـزای خۆیـان بدرێتـێ!

# گوتاری گشتی

# قەرد کۆن دەبێت بەڵام ناچێ!

هەولێر ١٩٩٤/٤/١٦

لەسەرچاوەی زۆر نزیك و ئاگادارەوە زانیومە کە ژمارەیەکی باش مامۆستا و کارمەندان لە رشتە و بەشە جۆراوجۆرەکانی زانست لە کۆلیژە جیاوازەکانی زانکۆی سەلاحەدیندا، ساڵانێك پێش ئێستا بە پارە و لە سەر ئەرکی زانکۆوە نێردراونەتە وڵاتانی دەرەوە و بەمەبەستی پتر شارەزایی پەیدا کردن و دەستەبەرکردنی پلە و بڕوانامەی بەرزتر کە ئێستا زۆربەیان ماوەی خوێندنیان تەواو بووە و شەهادەی باڵاتریان وەرگرتووە. کەچی بەداخەوە نەگەڕاونەتەوە! لە بڕی هاتنەوە بۆ کوردستانی ئازاد کە بە پەرۆشەوە لە چاوەڕوانی ئەماندایە کە بێنەوە و لە کۆلیژەکانی پزیشکی و ئەندازیاریی و دەرمانسازیی، کشتوکاڵی، زانیاریی و پەروەردە و...هتد خزمەت بە خوێندکار

و قوتابییـه تێکۆشـەر و تامەزرۆکانـی زانسـت و رۆشـنبیریی گەلـە نـەدار و بێکـەس و لێقەوماوەکـەی خۆیـان بکـەن و بۆشـاییەکان لـە ریزەکانـی پسـپۆڕ و لێزانمـان پـڕ بکەنـەوە، لـە هەنـدەران گیرسـاونەتەوە.. تیشـك و رووناهـی زانیارییـە بـە سـوودەکانیان بـۆ ئەوانـە دەپڕژێنـن. ئەفسـووس! لـە رۆژگارێکـی ئاوەهـا سـەخت و ناهەمـوار و ئێجـگار نابووتـدا، کوردسـتانی دایـك لـە بـەری رەنجـی مێشـك و بـازووی ئـەو رۆڵـە کارامـە و پێگەیشـتووە سەردەسـتەیەی خۆیـەوە بێبـەش و بێنـاز بێـت، کـە شـوێنەکانیان بـە زەقـی لـە نێوەنـدە زانسـتییەکانی کۆلیـژ و پەیمانگاکەنـدا چـۆڵ و دیـارن.. لەمـەش ئەسـتەم و گورجکبڕتـر ئەوەیـە کـە ئـەو بەڕێزانـە هـەر تـاوە نـا تاوێـك بـێ باکانـە و چەشـنی بیانییـەکان سـەردانی کوردسـتان دەکـەن و کەمێـك پشـوو دەدەن.. هـی وایشـیان هەیـە خانووبـەرە و موڵـك و زەوی و زار دەکـڕن، یـان پیلـی کچـە شـوخێکی ناسـکۆڵەی کوردسـتانی دەگـرن و بـەرەو جێـژوان لەگـەل و نیشـتمانیان دوور دەخەنـەوە و بـای بـای لـە بەهەشـتی شـێوێنراو دەکـەن!

جـا بـە کورتـی و بـە کـوردی دەڵێـم: مایـەی شـانازیی و بەختەوەریـمان دەبێـت بێتـو ئـەم بەڕێزانـە بەدڵنیایـی و بـە ویسـت و ئـارەزووی خۆیـان بگەڕێنـەوە و دڵسـۆزانە نەختێـك لـە قـەرزە کۆنـەی نیشـتمانەکەیان ببژێرنـەوە.. وەرنـا پێویسـت دەکات زانکـۆی سـەلاحەدین بـۆ بەرژەوەندیـی گشـتی بـە رەسـمی داوای دانـەوەی ئـەو ئـەرك و پـوول و سـامانەیان لـێ بکاتـەوە کـە لێیانـی بـە خـەرج داوە، دەزگا و کاربەدەسـتانی هەرێمـی کوردسـتانی ئازادیـش بـۆ بـە جێگەیاندنـی ئـەم بڕیـارە رەوایـەی زانکـۆوە گشـت توانـا و مافێکـی یاسـایی خۆیـان بـەکار بێنـن، بەتایبەتـی لـەو کاتانـەدا کـە بـە فیـزەوە جاروبـار ئـەو بەڕێزانـە بـۆ رابـواردن بـە سـەردان دێنـەوە نێـو کوردسـتان!

# هەولێر و کاتی رۆژوو شکاندن

هەولێر ١٩٩٨/١/١٤

رۆژنامـەی رەنگینـی «ئێـوارە گـوڵان» لـە لاپـەڕە چـواری ژمـارە (٤٩)یـدا رۆژی چوارشـەممەی رێککەوتـی ١٩٩٨/١/٧ دەربـارەی کاتەکانـی دەمبەسـتن و بانگـی بەیانیـان و رۆژوو شـکاندن لـە شـاری پیـرە هەولێـردا بابەتێکـی بەپێـزی بڵاوکردبـۆوە، لـە بابەتەکـەدا باسـی لـە جیاوازیـی ئـەو سـاتانەی هەولێـر لەگـەڵ شـارەکانی دیکـەی رۆژهـەڵات و رۆژئـاوای هەولێـر دەکات. هەروەهـا ئـەو راستییەشـی فەرامـۆش نەکـردووە کـە لـە نێـوان هـەر پلەیـەك لـە پلەکانـی هێڵەکانـی درێژیـدا چـوار دەقیقـە جیـاوازی هەیـە کـە پێویسـتە لـە دەستنیشـانکردنی کاتەکانـی شـاراندا رەچـاو بکرێـت، «ئەمـەش ئـەو سـاتە وەختەیـە کـە گـۆی زەوی لـە سـووڕانەوەی بـەدەوری خۆیـدا، بـۆ بڕینـی هـەر یەکـێ لـەو هێڵانـەدا دەیخایەنێـت».

ڕێــزدار د. ئــازاد نەقشــبەندی، ڕاگــری- کۆلێــژی ئەدەبیــات لــە زانکــۆی ســەلاحەدین، لــە لاپــەڕە «٢»ی ژمــارە «١٥٢»ی ئێــوارەی ڕۆژی دوو شــەممەی ڕێککەوتــی ١٩٩٨/١/١٢ی هەمــان ڕۆژنامــەی ئازیــزدا و لــە گۆشــەی «هەمــوو ئێوارەیــەك» وەك ڕوونکردنەوەیــەك بــۆ نووســینەکەی ســەرەوە وتەیەکــی بڵاوکردۆتــەوە و تیایــدا بــە شــێوەیەکی ڕاســت و دروســت لەســەر بنەمــای زانســتی جوگرافیــاوە بابەتەکــەی ڕاڤــە کــردووە، ئەوەیشــی نیشــانداوە کــە چــوار دەقیقــە جیاوازیــی کاتەکانــی بــۆ هــەر هێڵێکــی درێــژی لــە نێــوان شــار و شــوێنەکاندا بەتەنیــا لــە ڕۆژەکانــی ٢١ی ئــادار (نــەورۆز) و ٢٣ی ئەیلوولــدا ڕوودەدات و ڕاســت دەردەچێــت ئــەو کاتانــەی کــە خــۆر (ڕۆژ) ئەســتوونە لەســەر هێڵــی یەکســان (خــط الاســتواء) هەروەهــا ئەوەشــی دەرخســتووە کــە ئــەو جیاوازییــە تەنیــا بــە هێڵەکانــی درێژییــەوە پەیوەســت نییــە، بەڵکــو بــە پلەکانــی بازنــەی پانییەکانــەوە (خطــوط العــرض)ش بەنــدە. هــەر بــۆ نموونــەش دەڵێــت مــەرج نییــە هەمــوو ئــەو شــارانەی کــە ناکەونــە ســەر یــەك هێڵــی درێژییــەوە (خطــوط الطــول) کاتەکانیــان جیــاواز بــن ئەگــەر هاتــوو پلــەی بازنــەی پانییەکەیــان جیــاواز بــوو، (بگــرە هەنــدێ جــاران وادەی دەمبەســتن (امســاك) و ڕۆژووشــکاندن و بانگدانیشــیان لــە یــەك کاتــدا دەبێــت). هەروەهــا بەڕێــز د.ئــازاد دەنووســێت دوو شــاری ســەر هەمــان پلــەی هێڵــی درێــژی نــەك هــەر یــەك کاتیــان نییــە بــۆ ئــەو شــتانەی ســەرەوە «بەڵکــو لــە دوو وەرزی جیاوازیشــیدا دەژیــن گــەر یەکێکیــان کەوتبێتــە نیــوەی باکــووری گــۆی زەوی و ئــەوی تریــان نیــوەی باشــوور. واتــە کاتێــك گــەر یەکێکیــان لــە وەرزی زســتاندا بــژی ئەویتریــان لــە وەرزی هاوینــدا دەژی هــەر بــەم شــێوەیە».

ئەمانــەی ســەرەوە کــە ڕاســتیی سەلمێنراوی زانســتین هەمــووی بەلایــەك، ئــەوەی کــە لــە پیرەهەولێریشــدا هەیــە بەلایــەك! چونکــە ئــەوەی ســەرنج ڕاکێــش و مایــەی سەرســوڕمانە لــەم ڕووەوە ئەوەیــە کــە نــەك هــەر کاتەکانــی دەمبەســتن و نوێــژی بەیانیــان و ڕۆژوو شــکاندن کــە بــەلای موســڵمانان و ڕۆژووگرانــەوە کاریگەریــی

و بایەخـی خۆیانیـان هەیـە بـە تایبـەت لـە مانگـی ڕەمەزانـی پیـرۆزدا بگـرە ساتەکانی بانگـدان بـۆ هـەر پێنـج نوێژەکانـی ڕۆژانـە لـە مزگەوتـە جوداوازەکانـی کووچـە و گەڕەکەکانـی نێـو شـاری هەولێـری دێرینـدا هەرگیـزا و هەرگیـز یەکـدی ناگرنــەوە و هەمیشــە و بەدرێژایــی ڕۆژگار هــەر لێــك جیــاواز بوونــە! تێناگەیــن لەمــەدا ئایـا کاتژمێرەکانیـان خەتابـارن، یانەخـۆ دەشـێ گەڕەکـە (تێکچڕژاوە)کانـی هەولێـر کەوتبنـە سـەر هێڵـی درێـژی و پلـەی بازنـەی پانیـی ئەوەنـدە لێکجیـاواز و لـە یەکـدی دوورەوە کـە مـاوەی نێـوان بانگـی هەمـان نوێـژی مزگەوتێـك (یاخـۆ گەڕەکێــك) لەگــەڵ ئــەوی تــری دراوســێیدا (١٠) دەقیقــە یــان بــە لانــی هــەرە کەمییــەوە (٥ بــۆ ٦) دەقیقــە بێــت!؟ زۆرجــار وابــووە موســڵمانانی خــاوەن بــاوەڕ و خواپەرســت بــە پەلــە پــرووزە قومــە ئاوێــك دەخواتــەوە و (ئیمســاك) دەكات و دواتـر بانگـی بەیانـی دراوە و نوێـژی خـۆی دابەسـتووە جـا لـە نوێژەکـە بۆتـەوە یــان لــێ نەبۆتــەوە لــە دوورەوە دەبیســتی مامۆســتایەکی بەڕێــز تــازە بەتــازە بانگەشـەی دەمبەسـتن دەكات و دەفەرمـووێ (الامسـاك، الامسـاك، یـا امـة محمـد الامســاك».

جـا نازانیــن پاســاوی ئــەم نارێکــی و لێکجیاوازییانــەی کاتەکانــی بانگەکانــی هەولێـر چییـە، هیواداریـن خێرەومەندێـك بۆمانـی لێـك بداتـەوە خـودا پاداشـتی چاکــەی دەداتــەوە ئینشــاللا.

ئیــتر خــوای مــەزن نوێــژ و ڕۆژووی هەمــوو لایەکــمان قەبــوڵ بــكات و بــە میهـر و توانـای خـۆی جەژنـی ڕەمەزنـی ئەمسـاڵی کوردسـتانمان بـۆ بـكات بـە جەژنــی ئاشــتیی و برایەتیــی و ســەرفرازیی و کامەرانیــی ئامیــن!

# یادی مەردێکی لەیادکراو

رۆژنامەی برایەتی ژمارە ٢٥٧١- ١٩٩٨/٤/٢٣

لە کۆنەوە ئەم میللەتی کوردەی ئێمە سەدان و بگرە هەزاران شۆڕەسوار و کەڵەمێردی بیر ڕووناك و دەستوودەروون پاك و زانای مەزن و مەردانەی تیادا هەڵکەوتوون کە بەهەر بارێکدا هەڵیانسەنگێنی و بە هەچ پێوانەیەك لە (مەحەك) بدرێن، هەروەکو دوڕ و گەوهەر و ئاڵتوون دەدرەوشێنەوە و نرخ و بەهایان بە هیچ دراوێکی سەردەم نایەتە ناسیین! بەڵام سەد حەیف و مخابن زۆربەی هەرە زۆری ئەو پیاوە بە نرخانە بێ سەروشوێن رۆیشتوون و شوێنەواریان کوێربۆتەوە و (ئاسەواریان) بڕاوەتەوە و بەبێ ئەوەی وەچەی ئێستا شتێکیان لەبارەوە بزانێ، یا باسێکیانیان کردبێت و یادێکیانیان کردبێتەوە، وەکو ئەوەی هەر نەشبووبن ئە ئاوا بێ ناونیشان ماونەتەوە.

یەکێــك لــەو پیــاوە هــەرە مەزنانــە، زانــای گــەورە، خوالێخۆشــبوو (مــەلا عەبدولــلای شــێخ مەموودیــان)ە کــە ئــەم ســەربوردەیەیتان بــۆ دەگێڕینــەوە.

مامۆسـتا مـەلا (عەبدولقـادر باپیـری کانـی دەربەندیـی - ١٩٠٧) کـە ئێسـتا لـە کۆیـە خانەنشـینە و (یـەك لـە موسـتەعیدەکانی جەنابـی مـەلای گـەورە و مـەلا محەمـەدی جەلیـزادە بـوە) لـە نووسـینگەی شـاعیری پایـە بـەرزی نەتەوەیـی کـورد خوالێخۆشـبوو (عوسـمان عەونـی) ئـەم سەرگوزەشـتەیەی لـە زمانـی بەهەشـتی (شـێخ مسـتەفای نەقشـبەندی)یەوە بـۆ گێڕاینـەوە و گوتـی:

(لەســەردەمی عوســمانلییەکاندا وابــوو مــەلا و شــێخ و زانــا نــاودارەکان دەچـوون بـۆ (ئاسـتانە) و سـوڵتانی وەخـت تاقـی دەکردنـەوە، لـە پاشـدان ئـەوەی دەرچووبـا خەڵاتـی دەکـردن و موچـە و مانگانـەی بـۆ دەبڕینـەوە. مـەلا عەبدولـلا کــە زانایەکــی بلیمــەت بــووە لــە گونــدی (شــێخ مەموودیــان)ی نزیــك بــە (سیسـاوە)ی دەشـتی (هەریـر) ژیـاوە، خـزم و دۆسـت و خەڵکـی ناوچەکـە زۆری لەبــەر پاڕانــەوە و داوایــان لێکــردووە ســەردانێکی (ئەســتەنبوڵ) بــکات و چــاوی بـە (سـوڵتان) بکـەوێ، بەڵکـو ئەمـە خوایـە و خـەڵات بکرێـت و مانگانەیەکـی بـۆ ببڕێتــەوە. ئەمیــش دڵیــان ناشــکێنێ و دەچێــت.

دوای گەشــتێکی دوورودرێــژ و ماندووبوونێکــی زۆر دەگاتــە مەنــزڵ و چەنــد ڕۆژێـك بـۆ حەوانـەوە پشـوو دەدات. ئەوجـا دەیبەنـە بـەردەم رازگـری لێژنـەی تاقیمانەکـەوە. دوای بەخێرهێنـان و ڕێزلێنـان رازگـر داوای لێـدەکات هەتـا بەیانـی ڕۆژی دواتـر مانـای تەنیـا (یـەك دێـڕە شـیعر) لـە چامەیەکـی عەرەبـی زۆر گـران و ئاڵــۆز لێکداتــەوە. مــەلا عەبدولــلا دەڵێــت «ئەگــەر حــەز دەکەیــت مانــای ســەرتاپای قەسـیدەکە لێکدەدەمـەوە» کابـرا دەڵێـت «ئەمـە بـە کـەس نەکـراوە!» مـەلا عەبدولـلا دەپرسـێ جـا دەتـەوێ بـە پەخشـان لێکـی بدەمـەوە یـان هـەر بـە شـیعر؟» رازگرەکـە دەحەپەسـێ و پێـی دەڵێـت «کەیفـی خۆتـە، چـۆن دەتوانیـت وابکـە» ئەوجـا (قەسـیدە)کەی دەداتـێ و جێـی دەهێڵـێ.

هـەر ئـەو شـەوە مـەلا عەبدولـلا واتـای سـەرجەمی چامـە عەرەبییەکـە بـە هۆنـراوە لێکدەداتـەوە و بـۆ بەیانـی دەیداتـەوە دەسـت کابـرای رازگـر. پـاش ئـەوەی لێژنـە بڕیـای سـەرکەوتن دەدەن مـەلا عەبدولـلا بـۆ بـارەگای سـوڵتان دەبـەن. لەوێـدا زۆر ڕێـزی لێدەگیرێـت و داوای لێدەکـەن هەرچییەکـی دەوێـت، بخـوازێ! ئـەم دەڵێـت «ئێـوە خۆتـان چـی دەفەرمـوون، مـن رازیـم» سـوڵتان وتـی «چەنـد جۆگـە و بـەراوت لـە لای خۆتـان لـە دەشـتی هەریـر پێدەبەخشـم». ئـەم پاکانـەی کـرد و گوتـی: «ئەگـەر بمبەخشـن، ئەمەیانـم بـۆ ناکرێـت و نامەوێـت». سـوڵتان وتـی: «دەباشـە چەنـد هـەزار لیـرەی زێـڕت خـەڵات دەکەیـن». نەختـێ دامـا و لـە وەرامـدا گوتـی «ئەگـەر ئیمشـەو مۆڵەتـم پێبـدەن بەیانـی پێتـان دەڵێـم چیـم دەوێـت.»

بۆ رۆژی دواتر کە چۆوە (مەجلیس) وتیان «ها چیت بڕیار داوە؟»

بـە دڵنیاییـەوە گوتـی: «بەنـدە تەنیـا یـەك دانـە لیـرەم گەرەکـە». هەموویـان دەحەپەسـێن و دەڵێـن «ئەمـە چـۆن دەبێـت؟ ئـەوە تـۆ تکێچوویـت ئـاوا لەقـە لـە رزقـی خۆتـا دەدەیـت!» وتـی» نەخێـر بەڕێزینـە بـەڵام لـە سامانی دەوڵەتـی عوسـمانی مـن هـەر ئەوەنـەدەم لـێ حەڵاڵـە!» وتیـان «چـۆن» بـە بزەیەکـی سـافیلکانەوە دەڵێـت «ئەمشـەو گەنجینـەی بەیتولمـاڵم لێکدایـەوە و بەسـەر هەژارانـی سـەڵتەنەتدا دابەشـم کـرد، لـە ئەنجامـدا بـۆم دەرکـەوت تەنیـا یـەك تاکـە لیـرە بـەر مـن دەکەوێـت و بـەس، لەوەیـش زیاتـر لـە مـن حەرامـە و منیـش ئیشـاللا حـەرام ناخـۆم».

بەو شێوەیە جەنابی مەلا عەبدوللا گەڕایەوە».

لەوەشـدا ئەگـەر بـە وردی سـەرنج بدەیـن دەبینیـن بـەو وەڵامـەی توانـج و پـلاری رەوای ئاراسـتەی دوو لایەنـان کـردووە، یەکەمیـان کاربەدەسـتانی حکومەتـی ئـەو سـەردەمەی عوسـمانلی پـێ ریسـوا دەکات کـە ئاوەهـا پـارە و سـامان و موڵکـی دەوڵەتیـان بەبـێ پـەروا بەشـیوەتەوە و تەخشـان و پەخشـانیان پێکـردووە!

دووەمیان بە توندی رەخنە ئاراستەی ئەو دەستە و تاقم و تاکە کەسانەش دەکات و رووشکێنیان دەکاتەوە کە هێندە بە دوای بەرژەوەندیی کەسێتی خۆیانەوە بوون و ئەو هەموو خەڵات و دێ و زەوی و زار و کانی و بەراو یاخود پارەوپوول و لیرەی ئاڵتوونی دەوڵەتیان بە هەوەنتە و بە ناحەق وەرگرتووە و خۆیانیان پێ دەوڵەمەند و ساماندار کردووە. ئەمەیش (مەلا عەبدوللا) کە لە هەمووانیان زیاتر شایستەی خەڵات و بەخشش بووە، ئە ئاوا بێ تەماع و هیچ نەویست بووە، قایل نەبووە شتێ وەرگرێ کە بەماڵی خەڵکی رەشوورووت و هەژارانی میللەتەکەی زانیوە!

سەدجار ئافەرین بۆ ئەو ویژدانە پاك و بێگەردە و ئەو نەفسییەتە بەرزە و ئەو دینداریيە راستەقینەیەت! هەزاران درووود و سڵاو لەو گیانە مەزنەت بێت هەی زانای کوردی دنیا نەویست و راستی و دادپەروەر، لەگەڵ ئەو زاتە حەقخواز و خواپەرستانەی وەکو تو ژیاون و وەکو تۆیش بەسەربەرزیەوە ئەم دنیا بێ وەفایەیان جێهێڵاوە و جێگەشتان بەهەشتی بەرین بێت!

# لە سۆنگەی بنیاتنانەوەی ناخی مرۆڤی کورددا

برایەتی: ژمارە ٢٦٤٦ رۆژی ١٩٩٨/٨/١٢

دەروونــی مرۆڤــی کــورد بەداخــەوە ئەگــەر توشــاری نەخۆشــیی باوەڕبەخــۆ نەبــوون و هەســت بەکەمیــی و دارمــان هاتــووە، هــەروا لــە ختوخــورا و بــێ هــۆ نییــە! هــەر لــەو رۆژەوەی کوردســتان لەتلــەت و میللەتــی کــوردی ســتەمدیدە بــە ناهــەق بەســەر چــوار وڵاتانــدا دابەشــکراوە لــە هەمــوو مافێکــی نیشــتمانی و نەتەوایەتیــی و بگــرە مرۆڤایەتیشــی بێبــەش کــراوە. ئێمــە لێــرەدا تەنیــا بــاس لــە کوردســتانی باشــوور دەکەیــن کــە دوور لــە ویســت و خواســت و ئــارەزووی دانیشــتوانەکانییەوە بــە پیلانێکــی چەپەڵــی ئیمپریالیزمــی بەریتانیــاوە دوای کۆتایــی هاتنــی جەنگــی یەکەمــی جیهانــی خرایــە ســەر قــەوارەی ئــەو حکومەتــەی بەنــاوی (عێــراق)ەوە لــە ویلایەتەکانــی بەغــدا و بــەسرا لــە نــۆژەن دروســتیانکرد و بــەوەش

چراوگـی ئـەو هیـوا و ئاواتەیـان پـێ کوژانـدەوە کـە لـە پەیمانـی (سـیڤەر)دا بـۆ گەلـی کـورد هەڵگیرسـێنرابوو! ئیـتر لـەو سـاتەوە بـەدواوە داگیرکەرانـی کوردسـتان پەیتـا پەیتـا و کـەم و زۆر لـە هەوڵـی بەردەوامـی ئـەوەدا بوونـە (ناسـنامەی کوردایەتـی کـورد) بسـڕنەوە و بـە هـەر ڕێگەیـەك بـووە مرۆڤـی کـورد لـە (ناخـەوە داتەپێنـن!)

فەرمانڕەواییـی پاشـایەتی دروسـتکراو هـەر زوو دەسـتپێکی پلانـە شـوومەکەی گرتـە ئەسـتۆوە. دواتریـش حکومەتەکـەی عەبدولکەریـم قاسـم پـاش ئـەوەی لـە ڕێبـاز و ئارمانجـە پیرۆزەکانـی شـۆڕشـە مەزنەکـەی ١٤ی تەممـوزی سـاڵی ١٩٥٨ لایـدا و هـەر لـە سـاڵی ١٩٦٠ ەوە ئەنجـا ڕژێمەکـەی عەبدولسـەلام عارفـی ڕەگەزپەرسـت لـە هەڵپـەی تواندنـەوەی نەتەوەیـی کـورد دابـوون بـەو خەیاڵـە خاوەیانـەوە کە(میللەتـی کـورد) لەنێـو بۆتـەی گەلـی عێراقـی عەرەبیـدا بتوێننـەوە، تاکـو لـە دوا قۆناخـدا حزبـی بەعـس جڵـەوی حوکمڕانییەتـی عێراقـی گرتـە دەسـت، ئەوسـا پرۆسـە دوژمنکارییەکـە گەیشـتە چڵەپۆپـە و ڕژێمـی بەعـس لـەو پێنـاوەدا هەمـوو جـۆرە چەکێـك و گشـت شـێوازێکی کـۆن و تـازەی خسـتەکار بـە مەبەسـتی ئـەوەوە بـۆ ئێجـگاری میللەتـی کـورد ریشـە کێـش بـکات و دەنگـی زوڵاڵـی شـۆڕشـی کوردسـتان کـپ بـکات و بزاڤـی ڕزگاریخـوازی نەتەوەیـی و نیشـتمانیی کوردسـتان بـۆ هەتـا هەتایـێ لەبەیـن ببـات و هەرچـی ئاسـەواری کـوردەواری هەیـە لـە عێراقـدا بیانسـڕێتەوە! جـا بـۆ بـە ئەنجامگەیاندنـی ئـەو پرۆژەیـە و گەیشـتن بـەو ئامانجەیـان سـەرەڕای بەکاربردنـی هێـز و گشـت چەکـە ئاسـایی و نائاسـاییەکان بەوانەیشـەوە کـە لـە کۆمەڵگـەی مرۆڤایەتیـدا قەدەغەکـراون وەکـو چەکـی بەکۆمەڵکـوژ و گازە ژەهراوییـەکان و چەکـی کیمیایـی و بایەلـۆژی و هتـد، لـە تـەك ئەمانەیشـدا شـێواز و پرۆسـەگەلی دڕندانەتـری پەیـڕەو کـرد بـۆ نموونـە: پرۆسـە بەدناوەکانـی (ئەنفـال) و ڕاگواسـتن و بـە عەرەبکـردن و پیادەکردنـی سیاسـەتی (برسـی و نـەدار و نەخوێنـدەوار) کـردن و (داتەپاندنـی کەسـایەتیی

تاکـی کـوردان!).

بـۆ ئەمەیـش هەمـوو هـۆکار و ئامرازێکـی لـە رووی ئابووریـی و کۆمەڵایەتیـی رەوشـت و داب و نەریـت و رامیـاری و دەروونییـەوە خسـتنە گـەڕ، وا لـەم خاڵانـەدا زۆر بـە کورتـی دەیانخەینـە ڕوو:

لـە بـاری ئابووریـیـەوە رژێـم کوردسـتانی پـڕ لـە خێروبێـری بـە سـووتماك کـرد و سـەرچاوەکانی هەمـوو فـەڕ و بەرهـەم و بەروبوومێکـی لـێ کوێـر کـردەوە و تەنانـەت دەرچـوون لـە شـەقامە گشـتیی و سـەرەکییەکانی لـە هاووڵاتییانـی دەرەوەی شـارەکانەوە قەدەغـە کـرد! بـە هەمـوو شـێوەیەك کـوردی هـەژار و برسـی کـرد و ناچـاری ئـەوەی کـردن بـۆ دابینکردنـی بژێـوی رۆژانـە چاویـان تەنهـا لـە دەسـتی رژێـم و مەرحەمەتـی جەللادەکانیـەوە بێـت و ئیـتر یـا ئەوەتـا دەبـوا ببنـە کۆیلـەی ئەلقـە لـە گوێـی رژێـم و یانیـش دەبـوا سـەرگەردان بـن و لـە برسـانا رەق هەڵێـن! هـەر لـە سـۆنگەی ئـەو سیاسەتەیشـەوە بـوو تاکەکانـی کـوردی لـە زۆربـەی هـەرە زۆری بەهـاو نەریتـە بـەرز و رەسـەنە کۆمەڵایەتییەکانـەوە رووتکردنـەوە و خەسـڵەتی بـاوەڕی پتـەو و بەخۆبـوون و پیاوەتیـی و جوامێریـی لێـوە داماڵیـی!

لـە رووی کۆمەڵایەتیشـەوە: لـە دەرەنجامـی برگـەی سـەرەوەی نەخشـەکەیاندا واتـا برسـی کـردن و هەروەهـا بەهـۆی (ئەنفالـەکان)ەوە راگوێـزان و نیشـتەجێکردن لـە ئـۆردوگا زۆرە ملێکانـدا و تێکەڵکردنـی خەڵکانێـك کـە خاوەنـدی دابونەریتـی لێکجـودا و لـە شـوێنگەلی جیاجیـاوە هێنرابـوون و بەشـێوەیەکی رەمەکیـی و بەبـێ بەرنامـەی گونجـاو بەبـێ دابینکردنـی کەمتریـن پێداویسـتییەکانی ژیـان و یاخـود دیاریکردنـی کاروکاسـبی بۆیـان، ئـەوە هەمـووی ئـەم کـوردەی سەراسـیمە و سەرلێشـێواو و لـە ژیـن بێـزار کـرد و بـە دەردی ئـەو چۆلەکەیـەی بـردن کـە هـەم رەوتـی قەلەرەشـکە فێرنەبـوون و هەمیـش رەوتەکـەی خۆیانیـان بیرچـووەوە! وێـڕای گشـت قوڕبەسـەریی و دەردێکیشـەوە دووچـاری کۆمەڵێـك نەخۆشـیی و

تەنگوچەڵەمـەی کۆمەڵایەتـی و دەروونـی سـەخت و ئاڵۆزکاویـش هاتـن!

لــە لایەنــی رامیاریشــەوە هەرچــی توانایــان هەبــوو بەگەڕیــان خســتن بــۆ ئــەوەی یەکــەم: گیانــی کوردایەتــی و رۆحــی خەبــات و تێکۆشــانی راســت و دروســتی نەتەوەیــی و شۆڕشــگێڕییان نەهێڵــن و هەمــوو جــۆرە چالاکییەکــی سیاســی و رێکخراوەیــی بــەدەر لــە هــی رژێــم خۆیــەوە لێیــان قەدەغــە و بقــە بکــەن. دووەم: بــە جارێــك (نەفســییەتیان) بشــکێنن و سەرشــۆڕ و ملکەچیــان بکــەن بــەوە کــە بــە زۆری زۆردارەکــی لــە رێکخــراوە قێزەونەکانــی تاکــە حزبــی فەرمانــڕەوا و تۆڕەکانــی جاسووســییەت و لــە چڵپــاوی جاشــایەتی و خیانەتکاریــی دژ بەخــاك و گەلــی خۆیانــدا بیانگلێنــن.. ســەرپێچی کاریــش کەمتریــن ســزای دەبــوو! زیندانیــی و دەستبەســەر مولکــو مــاڵ داگرتــن و یانەخــۆ شــوێنەونکردن و لــە ســێدارەدان بێــت!

وێــڕای هەمــوو ئەمانەیشــەوە و لــە گشتیشــی کاریگەرتــر نەهێشــتن و یــا گۆڕینــی بەهــاو دابونەریتــە کۆمەڵایەتییــە رەســەنەکانی کۆمەڵگــەی کوردەواریــی بــوو.. بــە تێکدانــی شــیرازەی پێوەندییــە خێزانییــەکان، تێکدانــی نێوانــی بــاوك و فەرزەنــد، ژن و مێــرد، خــزم و کــەس، لاوازکردنــی متمانــەی بــرا و بــرادەر و هــاوڕێ و پەرەپێدانــی گیانــی تاکڕەویــی و بەرژەوەندیــی تاکەکەســیی و ئیرەیــی و دووروویــی (نیفــاق) و دەســت لــە پشــتێدانی رەوشــت و رەفتــاری دزێ و کرێتــی وەك: دزی و درۆ و حەرامخــواردن و تــاڵان و بــرۆ و گەندەڵیــی و کوشــتن و تیــرۆر و .. هەروەهــا دوورکەوتنــەوە و هەڵاتــن لــە قوتابخانــە و خوێنــدن و بەهــا ئاینییــەکان و بەڕەڵڵایــی و بــڕوا بەخۆنەمــان و راڕایــی بــوون و هتــد.. ئەمانــە و زۆرەهــا هۆکارگەلــی دیکــە پێکــەوە بوونەتــە فاکتــەری هاوبــەش بــۆ تەشــەنەکردنی نەخۆشــیی (باوەڕبەخۆنەمــان) و (هەســتکردن بــە کەماســیی و داڕمانــی کەســییەتی زۆربــەی تاکەکانــی کــورد!).

ئێســتەیش دوای راپەڕینــە مەزنەکــەی گەلەکەمــان لــە بەهــاری ١٩٩١ و

هەڵبژاردنــی پەرلەمــان و دامەزراندنــی حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان، ئەرکێکــی ئێجــگار ســەخت و گرنــگ کەوتۆتــە سەرشــانی دامودەزگــە گشــتیی و رەســمییەکان و ســـەرجەم حـــزب و لایـــەن و رێکخـــراو و تـــەواوی رۆڵـــە دڵســـۆزەکانی گەلـــی هەرێمــی کوردســتانەوە بــۆ ئــەوەی هەمــووان بکەوینــە خــۆ بــە مەبەســتی لــە نــۆژەن دروســتکردنەوەی (کەســایەتی) کوردییــەوە بــۆ ئــەوەی بکارێیــن دەروونــی دارووخـــاوی مرۆڤـــی کوردســـتان لـــە پەتـــای (باوەڕبەخۆنەمـــان و هەســـتکردن بــە کەماســیی و دارمــان) لــە بنەڕەتــەوە چارەســەر بکەیــن و جارێکــی دی ئــەو دەروونــە (گــەش و روونــاك و ئــاوەدان) بێتــەوە!

راســتە لــەم مــاوە کورتــەدا زۆران شــت کــراون و زۆرەهــا هەنگاویــش بــەو ئاراســتەیەوە هەڵێــنراون بــەڵام نــە کارەکــە بــەو ســانایيە و نــە ئەوەشــی کــراوە لــە ئاســتی پێویســت دابــووە، بۆیــەکا کەموکوریــی زۆر لــەو رەهەنــدەدا هەیــە و هێشــتا هــەر زۆرمــان مــاوە بیکەیــن و تــا لــەم بــوارەدا ئامانجــەکان بپێکیــن و بەمزووانــە بــە ئــاکام بگەیــن بــەڵام پێویســتە بــە بــڕوا و متمانەیەکــی پتــەو و بەهیوایەکــی گەشــەوە هەنــگاوی دەســپێك بهاوێژیــن و لــە هیــچ کۆســپ و ئاســتەنگێك ســڵ نەکەینــەوە چونکــە ئەرکەکــە فــرە گرنــگ و ســەختە، بــەڵام ئێجــگار پیرۆزیشــە و لــە ئەســتۆی گشــت دایــە: لــەم پێناوەشــدا زۆر پێویســتە شــەڕی کاولــکاری نێوەخــۆ بــە زوویــی راگیرێــت و هەرچــی توانســتێك هەیــە بخرێتــە خزمەتــی سەرخســتنی پرۆســەی ئاشــتیی و ئاشــتبوونەوەی نیشــتمانیی سەرتاســەریی و ســەقامگیرکردنی ئاســایش و ئارامیــی گشــتی و چەســپاندنی ســەروەریی یاســا، چونکــە ئــەم شــەڕە خۆکوژییــە ماڵوێرانکــەرە هۆکارێکــی ســەرەکیی و یاریــدەدەری ئــەو دیــاردە هــەرە ســـامناکەیە بەهۆیـــەوە ژمارەیەکـــی زۆر لـــە ئەندامانـــی کۆمەڵگـــەی کوردســـتان گرفتــاری جۆرەهــا ســەدمە و بــاری نائاســایی دەروونــی بوونــەوە و کاردانــەوەی هــەرە خراپــی بەســەریاندا ســەپاندوون کــە لــە ســەرووی هەمووشــیانەوە هەســت بــە نامۆبــوون لــە نیشــتماندا و دڵەراوکــێ و ســەرگەردانیی و ئاوارەبــوون بــەرەو

هەنـدەران و چارەنووسـی نادیـار و گیرۆدەبوونـی بـەدوای تۆڕەکانـی مافیـای نێودەوڵەتیـی دەسـتی قاچاخچیـە دڵـڕەق و بـێ بەزەییەکانەوەیـە، یانەخـۆ نغرۆبـوون و خنـکان لـە دەریـادا، ریسـوابوون و زیندانیـی لـە تاراوگـەدا و یـان هـەر هیـچ نەبـێ سـنووورداش کردنـەوەی دووبـارە و سـێ بارەیـان ئاکامـی راسـتەوخۆی ئەمانەیـش زیانـی کوشـندە و بـە سـامانی مرۆڤیـی و مـاددی و سروشـتیی کوردسـتان دەگەیەنێـت. جـا لێـرەوە ئەرکـی دامـەزراوە گشـتییەکان دێـت، لەوانەیـش وەزارەتـی رۆشـنبیری، بـە گشـت دەزگاکانـی راگەیاندنـەوە (بیـنراو، بیسـتراو، نـووسراو) هەروەهـا وەزارەتـی ئەوقـاف و کاروبـاری ئیسـلامی: بـە هەمـوو زانایانـی ئایینـی و خەتیـب و رادیـۆ و تەلەڤزیـۆن و وتارەکانـی نوێـژی رۆژانـی هەینـی و زانکۆکانـی هەرێـم و کۆلیـژ و پەیمانگـەکان، حزبـەکان و رێکخراوەکانیـان و ئـۆرگان و بڵاوکراوەکانیـان، سـەندیکا و یەکێتییەکانـی لاوان و قوتابیـان و مامۆسـتایان و ئافرەتـان، نووسـەران، هونەرمەنـدان، رۆژنامەوانـان، کرێـکاران و جوتیـاران لـە کوردسـتان..هتد. لـە سـەرووی هەمووشـیانەوە وەزارەتـی پـەروەردە و دامـودەزگا تایبەتەکانـی ئەمانـە هەمـوو تێکـڕا چاکـی مەردانـەی لـێ بکـەن بـەلادا و قـۆڵ و بـازووی لـێ هەڵماڵـن و بەوپـەڕی توانسـتەوە و بەبـێ پشـوودان دەسـت بەرەنگرێـژی و پیادەکردنـی بەرنامەگەلـی جۆراوجـۆرەوە شـیاو بکـەن و سـەرجەم چالاکییەکانیـان بـەرەو ئـەم ئارمانجـە هـەرە گرنگـە ئاراسـتە بکـەن.

ئەرکی وەزارەتی پەروەردەش لە ئەمڕۆدا ئەمانەی خوارەوەیە:

١- بەرنامەیەکـی پەروەردەیـی و خوێندنـی درێژخایـەن دابڕێژێـت بـە مەرجێـك بڕگەکانـی پرۆگرامەکانـی خوێنـدن رەچـاوی ئـەم ئامانجـە پیـرۆزەی تیـادا کرابێـت و لەگەڵیـدا سـەد لەسـەد بگونجێـت بـۆ ئـەوەی لـە دروسـتکردنەوەی تاکـی کـورد بەشـداری بـکات کـە بـەڕای مـن دەبێـت لـە قۆناخـی باخچـەی سـاوایان و پۆلـە سـەرەتاییەکانەوە دەسـت پێبکەنـەوە و پلـە بـە پلـە و قۆنـاخ بـە قۆنـاخ بـۆ

سەرووتر هەڵکشێین چونکە دەردەکە زۆر لەوە قووڵتر و کاریگەرترە کە ئێمە هەستی پێدەکەین.

٢- بایەخ و گرنگییەکی تایبەت بدات بە پێگەیاندن و ڕاهێنانی مامۆستای بە توانا و لێهاتوو چ لە ئاستی زانستی و پەروەردەییانەوە چ لە رووی رەوشت و هەستی نەتەوەیی و رادەی دڵسۆزی و خۆشەویستیمانەوە بۆ پیشە هەرە پیرۆزەکەیان – مامۆستایەتی- و پێگەیاندنی وەچەی نوێی میللەتەکەمان.. ئەمەش بەچاکسازیی و گرنگی دان بەخانەکانی پێگەیاندنی مامۆستایان و ئامۆژگاکانیانەوە، هەرچەند لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزمدا بۆ مامۆستایانی ئێستامان، ئەو بەڕێزانەی لە راپەڕینەوە هەتا ئیمڕۆ بە رۆڵ و هەڵوێستی سەربەرز و جوامێرانەیاندا بۆ دۆست و دوژمنانیان سەلماند کە رۆڵەی ئەمەکدار و بە وەفای کۆڵنەدەری گەلن، بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت کە بمانەوێ و نەمانەوێ، کەموزۆر پروشکی شاڵاوی پیلانە نەگریس و دزێوەکانی دوژمنانیان بەرکەوتووە، ناڵێم هەمووان بەڵام ژمارەیەکی زۆریان پێویستیان بە دووبارە بنیادنانەوە و دۆزینەوەی خود و باوەڕبەخۆهێنانەوە هەیە!

دەبا هەر هەموومان کاربەدەستان و رۆڵەکانی گەل تێکڕا لە هەڵمەتێکی زانستییانەی بەرفرەوانی نیشتمانیدا بۆ (دروستکردنەوەی مرۆڤی کوردی باوەڕبەخۆ و پتەو) دەستبەکار بین، وا ئیمڕۆ رۆژی هیممەتە!

تێبینی:

١- ئەم وتارە بەر لەمۆرکردنی رێککەوتننامەی ئاشتی لە واشنتۆن نووسراوە.

ئەم وتارە لە رۆژنامەی (برایەتی) تێکۆشەردا بڵاوکرایەوە، بەڵام بەداخەوە بەشێوەیەك کورتکرابۆوە تا رادەیەك روخسار و مەبەستی سەرەکی نووسینەکە تێکچووبوو، بۆیە بە چاکم زانی (بە ئیجازەی خوێنەر) لێرەدا دووبارە بڵاوی بکەمەوە.. تکای لێبوردن دەکەم (م.ئاسنگەر).

# وەرامێك بۆ وتاری

# (رفقا بالعربیة، ایها الاخوة الکرام!)

پەرلەمانی کوردستان ١٩٩٨/٨/٢٨

لە ژمارە (٢٧)ی رۆژی ٢٥ی آب ١٩٩٨ ی گۆڤاری (گولان العربی)دا نووسینێك بەو ناوەی سەرەوە بۆ (محمد الملا عبدالکریم) بڵاوکراوەتەوە. ئەوەی راستی بێت نووسینەکە شتێکی پڕوپووچە و جگە لە چەواشەکاریی پڕیەتی لە وڕێنەی بێ سەروبەر و درۆ و دەلەسەی هەڵبەستراو کە لە دوو توێی رستە و دەستەواژە و دەربڕینە ناڕەواکانیدا ئاشکرا هەست بە بوونی ژەهراوی رق و کینە و دوژمنایەتییەکی شاردراوە دەکرێت. ئەم وڕێنانەش لە راستیدا ئەوە ناهێنێ ئاوڕیان لێ بدرێتەوە و جوابەجێ بکرێنەوە، بەڵام تەنها بە مەبەستی دەرخستنی چەند راستییەك بۆ خوێنەری هێژا و هۆشیاری کوردستان ئەم خاڵانە دەخەینەڕوو:

١- نووسـەر دڵنیـا نییـە لـە نووسـینەکەی خـۆی، ئەمـە تـا پاتەپـات دەڵێـت (قـد طـرف سـمعی ان.. الـخ) واتـە (گـوێ بیسـت بـووە کـە ..) و لـە سـەرەتای سـتوونی دووەمـدا نووسـیویە (أریـد هنـا و قبـل کل شـیء انـا اذکـر انـە اذا صح مـا سـمعت.. الـخ) واتـە (ئەگـەر ئـەوەی بیسـتوومە راسـت بێـت). واتـە دڵنیـا نییـە لەوەیـش کـە بیسـتوویەتی ئایـا راسـتە یـان نـا، ئەگـەر راسـت بێـت ئـەوا.. هتـد. جـا باشـە یەکێکـی وەك ئـەم کـە تەمەنێکـە بـە سیاسـەتبازیی و کاری لێتویژینـەوەی ئەدەبیـی و مێـژووەوە خەریکـە، تـا بـە تەواویـی دڵنیـا نەبێـت لـە هەواڵێـك (کـە بەرگوێـی کەوتـووە) و سـاخی نەکردبێتـەوە چـۆن چۆنـی وتارێکـی لەباریـەوە دەنووسـێت و بـە نـاڕەوا پیرۆزتریـن دامـەزراوەی کوردسـتانی پـێ تۆمەتبـار دەکات!؟ جـا ئەگـەر بـۆ چەواشـەکاریی نەبـێ کـەس شـتی ئاوەهـا دەکات؟

٢- لـە نێـو ناڵێـم دوو سـەد ملیـۆن عەرەبـدا، بـەڵام هیـچ نەبـێ لـە نێـو ئـەو هەمـوو عەرەبـە رۆشـنبیر و زمانـزان و خوێندەوارانـەی عێراقـدا ئاخـۆ لـە (محمـد الملا عبدالکریـم) زیاتـر کەسـێکی تـر نەمـاوە لـە سـەر زمانـی عەرەبیـی بـە جـواب بـێ و داکۆکـی لێـوە بـکات؟ بەرەنـگاری (بـە قەولـی خۆی)ئـەو هەڵەیـەی پەرلەمانـی کوردسـتان بێتـەوە و داوای راستکردنەوەیشـی بـکات! یـان دەبـێ ئـەوان لـە جیاتـی خۆیانـا ئـەم زاتەیـان بـە کـرێ گرتبێـت و پاداشـتێکی چاکییـان دابیتـێ تاکـو (ئـەم کارە پـڕ لـە شـەرمەزارییەیان) بـۆ ئەنجـام بـدات، یـان ئـەم هـەر لەخۆیـەوە و (فـی سـبیل اللـە) خـۆی کردۆتـە (وەکیلـی) هەمـوو بـرا عەرەبـەکان و زمانەکەشـیان!

نووسـیوە و دەڵێـت (اذا صـح مـا سـمعت، یکـون البرلمـان الکردسـتانی قـد اقحـم نفسـە فیـما لیـس مـن اختصاصـە و لا یمکـن ان یکـون، و انـە لیـس مـن حقـە مناقشـة مثـل هـذە القضایـا التـی تخـص امـة اخـری..) ئاوەهـا! لێـرەدا بـە گوێیـدا دەچرپێنـم و دەڵێـم:

یەکـەم: هەرگیـز ئـەو بابەتـە لـە پەرلەمانـی کوردسـتاندا بـاس نەکـراوە چونکـە رۆژ و شــەوی پێکــەوە گرێــدراوی بــۆ دەســتەبەرکردنی دەســکەوتی زۆرتــر بــۆ گەلــی تێکۆشــەری کوردســتان دانــاوە.

دووەم: پەرلەمـان وەکـو نوێنـەری راسـتەقینەی هەڵبژێـردراوی گەلـی کوردسـتان نــەك هــەر تەنهــا مافێکــی سروشــتیی و رەوای خۆیەتــی، بگــرە ئەرکــی ســەرەکی سەرشانیشــیەتی (موناقەشــەی)ی هــەر بابەتێــك بــکات کــە بزانــێ بــۆ گەلــی کوردســتان بەکەڵکــە و، بڕیاریشــی لــە بارەیــەوە دەربچوێنــێ. جگەلەمەیــش ئــەو (قضیه)یـەی محمـد الملاعبدلکریـم باسـی کـردووە (لا تخـص امـة اخـری) بەڵکـو راسـتەوخۆ پەیوەنـدی بـە خـودی (کـورد و کوردسـتانەوە) هەیـە، چونکـە ئێمـە کــە هەمــوو شــتێکمان لــێ (تەعریــب) کــراوە و دەکرێــت، ئــەوە نــەك هــەر مافێکــی رەوای خۆمانــە و بــەس، بگــرە ئەرکێکــی سەرەکیشــیمانە گــەر بتوانیــن هەوڵدەدەیـن هـەر هیـچ نەبـێ ئـەم جـووت وشـە پیـرۆزەی (کـورد و کوردسـتان) لــەو (تەعریبــە) نەفرینــە رزگار کەیــن و بــە شــێوەی دروســت و رەوای خۆیانیــان بنووســینەوە!

سـێیەم: کـێ و کام یاسـا ئـەو پلـە و پایـەی بـە محمـد الملاعبدالکریـم بەخشـیوە تــا رێــگا بــە خــۆی بــدات ئامۆژگاریــی پەرلەمانــی کوردســتان بــکات و رێوشــوێنی بــۆ دابنێــت و ســنووری دەســەڵاتەکانی بــۆ دیاریــی بــکات، ئــەم رێگــەی پێبــدات ئــەو کارە بــکات و ئەمــە نــاکات! چــۆن و بــۆ پەرلەمانێکــی هەڵبژێــردراوی میللەتێکــی تێکۆشــەر و خەباتــکاری خاوەنــی ســەدان هــەزار شــەهیدی نەمــر دەبــێ ئامۆژگاریــی و فەرمــان لــە کەســێکی دانیشــتووی ژێــر ســێبەری (المجلــس التشریعــی و المجلــس التنفیــذی) و چڵکاوخــۆری رژێمــی بەعســی بەغــدای وەك ئــەم وەربگرێــت! ئەمــە کــەی رەوایــە!؟

چــوارەم: هەروەهــا لــە نووســینەکەیدا دەڵێــت (لیــس مــن اختصــاص برلمــان اقلیـم کردسـتان و لا مـن شـؤونە حتـی التدخـل فـی امـر کیفیـة الکتابـة باللغـة

الكردية، فهذا الأمر يتعلق بالمختصين في هذه اللغة و في برلمان الاقليم اناس لا يعرفون الكثير عن شؤون الكتابة بلغتهم القومية..الخ) دیسانەوە خۆی لێمانکردووە بە (مام مۆتك) و (أختصاص) و سنووری دەسەڵات بۆ پەرلەمانی کوردستان دیاری دەکات! بەخوا جوانە! لە هەمانکاتدا دەڵێت گوایە لە پەرلەمانی کوردستان خەڵکانێك هەن تەنانەت لە زمانی کوردیشدا شارەزاییان نییە ئەوە لەبیرە خۆی دەباتەوە کە پەرلەمانی کوردستان پڕیەتی لە پرۆفیسۆر و زانا و پسپۆری شارەزا لە هەموو بوارەکاندا، بەتایبەتیش لە مەیدانی زمانەوانیی و زبان و ئەدەب و کەلتووری کوردیدا کە مایەی شانازی نەتەوە سەربەرزەکەی خۆیانن و لەو بوارانەشدا جێ پەنجەیان دیار و ئاشکرایە و، هیچ نەبێ رۆژانە دەستکەوتی مەزن و بەسوود بۆ گەلەکەیان بەدەست دەهێنن، بەس نازانین کاکی نووسەر تا ئێستە چی کردووە؟ لە لایەکی تریشەوە دیارە نووسەر خۆی لەو راستییە گێل دەکات کە نەك هەر لە (المجلس التشريعي)یەکە بگرە لە (المجلس الوطني)یەکەی بەغدایشدا ژمارەی ئەوانە زۆرن کە نەك هەر شارەزای زبانی خۆیشیان نین بەڵکو ناشزانن تەنانەت ناوی خۆیشیان بەراستی بنووسن، دیارە ئەوە بۆ ئەمان شانازییە و بۆ ئێمەمانان نەنگی!؟

پێنجەم: نووسیویە (لذا فأنا اطالب برلمان كردستان بأن يبادر الى الاعتراف بخطئه فی تدخله فی مالا يعنيه و الاعتراف فضيلة كبيرة و أن يقرر التراجع عنه ... هكذا) هەڵلا هەڵلا، چۆن دادوەرێك و چتۆ دەسەڵاتێکی پایەبەرزی سەرووی هەموانەوەیە و چۆن (حوکم) دەکات! سەیری کەن چەند بێ شەرمانە و بێ ئابڕووانە لە جیاتی ئەو داخ لە دڵانەی چاویان بە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵنایەت داوا دەکات پەرلەمانە ئازاد و سەربەرزەکەمان دان بە هەڵەی خۆیدا بنێت و لێی پاشگەز و پەشیمان بێتەوە، وەك بڵێی پەرلەمانی کوردستان (کوفر و گوناحێکی) هەرە گەورەی

کردبێــت و پێویســت بــەوە بــکات داوای بەخشــین و بــووردن و لێخۆشــبوون بــکات! کارێکیــش کــە بــە (ئیعترافــی)ی خــۆی لێــی دوو دڵــە و دڵنیــا نییــە! چــاك نییــە داوای نەکــردووە پەرلەمانــی کوردســتان لــە (بڕیــاری بەیاننامــەی راگەیاندنــی یەکێتــی فیدراڵــی) پەشــیمان بێتــەوە! کــە لــە ژێــر پــەردەوە هــەر مەبەســتیان ئــەم بڕیــارە و هاوشــێوەکانیەتی!

ئەوجــا دەڵێــت (و أخیــرا اطالــب المثقفــي کردســتان المطلعیــن علــی اللغــة العربیــة برفــع اصواتهــم لرفــض هــذا الخطــأ غیــر المقبــول، وقدیــما قیــل (الســاکت عــن الحــق شــیطان اخــرس) زۆر راســت دەکات ئــەوەی لــە ئاســت هەقــدا بێدەنــگ بێــت شــەیتانێکی لاڵــە، بنــووس بانگهێشــتی رۆشــنبیر و عەرەبــی زانــی کوردســتان دەکات و هانیــان دەدات دژی ئــەم (هەڵــە و خەتــا هــەرە گــەورە و ناقولایــە) راپــەڕن و ئــەم (کارەســاتە) قەبــووڵ نەکــەن ئەگینــا دنیــا ژێراوژێــر دەبــێ، چونکــە ئەمــە هەڵــە و گوناهێکــە لەکــەس قەبــووڵ نییــە! ئــەی باشــە ئــەو کاتانــەی (ئاغاکانــی)ی بەبەرچــاوی خۆیــەوە (هەڵەبجــەی شــەهید و بالیســان و و سێوەســەن و شــوێنەکانی تــری کوردســتانیان (کیمیابــاران) کــرد و پــتر لــە ١٨٢ هــەزار مرۆڤــی بــێ گوناهــی کوردســتانیان ئەنفــال کــرد و پێنــج هــەزار نێــری بارزانــی تێکۆشــەر و قارەمانیــان بــێ سەروشــوێن کــردن و چــوار هــەزار و پێنــج ســەد گونــدی بــە پیــت و بەرەکەتــی کوردســتانی رەنگینیــان وێرانــە و خاپــوور کــرد و لەکاتــی کــۆڕەوە ســێ ملیۆنەکــەدا ســەدان کەســیان بەرێــگاوە کوشــت، کاکــی نووســەر بــۆ متەقــی لەخــۆی بــڕی و بــە هیــچ کلۆجــێ بــە دەنــگ نەهــات و بــوو بــە (الشــیطان الأخــرس!) یــان ئێســتایش لــە رۆژی ئیمــڕۆدا کــە لەناوچەکانــی خانەقیــن و کەرکــووك و مەخمــوور و دیبەگــە و هتــد کــوردان لــە زێــدی بــاب و باپیرانیــان دەردەکــەن، ماڵیــان بــە تــاڵان دەبــەن و ناوچەکانیــان (تەعریــب) دەکــەن بــۆچ (حەمــەی مەلاکەریــم) نایەتــە دەنــگ و هــاوار و واوەیلای لــێ بــەرز نابێتــەوە و بــۆ چ (ئەگــەر لــە بەغــداش نەبــێ لــە راگەیەندنەکانــی کوردســتاندا) نانووســێت

(رفقا بشعب كوردستان يا حكام العراق!) ئەی ئەوە نییە خۆی نووسیویەتی (الساكت عن الحق شيطان أخرس)؟ یانەخۆ ئەو هەمە تاوانانەی ئەوانی بەلاوە کاری (رەوایە) و پێویست بە هاوار و دەنگ هەڵبڕین ناکەن؟

پوختەی وتار ئەمەیە ئەم نووسەرە خۆی لە ئاستی ئەم هەموو یاسا و بڕیارە گرنگ و بە سوود و چارەنووسسازانە گێل و نەبان کردووە کە پەرلەمانی هەڵبژێردراوی گەلی کوردستان لە ماوەی ئەم حەفت ساڵەی تەمەنیدا بۆ بەرژەوەندیی گەل (تەشریعی) کردوون، وەك ئەوەی کە هیچیانی نەبیستبێ و پێیانی نەزانیبێ، ئەو دەستکەوتە درەوشاوانەی چاو و دیدەی کوێر و نابینایان رۆشن دەکەنەوە، هەر بۆ نموونە وەك (بڕیاری بەیاننامەی یەکێتی فیدراڵی، یاساکانی حزب و کۆمەڵەکان، پێشمەرگە، دەزگای گشتی شەهید، وەزارەتەکان، دەسەڵاتی دادگەری، رۆژنامەنووسان، سەندیکا جۆربەجۆرەکان، چەك، پاراستنی بیانییەکان، مانگانەی خانەنشینان، رۆژنامەگەریی و ..هتد) بەڵام بە تەنیا گوێبیستی ئەوە بووە گوایە پەرلەمانی کوردستان پاش موناقەشە و چەند چوونێکی زۆر و دوو لەتبوون بڕیاری داوە (کرد و کردستان) لە زبانی عەرەبیدا بە (واو) بنوسرێن کە ئەمەیش بنج و بناوانی نییە! پەح لەم زانیاری و ئاگەداربوونە وردەی کاکی بنووس!!

بە هەر حاڵ وا دیارە ناحەزانی کوردستان ئەوانەی لە داخی ئەم ئەزموونە دیموکراتییەی کوردستاندا وەختە بتەقن و شەقبەرن و رۆژ و شەو لەهەوڵی بەردەوامدان بۆ ناوزڕاندن و لەباربردنی ئەزموونەکەوە، هیچیان نەدۆزیوەتەوە بۆ لەکەدارکردنی و کەلەبەرێکیان چنگ نەکەوتووە لێیەوە ژەهری رق و کینە و دوژمنایەتی خۆیانی پێدابڕێژن، ناچار کەوتوونەتە هەڵبەستنی درۆ و دەلەسەوە، دیاریشە زاتی ئەوە ناکەن راستە و راست داوا لەگەلی کوردستان بکەن دەستبەرداری ئەزموونەکەیان بن و لە کاربەدەستە دڵسۆزەکانی خۆیان هەڵبگەڕێنەوە و دژی پەرلەمان و حکومەتی خۆیان بوەستن، دەیانەوێ لەم

ڕێگـە چەوتـەوە بـە ئاواتـی گڵاوی خۆیـان و ئاغاکانیـان بگـەن! بـەڵام هەیهـات! بـەم ڕەفتـارەی خۆیـان هێنـدەی تـر ڕووی دزێـوی خۆیـان لای گەلـی کوردسـتان تاڵـتر و ناشـیرینتر دەکـەن و دەبێتـە هاندەرێـك بـۆ ڕۆڵـە دڵسـۆزەکانی کوردسـتان و لەســەر ڕێبــازە پیرۆزەکەیانــدا بــەردەوام بــن و زێــتر ڕیزەکانیــان یەکخــەن و ئەزموونەکەیـان هەمیشـە بـەرەو پێشـەوە و ڕووەو سـەرکەوتنی ئێجگارەکـی ببـەن!

ئەمەیـش مـاوە بڵێیــن (بیســتوومانە) نــاوی محمــد الملا عبدالکریــم لــە ســەرووی نــاوی ئــەو ڕۆژنامەنووســانەوەیە (یەکــەم نــاوی لیســتەکەیە) کــە وەزارەتـی ڕۆشـنبیری هەرێمـی کوردسـتان لـە یـادی سـەد سـاڵەی ڕۆژنامەگەریـی کوردیـدا بڕیـاری داوە مانگانـە (یـەك هـەزار دیناریـان) وەك خانەنشـینی بدرێتـێ. ئەوجـا ئەگـەر ئەمـەی بیسـتوومانە ڕاسـت بێـت، ئێمـەش داوا لەسـەرجەم ڕۆشـنبیر و نووسـەر و ڕۆژنامەوانانـی خۆشەویسـتی کوردسـتان دەکەیـن (دەنگـی ناڕەزایـی دەربـڕن و داوا لـە وەزارەتـی ناوبـراو بکـەن ئـەم هەڵەیـە ڕاسـت کاتـەوە و ئـەم بڕیـارەی هەڵوەشـێنێتەوە چونکـە بـە قەولـی خۆیشـی (الســاکت عــن الحــق شـیطان أخـرس!) کەسـێکیش ئەمـە ڕاوبۆچـوون و گۆتـە و ڕەفتـاری بێـت بەرامبـەر بـە پیرۆزتریـن دەزگای کوردسـتان کـە (پەرلەمانـە) هەرگیـز شـایەنی ئـەوە نییـە (تەکریمیــش) بکرێــت لەکاتێکــدا بەدەیــان ڕۆشــنبیر و ڕۆژنامەنووســی ڕابــردوو پـاك و دڵسـۆزی ئێسـتا لـەم بەخششـە بێبـەش ماونەتـەوە! یـان دیـارە وەك دەڵێـن ئــەو کابرایــە خــۆی لــە بەغدایــە و کلکیشــی لــە کوردســتان کار دەکات!

لـە کۆتاییـدا ئەمجـۆرە ڕەفتـارەی کەسـانێك کـە ماوەیەکـی زۆرە لـە کوردسـتان و خــەم و ئێــش و ئازارەکانــی گەلــەوە دوورن و قەڵەمەکانیــان بــۆ خزمەتــی ئەوانــە تەرخــان کــردووە کــە سیاســەتی (تەرحیــل و تەعریــب و تەبعیــث و گەمـارۆی هەمەڕەنـگ) دژی گەلەکـەی خۆیانـەوە بەوپـەڕی دڕندایەتییـەوە پیـادە دەکـەن، شـتێکی سەیروسـوڕهێنەر و نامـۆ نییـە! نەخێـر چونکـە لەمـە زیاتریـان لێناوەشـێتەوە! تەنهـا ئـەوەی مایـەی سەرسـوڕمان و نیگەرانییـە ئەوەیـە کـە

(گۆڤارێکـی تێکۆشـەری کوردسـتانی وەکـو (گـولان العربـی) چـۆن رێگـەی داوە ئـەو جـۆرە وشـە نارەوایانـە لاپـەڕە رەنگینەکانـی لـێ گڵاوبکـەن و لـە سـۆنگەی چییـەوە وتارێکـی ژەهـر ئامێـزی ئاوەهـا بـۆ کەسـێك بڵاودەکاتـەوە کـە لـە ژێـر سـایەی بەعسـدا تیـری ژەهـراوی ئاراسـتەی دامودەزگەکانـی کوردسـتان بـکات. لەکاتێـك وەك لـە (ایضاح)ەکەیـدا هاتـووە (گـولان العربـی) ئـاگادارە ئـەم جـۆرە بڕیـارەی کابـرا بە(کوفـر)ی لەقەڵەمـداوە هەرگیـز لـە پەرلەمانـی کوردسـتانەوە دەرنەچـووە! لێـرەدا بۆمـان هەیـە لـە گۆڤـاری (گـولان العربـی) خۆشەویسـت بپرسـین ئایـا بڵاوکردنـەوەی ئەمجـۆرە نووسـینە چـەوت و نادروسـت و پـڕ لـە (غمـز و لمـز) و دوژمنکارانـە لـەم وەختـەدا چ دەگەیەنێـت و بـە سـوود و قازانجـی کـێ دەگەڕێتـەوە! بـەڵام هەرچۆنـێ بێـت بـا دوژمنـان چـاك بزانـن کـورد و گەلـی کوردسـتان رێگـەی راسـتی خۆیـان دۆزیوەتـەوە و کاروانیـش هـەر لـە رەوتـی بەردەوامـی پێشـڤەچووندایە و سـەرکەوتنی مسـۆگەر و ئێجگارەکیـش هـەر بـۆ (کـورد و کوردسـتان)ە و هەروەکـو شـاعیرێکی کـوردی کۆنەمارکسـیی رێـك پەنجـا سـاڵ بـەر لـە ئێسـتادا بـە هـەق گوتوویەتـی: «کاروانـی تەقـەددوم کـە لـە بـۆ پێشـەوە دەڕوا ... بـەم قافیلەیـە (سـەگ) دەوەڕێ (کلکـی) هـەزارە!!

# با ئەم هەڵەیە راستکەینەوە یان بەڕێکردنی سەدەیەك و بەپیروەچوونی سەدەیەکی تر

هەولێر ١٩٩٩/٩/١٩

سەدەی بیستەم- هەروەها هەزارەی دووەم - وا خەریکی تێکنان و پێچانەوەی بارگە و بنەیەتی، ئەو بنە و بارگەیەی تەژییە لە رووداوی هەمەجۆرەی سەیر و سەمەرە کە هەندێکیان خۆش و دڵگر و بەشی هەرە زۆریشیان بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی بەگشتی و بۆ کورد و کوردستان بە شێوەیەکی تایبەتی زۆر تفت و تاڵ و جەرگبڕ و ماڵوێرانکاریی بوون. سەرەڕای دوو جەنگی جیهانی و جەنگێکی سارد و قاتی و قڕی و گرانیی.

راستە لەم سەدەیەدا زۆران گەل و نەتەوە ئازاد بوون و قەوارەی نەتەوایەتیی خۆیانیان دامەزرندن و بە مافە رەواکانی خۆیان گەیشتوون، رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بە کۆمەڵێك دامودەزگەی جۆراوجۆر دامەزرێنراوە..

زانســت و تەکنەلۆژیــا بەشــێوەیەکی ڕەچاونەکــراوی سەرســوڕهێنەر پێشــکەوتنیان بەدەســت هێنــاوە و لــە چوونــە نێــو مانــگ و هەســارە و لــە پشــکنینی (حــەوت تەبەقــەی) ئاســمان و داهێنانــی ســەتەلایت و فاکــس و کۆمپیوتــەر و ئینتەرنێتــدا بــە (لوتکــە) گەیشــتوون. ئــەم حەمکــە دۆزینــەوە و داهێنانــە (عەجایــەب) و زێــدە گرنــگ و ئێجــگار بــە ســودانە بــە کردەنــی و بەراســتیی ئــەم جیهانــە پانوبەریــن و بەرفرەوانەیــان وەك (گوندێکــی زۆر بچــووك) وێکهێناوەتــەوە.. کەچــی لــە پــاڵ هەمــوو ئەمانەشــدا کوردســتانەکەی ئێمــە داگیــر و لەتلــەت و دابەشــکراوە و کــوردی ســتەمدیدەی بەشــمەینەت دووچــاری ژێردەســتیی و هەوڵــی بــێ وچــان و بەردەامــی ســڕینەوە و تواندنــەوە و بــە (تــورك و بــە فــارس و بــە عــەرەب) کــردن و ڕاگواســتنی بەکۆمــەڵ و بــە زۆرە ملــێ و چەوســاندنەوە و کیمیابــاران و جینۆســاید هاتــووە. لــەو چەرخــی بەنێــو ئازادیــی و دیموکراســیی و مافــی مرۆڤــەدا داواکاریــی و ڕاپەڕیــن و شۆڕشــەکانی بەدڕندانەتریــن شــێواز و بەکوشــندەترین چەکــی کۆکوژیــی قەدەغەکــراوەوە و بەرپەرچیــان دراوەتــەوە. دەنــگ و هــاواری کــوردان بــۆ ســادەترین مافێکــی نەتەوەیــی و نیشــتمانیی و بگــرە مرۆڤایەتیــش خنێکــنراوە و زیــاد لەهــەر نەتەوەیەکــی دیکــەی ســەر ئــەم زەمینــە دوژمنــان لــە هەرێــم و لــە دەرەوەی هەرێمیشــدا یەکیانگرتــووە و بــۆ یــەك ســاتیش چییــە نەیانهێشــتووە پشــویەکی خۆشــیی و ئارامیــی و ئاســوودەیی بــدات و چێــژ و تــام لــە ژیانێکــی ئــازاد و ســەربەخۆ و بەختــەوەر وەربگرێــت.. وەك دەڵێــن (ئــەم ســەدەیە ســەدەی کــوردان نەبــوو)! گەرچــی گرنگتریــن ڕووداویــش بــە نیســبەت کــوردەوە وەك دامەزراندنــی هــەردوو (پارتــی دیموکراتــی کوردســتان)ی ئێــران و عێراقیــش لــە چلەکانــی ســەدەدا و مەزنتریــن ٣ ســەرکردەی خەباتــکاری لێهاتــووی وەك (شــێخ مەحمــوودی مەلیــك و شــەهید قــازی محەمــەدی پێشــەوا و ســەرۆك مســتەفا بارزانیــی قارەمانــی نەمــر و باوکــی نەتەوەیــی کــورد و هەروەهــا دامەزراندنــی حکومەتەکــەی کوردســتان و کۆمــارە کۆرپەکــەی مەهابــاد و هەڵگیرســانی شۆڕشــە

هــەرە مەزنەکــەی ئەیلــوول و (دواتریــش گــوڵان) و ســەندنی مافــی (ئۆتۆنۆمــی) لــە١١ی ئــاداری ١٩٧٠داو ئەوجــا راپەڕینــە سەرتاســەرییەکەی بەهــاری ١٩٩١ و ئەنجامدانــی هەڵبژاردنــی پەرلەمــان و پێکهێنانــی حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان هەمــووی لــە (ئاخــر و ئۆخــری) ئــەم ســەدەیەدا بــو هاتنــە کایــەوە.

وەلــێ پیلانــە گڵاوەکانــی دوژمنــان چ ئــی ناوەخــۆ یــان هــی دەرەوە، بــۆ ئاڵۆزکردنــی بارودۆخــی رەوشــەکە و تێکــدان و لەباربردنــی ئەزموونەکــە و ئاشــکرا و نهێنــی هــەر بــەردەوام بــوو. هــەر لــە هەموویشــی ســەختتر و کوشــندە و گورچکبڕتریــان شــەڕی نەگریســی ناوەخۆبــوو کــە بــووە هــۆی کــورد بــە کــورد بــە کوشــتدان و ئــاوارە و دەربەدەرکردنــی رۆڵــەی دڵســۆز و بــە شــەرەفی خــاوەن بیروبــاوەڕی پاکــی کوردایەتیــی و تــاڵان و بــڕۆی مــاڵ و حاڵیــان و داگیرکردنــی موڵــك و خانووەکانیــان هــەر بەدەســتی بــرای کوردیانــەوە هــەر لــە ژێــر ســایە و بەنــاوی (گوایــا) کوردایەتیشــەوە! هەروەســا دوو لەتکــردن و لەیــەك دابڕینــی حکومــەت و ئیــدارە و ئــەو دەســەڵاتەی ئیمــڕۆ بــۆ کــورد رەخســاوە و لەلایــەن UN و هاوپەیمانانــەوە پشــتگیری وپارێــزگاری لێکــراوە، ئــەوەی ســەدان ساڵە رۆڵــە وەفادارەکانــی بــۆ بەدیهێنانــی رەنجیــان داوە، تێکۆشــاون و لــە پێناویــدا خوێنــی خۆیانیــان رشــتووە! بەدیاریــش کــەوت وەك لەســەر زاری لێــزان و سیاسەتوانانیشــەوە هاتبــوو (گوترابــوو) کێشــەی دۆزی کــورد لــەم ســەدەیەدا لەلایــەن دوڵەتــە زلهێــز و بڕیاربەدەســتەکانەوە (نەخراوەتــە بەرنامــەی کارەوە) هــەر لــە پەراوێــز هێڵراوەتــەوە. بــەڵام نیشــانەگەلێك بــە دیارکەوتــوون و ئۆمێدیشــمان زۆرە ســەدەی داهاتــوو- ســەدەی بیســت ویەکــەم ســەرەتای هــەزارەی ســێهەم دەروازەیەکــی تــازە (نــوێ) لــە کــوردان بکرێتــەوە و گەلــی کوردســتان یەکجارەکــی بەگشــت مافــە رەواکانــی خۆیــەوە شــاد و گوشــاد بێــت و مێــژوو قەرەبــووی هەمــو زۆر و ســتەم و کوێرەوەرییەکانــی رابردوویــان بــۆ بکاتــەوە.

هەربــەم بۆنەیــەوەش ویســتم هەڵەیــەك راســت بکەمــەوە کــە دەمێکــە

لــە زۆربــەی هۆكارەكانــی راگەیانــدن و لــە نووســین و لێدوانەكانــی رۆشــنبیر و نووســەران و جاروبــار لەســەر زاری بەرپــرس و كاربەدەســتە بەڕێزەكانیشــەوە دووبــارە و سـێبارە دەكرێتــەوە. ئەمیــش ئەوەیــە گوایــا بــە كۆتایــی ســاڵی ئێســتا ١٩٩٩ سـەدەی بیسـتەم و (هــەزارەی دووەمیــش) دوایــی دێــت و سـەدەی بیسـت و یەكـەم و (هــەزارەی سـێیەم) دەسـت پێدەكـەن. بـەڕای مـن ئـەم بۆچـوون و لێكدانەوەیـە دروسـت نییـە، هـەروەك پێموایـە پـار بـوو بەڕێـز (دڵـزاری شـاعیر) یـش ئامـاژەی بـەوە داو راسـتی كـردەوە. وەلـێ پێدەچـێ بـاش لـە مەسـەلەكە حاڵـی نەبـن. چونكـە هەروەكـو چـۆن بـۆ نموونـە هـەر سـاڵێك هەتـا دوا هەناسـەی واتـا دوا چركــەی كاتژمێــر (١٢)ی نیوەشــەوی رۆژی (٣١)ی كانوونــی یەكــەم درێــژەی هەیـە و لـە یـەك چركـەی دوایـی ئـەو كاتژمێـرەوە یانـی لـە بەرەبەیانـی رۆژی (١) ی مانگـی كانوونـی دووەمـدا سـاڵێكی نـوێ دەسـت پێـدەكات. هـەر بـەم پێیـەش هەتـا دوا سـاتی كاتژمێـر (١٢)ی نیوەشـەوی رۆژی (٣١)ی مانگـی كانوونـی یەكەمـی ســاڵی ٢٠٠٠ نــەك ١٩٩٩ ئــەوە هــەر ســەر بــە (ســەدەی بیتســەم و هــەزارەی دووەم)ە و تەواوكاریانــە. ئەوجــا بــە راشــكاوی، (ســەدەی بیســت و یەكەمیــن) و (هــەزارەی سـێیەم)یش لــە یەكەمیــن چركــەی دوای ئــەو كاتژمێــرەوە واتــا لــە بەرەبەیانــی رۆژی (١)ی كانوونــی دووەمــی ســاڵی (٢٠٠١)ی زاینییــەوە دەســت پێدەكـەن. نـەك لـە پێـش ئەمـەوە. خـوا بـۆ كـورد و كوردسـتان و بـۆ سـەرجەمی مرۆڤایەتیــش بەخێــری بگێڕێــت.. ســەدجار ئامیــن!

لەگەڵ رێز و خواستی خێرمان بۆ خوێنەرانی خۆشەویست.

# سیمبۆلی نەتەوەیی و وانەیەك لە وەفاداری

سەرەتای ئەم مانگە، چەند شەویك بەر لە کۆچی دوایی (یاسر عەرەفاتی سەرۆکی فەلەستین) لە یەکێ لە نەخۆشخانەکانی شاری (پاریس)ی پێتەختی فەرەنسادا، لە رادیۆی BBC لەندەنەوە گوێم لە راپۆرتێك بوو لە لایەن هەواڵنێرێکی ئەو دەزگەیە بە زمانی عەرەبی. راپۆرتەکە پوختەی دیدارێك بوو پەیامنێرەکە لە تەك یەکێ لە کەسایەتییە دیارەکانی نێو بزاڤی رزگاریخوازی گەلی فەلەستینیدا، ناکۆك لەگەڵ ئەو سەرکردە مێژووییەی ئەو گەلە ئەنجامیدابوو. لە راستیدا ناوەرۆکی یەك لە وەڵامەکانی (دکتۆرە حەنان عەشراوی) هێند سەرسوڕهێنەر و سەرنجراکێش بوو لەئاستیدا مرۆڤ هەم سەرسام و لە هەمان کاتیشدا دڵشاد و زۆریش بەختیار دەبێت! پەیامنێرەکە

لەمیانــەی دیمانەکەیــدا پرســیاری ئــەوەی لێــدەکات ئاخــۆ (حەنــان عــەشراوی) لــەو بــاری ناســاخی و بێهۆشــیەی ســەرۆك یاسرعەرەفاتــدا چــۆن هەســت دەکات؟

د.حەنــان عــەشراوی یەکێکــە لــە ئەندامــە رکابــەر و نەیارەکانــی یــاسر عەرەفــات لەنێــو ســەرکردایەتی بــەرەی رزگاریخــوازی فەلەســتینیدا، رۆڵــی زۆر گرنــگ و کاریگــەر و بەرچــاوی لەنێــو ســەرکردایەتییەکەدا هەیــە.. بەتایبەتیــش کــە بــۆ ماوەیەکــی زۆر یەکــێ بــووە لــە وەزیــرە چالاکــەکان و ســەردەمێکی دوورودرێژیــش وەك ســەرۆك و بەرپرســی یەکەمــی شــاندی وتوویــژی فەلەســتینییەکان لەگــەڵ نوێنەرانــی ئیسرائیــل بــووە، لــە تــەواوی دانووســتاندنەکاندا زۆر ســەر راســت و شــێلگیرانە بەرامبــەر بــە فرتوفێــڵ و (چاوشــارکێ)یەکانی ئیسرائیلییــەکان وەســتاوەتەوە و داکۆکــی لــە داخوازییــەکان و هەڵوێســتە نەگۆڕەکانــی ســەرکردایەتی خۆیــان کــردووە، بــە کورتــی: دیپلۆماتکارێکــی لێــزان و تێکۆشــەرێکی ئــازا و سەرســەخت و بەرچــاوروون و نوێنەرێکــی دووربیــن و لێهاتــووش بــووە. کەچــی ســەرەڕای هەمــوو ئــەو خەســڵەت و توانستانەیشــی لەبــەر هەنــدێ بیروبۆچــوون و هەڵوێســتی جیــاواز و بەهــۆی ناکۆکــی حزبایەتییــەوە ناتەبایــی کەوتــە نێوانیانــەوە و ســەرۆك عەرەفــات زۆرێکــی لــەو پلــە و پایانــەی لێســەندەوە و تارادەیــەك خســتبوویە پەراوێــزەوە جــا ئــەوەی مەبەســتمە لێــرەدا ئامــاژەی پێبــدەم و زۆریــش سەرنجراکێشــە. بەتایبەتــی بــۆ ئێمــەی کــورد لــەم رۆژگارەمانــدا وەڵامەکــەی د.حەنــان عــەشراوی بــوو کاتــێ گوتــی: ســەرباری هەمــوو ناخۆشــی و ناتەبایــی نێوانمانــەوە ئێســتێ لــەم ساتەوەختە ناســك و ئاڵــۆزەدا، هەســت بــە خــەم و پەژارەیەکــی ئێجــگار زۆر دەکــەم بــە نەســاخی ســەرۆك عەرەفــات و وێــڕای دژایەتیــمان لــە رووی سیاســییەوە، مــن وەکــو کەســایەتییەك وەك مــرۆڤ لــە قووڵایــی دڵمــەوە هیــوای ئــەوە دەخــوازم، یــاسر عەرەفــات چــاك بێتــەوە و نەمرێــت. چونکــە ســەرۆك عەرەفــات هەرچییــەك بێــت و هەرچۆنــێ بێــت، ئــەم (ســیمبۆل)ی نەتەوەیــی ئێمــەی گەلــی فەلەســتینیە، بەرامبــەر بــە (ســیمبول)یش ناکۆکــی و رکوکینــەی تاکەکەســی هەرگیــز جێــگای

نابێتــەوە.

ســەد ئافەریــن، ئافرەتــە رووســوور و هەقبێژەکــە بــۆ خــۆت و هەڵوێســتی راســت و ویژدانــە زیندووەکــەت! ئــاوا ئەبــێ نیشــتمانپەروەری راســتەقینە!

گەلــۆ «ئــەی کوردینــە، ئــەی مەردینــە! بــا دەســت لەنــاو دەســت کەیــن هەمــوو» دەبــا ئێمــەی کوردیــش بیــروڕا و پلەوپایــە و ڕێبــازی سیاســی و ئایدیــای حزبایەتیــمان هەرچییــەك بێــت، دەبــا بەرامبــەر بــە (ســیمبۆل نەتەوایەتیــمان) هــەر هیــچ نەبــێ بەچــاوی (دکتــۆرە حەنــان عەشراوی)یــەوە تێــی بڕوانیــن و (ســیمبۆل) ی خۆمــان بخەینــە ســەرووی هەمــوو بەرژەوەندییەکــی بەرتەســك و پشــتەوەی هــەر هەمــوو ناکۆکــی و دووبەرەکییەکمانــەوە!

خــۆ نەنگــی نییــە و هیچــمان لــێ کەمنابێتــەوە ئەگــەر ئێمەیــش ئــەم (وانــە) پــڕ بەهــا و واتایــە لــە خانمێکــی فەلەســتینیەوە فێــر ببیــن. دە خــوا بــکا وا بێــت!

# ڕێزلێنان لە خەڵکانی ماندوونەناس هەنگاوێکی پیرۆزە

ڕۆژنامەی برایەتی (٣٣٠٦) چوارشەممەی ٢٠٠١/٢/٧

ڕۆژنامەی (برایەتی) لە لاپەڕە چواری ژمارە (٣٢٥٦)ی خۆیدا ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٠/١٢/١٠ لە ژێر سەردێڕی (وەزیری پەروەردە ڕێز لە بەڕێوەبەرێکی سەرکەوتوو دەنێ) هەواڵێکی بڵاوکردبۆوە تیایدا هاتبوو دەڵێت: «دوێنێ بەڕێز عەبدولعەزیز تەیب وەزیری پەروەردە بە یاوەریی بەڕێزان بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەت و پەروەردەی هەولێر و بەڕێز عەفان نەقشبەندی سەرۆکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان سەردانی قوتابخانەی (مەم)ی سەرەتایی نموونەیی کرد. لە سەردانەکەیدا بەڕێز وەزیری پەروەردە ڕێزی لە بەڕێز عەبدولواحید عەزیز عەبدولواحید نا کە بەڕێوەبەری قوتابخانەکەیە، چونکە بەڕێوەبەرێکی سەرکەوتووە و توانیویەتی

لــەو چەنــد ســاڵەی کــە بەڕێوەبــەر بــووە ئــەرك و کارەکانــی خــۆی لــە رووی پێگەیاندنــی قوتابیــان و پاراســتن و پێشخســتنی قوتابخانەکــە ســەرکەوتووانە ببینــێ، چ لــە رووی بەرزکردنــەوەی ئاســتی زانســتی یاخــود بــە ئــاکام گەیاندنــی ئامانجــە پیرۆزەکانــی پــەروەردە. لــە رێورەســمی رێزلێنانەکــەدا بەڕێــز وزیــری پــەروەردە لــە وتەیەکــدا ستایشــی رۆڵــی دڵســۆزانەی ئــەو بەڕێوەبــەرەی کــرد کــە وەك نموونــە و پێشــەنگ بــۆ ئیــدارەی قوتابخانــەکان، کــە بــە هــاوکاری دەســتەی مامۆســتایان لــە قوتابخانەکــەدا هاتۆتــە دی. بەڕێــز عەفــان نەقشــبەندی لــە وتەیەکیــدا بەنــاوی ســەرجەم مامۆســتایانی کوردســتانەوە سوپاســی بەڕێــز وەزیــری پــەروەردەی کــرد و رێزلێنانەکــەی وا لــە قەڵەمــدا کــە رێزلێنانــە لــە گشــت مامۆســتایان« تــا ئێــرە دەقــی هەواڵەکەبــوو.

ئـەوەی راسـت بێـت بەڕێـز وەزیـری پـەروەردە لەوەتـەی لـە کابینـەی چوارەمـدا لــەم پۆســتەی ئێســتەیدا دەســتبەکار بــووە گرنگــی پێویســتی زۆری بــە پرۆســەی پــەروەردە و فێرکــردن لــە کوردســتان داوە و رۆژ و شــەو بەیەکــەوە گرێــدەدا و لــە هەوڵــی بــێ وچاندایــە تــا رەوشــی پــەروەردە بــەرەو پێــش ببــات و وەك دەڵێــن «چەندیــن قۆنــاغ پێکــەوە دەبڕێــت» و دەیەوێــت بــە گوێــرەی توانســت کەموکوڕییــەکان نەهێڵێــت و قەرەبــووی ئــەو دواکەوتوییــە و پاشــاگەردانی و سەرلێشــواوییە بکاتــەوە کــە بەپێــی پلانــی دارێــژراو و بەدەســتی ئانقەســت لــە قۆناخەکانــی پێــش راپەڕیــن و یاخــود بەهــۆی بــاری ئاڵــۆز و نەگونجــاوی ســاڵانی ململانــێ و شــەڕی نێوخۆیــی دوای راپەڕینــەوە دوچــاری هاتبــوون، هــەر بــۆ ئــەم مەبەســتەش هەمــوو شــێوازێکی لەبــار و دروســت دەگرێتەبــەر و جموجــووڵ و چالاکییەکانــی خــودی وەزیــر کــە هەمیشــە دیــار و لەبەرچــاوە بــە شــێوەیەکی پۆزەتیڤانــە بەســەر کاربەدەســتان و کارمەندانــی وەزارەت کاردانــەوەی بــووە و تەنانــەت بەســەر دامــودەزگاکان و قوتابخانەکانیشــەوە لــە هەرێمــدا رەنگــی داوەتــەوە! ئەوەتــا خەریکــە پرۆســەی خوێنــدن دەکەوێتــەوە ســەر راســتەڕێگای و

پێداویستییەکانی بۆ ئامادە و دەستەبەر دەکرێن و کەموکورییەکان چارەسەر و بنەبڕ دەکرێن و مامۆستایان و قوتابیان بە گیانێکی پەروەردەیی و زانستپەروەریی تازەوە روو لە پۆلەکانیان دەکەن و بە کورتی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن و خوێندن گوڕ و تینێکی تازەی ئاشکرا و دیاری تێکەوتۆتەوە، کە مایەی خۆشحاڵی و شانازیی پێوەکردنی هەموو دڵسۆزێکە.

جا سەرباری گشت هەنگاوەکانی تری وەك (تەنیا بۆ نموونە) دابینکردنی سەرجەم کەرەستە و پێداویستییەکانی قوتابخانە و بینایە و هەروەها زیادکردنی مووچە و دەرماڵە و بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی مامۆستا و پەروەردەکاران و پەیڕەوکردنی شێوازەکانی پەروەردەیی لە مامەڵەکردن لە تەك قوتابیاندا و کردنەوەی زۆر خولی پێگەیاندن و مەشق پێکردن و راهێنان بە مەبەستی بەهێزکردن و نۆژەنکردنەوەی زانیارییەکان بۆ مامۆستایان و هەروەها گرنگیدان بە کردنەوەی سەدان بنکەی نەهێشتنی نەخوێندەواری و خوێندن تەوزیحی و دامەزراندنی ژمارەی پێویست لە مامۆستا و کارمەندان و نەهێڵانی دیاردەی سێ دەوامی و تا رادەیەکیش دوو دەوامی لە یەك قوتابخانەدا بەپێی توانست، هەروەها دابینکردنی هۆیەکانی گواستنەوە بۆ مامۆستایانی دەوروبەر و زۆران هەنگاوی پڕسوودی تریشی.. هتد.

دەڵێم وێڕای هەموو ئەوانە و زۆران شتی تریش کە بۆ گەشەپێکردن و سەرخستنی پرۆسەکەوە فەراهەم کراون، بەڕێز وەزیری پەروەردە بەپێی ئەم هەواڵەی لە سەرەوەدا ئاماژی بۆ کراوە، رێبازێکی پەروەردەیی ئێجگار زانستیانە و شیاوی پەیڕەو کردووە بە مەبەستی رێزلێنانی راستەقینە لە کارمەندانی بوارەکەدا. چونکە ئاشکرایە بۆ بەڕێوەبەرێکی کارا و سەرکەوتوو بەهادارترین شێوازی رێزلێنان ئەوەیە بکرێتە (سەرپەرشتیار) بۆ مامۆستای دڵسۆز و چالاك و تواناش ئەوەیە بیکەیتە (بەڕێوەبەر) هەرچەندە مەرج نییە هەموو دەم ئەم جۆرە مامۆستایانە حەز بەوە بکەن بخرێنە نێو گێژەن و

سەریەشـــەکانی کاری بەڕێوەبردنـــەوە، بـــەڵام راســـتتر وایـــە بەڕێوەبـــەران لـــەم ڕێگایـــەوە دەستنیشـــان بکرێـــن، ئەمەیـــش خاڵێکـــی دیکـــەی جیـــاوازە، چونکـــە بـــەم شـــێوە ڕێزلێنانـــەوە، یەکـــەم ئـــەو کەســـەی ئێجـــگار دڵخـــۆش و ســـەربەرز دەبێـــت و هەمیشـــە شـــانازیی بـــەو ڕێزلێنانەوەیـــە دەکات و هـــەردەم لـــە هەوڵـــی ئـــەوەدا دەبـــێ بـــە (خزمەتکردنـــی) زێـــتر بیســـەلمێنێت کـــە شایســـتەی ڕێزلێنانەکەیەتـــی و بگـــرە بـــۆ ئـــەوەش تێدەکۆشـــێت کـــە ڕێزلێنانـــی تریـــش بەدەســـت بێنـــێ کـــە ئەمەیـــش پـــتر هانـــی دەدات لـــە کارە تازەکەیـــدا باڵادەســـتی بنوێنێـــت و ســـوودی زۆرتـــر بگەیەنـــێ و چاکـــتر خـــۆی بەخـــت بـــکات، لـــە لایەکـــی دیکەشـــەوە بـــەم جـــۆرە ڕێزلێنانـــە پەروەردەییـــە کەپێـــی دەگوترێـــت (پاداشـــت لـــە ڕەگـــەزی کردارەکـــەوە) زۆربـــەی فێـــرکارە لێهاتـــووەکان مافـــی ڕەوای خۆیانیـــان پـــێ دەدرێـــت، هیـــوادارم بـــۆ لەمـــەودوا ســـەرجەمی سەرپەرشـــتیار و بەڕێوەبەرانـــی قوتابخانەکانمـــان لـــەم ڕێگـــە هـــەرە درووســـتەوە دەستنیشـــان بکرێـــن و بەمەیـــش پەیـــڕەوی ئـــەو ســـەرەتایە (مەبدەئـــە دەکەیـــن کـــە دەڵێـــت «کەســـی شـــیاو بـــۆ شـــوێنی گونجـــاو» دیـــارە ســـوود و قازانجـــی ئەمەیـــش بـــۆ ڕۆژی ئیمـــڕۆ و ئاینـــدەی کوردســـتان چەنـــدە و لـــە هەمانکاتیشـــدا بەڕێوەبەرایەتـــی قوتابخانـــەکان و پلەکانـــی سەرپەرشـــتیاری پەروەردەیـــی دەخرێنـــەوە بـــن دەســـتی خاوەنـــە راســـتەقینەکانیان و ئـــەو دڵســـۆزانەی وەك (مـــۆم) خۆیـــان دەســـووتێنن تاکـــو تاریکســـتان و شـــەوە زەنگـــی کوردســـتان بڕەوێننـــەوە و هەرێـــم ڕۆشـــن بکەنـــەوە و کەســـایەتی (کـــورد) دروســـت بکەنـــەوە.

# جاران (نەورۆز)مان چۆن دەکرد

رۆژنامەی (برایەتی) ٣٣٣٧- ٢٠٠١/٣/٢١

چاکم لەبیر دێ، ساڵەکانی ١٩٤٦ و دواترێ لە قوتابخانەی ناوەندیی بووین، ماوەیەك بەر لەهاتنی وەرزی بەهار سیاسەتوان و دەستەی رۆشنبیرانی شارە خنجیلانەکەی (حاجی قادر) بەخۆدەکەوتن و (ئەگەرچی نازانم چۆن چۆنی مۆڵەتیان لە کاربەدەستانی ئەوسای میری وەردەگرت و زۆرجارانیش هەر بەبێ ئەو مۆڵەتەیش) دەکەوتنە خۆسازدان و ئامادەباشیی بۆ یادکردنەوەی جەژنی (نەورۆز). لە دوا ساڵەکانی چلەکانی سەدەی بیستەمدا، بەتایبەتی ساڵی راپەڕینە مێژووییەکەی کانوونی دووەمی ١٩٤٨ تێکڕای گەلانی عێراق بە کوردستانیشەوە لە دژی مۆرکردنی پەیماننامە شوومەکەی (پۆرتسمۆث) ی نێوان حکومەتەکەی (صالح جەبر)ی عێراق و (بیڤن) وەزیری دەرەوەی

ئەوسـاى بەريتانيـاوە بەمەبەسـتى گۆڕيـن و درێژکردنـەوەى مـاوەى پەيمانـى (١٩٣٠) هەروەهـا دواى ئـەو سـاڵەيش هەمـوو بەهارێـك ئاهەنگـى جـوان و رێـك و قەشـەنگ بـە بۆنـەى جەژنـى نـەورۆزەوە (لـە کۆيـە) سـاز دەدرا. ئـەوەى لـە بيـرم مابـێ ئاهەنگـەکان چ لـە (شـاخى مشـکەى) سـەر باخـە دڵرفێنەکانـى (ئۆمەرخۆچـان) يـان لە(تاتـوکان)ى بەفريقەنـدى يـان نزيـك بـە (گۆڕسـتانى عارەبيـان) يانەخـۆ لـە گۆڕەپانەکـەى (ياريگـە)ى (زەويـى ميـرى) کـە ئێسـتا نەخۆشـخانەى گشـتيى شـارى لـە سـەردا بنيـات نـراوە، دەگێـڕدران و بـۆ ئـەو مەبەسـتەيش چەنـد رۆژێـك زووتـر شـوێنەکە سـاز و رێکدەخـرا، شـانۆيەکى (سـەفەرى) تيـادا دروسـت دەکـرا، بـەڕە و مافـوور و رايەخـى پێويسـت لـە ماڵـە هاووڵاتييانـەوە دەهێـنران و لەوێـدا بـۆ دانيشـتنى ئامادەبـووان لەسـەر سـەوزە و گيـا و چيمـەن و گوليلکـى سەرشـاخەکان رادەيەخـران. شـەوانەيش دەسـتەيەك قوتابـى و گەنـج و لاوى خوێـن گـەرم بـۆ ئاگادارييـى کەلوپەلـەکان و پاراسـتنى شـانۆکە لـە دەسـتدرێژى ناحـەز و قيـن لـە دڵ و تێکـدەران لەوێـدا ئێشـکيان دەگـرت (هەڵبەتـە بـە چەکـەوە) هەتـا بەيانيـى بـە شـايى و گۆرانـى گوتـن و سروود چڕيـن و قسـە و نوکتـەى خـۆش رۆژيـان دەکـردەوە، ئێمەمانانيـش کـە لەبـەر تەمـەن بچووکـى دەرفەتـى مانەوەيـان نەدەدايـن، شـەوانە بـە درەنگـەوە بـە دەم سروودى نيشـتمانى و چەپڵەرێزانـەوە دڵشـادانە رووە و مـاڵ دەبووينـەوە. لـەو ئاهەنگانەيشـدا چەنديـن چالاکـى جۆراوجـۆر پێشـکەش دەکـران و وەکـو نەريتێکـى نەگۆڕاويـش دەبـوا هەمـوو سـاڵێك شـانۆگەرييەکەى (زوحـاك و کاوەى ئاسـنگەر) نمايـش بکرابـا، وێـڕاى چەنـد تەمسـيلێکى ديکـەى وەك ئۆپەرێتـى (گوڵـى خوێنـاوى) ى شـاعيرى مەزنـى کـورد (گـۆران) ياخـود چيرۆکـى تەمسـيلى لەسـەر (دەرەبـەگ) و نوێنەرايەتـى هەنـدێ ئاغـا و نەخوێنـدەوار و کۆنەپەرسـتان لـە ئەنجومەنـى بەنـاو نيشـتمانى(پەرلەمان)ى ئەوسـاى عێراقـى و هەروەهـا دەقـى شـانۆيى سياسـى سـەبارەت بـە (جـۆن پـۆل و مـام سـام) واتـا (ئينگليـز

و ئەمەریکییــەکان) ســەرباری چەنــد جــۆر لــە شــایی و هەڵپەڕکێــی ســێ پێیــی و چۆپەیــی و سوێســکەیی و شــێخانی لەگــەڵ ئاهەنگــی گۆرانــی لەلایــەن دەنگخۆشــانی ئــەو ڕۆژگارەوە هەروەهــا سروودی نیشــتمانی بەســۆز و شــیعر و پەخشــانی بــە جــۆش و کلپــە پێشــکەش دەکــران و دەبوونــە مایــەی هەڵچــوون و دڵخۆشــیی وهاندانــی بینــەر و ئامادەبووانــەوە.

جــا بــۆ ئــەو چالاکییانــە کۆمەڵێــك لاوی لێوەشــاوە و قوتابــی زیــرەك و توانــا و ئارەزوومەنــد دەستنیشــان دەکــران و دەورەکانیــان بەســەردا دابــەش دەکــران و بەلانــی کەمــەوە دە ڕۆژێــك یــان هیــچ نەبــوا هەفتەیــەك بــەر لــە ڕۆژی (نــەورۆز) بــە بەردەوامــی و زێتریــش شــەوانە تــا درەنگانــی شــەو بــۆ لەبەرکــردن و فێربوونــی دەورەکانیــان مەشــقیان پــێ دەدرا و پراوەیــان لەســەر چۆنییەتــی جێبەجێکردنیــان دەکــرد بــۆ ئــەو مەبەســتەیش زیاتــر لــە قوتابخانەیــەك یانەخــۆ لــە چایخانەیــەك کــە بــە تایبەیــت بــۆ ئــەو کارە تەرخــان دەکــرا، ئەنجامیــان دەدا.

هــەر لــە هەمــان بۆنەیشــدا وتــاری لایەنــە سیاســییەکانی ئــەو ســەردەمە کــە تەنیــا بریتــی بــوون لــە دوو لاباڵــە ســەرەکییەکەی (دیموکراتــی کوردســتان (پارتــی) و حزبــی شــیوعی (کۆمۆنیســتی) عێــراق لەلایــەن بەرپــرس یــا خــود نوێنەرانیانــەوە دەخوێنرایــەوە و ئــەوەی راســتیش بــێ جاروبــار دەبوونــە هــۆی بارگرژیــی و بێنەوبــەرە و هەڵــلا و شــەڕە هوتــاف لێــدان و بەرپابوونــی توندوتیــژی لــە نێــوان جەمــاوەر و لایەنگرانــی هــەردووك حزبەکانــەوە، بــەڵام خۆشــبەختانە ڕەوشــەکە بــە هیممەتــی خێرخوازانــەوە بــە زوویــی کۆنــترۆڵ و چارەســەر دەکرایــەوە و دووبــارە ئارامیــی و هێمنــی باڵیــان بەســەر بارودۆخەکــەدا دەگرتــەوە و خەڵکەکــە دەکەوتنــەوە نێودنیــای خۆشەویســتی و هەســتی کوردایەتییــەوە.

دوای کۆتایــی هاتنــی ئاهەنگەکانیــش، ئاپــۆرەی ئامادەبــووان لەنێــو نەشــئەی شــادمانی و بــەدەم سروود و گۆرانــی و بــە چەپڵەرێــزان مەســت و ســەرخۆش بــە ئــاوازی جاویدانــی کوردایەتــی و بــە جوانــی دیمەنــی سروشــتی ئــەو شــارەی کــە

(لەمەیدانــی بەهــارا قوبــەی کشــمیری دا بەرشــەق وەکــو گــۆ) و کاس بــە بــۆن و بەرامــەی گژوگیــا و گولینکــی ئــەو دەشــت و دەرە رەنگینــە، دڵ پــڕ لــە ئومێــد و هیــوا و مێشــك لێواولێــو لــە بڕیــار و ئاواتــی گــەش بــۆ دوارۆژێکــی روونــاك و ئــازاد بــۆ کــورد و کوردســتان.. بــەرەو مــاڵ دەبوونــەوە! هــەزاران سـڵاو لــە یــادی ئــەو رۆژانــە!!

هەزاران درود بۆ گیانی پاکی ئەو رابەر و پێشەنگانە!!

# دوێنێ و ئیمڕۆ

هەولێر ٢٠٠١/٤/١٦

لــە درێــژەی چالاکییەکانــی وەرزی ڕۆشــنبیری (ماڵــی شــەڕەفخانی بەتلیســی) دا ئێــوارەی ڕۆژی ســێ شــەممەی ڕێکەوتــی ٢٠٠١/٤/١٢ بەڕێــز د.فەرهــاد پیربــاڵ بابەتێکــی دەربــارەی (خوێندنــی کــوردی و چۆنییەتــی وەرگرتنــی خوێنــدکار لــە زانکــۆی ســۆربۆن لــە پاریــس) پێشــکەش کــرد، لــەو کــۆڕە بــە پێــزەدا کــە زۆربــەی ئامادەبــووان قوتابیانــی زانکــۆ و خوێندکارانــی خوێندنــی بــاڵا بــوون، کاکــی کۆڕگێــڕ بــە دوورودرێــژی باســی لــەو هەنگاوانــە کــرد کــە خوێنــدکاران ئەوانــەی بــە پەرۆشــەوەن و مەبەســتیانە لــە زانکــۆی ناوبــراودا. لــە پاریســی پێتەختــی فەرەنســا درێــژە بــە خوێنــد بــدەن (بەتایبەتــی خوازیارانــی خوێندنــی بــاڵا) پێویســتە بیانزانــن و لــەم ڕووەوە کۆمەڵێــك ڕێنمایــی بەســوود و ئامۆژگاریــی خســتنەڕوو.

کاکی وانەبێژ سەرەتا کورتە باسێکی چڕوپڕی لەمەڕ بابەتەکەوە پێشکەش کرد و دواتر بە دوورودرێژی چووە نێو مێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردنی خوێندن و دیراساتی رۆژهەڵاتیی بەگشتی و لە نێویشیدا زمان و ئەدەب و کەلتووری کوردی بە تایبەتی کە دەگەڕێتەوە بۆ چەند سەدەیەك پێش ئێستاوە. هەروەها یەکە بەیەکە قۆناخە جیاوازەکانیانی دەستنیشانکردن و ناوی ئەو کارمەند و پرۆفیسۆر و تۆژەر و مامۆستایانەشی هێنان کە لەوێدا کاریان کردووە و بە ئەرکی بەڕێوەبردن و وانەوتنەوە و فێرکردن رابوون. لە لایەکی دیکەوە بەراوردێکی لە نێوان سیستەم و شێوازی خوێندنی ئێرە و ئەوێ دا کرد و چەند پێشنیازێکی لەم رووەوە پێشکێش کردن.

ئەوەی راستی بێت بابەتی کوڕەکە، تا ئەو جێیەی من ئاگاداربم، شتێکی تازە بابەت و دەگمەن بوو، لەگەڵ کۆڕ و سیمینارەکانی دیکەدا زۆر جوداوازبوو، وێڕای ئەمەیش بە لای منەوە کەلێنێکی چاك پڕدەکاتەوە و قوتابیانمان بە رەوش و بارودۆخی خوێندن و چۆنییەتی و پێداویستییەکانی ژیان و گوزەران لە پاریس (فەرەنسا) ئاشنا دەکات و مەرجە سەرەکییەکانی وەرگرتن لە ئەنیستیتۆی کورد و بەشەکانی دیکەی زانکۆ لەگەڵ چۆنییەتی بە دەستهێنانی بڕوانامە، روون دەکاتەوە کە ئەوەش خۆی لەخۆیدا هاوکاریی و ئاسانکارییەکی سوودبەخشە بۆیان.

مامۆستای وانەبێژ زۆر سەرکەوتووانە بە شێوازە تایبەتییەکەی خۆی بابەتەکەی پێشکێش کرد، دەستخۆشیی و پیرۆزبایی لێدەکەم.

جا ئەوەی زێتر لێرەدا مەبەستمە بیڵێم خاڵێکی هەرچەندە سادەیشە وەلێ ئێجگار گرنگ و سەرنجراکێش و پڕ واتایە، کە کاك فەرهاد (بە مەبەست بووە یا ن هەروا ڕێڕەویی) وروژاندنی و شایستەی هەڵوەستەکردن و تێرامان و بایەخ پێدان و بەراوردکردنە. ئەویش ئەوەیە کە یەك لە مامۆستا هەرە کارامە و کوردپەروەر و دڵسۆزەکانی (ئەنیستیتۆی کورد) لە پاریس

خوالێخۆشبوو د.کامەران بەدرخان بووە کە بۆ ماوەی چەندین ساڵ لە شەستەکانی سەدەی رابردوو لەوێدا دەرسی گوتووەتەوە و توێژینەوە و باسی زۆر و بە پێزی لە سەر زمان و ئەدەب و کەلتوور و مێژووی کوردان پێشکێش کردووە و گشت کات و چالاکیی خۆی بۆ ئەو ئەرکەی تەرخان کردووە بەبێ ئەوەی لەو دەربەدەریی و بێکەسی و زیندەگیی تاراوگەییەیدا، لەو شار و وڵاتەی ئاست ئێجگار بەرز و گرانییەدا ئامادە بێت تەنیا پوولێکیش (یەك تاك فرانك) وەربگرێت، واتە بە خۆڕایی و بەبێ مووچە و سەرمووچە و دەرماڵە و ..تاد خزمەتی مەردانەی گەلەکەی خۆی کردووە. دواتریش کە کاربەدەستان بڕیاریان داوە پلەوپایەکی بەرز بکەنەوە مووچەی بۆ دیار بکەن، ئەم بە پایەکە رازی بووە کەچی مووچەکەی هەر وەرنەگرتووە و رەتی کردۆتەوە!!

ئەوە دوێنێ بووە، هەر لەمەڕ دوێنێی کوردەوە بەم بۆنەیەوە تاقە نموونەیەکی تریش (هەرچەند نموونەی لەم جۆرەمان ئێجگار زۆرن) دێنمەوە تەنها بۆ بیرخستنەوە و هیچی تر.

کاتێك کۆمارە خنجیلانەکەی کوردستان لە (مەهاباد)دا دامەزرا و حەزرەتی پێشەوا قازیی محەمەدی هەمیشە زیندوو بوو بەسەرکۆمار، لە ساڵی ١٩٤٦ دا لە هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان، بە تایبەتی لەم بەشەی کوردستانەی خۆمانەوە بەسدان تێکۆشەر و رۆشنبیر و دڵسۆزان ماڵ و منداڵ و هەموو بەرژەوەندییەکی خۆیانیان بەجێهێشت و روویان کردە رووگەی پیرۆزەوە، واتا کۆماری مەهاباد. بە مەبەستی هاوکاریی و خزمەتکردن و پەرەپێدان و پارێزگاریی لێکردنیەوە. خۆ مستەفا بارزانی نەمر و هێزە شۆڕشگێڕ و لێهاتووەکەی کە لە هەموو نەبەردەکاندا جێ پەنجەیان دیار و ئاشکرا بوو، هەروەها ئەفسەرە قارەمانەکان بە تایبەتی خوالێخۆشبووان میرحاج و نوری ئەحمەد تەها و چوار شەهیدە نەمرەکان، مستەفا خۆشناو،

عیــزەت عەبدولعەزیــز، خەیرولــلا عەبدولکەریــم و محەمــەد مەحمــود قودســی و خوالێخۆشــبوو بەکــر عەبدولکەریــم حەوێزی-کۆیــی نــاسراو بــە (رەئیــس بەکــر) و چەنــدان مامۆســتای قوتابخانــە و پــەروەردەکاری وەك خوالێخۆشــبووان محەمــەد تۆفیــق وردیــی (شــاعیر) کۆیــی و مامۆســتا عەبدولقــادر ئەحمــەدی هەولێــری و مامۆســتا کەریــم زەنــد (ســلێمانی) خــوا تەمەنــی درێــژ کات و زۆرانــی تــر کــە ناکــرێ نــاوی هەمووانیــان بنووســین و لەمێــژووی ســەروەریی کــورددا تۆمــار کــراون، نموونــەی زینــدووی هــەرە بەرچــاون. کەچــی زۆر بەداخــەوە! ئیمــڕۆ پەنجـا و پێنـج سـاڵی رەبـەق دوای ئـەو رۆژە هـەرە پرشـنگدارەوە بـە پێچەوانـەوە دەبینیــن رۆڵەکانمــان خوێنــدەوار و رۆشــنبیر و پســپۆر و کادیرانمــان، بەتایبەتــی خــاوەن بڕوانامــە بەرزەکانمــان، وێــڕای نەهامەتــی و لێقەومــان و گەمــارۆی دوو فـاق و سـێ فاقـی سـەر گـەل و نیشـتمانەکەمان، هەرچەنـد تـا رادەیـەك مووچـە و ســەرمووچە و دەرماڵــەی بــاش وەردەگــرن، ناڵێــم وەکــو پێویســت وایــە وەلــێ لــە چــاو تــوان و لــە گوێــرەی ئــەم بارودۆخــە ســەختەماندا بایەخــی شایســتەیان پێـدراوە و بـە پەرۆشـەوە بـە تەنـگ خەمەکانیانـەوەن، ئەمجـاش مایـەی نیگەرانـی و دڵگوشرانـە کـە دەبینیـن یـان دەبیسـتین زۆرێکیـان گلـەو گازندەیەیـان هەرمـاوە و ڕاوڕاو بێــزارن و هــەردەم چاوەچــاوی ئــەوەن دەرفەتێکیــان بــۆ بڕەخســێ و بــە دزییـەوە بـێ یـان بـە ئاشـکرا باروبارگەیـان بپێچنـەوە و تێتەقێنـن و بـۆی دەرچـن، خۆتـان بگـرن هاتیـن! بـۆ کـوێ؟ بـۆ هەنـدەران بـۆ بەهەشـتی بـە خەیـاڵ بەڵێـن پێـدراوی خۆرئـاوا! وەلـێ لـە راسـتیدا بـۆ نێوگـەرووی هەمیشـە ئـاوەڵای دەریـای (ئیجـە) و قوڕگـی کـراوە و قەتاوقـەت دانەخـراوی نەهەنگـە برسـیەکانی ژێـر ئـاو، یانەخـۆ ئەوکـی هەرگیزاوهەرگیـز تێرنەخـۆرەی نەهەنگـە دووپێیەکانـی باندەکانـی مافیـا و قاچاخچییـە قـۆڵ و گیرفانبـڕەکان و لەوێشـەوە ئـەوا ئەگـەر خـوا کـردی و تاکـو تەرایـان دەربـاز بێـت و (سـنووورداش) نەکرێنـەوە ئەوجـا دەگەنـە شـوێنی مەبەسـت کـە بەداخـەوە لـە بـری ئـەو بەهەشـتە درۆزنەیـەی خەویـان پێـوە

بینیبــوو بریتییــە لــە ژیانــی کۆلەمەرگــی هەرەتاڵــی کوێــرەوەری تاراوگــە لەنێــو کەمپــە تێڵبەندکراوەکانــدا، یاخــود ســەرگەردان لــە کووچــەو کۆڵانــە ساردوســڕەکانی شاروشــارۆچکەی بیانیــدا، وێــڵ و مانــدوو و بــەدوای پــارووە نانێکــی شــەرمەزاریی لــە رێــگای پەیداکردنــی کارێکــی ســەخت و دژوار، کــە بــە هــەق بــە (کاری رەش) نــاوزەد کــراوە، لــە نێــو خەڵکانێکــی نامــۆدا کــە بــە دوژمنایەتــی و چاوێکــی ئێجــگار ســووکەوە ســەیر دەکرێــن و هەمیشــە لێیــان بێــزارن!

ئەمــە لەکاتێکدایــە کــە وڵاتەکــەی خۆمــان ئەوپــەڕی پێویســتی بــە زانیاریــی و پســپۆریی و خزمەتەکانیــان هەیــە و وەك ئاماژەشــی پێــدرا بەوپــەڕی رێزوحورمــەت و پێزانینــەوە مامەڵەیــان لەگەڵــدا دەکرێــت و تارادەیەکیــش بەپێــی تــوان و بــە گوێــرەی چیــن و توێژەکانــی دیکــەی نێــو کۆمەڵــەوە و تەنانــەت بــە بەراوردیشــی لەگــەڵ دراوســێی و دەوروبەرەکانمانــدا ئاســتێکی زیندەگیــی باشــیان بــۆ دابینکــراوە و بــە ئومێــدی باشتریشــن. گوتراویشــە «بــەرد لــە جێگــەی خــۆی ســەنگینە»!

دەوجــا ئــەوە دوێنێــی ســەربەزر بــوو، ئەمەیــش ئیمــڕۆی خــەم پژێنــە وەلــێ چاومــان لــە ئاســۆی ســبەینێی ســەرفرازیی و پڕشــکۆیە.

# لە یادی پیاوێکی بە ئەمەگدا

هەولێر ٢٠٠١/٥/١٩

چل رۆژ لەمەوبەر دڵە گەورەکەی مرۆڤێکی خزمەتگوزاری بێ هاوتا بۆ هەتا هەتایێ لە لێدان کەوت ئەوە بوو شەوی ٩ لەسەر ١٠ی نیسانی ئیمساڵ (٢٠٠١) خوالێخۆشبوو فەرهاد حەسەن حوسنی بە بێدەنگی گیانی سپارد و ماڵئاوایی یەکجارەکی لە خێزان و کەسوکار و سەرجەم دۆستانی کرد.

ئەم کەڵەپیاوە ساڵی ١٩٤١ چاوی بە دیمەنی قەڵامنارەی شاری هەولێری دێرین هەڵێناوە، خوێندنی سەرەتایی لە مەخمور و بەشی زانستیی دواناوەندیشی ساڵی ١٩٥٩ - ١٩٦٠ تەواو کردووە و دواتر بە (پلەی شەرەف) لە کۆلیجی پەروەردەی بەشی کیمیا لە بەغدا دەرچووە و بە بەڕێوەبەری قوتابخانەی ناوەندیی دیبەگە دامەزراوە، ساڵی ١٩٧١ بۆتە بەڕێوەبەری

قوتابخانــەی ناوەندیــی کۆمــاری (جمهــووری) لــە هەولێــر تــا لــە ســاڵی ١٩٨٠ کــراوە بــە سەرپەرشــتیاری پســپۆریی.

ناوبــراو ســاڵی ١٩٦٩ لــە تــەك مامۆســتا خاتــوو (قەدریــە عەزیــز) دا کــە لــە مەیدانــی پــەروەردە و لــە ریزەکانــی ئافرەتانــی کوردســتاندا دەوری بەرچــاوی بــووە و ئێســتا خانەنشــینە زەماوەندیــان کــردووە و یەزدانــی مــەزن ٣ کــوڕ و کچێکــی پێبەخشــیون (زەماوەنــد دەرچــووی بەشــی فیزیــا لــە کۆلیجــی زانســت، هــاوڕێ دەرچــووی بەشــی کارەبــای کۆلیجــی ئەندازیــاری، پــۆڵا دەرچــووی کۆلیجــی پزیشــکی و خاتــوو چراخــان کــە خوێنــدکاری قۆناغــی دووەمــە لــە کۆلیجــی پزیشــکی ددانــدا).

خواڵێخۆشــبوو مرۆیەکــی خــاوەن بــاوەڕ و لــە خواتــرس و هەقپەرســت و سەرراســت و بــە وەفــا بــوو، هێمــن و لەســەرخۆ و تــا بڵێیــت ڕەوشــت بــەرز و پــاك، دڵســۆزی گــەل و نیشــتمان بــوو، زیــرەك و بــە توانــا و لێهاتــوو بــوو چ وەك مامۆســتا چ وەکــو بەڕێوەبــەر، یاخــۆ وەك سەرپەرشــتیاری پســپۆری هەمیشــە بــە دڵســۆزیی و بــە پەرۆشــەوە لــەم بوارانــەدا بــە جیــددی کاری کــردووە و لــە هەوڵــی ئــەوەدا بــووە زانســت و پــەروەردە لــە کوردســتان هــەر لــە پێشــکەوتن و پەرەســەندندا بێــت. مــۆم ئاســا دەتوایــەوە و ڕێــگای لــە بــەردەم ڕۆڵەکانــی گــەل ڕۆشــن دەکــردەوە و هــەر لــەم پێناوەشــدا ســەری نایــەوە، هەروەهــا زۆر نووســین و باســی بەپێزیشــی لەمــەڕ پســپۆڕییەکەی خۆیــەوە لــە ڕۆژنامــە و گۆڤارەکانــدا بڵاوکردۆتــەوە. ڕەحمەتیــی هەمــوو ئامانجــی لــە ژیانــدا ئــەوە بــوو لــە ڕێــگای زانســت و پــەروەردەی ڕاســتەقینەوە خزمەتــی ڕۆڵەکانــی کوردســتان بــکات و لــەم ڕێبــازە پیرۆزەیــدا بــۆ ســاتێکیش کەمتەرخەمــی نەنوانــدووە، لــە هیــچ کۆســپ و تەگەرەیــەك ســڵی نەکردۆتــەوە ئەگەرچــی هــەر لــەم پێناوەشــدا سەریەشــە و ئەشــکەنجە و زیانــی زۆریشــی تــووش هاتــووە، ئەوەبــوو دوو جــاران بــە ســەختی و بــە ناهــەق برینــدار کــراوە، بــەڵام ئــەم هــەر درێــژەی بــە ڕەوتــە پــڕ لــە

ســەروەرییەکەی خــۆی داوە و هەرگیــز لــە راســتی لاینــەداوە.

خوالێخۆشــبوو کــە بــە شــانازییەوە لەســەر رێبــازی ئــەو مامۆســتایانەی پەروەردەیــان کردبــوو دەڕۆیشــت، بــەو هەمــوو خەســڵەتە باشــانەوە زانیاریــی و زانســتیەوە نموونەیەکــی کــەم وێنــەی کادیــری لێوەشــاوە و کارای بوارەکانــی زانســت و پــەروەردەی کوردســتان بــوو، بۆیــە بــە کۆچــی نــاوادەی کەلەبەرێکــی فرەوانــی لــەم مەیدانــەدا جێهێــڵاوە و (خەســارەتێکی) گــەورە و کوشــندەبوو لــە بــواری پــەروەردەدا بــە گشــتی و لــە مامۆســتایان و قوتابیــان و سەرپەرشــتیارانی پســپۆری کوردســتان بــە تایبەتــی کــە پڕکردنــەوە و قەرەبوویــان کارێکــی ئێجــگار دژوارە و کاتێکــی زۆریشــی گەرەکــە!.

جــا لــەم بۆنــە خەمناکــەدا وەکــو وەفاداریــەك لــە مامۆســتایەکەوە بــۆ قوتابیەکــی بلیمەتــی رەوشــت بــەرز و خزمەتگــوزاری نیشــتمان، بەنــدە بــە ئەرکــی خۆمــی دەزانــم بــەم چەنــد وشــەیە هەرچەنــد شایســتەی زۆر لەمــە پتریشــە یــادی ئــەم پیــاوە بکەمــەوە و دوو دڵــۆپ ئەسرینیــش بــۆ کۆســتی کەوتــووی ئــەم گەلــە بەدبەختــەم ببارێنــم. لــە خــودای مــەزن و میهرەبانیــش دەپاڕێمــەوە گیانــی پاکــی بــە بەهەشــتی بەرینــی خــۆی شــاد بــکات و ســەبووری و ئارامیــی بــە خێــزان و بــرا و کەســوکار و دۆستەکانیشــی ببەخشــێت ، هــەزاران ســڵاو لــە رەوانــی پاکــی کاکــە فەرهــاد حەســەن حوســنی و لەگیانــی ســەرجەم مامۆســتایان و پەروەردەکارانــی کوردســتان، هیوداریشــین رۆڵەکانــی رێبــازی پیــرۆزی باوکــی رەحمەتیــان بــزر نەکــەن! انــا للــە و انــا الیــە راجعــون.

# بۆنە و ڕۆژەکانی پشوو لە کوردستان

ڕۆژنامەی برایەتی ٢٠٠١

لە گۆشەی (پرۆفایل)ی ژمارە (٣٣٧٧) ی ڕۆژی ٢٠٠١/٥/٨ ڕۆژنامەی (برایەتی) ئازیزدا بەڕێز (دانەر کەریم سەعید) دەربارەی بۆنە و ڕۆژەکانی پشوو لە کوردستان بابەتێکی بڵاوکردبۆوە و تیایدا دوای پێشەکییەك نووسیویە و دەڵێت «هێشتا بە تەواوی یەکلانەکراوەتەوە کە کامە بۆنە پشووی ڕەسمییە و کامانەشیان تەنیا ئاهەنگگێڕانە بەبێ پشووی ڕەسمی، بۆیە حەق وایە ئەو مەسەلەیە بە تەواوی یەکلابکرێتەوە و ڕۆژانی ساڵیاد و بۆنەکان لێك جودا بکرێنەوە کە کامەیان پشووی ڕەسمی دەبێ و کامانەیان تەنیا ئاهەنگ گێڕان دەبن، نەك ڕۆژەك پێشتر بڕیاری لەسەر بدرێ!» ئەوجا لە کۆتایی نووسینەکەیدا پێشنیاز دەکات و دەنووسێت «هەروەها هەق وایە وەزراەتی

ڕۆشـنبیری کاتێـك سـاڵنامە دەردەکات هەمـوو ڕۆژانـی پشـوو دەستنیشـان بـکات نـەك تەنیـا ڕۆژەکانـی سـاڵیاد ڕوون بکاتـەوە. چونکـە سـاڵنامەی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری سـاڵنامەیەکی ڕەسـمییە و ناکـرێ وەك سـاڵنامە بازرگانییـەکان بێـت «بـە قسـەی ئـەو»» تائێـرە بۆچـوون و پێشـنیازەکانی کاك (دانـەر) تـەواوە، ئـەوەی ڕاسـتیش بـێ داواکـەی ئـەو برایـە شـتێکی بەجـێ و پێویسـتە، بـەڵام خـۆ وەنەبـێ ئـەو کارە فەرامـۆش کرابێـت و ڕوون نەبێـت. چونکـە ئەنجوومەنـی نیشـتمانی کوردسـتان زۆر بـە ڕاشـکاویی بۆنـە و ڕۆژەکانـی پشـووی دیاریکـردوون و بـە بڕیـار یەکلایـش کردوونەتـەوە و بڕیـاری داوە کـە کامیـان پشـووی ڕەسـمییە و کامانەیشـیان تەنیـا بـۆ ئاهەنگگێڕانـن. وا لێـرەدا دەقـی بڕیارەکانـی پەرلەمانـی کوردسـتانی عێـراق لەمبارەیـەوە دەخەمـە بەرچـاوی هەمووانـەوە بـۆ زانیـاری ئـەو بەڕێزانـەی مەبەسـتیانە بـەو ئومێـدەی سـوودی لێوەربگیرێـت و ڕۆژەکانـی پشـووی ڕەسـمی لای گشـت خوێنەرانـی (برایەتـی) ئازیـزدا ڕوون و ئاشـکرا بـن:

١- بڕیـاری ژمـارە (٣٧)ی ڕۆژی ١٩٩٢/١١/٢١ بـە یـادی ١٩٨٨/٣/١٦ ڕۆژی کیمیابارانکردنـی شـاری هەڵەبجـەی شـەهید تیایـدا هاتـووە: ڕۆژی ١٦ی ئـادار دەکرێتـە ڕۆژی شـەهید و لـە هەمـوو سـاڵێکدا بـە ڕۆژێکـی ماتەمینـی ڕەسـمی دادەنـرێ لـە سەرانسـەری هەرێمـی کوردسـتانی عێراقـدا.

٢- لە بڕیاری ژمارە (٤٧) ی ڕۆژی (١٩٩٢/١٢/٢٨) دا هاتووە.

ئـەو جـەژن و بۆنانـەی لای خـوارەوە بـە مۆڵەتـی ڕەسـمی دادەنرێـن بـۆ مەسـیحیەکان:

أ- جەژنـی لەدایـك بوونـی مەسـیح (دروودی خـوای لەسـەر بـێ) ڕۆژانـی ٢٥ و ٢٦ی کانوونـی یەکـەم لـە هـەر سـاڵێکدا.

ب- جەژنی گەورە (٣) ڕۆژە.

ت- جەژنی هەڵکشان (الصعود) یەك ڕۆژ.

ئەو بۆنانەی لای خوارەوە بە مۆڵەتی ڕەسمی دادەنرێن بۆ ئاشوورییەکان:

أ- یەکی نیسانی هەر ساڵێك سەری ساڵی ئاشووری.

ب- جەژنی (نووسەردیل) یەك رۆژ.

ت- (٧ی ئـاب) حەفتـی ئابـی هـەر سـاڵێك بـە رۆژی شـەهیدی ئاشـووری دادەنرێـت و دەکرێتـە رۆژی ماتەمینـی نەتەوەییـان.

٣- بڕیاری ژمارە (٥)ی رۆژی ١٩٩٣/١/٢٨:

یەکـەم: دانانـی رۆژی (٥ی ئـاداری ١٩٩١) بـە رۆژی سـەرەتای راپەڕینـی کوردسـتانی عێـراق.

دووەم: دانانـی رۆژی (٢٠/ئـاداری ١٩٩١) بـە رۆژی سـەرکەوتنی راپەڕینـی کوردسـتانی عێـراق.

سـێیەم: یـادی رۆژی راپەڕیـن و سـەرکەوتنەکەی دەکرێتـەوە و هەمـوو سـاڵێك ئاهەنـگ بـە بۆنەیانـەوە لـە سەرتاسـەری کورسـتاندا لـە سـەر ئاسـتی رەسـمی و میللـی سـاز دەکـرێ.

چـوارەم: هـەر شـارێکی کوردسـتانی عێـراق یـادی رۆژی راپەڕینـی خـۆی دەکاتـەوە و بـەو بۆنەیـەوە بـە شـێوەی تایبەتـی ئاهەنـگ دەگێـڕێ.

٤- بڕیاری ژمارە ١٩ی رۆژی ١٩٩٧/٣/١١:

أ-دانانـی رۆژی (٣/١٤) لـە هەمـوو سـاڵێکدا کـە رۆژی لـە دایکبوونـی پێشـەوای نەمـر «مسـتەفا بارزانـی» رەمـزی بزووتنـەوەی رزگاریخـوازی نەتەوەیـی کـوردە، بـە جەژنێکـی نیشـتمانی و نەتەوەیـی لـە هەمـوو لایەکـی کوردسـتان و دەکرێـت بـە پشـووی رەسـمی لـە هەرێمـدا.

٥- بڕیاری ژمارە ٢ی رۆژی ١٩٩٧/٣/١١:

أ- ئاهەنگگێڕانـی رەسـمی و میللـی لـە هەرێمـی کوردسـتاندا بـە بۆنـەی جەژنـی نـەورۆزەوە بـۆ مـاوەی سـێ رۆژ دەبـێ لـە رۆژی (٢١ی ٣)وە لـە هەمـوو سـاڵێکدا.

ب- رۆژانـی ئاهەنگگێـڕان پشـووی رەسـمی دەبـن لـە هەمـوو لایەکـی

هەرێمــدا.

٦- بڕیاری ژمارە ١ی رۆژی ١٩٩٨/٣/١٨:

یەکــەم: دانانــی رۆژی (٣/٥) ی هەمــوو ســاڵێك کــە رۆژی دەســتپێکردنی ڕاپەڕینــی گەلــی کوردســتانە بــە پشــووی رەســمی لــە هەرێمــدا.

٧- بڕیاری ژمارە ٢ ی رۆژی ١٩٩٨/٣/١٨:

یەکـەم: دانانـی رۆژی (١١ی٣)ی هەمـوو سـاڵێك رۆژی ئاشـتی (١١)ی ئـادار بـە پشـووی رەسـمی لـە هەرێمـدا.

٨- بڕیاری ژمارە ١٠ی رۆژی ١٩٩٩/٩/١٩:

أ- دانانــی رۆژی (١٨)ی هــەژدەی شــوبات لــە هەمــوو ســاڵێکدا لــە هەرێمــی کوردســتانی عێــراق بــە رۆژی قوتابیــان و لاوان.

ژێدەر و سەرچاوەکان

١- کـۆی یاسـا و بڕیارەکانـی ئەنجوومەنـی نیشـتمانی کوردسـتانی عێـراق، چاپـی یەکـەم ١٩٩٧ (بەرگـی یەکـەم ل (٢٨٠).

٢- هەمان سەرچاوە لاپەڕە (٢٨٤).

٣- هەمان سەرچاوە لاپەڕە (٣٢٧) بەرگی دووەم.

٤- هەمان سەرچاوە بەرگی سێیەم چاپی یەکەم- ١٩٩٩ لاپەڕە (٢٢٢).

٥- هەمان سەرچاوە لاپەڕە (٢٢٣).

٦- هەمان سەرچاوە لاپەڕە (٢٥٠).

٧- هەمان سەرچاوە لاپەڕە (٢٥١).

٨- هەمان سەرچاوە بەرگی چوارەم چاپی یەکەم، ١٩٩٩ ل (٢٦٤).

# ماڵئاوا شێرەژنەکەی سابڵاخی ماڵئاوا

٢٠٠١

داخـی گرانـم، رۆژی هەینـی رێکەوتـی ٢٠٠١/٧/١٣ بـۆ دواجـار دڵـە گـەورە و خۆراگـر و بەسـۆزەکەی ئافرەتێکـی هـەرە مـەزن و خـاوەن هەڵوێسـتی نەگـۆڕی جوامێریـی لـە لێـدان کـەوت. ئەوەبـوو خاتـوو (صالحـە خـان عبدالمنـاف) پـاش بەربەرەکانـی و زۆرانبازییەکـی نابەرابـەر لـە دژی نەخۆشـی (شـێرپەنجە) ی کوشـندەدا گیانـی پاکـی سـپارد و جەسـتە داهێزراوەکـەی لەتـەك گـۆڕی پـڕ لـە نـووری هاوسـەرە سـەربەرزەکەیەوە لـە جەرگـەی (هەولێـر)ی پایتەختـی کوردسـتاندا بـەو خاکـە ئەسـپێردرایەوە کـە هەمـوو تەمەنـی پـڕ لـە سـەروەریی و چەرمەسـەریی و ژان و ژواری خۆیانیـان لـە پێناویـدا بەخشـی و لـە بـۆ رزگاری و سـەربەخۆیی ئەویشـدا تەرخانیـان کردبـوو. شـۆڕە کچەکـەی مەهابـادی صالحـە خـان

لـە هەرەتـی پشـکووتنی شـکۆفەی یازدەهەمیـن بەهـاری تەمەنیـدا لـە (سـابڵاخ) لەسـەر زاری خۆیـەوە، لەگـەڵ هـاورێ و هاوخەباتێکـی باوکـی کوردپەروەریـدا کـە هاتووچـۆی ماڵەکەیانـی دەکـرد ئاشـنایەتی و دۆسـتایەتی پەیداکـردووە و یەکتریـان ناسـیوە، ئـەم وەك شـۆخەکچێکی تازەهەڵچـووی پـەروەردەی بنەماڵـە و خانەوادەیەکـی گۆشـکراو بـە خەباتـی کوردایەتـی و ئەویـان شۆڕەسـوارێکی جەوانمـەردی چـالاك و ئەفسـەرێکی لێوەشـاوە و رۆشـنبیر و سیاسـەتکارێکی دڵسـۆزی هەمـان بیروبـاوەڕ و رێبـاز، سـەرهەڵگرتوویيەکی نەترسـی قارەمـان کـە بـە ئیمانێکـی پتـەوی پۆڵایینـەوە وەکـو سـەربازێکی جەربـەزە و ئـازا لـە مەیدانـی تێکۆشـان و خۆبەختکردنـدا گیانـی خـۆی خسـتبووە سـەرلەپی دەسـتییەوە و بـێ بـاك و سـڵەمینەوە لـە مـردن و هەرچـی مەترسـییەکی دنیـا هەیـە بـە شـوێن هەنـگاوە مێژووییەکانـی سـەرۆك (مسـتەفا بارزانـی) نەمـردا لـە کوردسـتانی باشـوورەوە، لـە هەولێـری لانکـەی مێـژووی مرۆڤایەتـی و پێتەختـی کوردانـەوە، لـە سـەنگەرەکانی دۆڵ و نهـاڵ و شـاخە سەرکەشـەکانی بارزانـی مەکـۆی شـێرانەوە رووە و (مەهابـاد)ی پایتەختـی کۆمـاری (کوردسـتان) هەنـگاوی هەڵێنابـوو، بـۆ ئـەوە نـا پاڵـی لێبداتـەوە و تیایـدا پشـووی حەسـانەوە و ئارامیـی بـدات، بەڵکـو بەنیـازی پاراسـتن و داکۆکیکـردن لـە (کۆمـارە کۆرپەکـەی کوردسـتان)ەوە.

نەسـیب وابـوو ئـەم دوو مرۆڤـە مەزنانـە پێکـدی شـادبوون و پەیمانـی دڵسـۆزیی و وەفادارییـان بـۆ یەکـتری بـۆ هەتایـی مـۆر کـرد و مـاوەی شـەش مانـگان، تەنیـا شـەش مانـگ و بـەس، وەك دوو هاوسـەری شـاد و کامـەران، سـەرەڕای بـەرەو ناخۆشـی و ئاڵۆزبـوون چوونـی بـارودۆخ و بـە حوکمـی ئامادەبـوون لـە بەرەکانـی جەنـگ و رووبەڕووبوونـەوەی دوژمنـدا زۆربـەی کات لـە یەکـدی دابڕانیانـەوە، لـەو ماوەیـە کورتەشـدا ژیانـی ئێجـگار سـادە و سـاکاری پـڕ لـە خۆشەویسـتی و میهرەبانییـان گوزەرانـد و دوای ئـەوە هەرچـی مەینەتـی و کارەسـات و خـەم و پـەژارە و ناسـۆری ژیـان هەیـە بوونـە بەشـی ئـەم دوو دڵـدارە

خێــر لەخۆنەدیوانــەوە!

ئەوەبــوو لــە ئەنجامــی پیلانێکــی نەگریســی سازشــکارانەی نێودەوڵەتییــەوە کــە ســەلماندی بەرژەوەندییەکانــی زلهێــزان هــەردەم لــە ســەرووی هەمــوو ســەرەتاکان و تیــۆری و ئایدیۆلۆژییــەکان و ڕەوشــت و داب و مافەکانــی مرۆڤــەوەن، هەروەهــا بــە هــۆی بەزیــن و ورەبــەردان و خەیانەتکاریــی هەنــدێ چڵکاوخــۆری بــێ هەڵوێســت و هەڵپەرســتەکانی نێوخــۆوە، هێــزی چەکــداری دوژمنــی داگیرکــەر، ئەفســوس، مەهابــادی گرتــەوە (کۆمــارە ســاوا)کەیان لەنێوبــرد و (پێشــەوا قــازی محەمــەد) و ســەرکردەکانی دیکەیــان لــە ســێدارەدان و یــان لــە کونجــی زیندانیــان هاویشــتن و شــارە ســەربەرزەکەی (ســابڵاخ)یان خەڵتانــی خوێــن و تاریکــی کــرد و خەونــی دێریــن و لەمێژینــەی گەلــی کــوردی بێکەســیان بــۆ ماوەیــەك ڕەوانــدەوە!

بارزانـــی نەمـــر و ٥٠٠ لـــە هەڤاڵـــە جەنگاوەرەکانـــی پـــاش چەندیـــن ڕووبەڕووبوونــەوەی نابەرابــەر و نەبــەردی کــەم وێنــە و پاڵەوانانــەدا لــە دژی هێــز و ســوپای هــەر ســێ دەوڵەتانــی ئێــران و عێــراق و تورکیــا و تەنانــەت بــە یارمەتــی ئەمەریکاشــەوە، مەردانــە لــە (چەمــی ئــاراس) پەڕینــەوە و بــۆ مــاوەی پــتر لــە یــازدە ســاڵ لــە کۆمارەکانــی (یەکێتــی شــۆرەوی) ئەوســا بــە پەناهەندەیــی مانــەوە، هەتــا بــە هەڵگیرســانی شۆڕشــی ١٤ی تەمــووزی ســاڵی ١٩٥٨ی ســوپا و گەلانــی عێــراق ســەربەرزانە بــە نیشــتمان شــادبوونەوە و گەورەتریــن و گەرمتریــن پێشــوازییان لێکــرا.

کەچــی ئەفســەر و پێشــمەرگەی ئــازای بزاڤــی ڕزگاریخــوازی کــورد (خیراللــە عبدالکریــم)ی تــازە زاوای نامــراد، لەتــەك چەنــد ئەفســەر و تێکۆشــەرانی دیکــەدا، زۆر بەداخــەوە بــە بەڵێنــە بــەدرۆ و ســاختەکەی حکومەتــی ئەوســای عێــراق بــە لێبــوردن و لێخۆشــبونیان فریویانخــوراد و هاتنــەوە عێــراق و دەســتبەجێ دەســتگیرکران و لــە کونجــی زینــدان پەســتێنران و (حوکمــی لەســێدارەدان)یان بەســەردا ســەپاندن و هــەر لــە ڕۆژی ١٩ی حوزەیرانــی ١٩٤٧دا ڕۆژی پەڕینــەوەی

بارزانـی و هاوەڵەکانـی لـە (روبـاری ئـاراس) ئـەو پۆلـە هەڵۆیـە (مسـتەفا خۆشـناو، عیـزەت عبدولعەزیـز، خەیروڵـڵا عەبدولکەریـم و محەمـەد مەحمـود قودسـی) بـە پەتـی سـێدارەوە هەڵـواسران و بوونـە شـەهیدی کـورد و کوردسـتان و هەتـا دنیـا مابـێ ناویـان لـە مێـژووی کـورددا دەدرەوشـێتەوە و هـەر بـە نەمریـی دەمێننـەوە.

لەولایشـەوە بووکـی ناکامـی شـەش مانگەیـش، صالحەخانـی لێقەومـاو لـەو رۆژەوە بـە بێوەژنـی مایـەوە و بەرگـی رەشـی پۆشـی و لەگـەڵ (فیکری)برایـدا بـە بێکەسـیی و دەربـەدەری (هەرچەنـد ئێـرەش نیشـتمانی خۆیەتـی و زێـد و شـاری هاوسـەرە خۆشەویسـتە جوانەمەرگەکەیەتـی) ژیانـی کوڵـە مەرگیـی بردۆتـە سـەر و لـە نزیـك ئارامگـەی شـەهیدی نەمـر دوور لـە (سـابڵاخێ) پـڕ لـە یـادگاری شـیرینی سـەردەمی منداڵـی و عازەبایەتـی و کەسـوکارانی خۆیـەوە بـە تەنیایـی سـەری رەشـی سـپی کـرد و هەمـوو ژەهـر و تـاڵاوی کوڵەمەرگـی نۆشـیوە و بـە درێژایـی (٥٤ سـاڵ و ٢٤ رۆژ)ی رێـك دوای شـەهید بوونـی هاوسـەرەکەی بەوپـەڕی رووسـوری و سـەربەرزیی و وەفاداریـی بـۆ یـادەوەری گیانـی بەرزەفـڕی خەیروڵـڵای قارەمـان و بـۆ رێبـازە پیرۆزەکـەی ژیـاوە. لـەو مـاوە دوورودرێژەشـدا بـە هەڵوێسـتی نەگـۆڕ و بـە ورەی هـەرە بـەرز و بـە بـاوەری قایـم و بـە ویژدانێکـی پـاك و بێگـەردەوە چـۆن ئافرەتێکـی تێکۆشـەری کۆڵنـەدەر هەمیشـە لـە سـەنگەری شـەڕەفمەندیی کوردایەتـی راسـتەقینەدا ماوەتـەوە و لەسـەر ئـەو رێبـازە پیـرۆزەدا کـە خەیروڵـڵای هاوسـەری و هەڤاڵـە شـەهیدەکانی و هەزارانـی دیکـە گیانـی خۆیانیـان لـە پێناویـدا بەختکـردووە مکـوڕ و بـەردەوام بـووە. هەربۆیـەش ئـەم (شـێرەژنە سـابڵاخییە، هەولێرییـە، کوردسـتانی)یە مایـەی رێزلێنـان و بایـەخ پێـدان و ئـاوڕ لێدانـەوەی سـەرۆکی هێـژا کاك مەسعود بارزانـی و کاك نێچیرڤـان بارزانـی و رێـزدار د.رۆژ نـوری شـاوەیس و بەرپرسـانی دیکـەی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و حکومەتـی هەرێـم بـووە، لـە هەمـان کاتیشـدا جێگـەی خۆشەویسـتی و مایـەی شـانازی پێوەکردنـی تێکـڕای جەمـاوەری بـە

ئەمەگی ئەم نیشتمانەمانە چونکە بەراستیی تا مرد بە کردەوە نیشانیداوە کە (نموونەی کەموێنەی ئافرەتی پاڵەوان و خۆڕاگر و بەوەفایە) و (دایکێکی بێ هاوتای هەموو تێکۆشەرێکی کوردە).

دەسا بخەوە لە پاڵ زاوای لێ تێرنەبووی سەربەرزتدا، ئارامبە بۆ یەکەمجارت و بۆ دواجار لە ئارامگەی پڕ لە نووردا.

مژدە کەوا دوای (٥٤ ساڵ و ٢٤ رۆژ)ی لە یەکدابڕان گیانی پاکتان پێکدی شاد و گوشاد دەبنەوە. هەزاران سڵاو لەو گیانە پاك و بەرزەفڕانەتان.

دروود لە یادەوەریتان، هەی شێرەژنەکەی سابڵاخی.

یادتان بەخێر و ماڵئاوا.

# گەلۆ کەی ئەمە رەوایە!

٢٠٠١/٨/٢٧

هەروەك لە رۆژنامەی برایەتی ژمارە (٣٤٦٥)ی رۆژی (٢٠)ی ئاب و هەفتەنامەی گوڵان ژمارە (٣٤٤)ی رۆژی (٢٣) ی ئابدا بڵاوکراوەتەوە هاتووە: «رۆژی ٢٠٠١/٨/١٩، وەفدی باڵای ئاشتی نێوان پارتی و یەکێتی لە بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەلاحەدین کۆبوونەوەی (٦٧)یەمینی خۆی ئەنجامدا. وەفدی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جەوهەر نامق سالم و ئەندامێتی بەڕێزان زەعیم عەلی و هۆشیار زێباری و فەرەیدوون جوانرۆیی و حەسەن فەقێ رەسوڵ بوو، وەفدی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانیش بە سەرۆکایەتی بەڕێز عومەری سەید عەلی و ئەندامێتی بەڕێزان عیماد ئەحمەد و مستەفا سەید قادر و سەعدی

ئەحمەد پیرە و ئازاد جوندیانی و ئاسۆ عەلی پێکهاتبوو، کۆبوونەوەکە لە کەشێکی ئیجابی بەڕێوەچوو، بەکاری لیژنە فەرعییەکاندا چۆوە و بۆ باشتر بەڕێوەچوونی کارەکانیان بڕیاری پێویست درا و ڕێنوێنی لیژنەکانی کرد بۆ چالاکتر کردنی کارەکانیان کە لەدوا وەجبەی گەڕانەوەی ئاوارەکاندا زیاتر لە (٢٠٠) خێزان بۆ ناوچەکانی هەردوو لا گەڕانەوە، هەر لە کۆبوونەوەکە گفتوگۆ لە بارەی چەندین مەسەلەی دی کرا، لەوانەش مەسەلەی ئەنجوومەن (تا ئێرە دەقی ڕاگەیاندنەکەیە).

جا ئەوەی لێرەدا سەرنجی ڕاکێشاوم و دەمەوێت ئاماژەی پێبدەم دوا رستەی ڕاگەیاندنەکە و زۆر بەتایبەتیش دوا (وشەیەتی) کە دەڵێت (هەر لە کۆبوونەوەکە گفتوگۆ لە بارەی چەندین مەسەلەی دی کرا، لەوانەش مەسەلەی ئەنجوومەن». دەپرسم ئەرێ کام ئەنجوومەن؟ ئەنجومەنی باوکان و مامۆستایانی قوتابخانە، ئەنجومەنی شارەوانی، ئەنجوومەنی سەندیکا؟ یاخود هەر (ئەنجومەن)ێکی تری ئەم کوردستانە؟

خۆ خوانەخواستە ناشکرێ مەبەست (ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق) بێت کە تاکە سەرچاوەی (شەرعییەت)ی ئەم نیمچە کیانەی ئێستامانە و بە خوێنی ئاڵ و گەشی سەرجەم شەهیدە نەمرەکانی تێکڕای گەل بە پارتی و یەکێتی و شیوعی و.. ئیسلامی و مەسیحی و ئیزدی و.. هەموو لایەن و گرووپە سیاسییە ئایینییەکان و لە ئەنجامی خەباتی نەپساوەی سەخت و بەرخودانی قارەمانانەی پتر لە نیو سەدەی جەماوەری ستەمدیدەی کۆڵنەدەر و ڕاپەڕیوی کوردستاندا هاتۆتە بەرهەم و بۆتە (پێناسە و هێمای) قەوارەی نەتەوایەتیمان! دەڵێم «نا، نا ئینشاللا مەبەست پەرلەمانە حەیاتەکەی خۆمان نییە!» هەروەکو لە چیرۆکەکەی عەزیز نەسیندا، کەرەکە، نا، نا عەیب نەبێ گوێدرێژەکە «گورگ»ێکی زرت و زەبەللاحی دیبوو ماتە ماتە لە پشتەوەڕا خەریکبوو لێیدەهاتە پێش و هەر ئەوەتا هەستی بە هەناسە گەرمەکەیشی

دەکـرد کەچـی خـۆی لـێ نەبـان دەکـرد و دڵـی تۆقیـوی خـۆی بەمـە دەدایـەوە کـە دەیگـوت «نـا، نـا ئینشـاللا گـورگ نییـە!»

جـا ئـەوەی راسـتی بێـت مـن لـەوە دڵنیـام کـە مەبەسـت لـەم وشـەی (ئەنجومەن)ـــە دەق ئەنجومەنـی نیشـتمانی کوردسـتانی خۆمانـە، بۆیـە لـەوە دەترسـم بـۆ (سـازش و سازشـکاریی) سیاسـەت بـەم شـێوەیە باسـی کرابێـت و ئاوەهـا (بەبـێ نـازی) خرابێتـە پەراوێـزی نـەك هـەر گفتوگـۆ بەڵکـو کۆتایـی دوا رسـتەی راگەیاندنەکەیشـەوە و لـە پێسـتەی (چەندیـن مەسـەلەی دی) دا وەرپێچرابێـت، هـەروەك دەشترسـم ئەمـە دەردی (کەنداو)ەکـەی بەسـەردا هاتبێـت، ئـەو کەنـداوەی بـرا فارسـەکان بـە هـی خۆیانیـان زانیـوە و پێـی دەڵێـن (کەنـداوی فـارس) خـوا شـاهیدە بـرا عەرەبەکانیـش و ئێمـەش لـە چلەکانـی سـەدەی بیسـتەمەدا، لـە کتێبەکانـی خوێندنـی سـەرەتایی و دواناوەنـدی هەتـا دەرچووغـان لـە زانکـۆی بەغـداش لـە وانەکانـی جوگرافیـا و مێـژوودا کـە لـە عێـراق و وڵاتـە عەرەبییەکانـدا و لـە لایـەن مێژووزانـە عەرەبەکانـەوە دانرابـوون و بـە چـاپ گەیەنرابـوون هـەر بـەو نـاوەوە (کەنـداوی فـارس) خوێندبوومـان، کەچـی دواتـر لەلایـەن هەنـدێ حکومـەت و گرووپـی سیاسـی نێونەتەوەیـی توندڕۆی عەرەبییـەوە (بـە کەنـداوی عەرەبـی) نـاوزەد کـرا. لـەم نێوەندەشـدا دەوڵەتانـی ناوچەکـە و ئەولاتریـش کـە بەتەنـگ بەرژەوەنـدی خۆیانـەوە بـوون بـۆ ئـەوەی هیـچ لایەکیـان لـە خۆیـان (عێـدز) عـادز نەکـەن و سـەرودڵیان نەگـرن، زیرەکانـە ناوەکەیـان پوخـت و کـورت کـردەوە، سـەری خـۆت مەیەشـێنە، هـەر تەنیـا بە(کەنـداو) نـاوی دەبـەن (نـە فـارس و نەعەرەبـی).

منیـش لـە ناخـەوە هاوارمـە و دەڵێـم «گەلـۆ، خزمینـە، براینـە بـە هیـچ کلۆجێـك و لەبـەر خاتـری هـەچ شـتێك و هیـچ کەسـێك و لایەنێـك رەوا نییـە، هـەق نییـە دروسـت نییـە (گەمـە) بـەم (دەسـتکەوتە) هـەرە مـەزن و پیـرۆزە واتـە (ئەنجوومەنـی نیشـتمانی کوردسـتان- یـان پەرلەمانـی کوردسـتان) بکرێـت

چونکـه خـۆی لـه خۆیـدا سـەرباری هەمـوو بـارودۆخ و بیـروڕا و دیـد و بۆچوونێـك-هـەر بـه (هیـوا و سـیمبول) و تەنیـا سـەرچاوەی شـەرعییەتی قـەوارەی فیدراڵـی بـۆ تێکـڕای گەلـی کوردسـتان دەمێنێتـەوە. میللەتیـش بـه چاوێکـی پـڕ بایەخـی تـرەوە دەیڕوانێتـێ. دەسـا، دەسـتم دامێنـی هەموانتـان توخنـی ئـەو کارە ترسـناکە مەکـەون، بڤەیـە! لەگـەڵ هیـوای گەشـمدا بـۆ گەیشـتن بـە ئاشـتیەیکی سەرتاسـەری و حەسـانەوە!

# ئایا کورسی و پایە بۆ خزمەتکردنە یان بۆ فیزلێدان و خۆپێوەبادان؟

٢٠٠٢/٨/٢٨

کورسی زۆر جۆری هەنە و لە کەرەستەی جوداواز و بەشێواز و مۆدێلی هەمە چەشن دروست دەکرێت، وەلێ ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە لێوەی بدوێین تەنیا ئەو جۆرەیانە کە هاوتای پلە و پایەیە و گوزارشت لە (دەسەڵات) هەردەسەڵاتێك کەم یان زۆر بچووك یان گەورە ئاسایی یان هەرە گرنگ و تایبەتی بێت دەکات.

لەم بوارەشدا دید و تێڕوانین و هەڵوێستی خەڵکان لە هەمبەر ئەم کورسی (دەسەڵاتە)دا لە یەك لەم جۆرانەی لای خوارەوە بەدەر نابێت.

خەڵکانێك هەن نەك هەر (کورسی)ەکەیان پێ لە خۆیان گەورەترە، بگرە خۆیشیان بە کۆیلە (عەبد)ی (کورسییەکە) دەزانن و کڕنووشی بۆ دەبەن!

کورسی بەلای ئەوانەوە مەبەستە و ئامانجە و بەس! جا ئەوانە بۆ خووساندن و چرنووك گیرکردن لێی و بە مەبەستی مانەوەیان بە هەرچی چۆنی بووە بەسەر پشتی کورسییە سیحراوییەکەوە، ئامادەن نەك هەر دەستوپێی ئەوانە بلێسنەوە کە لە سەرووی خۆیانەوەن (زستان و هاوین) ماستاویان بۆ ساردبکەنەوە و هەر کارێك بکەن کە دڵی ئەوانی پێ رازی بێت بەڵکو هەمیشە دەست بە سنگەوەن ماکیافێلانە لە پێناوی دەستپێوەگرتن و پاراستنی کورسییە لەرزۆکەکەیاندا رەفتارگەلی نابەجێ و هەڵسوکەوتی ئابڕووبەرە ئەنجام بدەن و بۆ ئەم مەبەستەش لە کردەوەی هەرە سووك و تەنانەت لە سەرپێچی و لە یاسالادان و پێشێلکردنی بەرژەوەندیی گشتیی و هەر کردەوەیەکی نزمیش سڵ ناکەنەوە!

ئەم جۆرە کەسانە یا ئەوەتا نەزانن یانەخۆ خۆیانی لێ گێل و نەبان دەکەن و ئەو راستییە لە بیرخۆیان دەبەنەوە کە (کورسی) قەتاوقەت هەتاسەر بۆ کەس نەبووە و ناشبێت و وەك دەڵێن (ئەگەر بۆ کەس بمایایەتەوە ئێستا بەر ئەمان نەدەکەوت).

جا بەلای ئەوانەوە کە بەمجۆرە بیردەکەنەوە کورسی تەنیا و تەنیا ئامرازێکە بۆ دەستکەوتی کەسییەتی ئەو تاکانەوە و هەردەم مایەی فیزلێدان و خۆپێوەبادان وشانازیی پێوەکردنە کەچی لەراستییدا ئەوانە چەواشەبوون و بە هەڵەداچوون و سەرەنجامیش هەر مایەپووچ دەبنەوە، چونکە درەنگ یان زوو کورسییەکەیان لە دەست دەدەن و لە هەمانکاتیشدا لە ناو کۆمەڵگە و لای خەڵك و خوادا ریسوا و بێزار دەبن و بێ سەرمایە دەمێننەوە!

پێچەوانەی ئەمانەش خەڵکانێك هەن –زۆرینەن- نەك هەموو دەم خۆیانیان لە (کورسی)یەکەیانیان بەلاوە زۆر بەرزتر و باڵاتر و مەزنترە و بەس، بەڵکو بەو چاوەوە لە کورسی (دەسەڵات) دەڕوانن کە تەنها ئامرازێکە، پلە و پایەیەکە بۆیان رەخساوە تا بەهۆیەوە دەرفەتی ئەوەیان بێ خزمەتی نیشتمان و گەل و هاووڵاتیانیانی پێ بکەن و هەر هەندەش گرنگیی و بایەخ بە کورسییەوە

دەدەن و بەلایانەوە شیرینە کە بتوانن لە ڕێگایەوە و بەهۆیەوە هەنگاو بەرەو جێبەجێکردنی ئەو ئارمانج و هێنانەدی ئەو ئاوات و گەیشتن بەو هیوا بەرزانە هەڵێنن کە ساڵەهایە (گەل) لە پێناویاندا خەباتی سەختی کردووە و قوربانیی زۆری داوە و بە لێشاو خوێنی گەشی رۆڵە دڵسۆزەکانی بۆ رشتووە.

ئەم جۆرە نیشتمانپەروەرانە بەم بۆچوون و هەڵوێستە دروستەیانەوە لە هەمبەر کورسی (دەسەڵات) دا تەنیا و تەنیا بە ئەنجامدانی ئەو ئەرکە پیرۆزەیان و بە گەیشتن بەو خەونە خۆشە ئەرخەوانیەیان ئاسوودە و سەرفراز و ئارام دەبن و بۆیان دەلوێت و بگرە مافێکی رەوای خۆیشیانە ئەگەر بە چاوی رێزەوە بڕواننە (کورس)یەوە و شانازیشی پێوەبکەن.

ئیمڕۆش لە کوردستانی ئازاد و ئاسوودەدا کە بە لێبراویی کەوتۆتە خۆ و بەڕێوەیە بە ئاراستەی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیی و شارستانیی و ژیارییدا، پێویستیەکی هەرە زۆرمان بەو جۆرەی دووەمی هاووڵاتییانە، کاربەدەست و فەرمانبەر و کارمەند و کادیر و ئەوانەی تەنیا و تەنیا ئەوەندە (کورسی)یەکانیان خۆشگەرەکە و لە خەمیاندانە کە خزمەتی گەل و نیشتمانیانی پێ دەکەن و ئیش و کاروباری هاووڵاتییانیانی پێ راهی دەکەن و مافەکان بۆ خاوەن ماف دەگەڕێننەوە.. ئەو زاتانەی شوکور ژمارەیان روو لە زۆری و رێژەشیان روو لە بەرزییە، ئەو کاتانەی (کورس)یەکانیان جێدێڵن لە هەموو ساتێك لای جەماوەر بەڕێزتر و قەدرگران و خۆشەویستتر دەبن. ئەمەش گەورەترین سەرمایەی ژیانە. لە کۆتایی ئەم کورتەباسەدا هیوا دەخوازین ئەوانەی (جۆری یەکەمیش) دید و بۆچوون و تێڕوانینیان سەبارەت بە کورسی (دەسەڵات) بگۆڕێت بەرلەوەی رەوتی بە گوڕوتیژڕۆی دڵسۆزیی و هەقخوازیی سەردەم رایانماڵێت و تەخت و بەختیان سەرنگون بکات و (کورسی) یەکانیان لێوەرگرێتەوە و بیاندات بەوانەی پێیانرەوایە و بەهەق شایستەیانن، کە ئەمەش بڕیاری مێژووە و هەر دەبێ وابێت!

# ململانێی نەوەكان

ژمارە (٤٠١)ی هەفتەنامەی (گوڵان)ی رۆژی ٢٠٠٢/٩/٢٦

لــە لاپــەڕە (٨)ی ژمــارە (٣٧٩٣)ی رۆژنامــەی (برایەتــی) رۆژی ٢٠٠٢/٩/١٧دا نووســینێكی كاك (فازیــل نەجیــب) لــە ژێــر ســەردێری (ململانێــی نــەوەكان یــان لێــك حاڵــی نەبــوون)دا بڵاوكراوەتــەوە كــە تیایــدا ئامــاژە بــەوە دەكات كــە رۆژنامــە و گۆڤــارەكان و دەزگاكانــی راگەیاندنــی بیــنراو و بیســتراو ماوەیەكــە ســەرگەرمی ســازكردنی گەمەیەكــی بــێ مانــان بــە نــاوی (ململانێــی نــەوەكان) و دەڵێــن (مەبەســت لــە ململانێــی نــەوەكان بریتییــە لــە لێكحاڵــی نەبــوون و دژیــەك وەســتانی نــەوەی پێــش راپەڕیــن و نــەوەی دوای راپەڕیــن). هەروەهــا نووســیویە كــە )ئــەو بەڕێزانــەی تــا هەنووكــە لــەم بــوارەدا بیــروڕای خۆیــان دەربڕیــوە بــە شــێوەیەكی گشــتی تەئكیــد لەســەر ئــەوە دەكەنــەوە كــە نــەوەی

کــۆن (واتــا نــەوەی پێــش راپەڕیــن) بەربەســتێکی گــەورە و زەبەلاحــی بــەردەم خواســت و جولانــەوە و کارە هەمەچەشــنەکانی نــەوەی نوێیــە، «بەقســەی خــۆی»). هەروەهــا بەڕێــزی گوتوویــە (بەنــەزەری بەنــدە ئــەوەی کــە ناونــراوە نــەوەی کــۆن ســەرچاوە و داینەمۆیەکــی گرنگــی نوێخوازییــە و ئەوەشــی ناونــراوە نــەوی نــوێ لــە کۆمەڵێــك وەهمــدا دەیانەوێــت بیانــوو بــۆ ئــەو دەســتەپاچەییەی خۆیــان بهێننــەوە کــە نەیانتوانــی رۆڵــی خۆیــان ببینــن. نــەوەی نــوێ نــەوەی ڤیدیــۆ و ســیدی و بــەردەم ســەتەلایت و بەرنامــە تافیهەکانــە، ئــەوەی ناونــراوە نــەوەی نــوێ، نــەوەی هەڵهاتنــە لــە واقیــع، نــەوەی تەســلیم بوونــە بەچاولێکــەری و کارە رۆتیــن و بــێ گیانــەکان، بــەڵام ئــەوەی ناونــراوە نــەوەی کــۆن و بــەردەوام وەك رەمزێکــی ســلبی ناویــان دەبــەن، ئــەو نەوەیــەن کــە توانیــان رووبــەڕووی تاریکتریــن قۆناغــی ژیــان ببەنــەوە و لــە بەرامبــەر زەبەلاحتریــن دەســەڵاتی تۆقێنــەردا بوەســتنەوە). لــە شــوێنێکی تــردا دەنووســێت: (گرفــت ئەوەیــە نــەوەی نــوێ شــێوازی هەڵهاتنــی گرتەبــەر لــە بەرامبــەر هەڵــەی هەنــدێ نــەوەی کۆنــدا، کــە دەبــوو زمانــی گفتوگــۆ و مامەڵەکردنــی هەڵبژاردایــە، نــەوەی نــوێ نەوەیەکــە کــە بــێ باکــە بــە رابــردوو، نــەوەی کــۆن نەوەیەکــە شــانازی دەکات بــە رابــردوو. ئەمــە خاڵــی ســەرەکی دروســتبوونی ئــەو لێکحاڵــی نەبوونەیــە، بــەڵام مــن نامــەوێ وشــەی (ململانــێ) بــەکار بهێنــم)، دەشــڵێت: (ئــەوەی ئێســتە بەرقــەرارە حاڵــی نەبوونــی نەوەکانــە.. نــەك لــە بەرامبەرەکــەی، بەڵکــو لــە خــودی خۆشــیان، لــە نــەوەی نوێــدا چەندیــن جــۆر لــە ئاراســتەی بیرکردنــەوە و رەفتــار هەیــە کــە نــەك هــەر لەگــەڵ یــەك هاوتــا نیــن، بەڵکــو تــا ســەر ئێســقان دژایەتــی یەکتریــش دەکــەن. نــەوەی نــوێ نەوەیەکــە چاوەڕوانــی دروســتکردنی پــارك و ســەیرانگا و جێــگای هەمــە چەشــنەکانی حەوانــەوە و کات بەســەربردنە بــێ ئــەوەی بیهــەوێ مانــدوو بێــت)... تــاد. تــا ئێــرە نووســینی ئــەو برایەیــە.

ئــەوەی لــەو نووســینانەدا ســەرنجم رادەکێشــێت ئەمەیــە کــەوا پێدەچێــت

خەڵكانێـك هەبـن بیانەوێـت و هـەوڵ بـدەن لـەم بارودۆخـە هـەرە ناسـك و چارەنووسـسازەی ئیمـڕۆی نەتەوەكەمانـدا (بابەتێكـی) نەخـوازراو بوروژێنـن و دەلاقەیەكـی تـازەش بكەنـەوە بـۆ سـەرهەڵدانی پەتایەكـی نەگریـس و كوشـندە بـە نێـوی (ململانێـی نـەوەكان)ەوە، وەك ئـەوەی ئـەم میللەتـەی ئێمـە لـە هیچـی كـەم نەبێـت و بـە هیـچ جـۆرە دەردێكـەوە نەناڵێنـێ و هیـچ گرفتێكـی دیكـەی بـۆ لـە ئـارادا نەبێـت خـۆی پێـوە خەریـك كردبـێ ئەمەیـان نەبێـت!

ئـەوەی راسـتی بێـت (ململانێـی نـەوەكان) وەكـو بەرەنجامـی پێكهاتـە و گۆڕانكاریـی بایۆلـۆژی و فەسـلەجی و سۆسـیۆلۆجی و بـە گوێـرەی جیـاوازی زەمەنـكان بـە شـێوەیەكی گشـتی لەهـەر وڵات و كۆمەڵگەیـەدا و لـە نێـو هەمـوو میللەتانـدا هەبـووە و دیاردەیەكـی زۆر سروشتیشـە، وەلـێ بـەو شـێوەیە نـا كـە لـەو نووسـینانەدا ویسـتراوە بخرێتـە روو، ئەمـە لـە لایـەك، لـە لایەكـی تریشـەوە ئـەو (ململانێـی نـەوەكان) جـارێ و تاكـو ئێسـتەش لـە لای ئێمـەی دانیشـتوانی هەرێمـی كوردسـتانی عێـراق بـەو چەشـنە چەكـەرەی نەكـردووە و بـەو ئاراسـتەیەدا نەڕۆیشـتووە كـە ئـەو بەڕێزانـە باسـیان لێـوەی كـردووە، نـەوەی كـۆن كـەی و چـۆن بەربەسـتێكی گـەورە و زەبـەلاح بوونـە لـە بـەردەم خواسـت و جوڵانـەوە و كارە هەمـە چەشـنەكانی نـەوەی نوێـدا؟ دوایـی، نـەوەی نـوێ بـۆچ دەبـێ دەسـتەپاچە بـن و لـە كۆمەڵێـك وەهمـدا بژیـن و نـەوەی هەڵهاتـن لـە واقیـع و تەسـلیم بـوون بـە چاولێكـەری و كارە رۆتیـن و بێگیانـەكان نـاوزەد بكرێـت؟ لـە كاتێكـدا سـەردەم سـەردەمی ئـەو ئامێـرە هـەرە پێشـكەوتووانەیە و هـەر گەلێـك لـە هـەر وڵاتێكـدا لێیـان بێبـەش بـێ و خۆیانـی لـێ بەهـرەدار و سـوودمەند نەكـەن ئـەوا بـە كۆمەڵێكـی دواكەوتـوو دەمێننـەوە و لـە رەوتـی تیـژڕۆی كاروانـی پێشـكەوتن و ژیـار و شارسـتانیەتی سـەردەم بەجـێ دەمێنـن و لـەم جیهانـەی كۆمپیوتـەر و ئینتەرنێـت و تەكنەلۆژیـای نـوێ و دنیـای جیهانگەرایـی دا جێگەیـان نابێتـەوە. ئـەدی باشـە، ئەمـەی ئیمـڕۆ پێـی دەگوتـرێ (نـەوەی كـۆن

و نـەوەی پێـش راپەڕیـن) هـەر ئەمیـش لـە رۆژگاری خۆیـدا (نـەوەی نـوێ)ی ئـەو وەخـت نەبـوون و لەگـەڵ نـەوەی پێشـەخۆیاندا (ململانێـی) نەکـردووە؟ ئـەدی لـە نێـو (نـەوەی کۆن)یشـدا چەندیـن جـۆر لـە ئاراسـتەی بیرکردنـەوە و رەفتـار نییـە کـە تاسـەر ئێسـقان دژایەتـی یەکتریـش دەکـەن. خـۆ ئەمـە هـەر بـە (نـەوەی نـوێ) وە پەیوەسـت نییـە.

جـا هــەر وەکــو لــە ســەرەوە گوتمــان، جواداوازیــی لــە نێــوان نەوەکانــدا دیاردەیەکـی یەکجـار سروشـتی و بگـرە پێویستیشـە بـۆ پەرەپێـدان و گەشـەکردن و پێشـڤەچوونی کۆمەڵـگا و شارسـتانییەت بەگشـتی. جـواداوازی لـە دیـد و بیـر و بۆچـوون و جـۆری جیهانبینیـدا، جـوداوازی لـە هەڵوێسـت، لـە ئامانـج و داخوازیـی و خواسـتەکان، جـوداوازی لـە شـێوەی گـوزەران و شـێوازی رەفتارکرنـدا نـەك بـە مانــای دژایەتــی و رێگــە لەیــەك گرتــن و دەستهاویشــتنە ئــەوك و بێنەقاقــەی یەکتریــەوە و هەوڵدانــی ســڕینەوەی ئەویــتر. بەڵکـو دەبێـت بـە تایبەتـی لـە کوردسـتانی رزگارکـراوی ئێمـەدا و پێویستیشـە (نـەوەی کـۆن) نـەك هـەر دەسـتی یارمەتــی و هاریــکاری درێــژکات بــۆ رۆڵەکانــی خۆیــان (نــەوەی نــوێ) کەجــێ پەنجەیـان بـە روونـی لـە زۆر لـە گۆڕەپانەکانـی خەبـات و بزاڤـی رزگاریخـوازی نیشـتمانی و نەتەوەیـی و لـە جولانـەوەی رۆشـنبیری و زانسـتی و لـە بووژاندنـەوەی کوردسـتاندا دیـارە و لـە زۆرینـە بـوارە جوداوازەکانـدا رۆڵـی هـەرە بەرچاویـان نوانـدووە، کـێ دەڵێـت لـە داهاتـوودا ئەوانیـش رووبـەڕووی سـەخترین رەوشـی نالەبــار و ئاڵــۆز نابنــەوە و بەرامبەریشــی وەکــو کێــوی قەندیــل ناوەســتنەوە. ئـەدی مافـی خۆشـییان نییـە چاوەڕێـی دروسـتکردنی پـارك و سـەیرانگا و شـوێنی حەوانـەوە و شـتی زیاتریـش بـن؟

دەبێــت نــەوەی کــۆن هــەردەم پشــتگیری تــەواوی نــەوەی نــوێ بکــەن و رێنمایـی و ئامـۆژگاری راسـت و دروسـتیان پێشـکەش بکـەن و سـوود لـە بەهـرە و توانسـتەکانیان وەرگـرن و، دەسـتیان بگـرن و رایـان بهێنـن و ئامادەییـان بکـەن بـۆ

ئـەوەی لـە ئایندەیەکـی نزیکـدا کار و فەرمانەکانـی وڵات بگرنـە ئەسـتۆ و بەوپـەڕی لێوەشـاوەیی و زانایيـەوە ئـەرك و بەرپرسـیارییەتییەکانیان بەرامبـەر بەگـەل و نیشـتمان بـە ئەنجـام بگەیەنـن.

(نـەوەی نـوێ)ش لـە سـەریەتی بەوپـەڕی ڕێـز و سـتایش و قەدرزانینـەوە بڕوانێتـە (نـەوەی کـۆن) و کارە پـڕ بایـەخ و بەهادارەکانـی و قوربانیدانەکانیـان بـەرز هەڵسـەنگێنێت و ڕێـز لـە رابردوویـان بنێـت و پەنـد و سـوود لەکـردەوە و ئەزموونـی پـڕ لەسـەروەری و شـانازییان وەرگرێـت چونکـە هەرگیـز نکووڵـی لـە ڕۆڵ و کـردەوە و فیداکارییەکانیـان ناکرێـت. گومانیـش لـەوەدا نییـە کـە (نـەوەی کـۆن و نـەوەی نـوێ) دوو پایـە و کۆڵەکـەی پتـەوی تەواوکـەری یەکتریـن و بـە سـازان و تەبایـی و هاوکاریـی و هاوخەباتـی هەردووکیـان (نـەك ململانـێ و دژایەتیکردنـی یەکـتری) ئـەم ئەزموونـە سـەرکەوتووەمان بەرقـەرار دەبـێ و زێـتر گەشـە دەکات و کیانەکەمـان (کـە زۆر گـران لـە سـەر هەمـوو نـەوەکان وەسـتاوە) دەچەسـپێت و دەسـتکەوتەکانمان پارێـزراو دەبـن و بـە سـەرجەم مافـە ڕەواکانمـان دەگەیـن و شـاد و سـەرفراز دەبیـن.

بۆیـەکا دەڵێـم ئیمـڕۆ ڕۆژی وروژاندنـی ئـەم بابەتانـەی پێکناکۆکـی و (ململانێـی نـەوەکان) نییـە، ئەوەنـدەی ڕۆژی یـەك دەنگـی و هەماهەنگیـی و هاوخەباتـی (لێکحاڵیبوونـی) هەمووانـە.

هەولێر ٢٠٠٢/٩/٢١

# ئاوڕدانەوەیەکی بەکەڵك

هەولێر ٢٠٠٢/٩/٢٨

ماوەیەکە کاربەدەستانی خۆمان، حزبی و حکومی بە تایبەتی لەکابینەی سێیەم و چوارەمدا زۆر بە گەرمی دەستیان بە ئاوەدانکردنەوە و بووژاندنەوەی وڵات کردووە. ئەوەتا لە هەموو رووێکەوە بەردەوام سەرقاڵی پلاندان و نەخشەرێژی و کارئاسان کردنن بەو مەبەستەی هەرچی زووتر کوردستان بەو بارە داتەپیو و ناهەموارەی دوای وێرانکردن و داڕووخانی سەرخان و ژێرخانییەوە هەڵسێننەوە سەرپێ و بۆ بارێکی ئاسایی و رێکوپێك و گونجاوتر بپەڕێننەوە کە تیایدا هاووڵاتییان بحەسێنەوە و بە ئاسوودەیی و سەرفرازیی ژیانی سادەی پڕ لە شادی و ئارامیی و خۆشگوزەرانی خۆیان بەسەربەرن!

ئەوەتا دامودەزگاکانمان چ لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێم بێ و چ

بە یارمەتی (UN) و ڕێکخراوەکانییەوە لەسەر پشکی کوردستان لە داهاتی بڕیاری (٩٨٦)ی نەوت بەرامبەر خۆراك و دەرمان بێت، هەروەها بەپشکداریی ڕێژەیەکی مامناوەندی لەسەرمایەگوزاری و سامانی هاونیشتمانیاندا چەند ساڵێکە سەرگەرمی دروستکردن و بنیاتنانەوەی کۆشك و تەلار و چاککردنەوەی فەرمانگە و خوێندنگە و پەیمانگە و کۆلیژ و بنکەی تەندروستی و نەخۆشخانە و قیرتاوکردنی ڕێگاوبانەکانی دەرەوە و ناوشار و شارۆچکە و گوندەکانن. ڕۆژ و شەو بەیەکەوە گرێدەدەن و بەهەر شێوەیەکی بۆیان لوا بێت درێغیان نەکردووە و هەوڵی بێوچانیان داوە و لەگەڵ کاتدا لە کێبڕکێ دان بۆ قەرەبووکردنەوەی کات و هەموو ئەو زەرەر و زیانانەی لێمانکەوتووە. هەر لەم ڕۆژانەیش لە ژمارە(٣٨٠٠)ی ڕۆژنامەی برایەتیدا خوێندمانەوە کە بڕیار دراوە باڵەخانە و تەلارێکی نموونەیی بۆ سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێری پایتەختدا و لەسەر بەشە داهاتی کوردستان لە بڕیاری ٩٨٦ دروست بکرێت، کە ئەمە هەواڵێکی هەرە گرنگ و زۆریش دڵخۆشکەرە.

هەر لەم سۆنگەیەوە و لە بواری بووژاندنەوەدا ئەوە دێنمەوە بەر دیدە و یادەوەری خەڵك کە ساڵانێك بەر لە شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفالدا لە شارۆچکەی (کەڵەکی یاسین ئاغا) مەڵبەندی ناحیەی خەبات کۆلیژی کشتوکاڵی دامەزرێنرا بوو، ئەو کۆلیژە بە هەموو بەشەکانییەوە لەسەر پانتاییەکی زۆر و بەرفرە لە ژێر دارستانە چڕەکەی ڕۆخ زێی گەورە (زێی بادینان)دا لە شوێنێکی سروشتی ئێجگار گونجاودا دروستکرابوو.

هەر لەوێدا چەندان بەشی خوێندن و مەشق و ڕاهێنان و تاقیگەی زانستی و کێڵگەی کشتوکاڵی هەموو جۆر و کێڵگە و مەڵبەندی پەروەردە و بەخێوکردن و بەرهەمهێنانی ئاژەڵیی هەمە چەشنەی وەکو ڕەشەوڵاخ و (گا و مانگا) و مەڕ و بزنی خۆماڵی و بیانیی و پەلەوەر، ئەمە وێڕای بەشی ناوخۆیی بۆ قوتابی و خوێندنکاران و مامۆستایان هەر لە شوێنی نووستن و حەوانەوە و چێشتخانە

و یانـەی قوتابیـان و پشـوودان و کات بەسـەر بـردن، بێجگـە لـە باخچـەی گـوڵ و گوڵـزار و چیمەنـە دڵرفێنەکانـی و دارو دەرختـە سـەربەرز و هەمیشـە سـەوزەکانی لــە راسـتیدا کۆلیــژی ناوبــراو بــەو هەمــوو دیمەنــە دڵڕفێــن و ئــاو و هــەوای سـازگار و ئـەو ژینگـە پـاك و خاوێنەیـەوە بەهشـتێك بـوو بۆخـۆی، چ بـۆ قوتابیـان و چـی بـۆ مامۆسـتایان و کارمەندانیـش.

بـەو شـێوەیە سـەرجەم بـەش و پێداویسـتییەکانی خوێندنـی (تیـۆری وپراکتیکـی) لــەو کۆلیــژە ناوازەیــەدا دەســتەبەر کرابــوو. بــەڵام بەداخــەوە وەك بەشــێك لــە پرۆســە بەدناوەکــەی ئەنفــال و پیلانــە شــوومەکەی دوژمــن بــۆ وێرانکردنــی کوردسـتان لـە هەمـوو بوارێکـەوە، ئـەو کۆلیـژە رەنگیـن و سـەرکەوتووەش بـووە قوربانییــەك و بــە فەرمانــی میریــی ئەوســا کۆلیژەکــە هەڵگیــرا و قوتابییەکانیشــی هەندێکیـان بـۆ (کۆلیـژی کشـتوکاڵی سـەر بـە زانکـۆی موسـڵ لـە حـمام العلیـل) و ئەوانـی تـر بـۆ کۆلیـژی کشـتوکاڵی لـە زانکـۆی بەغـدا (لـە ابوغریـب) راگوێـزران، تــەلار و بەهەشتەکەشــی بــووە نیشــتەنی چەنــد خێزانێکــی خێڵەکــی مــەڕدار و خـاوەن رەشـەوڵاخ کـە لەماوەیەکـی کورتـدا سەروسـیمای شـوێنەکەیان بـە جـارێ شـێواند.

ئــەوەی جێگــەی پــەژارە و نیگەرانیشــە دوای کێشــانەوەی دامودەزگاکانــی حکومەتــی بەغــدا لــە دوای ســەرکەوتنی راپەڕینــی بەهــاری ١٩٩١دا، دەســتی چەپەڵـی تێکـدان لـە ئەنجامـی سـازانی بارێکـی ناهەمـوار بـۆی، گەیشـتە ئەوێـش و لــە ماوەیەکــی پێوانەییــدا لەگــەڵ خــاك تەختکــراو، هەرچــی شــوێنەوارێکی ئــەو مەڵبەنــدە نــازدارە بــوو هەمــووی ســڕایەوە هەرچــی غاباتــە حەیاتەکەیشــی بنەدارێکـی تیـادا بەپێـوە نەمایـەوە و ئـەو نـاوە کـرا بـە خاکەسـار و بیابانێـك وەك ئــەوەی هەرگیــز درەختێــك و یــان ئاوەدانییەکــی لــێ نەبووبێــت!

جــا ئیمــڕۆ وەکــو جــاران زیندەگیــی و جوانیــی بــەو نــاوە ببەخشــنەوە.. پێشــنیاز دەکــەم ئاوڕێکــی میهرەبانــی لــەو پرۆژەیــە بدرێتــەوە و دووبــارە لــە

داهاتــی کوردســتان لــە بڕیــاری ٩٨٦ دا و بەیارمەتــی ڕێکخــراوە پەیوەندارەکانــی (UN) یــان گــەر هــەر نەبــوو ئــەوا لەســەر بودجــەی حکومەتــی هەرێــم و بــە یارمەتــی و هــاوکاری و پشــکداریی نیشــتمانپەروەرانی دڵســۆز و ســەرمایەدار ئــەو کۆلیــژە (کۆلیــژی کشــتوکاڵ) و ئەگــەر بشــکرێت کۆلیــژی ڤیتەرنــەری (پزیشــکی ئاژەڵــی) یــش لەوێــدا دروســت بکرێنــەوە.. بــە جێبەجێکردنــی ئــەم پرۆژەیــەش لــە لایــەك دەڤەرەکــە ئــاوەدان دەبێتــەو و پێــش دەکــەوێ و دەشــبووژێتەوە.. لــە لایەکــی دیکــەش خوێنــدکاران و مامۆســتایان و کارگێــڕ و کارمەندانــی ئــەو کۆلیــژە دەحەســێنەوە و لــە جەنجاڵیــی وسەریەشــەی نێوشــاری (هەولێــر) دوور دەکەونــەوە و لەهەمانکاتــدا دەرفەتــی خوێنــدن و ســەرکەوتنیان زیاتــر بــۆ دەڕەخســێت، پێموایــە ئەنجامدانــی ئــەم کارە (پــرۆژە پێشــنیازکراوە) ســوودێکی زۆریــش بــە بەرژەوەندیــی گشــتی دەگەیەنێــت.

چاوەڕوانین

# خانەوادە، تاك، نازناو

هەولێر ٢٠٠٢/١٠/٢

لــە دێرزەمانــەوە لــە کۆمەڵگــەی ئێمــەدا هاووڵاتیــان یــا راســتتر بڵێیــن توێژەکانــی نێــو کۆمــەڵ بەپێــی زەمانــە و ســەردەم پۆلێــن کــراون و نــاسراون. ئــەو پۆلێنکــردن و ناولێنانــەش بــە گوێــرەی پلەوپایــە و دەســەڵاتەوە یــان پیشــە و کار و فەرمــان یاخــود لــە رێگــەی دەستڕۆیشــتوویی، واتــە هەبوونــی دارایــی و ســەروەت و ســامانەوە بــووە.

ئیــتر ئــەو نــاو و ناســنامانەیش پشــت بــە پشــت و نــەوە دوای نــەوە وەك بۆمــاوە بــۆ خاوەنەکانیــان ماونەتــەوە، ئەگەرچــی لــە زۆر کاتانیشــدا مــاك و خەســڵەت و بنەمــا ســەرەکییەکانیان لەدەســتداوە و ئــەو تاکانــە بــە هیــچ شــێوەیەك فڕیــان بەســەر نازنــاوە خێزانییەکەیانــەوە نەمــاوە وەك ئــەوەی کــوڕە ئاغایــەك هــەر

بە(فـڵان ئاغـا) نـاو ببڕێـت هـەر چەنـدە (ڕێزیشـم بـۆی) لـە دارەتـی دنیایـێ بسـتێ زەوی و سـەرەمەڕێك و جووتەگایەكـی لەڕیـش شـك نەبـات و كونجێكـی قوڕینـەی نەبـێ تیایـدا بحەوێتـەوە و هەمیشـە كێـچ لـە باخەڵیـا سـەوزەڵێ خانمـێ بێـت، یـان كـوڕە شـێخێ كـە بـە تەواویـی لـە شـێخایەتیی دووركەوتبێتـەوە و هـەر بـە كاروبـاری دنیایـەوە خەریـك بـێ و هەمـوو فەرزەكانـی ئایینـی بـە نوێـژ و ڕۆژووشـەوە بـەلاوە نابێـت، كەچـی هـەر بـە (شـێخ فـڵان) ەوە بانـگ بكرێـت یـان ئەندامێكـی خێزانێـك كـە وەختێـك بنەماڵەكەیـان سـاماندار و دەسترۆیشـتوو خـودان دیوەخانـە و چاكـە و پیاوەتـی و خێـر و خێـرات بووبـن و لـە بەخشـندەیی و كارگوزاریـدا نـاو و دەنگـی زۆریـان هەبـووە، كەچـی ئێسـتا لەگـەڵ ئەوەشـەوە ڕێـزم بـۆی بێدەرەتـان و بوودەڵـە و هیـچ لەبـارا نەبووبێـت، لەگـەڵ ئەوشـەوە هـەر پێـی بگوتـرێ (نەجیبـزادە و خانـەدان).

لـەو نموونانـە زۆرن لەنێـو هـەر كۆمەڵگەیەكـدا، بـە تایبەتـی لـە كـوردەواری لای خۆمـان، وەلـێ جیهـان زۆر بـە خێرایـی لـە گۆڕاندایـە و بەهـۆی ئـەو گۆڕانكارییـەوەش چەمـك و بەهـا و پێـوەر و پێوانـە كۆمەڵایەتییەكانیـش هەمیشـە دەگۆڕێـن.. ئـەوەی سـەردەمانێك بـاو بـووە لـە سـەردەمێكی تـردا بـاوی نەمـاوە و بەسـەرچووە، ئەوەشـی لـە قۆناخێكـدا پەسـەند بـووە و دواتـر پشـتگوێ خـراوە و فەرامـۆش كـراوە.

یـان ئـەوەی بـۆ سـەروەختێك بەكەڵـك و سـوودبەخش بووبێـت پاشـترێ دەركەوتـووە كـە نـەك هـەر بـێ سـوود بگـرە زیانبەخشیشـە، ئەوەشـی زوو زوو بەراسـت و چـاك زانـراوە و ڕەنگـە ئێسـتێ دەركەوتبـێ كـە هەڵـە و چـەوت و خراپیشـە.

جـا بـەم پێیـە جـاران لـە ڕوانگـەی كۆمەڵگـەی كوردەوارییـەوە هـەر مرۆڤێـك تەنیـا لەبـەر ئـەوەوە كـە سـەر بـە خێزانێكـی نـاودار و نـاسراوی خـاوەن پلـەو پایـە بووبێـت و بـەس ئەگەرچـی خـودی ئـەو كەسـە (وەكـو تـاك) هیـچ ڕەفتـار و

کردەوەیەکی چاکە و بەسوودیشی لە دەست نەهاتبێ، ئەوا هەر بە (خانەدان و نەجیبزادە) ناوبراوە و ڕێزی زۆری لێگیراوە و ناز و فیزیشی بەسەر خەڵك و خوادا کردووە. بەڵام ئیمڕۆ ئەمە وا نەماوە، بەلای منەوە بۆ (نەجیبزادەیی) تەنیا هەر ئەوەندە بەس نییە (یەکێك) نەوەی بنەماڵەیەکی خانەدان و دەوڵەمەند بێت کەچی خودی خۆی هەچ خەسڵەتێکی ئەو (نازناوە)ی تیادا بەدی نەکرێ و لەگشت بەهاکانی داشۆرابێت، وەکو ئەوەی (فایەق بێکەس) ی شاعیری نیشتمانپەوەرە لەمەڕ (بەهەشتییانەوە) لە هۆنراوەیەکی پڕ مانایدا فەرموویەتی:

مامە سۆفی وای تەمایە هەر بە ریشی پانەوە
قەسری بۆ حازر کرابێ پڕ لە حۆری جوانەوە
ئەو ئەڵێ جەننەت بەریشە، چی بەسەر عیرفانەوە
سەد سەلاحەدی و دارا قیمەتی یەك ئانەیە
چاوەکەم ئەمما خەیاڵتان خاوە چاکی تێبگەن
خوا یەکێکی خۆش ئەوێ دانا بێ خاوەن عیلم و فەن
کەڵکی بۆخۆی و بەشەر بێ خادیمی راستی وەتەن
هایوهۆوی بێ سەمەر هەر کردەوەی شێتانەیە!

بەڵکو خانەوادە و نەجیبزادەی راستەقینە ئەو کەسەیە هەست بە ئێش و ئازار و ئاوات و ئامانجەکانی خەڵك بکات، خۆی لەکەس بە زلتر نەزانێ رەفتاری راست و رەوا بێت، لە کار و فەرمانیدا دەستپاك و دڵسۆز و چالاك و لێهاتوو بێت، سامانی نەتەوەیی بەلایەوە زۆر بەهی خۆی گرنگتر بێ، چاوی تەماع هەرگیز نەبڕێتە موڵك و ماڵی گشتی و دەست بەسەر ماڵی هیچ کەسێدا نەگرێت، بەلایەوە یەکسان بێت ئەگەر لە هەڕەمی دەسەڵاتدا پلە و پایە هەرە بەرز، یان هی زۆر سادە و ساکاری پێ بدرێت و یانەخۆ هەر هیچی نەبێت.. نەجیبزادەی راست و رەسەن ئەوەیە کە بە هەموو توانایەوە

خزمەتـی گـەل و نیشـتمان دەکات، بـۆ ئـەوەی چـاوی لـە پلـە و پایـە و پاداشـتی مـاددی بێـت، بـێ ئـەوەی بـە بۆنـە و بەبـێ بۆنـە، بەهـەق و ناهـەق هـەر خەریکـی خۆرەپێشـکردن و ماسـتاو ساردکردنەوە و سـنگ دەرپەڕاندنـی بـە درۆ بێـت، ئـەوە خانەدانـە کـە رۆژ و شـەو بـەردەوام لـە خەمـی هاووڵاتییاندایـە، بەبـێ گوێدانـە ئـەوەی کـە لـەو پێنـاوەدا دووچـاری شـکەنجە و دڵ یەشـاندن یانەخـۆ تەنانـەت زەرەر و زیانـی ماددیـش دەبێـت، رووبـەڕووی ناڕەزایـی و تووڕەیـی و نیگەرانـی بەرپـرس و دەسـەڵاتدار و کاربەدەسـتانیش دەبێتـەوە، چونکـە فیداکاریـی و خۆبەختکـردن هەرگیزاوهەرگیـز لـە هیـچ کەنـد وکۆسـپ و لەمپەرێـك سـڵ ناکاتـەوە و دڵسـۆزانیش دەربەسـتی ئـەوە نیـن کـێ خزمەتەکانیـان بەدڵـە و کێـش لێیـان دڕدۆنـگ و قیـن لـە دڵن..بەڵکـو بەلایانـەوە گرنـگ ئەوەیـە ئەمـان ویژدانـی خۆیانیـان رازی و ئاسـوودە کردبـێ و ئـەرك و فەرمانەکانـی خۆیـان زۆر بـە ئەمانەتـەوە ئەنجـام دابـێ و گومانیشـی تێـدا نییـە ئـەو حەلـە خوایـش و زۆربـەی هـەرە زۆری بـەرەی میللەتیـش لێیـان رازی دەبـن، ئەمەیـە کامەرانـی و سـەرفرازیی راسـتەقینە.

جـا لەکۆمەڵگـەی ئێمـەدا تـا ئێسـتەش خەڵکانێـك هـەن بـە قسـە و بـە رواڵـەت خۆیـان بـە خانـەدان و نەجیبـزادە دەزانـن هـەر لەبـەر ئـەوەی بـاب و باپیرانیـان سـاماندار یـان خـودان دەسـەڵات بـوون، بـا خۆیشـیان هیچیـان لەبـارا نەبێـت، یاخـۆ رەفتـار و کردەوەکانیـان یەکڕاسـت پێچەوانـەی ئـەو خەسـڵەتە بەرزانـەی سـەرەوە بـن، بـەڵام بـە هیـچ پێـوەر و لۆژیکێـك ئەمانـە بـە (نەجیبـزادە) دانانرێـن، رێـك وەك ئـەوەی شـاعیرێکی عـەرەب بـە هـەق گوتویەتـی:

ان الفتى من يقول ها انذا   ليس الفتى من يقول كان ابي

چونکـە (نەجیبزادەیـی) کردەوەیـە، رەوشـتە، هەڵوێسـتە، کەسـایەتییە، نـەك تەنیـا پـارە و سـامان یـان پلـە و پایـەی نایشایسـتە و بـە سـاختە، خانەدانیـی تایبەتـە تەنیـا بـە خـودی (تاك)خۆیـەوە، بـە رەچەڵـەك و بنەماڵـەوە پەیوەسـت

نییـە. خـۆ ئـەو کەسـەی بـەم پێوەرانـە (نەجیبزادەیـی) خـۆی سـەلماند بێـت، بێـت و لـە رەچەڵەکیشـدا سـەر بـە بنەماڵەیەکـی (خانـەدان و نەجیبـزادە)ش بێـت ئـەوا سـەد جـار چاکـتر و وەك دەڵێـن (نـوروی عـەلا نـوورە).

خودا وێنەی و هاوتایان بەزیاد کات، ئامین.

# کێشەی وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگاکان

رۆژنامەی برایەتی (٣٨٣٤) دووشەممە ٢٠٠٢/١١/٤

لەوەتـــەی ئەنجامەکانـــی وەرگرتنـــی قوتابیانـــی دەرچـــووی پۆلـــی شەشـــەمی ئامادەیـــی لـــە کۆلیـــژ و پەیمانگاکانـــی ســـەر بـــە زانکۆکانـــی هەرێمـــی کوردســـتاندا ئاشـــکرا کـــراون و ئـــەوەش راگەیەنـــدراوە کـــە بڕیـــاری بێبـــەش کردنـــی ئەوانـــەی دوو ســـاڵەن لـــە کۆلیژەکانـــی هـــەردوو کۆمەڵـــەی پزیشـــکی و ئەندازیـــاری بـــۆ ئیمســـاڵ پیادەکـــراوە، لـــەو رۆژەوە لێـــرەو لـــەوێ گوتـــە گـــوت و ناڕەزایـــی و گلـــە و گازانـــدە بـــەر گـــوێ دەکـــەون و جۆرێـــك پشـــێوی و نارەحەتـــی و بێزاریـــی هاتۆتـــە نـــاوەوە، هەنـــدێ مقۆمقـــۆی ســـەیری لێکەوتۆتـــەوە کـــە لـــە لایەکـــەوە دڵســـۆزان و حەقبەدەســـتان بـــە پەرۆشـــەوە بـــە دواداچوونـــی هێمنانەیـــان لەســـەر بابەتەکـــە کـــردووە، بـــە مەبەســـتی دۆزینـــەوەی رێگەچـــارەی دروســـت و گونجـــاو بـــۆ کێشـــەکە و وتوویـــژ و لێکۆڵینـــەوەی

بابەتیانــە و مێزگــەردی تەلەڤزیۆنیــان ســازداوە و لــە رۆژنامــە و گۆڤارانــدا وتاریــان نووســیوە، لــە لایەکــی دیکەیشــەوە دڵــڕەش و ئەوانــەی دەیانــەوێ هــەردەم راو لــە ئــاوی لێڵــدا بکــەن و هــەر دەرفەتێــك دەقۆزنــەوە بــۆ ئــەوەی مێشــێك بکــەن بــە گایــەك و هــەر کەموکوڕیــەك گــەورە بکــەن و بــۆ مەبەســتی شــاراوەی خۆیانــی بــەکار بێنــن و نــان و پیــوازی پێــوە بخــۆن، بــە خۆکەوتــن و بــە هــەق و بــە ناهــەق دەســتیان کــرد بــە پروپاگەنــدەی چەواشــەکارانە و هێرشــی نالەبــار بــۆ ســەر هەنــدێ لایەنــی پێوەندیــدار بــە مەســەلەکەوە لــە رێــگای ئەوەشــەوە دەخــوازن بــە تیروتوانجــی ژەهــراوی نــاوی دامودەزگاکانمــان بزڕێنــن و متمانــەی خەڵکیــان پــێ کــەم بکەنــەوە.

دێمــەوە ســەر کرۆکــی بابەتەکــەوە و دەڵێــم ئــەو هەنــگاوەی بــۆ وەرگرتنــی قوتابیانــی ئیمســاڵ پێڕەوکــراوە ســەبارەت بــە دەرچووانــی دووســاڵە و وێــڕای رێــزم بــۆ ئەوانــەی لــە پشــتەوەی بڕیارەکــەوەن لــە رووی پەروەردەییــەوە دروســت و گونجــاو نەبــوو (بەتایبەتیــش کــە لــە زانکــۆی ســلێمانیدا پیــادە نەکــراوە و بۆتــە هــۆی دروســتکردنی جــوداوازی بــێ مانــا)، راســتبوونەکەش هــەر راســتەوخۆ لــە خــودی ئەنجامەکەیــدا بــە دیارکەوتــووە و بۆتــە مایــەی ســەرهەڵدانی ئــەو هەمــوو کێشــمە و کێــش و بێنــە و بــەرە و بێبەشــکردنی دەیــان قوتابــی زیــرەك و خاوەنــی کــۆ نمــرەی بــەرز و ســەرکەوتوو لــە کۆلیژەکانــی هــەردوو (کۆمەڵــەی پزیشــکی و ئەندازیــاری) و بــە بیانــووی ئــەوەوە کــە دەرچــووی ســاڵی دووەمــن! ئــەوەی راســتی بێــت (بەپێــی پێــڕەوی قوتابخانەکانــی دواناوەندیــی) قوتابــی بــۆی هەیــە بــە (٢) ســاڵ پۆلــی شەشــەمی ئامادەیــی ببڕێــت (جــا چ بەهــۆی نەخۆشــییەوە یــان هــەر گرفتێکــی دیکــەوە بێــت، یاخــود بــە ئــارەزووی خــۆی بووبێــت بــە مەبەســتی فێربوونــی زیاتــر و بناخــە بــۆ بەهێزکــردن و فرەوانکردنــی ئاســتی زانســتی و بەدەســتهێنانی زانیــاری پــتر و نمــرەی بەرزتــر). ئەگەرچــی مــن خــۆم لەگــەڵ ئــەوەدا نیــم قوتابــی خــۆی بێڵێتــەوە کــە لــە لایــەك ســاڵێکی تەمەنــی

دەڕوات و لە لایەکی دیکەشەوە ماندووبوون و پارە و پوول و خەرجیی ئەو ساڵەیش بە فیڕۆ دەچێت و کێشەی لاوەکیش بۆ ماڵەوە و قوتابخانەیش و پەروەردەیش دروست دەکات، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی ترەوە بە شێوەیەکی گشتی دەبێ وەرگرتنی خوێندکار لە کۆلێژ و پەیمانگەدا (کە مافێك رەوای هەر دەرچوویەکی ئامادەییەکانە) بە گوێرەی ئەو مەرجانەی لە زانکۆوە دەستنیشانکراوە لەو کۆلێژ و بەشانە بێت کە خۆی ئارەزوویەتی و لە خۆیشی رادەبینێت تیایدا سەرکەوێ.

بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا و بۆ کاری ئێستامان کە هەلومەرجی قوتابخانەکە وا دەخوازێ ژمارەی وەرگیراوان لە هەر کۆلێژە و بەشێکیدا دیاریکراو و سنووردا بێت، بۆ ئەوەی هەر دەرچوویەك بەپێی ویست و ئارەزووی خۆی وەربگیرێت بە تایبەتی لەو شوێنانەی داواکاری زۆریان لەسەرە وەکو کۆمەڵەی پزیشکی و ئەندازیاری.. بە ڕای من واباشە رێگا بەهەر یەکێ بدرێ فۆرمی ئەو کۆلێژانە پڕ کاتەوە کە خۆی ئارەزوویەتی بێ ئەوەی رەچاوی ئەوە بکرێت دەرچووی یەك ساڵەیە یان دوو ساڵەیە! لێرەدا دەمێنێتەوە هەڵبژاردنی ئەوانەی وەردەگیرێن، بۆ ئەمەشیان وا بزانم شتێکی سانا و ئاساییە و لەم بارەیەوە من پێشنیازی ئەوە دەکەم لە کۆلێژەکان خۆیان لەسەر ئاستی زانکۆدا (تاقیکردنەوەیەکی ستاندارد و یەکگرتوو بۆ وەرگرتن)ی تایبەت بەو کۆلێژانەوە ساز بدرێت کە تەنیا و تەنیا ئەوانەی بەراستیی شایستەی ئەو کۆلێژانەن تیایدا دەردەچن، ئەوساکەش بەگوێرەی کۆنمرەی (دەرەنجامی) ئەو تاقیکردنەوەیە تایبەتەوە لە بەرزترین نمرەوە بەرەو خوار ئەو ژمارەیەی دەرچووان وەربگیرێن کە بۆ هەر کۆلێژ و بەشێکی تەرخانکراوە، بەم شێوەیە وابزانم کەس (مەغدور) ناکرێت و هەر یەکێك مافی خۆی پێدەدرێت و کەسیش گلەوگازندەی نامێنێ، کۆلێژەکەش سەریەشە و مینگەمینگی ئەملاولای لەکۆڵ دەبێتەوە، دڵنیاشم ئەو قوتابیانە بەم

شـێوازە وەردەگیرێـن هەمـوو سـاڵەکانی خوێندنیـان سـەرکەوتووانە و بـێ گرفـت دەبەنـە سـەر و دەرەنجامیـش کادیـر گەلـی زانـا و توانـا و شـیاویان لـێ دێتـەوە و ئەوپـەڕی سـوود بەگـەل و نیشـتمان دەگەیەنـن، خـۆ ئەگـەر ئەمـەش ناکـەن ئـەوە (اضعـف الایـمان) هەروەکـو ئامادەیـی دەردەچـن (٥) نمرەیـان بـۆ بخەنـە سـەر کۆنمرەکانیانـەوە (معـدل) وەکـو هانـدان و دەسـت لـە پشـتدانێك و رەنگـە هەمووانیـش بەمـە رازی بـن و کێشـەکەش چارەسـەر بکرێـت.

# مەمی ئالان نوقڵانەی ژیانەوە

٢٠٠٢/١١/٢٣

لەسەرەتای ئەم مانگی رەمەزانی پیرۆزەوە ڕا شەوانە بۆماوەی پتر لە نێوکاتژمێر میوانێکی ئێسک سووك و دڵڕفێن لە رێگای تەلەڤزیۆنی ئاسمانی کوردستانەوە سەر بە هەموو یان زۆربەی هەرە زۆری ماڵەکانی ئەم هەرێمە و ماڵی زۆربەی کوردەکان لە هەندەرانیشدا دەکات، ئەوەی راستی بێت زنجیرەی تەلەڤزیۆنی (مەمی ئالان) شاکارێکی دانسقە و شایستەیە و گوڕوتینێکی بێ هاوتای بەبەر ژانری درامای کوردیماندا کردووە کە پێموایە خەریکە بیگەیەنێتە لوتکەوە. ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێبدرێت بەداخەوە تا ئێستا نەمزانیوە کەس لێی بەدەنگهاتبێ، یان لەسەری نووسبێ. بۆیەکا من وەکو بەرکوڵێك دەمەوێ بەم چەند وشەیە ئەو باسە بوروژێنم و ئەو گۆمی

بێدەنگییە نائاسایی و ناسروشتییە بشڵەقێنم.. لێرەوە پێویستە ئەوە بدرکێنم کە هەرچەندە من ڕێبواری سەرناسی ئەم بوارە نیم و لە زۆربەی قوژبن و کەڵەبەر و فرتوفێڵ و هونەرکارییەکاندا سەردەرناکەم و بەڵەد نیم بەڵام بای ئەوەندەم تاموچێژی لێوەرگرتووە کە بەبێ ترس و دڵەڕاوکێ گەواهی ئەوە بدەم کە ئەم کارە پڕ لە داهێنانە هەموو شەوێك بینەرە تامەزرۆکانی بە پەرۆشەوە لە چاوەڕوانی نمایشەکانی دادەژین و چەند چرکەیەکی بەتام و خۆشی لێواولێو لە جوانی و خۆشەویستی و ئەمەگداری و سوارچاکی و جەوانمەردیی لەتەکدا دەگوزەرێنن و لەگەڵ رابردووی ئەفسووناوی مێژووی دێرینی هەمیشە زیندووی باب و باپیرانماندا یەکانگیر دەبنەوە. تاموچێژێکی لەرادەبەدەری تایبەتیشی لێوەردەگرن. هەڵسەنگاندنی لایەنە هونەرییە تایبەتمەندییەکانی کارەکە بۆ پسپۆڕان و شارەزایانی بوارەکەوە خۆیان جێدێڵم، ئەوەندەی بەندە تێگەیشتبم تا ئێرەوە (خەونی ١٨)م سەرەڕای هەندێ زێدەڕەویی لە پۆشاك و رایەخ و کەلوپەلی نێو تەلارەکان و کەمێك نەگونجان و یەکنەهاتنەوەی رووخساری جاحێڵانەی دایکەکانی (مەمۆ و بەنگین و بەهار) لەگەڵ واقیعی تەمەنی دایکایەتیدا بەتایبەت لە ئان و ساتی رۆیشتنەکەی (مەم) رووە و دەڤەری خەونەژوانەکەی لەگەڵ گراوییە دڵبەرەکەیدا هەروەها دەڵێم وێڕای زۆر پەنابردنە بەر (فلاشباك) و درێژی ماوەی (تایتلەکە) کە هەموو شەوێ دووبارە دەبێتەوە و کاتێکی باشیش لە نمایشەکە داگیر دەکات، بە راشکاوی دەڵێم کارەکە زۆر سەرکەوتووە لە رووی دەرهێنان و نواندن و وێنەگرتن و هەموو لایەنەکانی پێوەندیدارەوە.

گروپی کار بەو بەرهەمە نایابەیانەوە توانیویانە کەلەپوورێکی دانسقەی نەتەوایەتیمان بژیەننەوە و سروشتێکی پڕ لە عەشق و ئەڤینی بێگەردی کوردەواریمان بۆ بەرجەستە بکەنەوە و جوانیی دیمەنە دڵڕفێنەکانی ئەم وڵاتەمان کوردستانی رازاوەی نەخشێنراوی دەستی کردگارمان بە هەموو کەژ

و لــه گشــت وەرزەکانــی ســاڵدا نیشــانی جیهانــی دەرەوە بــدەن و بــه ســەرجەم دنیــای نامــۆ بــەم تــەلان و بەنــدەن و کێوانــەدا بیانناســێنن.

ئــەم شــاکارە نموونەییــە بــەوە ســەرکەوتووە کــە دەســتەیەکی کارامــە و توانــا و لێوەشــاوەی هونەرمەندانــی کوردســتان بەشــداریان تێــدا کــردووە، هــەر لــەکاك نــاسر حەســەن وەك دەرهێنەرێکــی هــەرە دیــار و خــاوەن ئەزمــوون و مامۆســتایان ئەحمــەد ســالار و ســەباح عەبدولڕەحــمان کــە جگــە لــە نوانــدن هــەر لــە دەرهێنــان و کارە هونەرییەکانیشــدا پســپۆڕ و شــارەزای نــاسراون، تــا دەگاتــە ســەرجەم ئەکتــەر و هونــەرکارەکان بــە کــوڕ و کچــەوە کــە تێکڕایــان لــە نواندنــی ڕۆڵەکانیــان و بەرجەســتەکردنی کارەکتەرەکانیانــدا ئەوپــەڕی ســەرکەوتنیان بەدەســت هێنــاوە. بــەم بۆنەیــەوە لــە ناخــەوە پیرۆزبایــی گــەرم لــە هەمووانیــان دەکــەم و پێیــان دەڵێــم، دەســتتان ســەدجار خــۆش بێــت هونەرمەنــدە ســالارەکان کــە توانیویانــە بــەم بەرهەمــە هــەرە بــاڵا و پێشــڤەچووەتانەوە چەنــد هەنگاوێــك بــەرەو ترۆپــك ســەرکەون و شــان لــە شــانی بەرهەمــی نایابــی خەڵکانــی تــر بــدەن و زۆریــش لــە ئاســتی هونــەری درامــای جیهانیــی نزیــك ببنــەوە، ئەمەیــش نۆڤلانــەی ئەوەیــە کــە دیــارە کاروانــی بزاڤــی درامــای ڕەســەنی کــوردی بــەرێ کەوتــووە و مــژدەی ئێجــگار خۆشیشــی پێیــە.

ئێمەیــش تــا کۆتایــی داســتانەکەی ئەڤیــن و مەردایەتــی و ســوارچاکی کوردەواریــی بــە پەرۆشــەوە لــە چاوەڕوانیــی دایــن و هەمیشــە بــە هیــوای بەخشــش و شــاکاری ســەرکەوتووی دیکەتانیــن.

دووبارە پیرۆزە دەستتان خۆش و بە ئومێدی دیدار

# شەوانی رەمەزانی جارانی کۆیە

گۆڤاری (گوڵان ژمارە ٤١١) لە ٢٠٠٢/١٢/٤

سروشتی ئادەمیزاد وەهایە کە دوای شەکەتی و ماندووبوونی کارکردن بۆ دەستەبەرکردنی بژێوی خۆی و ماڵ و منداڵی، بۆ حەوانەوە و بەسەربردنی کاتی بێ ئیشی حەز دەکات و پێویستیشە شتهایەك بدۆزێتەوە خۆی پێوە خەریك بکات، بۆ ئەمەیش بە زۆری پەنا دەباتە بەر (یاریی) بە جیاوازی جۆر و شێوەکانییەوە، بە گوێرەی شوێن و کات و سەردەم. لەو روویشەوە هەموو یارییەکان چۆن یەك نین، بەڵکو بەپێی رەگەز (نێرومێ) و بە گوێرەی تەمەن یارییەکان دەگۆڕێن. یارییەکانی رەگەزی ئافرەت تارادەیەك لەهی پیاوانە جیانە، هەروەها منداڵان و هەرزەکاران و گەورەکانیش هەر تەمەن و گەمەی تایبەت بە خۆیانیان هەنە و لەگەڵ ئەوانی دیکەدا

جــوداوازن. لــە هەمانكاتیشــدا هــەر نەتــەوە و كۆمەڵگــە و بگــرە هــەر دەڤــەر و ناوچــە و شــار و هــەر گوندێكیــش لەوانەیــە گەمــە و یــاری تایبەتــی خۆیــان هەبێــت. وێــڕای ئەوەیــش یــاری هەنــە بــە ڕۆژ دەكرێــن و هــی تریــش شــەوانەن. ئــەوەی لێــرەدا مەبەســتە باســی لێــوە بكــەم شــەوانی ڕەمەزانــی جارانــی شــاری (كۆیە)یــە، بــە تایبەتــی ئــەو ســەردەمانەی ڕەمــەزان دەكەوتــە وەرزی هاویــن و ســەرەتای پاییــزەوە. لــە یادمــە ئەوكاتانــەی كــە ئێمەومانــان مێرمنــداڵ و قوتابــی قۆناغــی ســەرەتایی و ناوەندیــی بوویــن، دابونەریتــی شــەوانی مانگــی ڕەمەزانــی پیــرۆز لــە كۆیــە زۆر خــۆش و دڵگیــر و ســەرنج ڕاكێــش بــوو. ئــەوە بــوو پشــتی ڕۆژ و شــكاندن بــە زرمــەی تۆپــە شــەهیدەی وەســتا ڕەجــەب لەبــەر دەرگای (قشــڵە) لــە (گــردی كەكــون- ســەید جامــی)دا كــە خوالێخۆشــبوو (حەمەعەبــو) ئاگریــدەدا ئــەوەش بــە هێــمای ڕاوەشــاندنی دووگــرد (بەرمــاڵ) یــان مەندیلــە (مێــزەر) ســپییەكەی مــەلا عەبدولرەحمانــی ڕەحمەتــی (كــە بــە مــەلا فنــدەق مەشــوور بــوو) لەســەر گومبەتــی مزگەوتــی گــەورەوە، لــە دوای نوێــژی خەوتنــان (عیشــا) و تەراویحكردنــدا پیــاوان ڕوویــان دەكــردە چەنــد چایخانەیەكــی شــار بــۆ ڕابــواردن و بەســەربردنی كات. ئێمــە خۆمــان بــە زۆریــی دەچووینــە چایخانەكــەی (كاك ســمایل عــەرەب)ی ڕەحمەتــی كــە لەناوەنــدی بــازاڕدا بــوو، لەنێــو ئەوانــەی هەمیشــە بــۆ ئــەوێ دەهاتــن دەســتەیەك پیــاوی قۆشــمە و خــۆش مەشرەبــی بــەدەرەوە و نــاسراو هەبــوون لای خەڵكەكــەوە ڕێــزی تایبەتیــان هەبــوو، ئەوانــە دەبوونــە دوو تیــپ و تــا درەنگانــی شــەو یــاری (ســینی)یان دەكــرد لــە كۆیــە پێــی دەگوتــرا (ســینی و زولفانــێ). لەهــەر لایەكیــان یەكێــك كــە بەڕاســتی زۆر شــارەزا و لــە دیتنــەوەی (ئەنگوســتیلە)دا ســەرناس بــوو دەكــرا بــە (وەســتا) و یەكێكــش دەبــووە پســپۆڕی شــاردنەوەی ئەنگوســتیلەكە.

دوای شــاردنەوەی ئەنگوســتیلەكە لــە ژێــر پەردەیەكــەوە، ئەندامێكــی تیپەكــە ســینییەكەی لەســەر لەپــی دەســتیدا چەنــد جارێــك دەســووڕاند و دەیگــووت (بــاد)

و لەبەردەمـی رکابەرانیـدا لەسـەر زەوی دایدەنـا و دەکشـایەوە.

ئەوجـا وەسـتای تیپـی بەرامبـەر خـۆی، جاروباریـش ئەندامەکانـی تـر بـە نـۆرە خولێکـی بـە سـینییەکەدەدا و (شـك)یان دەهاویشـتە سـەر چەنـد (زولفێـك) و بەدەسـتێك دەیگرتـن و بەدەسـتەکەی تـر زولفەکانـی دیکـەی تـوور هەڵـدەدان و بـە پەلـە دەیگـوت (ئەمـە فـت.. ئەمـە فـت.. ئەمـەش فـت).. هـەرکات ئەنگوسـتیلە لـە بـن یـەك لەوانـەدا بوایـە، تیپـی بەرامبـەر هاواریـان دەکـرد (نەڕۆیـت) و دەیانکـردە قیژەقیـژ و پێکەنیـن و بەپێـی ئـەو زولفانـەی کـە مابوونـەوە خاڵیـان بۆخۆیـان حیسـاب دەکـرد. خـۆ ئەگـەر بـە پێچەوانەیـش هەتـا دواییـن دوو زولـف ئەنگوسـتیلە دەرنەکەوتبایـە، ئـەوا وەسـتای بـراوە بـە هـەردوو دەسـت سـینیەکەی بەرزدەکـردەوە و رایدەوەشـاند و دەنگـی ئەنگوسـتیلەکە لـە ژێـر زولفەکـەوە دەزرینگایـەوە، ئەوهـا نـۆرەی ئـەوان دەهـات بیشـارنەوە. هـەر لەمـاوەی گەمەکەشـدا دەنگخۆشـانی ئەوسـای کۆیـە هێنـدەی تـر کۆڕەکەیـان بـە گۆرانییەکانیـان دەخروشـاند و دانیشـتوانیان مەسـت و سەرسـام دەکـردن. هـەر نـاوە نـاوەش سـیی و جگـەری گـەرم و تاخمـە چـای تـازە دێمکـراوی تـام و بـۆن خـۆش بـۆ هەمـوو ئامادەبـووان دەهـات. لـە کۆتایشـدا تیپـی بـراوە بـە چەپڵـە رێـزان دەکەوتنـە پێکەنیـن و هاتـوو هـاوار و گۆرانـی گوتـن و داوای هەرکارێکیشـیان بکردایـە دەبـوا دۆڕاوان ئەنجامـی بـدەن. ئـا بـەو شـێوەیە تـا نزیکـی پارشـێو بـەم بەزمـە رایاندەبـوارد. ئەوکاتیـش ماوەیـەك بـەر لـە سـاتەوەختی پارشـێو کـردن، خوالێخۆشـبووان (عەزیـزی زوڕناچـی و حەمـە عەبـۆی دۆڵەنگێـو) بـۆ بێدارکردنـەوەی کەیبانـووان (چونکـە رادیـۆ و تەلەڤزیـۆن و تەنانـەت کاتژمێریـش لـە ئـارادا نەبـوون) بـە کۆڵانداندا دەگـەڕان و هەمـوو کووچـە و گەڕەکەکانـی (کۆیـە) یـان تەیدەکـرد. لـە هەمـووان دڵگرتـر کـە تـا ئێسـتا لەبیـرم مـاوە ئاوازەکـەی (ئامۆزاگیـان) بـوو، ئێمـەی مێردمنداڵیـش لـە تـەك یەکـەم فیقـەی زوڕنـا و تەپـەی دۆڵەکـەدا لـە چایخانـەوە بـە دوایانـەوە

دەڕۆیشـتین، بـەدەم پێکەنیـن و گاڵتەوگـەپ و چەپڵـە لێدانـەوە هەرکەسـە و تـا نزیـك ماڵەکـەی خۆمانـەوە بـەو شـێوەیە ژمارەکەمـان تـا دەهـات لـە کورتـی دەدا و دواییـن کـەس پـاش هەمـووان خـۆی دەکـرد بـە ماڵەوەیـدا و بەرەبـەرە دەنگـی دۆڵ و زوڕناکـەش دوور دەکەوتـەوە و سـەرەنجام نەدەمـا.

کابانـی ماڵانیـش ئـەو دەمـە لـە خـەو رادەبـوون و زۆربـەی هـەرە زۆریـان بـۆ پارشـێو سـەر لـە نـوێ شـێو (چێشـت) یـان لێدەنایـەوە، هـەر خانەوادەیـەك بـە پێـی توانـا و بـاری گوزەرانـی خۆیـان و بـە زۆریـش پـڵاوی بـە برنجـی کـوردی و ڕۆنـی کرمانـج (خۆماڵـی) ییـان ئامـادە دەکـرد. گـەورە و بچووکیـش لـەو ڕۆژگارەدا بـە ڕۆژوو دەبـوون، تەنانـەت سـاواکانیش کـە تەمەنـی ڕۆژوو گرتنیـان نەبـوو، پارشـێوان هەڵدەسـتانەوە و بەرکۆڵێکیـان دەخـوارد و بەنـاز و فیـزەوە خۆیـان دەخزانـدە نێـو جێگەکانیانـەوە و هـەر زوو فریشـتەی خـەو دەیبردنـەوە.

وایـش دەبـوو هەنـدێ سـات بەیانیـان بـۆ ڕاگەیاندنـی دەسـت لەخـواردن هەڵگرتـن (ئیمسـاك) هەمدیـس نرکـەی (تۆپـە شـەهید) کپـی و خامۆشـی شـارەکەمانی دەهەژانـدەوە و مـژدەی بانگـی بـۆ نوێـژی بەیانـی و گەیشـتنی ڕۆژێکـی تـازەی دەدا بـە گوێـی خەڵکەکـەدا.

ئێوارانـی ڕۆژی عالفـە (عەرەفـە) و یەکـەم شـەوی جەژنیـش، مـن لەگـەڵ باوکـم و مامـمـدا دەچووینـە دووکانـە خـۆش وپـاك و خاوێنەکـەی خوالێخۆشـبوو (وەسـتا مەعروفـی کامـەلا)ی سـەرتاش، لەتـەك چەنـد پیـاو ماقوڵـی ئەوسـاکە، وەك نەریتێکـی سـاڵانە بـەو بۆنەیـەوە بانگهێشـتی دەکـردن و لەوێـدا فتارمـان دەکـردەوە، ئەوجـا پـاش نانخـواردن و شـەربەت و چـای خواردنـەوە، هـەر لەوێـدا سـەرمان بـۆ دەتـاشرا و دواتریـش دەچوویـن بـۆ (حەمـام) ئەوسـا (حەمامـی حەسـەناغا، حەمامـی ناوەنـدێ (گچکەشـیان پێدەگـوت) و (حەمامـی ئیسـکان) لـە کۆیـە هەبـوون، لـە ماڵانـدا حەمـام کـەم هەبـوون، ئـەو (سەرشـۆرکانەی) لـە هەنـدێ ماڵانیشـدا هەبـوون زۆر سـەرەتایی و ناتـەواو بـوون.

لــە هەمــان شــەودا ئافرەتــان دەســت و پەنجەیــان لــە (خەنــە) دەگــرت و ڕۆژانــی جــەژن جلــی ئــاڵ و واڵایــان دەپۆشــی و ئێمــەی کوڕوکاریــش کورتــەك و شــەرواڵی (مرادخانــی، یــان مەحمــودی و یــان دیموکــرات) و جوتــێ پێــڵاوی نوێـمان بـۆ دەکـڕدرا و سـبەینەکەی بـە پـڵاو و برنـج و قەیسـی جەژنمـان دەکـرد، جەژنانەمــان وەردەگــرت، بەبــێ خــەم و بــێ ئــاگا لــە کێشــەکانی ژیــان، بــە خۆبـادان و نـاز و فیـزەوە رووە و (چـەرخ وفەلـەك) دەچوویـن کـە گۆڕەپانێـك بـوو ڕۆژانــی جــەژن جوڵانــە (لەیلــوك) و (چــەرخ و فەلــەك)ی تیــادا ئامــادە دەکــرا و بـۆ منـداڵان و هـەرزەکاران، فرۆشـیارانیش جۆرەهـا خـواردن و شـیرنەمەنی و شـتی خۆشـیان دێنـا و لـەوێ بـە منداڵانیـان دەفرۆشـتنەوە. جاروباریـش منـداڵان بەیـەك ئانــە (چوارفلــوس) ســواری پــاس و لــۆری دەبــوون ئەوانــەی بۆدییەکانیــان تەختــە بــوو، هەتــا دەرەوەی شــاریان دەبــردن و بــە قیــژە و هــات و هــاوار و چەپڵــە و پێکەنینــەوە دەیانهێنانــەوە. بەراســتی ســاڵانێکی خــۆش بــوون و زۆر بــە خێرایــی بەســەرچوون. ســەرباری دەســتکورتی و نەبوونــی و ســاکاری و ســادەیی شــێوازی ژیانــی خەڵکــە دڵســاف و ســەرفرازەکە، چاویــان زۆر تێــر و دڵیشــیان پــڕ لــە میهــر و پیاوەتــی و هیــوای گــەش، زۆر ئاســوودە و بەقەناعەتــەوە دەیانگوزەرانــدن!

٢٦/رەمەزانی ١٤٢٣ بەرامبەر ٢٠٠٢/١٢/١

# رۆڵی شارەوانی و ئەرکی هاووڵاتی

٢٠٠٣/٣/١

لـە هـەر وڵاتێکـدا چەنـد دەزگایەکـی زێـدە گرنـگ و بنەڕەتیـی هـەن کـە تایبەتمەندێتـی جیاکەرەوەیـان هەیـە و خاوەنـی بەهـا و بایەخـی تایبەتیشـن. یەکێـك لـەو دامەزراوانەیـش کـە زۆر بەرچـاو و لـە رووە (شـارەوانی)یەکانە کـە بـۆ پێشکەشـکردنی بەشـی هـەرە زۆری خزمەتگوزارییـەکان لـە پێشـەوەی هـەرە دامودەزگـە زۆر پێویسـت و گرنگەکاندایـە، ئەگـەر گرنگتریـش نەبێـت! چونکـە ئـەم بـەدەر لـە زۆربـەی دەزگاکانـی دیکـەی وڵات، پێوەندیـی راسـتەوخۆی بـە هەمـوو هاووڵاتییانـەوە هەیـە، پێوەندییەکـی ژیاریـی هەمەلایەنـە و جۆربەجـۆر لـە تـەواوی بوارەکانـی نیشـتەنیی پەیوەسـت بـە زەوی و زار و خانووبـەرە، کووچـەو کـۆڵان و بـازاڕ و شـەقام و گۆڕەپـان چیمـەن و باخچـەی گشـتی و نەخشـەدانان و

تەلارسازیی... تا دەگاتە بابەتی پێداویستییەکانی وەکو ئاو و ئاوەڕۆ و کارەبا و دابینکردنی هۆیەکانی گواستنەوە و هاتووچۆکردن و پاراستنی پاك و خاوێنی و ژینگە و گونجاندنی ڕەوش و کەشوهەوای لەبار بۆ ژیانێکی بێگەرد و ئارام و ئاسوودەگی بۆ هاونیشتمانیان و پاراستنیان لە هەر دەرد و پەتا و مەینەتییەکی زیانبەخش و مەترسیدارەوە!

لە ڕاستییدا شارەوانی وەکو (بڕبڕەی پشتی) کۆمەڵگە وایە، هەرکات ئەو (بڕبڕەیە) شارەوانی ساخلەم و قایم و پتەو بێ ئەوا ژیان لە کۆمەڵگەیدا تا ڕادەیەکی زۆر بەبێ خەوش و کەموکوڕی دەچێتە سەرو، ئاپۆرەی خەڵکی ئەو شوێنە بەبێ گرفت و گرێ و گۆڵ ژیان دەگوزەرێنن، لە زۆر لاوە ڕەحەت و حەساوە دەبن، بە پێچەوانەوەیش هەر کەموکوڕی و ناگوزەری ناڕێکی لە بنیاد و کاروکردەوەکانی ئەم دەزگا ژیارییە دەبێتە هۆکار و فاکتەرێکی کاریگەری زیانبەخش و شوێنەواری زۆر خراپ و نێگەتیڤانەی بۆ سەر کۆمەڵ لێدەکەوێتەوە کە بەشێوەیەکی زەق بەرچاو دەکەون و هەستیان پێدەکرێت و ڕەوتی زیندەگیی لە پێشڤەچوون دەوەستێنێ و پرۆسەی گەشەسەندن و پێشکەوتن و پەرەپێدان زۆر دوا دەخات.

هەربۆیەشە دەبینین لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، بەتایبەتی وڵاتانی ڕۆژئاوا (ئەورووپا و ئەمەریکا) گرنگی زێدە تایبەت بە (شارەوانی)یەکانیان دەدەن، پلە و پایەی ئەم دەزگایە لە سەرووی هەموو دەزگاکانی ترەوە دایە، لە ڕووی کارگێڕیی و خزمەتگوزارییەوە بە پلەی یەکەمین دێت و، لە قووچەکی (هەرەمی) ڕایەڵی شارستانیاندا بە بناخە و کۆڵەگەی هەرە سەرەکی دەژمێردرێت.

لێرەوەیە کە پێویست دەکات ئێمەیش لەم هەرێمە ئازادەی کوردستانی خۆماندا، وەکو پێویست چ حکومەت و چ وەکو کۆمەڵە و ڕێکخراوە و تاکیش گرنگی و بایەخی تەواو بە (شارەوانی) و لق و پۆپەکانی بدەین و بەپێی

توانســت و بەهەمــوو شــێوەیەك پشــتی بگریــن و هاوکاریــی لــە تەکــدا بکەیــن و بڕیـار و سـەرجەم ڕێنماییەکانـی بەجـێ بگەیەنیـن و هەمـوو ئەرکەکانـی سەرشـانمان لــە بەرامبەریــدا جێبەجــێ بکەیــن، چونکــە تەنیــا بــەم ڕێبــازە پێــش دەکەویــن و ئاسـوودە و سـەرفراز دەبیـن و بـە خێرایـی هەنـگاو بـەرەو (کۆمەڵگـەی شارسـتانی) هەڵدێنیــن و لــە ئاســۆی کامەرانــی و بەختــەوەری نزیــك دەبینــەوە.

# شارەوانی کۆیە، دەستتان خۆش

رۆژی دووشەممە رێکەوتی ٢٠٠٣/٧/٢١ رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) لە ژمارە (٣١٢٣)ی خۆیدا دەقی ئەم هەواڵەی خوارەوەی بەم شێوەیە نووسیوە.

لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێم

لەسەر رووبەری ٦٠ دۆنم ناوچەی پیشەسازیی کۆیە دروست دەکرێت، لە دیدەوان یەعقوبەوە.

«لە پرۆژەیەکی خزمەتگوزارییدا و بەمەبەستی کۆکردنەوەی پیشەوەران لە یەك ناوچەی تایبەتدا، لەسەر بودجەی حکومەی هەرێم و لەسەر رووبەری ٦٠ دۆنم ناوچەی پیشەسازی لە کۆیە دروست دەکرێت. لەو بارەیەوە لە لێدوونێکیدا سەرۆکی شارەوانیی کۆیە پێی راگەیاندین کە لە چەند رۆژی رابردوودا و لەسەر

بودجـەی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان پـرۆژەی ناوچـەی پیشەسـازیی کۆیـە لـە نزیـك سـێ ڕێیانـی هەولێـر- کۆیـە- کەرکـوك دەسـتیپێکردووە. ئامـاژەی بـۆ ئـەوەش کـرد، کـە پرۆژەکـە زەوییەکـی ٦٠ دۆنمـی بـۆ تەرخانکـراوە و سـەرجەم پێداویسـتیەکان و خزمەتگوزارییەکانـی بـۆ دابیـن دەکرێـت و پـاش تەواوبوونـی پیشـەوەرانی سـەر ڕێـگای حەمامـۆك بـۆ ناوچـەی پیشەسـایی کۆیـە دەگوێزرێنـەوە. پێویسـتە بگوترێـت پرۆژەکـە چەندیـن گـەراج و دوکان لەخـۆ دەگرێـت و پێداویسـتی کارەبـا و ئـاو و ئـاوەڕۆی بـۆ دابیـن دەکرێـت» (تـا ئێـرە دەقـی بەشـێکی هەواڵەکەیـە کەمەبەسـتی منـە).

ئـەوەی راسـتی بـێ چەنـد ناوەرۆکـی هەواڵەکـە دڵخۆشـکەر و مژدە بەخشـە، دوو ئەوەندەیـش خـودی بڕیارەکـە پەسـەند و بەجێیـە! چونکـە ئـەو شـوێنەی ئێسـتەی پیشـەوەرانی (فیتەرخانەکـە)ی سـەر ڕێـگای (حەمامـۆك) بـە هیـچ شـێوە و پێوەرێـك گونجـاو نییـە و بـۆ ئـەو جـۆرە کارە پیشـەییانە دەسـتنادات! بـە خراپیشـی نازانـم ئـەوە بخەمەبیـر کـە کاتـی خـۆی لـە سـاڵەکانی هەشـتاکانی سـەدەی رابـردوودا کوردێکـی بەعسـی قایقامـی کۆیـە بـوو، نووسـەری ئـەم چەنـد دێـڕەش (بەنـدە) بەڕێوەبـەری قوتابخانـەی ناوەندیـی کـوڕان بـووم لـەو دەمیـدا، وەختێـك بیسـتم ئـەو شـوێنە (ڕێـگای حەمامـۆك) دەستنیشـانکراوە و بڕیـار وایـە فیتەرخانەکـەی لـێ بنیـاد بنرێـت، سـەردانی جەنابـی قایمقامـم کـرد و گفتوگۆیەکـی درێژخایەنمـان لەبـارەی بابەتەکـەوە کـرد، کـە ئـەم فیتەرخانەیـە لـە ڕێـگای حەمامـۆك دروسـت نەکرێـت، وەلـێ هـەر مـن دەمگـوت ئـەو نەیدەسـەلماند. لەنێـو قسـەکاندا هەوڵـم دا بـۆ جەنابیـان روونبکەمـەوە کـە ئـەو شـوێنە لەبـەر ئـەم هۆیانـە بـۆ پرۆژەکـە شیاو نییـە چونکـە: شـوێنەکە بەسـەر دۆڵ و رووبـار و پانتاییەکـی زۆری رەز و باخەکانـی شـاردا دەڕوانێـت و کەشـوهەوایەکی خـۆش و سـازگار و دیمەنـی زۆر جـوان و دڵڕفێنـی هەیە و لەبەرزاییەکـی سـەرووی شـار و نزیـك بـە کانـی و سـەرچاوەی ئـاوی (حەمامـۆك) ە کـە هـەم سـەرچاوەی ئـاوی شـارە و لـە هەمانکاتیشـدا سـەیرانگە و مەڵبەندێکـی

گەشـتیاریی و شـوێنی رابواردنـی لەمێژینـەی خەڵکـی کۆیـە و میوانانیـش بـووە، جـا دروسـتکردنی پرۆژەکـە لەوێـدا دەبێتـە هـۆکاری پیسـبوونی ژینگـە و هـەواو سروشـتی دڵڕفێـن و دیمەنـە نایابەکـەی کەرتەکـە تێکـدەدات و پاشـەڕۆی رۆنـی پیـس و گازی رەشـداگەڕاو کەفـاوی تاییـد و سـابوون و بـۆن و بەرامـەی لەحیـم و لەحیمـکاری و چڵـکاو بەجارێـك ئـەو نـاوە دەشـێوێنن، هەروەهـا تەقوتوقـی چەکـوچ و کوتـان و گـڕ و هـۆڕی ماکینـەی ئۆتۆمبیـل و لـۆری و گەللابـە و تراکتـەر و فیقەفیقـی هۆڕنەکانیـان ئارامیـی دانیشـتوانەکانی گەڕەکـە زۆر لێـوە نزیکەکـەی بەجـارێ دەشـڵەژێنن ناڕەحەتیشـیان دەکات. لـە هەمانکاتـدا، وتـم لـە کۆیـە و دەوروبەریـدا زۆران شـوێنی باشـتر و گونجاوتـر هـەن هـەم زەویـی میرییـن و کەمـتر پارەیـان تێدەچێـت و هەمیـش دوورن لـە ئاوەدانیـی و ئاویشـیان هەیـە. بۆیـە گوتـم گوناهـە ئـەوکارە نادروسـتە ئەنجـام بدرێـت، دوارۆژیـش دەیسـەلمێنێت کـە ئـەوە هەنگاوێکـی هەڵەیـە و پەشیمانیشـی بەدواوەیـە کـە دادنـادات، جـا وا چاکـە هەتـا دەسـتی پێنەکـراوە کار لـە کار نەتـرازاوە چارەسـەرێکی راسـتی بـۆ بدۆزرێتـەوە! چونکـە ئـەوە پەیوەندیـی بـە دوارۆژی شـارەکەوە هەیـە!

لێـرەدا جەنابـی قایمقـام برێـك گـەرم داهـات، بەنیمچـە هەڕەشـەیەکی شـاراوە گوتـی: «باشـە تـۆ بەنـاوی چـە لایەنێکـەوە ئـەم قسـانە دەکەیـت؟- ئەمەیـش ماناکەی لـەوان رۆژگارانـدا روون و ئاشـکرا بـوو، بەتایبەتیـش کـە کونیەکـەی مـن لـەلای ئەمـان وەك یەکێـك لـە (عائیـدون)ەکان ئاشـکرا و نەویسـترابوو، لـە وەڵامـدا تێمگەیانـد کـە بـە نـاوی هیـچ کـەس و لایەنێکـەوە نییـە و تەنیـا وەك هاووڵاتییـەك و خوێندەوارێـك و دڵسـۆزێکی ئـەم شـارە خۆشەویسـتە بـە نـاوی خۆمـەوە قسـە دەکـەم.

لێـرەدا جەنابـی قائیمقـام بەنابەدڵییـەوە گوتـی: «بۆچوونەکـەت راسـتییەکی تێدایـە، خـۆم بەدواداچوونـی مەسـەلەکە دەکـەم و ئەگـەر نەخرابێتـە بودجـە و بەرنامـەی کاری شـارەوانییەوە دەکـرێ تەگبیرێکـی لـێ بکـەم، خـۆ بێتـو ئیشـەکەش لەسـەرەوەڕا بڕابێتـەوە ئـەوا تـازە هیچـمان بـۆ ناکرێـت. ئیـتر ئەوەبـوو هەرچۆنێکـی

خۆیـان بڕیـاران لەسـەردابوو (کـە نەمزانـی هـۆ و نهێنییەکـەی چـی بـووا) هـەر ئاوایـان کـرد.

جـا ئیمـڕۆ دوای نزیکـەی چارەگـە سـەدەیەکەوە، بـە شـانازییەوە پیرۆزبایـی و دەستخۆشـخانە لـە ئەنجوومەنـی شـارەوانی کۆیـە دەکـەم بـۆ وەرگرتـن و بـە ئەنجامگەیاندنـی ئـەم بڕیـارە گرنـگ و هـەرە پێویسـت و بـە سـوودەیان و هـەر بـەم بۆنەیەشـەوە ئـەم پێشـنیازەیان دەخەمـە بەرچـاو بـەو هیوایـەی بەهەنـدی هەڵبگـرن و جێگـەی ڕەزامەندیـی و بایەخپێدانیـان بێـت لـە پێنـاو سـوود و بەرژەوەندیـی شـارە دێرینەکـەی حاجـی قـادر و شـاری خۆراگـری تێکۆشـەران و لانکـەی شارەسـتانییەت و مەڵبەنـدی زانسـت و ئـەدەب و کوردایەتیـی راسـتەقینەدا.

«شـوێنەکەی ئێسـتای پیشـەوەران دوای پاککردنـەو و پڕکردنـەوەی کەنـد و قۆرتەکانییـەوە بکرتێـە باخچـە و مێرخـوزاری سـەیرانگەیەکی قەشـەنگی ڕێکوپێکـی پـڕ لـە دارودرەخـت و سـەوزکراو بـە چیمـەن و رازاوە بـە جۆرەهـا گوڵـی جـوان و بۆنخـۆش و پـڕ لـە نافـوورە و (فـوارەی)ی ئـاو. لـە هەمانکاتیشـدا چەنـد خواردنگـە و کابینـەی بچکۆلـە و پـاك و خاوێـن و کافتیریـای شایسـتەی لـێ دروسـت بکرێـت بـۆ فرۆشـتنی سـاندویج و سـاردەمەنی و رۆژنامـە و گۆڤـار و ئـەو جـۆرە شـتانەی بـۆ ئـەم تـەرزە شـوێنانە دەسـتدەدەن بـەو مەرجـەی نەبێتـە مایـەی پیسـکردن و شـێواندنی دیمـەن و بونیـادی سـەیرانگەکە و لەگـەڵ تەختەیەکـی راگوزاریـی بـۆ شـانۆ و سـەکۆیەك بـۆ ئاهەنگـی گۆرانیـی و مۆسـیقا و چالاکییـە رۆناکبیریـی و ئەدەبییـەکان. بێتـو سـەیرانگەکە سـاڵانەش بـە کرێییەکـی ماقـوڵ و گونجـاو، بەمەرجـی شـیاو بدرێتە بەڵێندەرێـك ئـەوا پێموایـە دەبێتـە سـەرچاوەیەکی دارایـش کـە دەسـتکەوتەکەی هـەر لـە خـودی سـەیرانگەکەی خـۆی یـان هـەر پرۆژەیەکـی دیکـەی (شـارەوانیی کۆیـە)دا خـەرج بکرێتـەوە، کـە ئەمیـش بایەخێکـی تـری ئـەم پـرۆژە سـەردەمیانەیە. دەسـتتان خـۆش (شـارەوانیی کۆیـە) و چاوەڕوانـی چالاکـی و کـردەوەی بـە پێـزی زیاترتانیـن.

# کۆیە ئاوڕدانەوەیەك
# (ئەگەرچی بەدرەنگەوەش هات) پێویست و بەجێیە

ڕۆژی یەکشەممەی ڕێکەوتی ٢٠٠٣/٩/٢٨ لەژمارە (٣١٨٢)ی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا بەڕێز مام جەلال لە وتارێکیدا بە ناونیشانی (لە پێناو زانکۆی کۆیەدا) زۆر بە کورتی باس لە مێژووی پڕ لە سەروەریی و گەنجینەی زانست و زانیاری و ئەدەب و هونەری شاری (کۆیە) و ڕۆڵی دیار و نەپساوەی لە خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانییدا دەکات و ئاماژە بەو هەموو جەور و ستەمکارییە دەدات کە هەمیشە لە لایەن داگیرکەران و کاربەدەستە شۆڤینیی و کۆنەپەرستەکانی عێراقەوە لێیکراوە و هەوڵی ئەوەشیان داوە لە گشت ڕوویێکەوە دوای بخەن و بێبەشی بکەن لە پیشەسازی و هۆیەکانی شارستانی نوێ و تەنانەت ویستوویانە بچووکی بکەنەوە و شوێنەواریشی

بســڕنەوە.

هەروەهــا (مــام جــەلال) دەڵێــت (کۆیــە خــاوەن خەباتێکــی دوورودرێــژ و پــڕ لەســەروەریی و فیداکارییــە، ژمــارەی شــەهیدانی لەچــاو خــۆی دەیخاتــە ریــزی پێشــەوەی شــارە شــەهیدپەروەرەکانی کوردســتان، بۆیــە (کۆیــە) هەقــی بەســەر هــەردوو حکومەتەکــەی کوردســتانەوە هەیــە، هەقــی خۆیەتــی کــە هەردووکیــان یارمەتــی پێویســتی بــدەن لــە هەمــوو روویکــەوە لــە رووی ئاوەدانکردنــەوە و پیشەســازی و خوێندەوارییــەوە بــە تایبەتــی بــۆ ئەمــەش دووشــت پێویســتە بــۆ (کۆیــە) بکرێــن:

١- یەکێکیان دامەزراندنی زانکۆیە لە کۆیە

٢- دروستکردنی پاڵاوگەیەکی نەوت و بەنزینە لە کۆیە.

ئەوجــا بەڕێزیــان بــە چوارخــاڵ دێتــە سەرباســکردنی زانکــۆی کۆیــە و ئــەو کۆلیــژ و پەیمانگەیانــەی کــە لــەوێ هــەن و پێداویســتییەکانی تــر و لــە خاڵــی چوارەمــدا نووســیویەتی داوا لــە دەوڵەتەکانــی دۆســت و رێکخــراوە خێرخــوازەکان بکرێــت بەشــداری بکــەن لــە دروســتکردنی بیناکانــی زانکــۆی کۆیــە و دابینکردنــی موختەبــەر و ئامــرازە پێویســتییەکانی تــر بــۆ زانکــۆی کۆیــە.

لــە دواییــدا مــن دڵنیــام لــەوەی بەڕێــز د.بەرهــەم ســەرۆك وەزیرانــی هەرێمــی کوردســتان کــە لــە ســەرێکەوە زاوای کۆییانــە و و خۆیشــی ئەهلــی عیلــم و دانــش و زانینــە بــە گەرمــی بــە پیــر ئــەم داوایەمانــەوە دێــت، هیواداریشــم کــە کاکــە نێچیرڤــان بارزانیــش کــە بێگومــان ئــاگاداری بەشــداری کۆییــە خەباتگێڕەکانــە لــە پارتــی و شۆڕشــی ئەیلوولــدا ئەرکــی سەرشــانی خــۆی بەجێبهێنێــت و پێشــوازیی گــەرم لــە داخوازییەکەمــان بــکات. دەبــا هــەردوو حکومەتەکەمــان هەوڵــی پێویســت دەســتپێبکەن بــۆ بنیاتنانــی (زانکــۆی کۆیــە). لێــرەدا وتەکانــی بەڕێــز (مــام جــەلال) کۆتایــی هــات.

ئەمــەو لــە ژمــارە (٣١٨٤)ی خۆیــدا (کوردســتانی نــوێ) ئــەم هەواڵــە مــژدە

ئامێـزەی بڵاوکـردەوە (لـە کۆبوونـەوەی ٢٠٠٣/٩/٢٨)دا مەکتەبـی سیاسـی (ی.ن.ك) بڕیـاری دامەزراندنـی (زانکـۆی کۆیـە)ی دا.

بڕیاریشـــە بـــۆ جێبەجێکردنـــی ئـــەم بڕیـــارەش لـــە ســـەرێکەوە چاوەنـــواڕی گەڕانـــەوەی هەڤـــاڵ (د.بەرهـــەم ئەحمـــەد ســـاڵح) بـــن و لـــە ســـەرێکی تریشـــەوە چاوەنـــواڕی هیممەتـــی کاك نێچیرڤـــان بارزانـــی دەبـــن. (کوردســـتانی نـــوێ)ش پیرۆزبایـی گـەرم لـە خەڵکـی شـاری کۆیـەی زانسـت پـەروەر و هۆشـیار دەکات بـە ئومێـدی ئـەوەی کۆیـە ببێتـەوە مەڵبەنـدی زانسـت و زانیـن و هونـەر و دانـش وەك چەرخەکانـی پێشـووی. هەروەهـا (کوردسـتانی نـوێ) لـە ژمـارە (٣١٨٨)ی رۆژی پێنجـی ئـەم مانگـەدا نووسـیویە:

(لـە بودجـەی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان کتێبخانـەی گشـتی کۆیـە بـە بـڕی ٤٠٠ هـەزار دۆلار دروسـت دەکرێـت).

لـە راسـتیدا ئـەم بڕیارانـە کـە هیواخوازیـن هەنـگاوی کردەنـی خێـرا و بـە جۆشـیان بـەدواوە بێـت، بڕیارگەلێکـن هەرچەنـد درەنـگ وەختیـش هاتـن و دەبـا دەمانێـك پێـش ئێسـتا بدرابونایـە و کاریـان بـۆ بکرابوایـە، خـۆ وەنەبـێ شـارەکە پێـش ئەمانـەش هیچـی بـۆ نەکرابێـت. وەلـێ مەسـەلەکە (کۆییاتـی و خۆییاتـی) نەبـێ. خـوا هەڵناگرێـت کۆیـە ئەوەنـدە تاڵـی و سـوێری چەشـتووە و هێنـد رۆژگاری سـەخت و ناخۆشـی پـڕ لـە کارەسـات و مەرگەسـاتی بینیـوە. شـوکور هەندەشـی سـەرکردە و کاربەدەسـتانی دەستڕۆیشـتووی ئیمـڕۆی لـە هەمـوو لایەنـەکان پێگەیانـدووە و هەیـە کـە شایسـتەی ئەوەیـە و مافـی رەوای خۆیشـیەتی و دەشـکرا هاوشـانی شـوێنە سـەربەرزەکانی دیکـەی کوردسـتان لـە دوای راپەڕینـەوە ئەمانـە و گەلێـك زیاتریشـی بـۆ بکرابوایـە. دەڵێـم ئـەم بڕیارانـە زۆر زۆر پێویسـت و سـوودبەخش و بەجێبـوون. دەستخۆشـی لـە خـوودی (مـام جـەلال) و ئـەو بەڕێزانـە دەکـەم کـە بیریـان لێکردوونەتـەوە، ئومێدەواریـن بـە زووتریـن کات بەرپرسـە بەڕێزەکانـی هـەردوو ئیـدارەی سـلێمانی و هەولێـر بـە

جـددی ئـاوڕ لـەو مەسـەلەیە بدەنـەوە و بـە پەرۆشـەوە بـە تەنـگ پەرەپێـدان و گەشەسـەندن و پێشـڤەچوونی (کۆیـە) وەبیـن و قەرەبـووی هیـچ نەبێـت کەمێـك لـە زەرەر و زیانەکانـی رابـردووی بـۆ بکەنـەوە و ئـەو قـەردە گەورەیـەی شـارەکە بەسـەر (کۆییەکانـەوە) بـە تایبەتـی و بەسـەر هەمـوو (کـوردە)ەوە بەگشـتی هەیەتـی بیدەنـەوە.

هـەر بـەم بۆنەیـەوەش دەخوازیـن بـۆ ئـەو مەبەسـتەی سـەرەوە رەچـاوی ئـەم پـرۆژە و پێشـنیازانەمان بکرێـت:

١- توێژینەوەیەکـی مەیدانیـی و زانسـتیانەی ئـەو کانگـەی قیرژەیـە (خەڵـووزی بەردیـن)ە بکرێـت کـە بـەو دیـوی چیـای (باواجیـی) لـە نێـوان (گـەرۆی حاجیـلان و شـینکی گـەورە) دایـە لەسـەر رێـگای کۆیـە و دۆڵـی سـماقۆڵییەکاندا، تاکـو بزانرێـت لـە رووی پیشەسـازی و بازرگانییـەوە کەڵکـی هەیـە کاری تێـدا بکـرێ و سـوودی لێببینرێـت.

٢- کار بـۆ ئـەوە بکرێـت ئاوەکانـی سـەرچاوەی رووبـاری (کـرۆژ) و (جەلـی) و (دۆڵـی ئەسـحابان) کـە گۆگردیـن و پڕیانـە لـە (کبریـت) بـۆ مەبەسـتی تەندروسـتی بەرهـەم بهێنرێـن و شـوێن و جێگـەی (خۆشـتن و حەوانەوە)یـان لـێ دروسـت بکرێـت، کـە بێجگـە لـە سـوودە تەندروسـتییەکەی دەسـتکەوت و قازانجـی ئابورویشـی دەبێـت.

٣- بەربەسـت لـە هـەردوو دۆڵـی (حەمامـۆك- گۆمـی گەلـی) و (تۆبـزاوە-کانـی ئۆمەرئاغـا) دروسـت بکرێـن بـۆ پونگاندنـەوە و پاراسـتنی ئـاوی بەفـر و بارانـی زسـتان و بەهـاران تاکـو ئـەو سـامانە ئاوییـە بـە فیـڕۆ نەچێـت و کاتـی پێویسـتی لـە هاویـن و پایزانـدا بـۆ مەبەسـتی کشـتوکاڵ و ئاودێـری سـوودی لـێ وەربگیرێـت و لـە هەمانکاتیشـدا هـەم دیمەنـی شـارەکە رازاوەتـر و هەواکـەی سـازگارتر دەبێـت و دەشـبێتە دوو ناوچـەی دڵڕفێنـی گەشـت و گـوزاری بـە هەرمێـن و سـاڵانە سـەرمایە و دەسـتکەوتی چاکیـش بـۆ دانیشـتووانەکەی فەراهـەم دەکات.

٤- چەنـد سـاڵێکە وەکـو ئەمەگدارییـەك و بـە جێگەیاندنـی ئەرکێکـی سەرشانمان بەرامبـەر بـە شـارەکەی حاجـی قـادرەوە، بەڕێـزان حاکـم نـازم حەوێـزی، عوسـمان خۆشـناو، کەریـم شـارەزا و مـن (نووسـەری ئـەم بابەتـە) بـە ئامادەکـردن و نووسـینەوەی کتێبێـك بەنـاوی (شـاری کۆیـە لـە رەوتـی شارسـتانییەتیدا) خەریکیـن لەمـەڕ مێـژووی (وڵاتـی کۆیـە)وە هـەر لـە سـەردەمەکانی دێریـن و پێـش هاتنـی ئیسـلامەوە تـا بـە رۆژگاری ئیمـڕۆ دەگات. جـا لێژنەکەمـان سـەرباری کەمیـی سـەرچاوە و زانیـاری باوەڕپێکـراوی تەواویـش، کارێکـی تـا رادەیـەك بـاش و پوختـی بـە ئەنجامگەیانـدووە گەرچـی کارێکـی لـەم جـۆرەش هەرگیـز بـێ کەموکورتـی نابێـت، داوای دڵسـۆزانەمان لـە کاربەدەسـتان و بەرپرسـانی کارا و لێهاتـووی هـەردوو حزبـی خـاوەن دەسـەڵاتی کوردسـتان (پارتـی و یەکێتـی) و ئیـدارە بەڕێزەکانیـان ئەوەیـە دەسـتی یارمەتـی و هاوسـۆزیی خۆیانمـان بـۆ درێـژ بکـەن و ئەرکـی بەچاپگەیاندنـی (کتێبەکەمـان) بخەنـە ئەسـتۆی خۆیانـەوە و بەمەیـش گیانـی پاکـی هەمـوو شـەهیدە سـەربەرزەکان شـاد و ئـارام و دڵـی کۆییـە کوردپـەروەر و شـەڕەفمەندەکان و دڵـی ئێمەیـش (لێژنەکـە) خـۆش و ئاسـوودە بکـەن. خـودا سـەرکەوتوویان بـکات. بـە پەرۆشـەوە چاوەڕوانـی هـەوڵ و هیممەتـی دڵسـۆزانەی هەمووانتانیـن.

چاوی مێژوو

# دیمەنێك لە رۆژگاری رابردووی هەولێرەوە

گۆڤاری (شارەوانی)
هەولێر ٨/ئاداری/٢٠٠٤

سالّی ١٩٥٨ بوو، رێك لە رۆژی ٦ی ئاداری ١٩٥٨ بۆ یەکەمین جار لە هەولێر لە دەرەوەی شاردا بەپێی ئەو سەردەمە، ئاهەنگێکی خنجیلانە و بە شێوەیەکی رەسمی بە ناوی (جەژنی داروردەخت)ەوە بە سەرپەرشتی و ئامادەبوونی و بەشداریکردنی خودی موتەسەریف (پارێزگار) سازدرا، کەبەڕێزان سەرۆکی شارەوانی و دادوەر و بەڕێوەبەری پۆلیس و مودیر و مامۆستایانی قوتابخانەی (دواناوەندی هەولێری کوڕان) و قوتابخانە سەرەتاییەکان و ژمارەیەکی بەرچاو لە فەرمانبەران و جەماوەری خەڵکی شار تێیدا ئامادەبوون.

ئەوەبوو پێشتر شوێنەکەی بۆ ئامادە و رێکخرا بوو، کورسی و چەند رێز تەختە (قەنەفە) بۆ میوانەکان دانرابوون بە سەدان شەتڵی دار کاژ (سنووبەر

و بـەڕوو) هێنرابـوون و قۆڕتەکانیـان بـۆ لێدرابـوون.

بـە گەیشـتنی موتەسـەریف خوالێخۆشـبوو (خالیـد نەقشـبەندی) کـە پێشـتر قایمقامـی کۆیـە بـوو، لەگـەڵ بەرپرسـانی دیکـەی لیـوا (پارێـزگا) داو دوا بـەدوای پشـوویەکی کـەم، موتەسـەریف بـە وتەیەکـی کـورت رێورەسـمی ئاهەنگـی دارچاندنەکـەی کـردەوە و ئامادەبـووان دەسـتیانکرد بـە ناشـتنی (چاندنـی) شـەتڵە دارەکان و لەهەڵمەتێکـی کەرنەفاڵئاسـای کەموێنـەدا، لـە نێـو زرمـەی چەپڵەرێزانـدا بـە حەماسـەتێکی گەرموگـوڕەوە لـەو رۆژە بەهارییـە قەشـەنگەدا ئاپـوڕای ئامادەبـوان کەوتنـە کێبڕکێیەکـی هێمنانـە و هەرکەسـە و لـە هەوڵـی ئەوەدابـوو شـەتڵی زیاتـر بنێژێـت، بـەو شـێوەیە ئـەو رۆژە تـا لای نیـوەڕۆ، بناخـەی جەنگەڵـی (غابـات)ی هەولێـر لـەو شـوێنەی ئێسـتەیدا کـە دەکەوێتـە سـەر شـەقامی شەسـتی لـە نێـوان وەزارەتـی (ئەشـغال و نیشـتەجێکردن و سـایلۆی هەولێـردا) کـە ئـەو رۆژگارە چۆلەوانـی و زۆریـش دورە شـار بـوو، دەوروبـەری هەمـووی سـەوزایی و کێڵگـەی گەنـم و جـۆ و شـینایی و جۆراوجـۆر بـوو، بـۆ سـوێندیش باڵەخانـە و ئاوەدانـی لـێ نەدەبیـنرا، ئـەو بناخەیـە داڕێـژرا و چەنـد سـاڵێك دواتـر درەختـەکان باڵایانکـرد و شـوێنەکە بـوو بـە مەڵبەندێکـی سـەوزی ئارامبەخـش و دڵڕفێـن بـۆ دانیشـتووان- بـە تایبەتـی قوتابیـان و لاوان- کـە کاتـی خۆشـیی و بـێ ئیشـی خۆیانیـان تێیـدا بەسـەر دەبـرد و سـەعی و کۆششـیان لـێ دەکـرد و پشـووی حەسـانەوەیان تێیـدا دەدا، بـە تایبەتـی لـە ئێوارانـی رۆژانـی بەهـار و هاوینـدا.

ئـەم وێنـە یادگارییـەش تۆمارێکـی راسـتەقینەی ئـەو رۆژە مێژووییـەی (٤٦) سـاڵی بـەر لـە ئێسـتای هەولێـرە، کـە تیایـدا موتەسـەریفی ئـەو سـەردەمە خوالێخۆشـبوو (عەقیـد خالـد نەقشـبەندی) دەردەکەوێـت کـە چـوار مانـگ دواتـر واتـا بـە هەڵگیرسـانی شۆڕشـی ١٤ی تەممـوزی ١٩٥٨ بـە سـەرکردایەتی زەعیـم رۆکـن خوالێخۆشـبوو عەبدولکەریـم قاسـم و بـە پشـتیوانی سـوپا و گـەل و حزبـە



نیشتمانییەکانی ئەوسای عێراق بە حزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بەڕێزیان کرا بە ئەندامی ئەنجوومەنە سێ قۆڵییەکەی سەرکردایەتی عێراق (مجلس السیادة) بە سەرۆکایەتی (فەریق محمد نجیب الربیعی) و ئەندامیەتی (محمد مهدی کبە). لە لای چەپی وێنەکە دانیشتوان لە ریزی پێشەوە بەڕێوەبەری پۆلیس (عبداللە سعید، خەڵکی کەرکوك بووە) دەردەکەوێت و لە تەنیشتیەوە خوالێخۆشبوو (عەقید خالد نەقشبەندی) موتەسەڕیفی هەولێر دانیشتووە و لەولایشەوە بە تەنیشت کورسییە بەتاڵەکەوە (لای راستی وێنەکە) دادوەر (حاکم تەلعەت یەعقووبی) و (موحسین ئاغای ئەسعەدیی) سەرۆکی شارەوانی ئەوسای هەولێر (کە بۆ ماوەیەکی ئێجگار زۆر ئەو پۆستەی بەڕێوە برد) دانیشتوون. لە پشت موحسێن ئاغایشەوە نوسەری ئەم بابەتە (مەجید ئاسنگەر) – چاویلکەیەکی رەشی لە چاوە - کە ئەوسا مامۆستای زمانی ئینگلیزی بوو لە دواناوەندی هەولێری کوڕان و لە دەستی راستیشیەوە (لە دەستی راستی مەجید ئاسنگەرەوە بە لای چەپی وێنەکە) مامۆستایان (صابر ئەترەقچی) بەڕێوەبەر

کـە خەڵکـی موسـڵ بـوو، فوئـاد محمـد سـەفوەت- ئێسـتا سـاڵانێکە لـە ئەمەریـکا نیشـتەجێیە- مامۆسـتای هەمـان دواناوەنـدی لـە پشـت کورسـییە بەتاڵەکـەوە دانیشـتوون، هەروەهـا کۆمەڵێـك مامۆسـتا و فەرمانبـەر و کارمەنـد و جەمـاوەری خەڵکـی شـاری هەولێـری دێریـن و خۆشەویسـت لـە وێنەکـەدا دەبینرێـن.

شـایەنی وتنـە، بـۆ زانیـاری خوێنـەری بەڕێـز، عەقیـد روکـن خالـد نەقشـبەندی (١٩١٥-١٩٦١) خەڵـکی بامـەڕنی دەڤـەری دهـۆك بـوو پێـش ببێـت بـە موتەسـەریفی هەولێـر قایمەقامـی رانیـە و کۆیـە و هەڵەبجـە بـووە. دواتـر، دوای شـۆرشی عبدالکریـم قاسـم، دەکرێتـە ئەندامـی ئەنجومـەنی سـیادە لـە بەغـدا تـا لـە ٢٧ ی تشرینـی دووەمـی ١٩٦١ لـە تەمـەنی ٤٦ سـاڵیدا بـە نەخـۆشی دڵ کۆچـی دوایـی دەکات. (بۆتـان ئاسـنگەر)

# چۆن گرفتی هاتووچۆ چارەسەر بکەین

ڕۆژنامەی خەبات (١٤٣٢) یەکشەممە ١٩ی ئایار/٢٠٠٤

زۆر ئاساییە لە نێو کووچە و کۆڵان و لەسەر جادە و شەقامەکانی هەولێری پایتەختدا ئەو جەنجاڵیی و تێکقژانە نابەجێیە دروست بێت کە هەیە چونکە وەك ئاشکرایە لەم چەند ساڵەی دواییەدا، لەبەر زۆران هۆکاری جۆربەجۆر و لە سەرووشیانەوە پەرەسەندن و گەشەکردنی بڕیاری ئابووری و دەرامەت و چاکبوونی هێزی کڕین لای دانیشتوانەوە بەوپێیەش بەرزبوونەوەی ئاستی گوزەران و گۆڕانکاری بەرچاو لە جۆر و شێوازی ژیانیاندا، ژمارەی ئۆتۆمبیل بە ڕێژەیەکی ئێجگار سەرسوڕهێنەر زیادی کردووە بە شێوەیەك جادەکانی نێوشار هەرگیز توانای لەخۆگرتنیان نەماوە. لەبەر ئەوە گرفتێك دروست بووە هاووڵاتیان و بەرپرسانیش لە دەزگاکانی هاتووچۆدا پێوەی دەناڵێنن، وایشی لێهاتووە زۆر جار خاوەن ئۆتۆمبیل نازانێ لە کوێ ئۆتۆمبیلەکەی

رابگرێت، زۆربەی کاتیش هێندە نارەحەت دەبێت خۆزگەی ئەوە دەخوازێ کە هەر ئۆتۆمبیل نەبوایە، هەر بەهۆی ئەم جەنجاڵییەشەوە حەشاماتی شار نیگەران بوونە و هەردەم لە ئیشوکارەکانیان دوا دەکەون و بە رێگاوە سەبروئارامییان لێهەڵدەگیرێت و لە ناخەوە دووچاری هەڵچوون و دڵەڕاوکێ دەبن و تووشی سەریەشە و زۆرجار پێکدادان و دڕودۆنگی دێن، بە تایبەتی لە سەرە فولکە و ترافیك لایتەکاندا.

ئەم وەزعەش چارەسەری بنەڕەتی پێدەوێت، کە پێویست دەکات جادە و شەقامەکانی هەولێر زۆرتر و فرەوانتر بکرێن، پارکینگ و گۆڕەپان و گەراج و شوێنی تایبەت بە وەستانی ئۆتۆمبیل زیاد بکرێن، تونێل و ئۆڤەرپاس دروست بکرێن، ئۆتۆمبیلە کۆن و لەکارکەوتووەکان نەهێڵرێن، رادەی هێنانی ئۆتۆمبیلی تازە سنووردار بکرێت، جا لەبەر ئەوەی جێبەجێکردنی ئەمانەیش هەموو بەم دەمودەستە لە توانادا نییە، بۆیەکا من وای بەباش دەزانم بۆ چارەسەرێکی کاتیی بۆ ئێستا سیستەمی تاك و جووت پێڕەو بکرێت، واتە رۆژێك تەنیا ژمارەی (تاك) و رۆژەکەی تر تەنیا ژمارەی (جووت) رێگایان پێ بدرێت (بەمەرجێك ئەمە سەیارەکانی دەزگا رەسمییەکان و خزمەتگوزاری گشتی و راگەیاندن نەگرێتەوە). ئەگەرچی لەوانەیە زۆران کەس بەم چارەسەرییە نیگەران و ناڕازی بن و پێیان خۆش نەبێت، بەڵام پێموایە بەم شێوازە بە یەکجار نیوەی ئۆتۆمبیلەکانی ناوشار رۆژانە کەم دەبێتەوە و لەگەڵ رێزی زۆرمدا بۆ خاوەن ئۆتۆمبیل و نیگەرانی و ماتەڵبوونیانەوە، رەنگە ئەم پرۆسەیە گونجاوترین (ساناترین) چارەسەری بە پەلەی ئەم گیروگرفتە سەخت و ئاڵۆزە پڕ سەریەشەیە بێت بۆ هەمووان (واش بە پەسەند دەزانرێت ئەم پێشنیازە رۆژانی پشووی رەسمی و سەفەری خەڵك و چوونە دەرەوەی شار بە نیازی سەیران و گەشتوگوزار نەگرێتەوە). لەگەڵ هیوای سەرکەوتن و ژیانێکی ئاسوودە و ئارام بۆ سەرجەم دانیشتوانی خۆشەویستی هەولێری پایتەختی کوردستان بە ئومێدی دۆزینەوەی رێگە چارەیەکی دروست و هەمیشەیی بۆ کێشەکە.

٢٠٠٤/٥/٥

# چەند پێشنیارێك
# بۆ سەرۆكایەتی بەڕێزی زانكۆی كۆیە

هەولێر ٢٠٠٤/١٠/١

لەدێرزەمانــەوە كۆیــە مەڵبەنــدی شارســتانییەت بــووە. بــەڵام لەســاڵی ١٨٤٣وە كــە راســتەوخۆ كەوتووەتــە ژێــر حوكمڕانیــی و دەســەڵاتی عوســمانییەكان، لــە شــان و شــكۆی كەمكراوەتــەوە، دوای ئــەوەی كــە لەســەردەمێكی زوودا مەڵبەنــدی ئیمپراتۆرییەتــی گوتیــەكان بــووە و ســەردەمێكیش دوای هاتنــی ئیســلام و دروســت بوونــی میرنشــینەكانی كــورد، پاشــانیش بــووە مەڵبەندێكــی گرنگــی ســوپایی و حوكمڕانــی بــووە. كەچــی لــە دوا دوای حوكمــی عوســمانی و لــە ســەردەمی حكومەتەكانــی عێــراق وردە وردە ناوچــە و مەڵبەنــدی لێكراوەتــەوە و تەنانــەت لــە مــاوەی حوكمڕانــی حزبــی بەعســی فاشــی كراوەتــەوە ناحیــە تاكــو دواتــر بكــرێ بــە گونــد و پرۆســەی وێرانكــردن بیگرێتــەوە و ئێســتاش پێویســتە دەزگا ئیداریــی

و زانستییەکانی ئەم شارە هەوڵێکی زۆر بدەن بۆ گێڕانەوەی شان و شکۆی جارانی و ببێتەوە بە مەڵبەندێکی دیاری زانستی و زانیاریی و کارگێڕیی و بەناوی لیژنەی کتێبی (کۆیەلە رەوتی شارستانییەتدا) ئەم چەند پێشنیازەتان پێشکەش دەکەین، هیواداریــن بە هەموو هیممەتێکتان هەوڵی بەدیهێنانیان بدەن و پێشەکی سوپاس و رێزی تایبەتیمان لێ قەبووڵ بفەرموون:

١- شوێنێکی باش بۆ باڵەخانەکانی زانکۆ تەرخان بکرێ و بەڕای ئێمەش ئەم شوێنەی ئێستای لەبارە و هەموو کۆلیجەکانی زانکۆکە ئیتر نزیك بن و تەلارەکەیان لەلایەن کۆمپانیای شارەزا و پسپۆر نەخشەی لێوەشاوەی بۆ بکێشرێ و ئەندازیار یا دەزگای ئەندازیارانی لێهاتوو سەرپەرشتی جێبەجێکردنیان بکەن و فراوانبوونی دوارۆژی بۆ رەچاو بکرێ.

٢- شوێنی باش بۆ نیشتەجێکردنی مامۆستاکانی زانکۆ دروست بکرێ و هەموو هۆیەکی حەوانەوە و حەسانەوەیان تێدا بێ لەسەر شێوەی (دێی زانکۆ)ی وڵاتە پێشکەوتووەکان بێ.

٣- هەوڵ بدرێ مامۆستای زانا و پسپۆر و جگەرسۆز و سەرچاوەی زانستی پێویست دابین بکرێن بۆ کۆلیژەکانی زانکۆکە، تاکو بکرێ هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایان بۆ بهێنرێ.

٤- تاکو مامۆستای پسپۆر دابین نەکرێ، واباشە پەلە نەکرێ لەکردنەوەی کۆلیج و بەشی تازە.

٥- گرنگی بدرێ بە کاروباری کارگێڕیی سەرۆکایەتی زانکۆ و کۆلیج و بەشەکانیان و فەرمانبەری کاراولێهاتوو و پسپۆریان بۆ دابین بکرێت.

٦- پاداشتی ساڵانە بەسەر مامۆستای سەرکەوتوو و قوتابییە بەهرەدارەکاندا دابەش بکرێت.

٧- کۆلیجی ئێواران بۆ مێژووی کورد و جوگرافیای کوردستان و ئەدەب و زمانی کوردی و زمانەکانی دی بکرێتەوە، بۆ ئەوانەی کە نەیانتوانیوە خوێندن

تــەواو بکــەن بــە مەرجــێ ئەوانــەی بڕوانامــەی بەکالۆریســیان هەیــە بۆیــان نەبــێ لــەو کۆلیجــە وەربگیریــن و ئەفزەلیــەت بــۆ خەڵکــی تــر بێــت بەتایبەتــی دانیشــتوانی شــارەکە (کۆیــە) خــۆی تاکــو ئــەو بڕوانامەیــە وەربگــرن.

٨- بنکەیەکــی رۆشــنبیری گــەورە لــە کۆیــە بکرێتــەوە و هەمــوو ســەرچاوەیەکی زانســتی و ئەدەبــی و رۆشــنبیریی تێــدا پارێزراوبــێ تاکــو ببێتــە ســەرچاوەیەکی گرنگــی رووناکبیــری لــە شــارەکە و لــە هەمــوو کوردســتاندا.

هیواداریــن زانکــۆی کۆیــە و ئێــوەی بەڕێــز و خزمەتگــوزار هــەر لــە پێشــکەوتن و ســەرکەوتن دابــن بــۆ پەرەپێدانــی زانســت و رۆشــنبیریی لــە شــارە دێرینەکــەی کۆیــەدا (هەروەکــو هیــچ کەمتەرخەمیەکیشــتان نەکــردووە لــەم رووەوە) دووبــارە سوپاســمان.

ناظــم حەوێــزی   عوســمان خۆشــناو   کەریــم شــارەزا   مەجیــد ئاســنگەر

(نووســەرانی کتێبــی کۆیــە لــە رەوتی شارســتانیەتدا)

# ڕامالین بەرەو کارەسات

٢٠٠٤/١٢/٢٥

سەوزایی و مێرگ و گوڵ و گوڵزار و دارودرەخت بە گشتی، چاورۆشن و دڵ و دەروون شاد و ئارام دەکەنەوە، تەزووی خۆشیی و ئاسوودەگی بە مێشك و گیانی مرۆڤ دەبەخشن. بڕوا ناکەم کەسی ئاسایی هەبێ حەز بە دیمەنی زۆرنایابیان نەکات و چێژ لە جوانییە سیحراوییەکەیان وەرنەگرێت.

رووەك بەخششێکی یەزدانی و لەهەمانکاتیشدا خۆراکی گیانی و هێمایەکی بەرچاوی زیندەگیی و نیشانەی زەوق و ئاوێتەبوونی ئادەمیزادە بە سروشت و بەها پیرۆزەکانییەوە، هەروەکو یەکێکیشە لە پێداویستییە ماددی و رۆحییە هەرە بنەڕەتی و گرنگەکانی ژیانی سەرجەم مرۆڤایەتی کە ئەوە دەخوازێ ئەوپەڕی بایەخی پێ بدرێت.

وەلێ سەرەڕای هەموو ئەو ڕاستییانەیەشەوە، دەبێ بایەخدان پێی لە شوێن و جێگەی خۆیدا بێت و ئەوەندە بە تەنگەوە بن کە هەڵدەگرێت و بە هیچ کلۆجێ بە ڕەوا نابینرێت تەنیا هەر لەبەر خاتری ئەوەدا قوربانیی بە زۆر شت و لایەنی دیکە بدەین. یاخود لە زۆرێك نادروستیی و کەموکورتیی چاوپۆشیی بکەین!

بۆ نموونە دەبینین لە هەولێری پایتەختدا لە زۆرینەی شەقام و جادە و کووچەکاندا هاووڵاتی بە پانایی خانووەکەی خۆی شوستەی بەردەمی ماڵەکەی تەلبەند کردووە و چیمەنی سەوز و گوڵی جوانی لێ چاندووە. یان چەند درەختێکی تیادا رواندووە، ڕاستە بەوە دیمەنێکی (بە رواڵەت) دڵگری بە شوێنەکە داوە و بۆ هاوینیش سایەیەکی فێنککەرەوەی پێدەبەخشێ و یا ئەوەتا لمۆزی سەیارەکەی بە درێژی گەیاندۆتە دەروازەی ماڵەکەیەو پاشییەکەیشی لە لێواری جادەکە تێپەڕیوە و سەکۆکەی هەر هەموو داگرتووە!

براینە ئەم رفتارانە لە واقیعدا کرداری زیانبەخش و نەویستراون.. ناشێت ئەو برادەرانە مافی ئەوە بە خۆیان بدەن ئەو پانتاییەی کە موڵکی گشتییە ئەوان بۆخۆیانی قۆرخ و تاپۆ بکەن! چونکە جادەکان لە زۆربەی شوێنەکاندا نەختێ بەرتەسکن و ئاپۆرەی ئۆتۆمبیلیش ماشەڵلای لێ بێ هەنگامەیەکی ناوەتەوە و خودای لە ژووری سەران بە چاکی بگێڕێت ژمارەی بەردەوام لە زیادبوونی شۆفێرە ناشی و هەرزەکار و سەرگەرمەکان بەخۆیان و (مۆبایل)ی بناگوێیانەوە بەچی خێراییەك سەییارە تیژرۆکانیان دەئاژۆن و بە ئانقەست بە دوای نەهامەتی و کارەساتدا دەگەڕێن! دەوەجا تۆ وەرە سەیرێکی حاڵی شەپریوی ئەو هەموو رێبوارە پیادەڕۆییە بەستەزمانانە بکە، بەتایبەتی شەوانە کە لە زۆران بەشی رێگاکەیاندا بەهۆی ئەو باخچۆکە و تەلبەندەکارییانەوە ناچار دەکرێن باز بدەنە سەر جادەکەو خۆیان بخەنە بەر ئەگەری ململانێ لەگەڵ ئەو هەموو ئۆتۆمبیلە (ببەخشن) رۆکێتە تیژرۆیانەدا و گیانی خۆیان

(بــە تایبەتــی بەســاڵاچووان و نەخــۆش و چاوکــز و بێهێزەکانیــان) بخەنــە بــەر مەترســی هەڵشــێلان و پێــکان و پلیشــانەوە..

جــا کــە ئەمــە حاڵــی گەڕەکەکانــە، وانەبــێ خوانەخواســتە رەوشــی زۆربــەی هــەرە زۆری شۆوســتەکانی بازاڕەکانیشــمان لەوەچاکــتر بێــت! نەخێــر لێرەشــدا بەهــۆی ســەرپێچی و قۆرخکردنیانــەوە لەلایــەن بــرا دوکانــدار و بــێ دوکانەکانیــش، کــە هەمیشــە ئاپــۆرای خەڵکــەکان بــەوە ناچــار دەکات دابەزێنــە ســەر راســتە شــەقام و بەبــێ ویســتی خۆیــان گیانــی خۆیــان بخەنــە بــەر رەحمــەت و بەزەیــی و شــاڵاوی تۆقێنــەری ئــەو هەمــوو ترۆمبیلانــەی لــە خــەوی شەوانیشــدا بــە خەیاڵــی کەســدا نەهاتــووە..

ئــێ باشــە ئــەم دەســتدرێژییە لەپــای چیــی و و تاکــەی هــەر بەردەوامیــش دەبێــت!

دەوجــا، برایــان، بەڕێــزان... تکایــە ویژدانتــان ببێــت و بــۆ خاتــری خــودا رەحمــێ بــەم خەڵکــە قوڕبەســەر و نــەدار و مانــدووە بکــەن. چیــتر شۆســتەکانی بــازاڕ و رۆخەکانــی جــادە و کۆڵانەکانــی نێــو شــاریان- کــە موڵکــی گشــتین- لێمەکــەن بــە گــەراج و دوکانــی ســەفەریی و بەلاشــی خۆتــان و باخچۆکــەی نەویســتراو! ئێوەیــش بەڕێــزان، کاربەدەســت و بەرپرســانی پارێزگــە و شــارەوانی و ... تــاد کەمتەرخەمــی وەلانێــن و ئــەم ئەرکــە پیــرۆزە هــەرە گرنگــەی خۆتــان بگرنــە ئەســتۆ و راشــکاوانە و بــە لێبڕاوەیــی ســنوورێك بــۆ ئــەم جــۆرە ســنووربەزاندن و ســەرپێچی و یاســا شــکێنیە ناڕەوایانــە دابنێــن، هــەم خێرتــان دەگات و هەمیــش هاونیشــتمانیان لێتــان رازی دەبــن.

سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین، چاوەڕوانین!

# یادەوەرییەك بۆ چلەی خوالێخۆشبوو (خاتوو بەهییە مەعرووف)

هەولێر/٢٠٠٧/٢/٢٠

چل رۆژێك لەمەوبەر ئەستێرەیەكی گەش و درەوشاوەی ئاسمانی خەبات و تێكۆشانی كوردستان ئاوابوو، لێ گەرچی ئەو ئەستێرە هەرە رووناكیبەخشە بەرەو جیهانی جاویدانی رەویكرد، پرشنگی رۆشنی هەمیشە لە درەوشانەوەدا دەبێت و درِ بە تاریكی ئاسمانی بێگەردی كوردستان دەدات و ئەم دەوروبەرەمان بۆ رۆشن دەكاتەوە.

بەڵێ چل رۆژ بەر لە ئێستاوە دڵە گەورە پڕ لە میهرەبانییەكەی شێرەژنێكی ماندوونەناسی ئەم كوردستانە بەشمەینەتە خاتوو (بەهییە مەعرووف بەرزنجی) لە لێدان كەوت و گیانی پاكی ئەم تێكۆشەرە مەزن و دڵسۆزەی كورد و كوردستان گەیشتە دنیای شكۆداری شەهیدە نەمرەكانەوە.

ڕێککەوت وابوو، بەهاری ساڵی ١٩٦٠ شاندێکی باڵای چوارکەسی لە وڵاتی (چیکۆسلۆڤاکیا)ی ئەو دەم لە گەشتێکی زانستییانەیاندا بە وڵاتانی جیهاندا هاتبوونە کوردستان.. دوانیان زانا و نووسەری پایەبەرز و ناسراو، ئەندامی سەرکردایەتی حزبی شیوعی ئەوسای چیکۆسلۆڤاکیا و ئەندامی دیاری (ئەکادیمیای زانستی براگ) دووانەکەی دیکەیان نۆژدارێك (پزیشك) و پسپۆڕێکی میکانیکی بوون وەکو جارێکی تریش کورتەیەکی ئەم بابەتەم بڵاوکردبۆوە، بەندە (من) بە فەرمیی لەلایەن پارتییەوە وەکو چاوساغ و یاوەر و تەرجومان لەگەڵیاندا زۆر ناوچەی کوردستان گەڕاین و زۆران فیلمی فۆتۆگرافی و ڤیدیۆیی دانسقە و دڵگریان گرت و چەندین وتار و ڕاپۆرتیان نووسین و لە گۆڤاری (The Orient – واتا خۆرهەڵات) بە زمانی ئینگلیزی بڵاویانکردەوە و دواتر بە وێنە و بەڵگەنامەوە بە زمانی خۆیان وەکو (کتێب) بە چاپیان گەیاندوون.

جا لەسەردانمان بۆ سلێمانی، شاری هەڵمەت و قوربانی، جگە لە دیدەنی و کۆبوونەوە لەگەڵ چین و توێژە جۆربەجۆرەکانی شار و سەردانی شوێنە سروشتیی و گرنگەکان و (کەشتی نووح)ی نەجمەدین مەلا و تۆمارکردنی سروود و گۆرانییەکانی تیپی مۆسیقای سلێمانی بە سەرپەرشتی و بەشداری قادر دیلان و هونەرمەندانی دیکەی تیپەکە و گۆرانیبێژە دەنگخۆشەکانی ئەودەمی شار، ئەوە بوو، جیا لە ڕێکخراوو و یەکێتییەکانی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان، هەروەها مامۆستایان و کۆمەڵانی خەڵك و ڕێکخراوەکانی شار، یەکێتی ئافرەتانی کوردستان زۆرمان بەهاناوە هاتن و کۆمەکیان پێکردین. لەولایەنەشەوە ڕۆڵی هەرە بەرز و سوودبەخش و دیاری مامۆستایان خوشکان (بەهییە مەعرووف، ئەنجوم عەبدوڵلا زوهدی و لویزە کاکەحەمە) کە لە چالاکییەکانی لێژنەی کارگێڕی ڕێکخراوەکەیاندا دیار و بەرچاو بوون و بە هەموو شێوەیەك هاوکارییان کردین و یارمەتیان دەداین

لــە کۆکردنــەوەی ژن و ئافرەتــان و ئامادەکردنــی دەســتەی چالاکیــی هونەریــی خوێندکارانــی کــچ بــە جلوبەرگــی ئاڵــوواڵای کوردیــی شــارەوە کــە جۆرەهــا شــایی و هەڵپەڕکێــی کوردەوارییــان نمایــش دەکــرد و بــە دەنگــە بەســۆزەکەی یەکێکیــان بەنــاوی (عایشــە عەلی)یــەوە شــاندەکەی میوانیــان سەراســیمە کردبــوو.

لــە هەمــان کاتــدا ئــەو ســێ خوشــکە بەڕێزانــە، بــە تایبــەت خوالێخۆشــبوو (بەهییــە مەعــرووف) لەگــەڵ زۆر لــە کەســایەتی و بنەماڵــە ناسراوەکانــی ســلێمانی و بەرپرســان ئاشــنایان کردیــن و لــە زۆر ماڵانــدا بانگهێشــتی نانخواردنــی کوردانــە دەکرایــن، ئیــتر لــەو رۆژانەدابــوو کــە بــە ناســینی ئــەو خوشــکە دڵســۆزانە شــاد بــووم و، دواییــن جاریــش ســاڵی ١٩٧٤ کاتێــك وەك سەرپەرشــتیاری پســپۆریی شــۆڕش ســەردانی قوتابخانەکانــی شــاری (ورمــێ)م کــرد ئــەو خوشــکە بەڕێزانــەم بینیــەوە کــە لەوێــدا وەك مامۆســتا دەوامیــان دەکــرد. ئەمــە یادەوەرییەکــی پیــرۆزە و بــۆ وەفاداریــی بــۆ مێــژوو باســم کــرد و بەڵگەیشــە کــە ئــەم خوشــکانە نیــو ســەدەیە لــە خەبــات و تێکۆشــانی کوردایەتیــدان. هــەزاران درود و ســڵاو بــۆ گیانــی پاکــی شــێرەژنی کــورد خوشــکی کۆچکــردوو بەهییــە مەعــرووف بەرزنجــی و جێگــەی بەهەشــتی بەرینــە ئینشــاللا. تەمەنــی درێژیــش بــۆ خوشــکە ئەنجــوم و خوشــکە لویــزە و هاودەمەکانیــان. ئەگــەر مابــن ئینشــاللا.

# دیسانەوە جگەرەکێشان

وەك لــە حەفتەنامــەی (زەنــگ)ی ئازیــزدا خوێندومانــەوە دەرکەوتــووە کــە (یەکێتــی قوتابیانــی کوردســتان) بڕیارێکــی ئێجــگار گرنــگ و پــڕ بایــەخ و لــە هەمانکاتیشــدا دڵخۆشــکەریان داوە و لــە تەکیشــیدا هەنــگاوی دەســتپێکی راســتەقینەیان بــۆی هەڵێنــاوە و ئــەو بڕیــارە هــەرە پڕســوودەی خۆیانیــان کــە (بریتییــە لــە وازهێنــان و قەدەغەکردنــی جگەرەکێشــان لــە بارەگاکانــی خۆیانــدا) خســتۆتە ســەر راســتەڕێی پیادەکــردن و بــە ئەنجامگەیاندنیــدا. لــە کاتێکــدا (بەنــدە وەك خــاوەن ئەزموونێکــی تاڵــی چــل ســاڵەیی لــە کــرداری چەوتــی جگەرەکێشــاندا پــڕ بــە دڵ دەستخۆشــانەی ئــەو لاوە ئــازا و دڵگــەرم و بەجەرگانــە (ئەندامانــی مەکتەبــی ســکرتاریەتی (ی.ق.ك) و جەمــاوەری خاوەنبــڕوای بەهێــز و پتــەوی

رۆڵـە و بـرا قوتابییـەکان دەکـەم هیـوای ئەوەیـان بـۆ دەخـوازم (ئومێدیشـم زۆرە) لـەم کـردەوە پێشـڕەوییەیاندا بـە بڕوایەکـی نەگـۆڕی پۆڵایینـەوە بـەردەوام بـن و تیاشـیدا بـەرەو ترۆپکـی سـەرکەوتن هەتـا گەیشـتن بـە ئامانجـی بـەرز و پیـرۆز هەرگیـز نـەسرەوون.

جگەرەکێشـان کـە پێویسـت نـاکات لێـرەدا باسـی زیانەکانـی بکەیـن، چ لەبـارەی لـەش سـاخی یـان ئابـووری یانەخـۆ کۆمەڵایەتییـەوە چونکـە ئـەو زیانانـە لـە هیـچ کـەس شـاراوە و پەنهـان نییـە و بـە وێنـەی ڕۆژی ڕوونـاك دیـار و ئاشـکران، تەنهـا وەك بیرەوەرییەکـی سـەردەمی منداڵـی ئـەوە دەگێڕمـەوە کـە لەکاتـی خـۆی لـە قوتابخانـەی سـەرەتایی کۆیـەدا دەمانخوێنـد، مامۆسـتای خۆشەویسـتمان (محەدەمیـن مەعـروف) خـوا تەمەنـی درێـژ بـکات لـە باسـی (سـوودەکانی) جگـەرە لـە ئێمـەی نـەزان و سـاکاری دەپرسـی و دەیفەرمـوو: «دەزانـن سـوودی جگەرەکێشـان چییـە؟» هـەر خۆیشـی وەرامـی پرسـیارەکەی دەدایـەوە و دەیفەرمـوو «جگـەرە سـێ سـوودی هـەرە گرنگـی هەیـە، یەکـەم جگەرەخـۆر دز ناچێتـەماڵیانـەوە، دووەم جگەرەکێـش سـەگ نایگرێـت و سـێیەم جگەرەکێـش پیـر نابێـت! باشـە دەپرسـن چـۆن؟ چونکـە یەکـەم جگەرەکێـش شـەوانە هەمیشـە دەکۆکـێ، جـا لەبـەر کۆکەکـۆك ناخەوێـت و هـەردەم بـە ئاگایـە، بۆیـەکا دز ناوێـری (دزی شـەو!) توخنـی ماڵیـان کەوێـت. دووەم جگەرەخـۆر هـەردەم تەندروسـتی نالەبـارە لـە ڕووی بـێ هێـزی و پێویسـتی بەوەیـە گۆچـان (گۆپـاڵ) یـان دارعەسـایەك هەڵگرێـت، ئەمـەش سـەگەلی لێـوە دووردەخاتـەوە، سـێیەمیش ئەوەیـە جگەرەکێـش زۆر نەسـاغ دەکەوێـت و کۆمەڵـێ دەرد و پەتـای کوشـندەی تـووش دەبـن کـە (لـە ئێـوە و لـە ئێمـەش بـە دوور بـێ) هـەر زوو بـە لاوی سـەردەنێتەوە و ناگاتـە تەمەنـی پیـری!»

جـا لێـرەدا مەبەسـتمە بڵێـم، خۆزگـە هەمـوو ڕۆڵەکانـی کوردسـتان وازیـان لـە جگـەرە ئـەم خۆشەویسـترین دوژمـن و زیانبەخشـترین دۆسـتە دەهێنـا و

خۆیــان لــەم پەتــا نەگریســەی ســەردەم رزگار دەکــرد.. ئەگەریــش نــا، خۆزیــا حکومەتــی هەرێــم چــاوی لــە قوتابییــە خۆشەویســتەکانمان دەکــرد و بڕیارێکــی راســتوڕەوانی دەردەکــرد بــە (قەدەغەکردنــی جگــەرە کێشــان (هــەر هیــچ نەبــێ) لــە ســەرجەم وەزارەت و دامودەزگــە و بەڕێوەبەرایەتــی و فەرمانگــە رەســمییەکانی میریــی و شــوێنە گشــتییەکان و لــە نێــو ریــم و پاســەکانی هاتووچــۆی هاووڵاتییــان وەك هەنــگاوی یەکــەم دواتریــش، پــاش ســەرگرتنی ئــەو هەنــگاوە و راهاتنــی خەڵکەکــەوە ئەوجــا چەنــد هەنگاوێکــی تــر بهاویشــترایە، ئەمەیــش ناشــارمەوە کــە وازهێنــان لــە جگــەرە ئەگەرچــی زۆر ســانا و بــێ ســەر ئێشــە و پرتــەو بۆڵەیــش نابێــت، بــەڵام هێنــدەش ئەســتەم و کاری نەکــردە نییــە وەك ئــەو خەڵکــە بــە هەڵــە تێیگەیشــتوون! تەنیــا ئەوەنــدەی گەرەکــە ئــەو کەســە بــە بــڕواوە جگەرەکــە فــڕێ بــدات و خــاوەن ویســت (ارادە) و بــاوەڕ بێــت (هەروەکــو خــۆم باشــیش نییــە پیــاو باســی خــۆی بــکات) دوای چــل ســاڵ جگــەرە هەڵمژیــن و ژەهــر پەســتانە نێــو ســی و چــڕ و چــاو و هەناومــەوە ئــەوا لــە ١٩٨٥/١/١ ەوە نــەك هــەر دۆســتایەتیم (بگــرە دڵدارییــم!) لــە تــەك ئــەم دوژمنــە خوێنمــژ و پیاوکــوژە دابڕیــوە، بەڵکــو هەمــوو ســاتێکیش نەفرەتــی لێدەکــەم و نەفریــن لــەو رۆژە و لــەو برادەرەیشــم دەکــەم کــە تووشــی ئــەو خــووە هــەرە دزێــو و زیانبەخــش و نەگبەتییــان کــردم!

ئیــتر دەبــا هەمــووان کارەبەدەســتان و جەمــاوەری دلێــر و نەبــەزی کوردســتان چــاو لــە (ســەرە رمەکانــی خەبــات و شــۆڕش) رۆڵــە و بــرا قوتابییــە بــە جەرگەکانمــان بکەیــن و بــلا ئەمســاڵ ســاڵی ئاشــتی و ئاوەدانکاریــی و دەســتکەوتە مەزنــەکان بکەیــن بــە ســاڵی قەڵاچۆکردنــی پەتــای بــە کۆمەڵکــوژی و بــێ ئامانــی (جگەرەکێشــان)!

هەزاران سڵاوی گەرم و ئافەرینیش بۆ کاکی قوتابی.

# گۆڕەپانی ڕووناکی

لای کەس شاراوەنییە کە پاك و خاوێنی و جوانی شار و ڕێکخستنی هاتووچۆی سەرجادە و شەقامەکان لەهەر وڵاتێکدا وێڕای ئەوەی کە پێویستییەکی ژیاریی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی هەرە گرنگە، لە هەمانکاتدا نیشانەیەکی دیاری شارستانییەتیشە، پەیڕەوکردنی ڕێنماییەکان و ملکەچ بوونی خەڵك بۆ یاسا و سیستەمەکان و ڕەمزەکانی ترافیك لایت و پیاوانی هاتووچۆ لەخۆیدا هێمایەکی بەرز و نیشانەی پێشکەوتنە و پلەی باڵای ڕۆشنبیری و هۆشیاریی تاکەکانی ناو کۆمەڵ دەستنیشان دەکات واتە: هەتا خەڵکان پەیوەستی دابونەریت و ڕێنماییەکانی هاتووچۆ بن بە واتا ئەو کۆمەڵگەیە گەشە سەندوو، ڕۆشنبیر و پێشکەوتووە یاخود هەتا کۆمەڵگە ڕۆشنبیر و

پێشــکەوتوو بێــت تاکەکانــی زێدەتــر پابەنــد و ملکەچــی هێــما و ڕێنماییەکانــی هاتوچــۆ دەبــن و پێچەوانــەی ئەمەیــش ســەد دەرســەد راســتە!

ئەرکــی دەزگــە تایبەتمەنــد و پەیوەندارەکانیشــە لــە رادەبــەدەر گرنگــی بــەم لایەنــەی شــار و شــارۆچکەکان بــدەن و هەمــوو پێداویســتییەکانی بــۆ دەســتەبەر بکــەن بــۆ ئــەوەی ژیانــی هاوولاتییــان ئاســوودە و هێمنــی ڕێــڕەوی راســتەقینەی خــۆی بگرێتــە بــەر و کەســەکان بــە پێــی توانــا لــە مەترســیی و گشــت جــۆرە زیانێکــی گیانیــی و جەســتەیی و مــاددی دووربخرێنــەوە کــە لــە ڕووداوەکان (مــروور) و لــە ئەنجامــی پاشــاگەردانی و زێدەڕەوێــی ســەرپێچی کارانــی یاســا و ســنوور بەزێنــە هــەرزەکار و ســەرەرۆییەکانەوە دەقەومێــن!

لـەم ڕووەوە ئـەوەی زۆر سـەرنج ڕاکێشـە (گۆڕەپانـی (یاخـود سـاحە)ی ڕووناکـی) یـە کـە دەکەوێتـە نێـوان گەڕەکەکانـی (ڕووناکـی، موفتـی، ئەندازیـاران، کشـتوکاڵی «زراعـە») و تێکـڕا چـوار شـەقامی سـەرەکییە، بەواتـا هەشـت هێڵـی هاتووچـۆی ئۆتۆمبیلــی لەســەرە و لەوێــدا تێکدەکەنــەوە، جگــە لــە هاتووچــۆی پیــادەڕۆ و پایســکل و ماتــۆڕ و جۆرەکانــی تریــش، ئــەوەش بەهــۆی گرنگــی هەڵکەوتنــی شــوێنەکەوەیە کــە لــە هەمانکاتــدا بــە گەڕەکــە هــەرە جەنجاڵەکانــی (بــاداوە و مەنتــکاوە و ئیسکان)یشــەوە بەســتراوە و تێکەڵــی شــەقامە ســەرەکییەکانی ٦٠ مەتــری و ١٠٠ مەتــری و جادەکــەی هەولێر-کەرکــووك دەبێتــەوە و ئێســتە نیمچــە بازاڕگەیەکـی ڕێکوپێـك و ئاوەدانـی تـازە بابەتـی بەخـۆوە گرتـووە کـە تـا راددەیــەك لــە هەرمێندایــە.

وێـڕای هەمـوو ئەوانەیشـەوە ئـەم (گۆڕەپانـە) نـە کـەس ئاوڕێکـی لێدەداتـەوە، نــە ڕێکخــراوە و نــە (ترافیــك لایتــی) بــۆ دانــراوە و نــە پۆلیســی هاتووچۆشــی هەیــە! لەبــەر ئــەوە کاروبــاری هاتووچۆکردنــی تیایــدا ئاڵــۆزکاوە و بــە دروســتی نــاڕوات بەڕێــوە. ســەرباری ئەمــەش ناشــکوری نەبــێ بەهــۆی سروشــتی شــوێنەکە خۆیــەوە و لەبــەر دوورەدەســتیی لــە چــاوی یاســا و لێپــرسراوان و لــە ئەنجامــی

حـەزی سەرشـێتانەی هەنـدێ کـەس بـۆ لاسـاریی و سـەرپێچی بـۆ یاسـا بەزاندنـدا زۆرجـاران ڕەوشـی گۆڕەپانـە سەرلێشـێواوەکە بـە ئێجـگاری دژوار و جەنجـاڵ و ئاڵـۆزکاو دەبێـت و پیـاو سەراسـیمە و حەپەسـاو دەبـێ و مەترسـی لێکـدان و بـە ژەێـرەوە کـردن و ڕووداوی دڵتەزێنـی زۆر نزیـك دەکەوێتـەوە! تـا ئێسـتەیش جارەهـا ئەمانـە ڕوویانـداوە ئەگەرچـی سـوپاس بۆخـودا زیانەکانیـان سـووك بـوون.

جـا بـۆ دانانـی سـنوورێك بـۆ ئـەو بەرهەڵڵاییـە و لـە پێنـاوی بنبڕکـردن یـان هـەر نەبـێ کەمکردنـەوەی ئەگـەری مەترسـیی و زیـان بـە خەڵـك گەیانـدن و هەروەهـا بـە مەبەسـتی ڕێکخسـتنی کاروبـاری هاتووچـۆ بـە شـێوەیەکی ڕێکـو شارسـتانییانەوە داوا لـە کاربەدەسـتانی پەیوەندیـدار لـە وەزارەتەکانـی شـارەوانیی و ناوخـۆ دەکـەم ئاوڕێکـی بـە پـەرۆش و بـە پەلـە لـە وەزعـی ئـەم سـاحە بێنـازە بدەنـەوە و چارەیەکـی گونجـاوی بـۆ بکـەن بـە:

١- ڕێکخسـتن و دروسـتکردنی فولکەیەکـی بازنەیـی یـان چوارگۆشـەیی زۆر مۆدێـرن کـە مـاوە بـۆ ئۆتۆمبیلـەکان نەهێڵێتـەوە بـۆ هیـچ جـۆرە سـەرپێچی و موخالەفەیـەك لـە وێـدا.

٢- دانان و چەسپاندنی چراکانی هاتووچۆ (ترافیك لایت).

٣- تەرخانکردنـی پیاوانـی هاتووچـۆ کـە ڕۆژانـە لـەوێ ئامـادە بـن بـۆ ئـەوەی کاروبارەکـە وەکـو پێویسـت ببـەن بەڕێـوە و سـەرپێچیکارانیش بـە سـزای یاسـایی خۆیـان بگەیەنـن. تـا ئـەوکات خەڵکانـی ناوچەکـە بۆیـان هەبـێ بـە شـانازیەیوە بڵێیـن ئـەم (گۆڕەپانـەی ڕووناکـی)ش بەشـێکە لـە شـاری هەولێـری پایتەختـی کوردسـتان، نـەك مۆڵگەیەکـی لاپەڕگـەی بەرئاوایـی گوندێکـی پشـتگوێخراوی دوورە شـار! بـە هیـوای ڕەنجـی دڵسـۆزانەی کاربەدەسـتانەوە چـاوەڕوان دەبیـن.

# بایەخدان بە پەککەوتە و کەمئەندامان

هەندێ کەس هەر بە زگماك یان لە ئەنجامی رووداوی دڵتەزێن و شەڕ و شۆڕەوە کەمئەندام و پەککەوتە دەبن و بەهۆی ئەوەشەوە دووچاری جۆرەها کێشە و گیروگرفتی کۆمەڵایەتی و ژیاری و تەنانەت دەروونیش دێن. بە شێوەیەکی گشتیش زۆربەی هەرە زۆریان کەمئەندامییەکەیان جەستەییە، واتا دەست، قاچ، یاخود هەر ئەندامێکی دیکەی لەشیان لە دەستداوە یان لە کارکەوتووە، کەچی لە رووی عەقڵ و هۆش و سۆزەوە نەك هەر هیچ کەموکوڕییەکیان نییە، بەڵکو زۆریش بە توانا و بیرمەندتر دەبن و بە جۆرێك دەتوانرێ کەڵك و سوودیان تا ئەوپەڕی لێوەرگیرێت و بە گوێرەی ئامادەباشیی و پسپۆری تایبەتمەندییەتی خۆیانەوە کار و فرمانی ورد و گرنگیشیان پێ

بسـپێردرێت. وەلـێ، بەداخـەوە لـە کۆمەڵگـەی ئێمـەدا، تـا ئێسـتا بـە پێچەوانـەوە لەبــەر دیــد و بۆچوونــی هەڵــە و هەنــدێ ڕێنمایــی یاســاییەوە زۆران کۆســپ و ئاسـتەنگیان دەخرێتـە پێـش بـە دژی بنەمـا ڕەسـەنەکانی مرۆڤایەتـی و سـادەترین مافـی سروشـتی مرۆڤـەوە و بەشـێوەیەك ڕەفتاریـان لەگەڵـدا دەکـرێ کـە دەبێتـە هـۆی پێشـێلکردنی مافەکانـی تاکەکەسـی و ئـەم توێـژە بەشـمەینەتە ڕووبـەڕووی زوڵمێکـی زۆر دەکاتـەوە و دیمەنـی ژیانیـان لـە بەرچـاو تـاڵ و ناشـیرین دەکات.

ئـا لێـرەوە دەکـرێ و پێویستیشـە لـە لایـەن حکومـەت و دامودەزگاکانـی هەرێـم و تەنانـەت هاووڵاتیانیشــەوە، شــان بەشــانی کۆمەڵــە و ڕێکخــراوە خێرخوازییــە (N.G.O)کان و دەزگاکانــی ســەربە نەتەوەیەکگرتووەکانــەوە (UN) ئاوڕێکــی جیدییانــە لــەم هاونیشــتمانیانە بەتایبەتــی بێکــەس و هــەژار و نەدارەکانیــان بدرێتــەوە و لایەکــی پڕبایەخیــان لــێ بکرێتــەوە، وەکــو پێویســت گرنگیــان پــێ بدرێــت و هــاوکاری و کۆمەکــی بکرێــن و یارمەتــی بدرێــن، بــە دەرکردنــی بڕیــار و یاســای تایبەتمەنــد ئاســانکارییان لــە ژیانــدا بــۆ بکرێــت و ئاســتەنگەکانی ســەر ڕێگایــان بــۆ لاببرێــن.. خــاوەن بڕوانامــە و پیشــەوانەکانیان لــە ڕشــتەی پسـپۆرییەتی خۆیانـدا دابمەزرێندرێـن، کۆمەڵەیـان بـۆ ڕێکبخرێـت و یانـەی تایبـەت بـە خۆیانیـان بـۆ بکرێتـەوە. هەروەهـا لـە نێـو پـاس و لـە نەخۆشـخانە و لـە شـوێنە گشـتییەکاندا داشـکانیان بـۆ بکـرێ و خولـی مەشـق و ڕاهێنانـی تایبەتیـان بـۆ سـاز بدرێـت بـۆ ئـەوەی هەسـت بـە ئازارەکانـی کەمئەندامیـی و گرێـی خۆبەکەمزانیـن نەکـەن و کەمئەندامییەکەیـان لـێ نەبێتـە (عەیبـە) و دێوەزمـە، لـە کۆمـەڵ دایاننەبڕێـت. چونکـە ئەمانـە کەمتریـن و سـاکارترین مافێکـی خۆیانـە و ئەرکێکـە بـە ئەسـتۆی کۆمــەڵ و دامــودەزگا و لێپرســراوانــە لــە زۆربــەی وڵاتانــی پێشــکەوتووی جیهانــدا پەیــڕەوی لێکــراوە.

# جەژن و جەژنانە

٢٠٠١/١/١

گەلـــی کوردســـتان ئیمســـاڵ رەمەزانێکـــی ئێجـــگار خـــۆش و ئاســـوودە و پڕخێروبێریـان بەسـەربرد، ئەوەشـی هێنـدەی تـر رەمەزانەکـەی دڵگیرتـر کـرد ئـەوە بـوو سـەرەتای ئـەم مانگـە پیـرۆزە (بەرەحمـەت دەسـتی پێکـرد) بەهـۆی ئـەو بارانـە زۆریـەوە کـە ماوەیـەك بـوو دوای وشکەسـاڵی پـار و نائومێـدی ئـەم پاییـزە هیشـکەوە، خەڵـکان زۆر بـە پەرۆشـەوە لـە چاوەڕوانیـدا بـوون و بـە تاسـەیەوە دەسـووتان و تەنانـەت (نوێـژە بارانە)یشـیان بـۆی کردبـوو. ئەوەبـوو دەسـتپێکی مانگـی رۆژوو گرتـن (رەمەزانـی پیـرۆز) بـاران کەوتـن و هەروەهـا کۆتاییەکەیشـی بــە بــاران و تــەرزە و بەفــر برایــە ســەر. ئەوجــا جەژنــی رەمەزانــی ئەمســاڵ هـاوکات لەگـەڵ جەژنەکانـی (کریسـمیس و سـەری سـاڵی) بـرا مەسـیحییەکانماندا

یەکیـان گرتـەوە و یەکەمیـن جەژنـی پیرۆزبـوون لـە سـاڵی تـازەدا (سـاڵی ٢٠٠٠) و لـە هـەزارەی تـازەدا (هـەزارەی سـێیەم) وەك زۆربـەی تۆژەرەوەکانـی جیهـان دایاننـاوە، هەرچەنـد بـەلای منـەوە هێشـتا ماویەتـی و دەبـوا سـاڵی ٢٠٠٠ ببرێتـە سـەروو لـە٢٠٠١/١/١ سـەدەی بیسـت و یەکـەم و هـەزارەی سـێیەم دەسـتی پێبکردایـە بەهەرحـاڵ ئـەم رەمـەزان و خێروبێـر و بـاران و تەڕوتووشـی و جەژنانـەی تـر، زیاتـر لای کۆمەڵانـی خەڵکـی کوردسـتان بەچێژتـر و دڵخۆشـکەرتر بـوون وەختـێ حکومەتـی هەرێـم کابینـەی چـوارەم لـە دەسـتپێکی ئەرکەکانـی خۆیـدا، بڕیـاری پێدانـی پێشـوەختەی (مووچـەی) مانگـی کانوونـی دووەمـی فەرمانبـەر و کارمەندانـی کوردسـتانی وەرگـرت و بـەم کارەی دڵ و دەروونـی خێزانانـی ئـەو توێـژە بەرفرەوانـەی فێنـك کـردەوە و ناومـاڵ و ئاگردانەکانیانـی بـۆ گـەرم داهێنـان و بـوو بـە مایـەی بەختـەوەری و سوپاسـگوزاری هەمـوو لایەکـەوە. بـەڵام لێـرەدا خاڵێـك هەیـە کـە تـا رادەیـەك لـە تـام و چێـژی ئـەو کارە خێرخوازانەیـە کـەم دەکاتـەوە ئەویـش ئەوەیـە هەنـدێ دەسـتە و گـرۆی مووچەخـۆران کـە ئـەم (مووچـە) پێشـوەختەیان وەرگرتـووە و زۆریـش بێباکانـە بـە بۆنەی(جەژنـەوە) خەرجییـان کـردووە دەسـتیان پێوەنەگرتـووە، دەبـێ بـۆ مـاوەی زێـتر لـە پەنجـا رۆژ چاوەڕوانـی وەرگرتنـی مووچـەی داهاتوویـان (مانگـی شـوبات) بکـەن کـە ئەمەیـش بـە گوێـرەی بارودۆخـی ناهەمـوار و نرخـی بـەرزی کەلوپەلـی بـازاڕ و بەهـۆی سـەختی گوزەرانـی کـەم دەرامەتانـەوە ماوەیەکـی ئێجـگار درێـژ و نابەجـێ و پـڕ لـە کەسـەر و دەردەوە، گوزەراندنـی ئەوەنـدە بۆیـان سـانا نییـە. بۆیـەکا لـە زۆر لاوە لـەم خەڵکـە بـێ دەرەتـان و دەسـت نەڕۆیشـتووانەوە بـە چرپـەوە زۆرجاریـش بـە دەنگـی بـەرز گوێبیسـتی ئـەوە دەبیـن کـە دەڵێـن بـۆ ئـەوەی جەژنـەکان هەنـدەی دی مجێـز و کەیفـی جەمـاوەر سـاز بکـەن و ئارامیـی و خۆشـییان پـێ ببەخشـن و کـورد واتەنـی (بـبن بـە دوو جـەژن) ئـەوا پێشـنیاز دەکـەن (هەقیشـیانە) و هەمـووان ئومێـدی ئـەوە دەخـوازن حکومەتـی

هەرێمـی کوردسـتان بـە بڕیارێکـی لـەوەی پێشـوو دڵخۆشـکەرانەتر تارمایـی ئـەم خەمەشـیان لـێ بڕەوێنێتـەوە و ئـەم (مووچـە پێشـوەختە)یان پـێ ببەخشـێت و وەك میحنەیـەك بیـكات بـە (جەژنانـە)! ئەمەیـش لـە دڵفراوانیـی و چاوتێریـی و بەخشـندەیی کابینـەی چـوارەم نـەك هـەر بـە دوور نازانرێـت بەڵکـو شـتێکی ئاسـایی و چاوەڕوانکراویشـە و لەمـە زیاتریـش لێیدەوەشـێتەوە، خـوا دەسـت بـە باڵیانـەوە بگـرێ و هەمیشـە سـەرکەوتوویان کات.. ئەمـە وێـردی سـەر زوبـان و خواسـتی خەڵکەکەیـە و مـن لـە زاری ئەوانـەوە دەیگەیەنـم و جەژنـی هەمـوو لایـەك سـەدجار پیـرۆز بێـت. بـە ئومێدیشـین بەراسـت بگەڕێـت.

# ئەرك و بایەخی شارەوانی

شـار، شارسـتانی، شـارەداری و شـارەوانی وشـەگەلی سـەر بـە خێزانێكـن و لەگـەڵ یەكتریـدا ئاوێتـە و پێوەندیـدارن و گوزارشـت لـە كۆمەڵگـە و شـوێنی گردبوونـەوە و نیشـتەجێی مرۆڤـەكان دەكـەن و هـەر لـە دێـرِ زەمانـەوە هاتوونەتـە نێـو فەرهەنگـی مرۆڤایەتـی.. پـێ بەپـێ و هەنـگاو بـە هەنـگاو پەرەیـان ئەسـتاندووە و چمكـی جیـاوازی هەمەجۆریـان لەخۆگرتـووە، مانـای فراوانیـان بـۆ لێكدراوەتـەوە، لـق و پۆپـی زیاتریـان بـۆ لێبوونەتـەوە تـا لـە رۆژگاری تـازەدا ئەركـی تـازە بابەتـی سـەردەمیان بـۆ پەیـدا بـووە و بایـەخ و گرنگـی زێـدە بەرچاویـان پێـدراوە، كاروچالاكـی فرەلایـەن و هەمـە بابەتیـان پـێ ئەسـپێردراوە و بـە تایبەتـی كـە شـار ئێجـگار گـەورە و بەرفـراوان بوونـە.

بە گشتی ئەرك و گرنگی شارەوانی دەگۆڕێت لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر. بەپێی سیستەم و پێشڤەچوون و پەرەئەستاندنی پلەی شارستانییەت و جۆری بیرکردنەوەی کەسەکان و دامودەزگەکانیانەوە. لە راستیدا لە وڵاتانی رۆژئاوادا و وڵاتە پێشکەوتووەکان بە گشتی گرنگییەکی لە رادەبەدەری پێدراوە، ئەرك و کرداری هەرە بەهاداری پەیوەست بە ژیان و ژیاری هاووڵاتیانەوەی لە ئەستۆ خراوە. بە شێوازێك کە لە زۆر لایەنەوە لە ئەرك و دەسەڵاتدا لە پێشەوەی سەرجەم دامودەزگاکانی نێوشارەکانەوە دێت. پایەی سەرۆکی شارەوانی بە هیچ کلۆجێ لە پلە و پایەی خودی پارێزگاریش کەمتر نییە، هەربۆیەشە، دەتوانێ تەواوی کار و خزمەتگوزارییەکان لە سنووری شارەوانییەکەیدا بەبێ کەموکوڕی راپەڕێنێ.

بێگومان شارەوانی رۆڵێکی ژیاری هەرە گرنگ دەگێڕێ و زۆر لە نزیکەوە و راستەوخۆ بە زۆربەی بوارەکانی ژیانی هەموو هاووڵاتیانەوە پەیوەستە. هەر لە پاك راگرتنی نێوشار و جوانکردنی شەقام و کوچەو کۆڵانەکان و بەشداری و سەرپەرشتیکردن لە هێلکاری و دانانی نەخشە و پلانەکانی رێکخستنەوەی شار و دەستبەسەرداگرتنی بازاڕەکان و چاودێری پاکوخاوێنی و نرخ و بەهای خۆراك و کۆنترۆڵکردنی پرۆسەی ئاڵۆزی هاتووچۆی نێوشار و دانانی هێما و نیشانەکانی سەر رێگەوبان و گۆڕەپان و شوێنەکانی وەستان و پەرینەوە، لە چوار ریانەکاندا، دابەشکردنی زەوی وزار و مۆڵەتپێدانی دروستکردنی ساختومان و داڕشتنی نەخشەسازی مۆدێرن بۆ رێکخستنەوەی پەرەپێدانی شار و دەستنیشانکردنی شوێنە گشتییەکان و چاندنی دارودرەخت و گوڵی هەمەجۆر و دروستکردنی پارك و سەیرانگە و پاراستن و چاودێریکردنیان، هەروەها بایەخدانی زیاتر بە باری تەندروستی و دابینکردنی کارەبا و تەلەفۆن و ئاوی پاك و ئاوەڕۆ، ئەمانە و زۆران ئەرك و کرداری دیکەی پێویست لە

ئەستۆی شارەوانی دانە. بەڵام بێگومان شارەوانی و دامودەزگاکانی بەبێ هاوکاری و بەشداری تەواوی هاوڵاتیان و لایەنەکانی دیکە، ناتوانێت بە شێوەیەکی دروست بەو هەموو ئەرك و فەرمانانەی هەڵسێت، بۆیە زۆر پێویستە سەرجەم فەرمانگە و دامودەزگە نێوخۆییەکان و ئەوانەی لە نزیکەوە پەیوەندییان بەوکارانەوە هەیە وەکو وەزارەتی ناوخۆ-پۆلیس و ئاسایش، تەندروستی، پیشەسازی، پەروەردە و پلاندانان، بازرگانی گواستنەوە وگەیاندن.. هتد.

هەروەها دانیشتوانان بە هەموو چین و توێژەکانیانەوە بە پەرۆشەوە هاوکاریی و هەماهەنگی لەتەك شارەوانیدا بکەن. وەك ئەرکێکی هەرە پیرۆزی سەرشانیان بەشداری لە راپەڕاندنی ئەو ئەرکانەیدا بکەن و بۆ ئەنجامدانیان هەرگیز کەمتەرخەمی نەنوێنن. دەشێت بودجەی باش و کارمەندانی تەواوی بۆ دابین بکرێت. بەمشێوەیە دەکرێ شار و شارۆچکە و کۆمەڵگەکانمان بەرەو پێشەوە بەرین، بە ئامانجی گەیشتنەوەمان بە شوێنە دڵگر و پێشکەوتووەکانی دیکەی جیهان. هەنگاوگەلی راست و دروست بهاوێژین و بە کەناری ئارامی و ئاسوودەیی شادبین.

# کێ جوانە!

٢٠٠٥/١/١٢

لـە وەرامـی برایەکـی ڕۆژنامەنووسـدا لەبـارەی (جوانی)یـەوە دەڵێم یەکـەم: جوانیی پێناسـەیەکی ڕەهـای گشـتگیری بـۆ نییـە کـە بەهۆیـەوە (جوانـان) دیـاری بکەیـت، بەڵکـو (جوانیـی) شـتێکی ڕێژەییـە و لـە کەسـێکەوە بـۆ کەسـێکی تـر و تەنانـەت لـە کۆمەڵگەیەکـەوە بـۆ یەکێکـی تـر دەگۆڕێـت، دەشـێت و زۆریـش سروشـتییە کـە ئەوەی بـەلای کەسـێکەوە (جوان)بـێ بـەلای کەسـانی تـرەوە (ئاوەهـا) نەبێـت، یـان ئـەوەی لـە نێونەتەوەیەکـەوە لـە کۆمەڵگەیەکـدا بـە (جـوان) بناسرێـت، لای نەتەوەیەکـی دیکـە و لـە شـوێنێکی جیـاوازدا (بـەو شـێوەیە) نەبینرێـت، یـان هـەر پێچەوانەیـش دەرچێـت.

دووەم: (جـوان) بـەلای منـەوە ئەمانـەن: هـەر ئافرەتـێ ڕەوشـتی پـاك و بەحەیـا و دەسـتەرەنگین بێـت، هـەر مرۆڤـێ گوتـار و ڕەفتـاری وەك یـەك بـن، هـەر کەسـێ

بەرژەوەندیی گشتی بخاتە پێش بەرژەوەندیی خۆیەوە و ڕێزی یاسا بگرێت و خۆی لە پێناوی گەل و نیشتماندا بەخت بکات. دیمەنی وەرزێڕ لە نێو کێڵگە و پاڵە لەسەر کار و شوان بە شمشاڵەوە لە نێو ڕانەمەڕ و مامۆستا و منداڵە ڕۆح سووکەکان لە نێو قوتابخانەدا. بزە و خەندەی کۆرپەی ساوا، دڵسۆزیی و ڕاستگۆیی و وەفاداریی، ئەو پزیشکەی هەردەم بە ویژدانەوە لە خەمی چارەسەرکردنی نەخۆشەکاندایە، ئەو کەسەی گیانی هەر گیانلەبەرێکی بێوەی لە مردن ڕزگاری دەکات. ئەو پۆلیسەی هاتووچۆ کە بە یاسا پرۆسەی هاتووچۆ لە شەقام و فولکە و ترافیك لایتەکاندا ڕێکدەخت.

سروشتی دڵڕفێنی کوردستان.. گزنگی خۆری بەیانیانی بەهار و هاوین و زەردەپەڕی لوتکەی شاخە بەرز و سەرکەشەکانی. گوڵێکی گەش لە ڕۆخ کانیاوێکی ڕوونی بناری کێوێك.

جووتە کوترێك یان دوو باڵدار بەیەکەوە لە نێو هێلانەدا بە دەنووك یەکدی دەخۆنەوە، یان دان و ئاو دەڕێژنە قۆرگی بێچووەکانیانەوە.

ئاڵای شەکاوەی کوردستان.

ئەو باڵەخانە قەشەنگانەی لە هەولێر و شارەکانی تری کوردستاندا ڕووەو ئاسمان هەڵدەچنرێن و شەقامە بەرین و بەرزە پردەکانمان، فڕۆکەخانە و فڕۆکە نەفەرهەڵگرەکان بە ئاسمانی هەولێرەوە گوندە تازە ئاوەدانبووەکانمان، هەر بەرهەمێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری کە ڕاستگۆیانە گوزارشت لە خۆشیی و ناخۆشییەکانی مرۆڤ دەکاتەوە. ئەو ئازادییەی ڕێز لە سنووری ئازادییەکانی خەڵکی تر دەگرێت. سەروەریی یاسا و بەرقەرارکردنی دادپەروەریی و ئاشتی و ئارامیی و ئاسایش لە نێو کۆمەڵگەدا.

ڕێکخستنەوەی نێوماڵی کورد و یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی ئیدارەکەی کوردستان! هەموو ئەمانە و هاوشێوەکانیشیان (تاجە گوڵێنەی جوانیی) بۆخۆیان دەبەنەوە.

# تازە بووکەکانی پایتەخت

ئـەوەی لـەم ڕۆژانـەدا بـۆ ئێمەومانـان سـەرنجراکێش و مایـەی شـادمانیمانە و دڵگوشـاد و چـاوان ڕووندەکاتـەوە ئەوەیـە کـە لـە نێـو گۆڕەپـان و بەسـەر زۆربـەی جـادە و شـەقامەکانی هەولێـردا ژمارەیەکـی زۆر لـەو (پـاس)ە نوێیانـە بەرچـاو دەکـەون کـە بەنـاز و فیزێکـەوە دێـن و دەچـن هـەر دەڵێـی تـازە بووکـن لەنجـە دەکـەن و لاف و گـەزاف بـە سـەر هاوڕێکانیانـەوە (کۆنـە ریمـە شـەپڕێوەکان) لێـدەدەن. لـە ڕاسـتیدا ئـەم پاسـە تازانـە ئەوەنـدە جـوان و قەشـەنگ و هێنـد خۆشـڕەوت و پـاك و خاوێـن و بـە دیمـەن دڵگـر و ناسـکن مـرۆڤ هـەر حـەز دەکات هاتووچۆیـان پێـوە بـکات و هەرگیـز لـە سـەیرکردنیان وەڕەس و بێـزار نابێـت!

لەگەڵ ئەوەشدا روخسارێکی شارستانیانەی دڵڕفێنیشیان بە پایتەختی هەرێم بەخشیوە، لەوە گرنگتر لە رووی تەندروستییەوە نابنە فاکتەر و هۆی پیسبوونی ژینگە، بە پێچەوانەی ریمە کۆنە پەکەوتووەکانەوە و ئەوانەی وەکو خەڕەك و کەچە چەپڕەك بە شووشەی شکاوی پەنجەرە و بە بەرگی چڵکن و دڕاوی کورسییەکانیان بە تڕە تڕی (مەکینە) شڕە و بە پڕە پڕی دووکەڵکێشە (ئەگزۆز) هەڵزڕاوەکانیانەوە کە بە چەشنی کووورەی خەڵووز (رەژوو) ژەهری یەکەم و دووەم ئوکسیدی کاربۆن بە شاردا دەپژێنن، دڵ و مێشکی مرۆڤەکان بێزار و نیگەران دەکەن و لە هەمانکاتیشدا دەبنە مایەی پیسبون و ژەهراویکردنی کەشوهەوای دەوروبەریشەوە.

دەڵێم ئەم پاسە تازانە بەراستی دیارییەکی نایاب و بەهادارن، دەستخۆشی و پیرۆزبایی گەرم لە خاوەنە بەڕێزەکانیان دەکەین و هیوا دەخوازین نموونەیان زۆرتر و زۆرتر بێ و نوخشە لە (ریمە) دووڵکەدەرە تەنگە نەفەس و ماندووەکانی تریش بێت (ئەوانەی وەك پیرە بارگین کە لەهەر چوارپەلیان تەنیا گوێچکەیان بە ساخی ماوەتەوە و بە ئاستەم نووزەیان دێ و ئەگەر بە زەبری (نەقیزە) نەبێ شاقاویان بۆ ناهاوژێرێت). تکای گەرم و ئاواتی بەرزیشم لە هاوشاریانی خۆشەویست ئەوەیە گرنگی و بایەخی تەواو بەو دیارییە پڕ بەهایە بدەن و هەروا بە جوانی و پاکو خاوێن و بەساخی بیانپارێزن.

زۆریش پێویستە هەر هەموومان ئەو (پاسانە) بە موڵکی تایبەتی خۆمان بزانین و وەك سامانێکی گشتی شار سەیریان بکەین و بەو چاوەوە هەڵسوکەوتی دروست و رەوایان لە بەرامبەردا بنوێنین، چونکە لە کۆتاییدا ئەمانە (پاسەکان) هەر هی خۆمانن و هەر بۆخۆشمانن!

ئیتر چاوەڕوانی هیممەتی مەردانەی هەموو ئەوانەین کە پەرۆشی هەر دیمەن و روخسار و دیاردەیەکی شارستانییەن.

# وا مۆمێکی تریش کوژایەوە

# بەبۆنەی چلەی مامۆستا تاهیر سەعیدەوە

زۆرن ئەوانـــەی وەکـــو مـــووم ســـووتان و هەمـــوو تروســـکەیەکی ژیانیـــان بـــۆ ئـــەوە تەرخـــان کـــردووە هێـــزی تاریکیـــی راوبنێـــن و رێـــگای نۆتـــەك لـــە بـــەردەم رۆڵەکانـی گەلـدا روونـاك بکەنـەوە، ئەوانـەی لـە پێنـاوی ئـەو ئامانجـە پیـرۆزەدا هەمـوو وزەیەکیـان خسـتۆتە کار و بـە گشـت هێـز و توانـاوە کۆششـیان کـردووە لــە هیــچ کۆســپ و تەگــەرە و مەترســی ســڵیان نەکردۆتــەوە و هیــچ تەوژمێــك رێـی پێنەگۆڕیـون و هیـچ بەرژەوەنـدی و خودپەرسـتییەك ساردی نەکردوونەتـەوە. ئەوانـــەی رۆژ و شـــەویان بەیەکـــەوە گرێـــداوە و هەمـــوو جـــۆرە قوربانییەکـــی پێویستیشـیان داوە و تـا دوا هەناسـەی ژینیـان مەردانـە و بەوپـەڕی دڵسـۆزی و بـە ئومێـدی ئـەو ئامانجـە پاکـەوە سـەرقافڵەچی کاروانـی خەباتـی رەوای نەتەوەکەیـان

بــوون و لــەم ڕێبــازەدا بــە تاڵــە موویــەك لایــان نــەداوە.

زۆریشــن ئەوانــەی وێــڕای ئــەو مەزنایەتییەشــیانەوە کــە کــۆچ دەکــەن زۆر بــە بێدەنگییــەوە ســەردەنێنەوە و ماڵئاوایــی لــە دنیــای ئــاوات و هیــوای بــەدی نەهاتــووەوە دەکــەن!

یەکێــك لــەو کەڵــە مێــردە جوامێرانــە مامۆســتای خوالێخۆشــبوو طاهــر ســعید کریــم کــە لەســاڵی ١٩٢١ لــە شــاری کۆیــە لــە دایــك بــووە. ئــەو مرۆڤــە بــە جەســتە بچــووك و بــە دڵ و هــۆش و بیــر مەزنــە، ســەرتاپای تەمەنــی خــۆی بــۆ ســەرفرازی و بەختــەوەری گــەل و نیشــتمانەکەی تەرخانکــردووە و هــەر لــە ســەرەتای هەرزەیــی و لــە تافــی لاوێتییــەوە بــە فێرکردنــی وەچــەی نــوێ و بڵاوکردنــەوەی تیشــکی خوێنــدەواری و بەســەوادییەوە خەریــك بــووە و پــتر لــە ســی ســاڵ لــە قوتابخانــە و شــوێنە جۆراوجۆرەکانــی وڵاتــدا مامۆســتا بــووە جگــە لەمەیــش هــەر لــە ڕۆژگاری (هیــوا) و لەگــەڵ ڕەوتــی کاروانــی کوردایەتیــی ئاشــنا بــووە و لێیدانەپچــڕاوە.

مامۆســتا تایــەر هەرچەنــد بــە بێدەنگــی و تــا ڕادەیــەك بــە کەساســییەوە لــە بەرەبەیانــی ڕۆژی ١٩٨٩/١٢/١٨ دا لــە تەمەنــی ٦٨ ســاڵیدا کۆچــی دوایــی کــرد و تەرمــی پیــرۆزی لــە گۆڕســتانی (کەکــۆن)ی کۆیــێ تەســلیم بــە دایکــی نیشــتمان کــرا. بــەڵام هــەردەم یــادی لــە ناومانــا زینــدووە و هەرگیــز لــە بیــر ناچێتــەوە.

چونکــە لــە هەمــوو ژیانیــدا ئــەو ڕێگایــەی گرتبــووە بــەر کــە ڕێبــوار بــەرەو جاویدانیــی دەبــات، ڕێبازێــك کــە لــە هەمــوو شــوێن و ســەردەمێکدا هــەر ڕاســت و پیــرۆز و نەمــرە.

ڕێــی دەســت و دڵ پاکیــی و ڕاســتگۆیی و هەقپەرســتی و نیشــتمانپەروەری و گەلویســتی! مامۆســتا تایــەر ســەرەڕای ئەمانەیشــەوە مرۆڤێــك بــوو قســەخۆش و چاوتێــر و دنیــا نەویســت و ئــازا و بەجەــرگ و نەبــەز لــە پێنــاو هــەق و ڕاســتیدا ســەری بــۆ کــەس دانەنوانــد و بگــرە زۆرەهــا ســزا و ئەشــکەنجە و ئــازاری چەشــتووە. چەنــدان جــار گــوازە گــواز و جێگۆڕکــێ و دوورخســتنەوە و دەربــەدەری

پێکراوە بە تایبەت لە سەردەمی پاشایەتیی گۆڕبەگۆڕدا. بۆ ئەوەی کارێکی تێبکات و یا رەفتارێکی ناهەمواری پێ ئەنجام بدات!

هەروەها خوالێخۆشبوو مامۆستایەکی زێدە زیرەك و زانا و ژیر بوو، لە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی شارەزا بوو، لە هەموو وانەکانی دیکەی قوتابخانە دەستی باڵای هەبووە و لە هیچیان دانەماوە.

لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە مامۆستای نەمر رەوشەنبیرێکی ئاکار گەورە و خوێنەرێکی سەرسەختی هەمیشە تامەزرۆ و عەوداڵی خوێندنەوەی ئەدەبی و زانستی بوو. وێڕای ناتەواوی تەندروستی و کزی چاوەکانیشەوە هەتا مردیش لە خوێندنەوە هەر وازی نەهێنابوو.

لەو رۆژنامە و گۆڤار و کتێبەش کە دەیخوێندنەوە زۆر بە وردی لە نووسینەکان رادەما و بە ورییەوە دەیخوێندنەوە، هەر وەك پسپۆڕێك. مامۆستا هەرچەند بە نووسین هیچی دیار نییە، بەڵام لە خوێندنەوە و بۆچوون و بیرکردنەوەدا دەتوانم بڵێم یەکێ لە رۆشنبیرە هەرە مەزنەکانمان و خاوەن هەڵوێست بوو. لە زۆر بۆنە و بواردا پرسی پێدەکرا و رای وەردەگیرا و زۆربەی کاتیش راوبۆچوونەکانی راست و بەجێ و سوودبەخش بوون.

سەد حەیف و مخابن ئەم بلیمەتە خەم و پەژارە و کۆست و بەدبەختی یەخەیان بەرنەدا و نەیانهێشت تاوێ بحەسێتەوە. زۆری ناڵاند بەدەست جەور و ستەمی رۆژگارەوە و تەنێکی یەکرەوی لەش لەڕ و لاواز و بێهێز، چاو کزی و کۆمەڵێك نەساخی، سەرباری هەمووشیانەوە (بە ناحەق شەهید کردنی کوڕە مامۆستاکەی لە باوەشی خوشکیدا و لە رێی بەجێگەیاندنی ئەرکی مامۆستایەتی لە دێهاتی کوردستاندا) دڵە ناسك و بیمارەکەی بەرگەی نەگرت و سەرەنجام هەر بەو داخەوە سەری نایەوە و مۆمەکەی کوژایەوە.

جێگەی داخیشە زاتێکی ئاوەها شکۆدار فەرمانی خودای بەجێهێنا و دنیای سپڵەی جێهێلا بێ ئەوەی مافی رەوای خۆی پێ بدرێت و ئەوی

پێویســتە بــۆی بکرێــت. ڕووی گازانــدە و گلەیــش ئاراســتەی زۆر لایــەن دەکرێــت بــە تایبــەت بەڕێوەبەرێتــی پــەروەردە و نیقابــەی مامۆســتایان کــە خوالێخۆشــبوو هــەر لــە ســەرەتای دامەزراندنیــەوە ئەندامێکــی چــالاك بــووە و ســاڵەها (پێــش ئــەوەی خانەنشــین بێــت) دڵســۆزانە خزمەتیانــی کــردووە و بــۆی لــەکاردا بــووە.

ئیــتر هــەزاران ســڵاو لــە گیانــی پــاك و ڕەوانــی شــاد بێــت، تــۆ چوویتــە ڕێــزی شۆڕســوارانی کاروانــی نەمرییــەوە ڕێــزی خوالێخۆشــبووان ڕەفیــق حیلمــی، طاهــر صــادق، صابــر اســماعیل، ا.ب هــەوری، عیزەدیــن فەیــزی و غەریــب مســتەفا و..هتــد ئەوانــەی زۆر یەکتریتــان خۆشدەویســت و هەڤــاڵ و هاوڕێــی خەباتــی مەردانــەی یەکــرێ و یــەك ئامانجــی زێــدە پیــرۆز بــوون! دڵنیــاش بــن هەرگیــز ڕەوشــتی بــەرز و ڕەفتــاری پیاوەتیتــان لــە یــاد ناچێتــەوە و مەشــخەڵی ڕووناکیتــان هەتــا هەتــا ناکوژێتــەوە.

# جەژنی دوو جەژنە

٢٠٠٤/٤/٢٥

وەك ئاشکرایە رۆژی ٢٢ی نیسان کە نیشتمانپەروەری رۆشنبیری کورد (میقداد مەدحەت بەدرخان) لە تاراوگەدا، لە شاری قاهیرەی پێتەختی میسر، ساڵی ١٨٩٨ یەکەم ژمارەی یەکەمین رۆژنامە لە مێژووی کورد دا بەناوی (کوردستان)ی دایکەوە دەرچوواند، کراوە بە جەژنی (رۆژی) رۆژنامەگەریی کوردیی، ئیتر لەو ساتەوە رۆژنامەگەری کوردستان پێی ناوەتەوە تێکۆشان و ململانێیەکی هەرە سەخت و دژوار لە پێناو ئامانجگەل و مافە نەتەوەیی و رۆشنبریی و مرۆڤایەتییەکانی گەلی کوردستانداو، لەم بوارەدا پێ بەپێ و قۆناغ بە قۆناغ زۆران هەوراز و نشێو و نوشوستی و سەرکەوتنی بەخۆوە دیوە. تا لە رۆژگاری ئێمڕۆیدا دوای راپەڕینی هەرێم و سەرکەوتنی پرۆسەی

ئازادیـــی عێـــراق بـــە گشـــتی، بەهـــەق پەرســـەندن و پێشـــکەوتنی بـــێ وێنـــەی لـــە رووی چەندایەتـــی و چلۆنایەتییـــەوە بـــۆ بەدیهاتـــووە، ئەمـــەش بـــە رەنـــج و شـــەونخوونی و لەســـەر حســـابی ئارەقـــە و خوێنـــی رێبـــوارە ماندوونەناســـەکانی کاروانـــە هەمیشـــە پێشـــڤەچووەکەی و هەروەهـــا زیاتـــر بـــە بایەخـــدان و مشـــوور بـــۆ خـــواردن و هەوڵـــی بێوچانـــی دڵســـۆزانەی بەرپرســـانی هەرێـــم بـــەم بەرەنجامـــە گـــەش و دڵخۆشـــکەرەوەی گەیشـــتووە. لێـــرەدا مایـــەی دڵخۆشـــیی هەمووانـــە کـــە وەزارەتـــی رۆشـــنبیری هەرێمـــی کوردســـتان لـــەم یـــادە پڕشـــکۆیەدا یـــادی (١٠٦) ەهەمیـــن ســـاڵەی دەرچوونـــی رۆژنامـــەی (کوردســـتان) و بـــە مەبەســـتی بـــە پیـــرۆز راگرتنـــی یادەکـــەوە جەژنانـــەی خـــۆی بەخشـــی و جەژنەکـــەی کـــردە بـــە دوو جـــەژن.

ئـەوە بـوو لـە هەنگاوێکـی پیـرۆزدا مژدانـەی بڕینـەوەی مووچـەی (خانەنشـینی) بـۆ (١٦٢٢) نووسـەر و ئەدیـب و هونەرمەندانـی هەرێـم بەبـێ جیـاوازی حـزب و ئینتیـمای سیاسـی و نەتەوەیـی و یاخـود رەگـەز و تەمـەن، راگەیانـد کـە بڕیـار وایـە لیسـتی تریشـی بـەدواوە بێـت، لـە راسـتیدا ئـەو ژمارەیـە لـە خۆیـدا مژدەبەخشـە، کـە لـە گوێـرەی بارودۆخـی هـەرە ئاڵـۆز و نالەبـاری کوردسـتان و لـە چـاو قەبـارەی گەلـی کوردسـتانی باشـووردا ژمارەیەکـی ئومێدبەخـش و دڵفێنککەرەوەیـە، لـە هەمانکاتـدا ئـەم هەنـگاوە بـە نرخـەی وەزارەتـی رۆشـنبیری بـە پشـتگیری و رازیبوونـی سـەرۆکایەتی ئەنجوومەنـی وەزیـران و وەزارەتـی دارایـی هەرێمـی کوردسـتان لـە هەولێـر (هەروەهـا لـە ئیـدارەی سـلێمانیش هەمـان شـت کـراوە) نیشـانەی گرنگـی پێـدان و ئاوڕدانەوەیەکـی زۆر بەجێیـە بـۆ ئـەو توێـژە پێشـڕەوەی کـە هـەردەم رۆڵـی دیـار و کاریگـەر و کارایـان بـووە لـە کاروانـی دوورودرێـژ و نەپسـاوەی پـڕ لەکەنـد و کۆسـپی خەباتـی گەلـی سـتەمدیدەی کوردسـتاندا کـە هەرگیـز نکۆڵـی لێناکرێـت.

ئـــەم بەخشـــە کـــە لـــە رووی مەعنـــەوی و رێزلێنانـــەوە زۆر بایەخـــدارە لـــە لایەنـــی مادیشـــەوە- بـــەدەر لـــە ژمارەیەکـــی ئێجـــگار کەمیـــان بـــۆ رۆژی ئیمڕۆمـــان-

بایەخ و سوودێکی زۆری هەیە و تا رادەیەك باروبووی ئەو رێزلێنراوانە دەکات و باری گوزەرانیان بۆ چاکتر دەگۆڕێت و دەبێتە پاڵنەر و هاندەر بۆ بەرەو پێشچوون و داهێنانی شاکار و بەرهەمی دانسقە و بە پێزی زیاتر لە سەرجەم بوارەکاندا.

بە سوپاسەوە دەستخۆشی لە وەزارەتی رۆشنبیری و بەرپرسانی هەرێم دەکەین و چەپکە گوڵی پێزانینی هەموو خەڵاتکراوەکانیان پێشکەش دەکەین، بەو هیوایەی ئەوانی تریش کە شیاوی خەڵاتکردنن بەم زووانە بە مافی خۆیان بگەن.

جەژنی رۆژنامەنووسان و رۆشنبیرانی کوردستان پیرۆز بێت و خەرمان بەرەکەت، درود بۆگیانی پاکی شەهیدانی وشەی رەسەن و سەرجەم شەهیدانی رێگای رزگرایی و سەرفرازیی کورد و کوردستان.

# گوتاری سیاسی

# بەرەی کوردستانی هێژا

١٩٩٢/٤/١٨

بەرەی کوردستانی هێژا

هەموو ئەندامانی بەرەی کوردستانی بەڕێز

ڕاپەڕینە مەزنەکەی پار و ڕامالینی رژێمی بەعس و رزگاربوونی کوردستان لێپرسینەوەیەکی مێژوویی و نەتەوەیی خستەسەر ئەستۆی ئێوە، چونکە نەتەوەی کورد بەهەموو چین و توێژاڵێکیەوە ویست و ئارەزووەکانی خۆی لە بەردەم ئێوەدا، دانا. بەوپێیە بەرەی کوردستانی بە هەموو مانایەکی یاسایی و شەرعی تاکە دەسەلاتی رەوای گەلی کوردستانە و کەس بالادەستی نییە، بۆیە هەر بڕیارێکتان دابێ کۆمەلانی خەلکی کوردستان بە دڵ و بە گیان لە ئاستیدا ملیان کەچ کردووە، لەبەر ئەمە ئێمە ماوەمان بە خۆمان

داوە بۆ ئەم مەبەستە نەتەوایەتییە کە لەم یاداشتەدا هاتووە پەنا بەرینە لاتان.

کە ئەم یادداشتە بە ئێوەی بەڕێز دەدەین خۆمان بە خەمخۆر و دڵسۆزی گەلەکەمان دەزانین و متمانەمان بە رابردووی پاکی خۆمان هەیە و لاشمان وایە ئێوە ڕێزمان لێ دەنێن.

جا لەم روانگەوە ماف بە خۆمان دەدەین کە لێتان بێینە پێشەوە، هەموومان دەزانین کە ئەمڕۆ نەتەوەکەمان بەناو دووڕیانێکی ناسك و قۆناخێکی پڕ بە مەترسیدا تێدەپەڕێ، ئەم قۆناخە پێویستی بە هەنگاوی پتەو و بەپێز هەیە.. هەرەهاش دەزانین گەلی کورد ئەمڕۆ بەرەو سەکۆی هاتنە دی (پەرلەمانی کوردی) رەوت دەکات. دەیەوێ لەوێدا بحەوێتەوە و هەناسەی سەرفرازی بدا و خوێنی هەزاران شەهیدی رێگەی رزگاری بکاتە  گوڵ ئەستێرە و لە سنگی چارەنووس و دوارۆژی خۆی بدا.. بۆ ئەوەی ئەو ئاواتانە بێنە دی و هیچ گرێ و بەستەڵەکی لەو رێیەدا نەمێنێ داواتان لێ دەکەین تا زووە چارەسەری گیروگرفتی مامۆستایان بکەن.. خۆتان دەزانن چەند مانگێکە مامۆستایان تووشی چەند و چوونی وبگرە و بەردەی جەدەلێك بوون کە رۆژ لە دوای رۆژ دەبێتە گرفت و تەشەنە دەکات.. لەوانەشە ببێتە گرێکوێرەیەکی وەها کۆسپێك یان تەگەرەیەك بخاتە رێی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و حەز دەکەین ئەوەشتان پێ رابگەیەنین کە ئێمە لە تەك سەرجەمی مامۆستایاندا لەم بارەوە پەیوەندیمان کردووە و هەموو بەوە رازی بوون کە ئەگەر بەرەی کوردستانی هەنگاوێکی چالاکانە بۆ یەکبوونی مامۆستایان بنێ هەموو رازین، ئیتر چ بە چارەسەرێکی کاتی بێ یان بەمجۆرەی کە ئێمە لەم یاداشتەدا پێشنیازی دەکەین.. بەڵێ تا ئێستا چەندان جار شێوەی هەڵبژاردن دراوەتە دەست بڕیار و هەڵوەشاوەتەوە بۆیە مامۆستایان تا ئێستا لەناو جغزێکی بەتاڵدا دەخولێنەوە سەرگەردان

کـراون.. بگـرە بـەرەی کوردسـتانی کـەم نـا زۆر لـەو سـەرگەردانییەدا بەرپرسـیارن.

جـا ئێمـە دەسـتە داوێنـی بـەرەی کوردسـتانی دەبیـن کـە بـە زووتریـن کات هەڵبژاردنـی دەسـتەی بەڕێوەبـەر و سـکرتاریەتی مامۆسـتایان یـەك لابکاتـەوە.. ئـەم دوو پێشـنیازەش دەخەینـە بـەر دەسـتتان:

١- بـا بـەرەی کوردسـتانی خـاوەن دەسـەڵات ئـەو مافـە بـە خـۆی بـدات، بـە شـێوەیەکی کاتـی و رێژەیـی دەسـتەیەکی کاتـی بـۆ سـکرتاریەتی مامۆسـتایان و دەسـتەی گشـتی بڕیـار بـدات.

٢- یـان بەپێـی بۆچوونـی بـەرە خـۆی و بـە پێـی قەبـارەی پارتـە سیاسـییەکانی کوردسـتان هـەر پارتێـك لیسـتەی پاڵێوراوەکانـی خـۆی ئامـادە بـکات بـە شـێوەی کۆنفرانسـێك لەنـاو سـەرجەمی ئەوانـەدا هەڵبژاردنێـك سـاز بکـرێ بـۆ هێنانـەدی دەسـتەی بەڕێوەبـەری گشـتی و سـکرتارییەت.

چونکـە بـەو چەشـنە هەڵبژاردنـە هـەم چارەسـەری ئـەو گیروگرفتـە دەکـرێ و هـەم رێگـەی هەڵبژاردنـی پەرلەمانـی کوردسـتانیش ئاسـان دەبـێ.. ئێمـە وا دەزانیـن ئـەو جـۆرە هەڵبژاردنـە دیموکراسـیانە کـە مامۆسـتایان و هەمومـان بیـری لێدەکەینـەوە هەلومەرجـی تـەواوی خـۆی بـۆ نەڕەخسـاوە و دەشـبێتە تەگەرەیـەك لـە رێـی پەرلەمانـی کوردسـتاندا.

رێـز بـۆ بـەرەی کوردسـتانی، نەمـری بـۆ هەمـووو شـەهیدانی رێگـەی رزگاری، مـردن بـۆ دوژمنانـی کـورد و کوردسـتان..

١٩٩٢/٤/١٨

ناوەکان

| | |
|---|---|
| ١- حەمەکەریم هەورامی | مامۆستای ئامۆژگای مامۆستایان/ هەولێر |
| ٢- صالح رشید | کۆلیجی ئەدەبیات/ زانکۆی صلاح الدین |
| ٣- مەجید ئاسنگەر | خانەنشین/ هەولێر |
| ٤- رحمان عبدالکریم | مامۆستای ئامۆژگای ئیسلامی/ هەولێر |

٥- کمال عبدالقادر خانەنشین/ هەولێر

بۆ/ نووسینگەی: تێکۆشەر مسعود بارزانی/ بەڕێز

بۆ/ نووسینگەی: تێکۆشەر مام جەلالی /بەڕێز

بۆ/ بارەگای: سۆشیالیست و پاسۆك لەگەڵ ڕێزماندا

بۆ/ بارەگای: زەحمەتکێشان، لەگەڵ ڕێزماندا

بۆ/بارەگای: پارتی گەل/ لەگەڵ ڕێزماندا

بۆ/ بارەگای: حیزبی شیوعی/ لەگەڵ ڕێزماندا

بۆ/ بارەگای: یەکێتی مامۆستایانی کوردستان/ یەکێتی نیشتمانی

بۆ/ بارەگای: یەکێتی مامۆستایانی کوردستان/ لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان.

بۆ/ هەموو ڕۆژنامەکانی کوردستان

# بەڵگەنامەیەك بۆخۆی دەدوێت

گەرچی بە راشکاوی و بە شێوەیەکی رەها لە ماددەی پێنجەم لە یاسای (ژمارە ١٤)ی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراقدا هاتووە کە (زمان لە دادگاکاندا «مەبەست هەرێمی کوردستانە/ م.ئا» کوردی دەبێ) هەرچەندە ژمارەیەك پارێزەر و مافپەروەر و یاساناسانی دڵسۆز بە مەبەستی ئاسانکاریی و رێخۆشکردن و زەمینەسازدان بۆ ئەوەی دەقی ئەو یاسایە و ماددەکەی بخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە لیژنەیەکی تایبەتیان پێکهێنابوو، کە دوای شەونخوونی و هەوڵ و ماندووبونێکی زۆر بە سەدان وشە و زاراوەی رێکوراست و دروستیان کە پێوەندییان بە یاسا و کاروباری دادگاییەوە هەیە کۆکردنەوە و لە شێوەی (فەرهەنگۆك)ێکی قشتیلە و نایاب و هاوشان لەگەڵ

بڵاوکردنـەوەی لیسـتێکی هاوشـێوەی ئـەوەدا لـە گۆڤـاری (یاسـاپارێزی)دا خسـتیانە بەردەسـت دیـدەی خوێنەرانـەوە، بـە تایبەتـی دادوەرە بەڕێـزەکان و کارمەندانـی دادگـەکان و هەمـوو ئەوانـەی سـەروکاریان لەگـەڵ مـاف و یاسـا و دادوەرییـدا هەیـە بـەو ئومێـدەی کـە سـوود و کەڵکـی لێوەرگـرن و لـە پرۆسـەی دادگاییکردنـدا یارمەتیدەریـان بێـت.

سـەرباری ئـەو ئاسـانکارییانەوەش هێشـتا لـە هەنـدێ شـوێن و لـە چەنـد دادگەیەکـدا هەنـدێ بەرپـرس و کاربەدەسـت وای بـۆ دەچـن کـە زمانـی کـوردی هێشـتا ماویەتـی و بەتـەواوی بـۆ ئـەوە ناشـێت لـە دادگاکانـدا کاری پێبکرێـت!

لــە راســتیدا ئــەو هەڵوێســت، یــان بۆچوونــەی ئــەو بەڕێزانــە لــە جێــی خۆیـدا نییـە و هیـچ پاسـاوێکی لۆژیکـی و دروسـتی بـۆ نادۆزرێتـەوە چونکـە یەکـەم شـتێکی بەڵگەنەویسـتە زانـراوە کـە هـەر گەشـتێکی (هـەزار میـل) بـە تاکـە (یـەك هەنـگاو) دەسـت پێـدەکات و گریـمان لـە دەسـتپێکی هـەر پرۆسـە و کردارێکــی کەموکورتــی و لەمپــەر و ئاســتەنگ بــەدی بکرێــت بێگومــان بــە تێپەڕبوونـی کات و لـە ئەنجامـی بەکارهێنـان و لێڕاهاتـن و مەشـق و هەوڵدانـدا بەسـەر ئـەو کۆسـپانەدا زاڵ دەبیـن و ناتەواوییـەکان لەنێـو دەبرێـن و سـەرکەوتن بەدەسـت دێـت.

دووەم: هــەر پەیوەســت بــەو مەســەلەیەوە دەبینیــن (٧٨) ســاڵ بــەر لــە ئێسـتادا، واتەرێـك لـە (١٩ی تەممـوزی سـاڵی ١٩٢٦)دا مامەڵـەی کڕیـن و فرۆشـتنی موڵـك (زەوی و زار) و بەناوکردنیـان لـە دادگـەی شـاری (کۆیـە) دا بەزمانـی کـوردی بـووە و هـەر بـە (کورد)یـش نووسراوەتـەوە و پشتراسـتیش (تصدیـق) کراوەتـەوە و کاری پێکـراوە، بەبـێ ئـەوەی دادوەر یـان کاربەدەسـتانی ئـەو رۆژگارە (هەرچەنـد کـورد نـە حکومـەت و نـە پەرلەمانـی نەبـووە و نـە یاسـای دەسـەڵاتی دادوەری (کوردسـتانی)ی هەبـووە کـە بڕیـاری بەکارهێنانـی زمانـی کـوردی دابێـت، بیانـووی ئەوەیـان گرتبـێ کـە خوانەخواسـتە زمانـی کـوردی (زمانـی یاسـا و دادوەری)

نەبووبێـت و بـۆ ئـەوە دەسـتی نەدابـێ لـە دادگادا بـەکار بهێنرێـت، دە فەرمـوون سـەیرێکی ئـەم (بەڵگەنامەیـە) بکـەن و بـە وردی سـەرنجی لێبـدەن، واش بزانـم زمانەکـەی ئەوەنـدە سـاکار و روون و ئاشـکرایە کـە هـەر هەمووکـەس تێـدەگات و مەبەسـتی تەواویـش دەدات بـە دەسـتەوە. ئیـتر هـەر لـە زمانـی بەڵگەنامەکـەوە بۆمـان روون دەبێتـەوە کـە زمانەکەمـان هیـچ خـەوش و ناتەواوییەکـی نییـە.

دەسـا بـا چیـتر بـەوە دوژمنانمـان بـە خۆمـان خـۆش نەکەیـن کـە (گوایـە زمانـە کوردییـە شـیرین و دەوڵەمەندەکەمـان) بـە کەڵکـی (دادگـە و کاروبـاری دادوەریـی) نایـەت و پێشـمواییە لەمـە زیاتـر دڕدۆنگـی و خەمسـاردی و خۆنەبانکـردن دەرهـەق بـە زمانـی کـوردی ئەگـەر دژایەتیکردنـی راسـتەوخۆی کوردایەتـی نەبێـت، بێگومـان (دۆسـتایەتی)ش نییـە!

راوێژکار لە پەرلەمانی کوردستان

تێبینـی: بەڵگەنامەکـە دەقـاودەق و بەبـێ دەسـتکاریی وەکـو خـۆی نووسراوەتـەوە، تەنیـا ئـەوە نەبـێ کـە هێناومەتـە سـەر (رێنووسـی کـوردی ئیمـڕۆ).

م. ئا.

دەقی ناوەرۆکی بەڵگەنامەکە

*فەقـەت دوو هـەزار روپیـە (....) زیاتـر نییـە ئـەو موڵکانـەی عەبدولـلا ئاغـای کـوڕی حاجـی تایـەر (تاهیـر) ئاغـای کـە لـە تـەڕەف حکومەتـەوە مەحجـووز بـوو بـەم وەرەیـە (...) مەربووتـە کـە رەسـمەن فرۆشرا و لـە موقابیـل دوو هـەزار رووپیـە بـەدەل (...) بەموجیبـی دوو قیتعـە عیلـم و خەبـەر مەقبـووزی سـەندوقی مالیـە کـە بـە تەئریخـی ١٦ و ٢١ (....) ٩٢٦ و ٧٧ و ٩١ ژمـارە موڕەقەمـە*

لـە عوهـــدەی مـــن تەقـــەروری کردبـــوو، ئـــەم دەفعەیـــە دووبـــارە ئـــەم موڵکانـــەم کـــە نـــەوع و جینـــس و عەدەدیـــان داخیـــل وەرەقـــەی (...) یـــە هەمـــووم لـــە موقابیـــل دوو هـــەزار روپیـــە بـــەدەل مەقبـــووز و مەدفـــوع بـــە بەیعـــی قەتعـــی و ســـەحیح شـــەرعی بـــە عەبدولـــلا ئاغـــای مومائیلەیهـــم فرۆشـــت لـــە دائیـــرەی تاپـــۆ (...) موعامەلەکـــەی بـــە قانوونـــی و بـــە قەتعـــی و بـــە قەتعـــی بەنـــاو عەبدولـــلا ئاغـــای مومائیلەهـــی قەیـــد و تاپـــۆ بکـــرێ لـــە تـــەرەف خۆمـــەوە شـــەفیق کـــوڕی عەبدولـــلا ئاغـــای مومائیلەیهیـــم کـــرد بـــە وەکیـــل (....) ئـــەم وەکالەتنامـــەم لـــە پـــاش تەســـدیق کـــردن لـــە دائیـــرەی عائیـــدەی خـــۆی دامـــە دەســـت عەبدولـــلا ئاغـــای مومائیلەیهـــی لـــە ٩ی موحـــەڕەم ١٣٤٥ و ١٩ی تەمـــوزی ٩٢٦ عـــن ئیقـــرار موەکیـــل مـــەلا رئـــووف کـــوڕی ســـادق ئاغـــای حەوێـــزی زادە دانیشـــتووی گەڕەکـــی بەفریقەنـــدی لـــە ژێـــرەوەش دوو شـــایەد دروســـتی مـــۆر و ئیمـــزای مـــەلا رئووفـــی کـــوڕی صـــادق ئاغـــای حەوێـــزی زادە دانیشـــتووی گەڕەکـــی بەفریقەنـــدی پشـــت ڕاســـت دەکەنـــەوە و ئیمزایـــان کـــردووە لـــە ژێـــر ئیمـــزا و مـــۆری ئەوانیشـــەوە بـــە هەمـــان شـــێوە دادوەر (حاکـــم) شـــایەدی دوو شـــایەدەکان و راســـتی مـــۆر و ئیمزاکـــەی مـــەلا رەئووفـــی صـــادق ئاغـــای حەوێـــزی دەســـەلمێنێ، دەشـــڵێت کـــە بـــاج (رەســـم) ی داواکـــەش کـــە تەنیـــا ســـێ روپیـــەو دوانـــزدە عانەیـــە دراوە. ئەجـــا مـــۆر و ئیمـــزای حاکـــم و بەتەنیشـــتییەوەش مـــۆری فەرمانگـــەی دادنـــووس (کاتـــب عـــدل)ی کۆیـــەی لێـــدراوە. لـــە ســـەرەوەش نـــاوی هەمـــوو موڵکـــەکان کـــە (٢٠) پارچـــە زەوی و باخچـــەی کۆیـــە و دەروبەریەتـــی نـــووسراوە.

# ئەوانەی ناحەزی ئێوەن دوژمنی کوردستانن

ئەم وتارە لە سیمینارێکی مەکتەبی رێکخستنی پێشمەرگە (پ. د. ك) پێشکەشکراوە و لە زنجیرەی (٦)ی بڵاوکراوەکانیان بڵاوکراوەتەوە

١٩٩٨/٣/٤

لە مێژووی هەر میللەت و نەتەوەیەکدا سەرکردە و چەند رابەرێکی لێهاتوو هەڵدەکەون و لە قۆناخە جیاجیاکاندا رۆڵی کاریگەر و چارەنووس سازی بەرچاو بۆ گەلەکانیان دیاری دەکەن و لە تۆمارگەی رەوتی ژیار و ئایندەی کۆمەڵگەکەی خۆیاندا شوێن پەنجەیان دیار و ئاشکرایە و هەردەم دەبنە مایەی سەرفرازیی و شانازی پێوەکردنەوە بۆ نەوەکانیی لە دوارۆژدا!

لە دیرۆکی کۆن و تازەی کوردیشدا دەیان سەرکردە و قارەمانی شایستە و لێوەشاوە هەڵکەوتوون و بە پێی بارودۆخ و سەردەمی ژیانیانەوە ئەرکی خۆیانیان بەجێگەیاندووە، ئەوەی لە توانستیاندا بووبێ بەوپەڕی دڵسۆزییەوە ئەنجامیانداوە و لە ئاستی بەرپرسیاریەتی مێژوویی خۆیاندا هەرگیز هیچ

کەمتەرخەمییەکیـان نەنوانـدووە.

لـە سـەرەتا و دەسـتپێکی سـەدەی بیسـتەمدا نـاوی چەنـد پاڵەوانێکـی وەك شـێخ عەبدولسـەلامی بارزانـی، شـێخ عوبێدولـلای نەهریـی، شـێخ سـەعیدی پیـران، سـەیید رەزا و دکتـۆر فوئـادی دەرسـیمی، ژەنـەراڵ ئیحسـان نـووری پاشـا و شـەریف پاشـا، ئیسـماعیل ئاغـا (سـمکۆ)ی شـکاك، شـێخ مەحمـوودی مەلیکـی کوردسـتان و شـەهیدی هەمیشـە زینـدوو قـازی محمـەدی سـەرکۆماری کوردسـتان لـە مەهابـاد و هاوڕێکانیـان تێکـڕا ئەسـتێرە گەلـی پرشـنگدارن و لـە ئاسـمانی بێگـەردی کوردایەتیـدا بـە بەردەوامـی دەدرەوشـێنەوە. ئـەو نەمرانـە هەریەکـە و بـە گوێـرەی هەلومەرجـی بۆگونجاویانـەوە ئـەوەی بۆیـان لوابووبـێ رایانپەڕانـدووە، لـە رێـڕەوی بـەرەو پێشـبردنی رەوشـی کوردایەتیـدا هەنـگاوی گرنـگ و مـەزن و بایەخداریـان هاویشـتووە، سـەر و گیـان و ماڵـی خۆیانیـان لـە پێنـاوی گەیشـتن بـە ئامانـج و مافـە رەوەکانـی ئێسـتە و دوارۆژیـش بەوپـەڕی رێزوستایشـەوە یادیـان دەکەنـەوە.

کەچـی مێـژوو لەنێـو کاروانـی سـەرکردە و رێبەرانـی ئـەم چەرخـە ئاڵـۆز و جەنجاڵـەی ئێسـتەی خۆمانـدا، شـوێنێکی تایبـەت و هـەرە بەرچـاوی بـۆ رێـزدار (مـەلا مسـتەفای بارزانـی)ی تەرخانکـردووە.

بارزانیـی نەمـر سـەرکردەی بـێ وێنـەی هـەرە دیـار و نـاسراوی بەنـاو و دەنگـی کوردسـتانە! ئـەم بـۆ کـورد ژیـا و بـۆ کـورد خەباتـی کـرد و لـە پێنـاوی کـورد و کوردسـتاندا لـە هەنـدەران سـەری نایـەوە. ئـەم باوکـی رۆحیـی کـورد و دڵسـۆزی هـەرە راسـتەقینە و بـە وەفـای کوردسـتان بـوو. لـە راسـتیدا تێکـڕای گەلـی کوردسـتان قـەرداری بارزانیـی نەمـر و بنەماڵـەی بارزانـی و عەشـیرەتی بارزانیـن. چونکـە ئـەوەی ئـەوان بـۆ کوردسـتان کردوویانـە تـا ئێسـتا هیـچ تاکەکـەس و خانـەوادە و هۆزێکـی تـر نەیانکـردووە. خانـەوادەی بارزانـی هـەر لەسـەردەمی (شـێخ عەبدولسـەلامی) نەمـرەوە تـا ئیمڕۆشـی لەگەڵـدا بێـت، بەبـێ

پشـودان و پسـانەوە، پـتر لـە سـەد سـاڵە ئـاڵای شـۆڕش و تێکۆشـانیان دژی دوژمـن و داگیرکـەران هەڵکـردووە ولـەم ڕێبـازە پیـرۆزەدا سـەروەت و سـامان و گونـد و زەوی و زار و بگـرە سـەروژیانی خۆشـیانیان لـە پێنـاوی کوردایەتیـدا بەخشـیوە. ئەمـە بێجگـە لـەو هەشـت هـەزار مرۆیـەی بارزانییـان کـە لـە یـەك شـەودا شـوێنە ونکـران و بەنـاوی (ئەنفـال)ەوە کرانـە قووچـی قوربانیـی و هەتـا ئـەم سـاتەیەش چارەنووسـیان دیـار نییـە و دوور نییـە کەسـیان نەمابـن!

بارزانیـی نەمـر لەسـەر کوردایەتـی بـوو هـەر لـە تەمەنـی سـێ سـاڵییەوە ئاشـنا و قاڵبـووی بەندیـی و گرتووخانـە کـراوە، هـەر لەهەڕەتـی هەرزەیـی و لـە تافـی لاوێتیـدا چەکـی مەردانـەی خەبـات و شۆڕشـی کردۆتـە شـان.. شـۆڕش لـە کوردسـتانی باشـوور (عێـراق) ڕاپەڕیـن لـە کوردسـتانی باکـوور، هاوکاریکـردن و بـە هانـاوە چوونـی مەلیکـی کوردسـتان شـێخ مەحمـوودی حەفیـد، هەڵکردنـی پەرچەمـی شۆڕشـە یـەك لـە دوای یەکەکانـی بـارزان.. چـوون بـۆ کوردسـتانی ڕۆژهـەڵات و پشـتگیری لێکردنـی پێشـەوای مـەزن قـازی محەمـەدی نەمـر و پارێـزگاری کـردن لـە کۆمـاری کوردسـتان (مەهابـاد) و دامەزراندنـی (پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان) خـۆ دەربازکـردن بەشـێوەیەکی ئەفسـانەیی لەتـەك ٥٠٠ پێنـج سـەد پێشـمەرگەی جەربـەزە و بەجەرگـدا پـاش ڕووخانـی کۆمارەکـەی مەهابـاد، لـە چنگـی هێـز و سـوپای هـەر سـێك دەوڵەتانـی ئێـران، عێـراق، تورکیـا بـە پاڵپشـتیی بەریتانیـا و ئەمەریکایشـەوە. پەڕینەوەیەکـی نـا ئاسـایی و ژیانـی پەناهەندەیـی و ئاوارەبوونـی نزیکـەی دوازدە سـاڵان لـە کۆمـارە جیاجیاکانـی ئـەو شـوورەوەییەدا و گەڕانـەوەی سـەربەرزانە بـۆ عێـراق دوای شۆڕشـی چـواردەی تەممـووزی ١٩٥٨ لەڕێـگای میـسرەوە و دیدەنـی سـەرۆك (جەمـال عەبدولنـاسر) و بەشـدارییەکی ڕاسـتەقینە لـە چەسـپاندن و خەمڵاندنـی کۆمـارە سـاواکەی عێـراق و پتەوکردنـی برایەتـی کـورد و عـەرەب و کەمـە نەتەوەییـەکان و .. تێکۆشـان بـۆ دەسـتەبەرکردن و داننـان بـە مافـە بنەڕەتـی و ڕەواکانـی گەلـی کوردسـتان

و وەرگرتنی مۆڵەت (ئیجازە)ی بە ئاشکرا کارکردنی بۆ پارتی و دواتر پاش لەڕێ لادانی زەعیم عەبدولکەریم قاسم لە ڕەوتی دیموکراسیی و لە ئەنجامی هێرشە ناڕەواکانی زەمینی و ئاسمانییەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، هەڵکردنی مەشخەڵی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ کە بە هەق لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا مەزنترین و درێژخایەنترین شۆڕشی چەکدارانەی سەردەم بوو، بەهۆیەوە پ.د.ك بووە بەهێزترین حزبی شۆڕشگێڕی چەکدار و خاوەنی فرەوانترین جەماوەری بڕوا پۆڵایین لە ناوچەکەدا، ئەم شۆڕشە ئێجگار مەزنە بووە یەك لە هۆکارە هەرە سەرەکییەکانی ڕووخانی حکومەتی (عبدالکریم قاسم) و یەکەمین حکومەتی بەعس و، دواتریش حکومەتەکەی جووتە برایان (عبدالسلام و عبدالرحمن عارف) و هاتنەوەی دووەمجاری حزبی بەعس لە١٧ی تەممووزی ١٩٦٨ داو ناچارکردنیان بە ئیمزاکردنی بەیانی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ دا و داننانیان بە مافی (ئۆتۆنۆمی) بۆ گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا کە لە مێژوودا تا ئەو دەمە بە گرنگترین دەستکەوتی سیاسیی و دوکیومێنتی (بەڵگەنامە)ی ڕەسمیی دەژمێردرێت کە هەنگاوێکی ڕێ خۆشکەریش بوو بەرەو (فیدرالییەتەکەی) ئیمڕۆمان.

لە ماوەی چوارساڵی ئەو ڕێککەوتننامەیەدا کوردستانی باشوور نیمچە سەربەخۆییەکی بەخۆیەوە بینی و لە سایەیدا گەلی کوردستان حەسایەوە و لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و فەرهەنگییەوە تا ڕاددەیەکی باش گەشایەوە. هێزی پێشمەرگەیش ڕێکخستنەکانی خۆیان سازدایەوە و ئەوان ڕۆژان هەتا ئەوکات بۆ کوردستان بە (سەردەمی زێڕین) دادەنرێت کە (پ.د.ك) بە سەرۆکایەتی بارزانیی نەمر حوکمڕانی ڕاستەقینەی هەرێم و بەشداری حکومەتی ناوەندیش بوو. گەرچی هەر لەو ماوەیەشدا دوژمنە هەناو ڕەشەکان (بۆ لەنێوبردنی سەرۆك بارزانیی) دڕندەترین پیلانی چەپەڵیان بە تەقاندنەوەی چەند مەلایەك و سەیارەی مووشەکڕێژکراوەوە ئەنجامدا. وەلێ

چونکێ بارزانی لەسەر هەقان بوو، راست و خواپەرست و خاوەن بڕوای قایم و ئیماندار بوو، خوای بەخشندە و میهرەبان خوای هەژار و بێ دەرەتانان و زۆر لێکراوان خودای کوردی بێکەس و ستەمدیدە و مافخوراو، هەر وەك (پەرجو)یەك بە سەلامەتیی لەو پیلانە شەیتانییەی رزگار کرد هەروەك چۆن حەزرەتی ئیبراهیمی لە ئاگری (مەنجەنیق) پاراستبوو!

دوابەدوای چوارساڵەکەش دوژمنان جارێکی تر ئاگری شەڕێکی بێ ئامانی تەڕو هیشك پێکەوە سووتێنیان لە کوردستاندا هەڵگیرساندەوە و بارزانیی نەمر لە یەکبینە درێژەی بە شۆڕشی ئەیلوول دایەوە. لە ماوەی تەنیا ساڵێکدا (ئاداری ١٩٧٤ تا ئاداری ١٩٧٥) گەورەترین شۆڕشێك لە ئارادابوو. شۆڕشێك کە خەریك بوو چۆك بە حکومەتی ناوەندیی بەغدا دا بدات. شۆڕشێك ترس و لەرزی خستە دڵی گشت ناحەز و داگیرکەرانی کوردستانەوە، ئیتر ئەوە بوو گەلەگورکێی لێکرا. پیلانە هەرە ژەهراوەییەکە پیلانە چوراقۆڵییەکە پیلانە کوردکوژییەکە سازدراو (پەیمانە هەرە ناڕەوا و شوومەکەی جەزائیر) لە ٦ی ئاداری ١٩٧٥دا لە نێوان عێراق و ئێران و بەسەرپەرشتی و ناوبژیوانیی (هەواری بومەدیەن)ی سەرۆکی ئەوسای جەزائیر و بە دەست لە پشتێدانی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە، مۆرکرا. لە ئاکامدا شۆڕشی هەرە مەزنی کوردستان تووشاری نسکۆ هات و زێتر لە سەد هەزار پێشمەرگەی جەنگاوەری دڵسۆز و قارەمان بە ناچاریی و دڵشکاوی چەکە لە هەموو شتێ خۆشەویسترەکانیان دانا و بۆ ماوەیەك پەرتەوازە و پەراگەندە بوون و رەش و تاڵترین رۆژانێك بەسەر کوردستاندا رابوردن!

پیلانەکەی جەزائیر گەرچی گڵاوترین و ترسناکترین پیلانێ بوو دژی کوردستان و شۆڕشە رزگاریخوازەکەیەوە لە هەمانکاتیشدا بڕیارە مێژووییەکەی سەرۆك بارزانیی نەمر بە وەستاندنی کاتی شەڕ، هەرچەندیش کە ئێجگار سامناك و ئەستەم و دژوار بوو، لە هەمانکاتدا بڕیارێکی زۆر سەخت و

گورچکبڕبــووو، پێویســتی بــە ئازایەتیــی و بەرپرســیارییەکی لــە رادەبــەدەر و نەترسـی دەکـرد بـۆ پاراسـتنی گیـان و ئابـڕووی نزیکـەی یـەك ملیـۆن ئافـرەت و پیــر و منداڵانــی کــورد کــە بەپەنابەریــی لــە ژێــر ســایە و مەرحەمەتــی درۆزنانــە و ناموبارەکــی جەندرەمــە و ســاواك و ســازمانی شاهەنشــای ئێرانــدا وەك دیـل و دەستبەسـەر وابـوون، چاوەڕوانییەکـی بـە پەرۆشـەوەی قۆسـتنەوەی هەلودەرفەتێکـی لەبـار و گونجاوتـری بابەتیانـە بـوو.. هـەروەك بارزانیـی نەمـر فەرموویـان «هـەروای دابنێـن ئـەم سـاڵە بـە ناچاریـی لـە زینداندا دەژیـن و دوایـی پەنـا بەخـوا تێهەڵدەچینـەوە!» ئەوەیـش بـە مەبەسـتی خـۆ ڕێکخسـتنەوە و تێهەڵچوونەوەیەکـی واقیـع بینانـەوە.. کـە ئەمەیـش لـە هەڵگیرسـاندنی شۆڕشـی سـەرکەوتووی «گـوڵان»دا ڕەنگـی دایـەوە کـە سـەرەنجام بـە هاوکاریـی هەمـوو حـزب و لایەنەکانـی گۆڕەپانەکـەوە (بـەرەی کوردسـتانی)ی هاتـە کایـەوە و ئـەم (بەرە)یــەش بــە ڕێبەرایەتیــی و ئاراســتەکردنی وزە و هێــزی لەبــن نەهاتــووی جەمـاوەری هەمیشـە ئامـادەی قوربانیـدان بـۆ هەمـوو کارێکـی شۆڕشـگێڕانە و خەباتکـردن لـە پێنـاوی رزگاربوونـدا لـە چنگـی زۆر و سـتەمی رژێمـی داگیرکـەری کوردسـتاندا توانیـان سەرپەرشـتیی گەورەتریـن راپەڕینـی جەمـاوەری گـەل بکـەن لـە بەهـاری ١٩٩١دا کـە ئاکامـە هـەرە گرنگەکـەی ئـەوە بـوو لـە هەڵبژاردنێکـی سەرتاسـەریی و ئـازاددا یەکەمیـن پەرلەمـان و حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانی لێکەوتـەوە کـە لـە دێرۆکـی سـەردەمدا بـە گرنگتریـن و بەهادارتریـن دەسـتکەوت دەژمێردرێـت!

ئەمانـە گشـتی و زۆرەهـا شـتی دیکەیـش!! جـا باشـە هیـچ مـاوە بارزانـی بـۆ کـوردی نەکردبێـت! ئـەی هـەر ئـەم نەبـوو کوردیـی زیاتـر بـە جیهـان ناسـاند؟

ئـەوەی راسـتی بـێ هیـچ زوبانێـك و هیـچ قەڵەمێـك ناتوانـن بـە تەواویـی کـردەوە بـەرز و بایەخـدارەکان و ئـەو هەمـوو دەسـتکەوتە مەزنانـە بژمێـرن کـە ئـەم زاتـە مەزنـە بـە ئەنجامـی گەیانـدوون! جـا بـەم هەمـوو خەسـڵەتە بەرزانـەوە

و بـەو هەمـوو دەسـتکەوتە مەزنانـەوەی بـۆ کـورد بەدەسـتی هێنـاون بارزانیـی هەمیشـە زینـدوو و شایسـتەی ئەوەیـە لـە هـەرە قووڵایـی دڵـی هـەر مرۆڤێکـی بـە ویـژدان و شـەریف و نیشـتمانپەروەری کوردسـتاندا جێگەیەکـی شیاوی بۆخـۆی داگیـر کردبێـت و بـە بـێ (مونافیـس) بەسـەرکردە و سـەرۆك و رێبـەر و باوکـی رۆحیـی هـەرە گـەورەی گەلـی کوردسـتان حیسـاب کرابێـت!

هـەر لـە سـۆنگەی ئەمەشـەوە سـەدان رۆڵـەی تێکۆشـەر و بەوەفـای کـورد کونجـی زیندانیـان بـەلاوە خۆشـتر بـووە و تەنانـەت پەتـی سـێدارە و گوللـەباران کردنیشـیان هەڵبـژاردووە نـەك رێگـە بـە خۆیـان بـدەن بـە تاکـە وشـەیەکیش خوانەخواسـتە نـاوی هـەرە پیـرۆزی ئـەم قارەمانـە بـە سـووکی ببـەن! بەڵکـو نـاوە پیرۆزەکـەی خـۆی لـە خۆیـدا فاکتەرێکـی کاریگـەر و هۆکارێکـی بەهێـزی بەرزکردنـەوەی ورە و بەگوڕخسـتنی پەرۆشـیی و تیـن و تـاوی سـەرجەم تێکۆشـەرانە. هـەر ئـەم راسـتییەش بـووە کـە هەمیشـە داگیرکـەر و دوژمنانـی کوردسـتانی تۆقانـدووە، بۆیـەکا بـەردەوام لـە هەوڵـی چەپەڵـی ئـەوەدا بـوون ئـەم پەیوەندییـە رۆحییـە هـەرە پیـرۆز و پتـەوە بپچڕێنـن و نەیهڵێـن، بەڵکـو بـە خەیاڵـی خـاوو و بۆگەنـی خۆیـان بتوانـن تەنیـا درزێـك گـەر بچووکیـش بێـت بخەنـە نێـوان گـەل و سـەرکردە وەفادارەکەیـەوە ئـەو سـەرکردەیەی کـوردی زیاتـر بـە دنیـا ناسـاند و بووەتـە تاکـە هێـما و سـیمبولێك بـۆ یککگرتنـی گشـت هێـزە شۆڕشـگێڕ و تێکۆشـەرەکان تاوەکـو لـە ژێـر سـێبەری دروشـمی (فیدراڵیـی بـۆ کوردسـتان لـە عێراقێکـی ئـازاد و دیموکراتیـدا) درێـژە بـە تـەلاش و کۆششـیان بـدەن.

بـەڵام هەیهـات! نـە بـەری خـۆری هـەرە درەوشـاوە و پڕشـنگداری مێـژووی پـاك و بێگـەردی پـڕ لـە سـەروەریی بارزانیـی بـاوك بەشـڕە بێژینگـی ناحـەز و داخ لـە دڵانـی دەگیرێـت و نـە گەلـی دڵسـۆز و ئەمەکـداری کوردسـتان رۆژێ لـە رۆژانـا بـە قـەد تاڵەموویـەك لـە رێبـازی راسـت و رەوا و پـڕ لـە سـەروەریی

بارزانیــی نەمــر لا دەدات.. ئــەو ڕێبــازە شــکۆدارەی بــە یەقیــن گەلــی کوردســتان بــە ئــاوات دەگەیەنێــت.. نەخێــر هەرگیــز! چونکــە بارزانــی نەمــر کــە ڕەمــزی یەکبــوون و ناســنامەی نەتەوەیــی میللەتــی کــوردە و کــە ئــەو ســەرکردەیەیە بــۆ هەتــا هەتایــێ لــە بیرەوەریــی و یــادگاری زینــدووی گەلــدا جاویدانــە، بەڵــێ بارزانیــی هەمیشــە زینــدوو بەهــەق بۆتــە ڕۆحــی پیــرۆزی کوردســتان و ژیانیــش بەبــێ ڕۆح هەرگیــز مەحاڵــە! لــەم بۆنەیــەدا هــەزاران درود و ســڵاو بــۆ گیانــی پاکــی ئــەم (ڕەمــزە) پیــرۆز و نەمــرە و کاك ئیدریســی جوانەمــرگ و ســەرجەم شــەهیدانی کــورد و کوردســتان!

# بڕیارگەلی گرنگ و چەند پەیڤێك

پەرلەمانی تورکیا لە چەند دانیشتنێکی ئەم دواییەدا بە زۆرینەی هەرە زۆری دەنگی ئەندامانی ژمارەیەك بڕیاری مێژوویی ئێجگار گرنگ و پڕبایەخی دەرکرد کە دەتوانرێ بە خاڵی وەرچەرخانێکی ئاشکرا و زۆریش پێویست لە هەڵوێست و سیاسەتی گشتیی تورکیا سەبارەت بە کێشەگەلی ناوخۆیی ئەم وڵاتە لێکبدرێتەوە. بەم بڕیارانەش لەوەتەی لە دەرەنجامی تێکشکان و شکستهێنانی لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە بەریەك هەڵوەشێندرایەوە و کۆماری تازەی تورکیا بە سەرۆکایەتی مستەفا کەمال (ئەتاتورك) لەسەر پاشماوەکەی دامەزرێندرا.. بۆ یەکەمین جارە کاربەدەستانی تورکیا بە شێوەیەکی فەرمی و بە ئاشکرا و بە بڕیاری

نوێنەرانــی گــەل لــە پەرلەمانــدا، دان بــە (بوونــی کــورد) لــە تورکیــادا دەنێــن و بــە هەمــان شــێوە ڕێــگا بــە (زمانــی کــوردی) دەدەن بــۆ خوێندنــی قوتابخانــە و (پەخشــی رادیــۆ و تەلەڤزیــۆن و چاپکردنــی ڕۆژنامــە و گۆڤــار و کتێــب) بــەکار بهێندرێــت. ئەمانــە و لەپــاڵ هەڵگرتنــی ســزای لــە ســێدارەدان و فەراهەمکردنــی ئازادییــە دیموکراتییــەکان و پاراســتنی مافــە بنەڕەتییەکانــی مــرۆڤ وەك مافــی ئــازادی بیرکردنــەوە و دەربڕیــن و ڕەخنەگرتــن و کۆبوونــەوە و پێکهێنانــی کۆمەڵــە و حــزب و ..تــاد و چەنــد بڕیارێکیتریــش کــە مژدەیەکــی هــەرە خــۆش و دڵگــرن پێشکەشــی ســەرجەم گەلانــی تورکیــا و گەلانــی دەوروبەریــش کــران. ســەرباری رازی کــردن و دەســتەبەرکردنی پشــتیوانی (یەکێتــی ئەوروپــا) بــۆ وەرگرتنــی تورکیــا وەك ئەندامێکــی کارا لــەم یەکێتییــەدا، کــە لەمێــژ ســاڵە بــە گەرمــی هەوڵــی بــێ وچانــی بــۆ داوە و لەبــەر کامیــل نەبوونــی ئــەو مەرجانــەی ســەرەوە تــا ئێســتا بــەو ئاواتــەی شــاد نەبــووە. جــا ئــەوەی لێــرەدا زێــتر پێوەندیــی بــە ئێمــەی کــوردەوە هەیــە ئــەو دان پێنانەیەتــی بــە (بوونــی زمانــی کــوردی) و ڕێگەدانیەتــی بــە بەکارهێنانیــەوە کــە خــۆی لەخۆیــدا دان پێنانــە بــە بوونــی نەتەوەیــی (گەلــی کــورد) لەوێــدا، بەمــەش نکۆڵــی و ئینکارکردنــی سەرســەختانەی پــتر لــە (٨٠) ســاڵ دەســڕێتەوە کــە (زەرەروزیانــی هــەرە گــەورە و لــە رادەبــەدەری گیانیــی و ماڵــی لــە گەلــی کــورد بــە تایبەتــی و گەلانــی تورکیــا و خــودی کۆمارەکەشــیدا بەگشــتی، کــە بــە ئاســانی دەکــرا بــەری لێبگیرێــت) هیچیــتر کــورد لــە تورکیــا (تورکــی کێــوی) نییــە و کۆمــاری تورکیــاش کۆمــاری تــورك و کــورد و عــەرەب و نەتەوەکانــی تــرە. ئێمــە لــە پــاڵ دەستخۆشــیی و هیــوای ســەرکەوتن بــۆ ئــەم هەنــگاوە دروســت و ڕەوا و بوێرانەیــەی پەرلەمانــی تورکیــادا، ئومێــدی بەرقەراربوونــی ئاشــتی و ئاســایش و گەشەســەندن و بووژانــەوەی ئابــووری و پێشــکەوتنی لــە هەمــوو ڕووێکــەوە بــۆ تورکیــا دەخوازیــن، لەگــەڵ ئەمەشــدا ســەرنج بــۆ ئــەم دوو خاڵــە رادەکێشــین:

١- ئاواتمانــە و پێویستیشــە ئــەم بڕیــارە هــەرە گرنــگ و چارەنوسســازانە هــەر

تەنها بڕیاری سەر زارەکی و سەر کاغەز و کاتیی و تاکتیك نەبن و دەستبەجێ بخرێنە واری کردەنییەوە و هەموو زەمینە و مەرج و بوارێکی پێویستی بە مەبەستی بە زوویی جێبەجێکردنیان بۆ بڕەخسێندرێ. زۆریش گرنگە رێگا نەدرێت بە ناحەز و کەللە رەق و داخ لەدڵە توندڕۆکان لە نێو سوپا و هێزی چەکدار، یان لەنێو کورد خۆیدا کۆسپ و ئاستەنگ و تەگەرە بخەنە پێش ئەنجامدانیانەوە و لە هەوڵی ئەوە دابن (رەوڕەوەی مێژوو- هەرچەند موستەحیلشە) بوەستێنن یاخود بیگەڕێننەوە بۆ دواوە، ئاژاوە و دووبەرەکیی و شەڕ و فیتنە و پێکدادان هەڵگیرسێننەوە و ئەو مۆمە تازە داگیرساوە بکوژێننەوە، چونکە ئەو جۆرە نهێنگرانە زۆرن و لە هەموو کون و قوژبن و لە هەموو دەزگایەکدا خۆیان مەڵاسداوە.

٢- بەم بڕیارە مێژووییانە، نەتەوەی کورد و زمان و کەلتوورەکەی و مافە سروشتی و رەواکانی دروست نەکراون و دروستیش نابن، چونکە کورد و زمان و کەلتوور و مافەکانیشی هەر هەبوون، بەڵام هەموو شێوازێکی نامرۆڤانە و بە زەبر و هێز و بە ئاگر و ئاسن نکۆڵییان لێکراوە و هەوڵی نەهێشتنیان دراوە، کەچی ئەم بڕیارانەی ئێستێ دراون بۆ ئەوە هاتوون ئەو ناڕەواییە بڕەوێننەوە و دان بە راستییەکی مێژوویی و هەرە بنەڕەتی و ئاشکرا دابنێن کە هەر نەدەبووا لە سەرەتاوە هەرگیز نکووڵییان لێ بکرێت.

لێرەشدا راستییەکی حاشا هەڵنەگر دێتە پێش، کە ئەو کەس و تاقمانەی بۆ نەهێڵانی نکۆڵی لێکردنەکە و بە مەبەستی دیارخستنەوەی راستییە راستەقینەکان و گێڕانەوەی مافە زەوتکراوەکان بۆ خاوەنەکانیان و لە پێناو گەیشتندا بەم بڕیارە دروستانەی ئیمڕۆ پەرلەمانی تورکیا پێیانگەیشتووە لە خەباتدا بوونە و قوربانییان داوە و زیندانی کراون و زیانیان لێکەتووە، شتێکی زۆر لۆژیکی و یاساییی و رەواشە کە دەبێ ئازاد بکرێن و قەرەبوو بکرێنەوە و زیانەکانیان بۆ بژمێردرێتەوە و راگوێزراوەکان بۆ زێد و شوێنەکانی خۆیان

بگەڕێنـــەوە، هەرێمەکەیـــان بـــۆ ئـــاوەدان بکرێتـــەوە، هەرچـــی زووتـــرە ژێرخانـــی ئابـــووری و ناوچەکانیـــان ببوژێنرێتـــەوە. تاوەکـــو کـــورد و دانیشـــتوانەکانی کوردســـتانی باکـــوور خۆیـــان بـــە هاووڵاتـــی بزانـــن و برایەتـــی تـــورك و کـــورد بەراســـتی بچەســـپێت و داکۆکـــی لـــە وڵاتـــی خۆیـــان بکـــەن و لەبـــەرەو پێشـــبردنی بەشـــدار بـــن و لـــە خۆشـــی و ناخۆشـــییەکانیدا بـــە یەکســـانی پشـــکدار و هـــاوکار بـــن و ببنـــە فاکتـــەری ســـەرەکی و هـــۆکاری کاریگـــەر بـــۆ هێمنـــی و ئارامیـــی و ســـەقامگیریی لەنـــاو جەرگـــەی پانتایـــی گڕگرتـــووی ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـتدا.

# رەفتارێکی چەپەڵ و نارەوا

لــەم ماوەیــەدا، لێــرەو لــەوێ (هانــی هانــی) یەکــی نەشــاز لەســەر (ئــەی رەقیــب) دەســتی پێکردبــوو، لــەم رۆژانەیشــدا هەواڵــی (کۆیــە) ئــەوەی راگەیانــد کــە تاوانێکــی قێــزەون دەرهــەق بــە هەســت و بەهاکانــی مــرۆڤ ئەنجامــدراوە و دەســتێکی رەش هەوڵــی هەڵدانــەوەی گــۆڕی (دڵــدار)ی جوانەمــەرگ و شــێواندنی سروودی (ئــەی رەقیــب)ی داوە.

بــەڵام ئەنجامدەرانــی ئــەم تاوانــە چەپــەڵ و قێزەونــە هەرکــەس و لایەنــێ بــێ و مەبەســتیان هەرچییــەك بووبێــت، مایــە پــووچ و دۆڕاون و لــە نەفریــن و بێــزەوەری هەمــوو مرۆڤێکــی شــەڕەفمەند و خــاوەن ویژدانــی زینــدوو زێــتر هیچیتریــان بــۆ نەماوەتــەوە.

(دڵـداری جوانەمـەرگ) کـە تـا لەژیانـدا بـووە لـە پێنـاو گـەل و نیشـتمانەکەی و خزمـەت هـەژار و چەوسـاندا خەباتیکـردووە بـۆ چرکەسـاتێکیش پشـووی حەسـانەوە و ئاسـوودەیی نـەداوە، کـە مردیـش مـاوەی (٥٨) سـاڵی رەبـەق (هەرچەنـد هەولێـری دایکیـش نیشـتمانی خۆیەتـی) دوور لـە زێـدی خـۆی هـەر (گۆڕغەریـب) بـووە، دیـارە دڵـڕەق و ناحـەزان دوو بسـت خاکیشـی لـە مەزارگـەی (گـردی کەکـۆن) دا پێـڕەوا نابینـن.

بـە هەرحـاڵ ئـەم رەفتـارە ناشـیرینەی ترسـنۆکان نـەك هـەر بـە تەنهـا دژی دڵـدار نەکـراوە و بـای تۆزقاڵێکیـش کاری تێنـاکات چونکـە دڵـدار بـە شـنانازیی و شـایانەوە جێگـە و (ئارامگـەی راسـتەقینەی خـۆی) لـە نێـو دڵ و دەروون و ویژدانـی سـەرتاپای نیشـتمانپەروەرەانی دڵسـۆز و بـە هەڵوێسـتی لـە هـەر چـوار پارچەکانـی کوردسـتاندا کردۆتـەوە، بگـرە ئـەو کردەوەیـە پـڕ لـە شـەرمەزارییە جێگـە و پێگـە و نرخـی دڵـداری مەشـخەڵ هێنـدەی تـر بـەرز و بەرزتـر دەکاتـەوە.. دەڵێـم ئـەم هەوڵـە نەزۆکـە دژی رەوانـی پاکـی (باپیـر فەقـێ ئەحمـەد و سـەید جامـی) و گشـت ئەوانـە ئەنجامـدراوە کـە (دڵـدار) لـە (گـردی کەکـۆن) هاوسـێ و میوانیانـە! هەروەهـا دژی هەمـوو دانیشـتوانی (کۆیـە) ی شـاری زانایـان و ئەدیـب و شـاعیر و کەڵـە پیاوانیشـە و دژی سـەرجەم خەڵکـی تێکۆشـەری کوردسـتان و دژی مێـژووی پڕشـکۆی تێکۆشـان و خەباتـی نەپسـاوەی نەتـەوەی کـوردی سـتەمدیدە و بەشـخوراوە.

دژی بزاڤـی رزگاریخـوازی کوردسـتان و کۆمـاری کوردسـتان (مەهابـاد) و راپەڕینـەکان و شۆڕشـەکانی ئەیلـوول و گـوڵان و شۆڕشـی نوێـی گەلەکەمانـە. هـەروەك سـووکایەتی پێکـردن و پێچەوانـەی هەمـوو خەسـڵەت و کەلتـوور و دابونەریتـی کوردەوارایـی و ئایینـی پیـرۆزی ئیسلامیشـە.. چونکـە دەسـتدرێژیکردن بـۆ سـەر گـۆڕی مـردووان بـە تایبەتیـش نـاوداران و نەمـران هەرگیـز لـە فەرهەنگـی کـورد و ئیسـلامدا نەبـووە و نییـە.

سروودی (ئـەی رەقیـب) یـش ئەوانـە بیانـەوێ و نەیانەوێـت، بۆتـە پارچەیـەك لـە ویـژدان و دڵ و ناخـی کوردسـتانییە بـە شـەڕەفەکان و بـە هاشـووهووش و کاری چـرووك و دزێـوی دوژمنـان و هەوڵـی نەزۆکـی شـێواندنی (دەقەکـە)ی نەدەسـڕێتەوە، نەیـش لـە رۆڵ و بایەخـی کەمدەبێتـەوە چونکـە رەگ و ریشـاڵی قایمـی خـۆی لـە ناخـی ناخیانـەوە داکوتـاوە.

ئێمـە ئـەم سـووکایەتی پێکردنـە رەتدەکەینـەوە و پێویستیشـە سـەرجەم نووسـەر و شـاعیر و هونەرمەنـد و رۆشـنبیر و زانـا و تێکۆشـەر و بەرپرسانیشـمان هەڵوێسـت وەرگـرن و دژی هـەر تـاوان و رەفتارێکـی پـڕ لـە شـوورەیی لـەم جـۆرە بوەسـتنەوە و بـە توندیـی ریسـوایان بکـەن.

# ڕژێمی ڕووخاوی ئێراق هەترەشی تەنانەت لە (ناوان)یش چووبوو

وەنەبێ ڕژێمی لەنێوبراوی بەغدا هەر بە ئاگر و ئاسن و ژاری کیمیاوی و ڕاگوێزان و ئەنفالکردن و بێ سەروشوێنکردنی نزیکەی دووسەد هەزار پیروپەککەوتە و گەنج و منداڵ و پیاوی بێتاوانی کورد و بە خاککردنی پتر لە(٤٥٠٠) گوند و شار و دێی کوردستان دڵی ڕەشی ئاویخواردبێتەوە و داکەوتبێت. نەخێر، وێڕای هەموو ئەوانە و تاوانگەلی دیکەشەوە، بەردەوام لە هەوڵی بێهوودەدا بووە بە مەبەستی سڕینەوەی ناسنامە و شوێنەار و هەموو هێمایەکی نەتەوەیی گەلی کورد و خاکی کوردستان، بە جۆرێ کە تەنانەت لە چاپەمەنی و بڵاوکراوە و نووسراوەکانیشدا هێڵی ڕاستوچەپی بەسەر ناوەکانی زۆرێك لە کەسایەتییە ناسراوەکانی کورددا هێناوە و لەکون

و کەلەبـــەری لاپەڕەکانـــی چاپەمەنییـــە کوردییەکانـــدا دەریهێنـــاون و ڕێگـــەی بـــە ناوهێنانیـــان نـــەداوە!

بـۆ سـەلماندنی ئـەو ڕەفتـارە دوژمنکارییـە قێـزەون و دوور لەگشـت ڕەوشـتێکی مرۆڤایەتییـــەوە لێـــرەدا تەنهـــا ئامـــاژە بـــۆ نموونەیەکـــی زینـــدوو دەکـــەم، وەکـــو بەڵگەیەکـی حاشـاهەڵنەگر و سـەلمێنراوی ئـەم ڕاسـتییەوە. ئەمیـش لـە لاپـەڕە (٩٩٣) ی کتێبەکـەی مامۆسـتای نووسـەر و یاسـاناس (جەمـال بابـان) بـە زمانـی عەرەبـی لـە ژێـر نـاوی (اعـلام الکـرد) چاپـی (٢٠٠٦)دا هاتـووە! ئەمەتـا مامۆسـتای بەڕێـز لـە سـەرەتای لاپەڕەکـەدا و لـە ژێـر سـەردێری (و أخیـرا کلمـة لابـد منهـا) ئـەو ڕاسـتیانەی خـوارەوەی بـە بەرچـاوی خوێنـەران خسـتووە، کـەوا لێـرەدا پوختەکـەی دەکەمـە کـوردی و دەینووسـمەوە:

بەڕێزیان نووسیوە و دەڵێت:

لەبـارەی ڕەوشـت و ڕەفتـاری بـەدی دەسـتوپێوەندەکانی ڕژێمـی ڕووخـاودا لـە بـواری ڕۆشـنبیرییەوە:

خوێنـــەری بەڕێـــز دوای ئـــەوەی ســـاڵی ٢٠٠٢ ڕەشنووســـی کتێبەکـــەم تـــەواو کـــرد کـــە ئەمەتـــا لەبەردەســـتتدایە، بەڕێوەبـــەری بەشـــی ڕۆشـــنبیری لـــە (دەزگای ڕۆشـنبیری و بڵاوکردنـەوەی کـوردی) دا کـە ئافـرەت بـوو، بـە تەلەفـۆن پێوەنـدی پێمـەوە کـرد و ووتـی: زانیومانـە کـە لـە نووسـینی کتێبـی (ناودارانـی کـوردی ئێـراق...) بوویتـەوە، ئێمـەش ئارەزوومانـە بۆتـی چـاپ بکەیـن و هـەر لەسـەر بودجـــەی (دەزگاکەمـــان) و ئەمـــە ڕەئـــی (بەڕێـــز بەڕێوەبـــەری گشتی)یشـــە، هەروەهـــا گوتیشـــی (بـــە تایبەتـــی کـــە جەنابـــت دامەزرێنـــەری ئـــەم دەزگایـــە و یەکەمیـن بەڕێوەبـەری گشـتیش بوویـت) بەندەیـش ئـەو دەسپێشـکەریەم پـێ خـراپ نەبـوو، بەرزیشـم نرخانـد، هەربۆیـەش سوپاسـی ئـەم خوشـکەم کـرد.

لەســـەر ئـــەوە هەڵســـام ڕەشنووســـی کتێبەکـــەم بـــۆ بـــردن و تاکـــە مەرجـــی خۆشـم پێراگەیانـدن کـە (نابێـت تەنهـا یـەك وشەیشـی لـێ بسـڕێتەوە (لابـدەن)

ئەگینا لە چاپدانی رەتدکەمەوە.

ئەوەبوو دوای ماوەیەك کە رەشنووسەکەیان بۆ گەڕاندمەوە بینیم هێڵی راستوچەپ (X) بە پێنووسی سەوز (کە پێنووسی بەڕێوەبەرە گشتییەکان و سەرووتر بوو) یاخود مەرەکەبە سەوەزکە (بەڕێوەبەری گشتی دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی) بوو، بینیم ئەو نیشانە قێزەونە بەسەر ناوی (٣٠) کەسایەتی لەنێو لاپەڕەکانی کتێبەکەمدا هاتبوو، هەندێکیان هەر بە تەواوی لابرابوون یان سڕدرابوونەوە کە ناوەکانیان دەهێنم، ئەوانیش هەر یەك لە (ابراهیم احمد، شێخ ئەحمەدی بارزانی و مستەفا بارزانی، ئەحلام مەنسوور، بەدرخان سندی، دڵشاد مەریوانی، رەفیق ساڵح، سیروان شاکر، تاریق جامباز و عەبدوللا ئاگرین) بوون. هەندێکی دیکەشیان وەکو (عبدالواحد نوری) زێتر لە نیوەی سەرگوزەشتەکەیان سڕابوونەوە، ئەو بەشەکەی دیکەش وشەیەك یا خود رستەیەکی لێوە پێچڕێندرابوو یان کوژێنرابوونەوە.. بۆ نموونە ناوی (زەعیم عبدالکریم قاسم) کە لە باسی (احمد مختار بابان) دا هاتبوو، وشەی (الزعیم) سەرکردە لابردرابوو. لە باسی (داری ساری حەیدەر)دا گوتبووم ئەم لە (برا فەیلییەکانمانە) کەچی ئەم رستەیان هەڕ سڕیبووەوە.

جا ئەگەر هەموو ئەوانە شتێ بگەیەنن ئەوە دەگەیەنن کە ئەمان و شێوەکانیان کە بەرپرسیاریەتی رۆشنبیری و رۆژنامەنووسی و ئەدیبان بە ئەستۆوەیە بیریان زۆر تەسك و بۆشن، بە تایبەتی ئەو دوو روانەی لە پێناو پلە و پایە پەیداکردندا بە درۆ بوونەتە شاعیر و نووسەر و ئەدیب و دانەر (کە لە راستیدا کەللە پووچ و هیچ لەباردا نەبوون) وەلێ دەهۆڵکوت و زۆڕناژەنن و هەمیشە خەریکی (بە حەمد و سەنای قائد الضرورة)دا هەڵگوتنن، کە تەنها ئەمەیشە کەڵکی لێوە دەبینن و پاکانەیان بۆ دەکات.

ئەمەو ئەگەرچی لە دووتوێی پەڕتووکەکەدا زۆرەها رستە و نووسینی

وای تێدابـــوو کـــە ئاگـــر لـــە جەســـتەیان بەربـــدات بەبـــێ ئـــەوەی هەستیشـــی پێبکـــەن چونکـــە ئەوانـــە (نەزانـــن)، ئەمـــە لـــە کاتێکـــدا کـــە دەبووایـــە رەشنووســـی کتێبەکەیـــان ئەســـپاردەی (شـــارەزایەك) بکردبایـــە بـــۆ هەڵســـەنگاندن و دەربڕینـــی رەئـــی خـــۆی، کەچـــی بەڕێوەبـــەری گشـــتی هـــەر خـــۆی شـــوێنی (شـــارەزا و پیاوانـــی ئەمـــن و هەواڵگریشـــی) گرتبـــۆوە.

جـــا بەهـــۆی ئـــەوەی کـــە لەســـەردەمی حوکمڕانـــی رژێمـــی رووخێـــنراودا چاودێریـــی تونـــد بەســـەر چاپکـــراوی کوردیـــدا ســـەپێنرابوو، بۆیـــە کتێبەکـــەم خرایـــە بەردەســـتی (بەڕێوەبـــەری گشـــتی دەزگای رۆشـــنبیری) بـــەو پێیـــەی کـــە خـــۆی یەکێـــك بـــووە لـــە پیاوانـــی هەواڵگریـــی، بۆیـــەکا هیـــچ دەرفەتێـــك بـــۆ بـــە چاپگەیاندنـــی کتێبەکـــەم نەمابـــووەوە و هـــەر ئـــەوە نەبێـــت کـــە دەبـــوا ئەوانـــەی بـــە پێنووســـی ســـەوز ئاماژەیـــان بـــۆ کرابـــوو بســـڕدرێنەوە، واتـــە رازیبـــوون و ملکەچـــی بـــۆ ویســـت و را بـــێ ســـەروبەرەکانیان.

بەمشـــێوەیە ناچـــار رەشنووســـەکەم لـــەوێ کێشـــایەوە و پێشکەشـــی لایەنـــی پەیوەندیـــدار لـــە کوردســـتانم لـــە ســـلێمانی بەشـــی چاپەمەنییـــەکان کـــرد، کـــە دەســـتبەجێ و بەخۆشـــحاڵییەوە ئەوپـــەڕی ئامادەباشـــیان بـــۆ بەچاپگەیاندنـــی نیشـــاندا. »تـــا ئێـــرە بەشـــێکە لەنووســـینەکەی مامۆســـتای هێـــژا کاك جەمـــال بابـــان«.

دە ئەوجـــا خوێنـــەری بەڕێـــز بزانـــن رەوش و بـــاری رۆشـــنبیریی کـــورد لـــەو رۆژگارە ناهەمـــوارە و لـــە ژێـــر ســـایەی رەشـــی رژێمـــی لەنێوبـــراوی بەعســـدا، چـــۆن بـــووە و لـــە چ دۆخێکـــی تـــاڵ و ناهەمـــواردا گـــوزەراوە.

# یانزەی ئازار و گەلی کورد

رۆژنامەی برایەتی ژمارە (١٥٩٢) پێنج شەممە ١٩٩٣/٣/١١

مێــژووی هەمــوو نەتەوەیــەك بریتییــە لــە رووداوی زۆر گرنــگ و بــە قۆناخــی پرشــنگداردا تێپەڕیــوە، کــە بــە خاڵــی جــوداکار و کاریگــەر دادەنرێــن و شــوێن و ئاکامیـان بـۆ مـاوەی درێژخایـەن بەسـەر ڕێـڕەوی بـەر و دوای نەتـەوە بـە دیاریـی و ئاشـکرا دەمێنێتـەوە، دەشـبن بـە هـۆکاری بـۆ راهـی کردنـی بارودۆخـی هەمـوار و گونجـاو بـۆ هەرچـی زووتـر گەیشـتن بـە ئـاوات و ئامـانج و بەدیهێنانـی سـەرکەوتنی ئێجگارەکــی..

ئەلبەتـە ئـەم دیاردەیـە بـۆ گەلـی ئێمـەی کوردیـش هـەر بـە هەمـان دەسـتوور گــوزەراوە، ئەوەتــا لــە مێــژووی دوورودرێــژی پــڕ لــە شــانازی کوردســتاندا چەنــدان رووداوی بایەخـدار و کاریگـەر قەومـان، کـە هەندێکیـان کارەسـاتی تـرش و تـاڵ

و جەرگبڕ بـوون و بوونەتـە هـۆی داگیرکـردن و پارچەپارچـە بوونـی نیشـتمان و ژێردەسـتەیی و چەوسـاندنەوە و ئـازار و ئەشـکەنجەیان بـۆ میللەتـی کـورد هێنـاوە، گەلیـان چەندیـن قۆنـاخ بـەرەو دواوە بردۆتـەوە، ئەوانـی تـر گـەش و سـەرکەوتوو، بوونەتـە مایـەی سـەرفرازی و بەختەوەریـی ڕەوتـی کاروانـی خەباتـی ڕەوایـان گورجـتر بـۆ پێشـەوە بـردووە و هەنـگاوی بـەرەو ئاسـودەیی و حەسـانەوە و کامەرانیـی پـێ هەڵهێنـاون، جـا لـەم نووسـینەمانا مـاوەی ئـەوە نییـە باسـی هەمـوو ئـەو ڕووداوانـە بەگشـتی بکەیـن، چونکـە ئـەم کارە بـە چەنـدان کتێـب تـەواو نابێـت بەڵکـو دەمانـەوێ بەپێـی توانـا تەنیـا لەبـارەی (یانـزەی ئـازار)ەوە بدوێیـن کـە تـا ئێسـتا جگـە لـە (ڕاپەڕیـن و ڕەوە میلۆنییەکـەی بەهـاری ١٩٩١) بـە گرنگتریـن ڕووداو دەژمێردرێـت لـە مێـژووی نوێمانـا.

سـەرەتا: پـاش ئـەوەی سـەرەك وەزیرانـی عێـراق عەبدولکەریم قاسـم و ڕژێمەکەی وردە وردە لـە ڕێبـازی (شۆڕشـەکەی چـواردەی تەممـوزی ١٩٥٨) لایانـدا و لـە زۆر لـە هەڵوێسـتە دیموکراسـی و پێشـکەوتن خوازەکانیـان پاشـگەز بوونـەوە، کەوتنـە پەڵـپ و بیانـوو گرتـن لـە کـورد و بـە هانـدان و یارمەتـی دوژمـن و ناحەزانـەوە دەسـتیان کـردە پیلاندانـان بـە مەبەسـتی لێـدان و لاوازکردنـی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد بـە ڕابەرایەتیـی (پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان) و بـە سـەرکردایەتیی تێکۆشـەری خەباتگێـر و قارەمـان بارزانـی نەمـر.

ئـەوە بـوو لـە ماوەیەکـی کەمـدا تەنگیـان بـە میللەتـی کـورد هەڵچنـی و کەوتنـە ئـازاردان و گرتـن و ڕاونانـی کادیـر و ئەندامـە چـالاك و پێشـکەوتووەکانی (پارتـی) و بـە هەمـوو شـێوەیەك هەوڵیانـدا ئـاژاوە لـە کوردسـتان بنێنـەوە و دەسـەڵاتی پارتیـی لـە ناوچەکـەدا نەهێڵـن و دەسـتکەوتەکانی کـە شـۆڕش بـۆ کۆمەڵانـی خەڵکـی ڕەش و ڕووت دایهێنابـوون لـە نێویـان ببـەن، یاخـود پووچەڵیـان بکەنـەوە. بـەو کارانەیـان پیلانگێـڕەکان توانیـان دەلاقەیەکـی فـراوان لـە نێـوان ڕژێـم و بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد دا بکەنـەوە و پەیوەنـدی زۆر قایـم و پتـەوی پێشـوویان بـە

جـارێ بپچڕێنـن!

لـە ئاکامـی ئەوەشـدا لایەنـە زیانلێکەوتـووەکان و بەرهەڵسـتکارانی (قانوونـی چاککردنـی کشـتوکاڵی) واتـا دەرەبـەگ و خـاوەن زەوی و زار و کۆنەپەرسـتان کـە لـە بنەڕەتـەوە دژی شـۆڕش و ڕژێـم بـوون، ئـەو بارەیـان بـە هەلزانـی و کەوتنـە خـۆ بـۆ قۆزتنـەوەی هەلومەرجـی گونجـاو «جموجـۆڵ دەس پێکـراو کار گەیشـتە رادەیـەك خێرخـوازان نەتوانـن بەربەسـتی ئـەوە بکـەن کـە خەریـك بوو ڕووبـدات، لەولایشـەوە سیاسـەتە چـەوت و شـەڕەنگیزیەکەی میـری و ئاگرخۆشـکردنی دارودەسـتە چەپەڵەکانـی کاربەدەسـتە کۆنەپەرسـت و داخ لـە دڵـەکان بوونـە هـۆی تەقینـەوەی وەزعەکـەوە و کوردیـش وەك مافێکـی سروشـتی و ڕەوای خـۆی بـۆ خۆپاراسـتن ناچـار کـرا پەنـا بەریتـە بـەر چـەك ئـەوە بـوو (شۆڕشـی یانـزەی ئەیلوولـی ١٩٦١) هەڵگیرسـا و کوردسـتان و خەباتـی جەمـاوەری پێـی نایـە قۆناخێکـی تـازەوە، قۆناخـی شۆڕشـی چەکدارانـە.

ئیـتر لـەو ڕۆژەوە سـەرەتای زنجیـرەی شۆڕشـی سـەردەمی کـورد دەسـتی پێکـرد کـە تـا ئێسـتەیش بەردەوامـە، لـەو ماوەیەشـدا چەندیـن ڕژێـم لـە عێراقـدا بـە ڕێگـەی کوودەتـای سـەربازی هاتۆتـە سـەرکار و بڕاونەتـەوە و شۆڕشـی کوردسـتانیش چەنـدان نووشووسـتی و سـەرکەوتنی بـە خۆیـەوە دیـوە، زۆر جـاران دووچـاری تەنگوچەڵەمەی کوشـندە هاتـووە، لاواز و کـز بـووە بـەڵام نەفەوتـاوە و پـەرەی سـەندۆتەوە و گـوڕ و تینـی هاتۆتـەوە بـە بـەردا. هەروەهـا دوو سـێ جـاران لەگـەڵ ڕژێمـی جیاجیـای بەغـدا لـە ڕێـگای گفتوگـۆ ئاگـر بەسـتیان مـۆر کـردووە و میـری دانـی بـە هەنـدێ لـە مافەکانـی میللەتـی کـوردا نـاوە، کەچـی ئەوەنـدەی نەبـردووە هەمدیـس ئاگـری شـەڕ هەڵایسـاوەتەوە و کوردسـتان بووەتـە (تاقیگەیەکـی لەبـار) بـۆ هەمـوو چەکێکـی کوشـندە کـە عێـراق کڕیبێتـی یـان تەنیـا بـۆ ئـەم مەبەسـتە پێـی بەخشرابێـت!

گرنگترینـی ئـەو ڕێککەوتـن و شـەڕ ڕاگرتنانـە ڕێککەوتننامـەی (یانـزەی ئـازاری سـاڵی ١٩٧٠) بـوو کـە لەنێـوان حکومەتـی بەعسـی عێراقـی و پارتـی دیموکراتـی

کوردستان و سەرکردایەتیی شۆڕشدا مۆرکرا..

ڕووداو: بەیاننامەکەی سەر لە ئێوارەی ڕۆژی یانزەی ئازاری ١٩٧٠ لە ڕادیۆی بەغداوە ڕاگەیەندرا، هەر لەسەرتاسەری عێراق بەگشتی و لە کوردستاندا بەتایبەتی بوو بە جەژن! لە هەموو لایەکەوە کۆمەڵانی خەڵك بە جلوبەرگی ڕازاوە لە کوچە و کۆڵان و سەرشەقام و گۆڕەپانەکانی شار و لادێکانا بە ئاوازی دەهۆڵ و زوڕنا هەڵپەڕین و ئەلقەی ڕەشبەڵەك ڕۆژ و شەو نەدەپسایەوە. خەندە بۆ سەرلێوان گەڕایەوە، زەنگی ئاشتی و ئاسایش لە دۆڵ و نیهال و دەشت و هەرد و کێوەکاندا دەنگی دایەوە. هەر بەو بۆنەیەشەوە لە زۆربەی شارەکانی سەر و خوارووی عێراقدا ڕێپێوان سازدران، بە تایبەتی کۆڕەوەکەی شاری بەغدای پایتەخت کە ئیمڕۆشی لەگەڵدا بێ پێشوازییەکەی بارزانی نەمر و هەڤاڵەکانی لێدەرچێ دوای گەڕانەوەیان لە یەکێتی سۆڤییەتەوە، ڕێپێوانی لەو شێوەیە و بەو ژمارەیە و قەبارە ئەستوورەی بەخۆوە نەدیتووە! بروسکەنامەی پیرۆزبایی و پشتگیری لە هەموو لایەکەوە بۆ حکومەتی عێراق و سەرۆك بارزانی لێدران لەلایەن هاونیشتمانی و پارتی و ڕێکخراوەکانی ناوەخۆ و دەرەوە و سەرۆك و کاربەدەستانی حکومەتی عەرەبی و بیانییەکانەوە.

گرنگی مێژوویی: ڕێککەوتننامەی یانزەی ئازار نرخ و بایەخێکی ئێجگار زۆری هەیە، لە مێژووی خەبات و بزووتنەوەی نیشتمانی کورددا گرنگی و پلەیەکی زێدە تایبەتی هەیە، چونکە پاش (پەیمانی سیڤەر) یەکەمین جار بوو لە مێژووی کوردستان بە شێوەیەکی ڕەسمی و یاسایی، کاربەدەستانی یەك لەو دەوڵەتانەی بە زۆر کوردستانیان پێوە لکێنراوە دان بەمافی ڕەوای کورد دابنێن لە چوارچێوەی (ئۆتۆنۆمی) و بیسەلمێنن کورد میللەتێکی خاوەنی کەسایەتی و زمان و فەرهەنگ و کەلەپووری خۆیەتی، هەزاران ساڵە لەسەر خاکی باب و باپیرانی دا ژیاوە.. مافی ئەوەی هەیە هاوشانی برا عەرەب و کەمایەتییەکانی دیکەی لە عێراقدا بەشداری حوکم و دەسەڵات بکات و ئەو مافانەیش یاسا و قانوون

دەیانپارێزێـت!

هەرچەنـدە بەیاننامەکـە کەموکوڕیشـی تیـادا بـوو بەتـەواوی گـوزارەی لـە تێکـڕای هیـوا و ئاواتـی کۆمەڵانـی خەڵکـی کوردسـتان نەدەکـرد و گشـت مافـە سـەرەکی و ڕەواکانـی گەلـی کـوردی بەرجەسـتە نەکردبـوو بـەڵام بـۆ ئـەو قۆناخـەی شـۆڕشـی کوردسـتان بـە باشـترین دەسـکەوتێك دەژمێردرێـت کـە سـەرکردایەتی کـورد و جووڵانـەوە چەکدارییەکـەی تـا ئـەو ڕۆژە بەدەسـتیان هێنابـێ وەکـو شـاعیرێك لـەو بۆنەیـەدا وتـی:

جەژنـی پیرۆزمـان یانـزەی ئـازارە.. خاکـم ئـازادە و گـەل بەختیـارە، لـە ڕۆژی کـورد و پێشـمەرگە و پارتـی (بارزانـی) هێنـای ئـەم یـادگارە!!

ڕێککەتننامـەی یانـزەی ئـازار و یاسـای ئۆتۆنۆمـی کـە بـە دوایـدا دانـرا بوونەتـە بڵێسـە مەشـخەڵ و بـە جارێـك تاریکـی هەمـوو سـووچ و قوژبنێکـی کوردسـتانیان ڕۆشـن کـردەوە و گرنگیـان لـەم خاڵانـەدا دەردەکەوێـت:

١- بـۆ مـاوەی چوارسـاڵ شـەڕوپێکدادانی بـە ئاشـکرا لـە نێـوان هێـزی چەکـداری شـۆڕشـی کـورد و هێزەکانـی دەوڵەتـدا ڕاگیـرا تـا ڕادەیەکـی بـاش ئاشـتی و ئاسـایش باڵیـان بەسـەر ناوچەکـەدا کێشـا، ئەمەیـش بـووە هـۆی بووژانـەوەی کوردسـتان لـە زۆر ڕووەوە و گەشـەکردنی بـاری ئابـووری و هێمنایەتـی، پەرەپێدانـی کارگـوزاری بـۆ کشـتوکاڵ، پـەروەردە، دەسـت بـە ئاوەدانکردنـەوەی وڵات، پتەوکردنـەوەی گیانـی برایەتـی کـورد و عـەرەب کـە بەهـۆی دەسـاڵ شـەڕ و شـوورەوە رووی لـە کزبـوون کردبـوو.

٢- پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و دۆسـت و لایەنگرانـی بـە شـێوەیەکی بەربـڵاو دەسـەڵاتەکانی بەڕێوەبردنـی کاروبـاری ناوچەکەیـان گرتـە دەسـت و ئەمەیـش بێجگـە لـە دەسـتکەوتە فەرهەنگـی و ڕۆشـنبیری و کۆمەڵایەتییەکانـی و پەرەپێدانـی بەرنامەکانـی ڕادیـۆ و تەلەڤزیۆنـی کـوردی، دەرکردنـی ڕۆژنامـە و گۆڤـار و نامیلکـە و چاپکـردن و بڵاوکردنـەوەی زۆرەهـا کتێـب بـە زمانـی کـوردی لەبـارەی ئـەدەب و

فۆلکلـۆر و مێـژووی کـورد و لێکۆڵینـەوە لـە جوگرافیـای کوردسـتانەوە.

٣- کارتێکردنـە سـەر پارچەکانـی دیکـەی کوردسـتان کـە بـە ئێـران و تورکیـاوە بەسـتراون و کـوردان بـە خەباتـی جەمـاوەر و پارتییـە شۆڕشـگێڕەکانییەوە.

٤- باشـتر ناسـاندنی کـورد و کێشـە ڕەواکـەی بـە گەلانـی دونیـاوە بەیاننامەکـە پێناسـینێکی قانوونـی نێودەوڵەتـی بـۆ گەلـی کوردسـتان چەسـپاند، تێکـڕا ئەمانیـش هـۆکار بـوون بـۆ گەشەسـەندن و بەرەوپێشـبردنی بزووتنـەوە ڕزگاریخوازەکـەی کـورد، کـە لـەو ماوەیـەدا دەرفەتێکـی چاکـی بـۆ ڕەخسـا تاکـو بەرەوتـی ڕابردوویـدا بچێتـەوە، هەڵـە و چەوتییەکانـی نەهێڵێـت و چاکـتر هێـز و ڕێکخراوەکانـی خـۆی تەیـار و ئامـادە بـکات بـۆ قۆناخەکانـی دواتـر.

سـەرەنجام، وەکـو لـە بەیاننامەکـەدا هاتبـوو دەبـوا لـە مـاوەی چوارسـاڵدا قانوونی ئۆتۆنۆمـی دەربچێـت و لەگەڵیـدا هـەردووك (ئەنجوومەنـی یاسـادانان و ڕاپەڕانـدن) و دامودەزگاکانیـان لـە کوردسـتان دابمەزرێـن و دەسـت بـەکار بـن، بـەڵام وادەرکـەوت کـە لـەو ڕێکەوتننامەیـە و مـاوەی چوارساڵییەکەیدا چەندیـن نیـاز و مەبەسـتی نهێنـی خۆیـەوە بـووە، لەلایـەك ویسـتوویەتی بـە جۆرەهـا شـێوە خەڵکـی شۆڕشـگێڕ خـاو بکاتـەوە و هەوڵیـداوە زۆران کاربەدەسـت و کادیـری پێشـمەرگە بگرێـت یاخـود لەناویـان بـەرێ. ڕیزەکانـی شـۆڕش لەبەریـەك دەربێنـێ و گیانـی گڕگرتـووی ڕۆڵـە شۆڕشـگێڕەکانی گـەل سـارد بکاتـەوە. لەلایەکـی تریشـەوە ئـەو دەرفەتـەی قۆزتـەوە بـۆ خۆپڕچـەك کـردن و ڕێکخسـتنەوەی بارودۆخـە شـلۆقا و شـێواوەکەی سـوپا و دەسـتگاکانی میـری، تاکـو ئەگـەر بـۆی لـوا بیانـوو بدۆزێتـەوە بـۆ پاشـگەز بوونـەوەی لـە بەڵێـن و بڕیارەکانـی سـەبارەت بـە ڕێککەوتننامەکـەوە، ئەگـەر هیـچ نەبـێ ناوەڕۆکەکـەی پووچـەڵ کاتـەوە و لـە کاتـی لەبـاردا هێـرش و پەلامـاری کوردسـتان بداتـەوە، ئـەوە بـوو ڕۆژی ١٩٧١/٩/٢٩ نەخشـەو پیلانێکـی گڵاوی سـازدا بـۆ کوشـتنی (سـەرۆك بارزانـی) لـە حاجـی ئۆمـەران دا بەهـۆی تەقاندنـەوەی چەنـد مەلایەکـی سـەر بەمێـزەر و پیاوەکانـی ئەمـن و موخابەراتـی بەعسـەوە، بـەڵام بارزانـی نەمـر بـە

موجیـزە رزگاری بـوو! لەپاشـان، لـە کۆتایـی مـاوەی چوارسـاڵەکەدا رژێمـی بەعـس هەرگیـز ئامـادە نەبـوو شـاری کەرکـووك دڵـی کوردسـتان و چەندیـن شـاری گرنـگ وەکـو ئاکـرێ و شـەنگار و خانەقیـن و مەندەلـی و دووز و زۆران شـاری بچـووك و گونـدی دیکـەی کوردسـتان بخرێنـە نێـو ئـەو سـنوورەوە بـۆ ناوچـەی ئۆتۆنۆمـی دەستنیشـان کرابـوو. دڵنیایـش بـوو شۆڕشـی کـورد و سـەرکردایەتییەکەی هەرگیـز و لـە ژێـر پاڵەپەسـتۆی هـەر وەزعێکـەوە ناتوانـن دەسـتبەرداری ئـەو پارچـە و ناوچـە گرنگانـەی کوردسـتان بـن، بەمـەش هەلـی لەبـار بـۆ سـوپا و هێـزە داپلۆسـێنەرەکانی سـاز بـوو جارێکـی دی پەلامـاری کوردسـتان بدەنـەوە و بـە دڕندەتریـن شـێوە و ئەنجامەکەیـش هـەر ئاوەهـا کەوتـەوە. هەرچەنـدە سـەرکردایەتی شـۆڕش هەمـوو هەوڵێکـی دا و تەنانـەت لـە دوایـن ساتدا سـەرۆك بارزانـی، ئیدریسـی جوانەمەرگـی بـۆ بەغـدا نـارد بـە مەبەسـتی رێـگا لـە شـەڕ هەڵگیرسـانەوە و بگـرن، بـەڵام بـێ سـوودبوو، دیـار بـوو رژێـم بڕیـاری خـۆی دابـوو، ئەوەبـوو لـە ١٩٧٤/٣/١١ دا سـەرکۆماری عێـراق، ئەحمـەد حەسـەن بەکـر، بەبـێ را لێبوونـی بـەرە کـورد و بگـرە بـە دژی ویسـتی شۆڕشـەوە، یـەك لایەنـی پـرۆژەی حوکمـە زاتییەکـەی بـە مردوویـی لـە دایـك بـووی راگەیانـد و بـە دوایـدا شـەڕ و پێکـدادان دەسـتی پێکـردەوە و خەریك بـوو تـەڕ و وشـك بەیەکـەو بسـووتێنێ.

بـە لێکۆڵینـەوەی رێککەوتنامەکـەی یانـزەی ئـازار و ئەنجامەکانـی و ئـەم راسـتییانەی دەکەوێتـە پێـش چـاو:

١- رژێمـی بەعسـی عێـراق وەکـو بیروبـاوەڕ دانـی بـە مافـە رەواکانـی گەلـی کوردسـتانا نەهێنـاوە، وەك گەلێـك خاوەنـی خـاك و مافـی چـارەی خۆنووسـین بێـت.

٢- لەبـەر ئەمـە هـەر سـاتێ شکسـتی خواردبـێ و شـەپرزە بووبـێ و هێـز و دەسـەڵاتی روو لـە کـزی بووبـێ وەکـو تاکتیك پەنـای بردۆتە بـەر (وتووێـژ) و بەیاننامە و ئاگربەسـتی لەگـەڵ سـەرکردایەتی شۆڕشـی کـورددا مـۆر کـردووە و خـۆی لـە پێسـتی مـەڕ شـاردۆتەوە و ئەوجـا لـە ژێـرەوە خەریکـی خۆسـازدان و رێکخسـتنەوەی

ریزە شەڕێوەکانی بووە تاکو دووبارە بەخۆی راپەڕیوە و هەستی کردووە هێز و توانای وەبەرداهاتۆتەوە، هەمدیس بۆتە گورگە هارەکەی جاران و پڕکێشی قوتدانی کوردستانی کردۆتەوە. ئەم رەفتارەیش لەسەرجەمی مێژووی پەیوەندی نێوان شۆڕش و راپەڕینەکانی گەلی کوردستان و رژێمە دیکتاتۆرییەکەی بەغدا هەتا ئیمڕۆش روون و ئاشکرا بەرجەستەیە!

٣- گەلی هۆشیاری کوردستان بەگشتی و هێزی پێشمەرگەی و پارت و لایەنەکانی ناو بەرەی کوردستانی بە تایبەتی، لەم راستییانە تێگەیشتوون، دەشبێ هەر لەسەر بنەڕەت و لەبەر رۆشنایی ئەم راستیانەدا رەفتار بکەن جارێکی تر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان فریوی دوژمن نەخۆن.

ئیمڕۆ لە ئەجامی ئەو هەموو کارەسات و رووداوانەدا و دوا بەدوای راپەڕینە مەزنەکەی تێکڕای گەلەکەمان و وەك دەرەنجامێکی سروشتی سەرنەگرتنی بەیاننامەی یانزەی ئازار و ئەو گۆڕانکارییە سیاسیانەی بەسەر جیهاندا هاتوون، کە چیتر دروشمی (حوکمی زاتی) کاڵای پڕ بە باڵای خواست و مافەکانی گەلەکەمان نییە و سەردەمی ئەم دروشمە بەسەرچووە و بووە بە مێژوو، ئیمڕۆ گونجاوترین دروشم لە فیدراڵیدا خۆی دەنوێنێ لە عێراقێکی دیموکراسی و فرە حزبیدا کە چاکترین بژاردەیە و تا بە ئارەزوو پێکەوە ژیانی گەلانی عێراق بە برایانە و ئاشتیانە و پتەوترین پایە و کۆڵەکەیە بۆ پاراستنی یەکپارچەیی نیشتمان لەلایەك و دابینکردنی یەکسانی و مافی چارەی خۆنووسینی هەموو نەتەوەکانی و تا بۆ هەتا هەتایە مەترسی ئاژاوە و شەڕ و پێکدادان و کاولکاریی دوور دەخاتەوە.

# بەرەو کۆنگرە

ڕۆژنامەی (برایەتی) (١٦٨٥) دووشەممە (١٩٩٣/٧/٥)

پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر چاکی کرد بڕیاری بەستنی کۆنگرەی یازدەمینی دا، کۆنگرە لە هەر حیزب و ڕێکخراوێکدا باڵاترین دەستەیە و خاوەنی بەرزترین و کاریگەرترین دەسەڵاتە، لە پەیڕەوی ناوخۆی هەر پارتییەکدا ماوەی بەستنی کۆنگرەی گشتی دیاری کراوە، بەڵام لە وڵاتی ئێمە لەبەر بارودۆخی نائاسایی و نەبوونی سەربەستی دیموکراسی و زۆرەها کۆسپ و تەگەرەی تر، کەم وا ڕێکەوتووە حیزبەکان توانیبێتیان لە ساڵ و ڕۆژی خۆیدا کۆنگرە ببەستن. جاری وابووە بەستنی کۆنگرە زۆر لە کاتی خۆی دواکەوتووە یان هەر نەتونراوە ئەنجام بدرێت. جا یان بە کۆنفرانس و سیمینار کەلێنەکەی پڕ کراوەتەوە یان ئەوەتا هەر سەرکردایەتی (مەکتەبی

سیاسی و لیژنەی ناوەندی) کاروباری حزبەکەمان بردووە بەڕێوە و چاوپۆشی لە بەستنی کۆنگرە کراوە کە ئەمیش بە زەرەر و زیان بۆ خودی حزبەکە و بگرە جارەها تا رادەیەکیش بە زیانی گەل و بزاڤە ئازادیخوازییەکەیشی گەڕاوەتەوە.

کۆنگرەی حزب کە نوێنەری هەڵبژێردراوی سەرجەم رێکخراو و شانە و ئەندامەکانی تیایدا بەشدار دەبن بە هەق (نمایندەی) ئەو حزبەیە و وەك وتمان بالاترین دەسەڵاتە و هەڵدەستێ بە لێکۆڵینەوە و نرخاندنی کارەکانی خۆی و سەرکردایەتییەکەی لە کۆنگرەی پێشووترەوە بە شێوەیەکی واقیعیانە و هەرچی کراوە و نەکراوە روونی دەکاتەوە، ئەوەی مایەی رەخنە لێگرتن بێ بە گیانێکی بابەتیانە و بەبێ چاوپۆشی و مەرایی کردن دەیداتە بەر نەشتەری رەخنەسازییەوە و ئەوەیش شایستەی ستایش و ئافەرین بێت مافی رەوای خۆی دەداتێ.. هەر لە کۆنگرەدا راپۆرتی رامیاریی و دارایی و رێکخستن و هتد، پێشکێش دەکرێ و هەڵدەسەنگێرێن و گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرێت، یان پەسەند دەکرێن و یانیش لێتۆژینەوەیان بۆ ساز دەدرێت، ئەوجا رەچاوی باری ئێستا و دوارۆژی وڵات و پێداویستییەکانی چوونە پێشەوە و گەشەسەندنی بزووتنەوە رزگاریخوازەکە و هەلومەرجی رەخساوی ناوخۆ و دەرەکی و هۆکارە زاتیی و بابەتییەکان شیتەڵ دەکرێنەوە و لەسەر رۆشنایی ئەو لێکۆڵینەوە تێروتەسەل و زانستیی و واقیعیانەوە کۆنگرە پەیڕەو و پرۆگرامی حزب دەستکاری دەکات، دروشم و داخوازیی نوێ بۆ قۆناخەکانی ئێستا و پاشەرۆژ دەستنیشان دەکات، (ستراتیژی) تازەی رەنگرێژ دەکات و شێوازی (تاکتیك و پراکتیکی) گونجاویان بۆ دادەنێت و لە دوا دانیشتندا (سەرکردایەتی) گشتی و لێپرسراو و لێژنە گرنگەکان هەڵدەبژێرێت و جێبەجێ کردن و ئەنجامدانی بڕیارەکانی خۆی تا کۆنگرەی ئاییندە دەخاتە ئەستۆیانەوە.

دیارە بەشداربووانی کۆنگرە و لێکۆڵینەوە و رادەربڕین و پێشنیاز تەنیا مافی

ئـەو نوێنەرانـەن کـە لـە لایـەن ئەندامانـی حزبـەوە هەڵبژێـردراون بـەڵام ئەمـە رێ لـەوە ناگرێـت خەڵکانێـك لـە دەرەوەی کۆنگـرە و حیزبیشـەوە راوبۆچوونـی خۆیـان بخەنـە بـەردەم کۆنگـرەی بەڕێـز و هـەر سـکاڵا و پێشـنیازێکی بـە سـوودیان هەبێـت دڵسـۆزانە نیشـانیان بـدەن و لەبـەر هـەرچ هۆیـەك پەردەپۆشـی نەکـەن، بـە تایبـەت ئـەو کەسـانەی کـە گوڵـی گەشـی تەمەنیـان لـەو رێگەیـەدا هەڵوەرانـدووە و دڵسـۆزانە وەکـو سـەربازی ون خزمەتێکـی بـێ پایانـی ئـەم حزبەیـان کـردووە و مێژوویەکـی بێگەردیـان بـووە و خاوەنـی ئەزموونێکـی بـە سوودیشـن!

جـا لێـرەدا لـە سـۆنگەی دڵسـۆزییەوە بـۆ بەرژەوەندیـی گشـتی رێگـە بـە خـۆم دەدەم ئـەم چەنـد خاڵانـە بخەمـە بـەر دیـدەی (کۆنگـرەی یانزدەمینـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی عێراقـەوە)، ئومێـدم وایـە بـە سـنگێکی فراوانـەوە سـەیر بکرێـن و بخرێنـە بـەر تیشـکی بـاس و لێکۆڵینـەوە و بەدەسـت تێوەردانـی نـاڕەوا لـە کاروبـاری کۆنگـرەدا نەژمێردرێـن.

١- لابردنـی دروشـمی سـەرەکی پارتیـی (ئۆتۆنۆمـی بـۆ کوردسـتان و دیموکراسـی بـۆ عێـراق) و گۆڕینـی بـە (مافـی چـارەی خۆنووسـین بـۆ گەلـی کوردسـتان لـە عێراقێکـی دیموکراسـی و فیـدراڵ)دا.

٢- چەسـپاندن و پەرەپێدانـی و ئاراسـتەکردنی سەربەسـتییە دیموکراسـیەکان و پاراسـتنی مافەکانـی مـرۆڤ و گەشـەپێکردن و قووڵکردنـەوەی رێبـازە دیموکراسـییەکەی کوردسـتان.

٣- پشـتگیری و بەرەوپێـش بردنـی ئەنجوومەنـی نیشـتمانیی و حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان و دامودەزگاکانیـان و بەجێگەیاندنـی هەمـوو بڕیـار و فەرمانەکانیـان.

٤- رێکخسـتن و پتەوکردنـی هێـزی سـوپای یەکگرتـووی کوردسـتان بـە هەمـوو شـێوەیەك و (نەهێشـتنی میلشـیا و دیـاردەی دزێـوی چەکـداری).

٥- بایەخـــدان بـــە (بـــەرەی کوردســـتانی) و هەمـــوو هەوڵێـــك بدرێـــت بـــۆ چەســـپاندن و بەهێزکردنـــی یەکێتـــی ریزەکانـــی..

پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی عێـراق بەتەنهـا کۆرپـەی لـە دایکبـووی ئیمـڕۆ نییـە و وەك دەڵێـن هـەر ئـە ئـاوا بـە گەورەیـی لـە دایـك نەبـووە! (بەڵکـو لـە رۆژی دامەزراندنییـەوە هەتـا رۆژی پڕشـکۆی ئیمـڕۆ خەڵکانێکـی زۆر لـە پێگەیانـدن و گەشـەکردن و پاراسـتنیدا بەشـدارییان کـردووە. لەوانەیـش هەندێکیـان بەداخـەوە سـەری نامـرادی و بـە ئـاوات نەگەیشـتنیان ناوەتـەوە و چوونەتـە بـەر دلۆڤانیـی یـەزدان.. کەمینەیەکیشـیان بەرحەیـات مـاون و چـاو و دڵیـان بـە کوردسـتانی ئـازاد و فیـدراڵ کلرێـژ و رۆشـەن بۆتـەوە. بـەڵام بـە خانەنشـینی لـە ماڵـەوە بێنـاز کەوتـوون و چاوەڕوانـی ئـەوەن پارتـی بـە قەدرزانیـەوە ئاوڕیـان لێبداتـەوە. بایەخـی خۆیـان پێبـدات، دەسـتیان بگـرێ و لـە زۆر شـتدا راوێـژ و پرسـیان پێبـکات، چونکـە خاوەنـی ئەزموونێکـی زۆر و بەکەڵکـن و هەیشـیانە لـە چەنـدان کۆنگـرەی پێشـوودا بەشـداربوون و ئامادەیشـن وەك جـاران بـە گـوڕ و ئـارەزووەوە بێنـەوە مەیـدان و خزمـەت بـە گـەل و نیشـتمان بگەیەنـن.. ئـەم دڵسـۆزانەن کـە هەرچەنـد لەبـاری رێکخسـتنەوە سـەر بـە هیـچ حیـزب و لایەنێکـی سیاسـییەوە نەبـوون، بـەڵام لـە سـەختترین رۆژانـی رەشـی بەعسـی فاشیسـتدا ملیـان بـۆ داگیرکـەران کـەچ نەکـردووە و مێـژووی پیـرۆز و رابـردووی پاکـی خۆیانیـان بـە بێگەردیـی پاراسـتووە و لـە خەباتـی شـەڕەفمەندیی و پڕشـکۆی گەلەکەیانـەوە بـە قـەد موویـەك لایـان نـەداوە و هەمیشـە دەروێشـی بـە وەفـای رێبـازی بارزانـی نەمـر بـوون و لـەم پێناوەشـدا هەمـوو چەرمەسـەری و ئـازار و ئەشـکەنجەیان قەبـووڵ کـردووە.

ئیـتر هیـوادارم کۆنگـرەی تێکۆشـەرتان هـەر شـکۆدار و سـەرکەوتوو بێـت و ئـاڵای دیموکراسـیی و فیدراڵـی لـە کوردسـتانی رزگارکـراودا هـەردەم بـەرز و شـەکاوە بێـت!

# فەرمایشتی بەهانەبڕ

رۆژنامەی برایەتی ژمارە (١٦٩١) دووشەممە ١٩٩٣/٧/١٢

رۆژی شەممەی ٢٦ی حوزەیران لەکۆبوونەوەیەکی هاوبەشی تایبەتدا هەردوو سەرکردەی کورد بەڕێزان کاك مەسعود و مام جەلال لە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستاندا، بە ئامادەبوونی هەواڵێنر و نوێنەرانی رۆژنامە و کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن، باسی گەشتەکەی ئەم دواییەی خۆیانیان بۆ ئەمەریکا و چەند وڵاتێکی ئەوروپایی و عەرەبی کرد و بە دوور و درێژی سیاسەت و هەڵوێستی کاربەدەستانی ئەو دەوڵەتانەیان بەرامبەر بە کێشەی گەلی کوردستان روونکردەوە و ئەنجام و دەسکەوتەکانی گەشتەکەیان بە جەماوەر راگەیاند، ئەوەی بەلای منەوە ئێجگار گرنگ بوو، ئەوەیە کە لە نێوان قسەکانیاندا هەردوو سەرکردە بە راشکاوییەوە جەختیان

لەســەر پتەوکردنــی ریزەکانــی گــەل، بــە تایبەتــی پەیوەنــدی برایانــە و تەبایــی بەینــی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان و یەکێتــی نیشــتمانی کوردســتاندا کــرد.

هێــژا کاك مەســعود لــە فەرمایشــتەکانیدا گوتــی (یەکێتــی و تەبایــی پ.د.ك و ی.ن.ك بڕیارێکــی کۆتاییــە هــەردوو حــزب وەریانگرتــووە و لەلایــەن ســەرکردایەتی و مەکتەبــی سیاســی هەردووکیانــەوە ئیمــزا کــراوە و جارەهــا و بارەهــا راگەیانــدراوە، نــەك هــەر ئەمــە بەڕێــزی فەرمــووی هــەر ئەندامێــك ئــەم بڕیــارە جێبەجــێ نــەکات زۆر بــە توندی لەلایــەن حزبــەوە ســزا دەدرێــت.

هەروەهــا هەڤاڵــی هێــژا مــام جــەلال بەبــێ پێــچ و پەنــا فەرمــووی کــە (ئــەم رێزلێنــان و پشــتگیریی لێکردنەمــان بــە تایبەتــی لــە ئەنجامــی ئــەم تەبایــی و برایەتیــی و یەکگرتنــەی نێــوان پ.د.ك و ی.ن.ك دا بــوو، وێــڕای یەکێتــی ریزەکانــی بــەرەی کوردســتانی بەگشــتی.

جــا ئــەم فەرمایشــتە بــە نرخانەیــان هیــچ بڕوبیانوویەکیــان نەهێشــتەوە بــۆ ئــەو برادەرانــەی بــە دزی و بــە ئاشــکرا لــە کــۆڕ و دانیشــتنەکانیاندا بــە فســکە و فسـك و چپـە چـپ و چ بـە نـاوی پارتییـەوە دژی یەکێتـی یـان بـە پێچەوانـەوە، لـە ژێــر نــاوی یەکێتیــەوە دژ بــە پارتــی دەدوێــن و تانــە و تەشــەر ئاراســتەی یەکــتری دەکــەن. ئێمــە و مانانــی بێلایــەن و دڵســۆزانی گــەل و نیشــتمانەکەمان چونکــە راســتەوخۆ هێــز و هیــوا و پشــتیوانی خۆمــان لــە یەکێتــی راســتەقینە و بێگــەردی ئــەم دوو حزبــە زلهێــزەدا دەبینینــەوە بۆیــەکا زۆر بــە پەرۆشــەوە چاوەڕوانــی ئــەوە لــە کاربەدەســت و ئەنــدام و دۆســت و لایەنگرانــی ئــەم دوو حزبانــە دەکەیــن بــە رەهایــی و بــێ هیــچ دوو دڵییــەك ملکــەچ و گوێرایەڵــی ئــەم (فەرمایشــتە پیــرۆز و پــڕ بەهایانــە)ی هــەر دووك ســەرکردەکانیان بــن. کــە بێگومــان (فەرمایشــتی بەهانەبــڕ و بیانــوو کــوژن)

پێشــمان وایــە هەرکەســانێك لەهــەر لایەکیــان بــە پێچەوانــە رەفتــار بــکات و لەســەر خۆشــکردنی ئاگــری کینەبەریــی و دووبەرەکیــی بــەردەوام بێــت، ئەمــە

نـەك هـەر هیـچ فـڕی بەسـەر ئـەم دوو حزبـە و کوردایەتییـەوە نییـە و نەمـاوە، بگـرە سـووکترین شـتێك لەبارەیانـەوە بگوترێـت ئەمەیـە کـە ئـەم کەسـە دەچێتـە ڕێـز و خانـە و بـەرەی دوژمنانـی کوردسـتانەوە و بیـەوێ و نەیەوێـت بـێ مـزە و چالاکانـە خزمەتـی پیـلان و ئاواتـە گڵاوەکانیـان دەکـەن..

دەسـا گەلـی براینـە، بـام لـە ئاسـتی بەرپرسـیاری مێژوویـی دابیـن و بـە کـردەوە بیسـەلمێنین کـە لـە بـەرەی گەلماندایـن و بـەس کوردیـش لەمێـژە گوتوویەتـی (ئـەو کەسـەی کەسـە، ئەلفێکـی بەسـە)

# راپەڕین تەقینەوەی رقی ئەستوور

رۆژنامەی برایەتی ژمارە (١٥٩٨) پێنجشەممە ١٩٩٣/٣/١٨

بیست و دوو ساڵی رەبەق بوو گەلانی عێراق بە کورد و عەرەب و کەمە نەتەوایەتییەکانەوە لە ژێر نیری رژیمێکی دیکتاتۆری رەفتار فاشستدا دەیاننالاند و سەرکوت دەکران. بەتایبەتی گەلی کوردستان کە بە جۆرێك کەوتبووە ژێر باری دڕندەترین شێوەی چەوساندنەوە و داپلۆسین و ئەشکەنجەوە لەو ماوە درێژەدا لە بارودۆخێکی ئەوەندە دژوار و نالەباردا ژیاوە کە لە مێژووی مرۆڤی سەردەمدا وێنەی کەم بووە. رژیم هەرگیز بەو چاوەوە نەیڕوانیوە کە کوردستان بەشێکی عێراق و کورد هاووڵاتی عێراقی بن. بەڵکو لە رەفتاریدا وا دەرکەوتووە ئەوانی بە دوژمنی سەرسەختی نیشتمان داناون و هەموو هەوڵ و کۆششێکی بۆ توانەوە و لەنێوبردنیان ئاراستە کردووە! ئەوەتا

جۆرەهــا ڕێبــازی جــوداوازی گرتۆتــە بــەر بــۆ گەیشــتن بــەو مەبەســتە هەرچــی پیــلان و نەخشــەی ناهەمــوار هەیــە بــەکاری هێنــاون. لــە هەمانکاتــدا هەمــوو شــێوە گوشــارێکی تاقیکردۆتــەوە: «مــاددی، دەروونــی، کۆمەڵایەتــی، سیاســی و ئابــووری، وێــڕای فشــاری بەردەوامــی ســەربازی.. تەنانــەت پەنــای بردۆتــە بــەر فرتوفێــڵ و بــە پــارە هەڵخەڵەتانــدن و بــەردەوام هەوڵــی داوە بودەڵــە و نابــووت و نــەدار وە کەمدەســت و نــەزان و نەفــس نــزم و ســەردار هــۆزەکان بــە پــوول و دراو بکڕێــت و بــە ماڵــی دونیــا لــە خشــتەیان بەرێــت و بیانکاتــە دارەدەســتی خــۆی و بەریانداتــە گیانــی دڵســۆزان و جەمــاوەری ســتەمدیدەی میللەتەکەمــان و بیانــکات بــە درك و کۆســپ لــە بــەردەم خەبــات و بزووتنــەوە و شۆڕشــە پیرۆزەکانــی گەلــە بەشــخوراوەکەیاندا وێــڕای ئــەوەش بــێ وچــان لــەکار دابــووە هەرچــی ڕەوشــت و خــووی ڕەســەن و مەردانەیانــە بشــێوێنێ و هەمــوو بنەمــا و بنەڕەتێکــی پیاوانــەی نێــو کۆمەڵــی کــوردەواری هەبــووە لــە بنــەوە ریشــەکێش بــکات و لــە شــوێنیاندا کام ڕەوشــت نــزم و کام کــردەوە ناشــیرین و قێزەونــە چــی خەســڵەت ســووك و دزێــوە ئــەوە بڵاوبکاتــەوە و زەمینــەی بــۆ خــۆش بــکات! لەلایەکــی تریشــەوە هەرچــی توندوتیــژی و ئەشــکەنجە و تۆقانــدن و هەرچــی چەکێکــی کوشــندە و کاریگــەر بــووە بــەکاری هێنــاون، هــەر لــە وێرانــکاری و لەگــەڵ خاکــدا یەکســان کردنــی پــتر لــە (٤٥٠٠) گونــد و شــارۆچکە و شــار و ڕاگوێزانــی دانیشــتوانیان وەکــو دیــل بــۆ کۆمەڵگــە زۆرە ملێیەکانــەوە تــا دەگاتــە (١٨٢٠٠٠) قوربانــی ئەنفالــە بەدنــاوەکان و هێرشــە کیمیاوییەکانــی بــۆ ســەر هەڵەبجــەی شــەهید و شــێخ وەســانان و بالیســان و ناوچــەی بادینــان و بــە کۆمــەڵ زینــدە بــە چــاڵ کردنــی هەزارەهــا ژن و منــداڵ و پیرەمێــردی بــێ دەســەڵات و بــێ تــاوان و بــێ ســەر و شــوێن کردنــی هەشــت هــەزار بارزانــی قارەمــان و کۆڵنــەدەر.. گوندەکانیــان تێکــدان، ســەرچاوە و کانیاوەکانیــان کوێــر کردنــەوە، دارودرەخــت و ڕەز و باخیــان ســوتاند، کشــتوکاڵ قەدەغەکــرا، ورســت و ئــاژەڵ و مــاڵات بــە تــاڵان بــران. بــەم

شـێوەیە رژێـم دەسـتی بەسـەر زەوی و زار و کێڵگـە و دانەوێڵـە و بەروبوومـی ئەوەیـش داگـرت کـە هێلابوویانـەوە جـا ئـەو خەڵکـەی جـاران بەرهـەم هێنـەر بـوون و بازاڕەکانیـان پـڕ لـە بەرووبـووم دەکـردن تێکڕایـان لـە سـایەی ئـەو سیاسـەتە چـەوت و نامرۆڤانەییـە بـوون بـە کڕیـار و لەباتـی سـووك کردنـی بـاری سەرشـانی شارنشـینیەکان، خۆیشـیان بـوون بـە سـەرباری و هێنـدەی تـر وەزعـی ئابـووری و دارایـی خەڵکەکـە روو لـە خراپـی بـوو، لەپـای ئـەم سیاسـەتە چەوتـەوە دەوڵـەت ناچـار بـوو هـەزاران ملیـۆن دۆلاری خەزێنەیـی لـە دەرەوە هێنانـی هەمـوو شـتومەکی پێویسـت، سـاڵانە و بـەردەوام بـە بـا بـدات و نرخـی هـەر کەرەسـەیەکیش دەیـان هەنـدەی جـاران بـەرز بـووەوە و بـە جارێـك گوشـاری بەسـەر رەش و رووت و زەحمەتکێشـانا قورسـتر کـرد. ئەمـە گشـتی بەلایـەك، لەولایشـەوە فشـاری سیاسـی هەناسـەی لەبـەر خەڵـك بڕیبـوو، بـە زۆر ناوچـە بـە عـەرەب کـردن و بـێ ویسـت و ئـارەزووی خۆیـان راکێشـانی خەڵـك بـۆ نێـو ریزەکانـی حزبـی بەعـس و مووچـە بڕیـن و دەرکردنـی فەرمانبـەران و وەرنەگرتنـی قوتابیـان لـە زانکـۆ و ئامۆژگاکانـدا گـەر ملیـان بـۆ (حزبـی سـەرکردە) کـەچ نەکردایـە و دانەمەزراندنـی هـەر دەرچوویەکـی خـاوەن بڕوانامـەی بـەرز (جگـە لەوانـەی سـەربەخۆیان بـوون). راونـان و دوورخسـتنەوە و بـێ سـەر و شـوێن کـردن و لـە زینـدان هاویشـتنی بـێ موحاکمەکردنـی خێـزان و خـزم و کەسـی پێشـمەرگە و تەقاندنـەوەی ماڵەکانیـان و دەسـت بەسـەراگرتنی هەرچییەکـی بوویانبـێ.. کاولکردنـی هـەر کووچەیەکـی نێوشـار تەقەیەکـی لێکرابـێ، یـان زەلامێکـی سـەر بـە رژێمـی تیـادا کوژرابێـت هەروەهـا خنکاندنـی هەزارەهـا لاوی کـورد لەسـەر تەنیـا «وشـەیەك» یـا دۆزینـەوەی تاکـە «وێنەیـەك» یاخـۆ تاقـە «فیشـەکێك» لەلایـەن فراندنـی هەزارانـی تـر لـە کـۆڵان و سەرشـەقام و لـە رێـگای خوێندنگـە و کارگـە و چـوون شـوێنی کار بـێ ئـەوەی هیـچ کەسـی پێیـان بزانـی و پاشـان ئیعـدام کردنیـان و تەنانـەت سـەندنەوەی نرخـی ئـەو گوللـەیەش کـە پێـی

کـوژراوە و قەدەغەکردنـی پرسـەو فاتیحـەش لـە خـزم و کەسـانیان!؟

لەسـەرووی هەمـوو ئەوانەیشـەوە گرفتارکردنـی گەلانـی عێـراق بـە دەرد و وەیشـوومەی (جەنگـی هەشـت ساڵەی دژی ئێـران و جەنگـی دووەمـی کەنـداوی دەرەنجامـی داگیرکـردن و سـەرتاپا وێـران و تالانـی کوێتـەوە). کـە بوونـە مایـەی بـە کوشـتدانی زیاتـر لەیـەك ملیـۆن مرۆڤـی عێراقـی و لەنێوچوونـی تێکـڕای سـەروەت و سـامانی نەتەوایەتـی و لـە سـایەیانەوە عێـراق بـۆ سـەدەکانی ناوەڕاسـت بـەرەو دواوە گەڕایـەوە و زیانێکـی ئەوتـۆ بـە ژێـر خانـی ئابـووری و شارسـتانی کەوتـووە لـە مێـژوودا هاوتـای نەبـووە و میللەتـی بـەم ڕۆژە گەیانـد کـە تیایـدا دەناڵێنـێ و دەبـێ لـە سـفرەوە دەسـت پـێ بکەینـەوە!! ئەمەیـش جگـە لـە شـەڕی هەمیشـە و بـە بەردەوامـی ڕژێـم بـە هەمـوو چەکێـك و لـە هەمـوو ڕوویەکـەوە دژ بـە کوردسـتان و گەلـی کـوردی قارەمـان وێـڕای هەمـوو ئەمانەیـش ئەوەنـدەی تـۆی دژایەتـی بـۆ دووبەرەکـی و تـرس و تۆقاندنـی لـە نێـو خەڵکـدا بڵاوکردبـۆوە متمانـە و بـڕوا بـە یەکـتری بـە جـۆرێ کـەم ببوونـەوە بـرا لـە بـرا و بـاوك لـە فەرزەنـدەی خـۆی گومانـی دەکـرد و تەنانـەت لـە بـەردەم منداڵـی ساوایشـەوە کـەس نەدەوێـرا ئـەوەی لـە دڵیـا بـوو بیدرکێنـێ!

ئاوەهـا بـوو حـاڵ و بـاری ئـەو خەڵکـە، جامـی بەرگرتـن و ئارامـی ئـەو خەڵکـە نـەك هـەر پڕاوپـڕ بـوو، بەڵکـو دەمێکیـش بـوو لێـی دەڕژایـەوە! گوشـار گەیشـتبووە پلـەی تەقینـەوە و بەتەنیـا چاوەڕوانـی دەرفەتێکـی لەبـار و ڕەخسـاو دەکـرا، دەرفەتـێ بـۆ پروشـکێك ئاگـر و تەقاندنـەوەی ئێجگارەکـی. ئەوەبـوو دوا بـە دوای تێکشـکان و دەرکردنـی قشـوونەکانی عێـراق لـە کوێـت و مۆرکردنـی ئاگربەسـتە ئابڕووبەرەکـەی نێـوان ڕژێمـی داهێـزراوی دۆڕاوی بەعـس و هاوپەیمانانـدا کـە پـتر لـە دوو سـەد هـەزار لاوی خێـر لەخۆنەدیـوی عێراقـی تیـادا بـوون بـە قوچـی قوربانـی هەڵـە و نالەبارتریـن سیاسـەتی پـڕ لـە تەمـاح و دەسـتدرێژی و خـۆ بـە زل زانیـن و شـەڕخواز و خوێنبـاز لـە جیهانـدا! گـەل

ئیتر لە وزە و توانای دا نەما بێدەنگ بوەستێت.. ئەوەبوو مەشخەڵی راپەڕین هەر لە بەسراوە تاکو زاخۆ سەرتاسەری وڵاتی گرتەوە و ئەو رق و کینە و هەستی بەشخوراوی و زۆر لێکراوییەی لە سینە و دڵ و دەروون و ناخی تێکڕای جەماوەردا پەنگی خواردبووە، بە یەکجار تەقییەوە و شاڵاو و لافاوی رقی ئەستوور و پیرۆز هەرچی بەربەست و ئەستەمێك بوون لە بەردەمیدا رایماڵین و تەنگی بە دوژمن هەڵچنی، بە تایبەتی لە کوردستانی قەڵای سەختی شۆڕشدا. راپەڕینی بەهاری پێرار ئەوەندە بە گوڕ و سەرتاسەری و لەناکاو بوو تەنانەت هێزە نیشتمانییەکان و دەستە و پارتییە سیاسییەکان و بگرە سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی و شۆڕشیش بەو شێوەیە چاوەڕوانی نەدەکرد. گڕ و شاڵاوی کووورەی جۆشدراوی دەروونی جەماوەری ستەمدیدە، هێندە بە کلپە بوو سووتێنەر بوو دامرکانەوە و بەرلێگرتنی لە سنووری وزەی کەس دا نەمابوو، بۆیە لە زۆر شوێندا داخداران لە رژێم هەندێ کردەوەیان ئەنجام دا، زیانیان بە زۆر مەڵبەند و شوێنی گشتی و کەرەسە گەیاند کە نەدەبووا بکرایە و تێکدەرانیش لە پەنا رقی پیرۆزدا گورزی خۆیانیان وەشاند و کاری ناڕەوایان ئەنجامدا! راپەڕینەکە ئەوەندە ئەستوور بوو، شاڵاوی رووداو هێندە گورج و بە گوڕ و سەرسوڕهێنەر بوو، هیچ رێکخستنێك بۆی نەبوو بتوانێ بەری لێ بگرێ و لە سنووری پێویستدا بیوەستێنێ، ئەم ساتە وەختانە ساتە وەختی تایبەتی مێژوویین. هەروەکو بروسکە چەخماخە دەدەن، دێن و روو دەدەن.

راپەڕینە مەزنەکەی ئاداری ١٩٩١ی کوردستان شتێکی دەگمەن و ناوازە و تازە بابەت بوو، نوختەیەکی جیاکەرەوەیە لە مێژووی راپەڕینی گەلان بەگشتی و لە سەرتاپای مێژووی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەی کورددا بە تایبەتی! چونکە لەم راپەڕینە مەزنەدا بۆ یەکەمینجار لە مێژوویدا دۆستان و (بە رواڵەت) دوژمنانی میللەتەکەمان واتە هێزی پێشمەرگە و خێرخوازان و

خەباتـکاران لەگـەڵ هێـزی چەکدارانـی بەنـاو سـەر بـە رژێـم و بـەرەی دوژمنـەوە کـە تـا چەنـد رۆژێـك بـەر لـە راپەڕینەکـەوە لوولـەی تفەنگیـان ئاراسـتەی سـنگی یەکـتری کردبـوو، دەسـتی برایەتـی و هاوخەباتـی کوردایەتییـان خسـتەوە گەردەنـی یەکترییـەوە و لـە مەیدانـی شـەڕەفمەندیدا خوێنـی شـەهیدانی هـەردوولا تێکـەڵاو بـوون و گوڵـی ئـازادی و سەربەسـتی کوردسـتانیان پـاراو کـرد و بەبـێ جـوداوازی بـە گـەورەوە و بچووکـەوە بـە چـەك و بـێ چـەك، پیـاو و ئافـرەت، خەڵکـی شـار و دێنشـین تێکڕایـان وەکـو شـێر راپەڕیـن و هەڵیانکوتایـە سـەر بنکـە و مۆڵگەکانـی دوژمنـی داپلۆسـێنەر و لـە چاوتروکانێکـدا پاکیـان کردنـەوە و رەگ و ریشـەی کـە پـتر لـە سـەدەیەك بـوو رژێـم دایکوتابـوون لـە چەنـد رۆژێکـدا هەڵکێـشران و کوردسـتان لـە چڵکاوخـۆر و نۆکـەر و داگیرکەرانـی پاکسـازی کرایـەوە. هـەروا لـەم راپەڕینـە بەهارییـەی گەلـی نەبـەز و چاونەتـرس و تێکۆشـەری کوردسـتاندا بـوو کـە بـۆ یەکەمیـن جـار لـە مێـژووی پـڕ شـانازی و شـەڕەفمەندیدا هێـزی پێشـمەرگەی قارەمـان و فیـداکار توانـی سـەراپای کوردسـتان بـە دەشـت و دەر و دۆڵ و نیهـال و هـەردو کێـو و شـارە گەورەکانیشـی بـە تایبەتـی (کەرکوکـی) دڵـی کوردسـتان تـا دەگاتـە (خانەقیـن) و دەوروبـەری لـە مـاوەی تەنیـا سـێ حەفتـەدا لـە دوژمـن رزگار بـکات و سروودی (ئـەی رەقیـب) و (مەشـخەڵانی شۆڕشـی ئەمجارەمـان) و (ئـەی کوردینـە) و (ئـەم رۆژی سـاڵی تازەیـە نـەورۆزە) چـڕی و (کـەژاوەی سـەرکەوتن) بـە رازاوەیـی بـە دەشـت و کـەژ و کێـوە سەرکەشـەکانی کوردسـتانی بووکـدا، کوردسـتانی رزگار، کوردسـتانی شـاد و سـەرفراز، بـەرەو لوتکـە و توقەلـە لـە گەشـتی کامەرانیـدا بێـت! بەمـەش رەوانـی پاکـی گشـت شـەهیدانی رێـگای رزگاری و بەختـەوەری کـورد و کوردسـتان لـە ئاسـمانی جاویدانـی دا شـاد و ئـارام بـن و خوێنـی گـەش و پاکـی لـەم رێبـازەدا رژێنراویـان بێتەبـەر و تۆڵـەی بسـەنرێتەوە! ئەنجامـە پیرۆزەکەشـی پەرلەمـان و حکومەتـی هەرێـم و فیدراڵیەتـی کوردسـتان و کۆنگـرەی نیشـتمانی یەکگرتـووی بەرهەڵسـتکارانی عێراقـە..

# کەژاوەی نەمران
# هێمای یەکبوون و سەرکەوتنە

رۆژنامەی برایەتی ژمارە (١٧٧١) شەممە ١٩٩٣/١٠/١٦

دوای چــوارده ســاڵ (گۆڕغەریبــی) هەرچەنــد گۆڕغەریبــی پــڕ بــە واتــای زاراوەکــە نــا، چونکــە بــۆ ســەرکردە و مەزنــان هەربســتێکی نیشــتمان مــاڵ و هــەواری خۆیانــە، تەرمــی پیــرۆزی ســەروەری شــەهیدان، ســەرۆك بارزانیــی نەمــر و ئیدریســی جوانەمــەرگ، بــە گەشــتێکی ســێ رۆژیــی کــەم وێنــەدا هێنرانــەوە بەشــە ئازادکراوەکــەی کوردســتانی ئەمدیــو، شــەوێك بــە نەوازشــەوە لــە خزمــەت کاك ئەحمــەدی شــێخ  و مەلیــك مەحمــوودی نەمــر بــە دڵارامییــەوە لــە یەکەمیــن پایتەختــی کوردســتاندا بــە میوانــی و شــەوێکیش بــە کوێرایــی دوژمنــان، بــە ســەروەرییەوە لــە هۆڵــی پرشــکۆی پارلەمانــدا لــە ســێهەم پایتەختــی کوردســتان پشــووی حەســانەوەی رەوتــی کاروانــی بــێ هاوتــای خەباتــی ســەختی حەفتــا

ساڵەیاندا، بە رێ و رەسمێکی کەم وێنە و ئێجگار شایستەوە لە زێدی پیرۆزی باب و باپیراندا، بە بارزانی بێشەی شێران و مەڵبەند و مەکۆی شۆڕشگێڕ و سەروەران شادبوونەوە و بە ئارامیی لەوێ بە دایکی نیشتمان، بە خاکی میهرەبانی کوردستان سپێردرانەوە.

هەر لە ئاوایی (هەلەج)ەوە بەرەو سلێمانی، کۆیە و هەولێردا تا دەگاتە (بارزان)ی دوا ئارامگا، ئەم پێشوازییە گەرموگوڕە و ئەم وەفانواندنە بێ هاوتایە و ئەم رێزپاییە بێ سنوورە لەم سێ رۆژە چڕوپڕانەدا لە (کەژاوەی نەمران) کران شتێك بوو نە بە هیچ زمانێك دەگێڕدرێتەوە و نە بە هیچ قەڵەمێکیش دێتە نووسینەوە، رێورەسمێك بوو کە کۆمەڵانی هەرە دڵسۆزی خەڵکی کوردستان ئەنجامیاندا باوەڕ ناکرێ لە مێژوودا سەرانی هیچ وڵاتێکی تر لەمە زیاتریان بۆ کرابێت.

نمایشێك بوو رەنگە بێگانەکانی خستبێتنە گومانەوە ئایا ئەوەی بە بەرچاویانەوە بوو راستیی یانە خەون و خەیاڵ بووە!! بەڵام بۆ ئەوانەی سەرۆك بارزانی و کاك ئیدریسیان ناسیبێ و شارەزای وەفاداریی گەلی کوردستان بووبن، ئەمە کارێکی ئاساییە و دڵنیاشین لەبەر باری ئاڵۆز و زێدە نالەباری دوو ئابلۆقەی سەر کوردستانی رزگارکراو نەبوایا ئەوا ئەوەندەی تریشیان بۆ دەکرا..

(کەژاوەی نەمران) بۆنەیەکی مێژوویی هەرە گرنگ و بایەخدار بوو بە کردار و بێ (رتووش) نیشانی دا کە بارزانیی باوك هێمای یەکبوون و نیشانەی سەرکەوتنی تێکڕای گەلی کوردستانە! وتارەکانی لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان چ لێرە و چ لە رۆژانی کۆنگرەی یادی نەوەت ساڵەی لە دایکبوونی لە هاوینە هەواری سەربەن (پیرمام) دا ئەوەیان سەلماند کە بارزانی نەمر شوێنی وا لەنێو دڵی هەموو رۆڵەکانی ئەمەگداری ئەم کوردستانەیە و بەراستی سەروەری و چەتری سەری هەمووانە بەبێ جیاوازی

بیروبــاوەڕ و چیــن و رەگــەز، بارزانیــی خــۆری هەمیشــە هەڵاتــووی هەرگیــز ئاوانەبــووی ئاســمانی ســاف و بێگــەردی کوردســتانە و تیشــکی زێڕینــی بەســەر هەمــوو کــون و قوژبــن و کەلەبەرێکــی تاریــك و نوتەگــی ئــەم وڵاتــەدا پەخــش و پرشــنگدارە!

(کــەژاوەی نەمــران) گوڕێکــی تــازەی دایــەوە یەکێتــی ریزەکانــی گــەل و هێزەکانــی نێــو بــەرەی کوردســتانی و بەرهەڵتســکارانی عێراقــی بــە گشــتی و پەیوەنــدی تونــد و تەبایــی و برایەتــی نێــوان (ی.ن.ك) و (پ.د.ك) بــە تایبەتــی دووبــارە کــردەوە.

لێرەشــدا بانگــەوازە بــە نرخەکــەی هەڤاڵــی تێکۆشــەر (مــام جــەلال) بــۆ بەشــداریی و سەرپەرشــتیی کردنــی پێشــوازیی رێورەســمی هێنانــەوە و ئەســپاردنی تەرمــە پیــرۆزەکان بەشــداری کردنــی خــودی خــۆی و ی.ن.ك بــە ســەرکردە و ئەندامــان و دۆســت و لایەنگــر و رێکخــراوە جەماوەرییەکانیــەوە بڕیارێکــی ئێجــگار گرنــگ و چاوەڕوانکــراو و لــە جێــی خۆیــدا بــوو، چونکــە: یەکــەم نیشــانیدا هــەروەك (کاك مەســعود) فەرمــووی کــە (هەردووکیــان کــوڕی بارزانیــن). دووەم: بانگــەواز و بەشــداربوونەکە لــە کاتێکــدا بــوو تابــووری پێنجــەم و ناحەزانــی گەلەکەمــان کەوتبوونــە خــۆ و ســەرگەرمی هەڵڕشــتن و بڵاوکردنــەوەی ژەهــراوی کوشــندەیان بــوون لێــرەو لەوێــدا، بــە مەبەســتی چەواشــەکردن و دابەزاندنــی ورەی خەڵکانێــك کــە ئاســتی هۆشــیاریی رامیارییــان نزمــە و لــە ئاســتی گرنگــی رووداوەکان دا نیــن، ئــەم هەنــگاوەی بەڕێــز (مــام جــەلال) و ی.ن.ك تۆپەڵــە قوڕێــك بــوو دایــان بــە دەمــی ئــەو دوژمنــە خوێــن خۆرانــەوە و پیــلان و مەرامــە پیــس و چەپەڵەکانیانــی لەبــن و بنەچــەوە هەڵتەکانــد! هــەردووك ســەرکردەیش (مـام جـەلال و کاك مەسـعود) بـە رەهاییـەوە جەختیـان لەسـەر برایەتـی و تەبایـی و هاوخەباتـی هەتـا هەتایـەی هـەردوو (لقەکانـی تاکـە درەختەکـەی کوردایەتـی) یەکێتــی و پارتــی کــردەوە.

ئەمەتــا بەڕێــز مــام جــەلال فەرموویــان :( ئــەو یەکێتــی تێکۆشــانە ئەرکێکــە گیانــی پاکــی بارزانــی لــە هەمووومانــی گەرەکــە، لــە هەمووومانــی گەرەکــە بــەم یەکێتییــە خەباتەکەمــان باشــتر جۆشــدەین ریزەکانمــان چاکــتر یــەك خەیــن.. یەکێتییەکەمـان یەکێتـی ریزەکانـی گـەل بەگشـتی و یەکێتـی هاوخەباتـی (ی.ن.ك) و (پ.د.ك) بکەینـە یەکێتییەکـی سـتراتیژی هەتاسـەر و هەتـا هەتایـە و بـە کوێرایـی چــاوی دوژمنــان نەیەڵیــن هیــچ درزێــك بکەوێتــە ریزەکانمانــەوە).

هــەر لەوێشــدا کاك مەســعودی تێکۆشــەر فەرموویــان: (دەبــا پێکــەوە پەیــمان ببەسـتین کـە هەتـا هەتایـە پێکـەوە دەبیـن، پێکـەوە دەژیـن و پێکـەوە دەمریـن، پێکـــەوە لـــە خزمەتـــی کـــورد و کوردســـتاندا دەبیـــن). هەروەهـــا فەرموویـــان (ئومێــدەوارم لــە نزیکتریــن دەرفــەت هــەردوو ســەرکردایەتی پارتــی و یەکێتــی پێکــەوە دانیشــین و پاشــان لەگــەڵ هەمــوو مەســئول مەڵبەنــد و لــق و ناوچــە و کومیتــەکان دانیشــتنێکی هاوبــەش بکــرێ بــۆ ئــەوەی بۆیــان روون بکرێتــەوە چــۆن ئەبــێ پێکــەوە هــاوکاری بکــەن و بزانــن کــە جگــە لــە برایەتــی رێگــەی تــر نییــە ئــەو کەســەی بــڕوای بــەم رێبــازە نییــە بۆخــۆی شــوێنێکی تــر بدۆزێتــەوە!

دەك دەم و زارتــان خــۆش هــەی هــەردوو ســەرکردەی دڵســۆز و بــرا، هەروەهــا (کــەژاوەی نەمــران) بۆنەیــەك بــوو ئــەوەی ســەلماندەوە کــە بارزانیــی نەمــر نــەك هـــەر لـــە باشـــووردا، بگـــرە لـــە هەمـــوو پارچەکانـــی کوردســـتانی گـــەورەدا وەك ســـەرکردەی لێهاتـــوو نـــاسراوە و ریـــزی لێگیـــراوە. ئەمەیشـــی چەســـپاندەوە کـــە کۆمەڵانــی دڵســۆزی گەلــی کوردســتان هەمیشــە و تەنانــەت دوای مردنیشــیان بــە وەفــا و ئەمەکــداری ئــەو کەڵــە مــرۆڤ و ســەرکردە راســتەقینە و لەخۆبوردوانــەن کــە بــە نرختریــن ســامانی خۆیانیــان کــە (ژیــان و گیانــی پاکیــان)ە لــە پێنــاوی رزگارکــردن و ســەرفرازیی و بەختەوەریــی ئەوانــدا بەخشــیوە.

ئێمەیش با پڕ بەدەم بەم بۆنە پیرۆز و شکۆدارەوە هاوارکەین بڵێین:

یــەك دەســت و یــەك هێــز، یــەك رێــگا و بــڕوا، کاروانــی شــۆڕش پتــەو بــێ و

بــڕوا.

ئیــتر هــەر شــاد بێــت گیانــی پاکــی (بارزانیــی) بــاوك و ســەرکردە و مــرۆڤ، هــەر نەمــر بێــت یــادی (کاکــە ئیدریــس)ی جوانەمــەرگ.

هــەزاران ســڵاو لەگیانــی پاکــی ســەرجەم شــەهیدانی ڕێــگای ڕزگاری کــورد و کوردســتان. مــردن و شــەرمەزاریی بــۆ دوژمنــان و ئەوانــەی دەیانــەوێ لــە ئــاوی لێڵــدا مەلــە بکــەن!!

# جەژنی ٢٥ی گەلاوێژ

بەبۆنەی ساڵوەگەڕی ٥٠ ساڵەی دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران-
خوێندراوەتەوە - هەولێر ١٩٩٥/٧/٢٠

بەڕێـــزان کۆمیتـــەی بەڕێوەبـــەری جێژنـــی پەنجاســـاڵەی دامەزرانـــی حیزبـــی دیموکراتـــی کوردســـتانی ئێـــران، ڕێبەرایەتـــی شۆڕشـــگێڕ.

خوشك و برایانی خۆشەویستم: سڵاو

خـۆم بـە بەختـەوەر دەزانـم لـە یـادی پەنجاهەمیـن سـاڵی دامەزرانـی حیزبـە تێکۆشـەرەکەتاندا لـە ناخـی دڵمـەوە بەوپـەڕی ڕێـز و نەوازشـەوە بەشـداریی و موبارەکبایـی و جەژنـە پیرۆزەتـان لـێ بکـەم.

پێویســتە بڵێــم حیزبــی ئێــوە، حیزبــی دیموکراتــی کردســتانی ئێــران، نیــو ســەدەی ڕێکــە مەشــخەڵی خەباتێکــی ســەخت و خوێناویــی و ئــاڵای تێکۆشــانێکی نەپســاوە و بــێ وچانــی هەڵگرتــووە و بــە مەبەســتی وەدیهێنانــی ئامانجــە ڕەواکانــی

گەلی ستەمدیدە و زۆر لێکراوی کوردستانی داگیرکرا و لەتکراودا، مافی چارەی خۆنووسین و بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی سەربەست و بەختەوەر لە نیشتمانێکی ئازاد و سەرفرازدا لەو پێناوە پیرۆزەدا تەنیا ساتێکیش نەوەستاوە و لە کاروانی فیداکاریی و گیانبازیدا لە موبارەزەی سیاسی و چەکدارانەی بەجێ نەماوە و هەزاران رۆڵەی دڵسۆز و قارەمان و سەرکردەی هەڵکەوتووی کردوونەتە قۆچی قوربان کە بە خوێنی گەش و پیرۆزیان رێی تاریك و نۆتەکیان رۆشن کردۆتەوە و دریان بە شەوەزەنگی بەردەم قافڵەی هەمیشە بەرەو پێشەوە چووی هەڵمەتبردندا داوە.

بەرێزان: حیزبی کۆڵنەدەری ئێوە، حیزبی پێشەوا قازی محەمەدی نەمر و هەموو جەماوەری ئازا و بە جەرگی کوردستانی رۆژهەڵات بە نیو سەدە تێکۆشان و فیداکاریی بەردەوام، رەگی خۆی قووڵ لەناخی مێژوو داکوتاوە و شوێنی شیاوی خۆی لە نێو دڵ و دەروونی هەموو کوردێکی دڵسۆز و بەوەفا کردۆتەوە. چاکم وەبیر دێ کاتی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد مێردمنداڵ و قوتابی ناوەندی بووین، شەوانە بە کۆمەڵ، ئێمەی هەوادارانی رێبازی کوردایەتی لە شاری کۆیە، لە ماڵی ئەو هەڤاڵانەدا کۆدەبووینەوە کە رادیۆی بە پاترییەکان هەبوو، زۆر پەرۆش و بە تاسەوە لە (دەنگی کوردستانی ئێران)ەوە گوێمان بۆ سروودی (ئەی رەقیب) و دەنگوباسی هەواڵەکانی سەرکەوتنەکانی (کۆمەڵە) و حیزبە تێکۆشەرەکەتان شل دەکرد. دواتریش پاش لەباربردن و رووخانی کۆمارە کۆرپە و بێنازەکە و بە پیلانی گڵاوی دوژمنان و لە پێناوی قازانج و بەرژەوەندیی زلهێزەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوای ئەو سەردەمەدا، لەو کاربەدەست و تێکۆشەرانی حیزب و کۆمەڵە، کە بە ناچاریی لە مەهاباد تەریوبوون هێندێکیان وەکو دڵشادی رەسووڵی و سەدیقی حەیدەری شاری کۆیەیان موشەرەف کرد و لە نزیکەوە ئاشنایان بووین. هەروەها لە سەرەتای شەستەکاندا خۆم پەیوەندی

و دۆستایەتیم لەگەڵ چەند سەرکردەی حیزبتان هەبوو وەکو خوالێخۆشبوو د.قاسملو (ئەوکات بەنیوی عەباس ئەنوەری) ناسی و زەبیحی و ئەحمەد تۆفیق و مام هەژار و مامۆستا هێمن و مامۆستا کەریمی حیسامی، کە مایەی شانازییە بۆ من. ئیتر هەر لەوان رۆژانەوە هەتا ئیمڕۆکە بەوپەڕی رێز و پێزانینەوە دەڕوانینە رەوتی بەرەو پێشچووی خەباتی حزبی ئێوەوە، ئەو حیزبەی لە پێناو گەل و نیشتمانەکەیدا نەك هەرگیز درێغی نەکردووە، بەڵکو هەردەم رۆڵە و سەرکردە بە جەرگ و هەڵکەوتووەکانیشی کردونەتە قوربانی و شەهیدانی نەمر و هەمیشە زیندوو پێشەوای مەزن قازی محەمەد و هاوڕێکانی تا دەگاتە شەهیدی سەرکردە دکتۆر قاسملو و شەهیدی نەمر سادقی شەرەفکەندی و سەدانی تر باشترین نموونەی ئەم خۆبەختکردن و گیانبازیی و فیداکارییانەن!

بەڕێزان:

حیزبی ئێوە لەلای زۆربەی جەماوەری کوردستانەوە نرخ و بەهایەکی تایبەتی هەیە، چونکە:

یەکەم: حیزبی پێشەوای شەهید قازی محەمەدی نەمرە.

دووەم: دامەزرێنەری یەکەمین کۆمارە لە مێژووی هاوچەرخی نەتەوەی کورددا.

سێهەم: یەکەمین حیزبی جەماوەریی کوردستانییە کە بە بیروبڕوایەکی نەتەوەیی شۆڕشگێڕی و دیموکراتی و پێشکەوتنخوازانە هاتە کۆڕی خەباتەوە، بە دیسپلین و پرەنسیپ و بەرنامەی مۆدێرن داڕێژراو لەسەر بناخەی رێکخستن، تێکڕای چین و توێژە نیشتمانی و شۆڕشگێڕییەکانی نێو کۆمەڵانی رەنجدەر و زەحمەتکێش و چەوساوەی لە دەوری خۆیدا کۆکردەوە.

چوارەم: گەنجینەیەکی زۆر دەوڵەمەند لە کەلەپوور و فەرهەنگ و ئەدەبیاتی سیاسی تازە بابەت هێناوەتە نێو مەیدانی کوردایەتییەوە.

بــەو تەمەنــە دوور و درێــژەی پەنجــا ســاڵییەوە کــە بەبــێ ماندووبــوون و پشــوودان، تاکــو ئەمــڕۆش لــە خەباتــی رەوا و راســتەقینە و شــکۆداردا بــە خەرجــی داوە،بــووە بــە براگــەورە و ریــش ســپی ســەرجەم حیزبــە کوردســتانییەکانەوە.

بەڕێــزان: لــە کۆتاییــدا تکایــە رێگــەم پێبــدەن دوبــارە پیرۆزباییەکــی گەرمــی کوردانەتــان پێشــکەش بکــەم، بــە هیوایەکــی پــڕ بــڕواوە کــە لــە ئایندەیەکــی زۆر نزیکــدا بــە یەکگرتوویــی خەباتــی حیزبــی جەماوەریــی ئێــوە ســەرکەوێت و کۆمەڵانــی خەڵکــی کوردســتانی رۆژهــەڵات بــە تــەواوی مافــە رەواکانــی خۆیــان بگــەن و شــادبن بــە ئــازادی و ســەروەریی و دیموکراســی و ئاشــتی! هــەر خــۆش و ســەرکەتوو بــن!

# بڕیاری ٢٣ی ساڵی ١٩٩٧ چۆن هەڵوەشایەوە!

ڕۆژنامەی برایەتی ژمارە ٢٨٣٢- ١٩٩٩/٥/١

لەو ڕۆژەوەی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردراوە و دەست بەکاربووە، حکومەتی هەرێم بە تایبەتی کابینەی سێیەم دامەزرێنراوە هەموو هەوڵەکان تەرخان کراون بۆ خزمەت کردنی بەردەوامی گەل و چاك کردنی باری ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان و دەرچوواندنی یاسا و بڕیاری گونجاو بە مەبەستی گەشەپێدان و بەرەوپێش بردن و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیاریی دانیشتوانەکانی هەرێمی کوردستان لە هەموو بوارەکانەوە. هەر لە سۆنگەی ئەمەیشەوە چەندین یاسا و بڕیاری دەسەڵاتی ناوەندیی کە پێش ڕاپەڕین دەرچوونە و لە تەك ڕەوشی ئێستەی کوردستاندا ناگونجێن، یان دژی بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستانن و جێبەجێکردنیان زیان بە

نەتەوەکەمان دەگەیەنێت، راگیراون و کاریان پێناکرێت و بە حوکمی بڕگەکانی بڕیاری ژمارە «١١»ی رۆژی ١٩٩٢/٨/٣١ی پەرلەمانی کوردستان هەر بڕیار و یاسایەکی لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە دوای راپەڕین لە بەغدا دەردەچن، لە هەرێمی کوردستان پیادە ناکرێن.

١- جا هەر بەم پێیە، کاتێك حکومەتی عێراق لە جیاتی یاسای ژمارە «٨٧»ی ساڵی ١٩٧٩ (یاسای بەکرێدانی خانووبەرەی هەموارکراو)دا یاسای ژمارە «٢٥» ی ساڵی ١٩٩٦ی دەرهێنا بۆ ئەوەی هاوسەنگییەك لە نێوان بەرژەوەندیی (کرێچی) و (بەکرێدەرەکان)دا پەیدا بکات، دەسەڵاتی بەرپرس لە حکومەتی هەرێم لەم بوارەدا دەرهێنانی یاسایەکی تازەی لە بەردەم دابوو بە تایبەتی دوای ئەوەی یاسای (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩ بە حوکمی یاسا (هەڵوەشایەوە) و بێجگە لە پێداویستی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواریمان لە رووی ئابووری و ئاوەدانکردنەوە و پەرەسەندنی کەرتەکانی بەرهەمهێنان لە قۆناغی ئێستا و پاشەرۆژماندا. سەرەڕای ئەمەیش (بەکرێ دەرەکان) لە ماوەی ئەو هەموو ساڵانەدا لە ژێر رەحمەتی (کرێچییەکان)دا بوون و ناعەدالەتییەك دروست ببوو، سەرباری سەرپێچی و چۆنییەتی پیادەکردنی یاسا و راهێنان لە کاتی چۆنییەتی خەمڵاندن و باج وەرگرتن و...هتد.

٢- ئەوە بوو وەزارەتی دادی هەرێم لە ١٩٩٧/٥/٢٦ دا بۆ رێکخستنی (پەیوەندیی بە کرێدان) لە نێوان (بەکرێدەر و کرێچییەکان) لە هەرێمدا پرۆژەیەکی پێشکەشی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران کردبوو، کە هەموارکردنی یاسای (٨٧)ی ساڵی ١٩٩٧ی گرتبووە خۆ، ئەنجوومەنی وەزیرانیش لە دانیشتنی ژمارە «٢٤»ی رۆژی ١٩٩٧/٧/٣دا پەسەندی کردبوو، بە نووسراویان ژمارە «٣٨٥٨» لە ١٩٩٧/٨/١٤دا حەواڵەی پەرلەمانی کوردستانیان کردبوو. پرۆژەکە رێڕەوی یاسایی و ئوسوولی خۆی وەرگرت و دوای لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی لەلایەن لیژنە پسپۆڕەکانی نێوپەرلەمان و پەرلەمانتارەکانەوە

ئـەم گۆڕانكارییانـەی بـۆ بەرژەوەندیـی گشـتی تێـدا كـران و دواتـر وەك بڕیـاری ژمـارە «٢٣»ی سـاڵی ١٩٩٧ پەسـەند كـرا:

أ- لیژنـەی یاسـایی پەرلەمـان پێشـنیاری بـە دەركردنـی (اسـتثنا)ی خانووبـەرەی لـە پرۆژەكـەدا كـرد، چونكـە زۆربـەی هـەرە زۆری ئەوانـەی پرۆژەكـە دەیانگرتـەوە ئەوانـە بـوون كـە خانووەكانیـان بـە كرێـن و ئـەم بەدەركردنـەی لیژنـەی یاسـایی پەرلەمانـی كوردسـتان لـە بەرژەوەندیـی توێژێكـی دەسـت كورتـی خەڵكـی كوردسـتان بـووە و بڕیـاری پەرلەمـان تەنهـا ئـەو (عقارانـە)ی دەگرتـەوە كـە بـۆ ئامانجـی بازرگانـی و پیشەسـازی بەكـرێ دەدرێـن. هـەر بۆیـە لـە پەرلەمانـی كوردسـتان (بـە تێكـڕای دەنـگ) پەسـەند كـرا.

ب- هـەردوولا (كرێچـی و خـاوەن موڵـك) مافـی (اعتراض)یـان هەبـێ ئەگـەر هاتـوو بڕیارەكانـی لیژنـەی خەمڵاندنیـان بـە دڵ نەبـوو، بڕیـاری دادگـەش كۆتایـی و بنبـڕ دەبـێ و لـە دادگـەش ئەولەوییـەت بـەم جـۆرە كێشـانە بدرێـت بـۆ ئـەوەی ئـەم جـۆرە كێشـەیە دوا نەكەوێـت.

٣- پـاش دەرچوونـی بڕیارەكـە و كارپێكردنـی وەكـو هـەر یاسـایەكی تـازە بابـەت، چەنـد كەموكورتییـەك لـە جێبەجێكردنـدا و لـە خـودی بڕیارەكـەدا بەدیاركەوتـن كـە بوونـە مایـەی نیگەرانـی و گلـەو گازنـدەی كۆمەڵانـی خەڵـك و هـەم بەرپرسـانیش، ئـەوە بـوو سـەرۆكایەتی ئەنجوومەنـی وەزیـران بـە نووسراویـان ژمـارە (٢٨٦٤) لـە ١٩٩٨/٤/١٦ دا پرۆژەیەكـی تازەیـان ئاراسـتەی پەرلەمانـی كوردسـتان كـرد تیایـدا پێشـنیازی (راگرتـن)ی بڕیـاری ژمـارە «٣٣»ی سـاڵی ١٩٩٧ دەكـەن. پرۆژەكـە درا بـە لیژنەكانـی نـاو پەرلەمـان و ئەمانیـش دوای لێكۆڵینـەوە و هەڵسـەنگاندن و ڕەچاوكردنـی بارودۆخـی ئەمـڕۆی كوردسـتان پێشـنیازیان كـرد لیژنەیەكـی هاوبـەش لـە نێـوان حكومەتـی هەرێـم و پەرلەمانـدا لـە پسـپۆڕەكانی ئـەم بـوارەدا پێـك بهێنرێـت بـۆ لێكۆڵینـەوە، بـە هیـوای چارەسـەركردنێكی بنەڕەتیـەوە. ئەنجامەكەشـی بـەرز بكرێتـەوە تاكـو هەمـوو لایـەك بـە باشـی

دیراسـەتی بکـەن و بڕیـاری کۆتایـی لەسـەر بدرێـت.

٤- ئەوەبـوو پەرلەمانـی کوردسـتان و لـە دانیشـتنی رۆژی ١٩٩٨/١٢/٣١ دا بڕیـاری دروسـتکردنی لیژنەیەکـی هاوبەشـیدا و لـە مـاوەی «١٠» رۆژانـدا لیژنەکـە کاری خـۆی تـەواو کـرد و ئەنجامەکـەی بەرزکرایـەوە بـۆ هەمـوو لایەنـە پەیوەندیـدارەکان.

٥- لەسـەر رێنماییـە بـە نرخەکانـی بەڕێـز سـەرۆك بارزانـی و بـۆ سـوودی بـێ دەرەتانانـی خەڵکـی کوردسـتان و دوای تاوتووکـردن و گفتوگـۆی تێروتەسـەل و لێکۆڵینـەوەی بابەتیانـە، ئەنجامـی ئـەو توێژینـەوە و پێشـنیازانەی لیژنەکانـی هاوبەشـی پەرلەمـان و حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان و پسـپۆڕان کـرا بـە پرۆژەیـەك لەلایـەن ئەنجوومەنـی وەزیرانـەوە پێشـکەش کـرا بـۆ پەرلەمـان، پەرلەمانـی کوردسـتان لـە دانیشـتنی ژمـارە «١٢»ی خۆیـدا رۆژی ١٩٩٩/٤/٢٨ بـە تێکـڕای دەنـگ ئـەم بڕیـارەی خـوارەوەی پەسـەند کـرد کـە بریتییـە لـە (هەڵوەشـاندنەوە)ی بڕیـاری ژمـارە «٢٣»ی سـاڵی ١٩٩٧ و ئەمەیـش دەقـی بڕیـارە تازەکەیـە:

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطنى لكوردستان العراق

رقم القرار: ٨

تاريخ القرار:١٩٩٩/٤/٢٩

قرار

استنادا الـى الصلاحيـة المخولـة لنـا بموجـب الفقـرة (٣) مـن المـادة الثانيـة مـن القانـون رقـم (١٠) لسـنة (١٩٩٧) و بنـاءا عـلى مـا شرعـه المجلـس الوطنـي لكوردسـتان العـراق بجلسـتة المنعقـدة بتاريـخ ١٩٩٩/٤/٢٣ قررنـا اصـدار القـرار الاتي:

اولا: الغــاء قــرار الملجلــس الوطنــي لكوردســتان- العــراق رقــم (٢٣) والمــؤرخ ١٩٩٧/١٠/٦ و كافــة الاجــراءات و القــرارات المتخــذة بموجبــه.

ثانيـا: تعـاد كافـة بـدلات الايجـار المعدلـة عـلى ضـوء القـرار (٢٣) في ١٩٩٧/١٠/٦ الى مـا كانـت عليهـا قبـل صـدوره.

ثالثــا: لا تســترد المبالــغ المدفوعــة مــن قبــل المســتأجر الــى المؤجــر نتجيــة الزيــادة الطارئــة عــلى بــدل الايجــار تنفيــذا للقــرار (٢٣) و المــؤرخ ١٩٩٧/١٠/٦

رابعــا: لا يحــق للمؤجــر المطالبــة بفــرق بــدل الايجــار الــذي طــرأ عــلى العقــد نتجيــة تنفيــذ القــرار (٢٣) في ١٩٩٧/١٠/٦

خامســا: لوزيــر الماليــة و الاقتصــاد اصــدار التعلميــات اللازمــة لتســهيل تنفيــذ هــذا القــرار.

سادسا: على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القرار.

سابعا: ينفذ هذا القرار من تاريخ صدوره و ينشر في الجريدة الرسمية.

جوهر نامق سالم

رئيس المجلس الوطني لكوردستان- العراق

# ڕێککەوتننامەی واشنتۆن و خەونەکانی کورد

١٩٩٩/٩/١٦

ڕۆژی ١٧ی ئەیلوول ساڵێکی ڕێك بەسەر ڕێککەوتننامەکەی واشنتۆندا تێپەڕی، ئەو ڕێککەوتننامەیەی لە نێوان (پارتی و یەکێتی)دا و بەهاوکاری و سەرپەرشتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بە چاودێریی و ئامادەبوونی نوێنەرانی هەردوو حکومەتی بەریتانیا و تورکیا مۆرکرا لە ڕاستیدا گرنگی و بایەخی مێژوویی ئێجگار زۆری لەسەر هەردوو ئاستی ناوەخۆ و دەرەوەدا هەبووە و پێدراوە، ئەویش لە سۆنگەی ئەم هۆیانەی خوارەوەدا:

١- ناوەڕۆك (خاڵەکان)ی ڕێککەوتننامەکە خۆیان ئێجگار گرنگ و چارەنووسسازن و بە جێبەجێکردنیان نێوماڵی کورد پاش چەند ساڵ ململانێی چەکدارانە و شەڕی نەگریسی کورد بە کورد کوشتن و لەتکردنی هەرێمی

ئازادکـراوی کوردسـتان، لـە نـۆژەن ڕێکدەخرێتـەوە، گیانـی تەبایـی و برایەتیـی و متمانـە پێکـردن و یەکگرتنـەوە، بەرگیانـی خەڵکەکـەدا دەکرێتـەوە و ئاشـتی و ئارامـی لـە هەرێمـدا سـەقامگیر و ئاسـایش بەرقـەرار و یاسـا سـەروەر دەبێـت و ژێرخانـی ئابـووری و سـەرخانی کۆمەڵگـە دەبووژێنـەوە و دیموکراسـی و مافـی مـرۆڤ، یەکسـانیی و دادی کۆمەڵایەتـی دەگەشـێنەوە و بەگشـتی ئەزموونەکەمـان و سـەرجەم دەسـتکەوتە مەزنەکانمـان بـە تایبـەت پەرلەمـان و حکومەتـی هەرێـم لـە مەترسـی دەردەچـن و قایـم و پارێـزراو دەبـن و زێتریـش بـەرەو پێشـڤە هەنـگاوی بەگـورد و خێـرا هەڵدێنـن و ڕێـزی کـورد لای دۆسـتانمان دەگەڕێتـەوە دۆخەکـەی جارانـی و بگـرە کێرڤەکـەی پتریـش هەڵدەکشـێت.

٢- کـورد، جـاران هەرکاتێـك بویسـترایە وتووێـژ و دانوسـتان لەگـەڵ حکومەتـی ناوەندیـی عێـراق بـە مەبەسـتی نەهێڵانـی شـەڕو پێکهاتـن بـکات، مەرجـی سـەرەکی بزاڤـی ڕزگاریخـوازی کـورد ئـەوە بـوو کـە (دەبێـت گفتوگـۆکان لـە ژێـر چاودێـری UN یاخـود وڵاتێـك یـا چەنـد وڵاتێکـی زلهێـزدا بەڕێـوە بچـێ- ڕێککەوتنـەکان- ئەگـەر ببوونایـە- بەشـایەتی ئەوانـەوە مـۆر بکرایـەن، تاوەکـو لـە پاشـەرۆژا حکومەتـی عێـراق بـۆی نەبێـت و نەتوانـێ لێیـان پاشـگەز بێتـەوە، یـان هەرکاتـێ ویسـتی پشـتگوێیان بخـات و خـۆی لـە بەنـدەکان بدزێتـەوە، ئەمەیـش بۆیـە بـوو چونکـە شۆڕشـی کـورد بـە تاقیکردنـەوە متمانـەی بـە ڕژێـم و بەڵێنەکانـی نەمابـوو، هەمیشـە لەبـارەی ڕاسـتگۆیی و پابەندبونـی پێیانـەوە بەدگومـان و دوو دڵ بـوو.

جـا ئـەوا ئێسـتێ نـەك لەگـەڵ دوژمنـدا، بەڵکـو لـە نێـوان دوو حزبـی کوردسـتانی پێکناکۆکـدا ئـەم مەرجـە گرنگـە پێشـهاتووە و کـە نـە هـەر تەنـێ وەزارەتـی دەرەوەی گەورەتریـن زلهێـزی بڕیـار بەدەسـتی ئیمـڕۆی جیهـان سەرپەرشـتیی ڕێککەوتنەکـەی کـردووە و بـە پەرۆشـەوە بەڵێنـی بەدواداچـوون و بـە ئەنجامگەیاندنیشـی داوە، بگـرە هـەردوو حکومەتـی بەریتانیـا و تورکیـاش شـاهیدن

و (دەستی ئەشەدوبیللایان بەسنگەوە گرتووە)، ئەوجا خەونی هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر و دڵسۆزە کە سەرجەمی خاڵەکانی ئەم ڕێککەوتننامە مێژووییە هەرە گرنگ و نرخدارە هەرچی زووترە جێبەجێ بکرێن و ئەم هەڵکەفتە کەموێنەیە بۆ سوود و بەرژەوەندی گەلی ستەمدیدە و خێر لەخۆنەدیوی کوردستان بقوزرێتەوە.. چونکە پێموایە ئیتر ئەستەمە هەلی لەمە چاکترمان لێ هەڵبکەوێتەوە! ئەوجا دەبا چیتر خۆمان شەرمەزاری مێژوو نەکەین و خۆنەخەینە بەر لێشاوی نەفرین و نەعلەتی وەچەکانی داهاتوومان، چیدیکە خوێنی گەشی شەهیدە سەربەرزەکانمان شەهیدانی ڕێگای رزگاری کورد و کوردستانمان بە فیڕۆ نەچوێنین و ئەم دەرفەتە زێڕینە لە دەست نەدەین.

بەڵام بەیەکگرتنەوەی هەموو دەستە ماندوونەناسەکان و بە ئاشتەوایی گشتیی دیدەی دۆستانمان گەش و چاوی دوژمنانمان کوێر کەین.

گەلۆ، چاوەڕوانین.. دەسا هیممەتێ!

# ئەم یادەی هەرگیز لەبیری ناکەین

هەولێر ٢٠٠١/١٠/١٠

لە تەمەنی دە دوازدەساڵیمدا بوو، هێشتا قۆناخی سەرەتاییم نەبڕیبوو، جارێ بە چاکی نەمدەزانی دنیا چ باسە کە وشەی (بارزانی و بارزانییەکان) م بۆ یەکەمجار بەرگوێ کەوتن ئەویش یەکەم: لە زاری خزم و کەسانەوە، ئەوانەی لە خۆمان بەتەمەنتر و باخەبەرتر بوون و هەردەم سەری زبان و بنی زبانیان هەر باس و خواسی شەڕی (حکومەت و بارزانییەکان) بوو، دووەمیش: لەرێگای ئەو نامانەوە بوو کە سەربازەکان (کوڕانی دەروجیرانمان لە گەڕەکی بەفریقەندی لە کۆیە) لە بەرەکانی شەڕەوە بۆ کەسوکارانیان دەناردن و ئەوانیش، زێتریش دایکان لەبەر نەبوونی میرزا و خوێندەوار هانایان وەبەر (من) دێنا، بۆیانیان بخوێنمەوە و دواتریش وەرامەکانیان بۆ

بنووسـمەوە. (ئەمەیـش بـۆ مـن سـەرتایەکی خـراپ نەبـوو بـۆ چوونمـە نێـو دنیـای بەرفرەوانـی نووسـین و ئـەدەب و ئاشـنابوونم پێیـەوە).

شـێوەی نووسـینی نامـەی ئـەوان سـەردەمانیش سـەیر و عەنتیکـە بـوو! جـارێ هـەر لەسـەر دیـوی دەرەوەی (زەرفەکـە) و لـە ژێـر ئەدرەسـەکە دەنـووسرا (سـڵاو لـە موەززیعـی بەریدیـش دەکـەم) ناوەرۆکـی نامەکەیـش لاپەڕەیـەك و دوانیـش پـتر بـە دوعـا و سـڵاو دەسـت و چـاو ماچکردنـی خـزم و دۆسـت و ناسـیاوان و خەڵکـی گـەڕەك و تەنانـەت سـاوای نـاو لانکانیـش پـڕ دەکرانـەوە، هـەر بـۆ نموونـە دەنـووسرا، (سـەلام لـە فڵانەکـەس) دەکـەم. ئەوجـا (فـڵان و فیسـاریش) هـەر (هکـذا) و بـەم شـێوەیە پێدادەچـووە خـوارێ. لـە کۆتایـی نامەکەیشـدا دەنـووسرا (سـەلام لـەو بەڕێـزەی نامەکەتـان بـۆ دەخوێنێتـەوە) هەروەهـا (نووسـەری ئـەم نامەیـەش سـەلامتان لێـدەکات) لـەو ڕێگەیـەوە هەرچەنـد بەشـێوەیەکی سـادەیش بـووە ئاشـنا و شـارەزای بارودۆخـی شـەڕەکانی ئەوسـا و ناوەکانـی وەك (بلـێ و بـارزان، خێـڕەرزۆك، سـەری بـەردی، مازنـە، باڵنـدە و...هتـد) بـووم لـە راستیشـدا بـە بیسـتنی سـەرکەوتنەکانی (بارزانییـە) قارەمانـەکان و شکسـتی هێزەکانـی میـری زۆر دڵخـۆش و گوشـاد دەبوویـن و حەماسـەت دایدەگرتیـن. سـەربازەکانیش کـە بـە مۆڵـەت (مادونـی) دەهاتنـەوە دەیانگێڕایـەوە کـە جەنـگاوەرە دلێرەکانـی (بارزانـی) هەرگیـز نابینرێـن، وەلـێ هـەر هێنـدەت زانـی تەقەیـەك هـات و ئەفسـەر یـان سـەربازێکی تەنیشـتت پێکـراوە بـەلادا هاتـووە!

هێنـدەی نەبـرد دواتـر لـە ١٩٤٦/١/٢٢ دا کۆمـاری کوردسـتان لـە مەهابـاد دامـەزرا و پێشـەوا (قـازی محەمـەد) بـووە سـەرکۆمار و (بارزانـی نەمـر) و هەڤاڵەکانیشـی بوونـە پشـت و پەنـای هێـزی پۆڵاینـی راسـتەقینەی ئـەو کۆمـارە سـاوایە. هەروەهـا لـە ١٦ی ئابـی ١٩٤٦ دا پارتـی بـە راسـپاردە و رێنمایـی و بـە سـەرۆکایەتی (بارزانـی) نەمـر دامەزرێـنرا و بۆشـایی گۆڕەپانەکـەی کوردسـتانی ئـەو سـەردەمی پڕکـردەوە، بـە کۆمـەڵ کوردپـەروەران و دڵسـۆزان چوونـە نێـو

ڕێزەکانییەوە، ئێمەش سەرەتا بووین بە هەوادار و لایەنگیری دواتریش وەکو ئەندام خزاینە بن باڵەکانیەوە، وەلێ هەزار داخ و ئەفسووس.

بە ماوەیەکی کورت بە پیلانی دوژمنان و گەلە کۆمەکیی داگیرکەران لە ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/١٧ دا کۆمارە ساواکەمان لەبەین بردرا. پێشەوا و هەڤاڵە هەرە نزیکەکانی لە مەیدانی (چوارچرا)دا بە دارەوە کران. بارزانیی نەمر و هەڤاڵەکانی (پێشمەرگە قارەمانەکان) لەرێ ڕۆیشتنێکی مێژوویی کەموێنە و دەگمەندا ڕۆژی ١٩٤٧/٦/١٩ سەربەرزانە لە (چۆمی ئاراس) پەڕینەوە و لە (یەکێتی شوورەوی جاران) بوونە پەناهەندە و هەتا ساڵی ١٩٥٨ لەوێدا مانەوە.

ئێمە و مانان هەراشتر بووین، قۆناغی هەرزەکاریمان تێپەڕاندبوو، ئەوێستا لاوی خوێنگەرم و ئەندامی چالاکی (پارتی) بووین، بە بێکەسی و (دوور لەسەرۆکی حزبمان) چاومان لە تیشکی هیوا بوو! ڕۆژانە بە نهێنی لە خەباتدا بووین و شەوگارانیش لە ماڵی ئەو هەڤاڵانەماندا کە (رادیۆ) یان هەبوو بە پەرۆشەوە عەوداڵی هەواڵ و دەنگوباسی (سەرۆك و هاوڕێکانی) دەبووین، رادیۆی ئەوکاتەش بە پاتری سەییارە کە لە (ئاشی ئاگر) ڕۆژانە (شەحن) دەکرانەوە ئیشیان دەکرد. ئێمە هەرگیز چاومان بە دیداری (سەرۆك) ڕۆشن نەبوو بۆوە، بەڵام هێندەی لامانەوە خۆشەویست بوو، ئەوەندە وێردی سەر زبانی هەمووان بوو، ئەوەندە بە تاسوقی دیدەنی و گەڕانەوەیان بووین کە لەنێو دڵی هەر یەکێکماندا (وێنەیەکی) موبارەکی نەخشێنرا بوو. ڕۆژ و شەومان پێکەوە گرێدان و بۆ (هاتنەوەیان) لەسەر ئاو و ئاگران دابووین! لە هەر کون و قوژبنێکدا هەواڵێك و یا وردە باسێکیان بکرا بوایە دەمانقۆستەوە و دڵی خۆمانمان پێ دەدایەوە. لە بیرمە جارێکیان لە گۆڤارێکی ئەمەریکایی بە زمانی ئینگلیزی (نازانم تایمز یان ریدەرز دایگێست یان هی تر بوو) وتارێکیان لەسەر (مەلا مستەفا) نووسیبوو، وای

کـە پێـی شاگەشـکە و دڵخـۆش بووین، دەستاودەسـت و مـاڵ بـە ماڵـمان پێـی کـرد و پیرۆزبایـمان لەیەکـتری دەکـرد و هێنـدەی تـر ئومێـدی بـە سـەرکەوتوویی گەڕانەوەیـمان لـەلا پتەوتـر بـوو. بەڵـێ شۆڕشـی ١٤ی تەممـوز هەڵگیرسـا، تەخـت و تاراجـی ئـەو رژێمـەی بارزانـی و هەڤاڵەکانـی دەربـەدەر کردبـوون وەرگـەڕاو و لـە شـوێنی ئـەودا کۆمـاری کـورد و عـەرەب دامەزرێـنرا. سـەرکردەی شـۆڕش زەعیـم عەبدولکەریـم قاسـم بڕیـاری گەڕانـەوەی بارزانـی و هەڤاڵەکانـی دەرکـرد. بارزانـی نەمـر لـە رێـگای میـسرەوە، دوای ئـەوەی سـەرۆك (جەمـال عبدالنـاصر) پێشـوازییەکی دۆسـتانەی گەرمـی لێکـردن رۆژی ١٩٥٨/١٠/٦ گەیشـتنەوە عێـراق و ئـەو جـۆرە پێشـوازییە هـەرە دەگمەنـە رەسـمی و میللیـەی لەلایـەن جەمـاوەری عـەرەب و کـوردەوە لێیـان کـرا باوەڕناکـەم لـە مێـژووی سـەردەمدا بـۆ هیـچ سـەرکردە و کەسـایەتییەکی دیکـەی عێـراق کرابێـت! شـتێکی ئەوەنـدە مـەزن و پڕجـۆش بـوو هەرگیـز نایەتـە نووسـین و لـە باسـکردن نایـەت!

هێنـدەی نەبـرد، پاییـز بـوو وەك ئـەم رۆژانـە بارزانـی نەمـر تەشریفیـان هێنـا بـۆ کوردسـتانی تینـووی دیـدار، کاك موحسـین دزەیـی و سـەرکردە و بەرپرسـانی حزبـی و حکومەتـی یـاوەر و لـە خزمەتـی جەنابیـان دابـوون، ئـەوە بـوو ئیـتر پیـرە هەولێـر خرۆشـا. دانیشـتووانەکانی و کۆمەڵانـی خەڵکـی دیکـەش کـە بـە تاسـوقەوە لـە هەمـوو کـون و کەلەبەرێکـی کوردسـتانەوە رژابوونـە ئـەم شـارە دێریـن و بـە ئەمەگـەوە هـەر هەمـوو لـە هەمووانیـان گـەورە و بچووکیـان مەسـتی دیـدار و لـە بارێکـی دەروونیـی ئەوەنـدە سـەیر و سـەمەرەدا بـوون لێکدانـەوەی بـۆ نییـە! کووچـە و شـەقامەکانی شـار بـە رۆژ و بـە شـەو ئاراممیـان لێهەڵگیرابـوو، وەك شـارە مێرووڵـە کـوورەی هەنـگ لـە جموجۆڵـی بـەردەوام و خوڵانـەوە و هاتووچـۆ دابـوون. جەنابـی مـەلا مسـتەفا بـۆ حەسـانەوە لـە رێسـت هـاوس دابەزیبـوون، ئـەوە چاکتریـن و شـیاوترین هوتێلـی تایبەتـی (هێڵەکانـی ئاسـنی) ی عێـراق بـوو لـە شـاردا و بـۆ حەوانـەوە و خزمەتـی کاربەدەسـت و میوانـە

پایەبەرزەکانی میریی کە لە بەغدا و شارەکانی ترەوە دەهاتن و هەروەها بۆ پیاو ماقووڵانی وڵات تەرخانکرابوو، شوێنەکەی لە وێستگەی شەمەندەفەری هەولێر لە نێوەندی دارودرەخت و باخ و گوڵزاری دڵڕفێن هەڵکەوتبوو، کە ئێستا بەشێکی لێکراوەتە نووسینگەی تەلەڤزیۆنی ئاسمانی (ستەلایت)ی کوردستان و شەقامی شەهید ئیدریس بارزانی بەرەو یاریگای نێودەوڵەتیی شەهید فەرەنسۆ هەریری شەقی کردووە. ئەم شوێنە لەو رۆژگارەدا ببووە قیبلەگای جەماوەر و هەردەم جمەی دەهات. خەڵکانی تینووی دیداری سەرۆك هەرگیز ئەوێیان بەرنەدەدا هەر لەوێش چاویان بە دیداری ئەو زاتە پیرۆزە رۆشن دەبۆوە و بەخێر هاتنەوەیان لێدەکرد، جگە لەوەی بۆ هەرکوێیەك بڕۆیشتبایا بە دوایەوە دەبوون، وەکو سێبەر! ئێمەیش دەستەیەك لە مامۆستایانی سەر بە پارتیی بە هەمان گوڕوتین و تاسووقەوە، بە نیازی دیدەنی و چاو پێڕوونکردنەوە چێشتەنگاوێك بەرەو رێست هاوس بووینەوە. لەوێ رێپێدراوێکی ئاسایش (مفوض امن) بە نێوی (رقیب) کە پێشتر دەماننناسی و پیاوێکی بێ وەی و چاکەخوازیش بوو، ناوەکانمانی بردنە ژوورەوە و دوای کەمێك، چاوەڕوانی ئەوە بووین بمانبەنە ژوورەوە کەچی بۆ واقی ورمان دیتمان وەك شاعیری عەرەب (حسان بن ثابت) دەڵێت (طلع البدر علینا من ثنیات الوداع) تەلعەتی پڕ لە نووری جەنابی (بارزانی) خۆی هاتە بەرامبەرمان. بڕوا بفەرموون لەو ساتە پڕ لە شادیی و خۆشی و حەپەسانەدا وەختە بوو هەر هەموومان لە خۆبچین و ببوورێینەوە!

چۆن تۆ بڵێیت ئەمە راستی بێت یان خەون! ئەمە خودی (بارزانی) خۆی بێت ئاوا لە بەردەممانندا وێستاوە بە رووماندا پێدەکەنی و دەستی موبارەکی خستۆتە نێو دەستمانەو و چاوە هەرە گەش و پڕ مهیرەبانەکانیمان ئاراستە دەکات! ئای چ خۆشیی و سەربەرزییەك بوو! وای کە خەونێکی جاویدان بوو! درێژەی پێنەدەم، دوای رەوینەوەی تەمی سەرسامیی ورده ورده

هاتینەوە سەرخۆ و پێکەوە گوتمان «بەخێربێتەوە قارەمانی کورد» ئەوەی راستیش بێت هەرچەند زۆریش بە پەرۆشەوە بووین بەڵام (نەوێراین) دەستی موبارەکیان ماچکەین. یەکسەر فەرموویان «من قارەمان نیم» ئەوەبوو هەر زاراوە و نازناوێکی دیکەی وەك (سەرۆك، رابەر، مامۆستا)مان بەکار هێنا هیچیانی قەبووڵ نەبوون و فەرموویان من «مرۆڤێکم وەك هەر یەکێکی تر و حەز دەکەم هەر بە ناوی خۆمەوە بانگ بکرێم» ئەوجا دوای نەختێك تێرامان فەرموویان «دوێنێ لە شەقامێکی هەولێردا کەسانێ خۆیان هاویشتە سەر زەوی و دەیانویست (...نم) ماچ بکەن. ئەمە کەی مرۆڤایەتییە، کەی ئەوە رەوایە! ئەم خەڵکە خۆ کۆیلە نین، بۆ وا دەکەن؟ من هەرگیز نامەوێ مرۆڤی کورد بەمشێوەیە رەفتار بکەن، گەر وا بڕوات نابین بەهیچ. دیاربوو جەنابیان زۆر سەخڵەت و دڵشکاو بوو. بەندەیش بە شەرمێکی زۆرەوە گوتم: «گەورەم ببوورن جەنابتان نابێ گلە و گازندە لەم خەڵکە دڵسۆز و سادەو ساکارە بکەیت و لێیان عادز بیت، ناهەقیان نییە. جەنابتان نزیکەی دوانزدە ساڵە ئاوارە و دوورە وڵاتن ئەم میللەتە بێ کەسەش لێرە لە ژێر باری سەختی ئەشکەنجە و چەوسانەوەدا بەرگەی هەموو جۆرە ناسۆر و ناخۆشییەکی گرتووە، هەر یەك لەوان لەنێو دڵی خۆیدا وێنەیەکی گەش و ئومێدبەخشی پیرۆزی جەنابتانی بە خوێن نەخشاندووە، بە گەرمیی و بە پەرۆشەوە بە هیوای رۆژێکی وەکو ئیمڕۆ (لەسەر ئاو و ئاگران) لە چاوەڕوانیدا بووە کە بەڵکو ئەمە خوایە و جەنابتان بێنەوە و بەدیار و دیدەنیتان شاد و گوشاد بنەوە! ئێستەیش کە ئەم خەونە هەرە خۆشەیان بۆ هاتووەتە دی، هەرچییەکی بیکەن لێیان ناگیرێت، هەقێکی رەوای خۆیانە! دووەم بەڕێزتان یازدە ساڵە لە وڵاتێکی هەرە پێشکەوتوو گەشەسەندووی وەکو یەکێتی شوورەوی (بە تێگەیشتنی ئەو ساکەمان م/ئاسنگەر) دا دەژین، نابێ بە هەمان چاویش سەیری ئێمەی قوڕبەسەر و دواکەوتووی

بــن دەســەڵاتی حکومەتێکــی ڕەگەزپەرســت و کۆنەپارێــزی هــەرە پاشــکەوتووی ژێردەســتی ئیمپریالیــزم بکــەن و لەگــەڵ خەڵکــی ئەوێــدا بەراوردمــان بکەیــت! ئەگینــا فەرموودەکانتــان سەداســەد ڕاســت و دروســتن و ئێمــەش پەســەندی ئــەو چەشــنە ڕەفتارانــەی هەنــدێ کــەس ناکەیــن، بــەڵام چــی بکەیــن ئەمــە بەخــت و ئیقبالــی ئێمــەی کــوردی لێقەومــاو بــووە!» بــەو قســانە تۆزێــك گرژییــەوە بــە بزەیەکــی پــڕ لــە میهرەبانییــەوە و لەســەرخۆ پرســیان «ئەتــو چکارەیــت؟» گوتــم «مامۆســتا» پێکەنــی و زۆر بــە دڵنەواییــەوە فەرموویــان «باوکــم مــن دەرەقەتــی مامۆســتایان نایــەم. بــەڵام دەبــێ زێــتر چــاوی میللــەت بکەنــەوە و بــۆ پێشــەوەی ببــەن». ئێمــەش بەڵێنــی ئەوەمــان بــە جەنابیــان دایــەوە و دوای ئــەوەی ماوەیەکــی بــاش لــە کاتــە پــڕ لــە بایــەخ و نرخدارەکــەی خــۆی لەگەڵمانــدا بەســەربرد (کــە هەرگیــز لێــی تێــر نەدەبوویــن) بــەو پــەڕی ڕێزلێنــان و بــە ڕوویەکــی خــۆش و پــڕ لــە ســۆزی باوکایەتــی و ســەرۆکایەتی ڕەســەن و ڕاســتەقینەوە بەرێــی کردیــن. مــن ئێســتا دەپرســم (ئەگــەر جەنابیــان دەیانزانــی تێکــڕای خەڵکــی بــە ئەمەگــی کوردســتان بــۆ گەڕانــەوەی تەرمــی پیرۆزیــان لــە باشــماخەوە هەتــا (بــارزان) ی مەکــۆی نەمــران چییــان کــرد دوای (٣٥ ســاڵ) دەبــوا ئەوســا چییــان فەرمووبــا؟).

هــەزاران دوورد لــەو گیانــە پاکــەی ئــەم ســکردە و ســیمبولە و ڕابــەر و قارەمانــە هــەرە مەزنــەی کوردســتان (مســتەفا بارزانیــی نەمــر) بێــت.

ســڵاو لــە گیانــی پاکــی گشــت شــەهیدانی بزاڤــی ڕزگاریخــوازی کوردســتان بێــت.

# پەرلەمانی کوردستان و دەسکەوتێکی مەزن

ڕۆژنامەی برایەتی ژمارە (٢٨٢٥) یەکشەممە ١٩٩٩/٥/٢

ڕۆژنامەی «ئێوارە گوڵان» لە گۆشەی (هەموو ئێوارەیەك) لاپەڕە دووی ژمارە (٣٢٠)ی خۆیدا ڕۆژی یەکشەممەی ڕێکەوتی ١٩٩٩/٢/١٤ نووسینێکی بەڕێز (نەجدەت ئاکرەیی) بڵاوکردبۆوە تیایدا باس لە پێناسە و ناوە جۆربەجۆرەکانی (پەرلەمان) دەکات و ئەرك و بایەخی ئەو دامەزراوە هەرە گرنگەی خستۆتە ڕوو، هەروەها لە دوو توێی وتارەکەیدا ئاماژەشی بە (پەرلەمانی کوردستان) کردووە و بە لوتکەی قوربانیدانی کورد و کوردستانی ئەژماردووە. ئەوەی لێرەدا پێویستە بوترێت ئەوەیە کاکی نووسەر کرۆکی ڕاستیی مەبەستی پێکاوە و بێ پێچ و پەنا بە ناخی بابەتەکەدا چۆتە خوارێ و نرخ و پایەی ئەو دەزگە هەرە بەرز و گرنگەی خۆمانی دیاریکردووە، کە پێویستە هەموو لایەن و

حـزب و گـرووپ و کەسـانی دڵسـۆز و نیشـتمانپەروەری ئـەم کوردسـتانە بەوپـەڕی شـانازی پێکردنـەوە ڕێـز لـە یاسـا و بڕیارەکانـی بنێـن و بەوپـەڕی دڵسـۆزیی و لـە خۆبوردوویـی و بـە هەمـوو هێـز و توانسـتەوە داکۆکـی لـێ بکـەن و بیپارێـزن ئەمەیـش زیاتـر لەبـەر ئـەم هۆیانـەی خـوارەوە:

١- یەکەمیـن و تاکـە دەزگەیەکـی گشـتیی کوردسـتانییە، کـە لـە ئەنجامـی هەڵبژاردنێکـی ئازادانـە و دیموکراسـی سەرتاسـەریی، کـە تێکـڕای گـەل و حزبـە سیاسـییەکان تیایـدا بەشـداربوونە هاتۆتـە کایـەوە و نوێنەرایەتـی سـەرجەم دانیشـتوانەکانی هەرێمـی کوردسـتانی ڕزگارکـراو دەکات و بـەم هۆیـەوە خاوەنـدی «شـەرعییەتێکی» هـەرە ڕاسـت و ڕەوایـە.

٢- لـە دەرەنجامـی خاڵـی یەکەمـی سـەرەوەدا (پەرلەمانـی کوردسـتان) تاکـە دامەزراوێکـی (یاسـادانانە) لـە کوردسـتانی ڕزگاردا و تاکـو ئێسـتا نزیکـەی (٦٠) یاسـا و (١٢٥) بڕیـاری هەمـە چەشـنەی دەرچوانـدوون، کـە لـە دوو توێـی دوو بەرگـدا چاپکـراون، بـە مەبەسـتی ڕێکخسـتنی کاروبارەکانـی نێـو هەرێـم و ڕەنگڕێژکردنـی پەیوەندییەکانـی کۆمەڵایەتـی خەڵـك لـە نێـو خۆیانیـدا و لەگـەڵ دامودەزگاکانـی حکومەتـی هەرێمیشـەوە.

ئەمـە سـەرەڕای (١٩) بـەرگ لـە پرۆتۆکۆڵەکانـی خـۆی کـە بـە هیممەتـی ڕێـزدار (جوهـر نامـق سالم) سـەرۆکی پەرلەمـان توانیویەتـی بیانخاتـە بـەر دیـدەی ڕۆڵەکانـی گـەل و دۆسـتانی کـورد لـە نـاوەوە و دەرەوەی کوردسـتاندا، هەروەهـا تاکـو ئێسـتا (٤٢) ژمـارەی لـە ڕۆژنامـەی «پەرلەمـان» بـە هـەردوو زمانـی کوردیـی و عارەبـی چـاپ و پەخـش کـردووە.

٣- دەسـکەوتێکی هـەرە مەزنـی خەباتـی بـێ وچـان و نەپسـاوەی میللەتـی کـوردە، کـە لـە دێرۆکـی خوێناویـی و دوور و درێـژی خۆیـدا بـە هـەزاران قوربانیـی لـە پێنـاودا پێشـکێش کـردووە و لـە مـاوەی پـتر لـە ٥٠ سـاڵی نیـوەی دوایـی سـەدەی بیسـتەمدا بـە ڕێبەرایەتـی پارتـی گـەل- پارتـی دیموکراتـی

کوردســتان و بــە ســەرۆکایەتی باوکــی رۆحــی و نەتەوەیــی کــورد (بارزنــی مســتەفا) بــۆی تێکۆشــاوە و لــە رێگــەی شۆڕشــە مەزنەکانــی ئەیلــوول و گــوڵان و راپەڕینــە مــەزن و سەرتاســەرییەکەی بەهــاری ١٩٩١ داو بــە هاوکاریــی و هێــزی حزبەکانــی نێــو (بــەرەی کوردســتانی)یەوە هاتۆتــە ئــاراوە و تاکــە فاکتــەری (بــە شــەرعیبوونی) بــاری (دیفاکتــۆ)ی هەنووکــەی هەرێمــە و لــە رێگــەی ئــەم پەرلەمانەوەیــە کــە ئەزموونەکەمــان شــەرعییەتێکی بۆخــۆی دەســتەبەر کــردووە و بەهــۆی ئەمیشــەوەیە کــە UN و حکومــەت و هێــزە بڕیاربەدەســتەکانی جیهــان ئەمــڕۆ بایەخێکــی یاســاییمان پێــدەدەن و دان بــە بوونمــان دادێنــن.

جـا هـەر لەبـەر ئـەم هۆیانەیشـە بـەم پێودانگـەدا هـەر کەسـانێك دوژمانیەتـی (پەرلەمانــی کوردســتان) بــکات یاخــود کۆســپ و ئاســتەنگ بخاتــە بەردەمییــەوە و هەوڵــی هەڵوەشــاندنەوە و نەهێشــتنی بــدات ئــەوە راســتەوخۆ دوژمنایەتــی کــورد و کوردســتان و ئەزمــوون و دەســتکەوتەکانی دەکات و لــە هەمانکاتــدا خــۆی لــە ســەنگەری ناحەزانــدا دەبینێتــەوە و بیــەوێ و نەیەوێــت و پــێ بزانــێ و پــێ نەزانێــت لــە خزمەتــی ئــەوان دادەبێــت.

# «ڕوونکردنەوەیەك لە دادگای تەمییزی کوردستانەوە» و بەدواداچوونێك

برایەتی ژمارە (٢٩٧٧) پێنجشەممە ١٩٩٩/١١/٢٥

لە لاپەڕەی ژمارە ٢٩٦٤ی ڕۆژنامەی برایەتی ئازیزدا کە ڕۆژی دووشەممەی ڕێککەوتی ١٩٩٩/١١/٨ دەرچووە بابەتێکم خوێندەوە کە لە ژێر سەرناوی (ڕوونکردنەوەیەك لە دادگای تەمییزی کوردستانەوە) بڵاوکرابووەوە، تیایدا هاتووە کە (دادگایەك بەناوی دادگای تەمییزی کوردستان) لە پارێزگای سلێمانی دروست بووە و بەداخەوە پشتی بە یاسای ژمارە (٢)ی ی ساڵی ١٩٩٢ بەستووە، چونکە لەبەر ئەوەی ئەو کارە هیچ پاساوێکی یاسایی نییە و هیچ زەوینەیەکی یاسایشی بۆ نەڕەخساوە بۆیە دادگای تەمییز ئەم چەند خاڵەی خوارەوە ڕوون دەکاتەوە:

یەکەم لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢ کە لە (پەرلەمانی هەرێمەوە)

دەرچـــووە، هیـــچ پایەیـــەك بـــە ناونیشـــانی (ســـەرۆکی هەرێمـــی کوردســـتان) نییـــە و بەڵکـــو یاســـای ناوبـــراو پەیوەســـتە بـــە هەڵبژاردنـــی رابـــەری بزووتنـــەوەی رزگاریخـــوازی کـــورد و بـــەس، هەڵبژاردنیـــش بـــۆ هەڵبژاردنـــی ئـــەو رابـــەرە تـــا ئـــەو مێـــژووی ئەمـــڕۆ نەکـــراوە، چونکـــە یاســـایەکە ئێســـتانەکێ وەســـتێنراوە، بۆیـــە دامەزراندنـــی دادگایەکـــی تەمییـــز لـــە سـلێمانی بـــە نـــاوی ســـەرۆکی هەرێـــم یاســـایی نییـــە چ بـــە پێـــی یاســـای ناوبـــراو و چ بـــە گوێـــرەی مـــاددەی (٩) یەمـــی یاســـای دەســـەڵاتی دادوەری ژمـــارە (١٤)ی ســـاڵی ١٩٩٢ کـــە بڕگـــەی ئـــەو مادەیـــە تایبەتـــە بـــە دەســـەڵاتەکانی دادگای تەمییـــز وا پێویســـت دەکات ئـــەو دادگایـــە بـــە تەنیـــا لـــە پایتەخـــت کـــە شـــاری هەولێـــرە دابمـــەزرێ و دووەم ...تـــاد».

لـــەم نووســـینەوەی ســـەرەوەدا دوو خاڵـــی ســـەرنجراکێش بەرچاوکەوتـــوون کـــە پێویســـتە ئاماژەیـــان بـــۆ بکـــەم و راســـتییەکانیان بخەمـــەڕوو بـــۆ ئـــەوەی لـــە کڵاورۆژنـــەی ئـــەو ســـەرچیخ و چوونـــی دەربڕینـــەدا هەڵوێســـتی رەوا و دروســـتی پشـــت بـــە یاســـا بەســـتووی خاوەنـــی روونکردنەوەکـــە و راســـتی چەواشـــەکاریی و شـــێواندنی راســـتیەیکان نەقۆســـترێتەوە، خاڵەکانیـــش ئەمانـــەن:

یەك: لە بەشێکی روونکردنەوەکەدا ئەو دەقە ئاوەها هاتووە:

«یەکـــەم لەیاســـای ژمـــارە (٢)ی ســـاڵی ١٩٩٢ کـــە لـــە پەرلەمانـــی هەرێمـــەوە دەرچووە..تـــاد» ئـــەوەی راســـتی بێـــت ئـــەم یاســـایە واتـــە یاســـای ژمـــارە (٢) ی ســـاڵی (١٩٩٢) کـــە بەنێـــوی (یاســـای هەڵبژاردنـــی رابـــەری بزووتنـــەوەی رزگاریخـــوازی کـــورد) ەوەیـــە، هەروەهـــا یاســـای ژمـــارە (١) ســـاڵی ١٩٩٢ (یاســـای ئەنجوومەنـــی نیشـــتمانی کوردســـتانی عێراق)یـــش (ســـەرکردایەتی سیاســـی بـــەرەی کوردســـتانی عێـــراق دەریکـــردوون) پێـــش ئـــەوەی پرۆســـەی هەڵبژاردنـــی پەرلەمانـــی کوردســـتان رۆژی ١٩٩٢/٥/١٩ ئەنجـــام بدرێـــت و ئەنجوومەنـــی نیشـــتمانی کوردســـتان دابمەزرێـــت و دەســـت بەکارەکانـــی خـــۆی بـــکات، نـــەك لـــە (پەرلەمانـــی هەرێمـــەوە) دەرچـــووە، وەك لـــە نووســـینەکەی ســـەرەوەدا هاتـــووە.

دووەم: دوای ئەمە لە روونکردنەوەکەی دادگەی تەمییزی بەڕێزدا نووسراوە:

«هیچ پایەیەك بە ناونیشانی (سەرۆکی هەرێمی کوردستان) نییە و بەڵکو یاسای ناوبراو پەیوەستە بە هەڵبژاردنی رابەری بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد و بەس، (هەڵبژاردنیش بۆ هەڵبژاردنی ئەو رابەرە تا ئەو مێژووەی ئەمڕۆ نەکراوە، چونکە یاسایەکە ئێستانەکێ وەستێنراوە.. تاد)..

راستییەکەی ئەوەیە پرۆسەی هەڵبژاردنی رابەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد ئەنجامدرا، وەلێ لەبەر ئەوەی هیچ کام لە پاڵێوراوە بەڕێزەکان بەپێی حوکمی ماددەی هەشتەمی ئەو یاسایە لە هەڵبژاردنەکەدا زۆربەی موتڵەقی دەنگی رادەرانی وەدەست نەهێنا تا بەسەرکەوتوو دابنرێت، بۆیە پێویست بوو قۆناغی دووەمی هەڵبژاردن تەواو بکرێت، کەچی ئەم دووەم قۆناخەی پرۆسەکە هەر جێبەجێ نەکراو، تا ئێستایش رابەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد هەڵنەبژێردراوە و یاسای ناوبراویش بۆ هەڵبژاردنی (رابەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد)ە، نەك (سەرۆکی هەرێمی کوردستان).

# پەرلەمانی کوردستان پشتگیری لە گەل و وڵاتی چیچان دەکات و چەند سەرنجێك

رۆژنامەی برایەتی ژمارە (٢٩٦٨) یەکشەممە ١٩٩٩/١١/١٤

لە رۆژنامەی برایەتی ئازیزدا، لە لاپەڕە (٣)ی ژمارە (٢٩٦٦)ی رۆژی (١٩٩٩/١١/١٠) بابەتێکی کاك (کەریم قادر) بە ناونیشانی (پەرلەمانی کوردستان پشتگیری لە گەل و وڵاتی چیچان دەکات) بڵاوکراوەتەوە، لە ستوونی چوارەمی نووسینەکەدا لە بارەی هەڵوێستی پەرلەمانەوە ئەم بڕگەیەی خوارەوە هاتووە، کە هەندێ هەڵە و ناتەواویی تیادایە و بە پێویستم زانی بۆ خوێنەرانی خۆشەویست و بۆ (مێژوو)یش راستییەکان بخەمەڕوو، کاك کەریم قادر دەڵێت:

«یەکەم جار پەرلەمانی کوردستان کە نوێنەری راستەقینەی گەلی کوردە لە سەرەتای شەڕی ناوخۆی هەرێمی کوردستان وەکو ئەرکێکی

نەتەوایەتـی سەرشـانی لـەم شـەڕە بێدەنـگ نەبـوو، بەڵکـو بـۆ مـاوەی زێـتر لـە (٤٠) رۆژ کۆمەڵێـك پەرلەمانتـار لـە باڵەخانـەی پەرلەمـان پەناگیـر بـوون و داوای شـەڕ راوەسـتانیان دەکـرد و سـەرۆکی پەرلەمـان خـۆی چەنـد جارێـك لەگـەڵ پەرلەمانتـاران سـەردانی سـەرکردایەتی هـەردوو حزبـی بەشـەڕهاتووی کـرد بـۆ هەمـان مەبەسـت» ...هتـد.

لـەو نووسـینەدا مەبەسـتی مـن تەنیـا ئـەو پەرەگرافەیـە کـە پێویسـتی بـە چەنـد سـەرنجێك هەیـە.

ئـەوەی راسـتی بـێ پەرلەمانـی کوردسـتان زۆر هەڵوێسـتی پـڕ لـە شـانازی لەمـەڕ شـەڕی نەگریسـی داسـەپێنراوی ناوخـۆی نوانـدووە و لـەم رووەوە بۆخـۆی سـەروەریی و پیرۆزیـی مێژوویـی بـێ هاوتـای تۆمـار کـردووە کـە ئـەم هەنگاوانـەی خـواروە گرنگترینیانـن.

١- چەنـد دانیشـتنی تایبەتـی بـۆ لێـدوان و باسـکردنی کێشـەکە سـازداوە و پەیوەندیـی بـە زۆربـەی لایەنەکانـەوە کـردووە بـۆ بنەبڕکـردن و راگرتنـی شـەڕەکە هـەردەم لـە جموجۆڵـی بـەردەوام دابـووە.

٢- لـە دانیشـتنی ژمـارە (١٧)ی رۆژی دووشـەممەی رێکەوتـی ١٩٩٤/٧/٢٥دوا بـەدوای لێتۆژینـەوە و گفتوگۆیەکـی گـەرم و دوورودرێـژدا بەیاننامەیەکـی دەرکـرد لـە ژێـر نـاوی (هەڵوێسـتی پەرلەمانـی کوردسـتان لەبـارەی رووداوەکانـی ئایـار و حوزەیرانـی ١٩٩٤ەوە کـە لـە کۆبوونـەوەی ١٩٩٤/٧/٢٥ بڕیـاری لەسـەر دراوە و بـە تێکـڕای دەنـگ پەسـەندکراو دوایـی بەیاننامەیـەك هـەر بـە (هەڵوێسـتی پەرلەمـان) نـاوزەد کـراوە و تێکـڕا لـە (١٩) خاڵـی زێـدە گرنـگ پێکهاتـووە.

٣- لەبڕیـاری ژمـارە (١٨)ی رۆژی ١٩٩٤/٨/٦یـدا کـە ئەمـەی خـوارەوە دەقەکەیەتـی لیژنەیەکـی بـۆ بەدواداچوونـی هەڵوێسـتەکەی خـۆی پێکهێنـاوە و بـەم شـێوەیە:

ژمارەی بڕیار: ١٨

مێژووی بڕیار: ١٩٩٤/٨/٦

بڕیار

بەپێــی حوکمەکانــی ماددەکانــی ٤٢ و ٤٣ی پێــڕەوی ناوخــۆی ئەنجوومەنــی نیشــتمانیی کوردســتانی عێــراق، بڕیــاردرا لیژنەیەکــی کاتــی لــەم بەڕێزانــەی کــە لــە خــوارەوە ناویــان هاتــووە پێکبێــت، بــۆ بەدواداچوونــی هەڵوێســتەکەی پەرلەمانــی کوردســتان بەرامبــەر رووداوە دڵتەزێنەکانــی هــەردوو مانگــی مایــس و حوزەیرانــی ١٩٩٤ کــە لــە دانیشــتنی رۆژی ١٩٩٤/٧/٢٥دا ســەرکردایەتی هــەردوو حزبــی ســەرەکی لــە پەرلەمــان لەگــەڵ حکومەتــی هەرێــم وەریانگرتبــوو، ئــەو لیژنەیــە راپۆرتێــك لــە بــارەی ســەرەنجامی کار و ئــەرك و هەوڵەکانــی پێشــکەش بــە دەســتەی ســەرۆکایەتی بکــەن تاکــو لــە نزیکتریــن دانیشــتنیدا بخرێتــە بــەردەم پەرلەمــان.

ناوەکان:

١- بەڕێــز عدنــان محمــد نقشــبندی ٢- بەڕێــز حــازم احمــد محمــود یوســفی ٣- بەڕێــز احمــد ســالار عبدالواحیــد ٤- بەڕێــز ئەیــاد حاجــی نامــق ٥- بەڕێــز عبدالخالــق محمــد رشــید زەنگەنــە ٦- بەڕێــز شــێروان ناصــح حەیــدەری ٧- بەڕێــز شــمائیل ننــو بنیامیــن.

٤- پەرلەمانــی کوردســتان بــۆ دانیشــتنێکی (نائاســایی) خــۆی لــە رۆژی ١٩٩٤/٨/١٥دا هــەردوو بەڕێــزان کاك مســعود بارزانــی و مــام جــەلال تاڵەبانــی بانگهێشــت کــردن بــۆ تاوتوێکرنــی بــارە ئاڵۆزەکــە و دانانــی رێگەچارەیەکــی گونجــاو بــۆ کۆتایــی هێنــان بــە شــەڕەماڵوێرانکەرەکــەوە، لــە هەمــان کۆبوونــەوەدا ســەرۆکایەتی پەرلەمــان ســکاڵانامەیەکی بەنــاوی (داواکارییەکانــی ئەندامانــی پەرلەمــان) کــە لەلایــەن (٤١) پەرلەمانتــارەوە ئیمــزا کرابــوو پێشکەشــی هــەردوو بەڕێــزان مــام جــەلال و کاك مەســعود کــرد، ســکاڵانامەکە لــە شــەش خاڵــی

سـەرەكی پێكهاتبـوو، خاڵـی یەكەمـی (٥) بڕگـە و خاڵـی شەشـەمیش ١٢ بڕگەیـان لەخـۆ گرتبـوو.

٥- لەگـەڵ ڕێـزدار جەوهـەر نامـق سـالم سـەرۆكی پەرلەمـان (٥٩) پەرلەمانتـاری هـەردوو فراكسـیۆنی پارتیـی و یەكێتیـی و لیسـتی مـۆر بـەردەوام بـۆ مـاوەی (١٠٢) ڕۆژی ڕەبـەق لـە هۆڵێكـی تـەلاری پەرلەمـان پەناگیربـوون و ئـەم هۆڵـە ئێسـتا نیـوی (هۆڵـی پەناگیریـی) لێـنراوە، هـەر لـە ١٩٩٤/١٢/٢٣ وە تاكـو ١٩٩٥/٤/٣ درێـژەی كێشـا لـەو ماوەیەشـدا چەنـدان لیژنەیـان پێكهێنابـوو ڕۆژ و شـەویش پەیتـا پەیتـا پێشـوازییان لـە وەفـدی توێـژ و چیـن و ڕێكخـراوە و حزبـە جۆربەجـۆرەكان و INC دەكـرد ئەوانـەی بـە مەبەسـتی پیرۆزبایـی و پشـتگیریی كردنـی لـەو هەڵوێسـتە سـەربەزرانەیان بـە ئامانجـی هاوكاریكـردن بـۆ كۆتایـی هێنـان بـە شـەڕەكەوە بـێ پسـانەوە سـەردانیان دەكـردن.

٦- پەرلەمانـی كوردسـتان بـە مەبەستی(ئاسـایی كردنـەوەی بـارە ئاڵۆزەكـە) وە چەنـد تیپێكیـان (گـرووپ) لـە پەرلەمانتـارە بەڕێـزەكان پێكهێنابـوو كـە سـەردانی هەمـوو بـەرە گڕگرتووەكانـی شـەڕەكەیان دەكـرد و زۆران جـار خۆیشـیان دەكەوتنـە بـەر مەترسـیی گیـان لەدەسـتدانەوە، ئەوانەیـش ئەوپـەڕی شـەڕەفمەندیی و دڵسـۆزیی بـۆ ئـەو دەزگا شـەرعییەی كوردسـتان دەسـتەبەر كـرد، ئـەو دەزگایـەی بـە خوێنـی هـەزاران شـەهیدی قارەمانـی ڕێگـەی ڕزگاری كـورد و كوردسـتان و بـە خەباتـی نەپسـاوەی پەنجـا ساڵەی گەلـە تێكۆشـەرەكەمان و بـە سـەرۆكایەتی باوكـی كـورد (بارزانیـی نەمـر) هاتۆتـە دی.

# پشگیری

٢٠٠٢/٤/٨

لـە ژمـارە (٣٦٥٥)ی رۆژنامـەی ئازیـزی برایەتـی رۆژی دووشـەممەی ٢٠٠٢/٤/٨دا بانگەوازێکــی کۆمەڵێــك رۆشــنبیران و کەســایەتیی کــوردی دانیشــتووی ئەوروپــا بڵاوکراوەتــەوە تیایــدا داوای هەرچــی زووتــری یەکگرتنــەوە و یەکڕیــزی خەڵــك و هێــزە سیاســییەکانی کوردســتانیان کــردووە کــە خــۆی لــە جێبەجێکردنــی هەمــوو بەندەکانــی رێککەوتننامــەی واشــنتنۆدا دەنوێنــێ. لــە بانگەوازەکەیانــدا بــە وردی ئامـاژە بـە رەوشـی زۆر ناسـکی ئێسـتای ناوچەکەمـان و ئەگەرەکانـی گورزوەشـاندن لــە عێــراق و شــیمانەی گۆڕانکاریــی تیایــدا دراوە، ئــەم مەترسییانەشــیان خســتۆتە بەرچــاو کــە لەوانەیــە لــەم بارودۆخــە هــەرە تەلەزگەیــەدا رووبــەڕووی هەرێمــی کوردســـتانی ئـــازاد و ئەزموونەکەمـــان ببنـــەوە، بۆیـــەکا بـــە پەرۆشـــەوە داوای

ئاشـتبوونەوەی گشـتیی و ڕێکخسـتنەوەی نێوماڵـی کـورد و یەکخسـتنی گوتـاری سیاسـی و هەڵوێسـتی هاوبەشـیان لـە بەرامبـەر ئەگـەری هـەر ڕووداوێکـدا کـردووە، بـۆ ئـەوەی لـە دەرەوە لەلایـەن زلهێـز و بڕیاربەدەسـتان و UN ەوە حسـابێکی شـیاومان بـۆ بکرێـت، نـەك هـەر دەسـتکەوتەکان بپارێزیـن بگـرە زێـتر پەرەیـان پـێ بدەیـن و کەموکورتییەکانیشـیان ببڕیـن. بـۆ ئەمـەش داوا لەسـەرجەم ڕۆشـنبیر و نووسـەر و دڵسـۆزان دەکـەن کـە لەنـاوەوە و دەرەوەی هەرێـم بـۆ پشـتگیری کردنیـان.

مـن لـە کاتێکـدا زۆر بـە گەرمیـی دەنگـی خـۆم دەخەمـە پـاڵ دەنگـی ئـەم بەڕێزانـەوە، هیـوادارم لـە هەمـوو سـووچ و لایەکیشـەوە دەنگـی زوڵاڵـی کۆمەڵانـی خەڵکـی بـە پەرۆشـی هەسـتدار و خـاوەن هەڵوێسـتی ڕەسـەنی کوردایەتـی بـۆ پشـتگیری کردنیـان بـەرز بێتـەوە و ڕۆژی تەنگانـە پێویسـتە بەرامبـەر بەرژەوەنـدی بـاڵای نەتەوەیـی و نیشـتمانی هـەر بەرژەوەندییەکـی دیکـە بخرێنـە لاوە.

ئیتر بۆ پێشەوە، بۆ یەکدەستی و یەکڕیزی دڵسۆزانی کورد و کوردستان.

# گرنگیی پەرلەمان و پێویستی بەردەوامبوونی

برایەتی ژمارە (٣٧١٤)ی رۆژی دووشەممەی رێکەوتی ٢٠٠٢/٦/١٧

هەمـوو دەزانیـن سـەر لەبەیانـی رۆژی ١٩٩٢/٥/١٩ خەڵکـی کوردسـتانی ئـازاد کـراو زۆر بـە شـەوق و بـە پەرۆشـەوە چوونـە بـەردەم سـەندووقەکانی دەنگـدان، بـە شـێوەیەکی ئـازاد و دیموکراسـیانە (بـە شـایەتی دۆسـتان و بیانیـان) و بەوپـەڕی حەماسـەوە بەشـدارییان لـە پرۆسـەیەکی مۆدێـرن و شارسـتانییانەی نوێـی سـەردەم کـرد و ئەزموونێکـی سـەرکەوتوویان ئەنجامـدا، ئاشکرایشـە پەرلەمـان- هـەر پەرلەمانێـك- چ وەکـو شـەرعییەتێکی قانوونـی و چ وەکـو دەسـتکەوتێکی سیاسـی و ئیـداری یەکێکـە لـە پایـە بنەڕەتییەکانـی دەوڵـەت و دەسـەڵات و ئاراسـتەکردنی بڕیـار و راسـپاردەکان و یەکەمیـن دەسـەڵاتی یاسـایی شـەرعی دەوڵەتـە و هـۆکاری سـەرەکی فەراهەمکردنـی کەشـوهەوای دیموکراسـی و ئازادییـە لـە وڵاتـدا.. جـا

ئەگـەر پەرلەمـان بـەو چەمـك و بەهـا پیرۆزانـەی کـە هەیەتـی بـۆ وڵات گرنـگ بێـت، ئـەوا بـۆ گەلـی کوردسـتان گرنگییەکـی زێـدە تایبەتـی هەیـە و لـە مـاوەی ئـەو دە سـاڵەی تەمەنـی کارکردنیشـدا ئـەو راسـتییەی سـەلماندووە، پەرلەمانـی کوردسـتان کـە بـە ئامادەبونـی هـەردوو بەڕێـزان کاك مەسـعود بارزانـی و مـام جـەلال تاڵەبانـی و سـەرۆك و نوێنەرانـی سـەرجەم حزبەکانـی ئەوکاتـە و سـەرکردایەتی بـەرەی کوردسـتانیی لـە رۆژی ١٩٩٢/٦/٤ دا یەکەمیـن دانیشـتنی خـۆی سـازدا و لـە٢٠٠٢/٦/٤ دا بـە شـانازیی و لـە رێورەسـمێکی شایسـتەدا ئاهەنگـی دەیەمیـن سـاڵیادی بـۆ گێـڕدرا رۆژی شـەممەی رێکەوتـی ١٩٩٢/٧/٤ لـە دانیشـتنی ژمـارە ٩ ی خۆیـدا متمانـەی بـە سـەرۆك و جێگـری سـەرۆك و ئەندامانـی یەکەمیـن حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بەخـش و بـەو شـێوەیە هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق وەك دیفاکتۆیـەك قالبـی یاسـایی و نێونەتەوەیـی خـۆی وەرگرتـووە و هەنگاوگەلـی سیاسـی و ئیـداری و ئابـووری زۆر بـاش و بـە نرخـی نـاوە، بـەڵام دوای هەڵگیرسـانی شـەڕی ناوخـۆ لـە مانگـی ئایـاری ١٩٩٥ەوە ئـەو شـەڕە ماڵوێرانکـەرەی لـە دوژمنـان بـەولاوە هیـچ کـەس و لایەنێکـی تـر سـوودی لێوەرنەگرتـووە، ئـەو شـەڕە کارەسـاتاوییەی زیانێکـی هـەرە زۆری بـە ئەزموونەکەمـان و دۆزە رەواکەمـان گەیانـدووە و خەریکبـووە نـاوی کـورد لـە دەرەوە و لـە لای دۆسـتانمان بزرێنـێ و هەڵوێسـتیان لـە هەمبەرمانـدا بگـۆڕێ و دەسـتکەوتە مەزنەکانمـان کـە بـە خوێـن و ئـارەق و رەنجـی دەیـان سـاڵەی خەباتـکار و شـەهیدە سـەربەرزەکانمان بەدەسـتهاتبوون پووچـەڵ بکاتـەوە، دەڵێـم دوای هەڵگیرسـاندنی شـەڕەکە هەنـدێ کـەس وای بـۆ دەچـن گوایـە (پەرلەمـان) لـە کارکەوتـووە یـان بایەخـی خـۆی لـە دەسـتداوە، یـان شـەرعییەتی بوونـی نەمـاوە! جـا ئەوانـەی دەڵێـن بـە دەسـتپێکردنی شـەڕەکە لـە ١٩٩٥/٥/٣ دا پەرلەمانیـش کۆتایـی دێـت، لەسـەر چ ئەسـاس و بنەمایـەك ئـەوە دەڵێـن و ئـەو مێـژووە لـە کوێـوە دێنـن؟ ئایـا لـە هیـچ یاسـایەکی کوردسـتان بـە تایبەتـی یاسـای ژمـارە(١)

ی پەرلەمـان خۆیـدا ئـەوە هاتـووە کـە پەرلەمـان لـە ١٩٩٥/٥/٣دا دەبـێ نەمێنـێ؟ جـا ئەگــەر پەرلەمــان نەمــا ئــەوا پێویســتە حکومەتیــش و هەمــوو دەزگاکانــی تــری هەڵوەشــێننەوە، ئەوجــا بــە چ پێوەرێــك هەمــوو لایــەك هــەر بــاس لــە دیموکراســی و ئەزموونــی دیموکراســی هەرێــم دەکــەن ئــەوە کامــە دیموکراســیەتە ئەگــەر پەرلەمــان نەمابــێ، بــە نەبوونــی پەرلەمانیــش حکومــەت چ شــەرعییەتێکی دەمێنێــت و بــە چ یاســایەك کار دەکات و کاروبــاری هاووڵاتییــان و هەرێــم دەبــات بەڕێــوە؟!

برایــان پەرلەمــان هەرمــاوە و شــەرعییەتی یاســایی خۆیشــی پاراســتووە، چونکــە دوای چــوار ســاڵ کــە بــۆ ئــەو خولــەی دیــاری کرابــوو، نەتوانــدراوە تــا ئێســتاش لەگەڵدابێــت بــە هــۆی شــەڕی ناوخــۆ و ئەنجامــە نێگەتیڤەکانییــەوە هەڵبژاردنێکــی تــازە ئەنجــام بــدرێ، بۆیــە بەپێــی ئــەو دەســەڵاتەی یاســای دەســتووری (چونکــە دەســتوورمان نییــە) پێیــداوە و بەشــێوەیەکی ئاســایی و بــە زۆرینــەی دەنگــی ئەندامانــی لــە دانیشــتنەکانی رۆژانــی ١٩٩٥/٥/٢٧ و ١٩٩٦/٦/٣، و ١٩٩٦/٩/٣ و دواجاریــش لــە ١٩٩٨/٤/١٤ بڕیــار دراوە مــاوەی ئــەم خولــەی خــۆی درێــژ بکرێتــەوە هەتــا هەڵبژاردنێکــی دیکــە ئەنجــام دەدرێــت و پەرلەمانێکــی نــوێ شــوێنی ئەمــە دەگرێتــەوە. ئــەم کارەیــەش هەروەهــا هەمــوو دانیشــتنەکانی پەرلەمــان و یاســا و بڕیارەکانیشــی یاســایین و زۆریــش ئاســاییە چونکــە یەکــەم یاســایی بوونــی لەوەوەیــە کــە لەهــەر دانیشــتنێکیدا رادەی یاســایی (نصــاب القانونــی) ژمــارەی ئامادەبــووان بــە زیادیشــەوە پێکهاتــووە و هــەر یاســا و بڕیارێکیــش کــە پەســەندی کــردوون بــە گشــتی یــان بــە زۆرینــەی دەنگــی پەرلەمانتــاران بــوون.

ئاسایشــە چونکــە ئەمــە لــە (دەســتووری) زۆربــەی وڵاتانــی جیهانــدا هاتــووە و چەســپێندراوە و بــە کردەنیــش لــە زۆر حاڵەتــی هاوشــێوەی رەوشــی کوردســتانیدا پەیــڕەوی لێکــراوە، بــۆ نموونــە: دوای شۆڕشــی چــواردەی تەممــوزی ١٧٨٩ لــە فەرەنســا و ســاڵی ١٧١٦ و ســاڵانی جەنگــی دووەمــی جیهانــی لــە بەریتانیــا و

سەردەمی شەڕی ئەهلی لە نێوان کۆمارییەکان و تاقمەکەی ژەنەراڵ فرانکۆدا لە ئیسپانیا. هەروەها لە لوبنان بە هۆی شەڕی ناوخۆییەوە لە چارەگی کۆتایی سەدەی رابردوودا پێنج جاران پەرلەمان ماوەی خولی خۆی درێژ کردەوە و لە جیاتی (٤) ساڵ ماوەی (١٦) ساڵان بەردەوامبوو لەسەر کارەکانی خۆی. بە هەمان شێوە ئەم (مەبدەئە یاساییە) لە دەستوورەکانی چەندان وڵاتی وەکو (سوریا، تونس، یەمەن،... هتد)دا هاتووە.

لەلایەکی دیکەشەوە پەرلەمانی کوردستان لەکاتی شەڕی ناوخۆ و قەیرانی ئەزموونەکەماندا بە پێچەوانەی بۆچوونی هەڵە و نادروستی هەندێ کەسانەوە، هەرگیز کەمتەرخەم و بێ هەڵوێست و تەماشاکەر نەبووە، بەڵکو زۆری کردووە و هەوڵی زۆریشی داوە بۆ کۆنترۆڵکردن و ئاساییکردنەوەی رەوشەکە و راگرتنی شەڕەکە. ئەوە بوو چەندان کۆبوونەوەی چڕوپڕی گرێدا، بە رۆژ و بە شەویش بە ئامادەبوونی بەڕێزان سەرکردەکانی هەموو حزب و لایەنەکان و بەشداریی سەرکردایەتی (کۆنگرەی نیشتمانی) ئەوسا و چەند لیژنەیەکی کارای پێکهێنا و ژمارەیەك بڕیاری گرنگ و چارەنووسسازی وەرگرت و بەیاننامەیەکی بە ناوی (بیرخەرەوەی ئاساییکردنەوە)ی بڵاوکردەوە، ئەندامەکانی بە مەبەست ئاگربەست و تەقە وەستاندن سەردانی بەرەکانی شەڕیان دەکرد و ژیانی خۆیانیان دەهاویشتە مەترسییەوە، سەرباری هەموو ئەوانەیشەوە (٥٩) ئەندام بە سەرۆکی پەرلەمانیشەوە ماوەی (١٠٢) رۆژ لە تەلاری پەرلەمان پەناگیر بوون و بەردەوام وەك شارە هەنگ جەماوەری بە پەرۆشی کوردستان لە هەموو سوچێکەوە دەهاتن و رۆژ و شەو سەردانیان دەکردن و لەلایەن پەناگیرانەوە پێشوازی گەرمیان لێدەکرا و داخوازی و سکاڵانامەکانیان وەردەگرتن. ئەمانە و زۆر هەنگاوگەلی دیکەش کە پەرلەمان پێیان هەڵساوە و تا ئیمڕۆش هەر بەردەوامە.

لێرەوە ئەوەندە دەڵێم: پەرلەمان کە سەرچاوەی شەرعییەت و هێما و

سـیمبولی سـەروەریی و دیموکراسـی و مەزنتریـن دەسـتکەوتی سـەرجەم گەلـی کوردسـتانە، لـە هەمـووان دەخـوازێ کـە بـەو چـاوە سـەیری بکەیـن و بیخەینـە سـەررووی هەمـوو بەرژەوەندییەکـی تەسـکەوە چ کەسـیی و حزبـی و لـە هەمـوو دووبەرەکـی و ناکۆکـی و ململانێیەکـی لاوەکییـەوەی بـە دوور خەیـن. چونکـە ئـەوە (پەرلەمانـی هەمـوو میللەتـە) هەمـووان دەنگیـان پێـداوە و ئەمیـش نوێنـەری شـەرعی و راسـتەقینەی هەموومانـە بەبـێ جیـاوازی.

# ١٩ی حوزەیرانی رەشی ساڵی ١٩٤٧

هەولێر ٢٠٠٢/٦/١٩

پەنجا و پێنج ساڵ بەر لە ئێستا و رێك لە ١٩ی حوزەیرانی ١٩٤٧دا رژێمی پاشایەتی ئەوسای عێراق تاوانێکی هەرە گەورە و نامرۆڤانەی دەرهەق بە چوار رۆڵەی قارەمانی کورد ئەنجامدا. ئەوەبوو، لە بەرەبەیانی ئەو رۆژە رەشەدا پەتی سێدارەی دوژمنانی گەلی گەیەنرایە مل و گەردنی بێگەرد و خۆراگری چوار ئەفسەری تێکۆشەر و خەباتکار و نەبەز، عیزەت عەبدولعەزیز، مستەفا خۆشناو، خەیرولـلا عەبدولکەریم و محەمەد مەحمود قودسی، ئەوانەی زۆر چالاکانە و بە بڕوای پتەو و بەوپەڕی دڵسۆزییەوە بەشدارییان لە شۆڕشی کورد لە (بارزان) بە سەرۆکایەتی قارەمان و سەرکردەی راپەڕیوی لێهاتوو (ژەنەراڵ مستەفا بارزانی)ی نەمر کردبوو، هەرچەندە کاربەدەستان (عەفو)

یـان بـۆ دەرکردبـوون، بـەڵام دەڵەسـە و چەواشـەکاری و هەڵخەڵەتانـدن و زۆرداری و سـتەم بـووە، هـەر زوو لـەو بەڵێنـە درۆزنانەیـان پاشـگەز بوونـەوە.

ئـەم پاڵەوانانـە بـە هەمـان پەرۆشـی و گوڕوتینـەوە بـۆ داکۆکـی کـردن و پاراسـتنی کۆمـاری کوردسـتان لـە مەهابـاد بـە سـەرۆکایەتی پێشـەوا قـازی محەمـەدی شـەهید هەمـوو شـارەزایی و توانسـت و رەنجـی خۆیانیـان بەختکردبـوو! بـەڵام هـەزار ئەفسـووس! دوابـەدوای لەنێوبردنـی کۆمـارە سـاواکە بـە پیلانـی ژەهـراوی حکومەتـی شاهەنشـاهی ئێـران و بـە پشـتگیریی و هاوکاریـی سـەربازی و لۆجسـتی عێـراق و تورکیـا و ئەمەریـکا و بەریتانیـا و بـە دەنـگ نەهاتنـی یەکێتـی شـۆرەوی ئەوسـاوە، ئـەو چـوار قارەمانانـە کەوتنـە داوی بەڵێنـی بـە درۆی لێبوردنـی میریـی عێراقییـەوە و لـە خشـتە بـردران و لـە زیندانـی بەغـدا خزێـنران و هـەر زوو بـەزوو لـە دادگاییکردنێکـی سـەربازییانەی نادروسـت و بـێ رەوشـتانەدا سـزای لـە سـێدارەدانیان بەسـەردا سـەپێنرا و هـەر یەکسـەر دوای ئـەو رۆژە مێژووییـەی کـە (بارزانـی نەمـر و ٥٠٢) لـە پێشـمەرگە هـەرە ئـازا و بەجـەرگ و دڵسـۆزەکانییەوە پـاش بڕینـی سـنوورە دەسـتکردەکانی ئێـران و عێـراق و تورکیـا بـەدەم دەیـان نەبـەرد و شـەڕی دەسـتەو یەخـەی نابەرابـەردا توانیـان بـە سـەرکەوتوویی کۆتایـی بـە رێپێوانـە بەناوبانـگ و پەرجـۆ ئاسـاکەیان بێنـن و سـەربەرزانە لـە (چۆمـی ئـاراس) پەڕینـەوە و بـە خاکـی یەکێتـی سـۆڤییەتی جـاران گەیشـتن، کاربەدەسـتە دڵڕەشـەکانی ئەوسـای عێـراق یەکسـەر سـزا ناڕەواکەیـان بەسـەریاندا جێبەجێکـردن، بـە خەیاڵـی پووچەڵـی خۆیـان گوایـە ورەی هەڵکشـاوی جەمـاوەری رق ئەسـتووری خەڵکـی کوردسـتان بێننـە خـوارێ ئـەوە بـوو تەرمـی پیرۆزیـان لەلایـەن دڵسـۆزانی کوردپـەروەرەوە بردرانـەوە کوردسـتان. مقـدم عـزت عبدالعزیـز بـۆ ئامێـدی دەلال، رەئیـس ئـەوەل خەیراللـە عبدالکریـم بـۆ هەولێـری هۆلاکـۆ بەزیـن و رەئیـس ئـەوەل مسـتەفا خۆشـناو و مـلازم اول محمـد محمـود قودسـی بـۆ سـلێمانی شـاری هەڵمـەت و قوربانـی.. بـەو پێیـە ئـەم چـوار

نیشتمانپەروەرە قارەمانانە بوونە سەردەستە و پێشەنگی شەهیدانی شۆڕشی نوێی کورد، هەرچەند لە پێش ئەوانیشەوە سەدان شەهید و دوای ئەمانیش میللەتی کورد بە هەزاران شەهیدی لە ڕێگای ڕزگاریی و سەرفرازیدا داوە.

ئیمڕۆش لە پەنجاوپێنجەمین ساڵیادی شەهیدبوونیاندا، گیانی هەرە پاك و بەرزە فڕیان هەروەك لە ساتەکانی بەر لە کۆتاییاندا بە یەکدەنگ و بە پەرۆشەوە هاوار دەکەن و پێمان دەڵێن: ئەی کوردینە، ئەی مەردینە دەست لەناو دەستکەن هەموو، بن بە یەك نێوماڵی خۆتان ڕێکخەنەوە، هەرچی ناخۆشیی و ناکۆکیی و دووبەرەکی و ململانێیەك هەیە بیخەنەلاوە و بنەبڕیان کەن.. قوربانە، بەرژەوەندیی باڵای گەل و نیشتمان مەکەنە قوربانی هەر بەرژەوەندییەکی تەسکی کەسییەتی و حزبایەتی! مەهێڵن خوێنی بە ناهەق ڕژاوی ئێمە و هەزاران شەهیدی دیکەی ڕێگای ڕزگاری کورد و کوردستان بە خوڕا بڕوا و بە فیڕۆبچێت. گەلۆ، ئەو دەستکەوتە مەزنانەی ئێمەومانان لە پێناویاندا گیانی خۆمانمان هەرزانفرۆش کرد و ژیانی خۆمانمان بەخشیوە کە ئیمڕۆ لە سایەیەیاندا حەساونەتەوە و بە بەشێکی مافە ڕەواکانتان شاد و بەختەوەر بوونە، وەکو بیبیلەی چاوەکانتان بیانپارێزن و لە دەستیان مەدەن. ئەم دەرفەتە زێڕینە و ئەم هەلەی مێژوو دوای سەدان ساڵ بۆ کوردی ڕەخساندووە، دەسمان دامێنتان لە دەستی نەدەن چونکە هەلێکە بۆتان هەڵکەوتووە و دەشێ ئاوا زوو ڕوونەداتەوە!

دەسا با ئێمەش هەر هەموومان، وەکو وەفادارییەك بۆ گیانی بێگەردی ئەم قارەمانانە و سەرجەم شەهیدانی کوردستان و سەروەریان بارزانیی نەمر، ئەم ئەرکە مێژووییەمان بەجێ بگەیەنین و بەوەش گیانیان شاد و ئارام کەین و کورد بە خاوەنی پەرلەمان و حکومەت بمێنێتەوە هەتا سەر!

# کۆنگرەی لەندەن سەرکەوتنی کوردە

رۆژنامەی برایەتی ژمارە (٣٨٦٨).

دوێنــێ کۆنگــرەی بەرهەڵســتکارانی عێراقــی کــە لــە رۆژانــی ١٤ و ١٥ی ئــەم مانگــەدا لــە لەندەنــی پایتەختــی بەریتانیــا بەســترا زۆر بــە ســەرکەوتوویی کۆتایــی پێهــات.

بەشــداریکردنی نوێنەرانــی گەلــی کوردســتان بــە زۆربــەی هــەرە زۆری باڵــە سیاســییەکانییەوە، بــە تایبەتیــش ئامــادە بوونــی هــەردوو بەڕێــزان کاك مەســعود بارزانــی و مــام جــەلال تاڵەبانــی بــە ســەرکردایەتی هــەردوو وەفــدی بــاڵای پارتــی دیموکراتــی کوردســتان و یەکێتــی نیشــتمانی کوردســتان و بــە خیتابــی سیاســی و هەڵوێســتی یەکگرتوویــان و بــە دیدوبۆچوونــی روون و ئامانجــی ئاشــکرایانەوە رۆڵێکــی کاریگــەری هــەرە مــەزن و بەرچاویــان هەبــوو لــە پتەوکــردن و لێــك

نزیككردنـــەوەی ســـەرجەم باڵـــەكان و كەســـایەتییەكانی نـــاو ئۆپۆزســـیۆن و هەڵوێســـتیان لـــە كۆنگـــرەدا و بـــە دەســـتهێنانی ســـەركەتنە هـــەرە مەزنەكـــەی بـــە گشـــتی و رێككەوتـــن و بڕیـــاردان بـــە تێكـــڕای دەنـــگ لەســـەر داخوازییەكانـــی لایەنـــی كـــوردی، بـــە فیدراڵیشـــەوە كـــە هـــەرە گرنگەكەیەتـــی، بـــە تایبەتـــی لـــەم رووەشـــەوە كۆنگـــرە دووپاتـــی كـــردەوە كـــەوا رێـــز لـــە ویســـت و خواســـتی كـــورد دەگرێـــت بـــە هەڵبژاردنـــی سیســـتەمی فیدراڵـــی بـــۆ عێـــراق، كـــە ئەمەیـــان داوایەكـــی هـــەرە ســـەرەكیی گەلـــی كوردســـتان و بڕیـــاری مێژوویـــی بـــە كـــۆی دەنگـــی ئەندامانـــی ئەنجوومەنـــی نیشـــتمانی كوردســـتانی عێراقـــەوە، كۆنگـــرەی ئۆپۆزســـیۆنی عێراقـــی لـــە ســـاڵی ١٩٩٢ لـــە (پیرمـــام) بڕیـــاری لەســـەر داوە و هەروەهـــا لـــە كۆبوونـــەوەی مانگـــی ئابـــی ئیمســـاڵ (٢٠٠٢) لـــە (نیویـــۆرك) تەئكیـــدی لەســـەر كراوەتـــەوە.

لەلایەكـــی دیكەشـــەوە گرنگـــی ســـەركەوتنی كۆنگـــرە بـــۆ گەلـــی كوردســـتان جگـــە لـــەو بڕیارانـــەی بـــە شـــێوەیەكی گشـــتی بـــە عێراقـــەوە پەیوەســـتن، زۆر بـــە روونـــی لـــەم خاڵانەیشـــدا بەرجەســـتە دەبێـــت كـــە مایـــەی شـــانازی و شـــادومانی و هیـــوا و ئاواتـــی هەمـــوو كوردێكـــی دڵســـۆز و هـــەر هاووڵاتییەكـــی بـــە شـــەڕەفی عێراقیشـــە كـــە بڕیاریـــداوە.

كۆنگـــرە زۆر بـــە تونـــدی ئیدانـــەی هەمـــوو هەڵمەتەكانـــی راگوێـــزان و پاكتـــاوی رەگـــەزی و هەمـــوو ئـــەو گۆڕانكارییانـــەی كـــرد كـــەوا رژێـــم لـــە واقیعـــی نەتەوەیـــی كـــورد لـــە ناوچەكانـــی كەركـــوك و مەخمـــوور و خانەقیـــن و ســـنجار و شـــێخان و زەمـــار و مەندەلـــی كردوویەتـــی و جەخـــت دەكات لەســـەر گرنگیـــی گەڕاندنـــەوەی هەمـــوو ئـــەو عێراقیانـــەی كـــە بـــە زۆری لەســـەر موڵـــك و ماڵـــی خۆیـــان راگوێـــزراون و قەرەبووكردنیـــان و تەئكیـــد لەســـەر گەڕانـــەوەی ســـەرجەم كـــوردە فەیلیەكانیـــش دەكات و داوای گەڕاندنـــەوەی مـــاڵ و موڵكیـــان دەكات. كۆنگـــرە بـــە هەمـــوو ئەندامەكانییـــەوە ئیدانـــەی بـــە كۆمـــەڵ كوشـــتن و جینۆســـاید و تێكدانـــی گونـــد و هێرشـــەكانی كیمیایـــی دەكات كـــە دژ بـــە میللەتـــی كـــورد ئەنجامـــدراوە، داوا دەكات

کــەوا لێکۆڵینــەوە لــە چارەنووســی (١٨٢) هــەزار ئەنفــال و ٨ هــەزار بارزانــی و ٥ هــەزار کــوردی فەیلــی بکرێــت و ئەنجامدەرانیــش بــە دادگا بدرێــن.

ئەمانــە هەمــووی دەســکەوتی بایەخــدار و گرنگــن و نیشــانەی ســەرکەوتنی شــاندی کــوردی و نوێنەرایەتییەکەیانــە لــە کۆنگرەکــەدا.

٢٠٠٢/١٢/١٦

# یادێکی پڕ شکۆ و ئاوڕێکی بە پەلە

٢٠٠٣/١/٢٥

پێوەندیی و تێکەڵاوی هەردوو گەلی کورد و عەرەب (کەڵە شاعیری خەباتگێڕ و نیشتمانپەروەری کورد فایەق بێکەس گوتەنی: دۆستیی کورد و عەرەب زۆر کۆنە تەئریخ شاهیدە ... ناحەزی رووڕەش لە داخا با یەخەی خۆی دادڕێ) هەر لە دێرزەمانەوە دروستبووە و هەتا هاتووە پەرەی سەندووە و لەسەر بنەمای هاوئایینی و دۆستایەتی و بەرژەوەندیی هاوبەش و کاریگەریی فرەلایەنی دوو قۆڵییەوە رەگی داکوتاوە و پەلوپۆی هاویشتووە، بەتایبەتی لە پاش پێکەوەنانی قەوارەی نوێی عێراق وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ، دوابەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە ئەو پێوەندییە لە گۆڕەپانەکانی خەبات و تێکۆشاندا و بە ئاوێتە بوونی خوێنی رۆڵەکانی هەردوو نەتەوە

زێــتر چەسـپاوە و لەلاپــەڕە پڕشــنگدارەکانی مێــژووی هاوچەرخــی ئــەم وڵاتــەدا تۆمــار بــووە و درەوشــاوەتەوە.

مەیدانــە پــڕ لــە ســەروەرییەکانی شۆڕشــی گەلانــی عێــراق لــە بیســتەکان و سییەکانی سـەدەی رابـردوودا لـە رووی داگیرکـەران و ئیمپریالیـزم و دژ بـە سـەپاندنی پەیماننامــەی ســاڵی ١٩٣٠ و ســەرجەم نەبەردییەکانــی دیکــە گەواهــی ئاشــکرا و حاشــاهەڵنەگری ئــەم راســتییانەن، ئــەو پشــکدارییە راســتەوخۆیەی جەمــاوەری گیانفیـدا و گڕگرتـووی نەتـەوەی کـورد پـتر لـە راپەڕینـە سەرتاسـەرییەکەی عێراقـدا بەرجەســتە دەبێــت کــە بــە پێچەوانــەی خواســت و مەرامەکانــی کاربەدەســتانی ئـەو سـەردەمەی وڵات و ئاغاکانیانـەوە بـۆ تـازە کردنـەوە و درێژکردنـەوەی مـاوەی پەیماننامەکــەی ســاڵی ١٩٣٠ نێــوان حکومەتــی عێــراق و بەریتانیــا بــە توونــدی لەمانگــی کانونــی دوەمــی ســاڵی ١٩٤٨ بەرپــا بــوو لــە پێنــاو گۆڕنانــی هەوڵــە نەزۆکەکانــی نوێنەرانــی حکومەتــی شــاهانەی بەریتانیــا و دەســتە و دایــەرە و نۆکەرەکانــی ســەربەخۆیانە ئــەوە بــوو ســەرەنجام (پەیماننامــەی پۆرتســمۆس) ســەری نەگــرت و حکومەتەکــەی بەغــداش رووخێــنرا و راپەڕینــە مەزنەکــەش بــە نــاوی راپەڕینــی کانوونــی ١٩٤٨ چــووە نێــو لاپــەڕە زێڕینەکانــی مێــژووی ســەردەمی عێراقییەکانــەوە.

لــەو بزووتنــەوە جەماوەرییــە بــە تەوژمــەدا خەڵکــی عێــراق بــە کــورد و عــەرەب و نەتەوەکانــی دیکــەوە لــە سەرتاســەری عێراقــدا، تیایــدا بەشــداربوون، خواســت و ویســتی گــەل بەســەر مەرامــە چەپەڵەکانــی کاربەدەســتاندا زاڵ بــوو، ئەمــە بــوو ســەرەتا لــە بەغــدای پایتەخــت قوتابیــان مانیــان گــرت، دواتــر بزاڤەکــە زێــتر تەقییــەوە و بــۆ زۆربــەی شــار و ناوچەکانــی دیکــەی عێــراق پەڕییــەوە و جگــە لــە توێــژی قوتابــی، کرێــکاران و چینەکانــی تــری نێــو کۆمــەڵ هاتنــە ریــزی راپەڕیوانــەوە و مانگرتــن و خۆنیشــاندان ســەرتاپای وڵاتــی گرتــەوە، رۆژەکانــی ١٩ و ٢٠ی ئــەو مانگــە گڵپــە و بڵێســەی بەرهەڵســتی و بەرەنگاربوونــەوەی خەڵــك زێــتر

بەرزبــووە و تــا دەهــات رەوشــەکە زیاتــر دە ئاڵــۆزکا و پشــێوی و نائارامیــی لــە زۆربــەی ناوچەکانــدا (بــە کوردستانیشــەوە) تەشــەنەیانکرد و بوونــە مایــەی زیاتــر مەترســی و شــڵەژانی پیاوانــی رژێــم. حکومەتــە داتاشراوەکــەی (ســاڵح جەبــر) هەوڵــی ئەوەیــدا بــە هێــز و داپڵۆســێن بڵێســەی ئاگــری ئــەو بزاڤــە میللییــە بکوژێنێتــەوە و دەنگــی زوڵاڵــی گــەل کــپ بــکات وەلــێ ئــەوەی بــۆ نەچــووە ســەر. هێــزی راپەڕیــوی گــەل بــە سەرپەرشــتی و بەشــداریکردنی حزبــی شــیوعی عێراقــی و حزبــی نیشــتمانیی دیموکراتــی (بــە ســەرۆکایەتی کامیــل چادرچــی) و پارتــی دیموکراتــی کوردســتان و ســەرجەم نیقابــە و یەکێتــی و رێکخراوەکانــی کرێــکاران و قوتابیــان و توێژەکانــی دیکــەوە، تــا دەهــات توندتــر و گەرمــتر رووبــەڕووی کاربەدەســتان دەبوونــەوە و بارەکــە گرژتــر و ترســناکتر دەبــوو.

ســەرەنجام دار و دەســتە و چڵکاوخۆرانــی میــری زێــتر پەنایــان بــردە بــەر بەکارهێنانــی هێــز و بــە گوللــە و دەســترێژ پەلامــاری خۆنیشــاندەرانیاندا. تــا وای لێهــات شــەڕ و پێکــدادان رۆژی ٢٧ی مانــگ گەیشــتە ترۆپــك. کاتێــك حەشــاماتی خۆنیشــاندەران لەســەر ئــەو پــردەی کــە لــەو رۆژەوە بــە (پــردی شــەهیدان- جسر الشــهدا) نــاوزەد کــرا درانەبــەر رێژنــەی گوللــەوە و چەنــدان خەباتــکاری ســەربەزر تیایــدا شــەهید بــوون و دەیانــی تریــش برینــدار و زۆرانیشــیان دەســتگیرکران.

لەنێــوان شــەهیدە نەمــرەکان قوتابــی (قەیــس ئەلئالووســی) و (جەعفــەر ئەلجەواهیــری) ی بــرای شــاعیری گــەورەی عــەرەب (محمــد مهــدی الجواهــری) هەبــوون کــە پێموایــە ئەوســا خوێنــدکاری کۆلیجــی حقــوق بــوو، هــەر بــەم بۆنەوەیــەش (جەواهیــری) چامــە (هۆنــراوە) بەناوبانگەکانــی:

١. الشــهید قیــس (کــە ئەمــە ســەرەتاکەیەتی): یــا قیــسُ : یــا لُطــفَ الربیــعِ ... و وقــدَ رَونقــە الشَــبُوبِ

٢. قــف بأجــداث الضحایــا (ئەمــە ســەرەتاکەیە): حضَــنَ «التــاجُ» بنیــە فتعــالَی ... وتعــالی «حــارسُ التــاج» جَــلالا

٣. أخـي جعفـر (کـە ئەمـە سـەرەتاکەیەتی): أتَعْلَـمُ أمْ أنـتَ لا تَعْلَـمُ ... بـأنَّ جِـراحَ الضحايـا فـمُ

٤. يـوم الشـهيد (کـە ئەمـە سـەرەتاکەیەتی): يـومَ الشَـهيد : تحيـةٌ وسـلامُ ... بـك والنضـالِ تـؤرِّخُ الأعـوام

٥. دم الشـهيد (کـە ئەمـە سـەرەتاکەیەتی): خُـذوا مـن يَومكـم لغـدٍ متاعـا ... و سـيروا في جهادِكـمُ جِماعـا

ئـەم چامـە بەناوبنگانـەی نووسـی و لـە نێـو ئەدەبیاتـی سیاسـی و شۆڕشـگێڕیدا دەنگیاندایەوە.

لــەو ماوەیەشــدا حکومــەت هەمــوو قوتابخانــە و کۆلیژەکانــی داخســتبوو، بــاری نائاسـایی و (الاحـکام العرفيـە) ی ڕاگەیاندبـوو، کەچـی بەهـۆی یەکڕیـزی و خۆفیداکاریـی ڕۆڵەکانـی گەلـەوە و بـە گەیشـتنی کار بـەو ئاسـتە هـەرە سـامناك و مەترسـیدارەوە، حکومـەت ناچـار کـرا دەسـت لەکارکێشـانەوەی خـۆی ڕابگەیێنێـت و گفتوگـۆی سـەبارەت بـە نوێکردنـەوەی پەیماننامەکـە بوەسـتێندرێت و پرۆژەکـەی هەڵبووەشـێتەوە و بـۆ هێورکردنـەوەی ڕەوشـە و دامرکاندنـەوەی ڕقـی ئەسـتوور و گڵپـە و گـڕی هەڵچـووی جەمـاوەری ڕاپەڕیـو، حکومەتێکـی کاتیـی بـە سـەرۆکایەتی (شـێخ محەمـەد ئەلسـەدر) دامەزرێنـدرا و بەرووکـەش هەنـدێ چاکسـازی ئەنجـام دران.

ئـەوە لاپەڕەیەکـی بچووکـی ئـەو ڕاپەڕینـە مەزنـەی (کانوونـی ١٩٤٨) گەلانـی عێراقـەوە کـە بـە خوێنـی گەشـی ڕۆڵـە خەباتـکار و قارەمانەکانـی کـورد و عـەرەب نەخشـێنراوە و چۆتـە تۆمـاری مێـژووی پـڕ لەسـەروەرییەوە!

شکۆدار بێت یادی ڕاپەڕین

سەربەرزی بۆ شەهیدانی ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی گەل

# هەنگاوێکی مێژوویی بوو، دەستتان خۆش

رۆژنامەی خەبات ١٦٥٥ رێکەوتی ٢٠٠٤/١٢/٢٠

لە هەنگاوێکی راست و دروستی زۆر بوێرانەدا و لە هەڵوێستێکی نەتەوەیی پڕ لە هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی مێژووییدا رۆژی ٣ی ئەم مانگە کۆنگرەی نائاسایی (بزووتنەوەی میللی کوردستان) کە رۆژی ٢٠٠٤/١٢/٤ بە دنیایان راگەیاند بڕیاری دا سەنگەری (خەبات)ی کوردانەی خۆیان بگوێزنەوە بۆ ناو ریزەکانی حزبی دایك (پارتی دیموکراتی کوردستان) و لەوێدا درێژە بە تێکۆشین و خەباتی سیاسی بێ وچانی کوردایەتی خۆیان بدەن. بەلای منەوە ئەم هەنگاوە هەروەها لە بەرامبەریشدا بڕیاری کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان رۆژی ٢٠٠٤/١٢/١٤ بە پەسەند کردنی و پێشوازیی لێکردنی وەرگرتنی ئەندامانی سەرۆکایەتی و کادیر و رێخستنەکانی

(بزووتنــەوە) لــە نێــو ریزەکانــی خۆیــدا، کردارگەلێکــی ئێجــگار گرنــگ و زۆریــش پێویســت بــوون، بــە تایبەتــی لــەم قۆناخــەی ئێســتای بزاڤــی رزگاریخــوازی گەلــی کوردســتاندا، چونکــە رەوشــی سیاســی و کۆمەڵایەتــی نەتەوایەتــی و نیشــتمانی هەرێــم و عێراقیــش بــەو هەمــە ئاڵــۆزکاوی و مەترســیانەیەوە کــە رووبــەڕووی هــەردوو ئەزموونــی کوردســتان و عێراقیــش بوونەتــەوە، کــە زیاتــر خۆیــان لــە بــاری شــلۆق و شــێواز و ناجگیربــووی ئەمــن و ئاســایش بەهــۆی کــردەوە و تاوانــە تیرۆریســتییە چەپەڵــەکان و دەســت تێوەردانــی دەوڵەتانــی دەرو دراوســێ و هێــزە رەگەزپەرســت و کۆنەپارێــز و دوژمنانــی دیموکراســی لــە ناوچەکــەدا دەبینێتــەوە، دەڵێــم ئــەم رەوشــە نالەبــارە وا دەخــوازێ و پێویســتیش دەکات پەرتەوازەیــی و دابەشــبوونی هێــزە نیشــمانییەکان بــۆ ئــەو هەمــووە حــزب و گــروپ و بزووتنــەوە جۆراوجۆرانــەدا کۆتایــی پــێ بهێنرێــت و بــە تایبەتــی حزبــە بچووکــەکان لــە رووی قەبــارە و ژمــارەی ئەندامانییــەوە مەبەستیشــم نییــە لــە نــرخ و پایەیــان کــەم بکەمــەوە، چاکتریــش وایــە هیــچ نەبێــت بــۆ رۆژگاری ئیمرۆمــان ســەرەڕای دیموکراســی و سەربەســتی و ئــازادی بــۆ نێــو ریزەکانــی حزبــە ســەرەکییەکانی ســەر گۆڕەپانــی کوردســتان رابگوێــزن و لەوێــدا بــە یەکبوونــی و پێکــەوە خەبــات بکــەن بــە مەبەســتی کۆکردنــەوەی وزە و توانــای لــە بــن نەهاتــووی جەمــاوەر بــۆ بەدیهێنانــی مــاف و داخوازییــە رەواکانــی گەلەکەمــان.. بــە تایبەتــی کــە تێبینــی دەکــرێ پەیــڕەوی ناوخــۆ و پرۆگــرام و ئامانجەکانــی زۆربــەی هــەرە زۆری ئــەو حــزب و لایەنانــە ئەگــەر ســەد لەســەد یەکیــش نەبــن، ئــەوە زۆر لەیەکترییــەوە نزیکــن و لــە زۆر لایــەن و رووەوە هاوشــێوەن و جوداوازییەکــی ئەوتۆیــان تیــادا بــەدی ناکرێــت. دەوجــا بــا هەنگاوێکــی ئازایانــەی وەك ئــەوەی (بزووتنــەوەی میللــی کوردســتان) بهاوێــژن و بچنــەوە نێــو ریزەکانــی حزبــە ســەرەکییەکانی کوردســتان بــۆ ئــەوەی ئاراســتەی خەبــات و تێکۆشــانی جەمــاوەری فیــداکاری کوردســتان بــەرەو یەکبوونــی زێــتر و کەمکردنــەوەی ژمــارەی حــزب و گرووپەکانــی

بێــت، کــە ئەمــە کرۆکــی بەهێــزی و هــۆکاری دەســتەبەرکردنی ســەرکەوتنە.

دەستخۆشــی لــەو هەنــگاوە مێژووییــەی (بزووتنــەوەی میللــی کوردســتان) و ســەرکردایەتی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان دەکەیــن و پیرۆزبایــی گــەرم لەگەلــی کۆڵنــەدەر و و چاوەڕوانــی کوردســتان دەکەیــن بــۆ ئــەم (مژدانە)یــە هەروەکــو چــۆن بڕیــاری حەکیمانەیــان بــە پێکهاتنیــان لەســەر لیســتی هاوبــەش بــۆ هەڵبژاردنەکانــی هــەردوو ئەنجوومەنــی نیشــتمانی عێراقــی و کوردســتانی، کــە ئەمانــە هەمــووی هەنــگاوی کردەنــی و موژدەبەخشــن بــەرەو ڕێکخســتنەوەی یەکجارەکــی و یەکبوونــەوەی نێومالّــی کــورد و گەرەنتیــن بــۆ پاراســتنی ئــەو دەســتکەوتانەی بــە خوێــن وەرمانگرتــوون لــە ســەروویانەوە بڕیــاری فیدرالّــی و هەروەهــا بــۆ دەســتەبەرکردنی تــەواوی مافــە نەتەوەییــە ڕەواکانــی دیکەمانــەوە، وەك گەڕاندنــەوەی کەرکــوك و ناوچــە کوردییــە تــازە ئازادکــراوەکان بــۆ ســەر ئیــدارەی هەرێمــی کوردســتان و سڕینەوەی هەمــوو ئاسەوارەکانی بــە عەرەبکــردن و پاکتــاوی ڕەگــەزی و گێڕانــەوەی کــوردە دەرکــراوەکان بــۆ ســەر زێــدی بابوباپیرانیــان و هەناردنــەوەی عەرەبــە هێنراوەکانــی بــۆ شــوێنەکانی جارانیــان. ئــەم هەنگاوانەیــش شــوێن و پێگــەی ســەنگی کوردســتان بەرامبــەر ناوچەکانــی دیکــەی عێــراق قایمــتر و پتەوتــر و بەهێزتــر دەکات و لــە کوردستانیشــدا لــە ئاکامــی خراپــی شــەڕە پــەڕۆ و ململانێــی حزبایەتــی بەرتەســك لەســەر کورســی و گرتنەدەســتی دەســەڵات بــۆ ماوەیــەك دوورمــان دەخاتــەوە و هەوڵــی چەپەڵــی دوژمنانمــان بــۆ درزخســتنە نێــو ڕیزەکانمانــەوە نــەزۆك و پووچــەڵ دەکاتــەوە، ئیــتر دەســت لەدەســت و پەنــا بەخــوا.

هەولێر ٢٠٠٤/١٢/١٥

# کادیر و رۆڵی کادیر لەنێو حزبدا

هەولێر ٢٠٠٧/٧/٢٧

ئاشکرا و بەڵگە نەویستە (کادیر) لەنێو هەر حزبێکی سیاسی و جەماوەریدا رۆڵی هەرە گرنگ و بایەخی تایبەتی خۆی هەیە و یەکێکە لە رەگەزە بنچینەییەکانی شێرازەی رێکخستنەکان و بونیادنان و تۆکمە و پتەوکردنی پێکهاتەی حزبەکەوە. بۆیەشە پارتی دیموکرتی کوردستان وەك حزبێکی رەسەنی مێژووی کورد، هەڵقوڵاوی نێوجەرگەی جەماوەر و خودان ئەزموونێکی دوورودرێژ، هەر لە زووێکەوە و بەتایبەتیش لە سەرەتای هەڵگیرسانی مەشخەڵی شۆڕشی مەزنی ئەیلولەوە، بە رێنمایی و سەرکردایەتی سیمبۆلی نەتەوایەتی و باوکی رۆحی و رابەری راستەقینەی بزاڤی کوردایەتی، ژەنەراڵ بارزانی نەمر، دەرکی بەو دەورە بایەخدارەی (کادیران) کردووە و

ئەوپەڕی گرنگیشی پێداوە و بە هەموو توانایەکەوە سەرجەم پێداویستییەکانی بۆ پەروەردە و مەشق پێدان و پێگەیاندنی کادیری لێوەشاوە و هەڵکەوتووی فەراهەم کردوون و زەمینەی لەباری بۆ خولقاندوون و لە گوێرەی بارودۆخ و کات و شوێندا دەرفەتی گونجاوی بۆیان رەخساندووە، هەر لەم سۆنگەیەشەوە چەندان خول و دەورەی سەرکەوتووانەی بۆ (کادیران) کردوونەتەوە و تەنانەت (پەیمانگەی کادیران)یشی کە سەر بە مەکتەبی سیاسییە دامەزراندووە و گرنگییەکی تەواویشی پێداوە. هەروەها گۆڤارێکی تایبەتیشی بەنێوی (کادیر) دەرچوواندووە و بەردەوامیشە. چونکە لە ئەنجامی ئەزمونگەل و بە تاقیکردنەوەی کردارەکی بۆی روونبۆتەوە کەوا پاراستنی یەکێتی ریزەکانی و چەسپاندنی پرانسیپ و سەرەتاکان (مبادئی) و پتەوکردنی رێکخستنەکانی و پەیڕەوکردنی (پەیڕەو و پرۆگرمی حزب) بە شێوەیەکی راست و دروست و راپەڕاندنی ئەرك و فەرمانەکانی رۆژانەی و گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکانی (پارتی) تا ئەندازەیەکی زۆر پەیوەستن بە (بوونی کادیر)ی کارامە و لێوەشاوە و قاڵبووی بۆتەی خەبات و تێکۆشانی حزبەوە، کادیری شایستە و چست و چالاك و دڵسۆز، حزبەکەی لە سەرکەوتنێکەوە بۆ سەرکەوتنێکی تر هەردەم بەرەو پێشڤە دەبات، بە پێچەوانەی کادیری نەکارە و کەم ئەزموون و تەمبەڵ و خەمسارد کە حزب رووە و نسکۆ و هەڵدێر خلۆر دەکاتەوە!

(کادیران) هەروەك باسمانکرد لە ساڵەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا، رۆڵی ئێجگار کاریگەریان بووە، بەوپەڕی لەخۆبوردوویی و نەترسییەوە لەنێو شار و شارۆچکە و لە گوند و دێهاتەکاندا، چ ئەوانەی لە ناوچە ئازادکراوەکاندا بوونە، یان ئەوانەی هەر لە بن چەپۆکی خوێناویی سوپا و هێزە زەبەللاحەکان و دەسەڵاتی دوژمنی داگیرکەردا ناڵاندوویانە کە پێشمەرگە و دانیشتوانە تێکۆشەر و گیان لەسەردەستەکان بەردەوام گورزی گورچکبڕیان سرەواندووتە خۆفرۆش و چڵکاوخۆر ئاغاکانیانەوە، نەیانهێشتووە

نـە بـە رۆژ و نـە بـە شـەو ئۆقـرە بگـرن و بـۆ سـاتێکیش چییـە ئاسـودەبن! ئـەو کادیـرە جەربەزانـە لـەو شـوێنانەدا هەرچەنـدە هەمیشـە و بەردەوامیـش ژیانیـان لـە مەترسـی دابـووە و مەرگـی ناوەخـت بەسـەر سـەریانەوە خولاوەتـەوە و ئەمـان شـێلگیرانەتر بـە ئەرکـی سەرشـانیان هەڵسـاون کـە بریتـی بـووە لـە هۆشـیارکردنەوە و بەرزکردنـەوەی ورە و متمانـەی جەمـاوەر و پتەوکردنـی ڕێکخسـتن و پەرەپێدانـی پەیوەندییەکانیـان و پووچەڵکـردن و ڕەتکردنـەوەی دژە پڕوپاگەنـدەی نەیـار و ناحـەز و دوژمنـان و دەستنیشـانکردنی خائیـن و خۆفـرۆش و ریسـواکردنیان، کۆکردنـەوەی ئابوونـە و یارمەتـی و کۆمـەك، کڕیـن و دەسـتەبەرکردنی تفـاف و ئازووقـە و چـەك و تەقەمەنـی و گەیاندنیـان بـۆ بنکـە و بارەگاکانـی پارتـی و شـۆڕش، ئاگادارکردنـی سـەرکردایەتی لـە سـەرجەم بارودۆخـی ناوچـە و دەڤـەرەکان لـە هـەر جموجۆڵێکـی گومانلێکراوانـەوە، هەروەسـا بەرێکوپێکـی دابەشـکردنی یارمەتییەکانـی شـۆڕش بەسـەر ماڵـە شـەهیدان و خێزانـی پێشـمەرگەکان و لێقەوماوانـی شـۆڕش و باروبووکردنیـان بـە نهێنـی. لەمانەیـش زیاتـر هەوڵـدان بـۆ کردنـەوەی قوتابخانـە و فێرگـە و بنکـەی تەندروسـتی و دەسـتەبەرکردنی نـۆژدار و داودەرمانـی پێویسـت و وانەگوتنـەوە و قەڵاچۆکردنـی (نەخوێنـدەواری) و پێشکەشـکردنی ڕێنمایـی و ئامـۆژگاری لەبـارەی لـەش سـاخییەوە، بڵاوکردنـەوەی زانیـاری بەکەڵـك و رۆشـنبیری کۆمەڵایەتـی و نیشـتمانی، هەروەهـا چارەسـەر و بڕاندنـەوەی کێشـەکانی هاووڵاتییـان و نەهێڵانـی دوژمنایەتـی و دووبەرەکـی و ئاشـتکردنەوەی خێزانـە پێکناکـۆك و دوژمنـدارەکان.

ئەمانـە و بگـرە زیاتریـش لەمانـە کـراو فەرمانـی رۆڵـە ئـازا و بـە جـەرگ و شۆڕشـگێڕ و خەباتـکارەکان کادیـرە چالاکەکانـی پارتـی بـوون لـە سـەردەمەکانی پێـش راپەڕیـن و سـاڵانیس هـەردوو شۆڕشـی ئەیلـوول و گوڵانـدا.

ئەرکەکانـی (کادیـر) چەنـد گرنگـن ئەوەنـدەش سـەخت و دژوارن و بـە سـانایی هـەر کەسـێ نابێـت بـە (کادیـر) چونکـە بـەر لـەوەی ئـەو کەسـە ببـێ بـە

(کادیـر) دەبـێ چەنـد خەسـڵەتێکی تیـادا بێتـەدی، گرنگترینیـان ئەمانـەن:

(کادیر) وەکو ئەندامێکی (نەختی) کۆن و پێشکەوتووی حزب پێویستە:

خاوەنـی ئەزموونێکـی زۆر و تاقیکردنـەوەی هەمـە چەشـنە و مێشـکێکی کـراوە بێـت، خوێنـدەوار و رۆشـنبیر، بـە تایبەتـی شـارەزای مێـژووی کـۆن و نوێـی گەلەکـەی و دێرۆکـی بزاڤـە نشـتمانیەکانی دەوروبەریـش بێـت و سـەری لـە سیاسـەتی نێونەتەوەیـی و نەزمـی نوێـی ئیمـڕۆی جیهـان دەرچێـت. دەبـێ پشـوو درێـژ، زیـرەك و تێگەیشـتوو، هێمـن و بیرمەنـد و لەسـەرخۆ، چاپـۆك، چسـت و چـالاك، ئازاونەتـرس و بەهەڵوێسـت و و بەرچاوفـراوان بـێ، شـارەزای ناوچەکـە و ئـاگاداری دابونەریتـی کۆمەڵگـە و فۆلکلـۆر و کەلتـووری کـوردەواری بـێ، هـەم پێشـڕەو رێ نیشـاندەر، هـەم خزمەتـکاری جەمـاوەر بێـت. کادیـری سـەرکەوتوو پێویسـتە بـکارێ لـەرووداوی کتوپـڕ لـە کاتـی تەنگانـە و لێقەومانـی لـە نـاکاودا هەڵوێسـت وەربگرێـت و بڕیـار بـدات.. سـنگی بکاتـە گەنجینـەی نهێنییەکانـی حـزب و رێـزی خەڵـك بگـرێ و بـە چـاوی سـووك سـەیری کـەس نـەکات و خـۆی پـێ لەکـەس گەورەتـر نەبێـت. کەسـایەتییەکی ئاسـایی و بەهێـزی هەبـێ، خوورەوشـتی ئێجـگار بـەرز و بێگـەرد، زمـان و دەسـت و داوێـن پـاك، قسـەزان و زبـان پـاراو، رووخـۆش و سـەنگین، تابکـرێ دۆسـت و لایەنگـران بـۆ حـزب پەیـدا بـکات و دروشـم و ئارمانجەکانـی حزبەکـەی بـۆ کۆمەڵانـی خەڵـك روون بکاتـەوە. پێوەندیـی بـە حـزب و کۆمەڵەکانـی دیکـەوە رێکوپێـك بـێ و لەتـەك پارێزگاریـی و داکۆکـی لـە حزبەکـەی خۆیـەوە بـاوەڕی تـەواوی بـە فـرە حزبـی و بـە دیموکراتییـەت و بـە مافەکانـی مـرۆڤ هەبێـت.

کادیـری دڵسـۆز و راسـتەقینە هـەردەم بەرژەوەندییەکانـی حزبەکـەی لـە سـەرووی بەرژەوەندییەکانـی خودیخۆیـەوە و بەرژەوەنـدی گشـتی نەتـەوە و نیشتمانەکەشـی لـە سـەرووی بەرژەوەنـدی بەرتەسـکی تاکـە حزبێکـەوە دادەنێـت.

کادیـری چـالاك ئەگـەر لایەنـی کـەم زمانێکـی بێگانـەش بزانێـت خـراپ نییـە و

پێدەڤێـت ئەوەنـدە توانـا بێـت بـکارێ بـە گوێـرەی لۆژیـك (مەنتیـق) بـە وتووێـژ و گفتوگـۆی زانسـتیانە قەناعـەت بـە بەرامبـەر بهێنـێ و لـە گۆڕەپانەکانـی دانوسـان دا بـە زانایـی و لێهاتوویـی گـۆی خـۆی بباتـەوە.

ئەمانـەی سـەرەوە چەنـد مـەرج و خەسـڵەتێکی پێویسـتن بـۆ کادیرانـی حـزب، ئـەو کادیـرەی بیـەوێ پسـپۆر و سـوودبەخش و سـەرکەوتوو بێـت نابـێ لـەم خەسـڵەتانە بـێ بـەش بێـت. ئیـتر سـەرکەوتن و پایەداریـی بـۆ پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، حزبـی سـەرجەم توێـژە نیشـتمانییەکانی جەمـاوەری خەباتـکاری کوردسـتان. درود بـۆ سـەرجەم شـەهیدانی رێـگای رزگاری کـورد و کوردسـتان. سـڵاو بـۆ هەمـوو (کادیر)ێکـی دڵسـۆز و سـەرکەوتوو.

هەر نەمر بێت یادی پێشمەرگە دێرینە قارەمانەکان.

# پارتی لە تاراوگەوە بۆ لوتکەی دەسەڵات

٢٠٠٦/٨/١٤

بارزانی نەمر، دوای چەندین راپەڕین و شۆڕشی چەکداریی دژ بەداگیرکارانی کوردستان و وەشاندنی گورزی گورچکبڕ لە هێزەکانی حکومەتە بەکرێگیراوەکانی عێراق، لە ئەنجامی بەشداریکردنی کاریگەرانەی هێزی ئاسمانیی بەریتانیاوە و بۆمبارانکردنی بێ بەزەییانەی گوند و دێهاتەکانی دەڤەرەکە و سووتاندنی تەڕ و هیشك پێکەوە، هەروەها بە مەبەستی کۆمەك پێکردن و داکۆکی لە کۆماری ساوای تازە دامەزرێنراوی کوردستان لە مەهاباد و پشتگیری لێکردنی تەواوی ئەو خەونە لەمێژینەی بەدیهاتووی گەلی کورد، بڕیاریدا روو لە کوردستانی خۆرهەڵات بکات.

لەوێشدا خۆیی و پێشمەرگە بەجەرگ و قاڵبووەکانی شەڕی پارتیزانی و

رووبەڕبووبونـەوەی لەشـکردا رۆڵـی هـەرە کاریگـەر و مەردانەیـان نوانـد و تـا دوا هەناسـە بەرگـری و داکۆکیـان لێکـرد.

هــەر لەوێشــدا رۆژی ١٦ی ئابــی ١٩٤٦ بارزانیــی نەمــر بڕیــاری دامەزراندنــی پارتێکــی پێشــڕەوی نەتەوەیــی جەماوەریــدا کــە لــەو قۆناغــە مێژوویــە پــڕ لــە رووداوە ناســکەدا پێویســتییەکی ئێجــگار گرنــگ و خوازرابــوو. ئاوەهــا (پارتــی دیموکراتــی کــورد) کــە لــە دایکبــوو بــەوەش خەباتــی نەتەوەیــی گەلــی کوردســتان پێــی هاویشــتە قۆناغێکــی ســەردەمیانەی رێکخراوەیــی رێکوپێکــی خــاوەن بەرنامــە و پرۆگــرام و پێــڕەوی دیــارەوە، هــەر لــە دەســتپێکی ئــەو رۆژە پیــرۆزەوە تــا بــە ئیمــڕۆ دەگات، بەبــێ ماندوبــوون و وەســتان و پشــوودان لــە تێکۆشــین دایــە و لــەم رێگــە پیــرۆزەدا ســەدان هــەزار قوربانــی داوە و هــەر بەردەوامیشــە.

دوای رووخانـــی کۆمـــارە کۆرپەکـــەش بـــە پیلانـــی دوژمانـــی گەلـــە ســتەملێکراوەکەمان و خۆبەدەســتەوەدانی پێشــەوا قــازی محەمــەد و هەڤاڵەکانــی و لــە ســێدارەدانیان، بارزانــی نەمــر و ٥٠٠ لــە جەنــگاوەرە قارەمانەکانــی لــە پــاش شــەڕی ســەختەی دەســتە و یەخــە و دەربازبــوون لــە چنگــی هێــزی هــەر ســێ دەوڵەتەکانــی ئێــران، ئێــراق و تورکیــا و پەڕینەوەیــان رۆژی ١٨ی حوزەیرانــی ١٩٤٧ لــە ئــاوی (چۆمــی) ئــاراس لــە یەکێتــی شــورەوی ئەوســا وەك پەنابــەر وەرگیــران و بــۆ مــاوەی نزیکــەی ١٢ ســاڵ لەوێــدا لــە ســۆنگەی سیاســەتی چــەوت و دیکتاتۆریانــە و نامرۆڤانــەی ســتالین و داروەدەســتەی باقرۆڤــی رەگەزپەرســت و هاوشــێوەکانیانەوە تــاڵاو و چەرمەســەرێی تاراوگەیــان چێــژا. وەلــێ کۆڵیــان نــەدا و هــەر بــە هیــوای خــۆری ئــەو ســاتەوەختەوە بــوون کــە ســەربەرزانە بگەڕێنــەوە بــۆ نیشــتمان و بێنــەوە نێــو کــۆڕی خەبــات، بــۆ وەدەســتهێنانی مافەکانــی نەتــەوە و رزگارکردنــی نیشــتمان.

ئـەوە بـوو دوای سـەرکەوتنی شۆڕشـی ١٤ی تەممـوزی سـاڵی ١٩٥٨ و گەڕانـەوەی ســـەربەرزانەیان بـــۆ زێـــدی بابوباپیرانیـــان کـــە پێشـــوازییەکی جەماوەرییانـــەی

ئەوەنــدە گــەرم و بــێ وێنەیــان لــە لایــەن تێکــڕای دانیشــتوانەوە بــە عــەرەب و تورکــمان و ئاشــووری و کلــدان و کــوردەوە هــەر لــە بەنــدەری فــاو و بــەسرە و بەغــداوە تــا گەیشــتنەوەیان بــە کوردســتانی پــڕ لــە شــاخ بــۆ ســازکرا کــە لــە مێــژووی ئێراقــدا هەرگیــز رووینەدابێــت.

ئەوجــا کــورد و پارتــی و بارزانــی بــە هەمــوو توانســتێکەوە پشــتگیری و داکۆکیــان لــە شــۆڕش و کۆمــارە تازەکــە و ســەرکردەکەی (عەبدولکەریــم قاســم) کــرد و ماوەیــەك نێوانــی کــورد و کاربەدەســتان زۆر خــۆش و دۆســتانە بــوو، بــە تایبەتــی کــە لەمــاددە (٣)ی دەســتوری کاتیــدا دان نرابــوو بــە هاوبەشــی (کــورد و عــەرەب لــە عێراقــدا) و هەندێکیــش چاکســازیی لــە کوردســتان (وێــڕای عێراقیــش) ئەنجامــدرا.

کەچــی دوای یەکــدوو ســاڵ بــە فیتــی ناحــەز و شــۆڤینی و کۆنەپارێــزان ئــەو پێوەندییــە درزی تێکەوتــوو سیاســەتی حکومــەت لــە هەمبــەر هێــزە نیشــتمانی و دیموکراتییەکانــی ئێــراق و کوردســتان و پارتــی بــە تایبەتــی گۆڕانــی ســەلبی بەســەرداهات و کــورد ناچــار کــرا بــۆ داکۆکیــی لــە بوونــی خۆیــی پەنــا وەبــەر چەکهەڵگرتــن و بەرپاکردنــی شــۆڕش بەریــت. ئــەوە بــوو شۆڕشــی ١١ی ئەیلوولــی ســاڵی ١٩٦١ هەڵگیرســا.

لــە ٨ی شــوباتی ١٩٦٣ کودەتــای حزبــی بەعــس روویــدا، عەبدولکەریــم قاســم و هاوڕێکانــی لــە نێــو بــران و سیاســەتی قەتــل وعامــی شــیوعیی و چەپــەکان راگەیەنــرا و حــەرەس قەومــی پێکهێــنرا. بــەڵام بۆخــۆ قایمکــردن و چەســپانی دەســەڵاتەکانیان ماوەیەکــی کــورت لەگــەڵ ســەرکردایەتی شۆڕشــی کوردســتان پشــی پشــیانکرد، وەلــێ هەنــدەی نەخایانــد و رووی دزێــوی راســتەقینەیان ئاشــکرابوو، ئەمجــارە زۆر توندتــر پەلامــاری کوردســتانیان دایــەوە. لــەو ماوەیەشــدا شۆڕشــی کــورد کــە بــە دەمانچــە و تاپــڕ و (ســاچمە) و تفەنگــی برنــۆ و کلاشــینکۆفی دەســتکەوت دەســتیانپێکردبوو لــە هەڵکشــان و داکشــاندابوو، جارەهــا زەبــری

کوشــندەی دەوەشــاندە دوژمــن و پانتایــی فرەوانــی لــە خاکــی نیشــتمانی ئــازاد دەکــرد. جــاری واش دەبــوو پاشەکشــێی دەکــرد و ناوچەکانــی ژێــر دەســەڵاتی بەرتەســك دەبــووەوە. هــەر لــەو سەروبەندەشــدا جارەهــا گفتوگــۆ و دانوســتان لــە نێــوان ســەرکردایەتی شــۆڕش و میریــدا بــە مەبەســتی گەیشــتن بــە چارەســەری ئاشــتیانەوە ئەنجــام دەدرا و ئاگربەســتێك بڕیــاری لێــدەدرا. لــێ دواتــر کــە هێــزە فشــۆڵەکانیان ڕێکدەخســتنەوە حکومــەت دەســتی بــە هێرشــبردن دەکــردەوە.

ســەرەنجام ســاڵی ١٩٧٠ ڕێککەوتننامــەی ١١ی ئــاداری مێژوویــی مۆرکــرا و تیایــدا بــۆ یەکەمجــار دانــرا بــە مافــی (ئۆتۆنۆمــی- خودموختــاری) بــۆ کوردســتان و چوارســاڵ کــورد لەســەر خاکــی خــۆی ســەروەر و پارتــی و ســەرکردایەتی شــۆڕش حوکمــڕان بــوو، لــێ دوای پیلانــە شــوومەکەی (جەزائیــر) لــە ١٩٧٥/٣/٦ لــە نێــوان ســەددام حوســێن و شــای ئێرانــدا بــە ئامادەیــی و دەســت لــە پشــتدانی ئەمەریــکا لــە ڕێــی (هەنــری کیســەنجەر)ی وەزیــری دەرەوەیانــەوە بڕیــاری لەنێوبردنــی شۆڕشــی ئەیلــوول درا و بــەوە گەلــی کوردســتان و شۆڕشــە بەهێزەکــەی دووچــاری ســاماناکترین نســکۆبوونەوە. بــەڵام ئەوەنــدەی نەبــرد شۆڕشــی گــوڵان و شۆڕشــی نوێــی یەکێتــی نیشــتمانی کوردســتانیش هەڵگیرســانەوە و پێشــمەرگە هاتنــەوە گۆڕەپانــی خەبــات و بەربەرەکانێــی خوێنــاوی و گەلــی ســتەملێکراو هەناســەیەکی ژیانــەوەی هەڵێنایــەوە. دواتــر بارزانــی نەمــر لــە ئەنجامــی نەخۆشــیی لــە ئەمەریــکا ماڵئاوایــی کــرد و رۆڵــە نەبــەز و قارەمانەکانــی درێژەیــان بــە ڕێبازەکــەی دایــەوە. بۆیــەکا سیاســەتی بــە ســوتماك کردنــی کوردســتان لەلایــەن حکومەتــی بەعســەوە ڕاگەیەنــرا. لەلایەکــی تــرەوە مخابــن، شــەڕی خۆبەخۆیــی حــزب و لایەنــە کوردســتانییەکان دەســتی پێکــرد.

پێشــتریش لــە ١٩٧٤/٤/٢٤ دا قــەڵادزێ و هەڵەبجــەی شــەهید بۆمبــاران کــران و دواتــر کیمیابارانــی هەڵەبجــە لــە ١٩٨٨/٣/١٦ دا و کیمیابارانــی دۆڵــی بالیســان و شــێخ وەســان لــە ١٩٨٨/٤/١٥ و ئەنفالــە بەدنــاوەکان بــە هــەر چــوار بەشــیانەوە

لە ١٩٨٨/٤/١٤ وە پێشترێ ئەنفالکردنی ٨٠٠٠ بارزانی لە ١٩٨٣/٧/٣١ جگە لە شەڕی ئێراق و ئێران کە ٨ ساڵی رەبەقی خایاند و وێرانکردنی پتر لە ٤٥٠٠ گوند و راگوێزکردنی زۆرە ملێی ١٨٢ هەزار مرۆڤی کورد لە ژن و منداڵ و پیروپەککەوتە و بێتاوان.

دوای داگیرکردنی کوێت و راپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ و ئازادکردنی زۆربەی خاکی کوردستان و شارەکان بە شاری کەرکووکی ئازیزیشەوە، پاشانیش گەڕانەوەی هێزە داپڵۆسێنەرەکانی رژێم و کۆڕەوی ملیۆنی و دامەزراندنی ناوچەی (نەوای ئارام) لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە و شەڕەکانی خواکورك و کۆڕێ و ئەزمەڕ و شوێنەکانی تر، دامەزراندنی (بەرەی کوردستانی) و گەڕانەوەی خەڵکی خۆراگر و دابەزینی دووبارەی هێزی پێشمەرگە و ئازادکردنەوەی شوێنەکان و کێشانەوەی سوپا و هێزی ئیداراتی حکومەتی بەغدا و ئەنجامدانی هەڵبژاردن و پێکهێنانی پەرلەمان و دامەزراندنی یەکەم کابینەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و رووبەڕووبوونەوەی دوو ئابڵوقەی ئابووری و سیاسی و رۆشنبیری رژێم و (UN) بەیەکەوە. ئەوجا دووبارە شەڕی نەگریسی براکوژیی، دواتر جەنگی ئازادکردنی ئێراق بەسەرکردایەتی ئەمەریکا و هاوپەیمانان و رووخانی حکومەتی بەعس، لە ٩ی نیسانی ٢٠٠٣دا.

ئەمانە زۆر بە کورتی مشتێ لە خەرواری رووداوەکانی کوردستان بوون.

ئێستەیش دوای ٦٠ ساڵ تەمەن و تێکۆشین و بەرخۆدان و قوربانی و راپەڕین و شۆڕش، بە سەرکەوتن و نسکۆوە پارتیی و کورد بە حزبە تێکۆشەرەکانێوە، لە کوردستان و ئێراقیشدا ئیمڕۆ باڵادەست و لە ترۆپکی (لووتکە)ی دەسەڵاتدان. ئەوەتا هێژا مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتیی و سەرۆکی هەرێمی کوردستانە و رێزدار مام جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان (یەکێك لە ئەندامە خەباتکارە هەرە چالاکە دێرینەکانی پارتی وەختی خۆی) سەرکۆماری ئێراقی فیدراڵە، لە هەمانکاتیشدا سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم

و پەرلەمانــی کوردســتان و ســەرجەم دامودەزگاکانــی وڵاتیــان لەدەســتدایە، خاوەنــی لەشــکرێکی پێشــمەرگەی مەشــقدار و بــە ئەزمــوون و قاڵبــووی شــەڕی رزگاریــی وشــوورەی پۆڵایینــی قایمــی نیشــتمان و دەســتکەوتە بــە نرخەکانیتــی و گەلــی کــورد (لەرێــی ئــەو حزبانەیــەوە) لایەنــی هــەرە بەهێــزی دروســتکردنەوە و لەنگــەر راگرتنــی ئێراقێکــی نوێــی فیــدراڵ و دیموکــرات و ئاشــتیخواز و گەشەســەندووە کــە دەبێتــە نموونەیەکــی دەرەوشــاوە بــۆ وڵاتانــی دەوروبــەر، هەروەهــا فاکتــەری ســەقامگیری و بەرقەراربوونــی ئاشــتی و ئاســاییش لــە ناوچــەی رۆژهەڵاتــی ناوینــدا.

بەراســتی مێژوویەکــی پــڕ لەســەروەریی و شــکۆدارە، لــە دامەزراندنــەوە لــە رۆژی ١٩٤٦/٨/١٦ دا لــە تاراوگــەوە بــۆ لووتکــە و ترۆپکــی دەســەڵات لــە ٢٠٠٦/٨/١٦ لــە کوردســتانیش و لــە ئێراقیشــدا واتــە بــە ٦٠ ســاڵ.

هــەزاران هــەزاران درود و ســڵاو بــۆ گیانــی پاکــی ســەرجەم شــەهیدانی ئــەم رێبــازە بــەرز و پیــرۆزە و پــڕ لــە شــانازییە، بــە تایبەتــی گیانــی بەرزەفــڕی بارزانــی نەمــر، ســونبولی کوردایەتیــی و تێکۆشــان و هەمــوو ئــەو فیداکارانــەی گشــت حــزب و لایەنــەکان کــە خوێنــی خۆیانیــان بەخشــی بەگــەل و نیشــتمان بــۆ هێنانــەدی رۆژێکــی وەکــو ئیمرۆمــان.

بەردەوامیــی و پتەوبــوون و ســەرکەوتن بــۆ یەکگرتوویــی هێــزە خەباتکارەکانــی کوردســتان و رێکخســتنەوەی ئێکجارەکــی نێوماڵــی کــورد لــە پێنــاو چەســپاندن و پترکردنــی دەســتکەوتەکانماندا و گەیشــتن بــە تــەواوی مــاف و ئامانجــە رەواکانــی دوایــن قۆناغــی ســەربەخۆیی بوونمــان، هــەر شــەکاوە بێــت ئــاڵا رەنگینەکــەی کوردســتان.

# ١٩ی حوزەیرانی ١٩٤٧ کارەساتیشە و سەرووەریشە

بە هاتنەوەی رۆژی ١٩ی حوزەیران (٥٧)ەمین ساڵیادی رووداوێکی زۆر ناخۆش و خەمناك بەسەر کوردستاندا تێدەپەڕێت، ئەویش ساڵیادی لە سێدارەدانی چوار ئەفسەرە قارەمانەکانمانە، راستە لەو رۆژەوە بەدواوە میللەتی کورد ئەوەندەی نەگبەتی و کارەساتگەلی سەخت و دڵتەزێنی- وەك کیمیاباران- جینۆساید ئەنفال، راگواستن و گۆڕی بە کۆمەڵ و بە عارەبکردن- دیوە و هیندە کوشتوبڕ و وێرانکاریی و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و ناڕەوای دەرهەق کراوە کە تاوانە دڕندانەیی و پڕ لە شەرمەزارییەکەی لە سێدارەدانی ئەو چوار رۆڵە خوێنگەرم و شۆڕشگێڕە نەبەزانە بە دەستی جەللادەکانی دوژمن بە کورد لەو سەردەمیدا لە چاویان دا وەکو (قەترە بە دەریایەك) وایە وێڕای

ئەمانـەش هەمـووی هەرگیـز ئـەو یادەوەرییـە گرنگـی خـۆی لەدەسـت نـادات و لـە نـرخ و بایەخـی کەمنابێتـەوە، لەبـەر زۆر هـۆ کـە ئەمانـە هەندێکیانـن.

لەلایەکـەوە، شـەهیدان مسـتەفا خۆشـناو، عیـزەت عەبدولعەزیـز، خەیرولـلا عەبدولکەریـم و محەمـەد مەحمـود قودسـی یەکەمیـن دەسـتەی ئەفسـەرانی کـورد بـوون پێوەندیـی راسـتەوخۆی رێکخسـتنیان بـە حزبـی هیـوا و پارتـی و بـە شۆڕشـی کـوردەوە (بـارزان) هەبـووە، بـە کردەنـی بەشـدارییان لـە شـۆڕش و دواتریـش کۆمـاری کوردسـتان لـە مەهابـاد و هێزەکانـی ئەرتەشـی شاهەنشـاهی ئێرانـەوە بـە هـاوکاری و یارمەتـی لۆجیسـتی وپیلانەکانـی ئەمەریـکا و بەریتانیـا و خـۆ لـێ بەخـاوەن نەکردنـی شـورەوییەوە جێبەجێکـرا، هـەر لەسـەر وەعـد و پەیمانـی حکومەتـی کۆنەپەرسـت و دژ بـە کـوردی ئەوسـای عێـراق کـە (لێبوردنـی) بـۆ دەرکردبـوون، گەڕابوونـەوە بـۆ عێـراق و خۆیانیـان دابـوو بەدەسـتەوە- بـە پێچەوانـەی رەئیـس بەکـر عەبدولکەریـم حەوێـزی کـە هەرگیـز خـۆی نـەدا بەدەسـتەوە و رزگاری بـوو، ئـەوە بـوو وێـڕای ئـەو لێخۆشـبوون و بەڵێنـە سـاختە و درۆیانەیـان لـە بەرەبەیانـی ئـەو رۆژە سـامناکەدا ١٩ی حوزەیرانـی ١٩٤٧ هـەر چواریـان هەڵواسـین و شـەهیدیان کـردن و تەرمـە پیرۆزەکەیـان هەریـەك بـۆ زێـدی خۆیـان، ئامێـدی و هەولێـر و سـلێمانی ناردنـەوە، بـۆ؟ چونکـە هـەر رۆژێـك لـەو ئانوسـاتە پـڕ لـە مەغزایەدابـوو کـە (بارزانـی نەمـر) و هەڤاڵەکانـی (٥٠٢ جەنـگاوەری هـەرە دڵسـۆز و نەبـەز) لـە مەسـیرەیەکی ئەفسـانە ئاسـای بـێ وێنـەدا بـە شـەڕ و بەرگریکـردن گیانـی خۆیـان لـە چنگـی هێزەکانـی ئێـران و تورکیـا و عێـراق دەربـاز کردبـوو، سـەرکەوتووانە و بـە سـەلامەتی لـە (چۆمـی ئـاراس) پەڕیبوونـەوە و گەیشـتبوونە نێـو خاکـی یەکێتـی شـۆرەوەی ئەوسـا، ئەویـش زەبرێکـی گورچکبـڕ بـوو بـۆ خواسـت و نیـازی گڵاو و پیلانـە دزێوەکانـی دوژمنانـی کـورد ئەوانـەی بـە خەیاڵـی پووچـی خۆیـان بـە تەمـای لەنێوبردنـی ئـەو سـەرکردە قارەمانـە هەڵکەوتـووە و پێشـمەرگە گیـان لەسـەر دەسـتەکانی

و کوژاندنــەوەی بزووتنــەوەی رزگاریخــوازی گەلــی کوردبــوون، بــەو پەڕینەوەیــە مێژووییــەی جەنــگاوەرەکان ســەرجەم ئاواتــە پیســەکانیان هەرەســی هێنــاو، لــە بەرامبەریشــدا ورەی جەمــاوەری کــوردی لــە نــاوەوە و دەرەوەدا چەندیــن پلــە بــەرەو بــەرزی بــردو ئاهێکــی هیوابەخشــی وەبــەر کۆمەڵانــی بــێ ئومێدکــراوی خەڵکیــدا هێنایــەوە، ئەوجــا دوژمنــە داخ لــە دڵەکانــی کــورد، نۆکــەران و ئەلقــە لــە گوێیانــی کۆلۆنیالیزمــی ئــەو رۆژگارەی بــە مەبەســتی ئــەوەوە کــە لەبایەخــی ئــەو ســەرکەوتنە – پەڕینەوەیــە- کەمکەنــەوە و رای گشــتی بــووژاوەی کــوردان بــە کارێکــی دیکــەوە خەریــك بکــەن و نەهێڵــن- بــە خەیاڵــی نەزۆکــی خۆیــان- کــورد چێــژ لــەو ســەرکەوتن و ژیانەوەیــان وەربگــرن، هەڵســان بــە لــە ســێدارەدانی ئــەو چــوار ئەفســەرە قارەمانانــە و شــەهیدیان کــردن. لەلایەکــی دیکــەوە پاڵەوانــەکان بــە رەفتــار و هەڵوێســتی هــەرە بــەرزی شۆڕشــگێڕانەیان ســاتی ئیعدامکردنەکەیانــدا کــە:

یەکــەم: بــێ باکانــە و بەبــێ تــرس و ســڵەمینەوە لــە مــردن چوونــە بــەر پەتــی ســێدارەوە ئــەو ئەنجامەیــان بــە شــەڕەفێکی مــەزن و بــە ئەنجامدانــی ئەرکێکــی پیــرۆزی نیشــتمانیی لــە قەڵەمــدا.

دووەم: لــەو پەیامــە پیرۆزەیانــدا کــە تەنیــا چەنــد ســاتێ بــەر لــە هەڵواســینیانەوە بــە دەم هۆتافکێشــان بــە ژیانــی کــورد و کوردســتان و مردنــی دوژمــن و ناحــەزان ئیمزایانکردبــوو راشــکاوانە داوا لــە رۆڵەکانــی کــورد دەکــەن یەکبگــرن، لەســەر خەبــات و تێکۆشــان بــەردەوام بــن و خۆیــان بــە فیــدای گــەل و نیشــتمانیی بکــەن. هــەر بــۆ وەبیرهێنانــەوەش پێموایــە ناجــۆر نابــێ گــەر بڵێیــن (مانگــی حوزەیــران) هەروەکــو زۆرینــەی مانگەکانــی دیکــەی ســاڵ – لێوانلێــوە لــە رووداوگەلــی تۆقێنــەر و کارەســاتهای دڵتەزێــن بــۆ گەلــی کوردســتان، ئەوەتــا هــەر بــۆ نموونــە:

رۆژی ١٩ی حوزەیرانــی ١٩١٩ مەلیــك مەحمــوودی حەفیــد- مەلیکــی

کوردســتان- لــە شــەڕی دەربەنــدی بازیــان لەلایــەن هێزەکانــی ئینگلیــز و جاشــە خۆفرۆشــەکانەوە بــە دیــل گیــراوە.

لـە ٢٧ی حوزەیرانـی ١٩٢٥ شۆڕشـگێڕی کـورد (شـێخ سـەعیدی پیـران) لەسـێدارە دراوە.

لــە ٥ی حوزەیرانــی ١٩٢٦دا ویلایەتــی مووســڵ (کوردســتانی باشــوور) بەبــێ ڕەزامەنــدی کــورد خرایــە ســەر عێــراق.

١٩ی حوزەیرانــی ١٩٥٠ ڕۆژی کۆچــی دوایــی شــاعیر و ڕۆژنامەنــووس و نیشــتمانپەروەری کــورد (پیرەمێــرد)ە.

لە ٢١حوزەیرانی ١٩٣٠ دا شۆڕشگێڕی کورد (سمکۆ شکاك) شەهید کرا.

٩ی حوزەیرانــی ١٩٦٣ لــە ســلێمانی ٨٣ ڕۆڵــەی نیشــتمانپەروەری بــێ تاوانــی کــورد زینــدە بــە چــاڵ کــران.

لــە ١٠ی حوزەیرانــی ١٩٦٣ دا بەنــاوی (نزهــة فــی الشــمال) بــە نیــازی کوژاندنــەوەی ئێجگارەکــی شۆڕشــی کــورد و لــە نێوبردنــی بزاڤــی ڕزگاریخــوازی کــورد (بــە خەیاڵــی خــاوی خۆیــان) حزبــی بەعــس شــەڕی دژی کــورد دەســتپێکردەوە.

ڕۆژی ١٨ی حوزەیرانــی ١٩٦٢ کۆچــی دوایــی شــاعیری نەتەوەیــی نــاوداری کــوردی شــاری کەرکــوك (ئەســیری)یە.

لــە ٢٢ی حوزەیرانــی ســاڵی ١٩٦٣دا خەباتــکار و مێژوونووســی کــورد (ئەنــوەر مائی)شــەهید بــوو.

٢٦ی حوزەیرانــی ســاڵی ١٩٧٢ کۆچــی دوایــی هونەرمەنــدی گۆرانیبێــژی کــورد (حەســەن زیــرەك)ە.

لـە ٢٥ی حوزەیرانـی ١٩٨١دا نووسـەر و شـاعیر و خەباتگێـڕی سـەرکردە (سـەیدا سـاڵح یوسـفی) لـە بەغـدا تیرۆرکـرا.

ڕۆژی ١٦ی حوزەیرانـی ١٩٨٢ کۆچـی دوایـی نووسـەری کـورد (مامۆسـتا سـادق بەهائەدیـن)ە.

لــە ١٣ی حوزەیرانــی ســاڵی ١٩٩٢ دا نووســەر و کەســایەتی نــاسراوی کــورد (خاتــوو رەوشــەن بەدرخــان) کۆچــی دوایــی کــردووە.

ئەمانــە مشــتێکی خــەرواری رووداوە ناخۆشــەکانن کــە لەمانگــی حوزەیــران دا بەســەر کــورد و گەلــی کوردســتان بەگشــتی داهاتــوون.

ئیــتر لــە (٥٧)ەمیــن ســاڵوەگەڕی لــە ســێدارەدانی ئــەو چــوار ئەفســەرە نەبــەز و قارەمانانــەدا درود و ســڵاو و رێــزی وەفــاداری بــۆ گیانــی پاکــی ســەرجەم شــەهیدە ســەربەرزەکانی رێــگای رزگاری کــورد و کوردســتان لەسەرووشــیانەوە (بارزانــی نەمــر) دەنێریــن، بەڵێنیــش تــازە دەکەینــەوە کــە بــۆ وەدیهێنانــی ئامانجــە پیرۆزەکەیــان (مافــە رەواکانــی گەلــی کوردســتان) لەســەر هەمــان رێبــازە پیرۆزەکەیــان بــەردەوام بیــن و لــەو رێیــە پــڕ لــە شــکۆمەندییە لانەدەیــن.

ســەرکەوتن بــۆ گــەل و مــردن و سەرشــۆڕی بــۆ دوژمنــان و پیلانگێــڕ و ناحەزانــی کــورد.

# نامەیەکی کراوە

بۆ بەڕێزان:

هەڤاڵی تێکۆشەر مام جەلال

هێژا کاك مەسعود بارزانی

بەڕێزان: دوای ئەوپەڕی خۆشەویستی و نەوازش و سڵاو، چاو لێ سوورکردنەوە و هەڕوگێڤ و قونەشەڕ و بڕوبیانوو بەیەکدی گرتنی ئەم دواییەی برادەر و لایەنگرانی هەردوو باڵە سەرەکیی و پێشڕەوەکانی بزاڤی رزگاریخوازانەی گەلی کوردستان (ی.ن.ك و پ.د.ك) دڵی من و دەشتوانم بڵێم دڵی سەرجەم رۆڵە دڵسۆز و بە شەرەفەکانی گەلەکەمان پەست و خەفەتبار کردووە، تارمایی خستۆتە سەر گلێنەکانمانەوە و دێوەزمەی ترسێکی گورچکبڕ

و تۆقێنـەر دەمانتاسـێنێ و خەریکـە بێنەقاقـای هیواکانمـان بگرێـت و تروسـکەی ئاواتەکانمـان بکوژێنێتـەوە و ژیانمـان لـێ تـارو تـاڵ بـکات!

جـا زۆر بەڕێـز مـام جـەلال، بەیـادی دەیـان شـەوی بەیەکـەوە دانیشـتن و کۆبوونـەوە دێرینـە نهێنییەکانـی پەنجـا سـاڵ بـەر لـە ئێسـتای شـانەکەی پارتیـمان لـە ماڵـە شـکۆدارەکەی لانکـەی خەباتـی نەپسـاوەی کوردایەتیـی راسـتەقینەی خۆتانـدا لـە کۆیـە و بەیـادی برایەتیـی و دۆسـتایەتیی و هاوڕێیەتـی هـەرە بـێ گـەرد و پیـرۆزی ئـەو سـاتانەی تەمەنـی هەرزەکاریـی و لاوییمانـەوە، بـە یـادی تێکـڕای یـادگارە تـاڵ و شـیرینەکانی ئـەو رۆژگارە بەهادارانەمانـەوە.

زۆر بەڕێـز کاك مەسـعود: بەیـادی هەمـوو ئـەو بیرەوەرییـە هەمیشـە زیندووانـەی لەگـەڵ باوکـی بەڕێزتانـا، باوکـی هەمـوو کوردێکـی نیشـتمانپەروەر، سـەرکردەی قارەمـان بارزانـی نەمـردا کـە پەنجـا سـاڵە و تـا مردنیـش هـەروەك پێشـمەرگەیەکی بـە ئەمەگـی رێبـازە پیرۆزەکـەی دەمێنمـەوە، رێگـە بەخـۆم دەدەم ئـەم نامـە ئێجـگار بـە پەلەیەتـان پێشـکەش بکـەم و لەناخـی دڵـەوە، بـە نـاوی چارەنووسـی کوردسـتانەوە داواتـان لێبکـەم بفەرمـوون هـەر ئێسـتێ و تـازووە فەرمـان بـە راگرتنـی ئـەم پشـێویی و دڕدۆنگیـی و نیمچـە دووبەرەکییـە بـدەن و بـە کوێرایـی چـاوی دوژمنـان، رێبـازە بەسـوودەکەی برایەتیـی و تەبایـی و هاوپەیمانێتـی راسـتەقینە و رێکەوتنـە سـتراتیژییەکەی نێـوان (یەکێتـی و پارتـی) بگرنـەوە بـەر.. چونکـو خوانەخواسـتە نـەك هـەر چـوار ملیـۆن، بەڵکـو ئۆباڵـی ئاینـدە و چارەنووسـی پـتر لـە (سـی میلیـۆن) هاوڵاتـی سـتەمدیدە و بێکەسـی کوردسـتانی داگیـرو لەتکـراو لـە ئەسـتۆی ئێوەدایـە. ئاشـکرایەش ئـەم بارەئاڵـۆزە تەنیـا بـە لەبارچوونـی ئەزموونـە سـاواکە و لـە دەسـتدانی سـەرجەم دەسـتکەوتەکانی شـۆڕش و راپەڕینـە مەزنەکـەی گەلـە قارەمانەکەمـان و بـە فیڕۆچواندنـی خوێنـی گەشـی شـەهیدە نەمرەکانمـان دەشـکێنەوە، ئەمەیـش سـامناکترین کارەسـاتە! شـاراوەیش نییـە حوکمـی مێـژوو چەنـدە هـەق و رەقـە

و مێــژووش لــە لێتۆژینەوەیــدا هەرگیــز شــەرمی لەکــەس نەکــردووە و ســەوز و زەردیــش ناپرســێت!

بەڕێــزان گــەر نەبوایەتــە لاســایی کردنــەوەی بەعســییەکان، دەبــوا بــە (خوێــن) ی گەشــی ئــەم دڵــەی خــۆم کــە لــە پێنــاوی کــوردو کوردســتاندا لێــدەدات، ئــەم نامەیــەم بــۆ بەڕێزتــان بنووســیایە! ئەمــە و ســەرکەوتنتان لــە یەزدانــی پــاك دەخــوازم و بــە هیــوای هــەوڵ و کوششــی مەردانەتانــەوە لەگــەڵ هەمــوو برســی و رەشــورووت و لێقەومــاوە خۆڕاگــر و کۆڵنەدەرەکانــی وڵاتەکەمــدا چاوەڕوانــی وەڵامــی پــڕ میهــری بەڕێزتانیــن!

زۆر دڵسۆز و بچووکتان: مەجید ئاسنگەر

# بەرەی کوردستانی
# ئەم دەستکەوتە مەزنە

١٩٩١

مێـژووی دورونزیکـی کـورد راسـتییەکمان بـۆ دەسـەلمێنێ کـە پێویسـتە بـێ سـێ و دوو لێکـردن بـاوەڕی پـێ بێنیـن و لـە هەمانکاتیشـدا هـەوڵ دەدەیـن پەنـد و وانـەی پـڕ سـوودی لێوەرگریـن و لـە ئێسـتاماندا و بـۆ رەوتـی خەبـات و رەفتـاری ئاینـدە و داهاتوومـان بەوپـەڕی هۆشـیاری و وریاییـەوە کەڵکـی لێوەرگبریـن و زانسـتیانە پەیـڕەوی بکەیـن، راسـتییەکەیش ئەمەیـە: لـە وەتـەی کـورد هەسـتی بـە چەوسـانەوە و بەشـخوراوی خـۆی کـردووە و بـۆ رزگاربـوون لـە چنگـی دوژمـن و داگیرکـەر و خوێنمژانیـەوە بـزواوە ئـاڵای تێکۆشـانی هەڵکـردووە، لـە دوو لاوە بەرەنـگاری کۆسـپ و تەگـەرە و بەرهەڵسـتیی بـووە. لایەکیـان بـەرەی دوژمنـان و چەوسـێنەر و داگیرکـەران. لایەکـەی تـر دژایەتـی خۆبەخۆیـی و شـەڕی براکوژیـی،

بەشـێکی گرنگـی ئـەم راسـتییەش ئەوەیـە کـە زەبروزەنـگ و زیانـی براکوژییەکـە ئێجـگار لـەوەی تریـان کاریگـەر و سـامناك و ئازاراویـتر بـووە و ئەنجامەکەیشـی بـە نرخێکـی هـەرە گـران لەسـەر کـورد وەسـتاوە و زامەکـەی تیـراوی بۆتـەوە و تیمارکردنـی زۆر بـە زەحمـەت بـووە، چونکـە زانـراوە دوژمنـی ناوخـۆ دەردێکـی سـەخت و کوشـندەیە و هـەر وەك (حاجـی قـادری کۆیـی) دەفەرمـووێ:

«هەر هیچ نەبێ بە ئۆیین تابیع بە دەوڵەتێ بن»

«بێگانە چاکە دوژمن، نەك دوژمنی لەخۆتان!»

لـە هەمانکاتـدا داگیرکـەر و چەوسـێنەرانی کوردسـتان پەنایـان بردۆتـە بـەر ئـەو سیاسـەتە گڵاوەوە و کوردیـان بـە کـورد بـە کوشـت داوە و هەتـا بۆیـان کرابـێ هەمـوو شـتێکیان بەکارهێنـاوە بـۆ خۆشـکردنی گـڕی ئاگـری ناکۆکـی و دووبەرەکـی وململانێـی خۆبەخۆیـی لەنێـو کوردانـدا، بەمـەش دوو جـار قازانجیـان بەدەسـت هێنـاوە، لەلایەکـەوە دوژمنـی خۆیانیـان (کـورد) بەدەسـتی خۆیـان تێکشـکاندووە و راپەڕینەکانیـان دامرکاندوونەتـەوە و هێـز و سـەرکردەکانیان لەنێوبـردوون. لەلایەکـی دیکەیشـەوە خۆیـان دوور لەپرۆشـکی ئاگرەکـەوە گرتـووە و چەپۆکـی زەوتکـردن و چەوسـاندنەوە و تـاڵان و بـڕۆی خێروبێـری وڵاتیـان زێـتر سـەقامگیر و قایمـتر کـردووە و درێژەیـان بـە داگیـر و لەتکـردن و رووتانـەوەی کوردسـتان داوە. ئەمانـە راسـتیی رووت و بەڵگـە نەویسـتن و نـەك هەمـوو مێـژوو زان بگـرە هـەر خوێنەرێکـی ئاسـایش کـە برێـك مێـژووی نەتەوەکـەی خوێندبێتـەوە بـە ئاسـانی تێیـدەگات، راسـتییەکی دیکەیـش کـە ئامـاژەی بـۆ بکەیـن ئەمەیـە لـە هەمـوو شـوێن و کاتێـك و لەهـەر کۆمەڵگەیەکـدا یەکێتـی و هاوکاریـی ریزەکانـی میللـەت بناخـە و بنەمـای سـەرەکیی و هـەرە گرنگـی سـەرکەوتن و بـە ئامانـج گەیشـتنە. لـە هـەچ وڵاتێکـدا تاکـە حزبێـك یـان تەنیـا دەسـتە و تاقمـێ، هەرچەنـد بەرفـراوان و بەهێـز و رەگ داکوتـاو و بـە ژمارەیـش زۆر بـێ، تەنهـا بـاڵ ناتوانـێ وەك پێویسـتە سـەرکەوتن بـەدەس بهێنـێ و هەمـوو ئـەو ئەرکـە مێژوویانـە ئەنجـام بـدات و

(کۆمەڵ) بەرەو سەرفرازی و دیموکراسی و ئازادی و بەختەوەری بەرێت. مێژووی زۆر نزیکی گەلانی دەوروبەرمان و ڕووداوەکانی ئەم دواییەی زۆر لە وڵاتانی جیهان ئەم ڕاستیانەیان بە ڕوونی بۆ یەکلا کردووینەتەوە.

جا پێموایە لە هەموو دنیادا هیچ نەتەوەیەك بەقەد نەتەوەی کورد ئیمڕۆ پێویستی بە یەکبوونی ڕیزەکانی گەل و پتەوکردن و چەسپاندنی (بەرەی کرودستانی)ی نییە! چونکە وەك لەسەرەتادا باسکرا (دەردە کورد) مۆرێکی ئەوتۆی ناوە بە تەوێڵی بزووتنەوەی کوردایەتی و داخێکی وەهای ناوە بە هەناوی میللەتەوە هەتا هەتا لە بیر نەچێتەوە، فەرموو ئەوەتا هەر لە کۆنی کۆنەوە (ئەمارەتە) نیمچە سەربەخۆکانی کورد کەوتوونەتە ویزەی یەکترەوە بە بیانووی پەرەپێدان و فراوانکردنی سنوور و زەبەرکردنی سامان و بە هێزکردنی قەوارە و چەسپاندنی دەسەڵاتی میرنشینەکانیانەوە هەوڵیانداوە یەکتر هەڵلووشن و بە دەگمەن نەبێ، ڕۆژێك دوانیان بەیەکەوە ئاشنا و تەبا نەبوون، هەر هیچ نەبێ لە ڕقی یەکتری هەر یەکێکیان خۆی خستۆتە ژێر ڕکێفی یەك لە دوو هێزە هەمیشە ناکۆك و دژ بەیەکەکەی ئەو سەردەمەوە واتا ئیمپراتۆرییەتی ئێرانی و سەڵتەنەتی عوسمانلی کە ئەمانیش بۆ بەرژەوەندی خودی خۆیان و بۆ داهێزرانی دوژمنی باوەکوشتەی خۆیانا وەکو داردەست و (نۆکەر) بەکاریان هێناون، لەلایەك خێر و سامانیان مژیون و لەلایەکی تریشەوە هەمیشە لە گۆڕەپانی جەنگە ناڕەواکانیاندا داویانن بە کوشت! کەچی لە ڕۆژگاری ئەم سەردەمەدا دژایەتی و ناکۆکی خۆبەخۆی ئێمەی کورد دوو شێوەی سەرەکی بەخۆوە گرتووە.

یەکەم دابەشبوونی کورد بۆ (بەرەیەکی هەمیشە چڵکاوخۆرە و کاسەلێس و نۆکەر و گوێ لەمستی دوژمنان) کە هەردەم وەکو دڕکی مەم و زین بوونەتە کۆسپ و تەگەرە لە بەردەم بەدیهاتنی ئاواتەکانی کۆمەڵانی خەڵکەوە، (بەرەیەکی سەر بە میللەت، واتا بەرەی هێزە نیتشمانپەروەرە دڵسۆزەکان)

کـە لـە پێنـاوی سـەرفرازی و بەختەوەربوونـی جەمـاوەری گەلـدا تێدەکۆشـن.

دووەم: ناکۆکـی وململانـێ و دژایەتـی نێـوان ئـەم بـەرەی سـەر بەمیللـەت خۆیـدا، لێـرەدا ئەگـەر بـە وردی و ...

وڵاتـی بـۆ پیـلان و نەخشەکێشـان بـۆ ئـەم ئامانجـە پیسـەوە تەرخانکـردووە! لـەم رووەوە دیومانـە هـەر کاتـێ دەرفەتێکی لەبـار بـۆ کـورد وەدی هاتبـێ، یاخـود بزاڤـی کوردایەتـی لـە ئامانجـی رەوای خـۆی نزیـك بووبێتـەوە و بزووتنـەوەی دیموکراسـی و رزگاریخوازەکـەی بەهێـز بووبێـت، یەکسـەر سـەرباری دوژمنـە سـەرەکییەکەی بەخـۆ و نۆکـەر و خۆفرۆشـەکانییەوە، لایەنێـك لەلایەنەکانـی سـەر بـە میللـەت و بزووتنـەوەی شۆڕشـگێڕییەکەیەوە (لەبـەر هـەر هۆیـەك بووبـێ) بوونەتـە مۆتەکـەی سـەر رێـگا و (ویسـتبیان و نەیانویسـتبێ) چوونەتـە پـاڵ ریزەکانـی دوژمنـەوە (کـە دوژمنـی سەرسـەختی خۆیشـیانە) بەوپـەڕی نەفامـی و نەزانیـن و خلیسـکانەوە چەکـی ژەهراویـی و کوشـندەی ناڕەوایـان ئاراسـتەی دڵـی میللەتەکەیـان کـردووە گەلەکەیـان جارێکـی تـر بـۆ چەنـدان دەیـان سـاڵ بـەرەو دوا کشـاندۆتەوە و بوونەتـە کۆسـپێکی زل لـە بـەردەم جولانەوەکەیـدا. ئـەم دەردە کوشـندەیەش زۆر هـۆی هـەن گرنگترینیـان بـەلای منـەوە لـە (نەبوونـی بەرەیەکـی یەکگرتـووی پتـەو)دا خـۆی دەنوێنـێ کـە ئەمەیشـیان هـۆی زۆرن و هـەرە سـەرەکییەکەیان دەگەڕێتـەوە بـۆ زاڵبوونـی بەرەژوەنـدی تەسـکی (چینایەتـی، یـان پارتایەتـی یاخـۆ سـەرۆکایەتی) بەسـەر بەرژەوەندیـی گشـتیی کـورد و کوردسـتاندا وەکـو نەتـەوە و نیشـتمان! هەروەهـا نەبوونـی سـتراتیژییەکی زانسـتیانەی رێکوپێکـو یەکگرتـوو، یاخـود ئەگـەر بوویـش بـێ ئـەوا زۆربـەی کات لێـڵ و ئاڵـۆزکاو بـووە و بـۆ گشـت لایەنـەکان وەك یـەك روون و ئاشـکرا نەبـووە.

بەکورتـی بڵێیـن ئـەوەی تاکـو ئێسـتا بەسـەر ئێمـەی کـورد و شـۆڕش و بزووتنەوەکانـی کـورددا هاتـووە، ئـەو هەمـوو زیانـە قورسـانەی لێـمان کەوتـوون و ئـەو چارەنووسـەی بـووە بـە تووشـمانەوە هـۆ هـەرە سـەرەکییەکەی دەگەڕێتـەوە

بـۆ دەردی براکوژییەکـە و یەکنەبوونـی هێـز و ریزەکانـی گـەل تـا ئـەو رادەیـەی کـە دوژمـن لـە دەمـی سـەرۆکی رژێمـی عێراقـەوە بـە گاڵتەپێکـردن و بـە تەوسـەوە بڵێـت: بـا کـوردەکان یەکگـرن (کـە هەرگیـز نابێـت) ئەوجـا بێـن داوای مافیـان لـە ئێمـە بکـەن!»

جـا پـاش ئـەو هەمـوو نەگبەتیـی و کارەسـاتە جەرگبڕانـەوە لـە حوزەیرانـی ١٩٨٨ (بـەرەی کوردسـتانی) پێکهاتـووە و بەشـداریی و رابەرایەتیـی راپەڕینـە مەزنـە سەرتاسـەرییەکەی بەهـاری پـاری کـردووە و ئێسـتاکێ کاروبـاری تـەواوی ناوچـە ئازادکراوەکانـی کوردسـتان دەبـات بەڕێـوە و سـەرکردایەتی بزووتنـەوەی رزگاریخـوازی تێکـڕای جەمـاوەری کوردسـتان دەکاتـن ئـەم (بـەرەی کوردسـتانی) یـە کـە هیـواو ئاواتـی هـەرە پیـرۆزی هـەر کوردێکـی دڵسـۆز و بـە شـەڕەف بـووە، دەسـتکەوتێکی ئێجـگار مـەزن و بەهـادار و پـڕ بایـەخ و چاوەڕوانکـراوی هەمـوو دەسـتە و تاقـم و توێـژە نیشـتمانپەروەرەکانی کوردسـتانە، دەڵێـم ئـەم (بـەرەی کوردسـتانی)یە پێویسـتە وەکـو قیبلەگاهێـك رووی تێبکرێـت و وێنـەی کۆرپەیەکـی تاقانـەی ئێجـگار خۆشەویسـت بەخێـو و پـەروەردە و پارێـزگاری لێـوە بکرێـت. دەبێـت لـە بیلبیلـەی چـاوی هەمـوو تاقـە کەسـێك خۆشەویسـتر بێـت، هەمـوو کوردسـتانییەکی بـە شـەڕەف، هەمـوو دەسـتە و توێـژ و چینێکـی نێـو کۆمـەڵ، هەمـوو یەکێتـی و رێکخـراوە و پارتێکـی نیشـتمانپەروەر و تێکۆشـەری کوردخـواز و دیموکـرات رەوت بـە هەرچـی هێـز و توانـا و دڵسـۆزییەوە خزمەتـی ئـەم نۆبەرەیـە بکـەن و هەمـوو هـەوڵ و کۆششـێکیان لـە پێنـاو زیاتـر چەسـپاندن و پتەوکـردن و پەرەپێدانـی هێـزو دەسـەڵاتی (بـەرەی کوردسـتانی) بێـت، بگـرە داخوازیـی تێکـڕای گەلـی کوردسـتان ئەوەیـە کـە دەبـێ بـە زووتریـن کات (هێزەکانـی پێشـمەرگە و دامودەزگاکانـی دارایـی و راگەیاندن)یـەك بخرێـن و تەنیـا یـەك رێکخـراوەی پیشـەیی و دیموکراسـی هەبێـت بـۆ هـەر چیـن و توێژێـك وەکـو یەکێتـی مامۆسـتایان و قوتابـی و لاوان و ئافرەتـان.. هتـد. چونکـە هێـز

لــە یەکبوونــە و پــەرش و بڵاویــی هیــچ ســوود و بنەمایەکــی دروســتی نییــە و پێچەوانـەی بەرژەوەندیـی گشـتییە! چونکـە لای هەمـووان ئاشـکرایە (بـەرە) مایـەی یەکبـوون و پشـت ئەسـتووری ریزەکانـی گەلـە و هـۆی سـەرکەوتن و بـە ئەنجـام گەیشـتنمانە. حاجـی قـادری نەمـر فەرموویەتـی «تـا رێـك نەکـەون قەبیلـی ئەکـراد ... هــەروا دەبنــە خەڕابــە ئابــاد» هەروەهــا «هەتــا وەك ئاگــری ژێــر کان لەگــەڵ یــەك ... ئەگــەر تۆفــان بــێ لەشــکرتان بــە پوشــەك» جــا هــەر لــە ژێــر ئــاڵای شـەکاوەی (بـەرە)وە دەتوانیـن نـەك تەنیـا ئـەو دەسـکەوتە مەزنانـە بپارێزیـن کـە تــا ئێســتێ لــە کوردســتان بــەدی هاتــوون بەڵکــو بــە گوڕتــر و بــە بــڕوای قایمــی پۆڵاییــنــەوە بــەرەو مســۆگەرکردنی دەســتکەوتی گرنگــتر و پیادەکردنــی تــەواوی مافــە رەواکانمــان لــە ئــازادی و دیموکراســی و ژیانــی ئاســوودە و بەختیــاری دوور لـە داپلۆسـین و چەوسـاندنەوە و هەنـگاوی خێـراو فـراوان هەڵێنینـەوە، لـەم رێـگا پیـرۆزەوە درێـژە بـە خەباتـی نەپسـاوەمان بدەیـن روو و داهاتوویەکـی سـەرفرازی و پـڕ لـە کامەرانـی وئاشـتیانەوە، دوور لـە پێشـێلکردنی هـەچ مافێکـی مـرۆڤ لـە کوردســتانێکی شــاد و ئــازاددا!

ئەگــەر دەشــڵێین (فــرە پارتایەتــی) نیشــانەی دیموکراســی و کارێکــی دروســتیی ســەردەمە، ئێمەیــش دەڵێیــن (گیانــی بەرەیەتی)یــش بڕبــڕەی پشــتی ئــەم (فــرە حزبایەتــی) یــە و زەمینــەی هــەرە لەبــار و بــە پیتــی گەشەســەندن و هاتنــە بەریەتــی! جــا لەبــەر رۆشــنایی ئــەو خاڵانــەی ســەرەوەدا دەڵێیــن (پاراســتن و پتەوکردنــی بــەرەی کوردســتانی) ئیمــڕۆ ئەرکــی مێژوویــی هەمــوو تاکــو کــۆ و لایەنێکــە.. خۆشــبەختانە ئەمــەش بۆتــە دروشــمی نەگــۆڕ و پیــرۆزی هەمــوان و تــا ئێســتا هــەر ئــەم ئاڵایەیــان بــەرز کردۆتــەوە و (یەکبــوون و پاراســتنی ریزەکانــی بــەرەی کوردســتانی) وێــردی ســەر زمانــی رۆژ و شــەویانە! لەبــەر ئەمــە هــەر کەسـانێك یـان هـەر دەسـتە و تاقمێـك و هـەر پارتێـك چ لـە نێـو (بـەرە) دا و چ لـە دەرەوەی (بـەرە)دا بـە هـەر هۆیـەك و بـۆ هـەر بڕوبیانوویـەك بـووە، بـە قسـە

یـان بـه کـردەوە، بـای سـەری دەرزییـەك زیـان بـە (بـەرەی کوردسـتانی) بگەیەنێـو یاخـۆ ببێتـە پـواز و هەوڵـی قڵەشـاندنی ریزەکانـی بـدات، یـا پاتـە و پـات بڵێیـن ببێتـە دەستپێشـخەر و هـۆی لاوازکـردن، لەکارخسـتن، یـان خواینەخواسـتە تێکـدان و نەمانـی (بـەرەی کوردسـتانی) ئـەوا راستەوراسـت بـە دوژمنـی خوێنەخـۆی ئـەم میللەتـی کـوردی هـەژار و بێکـەس و بێچارەیـە لـە قەڵـەم دەدرێ و مـۆری ناپاکـی و نازنـاوی (خەیانـەت)ی هەتـا هەتایـەی پـێ دەبەخشرێـت، چونکـە ئەگـەر تـا ئـەم قۆناغـەش چاوپۆشـیی لـەو جـۆرە کردەوەیـە کـورد فەوتێنەرانـەوە کرابێـت و کردەکانیـان لەلایـەن میللەتـەوە عەفـوو کرابـن، ئـەوا لەمـڕۆ بـەدواوە جارێکـی تـر بیانـوو بـۆ ئـەم تاوانانـە لـە ئـارادا نەمـاوە و حوکمـی مێـژووش ئێجـگار سـەخت و دژوار دەبێـت! چونکـە:

- ئۆباڵی خوێنی پاکی سەدان هەزار شەهیدی نەمر

- ئۆباڵـی دەریـای فرمێسـك و کـزەی دەروونـی سـەدان هـەزار دایـك و خوشـك و بێوەژنـان.

- ئۆباڵی گڕوگڵپە و قرچەی هەناوی سەدان هەزار هەتیو.

- ئۆباڵـــی وێرانبـــوون و لەنێوچـــوون و دۆڕاندنـــی ســـەراپای کوردســـتان لـــە ئەســـتۆی ئەوانـــەدا دەبێـــت.

ئیـتر دەبـا هـەر هەموومـان بەیـەك دەنگـی زوڵاڵ و هـەرە بـەرزەوە لەناخـی ناخمانـەوە و پـڕ بـە دڵ، بەیەکـەوە هوتافـی (هـەر بـژی بـەرەی کوردسـتانی) بدەیـن بـە گوێچکـەی گەردوونـدا و بـۆ رۆژگاری بسـەلمێنین کـە ئێمـەی کوردیـش (هەیـن) و شایسـتەی (ژیـان)ی سـەرفرازی و مرۆڤانەیشـین!

# بۆ سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانی یەکگرتوو

(یادداشتێك لەلایەن کۆمەڵێك نووسەر و رۆشنبیر لە هەولێر)
هەولێر ١٩٩٤/٥/٦

بەنــاوی شۆڕشــی ئازادیخوازیــی نەتەوەیــی کــورد و بەنــاوی هەمــوو خــاوەن ویژدانێکــی پــاك و دڵســۆزی کوردایەتــی. بەنــاوی ئــەو ١٨٢ هــەزار ئەنفالکــراوە و قوربانییەکانــی کیمیابارانــی هەڵەبجــەی شــەهید. بەنــاوی ئــەو هەشــت هــەزار بارزانیانــەی بــێ سەروشــوێن کــران و لەناوبــران. ئێمــەی کۆمەڵێــك لــە نووســەر و رووناکبیــری دڵســۆزی کوردســتان لــە شــارە دێرینــە خۆڕاگرەکــەی هەولێــر. داواکاریــن بــە زووتریــن کات هەمــوو جــۆرە دیاردەیەکــی چەکداریــی و کوشــتار لەنــاو کوردســتانی باشــووری ئازادکــراودا نەهێڵیــن.

چونکــە ئێســتاکە وڵاتەکەمــان بــە قۆناغێکــی زۆر ناســکدا تێدەپــەڕێ و رژیمــی فاشــی بەغــدا و هەمــوو دوژمنانــی کــورد بــا زیاتــر پێــمان خــۆش نەبــن و لــە

کەلێنـــی ڕێزەکانـــی هێـــزە نیشـــتمانییەکانمانەوە نەیەنـــە ژوورەوە و کوردســـتانی ئازادکـراو داگیـر نەکـەن. ئێسـتاش دەمانـەوێ بـە کـردەوە ئـەم کارانـەی خـوارەوە ئەنجـام بـدەن:

١- ئـەوەی ئاگـری براکـوژی لەنـاو میللەتـدا هەڵدەگیرسـێنێ، دوژمنـی هـەرە گـەورەی کـوردە و دەبـێ ریسـوا بکـرێ.

٢- مـاوە نـەدەن کـەس بیـر لـە تۆڵەسـەندنەوە بـکات، چونکـە کارەسـاتی گەورەتـری بـەدوا دێـت.

٣- ئەوانـەی بوونەتـە هـۆی هەڵگیرسـانی ئـەم فیتنـە و کوشـتارە بـە ڕێگایەکـی یاسـایی بدرێنـە دادگا و بـە سـزای خۆیـان بگـەن.

لـە کۆتاییـدا دەڵێیـن هەمووـمـان ئێسـتاکە لەبـەردەم لێپرسـینەوەیەکی مێژوویـی دایـن و مێـژووش ڕەحـم بەکـەس نـاکات و ئۆباڵـی میللەتـی کوردیـش لـە ئەسـتۆی ئێوەدایـە.

- ئـەم یادداشـتە لەلایـەن کۆمەڵێـك نووسـەر و ڕۆشـنبیر لـە شـاری هەولێـر ئامادەکـرا کـە بریتـی بـوون لـەم بەڕێزانـە:

کەریـم شـارەزا، مومتـاز حەیـدەری، مەجیـد ئاسـنگەر، لەتیـف شـاکر، عەبدولخالـق عەلائەدیـن، مەدحـەت بێخـەو.. مەولـوود قـادر بێخاڵـی. حەمەکەریـم هەورامـی، طـارق جامبـاز.. کـمال عبدالقـادر

وێنەیەك بۆ:

- حیزبە تێکۆشەرەکانی بەرەی کوردستانی و دەرەوەی بەرەی کوردستانی.
- ڕۆژنامەکانی کوردستانی ئازادکراو
- ئێستگەی رادیۆ و تەلەڤزیۆنەکانی حزبە کوردستانییەکان و رادیۆی هەرێم.

# زۆر بەڕێز نیلسۆن ماندیلا

جوهانسبۆرگ، خوارووی ئەفریقیا

بەناوی دەستەیەك لە رۆشنبیر و نووسەرانی کوردستانی عێراق لە هەولێر، لە ناخی دڵمانەوە پیرۆزبایی ئەو سەرکەوتنە مەزنەتان لێدەکەین کە لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەدا بۆ پۆستی سەرکۆماریی وڵاتەکەتان بەدەستتان هێنا، چونکە بەڕێزتان ساڵی ١٩٩٢ هەڵوێستی مەزنتان بەرامبەر بە گەلی ئێمەی کوردەوە نواند و پشتگیریی میللەتی ستەمدیدە و چەوساوەی ئێمەتان کردووە. هیواداریـن گەلی تێکۆشەری خۆتان بەرەو دیموکراسی و ئاشتی و گەشەکردن ببەن.

لەگەڵ ئەوپەڕی رێزماندا

کوردستانی باشوور ١٩٩٤/٥/١

# ئەو دیوارەی کوفرە دەیڕوخێنین
# هاوارێك دژ بە شەڕی خۆبەخۆ

ڕووداوە خەمنـــاك و خوێناوییەکانـــی چەنـــد ڕۆژی ڕابـــردوو کارەســـات ئاسا ئاســـمانی ســـاف و بێگـــەردی کوردســـتانیان تەماویـــی کـــرد، بـــزەی ســـەر لێوانیـــان تۆرانـــد، پەردەیەکـــی ڕەش و ئەســـتووری دڵەڕاوکـــێ و نائومێدییـــان خســـتە ســـەر چـــاو و دیـــدەی کۆمەڵانـــی خەڵکـــی تۆقێـــنراوی کوردســـتان لەلایـــەك و ختووکـــەی پێخۆشـــبوون و هەوایەکـــی کلـــك قیتکردنـــەوە بـــە فیـــزەوە خـــۆ بەدەرخســـتنەوەی بـــە دوژمنانـــی گـــەل بەخشـــیوە کـــە لـــە خەویشـــا بەخەیاڵیانـــا نەدەهـــات ئاوەهـــا بـــە زوویـــی بارودۆخێکـــی لـــەم چەشـــنە گونجاویـــان بـــۆ هەڵکەوێـــت، لەلایەکـــی تـــرەوە جەمـــاوەری ڕەش و ڕووت و ســـتەمدیدە، کۆمەڵانـــی برســـی و بێـــکار و دەرامـــەت و نـــەدار و هـــەژار و خۆڕاگـــری چیـــن و توێـــژە پلیشـــاوە و زۆرلێکـــراوی میللـــەت،

ئەوانـەی هـەر تەنهـا بـۆ (ئـازادی و دیموکراسـی) و پاراسـتن و بـە ئەنجامگەیاندنـی ئەزموونــە ســاواکەی کوردســتانی باشــوور بەوپــەڕی دڵســۆزیی و گیانبازیــی و لەخۆبوردویـی و مەردانـە چوونەتـە ژێربـاری گرانـی ژینێکـی کوڵەمەرگیـی ئەوتـۆوە کـە لەمێــژوودا دەگمەنــە و لــە پێنــاوی ئــەم ئەرکــە پیــرۆزەدا بەرگــەی هەمــوو پاڵەپەســتۆ و ناســۆرێکیان گرتــووە و ناخۆشــترین تاڵیــی و ســوێرییان چەشــتووە، هەقیانــە کــە ئیمــڕۆ دووچــاری ئەوپــەڕی نیگەرانــی و دڵەڕاوکــێ و مەترســیی و ئومێدبڕاویـی هاتـوون و لـە جێگـەی خۆیایەتـی گـەر دەسـبەرداری گشـت کارو فەرمانێکــی ئاســایی رۆژانەیــان بــن و رۆژ و شــەو بڕژێنــە نێــو کــۆڵان و شــەقام و گۆڕەپانەکانــەوە، ســەردانی ناوچــە و کۆمێتــە و مەڵبەنــد و لــق و بــارەگای تێکــڕای حــزب و رێکخــراوەکان و نووســینگەی رۆژنامــە و رادیــۆ و تەلەڤزیــۆن و راگەیاندنەکانــی هەرێمــی کوردســتان بکــەن و بــە رووی کاربەدەســتەکاندا و بەرامبــەر ســەرکردایەتیی سیاســییەکانی شۆڕشــی کــورددا پــڕ بــە زار هــاوار بکــەن و بڵێــن: ئــەرێ هــۆ خەڵکینــە ئــەی ئەوانــەی چارەنــووس و کوولەکــەی رۆحــی میللەتەکەمــان وا لەدەســتی ئێوەدایــە ـ بــە نــاوی مێــژووی پــڕ لــە خەبــات و شکســتهێنان و ناســۆر و مەینەتــی و دەردی ســەر و تراژیدیــا و کارەســاتەوە بەنـاوی هـەزاران شـەهیدی جانفیـدا و خێرلەخۆنەدیـوی رێـگای رزگاریـی و سـەرفرازیی کوردسـتانەوە، بەنـاوی دایـك و باوکانـی جـەرگ سـووتاوەوە، کۆرپـە و منداڵـی هەتیوکـراوەوە تـازە بووکـی بێـوەژن کـراوی بـێ نـازەوە، دەسـتمان بـە دامێنتـان چیـتر بـە چـەك یـاری بـە ئاینـدە و چارەنووسـمانەوە مەکـەن، سـەرچاوەی ژیانمــان لــێ کوێــر مەکەنــەوە، چراوگــی هیــواو ئومێدمــان بــە چــرە دووکەڵــی گوللــە تۆپــان لــێ مەکوژێننــەوە، ئــەولا دیــوارەی خانوومــان کــە وەك هێشــکە کەڵــەك بــە کەللــەسەری شــەهیدانمان هەڵمانناــوە و بــە نیازەوەیــن خانووەکــە بنیـاد بنێیـن و تیایـدا بحەوێینـەوە و ئـەو خوێنەگەشـەی پـێ سـوورکراوە هێشـتا هــەر گەرمــە و جــارێ نەمەییــوە، ئــەو لادیــوارە کوفــرە لێمانــی دەڕووخێنــن. گەلــۆ

بــە پێلاقــە و بنکــۆڵ کــردن لێمانــی دانەتەپێنــن، چونکــە باوەڕتــان بێــت بەبــێ دیــوار لانــەواز دەبیــن و بــێ لانــە دەمێنینــەوە و جارێکــی تــر بــەم نزیکانــە وشــکە دیوارێکــی دیکــەی لــەم بابەتەمــان بــۆ هەڵناچنرێتــەوە.. هــەی هــاوار لــە خۆمــان «دوژمنانیــش قیــن و داخ لەدڵانیــش ئــەو گورگانەیــش کــە خۆیانیــان لــە پێســتی مــەردا حەشــارداوە و چاوەچــاوی دەرفەتێکــی لەبــارن بۆیــان بڕەخســێ، ئــەو مــاری گائەنگێوانــەی لــە ژێــر زەبــری شــۆڕش و راپەڕینــە مەزنەکــەی بەهــاری ١٩٩١ دا ســڕ و مــت ببــوون وا خەریکــە ختووکــە و تــەزووی شــەڕی براکــوژی (کــە نیشــانەکانی بــە ئاســمانی وڵاتــەوە دیــارن) گەرماییــان پێدەبەخشــێ، جووڵەیــان تێدەخاتــەوە و کلکیــان پــێ قیــت دەکاتــەوە و هەڵپــەی ئەوەیانــە بــە زووتریــن کات زەهــری گڵاویــان بەســەر میللەتــی بەســەزماندا بڕژێنــن و زەبــری کوشــندەی خۆیــان لــە دەســتکەوتەکانیان بوەشــێنن و مەرامــە پیســەکانیان بــە دی بێنــن!

دایکــی نیشــتمان وا بــە نــزاوە لێتانــەوە دەپاڕێتــەوە و هاوارتــان لێــدەکات و دەڵێــت «ئاهــی ســەردی مــن بتانگرێــت، شــیری منتــان لــێ حــەرام بێــت و لەنێــو خاکمــدا نەحەسێنەوە ئەگــەر هــەر ئێســتا و بــێ دواکەوتــن، دەســتبەجێ ئــەم شــەڕی براکوژییــە نەفــرەت لێکــراوە نەوەســتێنن و دەســتی بەســۆز و پــڕ میهــری «برایەتــی و تەبایــی و هاوپەیمانێتــی» پێشــووتان نەخەنــەوە گەردنــی یەکــتری و نێودەســتی هەمــوو رۆڵــە دڵســۆزەکان و حــزب و گروپــە تێکۆشــەرەکانی دیکــەوە بــە هەمووانتــان تێکــڕا و بەیەکــەوە ئــەم دیــوارەم بــۆ هەڵنێنــەوە و شــوورەیەکی پۆڵایینــی زۆر قایمــی بــە دەوردا دروســت بکەنــەوە. ئەوســا ئاســوودە و دڵنیــا دەڵێــم «دەســتتان خــۆش، بــە هــەق ئێــوە رۆڵــەی جگەرســۆزی منــن!! »

# یادێکی زۆر پیرۆز و واقیعێکی ئێجگار تاڵ

هەولێر ١٩٩٤/٥/١٩

لە یادی دووەم ساڵوەگەڕی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

٥/١٩ دووەمین ساڵرۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانە کە دوو ساڵ لەمەوبەر گەلی کوردستان لەم رۆژە مەزنەدا گەورەترین تاقیکردنەوەی گرنگ و دژواری سەرکەوتووانە بە ئەنجام گەیاند، زۆر بەرێکوپێکی و بەگیانێکی ئەوەندە لەخۆبردووانە، تەبایی و برایەتی راستەقینە و بە ویستێکی پۆڵایین و سۆزێکی ئاوەها بەگوڕ و پڕ لە هیواوە پرۆسەی یەکەمین هەڵبژاردنی گشتیی لە مێژووی پڕ سەروەریی کۆن و تازەیدا هێندە بە شێوازێکی دیموکراسیانە بەڕێوە برد بووە هۆی سەرسوڕمان و شانازیی پێوەکردنی خۆیی و هەموو دۆستانییەوە، سەرەڕای هەرچی کەموکوڕییەکیش نموونەیەکی دەگمەن و کەم

وێنە بوو نەك هەر لەناوچەکەدا بگرە لە هەموو جیهانی سێهەمیشدا. ئەو ڕۆژە مێژووییە جەژنی کوردستانە، کەرنەڤاڵێکی میللی ئەوەندە قەشەنگی سازدابوو هەر شایستەی خۆیی و بۆنە ئێجگار پیرۆزەکەی بوو، ئەنجامی هەڵبژاردنە سەرکەوتووەکەیش دامەزراندنی یەکەمین ئەنجومەنی نیشتمانیی و یەکەم کابینەی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بوو، ئەم دوو دەستکەوتە هەرە گرنگ و مەزنانەی بە خوێنی هەزاران شەهید و ئارەقە و ڕەنجی ڕۆڵە دڵسۆز و تێکۆشەرەکانیەوە هاتوونەتەدی کە دەبێ هەمووان بە هەموو توانایەکەوە هەمیشە وەك بیبیلەی چاوان بیانپارێزن!

١٩٩٣/٥/١٩ بەوپەڕی شادمانی و سەربەرزی و شانازیی پێوەکردنەوە یادی ئەم ڕۆژە لە سەرتاسەری کوردستان کرایەوە، یادی ساڵێك کاری ڕێکوپێك و کارکردن بە گیانی تەبایی و برایەتی و هاوکاری و دەرکردنی کۆمەڵێك بڕیار و قانوونی بەکەڵك و پێویست بۆ بەرژەوەندیی گەل و نیشتمان. گەل بە گوڕتر چاوەڕوانی بەرهەمی زێتر و بە پێزتری لێوە دەکردن و بە هیوای گەشەسەندنی هەموو دامودەزگاکانی میریی بوو لە سەرانسەری کوردستاندا.

کەچی زۆر بەداخەوە ١٩٩٤/٥/١٩ لە دووەمین ساڵرۆژی هەڵبژاردندا تەمێکی دزێو بەری ئاسمانی وڵاتی گرتووە، خەم و پەژارە و نائومێدی و دڵەراوکێ خەریکن جێگەی خۆشیی و شادمانی و ئاسوودەیی لە دڵ و دەروونی جەماوەری خۆراگری کوردستاندا دەگرنەوە.. بەهۆی مەترسیی شەڕی پڕ لە کارەسات و زیانبەخش و ناڕەوای براکوژییەوە کە هەڵپەی ئەوەیەتی زۆر بە توندی بتەقینەوە و تەڕ و هیشك بەیەکەو بسووتێنێ. مخابنە لە یادی دووەم ساڵرۆژیدا پەرلەمانە کۆرپەکەمان پەککەوتە و بێ نازە، وەکو ساوایەکی شەپڕێو لە پەلوپۆکەوتووە، ماوەیەکە دانیشتن نییە، ئەندامانی کە تا دوێنێ برا ئاسا هەموو تەبا و هاوڕێ و هاودەنگ پێکەوە بۆ خزمەتی گەل و نیشتمان ڕۆژ و شەو لەکاردابوون، ئێستێ لێکدی ترازان و پەرتەیان لێکردووە.

بــارەگا نازدارەکەیــان بێنــاز کەوتــوە و زۆر بــە پەرۆشــەوە چاوەڕوانــی هاتنــەوە و دانیشــتنە بەســوودەکانیانە!

ســەیرە و جێــگای داخــە ئەزموونــە دیموکراســییە ســەرکەوتوەکەمان ئــاوا کتوپــڕ لــێ بئاڵۆزکــێ و پەلەقــاژەی پــێ بکــەوێ و بــەرەو هــەرەس بــڕوات! وا دیــارە ئێمــە هــەر وەکــو دەکارێیــن لــە چرکەیەکــدا بگەینــە ترۆپکــی دیموکراســی و ژیــاری شارســتانیی و پێشــکەوتنخوازی ئاوەهــاش بۆمــان هەیــە لــە چرکەیەکــدا دەستبەرداری هەمــوو بەهایــەك بیــن و بــەرەو خەرەنــدی دواکەوتوویــی و دیــاردەی ناشــیرین و دژی کەمتریــن بنەمــا و نەریتــی دیموکراســی هەنــگاو هەڵێنیــن.. (دیــارە دیســانەوە دەردە کــوردە کــە لــە ســەرەتای مێژومانــەوە.. هەتــا ئیمــڕۆ نەیهێشــتووە ببیــن بــە هیــچ!).

ئێســتەیش پێویســتە هەمــووان بــە تایبەتــی هــەردوو حزبــی بــرا پارتــی و یەکێتــی و تێکــڕای حزبەکانــی کوردســتان و گشــت رۆڵــە نیشــتمانپەروەرەکانی دەرەوەی حزبەکانیــش تەنیــا و بــەس تەنیــا بەرژەوەنــدی گشــتی رەچــاو بکــەن و بــە تەنیــا (هــۆش) بخرێتــە کار و هەرچــی رێــگا چــاك و خێرخوازانەیــە بیانگرنەبــەر بــۆ کوژاندنــەوە و بنبڕکردنــی هۆکانــی ئــەم شــەڕی براکوژییــەی نەفــرەت لێکــراوە و ئارامکردنــەوەی بارودۆخەکــە و گەڕاندنــەوەی گیانــی برایــی و تەبایــی و هاوپەیمانێتــی پێشــوو بــۆ نێــو هەمــوو باڵەکانــی بزاڤــی رزگاریخــوازی کوردســتان و ئــەم یــادگارە ئێجــگار پیــرۆز و شــیرینە لــەم واقیعــە ئێجــگار تفــت و تاڵەیــدا رزگار بکەیــن کــە تێــی کەوتــووە، دەبــا ســەرلەنوێ و بــۆ هەمیشــە هــەردوو ئەنجوومەنــی نیشــتمانیی و حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان، بــە کوێرایــی چــاوی ناحــەز و دوژمنــان، لــە جــاران بــە گوڕتــر دەســت بــەکار بینــەوە و هەمــوو توانســتێك بخەنــەوە گــەڕ بــۆ پەرەپێــدان و گەشەســەندنی ئەزموونەکــە و ئاوەدانکردنــەوەی کوردســتان و چاککردنــی بــاری زۆر ســەختی ژیــان و دەرامــەت و گوزەرانــی کۆمەڵانــی خەڵکــی رەش و رووت و هــەژار و لێقەومــاوی گــەل، ئەوانــەی بــە هــەق

ســووتەمەنی شۆڕشــەکانمان بــوون و هێــزی لــە بــن نەهاتــووی هەمیشــە ئامــادەن بــۆ پاراســتنی دەســتکەوتەکانمان و هــەر ئەوانیــش دەبنــە قۆچــی قوربانیــی هەمــوو وەزعێکــی نالەبــار و هەمــوو شــەڕێکی (خۆکــوژی)!.

ئەوساکەیش هەمووان پڕ بە دڵ هاوار دەکەین و دەڵێین:

سەدجار پیرۆزە ئەم یادگارە شیرینە.

# گوتاری وەرگێڕدراو

# زیندەگی لەنێو شارە مێروولەدا

نووسینی: **Craig and Hurley**

گۆڤاری کاروان ژمارە (٣٧) تشرینی یەکەم ١٩٨٥

ژیانی نێو شارە مێرلووە ئێجگار جەنجاڵە، مێروولەکان بە راکردن بۆ هەموو لایێك لە هاتووچۆدان. پارچە خۆراك، یا هێلکە، یاخود ساواکانیان لە ژوورێکی خانووە زلەکەیانەوە دەگوێزنەوە بۆ ژوورێکی تر.. مرۆڤ واقی وردەمێنێ لەو هەموو شتانەی مێروولە دەیانکەن.

سەرەنجام، ئەو رۆژە واهات کە دەمێ بوو نەخشەی بۆ کێشرابوو، ئەو منالانەی لە ژوورەکەی (خاتوو بێل) دابوون خۆیان بۆ سەیران ئامادە کردبوو، بەڵام ئەمەیان هەر تەنیا سەیرانێکی ئاسایی رۆژانە نەبوو، نەخەیر! ئەمەیان دەبوا گەشتێکی زۆر تایبەت بێ، مناڵەکان هەر بۆ ئەو نەدەچوونە دەرەوە شت بخۆن بەڵکو دەبوا شتیش فێر بن. مناڵەکان حەزیان زۆر بە

زانست دەکرد. لە ماوەی ساڵەکەدا چەندەها گەشتی تریان سازدابوو بەو نیازەوە هەندێ لەو شتانە ببینن کە پێشتر خوێندبوویانن. ئیمڕۆکەیش دەبوو گەشتێکی دیکەی لەو بابەتەوە بکەن. ئیمڕۆ دەیانویست بە شوێن شارە مێروولەدا بگەڕێن، چونکە زۆر چێژیان لە بابەتی مێرووله وەگربتوو، ئارەزوویان دەکرد زیاتریان لەبارەوە فێربن.

خاتوو بێل زانایەکی بانگ کردبوو لەگەڵیاندا بچێ ناوی (مستر دەی) بوو. میستەر دەی لە قوتابخانەدا قسەی بۆ مناڵەکان کردبوو، ئەوانیش لیستەیەکیان بەو شتانەوە ئامادە کردبوو کە دەیانویست لەبارەی مێروولەوە فێریان بن. ئەمانەیش ئەو پرسیارانەن کە وەرامەکانیان دەویست:

١- چەند جۆر مێرووله هەن؟

٢- نیشتمانی مێرووله لەچی دەکات؟

٣- مێرووله چی دەخۆن؟

٤- ئایا مێروولەیش وەکو مێشهەنگ شاژن و کرێکار و نێرینەی بێکاریان هەن؟

٥- خێزانی مێرووله لە چیدا بە خێزانی ئادەمیزاد دەچێ؟

٦- کاری تایبەتی هەر جۆرە مێروولەیەك چییە کە لە شارەکەدا دەژین؟

٧- لە جیهاندا چەند جۆرە شارە مێروولەی جیاواز هەیە؟

رۆژێکی گەشی مانگی حوزەیران بوو، خۆر بەدەرەوە بوو. خاتوو بێل سەنووقێ هاوێنەی گەردبینی ئامادە کردبوو، میستەر دەی وتبووی بە هۆیانەوە دەیانتوانی شتهایەکی زیاتر ببینن.. مناڵەکانیش پەڕاوییەکانی خۆیانیان هەڵگرتبوو.

بەرێگاکەدا چوونە خوارەوە وەکو تیپێکی راوچی کە بەدوای نێچیردا بگەڕێت. میستەر دەی کە لە پێشەوە بوو لەناکاوێکدا راوێستا. بێدەنگی باڵی بەسەر تیپەکەدا کێشا. دەبێ چیی دۆزیبێتەوە؟ مناڵەکان بە دەوری

کەڤرێکـەوە کۆبوونـەوە کـە میسـتەر دەی لێـی نـەوی بـوو هەڵیکەنـێ کەڤرەکـە خـزا. بـە هەمـوو لایەکـدا مێرووڵـەی رەش black ants هەڵهاتـن. مناڵـەکان بەسـەر سـوڕمانەوە هاواریـان لـێ هەڵسـا. ئـۆه! ئـۆه! ئـۆه! میسـتەر دەی و خاتـوو بێـل مناڵەکانیـان هێـور کردنـەوە و هاوێنـە گەردبینەکانیـان پێـدان. مناڵـەکان بەسـەر سـکدا راکشـان و سـەرنجیان لـە مێرووڵـە بچووکـە رەش و شـەش قاچـەکان دا کـە خەریکـی کاربـوون.

مێرووڵەی رەش Black ants

میستەر دەی وتی:

«ئەمانـە مێرووڵـە رەشـەی ئاسـایین کـە لـە هەمـوو شـوێنێکدا دەیانبینیـن، بـە هـەزاران بگـرە ملیۆنەهـا لەمانـە نزیـك ماڵەکانتـان دەبینرێـن. ئـەم جـۆرە مێرووڵەیـە گەلـێ زووتـر بەرلـەوەی ئادەمیـزاد پەیـدا بێـت لەسـەر زەویـدا هەبـوون. هەنـدێ زانایـان دەڵێـن پەنجـا ملیـۆن ساڵە مێرووڵـە هەیـە» مناڵێکیـان بەسـەر سـوڕمانەوە فیکەیەکـی بـۆ کێشـا و گوتـی: «ئـەوە ماوەیەکـی زۆر درێـژە!» میسـتەر دەی لەسـەری رۆیشـت: «بەڵـێ ماوەیەکـی ئێجـگار درێـژە ئـەم مێرووڵانـە کۆمەڵگایەکـی رێکخراویـان هەیـە، وەکـو مێشـهەنگ، پۆلیـس و پاسـەوان و سیسـتەر و شـاژن و ئیشـکەر و نێـرەی بێـکار و وەزیـر و سەربازیشـیان هـەن.» مناڵێکیـان گوتـی «تکایـە، باسـی شـارە مێرووڵەمـان بـۆ بکـە».

میسـتەر دەی دەسـتی دایـە خاکەنازێك و کەوتـە هەڵکەندنـی شـارە مێرووڵەکـە، شـارەکەی لەتلـەت کـرد و لەتێکیانـی بەسـاخی هێتشـەوە. بـەوەدا منداڵـەکان دەرفەتێکـی باشـیان بـۆ رەخسـا کـە بـە چاکیـی و لـە نزیکـەوە سـەیری شـارە مێرووڵەیـی بکـەن. «هـەر لـە سـاختمانی ئەپارتمانـێ دەکات، سـەیری! نهـۆم بەسـەر نهۆمـەوە بنیـاد نـراوە!» یەکێکیـان وتـی: «ئەمـە گوندێکـم دێنێتـەوە یـاد، هـەر ژوورێ وەکـو خانوویەکـێ چکۆڵـە وایـە، باشـە مێرووڵـە ئـەم هەمـوو ژوورەیـان بۆچییـە لـە شـارەکەیانا؟» میسـتەر دەی گوتـی: پێتانـم وتـوە کـە خێزانـی مێرووڵـە

ئێجگار گەورەیە، لەبەر ئەمە دەبێ شارەکەیان هێندە فراوان بێت تاکو جێگای هەموویانی تێدا بێتەوە.» ئەوجا میستەردەی باسی ژووره جیاوازەکانی بۆیان کرد. مناڵەکانیش لەبارەی مێروولەوە ئەم بابەتە بەچێژانە فێربوون.

مێروولەی رەش و شاژنەکانیان (Queens):

شاژن جگە لە هێلکەدانان هیچی تر ناکات.. دوابەدوای گەشتی بووکێنی (wedding flight) دەچێتە کن شارێکەوە، یاخود شارێکی نوێ بۆ خۆی دروست دەکا. ئەنجا دەکەوێتە هێلکەدانان و لەهەر دوو چرکەدا هێلکەیەك دادەنێت. شاژن لە یەکێ لە ژووره زۆرەکانی ژێرخانی شارەکەدا دەژیت. ئەگەر ویستت بچیتە ژوورەکەیەوە دەبێ بە کەندرێکی قووڵدا بچیتە خوارەوە. ژوورەکەی ئەمیش بۆیە زۆر لە قووڵدایە تاوەکو باشتر بپارێزرێت. باشە ئاخۆ لە یادتان ماوە کە شاژنی مێشهەنگ پاسەوانی هەن؟ هەروەها شاژنی مێروولەیش پاسەوانی هەن کە فەرمانیان ئەوەیە ماوە نەدەن هیچ ئازارێکی پێ بگات.

شاژن مێروولەیەکی زۆر زلە، پاشۆڵێکی گەورەی هەیە هێلکەکانی تیایدا هەڵدەگرێ. بەر لە گەشتی بووکێنی باڵی پێوە دەڕسکێنێ، بەڵام هەر کاتێ لەگەشتەکەیدا گەڕایەوە باڵەکانی دەقرتێنێ. لەم ساتە بەدواوە جگە لە هێلکەدانانی بەردەوام هیچ کارێکی تر ناکات. هەندێ شاژن تەنانەت بۆ ماوەی دە ساڵان لەسەر هێلکە دانان بەردەوام دەبن. بیری لێبکەنەوە بزانن لەو ماوەیەدا چەند هێلکە دادەنێن.. ئەو مێروولە وردیلانە خەریکی چین؟ ئەوان وا خەریکن هێلکە بچووکەکان لە ژووری شاهانەوە رادەگوێزن.. هێلکەکان هەر بەقەدەر کونی دەرزی دەبن باشە بام شوێن مێروولەکان هەڵگرین وا لە تونێلە سەرەکییەکەوە دێنە دەرەوە. ئەها ئێستێ بۆ ژوورێك بادەدەنەوە و کە پڕیەتی لە هێلکە. هێلکەکان بە تەڕیی دەپارێزن تاکو بەیەکەوە بنووسێن. هەرکاتێ ئیشکەرەکان یاخۆ سیستەرەکان بیانەوێ بۆ

ژوورێکــی تریــان بگوێزنــەوە ئــەوا دەتوانــن هــەر جــارەی ژمارەیەکــی زۆران لــێ راگوێــزن. ئەمەیــش کات و ئەرکــی مێرووڵــە کاراکان پاشــەکەوت دەکات. هێلکــەکان زوو لــەم یەکەمیــن ژوورەیانــەوە رادەگوێزرێنــە یەکێکــی دیکــەوە کــە هێلکــەی کۆنــتری تیایدایــە. ئەمەیشــیان نزیکــترە لەبانــی شــارەکەوە. چونکــە هێلکــەکان پێویســتە بەگەرمــی هەڵبگیردرێــن، ژوورەکانــی نزیــك لەبانەکــەوە بەهــۆی رۆژ لەوانــەی ژێــرەوە گەرمــترن.

هێلکــەکان نزیکــەی دوو هەفتەیــان گەرەکــە تــا دەتروکێــن. لــەم ماوەیەشــدا لــە ژوورێکــەوە دەگوێزرێنــەوە بــۆ یەکێکــی دی. جــا کاتــێ کــە ترەکیــن ئــەوا (لارڤــا) کان دەبرێنــە ژوورێکــی تــرەوە. لــەم ژوورەیانــدا چەنــدان کارکــەری سیســتەر (nurse workers) بــەدی دەکرێــن. ئەمانیــش قەبــارە مــام ناوەندییــن. ئەمــان شــۆکەری دار، واتــە گــەزۆ یاخــود شــیری مێرووڵەیــان پێــدەدەن. مێرووڵــە ئــەم شــلەیە لــە مانگاکانیانــەوە بــەدەس دێنــن کــە دواتــر باســی لێــوە دەکەیــن. سیســتەرەکان دەمیــان دەخەنــە دەمــی لارڤاکانــەوە و ئەوانیــش خواردنەکــە دەمژنــەوە، ئەمیــش لەیــاد نەکــەن کــە لارڤــاکان هەرگیــز لــە خــواردن ناوەســتن!

لارڤــا (Larva) زوو هــەراش دەبــن و ئەوەنــدەی پێناچــێ ئامــادە بــن قۆزاخــەی خۆیــان بچنــن. ئەوســا جارێکــی تــر دەیانگوێزنــەوە بــۆ ژوورێکــی دیکــە و لەوێــدا لەنێــو لمــدا دەنێژرێــن.

لەوێــدا بــە نێــژراوی دەمێننــەوە و قۆزاخەکانیــان تــەواو دەئاڵێنــن و لــە لارڤــاوە دەبــن بــە مێرووڵــەی تــەواو. بــەڵام هەمــوو ئــەو مێرووڵانــەی لــە هێلکــەوە دەجووقێــن وەکــو یــەك نیــن. لەراســتیدا پێنــج جــۆری جیاوازیــان لێــوە دەردەچــێ. لەوانــە چەنــد دانەیەکیــان شــاژنی قــەوارە زلــن، ژمارەیەکــی زۆریشــیان دەبنــە نێــرەی بێــکار، واتــا بابانــە. ئەوانــی تریــش دەبــن بــە ســێ جــۆر ئیشــکەری بــە قــەوارە جیــاواز. هــەرە بچووکــەکان ئــەو ئیشــکەرانەن کــە شــارەکەیان پاکدەکەنــەوە. مــام ناوەنجێکانیــان سیســتەرەکانن کــە خــواردن بــە شــاژن دەدەن

و ئاگاداریـی لارڤـاکان دەکـەن. ئەنجـا ئیشـکەرە زلـەکان دێـن، ئەمانیـش سـەرباز و پاسـەوانن. کاریـان ئەوەیـە وەکـو یاسـاوڵ بـە دووی دوژمنـدا بگەڕێـن و نەهێڵـن توخنـی شـارەکەیان بکەونـەوە. هـەر کاتـێ سـوپای دوژمـن هاتـن دەس بەسـەر شـارەکەیاندا بگـرن ئەمانـە شـارەکە و دانیشـتوانەکانی دەپارێـزن. ژووەرکانـی سـەرەوەی شـارەکە ماڵـی ئـەم سـەربازانەن».

خاتوو بیل داوای لێکرد باسی مانگای مێروولەیان بۆ بکات و گوتی:

«زۆر سـەیرە مـرۆڤ بیـر لـەوە بکاتـەوە کـە مێروولـە مانگایـان هەبـێ. داخـۆ دەبـێ ئـەو مانگایانـە چـۆن چۆنـی بـن!» میسـتەر دەی وتـی: «مانـگای مێروولـە ئەسـپێی زۆر بچووکـی درەخـتن (Louse- aphids) بۆمـان هەیـە ئـەو کاتـە بیانبینیـن کـە شـیلەی گـەڵای دار و ڕەگـی ڕووەك دەمـژن. مێروولـە ئەوەنـدە ڕێـزی چێڵەکانیـان دەگـرن کـە ماڵێکـی تایبەتیـان بـۆ دروسـت دەکـەن. هەروەهـا گـەرای ئەسـپێکان کۆدەکەنـەوە و هـەر کاتێـك تـرووکان بـە چەشـنی لارڤاکانـی خۆیـان بەخێویـان دەکـەن. لـە ژووری ئەسـپێکانەوە ئیشـکەرەکان کەنـدڕان بـەرەو ڕەگـی قامیـش و سـەبزە و درەختـان لێـدەدەن. ئەسـپێکان لـەم شـوێنەدا دەژیـن و شـیلەی شـیرین لـە ڕووەکـەوە هەڵدەمـژن. هـەرکات مێروولـەکان حەزیـان لـە شـیرکرد لەسـەرەخۆ بـەو هەسـتەوەرانەوە کـە لەسـەریانا ڕاوان و لـە ئەسـپێکانا دەوەژێنـن. ئەسـپێکانیش شـیرەکەیان واتـا شـیلەکەیان بـۆ دەچۆڕێننـەوە. ئـای کـە ڕێگایەکـی سـانایە مێروولـە خواردنـی پـێ وەدەسـت دێنـێ!.

ئەوجـا خاتـوو بێـل گوتـی: «تکایـە دەربـارەی گەشـتیی بووکێنـی شـتێکمان بـۆ بـاس بکـە».

میسـتەر گوتـی: بێگومـان بۆتانـی بـاس دەکـەم چونکـە دیمەنێکـی دڵڕفێنـە. گـەر لـە بەهـاردا بـەوردی سـەرنج بـدەن شـتێکی نـوێ بابـەت دەدۆزنـەوە. لـە ڕۆژێکـی تایبەتـدا هەمـوو شـاژن و نێـرە بێـکارەکان شـارەکەیان جـێ دێڵـن. ئەمـە ڕۆژی بووکێنـی و زاوایەتییانـە. ماوەیـەك بەسـەر زەویـدا دەمێننـەوە ئینجـا وەك

بەپێــی نیشــانەیەکی نەبیــنراو بووبێــت تێکــڕا باڵەکانیــان دەکەنــەوە و بــە هــەوادا دەفــڕن. بــە ســەدان، نەخێــر بــە هــەزاران پێکــڕا دەفــڕن. هــەر شــاژنێك لــە تــەك نێرینەیەکـدا جــووت دەبێــت. بــێ ئــەوەی گــوێ بــە خێزانــی ئــەوەوە بــدات کــە لەگەڵیــدا جــووت بــووە. بگــرە بــە زۆریــی شــاژنی شــارێك لــە تــەك نێرینــەی شــارێکی دیکــەدا زەماوەنــد دەکــەن. هێنــدە نابــات شــاژن دەگەڕێتــەوە بــۆ ســەر زەوی و بــە شــوێن شــارە مێروولانــدا دەگەڕێــن. جــا ئەگــەر ئەوەنــدە بەختــەوەر نەبــوون کــە یەکێکــی کــۆن بدۆزنــەوە ئــەوا دەکەونــە دروســتکردنی یەکێکــی تــازەوە. ئــەم شــارە نوێیانــەش ئێجــگار بچووکــن. راســتییەکەی لەســەرەتادا تەنیــا تاکــە یــەك ژووریــان دەبــێ و یەکــەم لارڤــاکان لەلایــەن خــودی شــاژنەوە بەخێــو دەکرێــن و بــە دەمــی خــۆی شــیلەیان دەرخــوارد دەدا. جــا کــە ئیشــکەرە چووکەلــەکان ئەوەندەگــەورە بــوون بتوانــن ئیــش بکــەن ئــەوا دەکەونــە فراوانکردنــی شــارەکەوە بــۆ ئــەوەی جێگــەی تــەواو بــۆ ئــەو مێروولــە نوێییانــە مســۆگەر بکرێــت کــە هــەر هــاکا لــە هێلکــەوە دەرهاتــن».

منالێکیــان پرســی: «باشــە جگــە لــەم مێروولــە رەشــە ئاساییانەوە هیــچ جــۆری تــر نیــن؟» میســتەر دەی لــە وەڵامــدا وتــی: «بەڵــێ مێروولــەی ســووری زل هــەن کــە دوژمنــی مێروولــە رەشــەکانن، ئەوانــە لەشــکر ســاز دەدەن و دژی مێروولــە رەشــەکان شــەڕ هەڵدەگیرســێنن.. ئەمەیــش رێبــازی جەنگەکەیانــە، لــە پێشــدا چەنــد ســەربازێك دەگەنــە جــێ کــە پێشــەکی بەنیــازی پلاندانانــەوە دەنێردرێــن و لەشــکرێك لــە ســەربازی مێروولــەی ســوور (red ants) لەگــەڵ خۆیانــدا دێننــەوە. ئــەم ســەربازانە بــە دەوری شــارەکەدا بازنــە دەکێشــن.

چەندانێکیــان لــە کونەکــەوە دەچنــە خــوارەوە و بــە تۆپەڵێــك لارڤــا یاخــۆ هێلکــەوە دێنــە دەرەوە. چەنــد هەزارێــك مێروولــە رەشــە بەبــارە هێلەکــەوە بــۆی دەردەچــن و هــەوڵ دەدەن هێلەکانــی دوژمــن بشــکێنن و خۆیــان دەربــاز کــەن.. بــەڵام داخــی گرانــم! دوژمنــەکان پەلاماریــان دەدەن و هێلکەکانیــان

لێدەسێنن.. دوای رووتکردنی مێروولە رەشەکان سەربازەکان لارڤا و هێلکە دەستکەوتووەکانیان بۆ ماڵەوە دەبەنەوە.

مناڵێکیان پرسی: «جا چیان لێدەکەن؟»

میستەر دەی وتی: دوو شتیان لێدەکەن، یەکەم، هەندێ لە لارڤا و هێلکەکان بۆ خواردن بەکار دێنن. دووەم: مێروولە عازەبەکانیش دەکەن بە کۆیلە و هەموو کارێکی خۆیانیان پێ ئەنجام دەدەن. لە راستیشدا خاوەنە سوورەکان جاری وا دەبێ هێندە تەمەڵ دەبن کە ئەگەر هاتو کۆیلەکانیان لەدەس چوون ئەوا خۆیان لە برسانا دەمرن چونکە بە رادەیەك تەمەڵ دەبن ئیتر توانای ئەوەیان نامێنێ ئیش بۆ خۆیان بکەن. بەڵام هەندێ لە مێروولە سورەکان وەرزێڕی چاکن. لە خانووەکانیانا چەند ژوورێ دەکەن بە باخچە و گەڵای درەخت دێننە ئەم باخچانەوە. گەڵاکان بە تەڕیی هەڵدەگیرێن. رووەکی زۆر وردیلە بەسەر ئەم گەڵایانەوە دەڕوێ کە بۆ خۆراك بەکاریان دێنن. مێروولەی باخچەوان لە تێکساس و ئەمەریکای باشووردا دەژین. مێروولەی تر هەن ژووران دروست دەکەن و دەیانکەن بە ئامباری دانەوێڵە. رێڕەوی زۆر چاك بەرەو دانەوێڵەی جووتیاران دەکەنەوە. مێروولەکان لە هاتووچۆدا دەبن و ناوکی دانەوێڵە رادەگوێزن و لە ئامبارەکانیاندا بۆ رۆژی پێویست گلیان دەدەنەوە. بەڕای ئێوە بۆمان هەیە بەمانە بڵێین «وەرزێڕ؟»

خاتوو بێل پرسی: «هیچ جۆرە مێروولەی ترمان نییە؟»

میتسەر دەی وتی: «بەڵێ سەدان جۆریتر، لە راستیدا مێروولە سێ هەزار جۆری جیاوازیان هەیە. جۆرێکیان دارتاشن و لانەکانیان لە دارا دروست دەکەن. دێن چەندەها کون لەقەدی درەختەکانا دەکەن و هێلانەکانیانی تیادا دەنێن. ئەو مێروولانە زۆرەها کۆڵەکە و کاریتەی ناو ماڵانیان کۆڵیوە و ژمارەیەکی زۆریان دارودرەخت رزاندۆتەوە و لەنێو بردووە.

هەروەها لە وڵاتە گەرمەکانا مێروولەی سپی هەن پێیان دوترێت

تیرمایــت (termites). ئەمانــە زۆر زیانبەخشــن، چونکــە کــڕۆك و مێشــکی دار و تەختــە دەخــۆن و چەنــدان بەشــی ناومــاڵ وێــران دەکــەن. ئەگــەر هاتــو کەوتنــە نێــو نامەخانەیەکــەوە ئــەوە پــەڕی کتێبــەکان هەمــوو دەخــۆن و رزگارکردنــی پەڕتــووك لــە چنگیانــا کارکێــی ســەخت و دژوارە.

بۆیــەکا ئێســتێ ســاختمانی کتێبخانــە گشــتییەکان لەبــەرد و کۆنکرێــت دروســت دەکرێــن. تاکــو مێروولــەکان توانــای ئەوەیــان نەبــێ بــەرەو ژوور رێــگا بۆخۆیــان بکەنــەوە. خانــووی مێروولــەی ســپی جــوداوازە لەشــارە مێروولــەی ئاســاییەوە. هەندێکیــان گومبەتۆکــەی گــەورە گــەورەن و ئەوانــی تریــش بریتیــن لــە بورجــی (towers) قایــم کــە هەنــدێ جــار لــە دە هەتــا هــەژدە پــێ بــەرزن. هــی ترشــیان هــەن وەکــو کوارگــی ژەهــراوی (قارچــك) وان. ئــەم لانانــەش بــە تەنیــا لــە ئەفریقــادا بەرچاودەکــەون».

لــەو ســاتەدا خــۆر خەریــك بــوو لــە ئاســۆی رۆژئــاواوە شــۆڕ دەبــۆوە. منالەکانیــش بــەرەو مــاڵ هەنگاویــان هەڵێنایــەوە. مێشــکیان پــڕ بووبــوو بــە هەمــوو جــۆرە زانیارییەکــی تــازەوە کــە لەبــارەی مێروولــەوە فێــری ببــوون.

بەرێــگاوە هــەر یەکێکیــان دەیویســت خــۆی دڵنیــا کات و بزانــێ دەیتوانــێ وەرامــی چەنــد لــەو پرســیارانە بداتــەوە کــە بەســەر لیســتەکانیانەوە بــوون. خاتــوو بیــل کــە بینــی دەیانتوانــی وەڵامــی گشــت پرســیارەکان بــە رەوانــی بدەنــەوە لــە خۆشــیانا سەرســام بــوو بــوو.

کاتێــك قوتابخانەکەیــان جێدەهێــڵا هەموویــان گوتیــان «شــەوباش، خاتــوو بیــل. لــە راســتیدا، ئەمەیــان باشــترین گەشــتێکی ئەمســاڵمان بــوو!».

پەراوێزەکان:

١- ئــەم باســە لــە کتێبــی (The earth and living things) ئامــادە کــراوە لــە دانانــی (Craig and Hurley)

٢- وێنەکان هونەرمەند کاك عبدالرزاق رەشید لە کتێبەکەی گرتوونەتەوە.

# ئەلیزابیس فرای
# خانمە چاکسازێکی هەرە مەزن

وەرگێڕ لە ئینگلیزییەوە: مەجید ئاسنگەر

بەیانییەکی ساردی زستانە، نزیکەی سەد و پەنجا ساڵێك پێش ئێستا، خانم ئێلیزابێس فرای ناوێك لەگەڵ هاوڕێیەکەیدا چوونە بەندیخانەیەکی شاری لەندەن و داوایکرد رێگەی پێ بدەن سەردانی زیندانییە ئافرەتەکان بکات. رێگەی پێدرا، وەلێ ئەلیزابێس بە ناچاریی لە وەردیانەکان پاڕایەوە لێبگەڕێن خۆی بە تەنیا بچێتە نێو ئەو دوو ژوورە درێژکۆڵانەوە کە سێ سەد ئافرەت تیایاندا دەژیان و دەیانخوارد و دەنووستن.

ئافرەتەکان هەموویان تاوانکاربوون و تەنانەت پۆلیسەکانیش لێیان دەترسان و هەر بۆ سەلامەتیش هەمیشە دوو دوو بەیەکەوە نەبوایە نەدەوێران بچنە ژوورەوە. ژمارەیەکی زۆری ژنەکان سزای مردنیان بەسەردا سەپێنرابوو، ئەوانی

تـر تـا ئـەو کاتـەی بـۆ (ئوسـترالیا) دەگوێزرانـەوە لەوێـدا دەمانـەوە، چونکـە ئـەو ڕۆژگارە بـە سـەدان تاوانـکار هەندێکیـان بـۆ چەنـدان سـاڵ و هەندێکـی تریـان بـۆ هەتـا هەتایـی ڕەوانـەی (ئوسـترالیا) دەکـران.

لـەو سـەردەمانەدا سـزای تـاوان ئێجـگار قـورس بـوو. پیـاوان سـزای (مـردن) دەدران تەنیـا بـۆ تاوانێکـی وەکـو (مـەڕ دزیـن) پیاویـش و ئافرەتیـش سـاڵەهای سـاڵ بەنـد دەکـران بەهـۆکاری ئێجـگار بـێ بایەخـەوە. زیندانـەکان هەمیشـە پـڕ و زۆر قەرەباڵـغ وتاریـك و پیـس بـوون و هەرگیـز مەرجەکانـی تەندروسـتییان تێـدا نەدەبیـنران. زۆربـەی زیندانییـەکان پەتـای گەلێـك ترسـناکیان هەبـوون کـە بـە خێرایـی بڵاودەبوونـەوە. بەشـی هـەرە زۆری ئافرەتـان منداڵەکانیـان لەگەڵـدا بـوون. هیـچ هەوڵێکیـش لـە ئـارادا نەبـوو بـۆ چاکسـازیی و بـۆ ئـەوەی دووبـارە زیندانییـەکان بکرێنـەوە هاووڵاتـی بـاش و بەسـوود. ئـەو دەنگۆیـەش لەنێـو خەڵکـدا بـاو بـوو کـە ئـەوەی جارێـك تاوانبـار بێـت بـۆ هەمیشـە هـەر تاوانبـارە؟

پاسـەوانەکان ترسـی ئەوەیـان بـوو گـەر ئەلیزابێـس بـە تەنیـا بچوایەتـە نێـو زیندانییەکانـەوە لـەوە بـوو پەلامـاری بـدەن و رووتـی بکەنـەوە، بـەڵام کاتـێ تێبگەیانـدن کـە مۆڵەتـی ئـەوەی پێـدراوە سـەردانی ئافرەتـەکان بـکات، دەروازەکانیـان بـۆی کـردەوە و پێشـیان ڕاگەیانـد بۆخـۆی سـەلامەتتر دەبـوو ئەگـەر کاتژمێرەکـەی و زنجیرەکـەی بەرباخەڵیـی بشـارێتەوە! کەچـی ئـەو گوێـی پێنـەدا و گوتیشـی کـە دەبـێ هـەر بـە تەنیـاش بچێتـە ناویانـەوە. پاسـەوانەکان ناچـار دەرگا گەورەکانیـان بـۆی ئـاوەڵا کـردەوە و لـە پـاش چوونـە ژوورەوە یەکسـەر دایانخسـتنەوە و کلیلیـان دانـەوە. ئافرەتـە زیندانییـەکان وەختـێ دیتیـان میوانێـك بـە تاقـی تەنیـا هاتۆتـە لایانـەوە ئەوەنـدە سەرسـام بـوون گـورج لێـی گـردەوە بـوون و هەمـوو پەرۆشـی ئەوەیـان بـوو بزانـن بـۆچ هاتـووە! کورسـییەکیان بـۆ هێنـا، ئەلێزابێـس یـەك لـە منداڵەکانـی خسـتە سەرکۆشـی خۆیـەوە و لێگـەڕا بـە ئـارەزووی خـۆی گەمـە بـە سـەعات و زنجیرەکەیـەوە بـکات. ئەوجـا سـەبارەت بـە

منداڵەکانیانــەوە کەوتــە گفتوگۆکــردن لــە گەڵیانــدا. وەردیانــەکان کــە لــە مابەینــی شیشــە ئاســنینەکانی دەرگاکانــەوە تێیانــەوە رامابــوون ســەریان زۆر لــەوە ســوڕمابوو کــە چــۆن ژنــەکان ئــاوا لەســەرخۆ گوێیــان بــۆ قســەکانی شــل کردبــوو. ئەلیزابێــس ئــەوەی بــۆ بەندییــەکان پێشــنیاز کــرد کــە پێویســتە هــەوڵ بــدەن زینــدان بکەنــە شــوێنێکی لەبارتــر بــۆ منداڵەکانیــان و گوتــی کــە ئــەم خۆیشــی دایکــە و بەڵێنیشــی پێــدان کــە یارمەتیــان بــدات. ئــەو بەخششــە پــڕ لــە بەزەییــە زۆر کاری لــە ئافرەتــەکان کــرد و هانیــدان بــۆ داڕشــتنی نەخشــە و پلانــی گونجــاو بــۆ دامەزراندنــی فێرگەیــەك لەنێــو بەندیخانەکــەدا. ئەلیزابێــس زۆر بــە میهرەبانییــەوە گوێــی لــە بەســەرهات و چیرۆکــی گرفــت و تەگــەرە و تاوانــەکان راگــرت. کاتێکیــش ئــەم بەجێــی هێشــتن و لێپرسراوانیــش دەروازەکانیــان لەســەر کلیلدانــەوە ئافرەتــە کلۆڵــەکان هیــواو تەمــای پاشــەرۆژێکی خۆشــتریان پەیــدا کردبــوو. ئــەوان تێگەیشــتبوون کەتــازە دۆســتێکیان بــۆ پەیــدا بــووە خەمیــان بــۆ دەخــوات. ئیــتر لــەوە بــەدواوە ئەلیزابێــس بــەردەوام بــە رێکوپێکــی ســەردانی زیندانــی دەکــرد و زۆر بــە گەرمیــش پێشــوازیی لێوەدەکــرا. ئافرەتــەکان ئێســتێ پەرۆشــی ئــەوە بــوون قوتابخانەیــەك بــۆ منداڵەکانیــان بکەنــەوە و لەنێــو خۆیانــدا یەکێکیــان بــە مامۆســتا هەڵبــژارد.

لــە ئافرەتــە خوێنــدەوارەکان لێژنەیــەك پێکهێــنرا بــۆ یارمەتــی و هاوکاریــی، ئەلیزابێــس چەنــد دانەیــەك کتێبــی قوتابخانــەی خــوازراوەی لــە هــاوەڵ و دەســتە خوشــکەکانیەوە بــۆ هێنــان. فێرگەکــە هــەر لەســەرەتاوە دەســتکەوتی چاکــی بــوو. ئافرەتــەکان بــەو پێشــکەوتنەی رۆڵەکانیــان بەختــەوەر و ســەربەرز بــوون. جــا لــە جیاتــی ئــەوەوە جگەرگۆشــەکانیان نیــوە رووت و بــە پیســی بهێڵنــەوە هەمــوو بەیانییــەك دەیــان شــتن و جلیــان دەکــردە بەریانــەوە بــۆ ئــەوەی بــە خاوێنــی و رێکوپێکــی ئامــادەی قوتابخانەکەیــان بــن. ئەوجــا ئەلیزابێــس لــە زۆر بــواری تــردا کەوتــە یارمەتیدانــی ژنەکانــەوە. بــۆ وێنــە هانــی دۆســت و ناســیاوانی

خۆیـدا پەرتـووك و پۆشـاك و دەرزی و داو بـە زیندانییـەکان ببەخشـن. هەروەهـا وای لێکـردن دۆسـتەکانی لەتەکیـدا بچـن بـۆ بەندیخانەکـەوە. ئەوەنـدەی نەبـرد ئافرەتـەکان ئەوانـەی هـەردەم هـەر خەریکـی شـەڕ و شـۆڕ و ئـاژاوە و قیـژە قیـژ و هەراوهۆریـا بـوون وایانلێهـات هێمـن و لەسـەرخۆ کاتەکانیـان بـە درومـان و خوێندنـەوە بەسـەر بـەرن. بەرپـرس و کارمەندانـی گرتووخانەکەیـش، ئەوانـەی لـە سـەرەتادا زۆر لـەو کارە بەدگومـان و رەشـبین بـوون، ناچـار کـران دان بـەو راسـتییەدا بنێـن کـە ژنـە زیندانییـەکان گۆڕانکاریـی باشـیان بەسـەردا هاتـووە و لـەو رووەوە هەنـگاوی گرنگیـان بـەرەو پێـش هاویشـتووە، سەلماندیشـیان کـە ئـەوە هەمـوو دەرەنجامـی رەنـج و هەوڵەکانـی ئەلیزابێـس بـووە. چەندیـن ئەندامـی پەرلەمـان سـەردانی زیندانەکەیـان کـرد زۆر ستایشـی کۆششـەکانی ئـەو خانمەیـان کـرد. لـە هەمانکاتـدا زۆران خەڵـك و خـوای شـوێنە جیـاوازەکان دڵیـان بـەو کارەوە داچـوو کـە ئـەو بـە پەرۆشـەوە سـەرقاڵی ئەنجامدانـی بـوو.

سـەرەنجام وای لێهـات خاتـوو ئەلیزابێـس فـرای سـەردانی بەندیخانەکانـی هەمـوو بەشـەکانی دیکـەی وڵاتـی دەکـرد. لـە زۆر شـوێندا لیژنـە پێکهێـنران بـە مەبەسـتی درێـژەدان بـەو کارەی کـە ئـەم دەسـتی پێکردبـوو. هـەر خۆشـی چەنـدان پێشـنیار و رێنمایـی بـە سـوودی بـۆ گۆڕینـی بـارودۆخ و رەوشـی زیندانییـەکان پێشکشـە کـردن و دەیگـوت پێویسـتە زیندانیانـی ئافـرەت پاسـەوانی و ئافرەتیـان هەبێـت.

هەروەهـا دەیگـوت دەبـێ زینـدان بکرتێـە جێگـەی گۆڕیـن و چاکسـازی نـەك ئـەو شـوێنە بێـت کـە تەنیـا بـۆ سـزادان تاوانبـاری دەنێردرێنـێ! جەختیشـی لەسـەر ئـەوە دەکـردەوە کـە تاوانـکاران کاتـێ زینـدان جێدەهێڵـن زۆر پێویسـتە یارمەتـی بدرێـن تاکـو کارێـك بۆخۆیـان بدۆزنـەوە بـۆ ئـەوەی سـەرتایەکی نـوێ لـە ژیانـدا دەسـت پێبکەنـەوە.

کردارەکـەی ئەلیزابێـس فـڕای دەنگێکـی زۆری دایـەوە. هیـچ کاتێـك سـەردانی

زیندانییەکانی بکردبا ئەوا گەورە پیاوان هەندێکیان لە وڵاتانی بیانیەوە دەهاتن، لەگەڵیدا دەچوون و گوێیان لێیدەگرت کە شتی بۆ بەندییەکان دەخوێندەوە. ئەو پیاوماقووڵانە واقیان لەو گۆڕانکارییە هەرە گرنگ و نرخدارە وڕما بوو کە ئەم بە ئەنجامی گەیاندوون. ناو و دەنگی ئەوەندە پەیدا کرد تا وایلێهاتبوو لە هەموو ناوچە و بەشەکانی تری ئەوروپاوە داواکاریی یارمەتیی و ئامۆژگاریکردنی پێدەگەیشتن. زۆران گەشتی درێژخایەنی بە کێشوەرەکەدا کرد و سەردانی وڵاتانی وەکو: فەرەنسا، دانیمارك، ئەڵمانیا، هۆڵەندا و بەلجیکای کردن. شاژن فیکتۆریا و سێر رۆبەرت پیلی سەرەك وەزیرانی بەریتانیا و زۆر ژن و پیاوی مەزن و ناوداری تر لە نێوان دۆستەکانیدا بوون. لە هەموو لایەکەوە لە هەوڵی ئەوەدابوون بە خەڵکەکەی بسەلمێنن کە دەکرێت تاوانباران بگۆڕدرێن و بکرێن بەهاونیشتمانی چاك و بە سوود بێتو وەکو مرۆڤ نەك بەشێوەی ئاژەڵ و گیانلەبەری دڕندەی کێوی مامەڵە و هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێت. ئەو کارەیشی لە زۆر وڵاتاندا ئەنجام و ئاکامی باشی لێکەوتەوە، ئێستا مامەڵە و رەفتارکردن لە تەك زیندانیاندا ئێجگار نەرم و نیانترە و ئەو توندوتیژییەی جارانی نەماوە.

هەربۆیەشە ژمارەیەکی زۆر لە تاوانباران ئەوانەی لەبارەی وڵاتی ئینگلتەراوە زۆر کەم، یاخود هەر هیچیان نەدەزانی، هەردەم ناوی (ئەلیزابێس فرای) وێردی سەرزمانیان بووە و هەمیشە بە دڵ سوپاسی ئەو خانمەیان کردووە.

سەرچاوە:

Elizabeth Fry, Agreat Refomer

The oxford English curse for IRAQ

# ئافرەتە ناودارەکانی جیهان

## فلۆرەنس نایتنگێل، خانمە لالە بەدەستەکە
## (Florence Nightingale: The Lady with the Lamp)

مەجید ئاسنگەر لە ئینگلیزیەوە وەریگێڕاوە

سەدەی نۆزدەهەم زۆرن مرۆڤی بەتوانا و لێهاتووی وەهای بەخۆوە بینیوە کە هەتا دوا هەناسە سەرتاپای بەهرە و کۆششیان بۆ پێشخستن و خۆشگوزەرانی تێکڕای مرۆڤایەتی تەرخان کردووە.

فلۆرەنس نایتنگێڵ ئەو ئافرەتە هەرە مەزنە بوو کە بە درێژایی تەمەنیدا لەپێناو ئەوەدا کە جیهان بکاتە شوێنێکی باشتر و خۆشتر بۆ کۆمەڵانی خەڵکی بەشمەینەت و چارەرەش، بە هەموو توانایەکییەوە لە تەقەللا و تێکۆشانی بێ وچان و بەردەوامدا بووە، ئەو خانمە دەستی یارمەتی و هاوکاریی بۆ هەزاران سەرباز، ئەوانەی لە شەڕەکانی (قرم)دا بەدەست برین و نەخۆشی سەختەوە دەتلانەوە، درێژکردووە، ئیمڕۆ نەخۆشخانەکانمان پڕن لە سیستەر گەلی روو

خـۆش و کارامـە و قاڵبـوو کـە یارمەتـی نۆشـدارەکان لـە کارەکانیـان دەدەن بـۆ کەمکردنـەوە و سـووککردنی ژان و ئـازار و چاککردنـەوەی خەسـتە و زامـدارەکان، بـۆ ئـەو پێشـڤەچوونە مەزنەیـش پێویسـتە هەمووسـان سـەری ڕێـز و نـەوازش بـۆ فلۆرەنـس نایتنیگێـل دانەوێنیـن!

فلۆرەنـس نایتینگێـڵ لـە سـاڵی ١٨٢٠ لەکاتێکـدا باوکـی بـە سـەردانێك چووبـوو بـۆ ئیتالیـا چـاوی بـۆ ژیـان هەڵهێنـاوە. ئـەم لـە شـارە کـۆن و خنجیلانەکـە (فلۆرەنـس) دا هاتۆتـە دنیـاوە، هـەر بەنـاوی ئـەو شارەشـەوە نـاوزەد کـراوە، دواتـر لـە تـەك خوشـکەکەیدا لـە ئینگلتـەرا پـەروەردە کـراون، هەتـا هەراشـتریش دەبـوو بەهـۆی زانایـی و زیرەکیـی لـە وتوویـژدا زێـتر دەچـووە نێـو مێشـك و دڵـی کۆمەڵانـی خەڵکـەوە.

دایـك و باوکیشـی کـە خـاوەن دەسـەڵات و زۆر هەبـوو بـوون چاوەڕوانـی ئەوەیـان لێدەکـرد بۆخـۆی شـوو بـکات و بـەو جـۆرەی کـە بـۆ ژنێکـی جحێڵـی خـاوەن پایـەی وەك ئـەم لـە کۆمەڵگـەدا بـاو بـووە ژیـان بەسـەر بەرێـت.

وەختێـك فلۆرەنـس بـە دایـك و باوکـی ڕاگەیانـد کـەوا هەسـتدەکات لەلایـەن یەزدانـەوە بانگکـراوە ببێتـە سسـتەر (پەرسـتار) و یارمەتـی ئەوانـەی ناسـاخن بـدات، بـە جـارێ شـڵەژان، کچەکـەی ئـەوان خـاوەن پەروەردەیەکـی بـەرز و تێگەیشـتوو بـوو لـەو ڕۆژگارانەشـدا نەخۆشـخانەکان ئـەو شـوێنە پیسـانە بـوون کـە مەترسـی زۆری گرتنـەوە و تـووش بوونـی دەرد و پەتایـان لێدەکـرا، زۆربـەی هـەرە زۆری پەرسـتیارەکانیش ئافرەتانـی نەخوێنـدەوار و ناشـارەزای توێـژە هـەر نزمەکانـی کۆمەڵـگا بـوون کـە ژمارەیەکـی زۆریـان ڕەفتـار و ڕەوشـتی نەشـیاو لەگـەڵ کارەکـە وەك خواردنـەوەی مـەی و عارەقیـان هەبـوو.

کـە خاتـوو نایتینگێـل داوای کـرد ڕێگـەی پێبدرێـت بچێتـە نەخۆشـخانەیەکەوە و فێـری پیشـەی سسـتەری بکرێـت، دایـك و بـاوك و هاوڕێیانـی گشـتیان گوتیـان ئـەوە کارێکـی نەشـیاوە و هەرگیـز ناشـبێت! چونکـە لـەو سـەردەمەدا ئافرەتـی

خوێنـدەوار بـۆی نەبـوو لەتـەك پیاوانـدا کار بـکات!

بۆیـە کـە خاتـوو نایتینگێـل ناچـار بـوو بیرۆکـەی فێربـوون لـە نەخۆشـخانەیەکدا لـە مێشـکی خۆیـدا بسرێتـەوە، لەجیاتـی ئـەوە دەچـوو لـە ماڵەکانـی خۆیانـدا سـەردانی خەڵکەکـەی ئـەو دێیـەی دەکـرد کـە لەگـەڵ دایـك و باویکیـدا لێـی دەژیـان و هەرچییەکـی بـۆی بکرایایـە لـە هاوکاریـی ئـەو ژن و منداڵانـەی نەخـۆش دەکەوتـن درێغـی نەدەکـرد. هەرکاتێکیـش کتێـب و راپۆرتـی دەربـارەی کاروبـاری نەخۆشـخانەوە چنـگ بکەوتایـە ئـەوا بـە وردی بـە قووڵـی دەیخوێنـدەوە. هەرکاتێکیـــش بـــە یـــاوەری هاوڕێکانییـــەوە بچووبانایـــە دەرەوەی وڵات، ئـــەم سـەردانی بیمارسـتانەکانی دەکـرد، تەنانـەت ئەوجـارەی لـە سـاڵی ١٨٥١دا بـۆ وچانێکـی درێژخایـەن لـە ئەڵمانیـا بـوو، توانـی بـۆ مـاوەی سـێ مانگـی رەبـەق لەوێـدا مەشـق و راهێنـان ئەنجـام بـدات، سـەرەنجام سـاڵی ١٨٥٣ دایـك وباوکـی لـەوە دڵنیـا بـوون کـە هیـچ شـتێك ناتوانـێ رێـی ئـەوە لـە کچەکەیـان بگـرن کـە ببێـت بـە (سسـتەر) زۆر بـە نابەدڵیـەوە رازی بـوون کـە ببێتـە سەردەسـتەی پەرسـتارەکان لـە نەخۆشـخانەیەکی ئافرەتانـدا لـە شـاری لەنـدەن.

سـاڵی ١٨٥٤ شـەڕ لـە نێـوان رووسـیا و بەریتانیـا هەڵگیرسـا. دەنـگ و باسـی زۆر ناخـۆش و دڵتەزێـن لەبـارەی نەخۆشـخانەی سـوپایی بەریتانیـا (لـە سـکووتاریی) نزیکـی (کۆنسـتانتینۆپل- ئەسـتەمبۆڵ) گەیشـتە بەریتانیـا. بـە هـەزاران سـەربازی برینـدار و نەخـۆش لـە (قـرم)ەوە رەوانـەی ئـەوێ دەکـران، بارودۆخەکـە یەکجـار دژوار و ناخـۆش بـوو. نـەداو و دەرمـان چنـگ دەکـەوت، نـە قەرەوێڵـە و نـە رایـەخ و نوێـن، تـەلاری نەخۆشـخانەکە ئەگەرچـی گـەورە بـوو وەلـێ پیـس و لـە رادەبـەدەر قەرەباڵـغ بـوو، ئـاوی گـەرم بـۆ پاککردنـەوە هەرگیـز بەدەسـت نەدەکـەوت، بۆنـی هـەرە پیـس و ناخـۆش ئـەو نـاوەی وڕوکاس دەکـرد. لەبـەر نەبوونـی نۆییـن و ئـاوەڕۆ، سـەرەڕای هەمـوو ئەوانەیشـەوە پزیشـکەکان بـە هیـچ جـۆرێ ئـەو پێداویسـتانەیان لـە دەزگاکانـی میرییـەوە پێنەدەگەیشـت کـە بـۆ

نەخــۆش و زامــدارەکان ئەوەنــدە پێویســتیان پێیــان بــوو.

(ســیدنی هێوبــەرت)ی وەزیــری جەنــگ و کۆنــە برادەرێکــی نایتێنگێــل نامەیەکــی بــۆ هەنــارد و تیایــدا تــکای ئــەوەی لێکــرد ئەگــەر حــەز بــکات دەســتەیەك لــە پەرســتاران ببــات بــۆ (ســکووتاری) خاتــوو نایتینگێــل نــەك هــەر زۆر حــەزی کــرد بەڵکــو ئامادەیــش بــوو ئــەوە بــکات. ئــەوە بــوو لــە مانگــی تەشرینــی ســاڵی ١٨٥٤دا بــە خۆیــی و ٣٠ ســســتەرەوە گەیشــتنە نەخۆشــخانەکەوە.

پزیشــکەکانی ســوپایی ســەرەتا لەگــەڵ ئــەو رایــەدا نەبــوون سســتەری ئافــرەت لــە خەســتەخانەیەکی ســەربازییدا کار بکــەن، هەرگیــز لــەوە پێــش لــە ســوپای بەریتانیایــی ژنــان ئــەو جــۆرە ئیشــەیان نەکردبــوو. ئەفســەرەکانیش پێیــان وابــوو پاراســتنی ئــەو ئافرەتــە بێدەسەڵاتانەیشــیان بــۆ دەبێتــە ســەربار کــە ئەرکیــان زۆر زیاتــر دەبێــت تــا ســوودیان، بــەڵام زوو بــەزوو بۆیــان دەرکــەوت کــە ئەمــان هەڵــە بــوون.

خاتــــوو نایتینگێــــل پێداویســــتی و داوودەرمانــــی لەگــــەڵ خۆیــــدا هێنابــــوو، دەرمــان، پەتــوو، سەردۆشــەك (چەرچــەف) ســابوون و فڵچــەی گــڕی بــۆ کڕاندنــی زەوی پێبــوو، هێنــدەش بــاوەڕی بەخــۆی هەبــوو فەرمانــی تەنانــەت بەســەر ئەفســەرەکانی سوپاشــەوە دەردەکــرد. بەشــێك لــە باڵەخانــە ئێجــگار گەورەکــە بــە پەلــە چاککرایــەوە بــە چەشــنێك زۆر زوو شــوێن بــۆ (٨٠٠) ســەربازی بیــماری تریــش ســاز و ئامــادە کــرا.

خاتــوو نایتێنگێــل، نــەك هــەر تەنیــا کاروفەرمانــی ســســتەرەکانی خــۆی رێکدەخســت، بگــرە سەرپەرشــتی و چاودێــری ئــەو نەخۆشخانەیشــی دەکــرد کــە لــە هەمــووان بــە ئازارتــر بــوون، جــاری وا دەبــوو مــاوەی ٢٤ کاتژمێــر بــە بــێ پشــوودان بەســەر پێیانــەوە دەبــوو. شــەوانە بــە چرایەکــەوە بــە نێــو نەخۆشــخانەکەدا دەگــەڕا دیدەنــی خەســتەکانی دەکــردن. ســەربازەکان ئەوانــەی هەرگیــز لــەوە پێــش بــە تەنگــەوە هاتــن و چاودێریــی میهرەبانانــەی ئاوەهایــان

بەخـۆوە نەدیتبـوو بەنـاوی (خانمـە لالـە بەدەسـتەکە) ناویـان دەهێنـا! کاری ئێسـتێ بـەوە گەیشـتبوو نۆژدارانیـش بـۆ هـەر پێویسـتییەکیان ئەهاتـن بـۆ لای ئـەم.

سـوپا لـە (قـرم) لـە هەمـوو بارێکـەوە تووشـی نەبوونـی هاتبـوو، کـە زسـتانیش بەسـەرداهات سـەربازەکان جـل و بەرگـی زسـتانەیان زۆر کـەم بـوو یـان هـەر نەیانبـوو، لـە ئەنجامـی ئەوەشـدا هـەزاران پیـاو نەخـۆش کەوتـن و بیمارسـتانەکان لـە هەرکاتێـك زیاتـر پـڕ بـوو بـوون، لـە کانوونـی دووەمـی سـاڵی ١٨٥٥ دا نزیکـەی ١٢٠٠٠ پیـاو لـە (سـکووتاری) بـوون و ٤٢٪ گیانیـان لەدەسـتدا. لێـرەدا خاتـوو نایتنیگێـل ئەوپـەڕی توانسـتی خـۆی خسـتە کار بـۆ ئـەوەی بارودۆخەکـە بـەرەو چاکـتر ببـات. هـەوڵ و تەقلاکانـی ئەوەنـدە سـەرکەوتوو بـوون کـە هەتـا مانگـی حوزەیرانـی ئـەو سـاڵە ڕێـژەی مردنـی بـۆ تەنیـا ٢٪ دوو لـە سـەدا هێنایـە خـوارەوە!

لـە دوا دوایـی ئـەو سـاڵەدا خاتـوو نایتینگێـل (سـکووتاری) جێهێـڵا و گەشـتێکی بـە نێـو (قـرم)دا کـرد بـەو نیـازەی نەخۆشـخانەکانی ئەوێـش ڕێکبخاتـەوە. ئـەو گەشـتە دژوار و زۆر سـەختەی کـرد و کۆششـی بەردەوامـی بـوە هـۆی نەخـۆش کەوتنـی. پـاش ئـەوەی لـە نەخۆشـییەکەی هەڵسـایەوە هاوەڵەکانـی داوایـان لێیکـرد بچێتـەوە بـۆ بەریتانیـا، وەلـێ ئـەم ئەرێـی نـەدا، ئەمجارەیـان توانیـی چەندیـن ژوور و هـۆڵ سـاز بـکات بـەو مەبەسـتەی سـەربازە برینـدار و نەخۆشـەکان دوای ئـەوەی دەکەونـەوە سـەرپێیان و توانـای ئەوەیـان دەبـوو لـە جێگاکانیـان بچنـە دەرەوە. لەوێـدا بحەسـێنەوە و بەخۆشـیی کاتەکانیـان بەسـەربەرن و بـەو کتێبانـەوە خۆیـان خەریـك کـەن کـە بـە زۆری بۆیانـی فەراهـەم کردبـوون.

وەختێـك شـەڕەکە لـە ئەیلولـی ساڵی ١٨٥٥دا کۆتایـی پێهـات، خاتـوو نایتنگیـل تاوەکـو نەخۆشـخانەکە بـە تەواوەتـی چـۆل نەبـوو (سـکووتاری) جـێ نەهێـڵا. جـا کـە گەڕایـەوە بـۆ (ئینگلتـەرا) تیکـڕای گـەل ویسـتیان ڕێـزی لـێ بنێـن و پێشـوازی

گەرمـی لـێ بکـەن، بـەڵام ئـەم خـۆی بـە هیـچ کلۆجـێ نەیهێشـت بـە ئاشـکرا و بـە گشـتی هیـچ شـتێکی تایبەتـی بـۆ بکرێـت.

لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە خانـم نایتنگێـل لـە ئەنجامـی کاری سـەخت و گـران و خۆمانـدوو کردنـی دوو سـاڵی ڕەبەقـدا زۆر نەخـۆش و شـەکەتبوو، هێشـتاش هـەر نەیویسـت پشـوویەك بـدات و بحەسـێتەوە، هەسـتی دەکـرد زۆ کاری تـری مـاوە بـە ئەنجامـی بگەیەنێـت، ئـەم مەبەسـتی بـوو جۆرێـك بارودۆخـی نێـو سـوپا بـەرەو پێـش ببـات کـە ڕادەی مـردن بەهـۆی دەرد و پەتـاوە لـە نێوەنـدی سـەربازەکاندا نابـێ دوو بەرامبـەری ئـەو ڕێژەیـەی نێـو ئەوانـەوە بێـت کـە سـەرباز نیـن، بـەم هۆیــەوە بــە ڕۆژ و بــە شــەو کاری دەکــرد و هــەردەم خەریکــی کۆکردنــەوەی زانیاریــی زێــتر بــوو، لــە هەمــان کاتیشــدا نەخشــە و پلانــی بــۆ بــارودۆخ و پێشخســتنی ڕەوشــەکە دادەنــا.

لــەو سـەروبەندانەدا کـە زۆربـەی کات خاتــوو نایتنگێـل لـە بـەر نەسـاغیی نەیدەتوانـی بـۆ سـەفەر و گـەڕان بچێتـە دەرەوە، بـەردەوام لـە ماڵەوەیـدا درێـژەی بـە کارەکانـی دەدا. بـەلای ئەمـەوە نـە تەندروسـتی و ئیسراحەتـی خۆیـی و نـە هاوڕێکانیشـی بەقـەد سـەرکەوتنی ئیشـەکەیەوە گرنـگ نەبـوو. ئـەوە بـوو وردە وردە و پـێ بـە پـێ لـە هەوڵەکانیانـدا سـەرکەوتنی بەدەسـتهێنا. سـەربازگەکان و نەخۆشـخانەکانی سـوپا چاکسـازیان تێـدا ئەنجـام درا، تەنانـەت دەسـتیش کـرا بـە دامەزرانـدن و بنیاتنانـی قوتابخانەیەکیـش بەنـاوی (کۆلیـژی پزیشـکی سـوپا) لـە شـاری لەنـدەن لـە ژێـر نـاوی (قوتابخانـەی نایتنگێـل بـۆ ڕاهێنـان و پێگەیاندنـی سسـتەران)دا کـە تیایـدا ئافرەتـان بـۆ یەکەمیـن جـار دەرفەتـی ئەوەیـان بـۆ ڕەخسـێندرا کـە بـە چاکتریـن شـێوە و ڕێبـاز فێـر بکرێـن و ڕابهێندرێـن. هـەر لەسـەرینی ئەمـەوە هەنـدەی پێنەچـوو نەخۆشـخانەکان لـە سەرانسـەری وڵاتـەوە داوای پەرسـتارانیان لـەم قوتابخانەیـە دەکـرد و ئەوەنـدە ساڵەیشـی نەبـرد کـە کاری (سسـتەریی) بـووە پیشـەیەکی شـەڕەفەمەند و ڕێـزی لێگیـرا بـۆ خانمـان لـە

نێـوان هەمـوو چیـن و توێژێکـی کۆمەڵـدا.

بـە درێژایـی نیـوەی دووەمـی ژیانیشـی خاتـوو نایتنگێـل هەمیشـە هـەر نەخـۆش بـووە و لـەش سـاخی بەخۆیـەوە نەدیـوە. جـاری وابـووە بـۆ مـاوەی چەنـدان مانـگ نەیتوانیـوە لـە ژوورەکـەی خۆیـدا بەدەرکـەوێ، بـەڵام خەڵـك و نامەگەلـی خەڵـکان لـە هەمـوو سـووچێکی جیهانـەوە دەگەیشـتنە لای و لەبـارەی ڕێکخسـتن و بەڕێوەبردنـی نەخۆشـخانانەوە پرسـیان پێـی دەکـرد و ڕەئیـان وەردەگـرت. ئـەوە بـوو هەتـا ئـەو دەمـەی لـە پێشـدا ڕۆشـنایی چاوەکانـی و پاشـتریش هێـزی بیرکردنـەوەی بـە یەکجـاری کـز بـوون ئـەم لـەکار و چالاکـی خزمەتکردنـدا نەکـەوت و کۆڵـی نـەدا.

لـە کۆتاییـدا، لەسـاڵی (١٩١٠) لـە تەمەنـی (٩٠) سـاڵیدا هـەر بـە کچێنـی سـەری نایـەوە و چـاوی ئارامیـی بـۆ هەتـا هەتایـێ لێکنـا.

سەرچاوە: کتێبی

The Oxford English course for Iraq, London 1950

# ئایینی زەردەشتی
# ئایینی کوردەکان لە پێش ئیسلام

مەجید ئاسنگەر لە ئینگلیزیەوە وەریگێڕاوە

ئـەو ئاییـنـەی لـە سـەردەمە هـەرە زووەکانـی مێـژوو لەنێـو کوردەکانـدا بڵاوبـووە نەزانـراوە چـی بـووە، بەڵـێ بـە دواییـن دۆزینـەوەی هەنـدێ شـوێنەواری مێژوویـدا دەرکەوتـووە کـە کـورد کاتێـك (٤٠٠٠) سـاڵ پێـش زاییـن هاتوونەتـە ئـەم شـوێنەی ئێسـتێ تیایـدا دەژیـن (واتـە کوردسـتان- م.ئـا) باوەڕیـان بـە (ئاهـوڕا) هەبـووە، واتـە (ئاگـر و رۆژ) یـان پەرسـتووە و رقیـان لـە (تاریکیـی) بۆتـەوە و لێـی ترسـاون. دواتـر زاراوەی (ئاهـۆڕا) گۆڕانکاریـی بەسـەرداهاتووە و سـەرەنجام بۆتـە (ئاهـوڕا مـەزدا) وشـەی (مـەزد) بەمانـای (بـە هێـز و خـاوەن دەسـەڵات) هاتـووە و بـە تێپەڕبوونـی کات ناوەکـە بـووە بـە (هۆرمـەزد) ئەمەیـش خواوەنـدی (خـۆر و چاکە)یـە.

کـوردەکان بڕوایـان وابـووە کـە سـەرەتای نەژادیـان (ئاگـر و رووناکیـی) بووبێـت، هەربۆیــەش لــە دێرزەمانــەوە (ئاگــر) بەلایانــەوە (پیــرۆز) بــووە و پەرســتوویانە. هەروەهــا بەوپێیــەی کــە (خــۆر و مانــگ و ئەســتێرە)یش (تیشــك و رووناکیــی) پەخــش دەکــەن ئەمانەیشــیان لــەلا (پیرۆز)بــووە، قینیشــیان لــە هــەر شــتێك بۆتـەوە کـە پەیوەسـتی (تاریکیـی) بووبێـت و بـە خواوەنـدی (تاریکیی)یـان گوتـووە (ئەهریمـەن) و زۆریشـی لـێ تۆقیـون و وایانزانیـوە هەرچـی خراپەکارییەکـی سـەر رووی زەمیــن هەیـە بـە ویسـت و خواسـتی (ئەهریمــەن) دێتـە دی! بەوشـێوەیە کـوردەکان دوو خواوەندیـان هەبـووە، خـودای (چاکـە و خـۆر- هۆرمـز) و خـودای (خراپــە وتاریکیــی- ئەهریمــەن).

بەجێهێنانــی ئەرکەکانــی نوێــژ و ســەرجەم فەرمانەکانــی ئایینەکــە بــە تەنیــا لــە ئەســتۆی ســەرکردە ئایینەکانــدا بــووە کــە بــە (پیــر) نــاسراو بــوون، ئەمانەیــش بــەرە بــەرە لــە رێنمایــی و راســپاردەکانی (هورمــز) بــە دوورکەوتوونەتــەوە و پڕیانکــردوون لــە جــادوو (ســیحر) و فێــڵ و درۆ و شــتهای نابەجــێ. تاکــو لــە دواییـدا (٣) رابـەری نێـردراو بەنـاوی (زەردەشـت)ی یەکـەم و دووەهـەم و سـێهەم پەیدابوونــە و ئامانجیــان ئــەوە بــووە (ئامۆژگارییەکانــی هورمــز) لــەو ســیحر و شــتە پڕوپووچانــەوە کــە تێیانکەوتبــوون پــاك بکەنــەوە.

(زەردەشــتی- یەکــەم) لەشــاری (بەلــەخ) ســەریهەڵداوە و بــە بــاوەڕی مێژووناسـان هاتنەکـەی لـە سـاڵەکانی (٣٠٠٠ی پ. ز)دابـووە، (زەردەشـتی دووەم) کــە (فەرەیــدوون)ە ســاڵی (٢٠٤٠ی پ.ز) پەیدابــووە و (زەرادەشــتی ســێهەم) سـاڵی (١٠٦٠ ی پ.ز) لـە شـوێنێکی نزیـك بـە (گۆلـی ورمـێ)وە بەدەرکەتـووە، ئەمەیـش هەوڵـی زۆریـداوە (رێنماییەکانـی هۆرمـز) لـەو شـتانەوە پاکبکاتـەوە کـە بـە نارەوایـی تێیانکەوتـوون و پێیانـەوە نامـۆن! لـەو کاتـەدا سـەرکردە ئایینـەکان (پیـرەکان) ئەوانـەی پێشـتر دەسـەڵاتی یاسـاییان لەژێـر چنگدابـوو لـە (زەردەشـت) هەڵگەڕانــەوە و ناچاریانکــرد ناوچــەی (ورمــێ) جێبهێڵێــت و روو بکاتــە شــاری

(بەلـــەخ) و لەوێـــدا دەس بـــە بڵاوکردنـــەوەی ڕێنماییـــە ئایینەکانییـــەوە بکاتـــەوە. لـــە پاشـــانا دوای ئـــەوەی خەڵـــکان متمانـــەی تەواویـــان بەخـــۆی و ڕێنماییەکانـــی کـــردەوە هەمدیـــس بـــەرەو ناوچەکـــەی خـــۆی گەڕایـــەوە بـــەو مەبەســـتەی بانگەشـــە بـــۆ ئایینەکـــەی بـــکات و لـــە هەمـــوو ئـــەو شـــتە خراپانـــەوەی پاکبکاتـــەوە کـــە بـــە ســـەریەوە نرابـــوون و تێوەیـــدا ئاخنرابـــوون.

ئێســـتا بەشـــی هـــەرە زۆری کتێبـــی (زەنـــد) کـــە (زەردەشـــتی یەکـــەم) نووســـیوویە ونبـــووەوە، تەنهـــا چەنـــد لاپەڕەیەکـــی مـــاوە کـــە ئێســـتاکە لـــەلای (پەیڕەوانـــی زەردەشـــتی) لەوڵاتـــی (هینـــد)دا پارێـــزراون، وەلـــێ ئـــەو کتێبـــەی (زەردەشـــتی سـێهەم) بـڵاوی کـردەوە کـە بـە (ئاڤێسـتا) نـاسراوە، ئـەوە بـە زمانـی کوردیـی نـووسراوە و ئەمەیـش ئێسـتێ لای (زەردەشـتییەکانی هیندوسـتان)ەوە دەس دەکەوێـت. دەبـێ ئـەوەش بگوترێـت کـە ڕێنماییەکانـی (زەردەشـتی)یش (ئاگـر) بـە شـتێکی (پیـرۆز) دادەنێـت، بـەڵام ناگاتـە پلـەی (پەرسـتینیەوە).

زەردەشـــتییەکان خواکانیـــان بـــە ناوەکانـــی (هورمـــز، یـــەزدان، خـــودێ و خوفاوخـای)ەوە نـاوزەد کـردوون. سـەرچاوەی (پیرۆزیـی ئاگریـش) بەلایانـەوە بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە باوەڕیـان وایـە (تیشـك و روناکیـی) هێـزی خوداییـن!

ئایینـی زەردەشـتی سـێ کۆڵەگـەی بنەڕەتـی هەنـە (پاکیـی بیرکردنـەوە، پاکیـی دوانـدن- دەم پاکیـی، پاکیـی کـردار (رەفتـار پاکـی) لەسـەر پێڕەوانـی ئایینـی زەردەشـتیش پێویسـتە ڕێـزی ئـەم سـێ بنەڕەتانەیـان لابێـت و لێیـان لانـەدەن.

یـەك هـەزار سـاڵ پێـش زاییـن (زەردەشـتی) ئایینـی رەسـمی و سـەرەکی سـەرجەم کوردسـتان و وڵاتـی فـارس بـووە. ئـەم ئایینـە هـەر لـە لێوارەکانـی (دەریـای رەش)ەوە هەتـا نـاوەوەی هیندسـتان بڵاوببـووەوە، ئێسـتاکەش ژمارەیـەك خەڵکـی هینـد هـەن لەسـەر ئایینـی زەردەشـتیی ماونەتـەوە و پێڕەویـی لێدەکـەن.

هەروەهـا لـە ناوچەکانـی چیاکانـی (ژەنـگار و کـورداغ) لـە نزیـك شـاری (حەلـەب) و لـە ویلایەتەکانـی (سـیرت و دیاربەکـر) و ناوچەکانـی (نزیکـی

(ئـەرزەرۆم) و لـە (یەریڤان)یـش پێڕەوانـی ئـەم ئایینـە هەنـە و بـە (ئێزیـدی) نـاسراون. ئێزیدیـش (خـودا) پەرسـتن و کڕنـۆش بـۆ (یـەزدان) دەبـەن و کڕنـۆش بـۆ (شـەیتان) نابـەن و بگـرە ئەوەنـدە قینیـان لـە (شـەیتان)ە تەنانـەت حەزناکـەن هیـچ شـتێکی لەبارەیـەوە ببیسـن. ئـەو ئێزیدییانـەی ئێسـتا لـە کوردسـتاندا دەژیـن بەشـێوەی زەردەشـتییەکانی پێشـوو، لـە نوێژکـردن و ئەنجامدانـی ئەرکەکانـی دیکـەی ئایینەکـەوە رەهـان و بگـرە ئـەو کارانـە تەنهـا بـە ئەسـتۆی پیرەکانیانـەوەن، ئەمـان لـە سـاڵێکدا تەنیـا سـێ رۆژان دەگـرن (بـەرۆژوو دەبـن) و بەگوێـرەی بیرکردنـەوەی زەردەشـتییەکان خـودا (ئەلـلاە) خوداوەنـدی خێروچاکەیـە و (شـەیتان)یش خواوەنـدی شـەڕ و خراپەیـە. جـا چونکـە کتێبـی (ئاوێسـتا) بـە زمانـی ئێرانـی رۆژئـاواوە نووسراوەتـەوە بێگومـان دەبێـت زەردەشـتی سـێهەم بـە نـەژاد خەڵکـی رۆژئـاوای ئێـران بووبێـت. (واتـە کوردسـتانی رۆژهـەڵات- م.ئـا) هەروەهـا بەپێـی زانیارییەکانـی مێژووناسـی خاڵدیـی (بروسـکی)یەوە دەبـێ (زەردەشـتی یەکـەم) لـە بنەماڵـە (خانـەوادە)ی (پادشـاه) بووبێـت لـە (مـەد) کـە ٣٠٠٠ هـەزار سـاڵ پێـش زاییـن (پ.ز) فەرمانڕەوایـی (حوکـم)ی وەڵاتـی خاڵیدییەکانیـان کـردووە. لـەو سەردەمیشـدا (گووتییـەکان) لەگـەڵ خاڵدییەکانـدا دەوڵەتێکیـان دامەزراندبـوو، ئەوەیـش ئەمـە دەگەیەنـێ و دەیچەسـپێنێت کـە (میدییـەکان) یـش لـە نـەژاددا سـەر بە(گوتییەکانـن).

سەرچاوە و ژێدەر:

لـە کتێبـی (في سـبیل کوردسـتان- مذکـرات زنـار سـلۆپی قـدری جمیـل پاشـا) چاپـی سـوید، لاپـەڕە (٢٨٦-٢٨٩)وە وەرگێـڕدراوە.

# (زیندەگی کوردێك لە یەکێتی شۆرەویی دا)

**نووسینی پرۆفیسۆر: نادری نادرۆف**
(ئەندام و ئەمینداری پێشووی ئاکادیمیای  زانستی کۆماری کازاخستانی یەکێتی شورەوی جاران)

مەجید ئاسنگەر وەریگێڕاوە

ئـەو رووداوانـەی بەسـەرکوردەکانی یەکێتـی شـۆرەوەیی (پێشـوو) دا هاتـوون وەکـو یـەك و هەماهەنـگ نەبـوون، بەڵکـو هەندێـك جـار خۆشـی و کامەرانـی و زۆرجارانیـش ئاسـتەنگ و تەگـەرە و خـەم و ناخۆشـی بـوون. بـە هەڵگیرسـانی شۆڕشـی ئۆکتۆبـەری سـاڵی ١٩١٧ ئازادیـی بـۆ گشـت نەتـەوەکان دەسـتەبەر کـراو، یاسـای بنەڕەتـی (دەسـتوور)ی سـۆڤیاتی مافەکانـی کـوردی وەکـو نەتەوەکانـی دی زامـن کـرد و کوردیـش هاوشـانی گەلانـی تـر توانـی پـەرە بسـەنێ و پێشـکەوێت.

سـاڵی ١٩٢٣ لەسـەر داوا و بـە فەرمانـی خـودی (لینیـن) کوردسـتانی شـۆرەویی لـە ئازەربایجـان دامەزرێـنرا. لـە نێوەنـدی ئـەم وڵاتـەدا و لـە شـاری (لاچیـن) قوتابخانەیـەك و رۆژنامەیـەك و شـانۆیەك بـە زمانـی کوردیـی دامەزرێنـدران. بـەم

شـێوەیە دەرفـەت بـۆ نووسـەرە کـوردەکان رەخسـا بەرهـەم و نووسـینەکانیان بـە زمانـی خۆیـان بڵاوبکەنـەوە و ئەمـەش کوردەکانـی یەکێتـی شـۆرەویی زۆر خۆشـحاڵ کـردن، وەلـێ ئـەم بەختیارییـە زۆری نەکێشـا و دەوامـی نەکـرد. ئـەوە بـوو سـاڵی ١٩٢٩ قوتابخانـە کوردییـەکان بـە کردەنـی داخـران و تەنیـا رۆژنامەیەکـی کوردیـی بـە نێـوی (رێیـا تـازە) لـەو مێـژووەوە لـە یەریڤانـی پێتەختـی ئەرمێنیـا دەردەچێـت. راسـتە لـەم شـارەدا لقێکـی یەکێتـی نووسـەرانی کوردیـش هەیـە و سـەر بـە یەکێتـی نووسـەرانی کۆمـاری ئەرمێنیایـە، هەروەهـا چەنـد قوتابخانەیەکیـش پرۆگرامـی رادیۆیـی بـە زمانـی کوردیـی مـاون، بـەڵام کوردەکانـی یەکێتـی شـۆرەویی لـە نێوانـی سـاڵەکانی ١٩٣٧ و ١٩٤٤ رووبـەڕووی تاڵتریـن کارەسـاتی جەرگبـڕ بوونەتـەوە.

ئـەوە بـوو لـەم ماوەیـەدا ژمارەیەکـی ئێجـگار زۆر لـە کوردەکانـی قوقـاز بـۆ ئاسـیای ناوەڕاسـت بـە تایبەتـی بـۆ کۆمـاری (کازاخسـتان) راگوێـزران و راگوێزراوانیـش هەرگیـز رێگەیـان پێنـەدرا پێکـەوە لەیـەك شـوێندا کۆوەبـن، بەڵکـو هەرخانەوادەیـەك (خێزانێـك) بـە تەنهـا لـە گوندێـك نیشـتەجێ کـران. مـن خۆیشـم لـە رەچەڵەکـی یەکـێ لـەو خێزانـە راگوێزراوانـەم. باوکـم سـاڵی ١٩٣٧ کۆچـی دوایـی کـرد و دایکـم و نـۆ منداڵـی لـە پـاش بەجێـما. شـەوێ لـە شـەوانی ١٩٣٧ دا هێـزەکان هاتنـە نێـو گوندەکەمانـەوە (گونـدی غیغتـش لـە ناوچـەی نەخچـەوان)ی ئازەربایجـان. لـە دەرگەیانـدا و ئەمریـان پێکردیـن خۆمـان بـۆ (سـەفەر)ێکی دوور ئامـادە بکەیـن و گوتیـان، سـبەینێ بەیانیـی راتاندەگوێزیـن، بەبـێ ئـەوەی نـاوی ئـەو شـوێنەمان پـێ بڵێـن کـە بـۆی دەچیـن.

سـپێدەی رۆژەکـەی دواتـر ئێمـە و چەنـد خانەوادەیەکـی دی بـە سـواری ماشـێنی سـەربازی بـۆ نزیکتریـن وێسـتگەی شـەمەندەفەریان بردیـن و لەوێـوەش بـۆ لایەکـی نەزانراویـان راداشـتین. دوای ٤٥ رۆژ ئەوجـا لـە ناوچەیەکـی دەشـتایی کـە نەمانزانـی کوێیـە گردیـان کردینـەوە و گوتیـان «ئێـرە پێـی

دەگوترێ (غاشکا- بولاغ) و دەکەوێتە نێو ناوچەی (جانبۆل)ی کازاخستانەوە. هەروەها پێشیانراگەیاندین کە «ئێرە هەتا هەتایە جێگەتان دەبێت». دوای چەند رۆژێکی تر دووبارە دەسەڵاتداران هاتنەوە بۆ ئەوێ و هەرچی سەرداری خێزانەکانمان بوون بە عەبدوللای براشمەوە هەموویان بردن و هەر لەوکاتەیشەوە تا ئێستەش لەگەڵدا بێت هیچ هەواڵێکیان نازانین. ئەوجا بۆ ماوەی حەوت مانگان لە چاوەڕوانی دروستکردنی خانووەکانماندا لەو چادر و خێوەتانەدا ژیاین کە سوپای سوور پێمانیان دابوون. هەر ئاواییەکی تازەش قوتابخانەیەکی بۆ کرایەوە، بەڵام دەرس بە زمانی (کازاخی) دەخوێنرا، بۆیە من ناچار بووم خوێندنم بەو زمانە تەواو بکەم.

پاش ئەوەی خوێندنی دواناوەندیم لەوێدا تەواو کرد بڕیارمدا لە ناوچەیەکی دیکە درێژە بە خوێندنەکەم بدەم. بەڵام لەبەر ئەوەی بۆ ئێمە قەدەغە بوو لەو ناوچەیە بچینە دەرەوە، داوام لە فەرمانڕەوایی سوپایی گوندەکان کرد رێگەم پێبدات کەچی راشکاوانە رەفزی کرد و داواکەمی رەتکردەوە. ئەوسا بە ناچاریی سکاڵام بۆ (ستالین) بەرز کردەوە و ئەم وەڵامەم بۆ هاتەوە «تەنیا مەڵبەندی کۆمارەکان نەبێ، بۆتان هەیە بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندن بۆ هەموو شارەکانی تر بچن» ئەوەیش ناچاری کردم وازبێنم لە ئارەزووی خوێندنی نۆشداریی (پزیشکی) چونکە ئەوسا کۆلیژەکانی (طب) جگە لە مەڵبەندەکانی کۆمارەکانی شۆرەویی لە هیچ کوێیەکی دیکەدا نەبوون، بۆیەکا چوومە بەشی کیمیا لە پەیمانگەی پەروەردەیی (غیزل ئوردا) و لەپاش وەرگرتنی بڕوانامەی لیسانس لە کیمیا گەڕامەوە دێکەمانەوە و بووم بە مامۆستای دواناوەندیی.

ساڵی ١٩٥٦ دوابەدوایی هاتنە سەرکاری خرۆتشۆف، سەرلەنوێ مافی ئەوەمان پێدرایەوە بە ئازادیی لە هەموو بەشەکانی وڵاتدا هاتوچۆ بکەین. بەو شێوەیە بۆم لوا بچمە مۆسکۆ و لەوێ لە پەیمانگەی پەروەردەیی

(لینیــن) دەســتم کــرد بــە ئامادەکاریــی بــۆ وەرگرتنــی دکتــۆرا لــە کیمیــا. دوای وەرگرتنــی دکتۆراکەیــش لــە پەیمانگــەی پەروەردەیــی (خاربارۆفسـك)ی دەسـتبەکار بــووم ئەوجــا، پــاش نــۆ ســاڵان پلــەی (پرۆفیســۆر)یم پێــدرا. دوای ئــەوە وەکــو لێپــرسراوی بەشــی (پەتروکیمیاویــات) نێــردرام بــۆ پەیمانگــەی تەکنەلۆژیــی لــە (تشـیمکانت)ی کازاخسـتان و ئەوجـا بـووم بـە جێگـری کارگێـڕی پەیمانگەکـە و دواتریــش ئەمینــداری گشــتی ئەکادیمییەکــە.

دوای هاتنـە سـەرکاری گۆرباتشـۆف بارودۆخـی کوردەکانـی یەکێتـی شـۆرەوەیی زۆر بــەرەو خراپــی چــوو. وێــڕای بەڵێنەکانــی دەســتەڵاتی ناوەندیــی بــۆ هەرچــی بایەخدانــی زێــتر بــە کێشــەی گەلــە راگوێزراوەکانــەوە، بــەڵام بــە کــردەوە لــەم رووەوە هیـــچ یەکێکیـــان ئەنجـــام نـــەدا. بگـــرە رەوشـــی کـــوردەکان بەهـــۆی قەیرانەکانــی نێــوان کۆمارەکانــی ئازەربایجــان و ئەرمێنیــا و قەرغێزیــا و هێنــدەی تــر روو لــە داتەپیــن و نالەباریــی بــوو. کــوردەکان ناچــار کــران لــە ترســی کوشــتن و ئــازار و ئەشــکەنجەدان پەنــا وەبــەر کۆمارەکانــی دیکــە ببــەن و بــۆ وێنــە روویــان کــردە روســیا و لەوێــش مافــی ئەوەیــان نەبــوو تەنانــەت نیشــتەنی (خانوو)یێــك و کارێکیــش بەدەســت بێنــن. کوردەکانــی یەکێتــی شــۆرەویی لــە هەمــوو مافــە رۆشــنبیرییەکانیان بێبــەش بــوون و لــە نــۆ کۆمارانــدا پەرتــەوازە و پەراگەنــدە کــراون، ئێســتاش بوونەتــە قوربانــی ئــەو ناکۆکــی و ململانیــە نەتەوایەتییــەی لــە قوقــاز و ئاســیای ناوینــدا بەرپابــووە و ئەمەیــش مەترســی و هەڕەشــەیەکە لــە بوونیــان وەك نەتەوەیەکــی ســەربەخۆ.

پەراوێز و سەرچاوە:

١- گۆڤــاری دراســات کردیــة- ژمــارە ٤ (٨) ســاڵی ١٩٩٣ (ل ٧١-٧٢) کــە پەیمانگــەی کوردیــی لــە پاریــس دەریــدەکات.

# کێشەی کورد لە دیدی نووسەری تورك ئیسماعیل بێشکچییەوە

لە کتێبی (کوردستان کۆلۆنیالی نێودەوڵەتییە) لە نووسینی ئیسماعیل بێشکچی
وەرگێڕانی بۆ عەرەبی د. زوهیر عبدالملك. دار APEC بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە- سوید ١٩٨٨

**نووسینی د.نوری تاڵەبانی**

ڕۆژنامەی (الحیاة) لەندەنی ژمارە ١٣٢٦٦ی ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٤ی تەمموز (یولیو)

مەجید ئاسنگەر وەریگێڕاوە بۆ کوردی

زانای کۆمەڵناسی تورك ئیسماعیل بێشکچی ساڵی ١٩٩٠ کتێبەکەی بەنێوی (کوردستان موستەعمەرەیەکی نێودەوڵەتییە)وە نووسیوە. هەر بە دەرچوونی کتێبەکەوە کاربەدەستانی تورك فەرمانی دەستبەسەرداگرتنی کتێبەکە و دووبارە زیندانیکردنی دانەرەکەیشیان دەرچوواند. بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە لە نێوەندە سیاسییەکانی تورکیدا بە بەرەی چەپیشەوە کە بەوە ناسراوە لە هەمبەر کێشەی کورددا زۆر لامل و توندڕۆیە، سەردەمەیەکی بەربڵاوی نایەوە، ئەمەیش بەهۆی زاڵبوون و باڵادەستیی بیروبۆچوونی کەمالیستەوە تیایدا، ئەو بیرەی حەفتا ساڵ زێترە (ئینکاری)بوونی کورد وەك گەلێکی جیا لە گەلی تورك دەکات و تەنها بە بەشێکی ئەو گەلەی (تورك)ی دادەنێت. دانەر بە

شـێوەیەکی تایبەتـی بـاس لـە ڕەوشـی کوردسـتانی باکـوور (تورکیـا) دەکات، لـێ پەنجـە بـۆ بارودۆخـی کـورد لـە پارچەکانـی تـری کوردسـتانیش رادەکێشـێ و، بەگشـتی نەتـەوەی کـورد وەك نەتەوەیەکـی زۆرلێکـراوی بێبەشـکراو لـە سـەرجەم مافەکانـی نەتەوەیـی و دیموکراتیـی پێناسـە دەکات. نووسـەری کتێبەکـە، کـە کۆنتریـن زیندانیـی نێوتورکیایـە و کـۆی حوکمەکانـی لەسـاڵی ١٩٧١ەوە تـا ئێسـتا لـە دوو سـەدە و نیـو بەندیـی تێپەڕانـدووە، هەنووکـە ئـەوا شـانزدە سـاڵە بـە حەپـس میوانـی بەندیخانـەی مەڵبەندیـی تایبەتـە لـە (ئەنکـەرا)ی پایتەختـدا.

ئیسـماعیل بێشـکچی دەرچـووی کۆلیـژی زانسـتە سیاسـییەکانە لـە زانکـۆی ئەنکـەرا و بڕوانامـەی دکتۆرایشـی لـە رشـتەی زانسـتی کۆمەڵایەتـی لـە زانکـۆی (ئەتاتـورك) لـە (ئـەرزەرۆم) سـاڵی ١٩٦٧ وەرگرتـووە. لـەو کاتـەوە (کـورد)ی ناسـی کـە بـۆ خزمەتـی سـەربازیی چووبـوە باشـووری ڕۆژهەڵاتـی تورکیـا جـێ نشـینگەی کـوردەکان. هـەر بـە گەیشـتنی بـەم ناوچەیـە نووسـی: «بـەو چاوانـەی خـۆم گەلێکـم بینـی خـاوەن زمـان و دیـرۆك و دابونەریتێکـی جـودان لـەوەی ئێمـە (تـورك) هەمانـە. ئـەم گەلیـش ئـەو نێوەیـان نییـە تـورك لێیانـی نـاوە، ئەمـان بـە خۆیـان ناڵێـن تورکـی چیایـی بەڵکـو بەخۆیـان یـەژن (ئێمـەی کـورد) ئیـتر هـەر لـەو رۆژەوە کەوتـە توێژینـەوە لەبـارەی ڕەوش و مێـژووی کوردانـەوە، پـتر لـە (٣١) لێکۆڵینـەوە و باسـی کۆمەڵایەتیـی و سیاسـیانەی لەبارەیانـەوە بڵاوکردۆتـەوە کـە هەندێکیـان دەسـتیان بەسـەر داگیـراو نووسـەریش بـە تۆمەتـی سووکایەتیکردن بـە کەرامـەت و شـەڕەفی دەوڵەتـی تورکیـەوە درایـە دادگـە، کەچـی نووسـەر هەمیشـە دەیگـوت «مـن خەباتێکـی ئاشـتییانەم بەرپاکـرد و تاوەکـو ڕێگـە بدرێـت بـە گفتوگۆیەکـی زانسـتیانە کـە هەمـوو چاودێرییـەك (رقابـة) رەتدەکاتـەوە و هیـچ شتێکیشـی بـەلاوە بڤـە و موحـەررەم نییـە و پشـت بـە ئازادیـی رادەربڕیـن و ڕێزگرتنـی مافەکانـی مرۆڤـەوە دەبەسـتێت، ئەوەیـش هەمـووی بـە مەبەسـتی رزگارکردنـی شـەڕەفی تورکیایەوەیـە.

بێشـکچی خزمەتێکـی گـەورەی بـە گەلەکـەی خـۆی و هەروەهـا بـە کێشـەی گەلـی کوردیـش گەیانـدووە، چونکـە بـە شـێوازێکی روون و ئاشـکرا و راسـتگۆیانە بیروبـڕوا بۆیەکانـی خـۆی لەمـەڕ کێشـەی کـوردەوە دەربڕیـوە و (کرۆکـی) کێشەکەیشـی زۆر بـە هـوردی دیاریکـردووە بـۆ ئـەوەی کاتـێ پـێ دەنێتـە سـەدەی بیسـت و یەکەمـەوە دەروازەیەکـی بەسـەردا بکرێتـەوە. جـا بەهـۆی گرنگیـی ناوەرۆکەکەیـەوە کتێبەکـە بـە چەنـد زوبانێکـی بیانـی وەرگێـڕدراوە. لەوانـە زمانـی ئەڵمانـی سـاڵی ١٩٩١، ئیسـپانی ١٩٩٢، فەرەنسـی سـاڵی ١٩٩٦ و دواتریـش زمانـی عەرەبـی سـاڵی ١٩٩٨ کـە ئەدیـب و زانـای کۆمەڵنـاس و لێکۆڵـەری شـارەزا لـە چەندیـن زوبـان دکتـۆر زوهیـر عەبدوڵەلیـك لـە زمانـی فەرەنسـییەوە کردوییـە بـە عەرەبـی. وەرگێـڕ دەڵێـت لـەو کاتـەوەی چـاوی پێـی کەوتـووە ناونیشـانی کتێبەکـە سـەرنجی راکێشـاوە و دوای خوێندوەیشـی نووسـەرەکەی زێـتر چـووە بەدڵـدا، ئەوەیـش بەهـۆی بوێـری و نەترسـانییەوە لـە دەستنیشـانکردنی کرۆکـی کێشـەی کـورد کـە شـایەنی هەمـوو بایـەخ پێـدان و تێفکرینێکـە بـە شـێوەیەکی بابەتیانـە و ئاشـنابوون بـە بیروڕاکانـی بێشـکچی و دیـد و بۆچوونەکانـی کـە ئەوەنـدە بـە روونـی و راسـتگۆیانە دەیانخاتـەڕوو بەدڵـی هەمـوو ئەوانەیـە کـە بـە دوای دۆزینـەوەی چارەسـەرێك بـۆ ئـەو مەسـەلەیەدا دەگەڕێـن کـە لـە وەتـەی لەسـەرەتای سـەدەی بیسـتەمەوە دروسـت بـووە هەتـا ئیمـڕۆ رێگەچارەیەکـی بـۆ فەراهـەم نەبـووە. لـە هەمانکاتـدا کاکـی وەرگێـڕ هەسـت و دوو دڵیـی خـۆی لـە بەکارهێنانـی وشـەی (ئیمپریالیـزم) و لـێ خۆشـنەهاتنی ناشـارێتەوە، چونکـە ئـەو بیرۆکەیـە تەنیـا بـە بەریتانییـەکان و فەرەنسـییەکانەوە دواتریـش بـە ئەمەریکییەکانـەوە پەیوەسـت بـوو، هەروەهـا بـە تێکۆشـان دژی باڵادەسـتیی داگیرکەرانەیـان و خەباتـی گـەلان لـە پێنـاو رزگاربـوون لـە کۆتـی (ئیسـتیعمار) و دەسـتەبەرکردنی سـەربەخۆیی تـەواو و دامەزراندنـی سیسـتمێکی دیموکراتییانـەی ئـازاد، بـەڵام پـاش خوێندنـەوەی کتێبەکـە و روونبوونـەوەی چەمکـی (ئیسـتعماری

ناوەخـۆ) وەکـو «زاراوەیەکـی بـاو لـە ئەدەبیاتـی زانسـتی کۆمەڵایەتـی سیاسـیدا بـۆ وەسـفکردنی دەرەنجامـە جوداوازەکانـی پەرەسـەندنی هەرێمایەتـی بـەو شـێوەیەی بیـردۆزەی پەیوەندییـە رەگەزایەتییـەکان بـەکاری دێنـن بـۆ پیشـاندانی رەوشـی ئـەو بێبەشـکردن و چەوسـاندنەوەیەی کەمینـەکان لـە کۆمەڵگەیەکـدا دووچـاری دەبنـەوە» پـاش ئەمـە هیـچ پاسـاوێك بـۆ راڕایـی و دوو دڵییەکـەی لـە ئـارادا نەمـا و دانیشـی پیـادا دەنێـت. دوایـی ئامـاژە بـەوە دەکات کـە پێشـتریش مارکسـییەکان ئـەو زاراوەیـان بەکارهێنابـوو لـە دەربڕینـی بۆچوونەکانیانـدا لەمـەڕ رەوشـی کەمتەرخەمـی رامیاریـی و ئابووریـی نێـوان هەرێمەکانـی کۆمەڵگەیەکـدا. نایەکسـانیی هەرێمـەکان هەروەهـا دیاردەیەکـی راگـوزار نییـە بەڵکـو پابەنـد و یـاوەری گەشەسـەندنی کۆمەڵگـەی پیشەسـازییە. لەبـەر ئەمـە ئەگـەر پێوەندیـی نێـوان وڵاتـی داگیـرکار و داگیرکـراو لـە حاڵەتـی ئیسـتمعماری دەرەکیـدا هـەردەم حەریفـی نایەکسـانی و چەوسـاندنەوە بێـت، ئـەوا هەمـان پێوەندیـش لـە نێـوان مەڵبەنـد (مرکـز) و دەرەوە (هەرێـم) دا نایەکسـانیی پێـوە دیـار دەبێـت. بـەم پێیـە، ئیمپریالیزمـی ناوەخـۆ دەبێتـە هـۆی کەڵەکـە بوونـی سـامان بـە قازانجـی ئـەو ناوچانـەی زێـتر سـەر بـە نێوەنـدەوەن. دەشـبێت دانیشـتوانەکانی کۆلۆنییـە (موسـتەعمەرە)ناوخۆییەکە بەرەگـەز، یـان ئاییـن یـان زوبـان یاخـود هـۆکاری تـری کەلتـووری لەگـەڵ دانیشـتوانەکانی تـردا جـوداواز بـن.

پێناسە و چینەکان

دانـەر کتێبەکـەی بـۆ دوو بەشـی سـەرەکیی دابەشـکردووە، یەکەمیـان بـە نێـوی تێفکریـن (بیرکردنـەوە) لەمـەڕ پێناسـەی کـورد و کوردسـتانەوە و ئەویتریـان بـە ناونیشـانی وردبوونـەوە لـە چینـە دەستڕۆیشـتووەکانی کوردانەوەیـە. لـە سـەرەتای بەشـی یەکەمیـدا دانـەر باسـی بارودۆخـی تورکیـا لـە سـاڵی ١٩٧١دا کـە (بـە سـاڵی رەشـبگیریی و دادگایـی کـردن) نـاوی دەبـات دەکات، چونکـە زیندانـە سـوپاییەکان پڕاوپڕیـان بـوو لـە ئاپـۆرەی بەربـڵاوی دەسـتگیرکراوانی

کـــورد لـــە هەمـــوو چینەکانـــی نێوکۆمەڵـــدا. دەشـــڵێت دادوەرە ســـەربازییەکان لـــە زۆربـــەی ناوچـــە کوردییەکانـــدا شـــێلگیرانە لەســـەر ئـــەوە مکـــوڕ دەبـــوون ئـــەو دەســـتگیرکراوانە بـــە (تـــورك) دابنرێـــن (ئیعتیبـــار بکرێـــن) هەرچەنـــدە تەنیـــا لـــە رێـــی تەرجومانـــەوە تۆمەتەکانیـــان ئاراســـتە دەکـــردن چونکـــە لـــە کوردیـــی بـــەولاوە بـــە هیـــچ زمانێکـــی تـــر نـــەدەدوان و تەنیـــا لەیـــەك وشـــەی تورکیـــش تێنەدەگەیشـــتن. هەروەهـــا دەڵێـــت لەگـــەڵ ئەمەشـــەوە ئـــەو دادگـــە نائاســـاییانە جەختیـــان لەســـەر ئـــەوە دەکـــردەوە کـــە زمانـــی کوردیـــی بوونـــی نییـــە و ئـــەوەش کەهەیـــە تەنیـــا شـــێوەزارێکە و (دیالێکتیکـــە) لـــە زوبانـــی تورکییـــەوە دروســـتکراوە (داتـــاشراوە). نووســـەر گلەوگازنـــدەش بـــەرەو رووی ئـــەو مامۆســـتا و زانکۆکارانـــەی تـــورك دەکاتـــەوە ئەوانـــەی لـــە هەوڵـــی پاســـاودانی دیـــدی دەســـتە و تاقمەکانـــی دادگـــە ســـەربازییەکاندان و ســـەرگەرمی نوســـینی «لێکۆڵینـــەوەی زانســـتییانە» بـــوون بـــە مەبەســـتی بەراســـت دەرخســـتنی ئـــەو تەنزیـــرە رەگـــەز پەرســـتیانەیانەوە. ئـــەو دادگاییەکردنانـــەش بەیـــەك لـــەو هۆکارانـــە دادەنێـــت کـــە بوونـــە رێخۆشـــکەر بـــۆ دەســـتپێکی قۆناخێکـــی هـــەرە گرنـــگ لـــە دێـــرۆك و زمـــان و کولتـــوور و ئەدەبیاتـــی کوردانـــدا. چونکـــە وایانکـــرد کـــوردەکان بـــە قووڵـــی لـــە رابـــردوو و ئێســـتایان وردبنـــەوە و بیـــر لـــە کوردســـتان بکەنـــەوە و کۆمەڵگـــەی کوردەواریـــی لەگـــەڵ کۆمەڵگـــە هاوشـــێوەکانی بـــەراورد بکـــەن. بـــەو چەشـــنە ئـــەو رەشـــبگیری و دادگایـــی کـــردن و بەندیخانـــە بوونـــە هـــۆکاری گەشەســـەندنی هەســـت و هۆشـــیاریی لـــە کـــن کوردەکانـــدا و هەروەهـــا ئاڵۆوگـــۆڕی زانیارییـــەکان دەربـــارەی ئـــەو بابەتانـــەوە. دەســـتگیرکراوەکانیش هەوڵـــی ئەوەیـــان دەدا قەناعـــەت بـــە داروەدەســـتەکانی دادگـــەکان بێنـــن کـــە «زمانـــی کـــوردی زمانێکـــی دیکەیـــە و زۆر لەگـــەڵ زمانـــی تورکـــی جیـــاوازە» لـــە هەشـــتاکاندا کۆمەڵگـــەی کـــوردەواری پـــتر گەشـــەی کـــرد و کـــوردەکان بەشـــێوازێکی جـــودا لـــەوەی رابردوویانـــەوە بـــە هەڵوێســـتەکانیان و رەفتارەکانـــی خۆیانـــدا چوونـــەوە. ئێســـتا دەســـتیانکرد لەبـــەردەم دادگـــەکان و دەســـتە و تاقمـــە

رەسـمیەیکانی دیکـەدا بـە زمانـی نەتەوەیـی خۆیـان قسـە بکـەن و هەڵوێسـتی خۆیانیـان بـە ئاشـکرا بەسـەردا بسـەپێنن. پێدەچـێ لـە باسـکردنی ئـەم پێشـەکییە کورتـەی کتێبەکەیـدا دانـەر ویسـتبێتی بـەو راسـتییە بـگات کـە بـاوەڕی پێیەتـی ئەویـش ئەمەیـە «کوردسـتان وڵاتێکـە تەنانـەت لـە خەسـڵەتەکانی وڵاتـی موسـتەعمەرەیش (کۆلۆنـی) بێبەشـە و کـورد ئـەو گەلـەن خۆیـان لـە رەوشـێکی زۆر خراپتریـش لەهـی گەلـە داگیرکراوەکانـی تـردا دەبیننـەوە. ئەوجـا بـە مەبەسـتی پاسـاودانی ئـەو دیـدەی خۆیـەوە. نووسـەر بەشـێکی کتێبەکـەی تەرخانکـردووە بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە بابەتـی «دروسـتبوونی (پەیدابوونـی) کۆلۆنییـەکان لـە چەرخـی نۆزدەهەمـدا» و چـۆن مێـژووی پەیدابوونـی کۆلۆنیالیـزم بوونـی دوو جـۆر کۆلۆنـی نیشـاندەدات، راسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ هەتـا لەوێـوە بگاتـە ئـەوە کـە بڵێـت هیـچ کام لەوانـە لەگـەڵ رەوشـی کوردسـتان یـەك ناگرنـەوە، چونکـە کـورد لـەو وڵاتانـەی هەنووکـە تیایانـدا دەژیـن بـە هاونیشـتمانیی پلـە دوو دەژمێردرێـن و سیاسـەتێکی زۆر تونـد و چـڕی (بـە تـورك و بـە فـارس و بەعـەرەب کردنیـان) دەرهـەق پێـڕەو دەکرێـت و پێناسـەی کوردبوونیـان و هەبوونـی نیشـتمانێکیان بـە نێـوی (کوردسـتان)ەوە ئینـکاری کـراوە. ئیمپریالیسـتەکان پـاش کۆتایـی هاتنـی جەنگـی یەکەمـی جیهانیـی چەنـد دەوڵەتێکـی پاشـکۆیان دروسـتکرد و خسـتیانە ژێـر چاودێریـی خۆیانـەوە (تحـت الانتـداب) وەك ئـەوەی لـە زۆربـەی وڵاتـە عەرەبییەکانـدا کردیـان. وەلـێ دەوڵەتـی کوردسـتانیان دانەمەزرانـد، ئەمەیـش وایکـرد کوردسـتان نەبێتـە (موسـتەعمەرە) بەڵکـو دابـەش بکرێـت لـە نێـوان چەنـد دەوڵەتانـدا کـە هەمووانیـش بەشـداربوون لـە گۆڕیـن و شـێواندنی دێـرۆك و لـە زەوتکردنـی هەمـوو مافێکـی نەتەوەیـی کـوردەکان و شـاردنەوەی شوناسـنامەیان و لەنێوبردنـی زوبانەکەیـان و هەروەهـا سـڕینەوەی کەلەپـووری لەمێژینەیانـدا. کـە ئەمانەیـش بوونـە هـۆکار و پاڵنـەر بـۆ هەڵگیرسـاندنی چەندیـن شـۆڕش و راپەڕینـی چەکداریـی لـە کوردسـتاندا کـە گشـتیان بـە پێـی پرۆسـەیەکی نەخشـە

بـۆ کێـشراو و هێـرش و پەلاماردانـی سـەربازیی هاوبـەش و بـە بەشـداریکردنی بەریتانیـاوە لـە زۆربەیانـدا، لـە دەریـای خوێنـدا نقومکـران و کوژێنرانـەوە. بـەو شـێوەیە «لـە توانـادا نەمـا بـاس لـە سـنوورێکی ئاشـکرا و دیاریکـراو بـۆ کوردسـتان بکرێـت» چونکـە پرۆسـەی گشـتگیرییەکانی راگواسـتن کـە دووچـاری کـوردەکان بـۆوە هاوشـانی شـاڵاوەکانی لەنێوبـردن (قڕکـردن) و سیاسـەتی (بـە تـورك و بـە فـورس و بـە عەرەبکردنـی کـوردەکان) سـەرەنجام بوونـە هـۆکاری ئـەوە کـە کوردسـتان ببێتـە (موسـتەعمەرەیەکی) (کۆلۆنـی) هاوبـەش و زۆر گۆڕانـکاری قـووڵ لـە پێکهاتـەی دانیشـتوانەکانی و هەروەهـا گۆڕانکاریـی دیـار و بەرچـاو لـە سـنووره سروشـتییەکاندا رووبـدات. لێـرەوە دانـەر بـەو راسـتییە دەگات کـە کاتـێ کـوردەکان لـە هـەواری خۆیانـەوە بـە دەردەنرێـن و لـە جێـی ئەوانـدا هەنـدێ تـورك و فـورس وعـەرەب لـە گوندەکانیانـدا نیشـتەجێ دەکرێـن و کاتـێ زەوییـە پـڕ پیتەکانـی کـوردان لەلایـەن دامـەزراوە کشـتوکاڵییەکانی سـەر بـە دەوڵەتـەوە (ئیسـتغلال) دەکرێـن، یانـە خـۆ مۆڵگـە و (سـەکەنەی) سـەربازییان تێـدا دروسـت دەکـەن ئـەو کارە بێگومـان لـە گرتنەبـەر و پیادەکردنـی هۆشـیارانە و پێداگرتـن لەسـەر سیاسـەتێکی رەنگڕێژکـراوەوە سـەرچاوە دەگرێـت. هەروەهـا دەشـڵێت ئـەو سیاسـەتە تەنانـەت کوردەکانـی ئەرمینیـا و دەوڵەتەکانـی شـۆرەویی جارانیشـی گرتۆتـەوە، کـە لـە سـاڵی ١٩٤٤دا فرەوانتریـن کـرداری (پرۆسـەی) راگوێزانـی زۆرەملێـی بـە کۆمەڵیـان لـە دژی ئەنجامـدراوە. لـە ئاماژەکـردن بـۆ لەتکردنـی کوردسـتان دانـەر دەڵێـت سـاڵەکانی ١٩١٥-١٩٢٠ کـە تیایانـدا ململانـێ و زۆرانبـازی لەسـەر کوردسـتان روویـدا و تەنانـەت هەندێکیـان ناکۆکـی و پێکدادانـی چەکداریشـی لێکەوتـەوە، بـە دابەشـبوونی بـە کۆتـا هاتـن. ئەوجـا دەوڵەتانـی بەشـداربوو لـە پرۆسـەی بەشـکردنەکەدا لـە پێنـاو پاراسـتنی بەرژەوەندیـی هاوبەشـیاندا یەکیانگـرت (هـاوکار بـوون) و بـۆ نموونـە چەنـد روویەکـی جـۆری هاوکارییـە سـەربازی و ئاسـایش و راگەیاندنەکانیـان بـاس دەکات. هەروەهـا

بـــەراوردی هەڵوێســـتی رژێمـــی عێراقـــی کـــە ســـاڵی ١٩٨٨ شـــاری هەڵەبجـــەی کیمیابـــارن کـــرد لەگـــەڵ هەڵوێســـتی ئـــەو دەوڵەتانـــەدا دەکات کـــە زاتیـــان نەکـــرد پەنـــا وەبـــەر ئـــەم چەکـــە کـــە هەمـــوو دەوڵەتـــان حەرامیـــان (قەدەغـــە) کـــردووە ببـەن و دەڵێـت «ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکا لـە شـەڕی ڤێتنامـدا نەوێـران گازی ژەهراویـــی دژ بـــە دانیشـــتوانان بـــەکار ببـــات و، یەکێتـــی شـــۆرەویی (جـــاران م.ئـــا) لەکاتـی شـەڕیدا لـە ئەفغانسـتان دژی موجاهیـدەکان ئـەم جـۆرە چەکانـەی بـــەکار نەهێنـــا، هەروەکـــو ئێسرائیلییەکانیـــش ئـــەم چەکەیـــان دژ بـــە فەلەســـتینییەکان بـــەکار نەهێنـــاوە.

نووســـەر دەڵێـــت (ســـەدام حوســـەین) بۆیـــە ئـــەم چەکـــەی دژی کـــوردەکان بەکارهێنـــا چونکـــە دڵنیابـــوو ئـــەم کردەوەیـــەی نـــە وڵاتانـــی هاوســـێ و نـــە وڵاتـــە عەرەبییـــەکان و نـــە تورکیـــاش و نـــە وڵاتـــە ئیســـلامییەکانیش ناوروژێنـــێ بۆیـــەش دەکـــرێ لـــە ئاســـت کاردانەوەکانـــی رای گشـــتی جیهانـــی دیموکراســـیدا خـــۆ کـــەڕ کات! رژێمـی فاشییسـتی بەغـدا رۆژی ١٩٨٨/٣/١٧ شـاری هەڵەبجـەی کیمیابارانکـرد و کۆنگـــرەی ســـەرانی ئیســـلامیش رۆژی ١٩٨٨/٣/٢٠ لـــە کوێـــت بەســـترا و ئـــەم (لوتکە)یـــە گفتوگـــۆی لەســـەر هەمـــوو بابەتـــەکان بەبابەتـــی بوونـــی تـــورکان لـــە بولگاریـــادا و چەوســـاندنەوەیان بەهـــۆی رەگەزەکەیانـــەوەش کـــرد! کەچـــی باســـی ئـــەو جینۆســـایدەی نەکـــرد کـــە قوربانییەکانـــی شـــەهید بوونـــی زێـــتر لـــە پێنـــج هـــەزار منـــداڵ و ژن و پیرەمێـــردی کـــورد و پـــتر لـــە دە هـــەزار برینـــدار بـــوون کـــە برینـــی زۆربەشـــیان ســـەخت و ترســـناك بـــوو.

هەروەهـــا دانـــەری ئـــەم کتێبـــە دەڵێـــت دۆخـــی سیاســـی کوردســـتان لەهـــی کۆلۆنـــی و نیمچـــە کۆلۆنییـــەکان خراپـــترە چونکـــە «کوردســـتان دۆخێکـــی رامیاریـــی دیاریکـــراوی نییـــە و هیـــچ ناســـنامەیەکی سیاسیانەشـــی نییـــە» تەنیـــا بـــۆ ئـــەوەی زێـــتر بەراوردیـــی نێـــوان دۆخـــی کوردســـتان و دەوڵەتـــە کۆلۆنییـــەکان روونکاتـــەوە، ئـــەو پێوەندییـــە بـــە نموونـــە دێنێتـــەوە کـــە بەریتانیـــای بەســـتۆتەوە بـــە ئۆگەنـــداوە

بەشـێوەی موسـتەعمەرەیەکی دیـار، بـەڵام خاوەنـی سـنوورێکی دانپیانـراوە کـە گەلێکـی تێـدا دەژیـن بەریتانیایـی نییـە و ئۆگەندەیـش بەشـێکی بەریتانیـای پێکنەهێنـاوە. هیـچ پرۆسـە و هەوڵێکیـش لـە ئـارادا نییـە ئۆگەندییـەکان بکرێـن بـە بەریتانیایـی. ئۆگەنـدا لـە کۆتایـی شەسـتەکاندا سـەربەخۆیی وەرگـرت بەبـێ ئـەوەی هیـچ دەسـتکارییەك (گۆڕانـکاری) لـە سـنوورەکانیدا بکرێـت. هەروەهـا ئەمــە لــە (ســۆمال) و شــوێنی تریــش روویــدا، وەك پەیوەندییەکانــی نێــوان هەریـەك لـە تونـس و جەزائیـر و مەغریـب لەگـەڵ فەرەنسـادا. پێوەندییەکانـی پورتوگالیـش بـە ئەنگـۆلا، مۆزامبیـق و گینیابیسـاوە. وەلـێ ئـەو کوردسـتانەی رۆڵەکانـی بـۆ پارێزگاریکـردن لـە ناسـنامەی خۆیـان و نەچوونـە ژێربـاری ئـەو شـێوازە ئیمپریالیسـتی و رەگەزپەرسـتانەیەی بەسـەریاندا سـەپێندراوە، پەنایـان وەبـەر خەباتـی چەکدارانـە بـردووە، بـەو دەوڵەتـە دوژمـن و نەیارانـەوە دەوردراوە کـە بەسـەریاندا دابەشـکراوە. لەبـەر ئـەوە بارودۆخـی کـوردان لەگـەڵ هـی فەلەسـتینییەکاندا کـە بـە دەوڵەتگەلـی دۆسـت یـا هیـچ نەبـێ وا نیشـان دەدەن کـە دۆسـتبن دەورە دراوە، بـە تەواویـی لێـك جـودان. فەلەسـتینییەکان لـە درێـژەی خەباتیانـدا پشـت بـە یارمەتیـی مـاددی و مەعنەویـی دەوڵەتـە عەرەبییـەکان زۆر دەبەسـتن. کێشـەی کـورد هەروەهـا لـە روویەکـی تریشـەوە جیاوازیـی لەگـەڵ کێشـەی فەلەسـتینییەکاندا هەیـە، لـەوەدا کـە کێشـەی فەلەسـتین بەکێشـەیەکی عەرەبـی پێناسـەکراوە، ئـەو دەوڵەتانـەی خوازیاربـن پەیوەنـدی بـاش لەتـەك دەوڵەتانـی عـەرەب دامەزرێنـن و پـەرەی پێبـدەن هـەوڵ دەدەن یارمەتییەکـی دیـار و بەرچـاو پێشـکێش فەلەسـتینیەیکان و رێکخـراوی رزگاریخـوازی فەلەسـتین بکـەن. بـە پێچەوانەوەیـش مەسـەلەی کـورد ئـاوا دێتـە بەرچـاوان وەك ئـەوەی دژ بـە تـورك و عـەرەب و ئێرانییـەکان بێـت. لەبـەر ئـەوە گشـت ئـەو دەوڵەتانـەی ئارەزوویانـە پەیوەندییەکانیـان بـەو دەوڵەتانـەوە بـە تایبەتـی لـە مەیدانەکانـی ئابـووری و بازرگانـی و خسـتنەکاری سـەرمایە و ئـەو کەمکردنەوانـەی (المناقصـات)

لــە دەرەوەدا دەیانخەنــەروو، پــەرە پێبــدەن، ئــەو دەوڵەتانــە ئــەو سیاســەتە رەگەزپەرســتی و ئیمپریالیســتانەیان قەبوولــە کــە ئــەو دەوڵەتانــەی کوردســتانیان دابەشــکردووە دژی کــوردەکان پێــڕەوی دەکــەن.

ئــەوە هەروەهــا لــە پانتایــی سیاســەتی نێودەوڵەتــی و دامودەزگــە نێودەوڵەتییەکانیــش هــەر بــەم چەشــنەیە! چونکــە ئەگەرچــی تێکۆشــانی کــوردان هاوتــای تێکۆشــانی فەلەســتینییەکان رەوایــە، بــەڵام رێکخــراوی رزگاریخــوازی فەلەستینی زۆر زوو توانــی بــە پشــتگیریی ئــەو دۆستانەی کــە لــە بــواری سیاســەت و دامــەزراوە نێونەتەوەییەکانــدا کاریگــەر و دەستڕۆیشــوون پلــەی چاودێــر (مراقــب) لــەو دامودەزگــە نێودەوڵەتییانــەدا وەدەســت بێنن،کەچــی کــوردەکان دوژمــن و نەیاریــان زۆرن و تەنانــەت دۆستەکانیشــیان لەترســی ئــەوەی نەبــادا بەرژەوەندیــی و دەســتکەوتەکانیان لــە وڵاتــە عەرەبییــەکان و تورکیــا و ئێرانــدا بکەونــە مەترســییەوە دوو دڵــن لــە پشــتگیریی کردنــی سیاســیانەی خەباتــە رەواکەیانــەوە لــە گۆڕەپانــە نێودەوڵەتییەکانــدا. خــۆ هەڵوێســتی دەوڵەتــە کۆمۆنیســتەکان یاخــود سوشیالیســتەکانیش لــەم رووەوە لەگــەڵ هــی دەوڵەتــە ســەرمایەدارەکاندا هیــچ جیاوازییەکــی نییــە. کەوابــوو گرفتەکــە لــەو «سیســتەمە ئیمپریالیســتییە جیهانییــە» دایــە کــە ئێســتا بەســەر کوردســتاندا پێــڕەو کــراوە و لــە شــێوەی «کۆلۆنیالــی» یەکــی (موســتەعمەرە) هاوبــەش کوردســتان دەچەوســێنرێتەوە.

وڕێنە و رەگەزپەرستی

لــە کتێبەکەیــدا دانــەر خاڵێکــی گرنگــی دیکــە دەوروژێنــێ ئەویــش ئەمەیــە کــە «کــورد کەمینــە نینــە» چونکــە لەســەر خاکــی نیشــتمانی خۆیانــدا دەژیــن و دانیشــتووانی رەســەنی ئــەم وڵاتــەن و لــە هەرێــم یــان ناوچەیەکــی تــرەوە نەهاتوونــە کوردســتان، بەڵکــو بــە پێچەوانــەوە تورکــەکان بــۆ نموونــە لــە ســەدەی یازدەمــەوە هاتوونەتــە ئەنــەدۆڵ، لەبــەر ئــەوە کــورد هــەر وەکــو عــەرەب و فارســەکان ســەر بــە نیشــتەنییە رەســەنەکانی رۆژهەڵاتــی نزیکــن. کارێکــی ئێجــگار دژواریشــە

باسـی کەمینەیـەك بکرێـت ژمارەیـان لـە سـنووری (٣٠) سـی ملیـۆن کەسـدابێت (هێشـتا ٤٠ ملیۆنـە . م. ئـا) هەروەهـا بـە توانسـتێکی زانستییانە وردینەکانی چەنـد سیاسـەتوانێکی تورکـی وەك بوڵنـد ئەجەویـد دەداتـەوە وەختـێ گوتوویـە «کـورد کەمینـە نینـە، چونکـە ئەمانیـش وەك سـەرجەم تورکـەکان سـەر بـەو زۆرینەیـەن کـە کۆمـاری تورکیایـان دامەزرانـدووە لەبـەر ئەمـە مافـی ئەوەیـان ناکـەوێ داوای مافەکانـی زمانەوانـی و رۆشـنبیریی و نەتەوەیـی و دیموکراسـی خۆیـان بکـەن. جـا چونکـە داخوازیـی ئـەم جـۆرە مافانـە بانگەشـەیە بـۆ هێنانـە کایـەی رەوشـێکی تایبـەت بەخۆیانـەوە، کەواتـە ئەمانـە دیـارە «جوداخـوازن» لەبەرپەرچدانـەوەی ئەجەویـد و سیاسـەتوانە رەگەزپەرسـتەکانی تـری تورکـدا. بێشـکچی دەڵێـت: «ئاخـۆ ئـەو زۆرینەیـە لـە کـوێ هەبێـت کـە مافەکانـی تەنانـەت کەمینەیەکـی وەکـو (ئەرمـەن و یۆنانـی و جوولەکـەکان)ی پـێ رەوا نەبینرابێـت، ئـەوا باسـی دانـان بـە مافـی دیموکراسـی و نەتەوەیەیکانـی کـوردەکان، هـەر هیـچ! ئـەم گوتـە رەگەزپەرسـتانەیەی دەڵـێ: «ئۆوممەتێکـی کـورد بوونـی (وجـوود)ی نییـە و ئەمانـە گشـتیان تورکـن»، تەنیـا مەبەسـتی ئەوەیـە نکووڵـی لـە بوونـی (کـورد) بـکات و رێگەیـان پـێ نـەدات داوای هیـچ مافێکیـان بکـەن. ئەمەیـش بـێ پێـچ و پەنـا هەڵوێسـتێکی سـەد لەسـەد رەگەزپەرسـتانەیە. کێشـەی کـورد بـەلای ئیسـماعیل بێشـکچییەوە «کێشـەی کەمینـەکان» نییـە و پەیوەسـتی نییـە بـە مافەکانـی کەمایەتییەکانـەوە. کرۆکـی «گەوهـەر»ی دۆزی کـوردان لـەو راسـتییەدا بەرجەسـتەیە کـە ئوممەتـی کـورد و نیشـتمانەکەیان کوردسـتان لەلایـەن دەوڵەتـە ئیمپریالیسـتەکان و هاوکارەکانـی رۆژهەڵاتـی نزیکیانـەوە لەتلـەت و دابەشـکراوە، بەمەیـش مافـی ئوممەتـی کوردیـان لـە دامەزراندنـی دەوڵەتـی سـەربەخۆیاندا زەوتکـردووە. دانـەر بـۆ دووپاتکردنـەوەی ئـەوە کـە دەوڵەتەکانـی کوردسـتانیان بـۆ خۆیـان دابەشـکردووە پێکەوەیـان دەیچەوسـێننەوە و لـە پێنـاو پاراسـتنی بەرژەوەندییەکانـی خۆیانـدا هـاوکاری یەکـتری دەکـەن، ئامـاژە بـە پەیماننامـەی

لـۆزان کـە سـاڵی ١٩٢٣ کوردسـتانی لەتکـرد، دەدات و بـەوە پەیماننامەکـە وەسـپ دەکات کــە (گرێبەندێکــی) (ڕێکەوتــن) ئیمپریالیســتەکانە لەســەر دابەشــکردنی کوردسـتان و نەتـەوەی کـورد، بۆیـەکا بـۆ هەریـەك لـە (کـوردەکان) و (تورکـەکان) گرنگییەکــی ئێجــگار جیاوازیــان هەیــە. لــە کاتێکــدا پەیماننامەکــە بــووە فاکتــەری دەوڵەتێکــی ســەربەخۆ بــۆ (تورکــەکان) ئــەوا نــەك بــۆ (کــوردەکان) زێــتر ســتەم لێکــردن و کۆیلەیــی و چەوســاندنەوەی کوردســتانی چەســپاند. بگــرە پتریــش وابەسـتە ملکەچـی ڕژێمێکـی ئیمپریالیزمـی نێودەوڵەتـی کـرد» هەروەهـا دەڵـێ: «گەورەتریــن کارەســاتێك لــە مێــژووی هــەر ئوممەتێکــدا کــە بشــێ ڕووبــدات ئەوەیــە ئــەو (ئوممەتــە) بکرتێــە ئامانــج و نیشــانە بــۆ سیاســەتی (پەرتکــە و ســەرکەوە) چونکــە ئــەم سیاســەتە قــەوارە (کیــان)ی ئوممەتەکــە تێکوپێــك دەدات و لەتوپارچــەی دەکات» هــەر ئەمەیــش بــوو لــە چارەگــی یەکەمــی چەرخــی بیسـتەمدا بـۆ نەتـەوەی کـورد بـوو بـە پێشـهات.

لــە ڕەتدانــەوەی ئەوانەیــش کــە دەڵێــن «کوردســتان بــە درێژایــی دێرۆکــی خــۆی دەوڵەتــی ســەربەخۆی نەبــووە» بێشــکچی دەڵێــت: ئــەم قســانە هیــچ مانایــان نییــە. بــۆ وێنــە لــە ئەفریقیــا، «ئیمپریالیســتە ئەوروپایەیــکان ســاڵی ١٨٨٥ ئــەو کیشــوەرەیان پارچەپارچەکــرد و سیتســەمێکی ئیمپریالیســتیان تیایانــدا دامەزرانــد، بــێ ئــەوەی هیــچ دەوڵەتێکــی ســەربەخۆیان هەڵوەشــاندبێتەوە. هــەر ئەوەنــدە بــوو ئیمپریالیــزم دەســتی بەســەر چەنــد کۆمەڵەیەکــی تەقلیــدی داگــرت کــە بــارودۆخ تیایانــدا هێشــتا نەگەیبــووە قۆناخــی پێکەوەنانــی دەوڵەتــی ســەربەخۆیان».

ئەوجـا دانـەر دێتـەوە سـەر مەسـەلەی کـورد لـە دوای جەنگـی یەکەمـی جیهانـی و دەڵێــت «بۆچــی لــە کوردســتانیش کۆلۆنییــەك دروســت نەکــرا لەســەر شــێوازی ئــەو (موســتەعمەرە) دروســتکراوانەی وەکــو عێــراق و ســوریا، یاخــۆ ئەوانــەی لــە دەوڵەتــە کۆنەکانــی وەك (تورکیــا) کــە لــە ئیمپراتۆرییەتــی عوســمانلیەوە دابڕکــران

و هەروەها ئێرانیش؟ پاشان پێدادەچێ و دەڵێت: «پێویستە لایەنەکانی بێهێزی کوردەکانیش بخەینەڕوو کە لە جیاتی دامەزراندنی قەبارەیەکی تایبەت بەخۆیانەوە بوونە هۆکاری دابەشبوونیان لەنێوان ئەو دەوڵەتانەدا». بەبێ هیچ دوودڵییەك هۆکاری ئەوە دەگێڕێتەوە بۆ پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکەی ئەو سەردەمی کوردەکان خۆیان و هەروەها بۆ توخمی هاوسەنگیی ناوەخۆیی و دەرەکیی کە هەڵکەوتی ستراتیژی کوردستان لە دڵی (چەقی) رۆژهەڵاتی نزیکدا و ئەو سامانە زۆرەی نەوت کە تێیدایە دوو هۆکاری دەرەکی هەرە سەرەکی بوون بۆ لەتکردن و دابەشکردنی کوردستان. حکومەتە عەرەبییەکانیش لەگەڵ تورکیا و ئێران هاوکاریی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی و فەرەنسەییان کرد بۆ دامەزراندنی چەند هەیکەلێکی ئابووری و رامیاری و سەربازی لەنێو لانی کەم چوار لە دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی نزیکدا کە لەتەك بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزمدا رێکدەهاتنەوە. ئەو سیستەمە رامیارییە ئیمپریالیستیەی لە چارەگی یەکەمی ئەم سەدەیەدا بەسەر کورددا سەپێنراوە (رووداوێکی کارەسات ئامێز بە هەموو مانای وشەکەوە) و ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات چۆن کوردەکان ئەو چارەنووسەی بەسەریاندا سەپێنرابوو رەتیانکردەوە و دەڵێت: «هەر لە چارەکی یەکەمی چەرخی بیستەمەوە کوردەکان شێلگرانە و بێ وچان لە خەباتدان دژی ئەو چارەنووسەی دەوڵەتە ئیمپریالیستە مەزنەکان و هاوکارە ناوچەییەکانیان بەسەریاندا سەپاندوویانە.

دروشمەکانی کەمالییەت

دانەر دروشمە ساختەکانی کەمالییەتی تورکی ریسوا دەکات و پەچە لەرووی ئەو هاوکارییە توندەی لەکاتی ئەنجامدانی پرۆسەی لەتکردنی کوردستان لە نێوان کەمالییەکان و ئیمپریالیستەکاندا هەبووە، هەڵدەماڵێت. هەرچەند ئەوان هەمیشە بە درۆ دووپاتیاندەکردەوە گوایە یەکەم کەس بوونە بەرهەڵستی ئیمپریالیزم و ئیستعمارییان کردووە. هەروەها کەمالییەکان

بــە مەبەســتی لەنێوبردنــی یەکجارەکــی کــوردان پەنایــان بردۆتــە بــەر شــێوازی «حەرامکردنــی زمــان و کولتــووری کــوردی و ناچارکردنیــان بــە فێربوونــی زوبانــی تــورکان و زۆر بــە توندیــی و بــە چــڕی ســەپاندنی پرۆســەی تواندنەوەیــان و بــە تــورك کــردن بەســەریاندا، گۆڕینــی نــاوە کوردییــەکان و نــاوی شــوێنە کوردییــەکان بــە تورکــی و دانانــی ســزا (جــەزا) بەســەر هــەر کەســێکی بــە کوردیــی بدوابایــە، هەروەهــا لەناوبردنــی کــوردەکان و کەلتــوورە کوردییەکەیــان «هەمــوو ئــەم رەفتــارە رەگەزپەرســتانەیەش لــە دیــدی کەمالیســتەکانەوە بــە شــێوازگەلی دیموکراســی و شۆڕشــگێڕیەتی دادەنــران».

هەروەهــا رژێمــی کەمالیــی داواکاریــی مافــە نەتەوەییەکانــی کوردەکانیــان وەك رەفتــاری شــۆڤییەنیەکان دەناســاند، کەچــی وەختێــك تورکەکانــی بولگاریــا داوای هەمــان شــتیان بکردایــە ئــەوە بــە پێشــکەوتنخوازی تێکۆشــەر لــە دژی رەگەزپەرســتی و ئیمپریالیــزم و فاشــیزم لــە قەڵــەم دەدران.

بێشــکچی ئــەو هەڵپانــەی فەرمانڕەوایانــی تورکیــا کــە شــەو و رۆژ زوڕنــای ئەوەیــان لێــدەدا گوایــە کــوردەکان هەمــوو سەربەســتییە گشــتییەکان و یەکســانیان پێــدراوە رەتدەکاتــەوە و دەڵێــت «ئەمانــە بەمەرجێکــی ســەرەکییەوە بەنــدن ئەویــش حاشــاکردنە لــە پێناســەی نەتەوەیــی خۆیانــەوە کــە بــە زۆری زۆردارەکــی لــە مەڵبەندەکانــی دەرەك و پۆلیــس و پاســەوانان و زیندانەکانــدا لــە دژیــان ئەنجــام دەدرا».

ئــەو بوختانــەی تورکــەکان کــە خەڵکــی هەمــوو یەکســانن بــەو مانایەیــە کــە فەلــە (دیانــەکان و جوولەکــە) وەك موســڵمانەکان بۆیــان هەیــە سرووشــە ئاینییەکانیــان ئەنجــام بــدەن. هەروەهــا ئــەم تەئکیــد کردنــە ئــەوە دەگەیەنێــت کــە هەمــووان یەکســانن چونکــە گشــتیان تورکــن و لــە زوبانــدا هیــچ جیاوازییەکیــان نییــە و ئــەو یەکســانییەش زامــن ناکرێــت تەنیــا بــە مەرجــی چوونــە ژێربــاری کــرداری بــە (تورکبــوون) نەبێــت.

سـەرجەم ئەوانەشـی بـە (تورکبـوون) رازی دەبـن ئـەوە بەپێـی ئایدیۆلۆژیـای رەسـمیی کەمالیسـتەوە بـە (تـورك) دەژمێردرێـن و لـە مـاوەی نێـوان ١٩٨١-١٩٤٨ دا پـتر لـە چـل شۆڕشـگێڕی کـورد تەنیـا لـە زینـدانـی دیاربەکـردا گیانیـان لـە دەسـتدا، چونکـە وێـڕای ئـازاردان و ئەشـکەنجەی هـەرە دڕندانەیـش شـێلگیرانە ئـەو تیـرۆر و تۆقاندنـەی دەوڵەتـی تورکیـای کەمالییـان رەتکـردەوە کـە بـەرەو رووی کـوردەکان دەکرایــەوە. کــوردی تورکیــا ناتوانــێ بەشــداری لــە هیــچ چالاکییەکــدا بــکات و هیــچ کارێکـی میـری (رەسـمی)چنگ ناکەوێـت هەتـا ئینـکاری ناسـنامەکەی خـۆی نـەکات و راینەگەیەنـێ کـە تورکـە و خۆشحاڵیشـە بـە تـورك بوونـی. وەلـێ ئـەو کـوردەی داکۆکـی لـە شوناسـنامەکەی خـۆی بـکات و دەسـتبەرداری نەبێـت ئـەوا دەدرێتـە دادگـە و تۆمەتـی جۆراوجۆریشـی دەدرێتـە پـاڵ.

ئەوجـا دانـەر دێتـە سەرباسـی بابەتـی دۆزی کـورد لـە گۆڕەپانـە نێودەوڵەتییەکاندا و ئەگــەری خســتنەڕووی لــە بــەردەم دەزگەکانــی نەتــەوە یەکگرتووەکانــدا و دەڵێــت ئــەم رێکخراوەیــە لــە دوای جەنگــی دووەمــی جیهانییــەوە رۆڵێکــی گرنگــی لــە نەهێشــتنی ئیســتیعمار هەبــووە، کەچــی نەیتوانیــوە لــە ئەنجامــی پارچەپارچـەی کوردسـتان و بەهـۆی رەنجـە هاوبەشـیەکانی دەوڵەتـە داگیرکەرەکانـی کوردسـتانەوە کـە رێگـە نـادەن بـە هیـچ کلۆجـێ کێشـەی کـورد بخرێتـە بـەردەم دەزگاکانــی نەتــەوە یەکگرتووەکانــەوە، نەیتوانیــوە ســەبارەت بــە کێشــەی کــورد هیــچ دەورێکـی پۆزەتیڤانـە بگێڕێـت. کـورد تووشـی سـەدان کوشـتوبڕ و پرۆسـەی راگواســتن بوونــە. بــە چەکــی کیمیاویــی لێــدراون و لەگــەڵ ئەمەشــەوە بۆیــان نەکـراوە «ئـەو پـەردە پۆڵایینـە ئەسـتوورەی بەسـەریاندا سـەپێنراوە، تـا نەکارێـن دەنــگ و هاواریــان بــە گوێچکــەی رێکخــراوە نێودەوڵەتییەکانــدا رابگەیەنــن. بـدڕن» ئەوجـا دەڵێـت «لـە راسـتیدا جێگـەی شـەرمەزاری و ریسـوابوونە UN لـە دژی سیاســەتی ئاپارتیــدا (جیاکردنــەوەی رەگەزایەتــی) لــە ئەفریقــای باشــووردا چەنـد بڕیارێـك وەربگرێـت و کەچـی لـە ئاسـتی ئـەو سیاسـەتە رەگەزپەرسـتی

و ئیمپریالیستەی لە کوردستاندا پیادە کراوە خۆی کەڕ و نەبان کردووە». هۆیەکەشی بەلای بێشکچییەوە ئەوەیە کە «کورد نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتن» ئامانجی سەرەکی ئیمپریالیزمی نێودەوڵەتیش ئەوەیە نەهێڵێت و رێگە نەدات دەوڵەتێکی کوردی دامەزرێت، تاوەکو بە ئاسانی و بەبێ گێچەڵ لە بەکارهێنان و دەستبەسەرداگرتنی کەرەسە سروشتییەکانی و بیرەکانی نەوت و ئاو و کانییەکانی تر لە سامانەکانی کوردستان بەردەوام بێت. کاریش بەوە گەیشت تورکیا رێگەی بە دەستەیەکی پسپۆڕانی UN نەدا لێکۆڵینەوە لەبارەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژی کوردەکانی کوردستانی عێراق ئەوانەی لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٨٨ دا پەنایان وەبەر تورکیا بردبوو ئەنجام بدەن.

دەسەڵاتدارانی تورك ئەو کوردانەی لە عێراقەوە رایانکردبوو لە ئۆردوگاگەلی بەدریی (اسلاك شائكة) دەورەدراویان ئاخنین و بە شێوەی زیندانییان (سجناء) مامەڵەیان دەکردن و هەموو کۆسپێکیان نایە بەردەم رۆژنامەوانە بیانییەکان و نوێنەرانی هەندێ رێکخراوی خێرخوازی بۆ ئەوەی پێیان نەگەن. سەیریش لەوەدایە لەسەر ئەم مامەڵەیە ناڕەوایەی دەرحەق بە کوردە پەنابەرەکانەوە، تورکیا لەلایەن هیچ دەوڵەتێك و تەنانەت نەتەوەیەکگرتووەکانیشەوە هیچ پرۆتیستۆ و ناڕەزاییەکی پێنەدرا جگە لەوەش دەسەڵاتدارانی ئاسایشی تورکی هەوڵیاندا لە مانگی حوزەیران (یونیو)ی ساڵی ١٩٨٩دا لە رێگەی ئەو نانەی لە ئۆردوگەی کیزیتلیەی تورکیدا دەرخواردیان دان زیاتر لە ٥٠٠ کوردی پەنابەر (ژەهرخوراد) بکەن و دواتریش روون بووەوە کە هەواڵگریی (مخابرات)ی تورکی و عێراقی بەیەکەوە دەستیان لە ژەهراویکردنی ئەو نانەدا بووە کە بۆ پەنابەرە کوردەکان ئامادە کراوە.

گۆڕانکاریی نێو کۆمەڵە و نۆکەران

لە پاشان دانەر ئاماژە بۆ بارودۆخی کوردستان هەر لە ساڵەکانی هەشتاکانەوە لە ئەنجامی پەرەسەندنی کاری سیاسی تیایدا دەکات و دەڵێت

کورد وەکو جاران بێهێز و کەمدەست نەمانەوە، سەردەمی ئیستەیشیان گەواهی بۆ بە ئاگاهاتنەوەی بیریان و هۆشیاریی نەتەوەییان دەدات. ئەم گۆڕانکارییەش بە دەوری خۆیان کاریگەریی بەسەر چەپی تورکی و رۆشنبیرانی تورکدا هەبووە، ئەمانیش کەوتنە گۆڕینی بیر و بۆچوونەکانیانەوە سەبارەت بە دۆزی کورد. هەروەها دەرچوونی چەند گۆڤار و بلاڤۆك لەم ماوەیەدا بووە هۆکاری گەشەکردنی هۆشیاریی نیشتمانیی کوردەکان و ئەو داوا جینائیانەی دژ بە هەندێ لەو گۆڤارانە و نووسەرەکانیانەوە بەرز کرانەوە. زیاتر هۆشیاری کوردەکانیان بەرزتر کردەوە و پەردەی لە رووی دیموکراسییە درۆ و ساختەکەی تورکیاوە هەڵماڵی، ئەوجا دەڵێت «لە تورکیا هەر بە دیراسەتکردنی کێشەکان لە گۆشەی کۆمەڵە رەگەزییەکانەوە دەستبەجێ کەسایەتی و ئەدگارەکانی مرۆڤەکان بە دیار دەکەون. خەڵکانێك هەن خۆیان بە دیموکراتیی و بگرە شۆڕشگێڕیش نیشان دەدەن، کەچی هەر کاتێك باسی رەوشی کوردەکان بکەن ناسنامە رەگەزپەرستییەکەیان ئاشکرا دەکەن».

جا دوای پەنجە درێژ کردن بۆ رۆڵی زۆر لە رێکخراوە سیاسییە نهێنییەکانی کوردەکان لە راگەیاندنی هەموو راستییەکان لەمەڕ کوردستانەوە، دانانی لێکدانەوەیەکی نوێ بۆ دیرۆکی کورد دوور لە هەموو شێواندنێك لە ناوەڕاستی هەفتاکانەوە، جەخت لەسەر رۆڵی حزبی کرێکارانی کوردستان و کاریگەریەتی لە چڕکردنەوەی هۆشیاریی نەتەوەیی کوردی تورکیادا دەکات و دەڵێت: ململانێی چەکداریی کە لە ١٩٨٤/٨/٥ دەستی پێکرد رووداوێکی گرنگە لە مێژووی کورددا و یەکەمین گڕو گڵپەش بووە».

ئەو کودەتا سەربازییەی ساڵی ١٩٨٠ جێبەجێ کرا بووە هۆکاری رەوکردنی بە کۆمەڵی ژمارەیەکی زۆر لە رۆشنبیرانی کورد بەرەو ئەوروپا و لەوێدا رۆڵێکی بنەڕەتییان گێڕا لە نیشاندانی کێشەی کورد و ناساندنی بەڕای گشتی لە ئەوروپا. کردەوە سەربازییەکان و رەفتارە رەگەزپەرستانییەکان، راگوێزانە

بـە کۆمەڵەییـەکان و کشـتوبڕی کـوردەکان لەلایـەن دەسـەڵاتدارانی تورکـەوە لـە سـاڵەکانی ١٩٢٥-١٩٨٣ دا زۆر بـە هێمنـی و بەبـێ ئـەوەی کەسـێ هەسـتیان پـێ بـکات ئەنجامـدران. وەلـێ ئـەو کـردەوە سـەربازییانەی سـوپای تـورك لـە نێوەڕاسـتی سـاڵی ١٩٣٨ بـەدواوە جێبەجێـی کـردوون «حەقیقەتـی بارودۆخـی لـە کوردسـتان» روونکردۆتـەوە و هەنووکـە بەشـێکی بەرفراوانـی رای گشـتی جیهـان گرنگـی و بایـەخ بـەو رووداوگەلـە خوێناویانـە دەدات. بێشـکچی تێبینـی ئەوەشـی کـردووە کـە ئێسـتا کـوردەکان بایـەخ بـە تێکـڕای پارچەکانـی کوردسـتان دەدەن و بـە بیسـتنی هەواڵـی سـەرکەوتنەکانی جەنگاوەرانـی کـورد لـە هـەر کوێیەکـدا بـن دڵشـاد و سـەرفراز دەبـن و هـەر شکسـت و نسـکۆیەکیش هـەر بەشـێکی نیشـتمانیان بگرێتـەوە ناشـاد و خەمباریـان دەکات. ئیمـڕۆ هاوبەشـی کـردن لـە شـین و شـاییدا و هەسـت بـە شـانازی کـردن بەلایانـەوە بۆتـە شـتێکی ئاسـایی، لەهەمبـەر ئەوەشـدا دەوڵەتەکانـی کوردسـتانیان دابەشـکردووە پەیوەندییەکانـی خۆیـان بەهێـزە تەقلیدییـە (کۆنـەکان)ی کوردانـەوە پتەوتـر کـردووە و پشـتگیری سـەرەك عەشـیرەت و شـێخ و موڵکـدارە گەورەکانیـان کـردوون بـۆ ئـەوەی بتوانـن بـە رێگـەی ئەمانـەوە دەسـەڵاتی خۆیـان بەسـەر ژمارەیەکـی زۆری خەڵکـدا بسـەپێنن. ئەوانەیـش بوونەتـە دەسـتە و تاقمـی بەکرێگیـراو و زۆر پاداشـتی مـاددی و مەعنـەوی چاکیـان دەسـتدەکەوت و ئەرکیشـیان ئەوەیـە ئـەو راسـپاردە و فەرمانانـە بەجـێ بگەیەنـن کـە لـە دەزگـە سـەربازیی و ئەمنـی و هەواڵگرییەکانـەوە پێیاندەدرێـت. ئـەم دیاردەیـەش تایبـەت نییـە تەنیـا بـە تورکیـاوە، بەڵکـو بـە هەمـوو ئـەو دەوڵەتانـەوە کـە لـە نێوخۆیانـدا کوردسـتانیان دابەشـکردووە. ئـەم دەوڵەتانـە تـا رادەیـەك توانیویانـە بـە دروسـتکردنی تاقمـە کوردێکـی بەکرێگیـراوەوە جڵـەوی کوردسـتان بگرنـە دەسـت و بەرهەڵسـتکارەکانیان لەنێوبـەرن. ئـەو بەکرێگیراوانەیـش کـە لـە راسـتیدا سـەر بـە توێـژ و چینـی کۆمەڵایەتـی جیـاوازن لەلایـەن دەوڵەتـەوە دەسـتکەوتی زۆریـان بـۆ فەراهـەم

کـراوە. ئیسـماعیل بێشـکچی بـە «چینـی بەکرێگیـراوەکان» ناویـان دەبـات. ئەوانـە هەنـدێ جـار «ئیمتیـازات» ی تریشـیان چنـگ دەکەوێـت بـۆ نموونـە بـە ئەندامـی پەرلەمانـە مەڵبەندییـەکان دادەمەزرێـن، یـا ئەوەتـا دەیانکـەن بـە وەزیـر یـا بـە فەرمانبـەری مەزنـی دەوڵـەت بەرامبـەر بـە (وازهێنانیـان لـە ناسـنامەی نەتەوەیـی خۆیـان) و لـە پاداشـتی ئـەو خزمەتانەیانـدا کـە پێشـکەش دەوڵـەت و دەزگـە داپلۆسـێنەرەکانی دەکـەن. هـەر لەبـەر ئەمەشـە ئـەم دەوڵەتانـە بـەردەوام کار بـۆ هێشـتنەوە و بەردەوامـی ئـەم دامـەزراوە تەقلیدیانـە لـە کۆمەڵگـەی کوردەواریـدا دەکـەن. بۆیـە دەبینیـن ئێسـتەیش سیسـتەمی عەشـایەری لـە رێکخسـتنەکانی (پارێزگارانـی گونـد) لـە کوردسـتانی تورکیـا و (فەوجەکانـی بەرگـری نیشـتمانی- جاشـەکان- م. ئـا) لـە کوردسـتانی عێراقـدا باڵادەسـت و کارایـە. ئەوەنـدە بەسـە دەوڵـەت سـەرۆکی هۆزەکـە بگرێـت و بیکاتـە چڵکاوخـۆر و پیـاوی خـۆی، ئەمیـش لـەلای خۆیـەوە چـەك بـە پیاوانـی هۆزەکـەی هەڵدەگرێـت و بەرامبـەر بـە بەخشـش و پاداشـتی مـاددی و مەعنەویـی بەرژەوەندیـی دەوڵـەت دەپارێـزن. بـە تایبەتیـش هـەر لـە سـەرەتاوە ئـەم سـەرۆکانە (ئەڵقـەی پێوەندیـی نێوانـی گـەل و دەوڵـەت) بوونـە. ئەگەرچـی ئـەم رۆڵەیشـیان زۆر ناپاکانـە ئەنجامـداوە. چونکـە بـە تەنهـا بەرژەوەندییـە تایبەتییەکانـی خۆیانیـان رەچاوکـردووە.

ئـەم (چینـی بەکرێگیـراوەکان) ە کـە خەیانـەت لـە دۆزی گەلـی خۆیـان دەکـەن و تـا دێـت دەوڵەمەندتـر دەبـن بووەتـە دیاردەیەکـی گشـتی و گوزارشـت لـە وەرچەرخانێکـی رامیـاری (سیاسـی) لـە کۆمەڵگـەی کوردەواریـدا دەکات. لـێ سـەرەڕای ئەمەیـش دەوڵـەت و بـۆرژوای تـورك هاوبەشـیی کردنـی (شراکـة) ئەمانـەی قەبـووڵ نییـە تەنیـا مەگـەر خـۆ لەنێـو ئایدیۆلۆژیـای تورکانـدا (دەوڵـەت) بتوێنێتـەوە و ناسـنامەی نەتەوەیـی خۆیـان رەتکەنـەوە و دژی بزاڤـی نەتەوەیـی کـوردی ببنـە داردەسـت و بەکرێگیراوانـی دامودەزگـە سـەرکوتکەرەکانەوە. ئەوجـا هـەر لـە درێـژەی قسـەکانیدا دەڵێـت «هەرگیـز ناشـکرێت گـەورە زەویـدار و

بـازرگان و کاسـبکار و پیشەسـاز و بەڵێنـدەرە ناقۆڵاکانـی کـورد بـە بورژوازییەتـی کـورد نـاو ببەیـن چونکـە ئەمانـە هـەر هەموویـان شوناسـنامەی نەتەوایەتیـی خۆیانیـان رەتکردۆتـەوە و لـە بۆتەقـەی بورژوازییەتـی تورکـدا تواونەتـەوە و هیـچ پەیوەنـدی و پەرۆشـیەکیان بـۆ بەرژەوەندییەکانـی هاوخوێنەکانیـان (کـورد) نییـە. سـەیر لەوەدایـە دەوڵەتـی تـورك (کـە عەلمانییـە) زۆر بایـەخ بـە سـەرەتا ئاینییـەکان لەناوچـە کوردییـەکان دەدات و بـە هەمـوو توانایـەوە لـە هەوڵـی بەهێزکردنـی دەسـەڵاتەکانی دامودەزگـە ئایینیەکاندایـە لەوێـدا. هەروەهـا دەوڵـەت سـەرقاڵی پێگەیانـدن و گەشـەپێکردنی سـەرمایەدارییەکی شـێوێنراوە لـە کوردسـتان. بۆیـە بێجگـە لـە بەکاربردنـی سـەرمایەی دەوڵـەت یـان ئـی ئەوانـەی غەیـری کـورد نەبـێ رێـگا بـە هیـچ سـەرمایەیەکی تـر نـادات بخرێتـە کارەوە. سیاسـەتی کەمالیسـتی لـە کوردسـتان لەسـەر ئـەوە دامـەزراوە کـە هـەر شـتێکی پەیوەسـت بـە کوردسـتان بێـت بـە بەشـێك لـە سیاسـەتی بـاڵای دەوڵـەت دادەنرێـت و ئـەم سیاسـەتەش لـە ئاسـتێکدا بڕیـاری لەسـەر دەدرێـت بەزرتـر لەهـی هەمـوو سیاسـەتەکانی دیکـەی حکومـەت. کار و ئەرکـی حکومەتەکانیـش تەنهـا پیادەکـردن و ئەنجامدانـی ئـەو سیاسـەتەیە کـە دەوڵـەت دەیسـەپێنێت. دیسـانەوە ئیسـماعیل بێشـکچی زیاتـر لـە جارێـك ئـەو قەسـەیە دووپـات دەکاتـەوە کـە «بـۆ ئـەوەی کـورد بـە دادوەریـی تـورك شـاد بێـت و مافەکانـی لەگـەڵ مافەکانـی تورکانـدا یەکسـان بـن پێویسـتە لەسـەری حاشـا لـە نەتـەوەی خـۆی بـکا و نەتەوایەتـی تورکـی بۆخـۆی هەڵبژێـرێ (خـۆی بەتـورك بزانێـت) و پێشـیەوە خۆشـحاڵ بێـت».

ئـەم کتێبـەی ئیسـماعیل بێشـکچی (کوردسـتان کۆلۆنیالیەکـی نێودەوڵەتییـە) شـایەنی خوێندنەوەیـە، بـە تایبـەت کـە زۆربـەی ئەوانـەی بـە عەرەبـی دەخوێننـەوە لـە بـارەی کوردەکانـی تورکیـاوە ئـەو سیاسـەتە رەگەزپەرسـتانەیەی دەرهەقیـان پێڕەوکـراوە زانیـاری دروسـت و تەواویـان وەچنـگ نەکەوتـووە.

# مستەفا بارزانی سەرکردەیەکی مەزنی گەلێکی دێرینی ئازادیخوایە

## (روانینێکی عەرەبی بۆ کێشەی کورد)

**نووسینی: دکتۆر مونزیرولفەزل**
(مەجید ئاسەنگەر) کردوویە بە کوردی

٣٥ ساڵە میللەتی کوردم ناسیوە و ئەشقیشی بووم. گەرچی پێوەندیی خێزانی و بازرگانی و کۆمەڵایەتییمان لەگەڵ کورداندا لە کوردستان و نەجەفی شەریف بۆ زەمانی پێش لە دایکبوونماندا دەگەڕێتەوە کە هەر لە تەمەنی منداڵیمەوە دەمبیست مرۆڤی کورد بە راستگۆیی و دەستپاکی و وەفادارییەوە ناسراوە و هەر بەڵێنێك بیدات جێبەجێی دەکات. هەر ئەمانەتێکی پێ بسپێردرێت دەیگەیەنێتە سەرو هەر گفتێکیش بدات بەجێی دەگەیەنێت، تا وای لێهاتبوو لەنێو عەرەبەکانی فوراتی ناوەڕاست و باشووری عێراقدا نموونەیان بە وەفادارییەتی کوردان دەهێنایەوە. ئەمە سەرباری ئازایەتی لەشەڕدا و پتەویی لە هەڵوێستدا، بەهۆی کاریگەرییەتی سروشتی کوردستان

و کەلەپـوور و رەوشـتی جوامێرانەیـان کـە لـە بـاب و باپیرانیانـەوە بـە میـرات بۆیـان ماوەتـەوە بەسـەر کەسـایەتی مرۆڤـی کـوردەوە.

ئەوجا رایەڵـی پێوەندیـی و خۆشەویسـتی (مـن) و گەلـی (میدیـا) پـەرەی سـەند و زێـتر لـە خۆیـان و خەمەکانیـان و جـۆری بیرکردنەوەیانـەوە نزیـك بوومـەوە و ئەمانیـش زێـتر لـە منـەوە نزیـك بوونـەوە و پتریـش لـە گەوهـەری ناکۆکییەکانـی نێـوان سیسـتەمگەلێکی حوکمـە عەرەبیـە رەگەزپەرسـتییەکان و هیـوا نەتەوەیـی و مرۆییـە رەواکانـی کـوردان تێگەیشـتم و زۆرترینـی شـێوازە دوژمنکارییەکانـی دژ بـە کوردانـم لـەلا روونبوونـەوە. ئـەوەی راسـتی بێـت زۆر بـەو پەیوەندییـە راسـت و گەرمـەوە کـە بـە نەتەوەیەکـی رەسـەن و زینـدووم دەبەسـتێتەوە دڵشـاد بـووم، نەتەوەیـەك دلێرانـە بەرەنـگاری کۆیلایەتـی و زۆر و سـتەم بۆتـەوە و قوربانیـی زۆریشـی لـە پێنـاوی ئـازادی و ژیانێکـی سەربەسـت و پـڕ لـە کەرامەتـدا داوە و، هەمیشـە لەسـەر بەدەسـتهێنانی ئازادیـی و رەتکردنـەوەی دیکتاتۆرییـەت و هـەر جـۆرە چەوسـانەوەیەك سـوور بـووە وێـڕای بەکارهێنانـی نـاوە چەکـی کۆکـوژی قەدەغەکراویـش بـە دژی خەڵکـی سـڤیل و بـێ تـاوان، تەنانـەت تاوانەکانـی جینۆسـایدیش کـە لەمـەڕ شـێوازە وەحشـیگەرییەکانی نازییەتـەوە خوێندوومانەتـەوە و ئەوانیـش کـە بـە چـاوی خۆمـان لـە زیندانەکانـی نازییەکانـدا کاتـی سـەردانەکانم بـۆ چەنـد دەوڵەتێکـی دنیـا و لـە مۆزەخانەکانیانـدا دیومانـن!

گەلـی کـورد بەشـێکە لـە ئومەتێکـی مەزنـی دابەشـکراو کـە لـە رووی مێژوویـی و سیاسیشـەوە غـەدری لێکـراوە. کـورد گەلێکـی ئازادیخـوازن و حـەز بـە ژیانێکـی سەربەسـت دەکـەن کـە بەپێـی ئایینـەکان و رێکەوتننامـە نێودەوڵەتییـەکان و مافەکانـی هاونیشـتمانییەوە چەسـپێنراون و هـەردەم چـاوی لـە پاشـەرۆژێکی گـەش و دەسـتەبەرکردنی ئامانجـە نەتەوەییـە رەواو و چەسپاوەکانیەتی و، هەمـوو هەوڵێکـی تواندنـەوەی نەتەوەیـی و بـە عارەبکردنێـك رەتدەکاتـەوە. هەروەهـا کـورد عاشـقی چیاکانییەتـی کـە پشـت و پەناگـەی ئارامییەتـی لـە بەرامبـەر

چەکــی رەگەزپەرســتایەتی و چەوســاندنەوەی بیــری بەرتەســکی شــۆڤییەنەتیدا و هەروەهــا لــە رووی رەفتارگەلــە نایاســییەکانی ئــەو هەمــوو رژێمــە لاسارانەوە کــە لــە دوای یەکــدا بەســەر عێراقــدا ســەپێنراون.

بەختەوەرتریــن کــەس بــووم وەختــێ لــە گۆڕەپانــی کۆلیجــی مافــی زانکــۆی (بەغــدا) دا کچــە هاوڕێکانــم، هەڵاڵــە، لەنجــە، ئەنغــام، هێــرۆ، نەسریــن، پەرویــن و کچــە جوانەکانــی تریشــم دەبینیــن بــە جلوبەرگــی ئاڵــوواڵای کوردییــەوە لەگــەڵ هــاوڕێ کوڕەکانمــدا دوا بــەدوای چەندیــن ســاڵی تاڵــی شــەڕی نالەبــاری نێــو یــەك ماڵــدا پــاش رێککەوتنامــەی ١١ی ئــادار لــە نــەورۆزی ســاڵی ١٩٧٠ کــە ســنوورێکی بــۆ شــەڕی نێــوان عــەرەب و کــوردی بــرا دانــا، بــە ئەوپــەڕی شــادمانییەوە شــایی و هەڵپەڕکێیــی کوردییــان دەکــرد. بــۆ تاکــە رۆژێکیــش بــە خەیاڵــم دا نەدەهــات ئــەو شــادییە کۆتایــی پــێ بێــت و، نەشــمدەزانی غــەدر و ناپاکــی بنچینەیــی سروشــتی سیســتەمی ئەلبەکــر، ســەدام و حزبــی بەعســن. ئەوانــەی هەرگیــز شــادمانیان بــۆ عێراقییــەکان ناوێــت و هەمیشــە لــە هەوڵــی بــەردەوام دان بــۆ وێرانکردنــی عێــراق و شــێواندنی ئارامیــی و ســەقامگیریی وڵات. ئــەوە بــوو دوای رێکەوتننامــەی ١١ی ئــادار زنجیرەیــەك کــرداری ناپاکانەیــان ئەنجامــدا وەك دەربەدەرکردنــی باشــترینی خەڵــك کــە کــوردە فەیلیەکانــن، ئەوانــەی لــە بزاڤــی نیشــتمانیی کــوردی و عێراقیــدا بەگشــتی بــە هێڵــی یەکەمــی بەرگــری دادەنرێــن. ئەوجــا زنجیرەیەکیــش تاوانــی نێــو نەتەوەییــان بــە دوایــدا پیــادە دەکــرد کــە بریتــی بــوون لــە پیادەکردنــی سیاســەتی راگوێــزان و بــە عارەبکــردن و شــوێن بزرکردنــی زۆرە ملێــی ســەدان هــەزار کــورد کــە لەنێــو ئــەو قوربانیانــەدا چەندیــن هەڤــاڵان و خۆشەویســتانی منیــان تێــدا بــوو کــە جوانتریــن یــادگاری پێکمانەوەیــان دەبەســتاینەوە.

ئیــتر هــەر بــە داگیرســاندنی فەتیلــەی جەنــگ لــە دژی ئێرانــی هاوســێدا ســەدام خــۆی و رژێمــە خوێناوییەکــەی هەڵەبجــە و قــەڵادزێ و شــوێنەکانی تریــان بــە چەکــی کیمیــاوی و گازی ژەهــراوی بۆمبارانکــرد و پــتر لــە ٤٥٠٠ گونــدی نزیــك

سـنوورەکانی وێرانکـرد بـە بیانـووی پاراسـتنی ئاسایشـی نەتەوەیـی لـە (تێکـدەران) ەوە هەروەهـا زیاتـر لـە (١٨٢) هـەزار کـورد و (٨) هـەزار رۆڵـەی بارزانیـان و (٧) هـەزار کـوردی فەیلیـش بەبـێ هیـچ گوناهێـك شـوێنبزرکران کـە ئەمـەش زۆرتریـن ژمـارەی شـوێنبزرکراوانە لـە مێـژووی دنیـادا لـە پـاش جەنگـی دووەمـی جیهانییـەوە. نـەك هـەر ئـەوە بگـرە زۆرێـك تاوانـی دیکـەی دژ بـە گەلـی کـورد بـە بەرچـاوی هەمـوو جیهـان و دەوڵەتـە عەرەبـی و ئیسـلامییەکانەوە ئەنجامـدراون بەبـێ ئـەوەی هیـچ کەسـێك بێتـە جـەواب بـۆ پشـتگیریی و بەهانـاوە هاتنـی گەلێکـی بێوەیـی و سـەلامەت کـە هـەر تەنیـا داوای ژیانێکـی سـەربەرزانە و دوور لـە چەوسـاندنەوە دەکات و لـە دژی لەنێوبـردن بەرگـری لەخـۆی دەکات.

**جیاوازی لەنێوان سیمبوڵی نیشتمانی و تاکپەرستیدا**

گومانـــی تێـــدا نییـــە کـــە جیاوازییەکـــی زۆر هەیـــە لـــە نێـــوان ســـیمبۆڵی نیشـتمانی و نەتەوەیـی هـەر گـەل و میللەتێـك کـە دەبێتـە فاکتـەری یەکبوونـی ریزەکانیـان و بـەرەو دەسـتەبەرکردنی هیـواو ئامانجـە رەواکانیـان و چەسـپاندنی مافەکانیـان سـەرکردایەتیان دەکات، لـە گـەڵ تاکەکـەس یـان بـت پەرسـتی نێـو رژێمـە دیکتاتۆرییـە تـاك حزبـی یـان یـەك (بـت) یەکانـدا وەك ئـەوەی لـە زۆربـەی حکومەتەکانـی رژێمـە گشـتگیرییەکانی وەکـو یەکێتـی شـۆرەوی جـاران و رۆمانیـای ژێـر فەرمانـی شاوشیسـکۆ و رژێمـی عێراقـی ئێسـتامان لـە ژێـر سـێبەری حوکمـی سـەدامی خوێناویـدا هـەر لـە سـاڵی ١٩٧٩وە هەتاکـو ئەمـڕۆ (دیـارە ئـەم بابەتـە پێـش ئۆپەراسـیۆنی ئازادیـی عێـراق نـووسراوە و بڵاوکراوەتـەوە- وەرگێـڕ) وەلـێ گەلانـی زینـدوو هـەر دەبێـت رێـز لـە سـەرکردە و سـیمبۆڵە نیشـتمانی و نەتەوەییەکانیـان بنێـن و هەمیشـە یـادی ئـەو موناسـەبەتانە بـەرز رابگـرن، کـە رۆڵـی سـەرکردەکان لـە ژیانـی گەلەکانیانـدا بەهەنـد هەڵدەگـرن، بـە تایبەتـی بـۆ گەلـی کـورد کـە لـە مـاوەی بزاڤـە رزگاریخـوازە نیشـتمانییەکەیدا قوربانییەکـی زۆری داوە، ئـەو بزاڤـەی کـە هـەر لەسـەرەتای سـەدەی بیسـتەمەوە بـەر لـە

دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقیشەوە دەستی پێکرد و لە شۆڕشی شێخ مەحمودی حەفید و دواترش شۆڕشەکانی شێخ عەبدولەسلام و شێخ ئەحمەدی بارزانی و پاشتریش شۆڕشی سەرکردە مەلا مستەفای بارزانی لە ئەیلولی ساڵی ١٩٦١دا خۆ دەنوێنێ کە بەناوبانگترین و خۆراگرترین سەرکردە دەژمێردرێت کە (رووبەڕووی دیکتاتۆرییەت بووبێتەوە و لە خەباتێکی سەخت و درێژخایەندا بە حیکمەت و ئارامگرتنێکی بێ هاوتا و کەم وێنەدا کە دوژمنانی بەر لە دۆستەکانییەوە سەرسام کردبوون) سەرکردایەتی گەلی کوردی کردبێت بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە نەتەوەییە رەواکانییەوە.

گەرچی ژمارەیەکی دیکەی حزبی کوردی هەبوون کە دوای جەنگی دووەمی جیهانی بەشێکی بزاڤی نیشتمانی عێراقیان پێکهێناوە، وەکو (حزبی هیوا و حزبی شۆڕش و رزگاری) و هی تر بۆ نموونە، لێ بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد بە کردەنی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە کە بەیەکگرتنەوەی ئەو حزبە بچووکانەوە لە کۆنفرانسی حزبدا لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦ دامەزرێنراو بە تێکڕای دەنگ (مستەفا بارزانی) نەمریان بە زەعیمی حزب هەڵبژارد بەهۆی ئەو هەموو رێز و خۆشەویستییەی کە لەلای گەلی کوردەوە هەیبوو. هەروەك کوردە فەیلیەکانیش هەر لە سەرەتاوە رۆڵی کاریگەر و بەرچاویان لە دامەزراندنی ئەو حزبانەدا بووە و هەرگیز ناشبێت دەوری پێشڕەوەکانیانی وەك (دکتۆر جەعفەر محەمەد کەریم و حەبیب محەمەد کەریم، خاتوو زەکیە ئیسماعیل حەقی و جەلیل فەیلی) و چەندانی تریان و وەچەی دوای ئەمانیش وەك (عادل موراد، عەبدولڕەزاق فەیلی، سەعدون فەیلی) و چەندانی تر لە باشترین رۆڵەکانی عێراق لە بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورددا نکۆڵی لێوەبکرێت. دروستبوونی ئەم رێکخستنەش بۆ گەلی کورد وەك بەرەنجامی بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاریی لەنێو ریزەکانی رۆشنبیرانی کورددا کارێکی بەدیهی و ئاسایی بوو. هەروەك

دواتــر چەنــد حزبێکــی عەرەبیــش لــە ژێرکاریگەریــی هۆشــیاریی نەتەوایەتــی و بڵاوبوونــەوەی بیروبــاوەری چەپخــوازی و لــەو ســەردەمە و هۆکارگەلــی تریشــدا دروســتبوون. بــەڵام ســەرەتاکانی هەڵگیرســاندنی شۆڕشــی کــورد بــە شــێوەیەکی رێکوپێــك بــە ســەرکردایەتی (بارزانــی) بــوو لــە ئەیلوولــی ســاڵی ١٩٦١دا لــە ئەنجامــی ئــەو هەمــوو زۆر و ســتەم و جــوداوازی کردنــەی دژ بــە مافــە نەتەوەییــە رەواکانیــان رووبــەڕووی کــوردەکان ببوونــەوە. ئەوەبــوو کــورد بــەردەوام لــە خەباتــدا بــوون، بــە هێــزی چــەك بووبــێ هەنــدێ جــار یاخــود بــە هێــزی وشــەی جارەهــای تــر، لــە پێنــاو گەیشــتن بــە ئاماجــە رەواکانیانــدا وەکــو هاووڵاتــی عێراقــی، وێــڕای لێکترازانــی ریزەکانــی نێــو بزاڤــی رزگاریخــوازی کــورد ســاڵی ١٩٧٥ وەك دەرەنجامێکــی رێکەوتننامەکــەی (ئەلجەزائیــر) لــە ٦ی ئــاداری ئــەو ســاڵەدا ئەمەیــش بــۆ گەلێکــی زنــدووی تێکۆشــەری وەك گەلــی کــورد کارێکــی ئاســاییە. ئــەو (ئینشــقاقانە)یش رەنگــە ورەو هێــزی زیاتــری پێدابێــت و بــۆ داکۆکیکــردن لــە مافەکانــی و ســووربوون لەســەر پێناســە نەتەوەییەکەوەیــە. ســەرەڕای شــاڵاوە دڕندانەییەکانــی بــە عارەبکــردن و تاوانگەلــی قڕکــردن و جینۆســاید کــە رژێمــی ســەدام پیــادەی کــرد لــە ناوچــە کوردییەکانــی وەکــو کەرکــوك و خانەقیــن و مەندەلــی و زەرباتیــە و شــوێنانی تریشــدا یاخــود بەدەربەدەرکردنــی دانیشــتوانە رەســەنەکان بــە کــوردە فەیلیەکانیشــەوە ئەوانــەی لــە عێراقییــە هــەرە باشــەکانن کــە بــۆ دیکتاتــۆری ملهــۆر کڕنووشــیان نەبــرد و دووچــاری چەوســاندنەوەیەکی دوولایەنــە هاتــوون لەبــەر ئــەوەی کــە کــوردن و پێڕەوانــی (ئەهلولبەیــت)ن، لــە هەمــان کاتیشــدا بەهــۆی ئــەو رۆڵــە نیشــتمانییە پیرۆزیانــەوە کــە لــە مێــژووی عێــراق سیاســی ئابووریــدا بینیویانــە و بەربەرەکانێــی بیرۆکــەی عەفلــەق و ئەلیــاس فــەرەح و ئەلبێتــار (البیطــار) و قوتابییەکەیــان (ســەدام) کــە تێکــدەری عێــراق و هــۆکاری هەمــو کارەســاتێك و شەڕەکانیشــە کــردووە.

**کورد کێیە؟**

گەلـی کـورد بەشـێکە لـە ئوممەتـی رەسـەن و دێرینـی کـوردی دابەشـکراو لەنێـوان چەنـد دەوڵەتێکـدا و مێژوویيـان بـۆ پـتر لـە پێنـج هـەزار سـاڵ دەگەڕێتـەوە، لەسـەر خاکـی (کـورد یـان کوردسـتان)ی پێدەگوترێـت کـە نیشـتمانی کـوردە ژیـاون.

کـوردە دێرینـەکان (میدیـەکان) ناویـان لـە زۆر لـە کتێبـە کۆنەکانـی وەك تـەورات یـان (الوصایـا القدیمـە) Old testament (العهـد القدیـم) دا هاتـووە، بۆیـەکا بوونـی کـوردان لـە سـەرخاکی خۆیانـدا لـە رۆژئـاوای ئێـران و باشـووری تورکیـا هەتـا شـەنگال و چیـای حەمریـن شـتێکە مێـژوو سـەلماندوویەتی و کـوردان لـە پێـش گەلانـی تـرەوە لـە هەرێمـی چیـاکان میدیـادا ژیـاون. بـەڵام ئـەو ناوچەیـە دابەشـکرا. بـە تایبەتـی دوای جەنگـی یەکەمـی جیهانییـەوە و ئوممەتـی کوردیـش کـرا بـە چەنـد گەلێـك کـە لـە کوردسـتانی باشـوور (عێـراق) و خۆرئـاوای ئێـران و لـە کوردسـتانی باکـوور لـە (تورکیـا)دا هەروەهـا لـە سـوریاش نیشـتەجێن. ئەمـە وێـڕای ژمارەیەکـی زۆریشـیان کـە بـە گـەڕان و بـە دوای ئارامیـی دا چوونەتـە ئـوردن و لوبنـان و شـوێنانی تریـش. پێویسـتە ئامـاژە بـە کـوردە فەیلییەکانیـش بدەیـن کـە بەشـکێن لـەم ئوممەتـەی کـورد و زۆر لـە مێژوونووسـان باسـی ئـەوە دەکـەن کـە ئەمانـە (فەیلـی) لـە پاشـماوەکانی (عیلامییـەکان یـان گوتییەکانـن) لـە ناوەڕاسـت و خـوارووی عێـراق (مەندەلـی، بـەدرە، جەسسـان، خانەقـی، زەرباتیـە، کەرکـووك، بەغـدا و شـارەکانی دیکـەی عێـراق و چەنـد شـارێکی دیکـەی ئێـران)دا.

ئـەو کـوردە فەیلیانـەش لـە رەچەڵەکـی هـۆزە کوردییـە ناسراوەکانـن کـە لـە ناوچەکانـی خۆزسـتان (ئەهـواز) و خۆرهەڵاتـی عێـراق بەتایبەتـی و لـە خۆرهەڵاتـی رووبـاری دیجلـەدا ژیـاون. ئەوەیـش بـە دێرینتریـن ناوچـە مێژووییەکانـی عێـراق دەژمێردرێـت کـە کۆنتریـن (شـەرائیعەکان) یاسـاکان لەوێـوە سـەریان هەڵـداوە.

لـە راستیشـدا نـاوی کـوردی فەیلـی لەوێـوە هاتـووە کـە مێژووناسـە عەرەبـەکان

لـەو کوردانەیـان نـاوە کـە لـە کوردسـتانی ئێرانـەوە (چیاکانـی زاگـرۆس) هاتـوون و توانیویانـە هـەر لـە دێـرِ زەمانـەوە تێکـەڵاوی کۆمەڵـگای عێراقـی بـبن و لـەکار و پیشـەکانی بازرگانـی و کشـتوکاڵ و پیشەسـازیدا راهاتـوون و سـەرکەوتنیان تێـدا بەدەسـتهێناوە و زیاتریـش سـەرکەوتنیان لـە گۆڕەپانـی بزووتنـەوەی نیشـتمانی عێراقـی بـە گشـتی و بەشـێوەیەکی تایبەتیـش لـە چالاکـی نیشـتمانی عێراقییـان دا لــە نێــو ریزەکانــی بزاڤــی رزگاریخــوازی کوردیــدا و لــە ریزەکانــی حزبــی کۆمۆنیسـتی عێـراق و بزووتنـەوە رامیارییەکانـی تـری وەك (حـزب الدعـوە) دا بـە دەسـتیان هێنـاوە و لـە جووڵانـەوەی نیشـتمانیی و مێـژووی سیاسـی عێراقـدا زۆران نــاوی دەرەوشــاوەی کــوردە فەیلیــەکان بەدیــار کەوتــوون و هەربۆیــەش بــوو، کــوردە فەیلییــەکان لــە ژێــر ســایەی رژێمــە یــەك لــە دوای یەکەکانــی عێراقـدا رووبـەڕووی دزێوتریـن شـێوەکانی چەوسـانەوە و زۆر و سـتەم بوونەتـەوە. بەتایبەتیــش لەوەتــەی حوکمــی رەشــی بەعســییەکان ســاڵی ١٩٦٨ و دوا بــەدوای رێکەوتننامەکــەی ئــاداری ١٩٧٥ و لــە کاتــی شــەڕەکەی دژ بــە ئێرانــدا ئــەوەی رژێمــی (ســەدام) ســاڵی ١٩٨٠ هەڵگیرســاند گەیشــتە ئەوپەڕییــەوە.

کـوردە فەیلیـەکان هاونیشـتمانی عێراقیـن و زۆرینەیـان سـەر بـە (اهـل البیـت)ن کـە (شـیعە)یە و ژمارەیەکـی کەمیشـیان شـیعە نیـن ئەمانـە گەلێکـی بێوەیـی و وەفـادارن بـۆ بەڵێنەکانیـان و، بـە گشـتی راسـتگۆ و دەسـتپاکن لـە چالاکـی بازرگانـی و ئابووریانـدا و هەرگیـز ناویـان بـە کـردەوەی تیرۆریسـتی و توندڕەویـی سیاسـی لەکــەدار نەبــووە، لێــرەدا پرۆفیســۆر خەلیــل محەمــەد ئیســماعیل لــە (گۆڵانــی عەرەبـی مانگـی ١٠ی ٢٠٠٢دا) دەڵێـت (کـوردە فەیلییـەکان رەسـەنی راسـتەقینەی گەلــی (لــور)ن کــە بەشــێکی ئوممــەی کــوردن هەروەکــو لــە ئینســایکلۆپیدیای (شەمســەدین ســامی) و چەنــد فەرهەنــگ و کتێبــی تــردا هاتــووە، هــەروەك (منیۆرسـکی) یـش ئامـاژە بـەوە دەدات کـە (لـور)ەکان هـۆزی رەوەنـدن (گەڕیـدە) رەچەڵەکیـان بــۆ گەلانــی هینــد و ئەوروپــی دەگەڕێتــەوە. جــا کــە کــوردەکان

یەکێ بن لە گەلە ئاشتیخوازە کۆنەکان، ئەوا چەشنی گەلانی تر بۆ ئەوە هەوڵ دەدەن بە سەربەستی بژین و پیادەی مافە مرۆڤایەتییەکانیان بکەن کە ئایینەکان و نەریتگەل و یاسا نیشتمانی و نێونەتەوەییەکان و جاڕی جیهانی مافی مرۆڤ و پەیماننامە پاشکۆکانیان دانیان پیایاندا هێناون و چەسپاندوویانن، ئەوانیش مافگەلێکی نە گۆڕن و بەبێ هۆ لێیان زەوتکراوە کە ناچاریکردوون بە زەبری هێز داکۆکی لە بوونی خۆیان و مافەکانیان بکەن، ئەوەشیان ڕێگایەکی ڕەوایە بۆ ئازادیخوازان و گەلان هەرگیز مردنیان بۆ نییە.

**مستەفا بارزانی سەرکردە کێیە؟**

ناوی کوردان بە مانگی نەورۆز یان (مانگی ئادار)ی هەموو ساڵێکەوە لکاوە چونکە ئەم مانگە پڕیەتی لە موناسەبە گەلێکی شاد و ناشاد بۆ گەلی کورد. ئەمە ئەو مانگەیە کە تیایدا کوردەکان بەرەو رووی دزێوترین جۆری تاوان و قڕکردن بوونەتەوە، هەروەها مانگێکە زۆران موناسەبە گەلی دڵخۆشکەر و جەژنی تێدایە کە کوردەکان تا ئێستەش یادیان دەکەنەوە و ئاهەنگیان بۆ ساز دەکەن و لە پێگەی بەهێزییەوە بەدوای لێبوردندا دەگەڕێن. هەر لە نەورۆز (ئادار)دا بوو تاوانی هەڵەبجە ئەوەی زێتر لە (٥) هەزار سیڤیل بە چەکی کیمیاوی و گازە ژەهراوییەکان لە ١٦ی ئاداری ١٩٨٨دا بوونە قوربانیی روویدا.

لە چواردەی نەورۆزدا (لە ١٤ی ئادار، نەك نەورۆز م. ئاسنگەر)سەرکردەی مەزن بارزانیی نەمر لە دێی (بارزان)دا هاتۆتە دنیاوە. لە یەکی ئاداری ساڵی ١٩٧٩ دا لە تاراوگە دڵی بارزانی نەمر لە لێدان وەستاو، لە یانزدەی ئاداری ١٩٧٠دا ڕێکەوتننامەی ئادار راگەیەنرا و دواتر رژێمی بەعسی و سەدام دەستبەرداری بوون و پڕگەکانیان وەلاوەنان و بەڵێنەکانی خۆیانیان شکاند و لە ٦ی ئاداری ١٩٧٥دا سەدام و شاهی ئێران ڕێکەوتننامەی (ئەلجەزائیر) یان ئیمزا کرد کە سەدام تیایدا وازی لە نیوەی یەکاوی عەرەب (شەتی

عـەرەب) هێنـا بەرامبـەر بـەوەی چیـتر شـای ئێـران پشـتگیری لـە شۆڕشـی کـورد نـەکات و لـە یەکـی ئـاداری ١٩٩١ دا بڵێسـەی راپەڕینـی نەترسـی کوردسـتان دژ بـە فەرمانڕەوایـی زۆرداری ملهـوڕ داگیرسـایەوە و کوردسـتان لـە ژێـر حوکمـی رەگەزپەرسـتانەی سـەدامەوە رزگاری بـوو.

بازرانیـش سـەرکردەیەکی نەتەوەیـی هـەرە دیـاری کوردانـە لـە سەرتاسـەری مێـژووی بزاڤـی رزگاریخـوازی کوردیـدا و سـەرۆکی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان (KDP) کاتێکیـش لـە ئـاداری ١٩٧٩دا لـە نەخۆشـخانەی (جـۆرج تـاون) لـە واشـنتۆن کۆچـی دوایـی کـرد بـە ملیۆنـان کـورد و خەڵکانـی تـر لـە دۆسـتان و خۆشەویسـتانی کـورد بـۆی گریـان و پرسـەیان بـۆی دانـا. هەربۆیـەش یـادی ئـەم زاتـە بـە زیندوویـی لـە دڵـی هەمـوو کوردێکـدا ئەوانـەی پشـتگیری لـەو ئامانجانـە دەکـەن کـە بۆیـان تێکۆشـاوە و قوربانیـی زۆریشـی لـە پێناویـدا داوە و سـەرتاپای ژیانـی خـۆی بـۆ تەرخانکردبـوون دەمێنێتـەوە. لەبـەر ئەوەیـە مسـتەفا بارزانـی لـە مێـژووی گەلـی کـورددا هەمیشـە وەك کەسـایەتییەکی کـوردی عێراقـی نـاوازە و وەك سـەرچاوەی سرووش و سـیمبوڵ بـۆ لاوانـی کـورد دەمێنێتـەوە. هـەر خۆشـیەتی کـە نازنـاوی (ئەفسـانەی شـاخ)ی پێـدراوە، چونکـە لـە پەیوەسـتبوون بـە خەباتـی کوردانـەوە لـە پێنـاو گەیشـتن بـە ئاشـتی و ئـازادی و دیموکراسـیدا هەرگیـز دوو دڵـی نەکـردووە.

ناشـکرێت کورتەیـەك لـە ژیانـی کەسـییەتی بارزانـی نەمـر خـۆی نەخەینـە بەرچـاو بـۆ ئـەوەی لـە پێکهاتـەی کەسـایەتییەکەی و رۆڵـی دیـاری لـە بزاڤـی رزگاریخـوازی کوردیـدا وەك سـەرکردەیەکی کـورد و عێراقـی کـە شـایانی هەمـوو رێزلێنانێکـە، ئـاگادار بیـن.

لەتـەك دایکیـدا سـاڵی ١٩٠٦ لـە زیندانـی مووسـڵ بەندکـراوە. چونکـە هۆزەکـەی بەربەرەکانێـی فەرمانڕەوایـی عوسـمانلی کـردووە و ئـەوکات تەمەنـی ٣ سـاڵان بـووە.

- بەشدارییەکی کارگێڕانەی لە شۆڕشی شێخ مەحموودی حەفید لە ساڵی ١٩١٩دا کردوە و (٣٠٠) جەنگاوەری چەکداری لە ژێرفەرماندا بووە.
- ساڵی ١٩٣٢ هێزەکانی بارزانی بەرەنگاری هێرشەکەی حکومەتی عێراقی بوونەوە، وەلێ دەرنجام ناچار کرا بەخۆی و هێزەکانی پێشمەرگەوە بەرەو تورکیا رەو بکەن و شێخ ئەحمەدی بارزانی دەسبەسەرکراو درایەوە دەست حکومەتی عێراق و کاتێك (بارزانی) گەڕایەوە بۆ (مووسڵ) ئەمیش دەستگیر کرا.
- لە نێوانی ساڵەکانی ١٩٣٢-١٩٤٣ دا بۆ چەندین وڵات دوورخراوەتەوە (نەفی بووە).
- ساڵی ١٩٤٥ کردیان بە سەرکردەی سوپای کۆماری مەهاباد کە قازی محەمەد کە دواتر لە سێدارە درا، دایمەزراندبوو.
- ساڵی ١٩٤٦ پارتی دیموکراتی کوردستان (کورد- م- ئاسەنگەر) دامەزراند و تا رۆژی وەفاتی لە ساڵی ١٩٧٩دا هەر بەسەرۆکی ئەم حزبە مایەوە.
- لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ەوە تا ساڵی ١٩٧٥ کە چووە (ئێران) و لەویشەوە بۆ چارەسەری نەخۆشی شێرپەنجەی سی روویکردە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سەرکردایەتی شۆڕشی کوردی کردووە. تاکو دڵە گەورەکەی ساڵی ١٩٧٩ لە لێدان وەستاو دەرەنجام تەرمە (پیرۆزەکەی- م- ئاسەنگەر) هێنرایەوە بۆ بارزان. ئەو گوندەی لە کوردستانی عێراق تیایدا هاتبووە دنیاوە، لەوێدا بە خاك سپێردرایەوە.

ئەوجا لە دوای خۆیەوە ئاڵاکە درایە دەستی کوڕەکانیەوە. ئیدریس کە لە ساڵی ١٩٧٨ دڵی وەستا (باوکی کاك نێچیرڤان سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو)، کاك مەسعود (سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان – م- ئاسەنگەر) باوکی مەسرور بارزانی، بە یاوەری دەستەیەك هەڤاڵانی لە باشترین ئازادیخوازانی کورد.

بارزانی خۆی و خانەوادە و عەشیرەتەکەی و کادیرانی پارتی دیموکراتی

کوردســـتانیش روو بـــەڕووی زۆران هەوڵـــی دەســـتدرێژی و کوشـــتن و لەنێوبـــردن و بوونەتـــەوە. کەچـــی پێوەندییەکانـــی کـــورد و عـــەرەب وێـــڕای هەمـــوو ئەمانەیـــش، هێشـــتا تایبەتمەندییەکـــی خـــۆی هەبـــوو کـــە لەســـەر بنەمـــای یەکگرتنـــەوەی برایانـــە و هاوبەشـــبوون لـــە نیشـــتماندا دامەزرابـــوو، لەتـــەك پێوەندیـــی ژن و ژنخوازیـــی کـــە لـــە نێـــوان هـــۆزە عەرەبـــی و کوردییەکانـــدا بـــاو بـــوو. دیســـانەوە جوداوازیـــی نەتەوەیـــی و ئایینـــی و بیروبـــاوەڕی سیاســـی یاخـــو مەزەبـــی هەرگیـــز ڕێگـــر نەبوونـــە لەبـــەردەم پێوەندیـــی بـــە تینـــی برایانـــەی کـــورد و عەرەبـــداو ڕۆژێ لـــە ڕۆژانیـــش هەســـت بـــەوە نەکـــراوە عـــەرەب لـــەلای کـــوردان یـــان کـــورد بـــەلای عەرەبانـــەوە وەك بێگانـــە ســـەیر کرابـــن. دەشـــتوانین بڵێیـــن یەکەمیـــن هـــۆکار و فاکتـــەری چەســـپاندنی ئـــەم پێوەندییانـــە دەگەڕێتـــەوە بـــۆ یـــەك نیشـــتمانیی و چارەنووســـی هاوبـــەش و ئـــارەزووی راســـتەقینە بـــۆ ڕەتکردنـــەوەی زۆرداری و ملکـــەچ نەکـــردن بـــۆ ملهوڕیـــی و لەخۆبایـــی بـــوون و، ئازادیخوازایـــی هـــەردوولا چـــی لـــە ســـەردەمی داگیـــرکاری عوســـمانییەکاندا یـــان لـــە ســـەردەمە ســـتەمکارییەکانی پـــڕ لـــە تاوانەکانـــی ئـــەم دواییـــەی ڕژێمـــدا کـــە زیانێکـــی بـــێ ئەنـــدازە بـــەر گیـــان و ســـامان و مـــاڵ و منـــداڵ و کەیـــان و هەســـتی مرۆڤایەتیـــان کەوتـــووە. ئەمەیشـــی لـــە سیاســـەتی (بـــە عەرەبکـــردن و پاکتـــاوی نەژادیـــی و تاوانگەلـــی تـــری نێونەتەوەییـــدا) بەرجەســـتە بـــووە کـــە بەهیـــچ کلۆجـــێ کاری لـــە برایەتـــی کـــورد و عـــەرەب نەکـــردوە چونکـــە ئەوانـــە تاوانگەلێـــك بوونـــە لەلایـــەن دەســـتەیەك لـــە تاوانکارانـــی نێودەوڵەتییـــەوە ئەنجامـــدراون  کـــە هـــەر دەبێـــت بدرێنـــە دادگایـــی نێودەوڵەتیـــەوەش. لێرەشـــەوە بـــە چاکـــی دەزانیـــن ئـــەو (فەتـــوا ئایینی)یـــە بێنینـــەوە یـــاد کـــە حکومەتەکـــەی ڕژێمـــی (عـــارف) و دواتریـــش حکومەتەکـــەی (ئەلبەکـــر) لـــە ســـەماحەتی ئایەتولـــلای عوزمـــا (ســـەیید موحســـین ئەلحەکیم)یـــان داوا کردبـــوو بـــە مەبەســـتی کافرکـــردن و لێدانـــی کـــوردەکان و کوژاندنـــەوەی شۆڕشـــی کـــورد لـــە ســـاڵی ١٩٦٣دا. لـــێ ســـەماحەتی ئەلحەکیـــم زۆر بـــە ڕەهایـــی ئـــەو داخوازییانـــەی ڕەتکـــردەوە و پشـــتی شۆڕشـــەکەی کوردیشـــی گـــرت و بـــە نوێنەرەکانـــی حکومەتـــی

ئەوسای راگەیاند کە چۆن فەتوا بۆ شەڕی دژی کوردان کە برای نیشتمانیی و ئایینی خۆمانن دەردەکەین؟! لە هەمانکاتدا سەرکردەی خوالێخۆشبوو (مستەفا بارزانی) پێوەندیی تووندتۆڵی لەگەڵ عەشیرەتە عەرەبەکان و پیاوانی ئایینی لە نەجەف و کەربەلا و فوراتی ناوەڕاستدا هەبوو.

هەروەکو هەمیشە لە بیری سیاسەتوانە تێکۆشەرەکانی عەرەبدا ئەوانەی ئاخنرابوونە زیندانەکانی رژیمەوە بووەوە شاندنی دانوستاندەکانی بەرلەوەی باس لە کێشەی میللەتی کوردەوە بکەن و پێش هەر شتێك تکای لەشاندی میریی کردووە زیندانییە عەرەبەکان ئازاد بکرێن. هەر ئاوەهاش بارزانی نەمر بە سەدان کەسایەتی و خانەوادەی عەرەبی لە دەستدرێژییەکانی رژێمی بەعسەوە پاراستوون و هەر خۆیشی بووە ئارامیی و پارێزگاریی بۆ شەهید (مەهدی ئەلحەکیم) فەراهەم کردووە لە یەکێ لە سەردەمەکانی ئاڵۆزیی، کە بەسەر بزووتنەوە سیاسییەکەی ئەم پیاوە داهاتبوو بەرلەوەی تیرۆر بکرێت. خوای لێخۆش بێت. هەروەها بارزانی بڕوای تەواوی هەبوو بە گیانی لێبوردن و نەرمیی نواندن لەکاتی تواناییدا. ئەوەتا لە سەرەتای هەفتاکاندا و لەکاتی پرۆسەی گفتوگۆکردن لەگەڵ حکومەتی ناوەندی لە بەغدا باوکی عەبدولعەزیز عوقەیلی، وەزیری پێشووی بەرگری کە بە لێدانی کورد و شاروشارۆچکەکانیان ناوبانگی دەرکردبوو، سەردانی بەڕێزیانی کرد و لێی خواست شەفاعەتی ئەوەی لای (ئەلبەکر) دا بۆ بکات سزای لە سێدارەدان (ئیعدام کردن) لەسەر کوڕەکەی هەڵوەشێنێتەوە. ئەمە بوو بارزانی وێڕای تۆماری دزێوی (ئەلعوقەیلی) و هەڵوێستە ناشەریفانەکانی دەرهەق بە کورد و دۆزە رەواکەیانەوە، پێوەندیی بە (ئەلبەکر)ەوە کرد و سزاکەی لە ئیعدامەوە بۆ زیندانی هەتا هەتایی سووك کرا. ئەگەرچی دواتر رژێمەکەی بەکر-سەدام پاش هەڵگەڕانەوەیان لە رێکەوتننامەی ١١ی ئادار و دەستپێکردنەوەی شەڕ، ساڵی ١٩٧٥ هەر ئیعدامیان کرد.

لەکاتەکانــی پەرەســتاندنی زوڵــم و زۆداریــی سیاســیدا کــە بەســەر عێراقــدا تێپەڕیــن، شــاخەکانی کوردســتان نەوایەکــی ئارامیــان بــۆ عەرەبــەکان و ڕۆڵەکانــی هۆزەکانــی ناوەڕاســت و باشــووری عێــراق و هەمــوو چەوســاوەکان پێکهێنــا. هــەروەك زۆر لــە عەرەبــەکان پشــتگیریی ئــەو شۆڕشــەی کوردیــان کــرد کــە بــۆ گەیشــتن بــە مافەرەواکانیانــەوە هەڵیانگیرســاندبوو، لــە هەمانکاتــدا عــەرەب هاوشــانی بــرا کوردەکانیانــەوە دەجەنــگان و زۆرانیــان بــە نهێنــی و بــە دزییــەوە چەکیــان لــە ناوەڕاســت و خــوارووی عێراقــەوە دەگوێزرایــەوە بــۆ کوردســتان، بەتایبەتــی لــەدوای شکســتیەکەی ســاڵی ١٩٦٧دا، وەك خۆشەویســتییەك بــۆ گەلــی کــورد و پشــتگیرییەك لــەو شۆڕشــەی کــوردان کــە لــە پێنــاو دەســتەبەرکردنی مافــە نەتەوەییــە رەواکانیــان و گەیشــتن بــە مافــی چــارەی خۆنووســیندا هەڵیانگیرســاندبوو، ئــەو پرۆســەی چــەك هێنانــەش بــۆ پێشــمەرگە بــە نهێنــی و قاچــاغ لــە شــاری (نەجــەف)ی شــەریفەوە، لــە ڕێگــەی خوالێخۆشــبوو (قــادر مەنتــك) لــە هەولێــر و، هەروەهــا (عەقیــد فــەزل کــوڕی مەرحــوم کامیــل شــبیب) کەســایەتی ســەربازیی نــاسراوەوە ئەنجــام درا، بۆیــەکا بــە ڕێکــەوت نەبــوو کــە ســاڵی ١٩٩١ راپەڕیــن دژی زۆرداری و لەخۆبایــی بوونــی ســەدام لــە کوردســتان و ناوەڕاســت و باشــووردا بەیەکــەوە دەســتی پێکــرد، کاتێکیــش گەلــی کــورد لــە هەڵبژاردنێکــی ئــازاد و دیموکراتیانــەدا ســاڵی ١٩٩٢ سیســتەمی فیدراڵــی بــۆ حوکمڕانــی و شــێوازی پێوەندیــی لەگــەڵ دەســەڵاتی ناوەنــددا لــە بەغــدا پەســەند کــرد لەســەر عــەرەب و هەمــوو کەمایەتییــەکان پێویســتە ڕێــز لــەو (خەیــارە) بنێــن و پشــتیوانی و لاگیریــی لێــوە بکــەن، چونکــە ئەمــە خەیــاری کــوردەکان خۆیانــە لــە کوردســتان و خەیارێکــی رەوایشــە و کــورد لــە پێناویــدا تێکۆشــاون و بــە ســەدان هــەزار شــەهید و قوربانییــان بۆیــداوە، بــە درێژایــی خەباتــی بەردەوامیانــدا دژی سیســتەمە شــۆفییەنییەکان کــە بــە دەیــان ســاڵی خایانــدووە، ئەمــەش خەیارێکــە بــۆ دابینکردنــی دیموکراتییــەت (دیموکراســی) بــۆ دوارۆژی عێــراق.

لێرەشـــەوە نکۆڵـــی لـــە رۆڵـــی ســـەرکردایەتی دووربینـــی کـــورد و بەتەنگـــەوە هاتنـــی ئـــەو ســـەرکردایەتییە ناکەیـــن، بـــۆ پاراســـتن و چەســـپاندنی برایەتیـــی کـــورد و عـــەرەب و بڵاوکردنـــەوەی رۆشـــنبیریی لێبوردەیـــی لـــە عێراقـــدا و هەرچەنـــدە بێگومـــان نابێـــت لێبـــوردن ئـــەو تاوانکارانـــە بگرێتـــەوە کـــە تاوانگەلـــی نێونەتەوەییـــان ئەنجامـــداوە. کـــە ئاشـــکرایە پارتـــی دیموکراتـــی کوردســـتان و یەکێتـــی نیشـــتمانیی کوردســـتان و حزبـــە کوردســـتانییەکانی تریـــش دەورێکـــی گرنـــگ و کاریگەریـــان بـــووە لـــە پەرەپێدانـــی پێوەندییەکانـــی نێـــوان رۆڵەکانـــی عێراقـــدا و چاندنـــی تـــۆوی چاکـــە خوازیـــی، بـــە تایبەتـــی ئـــەوەی هـــەردوو برایانـــی بەڕێـــز کاك مەســـعود بارزانـــی و مـــام جـــەلال تاڵەبانـــی و کادیرەکانـــی حزبەکانیـــان کردوویانـــە لـــە پێنـــاو پتەوکردنـــی برایەتـــی کـــورد و عـــەرەب و دامەزراندنـــی دەوڵەتـــی یاســـا لـــە عێراقێکـــی فیدراڵـــی و فـــرە حزبـــی و دیموکراتیـــدا لەســـەر بنەمـــای رێزگرتنـــی مافەکانـــی مـــرۆڤ راوەســـتاو بێـــت کـــە تیایـــدا گشـــت نەتـــەوە و شـــوێنکەوتووانی ئایینـــەکان بەپێـــی دەســـتوورێکی هەمیشـــەیی و پرەنســـیپی، ســـەروەریی یاســـاوە مافـــی یەکســـانیان بـــۆ دەســـتەبەر بکرێـــت ئەمـــەش لـــە چەندیـــن بۆنـــەی جیـــاوازدا و بەتایبەتـــی لـــە کۆنگـــرەی ئۆپۆزســـیۆنی عێراقـــی کـــە لـــە کانوونـــی یەکەمـــی ســـاڵی ٢٠٠٢ لـــە لەنـــدەن و هەروەهـــا کۆنگـــرەی هەمـــان ئۆپۆزســـیۆن کـــە لـــە کۆتایـــی شـــوباتی ٢٠٠٣دا لـــە کوردســـتان بەســـتران بـــە روونـــی بەدیارکـــەوت، کـــە تیایانـــدا هـــەردوو بەڕێـــزان هەروەهـــا لایەنەکانـــی تریـــش چالاکـــی بەرچاویـــان نوانـــد بـــۆ پتەوکردنـــی ریـــزەکان و پاراســـتنی عێـــراق لـــە دووبـــارە خنـــکان لـــە دەریـــای دیکتاتۆرییەتـــدا.

راسپاردەکان:

١- لێتوێژینەوە لەبەرپرسە عێراقییەکان لەمەڕ تاوانەکانیانەوە دژی کورد.

٢- قەرەبـــوو کردنـــەوەی ســـەرجەم عێراقییـــە زیانلێکەوتـــووەکان بەتایبەتیـــش کـــوردە فەیلییـــەکان و گەڕاندنەوەیـــان بـــۆ زێـــدی خۆیـــان لـــە عێـــراق و بەدیارخســـتنی

چارەنووســی دەســتگیرکراوەکانیان.

٣- دروســتکردنی (مۆزەخانەیــەك) بــۆ تاوانەکانــی رژێمــی ســەدام و قوربانیانــی پێشــێلکردنی مافەکانــی مــرۆڤ.

٤- داننانــی تــەواو بــە مافەکانــی گەلــی کــورددا بــە مافــی بڕیاردانــی چارەنووسیشــەوە و رێزنــان لــە جــۆری ئــەو پشــکدارییەی (شــەراکەت) بــۆ دوارۆژ هەڵیدەبژێرێــت.

٥- دەســتەبەرکردنی مافەکانــی ســەرجەم زیــان لێکەوتــە (زەرەرمەنــدە) عێراقییــەکان بــە کوردەکانیشــەوە لــە قوربانیانــی بــە عــەرەب کــردن و سیاســەتی تواندنــەوەی نەتەوەیــی و بەدەرنــان و راگوێزانــی بــەزۆرە ملــێ و تاوانەکانــی دیکــەی رژێــم و قەرەبووکردنەوەیــان بــە پەلــە و دادپەروەریانــە، لەپــاش رووخانــی رژێمــدا.

٦- هەموارکردنــی یاســای رەگەزنامــەی عێراقــی و دانانــی دەقێکــی ئاشــکرا لــە دەســتووری هەمیشــەییدا بــۆ مســۆگەرکردنی مافەکانــی زیانلێکەوتــوان، بەتایبەتــی دەرکــراوە ئاوارەبــووەکان.

لــە کۆتاییــدا وەك هاونشــتمانییەکی عێراقــی و وەك عەرەبێــك دەڵێــم ئەرکــی ئەخلاقیــی و مرۆیــی لەســەرمان پێویســت دەکات کــە داوای لێبــوردن لەگەلــی کــورد بکەیــن ســەبارەت بــەو تاوانانــەی هەندێــك لــە عەرەبــە رەگەزپەرســت و شــۆڤێنییەکان ئەوانــەی تاوانگەلــی ئێجــگار ترســناك و نەخشــە بــۆ کێشراویــان دژی کــوردەکان لــە هەڵەبجــە و لــە پرۆســەکانی ئەنفــال و لــە قــەڵادزێ و هەروەهــا دژی کــوردە فەیلییــەکان ئەنجامــداوە. چونکــە دەبــوا ئــەوەی لــە توانــادا بــووە بــۆ رێگەگرتــن لــە تاوانکارییەکانــی نازییەتــی عەربییــەوە بەرامبــەر گەلــی کــورد بمانکردایــە و هەرگیــز لــە ئاســتیدا بێدەنــگ نەبووایەیــن.

جــا بۆیــە بەنــدە ســەری رێــز و نــەوازش لــە بــەردەم قوربانیدانەکانــی کــورد و شــەهیدەکانیان و پێشــمەرگە پاڵەوانەکانیانــدا، ئــەو هەڵــۆ ئازایانــەی کێــوەکان

دادەنوێنم. دڵنیاشم لەوەی هەرچییەکی دەرهەقی کوردەکان کراوە لە جۆرەها تاوان و کارەساتی جەرگبڕ هەرگیز کار لە برایەتی کورد و عەرەب ناکات و درزی تێناخات. چونکە ئەمان لە نیشتمان و مێژوو و ئایین و جوگرافیا و یەك چارەنووسیماندا هاوبەشن و ئیتر بە عەقڵ و هۆشی ئەمان و بە حیکمەتی چاکەخوازانەوە لەرۆڵەکانی دۆڵی رافیدەین، دیموکراسی دێتە کایەوە و دەوڵەتی یاسایش دادەمەزرێت و باڵندەکانیش سروودی ئازادی دەچڕن و لە عێراقێکدا کە کورد و عارەب و گشت نەتەوەکانی تر، لە هەموو ئایینەکان و لایەنە سیاسییەکانەوە لە ژێر ئاڵای گیانی لێبوردەیی و خۆشویستنێکدا دەبیەن بەڕێوە کە لەسەر پایەی پتەوی رێزلێنانی بەرامبەر (ئەویتر) و دانپێداهێنانی و بڕوابوون بە رۆشنبیریی مافەکانی مرۆڤ لەسایەی کۆمەڵگەی شارستانییدا دروستبوو بێت.

ژێدەر و پەراوێز

١- دکتۆر منذر الفضل- محاضره فی السوید لمناسبه الذکری المئویه لمیلاد القائد مصطفی البارزانی.

٢- مجله گولان العربی العدد ٨٢فی ٢٠٠٣/٣/٣١ السنه السابعه ل (٣٩-٤٣).

٢- قەرەبوو کردنەوەی سەرجەم عێراقییە زیانلێکەوتووەکان بەتایبەتیش کوردە فەیلییەکان و گەڕاندنەوەیان بۆ زێدی خۆیان لە عێراق و بەدیارخستنی چارەنووسی دەستگیرکراوەکانیان.

٣- دروستکردنی (مۆزەخانەیەك) بۆ تاوانەکانی رژێمی سەدام و قوربانیانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ.

٤- داننانی تەواو بە مافەکانی گەلی کورددا بە مافی بڕیاردانی چارەنووسیشەوە و رێزنان لە جۆری ئەو پشکدارییەی (شەراکەت) بۆدوارۆژ هەڵیدەبژێرێت.

٥- دەستەبەرکردنی مافەکانی سەرجەم زیان لێکەوتە (زەرەرمەندە)

عێراقییەکان بە کوردەکانیشەوە لە قوربانیانی بە عەرەب کردن و سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەیی و بەدەرنان و راگوێزانی بەزۆرە ملێ و تاوانەکانی دیکەی رژێم و قەرەبووکردنەوەیان بە پەلە و دادپەروەریانە، لەپاش رووخانی رژێمدا.

٦- هەموارکردنی یاسای رەگەزنامەی عێراقی و دانانی دەقێکی ئاشکرا لە دەستووری هەمیشەییدا بۆ مسۆگەرکردنی مافەکانی زیانلێکەوتووان، بەتایبەتی دەرکراوە ئاوارەبووەکان.

لە کۆتاییدا وەك هاونشتمانییەکی عێراقی و وەك عەرەبێك دەڵێم ئەرکی ئەخلاقیی و مرۆیی لەسەرمان پێویست دەکات کە داوای لێبوردن لەگەلی کورد بکەین سەبارەت بەو تاوانانەی هەندێك لە عەرەبە رەگەزپەرست و شۆڤێنییەکان ئەوانەی تاوانگەلی ئێجگار ترسناك و نەخشە بۆ کێشراویان دژی کوردەکان لە هەڵەبجە و لە پرۆسەکانی ئەنفال و لە قەڵادزێ و هەروەها دژی کوردە فەیلییەکان ئەنجامداوە. چونکە دەبوا ئەوەی لەتوانادابووە بۆ رێگەگرتن لە تاوانکارییەکانی نازییەتی عەربییەوە بەرامبەر گەلی کورد بمانکردایە و هەرگیز لە ئاستیدا بێدەنگ نەبووایەین.

جا بۆیە بەندە سەری رێزو نەوازش لەبەردەم قوربانیدانەکانی کورد و شەهیدەکانیان و پێشمەرگە پاڵەوانەکانیاندا، ئەو هەڵۆ ئازایانەی کێوەکان دادەنوێنم. دڵنیاشم لەوەی هەرچییەکی دەرهەقی کوردەکان کراوە لە جۆرەها تاوان و کارەساتی جەرگبڕ هەرگیز کار لە برایەتی کورد و عەرەب ناکات و درزی تێناخات. چونکە ئەمان لە نیشتمان و مێژوو و ئایین و جوگرافیا و یەك چارەنووسیماندا هاوبەشن و ئیتر بە عەقڵ و هۆشی ئەمان و بە حیکمەتی چاکەخوازانەوە لەرۆڵەکانی دۆڵی رافیدەین، دیموکراسی دێتە کایەوە و دەوڵەتی یاسایش دادەمەزرێت و باڵندەکانیش سروودی ئازادی دەچڕن و لە عێراقێکدا کە کورد و عارەب و گشت نەتەوەکانی تر، لە هەموو ئایینەکان و

لایەنـە سیاسـییەکانەوە لـە ژێـر ئـاڵای گیانـی لێبوردەیـی و خۆشویسـتنێکدا دەیبـەن بەڕێـوە کـە لەسـەر پایـەی پتـەوی ڕێزلێنانـی بەرامبـەر (ئەویـتر) و دانپێداهێنانـی و بڕوابـوون بـە ڕۆشـنبیریی مافەکانـی مـرۆڤ لەسـایەی کۆمەڵگـەی شارسـتانییدا دروسـتبوو بێـت.

ژێدەر و پەراوێز
١- دکتـۆر منـذر الفضـل- محـاضره فـی السـوید لمناسـبه الذکـری المئویـه لمیـلاد القائـد مصطفـی البارزانـی.
٢- مجله گولان العربی العدد ٨٢فی ٢٠٠٣/٣/٣١ السنه السابعه ل (٣٩-٤٣).

# نهێنییەکانی دابەشکردنی کوردستان و لکاندنی کورد بە عێراقەوە

**نووسینی: داڤید کۆرن - د. زوهێر عەبدوللا کردوویە بە عارەبی**

وەرگێڕانی: مەجید ئاسەنگەر

**دوو پیاو کوردیان بە عێراقەوە لکاندووە**

بە لکاندنی کوردەکانی ویلایەتی (مووسڵ)ی عوسمانی بەو دەوڵەتەی عێراقەوە کە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی دروستیان کرد ئینگلیزەکان هەڵەیەکی وایان ئەنجامدا کە دەکرێ بە گەورەترین هەڵە لە مێژوودا بژمێردرێت، بڕیاری تێوەگلاندنی کوردان لە ئاڵوگۆڕێکی سیاسیانەدا لەتەك عارەبی بەغدا و بەسرادا، بۆ دەیان ساڵی دواتریش بووە هۆی زەرەروزیانی زۆر بۆ هەردوو لایان. ئەوەبوو کوردەکان لە بیستەکان و چلەکان و شەستەکان و هەفتاکان و هەشتاکاندا شۆڕشیان هەڵگیرساند کە بووە مایەی پسانی شیرازەی سەقامگیریی سیاسی دەوڵەتی عێراق و بە فیڕۆدانی سەروەت و سامانەکەیش،

هەروەکـو کوردەکانیـش لـە ئەنجامـی کـردەوە سـەرکوتکارییە وەحشـیگەرییەکانی حکومەتـی عێراقـی لـە حەفتـاکان و جێبەجێکردنـی هەڵمەتەکانـی جینۆسـاید (قڕکـردن) لـە هەشـتاکاندا قوربانـی ئێجـگار زۆریانـداوە و چەرمەسـەریی زۆریـان چەشـتووە. بۆیـەکا ئـەو بەڕێوەبەرایەتییـە دیفاکتۆییـەی کـوردی کـە لـە هاوینـی (١٩٩٠)ەوە بەپێـی واقیـع سـەلمێندراوە لـەو ناوچەیـەدا کـە تـا ئێسـتەیش بـە (باکـووری عێـراق) نـاو دەبرێـت، بەڵگـەی روونـی رەتکردنـەوەی ئـەو بڕیارەیـە کـە خۆیـان وەریـان نەگرتـووە، بەڵکـو دوو فەرمانبـەری بەریتانیایـی لـە بـری ئەوانـەوە نزیکـەی هەشـتا سـاڵێك لەمەوبـەر داویانـە.

**جا چۆن کوردیان بە عێراقەوە لکاند؟**

بێگومـان ئـەم چیرۆکـە سەیروسـەمەرترین شـتێکی نێوبەڵگەنامەکانی ئیسـتیعماری بەریتانیایـە، ئەوەیـش بـەم شـێوەیە کـە دوو گـەورە کاربەدەسـتی راژەی شارسـتانیی کـە لـە وڵاتـە ژێردەسـتەکانی بەریتانیـادا کاریانکـردووە، ئێـر بێرسـی کۆکـس و ئارنۆلـد وێلسـۆن، خواسـتەکانی خۆیانیـان نـەك بەسـەر کۆمەڵگـەی کوردەواریـدا کـە داوای مافـی خۆیـی دەکـرد، بگـرە بەسـەر حکومەتـە دوو دڵەکـەی خۆیشـیاندا سـەپاندووە، لـەو موغامەرەیەشـدا (کۆکـس) سـەرۆك و (وێلسـۆن)یش هەمیشـە جێگـر و شـوێنکەوتەی گوێلەشـتی بـووە.

کۆکـس فەرمانبەرێکـی هـەرە دیـار بـوو لـە نێـو ئـەو دەسـتەبژاردەیەی کـە لـە بەشـی راژەی دەرەوە و رامیاریـی حکومەتـی هیندیـی سـەر بـە بەریتانیـادا کاریانکـردووە، دوای ئـەوەی سـاڵی ١٨٨٤ بـووە ئەفسـەر ماوەیەکـی کـورت لـە فەوجێکـی بەریتانیایـی لـە هینـد خزمەتـی کـردووە. دواتـر توانـی خـۆی بـۆ وەزارەتـی کاروبـاری دەرەوە و رامیـاری بگوازێتـەوە و بـۆ مـاوەی ٣٠ سـاڵی بـۆ داسـەپاندنی دەسـەڵاتی بەریتانیـا بەسـەر ئـەو گەلانـەدا کـە لەنێـو ئیمپراتۆریەتـی خۆرهەڵاتـدا ملکەچـی دەربـاری بەریتانیـا بـوون بـردە سـەر. ئەوجـا گوێزرایـەوە بـۆ (سـۆماڵی- بەریتانیـی) و دواتریـش بـۆ (مەسـقەت) و پاشـان بـۆ (ئێـران) و

بـووە جێگرێکـی سیاسـی لـە ناوچـەی کەنـداو داو بەرپرسـی سەرپەرشـتیکردنی بەرژەوەندییەکانـی بەریتانیـا بـە هـەردوو کەرتـی عارەبـی و ئێرانـی ئـەو دەروازە ئاوییـەدا، لـەو ماوەیەشـدا کۆکـس زمانـی عەرەبـی خوێنـد و بـە چاکـی فێـری بـووە. کۆکـس کەسـایەتییەکی بەهـرەدار و کارمەندێکـی دڵسـۆز بـووە. وەلـێ لـە ژێـرەوە وێـڕای سـاکارییە رواڵەتییەکەیشـی، زۆر بـە پـەرۆش بـوو بـۆ گەیشـتن بـە دەسـەڵات و بەکاربردنـی ئـەو دەسـەڵاتەش بـە رێـگای زەبروزەنـگ.

وەختـێ شـەڕی یەکەمـی جیهانـی (١٩١٤-١٩١٨) هەڵگیرسـا کۆکـس سـکرتێری کاروبـاری دەرەوەی حکومەتـی (هینـد) بـوو. کاتێکیـش لەنـدەن داوای لـە دەسـەڵاتدارانی بەریتانیایـی لـە هینـد کـرد هەڵمەتێکـی سـەربازیی بنێرنـە دەروازەی (کەنـداو) بـۆ رێگەگرتـن لـە ئەگـەری هـەر هێرشـێکی تـورکان بـۆ سـەر کێڵگـە نەوتییەکانـی بەریتانیـا لـە ئێـران و کوەیتـدا (کـە لـە ژێـر پارێـزگاری خۆیـدا بـوون) سـەرەتا کۆکـس نارەزایـی نیشـاندا، کەچـی هێنـدەی نەبـرد بـووە لایەنگرێکـی هـەرە بـە پەرۆشـی پرۆژەکـە و وەکـو سـەرۆکی راوێـژکارە رامیارییـەکان و لەگـەڵ هەڵمەتەکـە کـەوت و ئـەو فەرمانەیـش لـە نێـو زۆر شـتی تـردا کۆکسـی کـردە بەرپرسـیاریی دامەزراندنـی ئیدارەیەکـی مەدەنـی و بەڕێوەبردنـی کاروبـارەکان لـەو هەرێمانـەدا کـە هێزەکانـی بەریتانیـا داگیریـان کردبـوون. ئەمـە و کۆکـس لەتـەك یەکێـك لـەو لیوایانـەی سـەردانی ناوچـەی شـەتاوی عەرەبـی کـرد. لـە ئەنجامـی پێکدادانێکـی سـنووردااردا بەریتانییـەکان توانیـان بەرپەرچـی هێزەکانـی تـورك بدەنـەوە و بەنـدەری سـەرکیی شـاری بەسرایـان داگیرکـرد. لەوێشـەوە تـا درێـژە بـەو پێشـڕەوییەیان بـدەن دەبـوا هێـزی پاڵپشـتیان بگاتـێ کـە ئامادەکردنـی ئەمـەش وا سـانا نەبـوو، چونکـە نـە فەرمانبـەرە بەرپرسـەکان لـە (لەنـدەن) و نـە ئەوانەیشـی لـە (هینـد) بـوون لـەوە دڵنیـا نەبـوون خواسـتی پارێزگاریکردنیـان لـە شـوێن پێیەکـی ئـاوا بچـووك لـە (قورنـە)دا هەبووبێـت. کەچـی بـە درێژەکێشـانی هەڕەشـەکانی تـورکان بـۆ سـەر کێڵگـە نەوتییەکانـی ئێـران، بەریتانیـا ناچـار بـوو

هێـزی سـەربازیی لـە (هینـد)ەوە ڕەوانـە بـکات.

بـە داهاتنـی سـاڵی ١٩١٦ش قەبـارەی ئـەو هێزانەیـان بـۆ دوو تیپـی سـەربازیی بـەرز بـۆوە، ئـەو کاتـە هێزەکانـی بەریتانیـا دەسـتیان بـە ڕۆیشـتنی پـێ بـە پـێ ڕووەو و باکـوور کـرد و هـەر لـە سـەرەتای ئـەو ساڵەشـدا هێرشـێکی بەربڵاویـان بـەرەو (بەغـدا) کـرد. لـێ ئـەم هەوڵەیـان کارەسـاتێکی گـەورەی لێکەوتـەوە، چونکـە تورکـەکان لـە مانگـی نیسـاندا توانیـان لـە (کـووت) کـە شـارێکی بچکۆلانـەی سـەر ڕووبـاری دیجلەیـە بـە دووریـی ٢٠٠ میـل لـە باشـووری بەغـداوە گەمـارۆی هێزێکـی ١١٦٠٠ کەسـی بەریتانیایـی بـدەن و ناچاریـان بکـەن کـە خۆیـان بـدەن بـە دەسـتەوە. سـەرکردایەتی گشـتی بەریتانیایـی دوای ئـەو تێکشـکانە گورچکبـڕە ئامـادە بـوو دەسـتبەرداری نەخشـەکانی بـۆ داگیرکردنـی (بەغـدا) بێـت و بـەرەو هێڵێکـی بەرگـری کـردن نزیـك بـە شـاری بـەسرا و کێڵگـە نەوتییەکانـی ئێـران پاشەکشـەیان کـرد. کەچـی کۆکـس زۆر بـە توونـدی دژی ئـەو پاشەکشـێیە وەسـتا، چونکـە بـە زۆری فەرمانبەرانـی کارگێڕیـی لەگەڵیانـدا نەبـوون، بەڵکـو لـە پێشـەنگی لاگیرەکانـی ئـەو نەخشـانە بـوون کـە پێشـتر بـۆ پێشـڕەوی کـردن بـە مەبەسـتی داگیرکردنـی (بەغـدا) دایـان نابـوون. ئـەم هـەر لـە سـەرەتاوە بـڕوای تـەواوی بـەوە هەبـوو کـە بـۆ لـە دەسـتنەدانی شـاری بـەسرا و کۆنترۆڵکردنـی کێڵگـە نەوتییـەکان دەبـوا شـاری بەغـدا دەسـتی بەسـەردا بگیرێـت. لـە ئێستەشـدا پـتر لـە هەرکاتێـك قەناعەتـی بـەوە هەبـوو. کۆکـس گرەوەکـەی بـردەوە و هێزەکانـی بەریتانیـا ڕۆژی ١٩١٧/٣/١١ چوونـە نێـو شـاری بەغـداوە و کۆکـس کەوتـە دامەزراندنـی بـە پەلـەی ئیدارەیەکـی شارسـتانی (مدنـی)ی کارا بـۆ ویلایەتەکـە و بـۆ شـارەکەیش کـە بـووە بـە بـارەگا و مەڵبەنـدی حکومەتەکـەی و بەمـە توانـی ژمارەیەکـی زۆری سـەرۆك هـۆزەکان لـە ڕۆژهەڵاتـی نیمچـە دوورگـەی عەرەبـی و باشـووری وڵاتـی نێـوان دوو زێـدا ڕاکێشـێتە ریـزی هاوپەیمانانـەوە، ئەوەیـش کارێـك بـوو لـە هەمـوو ڕوویێکـەوە بـە هاوتـای ئـەو سـەرکەوتنە

(ئەگەر زیارتیش نەبووبێ) دەژمێردرێت کە (لۆرانس) لە خۆرئاوای دوورگەی عەرەبیدا بەدەستی هێنابوو. وەلێ کۆکس بە پێچەوانەی (لۆرانس) حەزی بە پروپاگەندە نەدەکرد و پلانەکانی ئەویشی بەلاوە پەسەند نەبوون. دوای ئەوە بەغدا کەوتە ژێر دەسەڵاتییەوە کۆکس چاوی تەماحی بڕییە باکوور بە نیازی (مووسڵ) لەو کاتەشدا بیرۆکەی پێکەوەنانی گیانێکی نوێ لە دەروازەی کەنداوەوە و تا شاخەکانی تۆرووس کە هەر سێ ویلایەتەکانی عوسمانی، بەسرا و بەغدا و مووسڵ بگرێتەخۆ، لە مێشکیدا بە روونی بەرجەستە ببوو، ئەم قەوارە تازەیەش خستنە سەرێکی لۆژیکانە دەبوو بۆ ئیمپراتۆریەتە بەرفراوانەکەی بەریتانیا و خاڵێکی پێوەندیی گرنگیشی دەبوو لەسەر هێڵی ئاسمانیی نێوان ئەوروپا و هیند و هەندەی تر پایەی بەریتانیای لە میسر و ئەو مەملەکەتانە نوێیانەدا دەچەسپاند کە وا چاوەڕواندەکرا لە (فەلەستین) دەستیان بەسەردا بگیرێت، هەروەها دەبووە سەنگەرێکی پتەوی دەسەڵاتی بەریتانیا لە ئێران و کێڵگەیەکی بەرهەمهێنانی دانەوێڵەش. هەرچەند لە سایەی عوسمانلیدا ئاستی زەوییەکانی نێوان دیجلە و فورات زۆر دابەزیبوو، هێشتا مەزەندە دەکرا ئەو زەویانە توانستی کشتوکاڵی بێ سنووریان هەبێ. لە هەمانکاتدا شتێکی سەرنجراکێشی دیکە هەبوو بەریتانییەکان درکیان پێکردبوو، کەچی وەکو ئەوەی نهێنییەکی قێزەونی بێ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرد و بە دەگمەن نەبوایە، تەنانەت لە نووسینە نهێنییەکانیشانیدا باسیان نەدەکرد. ئەو شتەش (نەوت) بوو. ئەو ناوچەیەی نزیك کەرکوك بەوە ناسرابوو کە نەوتی تێدایە. ماددەیەکی لینجی چەوری رەش بە رێژەیەکی زۆر بەسەر عەردەکەوە دەردەکەوت، کوردەکان کۆیان دەکردەوە بۆ سووتەمەنی بەکاریان دێنا. راستە هەتا ساڵی ١٩٢٧ کەس لەو ناوچەیەدا بە دوایدا نەگەڕا بوو، بەڵام هەموو هۆکارێك هەبوو کە بڕوا بکرێت لە ویلایەتی موسوڵ دا زۆر عەمباری دەوڵەمەندی نەوت هەیە. کەشتیگەلی بەریتانیا بە نەوت

کاری دەکـرد. کەچـی زۆربـەی سـەرچاوە نەوتییـەکان لـە دەرەوەی دەسـەڵاتی بەریتانیـادا بـوون، واتـا لـە ویلایەتـە یەکگرتـووەکان (ئەمەریـکا- م.ئـا) و مەکسـیك، رۆمانیـا و روسـیادا. بەریتانییەکانیـش بـە پـەرۆش بـوون سـەرچاوە گەلـی تایبـەت بـە خۆیانیـان ببـێ. کێڵگەکانـی ویلایەتـی مووسـڵیش وەك سـەرچاوەیەکی ئیزافـی هـەرە گرنگـی نـەوت وابـوو. بەریتانیـا چەنـد سـاڵێك پێـش هەڵگیرسـانی شـەڕ کردبـوو، ئـارەزووی زۆریشـی هەبـوو بگاتـە ئـەو ئاسـتەی کـە خۆیـی لـەو رووەوە بایـی پێداویسـتییەکانی خـۆی نەوتـی ببـێ. ئەمەیـش بـە دەوری خـۆی هۆیەکـی بەهێـز بـوو بـۆ ئـەوەی ویلایەتـی مووسـڵ کـە زۆربـەی دانیشـتووانەکانی کـورد بـوون بخاتەسـەر هـەردوو ویلایەتـە عەرەبییەکانـی بەغـدا و بـەسراوە. چونکـە لەنـدەن چاوەڕوانـی ئـەوە بـوو لـە موسـتەعمەرەکانی خۆیـان ئـەو خەرجـی و تێچـووەی بـۆ بەڕێوەبردنیـان پێویسـت بـوو، بیـدەن.

نیازیـش وابـوو، بـە بـڕوای کۆکـس و کۆلۆنیـل ئارنولـد ویلسـون و جێگرەکـەی ( کیانــە تازەکــە، واتــە دەوڵەتــە نوێیەکـەی عێــراق) بکرێتــە (مەحمییە)یەکــی بەریتانـی. وەلـێ وەك دەرکـەوت دەسـەڵاتداران لـە (لەنـدەن) بـە بیـروڕای تـر رەفتاریـان دەکـرد. لـە نیسـانی ١٩١٧دا کۆکـس بیسـتی کـە حکومەتەکـەی بـە نیـازە بـەسرا بخاتــە ژێـر ئیـدارەی راسـتەوخۆی بەریتانیـاوە، ویلایەتـی بەغـدا بکاتــە دەوڵەتێکــی عەرەبیــی بەســەرۆکایەتی حاکمێکــی خۆجێیــی لــە ژێــر دەسـەڵاتی بەریتانیـادا و ناوچـە پیرۆزەکانیـش شـیعەکانیش لـە نەجـەف و کەربـەلا بکاتـە ناوچەیەکـی سـەربەخۆ لـە ژێـر دەسـەڵاتی خۆیـدا، بەرامبـەر بـەوە کۆکـس بـە پەلـە کەوتـە بزافـت بـە مەبەسـتی سـەرنەگرتنی ئـەو نەخشـە و پلانانـەوە. لـە بروسـکەیەکی بـە پەلەیـدا بـۆ لەنـدەن گوتـی: (هەوڵـدان بـۆ بەڕێوەبردنـی هـەردوو ویلایەتـی بـسرا و بەغـدا کـە بـە هیـچ شـێوەیەك لێـك جوداکردنەوەیـان بـۆ نییـە، لەسـەر بناخـە و سـەرەتا و بنچینـەی پێکناکـۆك و دژبەیـەك زیـان بـە گشــت لایەنــە پەیوەندیـدارەکان دەگەیەنـێ ئاوەهـا کۆکـس دووبـارە گـرەوی

بـردەوە. ئەوەبـوو بیرۆکـەی دامەزراندنـی دوو حکومەتـی جـودا لـە بەغـدا و بـەسرادا هەڵوەشـێنرایەوە و هەروەکـو دانانـی حاکمێکـی عەرەبیـش بـۆ سـەربەغدا پشـتگوێ خـرا. لـە هەمانکاتـدا بڕیـاردرا هـەردوو ویلایەتەکـە بخرتێـە ژێـر رکێفـی یـەك حکومـەت کـە بێگومـان کۆکـس خـۆی بەڕێـوەی دەبـات.

داگیرکردنی هەرێمی باشووری کوردستان

لەپـاش دەستبەسـەرداگرتنی (بەغـدا) و سـتراتیژییەتی ئینگلیـز گـۆڕدرا بـۆ بەرگریکـردن کەچـی ئـەوە زۆری نەخایانـد و لـە ١٩١٨ هێزەکانیـان رووە و باکـوور پێشـڕەویان کـرد و شـاری (کەرکوك)یـان داگیرکـردەوە و وەلـێ ئـەو کردەوەیـان جـارێ وەختـی نەهاتبـوو، چونکـە ئـەو هێزانەیـان لـە ژێـر فشـاری هێـزی عوسـمانییەکاندا ناچـاری پاشەکشـێ بـوون.

ئەوەبـوو لەمبـارە ئاڵـۆزکاوەدا کۆکـس لـە شـانۆی رووداوەکان بەدەرنـرا و بـە پەلـە بـۆ وەرگرتنـی بەرپرسـیارەتی موفەوەزییـەی بەریتانیـا لـە (تـاران) داواکـرا چونکـە پەرەسـەندنەکان رەوشـەکە بـە ئاراسـتەی هەڕەشـەکردن لـە بەرژەوەندییەکانـی بەریتانیـاوە دەچـوون. وێلسـۆنی جێگرەکەشـی لـە شـوێنی ئـەم دانـرا.

ئارنۆلـد ویلسـۆن دەسـتە پیاوێکـی باریکەڵـە و بەتەمەنیـش لـە کۆکـس بچووکـتر بـوو، وەك کۆکسـیش لـە حکومەتـی هینـدی بەریتانییـدا فەرمانبـەر بـوو لـێ لـەم زێـتر بـە سـەرەتاییەکانی ئـەو کارەبەدەسـتانەوە پابەندبـوو کـە سەرپەرشـتی بەڕێوەبردنـی ئیمپراتۆریەتـە ئیسـتعمارییەکەی بەریتانیایـان دەکـرد کـە هەرخۆشـیان دایانمەزرانـد بـوو، وێلسـۆن هیـچ گومانـی لـەوەدا نەبـوو کـە ئـەم خـۆی لـە هەرکەسـێك باشـتر دەیزانـی خێـر و چاکـەی خەڵکـی ناوچەکـە لـە چیدایـە و دڵنیـاش بـوو کـە خەڵکەکـە کاروبـاری خۆیانیـان پـێ بەڕێـوە نەدەبـرا و وایـان پێباشـوو (یـان لانـی کـەم بـەلای هۆشـمەندەکانەوە ئـەوە چاکـتر بـوو) کـە بەریتانیـاکان بـە لێهاتووییـەوە حوکمیـان بکـەن چاکـترە لـەوەی هاووڵاتیانـی

خۆیـان بـە لێنەهاتویـی بەڕێوەیـان ببـەن. بیرکردنـەوەش لـە دروسـتبوونی حوکمـی زاتییەکـی خۆجێیـی بـەلای وێلسـۆنەوە بـە (بیدعە)یەکـی مەترسـیدار دەزانـرا.

وێلسـۆنیش کۆکـس ئاسـا چـاوی بڕیبـووە پلـەو پایـەی بەرزتـر بۆیـەکا جەختـی لـەوە دەکـردەوە کـە پێویسـتە بـۆ گرتنـی کەرکـوك و داگیرکردنـی موسـڵیش بـەرەو باکـوور پێشـڕەویی بکـەن. ئەوەبـوو ماوەیەکـی زۆر بـەر لـە کۆتـا هاتنـی جەنگـدا نووسـیبووی رووڼـان کردبـۆوە کـە پێویسـت بـوو هێزەکانـی بەریتانیـا بـە کۆتـا هاتنـی جەنـگ یـان بەرلـەوەش دەسـت بەسـەر موسـڵدا بگرێـت.

بەپێـی رێکەوتنـە نهێنییەکانییـەوە کـە لـە نێـوان هاوپەیمانانـدا ئیمزاکرابـوو دەبـوا ویلایەتـی مووسـڵ بـە فەرانسـە بـدرێ، وەلـێ وێلسـۆن پیلانـی خـۆی ئامـادە کردبـوو چەنـد مانگێـك دوای ئیعلانکردنـی ئاگربەسـت هـەر پێـم لەسـەر ئـەوە دائەگـرت کـە بـۆ بەردەوامبـوون و سـەرگرتنی هـەر حکومەتێـك کـە لـە وڵاتـی دوو زێـدا دابمەزرێـت زۆر پێویسـتی دەکـرد لـە هـەر سـێ ویلایەتەکانـی بـەسرا و بەغـدا و موسـڵ پێکبهێنرێـت. وێلسـون گوێـی بـەوە نـەدا کـە زۆربـەی دانیتشـوانانی ویلایەتـی مووسـڵ کـورد بـوون، نـەك عـەرەب و نـە بـەوەش کـە ئەمـان لەوانەیـە حـەز نەکـەن بـە دەوڵەتێکـی عەرەبییـەوە بلکێنرێـت بەڵکـو ئـەوەی ئـەم نەخشـەی بـۆ دەکێشـا دروسـتکردنی دەوڵەتیـی نەتەوەیـی نەبـوو کـە لەسـەر بناخـەی وەك یەکـی ئەتنـی دانیشـتوانەکانی دامەزرابێـت، بەڵکـو مەبەسـتی تەنیـا هێنانەکایـەی موسـتەعمەرەیەکی دیکـەی بەریتانیایـی بـوو ئەوکاتیـش ئاگربەسـت لەگـەڵ تورکیـادا لـە١٩١٨/١١/٣١ ئیمـزا کـرا هێزەکانـی بەریتانیـا لـە دەوروبـەری شـاری موسـوڵ دامەزرابـوون.

ئەگەرچـی فەریـق (سـێر ۆ ویلیـام مارشـال – Sir Willam Marshal)ی سـەرکردەی بەریتانیـا هیـچ فەرمانێکـی بـۆ داگیرکردنـی ئـەو شـارەوە پێنەدرابـوو، بـەڵام ئـەم لەخۆیـەوە بڕیـاری گرتنـی شـارەکەیدا و بێگومـان بـە هاندانـی لەلایـەن وێلسـۆنەوە ئەمـەش بـە پاسـاوی لێکدانەوەیەکـی گوماناویـی بـۆ یەکێـك

لــە مادەکانــی پەیماننامــەی ئاگربەســتەکە کــە ڕێگــە بەدەستەبەســەرداگرتنی هــەر خاڵێکــی ســتراتیژی دەدات لەکاتــی دروســتبوونی هــەر ئەگەرێــك و هەڕەشــەیەك بۆســەر ئاسایشــی هاوپەیمانانــەوە.

بــەو کارەشــی بەتەنیــا یــەك هەنــگاو بــە پێــش ســەرۆکەکانی خــۆی کەوتــەوە ڕۆژی پاشــتریش هێزەکانــی بەریتانــا چوونــە نێوشــاری مووســڵەوە و برووســکەیەك لــە بــارەگای ســەرکردایەتی گشــتی لــە لەندەنــەوە هــات فەرمانــی بــە (مارشــال) دا دەســت بەســەر شــارەکەدا بگرێــت بــە داگیرکردنــی مووســڵ و فرەوانبوونــی ناوچەکانــی ژێردەســەڵاتی بەریتانییــەکان بــۆ یەکەمجــار لــە مێــژووی داگیرکارانــەی خۆیانــدا بــە خۆیــان زانــی کــە فەرمانڕەوایــی گەلــی کــورد دەکــەن بەبــێ ئــەوەی شــتێکیان هەبێــت کــە بــە (سیاســەتی کــوردی) ناوببرێــت. تــا ســاڵی ١٩١٤ کــە شــەر هەڵگیرســا هیــچ بیریــان لــە (کــورد) نەکردبــۆوە، پێگــەی عەرەبــەکان نــەك هــی کــورد لــە خشــتە و پیلانــە جەنگییەکانــدا گرنگیــی پێدرابــوو. ئەوەبــوو کوردێــك کــە لــە بنەماڵــەی بابانییــەکان بــوو و پێشــتریش فەرمانڕەوایــی ســلیمانیی کردبــوو، واتــە محەمــەد شــەریف پاشــا کــە پێشــووتر وەزیــری راســپاردەی (مفــوض)ی عوســمانییەکان بــوو لــە ســتۆکۆلم لەگــەڵ دەســتپێکی جەنگــی یەکەمــی جیهانیــەوە پەیوەندیــی پێیانــەوە کردبــوو، بەڵێنــی پێدابــوون پاڵپشــتیکردنی گەلــی کوردیــان بــۆ مســۆگەر بــکات. کەچــی هاوپەیمانــان زۆر درێندانــە لەکــۆڵ خۆیــان کردبــۆوە و ســەرباری ئــەوەش کــوردان بــەلای بەریتانییەکانــەوە بــە تــەواوی نامــۆ و بــێ پشــتیوان نەبــوون، دوازدە کەســی بەریتانیایــی هــەر لــە ســەرەتای ســەدەی نۆزدەهەمــەوە هاتبوونــە کوردســتان و دوای گەڕانەوەشــیان زۆریــان لەبــارەی ئەزموونەکانیــان و لەمــەڕ ئــەو گەلــە پایــە بــەرزەوە نووســیبوو کــە لەوێــدا دیبوویانــن جــا ئەگــەر ئەوانــە زۆربەیــان فەرمانبــەر بــوون ئــەوا لــە نێویانــدا دیبلۆماســی و (موبەشــیر) و نیگارکێــش و زانــای فیزیــازان و بازرگانیــش هەبــوون لەگــەڵ یەکێکــی تــر نــاوی (ئیلــی بائیستەرســۆن) کــە مرۆڤێکــی رەفتــار ســەیر

بـوو هــەر لـەو کەسـایەتیانەی دەکـرد کـە لـە رۆمانەکانـدا بەرچـاو دەکەوتـن. بـە زۆریـش ئـەوان وەك دڕنـدەی بەدرەفتـاری رێگـر و ترسـناك باسـی کوردیـان دەکـرد وەلــێ لــە هەمــان کاتیشــدا دەیانگــوت کــورد مرۆڤــی میواندۆســت و ســەختە و چیایەکــی ئازایــە و بــۆ ئــازادی تێدەکۆشــێت و ئامانجــی ئەوەیــە خــۆی لــە ژێــر دەســتەیی فەرمانــڕەوای تــورکان رزگار بــکات هەمیشــە بــە هیــوای دامەزراندنــی دەوڵەتێکــی کوردییــەوەن. بێگومــان دەکرێــت لــە رێــگای ئــەو هەمــوو ئەدیبانــەوە کــورد بناسرێــن و جــۆرە پاڵپشــتییەکانی لێــوە بکرێــت. وەلــێ لــە توانــا دا نییــە بــاس لــە دانانــی ئەدەبیاتــی رۆمــان ئاسـا لەبــارەی کــورد ئــەوە وەك ئــەوەی زۆر لــە بەریتانییــەکان دەربــارەی عــەرەب کردبوویــان بکرێــت، چونکــە بەریتانییــەکان مێژوویەکــی دوور و درێــژی ئەزموونیــان لەگــەڵ عەرەبــدا هەیــە بــەوەی کــە چەنــدان ســەدەیە هەڵســوکەوت و تێکەڵاوییــان لەگەڵیانــدا بــووە و بــە دەیــان ســاڵیش پــاش ئــەوەی میسریــان داگیرکردبــوو، چووبوونــە نێــو عــەدەن و ناوچــەی کەنــداوی فارســییەوە فەرمانڕەواییــان بەســەریانەوە کردبــوو. بۆیــەکا زۆر سورشــتی بــوو کارگێــڕە بەریتانییــەکان کــە تەمەنــی خۆیانیــان لەنــاو عەرەبانــدا بردبــووە ســەر و خۆشــیان بــە فێربوونــی زەمانەکەیانــەوە زۆر مانــدوو کردبــوو بــە دیــد و تێڕوانینــی عەرەبــەکان ســەیری شــتەکان بکــەن هەمــان دیاردەیــەش لــە نێــو کەسـایەتییەکی وەکـو (لۆرانـس) کـە ببـووە عەرەبێکـی شـارەزا و لێهاتـوو توانسـتی ئـەوەی هەبـوو نەخشـە و پـلان بـۆ دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی عەرەبـی بەرفـرەوان هــەر لــە نیمچــە دوورگــەی عەرەبییــەوە هەتــا شــاخەکانی تــۆرۆوس لــە باکــوور دابڕێژێــت. ویلســۆن و کۆکســیش ســاڵانێکی زۆر لــە نێــو عارەبانــدا ژیابــوون و هەردووکیـان بـە شارسـتانیی و مێـژووی عەرەبـەوە سەرسـام بـوون وەلـێ دڵسـۆزی وڵاتیــان هــەر بــۆ ئیمپراتۆرییەتــی بەریتانیــا بــوو، جــا هەرکاتێــك ناچــار بوونایــە لەنێــوان کــورد وعــەرەب دا یەکێکیــان هەڵبژێــرن ئــەوا گومانــی تێــدا نەبــوو ئــەو لایەنەیــان هەڵدەبــژارد کــە ســوودی عەرەبەکانــی تێــدا بوایــە.

# پەرەسەندن و بەرەوپێش چوونی کێشەی کورد لە سایەی ئامادە نەبوون (غیاب)ی عەرەبدا

**نووسینی: دریە عەونی**
مەجید ئاسنگەر کردوویە بە کوردی

سیاسەتی عەرەبیی سەبارەت بە (کێشەی کورد)ەوە چەند شێوازێکی جیاواز بەخۆوە دەگرێت، وەکو: دوژمنکاریی- (عێراق)، لێی تێگەیشتن (میسر) یان داننان بە بوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردان (لیبیا) هەرچی جەزائیریشە کورد رۆڵی ئەوان لە رێککەتننامەی ١٩٧٥ لەبیر ناکەن کە بەهۆیەوە ئێران سنوورەکانی خۆی بە روویاندا داخستن.

لەم دواییانەدا چەندان دەنگی عەرەبیی بەرزبۆتەوە داوای گۆڕانکاریی پێویست لە (عەقڵییەتی عەرەبیدا) لە بەڕێوەبردنی کاروباری جیهانی عەرەبیی لەگشت روویکەوە دەکەن، چونکە ئەو بارەی عەرەبەکان پێی گەیشتوون و ئەو نووچدانەی بە تووشیەوە هاتوون وێڕای ئەو هەموو توانستە ئابووریی

و مرۆڤیی و ستراتیژییەکەی کە هەیانە بۆ گێڕانی رۆڵێك لەسەر شانۆی جیهاندا، وایانکردووە هەندێك لەو دەنگانە بە راشکاویی بڵێن (عەرەب لە مێژوو دەرهاتوون) و پێویستە رۆڵی ئایندەیان شتێکی دیار و بەرچاو بێت لە دارشتنەوەی نەخشەی سیستەمی نوێی جیهاندا کە گرنگترین پایەکانی بەبێ ئەوان داکوتراون.

لە نێوان کێشە گرنگەکانی ئێستەی بایەخ پێدراوی گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا کە لەم دوو ساڵەی دواییەدا گۆڕانکاری خێرا و بنەڕەتیی بەخۆیەوە بینیوە، کێشەی کوردییە. سیستەمە عەرەبییەکان سەبارەت بەم کێشە گرنگەوە کە کاریگەرییەکی تەواوی بەسەر دوارۆژی ناوچەکەدا هەیە هەڵوێستی جیاجیایان هەیە، یا ئەوەیە تا ئەو پەڕی دوژمنکارانەیە، یاخۆ (نێگەتیڤانە)یە، ئەو هەڵوێستانەیش بەلای ئێمەوە لەبەر ئەو هۆیانەی کە دواتر باسیان لێوە دەکەین کاتین، چونکە ئەوە چەسپاوە کە نەتەوەی کورد بە هیچ کلۆجێك دژی نەتەوەی عەرەب و ئامانجەکانیان نییە، تەنیا مەگەر لە ئەندێشەی شۆفینیزمی عەرەبیدا نەبێ، چونکە بەرژەوەندییەکانی هەردووك نەتەوە لەبارەی ستراتیژ و جیۆپۆلەتیك و ئابوورییەوە چۆن یەکن، هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە (کورد وعەرەب) بە تەبایی ژیاون. دواتریش لە سەرکەوتنەکانی ئیسلامیدا هاوکار و یەکدەست بوون و لە پاشانا لە بەرامبەر دەسەڵاتی فارسەکان و عوسمانلیەکاندا لە یەك خەندەکدا سەنگەریان گرتووە، بە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە ئەم قۆناخە کۆتایی هات و هاوپەیمانەکان ئیمپراتۆریەتە دارووخاوەکەی عوسمانلییان دابەش کرد و بە گوێرەی بەرژەوەندیی نەوتی و ستراتیژی خۆیان نەك بە گوێرەی سنووری سرووشتی و ئەثنولوجییەوە ناوچەکەیان لەت و پارچە کرد، ئەمەش تۆوی هەموو ئەو شەڕ و شۆڕ و گۆڕانکارییانەیان داچاند کە ناوچەکە بە خۆیەوەی بینیوە و لە مەولایش دەیانبینی.

لێرەدا پێویستە چەند راستییەك بێنینەوە یاد چونکە، بەشی هەرە زۆری رای گشتیی عەرەبەکان هیچ لە بارەی نەژادی کورد و تێکۆشانیانەوە نازانن و وا تێدەگەن «کورد جۆرێکی دیکەی عەرەبانن و پارچەیەکی نیشتمانیی عەرەبانیان بۆ خۆیان داگیرکردوە کە بە پەترۆل دەوڵەمەندە و هیچ هیوایەتێکیان نییە تێکدان و دووبەرەکیی نانەوە و شەڕی چەتەگەری نەبێ ئەویش بۆ سوود و بەرژەوەندی ئیمپریالیزم و سەهیۆنیزم و شۆڤەنیزم و...هتد.» هۆکاری ئەم بۆچوونە هەڵەیەش هەر بۆ چاوبەستەکی و چەواشەکاریی سیستەمە عەرەبییەکان دەگەڕێتەوە. مێژوو ئەوەی چەسپاندووە کە کورد یەکێکە لە هەرە کۆنترین گەلانی سەرزەمین و، مێژوونووسی یۆنانی زینۆفۆن لە کتێبی (الزحف) دا ئاوا ناویانی هێناوە: «کوردەکان ساڵی ٤٠١ پ.ز پتر لە دە هەزار جەنگاوەری یۆنانییان لە وڵاتی عەجەمەوە ناچاری پاشەکشە کرد بەرەو باکوور، هەروەها لە رووی (ئەثنولۆجی و ئەنترۆپۆلۆجی) یشەوە ئەوە سەلمێندراوە کە کورد (ئاری)ن و لە پاشماوەی لقێکی تایبەتی ئەوانن (بۆیەکا ئەمان عارەب نین، چونکە عارەبەکان سامی نەژادن) و کورد هەر لەبەرە بەیانی مێژووەوە هاتوونەتە ئەو وڵاتانەی ئێستاکی تیایدا نیشتەجێن و تا ئیمڕۆش بە بەردەوامی لەسەر ئەم خاکەدا ژیاون، ئەمان زمانێکی تایبەتی خۆیانیان هەیە کە بۆ هەمان ئەو نەژادە دەگەڕێتەوە کە زمانە هیندۆ ئەوروپییەکان دەگرێتەوە خۆوە.

کورد بستێك خاکی عارەبانیان داگیرنەکردووە و هەموو ئەو فاکتەرانەیان تیایدا هەیە کە گەلان پێکدێنن و لەنێو خاکی خۆیاندا (زۆرینەن) لەبەر ئەمە ناشێت بە هیچ شێوەیەك بە (کەمینە) ناو ببرێن. لە رابردوودا چەندان ئیمپراتۆرییەتیان دامەزراندووە بە تایبەت ئیمپراتۆرییەتی (میدیا)، دوایی چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆ و پاشانیش چەند میرنشینی سەربەخۆ و نیمچە سەربەخۆ. بۆیەکەمجاریش کاتێك کوردستان دابەشکرا کە

ئیمپراتۆرییەتی ئێرانی سێیەکەکی داگیر کرد و ئەوەی مایەوەش ئیمپراتۆرییەتی عوسمانلی هەڵیلووشی. دوابەدوای یەکەم جەنگی جیهانیش کوردستانی ئێران (کوردستانی رۆژهەڵات) وەك خۆی مایەوە، کەچی کوردستانی عوسمانلی کرا بە سێ پارچەوە لە نێوان عێراق (ویلایەتی مووسڵ) و سووریا (جەزیرە) و تورکیادا (کوردستانی باکور) و سەبارەت بە ژمارەشیانەوە، ئیمڕۆ بەلانی کەمەوە لە نێوان (٢٥) هەتا (٣٠) ملیۆن دایە، بەمجۆرە دەبینین ئیمڕۆ کورد تاکە گەلێکە کە لە جیهاندا کە ژمارەی لە ٢٥ ملیۆن کەس پترە و هەتا ئێستا بە مافی نیشتمانیی خۆی نەگەیشتووە!

کورد و عەرەب پێش هاتنی ئیسلام لە دەوڵەت و میرنشینی سەربەخۆ دەژیان. هەر لەگەڵ هاتنە خوارەوەی پەیامی موحەممەدا (٦١٠ ز) و لە دەوروبەری (٦١٥ی ز)دا کوردەکان پەیوەندییان بە سوپاکانی ئیسلامەوە کردووە. لە (جاحظ)وە دەگێڕنەوە کە چەندان فەرموودە (حدیث) ی شەریفی پێغەمبەر (د.خ) باس لە یاوەرێکی (صحابی) کورد بە نێوی (گاوان) دەکەن کە زۆر لە پێغەمبەرەوە (د.خ) نزیکبووە. خەباتی هاوبەشی کورد و عەرەب بە بەشداریی مسوڵمانانی نەتەوەکانی تریش گەیشتە ئەو رادەیەی کە سەرکردەی کوردی موسڵمان (سەلاحەدینی ئەیوبی) ساڵی ٥٨٣ ك (١١١٨ ز) شاری پیرۆزی (قدس) ی لە چنگ خاچپەرستەکان رزگار کرد کە لەساڵی (٤٩٢ك/ ١٠٩٩ز)ەوە داگیر و زەوتیان کردبوو. لەوە بەدواوە کورد و عەرەب، بە تایبەتی لە پاش دابەشبوونی خۆرهەڵاتی ناڤین و نزیکدا لە نێوان هەردووك ئیمپراتۆرییەتی ئێرانی و عوسمانلی لە ساڵی ١٥٠٠ز دا بۆ رووبەڕووبوونەوەی جەور و ستەم و دەستدرێژی و ئەشکەنجەی فارس و عوسمانلییەکان هەتاکو رووخانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانلی سالی ١٩١٨ چوونەتە نێوسەنگەری خەبات و تێکۆشان لەیەك خەندەکی هاوبەشدا. دەشێ بڵێین ناکۆکی نێوان کورد و عەرەبان بە دروستکردنی دەوڵەتی عێراق لە سەرەتای بیستەکانەوە دەستی

پێکـردووە. بـە گرێدانـی ویلایەتـە عەرەبییـەکان (بەسـڕای شـیعە و بەغـدای سـوننە مەزهـەب) بـە ویلایەتـی (مووسـڵی کـوردی سـوننە مەزهەبـەوە) هەرچەنـدە سـیڤەر لـە ١٠/٨/١٩٢٠دا مافـی (ئۆتۆنۆمـی) دا بەگەلـی کـورد کـە بتوانـێ دواتـر پـەرەی پێبـدات تـا رادەی دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ، ئـەو مافـەی کـە لـە خاڵەکانـی سـەرۆکی ئەمەریکایـی (ویسـلۆن) بـۆ (کۆمەڵـەی نەتـەوەکان)ی دووپاتکـردەوە کـە پێویسـتە سـەربەخۆیی بدرێتـە (ئەرمینیـا و کوردسـتان و حیجـاز) کێشـەی (موسـڵ)یش چارەسـەر نەکـرا هەتـا سـاڵی ١٩٢٥ ئەوکاتـەی کوردسـتانی باشـور (مووسـڵ) بـە یەکجـاری خرایـە سـەر دەوڵەتـی عێراقـەوە، ئەمەیـش لەسـەر داخوازیـی بەریتانیـادا بـوو کـە سـاڵی ١٩٢١ فەیسـەڵی کـوڕی حوسـەین هەرچەنـد خەڵکـی ناوچەکەیـش نەبـوو، لـێ کـردی بـە مەلیـك. بـە کاریگەریـی بەریتانیـا، کوردسـتان لـە جیاتـی ئـەوەی وەکـو سـەرجەمی نەتەوەکانـی دیکـەی نێـو ئیمپراتۆرییەتـی عوسـمانلی سـەربەخۆیی وەربگرێـت، بـە عێراقـەوە لکێـنرا. لەگـەڵ ئەمەشـەوە (کۆمەڵـەی نەتـەوەکان) چەنـد مەرجێکیـان دانـا بـۆ عێـراق کـە لـە ژێـر چاودێریـی بەریتانـدا بـوو، گرنگترینیـان ئەوەبـوو کـە (پێویسـتە ئۆتۆنۆمییـەك بـۆ کوردسـتانی عێـراق دابیـن بکرێـت و تیایـدا دان بـەوەدا بنرێـت کـە لـە عێراقـدا دوو گـەل دەژیـن، گەلـی عـەرەب و گەلـی کـورد) جـا لـەو سـاتەوەڕا کـورد لـە عێراقـدا لـە خەبـات و تێکۆشـان نەوەسـتاونەتەوە بـۆ دەسـتەبەرکردنی مافـە نیشـتمانییەکانیان کـە لـە دەسـتووری دەوڵەتـە تـازە دروسـتبووەکەی عێراقـدا و هەروەهـا لـە پەیماننامـە نێونەتەوەییەکانیشـدا باسـیان لێوەکرابـوون.

بۆچـی بەریتانیـا رێگـەی بـە سـەربەخۆیی کوردسـتان نـەدا؟ دوای تێپەڕبوونـی نزیکـەی یـەك سـەدە بەسـەر دۆکیومێنتـە بەریتانیـی و فەرانسـەوییەکاندا ئەوانـەی تایبەتـن بـە خۆرهەڵاتـەوە کـە ئاشـکرا کـراون، گومـان لـەوەدا نەمـاوە کـە ئـەوەی چارەنووسـی رامیاریـی (سیاسـی) کوردسـتانی دیـاری کـردووە (نـەوت) بـووە. لێـرەدا دەتوانیـن گرنگترینـی ئـەو راسـتییانە بـاس بکەیـن کـە ئـەو بەڵگەنامـە و

لێکۆڵینەوانــە ســەلماندوویانن، مەبەســتی ســەرەکیی بەریتانیــا کــە ئەوســا هێزێکــی دەریایــی بــوو ئــەوە بــووە دەســت بەســەر ئــەو نەوتــەی ڕۆژهەڵاتــدا لەســەر ڕێگای (هیندســتان) دا بگرێــت کــە گەورترینــی موســتەعمەراتەکانی بــوو، بەهۆیــەوە لــە ســاڵی (١٩٠٩)وە توانــی بچێتــە نێــو بــازاڕی بازرگانــی نەوتــی جیهانییــەوە دوای ئــەوەی (ئەمەریــکا و مەکســیك) بــۆ خۆیانیــان قــۆرخ (کۆنــترۆڵ) کردبــوو، وەك (ونســتۆن چەرچــل) ســاڵی ١٩١٣ بــە بۆنــەی دامەزراندنــی (لیژنەیەکــی شــاهانە) بــۆ لێکۆڵینــەوەی ســەرچاوەکانی نەوتــەوە ڕایگەیانــد: «پێویســتە ببینــە خاوەنــی، یــا هیــچ نەبــێ دەســت بەســەر پێویســتی خۆمــان لــە (نــەوت) دابگریــن» نەوتیــش وەکــو بــەردی هــەرە گرنگــی بناخــەی داڕشــتنی پێوەندییەکانــی نێــوان بەریتانیــا و عێــراق کــە لــە ســەرەتای ســەدەی بیســتەمەوە دەســتی پێکــرد مایــەوە. ئەمــەش ســەلمێنراوە کــە بەریتانیــا هــەر لــە ئاخروئۆخــری ســەدەی نۆزدەمینــەوە بەڵگەنامەگەلــی ئەوتــۆی وەگیــر هێنــاون کــە دڵنیایــان دەکاتــەوە لــە هەبوونــی پەترۆلێکــی ئێجــگار زۆر لــە ویلایەتــی مووســڵدا. هەواڵەکەیشــی بــە شــێوەیەك تەنانــەت لــە گرنگتریــن فەرمانبەرانــی خۆیــی و هاوپەیمانەکانــی بــە تایبەتــی فەرەنســا، پەردەپــۆش کــردووە کــە فەرەنســا بەرانبــەر چاودێریــی بەســەر وڵاتــی (شــام)ەوە مووســڵی بــۆ بەریتانیــا ڕەتکــردەوە!

بەریتانیــا و فەرەنســا لــە دامەزراندنــی ئــەو یەکێتییــەدا کــە بــووە مایــەی دروســتبوونی (کۆمپانیــای نەوتــی تورکــی T.P.C) بەشــدارییان نەکــرد. هەروەهــا بەهــۆی داتەپینــی تــەواوی ئیمپراتۆرییەتــی عوســمانلییەوە تورکیــاش هیــچ بەشــێکی لــەو کۆمپانیایــەدا نەبــوو، بــەڵام توانیــی ئیمیتیــازی گــەڕان و دۆزینــەوە و دەرهێنانــی نــەوت لــە هــەردوو ویلایەتــی مووســڵ و بەغــدادا وەدەســت بێنــێ. بەریتانیــاش پشــکی هــەرە زۆری ئــەم کۆمپانیایانــەی هەبــوو لــە ڕێــی کۆمپانیــای شــێلی (هۆلاندیــی و بەریتانیــی) و نابقــی نیتشــمانیی تورکــی کــە بەتــەواوی بەریتانیایــی بــوو، بەشــەکانی تریــش بــۆ (دۆیتیــش بانــك- ئەلەمانــی)

و (کۆلبەنکییـــان- عوســـمانلی)ی بـــوون. فەرەنســـایش تاکـــو تێشـــکانی ئەڵمانیـــا نەهاتـــە نـــاوەوە، ئەوجـــا بەپێـــی رێککەوتننامـــەی ســـان ریمـــۆ ســـاڵی ١٩٢٠ لـــە بـــری وازهێنانـــی لـــە ویلایەتـــی مووســـڵ ئـــەو پشـــکەکەی ئەڵمانیـــای بـــۆ خۆیـــی وەرگرتـــەوە. (ئـــەو توێژینەوەیـــەی مامۆســـتا جەرجیـــس فەتـــح اللـــە کردوویەتـــی زۆر لـــە لایەنەکانـــی ئـــەم بابەتـــە ئاشـــکرا دەکات).

لەوســـاوە (لەنـــدەن) هەوڵـــی ئـــەوەی داوە بەکارهێنانـــی نـــەوت لەلایـــەن هاوپەیمانانـــەوە یـــان لەلایـــەن یـــەك دەوڵەتـــەوە بـــەوە بەنـــد بێـــت کـــە ویلایەتـــی مووســـڵ (کوردســـتانی خـــواروو) بکرێتـــە بەشـــێکی عێـــراق، بـــە مەرجێـــك ئـــەم دەوڵەتـــە تازەیـــەش توانـــای ئـــەوەی بـــۆ بڕەخســـێت کـــە ئـــەو ســـنوورە نەوتییـــە چ بـــە هێـــز و چـــی لـــە رێگـــەی تۆڕێـــك لـــە پەیماننامـــە و پارێزگاریـــی نێودەوڵەتییـــەوە بپارێزێـــت! هۆیەکـــی تریـــش کـــە زۆر ســـتراتیژییە، دەخرێتـــە پـــاڵ هـــۆکارە نەوتییەکـــەوە، ئەویـــش ئەوەیـــە کـــە شـــیعەکانی عێراقـــی عەرەبـــی (واتـــا دانیشـــتوانی ویلایەتـــی بـــەسرا) دەبنـــە زۆرینـــە لـــە دەوڵەتێکـــی عێراقـــی عەرەبیـــدا. (کـــورد و ســـوننەن) لێـــرەدا مێـــژوو خـــۆی دووبـــارە دەکاتـــەوە (بـــەڵام دەنگوباســـی تـــازە لـــە واشـــنتۆن و لەنـــدەن و پاریســـەوە گەیشـــتوو ئـــەوە دەگەیەنـــن کـــە بیرۆکەیـــەك یاخـــۆ تەنانـــەت نیمچـــە بڕیارێـــك لـــە ئارادایـــە بـــۆ دابەشـــکردنی عێـــراق بـــۆ چەنـــد نیمچـــە دەوڵەتۆکـــەی شـــیعە و ســـوننە و کـــوردی.

هـــەر لەســـەرەتای دامەزراندنـــی دەوڵەتـــی عێراقـــی تـــازەوە تاکـــو ئێســـتا چەنـــدان شۆڕشـــی کـــوردان بەرپـــا بوون.گرنگترینیـــان شۆڕشـــەکەی شـــێخ مەحمـــوودی بەزرنجـــی لـــە بیســـتەکاندا و دواتـــر شۆڕشـــەکانی مـــەلا مســـتەفای بارزانیـــی لـــە ســـییەکاندا بـــوون کـــە هێـــزی ئەســـمانیی بەریتانیـــا تەنانـــەت پـــاش کۆتـــا هاتنـــی (ئینتیداب)یـــش لـــە ١٩٣٠ دا بـــە دڕندایەتییەکـــی بـــێ وێنـــە کوژاندنیـــەوە.

لـــە چلەکانـــدا لـــە بەرامبـــەر هاوکارییـــە پتەوەکـــەی نێـــوان سیتســـەمی شـــاهانەی عێـــراق و ئیمپریالیزمـــی بەریتانیـــادا نەتەوەخوازەکانـــی عـــەرەب و کـــورد بـــە مەبەســـتی

رووخاندنــی فەرمانڕەوایــی مەلەکییــەوە چوونــە نێــو بەرەیەکــەوە و لــە رۆژی ١٩٥٨/٧/١٤ (چــواردەی تەممــووزی ١٩٥٨)دا ئــەو خەونەیــان بــۆ هاتــە دی. کەچــی (مانگــی هەنگوینــی) عــەرەب و کــوردان لــە چەنــد مانگێکــی کەمــی تێنەپەڕانــد، تیایــدا دەســتوورێکی کاتیــی (ئیعــلان) کــرا، وەکــو دەســتوورەکەی یەکــەم کــە رژێمــی پاشــایەتیی بــە پەلــە لــە گــۆڕی نــا، تیایــدا هاتبــوو کــە (لــە عێراقــدا هــەردووك گەلــی عــەرەب و کــورد بــە هاوبەشــی دەژیــن) لــە ئەیلوولــی ١٩٦١ەوە تــا (١٩٨٠/٨/٢ شــەش جەنــگ لــە نێوانیــی هــەردووك گەلــی عــەرەب و کــورد(٤) لــە عێراقــدا هەڵگیرســاوە کــە بەشــێکی ئێجــگار زۆری ســامانی مرۆڤیــی و مــاددی بــە فیــڕۆ داوە و کێشەیەکیشــی چارەســەر نەکــردووە، تێکــڕای ئــەو جەنگانەیــەش بــە یــەك شــێوازی کلاســیکیانە هەڵگیرســاون. جەنگێکــی ســەخت و دژوار، ســەدان کــوژراو و بــە هــەزاران برینــدار و زامــدار، دوایــی دانوســتان و گەیشــتنە رێکەوتننامــە، ئەوجــا کاتــی پیادەکردنــی ئــەو رێکەوتننامانــەدا دەســەڵاتدارانی بەغــدا دەکەونــەوە پاشەکشــێوە و هــەوڵ دەدەن رێکەوتننامــەکان پووچــەڵ و بــێ نــاوەرۆك بکەنــەوە، ئەوجــا شــەڕ لەلایــەن کوردەکانــەوە دەســت پێدەکاتــەوە.

حزبــی بەعــس بــۆ دووەمیــن جــار لــە ١٩٦٨/٧/١٧دا بــە ســەرۆکایەتی احمــد حســن البکــر و ســەدام حوســێن (جێگــری ســەرۆك) هاتنــەوە ســەر حوکــم و لــە پــاش شــەڕێکی یــەك ســاڵیدا لــە ١٩٧٠/٣/١١ دا هــەردوو لایــەن بــە گرنگتریــن رێککەوتــن گەیشــتن. رێککەوتنامەکــە مافــی ئۆتۆنۆمــی بــە کــوردان دەدات، دەســتوورێکی نوێیــان جــاڕدا کــە بــۆ ســێهەمین جــار دان بــە مافــە نەتەوەییەکانــی کــوردەکان دادەنێــت. ســەیریش لەوەدایــە کــە خــودی ســەدام حوســێن هــاوکاری هــەرە گرنــگ لــە رێکەوتننامەکــەدا هــەر خــۆی لــە ســاڵی ١٩٧٧ نەخشــەی سیاســەتی لــە بەینبردنــی گەلــی کــوردی لــە عێــراق رەنگرێــژ و پیــادە کــردوو هەوڵــی ســڕینەوەی پێناســەی نەتەوایەتــی و فەرهەنگــی ئــەو گەلــەی داوە، بەهــۆی ئــەم سیاســەتەیەوە (٤٥٠٠) گونــد و شــار لــە کــۆی (٥٠٠٠)ەوە تەخــت

و خاپـوور کـراون و تەنانـەت کانیاوەکانیـش (کـە چەنـد زۆرن لـە کوردسـتان) بـە چیمەنتـۆ کوێـر کراونەتـەوە بـە رادەیـەك ئاوبەسـتەکانی (بەنـداو) سـەر دیجلـە و فـورات بـە فشـار و پاڵەپەسـتۆی ئـاوی بەندکـراوەوە لـە هەڕەشـە و مەترسـیدان. لـە دواییـدا دەیـان هـەزار کـورد بـە کۆمـەڵ کـوژران و زیندەبەچـاڵ کـران و ئـەو کوردانـەی بـە زۆرە ملـێ دەربـەدەر کـران ژمارەکەیـان دەگاتـە سـێ ملیـۆن کـەس.

ئەمەیـش گشـتیی بەرلـەوە روویـدا کـە سـەدام حوسـێن بـە چەکـی ژەهراویـی شـارۆچکەی هەڵەبجـەی نزیـك سـلێمانی لـە ١٩٨٨/٣/١٦ دا کیمیابـاران بـکات، کـە هەرچـی زیندەوەرێکـی ئـەو شـارە هەبـوون لـە نێـوی بـردن. کۆمەڵەیەکـی فەرەنسـەیی دژی ئـەو یارمەتییـەی دابـووی بـە سـەدام بـۆ ئەنجامدانـی ئـەم کارەیـەوە (کۆمپانیـای داسـۆ)ی دروسـت کاری فڕۆکـەی میراجـی دا بـە دادگـە و لـە داوایەکەیـدا سـەرکەوت و بردییـەوە. ئەمـەش یەکەمجـار بـوو دادگایەکـی ئاواهـی ئەنجـام بدرێـت و چەکفرۆشـان بـە سـزا بگەیەنرێـن. لـە لایەکـی دیکەیشـەوە سـەدام سـوودی لـە بێدەنگیـی جیهانـی وەرگـرت و پرۆسـەی تەفروتوناکردنەکـەی کوردانـی گەیانـدە پلـە هـەرە بەرزەکانییـەوە کاتێـك ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتیی شـۆڕشی بەعـس «زانسـتییانە» بـە گوێـرەی قورئانـی پیـرۆز بـە تایبەتـی بـە نـاوی سـوورەتی «الانفـال» ەوە بڕیارێکـی دەرکـرد و تیایـدا کوردەکانـی بـە (ئەنفالکـراوەکان) دانـان و خوێـن و سـامانیانی حـەڵاڵ کـرد و پرۆسـەکانی (ئەنفالـەکان) کـە علـی حسـن المجیـد بـە ئەنجامـی گەیانـدن سـەدان هـەزران مرۆڤـی کوردیـان دا بـە کوشـت. هەمـوو ئەمانەیـش بـە نووسـین و دەنـگ و وێنـەوە وەکـو بەڵگەنامـە لەلایـەن خـودی رژێمـی عێراقیـەوە تۆمارکـراوە و هەڵگیـراوە و کـوردەکان کاتـی راپەڕینەکـەی ئـاداری ١٩٩١ چنگیـان کەوتـوون. لـە کاسـێتێکی ڤیدیۆییـدا کـە (کەنعـان مەکییـە) گرتوویـە و لـە تەلەڤزیۆنـی بەریتانیـدا نیشـانیداوە، علـی حسـن المجیـد دەڵێـت: «چـی لـەم هەمـوو خەڵکانـە بکـەم جگـە لـە کوشـتنیان؟» لـە دیمەنێکـی دوای ئەمەشـدا خـودی سـەدام حوسـێن

دەردەکەوێ کە باڵاترین مەدالیا و نیشان بە علی حسن المجید دەبەخشێت لە پاداشتی سەرکەوتنەکانی لە (پرۆسەکانی ئەنفالەکان)دا!

سیاسەتی عەرەبیی لەبارەی (کێشەی کورد)ەوە هەمە چەشنەیە، هەیانە تا ئەوپەڕی دوژمنکارانەیە وەك (لە عێراقدا) و تیایاندا هەیانە تێگەیشتنی وەدەست هێناوە (میسر) و هەیشیانە دان بە مافی کوردان تەنانەت لە بوونی دەوڵەتی سەربەخۆدا دەنێت (لیبیا). سەبارەت بە (جەزائیر) کورد تا ئیمڕۆشی لەگەڵدابێ هەڵوێستی (هەواری بومیدیەن)ی سەرۆك و (بووتەفلیقە)ی وەزیری دەرەوەیان لە یاد نەکردووە کە هەموو سەنگی (جەزائیری شۆڕش)یان خستە کار تاکو بە (ئێرانی بسەلمێنن دەستی یارمەتیی لە کوردەکان بکێشێتەوە و سنوورەکانی خۆی لە رووباندا ببەستێت بەرامبەر بەوەی نەتەوەی عەرەب لە رێگەی سەدام حوسێنەوە بە (رێککەوتننامەی ١٩٧٥) واز لە یەکاوی عەرەب (شط العرب)ی بێنن، ئەو کارەی سەدان ساڵ بوو ئێران بۆی مەیسەر نەدەبوو. هەر ئەمەیش بوو دواتر بووە هۆی نزیکەی ملیۆنێك قوربانیی لە کوژرا و بریندار و بێ سەروشوێن بووان! باری کوردەکانی (سووریا)ش ئێجگار ئاڵۆزە و دەکرێ بەم شێوەیە بخرێتە روو: بەڵگەنامەکانی سان ریمۆ (نیسانی ١٩٢٠ و پەیماننامەی فەرەنسا و بەریتانیا (سایکس- پیکۆ) لە ئایاری ١٩١٦دا ئەوە دەسەلمێنێ کە هاوپەیمانان وڵاتی شامیان (بەو شێوەیەی کە لە بن دەسەڵاتی عوسمانلی دابوو) دابەشکرد و فەلەستین و ئۆردنیان لێ دابڕیوە و خستوونیانەتە ژێر (ئینتیدابی) بەریتانییەوە. (لە تەك بەشە عەرەبییەکەی عێراقدا وەك پێشتر دیمان) ئەو بەشەی سووریاش کە مابۆوەوە خرایە ژێر ئینتیدابی فەرەنسییەوە.

ساڵی ١٩٢٠ فەرەنسا (لوبنان)ی لە سوریا جودا کردەوە. لە ساڵی ١٩٣٩دا ئەسکەندەروونەی عەرەبیی درایە تورکیای کەمالیی و هەرێمی (جزیرە) ەی کوردستانی تورکیا کە هیچ رۆژێ لە رۆژان لەنێو چوارچێوەی وڵاتی شامدا

نەبــووە، دابــڕدرا و خرایــە ســەر (ســووریا) ســاڵی ١٩٤٦ ســووریا ســەربەخۆیی بەدەسـت هێنـا. بێگومـان ناڕەزایـی زۆر لەسـەر ئـەم خاڵـە لەلایـەن عەرەبەکانـەوە دەربــڕاوە. وەلــێ دۆکیۆمێنتــە ئینگلیزیــی و فەرەنســییەکان کــە دواتــر ئاشــکرا کرانــەوە لــەم بارەیــەوە زۆر روونــن. رۆژنامــەی (الحیــاة) لــە زمانــی (رۆیتــەر)ەوە لـە ١٩٩٢/٣/١٣ دا ئەمـەی بڵاوکـردەوە: «پەرلەمانـی ئەوروپـی داوای مسـۆگەرکردنی حوکمێکــی زاتیــی (ئۆتۆنۆمــی) بــۆ ئــەو کوردانــە دەکات کــە ســەرژمێریان لــە نێوانـی ٢٥ و ٢٨ ملیـۆن دایـە و لـە تورکیـا و عێـراق و ئێـران و سـووریادا دەژیـن. کـوردی سـوریا – کـە نزیکـەی ملیـۆن و نیوێـك دەبـن- تـا ئێسـتا داوای ئۆتۆنۆمیـان نەکــردووە و لەگــەڵ ســووریادا بەشــەڕ نەهاتــوون. ئەمــان تەنیــا داوای مافــی فەرهەنگیــی و رامیاریــی دەکــەن (پێکهێنانــی حــزب و کۆمەڵــە) و هەتــا هاتنــە ســەرکاری (ســەرۆك حافـظ الاسـد) لـە ژێربـاری زوڵـم و سـتەمکارییەکی سـەختدا دەژیــان. لــە ناوچــە و شــوێنەکانی خۆیانــەوە بەنــاوی دروســتکردنی پشــتێنەی ئاسایشــی نەتەوەیــی عەرەبــەوە رادەگوێــزران و هەروەهــا پــتر لــە ١٥٠ هــەزار کـورد کـە لـە سـوریا لەدایـك بـوون پێناسـەیان لێسـەندراوەتەوە و هەتـا ئێسـتەش بـە ئـاوارە و پەنابـەر دەژمێردرێـن. ئەمانـە و چەنـدان شـێوە پێشـێلکاریی دیکـەی سـاکارترین بنەمـای مافەکانـی مـرۆڤ.

سـەرۆك الاسـد دروسـتکردنی پشـتێنە ئەمنییەکـەی راگـرت و سنووریکیشـی بـۆ شـێوەکانی دیکـەی سـتەمکاری دانـان بـەڵام تـا ئێستاشـی لەگەڵدابـێ هـەزاران کــورد (شوناســنامە)کانیان وەرنەگرتۆتــەوە. لەتــەك ئەمەشــدا کــوردەکان هەمــوو دان بــەو یارمەتییانــەدا دەنێـن کـە دەسـەڵاتی ئێسـتا پێشکەشـیانی کـردوون، زۆران لــە کــوردی عێــراق و ســەرکردەکانیان لــە ســووریادا دەژیــن، هەروەهــا ســووریا مــاوەی بــە حزبــە کوردییەکانــی عێــراق داوە چالاکــی خۆیــان بنوێنــن. جگــە لــەوەش کــە رێگــەی بــە پارتــی کرێکارانــی کوردســتان (پەکەکــە)، ئــەو حزبــە کــە داوای جیابوونــەوە لــە تورکیـا دەکات، رێگـەی پێـداوە لـە ناوچـەی (بیقـاع)ی

لوبنانیــدا دەســت بــەکار بێــت.

ئەمــە ســەبارەت بــە رابــردوو، کەچــی ســەبارەت بــە ئێســتاوە ئــەو هەرەســهێنان و هەڵوەشــانەوەی یەکێتــی شــورەوەیی و دواتریــش جەنگــی کەنــداو بوونــە هــۆکاری دووبــارە دابەشــکردنەوەی ناوچەکــە و لــە غیابــی (ئامــادە نەبوونــی) تــەواوی عەرەبەکانــدا، لــە کاتێکــی دوو هێــزی گەشەســەندو بــە نیــاز و مەبەســتی دامەزراندنــی دوو ئیمپراتۆرییەتــەوە، یەکــی (فارســی) لــە پێگەیەکــی ئیســلامییەوە لــە ژێــر ئــاڵای ئیســلامدا و یەکێکــی (عوســمانلی) لــە پێگەیەکــی زانســتییانەوە (عیلمانــی) کــە یارمەتــی و پشــتگیریی ئەوروپــا بەدەســت بێنــێ. لــە هەڵپــەی بــێ وچــان دان!

لــەم چوارچێوەیــە جیۆپۆلەتیکیــەدا (کێشــە)ی کــورد و (بــەرەو پێــش چوونــی) گرنگییەکــی ئێجــگار کاریگــەری لــە پرۆســەی دارشــتنەوەی نەخشــەی تــازەی ناوچەکــەدا پەیــدا کــردووە. چونکــە بــە هیــچ جۆرێــك ناکــرێ بەبــێ لــە بەرچاوگرتنــی داخوازییەکانــی نزیکــەی (٣٠) ســی ملیــۆن کــورد کــە ســەدان ســاڵە لــە پێناویانــدا خەبــات دەکــەن، ئــەم کــردراه ئەنجــام بدرێــت.

لــەم قۆناخــەدا ســانا نییــە پێشــبینی رووداوەکان بکرێــت، وەلــێ رەچاوکردنــی ئــەم ســیناریۆیانەی لای خــوارەوە کارێکــی شــیاوە:

١-  ســیناریۆی کەمتریــن شــت: لــە بارودۆخــی ئێســتادا کەمتریــن شــت کــە بــۆ کــورد بلوێــت بەدەســتی بێنــن (حوکمــی زاتی)یــە لــە عێراقــدا. (لەواشــنتۆن و لەنــدەن و نیویۆرکــدا دەنگوباســی دەوڵەتێکــی کــوردی لــە ئارادایــە).

٢-  لــە تورکیــاش وەزعەکــە لــە شــەڕی کەنــداوەوە زۆر بــە خێرایــی لــە گۆڕانگاریــی دایــە و هەســتی نەتەوایەتــی لــەلای ١٥ ملیــۆن کــورد کــە ســێ ملیۆنــان بــە تەنیــا لــە شــاری ئەســتەنبۆڵ نیشــتەجێن. زۆر بــە گەرمیــی ســەری هەڵــداوە، هەروەســا جموجــۆڵ و هێرشــەکانی پارتــی کرێکارانــی کوردســتان لــە هەڵچووندایــە. تورکیــاش ئێســتا لــە بارێکــی ئێجــگار تەلەزگەدایــە. چونکــە ناتوانــرێ هەمیشــە

چاوپۆشـیی بـەردەوام لـە ئـەو زنجیـرە تۆقێنەرەیـە بکرێـت کـە (سـتەمکاریی دەبێتـە هـۆی تیـرۆر.. تیرۆریـش دەبێتـە هـۆی سـتەمی زێدەتـرەوە!) کـە ئـەم وێنـە لیبراڵـی و دیموکراتییـەی لـێ بشـێوێنێ کـە گەرەکییەتـی لەبـارەی خۆیـەوە پێشکەشـی ئەوروپـای بـکات. بـۆ ئـەوەی ئەورپـاش ئـەو رۆڵـەی پـێ ببەخشـێ کـە بـە تەمایەتـی. لەلایەکـی تریشـەوە زاتـی ئـەوە نـاکات (ئۆتۆنۆمـی) بـدات لـە ترسـی ئـەوەی نـەوەکا بـە (جودابوونـەوە) بگۆڕدرێـت. ئـەم ترسـەیش بەسـەر ژیانـی رامیارییـەوە رەنـگ دەداتـەوە. بـۆ نموونـە (سـەرۆك تۆرگـۆت ئـۆزال) دانـی بـەوەدا نـاوە کـە دایکـی کـوردە، چەنـدان حـزب حوکمـی زاتیـان قەبووڵـە و بگـرە بـە گوێـرەی زانیاریـی باوەڕپێکـراوەوە ژمارەیـەك سـیناریۆ و نموونـەی دیکەیـش بـە تایبەتـی (نموونـەی ئیسـپانیا) لەمبارەیـەوە دیراسـەت دەکـەن.

پەراوێز:

١- دریـە عەونـی رۆژنامەنووسـێکی میسرییـە لـە پاریـس دەژیـت و بەرەگـەز کـوردە.

٢- رۆژنامەی (خەبات)ی ژمارە (٦٤٣)ی رۆژی ١٩٩٢/١٠/٢.

٣- ئـەو بیرۆکەیـە ئێسـتێ لـە ئـارادا نەمـاوە، هەمـووان دووپاتـی یەکپارچەیـی عێـراق دەکەنـەوە . (م.ئاسـنگەر).

٤- جەنگـی نێـوان گەلـی عـەرەب و کـورد نەبـوون. جەنگـی گەلـی کـورد و رژێمەکانـی عێراقـی بـوون (م.ئاسـنگەر)

تێبینـی مێـژووی نووسـینی بابەتەکـە بکـەن، ئەڵبەتـە ئێسـتا ئـەو دەنگۆیـە لەنێوانـدا نەمـاوە! (م.ئاسـنگەر).

# لە سیڤەر و لۆزانەوە بۆ پاریس

**میخائیل لازاریف**
(مەجید ئاسنگەر) کردوویە بە کوردی

ئەرەستۆی فەیلەسووفی بەنێوبانگی ئەغریقیی هەر جارە دەیگوت: «ئادەمیزاد گیانەورێکی سیاسییە» بۆیەکا ئێمە لێرەدا کۆبووینەتەوە تا لە کێشەیەکی سیاسی رووتەوە بدوێین و ئەم کارەیش کردارێکی سیاسییە. کێشەی کورد لە شەستەکان و حەفتاکاندا بەردەوام لە گەشەسەندندا بووە.

کاتێك پەیمانی سیڤەر بەسترا (کە بڕیاریدا بە نەمانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانلی)یەوە، مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان هێنرایە سەر مێزی باس و لێکۆڵینەوە، بەڵام ئەم پرۆژەیە سەری نەگرت و شکستی هێنا، جا ئەگەر ئێمە هەموو ئەوانە بێنینەوە بەرچاو ئەوا دەشێ بگوترێت سیڤەر هیوابەخش و لۆزان تێکشکان بوو. پاریسیش گەڕانەوەی هیوایە! کارێکی گرانیش نییە

بووتـریٚ ئـەم هەرسـێك ڕووداوانـە زۆر لـە نزیکـەوە بـە فەرەنسـاوە پەیوەسـتن. بێگومـان بەرێکـەوت نییـە کـە ئیمـڕۆ باسـی کـوردان لـە خـودی فەرەنسـادا دەکرێـت. چونکـە فەرەنسـا بـۆ ئێمەمانـان لـە مـاوەی ئـەم دوو سـەدەیەی دواییـەدا هەمیشـە چراوگـی ئازادیـی و هیـوا بـووە. تەنانـەت لـە یەکێتـی شوورەویشـدا ئیمسـال یـادی دوو سـەد سـاڵەی شۆڕشـی فەرەنسـیی تێفکرینێکـی وای دروسـتکرد کـە ئـەم دروشـم و سـەرەتایانە (مبـادیء) تـا ئێسـتەیش بـە تەواوەتـی لـە سەرتاسـەری جیهانـدا نەهاتوونەتـە دی. بۆیـەکا پیادەکردنـی ئـەم دروشـم و سـەرەتایانە گەلانـی ڕۆژهـەڵات بەگشـتیی و گەلانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـە تایبـەت دەگرێتـەوە.

ئێمـە لەکاتێکـدا باسـی (سەربەسـتیی) دەکەیـن کـە گەلـی کـورد هیـچ جـۆرە سەربەسـتییەکی نییـە. ئێمـە لەبـارەی (یەکسـانی)یەوە دەدوێیـن کەچـی کـوردەکان بـە بـەراورد لەگـەڵ دانیشـتوانەکانی تـردا کـە لـە تەکیانـا دەژییـەن هیـچ مافێکیـان نییـە. ئێمـە باسـی (برایەتـی) دەکەیـن و کـوردەکان لێـوەی بێبەشـن. ئومێـد دەکەیـن هـەروەك وەفدەکەمـان (وەفـدی یەکێتـی شـورەوی) ئومێـدی زۆرە کـە تەگـەرەی کـورد لـەم نزیکانـەدا بخرێتـە بـەردەم کۆمەڵـەی نەتـەوە یەکگرتووەکانـەوە لـە دانیشـتنێکی گشـتیدا.

شۆڕشـەکەمان سـاڵی ١٩١٧ چمکێکـی لـە ڕێبـازی شۆڕشـی فەرەنسـی پێـوە بـوو، لەمەیشـی تێدەپەڕێنیـن و دەڵێیـن ئێمـە بڕواییـمان بـە بوونـی یەکسـانییەکی تـەواو لەنێـوان گەلانـدا هەیـە، هەروەهـا برایەتیـش. چ لـە ئاسـتی پەیوەندییەکانـی بەینـی تاکەکەسـاندا یاخـۆ لەنێـوان گەلانـەوە بێـت. ئێمـە لـە وڵاتـی خۆمانـدا هەسـت دەکەیـن هاوسـۆزییەکی فـرەوان لەتـەك گەلـی کـورد و چارەنووسـەکەیدا هەیـە، هەروەکـو لـە نزیکەوەیـەش ئـاگاداری ئـەو گیروگرفتانەیـن کـە دووچـاری دێـن و هەمیشـە لـە کۆشـش دایـن بـۆ ئـەوەی چەنـدی بۆمـان بلوێـت و لـە سـنووری توانامانـدا هاوکارییـان بکەیـن بـۆ مسـۆگەرکردنی دان نـان بـە مافـە

نیشـــتمانییەکانیاندا.

ئیمـڕۆ گیروگرفتـە تایبەتییەکانـی خۆمانتـان بـۆ بـاس ناکـەم، چونکـە ئێمەیـش لــە وڵاتــی خۆمانــدا هەنــدێ گیروگرفتــمان هەنــە دەربــارەی پێوەندییەکانــی نێـوان گەلانــەوە. بـەڵام لـە رەگەزەکانــی بیروسـترۆیکا لـە جەخـت کـردن لەسـەر مافــی چــارەی خۆنووســینی گــەلان و دیاریکردنــی دوارۆژی خۆیانــدا بەرجەســتە دەبێـت. دەشـمەوێ بڵێـم کـە تازەتریـن موشـکیلەیەك کـە ئیمـڕۆ لـە چوارچێـوەی ئــەم کۆنگرەیــەدا خۆیــمان بەرچــاو دەخــات مەســەلەی چــارەی خۆنووســین و ســەربەخۆیی گەلــی کــوردە، ئەمەیــش لــە رووی سیاســییەوە کێشــەیەکی ئیجــگار گرنگــە. لــە کۆتایــی وتەکەمــدا دەڵێــم کێشــەی کــورد (پێویســتە) گەشــەکردنێکی پێبەپــێ بەخــۆوە ببینــێ. پێویســتە کۆڵەکــە و پایــەی بەهێــز و پتــەوی بــۆ دابکوترێــن. چونکــو ســەروەریی سیاســی هــەر (ئومەتێــك)ی ســەردەم بەرزتریــن ئاســتەکانی رزگاری نیشـان دەدات، لـە پێـش هەمـوو شـتێکدا دەبێـت دان بـە مافـە جەوهەرییەکانـی خـودی مرۆڤـدا بنرێـت. مافـە رۆشـنبیرییەکان، مافـە ئابوورییـەکان (مافــی گەشــە و پەرەســەندنی ئابــووری) و مافــی حوکمــی زاتــی (خودموختــاری) سیاســی. هەروەکــو لــە هەمــان کاتیشــدا پێویســتە خۆمــان لــە بــەرەو پێشــەوە راکـردن بپارێزیـن چونکـە ئـەوە بـۆی هەیـە کارەسـاتێکی ئەوتـۆی لـێ بکەێوتـەوە کــە بەهیــچ جــۆرێ ئاکامەکــەی پەســەند نەبێــت!

پەراوێز و ژێدەر:

١- میخائیــل لازاریــف پرۆفیســۆر و بەڕێوەبــەری بەشــی کــوردی ئەنیســتیتۆی رۆژهەڵاتناســییە لــە مۆسـکۆ.

٢- سەرچاوە گۆڤاری (دراسات کردیە) ژمارە ٤ (٨) ساڵی ٩ پاریس.

# با کوردان لەبیر نەکەین

**باتریك بۆدوان**

(مەجید ئاسەنگەر) کردوویەتی بە کوردی

ساڵی ١٩٧٤ کاتێ وەك تێکۆشەرێکی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی مافی مرۆڤ (F.I.D.H) بە سەردان چووبوومە کوردستانی عێراق، گرنگیی مەسەلەی کوردییم بۆ دیارکەوت. لەو ماوەیەدا هێزەکانی کورد بە سەرکردایەتیی ژەنەراڵ مستەفا بارزانی دژی رژێمی عێراق لە خەباتێکی سەخت و دژوار دابوون. لەو سەروەختەدا تێگەیشتم کە هەستی نەتەوەیی و گیانی نیشتمانپەروەریی کوردان و بوێریی و ئازایەتیی ئەم گەلە چەندێ زیندووە، وەلێ لە بەرامبەریدا بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە ئەوەیشم بۆ روون بووە کە چەند گۆشەگیر و دابڕاوە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی چەندێ ئەم خەڵکانەی پشتگوێ خستوونە و چۆن هیچ بایەخێکی پێنەداون! سا لەو کاتەوە بەبێ پسانەوە کارەسات

و کوشــت و کوشــتار دەرهــەق بــە کــوردان لــە ئێــران و عێــراق و تورکیــا و لــە هــەر کوێیــەکان هەبــن ئەنجــام دەدرێــت. ئێمەیــش ڕێکخــراوە نێودەوڵەتییــەکان، بەراســتیی هەســتێکی کوشــندەی هیوابڕاویــی و نائومێدیــی داماندەگرێــت لــە بەرامبــەر ئەنجامــە کــەم بایەخەکانــی خەباتێکــی وەك ئەمــە بــەم قەبــارە مەزنــەدا. بــەڵام هــەروەك ئێــوەش دەیزانــن هــەر دۆزێ لــە ئارادابێــت، یــان چارەســەرێیکی بــۆ دەدۆزرێتــەوە، یــان نــە. هــەر لەبــەر ئەمەیشــە کــە زۆران لایەنــی بەرپرســیار ســاردیی و کەمتەرخەمیــی دەنوێنــن، بــە بیانــووی ئــەوەی کــە مادامەکــی مەســەلەکە بێگومــان چارەســەرییێك بــۆ خــۆی دەدۆزێتــەوە کەواتــە پێویســت بــە خەبــات و هەوڵــدان بــۆی نــاکات. بــەڵام بــە بــڕوای مــن ڕێکخــراوە نێودەوڵەتییەکانــی مافــی مــرۆڤ بۆیــان هەیــە بــەوە شــانازی بکــەن کــە ئەمــان هەرگیــز ناکەونــە نێــو ئــەم داوەوە و بگــرە هەمیشــە بــۆ ئــەوە لــە کۆششــدان کــە بــە کــردەوە دەســتی یارمەتیــی بــۆ ئەوانــە درێــژ بکــەن کــە ئێجــگار پێویســتییان بــە دەســگیرۆیی هەیــە، ئەوانــەی کــە بوونەتــە قۆچــی قوربانیــی پێشــێلکردنی مافــی مــرۆڤ. ئەمەیــش بــە تایبەتــی گەلــی کــورد دەگرێتــەوە. کارکــردن لــەم رووکارەدا لەیــەك کاتــدا چــوار دەوڵــەت تــووڕە دەکات، ئەوانیــش ئــەو دەوڵەتانــەن کــە کەمایەتییەکــی کــورد لەســەر خاکیانــا دەژیــت، عێــراق و ئێــران و تورکیــا و ســوریا، هەروەهــا دەتوانیــن بڵێیــن رای گشــتی رۆژئاوایــش ســەخڵەت دەکات ئــەو راگشــتییەی بەبێدەنگیــی و خــۆ لــە گێلــی دان رازییــە و حــەز نــاکات هیــچ کــەس ئارامییەکــەی لــێ بشــڵەژێنێ.

کەوابــوو ئێمــە ئیمڕۆکــە شــادمانین بــە بەســتنی ئــەم کۆنگرەیــەی کــە کەســایەتییەکی زۆری پێکــەوە کۆکردوونەتــەوە. هەروەهــا دەمــەوێ ئەوەیــش بڵێــم کــە ســەرەڕای ئــەو خەباتــە رەوایــەی کــوردەکان (ئــەم کەمایەتییــە زۆر لێکــراوە) بەرپایــان کــردووە، مــرۆڤ ناتوانــێ دڵخــۆش و شــەیدای وابەســتەیی کــوردان نەبێــت بــە ســەرەتاکانی دیموکراســییەتەوە. بــۆ بەڵگــەی ئەمەیــش لــە کەســایەتیی دکتــۆر عەبدولرەحــمان قاســملو باشــترمان چنــگ ناکەوێــت کــە هــەر چەنــد تێکۆشــەرێکی

شۆڕشـگێڕ بـوو، لـە هەمانکاتیشـدا مرۆڤێکـی هێمـن و میانـڕۆ (معتـدل) بـوو، کـە زۆر سـەرکەوتووانە شـیا لـە ناوچەیەکـدا کـە بـە نەبوونـی دیموکراسـییەت بەنێوبانگـە دوورگەیـەك یاخـود تاقیگەیەکـی دیموکراسـی بنیـات بنێـت. ئومێـد دەکەیـن هەمـان ڕێبـاز، تەنانـەت دوای شـەهید بوونـی قاسـملوویش، هـەر بـەردەوام بێـت، تاوەکـو کـوردەکان لـەم ناوچـە پـڕ لـە تەقینەوەیـەدا بتوانـن داواکارییـە ڕەواکانیـان جێبەجـێ بکـەن و چیـتر وەکـو ئێسـتا لـە ژێـر پـەردەی پشـت تێکـردن و لـە بیرچوونـەوەدا نەمێننـەوە! وتەکانیشـم بەمـە کۆتایـی پێدێنـم و دەڵێـم: کـورد بـا لـەوە دڵنیابـن کـە یارمەتیـی و پشـتگیری ڕێکخراوەکانـی مافـی مـرۆڤ بـۆ خەباتیـان و لـە پێنـاو دان نـان بـە مافـە ڕەواکانیانـا (کـە بـە داخێکـی زۆرەوە بەدیهێنانیـان ئێجـگار سـەخت و دژوارە) هەرگیـز وەسـتانی بـۆ نابێـت. دەبـا دڵـی خۆمـان خۆشـکەین کـە ڕۆژی ئـەوە هاتـووە گەلـی کـورد دان بـە مافەکانـی بنرێـت، چونکـە شـایانی ئەوەیـە.

پەراوێز:

• باتریـك بـۆدان پارێزەرێکـی فەرەنسـیە و ڕازگـری گشـتی فیدراسـیۆنی مافـی مرۆڤـی نێودەوڵەتییـە.

١- ئـەم وتـارە لـەو کۆنگرەیـەدا پێشـکەش کـرا کـە (ئەنیسـتیتۆی کـورد لـە پاریـس) ڕۆژانـی ١٤ و ١٥ی تشرینـی یەکـەم (ئۆکتۆبـەر)ی سـاڵی ١٩٨٩ لـە ژێـر سـەرناوی (کـورد مافـی مـرۆڤ و پێناسـەی نەتەوایەتـی)دا بـە چاودێـری و ئامادەبوونـی مـەدام (خاتـوو) میـتران و بـە هاوکاریـی دامـەزراوی فرانس-لیبەرتـێ و لـە (مەڵبەنـدی کۆنگـرە نێودەوڵەتییـەکان)دا سـازی کـرد و (٢٤٠ کەسـایەتی زۆر گرنـگ و ٨٥ ڕۆژنامەنـووس لـە ٣٢ وڵاتانـەوە) بەشـداریاین تیـادا کـرد.

٢- کـورد لـەم سێ وڵاتانـەدا (کەمایەتیـی) نییـە، بگـرە گەلێکـی خـاوەن نیشـتمان و خاکـی خۆیەتـی و لێـی داگیـر و دابـەش کـراوە. )م.ئاسـەنگەر(

سەرچاوە: دراسات کردیە نۆیەم ١٩٩٣. ژمارە ٤ (٨) لاپەڕە ٨٠-٨١.

# پاراستنی بوونی کوردەکان

**لۆرد ئەیڤیری**
(مەجید ئاسەنگەر کردوویە بە کوردی)

پێناسەی رەوشنبیری و مافی مرۆڤ دوو بابەتی ئەم کۆنگرەیەن. بەڵام ئەوەی پێناسە رەوشەنبیریەکەی هەرگەلێك دیار دەکات بارودۆخی رامیارییە و گشت مافەکانی دیکەی مرۆڤ بوونی مافی چارەی خۆنووسین زۆر بە پێویست دەزانێت. چونکە بەبێ مافی بڕیاردانی چارەنووس، گەل بە تەنها لە ئازادیی رەوشنبیری بێبەش ناکرێت. بگرە هەموو مافەکانی کە نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بەمافە شارستانیی و رامیارییەکانی بۆی دەستەبەر کردوون پێشێل دەکرێن. ووڵاتانی بەلتیك (مەبەست لە لیتوانیا و ئەستۆنیا و لاتڤیایە- وەرگێڕ) کە یەکێتی شۆرەوی دەستی بەسەرداگرتن نموونەیەکی ئەم راستییەن. هەروەها بیابانی رۆژئاوا و بابوازیای رۆژئاوا بێ کەموزیاد

وەکـو (ئەریتریـا) کـە پێشـتر ناوچەیەکـی دەسبەسـەرداگیراو (مسـتعمرە سـابقا) بـوو، نەتەوەیەکگرتـووەکان تەسـلیمی ئیمپریالیسـتە تازەکانـی (ئەدیـس ئەبابایـان کـرد، یاخـود وەك (تیبـەت) کـە کۆمـاری گەلـی چینـی ٣٠ سـاڵێکە دەسـتی بەسـەرداگرتووە، یـان وەکـو (تەیمـووری رۆژهـەڵات) کـە تاکـو ئێسـتەیش لـە ژێـر بـاری داگیرکردنـی دەیـان هـەزار سـەربازی جاکارتـا (ئەندەنووسـیا)دا دەناڵێنـێ و، ئـەو (فەلەسـتین)ەی داوای سـەربەخۆیی خـۆی دەکات و زەبروزەنگـی ئیسرائیـل نەیتوانیـوە بیخنکێنـێ و دەنگـی کـپ کات دوو نموونـەن بـۆ پێشـێل کردنـی ئـەو رێنموونیانـەی کـە خۆیـی دەریکـردوون سـەبارەت بـە رزگارکردنـی موسـتەعمەرەکانەوە، هـەر ئەمەیشـە کـە نارەوایانەتـر لـە (کوردسـتان)دا ئەنجامـی دەدات.

سـەرەك (ودرۆ وێلسـن) حەفتـا سـاڵ پێـش ئێسـتا مەبەسـتەکانی خۆیـی سـەبارەت بـە (مافـی چـارەی خۆنووسـین، لـە چـواردە خاڵـە بەنێوبانگەکانـدا خسـتەڕوو. خاڵـی دوانزدەمینیـان ئامـاژە بـەو نەتەوانـە (امـم) دەکات کـە لـە بـن دەسـەڵاتی عوسـمانییەکاندا بـوون، بـە شـێوەیەکی دیاریکـراو وایـش چـاوەڕوان دەکـرا دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ بـە پێـی رێکەوتننامـەی (سـیڤەر) بـۆ کـوردەکان دابمەزرێنرێـت.

ئـەو دەوڵەتـە رۆژئاواییانـەی ئـەم پلانەیـان دارشـتبوو بایەخیـان زێـتر بـە لەبەریـەك هەڵوەشـاندنەوەی دەوڵەتـی عوسـمانلی دابـوو تـا گوێدانـی مافـی چـارەی خۆنووسـین بـۆ کـوردان و ئەرمەنـەکان. بـەڵام ئـەو راسـتییە هـەر دەمێنێتـەوە کـە ئـەم دەوڵەتانـە چەنـد بەڵێنێکیـان داوە و پاشـگەزیش بوونەتـەوە و (بـە ئەنجامیـان نەگەیانـدوون) کـە ئەمەیـش بەرپرسـارییەکی ئەخلاقـی زۆر گـەورە دەخاتـە ئەسـتۆی کاربەدەسـتانی ئیمـڕۆی (وڵاتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکا، فەرەنسـا و بەریتانیـا)وە. ئەمانـە ئەگـەر بەشـداری دوو جەنگـی جیهانییـان کردبێـت بـە بیانـووی چەسـپاندنی سـەروەریی یاسـا و پاراسـتنی

مافەکانی مرۆڤـەوە، بـە تایبەتیـش مافـی چـارەی خۆنووسـین، نـەك هـەر ئەمـە و بـەس، بگـرە (وادە و پەیمانـی ئیجـگار ورد و ئاشـکرایان بـە کـوردەکان داوە، ئەمـان ئیمـڕۆ دەتوانـن (و لـە راسـتیدا دەشـی کـەن) بگەڕێنـەوە بـۆ دەقـە سـەپێنەرەکانی نەتەوەیەکگرتووەکانـەوە، ئەوانـەی وابەسـتەن تەنهـا بـە (موسـتەعمەرە) کۆنەکانـی هێـزە ئەوروپاییەکانـەوە. بـەڵام ئاخـۆ رەوایـە مافـی چـارەی خۆنووسـینی گـەلان بـە تەنیـا ئـەم موسـتەعمەرانە بگرێتـەوە!؟

زۆر پێویســـتە دەقەکانـــی بڕیارەکانـــی ژمـــارەی (١٥١٤ و ١٥٤١)ی دەســـتەی گشـــتی ســـاڵی ١٩٦٠ وەریگرتـــوون، ئەوانـــەی بنچینەکانـــی چـــارەی خۆنووســـین دەستنیشـــانی دەکـــەن فراوانـــتر بکرێـــن، چونکـــە بێگومـــان بێبەشـــکردنی گەلێکـــی خـاوەن بنەماکانـی زمـان و رەوشـەنبیریی و نـەژادی و ئایینـی تایبـەت بـە خۆیـەوە لـەم مافـەی، تەنیـا لەبـەر ئـەوەی کـە هەرگیـز خـۆی لەیەکەیەکـی سیاسـیانەی سـەربەخۆدا نەبینیتـەوە کارێکـی زۆر ناڕەوایـە سـەبارەت بـە کوردانـەوە، ئەمارەتـە (میرنشـینە) کوردییـەکان لـە سـەدەی چواردەمینـەوە هەتـا سـەدەی نۆزدەهـەم هەمـوو ئـەم بنەمایانەیـان بـووە ئەگەرچـی نەشـبوون بـە دەوڵەتێکـی نەتەوەیـی ئەمیـش بەهـۆی پەیوەندییـە دەربەگایەتییەکانیانـەوە لەگـەڵ عوسـمانلییەکاندا، ئەمیـــش پەیوەندییەکـــە نـــە باشـــتر و نـــە خەراپتریـــش بـــووە لـــە ئیمپریالیزمـــی ئەوروپایـــی، یـــان پەیوەندیـــی (چـــۆ یـــۆن CHO-YON) لـــە بەینـــی مەغـــۆل و قیبتییەکانـدا، سـەرجەم ئـەم پەیوەندییانـە لەسـەر بناخـەی باڵادەسـتیی رامیـاری گەلێکـــەوە بەســـەر گەلێکـــی تـــردا دامەزرێـــنراوە، ئەمەیـــش گشـــتی وەك یـــەك لـــەم ســـەردەمی یەکســـانییەدا وەلانـــراوە. گەلـــی کوردیـــش ناتوانێـــت لەمـــە زێـــتر چـــاوەڕوان بێـــت لەبـــەر هێواشـــی میکانیزمـــەی ریفۆرمـــە نێودەوڵەتییەکانـــەوە. لــە تێکــڕای خاوەرمیانــەدا (رۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت) گەلــی کــورد لــە کارەســاتدا دەژیــت.

حکوومەتـی عێـراق بەرنامەیەکـی سـەرتاپاگیری بـۆ راگواسـتنی بـە زۆرە ملـێ

جێبەجێکـردووە، چونکـە رژێـم دەیـان هـەزار کـوردی لەشـار و دێهاتەکانـەوە هەڵکەنانـدوون و ناچـاری کـردوون لـە دووریـی سـەدان کیلۆمەتـردا نیشـتەجێ بـن، هەندێـك جـاران بـەو بیانـووەوە کـە گوایـە هەڵکەناندنیـان لـە شـوێنە مێژووییەکانیانـەوە بـە مەبەسـتی ئـەوەوە بـووە کـە لـە هێلەکانـی هێـرش و پەلامـاری ئێرانییەکانـەوە دووربخاتـەوە. ئـەم سیاسـەتەی بـە نیـازی پەرتکردنـی ئوممـەی کـوردەوە بـووە. ئـەوەی (لیۆکوریـر) بـە (جینۆسـاید) نێـوی دەبـرد. تەنیـا بەشـێکە لـە بەرنامەیەکـی سـەرتاپاگیر بـۆ قڕکـردن و لەنێوبردنـی کـوردەکان. شـاڵاوە کیمیاوییـە بەدناوەکـەی بـۆ سـەر هەڵەبجـە ئـەوەی حکوومەتـی عێـراق زۆر بەبـێ شـەرم و بـێ ئابڕووانـە هەوڵـی بەدرۆخسـتنەوەی داوە تاوانـە هـەرە بێزەوەرەکەیـە لەتۆمـاری ئـەو بەدڕەوشـتییە هـەرە دزێوانـەی رژێمـی سـەدام حوسـێن ئەنجامـی داون!.

لـە ئێرانیشـدا کـوردەکان لـە مـاوەی جەنگـی ئێـران و عێراقـدا زۆر زیانـی ترسـناکیان لێکەوتـووە. چونکـە چەکـداری شـاری وەکـو سـەنەندەج (سـنە) بـەر بۆمبارانـی خەسـت و دژوار کەوتـن و، وا پێدەچـێ لـەو دواییـەدا لـە پـاش کۆچـی دوایـی ئایەتوڵـلا خومەینییـەوە، رێککەوتنێـك لـە نێـوان سـەرکردە کـوردەکان و حکومەتـی تارانـدا هەبووبـێ! بـەڵام تیرۆرکردنـی رازگـری گشـتیی حزبـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێـران لـە ڤیەننـا لـە لایـەن بەکرێگیراوانـی ئیسـتخباراتی ئێرانییـەوە ئـەوەی چەسـپاند کـە سیاسـەتی سـەرکوتکردنی کـوردەکان هـەر بەردەوامـە.

لـە تورکیـاش، هـەروەك لـە عێراقـدا کاربەدەسـتان دەیانـەوێ پێناسـەی کوردیـی هـەر بەجـارێ بسـڕنەوە. ئەوانـەی لـە شـوێنە دێرینەکانـی خۆیانـەوە- وەکـو ناوچەکانـی قەهرەمـان مـەراس و دەوروبـەرەکان- راگوێـزراون ژمارەیـان دەگاتـە سـەدان هـەزار کـەس. سـوپایش بـە بیانـووی گـەڕان بـەدوای یاخـی بووانـدا دانشـتووانی گونـدەکان ناچـار دەکـەن ماڵەکانیـان چۆلکـەن و تیرلێدانیـان دەکـەن

و سـەختترین شـێوەی سـووکایەتییان پـێ دەکـەن و گەنجەکانیـان لـە ئـۆردوگا سـەربازییەکاندا دەئاخنـن و زیندانیـان دەکـەن و ئـازار و ئەشـکەنجەیان دەدەن.

تورکیـا داوایکـردووە بچێتـە نێـو بـازاڕی ئەوروپایـی هاوبەشـەوە، بـەڵام بـە هیـچ کلۆجێـك بۆمـان نییـە وڵاتێـگ وەرگریـن کـە بـەم دڕندایەتییـەوە سـووکایەتی و کاری نابەجـێ دەرحـەق بـە کەمایەتییەکـی بـێ چـەك و بێکـەس کـە هیـچ تاوانێکـی نییـە تەنیـا ئەمـە نەبـێ کـە (جـوداوازە) دەکات و دەیچەوسـێنێتەوە. لـە کۆتایـی هەفتـەی رابـردوودا، لـە بەریتانیـادا پەنابەرێکـی کـورد خـۆی سـووتاند هـەر هێنـدە تـا نەدرێتـەوە جەلـلادە تورکەکانـەوە. یەکێکـی دیکـەش لـە نەخۆشـخانەدا کەوتـووە و حاڵەتیشـی زۆر لـە مەترسـی دایـە.

جالەبـەر ئـەوەی لـەو دوو رۆژەی داهاتـوودا بـاس لـە مافەکانـی مـرۆڤ و پێناسـەی نەتەوەیـی کـوردان دەکەیـن، زۆر بـە گەرمـی ئومێـد دەکـەم کـە هەموومـان تێکـڕا دان بـەوە دابنێیـن کـە (کـورد) وەکـو (گەل)ێـك ئێسـتا لەبـەردەم مەترسـی (نەمان)دایـە و، شـتەکەیش تەنهـا چەنـد حاڵەتێکـی تاکـو تـەراو لێکـدی دابـڕاو نییـە تاکـو پێویسـت بـە بەڵگەنامـە و لێکۆڵینـەوەی ورد بـکات هەتـا ببێتـە (بابەت)ێـك بـۆ ئـەوە بشـێت بخرێتـە بـەردەم لێژنـەی فەرعـی مافـی مرۆڤـی سـەر بەنەتەوەیەکگرتوەکانـەوە لـە (ژەنێف-جنیـف) بەڵکـو ئەمـە خـۆی لـە خۆیـدا پیلانێکـی ئێجـگار مەترسـیدار و ترسـناکە لـە نێوانـی سـەرکردەکانی چەنـد وڵاتێکـدا بـە مەبەسـتی قڕکـردن و لەنێوبردنـی (گەلێـك) ەوە تەنیـا لەبـەر ئـەوەی کـە ئـەم گەلـە چـاوی لـە (سـەربەخۆیی)یە، ئـەو سـەربەخۆییەی رۆژانێـك پێشکەشـمان کـرد و دوایـی لێـمان سـەندەوە!

پەراوێز و سەرچاوە:

لۆرد ئەیڤیری: سەرۆکی لێژنەی پەرلەمانی مافی مرۆڤە لە بەریتانیا.

١- مەبەسـت لـەو کۆنگـرە نێودەوڵەتییـە کـە لـە ژێـر دروشـمی (کـورد و

مافەکانــی مــرۆڤ و پێناســەی نەتەوایەتــی)دا لــە لایــەن ئەنســتیتۆی کــورد لــە پاریــس و بــە هاوکاریــی دامــەزراوەی (فەرەنســا- ئازادییــەکان) لــە ١٤ و ١٥ی ئۆکتۆبــەری ١٩٨٩ لــە مەڵبەنــدی کۆنگــرە نێونەتەوەییەکانــدا لــە پاریــس ســازدرا.

ســەرچاوە: گۆڤــاری (دراســات کردیــە) ژمــارە ٤ (٨) ســاڵی ١٩٩٣ لاپــەڕە (٩-١١) بــە زمانــی عەرەبــی.

# بڕیاری کۆتایی
# کۆنگرە نێودەوڵەتییەکەی پاریس

( مەجید ئاسنگەر کردوویە بە کوردی)

ئـەو کۆنگـرە نێودەوڵەتییـەی رۆژانـی ١٤ و ١٥ی ئۆکتۆبـەری ١٩٨٩ لـە ژێـر سـەرناوی (کـوردەکان- مافـی مـرۆڤ و پێناسـەی رۆشـنبیری) دا بەدەستپێشـخەری دامـەزراوەی (فرانـس- لیبەرتـی) (فەرەنسا سەربەسـتییەکان) و ئەنیسـتیتۆی کـورد لـە پاریـس بەسـترا. لـە کۆتایـی کارەکانیـدا ئـەم بڕیارانـەی دا:

• لەبـەر ئـەوەی کـوردەکان ئـەو گەلـەن کـە لـە نێـوان چەندیـن دەوڵەتانـدا دابەشـکراوە و بەهـۆی ئـەوەی کـە هەرگیـز دەسـتبەرداری پێناسـەی رەوشـنبیریی خـۆی نابێـت و رژدە لەسـەر داکۆکـی کـردن لـە مافـە سیاسـی و دیموکراسـییە رەواکانییـەوە لەنێـو هەمـوو ئـەو دەوڵەتانـەدا دووچـاری تراژیدیایەکـی جەرگبـڕ هاتـووە، کۆنگـرە ئاشـکرای دەکات کـە:

- ئومێدەواره درێژه بە کردەوەکانی خۆی بدات بە دامەزراندنی لێژنەیەکی بەردەوام لە نێو ئەو دەوڵەتانەی کوردیان تێدا دەژیت تا پاراستنی مافەکانی مرۆڤی پێ بسپێردرێت، ئەم لێژنەیەش روو لە هەموو پەرلەمانتارانی گشت وڵات دیموکراتییەکان دەنێت و ئامۆژگاریی دامەزراوەی (فرانس-لیبەرتی)ش دەکات بەم رووکارەدا ئیش بکات.

-ئومێدەواره نوێنەرانی کورد بانگهێشت بکرێن تا بتوانن روو بکەنە پەرلەمانی ئەوروپی و ئەنجوومەنی ئەوروپا و دەزگا دەوڵەتییە هەمە جۆرەکانەوە و بشیاندوێنن!

- ئومێدەواره یاسای نیشتمانی دەربچوێنرێت بۆ قەدەغەکردنی بەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی، هەروەکو بە ئومێدیشە حکومەتان پشتگیری لە بەستنی رێککەوتنێکی نێودەوڵەتیی بکەن بە مەبەستی سەپاندنی سزای ئابووریی و دیپلۆماسیی بەسەر هەر دەوڵەتێکدا زاتی ئەوە بکات چەکی کیمیاویی و بایۆلۆژی بەکار بێنێ و سەرجەم قانوون و عورفە نێودەوڵەتییە باوەکانی ئەم مەیدانە پێشێل بکات.

• رادەسپێرێت رێکخراوێك دامەزرێنرێ نوێنەرایەتی هەموو بەش و لایەنەکانی گەلی کورد بکات بۆ ئەوەی بتوانێ وەکو چاودێر لەنێو کۆمەڵەی گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و گشت دامەزراوە نێودەوڵەتییە جۆراوجۆرەکانی تردا وەربگیرێت.

• لەسەر راسپاردەی پرۆفیسۆر زاخارۆفەوە داوا لە ئەمینداری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات (وەك پارێزەری ئاشتیی جیهانی) کە دانیشتنێکی تایبەت بۆ دەستەی گشتیی ئەنجوومەنی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەی کورد ساز بدات.

• سەرنج بۆ ئەو رەوشە پڕ لە کارەساتە رادەکێشێ کە پەنابەرە کوردەکان تیایدا دەژین. جەختیش لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەبێت بە زووترین

کاتیش سەبارەت بە بارودۆخی ئەم پەنابەرانەوە دانوستان لەگەڵ ڕێپێدراوی باڵای پەنابەراندا کە سەر بەنەتەوەیەکگرتووەکانە بکرێت، بە مەبەستی پێشکەش کردنی فریاگوزاریی مرۆڤانە بۆیان. دانیشتنێکی تایبەتیش بۆ گتفوگۆکردن لەسەر ئەم کێشەیە لەلایەن موفەوەزییەی باڵای پەناهەندانەوە ساز بدرێت.

پاشکۆی (٢)

(کێشەی کورد لەبەردەم کۆنگرێسی ئەمەریکی دا)

پاش تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێك بەسەر کۆتایی هاتنی کۆنگرەی پاریس و ڕێك لە ٢٣ی ئۆکتۆبەری ١٩٨٩ دا بارودۆخی گەلی کورد خرایە بەردەم کۆنگرێسی ئەمەریکییەوە بۆ لێکۆڵینەوە وێڕای سەرۆکی لێژنەی مافی مرۆڤی سەر بە کۆنگرێس میستەر تۆم لانتۆس و میستەر چۆن بۆرتەر کە ئەم دانیشتنە تایبەتەی لەسەر شەرەفی خاتوو دانیل میتران بە چاودێری ئەوانەوە بەسترا (١٠) کەسایەتی دیکەش لەبارەی کارەساتی کوردەکانەوە دوان، لەم پاشکۆیەدا وتەکەی خاتوو دانیل میترانتان بۆ دەگێڕینەوە:

(گەواهییەکەی خاتوو دانیل میتران)

پێزانینی زۆری خۆمتان بۆ گرنگی دانتان بە گەلی کوردەوە پێرادەگەیەنم کە لەو سەردانەی لە مانگی ئایاری ١٩٨٩دا بۆ تورکیام کرد بۆم بەدیار کەوتووە هەروەکو سوپاسیشیان دەکەم بۆ ئەم دەرفەتەی پێتانداوم تا لەبارەی ئەم تاقیکردنەوە کاریگەرەوە لەبەردەم دەستەیەکی زۆر گرنگی وەك کۆنگرێسی ئەمەریکیدا بدوێم.

ئەم سەردانەم بۆ تورکیا لەسەر داخوازیی کوردە دەربەدەرەکانی وڵاتە جۆربەجۆرەکانی جیهانەوە بوو، ئەمیش بە سیفەتی ئەوەی کە سەرۆکی (فرانس-لیبەرتی) م یاخود دەشێ بەناوی دوو دامەزراوە بووبێت، چونکە نیویۆرکیش میوانداریتی بارەگای دامەزراوەیەکی دیکەی وەکو ئەوەی من

سـەرۆکیمە دەکات. بۆیـە بـە پێویسـتی دەزانـم سـەرەتا دەزگای (فرانـس- لیبەرتـی) تـان پـێ بناسـێنم. ئـەم دامەزراوەیـە بەرجەسـتە بوونـی رەوتێکـە هـەر لەسـەردەمی منداڵیمـەوە تـا لەنزیکـەوە دایـك و باوکێکـەوە کـە هەردووکیـان لـە بەرگریـی میللـی فەرەنسـییدا بـوون دەسـتم پێکـردووە. هـەر لـە مناڵیشـمەوە سرووش لـەو باوکـەوە وەردەگـرم کـە بیرۆکـە و بۆچوونـە میسـالییەکانی خـۆی بـۆ خزمەتـی پیشـەی فێرکـردن تەرخـان کردبـوون. ئـەو بیرۆکانـەی بریتـی بـوون لـە رەفزکردنـی رەگەزپەرسـتیی و رێزگرتنـی بەرامبـەر و ناڕەزایـی دەربڕیـن دژی داپلۆسـین و زۆرداریـی، هەروەکـو لەوانەیـە پیاوێکـی دیکەیـش کاریگەریـی خـۆی هەبووبـێ، ئـەم پیاوەیـش کـە ئێسـتێ سـەرکۆماری فەرەنسـایە هەرگیـز لـە داکۆکـی کردنـدا لـە مافـی مـرۆڤ کەمتەرخەمیـی نەنوانـدووە.

ئامانجـی دەزگـەی (فرانس-لیبەرتـی) بریتییـە لـە «بەشـداری و کارکـردن لـە پێنـاو پەرەپێـدان و چەسـپاندنی سەربەسـتییەکانی تـاك و کۆمـەڵ لـەم جیهانـەدا» و درێژکردنـی دەسـتی یارمەتیـی بـۆ هەرکەسـێك کـە بەمەبەسـتی بەدیهێنانـی ئـەم مافانـە تێبکۆشـێت». ئـەم مـاددەی یەکەمینـەی پێـڕەوی دەزگایەشـمان لـە دروشـمە سـەرەکییەکەماندا رەنـگ دەداتـەوە کـە دەڵێـت «مرۆڤـی ئـازاد ئەوەیـە کـە یاریـدەی یەکێکـی دی دەدات تاوەکـو ئـازاد بێـت». بـە واتـا: ئێمـە بـۆ بەدیهێنانـی دوو ئامانجـی سـەرەکی تێدەکۆشـین، یەکەمینیـان شـتێکی تـازە نییـە، بریتیـە لـە یارمەتیدانـی خەڵکانـی تـر، لـە کاتێکـدا دووەمینیـان پشـت بـە چالاکـی دیـار و هەسـت پێکـراوەوە دەبەسـتێ کـە نیازمانـە بـە هۆیانـەوە داپلۆسـین و سـتەمکاریان پـێ ریسـوا بکەیـن لـە هـەر کوێیـەکا بـن و جـا ئەگـەر دژی تاکەکەسـان یـان دژی گـەلان یاخـۆ دژی کۆمـەڵان پیـادە کرابـن.

ئەمـە خواسـت و مەبەسـتمانە، بۆیـەکا دامـەزراوەی (فەرەنسا- سەربەسـتییەکان) بـە تەنهـا بـە هاوکاریـی دامودەزگاکانـی تـرەوە، چ بـە ناردنـی کەلوپـەل و پـارە وپـوول یـان بـە بەسـتنی کـۆڕ و کۆنگرانـەوە بەشـداریی کـردووە لـە:

• ئـەو شـاڵاوەی بەرپـا کرابـوو بـە مەبەسـتی هاریکاریـی کردنـی جووتیـارە لـە زەوی بێبـەش کراوەکانـی بەرازیـل و پشـتگیری کردنـی داخوازییەکانیـان بـۆ مافـی ژیـان و خانـووو دەسـتەبەرکردنی کار بۆیـان.

• ناردنـی شـاند بـۆ گـەڕان بـە دوای راسـتییەکاندا لـە ئەفریقیـا و هەوڵـدان بـۆ لـە نێوبردنـی نەخۆشـی (ئایـدز) و خۆپاراسـتن لێـی و هەروەهـا لـە پێنـاو دابینکردنـی مافـی گشـت لـە چارەسـەریی نۆژداریـدا.

• دامەزراندنـی بەشـی مافـی مـرۆڤ لـە (زنکـۆی بەرازیلیـا) دا و داواکردنـی پاراسـتنی ئازادیـی رادەربڕیـن.

• رێکخسـتنی خولەکانـی خوێنـدن لە(فلیپیـن) و خـوارووی ئەفریقیـادا و سـازدانی بەرنامـە بـۆ پشـتگیریی کردنـی لـە مافـی خوێنـدن بـۆ هەمـووان.

• دامەزراندنـی پەناگـەی خێرخوازیـی و دەزگای بـێ بـاوکان لـە (بەنگلادیـش) دا بەمەبەسـتی سـنووردانان بـۆ پەرەسـەندن و تەشـەنەکردنی دیـاردەی فڕێدانـی مناڵانـی بـێ بـاوك و ئەوانـەی کەسـێکیان نییـە بـە خۆیانیـان بگـرن.

• کارکـردن بـۆ پاراسـتنی هیندییەکانـی (ئەکـوادۆر) لەمەترسـیی لەنێوچـوون، ئەمـەش بـە پارێزگاریـی کردنـی سـەلامەتیی ژینگـە و دەوروبەریانـەوە.

• سـازدانی چاوپێکەوتـن و دیـدار لەگـەڵ (داکار) بـە مەبەسـتی دەسـتەبەرکردنی (بەدیلێکـی دیموکراتیـی لـە کۆمـاری ئەفریقـای باشـووردا و داکۆکـی کـردن لـە مافـی هەڵبژاردنێکـی ئازادانـە و مسـۆگەرکردنی بەدیلـە دیموکراتییـەکان.

ئـەم چالاکییانـەم هـەر بـۆ نموونـە هێنانـەوە، بـەڵام مـن راسـت بۆیـە ئامـاژەم پێـدان چونکـە ئەوانـە واتـا و ناوەرۆکـی تێکۆشـانی ئێمـە لـە دامـەزراوەی (فرانـس-لیبەرتـی) دا بەرجەسـتە دەکـەن هـەر لەبـەر ئەمەیـش بـوو کـوردەکان لەسـەرەتاوە پانتاییەکـی فرەوانیـان لـە بایـەخ پێدانـی ئێمـەوە داگیـر کـرد، چونکـە ئەمـان چ وەك تـاك یـان وەکـو کۆمـەڵ، تـاڵاوی کارەسـاتێکی تۆقێنـەر دەچێـژن و گەلەکەیـان دووچـاری مەترسـیی لـە نێوبردنـی بـە کۆمـەڵ و سـڕینەوەی یەکجارەکـی شـوێنەوار

هاتــووە. ئەمــان لــەم ناوچەیــەدا کەســایەتییەکی ســەربەخۆیان هەیــە، زمانەکەیــان لــە رەچەڵەکــی هینــد و ئەوروپییــە، لەبــارەی ئایینــەوە هەرچەنــدە رەگــەزی ســونني ئیسـلامی باڵادەسـتە بـەڵام دیـاردەی فـرە ئایینیەکـی ئاشـکرایان لـێ بـەدی دەکرێــت، لــە لایەکــی دیکــەوە رەوشــت و شــێوازی ژیــان و پەیوەندییەکانیــان سەربەســتیی بــۆ ئافــرەت دەســتەبەرکردووە و دەیشــی پارێــزن کــە ئەمەیــش شـتێکی دەگمەنـە لەنێـو هەرگەلێکـدا کـە زۆرینـەی هـەرە زۆری موسـڵمان بێـت.

دەشـێ لەبیرتـان مابێـت کەسـاڵی ١٩٢٠ لەسـەر پێشـنیازی سـەرۆکی ئەمەریکـی (ودرۆ ویلســن)ەوە پەیمانــی ســیڤەر جەختــی لەســەر مافــی کــوردان کــرد بــۆ دامەزراندنــی دەوڵەتــی نەتەوەیــی خۆیانــەوە، بــەڵام هێنــدەی نەبــرد پەیمانــی لــۆزان (١٩٢٣) شــتێکی بڕیــار لەســەردا کــە ســەدی ســەد پێچەوانــەی ئەوەبــوو، بــەم پێیــە خــاك و گەلــی کوردســتان لــە نێــوان چــوار دەوڵەتــدا (ئێــران، عێــراق، تورکیــا و ســوریا) دابەشــکران.

هــەر لــەو ســاتەوەیش تاکــو ئێســتا کــوردەکان لەنێــو ئــەم هــەر چــوار دەوڵەتانــەدا کەوتوونەتــە ژێــر بــاری زوڵــم و زۆرداریــی و داپلۆســین و لــە پێنــاوی مــاف و پاراســتنی رەســەنایەتی خۆیانــدا گیانفیدایانــە شــەڕی مــان و نەمــان دەکــەن، چونکــە ئــەو سیاســەتی دژایەتــی کردنــەی راســتەوخۆی کەلتــوور و رۆشــنبیری و بیرەوەرییەکانیــان گەیشــتووەتە ســنوروێك خەیــاڵ بــۆی ناچێــت! ئــەو گەواهییانــەش کەلەســەرچاوە گەلــی جۆراوجــۆر و جیــاوازەوە پێمگەیشــتوون ئێجــگار زۆر نارەحــەت و نیگەرانیــان کــردووم و خەمــی ئــەو چارەنووســە پــڕ لــە ئێــش و ژانەیــان دەرخــوارد داوم کــە ئــەم گەلــە، لــە هەمــوو ئــەو وڵاتانــەدا کــە قەڵەمڕەویانــدا دەژیــن، دەیچێژێــت!

بــەڵام ئیمــڕۆ مــن دەتوانــم شــایەتمانی خۆمتــان پێشــکەش بکــەم دوای ئــەوەی بــە چــاوی خــۆم ئــەو تاوانــەم دیــتن کــە دەرهــەق بــەم گەلــە بێکەســەوە دەکرێــن. هــەر لــە ســاتەوەختی هاتنــە خوارەوەمــدا لــە فڕۆکەخانــەی ئەنقــەرە و یەکســەر

لەلایەن نوێنەرانی دەسەڵاتەوە لە تورکیا پێشوازیم لێکرا. لە دووریی چەند مەترێکیشەوە نوێنەرە کوردەکان چاوەڕێیان دەکردم تاکو بە زمانی خۆیان بەناوی برا کوردەکانیانەوە خۆش هاتنم لێبکەن. هەر ئەمانە چەند رۆژێك پێشتر لەکاتی بەستنی ئەو کۆنگرەیەی لەپاریس من بەشدارییم لە کارەکانیدا کردبوو ئەوەی نوێنەرانی کوردە دەربەدەرەکانی هەموو بەشەکانی جیهانی کۆ کردبوونەوە لەگەڵماندا بوون.

ئەمان سەرەڕای هەموو ئەو توندوتیژییەی کە لەگەڵیان کرابوو، هاتبوون و توانیان بە هەموو سەربەستییەکەوە گەواهییەکانی خۆیان رابگەیەنن، جا ئەگەر بەو دیدارە جۆربەجۆرانەی لەبەر خاتری من سازدرابوون، یان بەو گفتوگۆیەی نێوان خۆم و هاوسەر و دەستوپێوەندەکانی سەرۆك وەزیرانی تورکیا کران، یاخۆ بەو زانیارییانەی رۆژنامەنووسێکی فەرەنساوی کە لە ئەنقەرەدا نیشتەجێیە پێشکەشی کردم وازم بهێنابایە دەبوا بەوە قەناعەت بکەم کە لە تورکیادا هیچ کێشەیەك بوونی نییە بەناوی (کێشەی کورد)ەوە چونکە ئەوسا وا دەهاتە بەرچاو کە ئەو (تورکە چیاییانە) هەروەکو بەرەسمی لە تورکیادا ئاوا ناویان دەبەن زۆر دەمێکە یادەوەرییە کوردییەکەیان واز لێهێناوە و ئێستاکێ زۆر بەتەبایی و تواویەوە لەنێو کۆمەڵگەی تورکیدا ژیان بەسەر دەبەن.

«باشتر وابوو ئەو ئەزیەتەتان نەکێشابایە بۆ سەردانی دیاربەکر!» ئەمە پێشنیازی دەسەڵاتدارە تورکەکان بوو بۆ من، ئەوان رۆژ و شەو بە گوێی منیان دادەدا کە فرۆکەکان راحەت نین و هوتێلەکان پیس و ناڕێکن و سەلامەتیی من لەوێ مەترسیی لەسەرە. بەڵام تێناگەم سەلامەتیی من لەوێ بۆ دەکەوێتە مەترسییەوە؟ بەڵام لە رێگەدا ئەوەم لەیاد نەدەچوو کە ئەرکی سەرەکیم ئەوە بوو سەردانی پەنابەرە کوردەکانی عێراق لە تورکیادا بکەم، بۆیە هەر دەبوا بچم بۆ ئەو دەڤەرانە هەر بە نیشتنەوەی باڵەفڕەکە

لــە فرۆکەخانــەی دیاربەکــردا کۆمەڵێــك دانیشــتوان چەپکــە گــوڵ بەدەســتەوە، بەخێرهاتنیــان کــردم و پێشــبڕکێی ئەوەیــان بــوو دەســتیان بەرجەســتەم بکــەوێ و دروشــمی ئەوتۆیــان بــە گوێمــدا دەچرپانــد لــە ســەرەتادا لێیــان حاڵــی نەدەبــووم، بــەڵام رســتەیەکیان هەمیشــە و بــەردەوام دووبــارە و ســێ بــارە دەبــۆوە و تاکــو ئێســتەیش لەیادمــدا دەزرینگێتــەوە ئەویــش ئەمــە بــوو: «کەوابــوو ئێمــە لــە دیــد و بۆچوونــی خاتــوو میترانــدا هەیــن، ســوپاس بــۆ ئــەو ســەردانەی و هاتنــی بــۆ دیدەنیــمان. بەخێرهاتیــت بــۆ وڵاتــی کــوردان» دوای ئەویــش بــە گەرمیــەوە ســتران گوتــن و هەڵپەڕکــێ و دەستگوشــین، تــا وەکــو ئــەو ئۆتۆمبیلــەی بــۆم گیرابــوو وردە وردە لێیانــەوە دوورکەوتــەوە.

بەرنامــەکاری ســەردانەکەم پێــش وەختــە داڕێژرابــوو. دەشــمزانی ئەگــەر ســپێدە زوو بــەڕێ کەوتبایانــا ئــەوا بــە چــوار پێنــج دەمژمێــر دەگەیشــتینە یەکــەم خێوەتــگای پەنابــەرەکان، ئــۆردوگای مــوش، لــە رێگــەی گەڕانەوەشــدا لــە گرنگتریــن ئــۆردوگای ئــەو نێــوەدا دەگیرســاینەوە کــە زۆرتریــن ژمــارەی خێزانــە کــوردە پەنابەرەکانــی تێــدا بــوو، هەرچەنــد کیلۆمەترێکیــش لــە دیاربەکــرەوە دوور بــوو، بــەڵام هــەر لــە شــەوی گەیشــتنەکەمەوە داخــوازی دیدەنیــم لەلایــەن دانیشــتوانەکانی شــارەکەوە دەســتی پێکــرد. دایکێــك دەیویســت بمدوێنــێ بــە نــاوی هەمــوو هاوســەر و دایکانــی ئــەو گیراوانــەوە کــە ســزای پــتر لــە ســی ســاڵ زیندانیــی چاوەڕوانیــان بــوو تەنیــا لەبــەر ئــەوەی داوای مافــی خۆیانیــان کردبــوو بــۆ بەکارهێنانــی زمــان و رەوشــنبیری نەتەوەیــی خۆیانــەوە. گەواهــی ئــەو دایکــە لــە هەموویــان کاریگەرتــر بــوو! یەکێکــی تــر رۆماننوســێکی بــەرزە، پەرۆشــی ئەوەیەتــی پیاوانــی ئاســایش بــە بەردەوامــی دەچنــە ماڵەکەیــەوە و هەرچییەکــی نووســیوە دەســتی بەســەردا دەگــرن و دەیســووتێنن، ئەمەیــش وێــڕای ئەوەیشــەوە هــەر پــێ لەســەر بەردەوامبــوون لــە نووســیندا دەگرێــت. چونکــە هەرکاتێــك خــۆی لەبــەردەم کاغەزەکانیــدا دەبینێتــەوە هەســت بــە جــۆرە سەربەســتییەك دەکات.

قسەکانی و هەستە ناسکەکانی زۆر کاریان تێکردم، هەروەها ژنێکی جحێڵم دی مێردەکەی کە پارێزگاری پێشووی شار بووە پتر لە نۆ ساڵ بوو لە زینداندا دەتلایەوە و نەدەزانرا کەی سزاکەی تەواو دەبوو! تەنیا تاوانێکیش کە درابووە پاڵی ئەوە بوو گوایە لە ڕێڕەوەکانی فەرمانگەی شارەوانییدا بە ئاشکرا بە زمانی کوردیی دواوە!

ئەم گەواهییانە چۆنم بیستوون ئاوەهاتان بۆ ڕادەگوێزم، ئەو سەرکوتکردنەی ڕەوشنبیرییە، چونکە بەکارهێنانی زمانی کوردیی لە هەموو ئاستێکدا، ئاخافتن، نووسین، بڵاوکردنەوە و خوێندن..تاد. قەدەغەیە.

ئەم سەرکوتکردنەیش بەشێوەیەکی ئەوتۆ پیادە دەکرێت هیچ پارێزەرێکی مافی مرۆڤ ناتوانێ لێی بێدەنگ بێت، بۆ بەیانییش (حاڵاتی) ئەندێشە و تاڵاوچەشتنی دیکەی ئێجگار ناخۆش لە چاوەڕوانیمدا بوون.

سەفەرەکە درێژ بوو، پاسەوانیی و چاودێریی پیاوەکانی ئاسایش کە دەسەڵاتدارانی تورك بۆ بەندەیان دانابوون زۆر خەست بوون کاتێ من بەمە ڕانەهاتبووم، چونکە من لەهەر ناوچەیەك یان وڵاتێکی ئەم جیهانەدا هەر دەم بە یاوەریی تەنیا دوو ئەفسەری ئاسایشەوە هاتوچۆم کردووە، کەچی لەوێدا (مەوکبێك) لە پیاوانی ئاسایش تەیار بە هەموو جۆرە چەکێکەوە هەرگیز لێم جودا نەدەبوونەوە بەشێوەیەك ئەم گرنگییەی پێیاندابووم زۆر کاری تێدەکردم.

سەرنجام گەیشتینە خێوەتگەی (مووش) کە چەند کیلۆمەترێ لەشارەوە دوور بوو، لەچەند بینایە و خانووبەرەی تاکە و تاکی زۆر سادە و ساکار پێکهاتبوو، کە بە دڕکە زێ تێلبەندی کرابوو، ڕۆژ و شەویش سەربازانی سوپای تورکی پاسەوانی و چاودێرییان لێدەکرد. دوایی گوێم لە باسێکی گشتی بارودۆخی ژیانی نێو ئۆردوگاکە گرت و تێگەیشتم ئەو بەرپرسەی سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی دەکرد پارێزگارێك بوو کاربەدەستە تورکەکان لەمێژ نەبوو

دایانمەزراندبـوو، قسـەو بـاس لەبـارەی ئـەو یارمەتییانـە کـە بەڕێوەبەرایەتـی تورکیـا پێشکەشــی دەکات و هەروەهــا لەبــارەی بــارودۆخ و خزمەتگوزاریــی نۆژداریــی و فێرکــردن و وەرزشــییەوە کــران. ئــاوارەکان هەموویــان ئــارەزووی دیدەنیــی منیــان دەکــرد، منیــش لــەلای خۆمــەوە حــەزم دەکــرد گفتوگۆیــان لەگەڵــدا بکــەم، بــەڵام بــۆ مــن ئەوەنــدە بــەس بــوو چاوەکانــم بەباشــی بکەمــەوە تــا لەراســتیی زیندەگیــی ئەوێــوە تــێ بگەیشــتبام.

بارەکــە ئێجــگار جــەرگ بــڕ بــوو، پــتر لــە هەشــت کــەس لــە یــەك ژووردا دەژیــان، بەبــێ هیــچ رایەخێــك و هیــچ شتێکیشــیان نەمابــوو، چونکــە لــەو پێنــج مانگــەدا ناچاربــوون هەرچییەکــی هەیانبــووە بیانفرۆشــن تــا پێــی بژیــن. ئێســتەیش بەکوڵەمەرگیــی لەســەر ئــەو کەمــە خــۆراك و پۆشــاکەوە دەژیــان کــە بەســەریاندا دەبەشرایــەوە لەکاتێکــدا نــە بــەوە راهاتــوون و نــە توانــای بەرگەگرتنــی ئەوەشــیان مابــوو کــە بــە خــێ رو ســەدەقەی لــەم چەشــنە ژیــان بەرنــە ســەر.

بارودۆخــی ژیانیــان لــە ئــۆردوگای دیاربەکــر لەگــەڵ ئۆردوگاکانــی تــردا هیــچ جوداوازییەکــی نییــە، بــەڵام لەوێــدا رۆژی دواتــر (ســێ شــەممە ٢ی ئایــار) چەنــد وێنەیــەك ســەرنجیان راکێشــام. لەبــن یــەك لــە ٣٧٠٠ خێوەتەکانــی ئــۆردوگای ماردینــدا کاتژمێــر ١١ ی نیشــان دەدا و پلــەی گەرمیــی گەیشــتبووە (٣٧) پلــەی ســەدی، دیاریــش بــوو دوای چەنــد هەفتەیەکــی تــر لــە (٤٥)یــش تێدەپەڕێنــێ، کەچــی تەنیــا دوو مانــگ بــەر لــەو رۆژەوە لــە هەمــان شــوێن و لــە بــن هەمــان دەواردا بــۆ (١٥) پلــەی ژێــری ســیفرەوە دابەزیبــوو.

چارەنووســی ئــەم خەڵکــە بەنــدە بــە ویســت و ئــارەزووی حکومەتــی تورکیــاوە، لــە هەمــوو شــتێکیش بێبەشــن و لــە لایــەن هەمــوو خەڵکــی ئــەم دنیایــەوە فەرامــۆش کــراون.

باشــە ئــەم خەڵکانــە کێــن؟ ئــەم کۆمەڵانــی ژن و پیــاو و منداڵانــەی دەســەڵاتدارانی تــورك بــە پەرۆشــن وەکــو دیــل لــە خێوەتگاکانــدا دەستبەســەریان بکــەن لەنێــو

تێلبەنـداو لـە ژێـر چاودێریـی و پاسـەوانی جەندرمەکانـی سـوپای تورکیـادا؟

سـەدان منـداڵ، بگـرە هـەزاران منـداڵ لەگـەڵ خێزانەکانیانـدا بـێ خـۆراك و بـێ خوێنـدن و بەبـێ هەمـوو شـتێکی تـر لـە بێبەشـیدا چاوەڕوانـن و هەمیشـە پرسـیار دەکـەن ئاخـۆ چـی تاوانێکیـان کردبـێ تـا دووچـاری ئـەم چارەنووسـە گورچکبڕەیـان هاتـوون؟ دەبـێ حاڵـی دڵـە پـڕ لـە ژان و حـەسرەت و کەسـەرەکانیان چـۆن چۆنـی بێـت؟ ئەوانـە کـە هـەراش دەبـن هەرگیـز ئـەم چارەنووسـە تاڵەیـان لەیـاد ناچێتـەوە و بێگومـان هـەر حیسـابێك لەگـەڵ جەللادەکانیانـدا و هەروەهـا لەگـەڵ هەمـوو ئەوانەیشـدا دەکـەن کـە ئـاگاداری ئـەم وەزعەیـان بـوون، بـەڵام بـە ئەنقەسـت خۆیانیـان لـێ گێلکـردوون و پشـت گوێیـان خسـتوون! سـا کەوابـوو بـا خۆمـان لـە خۆشـکردنی گـڕو بڵێسـەی هۆکارەکانـی توندوتیژیـی ئاینـدە بپارێزیـن!

ئێسـتەیش دەنگـی ئـەو ئافـرەت و منداڵانـەم لـە گوێـدا دەزرینگێتـەوە، کاتـێ لـەو شـوێنانەوە دوور دەکەوتمـەوە، کـە هێنانـە بەرچاویـان زۆر زەحمەتـە کـە دەیانگـوت «خاتـوو میـتران، هیواداریـن تـۆ لـە یادمـان نەکەیـت چونکـە لەیادکـردن دەمانکوژێـت!» لەوەیـش بێزەوەرتـر نییـە کـە ئـەو هیوایـە بکوژێنینـەوە کـە هـەر خۆمـان خەمڵاندوومانـە، مـن بـە تـەواوی لـەوە ئـاگادارم، بـەڵام دەشـزانم کـە تەنیـا کارێـك لـە دەسـەڵاتی (فەرەنسا- سەربەسـتییەکان) دا بێـت بیـکات ئەوەیـە دەزگاکانـی بڕیاربەدەسـت قەناعـەت پـێ بـکات کـە (پێویسـتە بـە پەلـە کارێ ئەنجـام بـدەن).

ئەمسـاڵ (١٩٨٩) کـە بیرەوەریـی دوو سـەد سـاڵەی شۆڕشـی فەرەنسـی واتـا ئاشـکراکردنی مافەکانـی مـرۆڤ بەرجەسـتە دەکات، حکوومەتـی فەرەنسـا پێشـنیازی (فرانـس- لیبرتـی)ی قەبـووڵ کـرد کـە چەنـد سـەد کوردێکـی عێراقـی وەك پەنابـەر وەرگرێـت، بـەڵام چارەسـەری کێشـەی کـورد لـەم چوارچێوەیـە بـەدەرە. بۆیـە بـە دەنگـی بـەرزەوە ئـەو پرسـیارانە دەخەمـە روو کـە هـاکا بـە مێشـکتاندا دێـن. ئەمیـش ئەمانـەن: بۆچـی ئـەم ئۆردوگایانـە خراونەتـە ژێـر چاودێریـی سـوپای

تورکــەوە؟ لەبەرچــی لایەنــە پەیوەنــدارەکان ڕێگــە نــادەن (مفەوەزەییــەی بــاڵای ئــاوارەکان هەمــوو پێداویســتییەکانیان پــێ بــدەن کــەوەك پەنابــەر مافــی خۆیانــە؟ بــەڵام بــەر لــە هەرشــتێکەوە لەبەرچــی ئەمانــە لــە عێــراق هەڵاتــوون؟ بۆچــی مــاڵ و حــاڵ و خانووبــەرە و هەرچییەکــی بویانــە جێیــان هێشــتوون. ئەگەرچــی شــەڕی نێــوان عێــراق و ئێرانیــش کۆتایــی هاتــووە؟ ئــەی بــۆ ناگەڕێنــەوە بــۆ ســەر مــاڵ و حاڵــی خۆیانــەوە و ژیانــی جارانیــان دەســت پێناکەنــەوە؟ بەپێــی قانوونــی عێراقــی دەبــوا ئەمەیــان بــۆ دەســتەبەر بکرایــە».

هەروەها بەپێی یاسا بەلانی کەمەوە چوار شت بە قازانجی ئەوانەوەیە:

- داننان بە پێناسەی نەتەوایەتییاندا.
- بەکارهێنانی زمانی خۆیان.
- دابینکردنی مافی خوێندن (فێرکردن)
- دەســتەبەرکردنی مافــی نوێنەرایەتیــی و بەشــداریی لــە باڵاتریــن کۆمیتەکانــی فەرمانڕەوایــی حکومەتــدا.

بــەڵام وا دێتــە بەرچــاو کوردەکانــی نێــو خێوەتگاکانــی مــووش و ماردیــن و دیاربەکــر بــەم قانــوون و بیمانــە قەناعەتیــان نەبێــت، بــۆ دڵنیابوونیــش ئەوەنــدە بەســە گــوێ لــە ئاخاوتنەکانیــان بگریــن وەکــو دەڵێــن «گوندەکانمــان ڕۆژانــە کیمیابــاران دەکرێــن، هەروەهــا ڕۆڵەکانیشــیمان خــۆ ئەگــەر نەشــیانتوانی لــە نێومــان ببــەن ئــەوا بــۆ خــوارووی عێــراق راگوێزمــان دەکــەن، کــە بــۆ ئێمەمانــان دەس نــادات و ناگونجێــت لەگــەڵ ئــەو بارودۆخــەی ژیانــدا کــە پێــی راهاتوویــن. بەڵــێ ئێمــە لەنێــو وڵاتــی خۆمانــدا، کــە عێراقــە، دووچــاری راگوێــزان دەبیــن، ئەمەیــش لــە ســایەی بــار و هەلومەرجێکــی ســەختی ئەوتــۆدا کــە بەرگــە گرتنــی ئێجــگار دژوار و لــە توانــا بــەدەرە. هیــچ کارێکــمان بــۆ ئەنجــام نادرێــت، نــە بەرهــەم، نــە بازرگانیــی و نــە هیــچ پیشــەیەکیش.

کەچــی ژیانیشــمان لەوێــدا هەمیشــە لــە ژێــر مەترسیی دایــە و ناوچەکانــی لای

خۆشـمانەوە بـەو عەرەبانـە پـڕ دەکرێنـەوە کـە لـە وڵاتـی میـسرەوە هاتـوون: وەك ئـەوەی دەرکردنـی ئێمەمانـان هەرگیـز گەڕانـەوەی بـۆ نەبێـت».

کاتێکیـش باسـی ئـەو لێبوردنەیـان بـۆ دەکـەم کـە لـە دەسـەڵاتدارانی بەغـداوە دەرچـووە دەڵێـن: «هەندێکـمان بـاوەڕی بەوەکـرد و گەڕایـەوە بۆماڵـی خۆیـەوە، ئیـتر لـەو ڕۆژەوە بـزر بـوو بـێ سەروشـوێنە، ئێمـە لـە ناخـەوە چاومـان لەوەیـە بگەڕێینـەوە سـەرماڵ و حاڵـی خۆمانـەوە، بـەڵام چـۆن دەتوانیـن خۆمـان بپارێزیـن ئەگـەر کەسـێ نەبـێ بـە تەنـگ سـەلامەتیمانەوە بێـت؟»

«ئەی میتران خانم، لەبیرمان نەکەیت، بێدەنگیی دەمانکوژێت!»

مـن نامەوێـت حکومەتـی تورکیـا تاوانبـار بکـەم کـە خۆییـان توانـای کەمیـان لەبەردەسـتدایە، بـەڵام ئەمەیـان یارمەتیـی ڕێکخـراوە ناحکومییەکانیـش ڕەت دەکەنـەوە، لەبـەر ئـەوە بـۆ ڕێکخسـتن و بەڕێوەبردنـی ئـەم کێشـەیە ناکـرێ پشـتی پـێ ببەسـترێت. ئەمـان دەیانـەوێ ئـەم پەناوەبەرهێنانـە بـە پەناوەبەرهێنانێکـی کاتیـی بژمێردرێـت و هەرگیزاوهەرگیـز حەزناکـەن ژمـارەی ئـاوارە کـوردە عێراقییـەکان قەبـارە و ژمـارەی نفووسـی کوردەکانـی تورکیـا زیاتـر بـکات.

بۆیـە هەرچییەکـی لـە دەسـتیان بێـت دەیکـەن بـۆ ئـەوەی نەهێڵـن ئـەو کـوردە عێراقییانـە ئـەو خەسـڵەتی پەنابەریەتییەیـان پێبدرێـت کـە دامـەزراوە نێودەوڵەتییـەکان مەبەسـتیانە. بۆیـەکا دەسـەڵاتدارانی تورکیـا بـە هەمـوو توانایەکیانـەوە هەوڵـی ئەوەیانـدا ڕێککەوتننامەیـەك لـە نێـوان خۆیـان و موفەوەزییـەی بـاڵای پەنابەرانـدا مـۆر نەکرێـت، لـە ئەنجامـی ئەمەشـدا پەناهەنـدە کـوردە عێراقییـەکان لـە تورکیـا ئێسـتاکێ لـە ئومێدبڕاوێکـی سـەخت و کوشـندەدا دەژیـن چونکـە نەدەکـرێ بۆمـاڵ و حاڵـی خۆیانـەوە بگەڕێنـەوە و نەیـش دەتوانـن بمێننـەوە و لەنێـو کوردەکانـی تورکیـادا بتوێنـەوە. ئەمـەی پێشکەشـتانم کـردن دەقـی شـایەتمانیەکانی خۆیانبـوو، جـا چـۆن دەکـرێ لـەم تەنگژەیـە دەربـاز بیـن؟

ئاواتـی هـەر ڕێکخراوێکـی ناحکومیـی ئەوەیـە هەسـت و نەسـتان بوروژێنـێ و

ویژدانـان لـە خـەوی قـووڵ راچەنێنـێ، بـەڵام لـە هەمانکاتیشـدا پێویسـتە رەچـاوی ئـەو سیاسـەتەیش بـکات کـە لـەدەس تێوەرنـەدان لـە کاروبـاری ناوخۆییـدا بـە پیـرۆز دەزانێـت، ئەمەیـش بـەلای منـەوە تـەواو کارێکـی نەکردەیـە. بـەڵام کـێ لـەم حاڵەتـەدا لـە جیاتـی کـوردەکان دێتـە جـەواب. دەوڵەتـە دیموکراتییـەکان نەبـێ؟ وایـش پێدەچـێ هەندێـك لـە سـەرۆکەکانی بەراسـتیی ئەوەیـان کردبـێ هیـچ نەبـێ لـە دەربڕینەکانیانـدا.

ئیمسـاڵ (١٩٨٩) وام بەباشـزانی دەسـتەواژەیەك بڵێمـەوە کـە لـە زۆر بۆنـەدا وتـراوە، ئەویـش ئەمەیـە: ئەرکـی دەسـت تێوەرنـەدان لـەو سـاتەوە کۆتایـی دێـت کـە کێشـەی یارمەتـی نەدانـی خەڵکانێـك کـەوان لـە مەترسـییدا، بـۆ داکۆکـی کـردن لـە مافـە سـەرەکییەکانیان دەسـت پێـدەکات». دە پێـم بڵێـن: ئایـا ئێمـە لـە دەرەوەی ئـەم چێوەیـە دایـن؟ ئاخـۆ کـوردەکان دەتوانـن پشـت بـەو دەوڵەتانـە ببەسـتن کـە دەیانچەوسـێننەوە؟ ئایـا بۆمـان نییـە هـەر لـە پێنـاو پێداویسـتییەکانی سـەپاندنی رێزلێنانـی ئـەو پەیمانـە نێودەوڵەتییانـەدا کـە پەرلەمانـی وڵاتانـی پەیوەسـت بڕیاریـان لێـداون و ئیمزایـان کـردوون، هـەر لـە پەیمانـی مافەکانـی مرۆڤـەوە بیانـووی رەوا و بەجـێ بـۆ ئـەم دەس تێوەردانـە بدۆزینـەوە؟ دوایـی پێتـان دەڵێـم ئێمـە لـە دنیایەکـدا دەژیـن ئـەو سـەرەتا ئاشـکرا کراوانـە تیایـدا سـەروەرن کـە زۆر مخابنـە کـەس رێزیـان لێنانێـن، ئیـتر ئایـا رەوایـە بـە تەنیـا قانوونێکـی نێودەوڵەتییـەوە واز بێنیـن کـە جگـە لـە بیرخسـتنەوەی ئـەو بەرپرسـیاریەتییانەی حکوومەتـەکان خۆییـان بڕیاریـان لەسـەر داون و مۆریـان کـردوون چیـتری لەدەسـت نایـەت؟

لـە رووی مرۆڤایەتییـەوە ناشـێ تەنیـا هـەر بـە چاوەڕوانیـی واز بێنیـن، ئـەی کەواتـە چـی بکەیـن باشـە تاکـو ئاگـری نائومێدییـەك خـۆش نەکەیـن کەلـە پەرەسـەندندایە؟ لـە بیریـان مەکـەن، بێدەنگیتـان دەیانکوژێـت!»

سەرچاوە: مجلة (دراسات كردية) المعهد الكوردى في باريس.

# ناسنامەی دەستە

پرۆژەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پێناو ناساندن، کۆکردنەوە، بە دیکۆمێنتکردن و بڵاوکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەریی کار و خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر پێشنیازی ڕێزدار مەسرور بارزانی، لە ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە.

ئەم بەرهەمەی بەردەستی بەڕێزتان بەشێکە لە هەوڵ و ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە.

P.D.K ENCYCLOPEDIA